سەرجەمی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی

# شاکر فەتاح

## کتێبی پێنجەم



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناونیشان:
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# سەرجەمی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی

# شاکر فەتاح

## کتێبی پێنجەم

ڕێکخستن و لێکۆڵینەوەی
ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی



ناوی کتێب: سەرجەمی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی شاکر فەتاح - کتێبی پێنجەم
دانانی: شاکر فەتاح
ڕێکخستن و لێکۆڵینەوەی: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٥١٤
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: دڵشاد مستەفا
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٧٥٨)ی ساڵی ٢٠٠٥ی دراوەتێ

# ژیانی هونەرمەندان

# مەریەمی مەجدەلی

نووسەری: فرانک سلوتەر مێژوووناسی بەناوبانگ

دەنگێکی خۆش «یوسف» کێش ئەکات!...

لاوەکە، لەناو کۆڵانەکانی (تەبەریە)[1]دا لە چوارپێکەی خۆی ئەخوڕی کە زوو بگاتە جێ لەپڕ بەهۆی کزەبای ئێوارێ وە کە لە گۆمەکەوە ئەهات، دەنگێکی بەرگوێ کەوت، ئەمەندە بەلایەوە خۆش بوو، کاری لێ کرد چوارپێکەی وەستاند، بۆ ئەمەی گوێی لێ بگرێ دەنگەکە هی کچێک بوو بەزمانی یۆنانی گۆرانیی ئەگوت هۆنراوەکانیش لە بابەت دڵدارییەوە بوون... دەنگەکە شیرین بوو، ناسک و نەرم بوو، ڕاست و ڕەوان ئەهات، زرنگانەوەیەکی تایبەتیی ناوازەیشی هەبوو لاوەکەی مەست کرد!...

(یوسف) لەتەمەنی بیست و یەک ساڵیدا بوو بەژنو و باڵایەکی کەڵەگەت و باریکی هەبوو چاوەکانی ڕەش بوون نەخشەکانی دەموچاویشی، بەڕاستی بیروباوەڕەکانی ناو دڵی، دەر ئەبڕین کوڕەکە ژیریی و مەندییەکی وایشی هەبوو، کە لەتەمەنی خۆی پێشکەوتبوون جا لەبەر ئەمەی کە لەگەڵ دایکەکەی خۆیدا، لەناو شاری (مەجدەل)دا ئەژیا، لە نزیک گۆمی (تەبەریە)وە، بۆ خوێندن خۆی لەناو زانستگۆی (تەبەریە)دا ناونووس کرد.

کە ئەوکاتە لە هەموولایەکەوە شاگردان ڕوویان تێ ئەکرد، بۆ خوێندنی پزیشکایەتی و ئەو زانستانەی کە ڕاستی پەرستەکان یۆنان تۆماریان کردبوون.

جا لەوکاتەدا کە خەریکی خوێندنی پزیشکایەتی بوو، ناچار بووبوو کە خۆی بەپیشەیەکی پچوکەوە خەریک بکات تا نان بۆ خۆی و دایکی پەیدا بکات... ئەچوو، بەکۆشکە ڕازاوەکانەوە ئەگەڕا کە بەملاوبەولای گۆمی (تەبەریە)[1]دا دامەزرابوون، چارەی ڕۆماییە دەسەڵاتدارەکانی بەزەروو ئەکرد، کە خوێنە پیسەکانی لەشیان ئەمژین.

(١) تەبەرییە: شارێکە لە فەلەستین لەسەر دەریاچەیەک هەر بەم ناوەوە، ٢٥ هەزارێکی تیادادەنیشێ، مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری کۆنی جوولەکەکانە لە دوای کاولکردنی ئورشەلیم لەلایەن نەبۆکەدناسرەوە، پایتەختی میرنشینی جەلیلی سەلیبیەکان بووە لە ١٠٩٩ز.دا، هەر لە نێزیکیەوە، لە ئاست (حەتتین)دا سەلاحەددینی کورد بەسەر سەلیبیەکاندا لە ١١٨٧ز.دا زاڵبووە.



تەنانەت، هەندێ جاریش (یوسف) بانگ ئەکرا بۆ تیمارکردنی (بیلاتسی بەنتی) کە سەرداری خاکی جوولەکەکان بوو، بەڵام خۆی ڕۆمایی بوو، جا ئەم سەردارە هەر بۆ ئەوە هاتووچۆی (تەبەریە)ی ئەکرد کە تەماشای جوانییەکەی بکات، هەروەها بۆ ئەوەیش ئەهاتە ئەوێ کە ئاگای لە کردەوەکاری (هێرۆدس ئەنیتاس) بێ کە سەرداری (جەلیل)بوو و، پیاوێکی فرۆفێڵبازیش بوو کە لە باپیری خۆیەوە توندیی تووڕەیی وەرگرتبوو. کەچی ژیریی و تێگەیشتنەکەی لێوە فێرنەبووبوو!...

دەنگی کچەکە ئەمەندە خۆش بوو، هەر بەچەشنی موگناتیس کە ئاسن کێش ئەکات، ئەویش (یوسف)ی کیش کرد بۆ لای خۆی.

(یوسف)یش بەدەنگەوە چوو تا گەیشتە بناوانەکەی کاتێکی زانی خۆی لەبەر پانتاییەکەی شاردا دیی، کە بەجوانی ڕازابووەوە کۆمەڵێکی گەورەیشی لە مرۆڤ چاوپێکەوت کە لە کچە گۆرانی بێژەکە کۆبووبوونەوە (یوسف)یش بەپایەیەک لەو پایانەدا هەڵگەڕا کە لەناو ئەو پانتاییەدا دامەزرابوون و پەیکەری بازە ڕۆماییەکانیان بەسەرەوە دانرابوو کە گەیشتە پۆپەی پایەکە چاوی بەکەلاتی کۆشکە گەورەکەی خونکار کەوت کە بەسەر گردی (ئەکرۆپۆل)[1]ەوە دروست کرابوو، بەشەنگو شۆخییەکەوە بەرزبووبووەوە بەئاسماندا، بەدرێژایی لێواری گۆمەکەیش کشابوو، بۆ ئەمەی ببێتە نیشانەیەکی هێزوهەڕەتی سەربازەکان و گەورەیی خونکار!... جا لەو کاتەدا، کچە گۆرانی بێژەکە لەسەرخۆ دانیشتبوو، هەر وەک لە ماڵی خۆیدا دانیشتبێ وا بوو، تارێکی بەسنگی خۆیەوە گرتبوو ئەوانیش کە لەوێ دابوون لە شێوە کەمەرەیەکدا دانیشتبوون، کچەکە کەوتبووە ناوەڕاستیانەوە، زۆربەی ئەو کەسانەیش تێکەڵ بوون لە یۆنانییەکان و ڕۆماییەکان خاوەنی دەنگە کەیش کچێکی پچوک بوو، تەمەنی لە هەژدە ساڵان تێپەڕی نەکردبوو، بەژن و باڵاجوان، لەش باریک، دەموچاوێکی جوان و شەنگو شۆخی پێوە بوو، دڵی پیاوی کێش ئەکرد، سەری خۆیشی بەپارچە سیپاڵێک

(١) (طبریە)یان: دەریاچەی جەلیل، جەنناسەر: دەریاچەیەکی سوێراوە لە فەلەستین لە دەڤەری جەلیلدا، لە نزمایی (الغور)دا لەسەر سنوری وڵاتی سوریا، ڕووباری ئەردەنی پیادەڕوات، ١٧٥کم٢؛ درێژی ٢٠کم و پانی ١٠کم نزمایی ٣٠٠ مەترە لە ژێر ئاستی دەریاوە.

(٢) ئەکرۆپۆل: لە ڕاستیدا ئەم ناوە بەو قەڵاسەختە دەوترێ کە وا بەسەرگردێکی بەردینەوە لە نێزیک ئەسینای کۆن لە وڵاتی یۆنان، بەرزی گردەکە (١٠٠م) دەبێ لە ڕووی دەریاوە، قەڵاکە پڕە لە پەیکەری ناوازە و هونەری بەرزوجوان؛ گرنگەکانیان (پارسینۆن و ئەرخسیۆن)نن.

داپۆشیبوو، بەشێوەی جوولەکەکان بەڵام... سیپاڵ کەی پێی کراوە جوانی و ناوازەیی بشارێتەوە؟!...

سەرو شێوەیشی تێکەڵ بوو لەسەر و شێوەی یۆنانییەکان و عیبرانییەکان، خڕوپڕیی دەموچاوەکەی و نووک تیژیی لووتەکەی نیشانەی ئەوەبوون کە کچەکە زیرەکییەکی بلیمەتانەی هەبوو، کە پڕشنگی ئەو زیرەکییە لە هەردوو چاوەکانیدا دیاربوو، کە بەقووڵی تەماشایان ئەکرد و بەلای ڕەنگی بنەوشەییشدا ئەیاننواڕی پێستەکەی لەشیشی ناسک و نەرمونۆڵ و لووس و ڕەنگ گەش بوو کاتێکیش بەرامبەر بەچەپڵەڕێزانی سەیر کەرەکان دەستی کرد بەزەردەخەنەکردن، لەناو ڕوویدا ڕەنگێکی سووری کەم پڕشنگیدا!...

(یوسف)یش کە بەچاوە تیژەکانی خۆی لە کچەکە وردبووەوە، بۆی دەرکەوت کە خوێنەکانی یۆنانی و عیبرانیی ناو لەشی بووبوون بەهۆی ئەوەی کەوا بێ باکانە گۆرانیی دڵداریی لەبەردەم کۆمەڵێکی وا دا بڵێ... بەتایبەتی لە شارێکی وایشدا کە جوولەکەکان جنێوبارانیان ئەکرد، لەبەر ئەوەی کە بووبووە ناوچەیەکی ڕۆماییە داگیرکەرەکان!...

ئەو چوار کەسەیش کە لەگەڵ کچەکەدا بوون و ساز و ئاوازیان بۆلێ ئەدا، جل و بەرگەکانیان پان و پۆڕ بوون، هەر لەهی ئەوانەیان ئەکرد کە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی (ئەردەن) و (زریێی مردوو)دا دائەنیشتن... سەرۆکی تیپەکەیش- کە لە هەموویان کەڵەگەت تربوو، سەروچاوێکی سەیری پێوە بوو، کە سەرنجی پیاوی ڕا ئەکێشا، ڕیشەکەی ماش و برنج بوو، تارێکی گەورەیشی بەهەر دوو دەستی خۆیەوە گرتبوو یەکێکی تریشیان دووزەلەیەکی میسریی بەدەستەوە بوو سێیەمیشیان بۆڕیەیەکی بەدەستەوە بوو کە لە مس دروست کرابوو چوارەمیشیان چەقەنەی بەدەستەکانی خۆیەوە بەستبوو بەهەر دووپێیەکانیشی لە چەند تەختە دارێکی ئەدا، کە لەرینەوەکانیان لەگەڵ ئاوازەکانی سازەکاندا ڕێک ئەکەوتن!...

لە ڕاستیدا تیپێکی سەرسوڕهێنەربوو زۆرتر لەو تیپە ساز و ئاوازە بزێوانەی ئەکرد کە ئافرەتە سەماکەرەکان لەگەڵ خۆیاندا ئەیان گێڕان، نەک تیپێکی وا کە لەگەڵ ئافرەتێکی گۆرانی بێژدا بێ!...



## سەمایەکی وای کرد کە ئاگری بەردایەگیان!

(یوسف) هەرگیز بەبیریا نە ئەهات کە دەنگێکی خوشی وەک دەنگی ئەم کچە گۆرانی بێژەی بیستبێ لە ژیانیا کچەکە هەر لە گوڵە زەنبەقیکی ئەکرد کە کەوتبێتە ناو دڕکانەوە!

لاوەکەیش ڕووی کردە ڕۆماییەکی قەڵەو، لێی پرسی:

ئەو کچەکێیە؟... کابرایش لە لاوەکە مۆڕ بووەوە، چونکە ئەوساکە، ئەوە بەبێ شەرمی دائەنرا کە جوولەکەێکی بۆرە پیاو ڕۆماییەکی پایە بڵند بخاتە گفتوگۆوە!... گوتی: (ئەو کچە مەریەمی مەجدەلییە... ئەمە شتێکی زۆرسەیرە کە تۆ ئەم کچە ناناسیت بۆچ کەس هەیە لەمەجدەلدا کە ئەم ئافرەتە سۆزانییە نەناسێت؟!...).

بەڵام بەلای (یوسف)ەوە، (مەریەمی مەجدەلی) لەو ئافرەتە سووکانە نەبوو کە شەقامەکانی ئەم شارە جوانە تازەیەیان پڕ کردبوو لە خۆیان!... (مەریەم) دەموچاوی خۆی سووراو و سپیاو نەئەکرد، قژەکانی خۆیشی بەخەنەی (کلیۆ پاترا)ی میسری ڕەنگ نەئەکرد!... جوانییەکەی لە وانەبوو کە پیاو، بخاتە سەر ئەو بیرەی کە ڕەنگە بەڕاستی ئافرەتێکی داوێن پیس بێ، کەچی لە ڕەوشت و خووەکانیا، مرۆڤی سەرسام ئەکرد... چونکە مەنگ و سەنگینانە، بەبێدەنگییەکەوە، دائەنیشت و تارەکەی ئەگرت بەدەستییەوە و پەسەندکردنی گوێگر و سەیر کەرەکانی زرنگانە وەرام ئەدایەوە جا دیمەنەکەی (مەریەم) وای پیشان ئەدا کە لە ئافرەتەکانی تر ناکات! جا لە هەموو شتێک سەرسوڕهێنەرتر بۆ ئەو ئەوەبوو، کە گۆرانییەکانی (مەریەم) بریتی بوون لە هۆنراوە پەسەند و بڵندەکانی زمانی یۆنانی. (یوسف)یش لە دڵی خۆیدا پرسی: (ئەم کچە چۆن ئەم هۆنراوە ڕێکوپێکە کۆنەی بۆ لەبەر کراوە؟... لە کوێیش تارلێدان فێر بووە کە وا بەم جۆرە هونەری تیا ئەنوێنێ؟!...» پاش ئەوە سەرنجیدا لەوانەی کە لەوێ دابوون کە تەماشای کرد چەند کەسێک نەبێ جوولەکەیان تیانەبوو... چونکە (هیرۆس) بەتەنگ ئەوەوە بوو کە گەنگە پیاوانی شارەکانی تر کێش بکات بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەم شارە تازەیە ئەوانیش چاویان بڕیبووە زێڕە زۆرەکەی، بۆیەکا هاتبوونە ئەوێ سا ئایا لە ڕێگای دزینەوەبێ، یاخود لە ڕێگای فرمانی پاکەوەبێ بۆ ڕۆماییەکان، پارەیان چنگ کەوێ سا لەبەر ئەمە بوو کە جوولەکەکان حەزیان لە چارەی ئەو شارە نە ئەکرد!...

(یوسف) کە تەماشای کرد، تا چاوی بڕی ئەکرد خانووە دەشتەکییەکانی ڕۆماییەکانی

بەرچاو ئەکەوت کە لە تەنشت لێوارەکانی گۆمەکەوە دامەزرابوون، هەموویان چوارلایان چیمەن و لالەزار و و دیواری بڵند بڵندبوو، کە لە و دیویانەوە هەموو بابەتێکی خۆش ڕابواردنیان تیا ئامادە کرابوو لەم خانووانە لە هەموویان گەورەتر، خانووی (بیلاتسی بەنتی)بوو، کە سەرداری خاکی [ (جوولەکەکان) بوو!...

تەماشاکردنەکانی ئەوانەی کە لە کچە گۆرانی بێژەکە کۆبووبوونەوە پڕبوون لە هەست و تاسەو ئارەزووی بڵێسەدار هەرچەندە، هەریەکەیشیان، لە ڕوویەکەوە گەشکەداربووبوون هەندێکیان بەخۆشیی دەنگەکەی و بەناوازەیی ئاوازە ئەندێشە بزوێنەکەی گەشکەداربووبوون هەندێکیشیان گرفتاری جوانیی لەش و لاری کچە گۆرانی بێژەکە و، جادووی هەرزەکارییەکەی بوون، بەڵام چەند کەسێکیشیان لە لایەکی ترەوە چاویان تێ بڕیبوو ئارەزوویان هەستابوو و ئەیانویست بەگوشینی لەش و لاری کچەکە خۆیان شادمان بکەن جا لەناو ئەوکەسانەدا کە ئارەزووی ئەو لەشەبارێکەی (مەریەم)یان ئەکرد، ئەفسەرێکی ڕۆمایی بوو، کە بەرگێکی ئەر خەوانیی لەبەردابوو، وەک بەرگی پیاوە فەرماندارەکان (یوسف) زانی کە ئەوە ناوی (جایوس فلاکوس)بوو، کە خوشکەزای (بیلاتس) بوو، کە زۆر لە پێش بوو لای فەرمانداری لالۆی خۆی و، سەرکردەی یاساوڵە تایبەتییەکانیشی بوو، (جەلیل)یش پڕبوو لە چیرۆکی دڵڕەقیی ئەم ڕۆماییە لەگەڵ ئەوانەدا کە لە بەدبەختیی خۆیان ئەکەوتنە بەردەستی و ئازاری ئەدان، پیاوەکە، کەڵەگەت بوو، بەژن و باڵایەکی ڕێکوپێکی پێوە بوو، جوانییەکی وایشی پێوە بووکە هەر لە جوانیی ئافرەتی ئەکرد!...

کابرا ناوی بەوە دەرکردبوو کە خووی دابووە مەی خواردنەوە و، مێ بازیی کردن و، خۆش ڕابواردنیش لەناو ئەو ئاهەنگە پڕبەزموو ڕەزمو بێ شەرمییانەدا کە لەناو کۆشکی لالۆی دا ئەکران.

پاش ئەوەی گۆرانییەکان بڕانەوە، ساز و ئاواز لێ دەرەکان دەستیان کرد بەئاوازێکی سەما و هەڵپەرکێ لێ دانێکی گەرمو گوڕ کە خوێنیان ئەهێنایە جۆش ئەم ئاوازە لەو ئاوازانە بوو کە لەو سەردەمەدا باوبوون لەناو دانیشتوانی ناوچەکانی چیاو دەشتەکانی چوارلای (ئەردەن) و گوێ (زریێی مردوو)دا (مەریەم)یش تارەکەی خۆی بەجێ هێشت و ڕاست بووەوە سەرڕێ، لەسەر نووکی پەنجەکانی خۆی ڕاوەستا باڵەکانی خۆی بەرزکردەوە هەروەک پەرستنی خۆی بۆ شتێکی نەبینراو بنوێنێ وابوو پاش ئەوە دەستی



کرد بەلەنجەولار و لەش نوشتاندنەوە هەروەک ئاوازەکان خوتووکەی لەشی بدەن وابوو!... بزووتنەوەکانیشی، لەگەڵ ئاوازەکەدا گورج ئەبوونەوە هەرچی لەوێدابوو و سەیری ئەکرد لەسەرسوڕماندا هەناسەی لێ بڕا زۆری پێ نەچوو سەرپۆشەکەی سەری کەوتە خوارەوە پرچ و ئەگریجە و قژە زێرینەکەی، کە پرشنگیان ئەدا لە جوانیدا، بەو چڕوپڕییەوە کە هەبوون کشانە خوارەوە سەر شانەکانی[1] و بەسەریاندا پەخشان بوون کچەکە کە ئەسووڕایەوە، هەر لە شاپڵیتەیەکی ئەکرد کە پێچ بخوات بەخۆیەوە پاش ئەوە قژەکانی ئەگەشانەوە و ئەکرانەوە، هەروەک گڕە ئاگرێکیان ئەنواند!... سەیرکەرەکان لە هەمووﻻیەکەوە دەنگی دڵ پیاچوون و پەسەندکردنی خۆیان بەرزکردەوە... بەڵام (جایوس کوس)، ئارەزوویەکی ڕەگەز بازیی ئاشکرا لە چاوەکانیا هەڵگیرسا کچەکەی (مەجدەل)یش لە کاتی سەماکردنەکەیا پێ ئەکەنی پاشان خۆی شۆڕکردەوە بۆ ئەفسەرە ڕۆماییەکە، بەئارەزوو ئەیبیزواند، بەڵام بەچاوێکی تیز پێ کردنیشەوە سەیری ئەکرد!... (مەریەم) تا ئەهات زووتر ئەسووڕایەوە زۆرتر خۆی با ئەدا، هەر کەسێکیش دەستی بۆ بکێشایە بەشیرینییەکەوە خۆی لە دەستی ڕائەپسکاند.

کاتێکیش ئاوازەکە تەواوبوو، بەڵێشا و پارەی بەسەردا ڕژا (مەریەم)یش بەسەرپەنجەکانی خۆیەوە وەستا، مەمکەکانیشی لەگەڵ بەرزبوونەوە و نزم بوونەوەی سنگیان ئەلەرینەوە هەر ئەتگوت پەیکەری (ئەفرۆدیت)[2]ەوە بەزیندوێتی ڕاوەستاوە... چاوەکانی گەشانەوە و ئەبریسکانەوە ڕوومەتەکانیشی سوور هەڵگەڕان.

کەچی لەپڕ ڕەنگ بەرووییەوە نەما بەجۆرێکی وایش زەرد هەڵگەڕا هەر ئەتگوت ڕەنگی بەردە مەڕمەڕە لەشی سست بوو پاش ئەوە کۆمایەوە و ڕەتێکی برد، ویستی لەنگەری لەشی خۆی ڕابگرێ لەوکاتەدا (یوسف) زانیی چی ڕوویئەدات خۆی کوتا بۆلای (مەریەم) بەڵام سەیر کەرەکان ئەمەندە چڕوپڕ دانیشتبوون ڕێگای نەبوو بیگاتێ بەڵام (جایوس فلاکوس) خۆی گەیاندە (مەریەم) و گرتییەوە بەدەست، نەیهێشت بکەوێت چونکە (مەریەم) گێژ و وێژبووبوو، هۆشی بەخۆی نەمابوو، ئەگەر ئەو نەیگرتایە ئەکەوت بەدەممەوە.[3]

(١) وەیان: ڕژانە سەر شانوملی.

(٢) ئەفرۆدیت: خواوەندی جوانی و خۆشەویستی لەلای ئەگریکیەکان، یان ئیرۆس، کە لەلای ڕۆمانەکان ڤینۆسە و لەلای فینکییەکان بۆتە ئەشتەروت، عەرەبییش (زهره)یان هەیە... بۆ ئەمە!

(٣) یان: بەدەممدا ئەکەوت.

## قسەی توندوتیژ ئەبێتە هۆی دۆستایەتی!...

ئەوانەی لەوێدا دانیشتبوون سەرسام بوون، واقیان وڕما ئەفسەرە ڕۆماییەکەیش کچەکەی دانایە سەر زەوی کەچی لە پڕ دەنگێک قریشکاندی و گوتی (بڵاوە بکەن، ئەو ئافرەتە جنۆکەی لەناو لەشدایە!) ئەوانەی لەوێ یشدابوون، هەموویان بڵاوەیان لێ کرد ولێی سڵەمینەوە چونکە ئەوساکە ئەم باوەڕە باوبوو کە شەیتان ئەچێتە ناو هەندێ لەشەوە، هەروەها لەویشەوە ئەچێتە ناو لەشی ئەوکەسانەیشەوە کە لەو کەسە نزیک ئەبنەوە!...

لەبەر ئەوە کەس لەوێ دانەمایەوە (یوسف) و (جایوس فلاکوس) نەبێ، کە یوسف ئەیناسییەوە، بەبۆنەی ئەوەوە کە زۆر هاتووچۆی کۆشکی (بیلاس)ی ئەکرد بۆ چاککردنەوەی، (یوسف) لە تەنشت کچەکەوە هەڵ تووتا، مەچەکی گرت بزانێ: لێدانی دەمارەکەی چۆنە لەوکاتەدا کچەکە لەشی هاتبووە لەرزین، دەمارەکانی و ئەندامەکانی ناو بەناو لە خۆیانەوە پتیان ئەدا و ئەبزووتنەوە بەدەمیش وڕێنەی ئەکرد، جار بەجارێکیش هاواری ئازاری ئەکرد کچەکە، وەک مار گەستبێتی دەستی کرد بەگینگڵە دان، لە تاو ئازار خۆی ئەپێچایەوە هەر وەک دارکاریی بکرێ ئاوا لە تاو ئێشی لەشی ئەتلایەوە پاشان لەشە تەنکە ناسکەکەی (مەریەم) باری ئازاری سووک بوو فێ گرتنەکەیشی[1] کزبوو، خاوبووەوە ئنجا ڕۆماییە کە پرسی: (تۆ بڵێی ئەم ئافرتە تووشی نەخۆشیی پیرۆز بووبێ؟!)... کەسانی ئەو سەردەمەیش ئەم ناوەیان نابوو لە نەخۆشیی فێ گرتن کە بەم جۆرەبێ چونکە باوەڕیان وابوو، کە ئەو نەخۆشییە لەوەوە پەیدا ئەبێ کە گیانی شەیتانەکان یاخود گیانی فریشتەکان ئەچنە ناو لەشی مرۆڤەوە[2] (یوسف)یش دوو دڵ بوو لەوەی کە بیروباوەڕی خۆی لەم ڕووەوە دەرببڕێ چونکە ئەوەی تووشی ئافرەتەکە هاتبوو نیشانەی وای پێوە نەبوو کە لەهیی فێ گرتن بکات.

(جایوس)یش ئەمجارە بەتوندوتیژییەکەوە پرسەکەی خۆی کردەوە بەڵام لەو کاتەدا، کچەکە توند پژمی (یوسف)ی داچڵەکاند ئنجا بەڕۆماییەکەی گوت: (بڕوا ناکەم

(١) فێ لێهاتنەکەیشی...

(٢) ئەوەی جێی سەرنجە لەناو کوردەواری خۆشماندا بەنەخۆشی (سوورێژە) وا دەڵێن، منالێک ئەگەر وابێ، دایکی دەڵێ: (لە مویارەکەکەی گرتووە) جا لەوەدەچێ هەر لەترسەوەبێ بەمجۆرە ناوی دەبەن چونکە لە کۆندا ئەم نەخۆشیە کوشندەبووە، لەترسدا ئاوا ناویان دەبرد.



نەخۆشیی پیرۆزبێ ڕەنگە هەر بریتی بێ لە گێژوویژیی و لە هۆش خۆ چوونێک کە لە خۆماندووکردنەوە پەیدا بووبێ لە سەماکردنەکەیدا... بۆیشی هەیە کە گیانێکی پیس چووبێتە لەشیەوە!...)... بەڵام یوسف پەیی بەوە نەبرد بوو، کە کچەکە هاتبووەوە هۆش خۆی و، گوێی لە گفتوگۆی هەردووکیان ئەگرت، لەبەر ئەوە بەقسەکەی یوسف قینی هەڵسا و دەمووچاوی سوور هەڵگەڕا بەڵام (جایوس) بەڕوویەکی خۆشەوە پێی گوت:

(کەس قسەی خراپی دەربارەی تۆ نەکردووە... کەسیش لێرە نییە من و پزیشک نەبێن...)... کچەکەیش بەدەنگێکی بەرزەوە قیژاندی گوتی: (پزیشکی چی؟!... یوسفی جەلیلی هەر ئەوە ئەزانێ کە (زەروو) بەر بداتە لەشی ئەمو ئەوو خوێنیان بگرێ!...)...

قسەکانی ئافرەتە سەماکەرەکە، ڕەق بوون بۆ دڵی یوسف[1] کاریان تێ کرد بەڵام زۆری پێ نەچوو ئافرەتەکە قینەکەی نیشتەوە، تووڕەییەکەی بەدەموچاوە وە نەما دەستی کرد بەزەردەخەنە و سوپاس کردن بەڵام بۆ جوولەکەکە نا، کە کراسێکی هەژارانەی لەبەردا بوو بۆ ڕۆماییە جلوبەرگە ڕازاوەکە!... ڕۆماییەکەیش پێی گوت: (تۆ ئەگەر هێشتا کز و بێ هێزیت کۆشکەکەی لالۆم لێرەوە نزیکە ئەتبەمە ئەوێ!...)...

بەڵام کچەکە سوپاسی کردەوە و پێی گوت هەر ئەبێ بچمەوە بۆ (مەجدەل) خۆی کێشایەوە ڕابوەستێ. لەو کاتەدا ڕووی کردە یوسف و پێی گوت: ئەم جۆرە لە هۆش خۆ چوونەم جار بەجارێک تووش دێ، بەڵام لە پاش سەماکردن جا لەو کاتەدا ڕەتێکی برد، ئەوەندەی نەمابوو بکەوێ بەدەمەوە بەڵام یوسف فریای کەوتو گرتیەوە نەیهێشت بکەوێ.

هەستی کرد لەشێکی نەرمونۆڵی پێوەیە، لەناو باوەشیا دڵی زۆرتر لێیدا پێی گوت: ئەوە چوارپێکەی منە سواری ببە، منیش ئەچمەوە بۆ (مەجدەل).

## سەماکەرەکە ئامۆژگارییەکی یوسف ئەکات!

جا لەسەر بەردێک کە ئەیڕوانی بەسەر گۆمی (تەبەریە)دا، کچەکە دانیشت تا گوێ درێژەکە پشوویەک بدات ئنجا ڕووی کردە یوسف و پێی گوت: (ئیمڕۆ چووبوویتە لای کێ چاکی بکەیتەوە؟...)... (یوسف)یش ئەو شووشەیەی بڵند کردەوە کە زەرووەکانی تیادانابوو گوتی: (زەرووەکانم ناو سکیان پڕە لە خوێنی بیلاتس!) ... کچەکە دەستی

(١) قسەکانی ئافرەتە سەماکەرەکە لەبەر دڵی یوسف دا ڕەقبوون.

کردەوە بەقسەکردن گوتی: (لە مەجدەلدا ئەڵێن خوێنی «داوود» لەناو دەمارەکانی تۆدا ئەگەڕێ کەواتە بۆچ خۆت بەم پیشەیەوە خەریک کردووە، زەروو بەربدەیتە لەشی کەسانی تر و خوێنیان لێ بگرێت؟!...)... لێرەدا یوسف گوتی: (نەخۆشەکانم مزی باشم ئەدەنێ بێجگە لەوە لەسەر دەستی (ئەلیکسەندەر لیماخس)ی پزیشکی بەناوبانگی جوولەکەدا زانست فێر ئەبم)... کچەکەیش بەتیزپێ کردنێکەوە لچی لێ هەڵ قورتان و بەبێ شەرمانە پێی گوت: (من بڕوا ناکەم فرمانەکەی تۆ بەوە زیانی پێ بگات، کە هەموو کەس بەوە بزانێت کە دەوڵەمەندترین بازرگانی (ئورشەلیم)، کە ناوی (یوسف ئەریماثیا)یە ئاپۆی تۆبێ!...)... لاوەکەیش ڕەنگی سوور هەڵگەڕا چونکە لە ڕاستیدا بەهۆی ئامۆژگارییەکانی ئاپۆیەوە بووبوو کە سەردار کەوتبووە ناو نەخۆشەکانیەوە!... ئەوەندە هەبوو، لە دواییدا بەکچەکەی گوت: (هەر ئەوەندە پارەیەکی باشم بۆ کۆببێتەوە دەمودەست کۆچ ئەکەم بۆ ئەسکەندەرییە تا لەوێ بچمە بەرخوێندن، پزیشکایەتی بخوێنم!)...

ئەوەندەی پێ نەچوو لەگەڵ یەکتردا کرانەوە (مەریەم)یش لە بابەت خۆیەوە قسەی بۆ کرد گوتی: (من لە تەمەنی دوانزە ساڵیمەوە کەوتمە دەست (دیمەتریۆس) ئەو پێی خوێندم و فێری کردم بۆ هەموو جێگایەکی بردم لەگەڵ خۆیدا... لەبەر ئەوە زۆرشتی لێوە فێربووم... بێجگە لەوە هەر نووسراوێکیشم دەست بکەوێ ئەیخوێنمەوە!...).

لاوەکەیش لێی پرسی: (دیمەتریۆس) کێیە؟... کچە کەیش گوتی: (ئەوەتا لە شەقامی یۆنانییەکاندایە تار دروست ئەکات... منیش لەگەڵ ئەودا ئەژیم!.) یوسف لەم قسەیە سڵەمییەوە، کە مەریەم گوتی لەگەڵ پیاوێکدا ئەژیم و پیاوەکەیش یۆنانییە!... دووبارە دەستیان کردەوە بەگفتوگۆکردن لە بابەت ئەسکەندەرییەوە... لە ئەنجامدا وا دەرکەوت، کە ئەوەی کچەکە ئەیزانی زۆرتر بوو لەوەی کە یوسف ئەیزانی چونکە لە (دیمەتریۆس)ەوە زۆری لەو بابەتەوە بیستبوو... کچەکەیش گوتی: (ئەمە بۆ تۆ ئەبێتە جێی شانازیی کە بڵێی لە ئەسکەندەرییەدا پزیشکایەتیم خوێندوە و فێربووم!...)... جا ئەمەیش قسەیەکی ڕاست بوو چونکە ئەو دەمە شاری ئەسکەندەرییە بووبووە سەرچاوەی خوێندن بۆ ئەو کەسانەی کە ئەیانویست لە زانست و هونەری پزیشکایەتیدا قاڵ ببن هەر بابەتێکی پزیشکایەتیش دابهاتایە بۆ تازەکردنەوەی ئەو زانست و هونەرە لەوێدا پەیدا ئەبوو.

دووبارە کچەکە کەوتەوە قسەکردن لە بابەت ئەسکەندەرییەوە گوتی: من بەم زووانە



کۆچ ئەکەم بۆ ئەوێ، بۆ ئەمەی لەسەر تەختی بەزمگاهەکانی ئەوێ سەما بکەم و گۆرانی بڵێم و پارە پەیدا بکەم (یوسف)یش گوتی: (بەڵام ئافرەتی جوولەکە مافی ئەوەی نییە کە لەناو بەزمگاهاندا خۆی دەربخات!...)... کچەکەیش گوتی: (من خوێنی یۆنانیم لە لەشدایە... هەتا لەگەڵ (دیمەتریۆس)یشدا دەستم نەکرد بەژین، چێشکەی کامەرانیم نەکرد... ئێستاکەیش وەک یۆنانییەکان ئەژیم!...)... ئەویش گوتی: (ئەم کارە بەرەو ڕووی خۆت ئەبیتەوە!)... دوای ئەوە بەزەردەخەنەیەکەوە پێی گوت: (ئەی ئەوە نییە لە نووسراوی پیرۆزدا لەبابەت ئافرەتەوە گوتراوە: کە دەمی خۆی بەقسەی تێگەیشتووانەوە ئەکاتەوە!...) (مەریەم)یش بەم تیز پێکردنەی (یوسف)ە پەست بوو، سەری خۆی داخست پاش ئەوە دەستیان کردەوە بەگەڕانەوە بۆ (مەجدەل) بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو، کچەکە، ئەو بێدەنگییەی پچڕیی گوتی:

(ئەو ڕۆمایییە کێ بوو، کە لەکاتی لە هۆش خۆچوونمدا یارمەتیی دام؟...)... ئەویش گوتی: (جایۆس فلاکوس) بوو کە خوشکەزای (بیلاتسی بەنتی)یە کچەکە گوتی: (بەڕاستی پیاوێکی جوانە!...)... ئەویش گوتی: (هەروەها زۆر بەد خوویشە!...)... پاش ئەوە، کچەکە لە بابەت سەردار و کۆشکەکەیەوە پرسی لێ کرد، گوتی: (ئەمە ڕاستە سەردار کەنیزەکی وای هەیە کە بەڕووتییەوە سەمای بۆ ئەکات؟!...)... (یوسف)یش ڕەنگی سوور هەڵگەڕا و گوتی: (کچێکی پچکۆلەی وەک تۆ، ڕەوا نییە بیر لەم جۆرە شتانە بکاتەوە، یاخود لێیانەوە بدوێ!...)...

کچەکەیش گوتی: (من تەمەنم گەیشتۆتە هەژدە ساڵی، لەبەر ئەوە ئازادم، هەر شتێکم بوێ ئەیکەم!...)...

ئەویش گوتی: (بەڵام تۆ کەوات کرد سەر ئێشە بۆ باوک و دایکی خۆت پەیدا ئەکەیت... بیری خۆتی بخەرەوە، کە نووسراو ئەفەرمووێ: ڕێز لە باوک و دایکی خۆت بگرە و باشبە بۆیان، تا لەسەر زەویدا زۆر بمێنیتەوە!)...

ئیتر ئەو دەمە کچەکە، گۆڕرانێکی سەیری بەسەردا هات ڕەنگی تێک چوو لێوی خۆیشی ئەمەندە گەست زۆری نەمابوو کە برینداری بکات پاش ئەوە قیژاندی گوتی: (ئەگەر ئەتەوێ ببیتە دۆستی من، ناوی باوک و دایکم لەلا مەبە!...)... پاش ئەوە دووبارە، لەناکاو ڕەوشت و سەر و شێوەی گۆڕرایەوە تا ئەندازەیەک چووەوە سەر ئەو بارەی کەهەیبوو لەکاتی سەماکردنەکەیا لەناو شەقامەکانی (تەبەریە)دا.

ئنجا گوتی: (تۆ نابێ ئەمەندە وشک بیت لەکردەوە و ڕەوشتەپاک و ڕاستەکانی خۆتا چونکە تۆ هێشتا لە تەمەنی بیست و دوو ساڵی تێپەڕت نەکردووە جا ئەگەر بێتو هەندێ بەزمورەزم بۆ خۆت نەدۆزیتەوە، کە خۆشییان لێ بچێژیت، بێ ئەمەی لە خۆشیی ژیان تێ بگەیت، زوو بەزوو پیر ئەبیت و تەمەنی خۆت لە دەست ئەدەیت!...)...

(مەریەم) بەچەشنی پیرەکان خۆی گرژ و مۆن کرد (یوسف)یش خۆی پێ نەگیرا، دایە پرمەی پێکەنین... جا بەم جۆرە بوو کە هەردووکیان چوونە ناو شاری (مەجدەل)ەوە!...

(مەریەم) نەیهێشت (یوسف) بچێ لەگەڵیا تا ماڵی خۆیان، کە گەیشتنە بەر دەروازەی شارەکە لە گوێ درێژەکە خۆی هاویشتە خوارەوە و سوپاسی (یوسف)ی کرد ولێی جیابووەوە.

(یوسف)یش وەستا و دەستی کرد بەسەیرکردنی (مەریەم) کە لەش سووکانە و ڕێکوپێک و پشت بەخۆبەستانە، ئەڕۆیشت بەڕێگادا، تا لە چاو ون بوو ئنجا ملی نا بۆ ماڵی یەکێک لە نەخۆشەکان خۆی کە دەمێک بوو نەچووبووە لای بۆ تیمارکردنی لەوێ بیانووی بۆ نەخۆشەکە هێنایەوە کە لەبەرچی دوا کەوتووە گوتی: من خەریکی چاککردنەوەی سەما کەرێک بووم کە لەناو شەقامەکانی (تەبەریە)دا تووشی گێژیی و لە هۆش خۆ چوون بووبوو ژنی نەخۆشەکەیش کە ئەوەی لێ بیست هەڵی دایێ گوتی: (ڕەنگە ئەو سەماکەرە مەریەمی مەجدەلی بوبێ؟!... ئای چ کچێکی جانانەیە!... باوەڕ بەهیچ قسەیەکی ناکرێ!... چونکە لە هیچ شەرم ناکات!...)... نەخۆشەکەیش گوتی: (ڕاشیل ئاگات لە دەمی خۆت بێ!.)... بەڵام ژنەکە گوتی: (تەنانەت بەپێی باوەڕیی جوولەکەکان بەگوناهبار دائەنرێ چونکە ئەو چاو لەبت پەرستەکانی یۆنانییەکان و ڕۆماییەکان ئەکات لە ژیندا ئۆ باڵی بت پەرستیی بەئەستۆوەیە!...)... (یوسف) پەیی بەوە برد کە لە ڕیسواکردنی ژنەکەدا، بەشی خۆیشی تیا بوو چونکە ئەو لە زانستکۆی یۆنانییەکانی (تەبەریە)دا ئەیخوێند جا هەروەک ژنەکە هەستی بەدەموچاو تێکچوونی (یوسف) کردبێ وابوو، دەمودەست گوتی: (دوور نییە کە ئەم لاوە گرفتاری جوانیی مەریەمی مەجدەلی بووبێ، لەگەڵ ئەو گیانە خراپانەدا کە زاڵ بوون بەسەریا... بەڵام هەر ئەم نییە کە گرفتاری ئەو کچە بووبێ!...)...

لە ڕاستیدا، کە یوسف چووە ناو پێخەفەکەیەوە، هەستی بەخۆی کرد کە بەتەواوەتی گرفتاری دڵداریی مەریەم بووە چ لە خەودا، چ لە بێدارییدا، هەر ئەو ئەهاتەوە بەرچاوی. بۆ بەیانیی ڕۆژی دووەم، بڕیاریدا ماڵی (دیمەتریۆس) بدۆزێتەوە بەڵام



کارەسات واهاتە پێشەوە کە لە دەست دۆزینەوەی فڕوفێڵ بۆ ئەوکارە ڕزگاری ببێ چونکە لەناکاو، لە کاتی ناشتاکردنیا، یەکێک لە ساز لێ دەرەکان هاتە لای و پێی گوت دوای کەوێ بۆ ماڵی (دیمەتریۆس) لەسەر شەقامی یۆنانییەکان، تا نەخۆشییەکی هەیە چاکی بکاتەوە، دایکی (یوسف)یش بەسەر سوڕمانێکەوە سەیری یوسفی ئەکرد چونکە سەیری کرد لە ئەندازە بەدەر خۆی ئەڕازێنێتەوە پێی گوت: (کە تۆ ئەچیتە ماڵی سەردار ئەمەندە خۆت نارازێنیتەوە... بۆچ لەو ماڵەدا کە بۆی ئەچیت کچ هەیە؟...)... کە یوسف دەموچاوی سوور هەڵگەڕا، دایکەکەی لە گومانەکەی خۆی دڵنیابوو کە ڕاستە... گوتی: (تۆ بڵێی کێ بێ؟... چ کاتێکیش بتوانم بچم بیبینم و بۆتی بخوازم؟!...)... یوسف پەیی بەوە برد کە دایکی بەپەرۆشی ئەوەوەیە کە ژنی بۆ بهێنێ، تا بەبۆنەی ژن هێنانەکەیەوە واز لە چوونە ئەسکەندەرییە بهێنێ!...

## ئەو سەماکەرەی یارمەتیی هەژارانی ئەدا!

ماڵی تار دروست کەرەکە گەورەبوو هەر ئەوەندە یوسف لێی نزیک بووەوە، ئاوازی نەرم نەرم ئەهاتنە بەرگوێی، یەکێک لە وانەی کە تازە فێری ساز لێ دان ئەبوون مەشقی ئەکرد کاتێک برایە ناو باخچەکەی کە پری بوو لە گوڵ و چنوور هیچ نیشانەیەکی مەریەمی بەرچاو نەکەوت لە پڕ دەنگی یەکێکی کەوتە بەرگوێ، پێی گوت: (وەرە ئێرە!)... کە ئاووڕی دایەوە، پیاوێکی یۆنانیی قەڵەوی دیی لە تەمەنی شەست ساڵان دابوو لەسەر تەختێک دانیشتبوو لە نزیک لێواری کەڵە بەردێکی گەورە و بڵندەوە لەناو باخچەکەدا خەریکی سازکردنی ژێیەکانی تارێکی گەورەبوو چاوەکانیشی کە چووبوون بەناو دەموچاوە خڕەکەیدا، پڕبوون لە زیرەکی و دڵ خۆشی دەمودەست یوسف هەستی بەخۆی کرد ئەو کابرا قەڵەوەی بەدڵدا ئەچێ کەچی ئەمەندەیش مەیی خواردبووەوە بۆنی لێوە ئەهات یوسف بەشیرینییەکەوە گوتی: (پێیان گوتم دیمەتریۆس ئەیەوێ بتبینێ)... پیاوەکەیش گوتی: (منم دیمەتریۆس)... ئنجا یوسف گوتی: (بەڵام مەریەم گوتی من لەگەڵ ئەوا ئەژیم...) یوسف هێشتا قسەکەی خۆی تەواو نەکردبوو، دەموچاوی سوور هەڵگەڕا وشڵەژا و زمانی وەستا... پیاوەکەیش گوتی: (بۆچ لەمەدا کەموکووڕیی هەیە کە لەگەڵ مندا بژی؟!... تۆش وەک هەموو کەسێک، ئەبێ ئەوەت بەدڵدا بێت، کە بێ مەبەس نییە، کچێکی جوان لەگەڵ پیاوێک دا بژی... بەڵام تۆ کە ئەم بینیت ئەوەت دێتە بەرچاو من پیاوێکی بەدخووبم و داوێنی کچی بچووک پیس بکەم؟!...)... ئەوەی گوت و دەستی کرد بەپێکەنین بەدەنگێکی بەرزەوە دەستی

گرتبوو بەزگیەوە نەوەک بتەقێ پاشان بەچمکی کراسەکەی چاوەکانی خۆی سڕی ئنجا گوتی: (داخەکەم بۆ خۆم!... تەنانەت ئەگەر ئارەزووی ژنیش بکەم، هیچ ژنێک نییە ئارەزووی قەڵەوێکی وەک من بکات!...)...

(یوسف)یش تەکانی دایە خۆی پەشیمان بوونەوەی خۆی لەقسەکەی خۆی بۆ پیشان بدات بەڵام کابرا دەستی کردەوە بەقسەکەی خۆی گوتی: (بێگومان تۆ بەندوباوی ئەموئەوت بیستۆتەوە... بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەتا کە ئەو ئافرەتانە چاو بەمەریەم هەڵ ئەهێنن (هەر لەبەر ئەوەی کە پیاوانی دڵکێش کردوە و چاویان تێ بڕیوە جا هەر ئەو کەسانەیشن کە پێی ئەڵێن سۆزانی و داوێن پیس بۆ ئەمەی پاکانە بۆ خۆیان بکەن، کە بۆچ ئارەزووی لەشی ئەکەن!...)...

ئنجا یوسف بەدڵ پیا چوونێکەوە پێی گوت: (وام دێیتە پێش چاو کە ڕاستی پەرست بیت!...)(١)

کابرایش گوتی: (نەء، من پیاوێکی مەی خۆرم!... من پیاوانم زۆر تاقی کردۆتەوە وایشم بۆ دەرکەوتووە کە زۆربەیان دەروونیان پڕە لە بەدیی و ناپاکی...

من باوەڕم بەو خوایە نییە کەبێ بەریم بکات لە خۆش ڕابواردن بەڵام چاکەی من لەوە دایە کە لە خۆم بەولاوە زیان بەکەسی تر ناگەیێنم!... بەڕاستی من وام پێ خۆشە کە کەسانی تریش لە خۆشی و کامەرانیدا ببینم جا لەبەر ئەمەیە کە ماوە ئەدەم بەمەریەم گۆرانیی بلێ و سەمایش بکات، تا ئەوان خۆشی لە بینینی جوانییەکەی و کردەوە ڕەنگینەکانی ببینن ئەمەیش بەلای خۆمەوە، دوورە لە کاری شەیتانەوە... ئەی جوولەکە!...)...

پاش ئەوە یوسفی بانگ کردە لای خۆیەوە دابنیشێ ئنجا لە بابەت فێیەکەی مەریەمەوە پرسی لێ کرد، کە ڕۆژی پێشوو تووشی هاتبوو (یوسف)یش گوتی: (من بڕوا ناکەم ئەوە نەخۆشیی پیرۆزبێ... چونکە زۆرکچی وام دیوە کە تووشی ئەم جۆرە فێیانەبوون... کەچی زۆریشیان کە گەیشتوونەتە تەمەنی پێگەیشتن چاک بوونەتەوە!...)... کاتێ کە یوسف پێی گوت: هاواری وای ئەکرد، وەک دارکاریی کرابێ وابوو، کابرای یۆنانی هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: (من بەهیوای ئەوە بووم مەریەم ئەوەی لە بیر چووبێتەوە چونکە ئەو کاتەی مەریەمم هێنایە لای خۆم پەروەردەی بکەم

(١) راستی پەرست: واتە (فەیلەسوف).



تەمەنی دوانزە ساڵان بوو باوکەکەی کۆترباز بوو، ڕاوی کۆتری ئەکرد دزێکی بەدخوویش بوو هەموو جارێک لێی ئەدا... تەنانەت ئەوەندەی نەمابوو کە بیفرۆشێ بەکابرایەکی ڕۆمایی بەڵام من نرخێکی گرانترم پێدا و بەئاشکرایش کردم بەکچی خۆم لەسەر دەستی فەرمانڕەواییدا... هەرچییەکیشم ئەزانی لە ساز و ئاواز و ڕاستی پەرستی و هونەرەکان فێرم کرد... لە ڕاستیدا مەریەم لە گۆرانی گوتن و سەماکردندا تەواو قاڵ بووە و شارەزابووە... جا لەبەر ئەمەیە کە کەسانی تر بەدەست بڵاوییەکەوە بەخششی ئەدەنێ!...)...

یوسف یش کە لێی پرسی: (ئایا لێی ناترسی هیچی بەسەربێ؟)

گوتی: (پشتم بەتیپی ساز لێ دەرەکان بەستوە کە ئاگایان لێی بێ، هیچی بەسەر نەیێ)... پاشان گوتی: (لە ڕاستیدا مەریەم لە وانەیە، ئەگەر بیەوێ، دڵی خونکارەکان کێش بکات بەڵام هەرچی منم کامەرانیی ئەو لەسەروو هەموو شتێکەوە دائەنێم جا هەر لەبەر ئەمەیشە کە نامەوێ دووری بخەمەوە لە (مەجدەل)... ئەی ئەگەر تۆ لە جێی من بوویتایە چیت ئەکرد؟!...) (یوسف)یش شارە گەورەکان و خراپەی ناو شارە گەورەکانی بیرکەوتەوە وای هاتە پێش چاو، کە بۆ (مەریەم) وەها چاکترە کە شوو بەلاوێکی چاکی لەسەرخۆ و مەند و سەنگێن بکات، کە ئاگای لێی بێت و خەمی بخوات و کامەرانی و خۆش گوزەرانیشی بۆ پێک بهێنێ کاتێک ئەوەیشی بەبیردا هات کەچی ئەبێ ئەگەر ئەو لاوە پزیشکێکی سەرکەوتووبێ لە کارەکەی خۆیدا؟... دڵی کەوتە لێدان بەڵام وایشی هاتە پێش چاو کە ئاواتەکانی (مەریەم) لە ئاواتەکانی خۆی کەمترنین دوایی گوتی: (لای نەتەوەکەی خۆم واتەیەک هەیە ئەڵێ: مرۆڤ بریتییە لەو وێنە بەرزانەی کە دڵی خۆی ئاواتی بۆ ئەخوازێ، جا لەبەر ئەوە گومانم هەیە لەوەدا کە ئەگەر مەریەم دوور بخرێتەوە لە گۆرانی و سەماکردن، بەکامەرانییەوە بمێنێتەوە!...)... کابرایش گوتی:

(ئای لەم هۆشە بەهێزەت کە لەم لەشە پچوکەتایە!...)...

کاتێک ئەوان لەم گفتوگۆیەدا بوون ، لەو دیو دەرگاکەوە دەنگە دەنگێک هات پاشان (مەریەم) پەیدابوو. سەرپۆشەکەی سەری خۆی لادا، بێ ئەمەی بزانێ (یوسف) لەوێیە یان نا ئنجا گوتی: (سەمعان تووشی کارەساتێک بووە وا هێناومە لەگەڵ خۆمدا)... ئنجا لەو کاتەدا هەندێ کەس هاتنە ژوورەوە (هادجا)ی سەرۆکی تیپی ساز لێ دەرەکانیان لە ناودا بوو یاریدەی یەکێک لە ڕاوە ماسی کەرەکانی ئەدا، کە بڕستی بڕابوو.

(مەریەم)یش کە پێی زانی (یوسف) لەوێیە، بەزەردە خەنەیەکەوە گوتی: (تاوێک لە مەو پێش لە ماڵی ئێوەبووم دایکت پێی گوتم کە هەتا ئێواریش ناگەڕێیتەوە)... (دیمەتریۆس)یش پێی گوت: من خۆم ناردوومە بەشوێنیا، بێتە ئێرە، تا سوپاسی خۆمی پێشکەش بکەم لەسەر ئەوەی کە دوێنێ یارمەتیی تۆی داوە و پێتەوە خەریک بووە (یوسف)یش چووە تەنیشت ماسی گرە بریندارەکەوە، بەچیچکانەوە دانیشت لە دواییدا بۆی دەرکەوت کە ئێسکەکانی باڵی لە جێ چوون دەستی کرد بەسڕکردنی لەشی ماسی گرەکە، هەندێ گیا و مەیی تێکەڵ کرد و داینێ پاشان ئێسکە لەجێ چووەکانی باڵی خستەوە جێی خۆیان ئیجا لە شێوەیەکی هونەرمەندانەدا باڵەکەی بەستەوە بەچەند پارچە تەختەیەکەوە کە (دیمەتریۆس) ئەوەی لێ دیی، سەری سوڕما و خۆی پێ نەگیرا دەستی کرد بەپیا هەڵدانی...

## شوو ناکات بەیوسف!

بۆ بەیانیی ڕۆژی دووەم (یوسف) چووەلای (سەمعان) سەیری نەخۆشییەکەی بکاتەوە هەر ئەوەندە گەیشتە دەرکی باخچەکەی (دیمەتریۆس) وەستا، نەوەک ئەو چاو ئەندازە جوانەی کە کەوتبووە بەرچاوی، تێکی بدات!...

چونکە وێنەیەکی زیندوو بوو بۆ دڵنیایی و کامەرانی کە تەماشای کرد (سەمعان) لەسەر تەختێک دانیشتبوو، لە گوێ ئاوی گۆمەکەوە (مەریەم)یش لە خوار پێیەوە دانیشتبوو، تارەکەی خۆی لێ ئەدا و ئەو گۆرانییەشی ئەگوت کە (سولەیمانی تێگەیشتوو[1] لە نووسراوی (گۆرانیی گۆرانییان)[2] دا ئەو گۆرانییەی گوتبوو... بەڵام (یوسف)ی لاو، لە پاش تاوێک خۆی پێ نەگیرا، خۆی ئاشکرا نەکات، بەدەنگێکی

(١) سلەیمانی حەکیم: لە دەوروبەری ٩٧٠- ٩٣٥ پ.زدا مەلیکی ئیسرائیلیەکان بووە کوڕی داوود پێغەمبەرە لە (بتشابع)ی ژنی کە بەناڕەوا داگیری کردوو مارەی کرد، لەسەردەمەکەیدا وڵات گەیشتە ئەوپەڕی گەشەکردن و هەر ئەویشە کە هەیکەلی ئورشەلیمی بنیاتنا؛ لەمەدا لەگەڵ (حیرام)ی پاشای (صور) هاوپەیمانبوون و هەرچی کرێکار و شارەزا و تەختەی دار ئورووززە بۆ ینارد سلێمان زانا و حەکیم و پێغەمبەرێکی خواش بووە، لە قورئانی پیرۆزدا باسی لێوەکراوە.

(٢) گۆرانی گۆرانییان: (نشيد الأنشاد) واتا سروودی سروودەکان کە مەبەست لەو سروودەیە کە لە کلێسادا بەدەنگەوە دەوتراو هی داوود پێغەمبەر بووە کە جگە لە هێز و توانا و جوانی دەنگیشی هێجگار خۆشبووە، ئەگینا سلەیمان خۆی سروودی نەبووە، لە تەوراتدا بە(مەزامیر) ناو دەبرێن و ئەمە یەکێکە لەوان.



بەرزەوە ئافەرینی لێ کرد... (سەمعان)یش گوتی: (خوێن گرەکە، مافی هەیە وا بکات!... ئای ئەو ڕۆژەم چەند پێ خۆش بوو کە لە چەقی ڕێگای کفر ناحوومدا تووشت هاتم و تۆم ئەدیی ئەگریایت؟!...)... کچەکە کە ئەوەی لێ بیست داچڵەکی و گوتی: (یوسف! کە من تووشی ئەو بەسەرهاتە سەختە هاتم، تەمەنم لە دوانزەساڵان تێپەڕی نەکردبوو... هەتا ئەیانتوانی لێیان ئەدام لە بەرگو پووشەنییش ڕووتیان ئەکردمەوە بەڕووتی پیشانی کەسانی تریان ئەدام... تا لە بابەت کڕینی منەوە سەودا بکەن... ئەم سەمعانەیش یەکەم کەس بوو بەزەییی پیاما هاتبێتەوە لە ژیانما... ئیتر سەرسوڕمانی پێ ئەوێ کە من ئەو و (دیمەتریۆس)م لە هەموو کەس زۆرتر خۆش بوێ لە جیهاندا؟!...)... یوسف دەستی کرد بەپشکنینی باڵی سەمعان[1] پاش ئەوە کچەکە ڕووی کردەوە یوسف و دەستی کرد بەپیا هەڵدان بەسەریا، و سوپاسی ئەکرد، لەسەر ئەوەی کە ئەو هونەرمەندییەی پیشان دابوو لە گرتنەوەی باڵەکەی سەمعاندا... دوایی یوسف ناچاربوو لێیان جیابووەوە تا بگات بەنەخۆشەکانی خۆیدا بەڵام تاپۆی (مەریەم) لە مێشیکی جوێ نە ئەبووەوە.

مەریەم وا ئەهاتە پیش چاوی یوسف، کە منداڵێکە و بەزەردە خەنەیەک کامەران ئەبێ و، بەمۆنی و گرژییەکیش ئەکەوێتە گریان!... هەرچەندە یوسف لە ماڵی (دیمەتریۆس)دا ڕووکەشێک لە ڕوو کەشەکانی دەوڵەمەندیی و خۆش گوزەرانیی چاو پێ نە ئەکەوت، بەڵام شتی وایشی تیا ئەدیی کە ماڵە دەوڵەمەندەکان لەسەری دامابوون... ئەوەی ئەدیی کە کامەرانییەک هەیە لەناو ئەو خانووەدا، دڵی هەموو ئەندامانی ئەو خێزانەی پێکەوە نووساندووە.

ئەو کامەرانییەیش لەو خۆشەویستییە ڕاستە قینە و ئاشکرایەدا دەرئەکەوێ کە لە ناوەندیاندایە کە نە پێچو پەنای تیایە و نە ئەیش شارڕێتەوە!... کاتێ کە یوسفی لاو، لە بانگی شێواندا گەڕایەوە ماڵێ، بۆنی ماسیی سوورەوە کراوی هات بەلووتدا دەمی پڕبوو لە ئاو بۆ خواردنی، ڕووی کردە جێی چێشت لێ نانەکەیان کە تەماشای کرد ئەوا (مەریەم) بەتەنشت دایکییەوە دانیشتووە مەریەم ماسییەکی گەورەی بەدیاریی هێنابوو بۆ دایکی یوسف دایکیشی بەزۆر گلی دابووەوە لای خۆیان نانی شێویان لەگەڵدا بخوات!... (یوسف)یش پێی گوت: (تۆ بڵێی لە پاش شێو خواردنەکەیش، سەماکردنێکمان لەسایەی تۆوە دەستگیرببێ؟!...)...

(١) ڕاستتر: بەتەماشاکردنی باڵی... کە (معاينه) دەگرێتەوە نەک (تفتيش).

مەریەمیش هەردوو باڵی خۆی بەرزکردەوە و خۆی وا پیشاندا کە ئەوەی پێ ناخۆشە، گوتی: (ئەتەوێ دراوسێکانت پێت بڵێن لە ماڵی خۆتا لەگەڵ کچێکی سۆزانیدا ڕا ئەبوێریت؟!...)...

جا لەوکاتەدا کە دایکی یوسف خەریکی ئامادەکردنی چێشتی شێوان بوو لاوەکە مەریەمی لەگەڵ خۆیدا برد بۆنا و ئەو نەخۆشخانەیەی کە هەژارەکانی ناو شاری تیا چاک ئەکردەوە، دوای ئەوە لە پاش شێو خواردنیش لەگەڵیا چووە وە بۆ ماڵی خۆیان لەو کاتەیشدا کە خەریک بوون لەیەکتر جوێ ببنەوە، مەریەم گوتی: (بەڕاستی یوسف، دڵم بەدایکتاچووە... تۆیش هەروەها کردەوە و ڕەوشتی شیرینت هەیە!...)... پاش ئەوە بەسەر نووکی پەنجەکانیەوە خۆی بەرزکردەوە و ماچێکی کوڵمی یوسفی کرد!... کاتێک یوسف گەڕایەوە لای دایکی کامەرانیی پێوە دیاربوو، دایکەکەیش قسەی لەگەڵیا کردەوە کە ئەو کچەی بۆ بخوازێ و مارەی بکات لە بابەت سەماکردنەکەیشییەوە ئەیگوت (پێغەمبەر داوود) خۆیشی، کە هەستی ئایینیی تینی ئەسەند، دەستی ئەکرد بەسەماکردن لە بەردەم ئارامگای خودادا، لەناو پەیکەرگاکەدا!... بەڵام کە لاوەکە بەمەریەمی گوت شووی پێ بکات، مەریەم گوتی: (لە تۆ ناوەشێتەوە کە من مارە بکەیت!.).

بەڵام کە یوسف نووچی لەسەر گرت، گوتی: ئاواتی من ئەوەیە ببمە لاسایی کەرەوەیەکی[1] بەناوبانگ، تا بەهۆی ئەوەوە سامان و خۆش ڕابواردنێکی وا بڕژێ بەسەر (دیمەتریۆس)دا، کە تۆڵەی ئەرک و ئازاری ژیانی خۆی بۆ بکاتەوە!...

## بانگ کرا بۆ سەماکردن لە کۆشکی بیلاتسی بەنتیدا

مەریەم، بەتەنیا، لەناو باخچەکەدا دانیشتبوو، لەسەر ئاوازێکی تازە مەشقی ئەکرد لە پڕ ڕاسپێرراوێک هاتەلای، کە لەلایەن (بیلاتسی بەنتی)یەوە نێررابوو پیاوەکە لە ڕووی ڕێزگرتنەوە بۆی چەمییەوە و پێی گوت سەرداری گەورە، بانگی ئەکات بۆ نانی شێو خواردن لە کۆشکی خۆیدا، کە لە (تەبەریە)دایە، ئەیەوێ گۆرانی بڵێ و سەمایش بکات بۆ میوانەکانی!...

کچە ئەمەندە گەشکەدار بوو بەم بانگکردنە، ئەوەی لە بیرچووەوە کە یوسف چاوی پێی ئەترساند، یاخود ئەو کردەوە نەنگانەی لەبیر چووەوە کە بیستبوویەوە لەناو

(١) لاسایی کەرەوە: ئەکتەر (ممثل).



کۆشکەکانی ڕۆماییەکاندا ئەکران ئەو هەر بیری لەوە ئەکردەوە کە پارەیەکی ئەمەندە زۆری دەست ئەکەوێ، کە (دیمەتریۆس) بتوانێ پێی بڕوات بۆ ئەسکەندەرییە. پیاوە ڕاسپێرراوەکە لێی پرسی ماڵی یوسف لە کوێیە؟ چونکە لەو کاتەدا ژنی سەردار پێویستی بەچاککردنەوە هەبوو مەریەمیش ڕێگای پیشاندا بۆ ماڵەکە بەڵام ئەوەیشی پێ گوت، کە نەهێڵێ یوسف بەوە بزانێ، کە بۆ کۆشکی سەردار بانگ کراوە (دیمەتریۆس)یش ئەمەندەی پێ خۆش بوو کە (مەریەم) بۆ کۆشکی سەردار بانگ کراوە، لە خۆشیاندا گوتی: (زۆری پێ ناچێ، ئیتر بانگ ئەکرێیت بۆ سەماکردن لە کۆشکی گەورە پیاوەکاندا.

ئەمەیش بۆ ئەوە باشە کە هەر کاتێ چویتە لای کارگێڕی جێگای لاسایی کردنەوەی ئەسکەندەرییە بەئاسانی وەرت بگرێت!...)... پاش ئەوەیش گوتی: (ئەوەندە هەیە لەوە ئەترسم کە لەناو ئەو کۆشکەدا شتێکت بەسەربێ!...)... کەچی (مەریەم) تێ کۆشا ترسی لە دڵ دەربکات، بەوە دڵنیای کرد کە تیپی ساز لێ دەرەکان ئاگایان لێی ئەبێ... بەڵام هەر ئەوەندەی خۆش بوو تا گەیشتە کۆشکەکە هەر ئەو ئێوارەیە جیایان کردەوە لە تیپی ساز لێ دەرەکان و ئەویان گەیاندە ژوورێکی تایبەتی زۆری پێ نەچوو، کچێک هاتە لای و پێی گوت: (بۆچ بەرگی سەماکردن لەبەر ناکەیت؟)... کاتێ کە مەریەمیش پێی گوت: وا ڕاهاتووم کە بەجلوبەرگی ئاساییەوە سەما بکەم کچەکە تیزی پێ کرد دەمودەست کراسێکی تەنکی وای بۆ هێنا و لەبەری کرد کە شوێنە جوانەکانی لەشی بەتەواوەتی دەرخست پاش ئەوە لێوەکانیشی بۆ سوورکرد (مەریەم) لە کچەکەوە زانی، کە نیزەکە و ناویشی (ثیتس)ە ئنجا لێی پرسی: (بۆچ تۆیش کە سەما ئەکەیت هەر ئەم جۆرە کراسە تەنکانە لەبەر ئەکەیت؟)...

بەڵێ وا ئەکەم... کاتێ کە پیاوەکان سەرخۆش ئەبن، ئەوەیان پێ خۆشە کە کراسەکە ڕابکێشن ئەمیش وا دروست کراوە هەر کە ڕاکێشرا بکرێتەوە و بکەوێتە خوارەوە!...

مەریەمیش بەسەرسوڕمانێکەوە پێی گوت: (بۆچ تۆ بەڕووتییەوە سەما ئەکەیت؟)... کەنیزە کەکەیش گوتی: (بەڵێ... بۆچ کەس تۆی بەڕووتییەوە نەدیوە؟)...

مەریەمیش گوتی: (کەس بەڕووتییەوە منی نەدیوە... تەنانەت ئەو دیمەتریۆسەیش کە کردوومی بەکچی خۆی، هێشتا بەڕووتییەوە نەیدیوم!...). کەنیزەکە کەیش بەدەنگێکی بەرزەوە گوتی: (کەواتە تۆ هێشتا بوخچەی نەکراوەیت!؟)... کەواتە بگەڕێرەوە (مەجدەل)... باشترە بۆ تۆ کە شوو بەلاوێکی جوولەکەی باش بکەیت... چونکە ئەم

جێگایە پڕیەتی لە داوێن پیسی و بەدخوویی... ڕۆیشتن چاکترە لەوەی کە خوێڕێتیی خونکار(هیرۆدوس) ببینی... تابلێیی ئەم پیاوە گۆشتنە پیس و نەگریسە... کەس لە دەستی ڕزگار نابێ!...)...

لەوکاتەدا ساز و ئاواز لێدرا (ئیتس)یش دەرگاکەی کردەوە و ڕۆیشتە دەرەوە (مەریەم) لە داخانا هاتە لەرزین، بەدڵ ئەیویست لەو جێگایە ڕا بکات کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا سەرچڵی کارێکی وای پێ کرد کە ئەو دەرگایەی کەنیزەکە کە لێی چووە دەرەوە، دووبارە بیکاتەوە کە تەماشای کرد ئەوا هۆڵێکی یەجگار گەورەی لەبەردەمدایە، ئەمەندە ڕازێنراوەتەوە دڵی پیاو کێش ئەکات سەرین و پشتی و تەخت لە سووچێکەوە دانراون لەوێدا پیاوێک دانیشتبوو، بەلایەوە وابوو خونکار (هیرۆدوس) ئەوبێ، پیاوانی گەورە گەورە لەملا و لەولایەوە دانیشتبوون، گەشترین و جوانترین جلوبەرگیان لەبەردا بوو خوان لەبەردەمی هەموویاندا دانرابوو.

وادیاربوو مەی کاری کردبوو، هەموو سەرخۆش بووبوون، تەنیا (جایوس فلاکۆس) نەبێ، لەگەڵ پیاوێکی ئێسک گراندا، کە چاوی بڕیبووە لە ئالۆش و خرۆشی ڕەگەزبازیی لە دڵی خۆیدا گوتی ڕەنگە ئەمەیش (بیلاتس) بێ لەو پەڕی هۆڵەکەیشەوە (ئیتس) خەریکی سەماکردن بوو لەسەر چەند ئاوازێک کە ساز لێ دەرەکانیان لەبەرچاو شاررابوونەوە.

کەنیزە کەکەیش خۆی وا نزیک ئەخستەوە لە میوانەکان، ئەکەوتە بەرچنگیان دەست بازیی و گەمەی لەگەڵدا ئەکردن کاتێ کە ئەیشیان ویست بیگرن، خۆی لە دەستیان ڕائەپسکاند!...

(جایوس)یش چاوی بڕیبووە سەماکەرەکە بەڵام لێی وەڕس بووبوو (مەریەم)یش گرفتاری جوانیی بووبوو کاتێ کە کەنیزەکە کە لێی نزیک بووە وە، چمکی کراسەکەی ڕاکێشا کراس کەوتە خوارەوە ئەویش بەڕووتی دەستی کرد بەسەماکردن تەنیا پارچە سیپاڵێک نەبێ کە ئەملاو ئەولای سمتی شاردبووەوە هیچی لەبەردا نەمابوو(١)

(١) لە ڕاستیدا ئەم (پارچە سیپاڵە) مامۆستا لەو بەر لاپەڕەکەوە لە ئاستیدا نووسیویە (زنار؟) و دیارە ماناکەی بۆ ساغ نەبۆتەوە، جا زنار بەو پشتێنە دەوترێ کە ناموسوڵمانەکان دەیانبەست بۆ جیاکردنەوەیان، زۆرتر لە قایش یان چەرم بووە، کە بەشلی لە کەمەردا دەبەسترا دیەنی ئافرەتی جوان دەکرد لە پێش و پاشەوە لە (المنجد)دا هاتووە: (البسه الزُنّار، شدّ الزنار علي وسطه والزنار مايشد علي الوسط).



پیاوەکان بەدەنگێکی بەرزەوە گوتیان: (ئەو سیپاڵەیەش لادە... ئەو سیپاڵەیەش لادە...!)... لە چاویاندا ئالۆش و خرۆشێکی دڕندانەی وا دیاربوو، کە ترس و لەرزی خستبووە دڵی (مەریەم)ەوە مەریەم ئەیویست خۆی دەرباز بکات!... (ئیتس)یش دەرپێکەی داکەند و خۆی نزیک خستەوە لە (جایۆس) دەستی بۆ کێشا و دەرپێکەی فڕێدایە بەردەمی بەڵام لاوەکە خۆی تێ نەگەیان!... (هیرۆدوس)یش خۆی کێش کرد و دەرپێکەی گرت بەدەستەوە و قیژاندی گوتی:

(ئیمشەو ئەم کچە بۆ منە!...)... ئیتر ئەوساکە کەنیزەکەکە کشایە دواوە بۆ ئەو جێگایەی (مەریەم)ی تیابوو، کە لە داخانا گڕی گرتبوو ئنجا بەمەریەمی گوت: (ئەزانی جایوس فلاکوس بۆچ دەرپێکەی ڕانە کێشام؟... ئەوە لەبەر ئەوە بوو کە تۆی ئەوێ!)... مەریەمیش قیژاندی گوتی: (ئەمە هەرگیز سەر ناگرێ! من هەر بۆ ئەوە هاتوومەتە ئێرە کە سەما بکەم و هیچی تر!...)... ئیتر لەو دەمەدا گوێی لە ساز و ئاوازی تیپەکەی خۆی بوو، هەندێک بەوە دڵنیا بووەوە، زاڵ بووەوە بەسەر ترس و لەرزەکەی خۆیدا ئنجا هاتە ناو هۆڵەکەوە!...

## هەڵەی یەکەم

هەر ئەوەندە سەرپۆشەکە لە لەشی (مەریەم) کەوتە خوارەوە، یەکێک لە ڕۆماییەکان دەستی کرد بەپێکەنین مەریەمیش کە ئەم پێکەنینەی گوێ لێ بوو، هەموو ئەندامەکانی لەشی گرژبوون.

چونکە قسەی کەنیزەکەکەی بیرکەوتەوە بەڵام ساز و ئاوازەکان هەست و تاسەکانی ئەویان وەردەگرتوو و کاریان تێ کردن، کاتێکی بەخۆی زانی سەماکردنەکە هەموو دڵتەنگییەکی لە بیربردەوە... بەڵام سەماکردنەکەی، سەماکردنێکی پڕ هونەر نەبوو، ئالۆش و خرۆشی کەی نەئەبزواند لە ڕاستیدا هەر لەو وێنە زیندووانەی ئەکرد کە جوانی و دڵکێش کردنیان پیشان ئەدا، لە خاکی (جەلیل)دا. هەرچی لەوێدا دانیشتبوو، سەرسام ما لە ناوازەیی و جوانیی ئەو سەماکردنە (هیرۆدس)سەری بەرز کردەوە و بەوردییەکەوە سەرنجی لە (مەریەم) ئەدا ڕاستییەکەی بۆی گەشکەداربووبوو (بیلاتس)یش چاوتێبڕینە وشکەکانی لەناودا دانەمان بەڵام (جایۆس فلاکوس) هەر چاوەڕوانی ئەوەبوو کە زوو سەماکردنەکە تەواوببێ، وەڕس بووبوو لە درێژەی پێ دانی سەماکردنەکە!... کاتێ کە سەماکردنەکە بڕایەوە، هەموولایەک دەستیان کرد بەئافەرین

کردن و چەپڵە ڕێزان مەریەمیش لە شێوەیەکی ناسک و شیرین و گەورەییەکی خانمانەدا لەبەردەم سەرداردا کڕنووشی نەوازشی کێشا سەرداریش پڕ توورەکەیەک پارەی بۆ هەڵدا وەری گرێ، مەریەم لە زرنگەی پارەکانەوە زانی کە لە هەزار دیناری زۆرتر تیایە مەریەم توورەکەکەی هەڵگرت و ڕۆیشت بۆ ئەوپەڕی هۆڵەکە، لەوێوە سەیرێکی پیاوەکانی تیپە ساز و ئاوازەکەی خۆی کرد و توورەکەکەی هەڵدا بۆ (هادجا) کە سەرکردەی تیپەکە بوو پاش ئەوە دەمودەست چوو بۆ ئەو ژوورەی کە لێوەی هاتبووە دەرەوە وەستا و سەیرێکی لەشە جوانە خڕوپڕ و نەرمو نۆڵەکەی خۆی کرد ئنجا لە ئاوێنە درێژەکەی ناو ژوورەکەوە سەیرێکی دەموچاوە ناسک و شیرینە دڵکێش کەرەکەی  خۆیشی کرد تا ئەهات لە خۆی ورد ئەبووەوە بیری بەخۆیەوە خەریک بووبوو، ئاگای لە خۆی نەبوو کە (جایۆس فلاکوس) دەرگاکەی کردەوە کاتێ کە چاوی بەو کەوت داچڵەکی بەڵام (جایۆس) دڵنیای کرد لەوەی کە هیچی لێ ناکات، ترسی نیشتەوە توورەکەیەکی تریشی پارە پێ بەخشی و دەستیشی کرد بەپیاهەڵدانی سەماکردنەکەی و کارتێ کردنی ئەو سەماکردنە لە دڵی هەمووان... پاش ئەوە ڕووی لێ نا کە بچێت لەگەڵیا و هەندێ چێشت بخوات لە جێگایەکی وا دا کە دووربێ لە خوانەکانی سەرخۆشەکانەوە... بەڵام کەردیی مەریەم هێشتا نیشانەی ترس و لەرزی پێوە دیارە، ڕووی تێ کرد و گوتی: (کچۆڵەکەی خۆم هێشتا هەر لێم ئەترسیت؟!) مەریەمیش بیانووی وا بۆ هێنایەوە، کە ئەبێ زوو بڕواتەوە بۆ ماڵێ، چونکە (دیمەتریۆس) چاوەڕوانیی ئەکات (جایۆس)یش پێی گوت: (بێگومان ئەو توورەکە پارەیە ترس و مرسی لە دڵ ئەباتە دەرەوە! بێجگە لەوە چوار یاساوڵیشت هەیە، هەموویان خاوەن هێز و بازووی خۆیانن!...) کاتێک (مەریەم) بەتەنیشت (جایۆس)ەوە ڕۆیشت بەناو ڕاڕەوە درێژەکەی ناو کۆشکەکەدا، هەستی کرد بەخۆی کە بەهەڵەدا چووە ئەمەندە لە خۆی ئەترسێ... تەنانەت خوتووکەی دڵی ئەهات و خۆشی بەلەشی ئەگەیشت، کە ئەیبینی کوڕێکی لاوی جوانی خاوەن پایە و دەسەڵاتی وەک (جایوس) لەگەڵیابێ و بەدەستی خۆی میوانداریی بکات.

کاتێکیش هەستی کرد بەباڵی (جایۆس) باوەشی پیا ئەکات و کراس و بەرگە ئاوریشمە لووسەکانیشی لە لەشی ئەکەوێ، دڵ خرۆشانی خۆی بۆ بەربەست نەکرا... کاتێکیان زانی گەیشتنە ژوورێکی یەجگار گەورە و جوان و ڕازاوە.

مەریەمیش بەسەرسامییەکەوە لێی پرسی: (ئەمەیە ژووری نوستنەکەت؟!...)... (جایوس)یش وەرامی دایەوە گوتی: (بەڵێ ئەمەیە... بەڵام پێویست ناکات لێی



بترسیت!)... جا بۆ ئەمەی نیاز پاکیی خۆی بۆ بنوێنێ دەمودەست دەستی کرد بەداگیرساندنی مۆمەکان... لە سووچێکی ژوورەکەیشەوە خوانێکی نان خواردنی بچووک ئامادەکرا بوو هەر شتێ خۆش بێ و چاک بێ بۆ خواردن لەسەری دانرابوو... لاوەکە هەر خواردن و خواردنەوەیەکی پێشکەش بەمەریەم ئەکرد، لێی وەرئەگرت بەڕاستی برسیەتی پەرێشانی کردبوو.

کاتێک (جایۆس) لەمەریەم هاتە پێشەوە و لەشی بەلەشیەوە نووساند، مەریەم تێ کۆشا خۆی لێ دووربخاتەوە بەڵام هێزێکی شارراوە لەلەشیا، پاڵی پێوە ئەنا، خۆی خاو بکاتەوە و خۆی بدات بەدەستییەوە... کاتێ کە لاوەکەیش بەدڵێکی پڕ لە خۆشەویستییەوە باوەشی پیا کرد و دەمی نا بەدەمیەوە، ماچی بکات، مەریەم ماچەکەی پێ خۆش بوو کەچی لەپڕ نەرم و شیرینی و جوانییەکەی (جایۆس) لە ئارادا نەمان و، دڕندەیەتییەکی بەگڕوکڵپەوە لە دەمو چاویا دەرکەوت!... مەریەمیش دەستی کرد بەقیژاندن و هاوار کردن و پەلاماردان تا خۆی لە دەستی ڕزگار بکات، بەڵام لە پاشدا سەری گێژبوو بڕستی بڕا دوایی تەکانی دایە خۆی، خۆی ڕزگار بکات، چونکە هەستی بەلاوەکە کرد خستۆتییە سەر باڵەکانی خۆی و هەڵیگرتووە بەڵام لەوکاتەدا سەرەتای لە هۆش خۆ چوون لێی دیاردییدا زۆری پێ نەچوو کەوتە بێ هۆشییەکی قووڵەوە!...

## ڕۆماییەکان کچە جوولەکە مارە ناکەن!

(یوسف) ئەو ئێوارەیە، درەنگ گەیشتە کۆشکەکەی سەردار بەدەم هاواری ژنەکەیەوە هاتبوو (کلۆدیابر و کیۆلا)یش کە ژنی سەرداربوو، خانمێکی ناسک و نازداربوو، جوانییەکی ناوازەی هەبوو، خوێنی شاهەنشاهەکانی ڕۆما لەناو دەمارەکانی لەشیا بوو. کەچی لەگەڵ ئەوەیشا لە دڵ ڕەقیدا لەوانی نەئەکرد بەپێچەوانەی ئەم قسەیە تابڵێی ئافرەتێکی نەرمونیان و شیرین خوو بوو جا ئەو لەو شەوەدا سکاڵای لە دەست ئێشی باڵی ئەکرد، کە ئاوسابوو، لەشیشی گەرم داهاتبوو، بەهۆی دوومەڵێکەوە کە لێی هاتبوو یوسفیش دەمودەست، هونەرمەندیی خۆی نوواند و دوومەڵەکەی بۆ هەڵدڕیی پاشان بۆی پاک کردەوە و هەندێ دەرمانیشیدا بەخانم کە ئێشەکەی بشکێ... (کلۆریا)یش پڕ توورەکەیەک پارەی زێری پێ بەخشی.

هەروەها خوانێکی پڕ خواردەمەنیی هەمە ڕەنگیشی خستە بەردەمی درەنگە شەوێک

(یوسف) لە کۆشکەکە هاتە دەرەوە بەڵام هەر ئەوەندە چەند هەنگاوێکی لێ دوور کەوتەوە، نرکە نرکێکی نەرمی هاتە بەرگوێ بەدەم دەنگەکەوە چوو کە تەماشای کرد ئەوا (هادجا)ی سەرکردەی تیپی ساز و ئاوازەکەی (مەریەم)ە فڕێ دراوەتە ناو چاڵێکەوە، لەشیشی بریندار کراوە (یوسف)یش دەمودەست، دەستی کرد بەدەرمان کردنی ئیتر هەر ئەوەندە بیستی لەو کە (مەریەم) لەو کۆشکەدا ماوەتەوە و، لەسەر ئەوەیش سەربازەکان خەنجەریان لێ داوەکە نووچی گرتبوو لەسەر ئەوەی بێ (مەریەم) نەڕواتەوە، دەمودەست (یوسف) گەڕایەوە ناو کۆشکەکە، بەبیانووی ئەوەیشەوە کە هەندێ داوودەرمانی لەوێ بەجێ ماوە، یاساوڵەکان ڕێیاندا بچێتە ژوورەوە ئەویش پێویستی بەوە نەبوو کە بیرێکی زۆر لەوە بکاتەوە، ڕاستە و ڕاست خۆی کوتا بۆ ژووری (جایۆس فلاکوس) کە تەماشای کرد لاوەکە ژوورەکەی خۆی بەجێ ئەهێڵێ، بەدزییەکەوە خۆی خستە ناو ژوورەکەوە؛ کە تەماشای کرد ئەوا (مەریەم) لە هۆش خۆی چووە و جلوبەرگەکانیشی لەبەر داکەندراوە هەر بەدیمەنیا دیاربوو کە ئەفسەرەکە ئابڕووی شکاندبوو لەگەڵ ئەوەیشدا گەلێک جێگای لەشی شین بووبووەوە کە بەڵگەبوو بۆ ئەمەی کچەکە پەلەقاژێی کردبوو، تا خۆی لە دەست ئەفسەرەکە ڕزگار بکات!... (یوسف)یش هیچ نەوەستا دەمودەست کچەکەی بەدەستەکانی خۆی هەڵگرت و بەدزییەوە گەیاندیە ئەو جێگایەی کە (هادجا) چاوەڕوانیی ئەکرد دوایی هەردووکیان لەسەر ئەوە بڕیاریان دا کە خۆیان لەو ڕێگایە لابدەن کە ئەچێ بۆ ماڵی (دیمەتریۆس)، تا کاروبار دێتەوە سەرخۆی لەبەر ئەوە کچەکەیان هەڵگرت و بردیان بۆ ماڵی (سەمعان) لە شاری (کفر ناحووم)دا کەچی (مەریەم)یش کە هەر لەسەر خۆی چووبوو، هێشتا نەهاتبووە هۆش خۆی!...

(مەریەم) لەبەرەبەیانی دواییدا هاتەوە هۆش خۆی کە تەماشای کرد وا (یوسف) بەتەنیشتیەوە دانیشتووە یوسفیش ئەوی ڕووی دابوو بۆی گێڕایەوە مەریەمیش هەر ئەوەندە کارەساتەکەی خۆی بیرکەوتەوە، لە یوسف هەڵگەڕایەوە و دەستی کرد بەگلەیی لێ کردنی کە نەیهێشتبوو بمرێ لەو جێگایەدا، کە کەتنەکەی تیادیبوو پاشان دەستی کرد بەشیوەن و گریان بۆ بەختی ڕەشی خۆی کە وای بەسەر هێنابوو دوای ئەوە لەگەشی و رووخۆشییەکەی خۆی کەوت و خوویدا بەدەست خەموخەفەت و ماتی و مۆنییەوە.

(دیمەتریۆس)یش، کە (یوسف) لەو کەینە و بەینەیەی ئاگاهدارکرد و زانیی (مەریەم) لە پێناوی چاکەدانەوەی ئەودا تووشی ئەو کەتنە هاتووە، دڵ و دەروونی پڕبوو لە خەمو



و، لە داخاندا ئەینالاند!... (دیمەتریۆس)ی خەمگین بە(یوسفی)ی گوت: (خۆزگە مەریەمت ئەخواست و مارەت ئەکرد بەڕاستی تۆ لاوێکی بێ هاوتایت ئەویش خۆشی ئەوێییت!...)... یوسفیش پێی گوت: (ڕاست ئەکەیت خۆشی ئەوێم بەڵام منی ئەوەندەی ئەسکەندەرییە خۆش ناوێ!...)... ئنجا (یوسف) چوو بەلای (کلۆریا برۆکیولا)وە لەبەر نەخۆشییەکەی سەری لێ بدات هەر ئەوەندە لە کەینەوبەینەکەی مەریەمی ئاگادار کرد و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە، خانمەکە گوتی: (پێویستە مێردەکەم تۆڵەیەکی گەورە بۆ ئەم کچە بکاتەوە پارەیەکی زۆری بداتێ، تۆ ئەیناسیت؟...)... (یوسف)یش کە خانمی تێگەیاند، ڕۆژێک لە ڕۆژان لە (مەریەم)ی خواستبوو شووی پێ بکات، خانم ئەمەندە دڵی ڕەنجا، لە داخاندا گریا گوتی: (چیت ئەوێ بۆت بکەم!...)... (یوسف)یش ئەمەی بەهەلزانی کە بەخانم بڵێ، ئەترسێ لەوەی کە (جایۆس) سەربازەکانی خۆی بنێرێ بەشوێن کچەکەدا بیدۆزنەوە، خانمیش گوتی: (ناتوانێ ئازاری ئەو کچە بدات... چونکە شاهەنشاهی ڕۆما بانگی کردۆتە لای خۆی پێویستە لە پاش چەند ڕۆژێک بچێ بۆ لای!)... کاتێ یوسف لە خانم جیابووەوە، لەناو باخچەی کۆشکەکەدا چاوی بە(جایۆس) کەوت ئەفسەرەکەیش لێی پرسی: لە بابەت (مەریەم)ەوە چی ئەزانێ؟... (یوسف)یش پێی گوت: (لە دیمەتریۆس بپرسە!)... ئەویش گوتی: (بەڵام دیمەتریۆس هیچی پێ نەگوت... من ئەمەندەم خۆش ئەوێ زۆری نەماوە بۆی شێت ببم!... تەنانەت خۆشەویستییەکەی ئەو چۆتە خوێنمەوە... تازە لە دڵم نابێتەوە).

یوسفیش گوتی: (کەواتە حەز ئەکەیت مارەی بکەیت؟!) جا لێرەدا ئەفسەرەکە هەڵی دایە، گوتی: (مارەکردن؟!... چۆن ئەبێ ڕۆماییەکی خانەدان، کچێکی جوولەکە مارە بکات نەخوازەڵا کە لە شۆڕە سوارانی شاهەنشاهیش بێ؟! تۆ خۆیشت ئەوە ئەزانیت کە یاسا ڕێی ئەوە نادات!...) (یوسف)یش بەسەر بڵندییەکەوە پێی گوت: (تەنانەت ئایینی ئێمەیش ڕێ نادات بەکچێکی جوولەکە کە شوو بەبت پەرستێک بکات، چونکە ئەوە بەوە پیس ئەبێ!...) کە ئەفسەرەکە ئەوەی لە یوسف بیست، دەستی خۆی بەرزکردەوە لێی بدات بەڵام لەو کاتەدا (کلۆدیا)یان دی بەرەو باخچەکە ئەهات لەبەر ئەوە دەستی لێ نەوەشاند ئنجا دووبارە (جایۆس)، پێش ئەمەی خانم بگاتە ئەوێ لێی پرسییەوە: (ئێستایش هەر لەسەر قسەی خۆتیت کە هیچ شتێک لە بابەت ئەم کچەوە نازانیت؟!) (یوسف)یش بەدەنگێکی بەرزەوە پێی گوت: (من هەر ئەوەندە ئەزانم کە دیمەتریۆس لە شێوەیەکی یاساییدا کردوێتی بەکچی خۆی جا لەبەر ئەوەیش کە ئەو

هاونیشتمانێکی ڕۆماییە، لە توانایدا هەیە کە لە شاهەنشاه خۆی، داوای پاراستنی ئەو کچە بکات!...)... ئەم هەڕەشەکردنە، کاری لە دڵی ئەفسەرەکە کرد ئەویش لێی ڕاپەڕیی، گوتی: (بۆچ تۆیش خۆت بەهاونیشتمانێکی ڕۆمایی دائەنێیت؟!)... ئنجا کە یوسف پێی گوت: نەء... ئەفسەرەکە بەتەوسێکەوە پێی گوت: (کەواتە ئەگەر لەمەو دوا گفتوگۆت لەگەڵ یەکێکدا کرد، کە لە خۆت گەورەتر بێ، زمانی خۆت بگرە، نەوەک ئافرەتێکی وات دەس نەکەوێ کە بتپارێزێ ئەوەی گوتو بەچاوێکی پڕ مەبەسەوە، سەیرێکی (کلۆدیا)ی کرد!...

## (مەریەم) هەر لەبەر تۆڵە سەندنەوە ژیا!

ڕۆژێکیان یوسف گەڕایەوە نەخۆشخانەکەی خۆی، کە تەماشای کرد (مەریەم)، بێ هۆش کەوتووە بەسەر زەویدا ئاگای لە خۆی نەماوە!... لە دواییدا بۆی دەرکەوت، کە مەریەم هەندێک لەو دەرمانە سڕکەرەی خواردبووەوە، کە بۆ کەینەوبەینەی نەشتەرکاریی هەڵیگرتبوو بەومەبەسەیش خواردبوویەوە کە ئەو زۆڵەی، بەهۆی کەتنەکەی (جایۆس)ەوە لەناو سکیا پەیدا بووبوو، فڕێی بدات (یوسف)یش دەمودەست، دەستی کرد بەدەرمان کردنی، مناڵەکەی پێ فڕێدا.

(مەریەم)یش کە ڕزگاری بوو لە دەست مردن، سەرسوڕمانی پێ ئەویست لاوەکە دەست بەجێ زۆڵەکەی لەناو باخچەکەدا ناشت هیچ شوێنێکی ئەو کارەساتەیشی نەهێشتەوە، هەمووی لابرد کەچی کە کچەکە لەبەرەبەیاندا هاتەوە هۆش خۆی و خەبەری بووەوە گلەیی لێ کرد، کە ڕزگاری کردبوو لە دەست مردن چونکە بەهیوابوو بوو بمرێت بەڵام یوسف لەوە دڵنیای کرد، کە نەیهێشتووە کەس بەو سەر شۆڕییەی بزانێ، تەنانەت دایکی خۆیشی!... پێش ئەمەی ئێوارێ بەسەر دابێ، هەندێ لەش خۆشیی پێ گەیشتبوو، یوسف بەکچەکەی گوت پێوەیە بچێ بۆ (ئورشەلیم)، ئەیەوێ لە پزیشکایەتیدا تاقی بکرێتەوە سوێندیشیدا کە تا ئەگەڕێتەوە، خەریکی خۆکوشتن نەبێ هەمووی هەفتەیەکیشی پێ ئەچێ، ئەگەڕێتەوە لای کچەکەیش لە چاویەوە دیاربوو کە بڕیارێکی پڕ بەدڵی دابوو لە دڵی خۆیدا، گوتی: (من جارێکی تر خەریکی خۆکوشتن نابم چونکە ئامانجێکم بۆ خۆم داناوە کە لەپێناوی ئەوەدا ئەژیم!...)... لاوەکەیش دڵی دەستی کرد بەلێدان وایزانی ئاواتەکەی خەریکە دێتەدیی بەڵام قسەکانی دوایی کچەکە، هەموو هیوایەکی لە دڵ دەرکرد چونکە مەریەم گوتی: (لەبەردەم خودادا سوێند



ئەخۆم کە نەسرەوم تا (جایۆس فلاکوس) ئەکوژم و تۆڵەی خۆمی لێ ئەکەمەوە!)... (یوسف) هەرچەندی کرد کچەکەی بۆ پەیشمان نەکرایەوە (بەزەیی) پیا ئەهاتەوە کە بەوخەباتەی لە ناوبچێ تەنانەت تا ئەهات شێرگیرتر ئەبوو لەسەر قسەکەی خۆی... سروشتی مەریەم بەجارێک گۆڕرا... گیانێکی خراپ چووە ناو لەشیەوە... ئەو پاڵی پێوە ئەنا بۆ بەدکاریی... جۆرە گیانێنی پشم و قین چووە لەشیەوە و سرەوتی لێ بارکرد... ئیتر ئامانجی نەما لە ژیاندا ئەوە نەبێ کە ئەو پیاوە بکوژێ، کە ئابڕووی بردووە!...

(یوسف) لە تاقی کردنەوەکەیدا بەباشی سەرکەوت بەهۆی دەسەڵاتی ئاپۆیشیەوە کە بازرگانێکی دەوڵەمەند بوو توانی ببێ بەپزیشکی پەیکەرگای گەورە لە ئورشەلیمدا ئنجا کە لەوە دڵنیابوو، کە دەرگای گەورەیی لێ کرایەوە، گەڕایەوە (مەجدەل)، هەر بەو هیوایەی کە (مەریەم) بخاتە سەر ئەوەی شووی پێ بکات بەڵام لەناکاو پێیان گوت کە (مەریەم) و (دیمەتریۆس) و هاوڕێکانیان، هەموویان کۆچیان کردوە بۆ ئەسکەندەرییە!... (یوسف) سەری سوڕما لەم کارە لە دڵی خۆیدا ئەیگوت: ئەبێ لە کوێ پارەیان دەست کەوتبێ بۆ ئەم کۆچ کردنە؟... خۆ ئەو دوو توورەکە پارەیەی دەست (مەریەم) کەوت، هەر لەوشەوە نەگریسەدا کە ئەو کارەساتانەی تیا قەوما، لەناوچوون و دزران کەچی کە سەرنجیدا هەر پارەیەکی هەبووبوو و لەناو نەخۆشخانەکەی خۆیدا دایانابوو، کچە خۆشەویستەکەی خۆی دزیبووی و بردبووی لەگەڵ خۆیدا!... بەڕاستی ئەم کەتنە بۆ یوسف لە هەموو کەتنەکانی تر گرانتر بوو!... چونکە ئەو وای ڕانە ئەپەرموو لە مەریەم کە چاکەی وا بداتەوە!... یاخود کەتنی وای، بۆ هیچ کەسێک لە دەست بوەشێتەوە!...

## ٢

## مەریەمی مەجدەلی لە ئەسکەندەرییەدا!...

(یوسف) بۆی نەکرا بچێت بۆ ئەسکەندەرییە، تا پێنج ساڵی تر لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەیشدا ناوبانگ و سامانێکی باشی دەسکەوتبوو ئەو نەک هەر لە (خاکی جوولەکەکاندا)، یاخود لە شاری (جەلیل)دا، تەنانەت لەناو خاکی (سورییە)یشدا ناوی دەرکردبوو جا ئەم سەرکەوتنە (یوسفی)ی لە ئاواتەکەی پێشووی وەرگێڕابووە کە بچێتە ئەسکەندەرییە و پسپۆڕیی خۆی لە پزیشکایەتیدا، لەوێ، تەواو بکات بەڵام لەناکاو پیاوێکی دەوڵەمەند لە ئەسکەندەرییەوە هاتە لای و، پڕ توورەکەیەکیش پارەی

زێڕی دایە دەستی پارەکە هێندەی ئەو پارەیە بوو کە لەکاتی خۆیدا لە سنوقی پارە کۆکردنەوەکەی دزرابوو بێجگە لەوە مزی یاساییشی خرابووە سەر کە هەروەک بەدەستیا و لێیان وەرگرتبێ و بۆیان ناردبێتەوە وابوو دیارە ئەویش هەستی بەوە کرد کە پارەکە لە (مەریەم)ەوە بۆی نێراوە کەچی پیاوە دەوڵەمەندەکە، نەیتوانی تەواو شارەزای کەینەوبەینە و کاروباری کچەکەی بکات لەبەر ئەوە (یوسف) کەوتەوە سەر فاکوفیکی ئەوەی کە جارێکی تریش (مەریەم) ببینێتەوە و، بۆ ئەمەی شوویشی پێ بکات خەبات بکاتەوە!...

کاتێ کە لەسەر پشتی ئەو کەشتییە بوو کە ئەیبردن بۆ شاری ئەسکەندەرییە چاوی بەپزیشکێکی هیندیی کەوت، ئەویش هەر ئەچوو بۆ ئەوێ، بۆ خوێندنی پزیشکایەتی، جا لەو پزیشکە هیندییەوە فێری ئەوەبوو، کە لە جیاتی ئەوەی بێ هۆش داروو(۱) بەکاربهێنێ لە کاتی نەشتەرکارییدا، نوواندنی مۆگناتیسی بەکاربهێنێ!...

ئەمەیش شێوەیەکی چاک کردنەوە بوو، لە هیندستاندا، هەزار ساڵ ئەبوو بەکار هێنرابوو میسریش لە زۆر کۆنەوە ئەم شێوەیەی بەکار ئەهێنا.

(یوسف) لە کەشیشێکی (ئورشەلیم)ەوە نامەیەکی هێنا بۆ سەرۆکی هەموو کەشیشەکانی ئەسکەندەرییە، هەروەها لە (کلۆدیا)یشەوە نامەیەکی هێنا بۆ (جوستوس) کە سەرداری ئەسکەندەرییە بوو بەڵام وای پێ باشتر بوو کە یارمەتییان لێ داوا نەکات، تا ناچار ئەبێ بەوە.

کەشتییەکە لە ئەسکەندەرییە نزیک بووەوە منارە گەورەکەی ئەسکەندەرییەی بۆ دەرکەوت، کە بەیەکێک لە بابەتە هەرە سەیرەکانی جیهان ئەژمێررێ پاش ئەوە کۆشکی خونکار و پەرستگای (ئیزیس)ی لێ دەرکەوت بەندەرەکەیش پڕبووبوو لە کەشتی بەهی جەنگی و بازرگانییەوە... چونکە ئەو سەردەمە شاری ئەسکەندەرییە بووبووە بنکەیەکی بازرگانی و گرنگترین ئیستگە بۆ گەیشتن بەهەموو لایەکی خاکەکانی شاهەنشاهێتیی ڕۆماوە... هەموو جۆرە کەسێکیشی تیا کۆبوبووەوە، لە هەموو ئایین و ڕەگەزێک... بەڵام ئەوەی (یوسف) سەری زۆرتر پێی سوڕئەما ئەوەبوو کە ئافرەتانی ئەسکەندەرییەی بەو جۆرە چاوپێ ئەکەوت... هەرچی ئافرەتەکانی نیشتمانەکەی خۆی بوون، شەرمیان هەبوو، خۆیان دائەپۆشی، هەر لەناو ماڵەکەی خۆیاندا ئەمانەوە... کەچی ئافرەتەکانی شاری

---

(۱)داروو: دەرمان



ئەسکەندەرییە، تێکەڵ بەپیاوان ئەبوون، خۆیان ئەڕازاندەوە، سووراو و سپیاویان ئەکرد، جلوبەرگی جوانیان لەبەر ئەکرد، خۆیان ئەنوواند، بەسەر بەستییشەوە ڕایان ئەبوارد!...

کاتێ کە لە کەشتییەکە دابەزین، خۆی و پزیشکە هیندییەکە (بانا جیقاکا) وایان بەباش زانی، کە بەپێ بچنە میوانخانەکە تا بەبینینی ناو شارەکە دڵی خۆیان خۆش بکەن کە یوسف ئەو شارە گەورەیەی هاتە پێش چاو و زانی کە ژمارە سەری دانیشتووەکانی خۆی لە نیو ملیۆن کەس ئەدات، دەمودەست ئەوە هاتە مێشکیەوە کە دۆزینەوەی (مەریەم)، بۆ ئەو زۆر ستەمە دڵیشی زۆرتر ڕەنجا، کە بۆ ڕۆژی دوایی، هەر چەند گەڕا بەشوێن کارگێڕی تەماشاگای ئەسکەندەرییەدا بۆی نە دۆزرایەوە، کە بەوەیشی زانی ئەو جێی لاسایی کردنەوەیە، ڕۆژێک لە ڕۆژان (مەریەمی مەجدەلی)ی بەخۆیەوە نەدیوە!... لەبەر ئەوە ناچاربوو پەنا بەرێت بۆ سەرۆکی کەشیشە جوولەکەکان... نامەکەی کەشیشی (ئورشەلیم)ی پێشکەش کرد... ئەو پیاوەیش میوانداریەکی باشی (یوسف)ی کرد بەڵام هەرچەندی کرد نەیتوانی جێگا و ڕێگای مەریەمی بۆ بدۆزێتەوە بەڵام ئامۆژگاریی کرد کە لە گەڕەکی چینە نزمەکاندا، لە (ئەلیوسز)دا بگەڕێ بەدوایدا... جا لەو کاتەدا کە یوسف ئەچوو بۆ ئەو گەڕەکە، پیاوێکی ئامۆژگاریی کاری دیی، وتاری ئەدا لەناو کۆمەڵەیەک کەساندا، بانگی ئەکردن بۆ پەشیمان بوونەوە لە کردەوەی خراپی خۆیان، موژدەیشی ئەدانێ کە (مەسیح) پێغەمبەر بەم زووانە دەرئەکەوێ هەروەها پیاوێکیشی چاو پێ کەوت ناوی (شالوم ماتات) بوو، هەر کە دیی لە یوسفی پرسی: (تۆ پزیشکەکەی ئورشەلیم نیت؟... من جارێک لە مەو پێش تۆم دیوە ڕەنگە تۆ نەم ناسیتەوە!...)... (یوسف)یش زۆر بەپەرۆشەوە بوو کە دۆستێکی بۆ پەیدا ببێ لەبەر ئەوە سوپاسی خوای بەجێ هێنا کە ئەم دۆستەی بۆ ڕەخساند کە لە گەڕەکی (ئەلیوسز)دا بازرگانی ئەکات یوسف لەگەڵ ئەو پیاوەدا ڕۆیشت تا گەیشتنە دوکانەکەی لەوێ لە بابەت (مەریەمی مەجدەلی)یەوە پرسی لێ کرد بەڵام پیاوەکە پێی گوت: (ئەو کچانەی کە لەم تەماشاگایەدا یاری ئەکەن، کەسی وایان تیا نییە کە ئەم ناوەی پێوە بێ... بەهەموو ڕەنگ من وا بانگت ئەکەم کە لە هەفتەی داهاتوودا بێ یت لەگەڵما بۆ ئەو بەزمگایە تا گەورەترین کچی سەماکەری شاهەنشاهێتیی ڕۆمات پیشان بدەم، کە ناوی «فلامن»ە !)...

لە پاش چەند ڕۆژێک (ماتات)ی بازرگان بەندەیەکی نارد بەشوێن (یوسف)دا کە

بێتەلای کاتێ کە یوسف چووەلای، بازرگانە جوولەکەکە بردیە جێگایەک هەر وەک کونێک وا بوو ئەمەندە شێی تەڕیی هەبوو، لەبەر بۆنەکەی پیاو هەناسەی سوار ئەبوو بەناو ئەو کونەدا (یوسف)ی بردە ژوورەوە کە گەیشتنە بەر دەرگاکە دوو جاری لێدا پاش ئەوە دووجاری تریشی لێ دایەوە کونێکی پچووک کرایەوە پیاوێک لەو کونەوە سەیرێکی کرد زۆری پێ نەچوو دەرگاکەی کردەوە و دەستی کرد بەسەر زەنشت کردنی (ماتات) و توانجی تێ ئەگرت پێی گوت: (ئێمە خۆمان بخەینە تەنگو چەڵەمەوە و تۆ پارەت دەست کەوێ!...)... بازرگانەکەیش پێی گوت: (من ئەگەر بابەتی دزێتییەکەی ئێوە نەفرۆشم، چیتان پێ ئەکرێ؟...)...

کە یوسف هاتە ژوورەوە کۆمەڵێکی دیی لە ملاولەولای ئاگردانێکەوە دانیشتبوون، کە مەنجەڵێکی بەسەرەوە دانرابوو! لە ژوورێکی تریشدا پیاوێکی پیری نەخۆشی دیی، ڕاکشاوو کچێکی ڕووشیرینیش بەتەنشتیەوە دانیشتبوو، ناوی (ئەلبینا) بوو هەر ئەوەندە کچەکە زانی (یوسف) پزیشکە بەرە و پیریی چوو و بەدەمیەوە پێ کەنی و خۆش هاتنی لێ کرد لە ژوورەکەدا یەکێک قیژاندی گوتی: (ئەوە جوولەکەیەکی پڕ فڕوفێڵە، پشتی پێ نا بەسترێ!...)... نەخۆشەکەیش بە(یوسف)ی گوت: (تکا ئەکەم لە کوڕەکەم ببوورە، کوڕێکی سەر چەوتە!...)... (یوسف) بۆی دەرکەوت کە پیاوە پیرەکە نەخۆشیی سنگی هەیە لە ناوەوە سوور بۆتەوە پێویستە نەشتەرکارییەکی دەمودەستیی تیا بکرێ، تا هەر ئاوێک لەناو سییەکەدا کۆبۆتەوە فڕێ بدرێتە دەرەوە، کوڕەکە بەرەنگاریی کرد بەڵام پیاوە پیرەکە نووچی گرت لەسەر ئەوەی کە پزیشکەکە هەرچی یەک بەباش ئەزانێت بیکات (یوسف)یش شارەزایانە، لە شێوەیەکی هونەرمەندانەدا نەشتەرکارییەکەی تەواو کرد و سەری هەمووڵایەکی هێنایە سەر سوڕمان کچەکەیش کە سەماکەرێک بوو لەو سەما کەرانەی کە لە بەزمگای ئەسکەندەرییەدا یاریی ئەکرد، یارمەتیی (یوسف)ی ئەدا یوسف، پارەی لێ وەر نەگرتن، لە ڕووی ڕێزگرتنی (ماتات)ی هاوڕێیەوە بەڵام پیرەکە لە کۆڵی نەبووەوە تا دەنکەمرواریییەکی بەنرخی پێشکەش کرد یوسفیش ناچاربوو لێی وەرگرت هەستیشی بەخۆی ئەکرد، کە کوڕەکەی پیاوە پیرەکە بەچاوێکی پڕ لە دوژمنایەتییەوە سەیری ئەکات زۆری پێ نەچوو، بۆی دەرکەوت کە کوڕەکە لە دزە کل لە چاو فڕێنەکانی شاری ئەسکەندەرییەیە!...



## مەریەم لەسەر تەختی بەزمگای ئەسکەندەرییە یاری ئەکرد!

هەرچەندە (یوسف) نەیتوانی (مەریەم) بدۆزێتەوە، بەڵام لە خوێندن و کارکردنەکەیدا لەبەر دەستی مامۆستاکانی پزیشکایەتیدا، کەڵکێکی زۆری وەرگرت. (ماتات)یش بەڵێنی خۆی بەجێ هێنا یوسفی لەگەڵ خۆیدا برد بۆ بەزمگای ئەسکەندەرییە پزیشکە لاوەکە سەری سوڕما لەوەی کە ئەو بەزمگایە بەو هەموو گەورە و فراوانییەوە کە هەیبوو، بەشی سەیرکەرانی نەئەکرد.

لە ڕاستیدا (فلامن)ی سەماکەر، لەلایەن کۆمەڵانی نەتەوە وە ئەپەرسترا، ئەمەندە خۆشیان ئەویست!... (ماتات) بە(یوسف)ی هاوڕێی گوت: هەرچەندە (مەریەم) لە کچانی بەزمگاهە کە بەداوێن پیسی بەناوبانگن ، بەڵام هێشتا کچە و بوخچەی نەکراوەیشە هەرچەند پیاوان خۆیانی تێ هەڵ ئەسوون، ئەو هەر دووریان ئەخاتەوە لە خۆی کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا ئەوان هەر خەریکی ئەوەن دڵی کێش بکەن و پارەی پێشکەش بکەن!... (یوسف)یش گوتی: (کە مەریەم دەست بەڕوویانەوە بنێ، چۆن ئەوان لێی دێنە پێشەوە؟...)... پیاوەکەیش پێکەنی و گوتی: (تۆیش کە پزیشکێکی، وای هەڵ ئەگرت کە لە سروشتی مرۆڤایەتی شارەزابیی... تا ئافرەت دەست بەڕووی پیاوەوە بنێ ئەو زۆرتر لێی دێتە پێشەوە کەچی کە ئافرەتەکە خۆی بدا بەدەستیەوە، ئەو زوو لێی وەڕس ئەبێ!... سا ئایا (فلامن) داوێن پیس بێ یان بەکچی مابێتەوە، لە ڕاستیدا کچێکی جوان و شەنگ و شۆخە سروشتێکی ساردیشی هەیە... ئەو هەر ئەوەندە بەتەنگ پیاوانەوەیە، کە پارەی پێشکەش بکەن!...) یەک لەدوای یەک، سەماکردنەکان دەستیان پێکرد.

پاش تاوێک (ماتات) گوتی: (وا فلامنیش خەریکە بێتە دەرەوە، سەما بکات)... یوسفیش لە خۆی پرسی: (ئەبێ ئەم ئافرەتە چی بکات تا ئەوەندە سەیر کەران گرفتاری بێن؟... دوور نییە بۆیەکا لە کچەکانی هاوڕێی خۆشەویستتر بێ، کە بەشە جوانەکانی لەشی خۆی باشتر دەربخات!)... بازرگانەکەیش گوتی: (بەپێچەوانەی ئەوە، تێکڕا هیچ بەشێکی لەشی خۆی دەرناخات کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا، کە شەرمی هەیە بەخۆی و خۆی ئەپۆشێ، ئەمەندە سەماکردنەکەی جوان و ناوازەیە، دڵی هەمووان کێش ئەکات!...)... ئیتر هەر ئەو تاوەبوو، لە پڕ پەردەیان هەڵدایەوە و، چاو ئەندازی باخچەیەکی ڕەنگین دەرکەوت پاش ئەوە لەناو گوڵەکانەوە ئافرەتێک خۆی دەرخست، ئەمەندە جوان بوو هەر

ئەتگوت فریشتەی بەهەشتە!... کراسێکی سپیی پاک و بێ گەردی لەبەر کردبوو، کە لە ناوەڕاستا هاتبووەوە یەک و لە ئاستی کەمەری و تەنشت مەمکەکانیەوە بەپەتی زیوین بەسترابوو قژێکی زێڕینیشی بەسەرەوە بوو، چەند گەوهەرێکی پێوە ئەچریسکایەوە... تارێکیشی گرتبوو بەدەستەوە... لەناو چراکانی ناو بەزمگاکەدا، ئەویش وەک چرایەک هەڵگیرسابوو، پرشنگی ئەدا!... دەستی بزواند و تارەکەی لێ دا، دەستیشی کرد بەخوێندنەوەی هۆنراوەیەکی دڵداریی... (یوسف) داماو و بێدەنگ بوو دڵیشی دەستی کرد بەلێدان چونکە دەنگەکەی ناسییەوە، کەلەوە پێش پێوەی ڕاهاتبوو.

ئەمە هەر ئەو دەنگە بوو کە لە یەکێک لە شەقامەکانی (تەبەریە)دا گوێی لێ بووبوو!... کچەکە (مەریەم) خۆی بوو زۆرتر پێگەیشتبوو، شەنگو شۆخی و جوانییەکەی زۆرتر گەشەیان کردبوو بەرووی پیاوێکەوە پێکەنی، کە یەکێک بوو لە پیاوە گەورەکانی فەرمانداریی لەو شارەدا پیاوەکە ناوی (بلۆتینۆس بوو) پاش ئەوە بۆ سەیر کەرەکان خۆی چەماندە وە، بەناوی ڕێزگرتنیانەوە.

کە ئەوانیش بەچەپڵەڕێزان ئەو کۆشکەیان هێنابووە لەرزین (ماتات)یش لە یوسفی پرسی گوتی: (کچەکە ناوازەنیە؟) یوسفیش گوتی: (بەڵێ، ناوازەیە بەڕاستی ناوازەتریشە لەوەی کە پێنج ساڵ لەمەو پێش دیومە!)...

(ماتات)یش لەپڕ گوتی: (پێنج ساڵ؟!. مەبەست ئەوەیە کە...؟) یوسفیش گوتی: (ئەم کچەی کە لەناو ئەسکەندەرییەدا بەناوی (فلامن)ەوە بەناوبانگە، هەر ئەو کچەیە کە من بەدوایدا ئەگەڕێم، هەر (مەریەم) خۆیەتی وا دەرئەکەوێ ناوی خۆی بۆیەکا گۆڕیوە تا نەیناسنەوە کە جوولەکەیە!...) (ماتات)یش گوتی: (ئەمەیش لە ژیرییەتی کەوای کردوە لە ڕاستیدا، جوولەکەکانی ئێمە خۆشەویست نین تەنانەت لە ئەسکەندەرییەیشدا خۆشیان ناوێین کە لە هەموو ڕەگەزەکانی تر زۆرترین بێجگە لەوە ئەگەر بشزانن جوولەکەیە، هیچ ڕۆماییەک مارەی ناکات!...)...

کاتێ کە سەیر کەرەکان بێدەنگ بوونەوە، ساز و ئاوازەکان جارێکی تر دەنگیان بەرز بووەوە ئاوازەکانیان خۆش بوون، مرۆڤی ئەبزواند مەریەمیش دەستی کرد بەلەنجەو لار کردنێکی وەها کە ئارەزووی هەموو کەسێکی ئەبزواند!... (یوسف) کە ئاووڕی دایەوە تەماشای کرد (بلۆتینۆس) بەچاوێکی وا سەیری بزووتنەوە نەرمو نۆڵەکانی لەشی (مەریەم) ئەکات کە ئاڵۆش و خرۆشیان تیا دیارە و ئارەزووی پێگەیشتنی ئەکات ئنجا



لەوەوە تێ گەیشت کە کابرا هێشتا بەکامی خۆی نەگەیشتووە و (مەریەم)یشی بەدەست نەگرتووە!...

یوسف لە دڵی خۆیدا بەدۆزینەوەی ئەم ڕاستییە خۆشیی پێ گەیشت کاتێ کە سەماکردنەکەی مەریەم تەواوبوو و کچەکە بەزمگاکەی بەجێ هێشت، یوسف ئارەزووی خۆی دەربڕیی کە بچێ و چاوی پێی بکەوێ. (ماتات)یش لەگەڵیا ڕۆیشت بۆ ژووری (فلامن) کە لە پشت جێگای دانیشتنەکانەوە بوو بەڵام سەربازێک ڕێی پێ گرتن، گوتی (بلۆتینۆس) فەرمانی داوە نابێ کەس (مەریەم) ببینێ[١] (یوسف)یش ویستی دەمە قاڵێی لەگەڵدا بکات کەچی لەپڕ دەنگێکی گڕ لەپشتیەوە هات و گوتی: (گوێت لێ نەبوو چیی پێ گوتیت، جوولەکە؟!...)... یوسف خەریک بوو لەسەر قسەی خۆی بڕوات کابراکەیش، کە هەر (بلۆتینۆس) خۆی بوو گوتی: (فلامن دۆستایەتی لەگەڵ هیچ جوولەکەیەک دا ناکات!...)... ئنجا یوسف گوتی: ( ئێمە هەردووکمان لە مێژەوە دۆستی یەکترین من لە شاری جەلیلەوە ئەیناسم) ڕۆماییە خاوەن دەسەڵاتەکەیش بەسەریا قیژاند، گوتی: (بەس چەنەبدە، جوولەکەی سەگ!... فلامن بەخۆتەوە گڵاو مەکە... چونکە ئەو هەرگیز نیشتمانە پیسەکەی تۆی نەدیوە!...)...

جا پێش ئەمەی یوسف ئاوڕ لە خۆی بداتەوە، ئاسنێکی قورسیان کوتا بەسەریا، پێستی سەریان پارچە پارچە کرد دەمودەست لە هۆش خۆی چوو کەوت بەدەما!... کاتێ کە یوسف هاتەوە هۆش خۆی، خۆی لەناو ژوورێکدا دیی، کە پڕبووبوو لە بۆنی خۆش بەکەلوپەلەکانی ناویا دیاربوو کەجێگای نوستنی ئافرەتێک بوو ڕاستییەکەیشی ئافرەتێک لەوێ دابوو، وای زانی (فلامن)ە کەچی لە پاشدا بۆی دەرکەوت (ئەلبینا) دەرچوو کچەکەیش ئامۆژگاریی کرد، بۆ ئەوە تێ نەکۆشێ کە (فلامن) ببینێ تەوە لە بەزمگادا.

چونکە ئەو ڕۆماییە یەجگار بەچنگ و کەللە ڕەقە پاشان پێی گوت: (منیش ئەوە ئەزانم کە مەریەم نیوە جوولەکەیە هەر لەوساوە کە هاتۆتە ئەسکەندەرییە بەوەم زانیوە یەکەم سەماکەری ئێرە من بووم ئەویشم خستە تیپەکەی خۆمەوە. کەچی پێش من کەوت لە سەماکرندا!...)

(یوسف)یش دەستی کرد بەگفتگۆکردن لە گەڵیا و قسەی لێ دەرئەهێنا، پێی گوت:

---

(١) نووسەر توشی غەفڵەتگیرییەک بووە، ئەگینا (مەریەم) لێرە ناوی (فلامن)ە و پاسەوانەکەش هەر بەم ناوە دەیناسێ.

(کەواتە ئەبێ تۆ مەریەمت خۆش نەوێ!...) کچەکەیش بەگەرمێکەوە گوتی: (ئەبێ کێ هەبێ بتوانێ (فلامن)ی خۆش نەوێ؟... چونکە خواکان کردەوە و هونەرمەندیی ناوازەیان پێ بەخشیوە!... مەگەر لەوە قینم لێی هەڵسێ کە کچێکی بێ دڵە!... ئافرەت بۆ ئەوە دروست کراوە کە پیاو لە باخەڵیان ماندوێتیی بحەسێتەوە و ئەرک و ئازاری فرمانی ڕۆژانەی خۆی لەبیر بچێتەوە... کەچی ئەم ئافرەتە هەرئەوە ئەزانێ کە ئالۆشی پیاوان بهێنێتە جۆش بێ ئەمەی ئەو ئالۆشەیان دامرکێنێتەوە تەنانەت ئەو ئەمە بۆیەکا ئەکات کە پوول و پارەیان بەدەستەوە نەهێڵێ!...) (یوسف)یش بەدڵێکی گەرمەوە گوتی: (کەواتە ئەو بەڕاستی خۆی نادات بەدەست ئەوانەوە کە گرفتاری جوانی بوون؟!.)... کە (ئەلبینا) سەرنجی دا دەموچاوی یوسف تێک چوو، بەزەیی پیاهاتەوە و پێی گوت: «کەواتە تۆیش حەزی لێ ئەکەیت؟!...)... (یوسف)یش گوتی: (لە پێنج ساڵ لەمەو پێشەوە دڵم پێیدا چووە بەڵام نەک وەک سەماکەرێک تەنیا لەبەر ئەوەی کە کچێکی پچکۆڵەی داوێن پاک بوو!)... (ئەلبینا)یش باوەڕیی بەوە نەئەکرد کە (فلامن) ڕۆژێک لەڕۆژان کچێکی بەسەزمانی داوێن پاک بوبێ (یوسف)یش بەتەواوەتی ئەوەی بۆ دەرخست کە (فلامن) هەر لەبەر ئەوە یاریی بەهۆشی پیاوان ئەکات کە تۆڵەی ئابڕووی خۆی بکاتەوە، کە بەهۆی زۆرداریی سەربازێکی ڕۆماییەوە لە دەستی چوو!... (ئەلبینا)یش بەدڵێکی گەرمەوە پێی گوت: (ئێستا تێ گەیتم کە فلامن بۆچ ڕقی لە هەموو ڕۆماییەک ئەبێتەوە... کەچی تۆ لەگەڵ ئەم کەتنەیشا کە بەسەریا هاتووە، هەر خۆشت ئەوێ!؟)... (یوسف)یش لە (تەورات)ەوە ئەمەی گێڕایەوە کە: (دۆست خۆشەویستیی نابڕێتەوە برایش بۆ ئەوە لە دایک بووە کە لە تەنگانەدا دەستی برای خۆی بگرێ!.)...

کچەکەیش برین پێچەکەی بۆ چاک کردەوە و پێی گوت: (من جوولەکەی زۆرم نەناسیوە لە ژیانی خۆمدا بەڵام هەر ئەوەندەم لە دەست دێ کە بڵێم وادیارە تۆ پیاوێکی بێ هاوتایت، یوسف ئەمەیش بۆ من ئاسان نییە کە بڵێم (فلامن) لەگەڵ تۆیشدا هەروەها ئەجووڵێتەوە، کە لەگەڵ پیاوانی تردا ئەجووڵێتەوە بەڵام من بەوە کامەران ئەبم کە شووت پێ بکەم و مناڵانت بۆ بەرهەم بهێنم، هەروەها باری سەر شانیشت سووک بکەم!... ئەمە ڕاستە کە منیش سەماکەرێکم بەڵام هەروەک کەسانی تر ئەڵێن، من داوێن پیس نیم تەنانەت سوێندیشت بۆ ئەخۆم کە هەرگیز لە ژیانی خۆمدا داوێن پیسیم نەکردوە!...)...



ئەوەندە هەبوو (یوسف)، دڵی خۆی بەدەست خۆیەوە نەبوو!... جا لەبەر ئەوە کچەکە جێگای (فلامن)ی بۆ دەرخست، کە لەسەر کەناری گۆمی (مەریوت)ە، ئنجا گوتی: (ئەوەندە هەیە دەرگای خانووەکەی (فلامن) دوو سەربازی یاساوڵی بەسەرەوە دانراوە (بلۆتینۆس)یش فەرمانی واداوە. کەواتە وا چاکە بەدزییەوە لەناو گۆمەکەوە خۆت بهاوێژیتە ناو باخچەی ماڵەکەوە ئەویش ئەبێ لە دەرگایەکی پشت خانوەکەوە بچیتە ناوی!...)...

## ماچێک لە تاریکیدا!

لە پاش نیوەڕۆیەکی ڕۆژانی زستاندا یوسف خۆی گەیاندە خانووی (مەریەم) ئەویش کاتێک بوو کە بەتەواوەتی چاک بووبووەوە ئەو کۆشکانەیش کە لە ملاو لەولای کەناری گۆمی (مەریوت)دا پەخشان بووبوون، لە کۆشکە هەرە گەورە و ناوازەکانی شارەکە بوون... (یوسف) لە دەرگای پشت کۆشکەکەوە، بەدزییەوە خۆی کرد بەماڵەکەدا بەناو درەختەکاندا دەستی کرد بەڕۆیشتن لەناکاو هەستی کرد بەدوو دەست ئاڵان لەملیەوە دەنگێکی ناسراو و پێ ڕاهاتوویشی گوێ لێ بوو گوتی: (کێ تۆی گەیاندە ئەم جێگایە کە هەر کەسێ هاتبێتە ناوی، سەری تیاچووە؟!...) خاوەنی ئەو دەست و دەنگە (هادجا)ی سەرکردەی تیپی ساز و ئاوازەکەی (مەریەم) بوو!...

کابرای ساز لێ دەر، دەستی کرد بەگێڕانەوەی بەسەرهاتی مەریەم، کە چۆن ئەوەندەی لە دەستی هاتبێ تۆڵەی لە ڕۆماییەکان کردۆتەوە و، پوول و پارەیشی بەدەستەوە نەهێشتوون ئنجا لەگەڵ خۆیدا بردیە لای تیپەکەی (دیمەتریۆس) کە تەماشای کرد یۆنانییە قەڵەوەکە پەردەیەک بەسەر چاوەکانیا هاتووە بەڵام بەهاتنی یوسف گەلێک شادمان بوو هەرئەوەندە بیستی کە لاوەکە (بلۆتینۆس) ئازاری داوە، بەگەرمییەکەوە گوتی: (من گەلێک لەو پیاوە ئەترسم کە ئازاری (فلامن)بدات هەروەها لە (مەریەم)یش گەلێک ئەترسم کە هەستی تۆڵەکردنەوە کەتنی خراپی پێ بکات!... من هەرچەندە لە ڕووی خۆرشت و خواردنەوەوە کەموکووڕیم نییە، بەڵام وا هەست ئەکەم کە ڕۆژانی کامەرانی بەسەرچوون هێشتا خۆزگە بەژیانی (مەجدەل) ئەخوازم !)... (یوسف)یش لە چاوەکانی (دیمەتریۆس) وردبووەوە کە تەماشای کرد هیوایەک هەیە بۆ چاک کردنەوەیان کە ببینن بەڵام ئەوەیش پێویستیی بەنەشتەرکاریی هەیە لەوکاتەیشا مەریەم هات کراسێکی لەبەردابوو، جوانییەکانی لەشی دەرخستبوو کە چاوی بەیوسف

کەوت خۆشی و چلۆنیی لەگەڵ کرد پاش ئەوە باوەشی کرد بەکابرای پیرەمێرد دا و لە خۆشیاندا دەستی کرد بەگریان کە یوسف چاوەکانی چاک ئەکاتەوە... کە چوونە ناو باخچەکە، یوسف کەینەو بەینەکەی خۆی و بلوتینوسی بۆ گێڕایەوە دەستیشی کرد بەگلەیی کردن لە مەریەم کە ڕەگەزی خۆی گۆڕیوە ئەویش گوتی: (من هەر ئەوەندەم کردووە کە ڕازی جوولەکەیی خۆم بشارمەوە!)... پاش ئەوە دەستی کرد بەپاکانەکردن بۆ کردەوەکەی خۆی ئەوەی پیشاندا کە ڕۆماییەکان چەند قینیان لە جوولەکە ئەبێتەوە هەروەها دەرگای سەرکەوتنیشیان لە ڕوویدا دا ئەخست، ئەگەر بیان زانیایە جوولەکەیە!... دوایی لە یوسفی پرسی: هۆی هاتنی چییە بۆ ئەسکەندەرییە؟... ئەویش گوتی: (من خۆشەویستیی تۆ هێناومی بۆ ئێرە ویستیشم بزانم ئایا تۆ لەسەر خۆشەویستییەکەی خۆت ماویتەوە؟)

کەچی مەریەم وای پێ گوت: (بۆ تۆ وا چاکترە کە منت خۆش نەوێ... چونکە خۆشەویستیی من بۆ تۆ ئەبێتە سەرگەردانی... بگەڕێرەوە بۆ ئورشەلیم... هەروەها ئەوەیش لەبیر خۆت ببەرەوە کە کچێکت ناسیوە و ناوی مەریەمی مەجدەلی بووە!.) (یوسف)یش لەناو تاریکیی باخچەکەدا دەستی مەریەمی گرت و ڕووی وەرگێڕایە لای خۆی، ئنجا پێی گوت: (ئەگەر تۆ سوێندم بۆ بخۆیت کە خۆشت ناوێم، هەر ئێستاکە ئەگەڕێمەوە جێی خۆم!...)... مەریەمیش سەری خستەسەر سنگی یوسف و دەستی کرد بەگریان!... ئنجا یوسف مەریەمی گوشی بەخۆیەوە لێوی لەسەر لێوی داناو ماچێکی تەواوی کرد کە زۆری پێچوو... ئنجا پێی گوتەوە: (کچی چاکبە لەگەڵما وەرەوە بۆ ئورشەلیم، ئەتکەم بەژنی خۆم!...)... مەریەمیش گوتی: (پێم ناکرێ وەک ژنێک لەگەڵتا بێمەوە چونکە هەتا دڵم پڕبێ لە پشم و قین بەرامبەر جایۆس فلاکوس و سوێندی خۆم نەبەمەسەر کە بەدەستی خۆم بیکوژم، هەڵناگرم خۆشەویستی لەگەڵ تۆدا بکەم!... لە ڕاستیدا ئەمەندە ڕقم لەم پیاوەیە و لە هەموو ڕۆماییەکیشە، لێم بووە بەنەخۆشی، جا هەتا نەیکوژم لەم نەخۆشییەم چاک نابمەوە!...)... یوسف تێگەیشت کە مەریەم هەر لەسەر پێ ڕەویی خۆی ئەڕوات بەڕێوە دۆستایەتییە کەیشی لەگەڵ (بلۆتینۆس)دا هەر بۆ ئەوەیە، کە ئەو بکات بەهۆیەک و دەستی بگاتە دوژمنەکەی خۆی، تۆڵەی لێ بکاتەوە تەنانەت هەر وایش ڕوویدا بلۆتینۆس، بەهۆی ئەو هێز و دەسەڵاتەوە کەهەیبوو، توانی بەشاهەنشا فەرمانێک دەربکات کە (جایۆس فلاکۆس) بۆ ئەسکەندەرییە بنێررێ. یوسف هەرچەندی کرد (مەریەم)ی بۆ پاشگەز نەکرایەوە لەوەی



کە تۆڵە لە دوژمنەکەی خۆی بکاتەوە و بیکوژێ چونکە پشم و قین دڵی بەجارێک داگیرکردبوو!...

یوسف بەهۆی پزیشکە هیندییەکەی دۆستی خۆیەوە، (جیفاکا)، توانی ڕووناکی ببەخشێتەوە بەچاوەکانی (دیمەتریۆس)، مەریەمیش، ئەوەندەی نەمابوو کە لە خۆشیاندا شێت ببێ دەستی کرد بەدەست لە مل کردنی یوسف و ماچ کردنی لاوەکە، بۆ جارێکی تریش توانی لەناو باخچەکەدا بیبینێتەوە تاریکە شەو بوو هەر هەردووکیان بوون بەتەنیا مەبەسی ئەوەبوو جارێکی تریش لەگەڵیا خەریک ببێتەوە بەڵکو واز لە تۆڵە سەندنەوەی خۆی بهێنێ دەستی کرد بەگفتوگۆ لەگەڵ کردنی پێی گوت (ئامۆژگارییەکانی پێغەمبەرەکانی نەتەوەکەمانت لە بیر چۆتەوە؟... لەگەڵ خۆتا خەریک بە پشم و قین لە دڵی خۆت دەربهێنی... چونکە کوشتنی جایۆس فلاکوس و لە ناوبردنی ڕۆماییەکان، بەناوی تۆڵەی ئەوەوە کە خۆشیان ویستویت و ئارەزووی لنگ بازییان لەگەڵدا کردویت، وەک خۆت ئەیهێنیتە بەرچاوی خۆت، وا دەرناچێ کە کامەرانی و ئارامی دڵت پێ ببەخشن... چونکە خۆشیی دڵ و ئارامی گیان لە هیچ ڕێگایەکەوە دەست ناکەون لە ڕێگای چاوپۆشینەوە نەبێ... کەواتە چاو لە گوناهی جایۆس فلاکوس بپۆشە... ئەوەیشت لەبیرنەچێ کە شاهەنشا ئەوی خۆش ئەوێ بێجگە لەوە خوشکەزای (بیلاتس)یشە... تۆیش ناتوانیت ڕۆماییەکی وا ناسراو بکوژیت و بەزیندوێتی بمێنیتەوە بەسەر جیهانەوە!...)... مەریەمیش پێی گوت: (تەنانەت ئەگەر یاسایش ڕێم بدات ئەوە بکەم، هەر وای لێ دێ؟) ئەویش لێی پرسی: (چ یاسایەک هەیە ڕێت بدات کوشتن بکەیت؟) مەریەمیش گوتی: (ئاینیی جوولەکە ئەڵێ: (ئەگەر یەکێک کچێکی دیی لە کێڵگەیەکدا، کە دەزگیرانی پیاوێک بێ و، بەزۆر ئابڕووی برابێ، ئەوکەسەی ئەو بەدکارییەی لەگەڵ کردووە سزاکەی کوشتنە!)... یاسایش ئەڵێ ژیانی پیاوە زۆردارەکە ئەچێتە ژیر چنگی ئەو کەسەوە کە ئەو کچە دەزگیرانیەتی جا لەبەر ئەمەی کە تۆگیانی جایۆس فلاکوست لە بەرنەبڕیی، من ئەوەم خستە سەر ئەستۆی خۆم کە گیانی ئەو دەربکێشم!)... (یوسف)یش خەریک بوو دەمەقاڵێی لەگەڵ بکات ئنجا (مەریەم) بەتووڕەییەکەوە قیژاندی گوتی: (چونکە ئەو ڕۆمایی بوو، نەت وێرا بیکوژیت... بەڵام من دەربەستی ئەوە نایەم!...)... مەریەم بەتووڕەبوونەکەی جوانتری لێ هات.

ناوازەتر دەرئەکەوت (یوسف)یش بیری لەوە ئەکردەوە کە ڕێگایەک بدۆزێتەوە، (جایۆس) لەو کوشتنە ڕزگار بکات، هەروەها (مەریەم)یش لە لێ پرسینەوەی ئەو

کوشتنە ڕزگار بکات بەڵام ئەو کاتێک ئەوەی بۆ ئەکرا، کە بزانێ (مەریەم) چۆن و لە چ ڕێگەیەکیشەوە کوشتنەکەی (جایۆس) جێبەجێ ئەکات ئەوەندە هەبوو، (مەریەم) هیچ ڕازێکی بۆ ئەو دەرنەخست... ئەو هەر ئەوەندەی بەیوسف گوت: (کە شاری ئەسکەندەرییە، لە کاتێکی دیاردیی کراودا ئاگای لە تۆڵە کردنەوەکەم ئەبێ. جایۆس گوێزراوەتەوە بۆ ئەسکەندەرییە لە پاش چەند هەفتەیەکیش ئەگاتە ئێرە... لێرەیش ئەبێتە سەرکردەی هەموو لەشکرە ڕۆماییەکان!)...

## ئەو مامۆستایەی کە مۆژدەی بەزەیی پیا هاتنەوە و چاوپۆشین ئەدات!

ئێوارەیەکیان یوسف لەگەڵ دیمەتریۆس دا چوو بۆ بەزمگاکە، لاوەکە، کە مەریەمی دیی، سەمایەکی وا ناوازە ئەکات کە هەرگیز لەوە پێش نەی دیوە، بەجارێک گەشکەداربوو... یوسف ئاگای لە تیلاییەکانی چاوی مەریەم بوو، کە ڕوو بۆ کوێوە ئەکات کە تەماشای کرد ڕووی کردۆتە شانەشینی سەرداری شارەکە یوسف کە چاوی هەڵبڕیی و (جایۆس فلاکوس)ی دیی، بەهەموو جوانی و شەنگ و شۆخییەکەیەوە، دڵی دا خورپا!... لە پاش تەواو بوونی سەماکردنەکە، دەمودەست یوسف و پیاوە پیرەکە ڕوویان کردە ژووری کچەکە پیاوە پیرەکە باوەشی بەمەریەمدا کرد و بەگەرمییەکەوە پێی گوت: (بەڕاستی یارییەکەت جوان ڕاپەڕاند سەمایەکی ناوازەت کرد هونەرت تیانوواند ئیتر هیچ کچێک نەمایەوە کە لە توو باشتر سەما بکات... کە لە سەماکردندا پەنجە لە پەنجەت بدات... هەرچی ئاواتت بوو هاتە دیی!...)...

مەریەمیش گوتی: (وانییە... هێشتا هەموو ئاواتێکم نەهاتۆتە دیی... بەڵام بەم زووانە بەهەموو ئاواتێکم ئەگەم!...)...

ئنجا پەردەی دەرگای ژوورەکە لادرا (جایۆس فلاکوس)یش هاتە ژوورەوە دەستی کرد بەخۆپێ ناسینی خۆی بە(مەریەم) و پیا هەڵدانی ئنجا لە مەریم وردبووەوە و گوتی: (تۆبڵێیی تۆ ئەو کچە بیت کە لە (تەبەریە)دا دیم سەمای ئەکرد هەرگیز بڕوا ناکەم جوانی و شەنگ و شۆخییەکەت گەشەیان کردووە ئێستاکە دڵ زۆرتر کێش ئەکەیت کەواتە سەر سوڕمانی پێ ناوێ کە ئەڵێن هەموو پیاوانی ئەسکەندەرییە خۆیان هاویشتۆتە بەر پێت!)... هەروەها (یوسف) و (دیمەتریۆس)یشی ناسییەوە... مەریەمیش لێی پرسی: (ئەی تۆ چۆن ئەبیت؟) (جایۆس)یش بەزەردەخەنەیەکەوە دەستی ماچ کرد و گوتی: (بێگومان منیش وەک ئەوانم لێ دێ!...)...



ئیتر لەو ساکەوە (دیمەتریۆس) لەشی تێک چوو نەخۆشییی سک باکردنی تووش بوو، لەگەڵ نەخۆشییی تەووژمی خوێندا.

نەخۆشییەکانی بەتەواوەتی کزیان کردبوو، ڕۆژێک لە ڕۆژان یوسف چووە لای تەماشای نەخۆییەکانی بکات. پیاوە پیرەکەیش وای پێ خۆش بوو، کە بیهێڵێتەوە لای خۆی و نووچ گرتنی (مەریەم)ی بۆ بگێڕێتەوە لەسەر ئەوەی کە تۆڵەی خۆی لە (جایۆس فلاکوس) ئەکاتەوە پیاوە پیرەکە گوتی: (مەریەم بەهیچ کلۆجێک واز لەم بڕیارەی خۆی ناهێنێ... جا لەبەر ئەوە هیچم لە تۆ ناوێ ئەوە نەبێ، کە لە پاش کوشتنەکە، مەریەم دەرباز بکەیت لەگەڵ خۆتدا بۆ جێگایەکی دوور، تا لە دەست مردن ڕزگاری بکەیت لەگەڵ خۆتدا بیبەرەوە بۆ (ئورشەلیم)، یاخود بیبە بۆ (هیندستان) یاخود بۆ هەر شارێکی تر کە خۆت ئەتەوێ هەرچی منم، مەرگم لێ نزیک بۆتەوە زۆرم نەماوە بژیم... منیش هەر بەئاواتی ئەوە وەم کە مەریەم ببینم لە پەنای پیاوێکی باش دایە و لە پاش مردنی من خەمی ئەخوات!... بەڵام، تۆ ئێستاکە بڕیاری هیچ مەدە... جارێ لە پێشدا بیری لێ بکەرەوە دووریش بیری لێ بکەرەوە!...)... (یوسف)یش کەوتە پەژارەوە، هەر ئەوەی لە خۆی ئەپرسی: (ئایا ئەمەندە مەریەمی بەڕاستی خۆش ئەوێ، کە هەڵ بگرێ لە پێناوی ئەودا واز لە بیروباوەڕەکانی خۆی بهێنێ و، لەم کەتنەدا یارمەتیی بدات؟!... ئایا خۆشەویستییەکەی مەریەم ئەوە ئەهێنێ کە لە پێناوی ئەودا، نیشتمان و سامان و ناوبانگەکەی خۆی بخاتە ژێر پێوە و بیفڕێنێ بۆ جێگایەکی دوور لە خاکی شاهەنشاهێتیی ڕۆما؟... ئەی ئەگەر ئەمەی لە پێناوی مەریەمدا نەکرد چی ڕوو ئەدات؟... بۆچ بێ مەریەم ژیان نرخی هەیە؟... ئەوەندە هەیە ئایینی جوولەکە ڕێی ئەوەی داوە بەدەزگیرانی کچە ئابڕوو براوەکە، کە تۆڵەی خۆی لە ئابڕوو بەرەکە بکاتەوە.

یوسف لەگەڵ سەرۆکی کەشیشە جوولەکەکاندا، لە ئەسکەندەرییەدا، گفتوگۆی لەسەر ئەمەکرد: پێی گوت: (بەڵام من لەبەر هەر هۆیەک بێ، ماوە نادەم بەخۆم کە هیچ مرۆڤێک بکوژم!...)... سەرکەشیشەکەیش پێی گوت: (قسەت دروستە بەهەڵەدا نەچویت ڕاست ئەکەیت تۆیش هەروەک لەسەر قسەی ئەو مامۆستایە بڕۆیت بەڕێوە وایە، کە لە دانیشتووانی (ناسیرە)یەو پێی ئەڵێن: (یەسوع) و ئێستاکەیش لە شارەکانی ناوچەی (جەلیل)دا مۆژدە بڵاو ئەکاتەوە.

چونکە ئەم مامۆستایە هانەی نەتەوە نادات بچن بەگژ (ڕۆما)دا ئەو هەر ئەوەیان فێر

ئەکـات کـە بەرگـەی ئازار بگرن، کـە خـۆیـان ڕابگرن، کـە خـۆشـەویسـتی و بەزەیی پیاهاتنەوە و چاو پۆشی بنوێنن!... ئەم مـامـۆسـتـای (ناسـیـرە)یە، بەتەمـەن پچـووکـە، کەسیش نازانێ کە ئەم هەمـوو ژیریی و تێگەیشتنە لە کوێوە فێربووە!... (ئەشعـیا)ی پێغەمبەر لە کاتی خۆیدا پێش بینیی نواندوو، کە پیاوێک پەیدا ئەبێ، ئەمەندە گیانی سووک ئەبێ، ئەمـەندە لێ بوردە ئەبێ، خـۆی لە پێناوی گوناهباراندا بەخت ئەکـات و لەبەر ئەوانیش هەموو ئەرک و ئازارێک ئەچێژێ!)...

## تۆڵە کردنەوەیەکی سامناک... بەڵام...!

نەخـۆشـیـیـەکـانی (دیمەتریۆس) کـاریـان لێ کـرد دوایی کـاتی مردن هـات ئامۆژگـاریی یوسفی کرد کە ئاگای لە مەریەم بێ و چاودێریی بکات... لە پاش تۆڵەسەندنەوەکەیشی، دەمودەست مارەی بکات!... مەریەمیش لەداخاندا دەستی کرد بەگریان ئەوەی ئەهێنایە پێش چاوی خۆی کە یوسف بەهۆی ئەوەوە چەند تووشی دەردی سەریی دێت.

(دیمەتریۆس)یش بێدەنگ و سەنگ بۆ خۆی چاوی لێک ناو مرد!... زستـان بەسەردا ڕابرد لە بڕانەوەی مـانگی نەورۆز (مـارت)دا شـاری ئەسکەندەرییـە خـۆی ئامـادەکـرد بۆ ئاهەنگی جەژنی (دیونیـسـیـا) ئەمـەیش جەژنی (دیۆنیس)ی خـوا بوو، کـە بەلای زۆر ئاینەوە بەگەورە و پیرۆز دائەنـرا جا لەبەر ئەوە جەژنەکە بووبووە هۆی ئەوەی کە گەلێک ئاهەنگی نەتەوەیی تیـا بکرێ کـە سێ شـەوو سێ ڕۆژی پێ ئەچوو لەو مـاوەیەیشـدا، هەمـوو کەسـێک ڕێی بەخۆی ئەدا کـە بەئارەزووی خـۆی سـەرخـۆش بێ و مێ بازی یش بکات!... جـا لە شەوی دوایی جەژنەکـەدا، لەناو پیـاوانـدا یەکـێکـیـان هەڵ ئەبژارد، کـە ببێتە نوێنەری (دیۆنیس) لەناو ئافرەتانیشدا یەکێکیان هەڵ ئەبژارد، کە ببێتە نوێنەری (ئەفـرۆدیت) ژن و مـێـردییـەکی سـەر زاری یان لە ناوەند هەردووکـیـانـدا پێک ئەهێنا پاشان ژنەکە خۆی وا ئەنواند کە مێردەکەی خۆی بکوژێ مێردەکە ئەمرد بەڵام زۆری پێ نەچوو زیندوو ئەبووەوە ئەمـەیش ئەوەی پیشـان ئەدا کە تۆو، کە بنچینـەی ژیانە، پاش ئەمـەی لەناو زەویدا نێژرا، دووبـارە ژیانی تیا پـەیدا ئەبێتـەوە و سەردەر ئەکـاتەوە، تا پێ بگاو بەربدات!...

ئـنجـا (فـلامن)یـان هەڵبـژارد کـە کـاری (ئەفـرۆدیت)[1] پیـشـان بدات... کـاری (دیۆنیس)یش خرایە ئەستۆی (جایۆس فلاکوس) کە ئەو بینوێنێ!... ئیتر ئەو کاتە بۆ

(١) خواوەندی جوانی و خۆشەویستی لەلای گریکەکانی.



(یوسف) دەرکەوت، کە (مەریەم) چ ڕێ و شوێنێکی داناوە بۆ تۆڵەسەندنەوەی خۆی لە (جایۆس فلاکوس). تەنانەت، یوسف، پەیی بەوەیش برد کە ئەفسەرە ڕۆماییەکە، هەر بەپەنجەی (مەریەم) بۆ ئەوکارە هەڵبژێرراوە!... جا لە دوورەوە (یوسف) و (جیفاکا)ی پزیشکە هیندییەکە و (ماتات) وەستابوون، تەماشای ئەو دیمەنەیان ئەکرد... هەرچی هونەرێکی ئەسکەندەرییە هەبوو لە پێک هێنانی ئەو ئاهەنگەدا بەکارهێنرابوو کاتێ کە ژن و مێردەکە چوونە ناو ئەوپێخەفەوە کە لەسەر تەختی بەزمگاکە بۆیان ئامادە کرابوو، سەیرکەرەکان بەپەرۆشەوە سەیری بزووتنەوەکانی هەردووکیان ئەکردن کە لەو دیو پەردە تەنکەکـانەوە دیاربوون!... (یوسف) پڕ بەدڵ ئەیویست بقـیـژێنێ و (جایوس فـلاکـوس) ئاگـادار بکات لە خـۆی کـە نە کـوژرێ... بەڵام... هاواری ئەو لەناو ئەو هەمـوو دەنگە دەنگەدا چۆن ئەگەیشـتـە بەرگوێی (جایۆس فلاکوس)؟ ژن و مـێردەکە چوونە باخـەڵی یەکـتـر و دەسـتـیـان لە ملی یەکـتـریش کـرد... کە سـەرنج درا ئەو هەمـوو دەنگە دەنگە نیشـتـەوە. هەرچی لەوێ دابوو دەنگی لە خۆی بڕیی، هەناسەیشی نەئەهات کەچی لە پڕ هاوارێک لە (دیۆنیس)ەوە هەسـتـا... نەتەوەکە وشک بوو[1] هێشتا بەناوازەیی لاسایی کردنەوەکەوە بەگەشکەدارییەوە مابووەوە بەڵام کە دییان (فلامن) خەریکە خۆی دەرباز بکات، هۆشـیـان هاتەوە سـەرخـۆیان، وریا بوونەوە پەردەی ئەو خـەوانەی کـە لاسـایی کـردنەوەکە هێنابووی بەسـەر چاویاندا، لاچوو... کـە تەمـاشـایـان کـرد ئەوا خـەنجـەرێکی ڕاسـتـەقـینـە لە سنگی (جـایـۆس) چەقـیـوە!... هەروەها خـوێنێکی ڕاسـتـەقـینـەیش لە سنگیەوە دێتە دەرێ!...

(یوسف)یش خۆی گـەیانـدە ئەو جـێگایەی کـە مـەریەم خۆی بۆ کـوتا، خـۆی تیـا پەنا بدات کـە تەمـاشـای کـرد ئەوا بەخـەنجـەرێکی تریش لە خـۆی ئەدا بـەڵام زوو بەزوو بۆی دەرکەوت کە برینەکەی قـووڵ نەبوو هەرچەندیشی کرد مـەریەمی بۆ نەخرایە سەر ئەوەی کە خۆی دەرباز بکات، ئەو هەر لەسەر ئەوە نووچی گرتبوو کە خۆی بکوژێ بەڵام باش بوو (جیفاکا) کەوت بەفریایا، دەمودەست بەهۆی نواندنی موگناتیسییەوە چاو بەستی کرد و وازی هێنا لە کوشتنی خۆی[2] هەر لەوکاتەیشدا (جایۆس) دەرمان کرا ئەوەیش

(١) ڕاستتر: خەڵکەکە وشک بوو.

(٢) ئەمە جێگای سەرنج و تێ ڕامانە، چونکە ئەو جۆرە نواندنە پێویستی بەهێنانەکایەی باردۆخێکی تایبـەتیـەوەیە کـە لەو حـاڵەتە پڕ لە تەنگژە و شـپـرزەییـەی ئەو سـاتەوەختـەی نووسـەر خولقـاندویە نایەتەدی، وەیان زۆر زەحمەتە بێتەدی... ئەمە خاڵێکی هەرە لاوازە بەم بەرهەمەوە.

دەرکەوت کە (مەریەم) لە تاو شپرزەیی خۆی نەیتوانیبوو خەنجەرەکە بەتەواوەتی بەسنگیان بکات بەڵام (بلۆتینۆس) یەجگار بەم کارەساتە تێک چووبوو خۆی و (جایۆس) بەیاساوڵەکانیانەوە، دەستیان کرد بەگەڕان بەدوای (مەریەم)دا کە تەماشایان کرد، ئەوا کەوتووە بەسەر زەویدا، برینداره، نووزەی تیانەماوە، نابزوێتەوە نوواندنی پەزیشکەکە کاری لێ کرد بوو (یوسف)یش هیچ لەوە کۆی نەکردەوە کە بەئاشکرا بە(بلۆتینۆس) بڵێ: کچەکە بۆیەکا وای کرد کە تۆڵەی خۆی بکاتەوە لە (جایۆس) کە لەوە پێش ئابڕووی بردبوو.

بەڵام (بلۆتینۆس) قیژاندی گوتی: (بەڵام ئاییینی جوولەکە ئێمەی ڕۆمایی ناگرێتەوە... ئێمە ئەو بەپیاوکوژ دائەنێین!...)...

پاشان فەرمانیدا بەسەربازەکانی خۆی کە لەناو گۆڕستانی تاوانباراندا بینێژن!...

## مەریەم لەبەرچاو نەتەوەی ئەسکەندەرییەدا بەڕووتی سەما ئەکات

هەر ئەوشەوە، مەریەم، لەناو گۆڕستانی تاوانباراندا نێژرا پاش ئەوە سەربازێکی چەکداریشی بەسەرەوە دانرا گۆڕەکەی بپارێزێ (یوسف و جیفاکا و هادجا) تا ماوەیەکی تەواو لە نزیک گۆڕستانەکەوە مانەوە هەر بیریان لەوە ئەکردەوە کە ڕێگایەک بدۆزنەوە و لاشەکەی (مەریەم) داگیر بکەن.[١]

ئەوەندە هەبوو، زۆر بەو پەژارەیەوە نەمان چونکە هەر ئەوەندە تاریکە شەوەکە پەرەی سەند و سەرماکە زۆربوو، یوسف لەسەربازەکە نزیک بووەوە و بیری خستەوە کە لەناو شاردا چراخان هەیە و بەزموڕەزمو مەی و مێ بازییە... تکاشی لێ کرد کە ڕێی بدات ئەو شەوگارە بەشیوەن و گریان بباتە سەر لەسەر گۆڕی دەزگیرانەکەی خۆی هەندێ پارەی زێڕیشی دایە کە پێی ڕاببوێرێ بۆ خۆی!... بەم ڕەنگە بەهەرسێکیان لاشەکەی (مەریەم)یان دزیی و بردیان بۆ ماڵی (ئەلبینا) کە لەوێ بەولاوە جێگای تریان نەدۆزییەوە ئەم ماڵەیش، لە ڕاستیدا، ماڵی باوکی ئەو کچە بوو، کە ناوی (ئەخیلاس) بوو... کابرا، ئەو پیاوە پیرە دزەبوو، کە (یوسف) لەسەرەتای هاتنیا بۆ ئەسکەندەرییە چاکی کردەوە لە نەخۆشییەکەی ئیتر لەوێدا (یوسف و جیفاکا)، هەر دووکیان پێکەوە یارمەتیی یەکتریاندا، لە وریا کردنەوەی (مەریەم)دا، لەو خەوەی کە بەهۆی پزیشکە هیندییەکەوە لێی کەوتبوو هەروەها برینەکەی سنگیشیان دەرمان کرد کە مەریەم خۆی

(١) ڕاستتر: لاشەکەی مەریەمیان دەستکەوێتەوە، دەستگیرکەنەوە، یان دەری بهێننەوە.



خەنجەری لێ دابوو کە مەریەم ئاوڕی دایەوە بەم لاو بەو لای خۆیدا تەماشای کرد کامەرانی بەدەموچاوی هەر چوار پیاوەکەوە دیارە: یوسف و جیفاکا و هادجا و ئەخیلاس... بەڵام ڕوویەکی تری چاو پێ کەوت کە پشم و قینی لێ ئەتکا و خەریک بوو کامەرانیی چوار کەسەکە و هەمووان تێک بدات... ئەوەیش ڕووی (ماثینو) بوو کە کوڕی خاوەن ماڵەکە بوو ئەمیش هەر ئەو لاوە بوو، کە هەر لە یەکەم چاوپێ کەوتنیەوە دوژمنایەتیی خۆی بەرامبەر یوسف نواند... هۆی ئەو دوژمنایەتییەیشی ئەوە بوو، کە یوسف (ئەخیلاس)ی لە دەست مردن ڕزگار کرد، کە بەهۆی ئەوەوە ئەو هەڵەی لە دەست چوو کە ببێ بەسەر داری ئەو کۆمەڵە دزانەی کە (ماتات) کەلوپەلە دزراوەکانی دەستی ئەوانی ئەفرۆشتەوە!... زۆری پێ نەچوو (یوسف)، (هادجا)ی نارد بۆ لای (ماتات)، کە ئەو پارەیەی لە لای دانابوو بۆی بنێرێتەوە هەروەها ڕوویشی لێ نا لە ماڵی (مەریەم)دا هەر جلوبەرگو گەوهەرێک هەیە کۆی بکاتەوە، ئنجا کەشتییەکیش بەکرێ بگرێ کە پێی دەرباز ببن بەڵام (هادجا) لە پاش چەند کاتێک بەخەمبارییەوە گەڕایەوە چونکە بۆی دەرکەوتبوو کە (بلۆتینۆس) ئەمەی بەهەل زانیبوو کە (مەریەم) دەست درێژیی کردبوو بۆ سەر (جایۆس)، بەبیانووی ئەوەوە دەستی کردبوو بەئازاردانی هەموو جوولەکەکان، نەتەوەیشی لێ هان دابوون چونکە لەبەرئەمەی دەستیاوی جوولەکە سوو خۆرەکانی یەجگار بەسەرەوەبوو، لەناو بردنی ئەوانە ئەبوو بەهۆی ڕزگار بوونی خۆی لەو دەستیاوانە!...

جا لەو کاتەدا کە ئەوان بیریان لەوە ئەکردەوە کە چۆن خۆیان ڕزگار بکەن، (ماتات) گەیشتە لایان (ئەلبینا)یشی لەگەڵدا بوو هەردووکیان دەستیان کرد بەگێڕانەوەی هوروژمی ڕۆماییەکان بۆ سەر جوولەکەکانی ناو شارەکە کە چۆن هانەی نەتەوەیان لێ ئەدەن و ماڵەکانیان کاول ئەکەن و دوکانەکانیان ئەشکێنن و تاڵانیشیان ئەکەن و هەرچی کردەوەی نەنگ و بەپەنگیشە ئەوە ئەکەن!...

بەڵام مەترسییەکە سەخت تری لێ هات، کە ئەوانە بیریان کەوتەوە (ماثینو) بۆیەکا بەدزییەوە چۆتە دەرەوە، تا کەینە و بەینەی (مەریەم) لە ڕۆماییەکان بگەیێنێ، کە (مەریەم) هێشتا زیندووە و نەمردووە!... (یوسف)یش وای هاتە پێش چاو، کە ڕزگار کردنی (مەریەم) و جوولەکەکانی ئەسکەندەرییە، تەنیا لەسەر دەستی خۆیدا پێک دێ نوستنی کچەکەی بەهەل زانی و ئامۆژگاریی هاوڕێکانی خۆی کرد کە ئاگایان لێی بێ ئنجا خۆی دەرباز کرد بچێتە دەرەوە (ئەلبینا)یش بەدڵێکی گەرمەوە لێی پاڕایەوە،

گوتی: (یوسف! نەکەیت برۆیتە دەرەوە لە دەستیان دەر ناچیت ئەتکوژن چونکە نەتەوە ورووژاوە هەر جوولەکەیەکی دەست کەوێ پارچە پارچەی ئەکات!...) بەڵام (یوسف) گوێی نەدایە تەنگوچەڵەمە، بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە بەزمگاکە، کە لەوێدا ڕۆمایییەکان سەرۆکی پیاوە ئایینیەکانی جوولەکەکان و پیاوە گەورەکانی ئەوانیان کۆکردبووەوە، بۆ ئەمەی ئازاریان بدەن!...

(یوسف)یش کەس نەبوو یارمەتیی بدات، دەروونی نەبێ و خوا ناسییەکەی!... لە کانگای دەروونی (یوسف)دا، دەنگێک بەچرپە پێی ئەگوت: (برۆ، مەترسە من لە گەڵتام... بێ باک بە، من خوای گەورەی تۆم... پشتت ئەگرم و هێزت ئەدەمێ ، بەدەستی ڕاستیشم ئەتگرم!)... ئەم فەرموودانە هی خوابوون کە لەسەر زمانی (ئەشعیاء) پێغەمبەر گوترابوون... کە تەماشای کرد بەزمگاکە پڕبووبوو لە کۆمەڵانی نەتەوە هەموویان سەریان گەرم بووبوو. ورووژابوون گڕیان سەندبوو لە هەمولایەکەوە ئەم قسەیەیان دووبارە ئەکردەوە و دەنگی ئەدایەوە لەناو هۆڵی بەزمگاکەدا: (مەرگ بۆ جوولەکە!) لەناو ئەو کۆمەڵە چڕ و پڕەیشدا کە لەبەر دەمیا بوو دەنگێک بەرزبووەوە گوتی: (بمبەن بۆ لای بلۆتینۆس لە بابەت فلامنەوە قسەم پێیە!.) زوو بەزوو گەیاندرایە سەر جێگایەکی بەرز لەبەر سنگی[1] بەزمگاکەدا، کە سەرۆکی پیاوە ئاینییەکانی جوولەکە و پیاوە گەورەکانیان لە پێش دەم (بلۆتینۆس)دا وەستابوون (بلۆتینۆس)یش ئاگری بەر ئەدایە هەست و تاسەی کۆمەڵانی نەتەوە، کە لەوێدا کۆبووبوونەوە ئنجا (بلۆتینۆس) قیژاندی بەسەر گەورەی جوولەکەکاندا، کە یاساوڵە ڕۆمایییەکان تێروپڕ لێیان ئەدا، پێی گوت: (دەی پێ لە گوناهەکانی خۆت بنێ!) گەورەی جوولەکەکانیش هاتە پێشەوە و پێی گوت: (ئایا دادپەروەریی ڕۆمایی، لەناو ئەسکەندەرییەدا هەڵگیراوە؟...) (بلۆتینۆس)یش بەپشتی دەستی خۆی ماڵیی بەسەرۆکی جوولەکەکاندا ئنجا دەستی کرد بەبەدناوکردنی هەموو جوولەکەکان، کە ئەوان (فلامن) یان فڕاندوە... پیاوە ئایینییەکەیش گوتی: (کە فلامن پیاو کوژبێ، کوژراوەکە کێیە؟... ئەمەیە کوژراوەکە؟)... ئەوەی گوت و پەنجەی کێشا بۆ (جایۆس) کە بەتەنشت ڕۆماییە ورووژاوەکەوە دانیشتبوو!... نەتەوەیش دەستی کرد بەپێکەنین... دووبارە پیاوە ئاینییەکە پێی گوتەوە: (بۆچ ڕاستی لەنەتەوە ئەشاریتەوە؟... بڵێ من لە جوولەکەکان

(١) لەبەردەم، لە پێش؛ ئەمە ئاوابووە: (علی مکان مرتفع فی صدر المسرح).



چەند کۆمەڵە پارەیەکی گەورەم وەرگرتووە، کە بەدەستیاو لێم سەندون هەموویانم بۆ مێبازیی و شێتو وێتی و جەربەزەیی[1] و گەڕوگێچەڵ بەخت کردووە تۆیش بۆیەکا ئەتەوێ جوولەکەکان لەناو ببەیت تا لەو دەستیاوانە خۆت ڕزگار بکەیت!...) (بلۆتینۆس) تەکانی دایە خۆی کە لە پیاوە ئایینییە پیرەکە بدات، بەڵام (یوسف) خۆی گەیاندە ناوە ڕاستیانەوە، نەیهێشت لێی بدات ئنجا قیژاندی گوتی: (هەرمنم کە لە شاردنەوەی فلامن، هەڵبگرم لێم بپرسرێتەوە هیچ کەسێک لە جوولەکەکان ئاگایان لە خۆشاردنەوەی فلامن نییە!...)... پاش ئەوە (یوسف) ڕووی وەرگێڕایە نەتەوە و پەنجەی بۆ (جایۆس)درێژکرد، گوتی: (ئێوە لە جایۆس فلاکۆس بپرسن ئەو ئافرەتانەی کە ئێوە پێی ئەڵێن فلامن و کەچی لە ڕاستیدا ناوی (مەریەمی مەجدەلی)یە، بۆچ دەستی دایە کوشتنی؟!.)... (جایۆس) پەشۆکاو ترسی لێ نیشت چونکە ئەوە زۆر ئاسان بوو کە هەست و تاسەی ئەو کۆمەڵە ورووژاوانەی کە دڕندەیەتییان بزووتبووەوە و خواخوای ئەوەیان بوو کە نێچیرێکیان دەست بکەوێ و پارچە پارچەی بکەن، هەڵ بگێڕرێتەوە!... ئنجا لە پێش ئەمەدا (بلۆتینۆس) و یاساوڵەکانی قسەی پێ ببڕن، (یوسف) بەدەنگێکی بەرزەوە قسەی بۆ کردن مەبەسیشی ئەوەبوو کە یۆنانییەکان بخاتە پاڵ خۆی و هاوڕێکانی، تا لەگەڵ جوولەکەکاندا زۆربەی نەتەوە بکەن بەیەک گوتی: (خوێنەکانی یۆنانی و جوولەکەکان لەناو دەمارەکانی فلامندا ئەگەڕێن... (بلۆتینۆس)یش هەر لەبەر ئەوە قینی لە (فلامن) هەڵگرتووە، کە نەیتوانیوە بەو پارانەی کە لە جوولەکەکانی وەرگرتووە، بەدەستیاو، فلامن لە خشتە بەرێ و بیکڕێ!... (بلۆتینۆس) نەیتوانی ئەو کچە بکڕێ، کە (جایۆس فلاکوس) ئابڕووی شکاند و داوێنی پیس کرد، لە تەمەنی منداڵییدا کچەکەیش ویستی ئابڕووی خۆی بکڕێتەوە و تۆڵەی سەربەرزی خۆی بکاتەوە، بەپێی ئەو ئاینەی کە جوولەکەکان لەسەرین... یۆنانییەکانیش کە کاروبارێک کەڵکی خۆیانی تیابێ، دادپەروەریی بەگۆڕانییەوە ئەڵێن... ئەی یۆنانییەکان!... ئێوە ئەهێڵن ڕۆماییەک، بێ تاوان و بێ گوناهان بکوژێت، هەر لەبەر ئەمەی کە لە دەستیاوەکانی خۆی ڕزگاری ببێت؟!)

ئەمجارە نەتەوە، بۆ (یوسف) دەنگیدا بەڵام بلۆتینۆس (یوسف)ی پاڵ پێوەنا بۆ لاوە پاش ئەوە دەستی کردەوە بەهانەدانی نەتەوە بۆ سەر جوولەکەکان جارێکی تریش هەست و تاسەی بەد و نەگریس بەرامبەر جوولەکەکان ورووژایەوە هەندێک لەوانە بەتەنشت

(١) جەربەزەیی: (مغامرة)

تەختی بەزمگاکەدا هەڵگەڕانە سەرەوە، بۆ ئەمەی سەرۆکە جوولەکەکان لەتوپەت بکەن، لەبەردەم یاساوڵەکاندا کە لێیان کۆبووبوونەوە!...

جیهان لەبەرچاوی (یوسف) تاریک بوو لەوەیش تێ گەیشت کە کار لە کار ترازاوە و هیچی تری لە دەست نایەت بیکات ڕەنجەڕۆیی دڵی داگیرکرد بەڵام لەناکاو، بزووتنەوەیەکی سەرسوڕهێنەر کەوتە ناو نەتەوەوە ئیتر کاتێک زانرا کە ئەو هەموو دەنگە گۆڕرا و بوو بەبێدەنگی کە تەماشایان کرد، ئەوا هەموو کەسێک بەپەرۆشەوە چاوی بڕیوەتە تەختی بەزمگاکە (یوسف) کە ئاووڕی دایەوە، تەماشای کرد پەردەکە کرایەوە لە پڕ دەنگی تارێک هات، کە (یوسف) ئەیتوانی بەئاسانی لەناو هەزاران تاردا دەنگی جوێ بکاتەوە.. پاش ئەوە ئافرەتێک دەرکەوت، کراسێکی تەنگی لەبەر دابوو، لەبەر تیشکی چراکان لەشە خڕوپڕە نەرمو نۆڵەکەی ئەبریسکایەوە قژە زێڕینەکانیشی شۆڕ بووبوونەوە بەسەر شانەکانیا هەر ئەتگوت پارچەیەک ئاگرە و هەڵگیرساوە... نەتەوە هەموو دەنگیان هەڵبڕیی: (فلامنە... ئەفرودێت) کچەکە هاتە پێشەوە ناو تەختەکە دەستی کرد بەخوێندنەوەی هۆنراوەیەکی دڵداریی بەگۆرانییەوە... سەمایەکی وایشی کرد، لەنجەو لارێکی وایشی پیشاندا، کە هەرگیز شاری ئەسکەندەرییە ئەوەی بەخۆیەوە نەدیبوو... تەنانەت، (مەریەم) خۆیشی، جارێک نەبێ، ئەو سەماکردنە ناوازەیەی بەخۆیەوە نەدیبوو... ئەویش ئەوجارە بوو، کە (ثیتس)ی کەنیزەکی چاوپێ کەوت، لە کۆشکی (بیلاتس)دا سەمای ئەکرد... بەڕاستی (مەریەم) سەما و لەنجە و لارێکی وا جوان و ناوازەی پیشاندا ، کە هەموو ئاڵۆش و خرۆشێکی پیاوی ئەبزواند!... ئنجا (مەریەم) دەستی کرد بەداکەندنی بەرگەکانی یەک لەدوای یەک، پارچەکانی بەرگەکانی، لە لەشی خۆی ئەکردەوە ئیتر هیچ بەلەشیەوە نەما، دەرپێیەکی کوڵی زێڕین نەبێ کە سمتەکانی ئەشاردەوە!... مەریەم بەڕووتییەکی نێوە تەواوەوە سەمای ئەکرد، لەنجەولاری ئەکرد!...

## مەریەم سەربەستیی خۆی ئەبەخشێ لە پێناوی ڕزگارکردنی یوسف دا!

جا هەروەک نەتەوەکە، بەڕاستی چاوبەستێکی بەهێزکرابن ساز و ئاوازەکەی مەریەم و سەما و لەنجەولارەکەی و جوانی و شەنگو شۆخییەکەی هەموو هەست و هۆشێکیان لێ داگیرکردن!... (یوسف)یش پەیی بەوەبرد، کە هەلیان بۆ هەلکەوتووە خۆیان ڕزگار بکەن دەمودەست، چرپاندی بەگوێی نزیک ترین بەندیی جوولەکەدا پێی گوت: (هەمووتان



بەدزییەوە بچنە دەرەوە لە هەر شوێنێکا جوولەکەتان دیی، بیخەنە سەر شۆڕش کردن چەکەکانتان هەڵبگرن لەناو خانووەکانیشتاندا خۆتان قایم بکەن!.)... (یوسف) ئەوەی ئەزانی کە ئەگەر وایان کرد، (بلۆتینۆس)، ڕێگای بۆ نامێنێتەوە ئازاریان بدات مەگەر سەربازە چەک دارەکان بەکار بهێنێ شاهەنشاهیش، هەرگیز لە کاری وا خۆش نابێ، هەر پیاوێکی تاوانی وا بکات کەم هەڵ ئەکەوێ کە بیبەخشێ!.

کە (فلامن) لەسەماکردنەکەی خۆی بووەوە، ئەمەندە چەپڵەڕێزانی بۆکرا، بەزمگاکە ئەلەرایەوە (ئەلبینا)یش لە پشتەوە هات، لەش پۆشێکی دا بەسەر لەشە ڕووتەکەیا، داپۆی (مەریەم)یش سوپاس و شەو باشیی پێشکەشی سەیر کەران کرد، پاش ئەوە هەڕای کرد بۆ لای (یوسف) و خۆی فڕێ دایە سەرسنگی پاش ئەوە بەچرپە پێی گوت: کاتێ لە خەو ڕاپەڕیم تێ گەیشتم کە چ مەبەسێکی بەرز و بڵند و خۆبەخت کردنێکی بەنرخ و گرنگت نوواندووە بۆ ڕزگارکردنی جوولەکەکانی شارەکە ئێستاکەیش من بۆیەکا هاتوومەتە ئێرە کە تۆ ڕزگار بکەم!...

(یوسف)یش، بێ باکانە ماچی کرد و گوێی نەدایە، هیچ کەسێک و هیچ شتێک کە لە ناویاندا بوو!... نەتەوەیش دەستیان کرد بەدەنگ بەرزکردنەوە، ئەیانگوت: (فلامن!... فلامن!...)... (جایۆس)یش کە چاوی بڕیبووە ئەو لەشولارە جوان و ڕێکوپێک و دڵکێش کەرە، لە جێی خۆی وشک بوو!...

تەنیا کەسێک هەبوو، لەناو ئەوانەدا، هەموویان، کە تێگەیشتبێ لەوەی کە لەدوای ئەم جۆرە چاو بەست کردنەوە چی ڕووی داوە... (بلۆتینۆس) بۆی دەرکەوت کە جوولەک بەندییەکان هیچیان لەوێدا نەماون و خۆیان شاردۆتەوە... ئنجا ڕووی کردە (یوسف) و ئەوەی لێ پرسی، لاوەکەیش درۆی لەگەڵدا نەکرد پێی گوت: بۆیەکا ڕۆیشتوون، خۆیان لەناو خانووەکانی خۆیاندا قایم بکەن!...

ڕۆماییەکەیش هەڵی کێشایە شیرەکەی و بەسەریا قیژاند گوتی: (کەواتە هەردووکتان بەدەستی خۆم ئەکوژم!...)... لەوکاتەدا یارمەتی لە لایەن (جایۆس فلاکۆس)ەوە هات چونکە توند دەستی هاوڕێکەی خۆی گرت و پێی گوت: (نەکەیت ئەمە بکەیت!... ئەمە تێ نەگەیشتوویی پێ ئەڵێن... چونکە ئەگەر تۆ دەست لە فلامن بدەیت، کە نەتەوە ئەیپەرستێ، ئەمەندە خۆشی ئەوێ لە قیناندا لەتوو پەتت ئەکات!... بەڵام ئەگەر ئەتەوێ پیاوەکە بکوژە، باکت نەبێ!...)... (مەریەم)یش بەگەرموگوڕییەکەوە گوتی: (هەرچی

ڕووی داوە ئۆباڵی بەئەستۆی منە... گوناهـ گوناهی منە گوناهی کەسی تر نییە!...)... بەڵام (بلۆتینۆس) قیژاندی بەسەر (یوسف)دا و گوتی: (ملت دانەوێنە لەبەردەمما هەر ئێستا کەللەت ئەپەڕێنم!...)...

(یوسف)یش بێزی نەهات ملی بۆ دانەوێنێ، هەر بەپێوە مایەوە، ڕەپ ڕاوەستابوو بەسەر بەرزییەکەوە تێی ئەنواڕیی بەڵام دووسەربازی ڕۆمایی ناچاریان کرد نوشتایەوە (مەریەم)یش بەهەناسە ساردییەکەوە، بۆ یەکێک ئەگەڕا کە ڕزگاری بکات لە دەست کوشتن لە پڕ چاوی بە(جایوس) کەوت دەمودەست مێشکی کەوتە کار و لە (جایۆس) نزیک بووەوە بەدڵێکی پڕ لە کلّپە و سۆزەوە پێی گوت: (یوسف ڕزگار بکە تا ئەمێنم ئەبم بەکارەکەرت!...) (جایۆس)یش دوو دڵ بوو لەو کارە... دووبارە (مەریەم) بەدڵێکی گەرمەوە پێی گوتەوە: (هەر سامانێکم هەیە ئەیدەم بەتۆ و بەبلۆتینۆس، بەمەرجێ یوسفم بۆ ڕزگار بکەن!...)... قسەکانی مەریەم کاریان کردە دڵی ڕۆمایییە پوول پەرستەکە بەڵام (یوسف) دەنگی هەڵ بڕی و پاڕایەوە لە (مەریەم) کە لەو خۆ بەخت کردنەی خۆی پاشگەز ببێتەوە کەچی (مەریەم) گوتی: (ئۆ باڵی کەتنەکە، هەر بەئەستۆی خۆم!...)... بەم ڕەنگە لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن!... ئیتر (بلۆتینۆس) فەرمانیدا بەسەربازەکانی خۆی کە (یوسف) لەگەڵ یەکەم کەشتیدا کە لە ئەسکەندەرییەوە بڕوات، ڕەوانە بکەن!... دوا چاو ئەندازێکیش کە (یوسف) چاوی پێ کەوت ئەوەبوو، کە (مەریەم)ی دیی لە ناوەند هەردوو پیاوەکەدا سەری دانەواندووە و نوشتاوەتەوە هەردوو باڵیشی بۆ ڕووی ئەو ڕاکێشاوە، بەخوای ئەسپێرێ ئا بەم ڕەنگە، (مەریەم) خۆی فرۆشت بەو ڕۆمایییە و، خۆی کرد بەکەنیزەک بۆ (جایۆس)، تا (یوسف)ی دەزگیرانی خۆی ئازاد بکات!...

## کچە تاوانبارەکە دوای بیروباوەڕی یەسوع ئەکەوێ!

پایزێکی تازە هات بەسەر (ئورشەلیم)دا ڕۆمایییەکان تا ئەهات زەبر و زەنگیان زۆرتر ئەنواند بەسەر ئەو خاکەدا تا ئەهات ئازاری جوولەکەکانیان زۆرتر ئەدا... ئەو جوولەکانەیش هیچ جێگایەکیان بۆ نەمابووەوە پەنای بۆ بەرن(پەیکەر گا ) نەبێ!... کە ئەمەیش ئەو پەرستگایە بوو، جوولەکەکان بەردەمەکەیان کرد بوو بەبازاڕ کە لەوەیشەوە گیانی بازرگانی گەوهەری خوا پەرستیی ورد و خاش کردبوو.

زرنگەی زێڕیش، ڕێزی بۆ ئایین نەهێشتبووەوە!... بەیانی یەکیان (یوسف) لەناو



باخچەکەی ماڵی خۆیاندا وەستابوو، لەناو چیمەن و لالەزارەکەی ئەو باخچەیەدا دیمەنی باخچەیەکی تری ئەهێنایەوە یادی خۆی، کە ئەویش لە شاری (مەجدەل) دابوو وای ئەهاتە پێش چاو، کە تارمایی کچێک لەناو گوڵەکانی ئەو باخچەیەدا دیارە، قژێکی زێڕینی پێوەیە کە وەک زێڕ ئەبریسکێتەوە و پرشنگ ئەدات.

هەروەها کچەکە دەنگێکی خۆش و جوانیشی پێوەیە.

ئەوەتی (یوسف) لە باوەشی (مەریەم) دوور خرابووەوە، شەش مانگ و نیوی پێ چووبوو، کە هەر ڕۆژەی بەسەد ساڵ لێی ئەڕۆیشت!... (یوسف) پەیی بەوەیش ئەبرد، کە (مەریەم) لێی نزیک بۆتەوە. چونکە (جایۆس) گوێزرابووەوە بۆ (سەفورە) کە پایتەختی ناوچەی (جەلیل) بوو کرابووە سەرکردەی لەشکرە ڕۆمایییەکانی ئەوێ ئەوەندە هەبوو یوسف دڵی بڕوایی نەئەدا کە خۆی بگەیێنێتە خۆشەویستەکەی خۆی نەوەک ئەو کردەوەیەی ببێتە هۆی ئەوەی کە سەرگەردانیی خۆی و هەناسە ساردیی (مەریەم) پەرە بسێنێ!... خۆی هەر بەوەوە دڵنیا ئەکرد کە چاوەڕوانیی دەنگی بەسەرهاتی (مەریەم) بکات!...

(مەریەم)یش وەک یارێک لەگەڵ (جایۆس)دا ئەژیا جوولەکەکانی نەتەوەی خۆیشی، ئەویان بەئافرەتێکی داوێن پیس دائەنا بەڵام پەییان بەوە نەئەبرد کە (مەریەم) لە پێناوی چ مەبەسێکی جوامێرانەدا ژیانی خۆی بەخت ئەکات!... کابرای ڕۆماییش لە ئەندازە بەدەر، (مەریەم)ی ئەشکاند و ڕیسوای ئەکرد و سەری پێ شۆڕ ئەکرد بەڵام سەری لەوە سوڕمابوو، کە (مەریەم) لەو شێوە جوانەدا ئارامی ئەگرت و، خەمو پیشی ئەخواردەوە!... (یوسف)یش لە (جایۆس) زۆرتر سەری سوڕمابوو.

لە هەر لایەکەوە دەنگی کەینەوبەینەی (مەریەم) ئەهات هەموویان لەسەر ئەوە یەکیان ئەگرت، کە (مەریەم) ئەمەندە مەند و زرنگە لە خۆڕاگرتندا، لە ئارام و بەرگەگرتندا، بەرامبەر ئەو کەسەی کە خستوویێتیە بەندیخانەوە، هیچ پشم و قینێک پیشان نادات... هەر لەو بەیانییەدا یەکێک هاتبووە سەردانی (یوسف)، ئەیگوت: (ئەو کردەوە جوانانەی کە (مەریەم) خووی پێوە گرتوون وەک: ئارام و لەسەرخۆیی و گیان سووکی و چاوپۆشین، هەر ئەو بیروباوەڕانەن یەسوعی ناسیری هاواریان بۆ ئەکات و بڵاویان ئەکاتەوە!... پەیتا پەیتا کۆمەڵانی نەتەوە دێن و ئەچنە ژێر ئاڵای ئەم مامۆستا لاوەوە!...)... (یوسف)یش لێی پرسی: (تۆ خۆت گوێت لێی بووە؟!...)... میوانەکەیش پێی گوت: (بەڵێ... خۆیشم گوێم لێی بووە، ئەیگوت: خۆشی لەوانەی کە بەسەزمانن

چونکە ئەوانە ئاسمان جێگەیانە... خۆشی لە خۆتان، ئەگەر توانج و پلاریان تێ گرتن و دەریان کردن و هەموو ناوو ناتۆرەیەکی خراپیشیان لەسەر من دەربارە کردن بەناڕەوایی... کەواتە دڵخۆش بن، شادمان بن چونکە مزی ئێوە گەورەیە لە ئاسماندا)!...

میوانەکەیش کە لە پیاوە گەورەکانی ئایین بوو، دەستی کردەوە بەقسەکردن گوتی: (ئەم لاوە، ئەمەندە کاری کردۆتە دڵی هەمووان، وای لێ کردوون، کە لە ژێرەوە بەچرپە بەیەکتر ئەڵێن: کە ئەگەر بێتو فەرمان بدات بەجوولەکەکان، لەوانەن کە هەموویان، دەمودەست، بکەونە یەک و خەبات بکەن بۆ ڕزگاربوونی خۆیان لە دەست داگیرکەریی ڕۆما و زۆر و ستەمەکانی!... منیش کۆڕی پیاوە ئاینییەکانم کۆکردەوە بۆ ئەمەی لە بابەت ئەم پیاوەوە قسەیان بۆ بکەم. من هەرگیز گوێم لەو نەبووە، هانەی نەتەوە بدات بۆ شۆڕش بیروباوەڕەکانیشی کە بڵاوەیان ئەکاتەوە بەناو نەتەوەدا ، وا لە پیاو ئەگەیێنێ کە یەکێک بێ لە پێغەمبەرە چاکەکان، دووریش نییە کە ئەو (مەسیا) یاخود (مەسیح)ە بێ کە چاوەڕوانی ئەکەین دەرکەوێ!...)...

## دوژمنەکانی خۆتان خۆش بوێ...
## بۆ ئەوانەیش بپاڕێنەوە کە خراپەتان لەگەڵ ئەکەن!

لە پاش هەفتەیەک، لەناکاو (هادجا) گەیشتە لای (یوسف) لەلایەن (مەریەم)ەوە نێرابوو بۆ ئەوەی بگاتە سەر (جایۆس فلاکۆس) کە لە نەخۆشی چاکی بکاتەوە. لە خانووی نەخۆشەکەدا، (یوسف) بەبینینی (کلۆدیا بدۆکیولا)ی ژنی (بیلاتس) دڵخۆش بوو ئەو پێی گوت کە (جایۆس) لە ئەسپەکەی کەوتۆتە خوارەوە و، گوێی نەداوەتە برینەکەی، وا ئێستایش ئەو برینە تەشەنەی کردووە. (یوسف) لەمە سەری زۆر سوڕما کەزانی (مەریەم) ئازار دەرەکەی خۆی بەخشیوە لە گوناهەکان.ی (کلۆدیا)یش گوتی: (وا دەر ئەکەوێ کە ئامۆژگارییەکانی یەسوع لە توانایاندا هەیە کە سروشتی مرۆڤایەتی بگۆڕن!...)...

لەمەیش زۆرتر سەری سوڕما کەزانی (مەریەم) و (کلۆدیا) خۆیشی، بوونەتە دەستەی مامۆستا لاوەکە! لە ژووری نەخۆشەکەدا، یوسف چاوی بەئافرەتێک کەوت، لە پەنایەک نوشتابووەوە، ڕووی کردبووە خواو لێی ئەپاڕایەوە خەمو خەفەتیش شەنگ و شۆخییەکی دابوو بەدەموچاوە زەرد هەڵگەڕاوەکەی، ئەوەندەی تر جوانی کردبوو هەر ئەوەندە



ئافرەتەکە هەستی پێ کرد هاتووە، دەمودەست چووبەلایەوە و ماچێکی لە ڕوومەتی کرد و دەستی گوشی و تاوێکیش خۆی لێ نزیک خستەوە چاوەکانی گەشانەوەیەکی وایان تێ کەوت، لە خۆشیاندا ئەچرسیکانەوە یوسف لەوەوە تێ گەیشت کە خۆشەویستییەکەی ئەوی هێشتا لە دڵدا ماوە ئنجا کە یوسف سەرسوڕمانی خۆی لەوە پیشاندا کە (مەریەم) بۆ زۆردارەکەی خۆی ئەپاڕێتەوە لە خوا، (مەریەم) پێی گوت: (یەسوع گوتوێتی: دوژمنانی خۆتان خۆش بوێ پیرۆزبایی لەوانە بکەن کە جنێوتان پێ ئەدەن و توانج و پلارتان تێ ئەگرن چاکە بکەن لەگەڵ ئەوانەدا کە ئێوەیان خۆش ناوێ بۆ ئەو کەسانەیش بپاڕێنەوە کە خراپەتان لەگەڵدا ئەکەن و زۆر و ستەمتان لێ ئەکەن!)

یوسف ڕۆمایییە نەخۆشەکەی دەرمان کرد هەر لەناو ئەو خانووەیشدا نانی شێوانی خوارد بەڵام لەوە سەری زۆر سوڕما کە (مەریەم)ی دیی، وەک کەیبانوویەکی ماڵێ ڕێزی لێ ئەگیرێ کەچی خۆیشی کە نیزەکێکە و وەک بەندەیش وایە، دانیشتوانی خانووەکە هەموو خۆشیان ئەویست هەموو ڕێزیان لێ ئەگرت (مەریەم) ئەوەی بۆ گێڕایەوە، کە لەوەتی (مەسیا) ئەو گیانە خراپانەی لە لەشی دەرهێناوە، کە زاڵ بووبوون بەسەر دەروونیا، دڵنیایی پێ گەیشتووە و دەروونیشی پڕبووە لە ئارام و ئاسایش ئیتر لەو ساکەوە وای لێ هاتووە هیچ گوێ ناداتە توانج و پلاری ئەمو ئەو، ڕیسواکردنیشی لەلایەن (جایۆس)ەوە کار لە دڵی ناکات چونکە دڵی پڕبووە لە چاوپۆشی، پڕبووە لە ئارام!...

(جایۆس) ئەو شەوە ئێش و ئازاری زۆر بوو (یوسف) هەرچەندی کرد ئەوی بۆ ڕزگار نەکرا کەبوو بەبەرەبەیان دەمودەست مرد لاشەکەیان لە شێوەیەکی سەربازانەدا ناشت (مەریەم) لەگەڵ شیوەن کەرەکاندا، لە ناوەڕاستی بەندە و نۆکەرەکاندا ئەڕۆیشت. کراسێکی ڕەشی لەبەرکردبوو، جوانییەکەی دەرئەخست نەتەوەی (جەلیل)یش ئەو کۆمەڵەیان بەچاوێکی پڕپشم و قین و دڵ پێ خۆش بوونەوە سەیر ئەکرد کاتێ کە (مەریەم) بەلایاندا تێپەڕی، ژنێک تفی لێ کرد و ئەم وشەیەی لێ دووبارە ئەکردەوە: (سۆزانی!... سۆزانی!...) ئەمە بەلای (یوسف)ەوە زۆر ناخۆش بوو کە (مەریەم) بەو جۆرە ببینێ لە ڕیسواکردنی (جایۆس) ڕزگاری بووبێ، کەچی بەرەنگاری پشم و قین و ئازاردانی نەتەوە ببێ، کە ئەو خۆی لە پێناوی ڕزگارکردنی جوولەکەکانی ئەسکەندەرییەدا بەخت کرد!...

## کێ هەیە لە ئێوە کە بێ گوناه بێ .!؟...

کە لە ناشتنی جایۆس بوونەوە، یوسف بەدوای مەریەمدا گەڕا کە تەماشای کرد، وا لە باخچەی ماڵەکەدا کەوتووە ئەمەندە ماندووبووە، پەکی کەوتووە کاتێ کە مەریەم زانی یوسف لەوێیە، بەدەمیەوە پێکەنی و خۆی فڕێ دایە باوەشیەوە، پێی گوت: (ژیان بێ تۆ چەند ناخۆشە!... بەڕاستی پەشیمان بوومەتەوە لەوەی کە گوێم لە ئامۆژگارییەکانی مەجدەلت نەگرت!...)... (یوسف)یش پێی گوت کە لەگەڵیا بگەڕێتەوە بۆ (ئورشەلیم) (مەریەم)یش گوتی: (جارێ بام خۆم پاک بکەمەوە. چونکە بەپێی ئایینی جوولەکە ئەبێ وا بکەم!... ئەمەوێ لە ناو خانووە کۆنەکەماندا ئەم زستانە بەسەر ببەم بەهۆی نوێژکردن و گوێگرتن لە ئامۆژگارییەکانی (مەسیا)وە خۆم پاک ئەکەمەوە لە گوناه پاش ئەوە لەسەرەتای بەهاردا ئەبینە ژن و مێردی یەکتری!...).

(یوسف)یش لەوە دڵنیابوو، کە (هادجا) ئاگای لێی بوو، خەمخۆریی ئەکرد لەبەر ئەوە نەیویست بەرپەرچی بداتەوە دەمودەست کۆچی کرد بۆ گوندی (کفر ناحوم) چونکە (بیلاتس) ئەو فرمانەی دابوو بەسەردا، کە لەو دەنگە بکۆڵێتەوە کە گوایا (یەسوع) یەکێک لە کچانی ئەو گوندەی زیندوو کردۆتەوە!...

کاتێ لە گوندی (کفر ناحوم) گەڕایەوە، سەرێکی لە ماڵی (مەریەم)دا کە تەماشای کرد چوارلای خانووەکە پڕ بووبوو لە مرۆڤ پاشان زانی کە نەتەوە (مەریەم)ی گرتووە بۆ ئەمەی وەک ئافرەتێکی داوێن پیس سزای بدات و بەردە بارانی بکات (یوسف)یش بەدڵێکی پڕ کڵپە و زامەوە قیژاندی گوتی: (مەریەم!... بۆیەکا ئیمڕۆ ئازاد بویت لە دەست بەندەیی، تابیتە نێچیرێک و بکەویتە دەست ئەو شێت و وێتانەوە!؟...)... بەناو ئەو کۆمەڵانەدا ڕێگای خۆی کردەوە و تێیپەڕاند، کە تەماشای کرد ئەوا (مەریەم) بەپێوەیە و پاڵی داوەتەوە بەدەرگای خانووەکەی خۆیانەوە (هادجا)یش بەتەنشتیەوە وەستاوە (مەریەم) هیچ ترسێکی پێوە دیار نەبوو بێ باکانە وەستابوو، دەربەست بەکەس نەبوو بەڵام هەر تەماشای (مەسیا)ی ئەکرد کە لەناوەڕاستی ئەو کۆمەڵانەدا وەستابوو (فەریسی)[1]یەکان لە (مەسیا)یان پرسی: (مامۆستا ئەم ئافرەتە داوێن پیسە بەپێی ئایینی موسای ئەبێ بەردەباران بکرێ ئەفەرموویت چی؟!.)... بەڵام لە ڕاستیدا ئەوانە، ئەیانویست قسەی لێ دەربهێنن... ئەگەر بڕیاریدا بەردە باران بکرێ،

(١) فەریسی: جوولەکە توندڕەوە دەمار توندەکان.



ئەوە ئەگەیێنێ کە هانەیان ئەدا بەردەبارانی بکەن... خۆ ئەگەر فەرمویشی وازی لێ بهێنن ئەوا بەئامۆژگارییەکەی خۆی دەستوری ئایینەکە ئەشکێنێ!...

بەڵام (مەسیا) دەمودەست وەرامی نەدانەوە... ئەو هەر ئەوەندەی کرد، نوشتایەوە و بەپەنجە لەسەر زەوییەکە ئەینوسی... پاشان سەری بەرزکردەوە و بەنەرمونیانی و شیرینییەکەوە پێی گوتن: (هەر کامێکتان بێ گوناهە بام لە پێشدا بەردێکی تێ بگرێ!...)... دووبارە دەستی کردەوە بەنووسین لەسەر زەوییەکە کاتێ کەنەتەوە ئەوەیان بۆ دەرکەوت کەچیی لەسەر گڵەکە نووسیوە، کزومات بوون و، لە جێی خۆیان وشک بوون تەماشایان کرد هەڵەکانیان و گوناهەکانیان، هەموویان لەسەر ئەوگڵە نووسراون ئیتر خۆیان لە خۆیان تەریق بوونەوە هەستیان بەنەگی و سەرشۆڕیی خۆیان ئەکرد پاش ئەوە یەک لەدوای یەک جێگاکەیان بەجێهێشت!. ئیتر کەس لەوێدا نەمایەوە (مەریەم) و (هادجا) و (یوسف) و (مەسیا) نەبێ ئنجا (مەسیا) ڕووی کردە (مەریەم) و پێی گوت: (بڕۆ، جارێکی تر گوناه مەکە!)...

ئیتر لەوشەوەدا، ماڵەکەی (مەریەم) گەیشتەوە دۆخی جاران ژیانەکەی پێشووی هاتەوە ناو. جا لەو کاتەدا کە (مەریەم)، لەناو باخچەکەدا، لە باوەشی (یوسف)دا بوو، یوسف بەمەریەمی گوت: (ئەترسم لەوەی بەجێت بهێڵم و نەتەوە هەڵمەتت بباتە سەر!...)... مەریەمیش گوتی: (مەسیا ئەتوانێ ڕزگارم بکات لە دەستیان... من بەیانی دوای ئەکەوم تا (ناسیرە)، بۆ ئەمەی بچمە ژێر ئالاکەی ئەوەوە!...)...

(یوسف)یش بەبەزەیی پیاهاتنەوەیەکەوە پێی گوت: (مەبەست ئەوە تا کارەکەی من و تۆ هەڵ ئەوەشێتەوە؟...)... (مەریەم)یش گوتی: (شتی وا هەیە کە لە ئارەزوواتی(١) مرۆڤایەتی بەرزتر و پیرۆزترە... ئەگەر بێت و ژیانی خۆمان لەپێناو (یەسوع) دا بەخت بکەین، لە ئەنجامدا کامەرانترمان لێ دێ... چونکە بێگومان ئەو، ئەو (مەسیا) کە چاوەڕوانیی ئەکرێ!...) (یوسف)یش تێ گەیشت کە مەبەسی (مەریەم) چییە... پەییشی بەوە برد کە بۆیەکا مەریەمی دەست کەوتۆتەوە، تا دووبارە لە دەستی دەربچێتەوە!...

(١) ڕاستتر: ئارەزووەکانی...

## گەلە کۆمەکێی گەورە!

بۆ ڕۆژی دوایی، (یوسف) لەگەڵ (مەریەم)دا چوو بۆ (ناسیرە) پاشان چوو بۆ (ئورشەلیم) بیرەوەریی ئەو ڕۆژانەیشی ئەهاتەوە یاد، کە بەکامەرانییەوە لەناو (جەلیل)دا ڕای ئەبوارد هەستی بەخۆی کرد کە سایە و پایە و سامان، بەهەموویان، نەیانتوانی جێگای ئەو کامەرانییە پڕ بکەنەوە کە لە دەمی لاوێنییدا هەیبوو، لەوکاتەدا کە هەر پزیشکێکی هەژاری بێ ناوونیشان بوو، چوارپێکەی خۆی لەناو کۆڵانەکانی (تەبەریە)دا لێ ئەخوڕیی!... ژیانەکەی (ئورشەلیم)ی تاڵ و ناخۆش بووبوو، لێیشی وەڕس بووبوو.

لە هەمولایەکەوە دەنگی بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕەکانی (مەسیا) و دەرکەوتنی شاکارەکانی ئەو، کە لە دەست کەس نە ئەهاتن، ئەهات و ئەکەوتە بەرگوێی (یوسف)... تەنانەت ڕۆژێکیان بەوەیشی زانی کە (هیرۆدۆس)ی خونکار و پیاوە ئاینییەکانی جوولەکەکان داو ئەنێنەوە بۆ (مەسیا) کە بیکوژن ئەویش دەمودەست چووەلای (مەریەم)، تا لەو کەینەوبەینەیە وریای بکاتەوە[1] دەستەی (مەسیا)ییشی لەولای گوندی (بێت سەیدا) وە دۆزییەوە (مەریەم)ی لە ڕازی گە لە کۆمەکێ کە ئاگادار کرد و، خۆیشی گەڕایەوە بۆ (ئورشەلیم).

یوسف لە زستاندا، خۆی بەنەخۆشەکانی خۆیەوە خەریک کرد. تێک چوونی بیروباوەڕەکانی ئایین و ڕەوشت و خووی بەچاوی خۆی ئەدیی خۆ لەناو پیاوە ئایینییەکانی جوولەکە، و کاربەدەستانی پەیکەر گاکەدا، ئەو ئایین و ڕەوشت و خووانە، هەر بەجارێک نەمابوون!... لەبەر ئەوە، (یوسف)، لە کانگای دڵیەوە حەزی ئەکرد (ئورشەلیم) و سایەو پایەکەی خۆی بەجێ بهێڵێ، هەر بۆ ئەمەی کە لەگەڵ (مەریەم)دا لە (مەجدەل)دا بژین!... بەڵام مەرج ئەوە بوو (مەریەم) بێتە سەر ڕێ!... جا (یوسف) لەم بارەدا بوو، تا ڕۆژێکیان زانی کە (مەسیا)ی گەورە، کەوتۆتە ڕێگا و ڕوویشی کردۆتە (ئورشەلیم)... یوسف هەستی کرد، کە (مەسیا) و شاگردەکانی کەوتوونەتە تەنگوچەڵەمەیەکی گەورەوە... چونکە دانیشتوانی شارەکە سەر بەڕۆماییەکان بوون لەبەر ئەوە دەمودەست ڕۆیشتە دەرێ، تا لە ڕێگادا بە(مەسیا) و کۆمەڵەکەی بگات و هوشیاریان بکاتەوە لەو داوەی کە بۆیان ناونەتەوە!... یوسف

(١) یان: ئاگاداری بکات.



کۆمەڵەکەی لەناو دۆڵێکی قووڵدا چاوپێ کەوت (مەریەم)یشی کە ئەوی چاوپێ کەوت دڵی کرایەوە و شادمان بوو... کولمی یوسفی ماچ کرد... یوسف یش مەبەسی هاتنەکەی خۆی تێ گەیاند... بەڵام (مەسیا) لەناو ئامۆژگارییەکانی خۆیدا ئەوەی گوتبوو، کە بۆیەکا ئەچێتە ناو شاری (ئورشەلیم)ەوە تا بکەوێتە دەست پیاوە ئاینییەکانی جوولەکەوە، ئازاری بگات و بمرێ!... لەبەر ئەوە (یوسف) و (مەریەم) پەییان بەوەبرد کە پێویست بەترس و لەرز ناکات!...

(مەسیا) لە (ئورشەلیم)دا پێشوازییەکی یەجگار ناوازە کرا هۆگربوونی کە سانیش بەوەوە، بووبووە هۆی هانەدانی پیاوە ئاینییەکان کە زۆرتر خەریکی ئامادەکردنی داوەکەیان بن ئنجا کە جەژنی (.................. فصح)[1] نزیک بووەوە و بەهار دەستی پێ کرد، جوولەکەکان خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون بۆ ئەو جەژنە... پێش ئەمەی جەژن دەست پێ بکات، بەحەفتەیەک، ئەوانەی بۆ خواپەرستی و سەر لێ دانی (ئورشەلیم) لە جێی خۆیان بزوتبوون، هەموویان گەیشتنە ئەوێ ئەو ڕۆژەیش کە پیاوە ئاینییەکانی جوولەکە و سەرۆکەکانی نەتەوە (یەسوع)یان گرت، بەبیانووی ئەوەوە کە لە ژێرەوە گەلەکۆمەکێ لە دەسەڵاتی شاهەنشاهی ڕۆما ئەکات، بۆ ئەمەی خۆی بێتە سەر تەختی شاهیی جوولەکان... ئەو ڕۆژە دوایی ژیانی (مەسیا) نزیک بووەوە!... لە ڕۆژێکی هەینی دا (مەسیا)یان لە ناوەند دوو دزدا، کرد بەداردا... هەتا پێیشیان کرا، لێیاندا و سووک ڕیسوایشیان کرد... کەچی (مەسیا)یش هەر ئەم پاڕانەوەیەی دووبارە ئەکردەوە: (ئەی باوکی هەمووان! بیان بەخشە! چونکە خۆیشیان نازانن چی ئەکەن!...)... (مەریەم) و (یوسف)یش بەتەنیشت داری هەڵواسینەکەی (مەسیا)وە دانیشتبون بەجێیان نەئەهێشت... کاتێ کە (مەسیا) گیانی پاکی بەخاک سپارد (یوسف) بەهۆی ئەو نازەوە کە هەیبوو لەلای (بیلاتس)، تێ کۆشا، تارێی درا، لاشەکەی (مەسیا) وەربگرێ... ئنجا (یوسف) لە گۆڕێکی تازەدا، (مەسیا)ی ناشتەوە... کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا (مەریەم) هەر وازی لەو قسەیە نەئەهێنا کە (مەسیای گەورە)، زۆری پێ

(١) مامۆستا لە دەسنووسەکەدا بۆ شایی بەرامبەر (فصح) داناوە کە دیارە مەبەستی مانا کوردیەکەیەتی و لە بەمەرامبەر لاپەڕەکەش هەمان وشە و نیشانەی (؟) داناوە، بەڵام لە کتێبی (ژیانی مەسیح)دا بۆ ئەمە وشەی (پەسح)ی داناوە کە نازانم چۆن ئەمەی هەڵبژاردووە هەر چۆنێ بێ ئەمە ئەو جەژنەیە کە جوولەکەکان بەڕابەرێتی عیسا پێغەمبەر لە ئاوی نیل بەسەلامەتی پەڕینەوە، ڕزگاریانبوو لە دەست فیرعەون.

ناچێ لە گـۆڕەکـەی خـۆی دێتــە دەرەوە و زیندوو ئەبێتــەوە، کـە خـۆیشی هەر وای گوتووە!...[1]

## لە زیندوو بوونەوەی مەسیا دوو کەس ئاگای لێ بووە!.

لە ڕۆژی یەکشـەممەی دواییـدا، (یوسف) چوو بۆ کڕینی کەرەسـتـەی خۆش کـردنی لاشەکەی (مەسیا) مەریەمی بەتەنشت گۆڕەکەوە بەجێ هێشت کاتێ کە گەڕایەوە، سەرنجیدا دەموچاوی (مەریەم) گەش بووبووەوە و پڕبووبوو لە مزگێنی. (مەریەم) کە سەیری کردبوو، بەردی گۆڕەکە لەجێی خۆی نەمابوو دەسی کردبوو بەگریان، ترسابوو لە وەی کە (بیلاتس) لاشەکەی دزیبێ... کاتێ کە ئاووڕی دایەوە، لە پڕ یەکێکی بینی، بەتەنشتیەوە وەستاوە، پێی ئەڵێ: (مەریەم! هەر ئیستە بڕۆ بەشاگردەکانم و بەکەسانی تریش بڵێ کە من لەناو مردوواندا ڕاست بوومەتەوە!)... (یوسف)یش ترسا لەوەی کە سەرۆکەکانی جوولەکەکان ئازاری (مەریەم) بدەن، دەمودەست (مەریەم)ی نارد بۆ (عەمواس) ئێوارەی ئەو ڕۆژەیش، خۆیشی ڕۆیشت تا پێی بگات. لاوێکیشی لەگەڵدا بوو کە هەر بەناو ئەو ڕێگایەدا ئەڕۆیشت لە کاتی کۆچ کردنەکەیاندا، یەکێکی تریشیان هاتەسەر، کە هیچیان نەیان ئەناسی.

کاتێ گەیشتنە ئەو خانووەی کە (مەریەم) تیابوو، (یوسف) هەردوو هاوڕێکەی خۆی بانگ کردە سەر نانخواردنی ئێوارێ کاتێ کەشێو هاتە پێشەوە و هەر سێکیان دەستیان کـرد بەنوێژکـردن (یوسف) و هاوڕێکەی جـێگای بزمـاریان بەهەردوو دەسـتی پیـاوە

(١) بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم کۆتاییە تراژیدیائامێزەی حەزرەتی مەسیح، دەبێ پەنابەرینە بەر قورئانی پیرۆز و خەبەری راستیی لەوەوە دەستگیرکەین: «... لەبەر ڕێی خوا لادان و ئەو بوختانە گەورە بۆ مەریەمیان هەڵبەست، لەبەر ئەوەش کە دەیانگوت: ئێمە عیسای کوڕی مەریەمن لەناوبرد - کە پێغەمبەری خودا بوو - کەچی نە ئەوان کوشتیان، نە توانیان لە قەنارەی دەن؛ بەڵام سەریان لێ تێکچوو بوو، نەیان ناسی و ئەو کەسانەی دەربارەی ئەم لەناو خۆدا کێشەیانە، لە ڕایەکەیان دوودڵن لەو بارەوە و هەر پەیڕەوانی گومانن و بێگومان نەیان کوشتووە. بەڵکو خوا بەرەو خۆی هەڵکێشایەوە. خوا هەمیشە خاوەنی دەسەڵات بووە و لە کارزانە) (جزمی شەشەم - سورەی نیساء، ١٥٦-١٥٨ - قورئانی پیرۆز، وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار. چاپی تاران. نشر احسان.
هەروەها بۆ زیاتر لەم باسەوە بڕوانە: تەفسیری نامی بۆ قورئانی پیرۆز، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بەرگی دوو ١٩٨٠ بەغدا، ل ٤٦٤-٤٦٩.



نەناسراوەکەوە دیی، کە بەسەرداری چەلیپاکەوە لێیان درابوون... جا لەوەوە تێ گەیشتن کـە ئەو پیـاوە ئەبێ (مـەسـیـا) بێ!... (یوسف)یش دەمـودەست چووە ژوورەکـەی تەنیشـتـیـان، مـوژدەی بە(مـەریـەم)دا... کـەچی کـە هەردووکـیـان هاتنەوە ژوورەکـە، تەمـاشـایان کـرد لەوێ نەمـاوە!... ئیـتـر لەو کـاتەوە، هەردووکـیـان چووە دڵیـانەوە، کـە (یەسوع) هەر ئەو (مەسیا)یە بووە کە (تەورات) موژدەی هاتنی داوە... جا لەبەر ئەوە (مـەریەم) پێشنیـازی کـرد بۆ (یوسف)، کـە هەردووکـیـان ببنە ئاگـادارەکـان[1] بەسـەر ئەوەوە کە (مەسیا) لەناو مردوواندا ڕاست بۆتەوە!... بەم ڕەنگە، کارەسات وای هێنا، کـە (یوسف) و (مـەریـەم) لە دواییـدا یەک بگرنەوە... کـە خۆشـەویسـتی هەردووکـیـان پێکەوە ببەستێتەوە... ئەوەندە هەیە، ئەو خۆشەویستییە لەو خۆشەویستیانە نەبوو کە دڵی مرۆڤایەتیی پێوە ڕاهاتووە ئەوە خۆشەویستییەکی وابوو، کە لەو خۆشەویستییە پاکتـر و بەرز و پیـرۆزتر بوو... چونکە هەردووکـیـان لەسەر خۆشەویستیی خوا یەکـیـان گرتبوو!...

تەواوبوو

١٩٦٦/٤/٣٠

(١) ئاگادارەکان: شایەدەکان.

# مۆزار

نووسینی: هەنری تۆماس

ئەم نووسراوە

جێی داخە کە جیهان هەر وا بووە: هەچ زانا و هونەرمەند و وێژەوانێکی گەورە و بلیمەتی تێدا هەڵکەوتبێ، لە جیاتی ئەمەی دەستی بگیرێ و یارمەتیی بدرێ و ژیان گوزەرانی بۆ ئاسان بکرێ و پایەی بڵندی پێ بدرێ، لەلایەن نەتەوەکەی خۆیەوە، بەپێچەوانەوە، ئازار دراوە و، زیانی پێ گەیێنراوە و، تەفروتوونا کراوە و کەمتەرخەمیی لە گەڵدا کراوە، تا لەناو هەژاری و ڕەنجەڕۆیی ڕیسواییدا سەری ناوەتە خاکەوە.

(مۆزار)ی بەسەزمانیش کە ساز و ئاواز لێدەرێکی ئەڵمانیی زۆر گەورە و شارەزا و بلیمەت بووە لە هونەرەکەی خۆیدا، هەر لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە جیهانی هێنابووە سەرسوڕمان.

بەرهەمەکانیشی تا دوایی تەمەنی کە تەنیا (٣٥) ساڵ بوو، هەر لە گەشەکردن و برەودابوون، تا هەموو خاکی ئەوروپای گەشکەدار کرد و، ئەوپەڕی ڕێز و پەسەندکردنیان بۆ خاوەنەکەیان پچڕی.

کەچی مۆزاری بەسەزمان، کە لەو تەمەنە بچووکەیدا گیانی پاکی بەخاک سپارد، لە ژیانێکی تاڵ و ناخۆشدا، لەوپەڕی هەژاری و هەناسەساردی و ڕەنجەڕۆییدا مرد.

جا ئەم نووسراوە ناوازەیە، (مۆزار)، کە هی مێژوونووسی بەناوبانگی ئینگلیز، (هەنری تۆماس)ە، بەدووررودرێژی چیرۆکی ژیانی ئەم پیاوە گەورەیە لە شێوەیەکی ڕەند و ڕەنگیندا دەردەخات، کە بەزەیی پیاو دەبزوێنێ و بۆ ئەو جوانەمەرگە بەنرخەیش، کە هیچ خۆشییەکی وای لە ژیانی خۆی نەچێشت، فرمێسکی دەڕژێنێ منیش کە ژیانی (مۆزار)، پێشکەشی (خوێندەوارانی کورد) دەکەم، ژیانی سەدان زانا و هونەرمەند و وێژەوانانی بەکەڵک و بەنرخی کوردەوارییان دەخەمەوە یاد، کە هەتا لە ژیاندابوون، لەناو ئازار و خەم و پەژارە و سەرگەردانی و هەژاریدا تلاونەوە، بەهۆی ناشێتی و بەدکرداری و زۆرداریی خۆمانەوە!...

لە ڕاستیدا سەربەرزی و سەربەستی و سەرئەفرازی، تەنیا، بەو گەلە دەبڕێ، کە نرخ بەزانا و هونەرمەند و وێژەوانانی خۆی دەدا و، دەست گیرۆییان دەکا و، کاروباری گشتیی



خۆیشی دەداتە دەستیان خۆشبەختانە، ئەم سەردەمە، جیهان، لەم ڕووەوە کەمێک گۆڕراوە و، ڕووی کردۆتە باشی لە گەلێک خاکی پێشکەوتووی سەر زەمیندا، ئەم ڕێزگرتن و، پشتگرتن و دەستگرتنی زانا و هونەرمەند و وێژەوانانە دەبینین تەنانەت خاکی وایان تێدایە، وەک (سوید)، ڕێز و یارمەتی و پاداش بەزانا و هونەرمەند و وێژەوانانی هەموو جیهانیش دەبەخشێ، بێجگە لە هینەکانی خۆی[1] جا تۆ بڵێیی ئێمەیش لە خەوی کلۆڵی هوشیار ببینەوە و بەزەییمان بەخاکەکەماندا بێتەوە و، ئیتر لەمە بەدواوە ڕێز لە زانا و هونەرمەند و وێژەوانەکانمان بگرین و پشتیان بگرین و، دەستیشیان بگرین، تا لەگەڵ کاروانی جیهاندا پێشکەوین؟... ئەمە ئاواتێکی مەزنی گشتیمانە.

لە خودام دەوێ بێتە دی!...[*]

## شاکارێکی بێ وێنە

«ئاواز گیانی سازە... هەر لە ئەسپێکی ڕەسەنی لەش ڕێکوپێک دەکات کە بەناو ڕێگا فراوانەکانی دەنگدا تاو بدات.

جا لەو تاودانەدا گۆرانی پەیدا دەبێت... تۆ هەرچەند دەکەیت ناتوانیت فێری بیت... چونکە هەرچەند لە ساز بکۆڵیتەوە، دەستکەوتت کەمتری لێ دێ... ئەوەندە هەیە هەستی پێ دەکەیت و تاسەیشت پێیی دێتە جۆش!...»

جا لە بنچینەی ئەم ڕاستییە سەرەتاییانەوە بوو، کە مێشکی (وڵفگانگ) لە منداڵیدا کرایەوە... کاتێ کە باوکی بەپەرۆشێکەوە پێیی دەگوت «دەی بام ساز و ئاوازێک لێ بدەین!»، (وڵفگانگ) هەستی بەو ڕاستییانە دەکرد و، پەیشی پێ دەبردن...

(لیۆپۆمۆزار)ی باوک، ساز و ئاوازلێدەرێکی فەرمانبەر بوو[1] لە کڵێسای

(١) مەبەستی لە پاداشتی (نۆبڵ)ە کە لە سوید هەموو ساڵێک لەلایەن (ئەلفرد نۆبڵ)ەوە ١٨٣٣-١٨٩٦ کەزانایەکی کیمیاگەریی ئەو وڵاتە بوو لە ١٨٦٦دا دینامێتی دۆزیەوە، جا لەسەر وەسێتی خۆی سامانەکەی تەرخان کرا بۆ پێنج هەڵکەوتوو لە بوارەکانی: ئەدەب، فیزیا، کیمیا، پزیشکی و ئاشتی لە وڵاتانی جیهاندا نەک تەنیا سوید.

(*): خۆش بەختانە، لای ئێمەیش ئەم ئاواتە لە ساڵی ١٩٦٨ بەدواوە دەستی بەهاتنە دی کرد (وەرگێڕ).

(١) باشتر وابوو: فەرمانبەرێکی شاز و ئاواز لێدەر بوو...

(سالیزبۆرگ)دا... ژنەکەیشی لە هەموو ئافرەتەکانی شارەکە جوانتر بوو... کوڕەکەیشیان کە ناوی (ولّفگانگ) بوو هەر لە منداڵییەوە[1] لە (پیانۆ) لێداندا گەیشتە ئەوپەڕی هونەرمەندی ئەوانەی ناسیاویشیان بوون دەیانگوت: گوێچکەکانی ئەم منداڵە لە ئەندازەبەدەر ناسکن، لە وزەبەدەر هەست بەدەنگ دەکەن و، دەنگ کاریان تێ دەکات تەنانەت ئەوەندە زیرەک بوو، لە هەر ئامێرێکی ساز و ئاوازەوە دەنگێک دەربچوایە، دەیزانی ئەو دەنگە بەکام ئامێر لێدراوە و، لە پەیژەی ساز و ئاوازیشدا لە چ پلەیەکدا وەستاوە کەچی هێشتا فێری نووسین وخوێندنەوەی پیتەکان و ژمارەکانیش نەبووبوو!...

ئەوەندەی گوێچکەکانی ئەو منداڵەیش ناسک بوون و، زوو هەستیان بەدەنگ دەکرد، ئەوەندەیش چاوەکانی گەش و فراوان بوون و پڕبوون لە زیندوێتی!... چاوەکانی لە چاو دەموچاوە بچکۆلەکەیدا گەورە دەردەکەوتن دانیشتوانی (سالیز یۆرگ)یش لە باوکی (ولّفگانگ)یان دەپرسی: «توخودا لیۆپۆڵدی باوک، پێمان بڵێ ئەو چاوانەی ولّفگانگ چی دەبینن؟»... باوکەکەیش ڕووی دەکردە کوڕە بچکۆلەکەی خۆی و لە چاوەکانی ورد دەبووەوە، تا وای لێ دەهات چاوبەست دەبوو... لەو دوو چاوەدا بریسکەیەکی سەیر و سەرسوڕهێنەر هەبوو... بریسکەی بلیمەتی و تیشکی پێگەیشتوویی... بلیمەتی ساز و ئاواز... هەروەک گیانی (ولّفگانگ) لەو چاوانەوە بەگەرمێکەوە بڵێ: «من ناتوانم هۆنراوە بنووسم... نایشتوانم وێنە بکێشم ... بەڵام دەتوانم ساز و ئاواز لێ بدەم... بابە گیان من لە خوداییەوە فێری ساز و ئاواز بووم!».

وا دەهاتە پێش چاوی باوکی... ئەم منداڵە بچووکە، (ولّفگانگ)، چەند سەیر بوو!... هیچ ڕۆژێک نەبوو سەد جار دەست نەکاتە ملی باوک و دایکی و لێیان نەپرسێت: ئایا خۆشیان دەوێت یان نا؟.

جاری وا هەبوو باوکی حەزی دەکرد بیدوێنی و ،بیبزوێنێ لەبەر ئەوە پێی دەگوت: نەء خۆشم ناوێیت... کەچی زۆری پێ نەدەچوو منداڵەکە چاوەکانی دادەگیرسان و پڕیش دەبوون لە فرمێسک... لێوەکانیشی دەستیان دەکرد بەلەرزین... بەڵێ، وولّفگانگ، تا ئەم

(١) لە ڕاستیدا (فۆلفگانگ ئەمادیۆس مۆتسارت) کە بە(خۆشەویستی خوا)ش ناودەبرا، لە ٢٧ی کانوونی دووەمی ١٧٥٦دا لە دایکبووە، بەر لەمەیش بەپێنج ساڵ (ماریا ئانا)ی خوشکی لە دایکبوو، ئەم دووانە پاش حەوت منالّی تر هاتن کە هیچیان بۆ دایک و باوکیان نەمابوونەوە. ماریای خوشکیشی هەروەک مۆتسارت لە بواری هونەری مۆسیقادا لێزان و هەڵکەوتوو بووە بەڵام لە بلیمەتیدا نەدەگەیشتە ئەو.



ئەندازەیە دڵی ناسک بوو زوو هەستی بەشت دەکرد... شت زوو کاری لە دڵی دەکرد... هەرچەندی دەکرد خۆی پێ چارە نەدەکرا... هەر ئەوەندە گوێی لە ئاوازێک بووایە، کە لە کەڕەنایەکەوە بهاتایە دەرەوە، دەستبەجێ دڵی دادەخورپا!...

هەر لە منداڵییەوە دیار بوو کە ژیان بۆ ولّفگانگ سەخت دەبێ چونکە هەستی وا ناسک بەهەر کەسێکەوە بێ، بەزەیی بەخاوەنەکەی خۆیدا نایەتەوە، تووشی خەفەت و ئازاری دەکات... بەڵام... هەرچۆنێک ڕۆژگار دەیەوێ، بام بیکات... پێی ناوێ خۆی بەخەموخەفەتەوە بتلێنێتەوە، هەر لەبەر ئەمەی کە ژیانی بەسەخت لێ دەڕوا!؟... ئەو کە منداڵێکی هەڵکەوتوو بێ، کە منداڵێکی بلیمەت و پێگەیشتوو بێ، بەسیەتی... کەواتە بام خەریکی ساز و ئاوازەکەی خۆی بێ... لەگەڵ بلیمەتییەکەی خۆیشیدا هەڵ بکات!...

## ساز و ئاواز بۆ خونکاران و شاهەنشاهان لێ دەدات!...

«مۆزار» ، کە گەیشتە تەمەنی چوار ساڵان، دەستی کرد بەهەڵبەستنی پارچەی ساز و ئاواز کە لەسەر (پیانۆ) لێ دەدران... ئەو پارچانە تا ئیمڕۆکەیش ماونەتەوە!.[1] کە تەمەنی گەیشتە پێنج ساڵان پارچە ساز و ئاوازێکی وا گرانی دانا کە پیانۆ لێدەرێکی ئاسایی پێی نەدەکرا لێی بدات کەچی خۆی دانەرە بچکۆلەی منداڵ، دەیتوانی لێی بدات!... بلیمەتییەکەی موزار بلیمەت نەبوو، هەموو کەسی دەهێنایە سەرسوڕمان!...

بەباوکەکەیان گوت: «ئەم منداڵەی تۆ گەنجینەیەکی بەنرخە! بەقسەی ئێمە دەکەیت کوڕەکەت هەڵبگرە لەگەڵ خۆتدا و بڕۆ بۆ گەشتێک، بگەڕێ بەناو کۆڕی خونکارە گەورەکانی ئەوڕوپادا.

(١) زۆربەی ئەو زانیاریانەی دەربارەی مۆتسارت دەنووسرێن لە ڕێی ئەو نامە و یاداشتانەوەن کە کاتی خۆی ئەوانەی ناسیویانە لەبارەیانەوە نووسیوە لە نامەی کەسێکی مۆسیقازانی ناو کۆشکی شاهانەی نەمسا بۆ خوشکەکەی مۆتسارتی ناردووە -دوای مردنی- دەڵێ: ڕۆژێک لەگەڵ باوکیدا چووینە ماڵەوە، کە ڕوانیمان مۆتسارت لەسەر کورسیەکە و خەریکی نووسینە، تەمەنی چوار ساڵ بوو، کە دیقەتمان دا خەریکی نووسینی نۆتەی پارچە مۆسیقایەکە، سەر سامبووین لە نووسینەکە و لە قورس و گرانی نۆتەکە، پێمان گوت: ئەمە کارێکی چاکە بەڵام هێندە قورسە لێدان و دەرهێنانی بەمۆسیقا زۆر گرانە، کەس نایزانێ، وەڵامەکەی ئەویش ئەوەبوو، چووە سەر پیانۆکە و دەستی بەلێدانی کرد و وتی: ڕاستە، گرانە، بەڵام ئەمە وای لێ دەکات ببێتە (کۆنشرتۆ)- یانی دایلۆگێک لە نێوان تەنیا ئالەتێکی مۆسیقا و هەموو ئۆکیستراکە- هەروا جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە تەنیا مەشقکردنێکی ورد و بەردەوام وا لە پیاو دەکات لێی بزانێ و تیاشارەزا بێ... جا ئەوکاتە ئاسان دەبێ.

کچە بچکۆڵەکەیشت، هەروەها لەگەڵ خۆتدا ببە... چونکە ئەویش بلیمەتێکە وەک «مۆزار»... ئەوەندەی پێ ناچێ پارەت بەلێشاو دەست دەکەوێ... بێ گومان هەر کەسێ بیانبینێ، پێیانەوە گەشکەدار دەبێ... لە هەموو لایەکیشەوە دیاری و شیرینی و ماچ کردنیان بەسەردا دەرژێ!...» . لیۆپۆلدی باوکیش یەک و دووی لێ نەکرد، بەقسەی دۆستەکانی خۆی کرد... هەر دوو منداڵە کوڕ و کچەکەی خۆی لەگەڵ خۆیدا برد بۆ شاری (میونخ)، تا لەپێش دەم «ماریاترێزا»ی شاژنی «نەمسە»دا ساز و ئاواز لێ بدەن!.

لە شاری «هیدڵ بێرگ»دا، پەنجەکانی «وڵفگانگ»ە بچکۆلە کشان[1] بەسەر (ئەرغەنوون)دا ئەمەندە زیرەکی و چستوچالاکی نوواند، ئەوانەی لەوێدابوون، گەشکەداربوون، سەریان سوڕما و، واقیان وڕما!... لە شاری (فرانکفۆرت)دا کوڕە پچکۆلە و خوشکە بچکۆلەکەی، کە بلیمەتێک بوون بۆ خۆیان، چاویان کەوت بەبوێژی مەزن «گۆتە»... لە فەرەنسەیشدا، ئەمەندە دەست ڕەنگینییان نواند گەورە و خانەدانەکانی ژێر دەستی (مادام پۆمپادۆر)یان گەشکەدار کرد و چاوبەستیان کردن... پاش ئەوە چوونە ئینگیلتەرە و هۆڵەندەیش!... «مۆزار» بەدرێژایی گەشتەکە، تێگەیشتوویی و بلیمەتیی خۆی دەنواند.

هونەرمەندیی لە ئەندازە تێپەڕاندبوو... شاژنەکان هۆگری بووبوون، ماچیان دەکرد... خونکارەکان چەپڵە ڕێزانیان بۆ دەکرد... ڕۆژێکیان پێی هەڵئەنگوت، کەوتە سەر زەوی، ئەو کاتە لەبەردەم شازادە «ماری ئەنتوانێت»دا بوو، کە لەوە پاش بووە شاژنی فەرەنسە... شازادەی کچ، هەڵساو خۆی گەیاندە «مۆزار» و بەرزی کردەوە... منداڵەکەیش گوتی: «سوپاست دەکەم... کاتێ کە گەورە بووم مارەت دەکەم!...» .[2]

(١) پەنجەی بچکۆڵەکانی (وڵفگانگ)....

(٢) کە باوکی هەستی بەبەهرەو توانای منالە بلیمەتەکەی کرد، ویستی ئیدی سنورێ بۆ نەبوونی و نەدارایی خۆی و خێزانەکەی دانێ، جا بڕیاری دا کە ئەو کوڕەی و کچەکەی بەشاران و وڵاتانی ئەوروپادا بگێڕێ تا لە ئاهەنگەکانی شانۆ و سالۆنەکانی پاشا و ئەمیر و دەوڵەمەندانداا پارەیان پێ پەیدا بکات... ئەمەش شتێکی تازە نەبوو لەناو خانەوادەی ئەو جۆرەکەسانەدا، بۆ نموونە: لە مێژووی مۆسیقای ئەوروپادا شتی وا زۆرە؛ باوکی (بیتهۆڤن)ی بلیمەتیش ویستی ئەو کاسبیە بەکوڕەکەیەوە بکات بەڵام ئەو (بەپێی تەمەنی هەڵکشاوی) ملی بۆ ئەوە نەدا تا مۆسیقا بۆ سەرخۆشەکانی مەیخانەکان لێ دات و هونەرەکەی هەرزانفرۆش بکات، جا لە باوکی یاخی بوو و خۆی و بەهرەو هونەرەکەی قوتار کرد. بەڵام مۆتسارتی کلۆڵ لە تەمەنێکدا بوو کە یاخیبوونی نەدەزانی و وەک بەرخ بەدوی باوکیدا ملی دەنا. لە ١٧٦٢دا زنجیرەیە گەشتی پارە پەیاکردنیان دەستدایە؛ باوک و کوڕ =





مۆتسارت

لە تەمەنی شەش ساڵاندا – ١٧٦٢

بەم ڕەنگە مۆزاری منداڵ، بووبووە هەشتەمین سەرسوڕهێنەری جیهان!... نرخزانێکی ساز و ئاوازی ئینگلیز لە بابەت مۆزارەوە گوتبووی: (گەلێک لە ساز لێدەرەکانی کۆشکی شاهەنشاهیی بەریتانیا مردوون کەچی ئەوەندەی منداڵیی مۆزار لە ساز و ئاوازدا شارەزا نەبوون!).

پەککوکە سەریشی جوان بوو بەقژە لوولەکەیەوە!...

هەرچەندە سەری زل بوو، بەڵام ناوازە هەڵکەوتبوو لە ڕاستیدا سەری مۆزار ئەوەندە گەورە بوو، وای دەنواند کە ئەو لەشە پچکۆلەیەی ئەو بۆی ڕاناگیرێ!... ئەو کەللەیە پڕ بوو لە تێگەیشتوویی تەنانەت دۆستەکانی خێزانەکەی، کە بەچرپە لەناو خۆیاندا قسەیان دەکرد، دەیانگوت: (بەزەییمان بەلەشی ئەو منداڵەدا دێتەوە کە هەرچی سوتەمەنییەکی تێدا بێ و پێشکەشی ئەو کەللەیەی بکات، گڕی بڵێسەداری زیرەکییەکەی بیسووتێنێ... لەشی مۆزار بچووکە، ناسکیشە، دەترسێن لەوەی کە بەرگەی ئەو بلیمەتییەی ئەو، ئەو کەللە و مێشکەی ئەو نەگرێ!...

## گەشتەکەی ئیتالیای گەشە بەزیرەکییە بێ ئەندازەکەی دەدات!

کە منداڵەکە کەمێک گەورە بوو، گەشتێکی کرد بۆ ئیتالیا، کە لەو کاتەدا خاکی ئاوازی ناوازە و، سرووشی هونەر و، ئاسمانی ڕازاوە بوو لەو سەردەمەدا ئیتالیا چاکترین خاکێک بوو کە بۆ گەشە پێکردنی زیرەکی و بلیمەتیی (وڵفگانگ) دەست بدات، کە بۆ هێنانەدیی ئاواتەکانی ئەو بەکار بێت چونکە ئەو ئاواتی دەخواست کە (لاسایکردنەوەی بەگۆرانی و ساز و ئاوازەوە دابنێ).

= (شەش ساڵ) و کچ (١١ ساڵ)، لە یەنایردا بۆ میونیخ، لەسیتەمبەر بۆ ڤیەننا و برسبورگ، لە ینایری ١٧٦٣ چوونە سالیسبورگ، لە یۆنیۆی ١٧٦٣بۆ خواروی ئەڵمانیا و بەلجیکا و دوایی بۆ پاریس... وە گەلێ شارانی دی.

واتا (ئۆپرا) هەڵبەستێ بەهیوای ئەوە بوو کە ساز و ئاوازەکانی ئاسمانی لاسایی خانەکان[1] بەزمگاهە بەرێزەکان بگرنەوە. ناوبانگ و ناوونیشانیشی بەهەموو لایەکی جیهاندا بلاّو بکاتەوە.

(مۆزار) هێشتا لە گرێی دووەمی تەمەنی تێپەڕی نەکرد بوو، کە ئەم هەموو هیوا و ئاواتە گەورانەی هەبوو!... ئاخۆ یەکێک ئەم جۆرە هیوا و ئاواتە گەورانەی هەبێ، بەبچووک دادەنرێ؟! نەء هەرگیز بەبچووک دانانرێ!... چونکە هەڵبەستنی ساز و ئاواز و گۆرانیی لاساییکردنەوە (ئۆپرا) بۆ ئەو شتێکی گران نەبوو ئەو (مۆزار) بوو کە توانی سەرکردەیی دەستەیەک لە ساز لێدەران بکات، لە ئاهەنگێکی ئایینیی بەسامدا، کە ئەو نوێژکەرانەی لەوێدا بوون[2] لەبەر بچووکی لەشی، هەرچەندیان دەکرد نەیاندەتوانی ببیبنن!...

هەرگیز دانانی ساز و ئاواز و گۆرانیی لاساییکردنەوە بۆ ئەو گران نەبوو، کە ئەمەندە بیرەوەریی تیژ بوو، ئەمەندە زیرەکییەکەی لە ئەندازەبەدەر بوو، هەموو ئاوازێکی گۆرانیی ئایینیی لەبەر دەکرد، کە لە کلێسای (پەترۆسی پیرۆز)دا دەگوترا، کەچی گۆرانییەکە هێشتا تۆماریش نەکرابوو!... «مۆزار» ئەم گۆرانییە ئەمەندە کاری لێ کرد، لەگەڵ ئەمەیشدا کە هەر جارێک بوو گوێی لێ بووبوو، هەر لەسەر بیرەوەرییەکەی خۆی، بێ کەمی و خستنە سەری، بەتەواوی و وردی، هەر بەچەشنی خۆی، ئەو گۆرانییەی تۆمارکرد!... (پاپا) هیچی بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێ، کە بەدڵخۆشییەکەوە پیرۆزبایی لە (مۆزار) کرد هەروەها کردیشی بەئەندامێک لە دەزگای (سوار چاکانی خاوەن پاژنە زێڕ)دا. کەچی هێشتا (مۆزار) لە چواردە ساڵان تێپەڕی نەکرد بوو!... ئیتر لەو کاتەوە (مۆزار)یان ناو نا: (مۆزاری سوار چاک).

هەروەها (کۆمەڵی ساز و ئاوازی خاوەن ژێ)ی (پۆلۆنیا)ش، ئەندامێتییەکی خۆیان پێ بەخشی!...

---

(١) مەبەستی (شانۆ)یە.

(٢) لەم کاتەدا مۆتسارت بەچاکی فێری لێدان و بەکارهێنانی ئالەتی پیانۆ و قیسار و کەمان ببوو، بگرە لە عازفە کۆنەکانیش باشتر، هەروا دەستی کرد بووە دانانی ئاوازی (مینۆیت) کە بریتییە لە چەند ئاوازێکی لەسەرخۆ و بەویقار کە بۆ ئەو سەمایانە لێدەدران کە هەر بەو ناوەوە بوو؛ لە سالۆنەکانی ئەو ڕۆژگارە.



یەکەم ساز و ئاواز و گۆرانیی لاساییکردنەوە، کە مۆزار داینا لە بابەت کەینەوبەینەکەی خونکار (میژیداتیس)ەوە بوو.

مۆزار لەم هەڵبەستەیدا ئەمەندە سەرکەوت، گوێگر و تەماشاکەرەکانی لاسایی خانەکە، پاش تەواوبوونی ئەو بەزمە لە خۆشیاندا پێیان دەدا بەزەویدا و بەدەنگێکی بەرزەوە و، بەهەستێکی گەرمەوە، دەیانگوت: ( بژی مایسترۆی بچووک)... یەکێک لە نرخزانەکانی ساز و ئاواز بەم بۆنەیەوە نووسی بووی: (دانەری بچکۆلە، مۆزار، لەپێشدا لە جوانیی سروشت ورد دەبێتەوە، دەکۆڵێتەوە، تێ دەگات، پاش ئەوەیش ئەو جوانییەمان لە ساز و ئاوازێکی ناوازە و بێ هاوتادا، بەشۆخوشەنگییەکەوە پیشان دەدات!...).

ساز و ئاواز لێدەر و خاوەن هەڵبەستە ساز و ئاوازەکانیش لەبەر خۆیانەوە ورتە ورتیان دەکرد و دەیانبۆڵاند، دەیانگوت: (ئەم ساز و ئاواز لێ دەرە تازە قەڵایە زۆری پێ ناچێ ئێمە لەبیر هەمووان دەباتەوە!...).

لەگەڵ ئەمەیشدا چیرۆکەکە بەڕەنگێکی وای لێ هات کە خەفەت و سزا ببەخشێ بەمرۆڤ تێکڕا ئەمەیش لە هەموو کەسێک ڕوو دەدات زۆری وا هەیە لە سەرەتای لاوێتییدا ناوبانگ دەردەکات کەچی کە بەساڵدا دەچێ، جیهان وازی لێ دەهێنێ و، وەک منداڵێکی سەیریش سەیری ناکات یاخود وەک بابەتێکی ناوازە و بێ هاوتا یان وەک شاکارێکی لە ئەندازەبەدەر تێی ناڕوانێ.

لە ڕاستییدا ئەمەیش لە مۆزاری بەسەزمان قەوما چەپڵەڕێزان و هەربژێی کۆمەڵانی نەتەوە دەستیان کرد بەکزبوون!... مۆزاریش لە پاش ماوەیەک هەستی بەوە کرد ئەو دەمە مۆزار بووبووە لاو.

ڕیشێکی پەیدا کرد بوو، بەخۆی دەنازی پشتی بەخۆی دەبەست لە پاش ئەمەی چەند ساڵێکیشی بەخت کرد بوو بەخوێندن و لێکۆڵینەوەیەکی بێ پشووەوە، لە سەرەتای دەرکەوتنی بلیمەتییەکەیەوە، تەواو لە خۆی دڵنیا بووبوو هەموو جارێک بەدۆستەکانی خۆی دەگوت: (بڕوام پێ بکەن، دۆستە خۆشەویستەکانم، کەس ئەوەندی من بەتەنگ لێکۆڵینەوە و بایەخ پێدانی ڕووە هونەرییەکانی هەڵبەستی ساز و ئاوازەوە نەبووە. هیچ مامۆستایەکی هونەرمەندی گەورەیش نییە، کە من هەڵبەستراوەکانم، چەند جارێک، نەخوێند بێتەوە و، لێکۆڵینەوەیشم تێدا نەکرد بێ و، تێیشیان نەگەیشتبم).

## ڕەنجەڕۆیی!

بەڵام کاتێ گەیشتە تافی پیاوەتی، زۆری پێ نەچوو، لەوە تێگەیشت کە مرۆڤ، زۆر کەم، نرخی ڕاستەقینە بەکردەوەی یەکتر دەدەن زۆر کەم چاکە و هونەری یەکتری پەسەند دەکەن.

ئەو ڕۆژانەی کە لە تافی منداڵیدا بوو، کە لە هەموو لایەکەوە ئافەرین دەکرا و چەپڵەڕێزانی بۆ دەکرا... ئەو ڕۆژانە بەسەرچوون... هەروەک لەبیر کەسیشدا نەمابنەوە وا بوو... تەنانەت (مۆزار) هاواریشی بوو لەدەست ئەو ناوچەیەی کە ناچار بووبوو تێیدا دەژیا... چونکە کرا بوو بەسەرۆکی تیپێکی ساز و ئاواز لە شارەکەی خۆیدا فرمانی بۆ کڵێسایەک دەکرد.

کەچی مانگانەکەی لە (٢٥) مارک زۆرتر نەبوو!... گەورەی کڵێساکە، بایەخێکی دادپەروەرانەی نەدەدا بە(مۆزار) بەچاوێکی کەمەوە تەماشای دەکرد تیزی بەشارەزاییەکەی دەکرد لە ساز و ئاوازلێداندا: دەمێک بەبیانووی بچووکیی تەمەنیەوە دەمێکیش بەبیانووی نەخوێندنیەوە لە پەیمانگای ساز و ئاوازدا، تا لە پێڕەوییەکانیان شارەزا بێ... هەموو جارێک ئەو ئامۆژگارییەی دەکرد کە تێ بکۆشێ ساز و ئاواز لە شێوەیەکی دروستدا بخوێنێ و فێر بێ... ئیتر (مۆزار)یش لەو وزەیدا نەما... نەیدەتوانی لەمەندە زۆرتر بەرگەی ئەو ڕیسواکردنە بگرێ... لەبەر ئەوە ناچار ما بڕیاری دا شاری (سالیزبۆرگ) بەجێ بهێڵێ.

(مۆزار) بەهیوای ئەوە بوو کە جیهان ئەوی لەبیر نەچوویێتەوە؛ کە ئەو کوڕە بوو لە تەمەنی پانزە ساڵیدا پارچە ساز و ئاواز و گۆرانیی لاساییکردنەوەی هەڵدەبەست کە پێش ئەمەی بشگاتە تەمەنی بیست ساڵی ناوبانگی دەرکرد باوکیشی کە ڕەوانەی کرد، چاوەکانی پڕ بووبوون لە فرمێسک، پێی گوت: «لەگەڵ خودادا بەو هەرگیز لێی جیا مەبەرەوە چونکە لەم کۆمەڵی مرۆڤایەتییەوە، زۆر ڕاستیی تاڵ و ناخۆشت بۆ دەردەکەوێ!.».

لە ڕاستیشدا هەر وای لێ دەرچوو چونکە چارەنووسی مۆزار وا بوو کە هەر لە سەرەتاوە هەست بەڕەنجەڕۆیی خۆی بکات کاتێ کە چووە شاری (میونیخ)، سەردارەکەی شار، بەساردێکەوە تەماشای مۆزاری کرد کە داوای فرمانیشی لێ کرد، گوتی: فرمانم لا نییە بتدەمێ... ئەم سەردارەیش هەر ئەو پیاوە بوو، کە کاتێ (مۆزار) بەمنداڵی هاتە لای و



ساز و ئاوازی بۆ لێدا، ئەمەندە بەدڵیدا چوو، وەک پیاوێکی گەورە و پایە بڵند، چوو بەلای مۆزارەوە، ماچی کرد و کارەکەی پەسەند کرد و، سوپاسی خودایشی کرد کە بلیمەتێکی وەک ئەوی دروست کردووە!... لە هەمووی ناخۆشتریش بۆ مۆزار ئەوە بوو، کە سەردارەکە ئامۆژگاریی کرد: چەند ساڵێک ساز و ئاواز بخوێنێ لە پەیمانگای ساز و ئاوازەکەدا!. (مۆزار)ی لاو ڕووی کردە شاری «ئۆگسبێرگ» ئەو لە دڵی خۆیدا ئاواتی ئەوەی دەخواست، کە ئەو کەسانەی بەهیوای یارمەتییان بوو، هەرچی شارەزا و هونەرمەندە گەورەکانی ساز و ئاواز هەیە لە ئیتالیا و ئەڵمانیا و فەرەنسە و ئیسپانیا و ئینگلتەرەدا، بانگیان بکەنە بەردەمی گرەویان لەگەڵدا بکات!... بەڵام ئەو هەرچەندی دەکرد چارەی ئەوەی پێ نەدەکرا نەیدەزانی چی بکات بۆ خۆی بۆ خۆی مەگەر هەر ئەوەندەی پێ بکرایە، هونەرەکەی خۆی بکردایە بەهۆیەک بۆ کلکەلەقێ بۆ بۆرە پیاوان و، لە شێوەیەکی هونەریی فرۆفێڵبازانەدا دڵی کێش بکردنایە و سەرنجی ڕابکێشانایە، تا پارەیان لێ بپچڕێ!...

بەڵام زۆری پێ نەچوو بیرێکی بەکەللەدا هات ئەویش ئەوە بوو کە بۆچ ساز و ئاواز فێری کەسانی تر نەکات؟... ئاخۆ چەند کەس لە کیژانی دەوڵەمەند و خاوەن سایە و پایە گرفتاری چاوەکانی بووبوون؟... یاخود چەند کەس جوانیی قژەلوولەکەی چاوبەستی کردبوون؟ بێ گومان زۆر کچ لەوانە دێنە لای، ساز و ئاوازیان بۆ لێ بدات و فێریان بکات.

هەروەها هەموو کچێکیان لە ناوەند وانا (دەرس)ەکاندا هەلی بۆ هەڵدەکەوێت، کە سەمای لەگەڵدا بکات، تا لەگەڵیدا لە بزووتنەوە سووک و چستوچالاکە ناوازەکانیدا هاوبەش بێ... بەم ڕەنگە مۆزار دڵی خۆی دەدایەوە کە سامانی دەست دەکەوێت هەرچەندە ئەو ئەو پیشەیەیشی پێ خۆش نەبوو، بەڵام بەو قسانە ئارامی بەگیانی خۆی دەدا چونکە ئەو لە ڕاستییدا هەر بۆ ئەوە دروست کرا بوو، کە ئاواز بۆ گۆرانی گوتن دابنێ، کە سەرکردەیی تیپێکی ساز و ئاواز بکات!. ئەوەندەی پێ نەچوو هەلێکی بۆ هەڵکەوت: لە لایەن پیاوێکی دەوڵەمەندی دەسەڵاتدارەوە بانگ کرایە شاری (میونیخ)، بۆ ئەمەی یارمەتییان بدات لە دانانی ساز و ئاواز و گۆرانیی لاساییکردنەوەیەکی ئەڵمانیدا... ئەمەیش هەلێکی دڵکێشکەر بوو... لەوانە بوو کە تەماشاگاهێکی نەتەوەیی ئەڵمانیی لێ پەیدا بێ...

مۆزاریش دەمودەست چوو بەدەم ئەو بانگەوازە، تا ئەو هەلە لە دەست خۆی نەدات...

چونکە هیوا و ئاواتەکانی دڵی سەرلەنوێ زیندووبوونەوە ماوەیەکیشی ڕابوارد بەوەوە کە ئەو ئاواتانەی بۆ دەچێتە سەر لەبەر ئەوە ئەودەمەی بەخۆشییەوە ڕابوارد... کەچی پیاوە دەوڵەمەندەکە هەرچەندی کرد ئەوەندە هونەرمەندی بۆ کۆ نەکرایەوە کە بتوانن یارمەتیی (مۆزار)ی لاو بدەن لە بەدی هێنانی ئەو ئاواتەیدا... لەبەر ئەوە ئەو کارە باشەیش سەری نەگرت!...

## لەم دڵدارییەوە بازی دەدا بۆ ئەو دڵداری!

(مـــۆزار) ناچار بوو جـارێکی تریش بگەڕێتـــەوە ســـەر وانا گـوتنەوە... لە شـــاری (ئۆگسـبـێـر)دا، هەرچەندە دەسـتکورتیی پێوە دیار بوو، بەڵام ژیانێکی مـام ناوەندیی ڕابوارد، کە بەخراپ دانەدەنرا... چونکە لەو شارەدا خزمێکی ئافرەتی خۆی تووش هات، کە پەرێشان بوو بۆ دڵداری، هەرگیز تیری لێ نەدەخوارد کچەکە تێروپڕ دڵداریی لەگەڵ مـۆزاردا کـرد... هەردوولا پێکەوە خـۆشـیـان ڕادەبوارد... کـاتێ کـە مـۆزار کـۆچی کـرد بۆ (مانهایم) بیرەوەرییەکی پڕ لە باوەش گرتنی خۆش و ماچوموچێکی پڕ لە جۆشی لەگەڵ خۆیدا برد... جا ئەو بیرەوەرییـە ناسک و نازدارانەبوون کـە لە شاری (مانهـایم)دا دڵیـان دەدایەوە، ئەوەندە هەست بەئەرک و ئازاری هەژاری نەکـات کـە لەوێدا تووشی دەهاتن... (مانهایم) خاکێکی ئاو و با سازگار[1] بوو لە کزەبا فێنکە ناسکەکانیدا ئاواز و ژیانی تێدا هەست دەکرا... جا لەم جۆرە ناوچەیەدا (مۆزار) ئەوەندەی پێ نەچوو، کچەکەی خزمی لەبیر چووەوە هەر خەریکی دەستبازی بوو لەگەڵ ئەو کچانەدا کە ساز و ئاوازی فێر دەکردن لەگەڵ ئەو گوڵانەی کۆمەڵایەتیدا خەریک بوو کە ساز و ئاوازە ناوازەکەی کێشی دەکردن... جـا لەناو ئەم پۆلە کچـانەدا مـۆزار، یەکـێکیـانی هەڵبـژارد دەروونی خـۆی پێـشکەش کـرد هەمـوو هەست و تاسەیەکی خۆیشی دڵسۆزانە بەرەو ڕوو کـردەوە... ئەو کـچـە ناوی (ڕۆزا کانیش) بوو کچی یەکێک بوو لە ساز و ئاواز لێدەرە گەورەکان... کچەکە، بۆ مۆزار وا دەرکـەوت، کـە کـچـە خـودایەکـە و هەڵدەگـرێ کـڕنووشی نەوازشی بۆ بکێـشێ هەڵدەگـرێ بیپـەرستێ و نیـازی بیری بڵند و هەستی پاک و بەهێزی لێ وەربگرێ هەڵدەگرێ پارچە ساز و ئاوازەکانی خۆی وا هەڵببەستێ کە ڕەوشت و کردەوەکانی کچەکە و سروشتەکەی ئەو دەربخات، کە لەگەڵ قسەکانی کچەکەدا لە ئاسمانی دڵخۆشی و کامەرانیدا گەشت بکات...

---

(١) ئاو و هەوا سازگار...



بەڵام مۆزار گلاراویی پێ کەوتبوو... دڵی تەنگ بووبوو.

نەیدەتوانی بەتەنیا دڵدارییەکەوە دامرکێ نەیدەتوانی لەسەر خۆشەویستییەکی دامەزراو بمێنێتەوە لەبەر ئەوە زۆری پێ نەچوو دڵی لەسەر ئەو کچە لاچوو بەتایبەتی لەپاش ئەوەی کـــە کـــچـــێکی چاو پێکەوت، دەنگی وەک زێڕ دەزرنگایەوە ئەم کـــچـــەیش ناوی (ئەلویشیاویبر)بوو لە خێزانێکی هەژار بوو.

لە سامانی ساز و ئاواز کچەکەیش (ساز و ئاواز و گۆرانیی لاساییکردنەوە)ی دەخوێند و فـێـر دەبوو (مـۆزار)یش بەرەو پیـریی چوو کـە تەختی شـاهەنشـاهیی دڵی خـۆیشی پێشکەش کرد، ئاهەنگێکی گێڕا، بەو بۆنەیەوە ئاوازی گۆرانییەکی هەڵبەست و، بەدیاری بەکچەکەی پێشکەش کرد!...

ئیتر لەوساکەوە، مۆزار سرەوتی لێ بڕا هەموو دەمێک بیری لەو کچە دەکردەوە هەموو کاتێ هۆشی بەوەوە خەریک مابوو!...

(ئەلویشیا )یش بیری لەوە دەکردەوە کە کۆچ بکات بۆ ئیتالیا تا خوێندن و فێربوونەکەی خـۆی تەواو بکات مـۆزاریش کـە بەوەی زانی، بڕیاریدا، کـچـەکـە بۆ هەر کـوێـیـەک بچێ، دوای بکەوێ، تا هەتا دەمرێ لە نزیکیەوە بێ!... مۆزاریش لە خەو و ئاواتی خۆی خەبەری نەبووەوە، تا بـاوکی بەوەی زانی و، بەهەڵەداوان خـۆی گەیاندێ و پێی گـوت: (چۆن دەبێ دوای کـچـێـک بکەویت بۆ ئیـتـالیـا و هەر لەژێر فـەرمـانی ئەودا بیت؟... بۆچ تۆ نۆکـەری ئەویت؟... ئەی دوارۆژی خـــۆت چی لێ دەکـــەیت؟... پێت خـــۆشـــە مـــارەی بکەیت و هەردووکیشتان لە هەژاری و نابووتیدا بژین و، منداڵتان ببێ و بەهەژارییەوە بتلێنەوە؟... نە ء... نابێ ئەمە بکەیت.

پێویستە بەبێ ژن بمێنیتەوە، تا ئازاد بیت لە خەباتکردنتدا بۆ دوارۆژی خۆت!...

باوکی ئامۆژگاریی کرد بچێت بۆ (پاریس) تا لەوێ لەسەر دەستی مامۆستایانی ساز و ئاوازدا فـێر ببێ وانای ساز و ئاوازیش بڵێتەوە بەشاگردە سەرەتاییەکان، تا بەهۆی مزی ئەوانەوە گـوزەران بکات... هەمـوو مـەبەسـتـێکی باوکـیشی ئەوە بوو کە دڵنیـا بێ لەوەی (مۆزار) لەسەر خەباتی خۆی بڕوات کەینەوبەینەی هەرزەکارییش لە کار و فرمانی خۆی نەخـات بابەتی بەزمـورەزمی ڕەگـەزبازییش تەگـەرە لە خـەباتەکـەی نەدات... ئەگـەر بەزمـوڕەزمی ڕەگـەزبازیـیشی هەبێ، دەربەست نایێ، بەڵام بەمـەرجێ: هەر لەشی خـۆی پێشکەش بکات، نەک گیانی!... ناشێ گیـانی خۆی بخاتە کۆتە و زنجیرەوە و تا سەر لە

زینداندا بیهێڵێتەوە!... لەبەر ئەوە باوکی (مۆزار) بڕیاری دا کە سرەوتی تایبەتیی خۆی لە پێناو پێگەیاندنی ئەودا بەخت بکات بڕیاریدا دایکی(وڵفگانگ) لەگەڵ کوڕەکەیدا، مۆزار، بچێت بۆ (پاریس)، بۆ ئەمەی لەوێ خەمی سرەوت و پێگەیاندنی بخوات...

## لە پاریسدا وانای ساز و ئاواز فێری کچان دەکات!

بەم ڕەنگە مۆزار لەگەڵ دایکیدا چوو بۆ (پاریس) لەوێدا تووشی ئەرک و ئازارێکی زۆر بوو بەدەست فێرکردنی ئەو کچانەوە، کە لە ڕاستیدا ساز و ئاواز فێربوونیان لێ نەدەوەشایەوە، کە لە کانی دڵیشیانەوە ئارەزووی ساز و ئاوازیان نەبوو ئەوانە لەو جۆرە کچانە بوون کە بەو چاوەوە سەیری ساز و ئاوازیان دەکرد کە خۆیانی پێ بڕازێننەوە، کەخۆیانی پێوە دەربخەن لەبەرئەوە وانا گوتنەوەکانی ئەو بەرێکی وایان نەدا کە ئاواتی بۆ دەخواست... مۆزار نووسی بۆ باوکی: (کچە پاریسیەکان هەموویان پڕوپووچ و بێ مێشکن لە کۆڕی ساز و ئاواز فێربووندا... هەرچەند دەست دەکەن بەساز و ئاواز لێدان، هەر خەمی ئەوەیانە کە پەنجەکانیان بەچستوچالاکییەکەوە دەربکەون، بەناسکی و جوانییەوە کەچی گوێ نادەنە ڕاستی و دروستیی ئاوازەکان بایەخیش نادەن بەپێویستیی ساز و ئاواز لێدان!...). بەم ڕەنگە مۆزار ئەمەندە وەڕس بووبوو لە دەست ژیانی ناو پاریس کە ناوی نابوو (شاری ئێستران).

ئەگەر جەربەزەییە مێبازییەکانی نەبووایە و، گرەوەکانی یاریی بلیاردۆ خەریکیان نەکردایە، لە داخاندا شەقی دەبرد!...

لەو سەردەمەدا خەریکی هەڵبەستنی (سیمفۆنی)یەکانی بوو.

بەڵام گوێی نەدەدایە ئەوەی کە ئەو (سیمفۆنی)یانە لەلایەن فەڕنسییەکانەوە پەسەند دەکرێن یان نا چونکە ئەو ئەوانی بە(ئێستر) دادەنا، بەپێویستی نەدەزانی گوێ بداتە بیروباوەڕیان!.

تەنانەت ئاواتی بۆ ئەوە دەخواست کە پاریس بەجێ بهێڵێ!... زوو بەزوو. ڕۆژگاریش دوو کارەساتی بۆ هێنایە پێشەوە کە پەلەپەلیان لەم کۆچ کردنەی کرد: یەکێکیان ئەوە بوو: دایکی مرد... یەکێکیشیان ئەوە بوو کە جێگای سەرۆکی تیپێکی ساز و ئاواز لە (سالیزبۆرگ)دا بێ کەس مایەوە باوکیشی بۆی نووسی و هانەیدا کە ئەو جێگایە پڕ بکاتەوە مۆزاریش ئەوەندە لە پاریس دڵی شکابوو دەیویست لێی جیا ببێتەوە یەک و دووی لێ نەکرد، ئەو جێگایەی وەرگرت بەڵام ئەو ئەوەی لە ناچارییەوە بوو.



چونکە هەر ئەوەندە لە شاری (سالیز بۆرگ)دا دامەزرا، سەرنجیدا: ئەو شوێنە بۆ ئەو دەست نادات و، زیرەکی و بیلمەتیی لەناو دەبات و، گیانیشی ئازار دەدات تەنانەت پاریس بەهەموو کەموکووڕییەکیەوە کە هەیبوو، لە چاو (سالیز بۆرگ)دا، بەلای مۆزارەوە، وەک بەهەشت وابوو!.

ئەم جارە لە شاری (میونخ)ەوە کۆمەکی کرا دیسانەوە بۆ ئەوێ بانگیان کردەوە لەوێ کە پارچە گۆرانی و ساز و ئاوازی لاساییکردنەوەیان بۆ بنووسێتەوە ئەمجارە سەردارەکە خۆی بانگی کردبوو مۆزاریش گەیشتە ئەوێ دەستی کرد بەدانانی پارچە گۆرانی و ساز و ئاوازێکی لاساییکردنەوە، بەناوی (ئیدۆ مینیۆ)وە، کە چیرۆکەکەی لەسەر بنچینەی چیرۆکێکی ئەفسانەی شاری (کریت)ەوە دامەزرابوو... سەرلەنوێ ئاواتەکانی گەشانەوە لە بابەت ناوازەیی ساز و ئاوازەکەی و پایە بڵندییەکەیەوە بۆ باوکی نووسی... بەڵام باوکی، شارەزابوو لە ژیان، پیاوێکی تێگەیشتوو بوو هەموو دەم ئامۆژگاریی مۆزاری دەکرد کە خۆی بپارێزێ لە بابەتی ئەندێشە و خەو و ئاواتی بێ جێ ئەوەندە ماوە بەو شتانە نەدات کە هەڵەی پێ بکەن پێویستە هەر بیر لە (گرفتاری ساز و ئاواز و گۆرانی) نەکاتەوە هەروەها بیر لە بۆرە پیاوانیش بکاتەوە، کە ئەوەندە لە بابەتی ساز و ئاواز و گۆرانی تێ ناگەن دەبێ گۆرانییەکانی و ساز و ئاوازەکانی بەدڵی ئەوانیش بن مۆزاریش بەم جۆرە وەرامی باوکی دەدایەوە، دەیگوت: (مەترسە لەوە چونکە ئەو پارچەیەی دایدەنێم بەشی هەموو چینێک ساز و ئاواز و گۆرانیی تێدایە!). مۆزار خۆی لەناو ئاوازەکانیدا دەتواندەوە تازە بڕیاری دابوو: ئەو پارچە ساز و ئاواز و گۆرانییەی بۆ لاساییکردنەوە دایدەنێ، دەبێ بگاتە پۆپەی سەرکەوتن!...

## جیهان پایەی هەڵکەوتووەکان بڵند دەکاتەوە کەچی نانی شەویشیان ناداتێ!

کەچی پارچە ساز و ئاواز و گۆرانییەکەی کە هی لاساییکردنەوە بوو سەری نەگرت... ناچاربوو گەڕایەوە (سالیزبۆرگ)، کە لەژێر دەستی کەشیش (هیرۆنیمس)دا فرمان بکات... بۆ دڵ ودەروونی وڵفکانگ ئەم دەمە، لە هەموو دەمێک ناخۆشتربوو.

ئەگەر لەوە نەترسایە کە باوکی دڵی لێی دەشکێ، بێ لێکدانەوە، شەقێکی لەم فرمانە هەڵدەداو ڕیسوایشی دەکرد!. چونکە مۆزار و کەشیشەکە ناوەندیان زۆر ناخۆش بووبوو هەردوولا حەزیان لە یەکتر نەدەکرد تەنانەت کەشیشەکە بۆ ئەمەی مۆزار تەنگەتاو بکات، ڕێی نەدەدا: ئاهەنگی گشتی لەسەر ئەرکی خۆی بکات. مۆزار هەر کارێکی لەملاو

لەولاوە پەسەند بکرایەو، هەر ڕێزێکی لە کەسانی ترەوە بگیرایە، کەشیشەکە ئەوەی بەهەڵێک دادەنا، بۆ ئەمەی سەرزەنشتی بکات و تەنگ و چەڵەمەی بۆ دروست بکات! باری مۆزار بەم جۆرە بوو، تا چارەنووس هەلێکی دەست ساز و ئاوازلێدەری لاو خست. ئەوەیش لەسایەی نووکە شەقێکەوە پێک هات!. لەبن دەستی کەشیشەکەدا فەرمانبەرێکی پایە بڵند هەبوو. لووتی ئەویش وەک لووتی خانەدانە دەسەڵاتدارەکان بڵندبوو.

ڕۆژێکیان ڕقی لە ساز و ئاوازلێدەری لاو هەڵسا، شەرمی نەکرد لە خۆی، شەقێکی پیاداو فڕێی دایەدەرەوە بۆ جیهانەی کە پایەی فرمان، مۆزاری لەو بێ بەش هێشتبووەوە!...

لە پاش ئەم کارەساتە نەنگە، ساز و ئاوازلێدەری لاو کۆچی کرد بۆ (ڤییێننا). ئەو کاتە تەمەنی بیست و پێنج ساڵ بوو لە بلیمەتیدا پێگەیشتبوو بەڵام وایشی لێ هاتبوو مرۆڤایەتی و جیهانی ڕیسوا دەهاتە پێش چاو... تیزی پێ دەکردن... بەچاوی سووک سەیری دەکردن... لەگەڵ ئەمەیشدا هەموو دەم چاوەکانی بریسک و هووڕیان دەهات، پڕبوون لە پێکەنین بەدڵ و گیانیش باوەڕی بەو دواڕۆژە بوو کە ئاواتی بۆ دەخواست بێجگە لەمە دەستی کردبوو بەدانانی هەندێ پارچەی ساز و ئاوازی نەتەوەیی، کە دووبارە ناوەکەی خستەوە سەر زمانی هەمووان کە ناوبانگی پێ سەندەوە!. ئەمەیش بوو بەهۆیەکی تری ئەو هیوادارییەی!. لەو کاتەدا، بەڕێکەوت، تووشی ئەو کچە بوو کە بەپەرۆشەوەبوو لە هەڵگەڕانەوەی بەخت و باوەڕکردن بەخۆیدا هاوبەشیی بکات... لەو بابەتەوە بۆ باوکی نووسی: (بێ گومان ئەم کچە ئەلویشیاویبەر نیە چونکە ئەلویشیا چووە بۆ ئیتالیا... تۆ بڵێی ئەمیش یەکێک بێت لە خوشکەکانی ئەو؟... بەڵێ بابە، وایە... دامەچڵەکێ لەم کارە تەگەرەیشی تێمەدە... ئەم کچە (کۆنستاترا)ی ناوە خوشکە پچکۆلەی ئەلویشیایە...) ئەم کچە بەپێچەوانەی خوشکەکەی، جوانییەکی ئەوتۆی نەبوو بەڵام دوو چاوی پێوە بوو، کە دەیاننواڕییە مرۆڤ کاریان لە کانگای دڵی دەکرد بەژن و باڵایشی شووشەیی و ڕێکوپێک بوو ئەندامەکانیشی لەگەڵ یەکتردا بەجوانی ڕێک کەوتبوون... بێجگە لەمانە دەروونێکی بەهێز و هەڕەت و گیانێکی باشیشی هەبوو... جا بۆ ئەمەی هەردوو خۆشەویستەکە لە تەگەرە لێدانی خێزانەکانیان بەدووربن خۆیان دەرباز کرد!... سەیر ئەوەیە (مۆزار) لەم دەربازبوونە نیازی نووسینی پارچە ساز و ئاوازێکی هاتە دڵەوە دەمودەست پارچە ساز و ئاوازی (هەڵاتن لە سیراجیلۆ)ی دانا و نووسییەوە زوو بەزوو بەخت بەپیریەوە هات ئەو ئاواتانەیش کە بەدرێژایی تەمەنی خۆی چاوەڕوانی ئەوە بوو بێنەدی، هاتنەدی:



ناوونیشانی بەباشی دەرچوو ناوبانگی دەرکرد کۆمەڵانی گوێ گران و تەماشاکەرانیش پڕ بەدڵ چەپڵە ڕێزانیان بۆ ئەم پارچە ساز و ئاوازەی دەکرد بەکوڵی دڵەوە پەسەندیان دەکرد لە هەموو لایەکەوە سەریان سوڕمابوو لە زیرەکی و بلیمەتیی مۆزار و شاکارە نایابەکەی...

مۆزار بەهۆی ئەم سەرکەوتنەیەوە سامانێکی باشی دەستکەوت.

بەڵام سامانێکی ڕێزلێ گرتن و پەسەندکردن بوو هیچی تر، هیچ پوول و پارەیەکی دەست نەکەوت! لەو سەردەمەیشدا مافی پارچە دانان و هەڵبەستن هێشتا لەلایەن یاساوە ددانی پێدا نەنرابوو لەبەر ئەوە کارگێڕی تەماشاخانەکە دەستکەوتەکەی، هەمووی، بۆ خۆی برد!...

ئەو پارچە ساز و ئاواز دانەرەیش کە نەیزانیبایە چۆن ببێتە پیاوی خاوەن کاروبار، هەر ئەوەندەی بۆ دەمایەوە کە لە ناوەند چەپڵەڕێزانی تەماشاکەراندا لە پرسدا بمرێ!... ئەو کاتە جیهان وابوو: هەڵکەوتووان و تێگەیشتووانی دەخستە سەر پایەی گەورەیی، ڕێزی لێ دەگرتن، بەڵام باکی نەبوو لەوەی کەلە برسدا بیانکوژێ دەست قووچاو بوو لە ئاستیاندا، نانی شەویشی پێ ڕەوا نەدەدین!...

## بەرەنگاریی هەژاری و بەدگۆیی چاوپیسانی دەکرد!

مۆزار بەرەودوای ئەو سەرکەوتنەی- ئەگەر بەسەرکەوتن دابنرێ- سەرکەوتنێکی تری هێنایە ناوەوە پارچەی (ژن هێنانی فیگارۆ) تۆماری ئەو سەرکەوتنەی کرد ئەم پارچە ساز و ئاوازە، پارچە ساز و ئاوازی (سەرتاشی ئیشبیلیە)ی تەواو دەکرد نەتەوە لە (پڕاگ)دا بەجۆرێکی وا ڕێزی لە دانەری ئەو پارچە ساز و ئاوازە دەگرت، کە هەتا ژیا لەبیری نەچووەوە ئەو تەماشاکەرانە هەموویان لەسەر ئاوازی (فیگارۆ) سەمایان دەکرد و هەڵدەپەڕین. هەرچەند گفتوگۆیان دەکرد هەر لە بابەت (فیگارۆ)وە بوو.

هەرچەند لە ساز و ئاواز دەدوان ناوی (فیگارۆ)یان دەهێنا هەرچەند ناوی گۆرانییان دەهێنا (فیگارۆ)یان دەکەوتەوە یاد هیچ نەبوو لە ئارادا، (فیگارۆ) نەبێ (فیگارۆ) بووبووە قسەی سەرزمانی هەموو کەسێک، قسەی هەموو دەمێک (مۆزار) خۆیشی لەسەر ئەو ئاوازە سەمای دەکرد. بەیانییەکیان هاوڕێیەکی هاتەلای و لە ناکاو دای بەسەریدا کە تەماشای کرد مۆزار وەک شێتی لێ هاتووە، بەناو ژوورەکەی خۆیدا سەمادەکات و سووڕدەخوات ئەمەندە بەپەرۆشە لە سەماو سووڕ خواردنەکەیدا ئاگای لە خۆی نەماوە!...

هەڵکەوتووی لاویش کە چاوی بەهاوڕێکەی کەوت، بەزەردەخەنە و شەرمێکەوە پێی

گوت: (ئەمە ڕێگەیەکی ئابوورییە بۆ خۆ گەرم کردنەوە خۆت دەیزانیت سەرماکەی توند و تیژە و ئێمەیش سووتەمەنیمان نیە!...).

ئەوەندە هەبوو هەر هەژاری نەبوو کە بووبێتە بەرهەڵست لە ڕێگای (مۆزار)دا و خەباتی کردبێ بەرەنگاریی بکات و لە ناوی ببات.

ساز و ئاواز لێدەرەکانی (ڤییێننا)یش لەبەر سەرکەوتنەکەی چاویان پێ هەڵنەهێناو قینیان لێ هەڵگرت لەبەرئەوە دەستیان کرد بەتوانج و پلار تێ گرتنی: دەیانویست بەخۆڕایی بەدناوی بکەن تەنانەت بۆ ئەوەیش تێکۆشان کە دڵی شاهەنشاهی نەمسەی لێ بشکێنن!. مۆزاریش ئەوەندەی سەر ڕاست و دەروون پاک بوو، ئەوەندە دووربوو لە فڕوفێڵبازی و زرنگ کارییەوە لە جیاتیی ئەمەی هوروژمی چاو پێ هەڵنەهێنەرەکانی خۆی، بەهوروژمی خۆی بەرەنگاری بکات، دەچوو خەم و خەفەت و ئازارەکانی دڵی خۆی دەخستە شێوەی ساز و ئاوازەوە ناوازەترین پارچە ساز و ئاوازی خۆی لەو کاتەدا نووسییەوە ئەو پارچە ساز و ئاوازەیش ناوی (دۆن جیۆڤانی) بوو: چیرۆکی (دۆن جوان)، ئەو لاوە ئازا و بەجەرگەی کە خۆی فڕێ دابووە هەزار جەربەزەیی دلدارییەوە.

بەڵام لە پاش ئەوەی گەیشتبووە هەزار و یەکەمی جەربەزەییەکەی – کە ئەویش گرێی چیرۆکە کەیە– بوو بەپیاوێکی بەدخوو.

زۆری پێ نەچوو باوکی یەکێک لە دۆستە کچەکانی خۆی کوشت، بۆ ئەمەی هەڵ بێ لەگەڵیدا کەچی زۆری پێ نەچوو لە کچەکە جوێ بووەوەو چوو بەلای کچێکی ترەوە!... بەڵام هەرچەندی دەکرد لە ئەنجامی کردەوەکەی خۆی ڕزگاری نەدەبوو بەسەرهاتی ڕابوردووی هەر بەدوایەوە بوو، وازی لێ نەدەهێنا لە ناکاو ئەو پیاوەی کوشتبووی لە گۆڕەکەی هاتەدەرەوە تا تۆڵەی لێ بکاتەوە!...

نووسەری ئەم چیرۆکە پڕ ساز و ئاوازەیش هەر لەو دلدارەی دەکرد کە تووشی ئەم مەرگەساتە بووبوو! گوناهی (مۆزار) هەر ئەوە بوو کە گرفتاری ساز و ئاواز بووبوو!... بەڵام زۆریش دوور بوو لە پاڵەوانی چیرۆکەکەی: چونکە ئەم خراپەی لەگەڵ کەسدا نەکردبوو کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا کەسانی وا هەبوون دەیانویست سەر ئەنگریی بکەن!... ئەوەتی هەبوو، مۆزار، ساز و ئاواز و گۆرانییەکانی، ئەوەندەی ئەم پارچەیەی پڕ ئاوانەی دڵگیر و سازی شیرین نەبووبوون ساز و ئاوازەکەی مۆزار لە چیرۆکی (دۆنجیۆڤانی)دا، جوانیی تیشکی مانگی شۆخ و شەنگی دەنوواند کە لە درەختی ئەرخەوان دەدات لە گۆڕستانەکاندا!...



کاتێ کە چیرۆکی (دۆن جیۆڤانی) بۆ یەکەم جار لەسەر تەختی تەماشاخانە پیشاندرا، تیپی ساز و ئاوازەکە بەقیژەی بۆڕێ کانیان پێشوازییان کرد هەروەک مۆزاریان بەشاهەنشاهێک دانابێ وابوو!...

دانیشتووانیش بەیەک دەنگ گوتیان: (هەربژی مۆزار).

مۆزاریش بەزەردەخەنەیەکی لاوانەوە، خۆش هاتنەکەی بۆ سەندنەوە بەڵام بەداخێکی دەروونییەوە دەستی کرد بەوورتەوورت کردن لەبەر خۆیەوە گوتی: «ئەمانە دەیانەوێ چی بلێن؟... من هەر وامدێنە پێش چاو کە دەڵێن: بام مۆزار لە برسدا بمرێ!...». لەو کاتەدا ناوبانگ و ناونیشانی گەیشتبووە ئەوپەڕی جیهان... تەنانەت شاهەنشاهیش هیچی بۆ نەمابووەوە ئەوە نەبێ کە دان بەگەورەیی و سەرکەوتنی (مۆزار)دا بنێ ئەویش دەستی خۆشەویستیی بۆ درێژ کرد فرمانێکی پچووکیشی بۆ دۆزییەوە لە کۆشکی شاهەنشاهی بەڵام بۆ ئەمەی ساز و ئاواز لێدەرەکانی تر دڵیان نەشکێ، زۆر بەتەنگ ئەوەوە بوو کە ئەوپایەیەی بەمۆزاری دابوو، نەنرخێکی هەبێ، نە دەسەڵات!... مۆزاریش بەوە دڵی زۆر ڕەنجا چونکە هەستی پێ کرد، شاهەنشاه بۆیە ئەو پایەیەی دابوویێ کە لە دەست برسێتی ڕزگاری بکات، کە خۆیشی لە دەست گلەیی کردنی نەتەوە بپارێزێ، کە خۆیشی بەپیاوێکی چاک و بەخشندە پیشان بدات!... مۆزاری بەسەزمانیش، ناچارما، سەربەرزیەکەی خۆی قووت بداتەوە، ئەو پیاوەتییەی بۆ شاهەنشا پەسەند کرد!...

بەڵام چەند کەسێکی دەروون پاکیش لە سەریان کردەوە و، لەبەر ئەو کردیانەهەرا لە شاری (سالبزبۆرگ)دا کە زۆر دووریش بوو لە (ڤییێننا)وە، پیاوێکی پیری پەک کەوتە، بەکزی و سستییەکەوە، خۆی گەیاندە (لیۆپۆڵد مۆزار)ی باوکی، فرمێسک بەچاوەکانیدا دەهاتە خوارەوە، کە چرپاندی بەگوێچکەیدا پێی گوت: ( بەسەری خۆم و بەسەری خودا سوێند دەخۆم: ئەوەتی جیهان هەیە ساز و ئاواز لێدەر و ساز و ئاواز دانەری گەورەی وەک کوڕەکەی تۆی نەدیوە!.). بەڵام ئەو کاتە قسەکانی ئەم پیاوە کاری نەدەکرد نرخیان پێ نەدەدرا... چونکە نە شاهەنشا بوو. نە دەوڵەمەندێکی دەسەڵاتدار بوو هەر ئەوەندە بوو کە هاودەردێکی (مۆزار) بوو کە بەدەست سپڵەیی مرۆڤەوە دەتلایەوە ئەو پیاوەیش ناوی (جۆزێف هایدن) بوو کە لەوەپاش پێی گوترا: (باوکی سیمفۆنی)!...

## ناوبانگێکی بێ سامان!

دڵی مۆزار تووشی ئازارێکی بێ ئەندازە بوو ئەو پایەیەی کە هەر بەڕووکەش پایە بوو، دڵی زۆر ڕەنجاند... ئەگەر مۆزار ڕێزی لە خۆی نەگرتایە، نەیدەتوانی گوزەران بکات!... ئەوەندە هەبوو ماوەیەکی دوور و درێژی پێ نەچوو، کە ئەو فرمانەیشی لە دەست چوو چونکە شاهەنشا مرد جارێکی تریش مۆزار کەوتەوە دەستکورتی و هەژارییەوە هیچی بۆ نەمابووەوە (ساز و ئاوازەکەی و ڕێزگرتنی خۆی نەبێ!...). بۆ باوکی نووسی: (ئەگەر جلوبەرگەکانم تەواو شڕوپڕ نەبوونایە، منیش وەک هەموو بێ کارێکی تر دەمتوانی بەناو شەقامەکانی ڤییێننادا بسووڕێمەوە. بڕوایش ناکەم هیچ نۆکەرێک کراسەکەی لە کراسەکەی من شڕوپڕتر بێ... ئاخ!... ئەمەیش سەختە بۆ پیاوێک کە هەست بەڕێز و سەربەرزیی خۆی بکات!...).

جارێکی تریش دەستی کردەوە بەوانا گوتنەوەی ساز و ئاواز. بەڵام هەرچەندی کرد هەر شاگردێکی دەست کەوت!... بێ گومان لە توانایيدا هەبوو کە شاگردی زۆری دەست بکەوێ، ئەگەر بهاتایە ئەرکی پێ خوێندنەکەی کەم بکردایەوە بەڵام چونکە ناوبانگی بەشارەزایی و هونەرمەندی دەرچووبوو، نەیدەتوانی لەوەدا کەم تەرخەمی بنوێنێ مۆزار وای لێ هاتبوو گێژوویژ دەسووڕایەوە بەناو شارەکەدا، هەروەک بەدەم خەوێکی ناخۆشەوە بڕوات بەڕێوە وابوو پاش ئەوە ژنەکەیشی نەخۆش کەوت ناچاربوو بەتەنیشت پێخەفەکەیەوە دابنیشێ دەستی کرد بەهەڵبەستنی پارچە ساز و ئاوازەکان، بۆ ئەمەی پێیانەوە ڕاببوێرێ و خۆی لە دەست وەڕس بوونی زۆر دانیشتن ڕزگار بکات پێش ئەمەی دەست بکات بەنووسینەوەی نیشانە ساز و ئاوازەکان، هەموو بڕگەی ساز و ئاوازەکەی لە مێشکی خۆیدا دەکێشا!... دانانی پارچە ساز و ئاوازەکانی مۆزار بەم ڕەنگە بوون بۆ وێنە لە پارچەی دۆن جیۆڤانی)دا، سەرەتای پارچەکەی هێشتەوە، دای نەنا، تا شەوێک پێش پیشاندانی، ئنجا دانیشت و دەستی کرد بەنووسینەوەی، هەر لەوکاتەدا کە گوێی لە ژنەکەی بوو، هەندێ چیرۆکی ئەفسانەی پێکەنین هێنەری بۆ دەگێڕایەوە، وەک (علاءالدین و چراکەی) و (سەندرێللا)... گەلێک سیمفۆنی و پارچە ساز و ئاوازی تریشی هەر لە ناومێشکی خۆیدا دەنووسییەوە هەر لەناو بیرەوەریی خۆیدا دەیهێشتنەوە و دەیپاراستن، بۆ ئەمەی ئاگری خۆشەویستیی خۆی بەرامبەر ساز و ئاواز خۆش بکات مۆزار هەرگیز ئەوانەی نەنووسییەوە بۆ ئەو جیهانەی کە خراپ تێی گەیشتبوو!...

هەموو بەیانیانێک کە لە خەو هەڵدەسا، لە پێخەفی ژنە نەخۆشەکەی دەهاتەدەرەوە، بۆ



ئەمەی بەسەرپشتی ئەسپەکەیەوە گەشتێک بکات ئەوەیشی کاتێک دەست پێکرد کە پزیشکەکان بەناو شارەکەدا هەروەک بەدەم خەوێکی ناخۆشەوە بڕوات بەڕێوە وریایان کردەوە لەوەی کە تەندروستیی لە تێکچووندایە بەڵام پێش ئەمەی بچێتە دەرەوە، پارچە نامەیەکی بەم واتایەوە دادەنا، لەسەر سەرینی ژنەکەی: (ڕۆژت باش ژنە خنجیلانە خۆشەویستەکەم... هیوادارم کە خەوێکی خۆشت لێ کەوتبێ. وریای خۆتبە سەرما لێت نەدا دوور ناکەومەوە هەر بەم زووانە دەگەڕێمەوە لات!). وا ڕێک کەوت ژنەکەی چاک بووەوە. بەڵام یەجگار کزولاوازی لێ هات بوو مۆزاریش یەجگار پێویستیی بەپارە هەبوو تکای کرد لە شاهەنشاهی نوێ، کە (لیۆپۆڵد)ی ناو بوو، بیکات بەمامۆستا، وانای ساز و ئاواز بەمنداڵەکانی بڵێ. بەڵام هەرچەندی کرد وەرامێکی دەست نەکەوتەوە!... دووبارە دەستیکردەوە بەخۆکوتان بۆ ئەمەی چەند شاگردێک بدۆزێتەوە بۆ خۆی کاتێ کە زانی شاهەنشا خەریکی ئەوەیە بچێ بۆ شاری (فڕانکفۆرت)، تا لەوێ شا کڵاوی بکرێتەسەر، بڕیاریدا بگاتە ئەوێ و ساز و ئاوازەکانی خۆی لێ بدات بۆ کۆمەڵانی نەتەوە، تا هەندێ پارەی دەست بکەوێ لەبەرئەوە ناچاربوو هەندێ کەلوپەلی خۆی بەبارمتە دانا، بۆ ئەمەی پارەی کۆچەکەی دەست بکەوێ.

چونکە هەرچی لەگەڵ دەستەی شاهنشا نەبووایە، بێ پارە، نەدەگوێزرایەوە ئەوشارە!... هەرچییەکی پێ مابوو لە میوانخانە و خواردندا ڕۆیشت هەرچییەکیشی لەوێدا دەست کەوت بوو هەر بەشی ئەو دووانەی کرد کاتێ کە ویستیشی (فڕانکفۆرت) بەجێ بهێڵێ پارەی لە گیرفاندا نەمابووەوە لەبەرئەوە ناچارما خۆی بخاتە بارمتەوە!. خۆی لای سوخۆرێک بارمتەکرد لە بریتیی هەزار(فلۆرین)!...بەو پارەیە خۆی گەیاندە شاری (مینز).

لێرەیشدا بەختەکەی نەیکرد!... ئیتر دەستیا و وەرگرتنی لە ئەندازە دەرچوو پاشان نووسی بۆ ژنەکەی: (... بەم ڕەنگە وەک دەمبینی جارێکی تریش دەستکورت و نابووت بوومەتەوە لە کاتی نووسینی ئەم نامەیەدا هەتا بڵێیت گریام. ئێستا، ژنە خنیلانەکەم، لەپی دەستەکانت بکەرەوە چونکە ماچەکانم وەک بارانی ڕەهێڵە بەسەر سەرتدا دەبارێن...). بەڵام ئاخۆ، مۆزار، بەهەڵەدا نەچووبوو کە ئەمەندە پارەی بەدەستیاو وەرگرت؟... (من چۆن دەزانم نرخی پارە چییە؟... بۆچ هیچ ڕۆژێک بووە کۆمەڵەیەکی گەورەم دەستگیر بووبێ؟ ئای دەستم شکێ بۆ تۆ، گەورەترین ئافرەت و خۆشەویست ترین ژن لەبەر چاومدا داخی بەجەرگم بۆ تۆ ژنە بچکۆلەکەم دوایی بۆت دەردەکەوێ کە گاڵتە بەهەموویان دەکەم و، گومانەکانیشیان بەدرۆ دەخەمەوە!...).

له کاتی هەرە خەم و خەفەت و ناخۆشیی دڵێشیدا ئەوەی لەبیر نەدەچووەوە کە گاڵتەوگەپ لەگەڵ ژنەکەی خۆیدا بکات: (ئەگەر پێت بڵێم چی لەوێنەکەت دەکەم، ئەی ئەوژنەی کە لە هەموو ژنێک جوانتریت، بێ گومان بەکوڵی دڵتەوە دەدەیتە قاقای پێ کەنین کاتێ کە لە بەندینخانەکەی دەیهێنمە دەرەوە دەڵێم: (خودا لێتی پیرۆز بکات ئەی «ستانزرل»... خودا لێت پیرۆز بکات، سەرکێشە بچکۆلەکەم، خانمی لووت باریک) کاتێکیش کە وێنەکەت دەخەمەوە پەناکەی خۆی، بەهێواشی و لەسەرخۆ، لەجێیی خۆی دایدەنێمەوە ئنجا پێی دەڵێم: (هۆ خانم... هۆ... ئێوارەت باش مشکە بچکۆلەکەم خودا بکات بەخۆشییەوە بنوویت!...). ژنە خۆشەویستە خنجیلانەکەم گەلێک تکام هەیە گوێیان لێ بگرە لە پێش هەموو شتێکدا تکات لێ دەکەم: هەرگیز خۆت دڵتەنگ نەکەیت پاش ئەوەیش خەمی لەشی خۆت زۆر بخۆیت لە کزەبای بەهاریش دڵنیا نەبیت!...).

## مردن دۆستێکی ڕاستەقینەی چاکە لەبەرچاوە

زۆری پێ نەچوو مۆزار گەڕایەوە (ڤیێننا)نووسی بۆ ئەندامەکانی شارەوانیی ئەوێ تکای لێ کردن: (لەبەر ئەوەی وەک ساز و ئاواز ناسێک توانایی و شارەزاییم هەیە، لەبەر ئەوەی پارچە ساز و ئاوازەکانم، کە دامناون، لە خاکەکانی دەرەوەدا ناوبانگیان دەرکردووە، لەبەر ئەوەی بەرێزەوە ناو دەبرێم و کار و کردەوەکانم پەسەند دەکرێن، تکا دەکەم دامبمەزرێنن و بمکەن بە(یارمەتی دەرێکی بچووک لەژێر دەستی سەرۆکی ساز و ئاواز لێدەرەکانی کڵێسای پیێر ئیستیفاندا)...

ئەندامەکان کە ئەم خواستە بچکۆلەیەیان چاوپێ کەوت سەریان سوڕما دەمودەست لەو فرمانەدا دایانمەزراند بەڵام وەک ئەندامێکی شانازی، کە مانگانەی نەبێ!. مۆزار بەرەبەرە بەرەو تێکچوون دەچوو ئەندێشەی تاریک و نووتەکیش بەناو مێشکیدا دەهات و دەچوو بیرکردنەوەی مەرگ مێشکی داگیر کردبوو تەنانەت وای لێ هات بوو کە بنووسێ: (لە ڕاستیدا مردن، تەنیا ئامانجێکی بەنرخە لەم ژیانەدا هەر ئەویشە کە دۆستێکی ڕاستەقینە و چاکەدەرەوەبێ!). پاش ئەوە چووە ناو دەستەی (مرۆڤە ئازادەکان)ەوە نەک هەر لەبەر ئەوەی کە بیروباوەڕەکانیان لەسەر بنچینەی مرۆڤایەتی دامەزراوە و خۆیان لەبیر خۆیان دەبەنەوە، دیسانەوە لەبەرئەویش کە باوەڕێکی تەواویان هەیە بەپیرۆزی وبەرزیی مردن!. هاوڕێیەکی وەک خۆیشی هەبوو ناوی (شیکاندر) بوو ئەم پیاوە کارگێڕێکی تەماشاگا بوو پاشان نابووت بوو بەڵام لە بیروباوەڕدا نابووت نەبووبوو ئەمیش بەناوی (برایەتیی پیرۆز)ەوە تکای لە مۆزار کرد کە پارچە ساز و ئاوازێکی (جادووانە)ی بۆ دابنێ، کە



خۆی نووسیویەتیەوە (مۆزار) سڵەمییەوە بەڵام کابرا وازی لێ نەهێنا: مۆزاری دڵنیا کرا، هانەیدا، ئاواتی دەروونیشی تێدا زیندوو کردەوە. کابراکە لە وزەبەدەر پیاوێکی خاوەن هیواو ئاوات بوو!... جا بۆ ئەمەی دڵنیابێ لە وەی کە مۆزار دڵ دەداتە کاروفرمانە تازەکەی خۆی، لە باخچەی تەماشاگاکەیدا خانوویەکی پچکۆلەی بۆ دروست کرد، هەر بابەتێکی ژیان و گوزەرانی پێویست بوو بۆی ئامادە کرد بێجگە لەوە تێروپڕ مەی و پیاهەڵدان و زمان لووسی یشی پێشکەش کرد لەبەرئەوە (مۆزار)یش دەستی کرد بەکۆکردنەوەی بیر و هۆش و هەستی پەشێواو و بڵاوی خۆی.

تینی دایە خۆی و هەرچی توانایی و بلیمەتی و هونەرێکی هەبوو لە (کەمانچەی جادوو)دا بەختی کرد لەو کاتەدا کە خۆی تەرخان کردبوو بۆ پێک هێنانی ئەم شاکارە، پیاوێکی نەناسراوی هاتە بەردەم ئەو بەرگێکی ڕەنگ تاریکی لەبەر کرد بوو کابرا نامەیەکی دایە خاوەنی نامەکە ئەوەی لێ داوا کرد بوو کە ئاوازێک دابنێ لە کاتی ئاهەنگێکی ئایینیدا لێ بدرێ، بۆ شادکردنی گیانی مردوویەک... (مۆزار) هەرچەندی کرد ناوی خاوەن نامەکەی نەزانی پیاوە نەناسراوەکە ناوی ئەوی پێ نەگوت ئەو هەر ئەوەندەی لێ تێگەیشت کە خاوەن نامەکە پیاوێکی دەوڵەمەندە و زۆریش حەز لە ساز و ئاواز دەکات وایش ڕاهاتووە کە هەرچەند یەکێک لە ساز و ئاواز دانەرە گەورەکانی چاو پێ دەکەوێ، داوای دانانی ئاوازێکی لێ دەکات ناوی خۆی لەسەر دابنێ پیاوە ڕاسپێرراوەکەیش هەر دەهاتە لای مۆزار و هانەی دەدا، کە ئەو ئاوازەی لێیی داواکراوە دابینێ بەڵام مۆزاری ساز و ئاوازپەرست، هەموو هێز و توانایییەکی خۆی خستبووە سەر دانانی (کەمانچەی جادوو)، تا ئەوی تەواونە کرد دەستی لێ هەڵنەگرت کە تەماشای کرد پارچەکە سەرکەوتنێکی گەورەی دەستکەوت.

کاتێک کە مۆزار خەریکی ئەوەبوو ئاوازی ئاهەنگە ئایینیە پیرۆزەکە دابنێ بۆ شادکردنی گیانی مردووەکە، تەماشاگاکە پەیتا پەیتا پڕ دەبوو لە تەماشاکەران، تا گەیشتە ڕادەیەکی وەها کە پارچە ساز و ئاوازە تازەکە، (کەمانچەی جادوو)، دوو سەد جار لەسەر یەک پیشان درایەوە!... کەچی مۆزار یەک فلسی لەو ئاهەنگە گەورانە دەست نەکەوت!... بەپێچەوانەوە چووە گیرفانی (شیکاندر)ی هاوڕێیەوە!... کەچی (شیکاندر)ی ناپاکیش خۆی وا هەڵدەکێشا لەناو کەسانی تردا کە هەرچی کراوە لە سایەی هونەرمەندیی خۆیەوە بووە!. مۆزاری بەسەزمانیش هەر ئەوەندەی لێ تێ دەگەیشت کە ئەو هەر بریتییە لە (یارمەتی دەر)ێک و بەهۆی ساز و ئاوازەکەی خۆیەوە یارمەتیی داوە!... (مۆزار)یش

هیچی بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێ کە بەداخەوە سەر بنێتە سەر سەرین و بیر لە خەموخەفەت و ئازاری خۆی بکاتەوە بەهەموو هێز و هەرەتێکیەوە خۆی خەریک کرد بەئاوازە ناسۆرەکەیەوە وەتا ئەو ئاوازە خەمگینەی کەلێی داوا کرابوو بۆ ئاهەنگە ئایینییەکەی ئامادە بکات بەرچاوی تاریک بووبوو ڕەنجەڕۆیی دڵی داگیر کرد بوو.

هەناسە ساردی دەروونی پڕ کرد بوو نەگوێی دەدایە خۆراک. نە گوێیشی دەدایە قسەکانی ژنەکەی کە پێی دەگوت: (وا جیهانی ساز و ئاواز دوایی، دانی نا بەتۆدا، کە ئاوازدانەر و باوداهێنەرێکی ساز و ئاوازی گەورەیت کە خانەدانە دەسەڵاتدارەکانی (مەجەڕ)یش بۆیان نووسیبووی ساڵانەیەکی هەزار فلۆرینت پێشکەش دەکەن کە دەوڵەمەندەکانی ئینگیلتەیش نووسیویانە بۆت داوایان لێ کردوویت و تکایشت لێ دەکەن کە خاکی ئینگلیز بکەیت بەنیشتمان و جێی کار و فرمانی خۆت کە دانیشتووانی خاکی هۆڵەندەیش بەچەشنی ئینگلیزەکان ئاواتە خوازی ئەوەن وتکات لێ دەکەن بچیتە ناویانەوە، لەوێ دابمەزرێیت...).

(مۆزار) هیچ بایەخێکی بەوانە نەدەدا چونکە هەستی بەخۆی کرد بوو کە کاتی ئەوە هاتووە ئەم جیهانە بەجێ بهێڵێ... کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا کە سەرکەوتنی هاتبووەدی و، پشتیوانیی سەرکەوتنەکەیشی دەکرا... دوایی پەیی بەو ڕازە برد کە ئەو پیاوە نەناسراوە بۆچ هاتبووە لای و؟ بۆچ لە جلوبەرگی شیوەندا بووبوو و؟ بۆچ داوای ئەو ئاوازە خەمگینەی لێ کرد بوو کە لە ئاهانگی مەرگدا لێ بدرێ؟... شەوێکیان وەرامی وا دایەوە بەخۆی: (کە ئەم ئاوازە بۆ خۆم دادەنێم!...). ئیتر چ پێویستییەکی بەجیهانی زیندوو هەیە، چەپڵەی بۆ لێ بدەن، کە ئەو گوێی لە جیهانی مردوو بێ چەپڵە ڕیزانی بۆ بکەن؟!... مردووەکان بەپەرۆشێکەوە پێشوازیی دەکەن بەچرپە پێی دەڵێن: (ئافەرین مایسترۆ... بژی ئاواز هەڵبەستی مەزن!...).

وای دەهاتە بەرچاو کە ئێسکی مردووەکان چەپڵەڕێزانیان بۆ دەکرد بەدەمیش دەیانقیژاند، دەیانگوت: دووبارەی بکەرەوە).[1]

(١) لە نامەیەکی باوکیدا بۆی، کە بەرواری ١٦ی فبرایری ١٧٧٨ی پێوەیە، پێی دەڵێ: منالّی تۆ زۆر نائاسایی بوو، کە دەستتدەدایە ئالەتێکی مۆسیقا، دەوروپشتەکەت ناچار دەکرد بێدەنگ و ئەبلەق بن، جائە و ویقار و بەهرە مەزنەت بەو زوویییە... وای لە زۆر لە شارەزایانی ئەو سەردەمە کرد بوو، لە شارەکانی ئەوروپا، پێشبینی ئەوە بکەن کە تۆ زۆر لەم دنیایەدا نامێنیتەوە!!. کە مۆتسارت ئەم نامەیەی بەدەست گەیشت هێشتا بیست و دوو ساڵ بوو.



## بەنابووتی دەمرێ... بەپارەی خۆشەویستێکی ساز و ئاوازەکەیشی دەنێژرێ!

مۆزار بەڕەنگێکی زەرد هەڵگەڕاوەوە بەسەر گازی پشتدا ڕاکشا، بەڵام ئەمەی لە خەموخەفەتەوە نەبوو لە دڵنیایی و ئارامی گیانەوە بوو. تایەکی سەخت و کاریگەری لێ هات بوو، ژیانی لەبەر بڕی بوو. هێشتا تەمەنیشی نەگەیشتبووە سی و پێنج ساڵان هێشتا لە ئاوازە خەمگینە کەیشی نەبوو بووەوە دایبنێ!... هەرچییەکیشی لە پاش بەجێ مابوو، نرخەکەی لە پانزە دینار تێپەڕی نەدەکرد!... دۆستێکی دەوڵەمەندی هەبوو، ئەو ئەرکی ناشتنەکەی خستە ئەستۆی خۆی ئەو پیاوە لە خۆشەویستە گەورەکانی ساز و ئاواز بوو. بەڵام کابرا دەست بڵاو نەبوو نەیویست لە وەندە بەولاوە پارە بەخت بکات، کە لەشی دۆستەکەی بگەیێنێتە گۆڕستانی هەژارە نابووتەکان دوایی چەند کەسێکی کەم لاشەکەیان گواستەوە گۆڕستانەکە لەو کاتەدا بارەشێکی سارد هەڵی کرد و چوو بەگژ دەموچاویاندا... پاش ئەوە بارانیش بەرەهێڵە لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوە پیاوەکان ناچار بوون ملیوانی پاڵتۆکانیان بەرز کردەوە، پێش دەمی کڵاوە کانیشیان نزم کردەوە؛ بەو مەبەسەی لە باران و با خۆیان بپارێزن پاش ئەوە، یەک لە دوای یەک بەدزییەوە چوونەوە ماڵی خۆیان، بۆ ئەمەی بەزوویی خۆیان گەرم بکەنەوە کاتێ کە لاشەکەی مۆزار گەیشتە گۆڕستانەکە، تەنیا یەک کەسی زیندووی بەدیارەوە بوو ئەویش گۆڕهەڵکەنەکە بوو!...[1]

(١) لەیەکێ لە ژمارەکانی گۆڤاری (الدستور)دا (شفیق مقار) لە وتارێکیدا (لا: ٥٢-٥٤) باسی مردنەکەی وا دەکات گوایە: ئەوەی بەدوای ژیانی ئەم هونەرمەندە مەزڵومەدا بچێ، بۆی دەردەکەوێ کە هەموان دژی بوون و زوڵمیان لێکرد؛ هەر لە باوکیەوە تا کۆمەڵە سپڵەکەی و ئەو چڵکاوخۆرانەی خۆیان بەهونەردا هەڵسپاردبوو و پێی دەژیان، وەک مۆسیقایی ئیتالی بەدناو (سالییری) کە حەسودی بەو هونەرمەندە لاوە دەبرد کە چووبووە ناو مەحفەلی ماسۆنیەوە و لە ڕێگای هەندێ ئاوازەکانیەوە هەندێ نهێنی ئەو کۆمەڵەیەی ئاشکرا کرد بوو (کە ئەمەش تاوانێکە خاوەنەکەی دووچاری کوشتن دەکات لەلایەن کۆمەڵەکەوە)!!، بۆیە نووسەر دەپرسێ: (جا کەواتە کێ مۆتسارتی کوشت؟، ئەو باوکە چاوچنۆکە پوولەکیەی؟ ئەو کۆمەڵە پارەدارە سەرخۆشە ڕوو لە ڕابواردنە؟ یا ئەو کابرای مۆسیقازانی ئیتالی داخ لە دڵە... وەیا تیرۆرکردنەکەی بەدەستی کەسێکی نادیار بوو؟!!).

تێبینی: گۆڤارەکە تا ئێستاش لەلام پارێزراوە، بەڵام بەداخەوە بەرگەکەی پێوە نەماوە، بۆیە ژمارە و بەرواری پێوەنییە، بەمەزندە هی ساڵی ١٩٨٠-١٩٨١ دەبێ. جا ئەوە بوو لە ١٧٩١دا گیانی سپارد. (ئەحمەد)

مایەوە سەر (کۆنستاترا)ی ژنی مۆزار ئەویش لەژێر چاودێریی پزیشکدا بوو دەرمان دەکرا زۆری پێ نەچوو پاش چەند ڕۆژێک خۆی لە پێخەفەکەی هێنایە دەرەوە بەدزییەکەوە خۆی گەیاندە گۆڕستانەکە!... لە بەر کزی و بێ هێزیی خۆی، ناچار بوو بەئەسپایی بڕوات بەڕێوە، بەهێواشی گەلێک جار لە ناوەند گۆڕەکاندا هەڵدە ئەنگوت دەگەڕا بەدوای گۆڕی مێردەکەیدا بەڵام هەرچەندی کرد نیشانەیەکی بەسەر گۆڕەکەیەوە نەدۆزییەوە تا بیناسێتەوە بەهەناسە بڕکێ وە، بەبڕست بڕاوییەکەوە، هێواش هێواش ڕۆیشت، تا خۆی گەیاندە کۆڵیتی یاساوڵی گۆڕستانەکە بەدەنگێکی کز و لەرزۆکەوە لە یاساوڵەکەی پرسی: (گەورەی خۆم نافەرموویت پێم بڵێیت گۆڕی مێردەکەم لە کوێیە؟... مێردەکەم ناوی مۆزارە!...». یاساوڵەکە بەسەر سوڕمانێکەوە ناوەکەی (مۆزار)ی دووبارە دەکردەوە! پاشان گوتی: (مۆزار؟... هەرگیز ئەم ناوەم گوێ لێ نەبووە!؟...).

***

# میکیل ئەنجێلۆ

چیرۆکی ژیان و خەباتی هونەرمەندی هەرە گەورەی ئیتالیا ، میکیل ئەنجێلۆ

نووسەری: هەنری تۆماس

ئەم نووسراوە

(میکیل ئەنجێلۆ) هونەرمەندێکی گەورەی ئیتالیایە ، لە ساڵی ١٤٧٥دا لە شاری (فلۆرەنسە)دا لە دایک بووە. بە بەرهەمە هونەرییەکانی خۆی لە وێنەکێشان و پەیکەرتاشی و نەخش و نیگار هەڵکەندن و پەیکەر دارشتندا کەڵکێکی گەورەی بەخشیوە بەهاونیشتمانەکانی خۆی و هەموو جیهان. لە چرۆچاو و سەر و پۆتەڵاک و بەژنوباڵا و جلوبەرگدا خەواڵوو و پنتی و ناشیرین و کەمتەرخەم بووە، دڵیشی یەگجار ناسک بووە. بەڵام گرفتاری جوانی و ڕاستی و دروستی بووە. لە پێناو ئەوانەیشدا هەموو گیان و سامانێکی خۆی بەخت کردووە.

بەڵام نە خێزانەکەی بەدڵ بووە، نە کۆمەڵایەتییەکەی، نە ڕەفتاری نەتەوەکەی. چونکە پڕ بوون لە زۆرداری و نەخوێندەواری و بەدکرداری. توندوتیژ پەروەردە کراوە: دڵی بەرگەی تیروتوانج و، بەربەرەکانێ و، چاو پێ هەڵهێنان و، بەدگۆیی و، زەبروزەنگ و، نا هەمواری و، ژیان بەخشی و، ناشێتی و نەزانی و، بەدخوویی ناوچەکەی خۆی نەگرتووە! پێیاندا هەڵشاخاوە و، چۆتەوە بەگژیاندا و، تۆڵەیشی لێ کردوونەتەوە! لەبەر ئەوە (میکیل ئەنجێلۆ) تا ما دڵی لە مرۆڤ ڕەش بووبوو. لێی بەئازار بوو، هەرگیز چاک نەدەبووەوە. بەزەیی بەخۆیدا دەهاتەوە. چونکە تێکڕا ژیانێکی تەنیایی و، بێ دۆست و یاری و، بێ کەسوکاریی پڕ دڵتەنگی و خەموخەفەتی ڕادەبوارد. نە ئەو سامانە گەورەیەی کە بۆی کۆبووبووەوە، نە ئەو ناوبانگە و پایە گەورەیەی کە لە هونەرەکانیدا دەستی کەوتبوون، ئەوانە هیچیان نەیاندەتوانی لەو دڵتەنگی و خەمبارییە ڕزگاری بکەن. کەچی لە سەرێکی تریشەوە ئەو گەنجینەی بەرهەمی هونەرییەی کە پێشکەشی ئیتالیا و جیهانی کرد، سەری هەموو کەسێکی هێنابووە سەرسوڕمان. دڵی هەموو هۆشمەندێکی پڕ لە شادمانی کرد بوو.

(ئەنجێلۆ) هونەرمەندێکی تاقانە بوو. هەر لە تەمەنی چواردە ساڵییەوە بلیمەتی



دەرکەوتبوو. ئەو بەرهەمەی هونەرەکانی خۆی لەسەر بنچینەی بیروباوەڕەکانی خۆی دادەمەزراند. نەک هی ئەم و ئەو. ئەو بایەخی بەڕاستی پەرستی و زانستی دەروون و کردەوەی بڵند دەدا لە بەرهەمەکانیدا. نە هێزی دەسەڵاتداران و نە پارەی دەوڵەمەندان کاریان لە بڕیارەکانی نەدەکرد. بۆ ڕاستی و دروستی و دادپەروەری نەبێ، سەری بۆ هیچ هێزێک دانەدەنەواند. جارێکیان کابرایەک چاوی پێ هەڵهێنا و بەدگۆیی بۆ کرد لای پاپا ، تا پاپای لە بەڵێنەکەی خۆی، بەرامبەر ئەنجێلۆ، پەشیمان کردەوە. بەڵام ئەنجێلۆ ئەمەندە سەربەرز بوو ، بەرەنگاریی پاپای کرد ، تا سەری پێ دانەواند!... پاپا ناچار ما ئاشتی کردەوە و تۆڵەی شکاندنی بەڵێنەکەی خۆیشی بۆ کردەوە!... باوکیشی کە زەبر و زەنگێکی زۆری لێ دەکرد ، کە بیکات بەبازرگان، لەگەڵیدا تێکچوو ، لێی هەڵگەڕایەوە.

وەک خۆی ویستی (هونەر)ی کرد بەپیشە بۆ خۆی، نەک بازرگانی! کەچی لەگەڵ ئەو هەموو شاهکارە گەورانەیشدا کە بۆ کڵێساکانی ڕۆما و فلۆرەنسەی کرد، کە هەتا ئێستاش نیشتمانەکەی خۆی شانازییان پێوە دەکات و، هونەرمەندەکانی ئەوسای جیهانیش چاویان پێ هەڵدەهێنا ، ئەنجێلۆ لەسەرە مەرگدا داخی دڵی خۆی بۆ کەسوکاری خۆی وا هەڵدەپشت دەیگوت: «داخەکەم وا دەمرم و نەگەیشتم بەکامی خۆم، کە لە هونەردا تەواو قاڵ ببم!». ئەو دەمەی پیری هونەرمەند ئەم قسانەی دەکرد تەمەنی ٨٩ ساڵ تێپەڕی کرد بوو. واتا لە ساڵی ١٥٦٤دا گیانی پاکی بەخاک سپارد. بەڵێ لە مێژوودا هەر وا ڕووی داوە: هەمیشەم پیاوی هونەرمەند لە چینەکەی خۆیدا تووشی پیاوانی بەدگۆ و چاو پێهەڵهێنەر و نامەرد و ناپاک هاتووە و، بوونەتە هۆی ئازاردان و زیانی. بەڵام لە ئەنجامدا هەر هونەرمەندەکە سەرکەوتووە بەسەر ئەواندا. واتا بیروباوەڕەکانی هونەرمەندەکە پەسند کراوە، کردەوە و کارەکانی دوژمنەکانیشی ڕیسوا کراون.

میکیل ئەنجێلۆ ئەو پیاوە گەورەیەیە کە هونەرەکانی خۆی گەیاندە ئەوپەڕی جوانی و پاکی و چاکی کە پایەی هونەرمەندیی نیشتمانەکەی خۆی پێ بەرز کردەوە. هەرچەندە دوژمنەکانی ئازارێکی زۆریاندا و زیانێکی زۆریشیان پێگەیاند. بەڵام ئەوان بەبەدناوییەوە لەناوچوون و ئەمیش بەسەرکەوتووی و سەربەرزی چاکییەوە ناوی ما. ئێمەیش بۆیەکا پێویستیمان بەخوێندنەوەی مێژووی ژیانی ئەم جۆرە هونەرمەندانە هەیە، کە وایان بەسەر هاتووە، تا لە خەباتکردن بۆ کەڵکی نیشتمانەکەمان وەڕس نەبین.

جا بەم نیازەوە منیش نووسراوی (میکیل ئەنجێلۆ) کە بەدەستی مێژووناس و ڕاستی پەرستی (هەنری تۆماس) دانراوە، پێشکەش دەکەم. هیوادارم بەخودا کە خوێندەوارە

بەڕێزەکانی کورد، بەتایبەتی هونەرمەندەکانمان، کەڵکێکی تەواو و خۆشییەکی زۆری لێ وەربگرن. هەروەها ئاواتەخوازیشم کە وێنەی (ئەنجێلۆ) یان زۆر تێدا هەڵبکەوێ بۆ بڵند کردنەوەی سەری نەتەوەکەمان.

شاکر فەتاح
«خاوەنی پڕۆژەی خوێندەواری کورد»
سلێمانی: ٢٠-٢-١٩٦٦

## شاگرد بەسەر مامۆستادا سەردەکەوێ!

(لیۆناردۆ داڤینشی)[١] بەناو کۆڕی «دیللا ترینتیا»دا دەڕۆیشت لە شاری فلۆڕەنسەدا. بەڕووەگەشە ڕیکوپێکەکەی خۆیەوە و، بەزەردەخەنە دڵکێشکەرەکەیەوە دەنازی. لەو کاتەدا چاوی بەکۆمەڵێک لە هاونیشتمانە ناسراوەکانی خۆی کەوت، لەسەر تەختێکی ناو کۆڕەکەدا دانیشتبوون، لە بابەت پارچە هۆنراوەیەکی بوێژە گەورەکەیانەوە، (دانتی) قسەیان دەکرد، لەو کاتەدا یەکێکیان سەری هەڵبڕی و چاوی بەو کەوت ئەویش بەگەرمێکەوە پێی گوتن: «گەورەکان... ئا ئەم پیاوەیە بتوانێ ناوبژی بکات و وتووێژەکەمان ببڕێنێتەوە!». لەو کاتەدا لەو پەڕی کۆڕەکەوە لاوێک دەرکەوت. بەلووتە فشە شکاوەکەی و دەموچاوەکەیدا دیاربوو کە دڵی پڕ بووبوو لە پشم و قین بەرامبەر هەموو جیهان!... قژە بژە کورتەکەی سەری بەناڕێکوپێکییەکەوە بەسەر ناوچەوانیدا هاتبووە خوارەوە. جلوبەرگەکانی شڕوپڕبوون، ناڕێکوپێک بوون، کەمتەرخەمیان پێوە دیاربوو. پێڵاوەکانیشی وشک و ڕەقبوون، بەنینۆکەکانیشیەوە هێشتا وردە دەرمان مابوو. (لیۆناردو داڤینشی)یش پەنجەی بۆ ئەو لاوە کێشاو بەهاوڕێکانی خۆی گوت: «گەورەکانی، ئەوا میکیل ئەنجێلۆ هات... ئەو لە هەموو کەس چاکترە کە هۆنراوەی (دانتی) تان بۆ لێک بداتەوە!».

بەڵام ئەنجێلۆ کە هەموو دەم دڵی ناسک بوو و، زوو هەستیشی بەڕیسواکردن دەکرد،

(١) لیۆناردۆ داڤینشی ١٤٥٢-١٥١٩: لە بلیمەتەکانی سەردەمی ڕێنسانس بووە، لە ڤینینسی ئیتالیا لە دایک بووە، لە توێکاری و ئەندازە و ئەدەب و مۆسیقا و هەڵکۆڵین و وێنەکێشاندا هەڵکەوتووی سەردەمی خۆیبوو، لە شارەکانی فلۆرەنسە، میلانۆ و فەرەنسا کاری کردووە، شارەزایەکی وریا و لێزان بووە لە ڕووناکی و پێکهێنانی سێبەردا لەسەر تابلۆکانی... (ژیۆکۆنداو خوانی نهێنی) بەناوبانگترین تابلۆیەتی.



یاخود زوو قسەی بەخراپ هەڵدەگێڕایەوە سەر خۆی، قسەکانی لیۆناردۆی بەهوروژمێکی ڕاستەوخۆ دانا بۆ سەر خۆی. لەبەر ئەوە بەتیزپێ کردنێکەوە قیژاندی بەسەریدا و گوتی: «نەء. من بۆیان لێک نادەمەوە. تۆ پێویستە ئەو هەڵبەستەیان بۆ لێک بدەیتەوە!... چونکە تۆ هەموو شتێکت لێ دەوەشێتەوە. ئەی ئەوە نەبوو نموونە ئەسپێکت دروست کرد و خۆت لێ کێشایەوە، هەر لەبەرئەوەی کە دەسەڵاتی ئەوەت نەبوو دایبڕێژیت لە پارچە زەردێکدا؟!». پاش ئەمەی میکیل ئەنجێلۆ داخی دڵی خۆی ڕشت کە ئەمەندە بەخت ڕەش بوو لە ژیاندا، ملی ڕێی خۆی گرت و ڕۆیشت. ئەوساکە هێشتا لاوێکی نەناسراوی ددان پیانەنراو بوو، لە چاو لیۆناردۆدا، کە بیست ساڵ بەتەمەن لەو گەورەتر بوو... بێجگە لەوە لە ڕیزی شارەزایانی هونەری ئەو سەردەمەیش دەژمێررا. بەڵام ئەو کاتە بەبیر ئەنجێلۆ دا نەدەهات، کە ڕۆژێک دێ و لەو بەربەرەکانێکەرەی خۆی دەوڵەمەندتری لێ دێ و گەورەتریش دەبێ!...

## زیانی وا هەیە کەڵکی لێ پەیدا دەبێ!

باوکی میکیل ئەنجێلۆ کە ناوی (لۆردۆ فیکۆ دی لیۆناردۆ بیونارووتی) بوو، کوێخای «کابریز» بوو. کوڕەکە لەناو خێزانێکدا گەورە بووبوو کە هەموویان نێرینەبوون. چونکە میکیل هەر چوار برای هەبوو. تەنانەت کە دایکیشی مرد، ئەو تەمەنی شەش ساڵان بوو. هەرچی باوکی بوو، هەرچەندە خانەدان بوو، بەڵام دەستکورت بوو. زۆر ڕۆژ بێ کاروفرمان دەمایەوە. جا لەبەر ئەوە توندوتیژی لێ هاتبوو[١].

لەگەڵ منداڵەکانیدا بەزەبروزەنگ بوو، زاڵ بوو بەسەریاندا، سەختیی دەنوواند. بەتایبەتی لە هیچ زۆر تووڕە نەدەبوو لەوە نەبێ کە میکیل ئەنجێلۆی کوڕی هەر دەیگوت و دەیگوتەوە: «دەمەوێ ببم بەهونەرمەند»! چونکە (لۆدۆ) وای بڕیار دابوو کە نەهێڵێ کەس لە خێزانی «بیوناردتی» بێ بیری ئەو[٢] بەکار و فرمانی پڕوپووچەوە خۆی خەریک بکات، وەک: وێنەکێشان بەڕۆنی ڕەنگاوڕەنگ و فلچە و بەردتاشین بەچەکوشەوە. داینا بوو هەر پێنج کوڕەکەی خەریکی کاروباری بازرگانی و پارە گۆڕینەوە بن. ئەوانیش وەک کوڕانی خێزانە گەورەکانی فلۆڕەنسە گوزەران بکەن. بەم ڕەنگە باوکەکە دەیویست کوڕە

(١)توندوتیژ: (عصبی)، تووڕەوتڕۆ.
(٢) ڕاستتر: بێ پرسی ئەو، بێ ڕا و بۆچوونی ئەو، بەبێ ئاگای ئەو.

خەوالّووەکەی خۆی بەزەبروزەنگەوە ڕابهێنێ. دەیویست گیانەکەی خۆی بکات بەبەریدا کە حەزی لە کاروبار هەڵسووڕاندن دەکرد!. بەڵام باوکی هەر ڕەنجێکی لەگەڵدا، بەباچوو.

هەرچەند لێی دەدا و هەڕەشەی لێ دەکرد و لێی تووڕە دەبووم، ئەم هەر لەسەر قسەی خۆی دەڕۆیشت. هەر دەیویست ببێ بە«هونەرمەند»! کە کار گەیشتە ئەم ڕادەیە، ئیتر لەوە بەولاوە باوکی سەری نەکردە سەری. ناچار خستیە «پەیمانگای هونەریی شەرلانداگۆ»وە. ئیتر دەستی لێ شت!. (میکیل)یش ئەو کاتە لە سیانزە ساڵان تێپەڕی نەکرد بوو. لەو کاتەیشدا «شەرلانداگۆ» خەریکی وێنەکێشان بوو، لەسەر دیوارەکانی کڵێسای (سانتاماریا). ئەویش ئەوەی سپارد بەشاگردە تازەکەی: (میکیل)، کە داوودەرمانی ڕەنگەکانی بهاڕێتەوە و، هەندێ وێنەیش لە نموونەی وردەکانیان بگوێزێتەوە سەر دیوارەکە، کە وەستاکەی لەوە پێش ئامادەی کردبوون.

وێنەکانی شاگردەکە ئەمەندە جوان و ڕێکوپێک دەچووبوون، لە وێنەکانی مامۆستاکە ناوازتربوون، کە میکیل لەوانەوە گوێزا بوونیەوە، «شەرلانداگۆ» ئەم هونەرمەنییەی میکیلی زۆر پێ ناخۆش بوو. چاوی پێ هەڵدەهێنا[1].

لەبەر ئەوە لە شێوەیەکی زۆر تەنگ و ناشیریندا تەنگە تاوی کرد!. شاگردە دڵناسکەکەیش هەستی بەدڵڕەشیی مامۆستاکەی خۆی کرد، کە چ جۆرە هەستێکی ناکەس بەچانەی لە دڵدایە بەرامبەری. هەروەها کردەوە پڕ زۆر و ستەمەکانی باوکیشی بیرکەوتەوە، کە چۆن لەوەپێش دەینالاند بەدەستیەوە... ئەو بەدخوویی و زۆرداریانە کارێکی وایان لە دڵی کرد، میکیل تا گەورە بوو و پێگەیشت، وردە وردە باوەڕی خۆشەویستی مرۆڤایەتی نەما... جا ئەم دوو دڵییەی لە خۆشەویستی مرۆڤ لە کۆڵ نەبووەوە. لەگەڵیدا مایەوە، تا ما لە ژیاندا!...

لە ڕاستیدا ئەمە بۆ «میکیل ئەنجێلۆ» بەچاکە گەڕا، کە مامۆستاکەی لەم شێوەیەدا دڵی ڕەنجاند و لە کۆڵ خۆی کردەوە. ناردیە کن مامۆستا «بەرکۆلدۆ»ی هاوڕێی. ئەم مامۆستایەیش پیاوێکی پیر بوو. شاگردەکانی خۆی فێری پیشەو هونەری بەردتاشین دەکرد، لەسەر نموونەی ئەو پەیکەرە جێ ماوانەی کە تازە لە «باخچەی میدیچی»دا دۆزرابوونەوە. جا ئەو جێگایە بەلای میکیل ئەنجێلۆوە وەک «بەهەشتی عەدەن» وا بوو. چونکە لەوێدا فێری ئەو هونەرە بوو کە خودا دەستەکانی ئەوی هەر بۆ ئەوە دروست کرد

(١)چاوی پێ هەڵدەهێنا: ئیرەیی پێ دەبرد، حەسوودی پێ دەبرد.



بوو. هەر لەوێیشدا بوو کە گەیشت بەو پیاوەی کە خستیە ناو جیهانی خوێندەواری و هونەر و ساز و ئاواز و جوانی و قسەی نەستەقەوە. کە خستیە ناو ئەو بابەتانەوە کە گیانە لاوەکەی ئاواتەخوازیان بوو!.

ڕۆژێکیان میکیل ئەنجێلۆ لە باخچەکەی «لۆڕنزۆ دی میدیچی»دا بەردتاشیی دەکرد. خەریکی هەڵکۆڵینی دەموچاوی پیاوێکی پیر بوو. بەڕێکەوت (لۆڕنزۆ)ی بەناوبانگ خۆی لەو باخچەیەدا گەشتی دەکرد. لۆڕنزۆ وەستا و تاوێک لەو پەیکەرە بچکۆلەیە ورد بووەوە. پاشان ڕووی کردە پەیکەر تاشەلاوەکە و پێی گوت: «کوڕی خۆم... تۆ ئەوە نازانیت کە پیاوی پیر چەند ددانێکی هەر دەبێ کەوتبێ؟». کە ئەوەی بیست دەمودەست لاوەکە چەکوشەکەی گرت بەدەستەوە و ددانێکی پەیکەرەکەی شکاند.

ئینجا ڕووی کردە لۆڕنزۆ و لێی پرسی: «ئاوات دەوێ؟»... لۆڕنزۆیش پێکەنی و پێی گوت: «بەڵێ دەبێ وا بێ!...».

## جیهان ڕوو دەکاتە میکیل!

لۆڕنزۆ ئەو کوڕە هەڵکەوتووەی بەدڵدا چوو. سەری سوڕما لەوەی کە ئەو لەو تەمەنی چواردە ساڵییدا ئەمەندە کار ڕەنگین بێ. دەمودەست لەگەڵ خۆیدا بردیە ماڵەوە و ڕێیشیدا کە لەسەر خوانەکەی خۆی نان بخوات و لەگەڵ منداڵەکانی خۆیشیدا یاری بکات... بێجگە لەوە پالتۆیەکی ڕەنگ بنەوشەیشی بەدیاری پێشکەش کرد. ئینجا مانگانەیەکیشی بۆ بڕیەوە کە گەیشتبوو پەنجا ڕیاڵ. چاوەکانی کوڕەکەیشی کردەوە کە لە گەورەیی جیهانی بتپەرستی تێبگات، ئەو جیهانەی کە لەناویدا دەژیا. ئەنجێلۆ لەوێدا چێشکەی جوانی کرد. لەوێدا ژیری و تێگەیشتوویی فێر بوو. چونکە هەرچی ڕاستی پەرست و بوێژ و نووسەرە ناوازەکانی سەرزەوی هەبوون ڕوویان دەکردە کۆشکەکەی میدیچی و هاتوچۆیان دەکرد، لەملا و لەولای خوانەکەی میدیچییەوە کە هەوارگەی پێشکەوتوویی ئەو سەردەمە بوو، (ئەپۆللۆ)ی خودای هۆنراوە و (ئەفلاتوون)ی پێغەمبەری زانیاری بووبوونە بابەتی گفتوگۆی ئەو جۆرە پیاوانە. جا بەهۆی کارتێکردنی ئەم ناوچە بتپەرستییەوە کە میکیل تێیدا دەژیا، ئەنجێلۆ تیژ بووبووە سەر دروستکردنی یەکەم بەرهەمی هونەریی خۆی، کە بریتی بوو لە وێنەیەکی بەرجەستە، شەڕوشۆڕی ناوەند مرۆڤ و گیانلەبەری پیشان دەدا. بەشێوەی (گریک)ییەکان جوانی لەش ڕووتانی تێدا دەرخستبوو.

ڕۆژێکیان ئەنجێلۆ تووشی سەرگەردانییەک هات، کە هەتا لە ژیاندا بوو کاری لە

دەروون و ژیانی کرد. ئەوەیش لەوەوە ڕووی دا کە قسەیەکی لە دەم هاتە دەرەوە بەرامبەر هاوڕێیەکی خۆی کە شاگرد بوو لە پەیمانگاکەدا، لە بابەت هەڵسەنگاندنی هونەرەکەیەوە کرد بووی. ئەم کوڕەیش بەهێز و هەڕەت بوو. بەڵام زوو تووڕە دەبوو، مشتێکی مالّی بەدەموچاویدا. ئێسکی لووتی شکاند و گۆشتەکەی هەڵدڕی. ئەنجێلۆ لە هۆش خۆی چوو. ئەوەندەیش ئازاری پێگەیشتبوو، وەک مردووی لێ هاتبوو. لەبەرئەوە هەڵیانگرت و بردیانە ماڵەوە. کاتێ کە برینەکەی چاکبووەوە. کوڕەکەی سەیرێکی دەموچاوی خۆی کرد لە ئاوینەدا، کە تەماشای کرد جێی برینەکە دەموچاوی ناشیرینی کردووە!... ئیتر لەو ڕۆژەوە تووشی سەرکزی هات. هەر بیری لە خۆی دەکردەوە.

ڕەگەزی مرۆڤیشی بەدڵێکی پڕ لە قین و چاوێکی خەمگینەوە سەیر دەکرد. ئەنجێلۆیش هەرگیز دڵی پاک نەدەبووەوە بەرامبەر بەمرۆڤایەتی. چونکە ئەو تێکچوونەی تێکچوو بوو لە لەش و دەرووندا بەهۆی ئەو کارەساتە تەنگ و ناخۆشەوە هەرگیز لە بیری نەدەچووەوە.

لەو سەردەمەدا بانگ ڕاهێشتنی چاکەخوازی ئایینی و زرنگکاری (ساڤۆنارولا)ی بەرگوێ دەکەوت کە هەڵمەتی دەبردە سەر ئەو تێکچوون و ئاژاوە و دڕندییەی کە سەرداره نهێنییەکانی شارەکە دەیاننواند و لە دەستیان دەوەشایەوە. جا ئەم هاوارە کارێکی گەورەی کردە سەر دەروونی میکیل، لاوی دڵناسک، کە بەتۆزە ڕووداوێک دەروونی دەورووژا. تەنانەت برایەکی میکیل بەهۆی ئەو دەنگ و هاوارەوە خۆی فڕێ دایە پەرستگاکەوە، کە لەوێدا بژی. ئەنجێلۆ خۆیشی بیری لەوە دەکردەوە، کە وەک براکەی خۆی بکات: واز لە هونەرەکەی و جیهانەکەی خۆی بهێنێ و، بەچەشنی براکەی خۆی بهاوێژێتە ناو پەرستگاییێکەوە، تا دەژی تێیدا بمێنێتەوە!... چونکە لە ناخی دەروونیدا شەڕوشۆڕێکی یەجگار توندوتیژ پەیدا بووبوو لە ناوەند خودانەناسین و خوداناسیندا، لە ناوەند جوانی و فەرمانی سەرشاندا، لە ناوەند بیروباوەڕی جیهانی کۆن و وێنەی بێ هاوتای جیهانی نوێدا. بەڵام زۆری پێ نەچوو ئەو شەڕوشۆڕانە نەمان. هونەر و مرۆڤایەتی لەمەدا بەختەوەربوون، کە میکیل ئەنجێلۆ توانی ئەو هەردوو لایە یەک بخات و ڕێک بخات. کە هونەرەکەی بەکار بهێنێ بۆ کەڵکی مەسیحێتی و بتپەرستی. یاخود هەروەک خۆی دەیگوت: ئەو دوو لایە لە یەکتر مارە بکات. بەرزی و پیرۆزیی جوانیش لەگەڵ جوانی بەرزی پیرۆزیدا یەک بخات!... میکیل بەهۆی ئەم بیروباوەڕەیشی تا ژیا زاڵ بوو بەسەر هەموو شاهکار و دەستکردە ناوازەکانیدا. لەو دەمەدا سەرداری شار، لۆڕنزۆ مرد. ئەم پیاوە پشتیوانی هونەر و هونەرمەندان بوو، کە ئەنجێلۆیش یەکێک بوو لەوان. پاش



ئەوە بوو، کە لە دەمی فەرماندارییی (بیرو دی میدیچی)ی کوڕی لۆڕنزۆدا (ساڤۆ نارۆلا)ی چاکەخواز توانی نەتەوە لە فەرمانڕەواییی بورووژێنێ و بیکات بەگژ لەخۆباییبوون و بەرەڵڵاییی ئەو سەردارەدا. زۆری پێ نەچوو، لەشکرەکانی (شارل)ی خونکاری فەڕەنسە بەرەو ڕووی شارەکە کشان.

چەند کەسێکی مێشک وشکیش لە پیاوانی ئایین دەستیان کرد بەلەناوبردنی ژمارەیەکی زۆر لە وێنە و پەیکەرە جوانەکان لە گشت لای فلۆڕەنسەدا. گەنجینەی هونەریی، پارچە پارچە کراو و، ورد و خاش بوو، کە بەرهەمی سەدان ساڵان بوو، لە ماوەیەکی کەمدا، لە ناوچەقی ڕێگاکاندا کەڵەکە کرا!... میکیلی لاویش کە ئەم گێژەڵووکەیەی هات بەگژدا، ناچار بوو خۆی دەرباز بکات لە شار و هەڵ بێ بۆ جێگایەکی دوور!...

## چاو پێهەڵهێنان و بەربەرەکانی تەنگی پێ هەڵدەچنن!

لەپێش هەموو جێیەکدا ئەنجێلۆ پەنای بردە بەر شاری (بۆڵۆنیا)؛ کە لەوێدا سەرپەرشتیکەرەکانی کڵیساکەی، دروستکردنی پەیکەرێکیان پێ سپارد، کە لە شێوەی «فریشتە»یەکی وا دابێ کە یەکێتی جیهانی کۆن و جیهانی نوێ بنوێنێ. بەڵام جارێکی تریش میکیل بەسەزمان تووشی تەنگەتاوکردنی هاوڕێ هونەرمەندەکانی خۆی بووەوە، کە ئەمەندە سروشت. نەنگبوون، چاویان پێ هەڵدەهێنا و بەربەرەکانێیان لەگەڵدا دەکرد. وایان دەزانی ئەو بەربەرەکانیان لەگەڵدا دەکات و دەیەوێ بەسەریاندا زاڵ ببێ و نانیشیان ببڕێ! ئەنجێلۆی هەرزەکاریش لە بەرامبەر ئەم تەنگ پێ هەڵچینەی ئەو هونەرمەندانەدا ناچار بوو شاری «پۆڵۆنیا» بەجێ بهێڵێ و بگەڕێتەوە بۆ فلۆڕەنسە. بەڵام لەجێی لە دایکبوونی خۆیدا ئەمەندە نەمایەوە، خۆی کۆکردەوە و ڕووی کردە شاری (ڕۆما) تا چارەیەکی بەخت ڕەشیی خۆی بکات. کاتێ کە پێی نایە ناو شاری (فاتیکان)ەوە خاوەنی ڕابردوویەکی شۆخ و شەنگ بوو. کەچی تەمەنیشی لە ٢١ ساڵە تێپەڕی نەکرد بوو. بەڵام یاساوڵەکانی ئایین و سەرپەرشتی کارەکانی خوداناسی، لەگەڵ فرمانی سەرشانی خۆیاندا ناپاکیان دەنوواند. چونکە میکیل ئەنجێلۆ کە لە ساڵی ١٤٩٦دا گەیشتە ئەوێ. ڕۆمای وا هاتە پێش چاو کە بووبووە شارێکی بەزموڕەزم و ساز و ئاواز و کەتن کردن!... شارێکی زانست و جوانی و بەدخوویی و ئاژاوە و پشێوی! شارێکی سەماو هەڵپەڕکێ و نانوخوان و ئاهەنگ و هۆنراوە و ژەهر دەرخوارد دان!... شارێکی پڕ پەرستگای ڕازاوە و زیندانی

ناخۆش و پڕ ئازار! شارێکی پڕ خوداپەرستی لە ماڵە هەژارەکاندا و، پڕ ئاڵۆش و خرۆشی ڕەگەزبازی لە ماڵە دەوڵەمەندەکاندا!... لەبەر ئەوە تا دوو ساڵیش ئەنجێلۆ وەک بێگانەیەکی نەناسراو دەژیا لەم ناوچەیەدا.

ڕۆمای هەروەک ئازارێکی ناساز دەهاتە پێش چاو لە هەموو کۆڕێکی جیهاندا!... میکیل لە کانگای دڵیدا دەیگوت: «من کەس دۆستم نییە. لەسەر دۆستیش پەکم نەکەوتووە. دۆستیشم هەر نابێ!...». ئەوەندە هەبوو لەپاش تێپەڕبوونی دوو ساڵەکە، هەستی پێ کرد ددان بەهونەرەکەیدا دەنرێ. تەنانەت شاری خۆپەرستی و بەربەرەکانێی دڕندانەیش ددانی بەهونەری ئەودا دەنا. میکیل چووە ناو گرەوی دروستکردنی پەیکەرێکەوە کە دەیانویست بۆ (مەسیح و مەریەمی دایکی مەسیح)ی دروست بکەن.

تا لە کڵێسای (پێیر پەترۆس)دا[1] دایبمەزرێنن. لەمەر جنامەی پرۆژەکەدا ئەمەی نووسی: «پەیکەرەکە وا دروست دەکەم کە ببێتە ناوازەترین بەرهەمی هونەرمەندەکانی ئەم چەرخە!». لە گرەوەکەدا ئەو بردیەوە. پرۆژەکە بەو درا بیکات، میکیل پەیکەرەکەی دروست کرد. دانیشتوانی ڕۆمایش بەهەڵەداوان خۆیان گەیاندە پەیکەرەکە، تەماشای بکەن. کە تەماشایان کرد مەسیحی مردوو لە کۆشی ئافرەتێکی شەنگ و شۆخ و جواندا ڕاکشاوە، بەڵام ئافرەتەکە لە تەمەندا لە مەسیح بچووکتر بوو!. تەماشاکەرەکان ئەم بەرهەمە پڕ هونەرەیان زۆر بەدڵدا چوو. زۆر پەسندیان کرد، بەڵام سەرمان سوڕمابوو لە جیاوازی تەمەنی دایک و کوڕەکەی، کە بەپێچەوانەوە پیشاندرابوو.

لە پەیکەر تاشی لاویان پرسی: «بۆ چ دایکەکەی بچووکتر پیشان دراوە لە تەمەندا؟».

ئەنجێلۆیش پێی گوتن: «ئەی ئێوە ئەوە نازانن کە هەموو ئافرەتێکی داوێن پاک تا تەمەنێکی دوورودرێژ شێوەی هەرزەکاریی خۆی زۆرتر دەپارێزێ لە ئافرەتێکی تر؟... کەواتە، دەبێ کچێکی وەک (مەریەم) تا چ ئەندازەیەک شێوەی هەرزەکاریی خۆی پاراستبێ، کە هەتا ژیاوە ڕۆژێک نەبووە خۆی بدات بەدەست ئاڵۆش و خرۆشی مرۆڤێکەوە، نەهی پەسند و نەهی ناپەسند!».

---

(١) واتا: (القدیس بطرس).



## پەیکەرێکی زەلام!

ئەنجێلۆ تا ما وێنەی دەکێشا و وێنەی هەڵدەکەند و پەیکەری دەتاشی لەسەر ئارەزووی ڕاستی پەرستانەی خۆی، نەک لەسەر بیروباوەڕی سەردەمەکەی خۆی. ئەویش، یەکێک بوو لەو چەند هونەرمەندە تازە هەڵکەوتووانەی کە لە پێش هەموو کەسێکدا (زانستی دەروون)یان بەکار دەهێنا لە بەرهەمی هونەرەکەیاندا! کاتێ کە لە دروستکردنی ئەو پەیکەرە بووەوە، بۆ یەکەم جار لە ژیانی خۆیدا، لە خۆباییبوون بەسەریدا زاڵ بوو. شەوێکی بەوەوە ڕابوارد کە بەتەنیا لەناو کڵێساکەدا، بێ ئەمەی کەسێکی بەدیارەوە بێ، ناوی خۆی و شارەکەی لە بنکی پەیکەرەکەدا هەڵکەند، کە بەبەرهەمێکی هونەرمەندانەی یەجگار گەورە دادەنرا!... ئەویش یەکەم جار و دوایی جار بوو کە ناوی خۆی لەسەر کارە پڕ هونەرەکەی دەستکردی خۆی هەڵبکەنێ!... چونکە هەروەک دار و درەختەکان و شاخەکان شێوەی سروشت پیشان دەدەن، ئاوەهایش شاکارەکانی میکیل ئەنجێلۆ و دەستکردە ناوازەکانی پێویستییان بەوە نەبوو کە ناوی خۆی لە سەریان بنووسێ، هەر لە خۆیانەوە دیاربوون کە هی ئەون!...

کە تەمەنی گەیشتە ٢٦ ساڵی. ئەنجێلۆ گەڕایەوە فلۆڕەنسە. کاتێ کە بەناو کڵێسا گەورەکەی شارەکەدا تێدەپەڕی، چاوی بەکەڵەبەردێکی[1] مەڕمەڕی گەورە کەوت، فڕێ درا بوو لە گۆڕەپانی ساختمانەکەدا، ٤٦ ساڵ بوو کەس لێی نەپرسیبووەوە!... ئەویش پێشنیاری کرد بۆ کاربەدەستانی کڵێساکە کەڕێی بدەن لەو کەڵەبەردەشتێکی جوان و ناوازە دروست بکات. ئەوانیش قسەکەیان پەسند کرد. لە ١٥٠٢/٨/٢دا دەستی کرد بەفەرمانکردن. لە یەکەم مانگی ساڵی ١٥٠٤دا پەیکەری خونکار «داوود»ی گەورەی بەناوبانگی لەو بەردە دروست کرد!...

پەیکەرەکە زۆر گەورە و زەلام بوو. بۆیەکا دانیشتوانی شارەکە پێیان دەگوت: «پەیکەرە زەلامەکە»! پەیکەرەکە ئەوەندە ناوی دەرکرد، ئیتالیاییەکانی بەجۆرێکی تێکڕایی، بەبۆنەی دروستکردنی ئەوەوە مێژوویان بۆ کارەسات دادەنا.

دەیانگوت: «لەو ساڵەدا کە پەیکەرە زەلامەکە دروست کرا». ئیمڕۆکەیش هەر کەسێ بچێتە زانستگای فلۆڕەنسە کە بۆ هونەرەجوانەکان دامەزراوە، ئەم پەیکەرە زەلامە دەبینێ: بەپێوە دامەزراوە، زەبروزەنگ و سامی لێ دەوەشێتەوە. لەشێکی پڕ هێز و هەڕەتی

---

(١) ڕاستتر: گا بەردێک، تاوێرێک.

وەرزشکارانەی پێوەیە. سەرەکەی بچووکە. کەمەرەکەی باریکە. باڵەکانی لاوازن. بەڵام دەستەکانی بەهێز و هەڕەتەوە دەردەکەون. دەمارەکانیان پێوە دیارە. بەدەستی چەپی قۆچەقانییەکەی لەسەر شانی خۆی هەڵگرتووە. بەدەستی ڕاستیشیەوە بەردێکی هەڵگرتووە، ئامادەیە بۆ ئەمەی بیگرێتە دوژمنە گەورە و بەچنگەکەی کە ناوی (جوولیات) بوو!... ئەوەندە هەیە جوانترین پارچەی پەیکەرەکە دەموچاویەتی؛ کە نیشانەی مەردایەتییەکی تەواوی تێدا دیارە، لەگەڵ بڕیارێکی تا سەر و،[1] سووک تەماشا کردنێک بۆ دوژمنەکانی[2]. لە ڕاستیدا ئەم شێوەیەیش شێوەی ئەنجێلۆ خۆی بوو.

چونکە هونەرمەندی فلۆڕەنسە و پێغەمبەر و خونکاری جوولەکە هەریەک لە دەروونیان هەبوون: (دەروونی هونەرمەند و جەنگاوەر!...).

پەیکەرە گەورەکەی «داوود» ئەمەندە ناوبانگی دەرکرد لە «ڕۆما»وە ناردیانە شوێن ئەنجێلۆ، چونکە پاپای تازە. (یۆلیۆسی دووەم) بەپەرۆشی ئەوەوە بوو کە گۆڕێک بۆ خۆی دروست بکات، کە وێنەی لە جیهاندا نەبووبێ!...جا لە ئەنجێلۆ بەولاوە کێ هەبوو بتوانێ ئەو گۆڕە گەورەیەی بۆ دروست بکات؟... بەم ڕەنگە پاپا پەنای بردە بەر ئەنجێلۆ کە ئەو ئاواتەی بۆ بهێنێتە دی. بەهەر دوو لا ڕێ و شوێنێکیان بۆ کردنی ئەو گۆڕە ناوازەیە دانا. بڕیاریان دا چل یاسا وڵ لە بەژنوبالای مرۆڤی ئاساییدا بتاشرێن لە بەرد. چوار لای لاشەی پاپا بگرن لە گۆڕەکەدا. ئەو پەیکەرانەیش هی پیاوە هەرە گەورەکانی پێشینان بن لە بیرە پیرۆز و بەرزەکان و لە پاڵەوانەکان و لە پێغەمبەرەکان.

پاپا لە ئەنجێلۆی پرسی: «دروستکردنی ئەم گۆڕە بەهەموو بابەتێکیەوە چەندی تێ دەچێ؟...». هونەرمەندەکەیش، لە کن خۆی زۆریشی دانا بوو، گوتی: «سەد هەزار ڕیال» پاپایش پێی گوت: «دەڵێی چی بیکەین بەدووسەد هەزار ریاڵ؟...» پێش ئەمەی ئەنجێلۆ بێتەوە سەرخۆی، پاپا بەگەرمێکەوە پێی گوت و بەجێی هێشت: «کوڕی باش! ئەوەندە مەوەستە چاو ببڕێتە ئاسمان... بڕۆ دەست بکە بەفرمان!.».

(١) (مع تصميم نهائي). مامۆستا مەبەستی لەمەیە.
(٢) (وإستخفاف بأعدائه). ئەسڵی ڕستەکە ئەمە بووە.



## بەد گۆی لە کۆڵ نەدەبووەوە!

ئەنجێلۆ چوو بۆ (کارارا). لەوێ بەدەیان تەن بەردە مەڕمەڕی ناوازەی هەڵبژارد. هەر ئەوەندە ئەم کەڵە بەردانە کە ئەوەندەی شاخێک کەڵەکە بووبوون بەسەر یەکدا گەیشتنە گۆڕەپانی بەردەمی ساختمانی کڵێسای (پێیر پەترۆس)، ئەنجێلۆ دەستی کرد بەتاشین و ڕێکخستنیان. جوانی دروست کردبوون. هەر دەتگوت گیانی کردوون بەبەردا.

بەڵام دووبارە چاو پێهەڵهێنان و بەربەرەکانی کردن پەیدا بوونەوە و گەلە کۆمەکێیان کرد لە هونەرمەندی سەرکەوتووەوە تا پەکی ڕەنج و تێکۆشانی بخەن و، تەگەرەیش لە تەواوبوونی شاکارەکەی بدەن. زوو بەزوو پاپا کاری تێ کرا. ئەو پارەیەی کە خۆی و ئەنجێلۆ ڕێککەوتبوون لە سەری بەرە بەرە دەستی لێ کێشایەوە. وا دەرکەوت کە لە بنج و بناواندا بەربەرەکانێکەرێکی ئەنجێلۆ، کە ناوی «برامانت» بوو، کاری لە مێشکی پاپا کرد بوو، کە دروستکردنی گۆڕ لە سەردەمی ژیانی خاوەنەکەیدا بریتییە لە ڕەشبینییەک کە ئەنجامی باش دەرناچێ. پیاوەکە وای پێشنیاز کرد بوو بۆ پاپا کە خۆی ڕێوشوێنێک بۆ دروست کردنەوەی ساختمانی کڵێسای «پێیر پەترۆس» دابنێ، جوانی دروست بکات کە ببێتە نموونەیەکی ڕازاوە و نایاب بۆ هەموو چەرخێک!... پاپاش چووبووە سەر قسەی ئەو پیاوە بەدگۆیە. کاتێ کە ئەنجێلۆ چووبووە لای پاپا هەندێ پارەی لێ وەربگرێ، یاساوڵەکان ڕێیان نەدابوو بچێتە ژوورەوە، پێیان گوتبوو بەیانی بێتەوە.

هەر ڕۆژێک ئەنجێلۆ بچووایە بۆ لای پاپا یاساوڵەکان، ڕێیان نەدەدا بچێتە ژوورێ، پێیان دەگوت: «بەیانی وەرەوە». ئەم گفت و بەڵێنە درۆیانەیش بەفەرمانی پاپا نەبێ نەدەکران! تەنانەت ڕۆژێکیان یاساوڵێکیان پێی گوتبوو: «من فەرمانم پێ دراوە کە نەهێڵم بچیتە ژوورەوە!...». ئەنجێلۆیش لە داخاندا تووڕە بووبوو، بەیاساوڵەکەی گوتبوو: «کەواتە بەپاپا بڵێ: ئەگەر لە دواڕۆژدا منی ویست، بام خۆی بێتە لام!...».

ئەنجامی ئەمەیش بەوە گەیشت کە ئەنجێلۆ هەڕای کرد و ڕۆمای بەجێهێشت!... کاتێ گەڕایەوە فلۆڕەنسە دڵی لە مرۆڤایەتی بەتەواوەتی ڕەش بووبوو!. ئەنجێلۆ هەستی وا دەکرد جیهان هەمووی بەگژیدا دەچێ. هەموو جارێ بەخۆ پاراستنێکەوە جێ فەرمانەکەی خۆی دادەخست، دەترسا لەوەی یەکێک لە بەربەرەکانی کەرەکان، خۆی فڕێ بداتە کۆگاکەیەوە و بیر و پرۆژەکانی بدزێ. ئەوەندە لە نیازی کەسانی تر دوودڵ بووبوو، ئەگەر بهاتایە بەرگدرووەکەی لە دوورینی کڵۆجە (چاکەت)کەیدا کەموکوڕییەکی دەربکەوتایە ئەنجێلۆ

دڵی لێ کرمی دەکرد. وای دەزانی بەرگدورووەکە بۆ مەبەستێک وای لە کڵۆجەکەی کردووە، تاقیینی هەڵبستێنێ!... هەر چەند یەکێک دڵی بشکاندایە سەری خۆی کز دەکرد. بەڵام بەرزی ڕادەگرت. نەیدەهێشت کەس لێی نزیک ببێتەوە!...

پاشەجار پاپا چەند جارێک لەسەر یەک ناردیەوە بەشوێنیدا. بەڵام ئەنجێلۆ، فەرمانی ئەوی بەجێ نەهێنا!. ئینجا پاپا یەکێکی نارده لای پێی گوت: «پاپا تکات لێ دەکات بچیتە لای !». ئەم جارە ئەنجێلۆ دڵی نەرم بوو، بڕیاری دا بچێتە لای پاپا، بەڵام بەمەرجێک کە هەر دووکیان لە نێوەی ڕێگادا بەیەکتر بگەن!. دەبێ ئەو جێگایەیش (بۆڵۆنیا) بێ، نەک ڕۆما!... پاپا کە دی، پێی گوت: «کابرا! تۆ پیاوێکی سەیری. لە جیاتی ئەوەی تۆ بێیتە لای ئێمە، چاوەڕوانیت کرد تا ئێمە گەیشتینە لات!».

– چونکە ئێوە کەتنێکی خراپتان بەمن کرد!.

– بەڵام من تۆڵەی ئەوەت بۆ دەکەمەوە... بەڵێنت دەدەمێ...

لەو کاتەدا هونەرمەندەکە بەئەژنۆدا هات، لەبەر پێی پاپادا... پاپایش دەستی بەسەریدا هێنا و دڵی دایەوە!... بەڵام پاپا هێشتا هەر دەترسا کە لەسەردەمی ژیانی خۆیدا گۆڕ بۆ خۆی دروست بکات. لەبەر ئەوە وازی لەو بیرە هێناو، لە جیاتی ئەوە فەرمانێکی تری بۆ ئەنجێلۆ دۆزییەوە. فرمانەکەیش ئەوە بوو لە بنمێچی کڵێساکەی (سستین)دا، لە جێ هەواری (فاتیکان)دا وێنەکاری بکات... ئەنجیلۆیش ئەو فەرمانەی زۆر بەجوانی و ناوازەییەوە ڕاپەڕاند. چوار ساڵی خشت بەدرێژایی ڕۆژ، بەسەر گازی پشتدا، لەسەر جۆلانەیەکی[١] تەختە بەند. ڕادەکشا و، وێنەی دەکێشا و، ڕەنگی دەکرد، تا ئەو فرمانەی تەواو کرد! ئەنجێلۆ وا بەو بارەوە ڕاهاتبوو کە لەو فەرمانەیش بووەوە، تا چەند مانگێک نەیدەتوانی وەک جاران نووسراو بخوێنێتەوە، تا نامە یاخود نووسراوەکەی لە ژوور سەری خۆیەوە دانە نایە و لە ژێرەوە سەیری نەکردایە بۆی نەدەخوێندرایەوە!...

(١) لە ڕاستیدا (جۆلانەیەکی) زیادە، بۆ ئەم دەربڕینە تەنیا و شەکەی دوایی (تەختە بەندێک) شیاوترە.



## دەست و پەنجەی ڕەنگین!

کاتێ کە ئەنجێلۆ لە وێنەکاریی ئەو بنمێچە بووەوە کە وێنەی دوانزە پێغەمبەر و پیری تێدا کێشابوو... پاپا چووە ئەوێ سەیری بکات. کە سەرنجی دا جلوبەرگەکانی پێغەمبەرەکان کە لە پێشەوە وێنەیان کێشرابوو، بەزەڕ کەفت و نەخشونیگار ڕازێنرابوونەوە. کەچی جلوبەرگی ئەوانیتر وا ڕەنگ نەکرابوون. کاتێ کە لە ئەنجێلۆی پرسی: «هۆی ئەوە چییە؟». ئەنجێلۆ گوتی: «لە سەردەمی ئەمانەی تردا نەتەوە هەژاربوون. بەڵام سەر ڕاستبوون. هەرچەندە پارەیان نەبوو، بەڵام خودا ناسیان لە دڵدا هەبوو!».

ئەوانەی کە بە«شکسپیر»یاندا هەڵداوە گوتوویانە: «خودا کە شکسپیری دروست کرد، جیهانی دوو ئەوەندە لێ کرد!...». ئەم قسەیە هەڵدەگرێ لە بابەت میکیل ئەنجێلۆیشەوە بکرێ. چونکە بن میچی کڵێسای «سستین» بریتییە لە جیهانێک، کە سەرلەنوێ دروست کراوەتەوە!. چونکە میکیل ئەنجێلۆ هەموو هەنگاوەکانی دروست کردنی جیهانی تێدا وێنەکێشاوە. هەنگاوی دروستکردنەکانی، یەک لەدوای یەک دێن. لەپێشدا وێنەی تارێکی و نووتەکی جیهانی کێشاوە کە دڕندەیی و سامناکی تێدایە. پاش ئەوە ئەو تاوەی پیشان داوە کە پێش لە دایکبوونی جیهان کەوتووە. ئەو تاوەیش پڕیەتی لە بابەتی چاو تێبڕین و چاوەڕوانی. پاش ئەوە فریشتەکان دەبینین، کە وەک پەڵەهەور وان بەئاسمانەوە. دوای ئەوە ئەنجێلۆی وێنەکێش ڕووناکی لە تاریکی جوێ کردۆتەوە. ئینجا وێنەی مانگ و ڕۆژی کێشاوە. ئاویشی لە زەوی جوێ کردۆتەوە. ئینجا پەنجەیەکی کێشاوە بە«ئادەم»دا و گیانی کردووە بەبەریدا.

پاش ئەوە لە پەراسویەکی ئادەم، (حەوا)ی دروست کردووە. دار و درختەکانی باخچەکە و میوەی بەربەرست کراویشی لە بەردەم حەوادا داناوە. پاش ئەوە فریشتەیەکیشی ناردۆتە سەر ئادەم و حەوا دەریان بکات لە بەهەشت. فریشتەکە لەوێدا شیرێکی بەدەستەوەیە گڕی ئاگری لێ دەبێتەوە. پاش ئەوە لافاوی تووڕەیی خۆی بەرەڵڵا کردۆتە سەر مرۆڤایەتی تاوانبار. بەهەر چوار لای ئەم وێنەیەوە کە لە ناوەڕاستدایە پێغەمبەرەکان و ڕاسپێرراوەکان و پیرەکان دانیشتوون، سەرنج دەدەن و، بیر دەکەنەوە و، ورد دەبنەوە و، دەپاڕێنەوە لە خودا. هەریەکەیان خەریکی فەرمانێکی تایبەتی خۆیەتی. هەموو مەبەستێکیشیان ئەوەیە کە بکەونە ناوەند خودا و مرۆڤەوە، ڕێکیان بخەن!. پاپا

(یۆلیۆسی دووەم) مرد. نەوەکانی داوایان لە ئەنجێلۆ کرد ئەو گۆڕە تەواو بکات کە لە سەردەمی ژیانی پاپا خۆیدا دەستی پێ کرد بوو. کەچی ئەو دەمە ئیتالیا کەوتبووە ناو شەڕ و ئاژاوەوە: دەرد و نەخۆشی داگیری کرد بوو.

ساختمانەکانیان دەڕووخاند. وێنەکانیان دەسووتاند. پەیکەرە مسەکان (کە هەندێکیان دەستکردی ئەنجێلۆ خۆی بوون) دەتوێنرانەوە و دەخرانە ناو دەمی تۆپەکانەوە. هەرچەندە ئەو دەمە وا بوو، بەڵام هونەرمەندی گەورە، باکی لەو شتانەی نەبوو، هەر بەفەرمانی خۆیەوە خەریک بوو! دوای ئەوە چەند پاپا یەک، یەک لەدوای یەک هاتن و لەناوچوون، هەموویان بەهەڵبژاردن دەهاتنە سەر تەخت. هەموویان فەرمانداریان کرد و پاشان مردن. بەڵام ئەنجێلۆی هونەرمەند هێشتا هەر لە کاردا بوو، لە فەرمانەکەی خۆی نەبووبووەوە!... بێجگە لەوە، پەیتا پەیتا تووشی دەرد و نەخۆشی دەبوو.

تووشی دەردی سەری دەبوو. دوژمنەکانی داویان بۆ دەنایەوە. کەچی دەست و پەنجە ڕەنگینەکانی ئەو کە خودا هەر بۆ ئەوەی دروست کرد بوون جوانی بهێننە بەرهەم، هەر لە شاکارە ناوازەکانی خۆیاندا دەجووڵانەوە! ئەوانەیش کە چاویان پێ هەڵدەهێنا بەدناویان دەکرد بەتەمەڵی و خۆپەرستی و سەرچەوتییەوە. دەیانگوت بەرتیلی وەرگرتووە لە خاوەن کانەبەردەکانی (کارارا)، تا گۆڕستانەکە بەبەردی ئەوان تەواو بکات و بەردی کەسی تر کار نەکات!...

هەرچەندە تاوانەکان خۆ هەڵبەست بوون و فرییان بەڕاستییەوە نەبوو، بەڵام کاربەدەستەکان بەگوێیاندا چوو، ئەنجێلۆیان ناچار کرد جۆرە بەردە مەڕمەڕێکی تر بەکاربهێنێ، کە لە هی پێشوو باشتر نەبوو، خراپتر بوو!... لەگەڵ ئەوەیشدا گوێی نەدایە ئەو کردەوە پڕوپوچانە.

دەستی لە فەرمان هەڵنەگرت، هەر لەسەر کار و فرمانەکەی خۆی ڕۆیشت تا تەواوی کرد. جاروبارێکیش سکاڵای دڵی خۆی بۆ ئەو بەردە مەڕمەڕە بێ زمانانە دەکرد، بەجۆرێکی وایشی دروست دەکردن وەک هاتبێتە زمان وا بوو!.

ئەنجێلۆ لەو کاتەدا گەیشتبووە تەمەنی چل و حەوت ساڵی. کاتێ کە لە خۆی دەدوێ، وێنەیەکی وردی کەسایەتی خۆیمان لەو سەردەمەدا پیشان دەدات، دەڵێ: «قژی سەری کورت و لوول بووبوو. ناوچەوانی لەبەر کارەساتی ڕۆژگار چرچ و لۆچ بوو بوو».

چاوەکانی پڕ بووبوون لە بیرکردنەوە، تیژ دەیانڕوانی، بەڵام گێژویژ بووبوون.



لچەکانی [1] هاتبوونەوە یەک، بچووک بووبوونەوە، بڕیاردان و سنگ هێنانە پێشەوەیان تێدا دیاربوو بۆ بەرەنگاریکردن. ڕیشێکی ڕەشی کورتیشی پێوە بوو. لووتە فشە شکاوەکەیشی زاڵ بووبوو بەسەر هەموو دەموچاویدا. ئەم شێوەیە شێوەی پیاوێکە کە لەگەڵ خەم و خەفەتدا ناسیاویی هەبێ. کە لەگەڵ سەرکێشی و تیز پێکردن و جوانی و کەللەڕەقی و خۆ بەدەستەوەداندا ئاشنایەتی هەبێ. ئەم شێوەیە، شێوەی پیاوێکی بیر پڕوپووچ و خودا ناسێکە!...».

## بیست و سێ ساڵی خشت بەتاشینی گۆڕێگەوە خەریک دەبێ

تا ئەو گۆڕەی تەواو کرد بیست و سێ ساڵی پێ چوو. لەو ماوەیەدا دەردی ڕشانەوە داکەوت. براکەی بەو دەردەچوو. ئەوەندەی نەما بوو خۆیشی هەر بەو دەردە بچێ! بەڵام تەنانەت لەو سەردەمە سەخت و پڕ تەنگوچەڵەمەیەشدا هونەرمەندی گەورە توانی ئاگر بەربداتە ئەو بەردە مەڕمەڕە! دوایی کە تەمەنی ئەنجێلۆ گەیشتە حەفتا ساڵی، ئەو فەرمانەی بۆ تەواو کرا. یەکێک لە چل یاساوڵەکەی چوار لای گۆڕەکە «مووسا»ی دەنوواند. پەیکەرەکەی مووسا وێنەیەکی هەرە باڵا بوو لە هونەری بەرد کۆڵینی تازە!... چونکە نیوەی پەیکەرەکە لە شێوەی خودادا بوو. نیوەکەی تریشی لە شێوەی مرۆڤەدا بوو.

مەبەسی ئەنجێلۆیش لەوە ئەوە بوو کە بتپەرستی و مەسیحێتی پیشان بدات. لە ناوچەوانە تەسکەکەیشیدا دوو شاخی دروست کرد بوو. مووسای وا پیشان دابوو کە دانیشتووە و، ڕیشە درێژەکەیشی شۆڕ بۆتەوە تا گەیشتۆتە سەر ئەژنۆکانی. هەردوو باڵە ڕووتەکانیشی بەم تەنشت و بەو تەنیشتیدا شۆڕبوونەتەوە. بەدەستی ڕاستیشی بەهێز و هەڕەتێکەوە تەلە بەردەکەی (یاسای مووسا)ی گرتووە بەدەستییەوە. بەڵام جووڵەی پێیەکانی ئەوە پیشان دەدات کە خەریکە ڕاست ببێتەوە سەر پێ و قسە بۆ نەتەوە سەرکێشەکەی خۆی بکات. لە چاوە تیژەکانیشیدا هەڕەشە و گوڕەشە دیارە. لە لێوی خوارووویشیدا تووڕەیی و چاوترساندنی ئاشکرایە. بەکورتی پەیکەرەکە پێغەمبەرێکی بەسامی ڕاسپاردە پیشان دەدات کە لەلایەن خودایەکی تووڕە وە نێرراوە بۆ سەر نەتەوەکەی. هەروەها ئەوەیش پیشان دەدات کە مرۆڤێکی هەرە بڵند مرۆڤەوارییەکی[2] ناشی و تێنەگەیشتووی دڕندە، بەتوندوتیژییەکەوە گوناهبار دەکات!...

(١) ڕاستتر: لچ و لێوی....

(٢) مرۆڤەواری لەسەر کێشی (کوردەواری)!... دیارە (مرۆڤایەتی) ڕاستتر و شیاوترە.

جا لەو سەردەمەدا میکیل ئەنجێلۆ خۆیشی، بەچەشنی مووسا لە کانگای دڵیەوە مرۆڤەواریی تاوانبار دەکرد. ئەم تاوانبارکردنەیشی کاتێ دەرخست لە بەرهەمی هونەرەکەیدا. کە گەڕایەوە سەر وێنەکێشان لەسەر دیوارەکانی کڵێسای سستین. چەند وێنەیەکی تریشی بۆ تەواوکردنیان، لەناو داکێشا، کە (ڕۆژی چەندوچوون کردنی دوایی)ی[1] پیشان دەدا. وێنەی زۆربەی مرۆڤەکانی بەلەشی ڕووتەوە کێشابوو.

پیاوێکی ئاییینی گەورە لەم بابەتەوە وا دوا: «کە ئەم وێنەیە لە مەیخانەیەک زۆرتر دەوەشێتەوە تا کڵێسایەک!». کاتێکیش پاپا داوای لە ئەنجێلۆ کرد ئەو لەشە ڕووتانە داپۆشێ، هونەرمەندەکەمان بەتووڕەییکەوە پێی گوت: «بام خاوەن پایەی پیرۆز خەمی گیانە گاورەکانی ژێردەستی خۆی بخوات، بەڵام واز لە منیش بهێنێ کە خەمی لەشەکانیان بخۆم!».

وێنەکە کۆمەڵێکی گەورەی مرۆڤ پیشان دەدات کە لە (مەسیح) کۆبوونەتەوە، بەڵام مەسیح ئەمجارە وەک خودایەکی خۆشەویستی دەرنەکەوتووە. وەک خودایەکی تۆڵەسێنەوە دەرکەوتووە! کاتێ کە هاتە جیهانەوە بۆ ئەوە هات کە جیهان بخاتە سەر ڕێگای چاکەکردن. کەچی جیهان کەنەفتیان کرد!. بەڵام ئەمجارە بۆیەکا هاتۆتەوە جیهان، کە چەندوچوون لەگەڵ جیهاندا بکات. لەم چەندوچوون کردنەیشدا هیچ نیشانەیەکی خۆشەویستی و بەزەیی هاتنەوەی تێدا نییە. لە جیاتیی ئەوە دادپەروەرییەکی توندوتیژی تێدایە، لەگەڵ گەورەییەکی بەسام و هێز و هەڕەتێکی بێ ئەندازەدا... (مەریەمی کچ)یش لە پشت عیسای کوڕیەوە وەستاوە، خەموخەفت لە دەموچاویدا دیارە، خەریکی ڕوو وەرگێڕانە لە (مەسیح)، کە خەریکی ڕەوانەکردنی ئەو کۆمەڵە گەورەیەیە بۆ هەوارگەی دواییان، تا سزای خۆیان بچێژن؛ زۆربەیان بەرەو خوار ڕەوانە دەکات کە ئاگرستانە!. چەند کەسێکی کەمیشیان ڕەوانە دەکات بۆ بەرەو ژوورکە بەهەشتی لێیە!. بەم ڕەنگە وێنەکە زۆرانبازییەکی تا سەر پیشان دەدات لە ناوەند ئاگرستانی دۆزەخ و گوڵزاری بەهەشتدا. لە شێوەیەکی کورت کراوەیشدا مێژووی ڕەگەزی مرۆڤ بەوێنە پیشان دەدات، کە پەنجە دەکێشێ بۆ دوارۆژی مرۆڤ!.

(١) یان: ڕۆژی زیندوبوونەوە، ڕۆژی قیامەت.



## دڵدارییە تاکانەکەی

لە شەوی چەژنی لەدایکبوونی عیسادا ئەنجێلۆ لە وێنەکەی «ڕۆژی ڕاستبوونەوە»[1] بووەوە ئەو کاتەساڵی ١٥٤١ بوو. ئەمیش ئەودەمە گەیشتبووە ئەو پەڕی ئاواتی خۆی لە سامان و ناوبانگدا. هەرچی هونەرمەندەکانی جیهان هەیە چاویان پێ هەڵدەهێنا[2].

بەڵام لە هەموو کەس دوورتر بوو لە کامەرانییەوە. لە هەموو کاتێکی تری ژیانیشی لە هەناسە ساردی و دڵتەنگییەوە نزیکتر بوو!. بەدرێژایی ژیانی خۆی، زیانی لێ دەکەوت: یەک لەدوای یەک دۆستەکانی لە دەست چوو بوون. لەو دۆستانە سیانیانی لە ماوەیەکی کەمدا لە دەست چوو بوو. یەکێک لەوانە کوڕێک بوو لە تەمەنی پانزە ساڵیدا، کە هونەرمەندێکی تازە پێگەیشتوو بوو. ئەنجێلۆی بێ منداڵ وەک کوڕی خۆی خۆشی دەویست! یەکێکی تریشیان ئاپۆی ئەو کوڕە بوو، کە لە هەموو کەس ئەنجێلۆی زۆرتر بەدڵدا چوو بوو. زۆرتریش هونەرەکەی ئەوی بەلاوە پەسند بوو. زۆرتریش بۆی دڵسۆزە بوو. سێیەم کەسیشیان ئافرەتێکی جوانی زیرەک بوو ناوی «ڤیتۆریا کولونا» بوو. لە هەموو کەس زۆرتر، لەناوچوونەکەی تیری لە جەرگی ئەنجێلۆدا. ئەم ئافرەتە لە هەموو ئافرەتێک زۆرتر کاری ئەنجێلۆی پەسند کرد بوو. بەدرێژایی ساڵان خۆشەویستییە شاراوەکەی خۆیان لەگەڵ یەکتردا دەگۆڕییەوە. ئەو کۆمەڵە نامە و چامانەی کە لە ناوەندیاندا دەهاتن و دەچوون، لەم ڕۆژەدا بەگەورەترین گەنجی[3] وێژەیی ئیتالیا دادەنرێن! کاتێ کە مەرگ لەناکاو ئەو ئافرەتەی لە دەست ئەنجێلۆی هەڵ پچوڕکاند، ئەو ئاواتە تاکانەیەی لە کۆڕی دڵداریە هەیبوو، لە دڵیدا کوژرایەوە. ئەنجێلۆی سەرگەردان و کڵۆڵ هەر ئەوەندەی بۆ مایەوە کە لە تەنشت لاشەی ئافرەتەکەوە وەستا. تا ئەوساکە هێشتا لەگەڵ ئەوەیشدا کە دەیپەرست. جارێک ئەو ئافرەتەی نەگرتبووە باوەش، دەستێکی برد بۆ دەستە ساردەکەی ئافرەتە خۆشەویستەکەی و ماچی کرد. پاشە جار بۆ یەکێک لە دڵسۆزەکانی خۆی. دڵی خۆی کرد بووەوە، گرتبووی: «ئەوەم لە هەموو شتێک پێی ناخۆشترە، کە من تەنانەت لە کاتی مردنیشیدا هەر ئەوەندەم وێرا کە دەستی ماچ بکەم، نەموێرا ماچێکی لێوەکانیشی بکەم!».

(١) (یوم القیامة).

(٢) ئیبیرەییان پێ دەبرد، حەسوودیان پێ دەبرد.

(٣) گەنج: سامان، شتی بەنرخ و بەهادار.

که ئافرەتەکە مرد، هونەرمەندی گەورە، لە تاقانە هەل و دوامین هەلی کامەرانی جیهانی خۆی بێبەش مایەوە. ئەو مەرگەساتەیش کارێکی وای لە ئەنجێلۆ کرد: بەجارێک لەشی تێکچوو. چەند حەفتەیەکیش بەنەخۆشییەوە مایەوە لە جێگادا. لە ناوەند ژیان و مردندا هاتوچۆی دەکرد. دەتگوت ها ئێستا بمرێ ها تاوێکی تر!. بەڵام باش بوو لە نەخۆشییەکەی چاک بووەوە. چونکە نامە جیهانییەکەی هێشتا بەتەواوەتی بەجێ نەگەیاند بوو. ئەوەی لەسەر مابووەوە کە دیارییەکی هونەرمەندانەی تازە پێشکەشی جیهان بکات، کە هەندێ کەس ئەو شاکارەی بەگەورەترین شاکار دادەنێن!. کاتێ کە پاپا پێی گوت نەخشەی گومەزێکی تازە دابنێ بۆ کڵێسای (پییێر پەترۆس) ئەنجێلۆ لە تەمەنی حەفتا و سێ ساڵیدا بوو. ئەنجێلۆ بیانووی بۆ هێنایەوە وازی لێ بهێنێ، سەبارەت کە پیر بووبوو، توانایی کارێکی وا گەورەی نەمابوو، کە ماوەیەکی زۆری دەخایاند. بەڵام پاپا ئەوەندە تکای لێ کرد و، ئەوەندە سەری کردە سەری، ناچار ما. دوایی بێ دڵی نەکرد، خواستەکەی گرتەئەستۆی خۆی. لەوەندە زۆرتر هیوای نەبوو بەخۆی کە لە چەند مانگێک بەولاوە بتوانێ کاری تێدا بکات. بەڵام ئەو پاپایەی ئەو کارەی خستە ئەستۆی ئەنجێلۆ مرد. لەدوای ئەویش چوار پاپای تریش یەک لەدوای یەک هاتنە سەرتەخت و، مردن.

کەچی هونەرمەندی پیر هەر لە ژیاندا بوو. بەفەرمانەکەی خۆیەوە خەریک بوو!... ئەو شاکارەیشی لە ماوەی شانزە ساڵدا تەواو کرد. لەو ماوەیەدا نە هێزەکانی لەشی نە هێزەکانی هۆشی لە کار نەکەوتبوون. دوایی لە تەمەنێکی هەشتا و نۆ ساڵیدا لەو ئەرک و کارە پڕ هونەر و ناوازەیەی بووەوە. حەسایەوە. بەڵام پاش حەسانەوەکەی کارێکی تازەی گرتە ئەستۆی خۆی. چونکە مانگەکانی دوایی ژیانی خۆی بەوەوە ڕابوارد کە نەخشەی چوار پەیکەری کێشا بوو بۆ گۆڕەکەی خۆی. بەدەستی خۆیشی هەڵیدەکەنن و دەیتاشین. لە ڕۆژی ١٥٦٤/٢/١٢دا بەدرێژایی ئەو ڕۆژە وەستا بوو بەپێوە، چەکوشکاریی بەردە مەڕمەڕەکەی دەکرد. لەپاش دوو ڕۆژ لە کاتی باران و ڕەهێڵەیەکدا، بەسواری ئەسپەکەی چووە دەرەوە. چوار ڕۆژی تری پێ چوو، گیانی دا بەدەستەوە!. لە کاتی گیانەلاودا، بەتەواوەتی ئاگای لە خۆی بوو!. چەند تاوێک پێش مردنەکەی، بۆ کەشیشەکەی خۆی، داخی دڵی خۆی دەربڕی.

بەڵام نەک لەبەر مردنەکەی خۆی. بەڵکو لەبەر ئەوەی کە دەمرد و هێشتا لە هونەرەکەی خۆیدا. بەتەواوەتی قاڵ نەبووبوو!....

تەواو

# عومەر خەیام

چیرۆکێکە لە ژیان و دڵدارییەکان و جەربەزەییەکانی بوێژ و ڕاستی پەرستی بەناوبانگی ئێران عومەر خەیام ئەدوێ

نووسینی: مانوێل کومروف – نووسەری سینەمایی ئەمەریکایی

ئەم نووسراوە

## عومەر خەیام

ئەوانەی (عومەر خەیام) لە چوار خشتەکییەکانییەوە ئەناسن بەلایانەوە وایە کە پیاوێکی مێ باز و، مەی باز و ساز و ئاواز باز بووە و. هەموو ژیانی خۆیشی هەر بەجەربەزەیی و بەزمورەزمەوە ڕابواردووە. بێجگە لەو بابەتانە فرِی بەسەر هیچ شتێکی ترەوە نەبووە!...

کەچی لە ڕاستیدا، لە سەردەمی خۆیدا بەزانایەکی گەورە و بەبوێژێکی خۆش ئاواز و، بەڕاستی پەرستێکی کارامەوە ناوی دەرکردووە.

(عومەر خەیام) حەڤدە بەرهەمی وا گەورە گەورە و گرنگی پێشکەش بەمرۆڤایەتی کردووە، کە هەر یەکەیان لە کۆڕێکی زانست وێژە و مێژوو و ڕاستی پەرستی و هونەردا جێگای خۆی لەناو نووسراوخانەکانی جیهان دا کردۆتەوە. لە زانستگاکانی[1] سروشت (طبیعت) و ژمێرکاری (ریاضیات) و ئەستێرە ناسی (تنجیم) و ڕاستی پەرستی (فەلسەفە) و وێژە و مێژوودا، چ بەزمانی فارسی، چ بەزمانی عەرەبی، (عومەر خەیام) نووسراوانی بەنرخ و گرنگی پێشکەشی شارستانێتی (ئێران) کردووە تەنانەت لە بابەت (جەژنی نەورۆز)یشەوە نووسراوێکی بەنرخی هەیە. ڕۆژمێر (تقویم)ی ئێرانیش بەسایەی کۆششی زانایانەی ئەوەوە ڕاست کرایەوە.

---

(١) یان ڕاستر: لە زانستەکان...



## چوارینەکانی خەیام

بەڵام (عومەر خەیام)، زۆرتر بەهۆی چوارینە (رباعی)یەکانییەوە ناوبانگی دەرکردوە لە جیهاندا، کە هیچ زمانێکی زیندووی جیهانی نەماوە ئەو (١٧٨) چوارینانەی ئەوی پێ پەرچڤە (ترجمە) نەکرابێ بەزمانی کوردیی خۆێشمان، ئەم چوارینانە، بەشێوەی کرمانجی و بەشێوەی موکریانی، بەهەردوو شێوەکە کراون بەکوردی. جارێکیان لەلایەن وێژەوانی پایە بڵند و خەباتکار (دوکتۆر کامەران عالی بەدرخان).

وە، جارێکیشیان لەلایەن بوێژی خوالێخۆشبوو (شێخ سەلام)ەوە کە هەردووکیان لە نیوەی یەکەمی ئەم چەرخەدا گۆڕیویانەتە سەر زمانی کوردی[1].

## پێگەیشتنی خەیام

(عومەر خەیام) لەکاتی خۆی دا بەم ناوونیشانەوە ناوی دەرکردووە:

«حەکیم ئەبو ئەلفەتح غیاث الدین عومەر کوڕی ئیبراهیمی خەیام». لە ساڵی (٤٠٧)ی کۆچی دا لە شاری (نەیشاپور) لە دایک بووە هەر لەم شارەییشدا لە ساڵی (٥١٧)ی کۆچی دا گیانی پاکی بەخاک سپاردووە، (عومەر خەیام) لەسەر دەستی پێشەوا (مۆفەق)ی نەیساپوری دا، لەگەڵ (نظام الملک) و (حەسەن ئەلسەباح)دا خوێندنی زانستکۆی تەواوکردووە لە وتارەکانی زانای بەناوبانگیش (أبو علی سینا)[2] گەڵکی وەرگرتووە. هەر لەو ساکەوە (عومەر خەیام) زیرەکی و بلیمەتی پێوە دیاربووە. چەند جارێک بۆ خاکەکانی (بەڵخ) و (هەرات) و (ئیسپەهان) و (حیجاز)یش کۆچی کردووە. کە هاتوویشەتە کۆری ژیانەوە وەک خواناسێکی خەباتکار و، زانایەکی ڕۆشنبیر

---

(١) جگە لەو دووانە، لە شاعیران و ڕۆشنبیرانی کورد زۆر کەس تەقەللای گۆڕینی ئەو چوارینانەیان داوە، هەریەکەش تا ئاستێک تیایدا سەرکەوتوو بوون، بەڵام دیارترین و سەرکەوتووتریان مامۆستا هەژاری موکریانی بەهەشتییە کە بەسەلیقە جوان و زمانە پاراوە ڕەوانە دەوڵەمەندەکەی ئەو چوارینانەی کردۆتە کوردی.

(٢) ئیبن سینا (ئەبوعەلی) ٩٨٠-١٠٣٧ لە نزیک بوخارا لە دایک بووە و لە هەمەدان کۆچی دوایی کردووە، لە دیارترین و گەورە فەیلەسوف و پزیشکە بەتواناکانە، لە ئەرستۆ و ئەفلاتوندا قووڵبۆتەوە، بەوانەوە سەرسام بووە. مەیلی سۆفیگەرێتیشی بووە؛ ئەمەشی لە (الحکمە الشرقیە)یدا پێشانداوە. لە بەرهەمەکانی: (قانون لە پزیشکایەتیدا، شیفا، النجاە، الأشارات والتنبیهات لە مەنتیقدا... وە زۆر دەستنووسی دی کە چاپ نەکراون).

و، بوێژێکی دڵتەڕ و دەروون ئازاد ژیاوە؛ خۆی دوور ڕاگرتووە لە ڕووکەش و کەش و فشی جیهانییەوە. خۆی لە کاربەدەستان هەڵنەسووە. خۆی بەزانست و هونەر و وێژە و ڕاستی پەرستییەوە خەریک کردوە. هەروەها بەتەنگ ژیانێکی خۆشی پڕ کامەرانی تایبەتی خۆیشییەوە بووە. لەبەر ئەوە لەناو دڵی نەتەوەدا و، لە ناو دڵی شاهی ئێران (جەلالەدینی سەلجوقی)دا و، لەناو دڵی سەرەکی کاربەدەستان (نظام الملک)دا جێگایەکی پەسندی بۆ تەرخان کرابوو[1].

## خەباتی خەیام

بەڵام چوارینەکانی (عومەر خەیام)، چونکە پڕ بوون لە ڕاستی پەرستییەکی مەردانە و ئازایانە و خۆیشی. بەگژ خراپەکاری و زۆرداری و بەدخوی و ژیانی چەوت و چەوێڵی کومەڵایەتیدا چووە، هەموو دەم عومەر خەیام لە هەموو لایەکی ئێرانەوە دوژمنانی توندوتیژی بۆ پەیدابووە. کە لە پاش مردنیشی ڕزگاری نەبووە لە دەم و زمانیان. لە گەڵ ئەمەیشدا مرۆڤ دۆستیی (عومەر خەیام) و نیشتمانپەروەرییەکەی و گیانە سووکە پاکە پڕ بەزمورەزمەکەی هەموو دەم پاڵیان پێوە ناوە، کە هەموو دەم کردەوەی چاکە خوازانە بنوێنێ لەگەڵ گەل و نیشتمانەکەی خۆی دا و لەگەڵ مرۆڤایەتیدا. هەروەها لە ژیانی تایبەتی خۆیشی دا پڕ بەدڵی خۆی دڵتەڕانە بەئاهەنگ و زەماوەندەوە ڕاببوێرێ. جا هەر لەبەر ئەم هێز و توانا و کردەوە پەسندانە و ڕەوشت و خووە بەرزانەی بووە کە (عومەر خەیام) چ لە سەردەمی خۆیداو چ لە پاش مردنی خۆیشی، هەموو دەم خۆشەویست و نازداری ئازادی خوازانی جیهان بووە.

(١) سەلجوقێکان تورکی تورکستان بوون، لە ١٠٢٩دا بەسەر بوخارا و سەمەرقەنددا هاتن و دەوڵەتی غەزنەوییان ڕووخان تا ١٠٣٨ کە شاری (نیسابور)ی پایتەختی خۆراسانیان گرت و لە ١٠٤١ز، دەسەڵاتی فارسیان نەهێشت و خەلیفەی بەغداش (قائم بامرالله) بەبێ تەقە لە ١٠٥٥دا ئەسلێمی (أرطغرل) بوو، کە ئەم لە ١٠٦٣دا مرد، ئالپ ئەرسەلانی ئامۆزای هاتە جێی و نظام الملک بووە وەزیر لە دەوڵەتی سەلجوقیدا، کە ئەرسەلان لە ١٠٧٣دا کوژرا، کوڕەکەی کە (مەلیکشا) بوو هاتە جێی و (نظام الملک)ی بەوەزیری هێشتەوە، ئەم مەلیکشایە لە ١٠٩٢دا دوای کوژرانی نظام الملک بەمانگێ مرد و چوار کوڕەکانی دوای ئەو ولاتیان بەشکرد و گێژاوی نەهامەتی ڕووی تێکردن.
ئا لەو سەردەمەی باسکرا خەیام و نظام و حەسەن سەباح ژیاون.



## دڵداریی خەیام

ئەم چیرۆکەیش کە پێشکەشی خوێندەوارانی کوردی بەڕێزی ئەکەم هی نووسەری سینەمایی بەناوبانگی ئەمەریکایی (مانوێل کۆمرۆف)ە کە لە شێوەیەکی زۆر خۆش و تەڕ و تازەدا هەڵی بەستووە. بێگومان هەر چەندە هونەری خۆی تیانوواندوە، هەر چەندە دەستکاریی خۆی تیاکردوە، بەڵام لەسەر چاوانی سەر گروشتەکانی ئیرانەوە کەرەستەی چیرۆکەکەی خۆی وەرگرتووە. ئەمەیش شایانی گێڕانەوەیە: کە من خۆم ئەم چیرۆکەم لە فیلمێکی شۆخ و شەنگ و ڕەنگاوڕەنگ دا دیبیوە لە سینەمادا[1]...

چیرۆکەکە هەردوو ڕووی ژیانی (عومەر خەیام) بەجوانی پێشان ئەدات. ڕووی ژیانی تایبەتی، کە پڕە لە جەربەزەیی و دڵداریی و بەزمورەزم. ڕووی ژیانی گشتیشی کە پڕە لە مرۆڤ پەروەری و نیشتمان دۆستی و ڕاستی پەرستی و دادخوازیی، کە لە شێوەیەکی ژیبیرانە و مەردانە و گیان سووکانەدا بەکردەوە ئەینوێنێ.

خەیام، سەلاحەدین مان بیر ئەخاتەوە جا لەم چیرۆکەدا کە (عومەر خەیام) بەنگ کێشە نهێن گرەکان و (بیزانتی)یە داگیرکەرەکان و دوژمنە تاوانبارەکانی ناوخۆی، بەڕاوێژ و ئامۆژگارییە نایابەکانی خۆی، کە پێشکەشی شاهی ئێرانی کردووە، لەناو بردووە و تەفروتوونا کردوە، خەبات و شاه کارەکانی (سەلاحەدینی ئەیوبی) شاهەنشاهی کوردمان بیر ئەخاتەوە، کە ئەویش هەر بەم جۆرە. بەڵام لەشێوەیەکی گەورەتر و فراوانتر و گرنگتردا گوێی لە زانایان و ڕۆشنبیران و ڕاستی پەرستانی سەردەمی خۆی ئەگرت، ڕاوێژی ئەوان و ژیری و زرنگی و شارەزایی خۆیشی تێکەڵ ئەکرد توانی بەنگ کێشە نهێن گرەکانی[2]

(١) لە ڕاستیدا فلیمی (عومەر خەیام) کۆمپانیای (بارامۆنت) بەرهەمی هێناوە، دانەری فلیمەکە (لیندن)ە کە ساڵێکی تەواو بەنووسینەوەی خەریکبووە، جا لەو سەرچاوانەی کە کەڵکی لێ دیوە لە دەرهێنانی چیرۆکەکەیدا، کتێبەکەی (ماینۆیل کۆمۆرن)ە بەناوی (قەڵای ئالمۆت) کە ئیشارەی پێ دەدرێ.

(٢) واتە: الحشاشون: کۆمەڵێک بوون لە ئیسماعیلییەکان (ئیسماعیلیەکان: یا (الشّیعیّة)، تایەفەیەک بوون لە ئەهلی شیعە؛ خۆیان وا داناوە کە سەر بە(ئیسماعیلی کوڕی ئیمام جەعفەری صادق)ن کە شەشەم ئیمامە لە دووانزەکە. دەڵێن (نەفس و ئەقڵی) تەواو لە ئیمامەکەیاندا کەوا لە هیندە و نازناوی (ئاغاخان)ی هەڵگرتوە، ئەمانە لە وڵاتی فارس و لە شام (ناوچەی حەما) هەن. بۆ زیاتر بڕوانە: عمر أبو النصر- قلعه الموت، منشورات مكتب عمر أبو النصر للتأليف والترجمه- بیروت. بەبێ ساڵی چاپکردن.) ئەم ناوەیان لە بەنگ کێشانەوە بەسەردا دابڕاوە، بەفیدائیەکانیش=

(سوریە) و، گاورە داگیپیرکەرەکانی ئەوروپا و، سەرۆکە ناپاکەکانی ئیسلام لەناو ببات و تەفروتوونایشیان بکات!...

## چیرۆکەکە گیانمان شاد ئەکات

بەڕاستی ئەم چیرۆکە گیانمان زۆر شاد ئەکات. چونکە لە ئەنجام دا چاکی و پاکی و ڕاستی و دادپەروەری سەر ئەکەون. خۆشە زانا و ڕاستی پەرست و بوێژ، زاسنت و ڕاستی پەرستی و بوێژییەکەی خۆی لەپێناو کەڵکی گشتیدا بەخت بکات. هەروەها خۆشیشە کە کاربەدەست و سەرۆکان، گوێ لە پیاوانی زانا و ڕاستی پەرست و وێژەوانان بگرن و، بەراوێژی ئەوانیش بچێ بەڕێوە. ئەنجامی ئەمەیش هەروەک لەم چیرۆکەدا دەرئەکەوێ بەسەر خراپی داو، دادپەروەری زاڵ ئەبێ بەسەر زۆرداری داو، نیشتمان ڕزگاری ئەبێ لە دەست وێرانی و، نەتەوەیش ڕزگاری ئەبێ لە دەست سەر گەردانی، بێجگە لەوە نەتەوەیش بەئازادییەوە و، نیشتمانیش بەئاوەدانییەوە کامەران ئەبن.

نیازی منیش لە پێشکەشکردنی ئەم چیرۆکە بەخوێندەوارانی کورد پێشاندانی ئەم ئاواتانەیە، کە هیوادارم ئێمەیش بەزوویەکی زوو پێیان بگەین!

سلێمانی–١٩٧٢
شاکر فەتاح

= ناو دەبران، کۆمەڵێکی نهێنی بوون کە کوێرانە ملکەچی فەرمانەکانی پێشەواکانیان بوون. ڕێباز و شێوازی تیرۆریان گرتبوو لە مامەڵەکردن لەگەڵ ناحەزانیاندا؛ بەشێوەیە ببوونە دەوڵەتێکی بەهێز و جەربەزەی نهێنی وا هەناوی دوژمنانی دادەخست.

سەرەتای پەیدابوونیان بەداگیرکردنی قەڵای (ئاڵموت)بوو لەلایەن (حەسەن بن ئەلسەباح)ەوە لە ١٠٩١ز، ئیتر گەلێ قەڵای شاخاوی تریان داگیرکرد؛ سەرەتا لە وڵاتی فارس و دواتر لە شام، کە لێرە سەرکردەکەیان پێی دەوترا (شیخ الجبل) و بەناوبانگترینیان (رشیدالدین سنان) بوو.

لەگەڵ ئەو هەموو زەبر و توندوتیژیەی سوڵتانەکانی سەلجوقی بەرامبەریان دەنواندن بەڵام سودی نەبوو، هەتا لە ئاسیاوە شەپۆلی مەغۆلەکان هات و هەرچی بنکە و بارەگا و قەلایان بوو ڕایانماڵین، هەروا (بیبرس)ی سوڵتانی مەمالیکەکان ١٢٧٢ز، گورزێکی گورچکبڕی گەیاندنێ و تەواوی کردن.



## ١

## هەڵسە لە خەو... وا ڕۆژ گزنگی دا

«بەهۆی ئەو تیشکانەیەوە کە پرشنگ ئەدەن، بەیانی دێتە دەرەوە و مەییش دڵخۆشیی ئاو ئەداتەوە.» «هەڵسە لە خەو!»...

هۆنراوەیەکی خۆش بوو، لەناو دڵی لاوەکەدا دەنگی ئەدایەوە، پاشان ئەگەییشتە سەر لێوەکانی و ئەشەکایەوە لاوەکە لە بەرەبەیاندا خەبەری بووبووەوە و بەچستوچالاکییەوە کەوتبووە ڕێ. بەڕوویەکی خۆشەوە بەرەو پیری ڕۆژ ئەچوو. بەپەلە پەل خۆی ئەکوتا بۆ باخچەی دۆستە خۆشەویستەکەی خۆی، بۆلای یارەکەی. ئەتگوت تیسکەی تفەنگە و بەناو تاریکی و ڕووناکی ڕۆژ و شەوی تێک ئالاودا ئەچوو، لە بەرەبەیانی ئاسمانە پاک و خاوێنەکەی ئێران دا.

«هەڵسە لە خەو!.» لاوەکە، بەهەڵەداوان ئەڕۆیشت بەڕێگاوە و ئەم هۆنراوەیەی ئەخوێندەوە. ئەمەندە دڵخۆش و کامەرانیش بووبوو، هەرچییەکی ئەدی وای ئەزانی ئەوانیش وەک خۆی شاد و کامەرانن و هەڵ ئەپەڕن!... جیهانیشی وا ئەهاتە پێش چاو، کە بێجگە لە خۆشی و جوانییەکەی خۆی، دڵخۆشی و کامەرانییەکەی خۆیشی بەسەردا پەخشان بووبوو... ئەوەندەی تریش شەنگوشۆخی کرد بوو. هەر شتێکی ئەدی لە ملاو لەولای خۆی دا بەجوانی ئەهاتە پێش چاو وەک ئەو دوکانانەی کە لە بەرەبەیاندا ئەکرانەوەیان ئەو ڕێبوارانەی کە بەگورجی ئەچوون بۆ سەرکار و فرمانی خۆیان، یاخود ئەو (زانستکۆی سینا)یەی کە گومەزە کاتی بەرزبووبوونەوە بەئاسماندا و لە شاری (نەی سابور)دا دامەزرابوون کە جیگای لە دایکبوونی (عومەر خەیام) خۆی بووە جا لەم زانستکۆیەدا بوو کە خەیامی بوێژمان، سەروو هەموو هاوڕێکانی خۆی کەوتبوو، لە هۆنراوە و زانستی شکاندنەوە (جەبر و زانستی ئاسماناسین– فەلەک)دا تەنانەت ڕووشیان لێ نا کە هەر لەم زانستکۆیەدا وانە بڵێتەوە. جا وانەکانی (عومەر خەیام) ئەمەندە خۆش و بەکەڵک بوون لە هەموو خاکە بێگانەکانەوە شاگردانیان کێش ئەکرد بۆ ئەوێ. هەر کەسێکیش ئارەزووی خوێندەواری بکردایە سەری لێ ئەدا، کە لەپێش هەموویان دا گەورەکانی ئێران ئەچوونە لای!

بەڵام هیچ شتێک لەوانە نەیانتوانی هانەی بدەن کە لە فرمانە زانستییەکەی خۆی دابمێنێتەوە. لەبەر ئەوە زۆری پێ نەچوو، وازی لە (زانستی شکاندنەوە) و لە

(ژمێرکاری) هێنا و دەستی کرد بەتێ بینی و بیرکردنەوە لەژێرکاری جیهان و ڕازی بوونی جیهان و، ناوەوەی دەروونی مرۆڤایەتی دا. لەپاش ماوەیەک، وای لێ هات، هەر هۆیەکی ڕاستی پەرستی نواندنی دەست بکەوتایە ئەیخستە ناو ئەندێشەیەکی خنجیلانە و شێوەیەکی شیرینی واوە، کە ئەچوە ڕێزەی هۆنراوەیەکی دڵگیر و ناوازەوە، کە لەپێش ئەمەی پیاو بەچاو ببخوێنێتەوە و تێی بگات بەدڵ چێشکەی ئەکرد!

***

«هەڵسە لە خەو!... لە ئاسمانەوە ڕۆشنایی دەرکەوت!» «عومەر خەیام» بەهەڵەداوان ئەڕۆیشت بەڕێگادا، تاگەییشتە گوڵزاری خوشەویستەکەی خۆی... بەچەشنی پلنگێک بەسووکی سەرکەوت بەسەر دیوارە بەرزەکەی باخچەکەدا، کە گەیشتە سەر سەربانی دیبوارەکە، خۆی گەیاندە لق و پۆپی درەختێکی پیر، کە پیایاندا شۆڕ بووەوە تا گەییشتە سەر چیمەنەکە. ئنجا بەناو درەختە سێبەردارەکانی باخچەکە و گوڵە گەشاوەکانیا پێ دزکەی کرد، تاخۆی گەیاندە ئەستێرکێکی مەلە کردن، کەئەمەندە ڕەنگی ئاوەکەی ناوی شین بوو، بەربەرەکانێی لەگەڵ ڕەنگە شینە پاکەکەی ئاسماندا ئەکرد... بەڵام ئاوەکەی ناوی، وەک جاران مەنگ و بێ دەنگ نەبوو!.

(عومەر) کە چاوی کەوت بەیارە شۆخوشەنگەکەی لەناو ئاوی ئەستێرکەکەدا مەلە ئەکات، هەر بەجارێک گەشکەداربوو، چونکە لەش و لارە سپییەکەی، کە هەر ئەتگوت دانی فیبلە لە سپێتی دا، ئاوەکەی ئەبزواند و پریشکی لێ ئەبوەوە، کە بەچەشنی دەنکە مرواری ئەبریسکایەوە!. کەنیزەکەکەیشی، کە ئەو پیاوە نەناسراوەی چاو پێ کەوت بەسەرسوڕماوییەکەوە سەرنج لە لەشە جوانەکەی خانمەکەی ئەدات. واقی ورما. لەبەر ئەوە کۆڵوانە ئاوریشمەکەی خۆی هەڵبڕی و کردی بەپەردە بۆ ئەمەی ئەو لەش و لارە ناسک و نازدارە، لەو دوو چاوە چڵێسە بشارێتەوە...!

بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو. دەنگی پێکەنینی خانمەکەی دەنگی دایەوە پاشان ئافرەتە شەنگوشۆخەکە بێ باکانە لەئاوەکە هاتە دەرەوە، بێ ئەمەی لەو سەر لێ دانە کوتوپڕ و ناکاوە تۆزێک بشڵەژێ. دەمودەست کۆڵوانە ئاوریشمەکەی لە خۆیەوە پێچا. کە کۆڵوانە کە بەلەشە تەڕوپڕەکەیەوە نووسا ئەوەندەی تر شوێنە جوانەکانی دەرخست، ئنجا وەک یارێکی ئاواتە خوازی ببینێ لە (عومەر) نزیبک بووەوە و بەپیریەوە چوو!

پاشان خۆیان خستە پەنایەکەوە کە بەگوڵ ڕازابووەوە، ئنجا لە شێوەیەکی دڵدارانەدا



دەستیان کرد بەگفتوگۆیەکی چرپە و ئەسپایی. ئافرەتەکە هەر ئەوەندە هەستی بە(عومەر) کرد کە لە ژیانی ناو شار وەڕس بووە دەمودەست پێی گوت: (ناوبانگی تۆ هەموو لایەکی گرتۆتەوە. بێگومان شاه بەوە زۆر دڵخۆش ئەبێ کە تۆ سەری لێ بدەیت و لە کۆبوونەوەکانیدا دابنیشیت).

(عومەر)یش گوتی: (سەر لێ دانی شاه بەمن چی؟... بۆچ دیمەنەکەی من بۆ ئەوە ئەشێ کە بێمە کۆڕی دەسەڵاتدارانەوە؟!. من پیاوێکم هەر بۆ زانست و ڕاستی پەرستی بەکەڵک دێم و دەست ئەدەم.

تەنانەت باوکیشت ئەوە ئەزانێ کە من زیرەکترین شاگردی بووم لە زانستکۆدا بێجگە لەوە، ئەمەندە هەست و تاسەیش لە دڵمایە و بیروباوەڕ لە مێشکمدایە، کە دەربەست نیم لەوەی کە تێکەڵ بەزەبر بەدەستان ببم.

چونکە نیشتمانەکەی خۆم لەناو دڵمدایە. ئەم نیشتمانەیش ئەمەندە گەورە و فراوانە، کە کەم هەڵ ئەکەوێ، سەردارێک بتوانێ خاکی وابهێنێتە بەرچاوی خۆی، بام (خاکەکەی ژێر دەستی خۆیشی گەورە و فراوان بێ!.) جا کاتێ ئەوان لەو بارەدا وەستابوون، گوێیان لە دەنگێک بوو بانگی ئەکرد: (شیرین، شیرین). باوکی کچەکە بوو بانگی ئەکرد بۆ لای خۆی. کچەکە پەشۆکا. چونکە ئەوەی بەبیردا ئەهات ئاخۆ بەچ ئەنجامێک ئەگات، ئەگەر باوکی بەو جۆرە ببینێ، بەتەنشت پیاوێکی نەناسراوەوە، لەو شوێنەدا... هەروەها لەو جۆرە بەرگەیشدا؟. کە هەر بریتی بوو لە کولوانەیەکی ئاوریشم، کە بەشی زۆری لەشی دەرخستبوو، کەمتری پوشیبوو!؟.

(شیرین) شڵەژا. لەپڕ لە جێگەی خۆی ڕاست بووەوە. بەڵام (عومەر) گوشیی بەخۆیەوە، تاکە ماچێکیشی لێ پچڕی، ئنجا بەگورجی و ئاسانی، بەدیبوارەکەدا هەڵگەڕایەوە، ئیتر هەر ئەوەندەی هەناسەیەکی پێ چوو، سەرلەنوێ گەییشتەوە سەرشەقامەکە... هۆنراوەکان لەناودڵیا هەڵ ئەقوولان. پاشان لەڕێگای لێوەکانیەوە ئەهاتنە دەرەوە!

کچەکە گەییشتەوە لای باوکی کە تەماشای کرد کرژ و مۆن بووە و دڵتەنگی یش داگیبیری کردووە. باوکی دەمودەست پێی گوت (شا منی بانگ کردووە، بۆلای خۆی، بچم ببینم، نازانم چیی لەمن ئەوێ؟ خوزگە لێم ئەگەڕا!) کچەکەیش گوتی: (ئێستا کەشی کۆبوونەوەکانی شایە. بێگومان ئەویش بۆیەکا تۆی بانگ کردۆتە ئەوێ تارێزت لێ بگرێ.

چونکە تۆ بەسەر ڕاستییەکەوە زانستکۆی خاکەکەی ئەوت ڕاگرتووە و پێشت خستووە!)... پیاوە پیرەکیەش وەرامی دایەوە گوتی: (بڕوا ناکەم بانگ کردنەکەی ئەو بۆ کۆبوونەوەیەکی تایبەتی بێ. بۆ ڕێز لێ گرتنم بێ. هەر چەند ئەکەم نازانم مەبەسی چییە!...)

بەڵام باوکی کچەکە، هیچی لە دەست نەئەهات ئەوە نەبێ کە فەرمانی شا بەجێ بهێنێ!

***

(عومەر خەیام)، لەگەڕانەوەدا، بەناو بازاڕەکەدا ڕۆیشت، کە پڕ بوو لە هەموو جۆرە کەسێک، لە هەموو دەنگە دەنگ و قاڕوقیژێک کە گەییشتە بەر دەرگای شارەکە کومەڵەیەکی گەورە کەسانی دی، ئەسپێکی ڕەسەنیشی چاو پێ کەوت. سوارێکی کەڵەگەتی گەنم ڕەنگی بەسەرەوە بوو بەسەروچاویا دیار بوو کە پیاوێکی سامدار و خاوەن دەسەڵات بوو. دوو حوشتر لە دوایەوە ئەڕۆیشتن، کە هەریەکەیان کەژاوەیەکی بەسەرەوە بوو. لە دوای ئەسپەکە و دوو حوشترەکەیشەوە، هەشت سواری چەک بەدەست ئەڕۆیشتن بەڕێگادا. کاروانەکە نزیبک بووەوە. (عومەر) لە سوارەکە وردبووەوە، پاشان قییژاندی گوتی:

«حەسەن ئەوەتۆی؟! لە دەمێکەوە نەمدیوی ئەوە لە کوێ بووی» شۆڕە سوارەکەیش ئاوڕی دایەوە. موژدەی خۆش بەدەموچاویەوە دیار بوو. گورج لە ئەسپەکەی دابەزی و دەستی کرد بەئەملاو ئەولا ماچکردنی (عومەر). ئنجا پێی گوت: «من لە دەمێکەوە ئاواتە خوازی بینیینی تۆم... عومەر من ئەمە دە ساڵە نەمدیویت، کەچی تۆ هیچ نەگوڕاویت. تەنانەت کراسە کۆنەکەیشت هەر نەگوڕاوە)

ئەمانە سێ هاوڕێ بوون لە زانستکۆی (سینا)دا. (عومەر خەیام) و (حەسەن ئەلسەباح) و (نظام الدین)، هەر سێ هاوڕێ دڵیان پڕ بووبوو لە هیوا و ئاواتی گەورە گەورە. هەر سێکیان پەیمانیان بەیەکتر دابوو،کە ئەگەر یەکێکیان پایەیەکی بڵندی دەست بکەوێ، یارمەتیی دوو هاوڕێکەی تری خۆی بدات، تا ئەیانگەێنێتە بەجێ!... دوای ئەو پەیمانە هەر کەسەیان بەلایەک دا ڕۆیشتبوو. جا (عومەر خەیام) هەر بەخوێندەواری خۆیەوە خەریک بوو، بەدوای هونراوەدا ئەگەڕا. وازی لە جیهان و دەسەڵاتداری هێنابوو. تائەو ڕۆژە هاتە پێشەوە، کە لە دوای ئەمەی لەبارە خۆشەویستەکەی خۆی جیابووەوە، تووشی هاوڕێ کۆنەکەی خۆی هات کەناوی (حەسەن ئەلسەباح) بوو، لە نزیک دەروازەی شارەکەوە کە هەر لەوە ئەچوو، بۆ ئەوە چووبێتە دەرەوە کە پێشوازی بکات، نەک بەڕێکەوت پێی بگات!.



(حەسەن) قۆڵی کرد بەقۆڵی (عومەر)دا و ڕۆیشتن بەڕێگادا، کاروانەکەیش لە دوایان وە بوو. دەستیان کرد بەقسە کردن. (عومەر) گوتی:

«بەسەروشێوەتا وادیارە کە ئەوە لەبابەت تۆوە بیستوومە ڕاست بێ.

کەتۆ لەژیانی خۆتا، بەشی خۆت سەرکەوتن و کامەرانیت دەست کەوتووە.

کەتۆ لە (سیرو)دا ژیاویت. بۆ ئەوەیش هەڵبژێراویت کەسەرپەرشتیی کاروباری سەرداری گێلان بکەیت»... (حەسەن)یش وەرامی دایەوە گوتی: «بەڵێ وایە... منیش ئیمڕۆ بۆیە هاتووم کە چاوم بەشا بکەوێ و ئەم دیارییانەیشی پێشکەش بکەم. چونکە دیاری لەوانەیە کاروباری پیاو ڕاهی بکات. دوو دیاریم لەناو ئەم دوو کەژاوەیەدا بۆ هێناوە بێگومان چاوەکانی شا پێیان ئەگەشێتەوە. ئەوەندە هەیە هاتنەکەی من لەبەر هۆیەکی تریشە. ئەویش ئەوەتا کە من و تۆ و نظام الدین جارێکی تریش یەک بگرێتەوە. نظام الدین ئێستا لای شا کاربەدەستە. بێگومان ئەبێ تۆ هەمودەم چاوت!.»

– نەء وانیە. من هەرگیز چاوم پێی ناکەوێ. چونکە کۆشکی شا پڕە لە هەل بازەکان و ئەوانەی بۆ سایە و سامان خۆیان ئەکوتن. منیش لەناو ئەو جۆرە کەسانەدا ناتوانم هەڵ بکەم!.

– نەء وا بڵێ، کە گیانی هۆنراوە بازی هێشتا زاڵە بەسەرتا، وەرە بام پێکەوە بڕۆین، بۆ کۆشکی شا. تا سەرلەنوێ هەر سێکمان چاومان بەیەکتر بکەوێتەوە. ئەو پەیمانەیش کە دە ساڵ لەمەو پێش داومانە بەخۆمان جێبەجێی بکەین!.

«حەسەن» چوو بەلای ئەسپەکەی خۆیەوە. قوتوویەکی لە پاشکۆکەی دەرهێناو کردیەوە، گەردانەیەکی زێڕی لەناودابوو کە بەگەوهەر ڕازێنرابووەوە. لە قووتووەکەی دەرهێناو بە«عومەر»ی گوت: «ئەمەم بۆ تۆ هێناوە. ئەمە بۆ ئەوە دەست ئەدات کە بکرێتە گەردنی کچێکی شۆخوشەنگ و جوان. یاخود بکرێتە باڵی پیاوێک پێی بڕازێنرێتەوە!...»...

کە ئەوەی گوت، گەردانەکەی کردە باڵی (عومەر)... عومەریش دەنگی هەڵبڕی و گوتی:

«نە ئارەزووی خۆ ڕازاندنەوە ئەکەم. نە دڵیشم بەشاه و بەکەڵک ئارایی نظام الدین دا ئەچێ... وازم لێ بهێنە، ئەم بارەی من تیادام پێم ناخۆش نییە!...»...

– من پێم نەگوتیت: هێشتا دەماری بوێژیت تیا ماوە؟... دە تۆ وەرە لە گەڵم، ئەگەر هەر بۆ ئەمەیش بێی، کە سەرلەنوێ کۆبونەوەیەکمان ببێ دەربەست نایەم!...

***

جا لەو کاتەدا کە هەردوو هاوڕێ کە، بەتەنشتـیەکەوە ئەڕۆیشتن بەرێگادا، چاوەکانی (حەسەن) کەوت بەشتێک، دەمودەست وشک بوون!...

شەش کەڵلەی خوێناوی بەسێ دارەیەکەوە هەڵواسرابوون. لە تەنشت ئەوانیشەوە دوو سەرپێچی سوور، لەشێوەیەکی پڕ گومان دا هەڵواسرابوون بەهۆی دوو خەنجەری سوورەوە لە دارەکە چەسپێنرابوون!. (حەسەن) گوتی: «ئەمە چییە؟»... عومەریش گوتی: «ئەوانە دزن!» «حەسەن» گوتی: «مەبەسم ئەوانەیە. مەبەسم «سەربێچەکانە!.»... عومەریش گوتی: «ئەو دوو سەرپێچە هی دوو کەسن لە بەنگ کیشەکان دوێنێ بوو لە ناویان بردن!» (حەسەن)یش بەسەر سوڕمانێکەوە گوتی: «بەنگ کێشەکان؟...»

– نابێ تۆ هیچت لە بابەت ئەوانەوە نەبیستبێ. چونکە کەس نییە کە لە خەنجەرەکانی ئەوانە نەترسێ. لە ڕاستی دا ئەوانە لە هەموو کەس مێشک وشک تر و کەڵلە ڕەق تر و دەمار توند ترن!...

(حسن)یش بەپەلە پەلێکەوە پێی گوت: «وەرە بام بڕۆین بام خۆمان لەم دیبیمەنە ناشیرینە دوور بخەینەوە. ئێستاکە ئەچین بۆ کۆشکی شا!» «عومەر» هەرچەندی کرد خۆی لە دەستی ڕزگار بکات و فریوی بدات کە وازی لێ بێنێ، کەڵکی نەبوو. «حەسەن» بەبۆڵە بۆڵێکەوە پێی وت: «من تکات لێ ئەکەم... بهێڵە بام بڕۆین بۆلای نظام الدین کاروباری ئەم خاکە، ئیمڕۆ بەدەست ئەوەوەیە.

ئەزانیت چ ئەرکێکی بەسەر شانەوەیە؟!»... جارێکی تریش وشەی «چ ئەرکێکی بەسەر شانەوەیە»ی بۆ دووبارە کردە و... پاشان گوتی:

«لە ترسی چاو برسێتی کوڕی ئاپۆی کە خەریکە لەشکرێک پێکەوە بنێ. بۆ ئەمەی خاکەکەی لە دەست بسێنێ؟ یاخود لەترسی بیزانییەکان کە لەسەر سنووری ئێران خۆیان ئامادە کردووە؟. و دیارە تەنگ و چەڵەمە چوار لای لێ گرتووە. ئەویش بەتەنیا کەوتۆتە ناو هەل بازانەوە. ئایا پیاوێکی وا لەسەر ئەوە دانەماوە کە چەند کەسێکی دڵسۆزی نیشتمانی وەک ئێمە یارمەتی بدات؟. ئەمە بارێکی گەورەیە بەسەر شانی (نظام الدین) خۆیەوە!»...

ئنجا لە کۆشکی شادا، هەر سێ هاوڕێ کە یەکیان گرت. (نظام الدین)یش هەردوو هاوڕێ کەی خۆی لەناو دەنگە دەنگی پیاوەکانی شاهەوە هێنایە دەرەوە و بردنییە پەنایەکی دوور لە کۆشکەکەدا. تا بەبێ دەنگ و سەنگی بیرەوەری ڕۆژەکانی ڕابووردووی خۆیان بهێننەوە یاد...



کاتێ بیرکردنەوەکانی ڕابوردوو مێشکی ماندوو کردن، نظام الدین دەستی کرد بەسکاڵا کردن لەوەی کە کۆشکی شاهی پڕبووە لە پیاوانی ناپاک. هەروەها ئەوەیشی تێگەیاندن کە چۆن خونکار تەنیا و بێکەس ماوەتەوە لەناو هەمووویاندا، کەسیشی پێوە نەماوە دڵسۆزی بێ، خۆی نەبێ، ئینجا پێی گوتن: «لە ڕاستیدا من پێویستیم بەچەند هاوڕێیەکی دڵسۆز هەیە. وا ئێوەیش گەیشتوونەتە لام، برا دڵسۆزەکان. تۆیش ئەی عومەری دۆستم، هیچی پێ ناوێ بیکەیت ئەوە نەبێ کە چ پایەیەکت بەدڵە پێم بڵێیت، تا داتبمەزرێنم لە کۆشکە کەدا»...

عومەریش گوتی: «نەء من هیچم ناوێ... من هەر بۆ ئەوە هاتوومەتە لات کە بتبینم، لە کۆشکیشدا نامەوێ فرمان بکەم. مەگە خۆت ڕۆژێک لە ڕۆژان لەسەر من پەکت بکەوێ!...»

(نظام الدین)یش هاتە وەرام دانەوە، پێی گوت: «وا ئێستاکە من لەسەر تۆ پەکم کەوتووە. کەواتە دەی... بام بڕۆین بۆ کۆڕی شا... پێش ئەمەی بڵاوەی لێ بکەن!...».

***

هۆڵەکە زۆر گەورە و فراوان بوو. پڕ بوو بوو لە هەموو جۆرە کەسێک کە لە هەموو لایەکەوە هاتبوونە ئەوێ. پڕ بوو بوو لە خاوەن کارەکان، لەسەردارەکان، لە بازرگانەکان، لە دەس و پێوەندەخۆپیا هەڵسووەکان، هەروەها لەوانەیش کە دیاری یان هێنابوو بۆ شا...

(نظام الدین)یش لەگەڵ هەردوو هاوڕێ کەی خۆیدا ڕێگای کردەوە و خۆی گەیاندە کۆڕی شا... بەڵام کەمێک وەستا. چونکە شازادە «ئەحمەد»ی کوڕە گەورەی شاهی چاو پێ کەوت لەبەردەم باوکیا وەستابوو، دیاری خۆی پێشکەش بەشا ئەکرد...

دیارییەکەیش بریتی بوو لە شییرێک کە بەگەوهەر نەخشێنرابوو...

(نظام الدین)یش گوتی: ئای چەند ئەم شازادەیە دڵ ڕەشە... هیچ کاتێ نییە بەربەرەکانێ لەگەڵ برا پچکۆلەکەی خۆی دا نەکات هەر بۆ ئەوەی کە خۆی لە باوکی نزیک بخاتەوە... ئەمە دەردێکە لە دایکیەوە تووشی بووە، کە قینی لە شازادە (مالک) هەڵگرتووە چونکە دایکی (مالک) هەرچەندە چوارەم ژنی بوو بەڵام لای شا لە ژنەکانی تری خۆشەویست تربوو. عومەر خەیام «چاوی بەشازادە (مالک) کەوت.

خۆی پێ ناسییەوە. چونکە لە تافی لاوێتییدا شازدە لای ئەو خوێندبووی!

کاتێ کە شازادە (ئەحمەد) لە پێشکەشکردنی شیرەکە بووەوە، (نظام الدین) چووە

پێش دەم و خونکار. لەپێشدا «حەسەن ئەلسەباح»ی پێشکەش کرد. ئنجا «عومەر خەیام» ئەوەندەی نەمابوو خونکار، بۆڵەبۆڵ کردنی خۆی پێشان بدات، لەوەی کە بوێژێکی تریشی پێشکەش کردووە. چونکە لەناو پیاوەکانیا: کۆمەڵێک بوێژ هەبوون، لەدەستیان وەڕس بووبوو. بەڵام خۆی ڕاگرت، هیچ بۆڵە بۆڵێکی پێشان نەدا.

بە(عومەر خەیام)یشی گوت کە چەند هۆنراوەیەکی خۆی بۆ بخوێنێتەوە.

(عومەر)یش گوتی:

«دەرگایەکم چاو پێکەوت... دامام لەسەر داوا کردنی کلیلەکەی بەڵام نەمکردەوە...

«کوڵوانەیەکیشم دی، تەواو لێی وردبوومەوە، هەر چەندێکم کرد گرێ کەییم بۆ نەدۆزرایەوە!.

«هەرچەند قسەیەکیش بوو کە بەئاسانی لە ناوەند من و تۆدا کرا...

«بۆ... هەرشتێ بوو، لەناو دانەما... هیچی تریش ڕووی نەدایەوە!

«ئاخۆ ئەو هیوای جیهانییەت بۆ دێتە دی؟... کە هەموو کەس بەدڵ ئاواتی بۆ ئەخوازێت؟...

«هەرچی هیوایە هەر تاوێک پرشنگ ئەدات. بەڵام

«لە پاش دا ئاوا ئەبێ... هیچیشی لێ نامێنێتەوە!...».

ئاخۆ مەبەسی بوێژەکە چی بووبێ؟... تۆ بڵێی مەبەستی لەو هۆنراوەیە ئەوە بوو بێ، کە هەڕەشە لە شا بکات، کە جیهانی بۆ نامێنێتەوە؟

ئەوانەی لەوێدا بوون دەستیان بەبۆڵەبۆڵ کردن. شیرهەڵگرەکەیش شیرەکەی دەستی بەرزکردەوە، چاوەڕوانی ئەوەبوو شا فەرمان بدا و کەللەی عومەری پێ بپەڕێنێ... شازادە ئەحمەدیش، چرپاندی بەگوێی باوکیا، داخی خۆی بۆ هەڵ ڕشت... ئەوەندە هەبوو دەنگێکی خۆشەویستانە دای بەگوێی هەموان دا، لە ئاوازی قین هەڵساوەکانی نە ئەکرد. ئەو دەنگەیش، دەنگی شازادە (الملک) بوو کە گوتی: «بابەگیان چاوی لێ ببۆشە... بوێژەکە مەبەسی خراپی لە دڵدا نییە... چونکە ئەو هەمووو دەم، لە بابەت ژیانەوە، ڕاستی پەرستی خۆی وەها دەرئەخات!...»...

بەڵام شازادە قینی لە دڵەکە جارێکی تریش بەشاهی گوتەوە «نەء. ئەو وا هەڵ ئەگرێ، کە لەسەر ئەو زمانە بەدەی خۆی، سزا بدرێ!»...

لە هەموو لایەکەوە دەنگە دەنگ دەستی پێ کردەوە... خونکاریش دەستی هەڵ بڕی،



فەرمانی دا هەموو کەس بێ دەنگ بێ... پاشان گوتی:

«وەرامی من بۆ ئێوە ئەمەتا... شازادە ئەحمەد گوێت لێ بێ چی ئەڵێم... بەم زووانە هەمووتان تێ ئەگەن کە ڕاستگۆ چۆن پاداشی ئەدەمەوە...

بۆچ ڕاستگۆیی لە کۆشکی شاهان دا، لە گەوهەر کەمتر نییە؟...

لە ڕاستی دا باوکم سێ شتی فێرکردووم... منیش ئەمەوێ ئەو شتانە فێری کوڕەکەی خۆم بکەم: ببە بەپیاوێکی شۆڕە سوار. ڕاست تیربگرەوە نیشان. هەموو دەمێکیش ڕاستگۆیە!...»... شا ئەمەی گوتو ڕووی کردە (عومەر خەیام). ئنجا پێی گوت: «تەنیا تۆی کە وێرات بابەتی وامان بیر بخەیتەوە، کە ئەبووخۆمان بیرمان بکەوتنایەوە. منیش لەسەر ئەو بنچینەیە بڕیاری خۆم ئەدەم بەسەر کەسێک دا، کە دڵی پاک بێ ئەگینا بایەخ بەدیاری نادەم!...». پاشان شا پرسی: کێ هەیە پشتیوانی قسەکانی «عومەر خەیام» بکات؟... ئەوەندەی نەمابوو کە شازادە (مالک) پشتیوانی قسەکەی ئەو بکات، لەپڕ «پێشەوا موفق» کەگەورەی زانستگۆی نەیساپور» و باوکی «شیرین» بوو، گەیشتە جێ و دەمودەست دەنگی هەڵبڕی، گوتی: «گەورەی خۆم! لە ڕاستی دا ئەوانەی لەبەردەمتا وەستاوون، هەرسێکیان دۆستی یەکترن، هەر سێکیشیان شاگردی خۆم بوون لە زانستگۆدا. هەر کامێکیشیان بگریت بلیمەتێکە لە بابەتی خۆی دا... ئەوانە (نظام الدین) و (حەسەن ئەلسەباح) و (عومەر خەیام)ن. «ئەمەی دواییشیان، بێجگە لەوەی کە دەستی هۆنراوە هەڵبەستنی هەیە، یەکەم کەسێکیشە کە لە ناو زاناکانی نیشتمانەکەتدا، تەواو قاڵ بووبێ لە زانستی شکاندنەوە (جەبر) و ئاسمان ناسین دا... عومەر خەیام شارەزای ئەستێرەکانە، هەروەها شارەزای جێی سووڕانەوە و هەڵگەڕانەوەکانیشیانە!...». شا لەم زاناییەی عومەر خەیام سەری سوڕما. پاشان لە عەمری پرسی گوتی: «کەواتە تۆ لە جووڵانەوەی ئەستێرەکان و دەستکارییان لە ژیانی مرۆڤ دا، شارەزایت و، ئەیشتوانیت دوا ڕۆژی هەموو کەسێک بخوێنیتەوە!» عومەریش وەرامی دایەوە گوتی:

«نەء من ئەوە ناکەم چونکە ئەوە بابەتی ئەو کەسانەیە کە بەشتی پڕوپووچ بڕوا ئەکەن. لە ڕاستی دا ئەستێرەکان فریان بەسەر چارەنووسی کەسەوە نییە. ئەوانە هەر ئەوەیان لە دەست دێ کە بەشەو ڕێگا پێشانی ڕێبوار بدەن، لە بیابان دا. هەروەها ڕۆژ و مانگ و ساڵەکانیش دیاردی بکەن.

ئێمەیش کە ڕۆژ نامە[1] دائەنێ ین، لەوانەوە کەڵک وەر ئەگرین. منیش بەڕاستی بۆت دەرئەخەم کە لە ڕۆژنامەکەمان دا هەڵەیەک لە ژماردن دا هەیە چونکە ئێمە هەرچەند ئاهەنگ بەبۆنەی جەژنی لەدایک بوونی تۆوە ئەگێڕین تیو حەفتەی «بەسەردا تێپەڕییوە!. کە دەست بەڕۆژوو گرتنیش ئەکەین مانگی ڕۆژوو بەسەرچووە!... ئێمە ژیانی دوێنێ ئەژیین، کەچی بەهی سبەینێ مان داناوە!.».

خونکاریش گوتی: «باشە. کەواتە هەر لە ئێستاوە ئەم فرمانە بەتۆ ئەسپێرم، کە خەریکی ڕۆژژمێرەکەمان بیت، ڕاستی بکەیتەوە. بەڵام چونکە (پێشەوا مۆفەق) و (نظام الدین)ی کاربەدەستم پشتیوانیت ئەکەن منییش وام پێ خۆشە کە لێت بپرسم: چ زانیارییەکی هەرە ڕاست و دروستت لەلا هەیە پێمی بڵێ!»...

(عومەر)یش تاوێک کەوتە بیرکردنەوەوە، پاشان گوتی: «گەورەی خۆم! ڕاستیت ئەوێ: مردن هەموو دەمێک لەمرۆڤەوە نزییکە. لەبەرئەوە هەر کامێکمان بگریت، ترسی ئەوەی هەیە کە ژیانی خۆی لە دەست بچێ... بەڵام لە هەموو شتێک ڕاست تر و دروست تر لە جیهان دا ئەوەیە، کە مرۆڤ پڕ بەپڕی تەمەنی خۆی بژی، نەهێڵێ هیچ تاوێکی لێ بڕوات، بێ ئەمەی بەخۆشییەوە ڕاببوێرێ!» خونکاریش کە ئەمەی لێ بیست، دەمودەست (عومەر خەیام)ی بەدڵاچوو، بەڵام سەرسامیش ما لە زیرەکی و تێگەییشتوویی ئەو... بە(عومەر)ی گوت، کام کاربەدەستی (وەزارەت)ی پێ خۆشە، دای بمەزرێنێ لەسەری، نەیویست خۆی بخاتە ژێر باری پیاوەتی ئەوەوە چونکە دڵی بەهیچ ڕووکەشێک لە ڕووکەشەکانی زەبروزەنگ و دەسەڵاتداری دا نەئەچوو. بەڵام (نظام الدین) پێشنیازی وا پێشان دا کە ژوورێکی لە باڵاخانەکەی کۆشکی شادا بۆ تەرخان بکرێ، تا لەوێوە سەرنج لە ئەستێرەکان بدات، بەو مەبەسەی کە ڕۆژژمێرەکە ڕاست بکاتەوە...

لە سەر ئەو پێشنیازە خونکاریش فەرمانی دا: هەرچییەکی ئەوێ بۆی جێبەجێ بکرێ. لەوە دوایش پێی بگوترێ: «ڕاوێژکاری کۆشکی شا»!...

***

ئەوەندەی نەمابوو کە شا بڵاوە بەکۆ بوونەوەکە بکات، کەینەوبەینەی (حەسەن ئەلسەباح) بۆ کۆبونەوەیەکی تر دابنێت. بەڵام (حەسەن) پیاوێکی ئازاو بێ باک بوو. ترسنۆک و دوو دڵ نەبوو. لەبەر ئەوە لە خونکار هاتە پێشەوە و بەدەنگێکی گەورەوە دیارییەکانی خۆی لێ ئاشکرا کرد...

(١) مەبەستی لە: ڕۆژژمێر–تقویم–ە



دیارییەکەی (حەسەن) بریتیی بوو لە ئافرەتێکی (مصریی سەماکەر)، کە یەجگار جوان و شەنگوشۆخ بوو. لە شێوەیەکی زۆر ڕێکوپێک دا ئەندامەکانی لەشی باریک و ئەستوور بوو بوونەوە... پێستە نەرمو نۆڵەکەیشی کە ڕەنگی هەر لە ڕەنگی مەییکی ڕۆشنی ئەکرد، سەرنجی پیاوی ڕائەکێشاو، دڵی مرۆڤی کێش ئەکرد. شا کە ئەوئافرەتە نازەنینەی چاو پێکەوت، خۆی ڕاست کردەوە لە ناو تەختە کەی خۆی داو، گەشایەوە و، هەر وەڕس بوونێکیشی هەبوو، لە دڵی دەرچوو... پاش ئەوە کەنیزەکێکی تریشی پێشکەشی شا کرد، کە لە ڕۆژهەڵاتی ئەوپەڕەوە هێنرابوو. ئەمیش ئەمەندە جوان و شیرین بوو، کەس هێشتا لەم ئافرەتەی جوانتر چاو پێ نەکەوتبوو... خونکاریش دڵی بەم پیاوە زۆر خۆش بوو، زۆریش دڵی پیاچوو کە بێ ئەمەی ڕێی دابێ لێی بێتە پێشەوە، بەم جۆرە خۆی پێشکەش بکاو گوێ نەداتە هیچ جۆرە دەستوورێکی هەڵسان و دانیشتنی ناو کۆشکی شاە... کاتێ شاە لەم جۆرە بیرکردنەوەیەدابوو، لەپڕ (حەسەن ئەلسەباح) شا کارێکی تری بۆ نوواند فەرمانی دا هەردوو سنووقە لە زەرد دروست کراوەکەیان هێنایە پێشەوە ئنجا حەسەن گوتی:

– «ئەو دوو دیارییەی پێشکەشم کردن، ئەوەندە بایەخیان نییە بەڵام من دیارییەکی ترم بۆ خاوەن شکۆ هێناوە، کە هەر بۆ ئەوە ئەشێ پێشکەش بە پایە بڵندێکی وەک خۆی بکرێ... ئێوە دوو دوژمنتان هەیە هەڕەشە لەبێ دەنگ و سەنگی و ئاسایشی خاکی شاهەنشاهییەکەتان ئەکەن: یەکێکیان: (سلێمان)ی ئامۆزاتانە، کە ئەوەندەی نەماوە پەلاماری تەختەکەتان بدات... یەکێکیشیان (بونداری) ناپاکە!...

ئای کە پێم خۆشە گەورەم کەللەی هەردوو دوژمنەکەتان پێشکەش بکەم...!

پیاوەکە سەری هەردوو سنووقەکەی هەڵدایەوە. هەر سنووقەی کەللەی دوژمنێکی شاهی تیا دەر کەوت... ئیتر شا خۆی پێ نەگیرا، بەسەرسوڕمانێکەوە دەنگی هەڵبڕی، گوتی: «بەڕاستی ئەم پیاوە پیاوێکی ئازایە... توانی بەدەست وەشاندنێک نیوەی دوژمنەکانی نیشتمانەکەمان بۆ پشکنێنێ. کەواتە کەس نەماوەتەوە لەبەردەم مان دا (بیزانی)یەکان و دەستەی بەنگ کێشەکان نەبێ «لەگەڵ خەنجەرە شارراوەکانیاندا، کە کەس لە دەستیان ڕزگار نابێت!...».

جا هێشتا کۆبوونەوەکە بڵاوەی پێ نەکرابوو، کە «حەسەن ئەلسەباح» مۆرەکانی شاهی پێ سپێرا تا هەڵیان بگرێ... پاش ئەوە شا فەرمانی دا، کۆڕەکە بڵاوەی پێ کرا... ئنجا

پەنجەی کێشا بۆ پیری خاوەن ڕیش، کە (پێشەوا موفق) بوو. باوکی «شیرین». هەستا و بردی لەگەڵ خۆی دا، بۆ کۆبوونەوەیەکی تایبەتی!...

***

(عومەر خەیام) و (حەسەن ئەلسەباح) و (نظام الدین) و (شا زاد مالک) و (توتوش)ی برای خونکار، هەرپێنجیان لەملاو لەولای خوانێکەوە کۆبوونەوە... (عومەر خەیام) دەستی برد بۆ گۆزەی مەیەکە، مەیەکەی بەسەردا دابەش کردن هەموویان کەوتبوونە دڵخۆشییەوە تەنیا یەک شت، جار بەجارێک، دڵی تەنگ ئەکردن ئەویش ئەوەبوو کە جار بەجارێک ڕووی «توتوش» تاریک نەبوو. چونکە بەنگ کێشەکان هەڕەشەیان لێ کردبوو بیکوژن! شازادە مالک سەری سوڕمابوو لەوە، ئەیگوت: «کەینەوبەینەی ئەو بەنگ کێشانە سەری پیاو ئەهێنێتە سوڕمان... هەر کامێکیان بگریت کە دەست ئەوە شێنێت، خەنجەر لە دڵی نێچیرەکەی خۆی ئەدات، پاش ئەوە بە بەتەنشتیەوە ئەوەستێ و چاوەڕوانی ئەکات، تا هاوڕێکانی دێن و دەست ئەکەن بەکوشتنی!...

بەڵام زۆری پێ نەچوو، دڵخۆشی باری کرد لە کۆڕەکەیان و جارێکی تریش نەگەڕایەوە ناویان. چونکە شازادە ئەحمەد بەڕووە ڕەشەکەی هاتەوە. هاتە ناوباتەوە و دانیشت بێ ئەمەی شەو باشی لە کەسێکیان بکات ئەیویست دڵخۆشی براکەی خۆی بگۆڕێ بەناخۆشی. گوتی:

شا بڕیاری دا ئافرەتێکی تر مارە بکات لە جیاتی ژنەکەی چوارەمی... دەموچاوی شازادە (مالک) داگیرسا. چونکە ئەو بڕوای وابوو کە لە توانای هیچ ئافرەتێکی تردا نییە کە جێگای دایکی پڕ بکاتەوە. ئەوانیش لە شازادە ئەحمەدیان پرسی: ئەو ئافرەتە کێیە کە شا مارەی ئەکات؟. ئەویش گوتی: «ئەی نەتاندی چۆن بەتەنیا لەگەڵ پێشەوا موفق دا کۆبۆنەوەوە؟. شاه بڕیاری داوە «شیرین»ی کچی ئەو مارە بکات، کە یەجوانترین کچ دائەنرێت لەنەیساپوردا!...»

(عومەر خەیام) کە ئەوەی بیست دڵی داخورپا. وەک هەورە تریشقەیەک لێی دابێ وابوو. هەر وەک شێتی لێ هات. دەماری بزووت و لەشی دەستی کرد بەلەرزین. بەشۆڕشێکەوە هەستایە سەر پێ و گوتی: «نەء ئەمە نابێ سەر بگرێ... شیرین دڵخوازی منە، ژیانی منە!... کەس ناتوانێ لە دەست منی دەربهێنێ... بەهیچ کلۆجێکیش ناهێلم ئەمە ڕوو بدات!...»... (عومەر خەیام) ئەمەی گوت و وەک پاڵەوانێکی ئازا چووە دەرەوە



هەر ئەتگوت تیرە و لە کەوانەکەی ترازاوە... دەمودەست خۆی هاویشتە سەر ئەسپێک کە هی خۆی نەبوو... لە پڕ دایە غار و ڕووی کردە باخچەی خۆشەویستەکەی خۆی!...

کانێ گەییشتە باخچەکە، خۆی هاویشتە سەر دیوارەکەی. ئنجا خۆی هاویشتە خوارەوە سەر زەوی ناو باخچەکە. هەرچەندێک بانگی کرد کەس نەبوو وەرامی بداتەوە... هەر ئەوەندەی پشوویەکی پێ چوو لە دوای ئەوەوە (حەسەن) و (نظام الدین) بەهەڵەداوان گەییشتنە لای. گەلێک لە گەڵیا خەریک بوون کە لە نیازەکەی خۆی پەشیمانی بکەنەوە و وازی پێ بهێنن لەو بیرەی کە (شیرین) بفڕێنێ. هەڕەشەی ئەوەیشیان لێ کرد کە ئەگەر بێتو دەست بۆ «شیرین» ببات، شا لە ناوی ئەبات!...

(عومەر)یش لەوانە نەبوو کە لە بڕیاری خۆی پەشیمان ببێتەوە. بەڵام گوێی لێ بوو دەنگی پێی ئەسپەکانی یاساوڵەکانی شا ئەهات کە بۆ پاراستنی کۆشکەکە کە هاتبوونە ئەوێ... لەبەر ئەوە لەگەڵ هەردوو هاوڕێ کەی خۆی دا چووە دەرەوە. بەڵام لەناو دەروونیا هەستێکی نهێنیی شاراوە دەستی کرد بەبزووتنەوە... کە پڕبوو لە هەناسە ساردی و ڕەنجەڕۆیی: تەنگەتاوی و خەموخەفەت و دڵتەنگی!... ئیتر هەر ئەوەندە تۆزێک لەوێ دوورکەوتەوە، ئاگری دڵداری و بەدییدار شادبوونی شیرین لە دڵیا گڕی گرت... بەزەیی بەخۆی دا ئەهاتەوە... بیری ڕۆژە خۆشەکانی خۆی و شیرینی ئەکردەوە... ئاوڕێکی لە کۆشکەکە و باخچەکەی ماڵی شیرین دایەوە... ئەمە دوامین سەرنج دانی بوو لەو دیمەنە... مەبەسی ئەوەبوو کە تا لە ژیاندا ئەمێنێتەوە، بەو یادەوە بژی... چونکە هەر لێرەدابوو، جێگای یادە خۆشەکانی و، جێی هیوا و جێی هەناسە ساردییەکەی!.

## ٢

«شیرین» گەییشتە کۆشکی شا. بەڵام بەدڵێکی تەنگ و خەفەتبارەوە فرمێسک بەسەر ڕوومەتەکانیا، گەرم و سوێر ئەهاتنە خوارەوە، هەر ئەتگوت پشکۆی ئاگرن و پیایاندا ئەچزێن تەنانەت هەر سێ ڕووپۆشەکانی شیرینیش بەو فرمێسکانە تەڕبوون... پاشان گەیشتە ناو هۆلە گەورەکە، کە ئەمەندە بەچراخان ڕازێنرابۆوەوە، ئەمەندەیش پڕ بوو بوو لەسەر داران و ڕاسپێراوان و کۆمەڵەی خونکار و، ژنەکانی ئەوانە هەموویان، کە بۆ ئەو ئاهەنگە لەوێ دا کۆبووبوونەوە، بەجارێک سەرسام بوو!...

«شیرین» هەر بەملاو بەولای خۆی دا ئاوڕی ئەدایەوە، تا لە کونی ئەو ڕووپۆشە سفتانەوە کە بەسەر ڕووی دا درابوون، سەیرێکی ئەوانە بکات کە لەوێ دا کۆبووبوونەوە،

بەڵکو ئەمە خوایە ڕووی ئەو کەسە ببینێ کە دڵی گرفتاری دڵداریی بووبوو... (شیرین) لە کانی دڵیەوە ئاواتە خوازی ئەوەبوو، کە لەو هەموو ڕووکەش و کەشوفش و خۆنوواندنانە ڕزگاری ببوایە و، بەتەنشت (عومەر خەیام)ی دۆستییەوە بژیایە تەنانەت لەگەڵ لەناو دۆڵێکی چۆڵوهۆڵی و وشک و برنگی دووریشدا بژیانایە هەر پێی خۆشتربوو!... تەنانەت لەناو ئەو هەموو سایە و پایە و خۆش ڕابواردنە ڕواڵەتییەیشدا، هەر هەناسە ساردییەکەی تری لەو ژیانە پێ خۆشتربوو!... (شیرین) کە سەرنجی دا، ئەو دەموچاوەی چاو پێ نەکەوت، کە بەئاواتیەوە بوو ببینێ!، لەبەر ئەوە بەدڵشکاوییەکەوە ڕووی وەرگێڕایەوە لای خۆی!...

«شیرین» بەناو هۆڵەکەدا کشا، تا گەییشتە ئەو جێگایەی کە خونکاری لێ دانیشتبوو. چاوەکانی گێژ بووبوون. هەر هەنگاوێک ئەڕۆیشت بەرێگاوە، هیوای دڵی کەمتر ئەبوەوە. پاشان بەرامبەر بەشا ڕاوەستا. پیاوێکی ئایینیی لە لایەکیەوە وەستا، کەنیزەکێکیش لەلایەکەی تریەوە وەستا... ئنجا پیاوە ئایینییەکە لێی پرسی: «ئایا شاهی گەورەی خۆمان و، سەرداری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوات پێ خۆشە ببێ بەمێردت؟».

کەنیزەکەکە تێی گەیاند کە نابێ وەرام بداتەوە!... لەناو هۆڵەکەدا دەنگە دەنگێک بڵاوبووەوە. لەو کاتەدا کەنیزەکەکە یەکەم ڕووپۆشی لە ڕووی «شیرین» لادا... ئنجا (شیرین) دوو هەنگاوی تریش هاتە پێشەوە... دیسانەوە چاوەکانی گێژبوونەوە... لە پڕ دڵی دەستی کرد بەلێ دان... کاتێکی زانی، لە داخانا، هەموو ئەندامەکانی هاتبوونە لەرزیین... چونکە دوایی (عومەر)ی بەرچاوکەوت... کە تەماشای کرد ئەوا دڵدارەکەی خۆی لە ناوەند هەردوو راوێژکارەکاندا وەستاوە! جا ئەگەر خۆی پێ نەگیرایە، هەر ئەوەدەمە هاواری ئەبرد بۆ ئەو، کە لە دەست ئەوانە ڕزگاری بکات و لەگەڵ خۆی دابیفرێنێ بۆ جێگایەکی دوور!... دووبارە پیاوە ئایینییەکە پرسەکەی لە (شیرین) کردەوە، گوتی:

«ئایا شاهی گەورەی خۆمان و سەرداری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوات پێ خۆشە ببێ بەمێردت؟...»...

(شیرین) ئەمجارەیش ورتەی لە دەمەوە نەهات کەنیزەکەکە ڕووپۆشەکەی دووەمی لەسەر ڕووی (شیرین) لادا... ئنجا (شیرین) هەنگاوێکی تریش چووە پێشەوە... ئیتر چاوی لە کەس نەبوو، لەڕووی خۆشەویستەکەی خۆی نەبێ...

بۆ جاری سێیەمیش، پیاوە ئایینییەکە، ئەو پرسەی لێ کردەوە، بەڵام ئەمجارە «شیرین» گوتی:



«پێم خۆشە!...»...

لە خۆشیاندا دەست کرا بەتەپڵ لێ دان، بۆڕیەکان بەرەڵڵابوون، ئەوانیش بۆ هەموو لایەکیان ئاشکرا کرد کە (شیرین) لە شا مارەکرا. ئنجا (نظام الدین) لێی نزیک بووەوە و کڵاوی شاژنی لە سەرنا!...

(عومەر خەیام)یش وای لێ هات کە بەرچاوی، کەسی نەئەبیینی... جیهان لەبەرچاویا تاریک بووبوو... هەرچەندی ئەکرد خۆی پێ نەئەگیرا... زۆری نەمابوو، لە هۆش خۆی بچێ و بکەوێ بەدەمدا... ئەویش ترسا لەوەی کە ئەو کەسانەی لەوێ دان بەکەینەوبەینەکەی بزانن، خەریک بوو بچێتە دەرەوە. بەڵام (نظام الدین) ویستی بیخاتە سەر ئەوەی کە لەوێ بمێنێتەوە. نەوەک شا لێی تووڕە ببێ. بەڵام هەر چەندێکی کرد خۆی پێ نەگیرا لەوێ بمێنێتەوە. بەپەلە خۆی کوتا بچێتە دەرەوە.

ئەوانەی لەوێشدابوون، ڕوویان کردە ئەو ناوە بۆ ئەمەی بزانن چی ڕوو ئەدا... شا لەمە سەری سوڕما. (نظام الدین) ویستی چارەی ئەم تەنگوجەڵەمەیە بکات. چرپاندی بەگوێی (شیرین) دا کە بچێتە پێشترەوە و دەست بخاتە ناو دەستی خونکاری چاوەڕوان کەرەوە!...

«شیرین»یش چووە پێشترەوە، بێ ئەمەی هیچ ئاگای لەخۆی بێ.

چونکە بیری چوبوو بەلایەکی تردا، نە ئاگای لەو کەسانەبوو کە لەوێ دا کۆبووبوونەوە، نە ئاگای لە خونکار بوو. نە ئاگایشی لە خۆی بوو کە چی ئەکات!... دەستی خستە ناو دەستی شاوە... بەڵام هەر وەک بچێتە ناو گۆڕەوە وابوو!...

***

(عومەر)یش بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە جێگای تەماشاکردنی ئەستێرەکان، کە بۆ خۆی تەرخان کرابوو... تا بتوانێ لە تاریکایی شەودا خەموخەفەتەکەی خۆی بشارێتەوە... هەر وەک دڵڕەقی و زۆرداری مرۆڤ وای لێ کردبێ کە پەنا بەرێتە بەر ئاسمان وابوو. لە ناو باڵەخانەکەدا خۆی خەریک کرد بەسەرنج دان و خوێندەوە و لێکۆڵیینەوەوە. هەروەک تووشی تاو لەرز بووبێ وابوو... دەستی کرد بەتۆمار کردنی ئەنجامی سەرنج دانەکانی خۆی... یەک لەسەر یەک گەلێک لاپەڕەی ڕەش کردەوە... کە ئەوانە زۆر بەکاری ئەوەی ئەهاتن کە ڕۆژژمێرە تازەکەی ڕێک بخات. خەموخەفەتەکانی خۆی لەناو مەی و هۆنراوە و ئاسمان ناسین دا ئەتواندەوە... کەچی هەتا ئەهات خەموخەفەتەکانی پەرەیان ئەسەند و

پتـريان لێ ئەهات... نەخـۆيشی لە دەسـتـيـان ڕزگـاری ئەبـوو، نە لە مـەی خـواردنەوەيش ڕزگاری ئەبوو!...

(عـومـەر خـەيام) خـۆی لەناو باڵەخـانەکـەدا خـەريک ئەکـرد بەئاسـمـانەوە هەروەک ويستبێتی پەيوەندی خۆی لە هەموو مرۆڤايەتی بپچڕێ وابوو.

بەڵام (نظام الدين) ويسـتی لەو چۆڵەوانيـيـەی بهـێنێـتـە دەرەوە. چووە خـوارەوە بۆ ناو بازاڕی کـەنيـزەک فـرۆشـان کـەنيـزەکـێکی جـوانی شـۆخوشـەنگی دڵکـێشکـەری کـڕی و پێشکەش بەهاوڕێ خەمبارەکەی خۆی کرد پاش ئەوەيش، هەر لە گەڵيا خەريک بوو، تا خستيە سەر ئەوەی کە واز لەو تەنياييە و چۆڵ پەرستييەی خۆی بهێنێ و جارێکی تريش بێـتـەوە ناو جيـهـانەوە... بەڵام (عـومـەر) لەناو خـەم و پەژارەيەکی وادا بوو کـە بەهۆی بيرەوەری ڕابردووی خۆی و، دوا ڕۆژی تاريکی خۆیەوە هەرگيز جيهان و بابەتی جيهانی بير نەئەکەوتەوە!...

جا لەو کـاتەدا کە بەنگ کـێشـەکان دايان نابوو بۆ کـوشـتنی شازادە (تـوتوش)ی برای خونکار، (نظام الدين) هاتە لای و لێی خواست کە کـاتژمـێـرێکی ئاويی بداتێ بۆ چەند مـاوەيەک، تا بەهۆی ئەوەوە ئاگای لە کـاتەکـە بێ. چونکە ئەوان نيـوە شەويان دانابوو بۆ کوشتنی ئەو. لەوکاتەدا کۆشکەکە بێ دەنگ و سەنگی داگيری کردبوو، هەمـوو کەسێـک کشومات بووبوو. دڵتەنگی هەموو لايەکی گرتبووەوە... فەرمان درا دەرگاکان داخران داڵان و ڕاڕەوەکـانيش ياسـاوڵێکی زۆريان بەسـەرەوە دانرا... (توتوش)يش چووە ژوورەکـەی خـۆی دانيشت.

هەردوو ياساولەکەی خۆيشی لەملاو لەو لايەوە ڕاوەستان. دڵسـۆزانە شيـرەکانی خۆيان هەڵکـێشـابوو، ئامـادە بوون بۆ جـەنگ. لەمـلاو لەو لايشـيـيـەوە هەمـوو پيـاوەکـانی ناو کۆشکی شا و (عـومـەر خەيام) و (حـەسـەن ئەلسـەباح) وەسـتـابـوون، کە ئەمی دواييـيـان بەدەمی شـيـيـرەکـەی خـۆی دوو کـەللەی لە کـەللە دوژمنەکـانی نيـشـتـمـانەکـەی خـۆی پەڕاندبوو!...

کـە بوو بەکـاتی دوانزەهەم ڕەنگی (توتوش) پەڕی. ئەوانەی لەوێيـشـدا بوون کـەوتنە شڵەژان و پەشۆکانەوە. دەستيان برد بۆ چەکەکانی خۆيان. چاويان بڕيبە دەرگاکان تا بزانن ئەو بێ باکـە کێ بە، کـە ئەو کـۆڕەيان لێ تێک ئەدات!... بەڵام کـەس لە دەرەوە نەهاتە ژوورێ. کـەچی هەر ئەو تـاوە بوو، لەپڕ نەڕەيەکی دڕندانەيان هاتە بەرگـوێ... يەکـێک لە



ياساوڵەکان خۆيان سەرپێچەکەی خۆی لادا، کە تەماشيان کرد، لەژێر ئەو سەرپێچەدا سەرووپێچێکی سووری بەنگ کيشەکانی بەسەرەوە بوو. هەڵمەتی بردە سەر (توتوش) و خەنجەرە دەسک سوورە ڕەنگ خوێنينەکەی خۆی کرد بەدڵیا!... ئەوانەی لەوێيشدا بوون، تا مـاوەيەک بەحـەپەساوی مـانەوە. هيچ کـانێکيـان شـتـێکی لە دەست نەهات بيکات. هەمـوو بەجارێک سەربان لێ تێک چووبوو، نەيان ئەزانی چی بکەن. هەر وەک هەموويان بەجـارێک، تريشـقـە لێی دابن و پەکيـان کـەوتبێ وابوو. بەڵام (حـەسـەن ئەلسـەباح) زوو هاتەوە هۆش خۆی. هەڵمەتی بردە سەر ياساوڵەکە و دەمودەست کوشتی ئنجا يارمەتيدان لە هەڵگرتنی (توتوش)دا... بەڵام هەرچی دەرمـانێکيـان کـرد، کـەڵکـێکی نەبەخـشی... برينەکەی قووڵ بوو.

کاريگەريش بوو. کوشتی!.

***

وايش دەرئەکـەوێ، کـە دەرد و سـەرگـەردانی، يەک لەدوای يەک ڕوو نادەن. هەمـوويان بەجارێک ڕوو ئەکـەنە پيـاو. چونکە زۆری پێ نەچوو کابرايەک هات و تێی گـەياندن کـە (بيـزانتی)يەکان لە سنووری خاکی ئێران تێپـەڕيان کـرد و هاتنە ناوەوە. لەشکرێکی بێ شورماريشيـان پێيـە، کە چوار ئەوەندەی لەشکری شا ئەبێ... کۆڕی ڕاوێژکـار کۆبووەوە. بەڵام هەموويان دەميان بەسترابوو نەيان ئەزانی چی بڵێن.

دوايی شا پەنای بردە بەر (عومەر خەيام). ئەويش ڕووی کردە شا و پێی گوت:

«هەمـووتان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە ئێمە لەسەر لەشکر داماوين جا هەتا لەشکرمان بۆ کۆنەبێتەوە، سەرکەوتنمان دەست ناکەوێت.

ئەوەندە هەيە گـەلێک چەکی تری وايش هەن، کە لەوانەن بەسـەر لەشکردا سەر بکەون... بۆ وێنە: ڕێوشوێنێکی وا بۆ خۆمان دابنێين، کە لەناکاو بدەين بەسەر دوژمندا، بەجۆرێکی وا کـە ئاگـای لە ئێـمـە نەبێ و، چاوەڕوانی ئەوەيش نـەبێ کـە بدەين بەسـەريا. تۆيش هەر ئەوەندەت لەسـەرە کە لە شـوێنێکی واوە سـەرنجيان لێ بدەيت کە ئەوان ئاگايان لە خۆيان نەبێ. ئنجا بەشەوی مانگەشەو پەلامارێکی گورج و گۆڵانەيان بدەيت پاشان لەبەرەبەيانـدا بکشـێيـتـە دواوە و خۆتيـان لێ دوور بخـەيتـەوە و سرەوت بەخـۆت و لەشکرەکـەت بدەيت ئنجـا کـە شـەوێک دوو شـەوێک بەسـەر ئەوەدا تێـپـەڕی، لەپڕ پەلامـاريان بدەيتـەوە. بێ ئەمەی ئاگايان لە خۆيان بێ. ئەوساکە هەر مـەبەستێکت هەبێ. ئەتوانيت پێيـان جێبەجێ بکـەيت «ئەوەيشت لـەبيـر نـەچێ کـە لەشکرەکـەی ئەوان لە سـەربازانی مـووچەخـۆر

پێکهاتوون. هەر ئەوەندە گەورەکەیان بکوژرێ، دەمودەست بڵاوی لێ ئەکەن. چونکە کەسی وایان بۆ نامێنێتەوە کە مانگانەکانیان بداتێ!...».

خونکاریش لە ڕاوێژی «عومەر خەیام» دڵخۆشبوو و پەسندی کرد لەبەر ئەوە دەمودەست، ڕاپەڕی تا خۆی بۆ کوشتار ئامادە بکات...

ئەوەیش پێویست بوو کە یەکێک لە کوڕەکانی خۆی، لەگەڵ خۆیدا ببات بۆ کۆڕی جەنگ بەڵام کوڕەکانی ئەو لەسەر سەربەرزی و گەورەیی بەربەرەکانێیان ئەکرد. ئیتر هەر ئەوەندەبوو. شازادە (ئەحمەد)، شازادە (مالک)ی برای بانگ کردە کۆڕی جەنگەوە. بەو هیوایەی کە ئەگەر بەسەریا زاڵ بوو، زۆرتر هەڵ بگرێ لەو کە ببێتە هاوڕێی خونکار. هەردوو برا کەوتنە زۆران بازییەکی توندوتیژەوە بەتایبەتی هەر لەبەر ئەوەی کە ئەوەیان بۆ دەرکەوتبوو کە هەر کامێکیان سەرکەوت بێجگە لەوەی کە لەگەڵ شادا ئەچێ بۆ جەنگ، تەختی شایش بۆ ئەو کەسە ئەمێنێتەوە... چونکە ئەوی لەم زۆرانبازییەدا بشکێ، ئیتر ناوێرێ لە پاش ئەو شکانە داوای تەختی شای بکات، بەبێچەوانەوە جێگاکەی خۆی بەجێ ئەهێڵێ بۆ لە خۆی بەهێزتر!...

شازادە ئەحمەد، ویستی براکەی خۆی بکوژێ. کەچی ئەم لە پڕ بەرزی کردەوە و دای بەزەوی دا. کەللەی بەجۆرێکی وا بەر زەوییەکە کەوت و ئازاری پێ گەیشت، کە لە دوایی دا هەر چەندێکی کرد خۆی پێ ڕاست نەکرایەوە!. نەتەوە بڵاوەیان لێ کرد و لە شاەزادەی سەرکەوتووە کۆبوونەوە. شاژنی قین لە دڵیش کە ناوی (زارادا) بوو هەر بەتەنشت کوڕەکەی خۆیەوە مایەوە، دڵتەنگی و خەموخەفەت بەجۆرێکی واکاری لێ کردبوو، پشم و قین ئەمەندە دڵی داگیر کردبوو، هۆشی بەخۆی نەمابوو کەچی بکات و چۆن بجووڵێتەوە، هەر بەجارێک بەرچاوی تاریک بووبوو!... بەڵام (حەسەن ئەلسەباح) هات بەلایەوە و پێی گوت «بۆچ شاژن، تۆ لە دەستچوونی خاکەکەت ئەترسیت؟... تۆ لە ڕاستیدا شاژنی (خەزەر)یت، خاوەن مافیشیت لەم خاکەدا. وا ئەو بەرهەڵستی دواییەی کە لە ڕێگاتا بوو، نەما... (توتوش) مرد. هەر ئەویشبوو کە چەقی ئەو ڕێگایەی لە تۆ گرتبوو. کەواتە خەفەت مەخۆ. بەڵام «هەر چیت پێ ئەڵێم بەگوێم بکە. چونکە ئەگەر وا بکەیت زۆوی پێ ناچێ، پشتیوانەکانی من ئەتکەن بەشاژنی تەواو»!...

بەم ڕەنگە «حەسەن ئەلسەباح» پەردەی لە ڕووی کەسایەتییە شار ڕاوە وەکەی خۆی لادا... ئەوەیشی دەرخست کە سەرۆکی (بەنگ کێشەکان) خۆیەتی. بەڵام ئەمەی هەر بۆ شاژنی دڵ پڕ لە قین ئاشکرا کرد!...



**٣**

کەنیزەکە کە دڵی چوو بوو بە«عومەر خەیام»ی گەورەی خۆیدا.

پڕ بەدڵ خۆشی ئەویست. هەر چەند «عومەر خەیام»ی بدیایە بەدڵتەنگییەوە ئەویش دڵی تەنگ ئەبوو. هەر چییەکی لە دەست بهاتایە، ئەیکرد، هەر بۆ ئەمەی (عومەر خەیام) دڵی بکرێتەوە... ڕۆژێک لە ڕۆژان، دەنگێکی دا بەگوێی عومەردا وای زانی دڵی پێی خۆش ئەبێ... گوتی: «بەڕاست ئەتەوێ، هەندێک لە کەینەوبەینەی (بەنگکێش)ەکان شارەزا ببیت، کە لەپاش دوورکەوتنەوەی «لەشکر، کەتنەکانیان هەموو لایەکی نیشتمانەکەمانی گرتۆتەوە؟» ئەم پرسە (عومەر)ی لەبیرکردنەوە و گێژوویژی هوشیار کردەوە. ئەویش لێی پرسی چی ئەزانیت لەم ڕووەوە پێم بڵێ. کەنیزەکەیش گوتی:

«من ئاگام لە کەنیزەکێکە و ئەیناسم، حەزی لە پیاوێک کردووە، کە لە ناو ئەشکەوتێکدا ئەژی، دوور لە هەموان. ئەم پیاوە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەگەڵ بەنگ کێشەکاندا ژیاوە و کاری کردووە. بەڵام لە دوایی دا لێیان جیابۆتەوە.

بۆیەکاخۆیشی لەناو ئەو ئەشکەوتەدا پەنا داوە کە نەیکوژن. جا ئەگەر حەز ئەکەیت، من ئەتوانم ئافرەتەکە وا لێ بکەم، کە لەگەڵ خۆی دا بمانباتە لای ئەو پیاوە!»...

(عومەر خەیام)یش کە ئەوەی لە کەنیزەکە کە بیست. دەموچاوی گەشایەوە چونکە زۆر بەپەرۆشەوە بوو کە ئەوە بزانێ، چۆن ئەو خوێن ڕێژانە ئەم کردەوانە ئەنوێنن و لە کوێوە دێن، تا ئەم کەتتانە بکەن، کە هەر لەگەڵ پیاوانی زرنگکار و فەرماندارادا نەبێ نایکەن!... کە شەوی دوایی هات، (عومەر خەیام) لەگەڵ کەنیزەکەکەی خۆی دا چووە دەرەوە بۆ ئەو جێگایەی کە (لەیلا)ی هاوڕێی کەنیزەکەکەی لێ بوو. (لەیلا)یش کەوت بەناو چەند ڕێگایەکی تەنگ و تەسک و چۆڵوهۆڵ دا بردنی کە بەناو شاخەکاندا ئەڕۆیشتن. دوایی گەیشتنە ئەشکەوتێکی تاریک و نووتەک. لەوێدا پیاوێکیان دی، پێستی وشک هەڵهاتبوو ڕەنگی گۆڕابوو. ئێسکەکانی دەرپەڕیبوون. (عومەر خەیام)یش بەسەرهاتی خۆی لێ پرسی. پیاوەکەیش گوتی:

«منیش یەکێک بووم لە بەنگ کێشەکان. بەڵام لە پاشدا لێیان جیا بوومەوە. وا ئێستاکەیش بەدەربەدەری لێرەدا ئەمبینی. نامەوێ خۆم دەربخەم، نەوەک بمکوژن... بەنگ کێشەکان تیرەیەکن، بیروباوەڕەکانی خۆیان دەرناخەن، ئەیانشارنەوە. لاوەکانیش بەوە فریو ئەدەن: بەنگیان ئەدەنێ بیکێشن، ئەوەیشیان ئەخەنە مێشکەوە کە لە دوای مردن

خۆشییەکی زۆر دێتە ڕێیان. بابەتی وایشیان بۆ ئەگێڕنەوە، کە ئەو لاوە دڵ پاکانە ئەخەنە سەر ئەو باوەڕەی، کە سەرۆکی تیرەکە هەموو شتێکی لە دەست دێ بیکات. هەر کەسێکیش فرمانی ئەو بەجێ بهێنێ، بەهەشتی پێ ئەدرێ جاکەلاوە کە باوەڕی بەمانە، هەموویان، هێنا، ئاڕاستەی ئەکەن بۆ ئەو شوێنەی ئەیانەوێ.

ئەویش هەر چییەکی پێ ئەڵێن ئەیکات. کوێرانە بەقسەیان ئەکات.

هەر خوا خوای ئەوەیەتی زوو بمرێ نا ئەو خۆشییانە بچێژێ کە بەڵێنی پێ دراوە!...»

(عومەر خەیام)یش جێگای ئەوانەی لێ پرسی... ئەویش تێی گەیاند، کە بەنگ کێشەکان هەواریان زۆرە. هەندێکیان لە (سوری یە)دان، هەندێکیشیان لە (کوردستان)دان، ئەوانی تریشیان بڵاوبونەتەوە بەهەندێ لای تردا. بەڵام بنکەی سەرکردەیەتییەکەیان، کە لە هەموو بنکەیان بەگەورەتر دائەنرێ، کەلاتێکە لە ناو دۆڵێکدا، کە کەوتۆتە ژوورووی خاکی فارسەکانەوە. بەڵام کەلاتە ئەڵێن: «کەلاتی مەرگ»!...

***

(عومەر خەیام) لەناو ژووری باڵاخانەکەی خۆی دا، کە لەناو کۆشکی شادا بوو، دانیشت و دەستی کرد بەخۆ ئامادەکردن بۆ ئەوەی کە بڕوات بۆ بنکەی بەنگ کێشەکان، تا لەڕازیان تێ بگات... «بافا»ی کەنیزەکیش بەتەنشتیەوە دانیشت، فرمێسک بەچاوەکانیا ئەهاتە خوارەوە لێی پاڕایەوە کە بۆ ئەوێ نەڕوات نەوەک نەتوانێ بگەڕێتەوە... پاش ئەوەی لێی پاڕایەوە کە لەگەڵ خۆی دا بیبات، تا لە ڕێگادا یارمەتی بدات و هاوبەشیشی بکات لە خۆشی و ناخۆشی دا... بەڵام (عومەر) بەگوێ نەکرد. فەرمانی پێ دا کە بمێنێتەوە لەوێ تا ئەگەڕێتەوە... کاتێ ئەوان لەو قسانەدا بوون، گوێیان لە دەنگی دەرگاکە بوو، یەکێک لێی ئەدا. پاشان کەنیزەکێک هاتە ژوورەوە... ئیتر هەر ئەمەندە (عومەر) چاوی بەو کەنیزەکە کەوت، دڵی داخورپا، پەلو پۆی کەوتە لەرزین بەپەرۆشێکەوە لێی پرسی: چی ئەوێ؟!.

ئەو ئافرەتە. کەنیزەکەکەی «شیرین»ی دڵ پەرستی بوو. بۆ بابەتێکی وا هاتبوو پێی بڵێ، کە عومەر هەر بەخەویش نەی ئەبینی گوتی: «خانم ئەڵێ ئەچمەوەماڵی باوکم لەوێ شێو ئەخۆم. بەڵام پێش ئەمەی بگەڕێمەوە کۆشکی شا تاوێک لەناو باخچەکەدا ئەمێنمەوە!...».

... ئاخۆ ئەزانیت، کە سێ نوقمی ئاو بووبێ و خەریک بێ بخنکێ چی ئەکات، ئەگەر



بێتو بەرێکەوت دەستی لە کەمەرەیەکی ڕزگاربوون بکەوێت، کاتێ کە پەلە قاژێ ئەکات؟... جا هەستی ئەو پیاوە نوقم بووە کە لەو کاتەدا هیوای ڕزگاری هاتبێتە دڵیەوە، بەهیچ ناژمێرێ لە چاو ئەو خۆشی و شادمانییەدا کە بەهەموو ئەندامەکانی (عومەر خەیام) گەییشت، لە کاتی بیستنی ئەم ڕاسپاردەیەدا (عومەر خەیام) کە ئەوەی لەکەنیزەکەکە بیست، دەمودەست خۆی گەیاندە ڕێگاوبانەکان.

بەهەڵەداوان، بەناویاندا تێپەڕی کرد. دڵی ئەمەندە خۆش بوو بوو بەو موژدەیە، کە هەموو جیهان شادمانیی ئەوی تیا جێ نەئەبووەوە...

هەرچی دیمەنێکی ئەهاتە پێش چاو، وەک لە بەزمو ڕەزەمدابن و هەڵپەڕین بکەن وابوو. هەستی دڵی ورووژابوو، هۆنراوەی تیا هەڵ ئەقولا، ئەرژانە ناو زمانییەوە... کاتێ بووەکاتی بەڵێنەکە، سەرکەوتە سەر دیوارەکە و خۆی هاویشتە ناو باخچەکەوە. چوو لە ناو ئەو گوڵزارەدا دانیشت، کە هەموو جارێک لەوێدا بەدیداری خۆشەویستەکەی خۆی شاد ئەبوو. ئنجا دەستی کرد بەچاوەڕوانی. ئەمەندە چاوی بڕییە ڕێگاکە زۆری نەما کە گلێنەکانی لە چاوکانی بێنە دەرەوە، تا لە پێش خۆی دا، پێشوازی دڵخوازەکەی بکەن!... هەمووی ماوەیەکی کەمی پێ چوو. کەچی بەلای ئەوەوە وەک چەند ساڵێکی پێ چووبێ وابوو... ئەوەندەی پێ نەچوو (شیرین) پەیدا بوو هەر وەک خۆی مابووە وە، هیچ نەگۆڕابوو، نەلە ڕۆشتنیا نە لە بەژن و باڵا ڕێکوپێکەکەی دا! نە لە جوانییە دڵکێش کەرەکەی دا نە لە گیانە پاکە سووکەکەیشدا!...

(عومەر خەیام)یش لەجێی خۆی هەڵبەزییەوە، ئەمەندە بەپەرۆش بوو بۆ بیینینی ڕووی (شیرین)، دڵی گڕی سەندبوو خۆی پێ نەئەگیرا... باوەشی کرد بە(شیرین) داو بەخۆیەوە گوشی... لێوەکانی خستە سەر لێوەکانی ئەو. ماچەکەیان ئەمەندەی پێ چوو، ئاگایان لە خۆیان نەماو جیهانیشیان لەبیرچووەوە... لە ناو جیهانێکی پڕ هەست و تاسە و دڵداریی بەرامبەری دا نوقم بوون و مەست بوون و لە خۆیان ونبوون تاوێک پێکەوە مانەوە، هەر ئەتگوت خەوە و ئەیبینن!...

بەڵام هەموو خەوێکیش بڕانەوەی هەیە. چونکە پێویست بوو شیرین بگەڕێتەوە بۆ کۆشکی شا. لەبەر ئەوە بەداخ و خەفەتەوە لەیەک جیابوونەوە ئەو چاو پێ کەوتنەیشیان، ئەوەندەی تر، گڕی ڕاستی تێ بەردان... واتا ئەو ڕاستییەی کە بڕیاری بەسەردا دابوون. دوور لە یەکتر بژین!...

***

ئیــتــر کــاتی ئەوەیش هات کــە (عــومــەر خــەیام) خــۆی بکوتێ بۆ (کــەلاتی بەنگ کێشـەکان)... چەند ڕۆژێک بەرێ دا ڕۆیشت تا گەیشتە ئەوێ... جێ هەوارەکەیان بریتی بوو لە کـەلاتێک کـە بەسەر بەرزاییـەکەوە دروست کـرابوو. پیـاو نەی ئەتوانی بیگاتێ، مەگەر بەچەند ڕێگایەکی سەخت و تەنگەبەردا بڕۆییشتایە، کە پڕیان بوو لە کەللەسەری مـرۆڤی کـوژرا و... دیاربوو ئەوانەی کـە کـوژرابوون، لەو کـەسانە بوون، کە ئەوانیش وەک (عـومـەر خـەیام) خـۆی، بەدڵیـاندا هاتبـوو چاویان بەو کـەلاتە بکەوێ کـە بریتی بوو لەجێگەی پیاو کوژان! (عومەر خەیام) بەبیریدا هات بگەڕێتەوە. بەڵام تازە کـار لەکار ترازابوو. چونکە زۆری پێ نەچوو، چاوی بەچەند کەسێک کەوت، لە کەلاتەکەوە دەستیان بۆ ئەکێشا. لەسەر دیواری کەلانەکەوە خۆش هاتیان لێ کرد... تۆ بڵێی ناسیبێتیانەوە؟... یاخود ئەمە هەر فریودانێک بووبێ، بۆ ئەمەی کێشی بکەنە ئەوێ، تا بیخەنە سەرە ڕێگای مەرگەوە؟...

(عومەر) هەر ئەوەندە گەییشتە جێ هەوارەکەیان، دەرگاکانی بۆ کرانەوە پیاوێکی پیر بەپیریەوە چوو، پێشـوازیـیەکی تەواوی کرد. کابرا کە هەر ئەمەی ئەدا بەگوێ دا: «خۆش هاتی عـومـەر خـەیامی بەڕێز!... ئێـمـە بۆ یەکـا خـۆش هاتی لە تۆ ئەکـەین، چونکە تۆ «پیاوێکی بێ وەییت. خۆ ئێمە ئەوەیش ئەزانین کە تۆ هەر بۆ سەرنجدان و لێکۆڵینەوەی ئاسـمـان و ئەسـتێـرەکان هاتوویتە ئێرە. هەر چییـەکت ئەوێ ئامـادەین بۆتی بکەین!...»
(عومەر)یش گوتی: «بەڕاستی ئەمە شتێکی سەیرە کە ئێوە بەم هاتنەی منتان زانییوە.

ئێوە ئەمەتان لە کوێ زانی؟ بێگومان ئێوە لە هەموو جێگایەکدا سەرنج دەرێکتان داناوە تا لە هەموو کەینەوبەینە و کـارەساتێک کە ڕوو ئەدەن ئاگادارتان بکەن... منیش لە بابەت ئێـوەوە هەروام بیسـتـووە!.» پیـاوەکـە (عـومـەر)ی برد لەگـەڵ خـۆی داو گـێـڕای بەناو کـەلاتەکەدا، هەموو کـەلوقـوژبنێکی ژیانی ناو کەلاتـەکەی پێشـان دا: دانیشـتـوانی ناو کەلاتەکە چۆن ئەژین؟ هێز و هەڕەتیان تـا چ ئەندازەیەکە؟. یارمەتی دەرەکـانی خۆیشـیـان چۆن پەروەردە ئەکەن، تا هیچ جۆرە سەرکێشییـەکیـان تیـا نەمـێنێ و هەرچی (جێنشـیـن) پێیان ئەڵێ، کە سەرۆکی تیرەکەیە، جێبەجێی بکەن؟!.

عـومـەر لێی پرسی (جـێنشـیـن)ە کـەی ئێـوە ناوی چیـیـە؟... بەڵام هەر چەندی کـرد وەرامێکی بۆ ئەم پرسە وەرنەگرتەوە... هەر ئەوەندەی لێ تێگەیشت کە ئەو «جێنشین»ە لە دەرەوەی کەلاتەکەدا، لە شوێنێک دایە!.



جا هەر لەو شەوەدا، لەناکاو شتێکی گەورە، لە (عومەر) ڕووی دا ئەویش ئەوەبوو کە ئافـرەتێکی ڕوو داپۆشـراو هاتەلای، پێ یان گـوت ئەمـیش لە یارمـەتی دەرانی بەنگ کێشـەکانە!... کاتێ کە ئافرەتەکە، ڕوو پۆشەکەی لەسەر ڕووی خۆی هەڵماڵی، (عومەر) سەرسام ما... چونکە ئەو ئافرەتەی هاتبوە سەردانی «زارادا»ی ژنی شا و دایکی شاەزادە ئەحمەدی کوڕی شابوو!...

شـا ژنیش پێی گـوت: «سـەرت سـوڕنەمـێنێ لەمن، منیش تۆزێک لە پێش پێی تۆدا هاتوومەتە ئێرە!... ئەی تۆ بۆچ نابیتە یاریدەدەری ئێمە؟. ئەو ڕێوشوێنەی تۆ بۆ خونکارت دانا، وای پێشـان دا کە تۆ خاوەنی هۆشێکی گەورەیت. ئەی بۆچ نایەیتە سـەر دەسـتەی ئێمەو بشبیتە ڕاوێژ کارمان؟.

«... زۆری پێ ناچێ ئەم خاکە دەست ئێمە ئەکەوێ. من خۆم شاژنی (خەزەر)م... بەنگ کێشـەکانیش لەم مەبەسـەمدا یارمەتیم ئەدەن... تۆیش لەگەڵ ئێمەدا خاوەن سـایەو پایە ئەبیت!...» (عومەر)یش سەرسام مابوو، نەی ئەزانی چی بڵێ. هەر چەندێکی ئەکرد، نەی ئەتوانی قـسـەکـانی شـاژن بەرپەچ بداتەوە، هەروەها نەیشی ئەتوانی قـسـەکـانی پەسند بکات. هیـچی بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێ کە سەر بەرز بکاتەوە بۆ ئاسمان و بەسەرسوڕمـان و داماوییەکەوە سەیری بکات!...

## ٤

(عـومـەر خـەیام) هەر لەسەرسوڕمـان و دامـاویی خۆی دا مـایەوە... بەخۆی نەئەزانی کە کـات چۆن تێپـەڕ ئەکـات. بەڵام کە هاتەوە هۆش خـۆی، تەمـاشـای کرد لەناو کەلاتەکـەدا بزووتنەوە و دەنگە دەنگێک پەیدا بووە. کە پرسی چی قـەومـاوە پێ یان گوت: سـەرۆکی هەرەگەورەمان گەیشتۆتە جێ.

هەر ئێستا بانگت ئەکاتە لای خۆی!.»... پاشان بردیان بۆهۆڵە گەورەکەی کەلاتەکە کە تەماشای کرد هۆڵێکی یەجگار فراوانە، پڕە لەکۆمەڵێکی گەورە لە «بەنگ کێشـەکان» کە هەمـوویان بەرگی سـووریان پۆشـیـبـوو... لەسـەر ڕووی هۆڵەکـەیشـەوە سـەرۆکـە هەرە گەورەکەیان دانیشتبوو، بەبەرگی سپییەوە.

شاژن (زارادا)یش لە تەنشتیەوە وەستابوو.

(عـومـەر خـەیام) یش لە سەرۆک نزیک بووەوە. کـە سـەرنجی لێ داو لێی ورد بۆوەوە، کش و مات بوو. داچڵەکی.!... پاش ئەوە جارێکی تریش سەیری سەرۆکی کردەوە، نەوەک

بەهەڵەدا چووبێ!... بەڵام ئەمجارەیش بۆی دەرکەوتەوە کە سەرۆکی باڵاکە نییە (حەسەن ئەلسەباح) نەبێ!...

(حەسەن) پێی گوت: «سەرچاو هاتییت هاوڕێ خۆشەویستەکەم بۆ ناو کەڵاتەکەمان... لە ڕاستی دا ئێمە داماوی یارمەتی تۆین... هەرچییەکت پێویست بێ لە کەلوپەلی لێکۆڵیینەوە و ڕاستی دۆزیینەوە بۆتی پەیدا ئەکەین...

بام تۆیش لێرە بمێنیتەوە و ببیتە ڕاوێژکاری من... تۆیش بەرگی سپی ئەپۆشییت وەک من... لە تەنشت خۆیشمەوە ڕائەوەستییت. پڕ بەدڵ حەزم ئەکرد، کە (نظام الدین)یش، لێرەدا، لەگەڵماندا بووایە. بۆ ئەمەی هاودەمییەکەمان تەواو ببوایە و خۆشتر ڕامان ببواردایە. بەڵام ئەوەندە دڵسۆزیی نوواند بۆ شا، سەرگەردانی بەسەر خۆی دا هێنا!... دوایی مرد!...».

(عومەر خەیام) کە ئەمەی لێ بیست، دەمودەست ئێش بەدڵی گەییشت.

دەماری توند بوو، تووڕەبوو، دەستی کرد بەهەڕەشەکردن. ئنجا دڵسۆزی خۆیشی بۆ شا نوواند. ویستیشی ڕێی بدات، کەڵاتەکە بەجێ بهێڵێ.

تا بگاتەوە کۆشکی شا... (حەسەن)یش پێی گوت: «من نامەوێ بەزۆر هیچت پێ بکەم. بۆ کوێ ئەچیت بچۆ. بەڵام تۆ بەوە خۆت لەناو نەبەیت. چونکە ئەوەندەی پێ ناچێ کوڕی جەنگ شا و پشتیوانەکانیشی ئەگرێتەوە. چونکە هەرچەندە ئەوبەسەر (بیزانتی)یەکاندا سەرکەوتووە، بەڵام نیوەی لەشکرەکەیشی لەناوچوە بێجگە لەوە خۆیشی و کوڕەکەیشی بریندار بوون!.»... جا لە پاش ئەمەی (حەسەن) لێی ئاشکرا کرد، کە پەیمانی دۆستایەتی لەناو هەردووکیان دا پچڕاو نەما، (عومەر خەیام) بەتووڕەییەکە، بەجێی هێشت وە چووە دەرەوە!...

***

ئیتر هەر ئەوەندە (عومەر خەیام) بەبێ وەی، لە (کەڵاتی مەرگ) ڕزگاری بوو، دەمودەست ڕووی کردە بارەکای لەشکری شاهی. خونکارە بریندارەکەیش، لە شێوەیەکی گەرموگوڕدا، خۆش هاتی لێ کرد و چاک و چلۆنی لە گەڵدا کرد!... چونکە پێی لەوە ئەنا کە سەرکەوتنەکەی لە جەنگەکەدا بەسایەی ڕاوێژی (عومەر)ەوە بوو!. جا لەو کاتەدا کە ئەویش لەگەڵ پزیشکەکاندا لەژێر خێوەتی خونکاردا بوو، یەکێک هات پێی گوتن:

کە شازادە (ئەحمەد) بەخۆی و کۆمەڵێک لە یاریدەدەرەکانییەوە ڕووی کردۆتە شاری



«نەی ساپوور» ئەیەوێ کۆشکی شا داگیر بکات... کە ئەوەیان بیست خونکار و سەرکردەکانی هەناسە ساردی دایگرتن بەڵام شازادە (مالک) کەمێک دەماری بزووت، بەباوکی گوت: «هەندێ سەربازم لە یاساوڵە تایبەتییەکانی خۆت بدەرێ، هەر ئێستا ئەچم بۆ سەری، فێری شەرمی ئەکەم!...».

بەڵام شا بەوقسانە، بایەخی نەدا. ڕووی کردە (عومەر خەیام) و ڕاوێژی لەو خواست. ئەمیش ئەو بەسەرهاتەی، ئەو بارەی، بۆ هەمووان ڕۆشن کردەوە. گوتی:

«ئەم کارە هەر لە شازادە (ئەحمەد) خۆیەوە ڕوونادات. کەسانی تریش هەن لە دوایەوە، پاڵی پێوە ئەنێن کەوا بکات... ئەگەر هەر خۆی بووایە، نەی ئەوێرا، بەتەنیا، «هەڵ بکوتێتە سەرکۆشکی شاهی... بەڵام من لەم دواییەدا زانییم کە «بەنگکێشەکان»یش یاریدەی ئەدەن، مەبەسیان ئەوەیە کە خۆی و دایکی بخەنەسەر تەخت!...»... هەموو لایەک لەم قسانەی سەرسام مان. ئنجا (عومەر) دەستی کرد بەڕۆشن کردنەوەی قسەکانی خۆی.

گوتی:

«من ئێستاکە لە (کەڵاتی مەرگ)ەوە ئەگەڕێمەوە، کە بریيتییە لە هەوارگەی بەنگ کێشەکان. لەوێ دا چاوم بە«زارادا»ی شاژن کەوت کە ئەویش هاریکاری ئەکردن لەم کارەدا. جا ئەگەر بمانەوێ سەر کەوتنمان چنگ کەوێ، پێویستە لە پێشدا ئەم تیرەیە لە ناو ببەین. ئەگینا لە دەست بەدکرداریی ئەوانە ڕزگارمان نابێ، تەنانەت ئەگەر شاەزادە (ئەحمەد)یش لە ناو ببەین هەر لەدەست ئەو بەنگ کێشانە ڕزگارمان نابێ...)

هەندێ لە سەرکردەکانیش پرسییان، گوتیان:

«جا ئێمە کە بەم جۆرە ماندوو و شپرزە بووبین، چۆن پێمان ئەکرێ بەرامبەری یان بکەین، سەرەڕای ئەمەیش کە هێزی شازادە (ئەحمەد) لەم لاوە بەرامبەرمان وەستابێ؟

(عومەر خەیام)یش وەرامی دانەوە گوتی:

«جارێ بام شازادە (مالک) دەست پێشکەری بکات: بچێتە سەرکۆشکی خونکار و ژنان و مناڵانی «لێ دەربهێنێ و بیانبات بۆ ئەو دۆڵەی کە دراوسێی (کەڵاتی مەرگ)ە. ئەمەیش بۆ ئەوەیە کە ئەگەر شازادە (ئەحمەد) گەیشتە کۆشکەکە، هیچی لە دەست نەیێ بیکات. ئەوساکەیش، بێگومان ئەو ڕوو ئەکاتە (کەڵانی مەرگ)، کە لەوێ دا بەهەموو هێزێکمانەوە بەرە و پیری ئەچین!... ئەمێنێتەوە جەنگی (کەڵات)ە کە ئەویش ئاسانە.

من خۆم لەوێ بووم. وام بۆ دەرکەوت کە کەڵاتەکە ئەوەندە کۆنە، تەمەنی ئەگەڕێتەوە بۆ

سەردەمی ڕۆماییەکان. بەڵام شتێکی سەیرم تیا دی، سەرنجی ڕاکێشام. کە تەماشام کرد دیبوارەکانی ژوورەکانی خوارەوەی، تک تک نەوتیان لێ دێتە دەرەوە... ئەم دڵۆپە نەوتانەیش لە ناو ئەستێرکی بچووک بچووک دا کۆ ئەبنەوە، کە کەوتوونەتە ناو ئەشکەوتەکانی خوارووەوە.

«بەنگ کێش»ەکانیش لەو نەوتە هەڵ ئەگرن و ئەیبەن بۆ سەرەوە، بۆچرا داگیرساندن بەکاری ئەهێنن... جا ئەگەر ئێمە بتوانیین ڕێبازێک بەناو بەردەکاندا بکۆڵیین، کە نەرمو خاویشن، لە لایەکەوە، ئەتوانیین ئەونەوتە گڕ تێ بەر بدەین. ئیتر ئەمەندە ئەبێت بەچەرە دووکەڵ کە (بەنگکێش)ەکان لە ناویا بەچەشنی مشک ئەخنکێن! ئیتر ئەوساکە شازادە (ئەحمەد) سوێندخوارەکانی خۆی لە دەست ئەچێ و ئەترسێ لەوەی شەڕمان لەگەڵدا بکات... خۆ ئەگەر هاتوو شەڕیشی لەگەڵدا کردین، ئەتوانیین زۆر بەئاسانی پیشکێنیین!»...

کە خونکار و سەرکردەکانی ئەم ڕێوشوێن دانانەیان لە (عومەر خەیام) بیست، ئەمەندە بەلایانەوە دروست و ناوازە بوو، هەموویان دڵخۆش بوون و پێی گەشانەوە. ئنجا دەمودەست، دەستیان کرد بەجێبەجێنانی. هەرچی شازادە (مالک)بوو، خۆی گەیاندە کۆشکی شاو هەرچی ئافرەت و منالێک لەوێ دا بوون گوێزانییەوە... کاتێ کە کاروانەکەیان گەییشت گیانی شا و گیانی سەرکردەکانی شادمان بوون. بەڵام (عومەر) بەدوای ئافرەتێک دا ئەگەڕا لە ناویاندا، کە ئەویش: (شیرین) نەبوو... پرسی: «یافا»ی کەنیزەک کوا؟... کاتێ کە زانی «یافا» لە ناویاندا نەماوە، خەمو پەژارە هاتنە دڵیەوە، و دڵخۆشییەکەی لێ گۆڕاو بوو بەدڵتەنگی. چونکە پێ یان گوت: حەسەن ئەلسەباح» کۆچی کردبوو بۆ (کەلاتی مەرگ)، ئەویشی لەگەڵ خۆی دا بردبوو بۆ ئەوێ... بەڵێ، ئەبێ بەزۆر بردبێتی لەگەڵ خۆی بۆ ئەوێ. چونکە (عومەر) لەوە دڵنیابوو، کە کەنیزەکە کە ئەمەندە دڵسۆزی بوو، لەوانە نەبوو دڵی بگۆڕێ... دووبارە خەمو پەژارە دڵی (عومەر)ی داگرتەوە... چونکە ئەوەی یەجگار پێ ناخۆش بوو کە ئەو کچە دڵسۆزەیش وەک دانیشتووانی ناو کەلاتەکەی بەسەربێ!... واتا بسووتێ!...

کەچی لەگەڵ ئەمەیشدا دەست بەرداری جێبەجێکردنی پێڕەوییەکەی خۆی نەبوو!... زووبەزوو فەرمانی دا، بەندییە (بیزانتی)یەکان کۆکرانەوە، دەمودەست، دەستیان کرد بەهەڵکۆڵینی ڕێگایەک بەناو کەڵە بەردەکاندا، بۆ ئەمەی بگەنە کانە نەوتەکان!...

***



٥

بەڵام شا پەرێشان بووبوو برینەکەی کاریگەربوو، هەراسی پێ سەندبوو.

بڕستی بڕابوو. مردن گەییشتبوە ناو هەموو ئەندامەکانییەوە... لەبەر ئەوە ناردی بەشوێن شازادە (مالک)ی کوڕی دا. هات. خونکاریش دەستی کرد بەئامۆژگاری کردنی یەک جاریی. دوایی پێی گوت:

«پێویستە عومەر خەیام» هەرچییەکی پێ گوتیت، لە قسەی نەچیتە دەرەوە چونکە ئەو دڵسۆزییەکی وای نوواندووە بۆ ئێمە، کە هاوتای کەم دەست ئەکەوێتەوە» (شا) ئەوەی گوت و گیانی بەخوا سپارد!...

ئالاکان هێنرانە خوارەوە. تەپڵەکان لێ دران. دەنگەکانیان هەر لە ئاوازی ئەو دڵە خەفەتبارانەیان ئەکرد کە گیانی شایان ڕەوانە ئەکرد بۆ جێگای دوایی خۆی!...

دانیشتووانی (کەلاتی مەرگ) ئەم دەنگانەیان گوێ لێ بوو. چاوێشیان لە ئالاکان بوو، ئەهێنرانە خوارەوە. پەییان بەوە برد کە لەشکر گاهی دوژمنەکانیان چییان بەسەرهاتووە. لەبەر ئەوە شادمانیی خۆیان ئاشکرا کرد... شاژنیش خۆی گەیاندە لای «یافا» کە لەناو بالاخانەکەی کەلاتەکەدا خڕابووە بەندیخانەوە. ئەو دەنگەی بۆ گێڕایەوە. ئنجا پێی گوت:

«ئەوە هێشتا هەر بەدڵسۆزی ماویتەوە؟!. خۆنکار مرد. (عومەر)یش خۆی ئەخاتەوە پاڵ «شیرین»ی خۆشەویستی. کەواتە جێگای تۆ لە کوێ ئەبێتەوە؟ بۆچ تۆ لەوە پێشیش جێگات بووە لە دڵیا؟... بۆچ نازانیت کە (عومەر) چیی لەگەڵ «شیرین»دا «ئەکرد لە کاتی کۆچی شا و نەخۆشییەکەی دا؟!.» (حەسەن)یش هات و کۆترێکی لە بالاخانەکەدا گرت و هێنایە دەرەوە. ئنجا نامەیەکی پێوە بەست و بەرەڵلای کرد بچێ بۆ لای شازادە (ئەحمەد)، تا ئاگای لە مردنی شا بێ. ئنجا لەگەڵ شاژندا گەڕانەوە و سەرلەنوێ دەرگای ژوورەکەیان لە «یافا»ی کەنیزەک داخستەوە!... کەنیزەکە بەسەزمانە کە بەتەنیایی و دڵشکاوییەوە مایەوە لە ناو ئەو بەندیخانەیەدا. بەچاوی خۆی ئەیدیی داویان ئەنایەوە بۆ دڵخوازەکەی خۆی کە تووشی سەر گەردانییەکی بکەن، کەچی هەر چەندی ئەکرد ڕێگای نەبوو یارمەتییەکی بدات، بۆ ڕزگار کردنی. بەڵام ئەو بەسەزمانە، لەناو ئەو بەندیخانەیەدا چیی بۆ ئەکرا؟. «یافا» لەپڕ دەنگی چەند پاچێکی هاتە بەرگوێ، کە بەردەکەیان پێ هەڵ ئەکۆڵی.

گوێی گرت لەودەنگانە. پاشان لەسەروو بالاخانەکەوە سەیرێکی خوارەوەی کرد. کە

تەماشای کرد ئەوا کۆمەڵێک پیاو خەریکی هەڵکۆڵینی بەردەکەن.

(عومەر خەیام)یش بەسەریانەوە وەستاوە، سەرپەرشتیان ئەکات... بەواتایەکی تر، چاوی بەدیبیداری دڵخوازەکەی خۆی کەوت!... بەڵام هەر ئەوەنەبوو، کە گوێی لە دەنگی ئەو پاچانە بوو... (حەسەن ئەلسەباح)یش گوێی لێیان بوو... لەبەر ئەوە هاتە ناو باڵاخانەکەوە، سەیر بکات، بزانێ چی لە گۆڕێ دایە... کە سەیری کردن، دەستی کرد بەپێ کەنین... بەدوژمنەکانی خۆی پێ ئەکەنی... لە دڵی خۆی دا ئەیگوت ئەم شێتانە چی یان بەدەستەوەیە؟... ئەیانەوێ تەشۆی لەبەرد بدەن؟!!. بەڵام (یافا) ویستی شتێک بکات؛ بیری کردەوە... لە پاشا لە دڵی خۆی دا گوتی:

من بۆچ ئەم کۆترانە بەر نەدەم؟... تا نەتوانن هیچ نامەیەک بۆ دەرەوە بنێرن!... بەڵێ ئەمەیش بیری ئەو بوو!... بەدزییەوە چووە ژووری کۆترەکانەوە... هەموویانی بەرەڵڵا کرد!... ئەوانیش دەمودەست فڕینە ئاسمان!... بەڵام (حەسەن) چاوی لەم کەینەوبەینەیە بوو... زۆری پێ نەچوو خۆی و چەند پیاوێکی هاتنە سەری. پشم و قین بیروهۆشی لێ بەربەست کرد بوون... «یافا»ی بەسەزمانیان گرت و لەسەربانی باڵاخانەکەوە بەریان دایە خوارەوە... کەوتە بەرپێی خۆشەویستەکەی... «یافا» هەروەک لەوە پێش دڵی خۆی دابووە دەست، ئەمجارەیش گیانی خۆی خستە بەر دەستی!... بەڵێ سەر ئەنجامی ئەم ئافرەتە کلۆڵە بەم ڕەنگە لێ هات!...

کە (عومەر خەیام) ئەم مەرگە ساتەی هاتە پێش دەم، بەجارێک خەموپەژارە دڵی داگییر کرد... ئێشی دڵی یەجگار بێ ئەندازە بوو... بەڵام ئەم گریەیەی دڵی، زووبەزوو گۆڕاو بوو بەبڕیارێکی پۆڵایی لە دەروونیا... دەستی کرد بەهانەدانی بەندییەکان تا گورج و گۆڵانە ئەو ڕێگایە بەناو بەردەکەدا بکەنەوە... لەوکاتەیشدا شازادە (ئەحمەد) بەخۆی و لەشکرەکەیەوە کشایە نزیکەوە... (عومەر) هیچ بایەخێکی پێ نەدا. ئەوی بەجێهێشت بۆ شازادە (مالک). بێ باکانە خۆی و پیاوەکانی هەموو هێزی خۆیان خستە کۆڵینی بەردەکە. دوایی بەردەکە کونێکی تێ بوو...

هەروەک (غمر)، خۆی لەوەپێش داینابوو، وا هاتە دی... زووبەزوو پشکۆ ئاگرێکی تێ فڕێ دا... دەمودەست ئاگر بەربووە نەوتەکە. یەک لەدوای یەک، ئاگرەکە هەموو دیوارەکانی گرتەوە. دووکەڵی نەوتەکە بەرز بووەوە تا ئەهات پەنگی ئەخواردەوە و ئەبوو بەچەڕە دووکەڵ و ئەچوو بەگژ ئەشکەوتەکان و کون و قوژبنەکانی کەلاتەکەدا!...



کە شازادە (ئەحمەد) سەرنجیدا، (کەلاتی مەرگ) هەڵگیرسابوو بووبووە یەک پارچە ئاگر لەبەرئەوە پێی نەکرا خۆی بگرێ و بەرگەی شەڕ بگرێ. بەخۆی و ئەسپەکەیەوە پشتی کردە دوژمنەکانی خۆی و هەڵات!

پیاوەکانیشی بەدوایەوە، وەک ئەو هەڵاتن... بەڵام پیاوەکانی شازادە (مالک) وازیان لێ نەهێنان، دوایان کەوتن و دەستیان کرد بەکوشتار لێ کردنیان!...

***

ڕەوشت و خووی ئەو سەردەمەیش وابوو، کە شا بمردایە نەئەبوو، لە پاش خۆی، ژنەکانی شو بکەن. بەڵام شازادە مالک، «شیرین»ی باوەژنی خۆی، لەم دەستووره ئازاد کرد. پاشان ڕووی کردە (عومەر خەیام) و پێی گوت: «شیرین» ئێستا ئازاد بووە. بچۆرە لای ماڵی باوکیایە. ڕەنگە ئەویش ئێستا چاوەڕوانی تۆ بکات!...»...

(عومەر خەیام)یش کە ئەوەی لە شازادە مالک بیست نەیکردە نامەردی دەمودەست سواری ئەسپەکەی خۆی بوو غاری دا بەتاو، تا خۆی گەیاندە باخچەکە. ئنجا لەوێ دا وەستاو بەدیوارەکەدا هەڵگەڕا پاشان بەهۆی لق و پۆپی درەختە پیرەکەوەدا گەڕایە خوارەوە ناو باخچەکە.

کە تەماشای کرد ئەوا دڵخوازە شەنگوشۆخە جوانەکەی، هەر لە جێگاکەی جارانی هەردووکیان ڕا وەستاوە چاوەڕوانی ئەکات!. کە یەکیان گرت و بەیەکگەیشتن، هیچ ڕابوردوو و بەسەرهاتێکی کۆنیان لەبیر نەما.

وایان ئەهاتە پێش چاو کە هیچ ڕووی نەداوە!... هەر وەک دوێنێ لەو شوێنەدا کۆ ئەبوونەوە، وا ئیمڕۆیش هەر لەوێ دا بەیەکگەیشتوونەوە... واتا بەو ڕۆژە گەیشت کە ڕۆژ سەرلەنوێ گزنگی دایەوە ئیتر هەر ئەوەندە بوو، باوەشی کرد بە«شیرین»دا و تێر و پڕ گوشی بەخۆیەوە!...[١]

تەواو بوو

(١) بەڵام (عمرأبو النصر) لە زمانی (أحمد حامد الصراف)ەوە لە (في المقارنة بين الحكيمين)دا دەڵێ: (وأما الخيام فقد عاش عازباً بأجماع المؤرخين، ولا رأي له في رباعياته في الزواج والمرأة والنسل.)– عمر ابو النصر: قلعة آموت... ص(٤٠)

# ڤۆڵتێر

نووسەر و ڕاستی پەرستی هەرە بەناوبانگی فەرەنسە

دانالی و توماس

ئەم نووسراوە

(ڤۆڵتێر) لە ساڵی ١٦٩٤دا لە دایک بوو. لە ساڵی ١٧٧٨دا گیانی پاکی بەخاک سپارد. بەڵام بەژیانی خۆی، مێژووی ئەوروپای سەراپا گۆڕی. چونکە ئەوروپای لە خووی لایەنگیری ئایینییەوە گۆڕییە سەر خووی دەروون فراوانی و چاوپۆشی ئایینی. هەروەها لە بەندەیی بیر و هۆشیشەوە گۆڕییە سەر ئازادیی بیر و هۆش. (ڤۆڵتێر) تا ما ئەم دوو وشەیەی بەسەر زمانەوە بوو: (خوا) و (سەربەستی) هەموو ژیانی گشتی خۆیشی تەرخان کرد بۆ ئەوەی نەتەوەی فەرەنسە و نەتەوەکانی تری ئەوروپا بخاتە سەر (خواناسی) و (ڕەوشت پاکی) و (ئازادیخوازیی). (ڤۆڵتێر) لە پێناو ڕوواندنی درەختی (دیموکراتی)دا خەباتێکی مەردانەی کرد. ئەیویست فەرمانداریی بەدەست (گەل) خۆیەوە بێ، نەک بەدەست خونکاران و پیاوانی ئایینی و زەویدارانەوە، کە هەر سێ لایان یەکیان گرتبوو نەتەوەی فەرەنسەیان خستبووە باری هەژاریی و نەخوێندەواری و نەخۆشی و نالەبارییەوە. (ڤۆڵتێر) چوو بەگژ زۆردارەکانی ئەو چەرخەدا لە خونکاران و پیاوانی ئایینی و فەرمانداره زەویدار (اقطاعی)ەکان، کە بوو بوونە هۆی ئەو سەرگەردانییەی نەتەوەی فەرەنسە تێی کەوتبوو هەمووەدەم فریای داماوان و لێ قەوماوان و هەژاران ئەکەوت کە هاواریان بۆ ئەهێنا. یاخود کە خۆی هەستی بەسەرگەردانییان ئەکرد. (ڤۆڵتێر) پێش (شۆڕشی گەورەی فەرەنسە) بەیانزە ساڵ لەناو چوو. هەرچەندە ئەو داوای هەڵگیرساندنی ئەو شۆڕشەی نەکرد. بەڵام یەکێک بوو لەو سێ چوار نووسەرە خەباتکارانەی کە مێشکی نەتەوەیان ڕۆشن کردەوە و، ڕێگایان تەخت کرد بۆ هەڵگیرساندنی ئەو شۆڕشە. (شۆڕشی گەورەی فەرەنسە)یش ئەو شۆڕشە بوو کە تەخت و تاراجی خونکار نوشینی خاوەن زۆرداریی و یاسای بەندەگەری زەویداریی و، دەسەڵاتی کوێرانەی نارەوای پیاوە ئایینییەکانی لەبن و بێخ هەڵکەند، (شۆڕشی گەورەی فەرەنسە)یش ئەو شۆڕشە بوو، کە لە هەموو جیهاندا دەنگی دایەوە و بیروباوەڕەکانیشی تا ئیمڕۆ بوونەتە سەرچاوەی هەموو شۆڕشێکی (دیموکراتی) و، هەموو گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی و زرنگکاریی و ئایینی بۆ



هەموو جیهان. لە ئەنجامی ئەم شۆڕشەدا بوو کە ئەوروپا فێری ئەوە بوو، دەسەڵاتی جیهانی لە چنگی کلێسا دەربهێنێ و بیداتە دەست نەتەوە، کە هۆش لە ژوور هەموو بابەتێکەوە دابنێ، کە سەربەستییە دیموکراتییەکان وەک سەربەستی دەربڕینی بیروباوەڕ و نووسین و بڵاوکردنەوە و کۆبوونەوە و وتار دان و هەڵبژاردنەکانی زرنگکاریی لەژێر چنگی خونکار و فەرماندارە زۆردارەکان دەربهێنێ و بیانداتە دەست نەتەوە، بێگومان لە شۆڕشی گەورەی فەرەنسەدا، گەلێک خوێن ڕێژرا، گەلێک ماڵ تالان کرا، گەلێک خێزان سەرگەردان بوو. کە ئەمانەیش چاک و خراپ و تاوانبار و بێ تاوانیشیان گرتەوە!... بەڵام ئەگەر بهاتایە خونکارەکانی فەرەنسە بەگوێی (ڤۆڵتێر)یان بکردایە و فەرمانداریيان بدایەتە دەست نەتەوە، وەک لە (ئینگلتەرە)دا ئەم یاسا دەستوورییە دامەزرا بوو، بێگومان نە ئەم شۆڕشە ئەقەوما، نە ئەم سەرگەردانییەیش لە فەرەنسەدا ڕووی ئەدا.

(ڤۆڵتێر) بوێژێکی دەروون ئازاد و، وێژەوانێکی بەچنگ و توانا و ڕاستی پەرستێکی زانا و خواناس بوو، لە پێناو ئامانجەکانیا، کە پڕبوون لە مرۆڤپەروەریی و نیشتمانپەرستی و دادپەروەریی تووشی گەلێک تەنگوچەڵەمە و ئازار و زیان بوو بەڵام تا ما کۆڵی نەدا و، ورەیشی بەر نەدا. تا توانی بەهۆی هۆنراوە و وتار و چیرۆک و نووسراوە بەنرخەکانی خۆیەوە، هەروەها بەهۆی ڕەنج و تێکۆشان و بەختکردنی سامانی خۆیەوە بیروباوەڕی هەموو جیهانی ئەوروپای گۆڕی و پاڵیشی نا بەنەتەوەی فەرەنسە و هەموو نەتەوەکانی ئەوروپاوە. بۆ دەستکەوتنی جۆرە فەرمانڕەواییەکی (دیموکراتی)ی وەها. کە ڕێز لە مرۆڤایەتی بگرێ و خەمی نەتەوە بخوات و ئازادیی و کامەرانی و خۆشگوزەرانییشی بۆ پێک بهێنێ. (ڤۆڵتێر) بووە وێنەیەک بۆ وێژەوانانی خەباتکار و هونەرمەند کە بەگیان و سامانەوە خۆیان بەخت بکەن لە پێناو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا، بۆ دەستکەوتنی مافە گرنگەکان بۆ نەتەوە، وەک سەربەستی و ئازادیی و یەکسانی و برایەتی و دادپەروەریی کە لەژێر سێبەری یاسایەکی دیموکراتیدا نەبێ پێک نایەن.

منیش کە ئەم نووسراوە پێشکەشی خوێندەوارە بەڕێزەکانی کورد ئەکەم، هیوادارم کە لەناو زانا و نووسەرەکانماندا وێنەی (ڤۆڵتێر)یان زۆر تیا هەڵبکەوێ و ئەوانیش وەک (ڤۆڵتێر) ببنە چرایەکی پڕشنگدار و چەکێکی گیانی بەهێز و خەباتکارێکی مەزن بۆ ئازادی نەتەوەکەمان و ئاوەدانی نیشتمانەکەمان، هەروەها بۆ هی هەموو جیهان.

سلێمانی - ١٩٧٠

شاکر فەتاح

## بەنیوە مردوویی لە دایکبوو، کەچی ٨٤ ساڵ ژیا!

پزیشکەکان کۆبوونەوە، لە بابەت کەینەوبەینەی ئەو منالّە لە دایکبووە سەیرەوە ڕاوێژیان بەیەکتری ئەکرد... جا چونکە بەنیوە مردوویی لە دایکبوو بوو گفتوگۆیەکی زۆریان کرد لە بابەت ئەوەوە کە چۆن لە مردن ڕزگاری بکەن!. هیچ کامێکیشیان بەهیوای ئەوە نەبوو کە ژیانی ئەو منالّە تا چەند سالّێک یاخود تا چەند مانگێک بپارێزێ. ئەوان مەبەسیان هەر ئەوەندە بوو ئەوەندەی پێیان ئەکرێ چەند ڕۆژێک بەزیندوویێتی بیهێڵنەوە... ئەوەندە هەبوو کە لە گفتوگۆی خۆیان بوونەوە، هەموویان هاتنە سەر ئەوەی: کە منالّەکە لە چوار ڕۆژی تر پتر ناژی!. بەڵام منالّەکە تیبیزی[1] بەو هەموو پزیشکانە کرد چونکە تا ٨٤ سالّی خشت ئەژیا گیانی خۆی نەدا بەدەستەوە! لە ڕاستیشدا ئەو هەر بەو پزیشکانە پێنەکەنی، بەهەموو کەسێکیش پێکەنی، تەنانەت، بەدرێژایی ئەم تەمەنەی خۆی بەهەموو جیهان پێکەنی! لە ڕاستیدا تیبز پێ کردن ژیانی ئەوی بەجارێک ڕەنگ کرد بوو، تەنانەت، کاتێ کە گەیشتیشە سەرەمەرگ، هەستی کرد بەو کەشیشەی[2] کە بۆیان هێنا بووە ئەوێ، تا دوا قسەی دان پیانانی ئەو وەربگرێ، کاتێکیان زانی تینی دایە خۆی و خۆیشی زاڵ کرد بەسەر سەرەمەرگدا، هەر بۆ ئەمەی گاڵتەیەک لەگەڵ ئەو کەشیشەدا بکات. بەدەنگێکی شپرزەی گڕەوە لە کەشیشەکەی پرسی، گوتی: (باوکی گەورەم، کێ تۆی ناردۆتە ئێرە؟)... کەشیشەکەیش گوتی: (خوا ناردوومی بۆ لای تۆ!...)... ئنجا (ڤۆڵتێر)یش پێی گوت: (باشە، گەورەم، بام وا بێ... ئەی نامەی ڕاسپاردنەکەت کوا؟!).

(ڤۆڵتێر) تا ما زمانە تیژەکەی لە کاردا بوو بەرامبەر هەموو جیهان. بەو و بەپێکەنینە کاریگەرەکانیشی سەروگوێلاکی ئەکوتاندنەوە. هۆی ئەمەیش ئەوە بوو، کە (ڤۆڵتێر) لە دەست دووڕوویی و خۆ نوواندنی کەسانی ئەو سەردەمە تەنگەتاو بوو بوو، وەڕس بوو بوو. لەبەر ئەوە لە دڵی خۆیدا بڕیاری دابوو کە پەردەی فڕوفێڵبازی لەسەر ڕووی ئەو یاسای کۆمەڵایەتی و زرنگکاریيانەی کە لە سەردەمی خۆیدا هەبوون، لاببات ڕەنجی دا و تێکۆشا، کە بەو هەموو تاڵی و ناخۆشییەوە کە هەیانبوو ڕاستییەکان دەربخات. هەموودەمێکیش ئەیگوت: (من بۆیەکا پێئەکەنم تا لە دەست شێت بوون خۆم ڕزگار بکەم!.)

---

(١) تیبیز: گاڵتە، شۆخی، تەشقەڵە.

(٢) کەشیش: قەشە، پیاوی ئایینی کلێسا، (قسیس).



## بەرامبەر جوولەکە نەبێ حەز لە لایەنگیری ناکات

جا ئەگەر لە ژیانی (ڤۆڵتێر)دا بابەتێکی وا هەبێ کە سەر لێی سوڕ بمێنێ، سەرسوڕمانی تەواو لەوە دایە کە ئافرەتەکانی فەرەنسە چۆن وا هۆگری (ڤۆڵتێر) بوو بوون!. چونکە (ڤۆڵتێر) ئەمەندە کاری تێکردبوون، هۆش و ئاواتیانی لێ سەند بوون. تەنانەت وای لێهاتبوو، کە لە هەموو کەسێکی سەردەمی خۆی، لە لای ژنان خۆشەویستتر بوو!. ئافرەتەکانی فەرەنسە کردبوویان بەنموونەیەک بۆ ئەو پیاوانەی کە دڵی ئافرەت حەزیان لێ ئەکات! جا لەمەدایە کە پیاو سەری سوڕ ئەمێنێ. چونکە (ڤۆڵتێر) پیاوێکی لەڕولاواز بوو، هەر ئەتگوت چیلکەیەکە و گیانی لەبەردایە. لووتێکی درێژ، دوو چاوی تەنگ و تەسکی پێوە بوو. ئەمانەیشی لە دەموچاوێکی وادا کۆکردبووەوە کە لە هەموو شاری (پاریس)دا ناشیرینێکی وەک ئەوی تیا نەبوو. بەڵێ ئەو کەسەی کە ئافرەتانی فەرەنسە ئەیانپەرست ئەمە سەر و شێوە و بەژن و باڵای بوو! جا پیاو مافی نییە کە لە کەینەوبەینەی ئافرەت سەری سوڕ بمێنێ؟!

(ڤۆڵتێر) کە لە دایکبوو، لە شێوەیەکی پێچەوانەییدا لە دایکبوو، ئەویش هەر بەوجۆرە لە ژیانێکدا ڕێگای بۆ خۆی کردەوە، کە پڕی بوو لە پێچەوانەیی!... ڤۆڵتێر، لە دڵی خۆیدا بەچاوێکی سووکەوە سەیری ڕەگەزی مرۆڤی ئەکرد، کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا هەموودەم بەپەرۆشی ئەوەوە بوو کە لەناو کەسانی تردا بژی... لە لایەکەوە گاڵتەی بەکلێسا ئەکرد کەچی لە لایەکی تریشەوە یەکێک لە نووسراوەکانی خۆی پێشکەش بە(پاپا) ئەکرد!.

قسەی نەستەقی لەسەر شاهێتی ئەهێنایەوە. کەچی لەگەڵ ئەوەیشا ئەوەی پێ خۆش بوو کە لە پەنای خونکار (فریدریکی گەورە)دا بژی!... حەزی لە خۆپەرستی نەئەکرد. لە هیچ شتێکا: نەیئەویست گیر بێ یاخود کەللەڕەقی بنوێنێ. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا لە هەموو کەس زۆرتر گیری ئەنواند لەگەڵ جوولەکەکاندا... هەموو جارێ هورووژمی توندوتیژی ئەبردە سەر خاوەن سامان و دەوڵەمەندەکان. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا خۆی پێ نەگیرا لەوەی کە سامانێکی زۆر کۆبکاتەوە بۆ خۆی، لە ڕێگایانی واوە کە دووربوون لە سەربەرزییەوە!... ئەو لە لایەکەوە خوانەناس بوو، کەچی لە لایەکی تریشەوە بەدرێژایی تەمەنی خۆی، خۆی هاویشتبووە بەردەرگانەکانی خوا، ئەگەڕا بەدوویدا بیدۆزێتەوە!...

جا (ڤۆڵتێر) بەبێ زۆر و کەم، یاخود دوورکەوتنەوە لە ڕاستی، بەمجۆرە بوو... هەتا بلێیی دڵ فراوان و چاوپۆش بوو. کەچی کە تووڕە ئەبوو، وەک پڵنگێک دڵڕەقی و دڕندەیی

ئەنواند بەڵام لەپاش نیشتنەوەی ڕقەکەی، زۆری پێ نەئەچوو ئەگۆڕرا ئەبوو بەکۆترێکی بەسەرزمان. لە پێناو دەستگرتنی زۆرلێکراوێکدا لە ئەندازەی خۆی پتر خۆی ماندوو ئەکرد. نەک هەر ژیانی، بیروباوەڕەکان و سەر و شێوە و، ژیانی خێزانیشی هەموودەم پڕبوون لەم جۆرە پێچەوانەییيانە!... لە ڕاستیدا باوکی (ڤۆڵتێر) سەر بەتیرەی (یانس)ییەکان بوو. ئەم تیرەیەیش بیروباوەڕەکانیان لە یەکتر جوێ جوێن و پێچەوانەی یەکترن. بیروباوەڕی پرۆتستانتییەکانیشی تیایە و بیروباوەڕەکانی کاتۆلیکییەکانیشی تیایە. بەڵام بۆ ئەوە هاوار ئەکات کە لە دڵڕەقی بیروباوەڕەکانی کلێسا. خۆیان ڕزگار بکەن و، مرۆڤیش ببێتە سەرداری خۆی لە دروستی کاروبارەکانی خۆیدا... کەچی هەر لەوکاتەیشدا، چەشنی (پیوریتان)ەکانی ئینگلتەرە ڕەفتار ئەکات. چونکە خاوەنەکانی ئەم ئایینە، وەک ئەوان بەچاوی سووکەوە سەیری خۆشییەکانی جیهان ئەکەن، لە هەموو کەسێکیش ئەوە ئەخوازن کە باوەڕ بەجیهانی پاش مردن بکات!...

## ویژەیش ڕێگایەکە بۆ مردن بەهۆی برسێتییەوە!

جا ئەمە بۆ ئەو ناوچەیەی کە (فرانسوا ماری ئەرویی) تیا گەورە بوو بوو... ئەم ناوەیش ناوی ڕاستەقینەی خۆی بوو، چونکە ناوی (ڤۆڵتێر)، ناوێکی خۆهەڵبەست بوو، بۆ ئەوەی هەڵبژارد بوو کە لەسەر نووسراوەکانی خۆی دابنێ. کە دایکی مرد (ڤۆڵتێر) منداڵ بوو... لەبەرئەوە بەتەنیایی لەگەڵ باوکی خۆیدا ژیا و گەورە بوو... ئەمەیش شتێکی ئاشکرا بوو کە ئەویش بچیتە سەر ئەو باوەڕەی (یانس)ەی کە باوکی لەسەری بوو... بەڵام ئەو لەوانە نەبوو کە بەکاری سروشتی دەستبەردار ببێ. یاخود پێوەی ڕابێ، ڤۆڵتێر حەزی لەسەر کێشی ئەکرد... لە ڕاستیدا ڤۆڵتێر ئەو ئایینەی خۆش نەئەویست. بەپێچەوانەی ئەوەوە کە لێی چاوەڕوان ئەکرا تا ئەهات قینی لێ هەڵ ئەگرت. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا، هەر لەسەر ئەو ئایینە شۆڕشی ئەنایەوە!... لە ڕاستیدا ڤۆڵتێر قینی لەو زەبروزەنگە کوێرانەیە بوو کە دوژمنانی ئەو ئایینە بەسەر خاوەنەکانی ئەو ئایینەیاندا ئەنوواند!... ئەمەیش لە خۆیدا سروشتێکە. ڤۆڵتێر لە هەر کوێیەکدا زەبروزەنگ نوواندن و کەللەڕەقی بدیایە قینی لێ هەڵ ئەگرتن. چونکە بەلای ئەوەوە، مەبەست نییە کە یەکێک قینی لە ئایینێک بێ و بەچاوی سووکیشەوە سەیری بکات. بەڵام ئەگەر بێتو ئەو کەسە لە ئەندازە بترازێ و دەست بکات بەئازاردان و تەنگ پێ هەڵچنین بەرامبەر ئەو کەسانەی کە دوای ئەو ئایینە کەوتوون، ئەوە بابەتێکی ترە!... کاتێ کە (لویسی چواردەهەم) فەرمانی دا (پەیمانگای



یانسییەکان) لە (پور رویال)دا برووخێنن و جووتیش بەسەر پاشماوەی گۆڕەکانی مردووەکانیاندا بگێڕن، (ڤۆڵتێر) لە تەمەنی پانزە ساڵاندا بوو ئەم کارەساتە نەنگە بوو بەهۆی ئەوەی کە ڤۆڵتێر پشم و قین لە هەموو خونکارەکان هەڵبگرێ چونکە هەرچەندە ئەو حەزی لە (یانسی)یەکان نەئەکرد بەڵام هەروەها ئەو تاوانبارانەیشی خۆش نەئەویست کە خراپەیان دەربارەی ئەوان ئەکرد.

باوکی ڤۆڵتێر بەئاواتی ئەوەوە بوو کە کوڕەکەی ببێ بەپشتیوان وەک خۆی، لەبەرئەوە هەرچەندە دەستی بگەیشتایە توانج و پلاری لە نووسین و وێژە ئەگرت بۆ ئەمەی ڤۆڵتێر لەسەر ئەو بیرانە لاببات. هەموو جارێ ئەیگوت: (نرخی وێژەکاریی مەگەر ئەمەندە بێ کە هەرچی پێوەی خەریک بوو لە برساندا بیکوژێ!...)... لەبەرئەوە، کە ڤۆڵتێر لە زانستگای (لویسی هەرە گەورەی جزویتی) دەرچوو، دەمودەست باوکی ناردیە بەر خوێندن لە (خوێندنگای ماف)دا، ئەو کاتە ڤۆڵتێر لە تەمەنی شانزە ساڵاندا بوو.

## دێو لەناو خوێنەکەیدا نەگەڕا

بەڵام خوێندنی یاسا بەکەڵکی ئەو نەئەهات، چونکە دڵی پێوە نەبوو، هەروەها ئەوەیشی بۆ نەئەچووە سەر!... لەبەرئەوە ڤۆڵتێر لە خوێندنەکەیدا سەرنەکەوت. زۆری پێ نەچوو خووی دایە هۆنراوە هەڵبەستن و یاریی بەپارەکردن و مێبازیی! دوایی سروشتە سەرکێشەکەی خۆی بەسەریا زاڵ بوو، هەر چەندی ئەکرد خۆی پێ نەئەگیرا. ڕەنگە بۆ پێشاندانی کردەوە و ڕەوشتی ئەو، لە هەموو قسەیەک چاکتر قسەی (سانت بوف) بێ کە پێی گوتووە: (دێو «شەیتان» چۆتە خوێنی ڤۆڵتێرەوە، تیا ئەگەڕێ!). جارێکیان وەستا بوو، سەرنجی لەو گەلاڵەکردنانە ئەدا کە لە بابەت چیرۆکە لاساییەکەی ئەوەوە[1]، (میروب) ئەکرا، ئیتر وازی لە کچە لاساییکەرەوەکەی یەکەم نەئەهێنا هەر ئەوەی لێ ئەخواست کە گورجی بزووتنەوەکانی خۆی زۆرتر لێ بکات. کچەکەیش کە وەڕس بوو لە دەستی و تەنگەتاو بوو لەو خواستە گرانەی ئەو کە هەرگیز بۆی نەئەچووە سەر، گوتی: (من ناتوانم ئەوەی تۆ ئەتەوێ بیبەمە سەر، مەگەر دێو (شەیتان) بچێتە لەشمەوە!.) ڤۆڵتێریش دەمودەست پێی گوت: (منیش هەر ئەوەم ئەوێ... چونکە ئەگەر بتەوێ لە هەر هونەرێکدا ببی و سەربکەوێت، پێویستە دێو (شەیتان) بچێتە لەشتەوە) جا هەر وەک بەلای ئەوەوە دێو (شەیتان) هاوتای هونەر بوو بێ وا بووا!.

(١) گەلاڵەکردن: مەشقکردن، پرۆڤەکردن.

کاتێ کە باوکیشی ڕەنجەڕۆ بوو لە پێ خوێندنەکەی ڤۆڵتێر، لە لای (مەرکیز دی سان ئینج) فـرمـانێکی بۆ دۆزییـەوە ئەم پیـاوەیش زرنگکارێکی شـارەزا بوو، لە ڕاز و نهێنییەکانی کۆشکی شاهانە و خونکار خۆیدا لە ڕووی تایبەتییەوە بوو بێ یان لەڕووی گشتییەوە، گەلێک بابەتی ئەزانی، کە گفتوگۆیشی ئەکرد ئەو بابەتانەی بۆ خۆهەڵکێشان ئەگێڕایەوە ڤۆڵتێریش بەتەنگ ئەوەوە بوو کە هەرچی لەو ئەبیست لای خۆی تۆماری ئەکرد. تا ئەوەندە لەو بابەتانەی لە لا کۆبووەوە کە لە دوارۆژدا کردی بەبنچینەیەک بۆ نووسراوە مێژووییەکەی خۆی لە بابەت (لویسی چواردەهەم)ەوە (مەرکیز) گەلێک جار ئامۆژگاری ڤۆڵتێری ئەکرد، کە ئەویش وەک خۆی بکات، تا بەچاوی خۆی ببینێ کە چۆن ڕێگای خۆی ئەکاتەوە بەناو کۆشکی شاهانەدا، کە هەموو ئاواتی زل زلیان هەیە و بەربەرەکانێش خەریکە جەرگیان بسووتێنێ. (مەرکیز) لە دڵی خۆیدا بڕیاری دابوو کە ڤۆڵتێر لە هەموو تەنگوچەڵەمەیەکی دەرەوە بپارێزێ. بەڵام هەرچەندێکی ئەکرد ئەوەی پێ نەئەکرا. هەروەها هیچ کەسێکیش ئەوەی پێ نەئەکرا کە لە شتێک بیپارێزێ... کە ئەویش زمانە تیژەکەی بوو!... لەو کاتەیشدا کە بەر ساڵی (١٧١٥) ئەکەوت، لویسی چواردەهەم مرد. لەدوای ئەو (فیلیپ) هاتە سەر تەخت، کە بەر توانج و پلاری ئەم و ئەو ئەکەوت کە لە سەردەمە دوورودرێژەکەی لویسی چواردەهەمدا پەنگیان خواردبووەوە لە دڵی ئەوانەدا. ڤۆڵتێریش ویستی لەگەڵ ئەو کەسانەدا مەلە بکات، چامەیەکی هەڵبەست، هورژمی تیا بردبووە سەر خونکاری نوێ. لە ئەنجامدا خۆی بەو سزایە گەیاند کە یانزە مانگ لەناو بەندیخانەی (باستیل)دا میوانداریان کرد!.

## نوخشەی بەرهەمەکانی لە بەندیخانەدا بوو

بەڵام بۆ ئەو بووە بەندیخانەیەکی وەها، کە هەموو کەس ئاواتی بۆ ئەخواست. چونکە بلیمەتی (ڤۆڵتێر) لەوێدا دەرکەوت بۆ یەکەمجار، پێنووسی گرت بەدەستەوە لەناو دیوارە ئەستوورەکانی ئەو بەندیخانەیەدا، دەستی کرد بەنووسین لەسەر بەرگی یەکەم بەرهەمی وێژەیی خۆی، ناوە خواستراوەکەی خۆی: (ڤۆڵتێر)ی دانا... نووسراوەکەی بریتی بوو لە کۆمەڵێک هۆنراوانی چیرۆکی، لە بابەت ژیانی (هەنری دی ناڤار)ی خونکارەوە!... وا دەرئەکەوێ کە (سزادانەکە) کارێکی هونەرمەندانەی کردبووە دەروونی (ڤۆڵتێر) چونکە هەر ئەوەندە لە بەندیخانە هاتە دەرەوە، لە شاری (پاریس) دووریان خستەوە... چونکە لەوێدا، کە ئاوارەکرا بوو لە شارە خۆشەویستەکەی خۆی، ئەمەندە بەئاواتییەوە بوو بیبینێتەوە، ناچار بۆ جارێکی تریش دەستی دایەوە پێنووسەکەی خۆی. پێنووسەکەی



خۆیشی بەرەڵڵا نەکرد تا چیرۆکی لاسایی (ئۆدیب)ی لێ بەرهەم هێنا!... جا هەر وەک (سزادانەکە) کارێکی هونەرمەندانەی کردبووە دەروونی ڤۆڵتێر، خۆیشی کاری کردە (سزادانەکە)!... چونکە زۆری پێ نەچوو (فیلیپ) ڤۆڵتێری بەخشی. بێجگە لەوە نیشانێکیشی دایە بەناوی ئەوەوە کە لە نووسراوەدانانی چیرۆکی لاساییدا هونەری نواندووە. (ڤۆڵتێر)یش سوپاسگوزاری خۆی بۆ نواند تکایشی لێ کرد کە ئیتر لەمە بەولاوە گوێ نەداتە کەینەوبەینەی خانووەکەی. چونکە وای لێهاتووە لەگەڵ ئەوەیشدا کە (سروتی تیا نابینێ)، لە (باستیل)ی پێ باشترە، لەگەڵ ئەو هەموو (سروت و میواندارییە باشەیشدا کە تیادیی!) لەپاش (ئۆدیب)یش چەند چیرۆکێکی مەرگەساتی سەرکەوتووی هێنایە بەرهەم، بەهۆی ئەوانەوە سامانێکی وای دەست کەوت، مەگەر هەر دزە شارەزا و خاوەن بەختەکان سامانی وایان دەست کەوتبێ. پاش ئەوە چیرۆکی لاساییکردنەوەی تریشی بەرهەم هێنا، تا ئەهات تیایاندا سەر ئەکەوت، سامانیشی پەرەی ئەسەند. بەڵام لە ناکاو خۆی لە بەندیخانەی (باستیل)دا چاوپێکەوتەوە!...

وا ڕێک کەوت ئێوارەیەکیان لە بەندیخانە (ساختمانی ئۆپێرا)دا بوو بەپیر چەند میوانێکی خۆیەوە ئەچوو، کەچی لەپڕ پیاوێکی بەدەسەڵاتی لووت بەرزی لێ پەیدا بوو دەستی کرد بەسووک کردنی، پێی گوت: (ئاروی تۆ... یاخود ڤۆڵتێر؟!... ناوی ڕاستەقینەی خۆتم پێ ناڵێیت؟!)... قسەکەرەکە (شیڤالییە دی روهان) بوو کە ناوێکی وای هەڵگرتبوو، لە ناوە هەرە نەژادەکانی ناو فەرەنسە بوو، کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا هیچ کردەوەیەکی وای نەنواند بوو کە هەڵبگرێ ئەو ناوە بەخۆیەوە بنووسێنێ... ڤۆڵتێریش تاوێک لێی مۆڕ بووەوە و ئنجا ڕووی لێ وەرگێڕا. پاشان دەستی کردەوە بەچاکی و چلۆنی لەگەڵ میوانەکانیا، بەڵام هیچ وەرامێکی کابرای نەدایەوە!...

بەڵام (روهان)یش لەو پیاوانە نەبوو، کە بەمجۆرە کەمتەرخەمی لەگەڵدا بنوێنرێ. لەبەرئەوە زۆری پێنەچوو تێی خوڕی پێی گوت: (گوێت لێ نەبوو چیم لێ پرسیت؟... من ئەمەوێ ناوی خۆتم پێ بڵێیت!...)... ئیتر ئەمجارە ڤۆڵتێر بەتوانجەوە وەرامی دایەوە، پێی گوت: (ناوەکەی من؟ ئەی پیاوی گەورە، لەو ناوانە نییە کە ناوبانگی دەرکرد بێ، بەڵام هەرچۆنێک بێ ئەوەندەم لە دەست هاتووە کە ناوەکەی خۆم بەرز بکەمەوە!...). قسەکانی ڤۆڵتێر ئەمەندە بەهێز بوون، لە شەپازللە هەرە توندەکان ئازاریان زۆرتر بوو. (شیڤالییە)یش هیچی بۆ نەمایەوە، ئەوە نەبێ کە تەریق بێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ جێی خۆی!...

## بەشکسپیری گوتووە پیاوێکی دڕندەیە!!

هەر ئەوەندە (ڤۆڵتێر) گەیشتە شەوی دوایی، تووشی هورووژمێک هات لە لایەن پیاوەکانی (روهان)ەوە کە ئەیانویست ئازاری بدەن. وەرامی (ڤۆڵتێر)یش ئەوە بوو کە (بێ باکانە) لە (شیڤالییە دی روهان)ی خواست کە بێتە کۆڕەوە و جەنگی لەگەڵدا بکات. بەڵام (شیڤالییە) ترسا لەوەی کە شیری نووسەرەکەیش وەک زمانەکەی تیژ بێ. لەبەرئەوە بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە باڵبازخانە لای کارگێڕەکەی، لێی خواست کە بیپارێزێ. ئەم کارگێڕەیش کوڕی ئاپۆی خۆی بوو... ئەمیش بێ ئەملا و ئەولاکردن، دەمودەست (ڤۆڵتێر)ی گرت و فڕێی دایەوە بەندیخانەی (باستیل)ەوە، بەو ناوەوە کە (توانج و پلاری گرتووتە روهان و یاسایشی شکاندەوە!!...).

(ڤۆڵتێر)یش وای بۆ هات، کە لە ساڵی (١٧٢٦)دا بەندیخانەکەی بەجێ بهێڵێ. بەڵام ئەو، ئەو ئازادبوونەی پێ خۆش نەبوو، کە لە سایەی یاسایەکی واوە دەستی بکەوێ کە ماوەی دا بەگرتنی و خستنە ناو زیندانەوەی، بێ ئەمەی تاوانێکی هەبووبێ، ئەوە نەبێ کە لەسەر سەربەرزی خۆی کردبووەوە!. چونکە ئەم بەسەرهاتە وای لێ کرد کە شاری (پاریس)یشی لە بەرچاو بکەوێ، بەهەموو ناوونیشان و بەبەخشینەکانی و گەلە کۆمەکی کردنەکانییەوە. تەنانەت وایشی لێ کرد کە قینی لە هەموو خاکی فەرەنسەیش هەڵبسێ. لەبەرئەوە دەمودەست ئەوێی بەجێهێشت و ملی پێوەنا بۆ ئینگلتەرە.

کە گەیشتە ئینگلتەرە چاوئەندازێکی سەیری تووش هات... وا ڕێک کەوت کە لە ڕۆژی جەژنی لە دایکبوونی خونکاردا گەیشتە ئەوێ... چاوی کەوت بەکەشتییەکان، لە شێوەیەکی زۆر دڵگیردا، بەناو ڕووباری (تایمز)دا گەشتیان ئەکرد... ڤۆڵتێر، ئەو دیمەنە کاری زۆر لێکرد... وای لێهات خۆی وا بێتە پێش چاو، کە کەوتۆتە ناو دوورگەیەکی سەر ئاو کەوتووەوە، بەسەر گەلە خاکێکی ژێر چنگ کەوتوودا!... بەهۆی ئەوەوە کە کەوتبووە ناو ناوچەیەکی تازەوە، لە خاکی ئینگلتەرەدا، مێشکی کەوتە سرەوتەوە.

زوو بەزوو، بەئاسانی فێری زمانی ئینگلیزی بوو، هەروەها لە هەموو وێژەکانی زمانی ئینگلیزیشدا قاڵ بوو، ئەمانەیشی هەموو لە ماوەی ساڵێکدا بۆ چووە سەر!... هەر تەنیا (شکسپیر) مایەوە، کە هیچی لێ دەستگیر نەبوو! ئەمەیش سەبارەت بەوەبوو کە ڕاستی پەرستە فەرەنسییەکان لە توانایاندا نەبوو، لە بیر و هۆشی ئینگلیزەکان تێبگەن، تەنانەت لە شێوەی هەرە چاکیشیا. کە ئەمەیش ئەوساکە لە نووسراوەکانی (شکسپیر)دا



دەرئەکەوت. هەروەها ڕاستی پەرستە ئینگلیزەکانیش لە توانایاندا نەبوو کە لە بیر و هۆشی فەرەنسییەکان تێبگەن تەنانەت لە شێوەی هەرە چاکیشیا. جا بەمەدا دەرئەکەوێ هەردوو لا وەک یەک لە یەکتری تێنەئەگەیشتن! جا هەر لەم ڕووەوە بوو کە (ڤۆڵتێر) بە(شکسپیر)ی ئەگوت: (پیاوێکی دڕندەیە!). جا ئەم قسە سووکە تا ماوەی سەد ساڵێکی تەواو، لە مێشکی ئینگلیزەکاندا مایەوە دەرنەچووە تا (کارلایل) پەیدا بوو. کە ئەمیش بەرپەرچی ئەو قسەیەی دایەوە: گوتی: (ڤۆڵتێر پیاوێکی شێت بووە!).

## ژیانی ئینگلتەرە و ڤۆڵتێر

(ڤۆڵتێر) هەرچەندە وێژەی (شکسپیر)ی بەدڵ نەبوو، بەڵام تا ئەهات ژیانی ناو ئینگلتەرەی بەدڵدا ئەچوو!. ئەو لەوەدا نەتەوەی ئینگلیزی بەدڵدا چوو بوو کە لە بیرکردنەوەدا سەربەست و ئازاد بوو، کە بێ باکانە بیروباوەڕی خۆیشی دەرئەبڕی!. کەچی ئەم دوو کردەوەیە لەبیر و هۆشی فەرەنسییەکانەوە یەجگار دوور بوون. هۆی ئەمەیش ئەوە بوو، کە نەتەوەی فەرەنسە زۆرداریی ڕیسوای کرد بوو، ترساند بووی، چاوی شکاند بوو! ڕۆژێکیان نامەیەکی نارد بۆ هاوڕێیەکی خۆی لە شاری (پاریس)دا ئەمەی تیا نووسی بوو: (لەم خاکی ئینگلیزەدا، پیاو ئەتوانێ بەسەربەستی بیر لە هەموو شتێک بکاتەوە، بێ ئەمەی بترسێ لەوەی کە ڕووشکێنەی بکەن و ڕیسوای بکەن. جا ئەگەر بۆم بلوایە کە دوای ئارەزووی خۆم بکەوم، لێرەدا ئەمامەوە بام مانەوەکەیشم هەر لەبەرئەوە بووایە کە فێری ئەوە ببم چۆن بیر بکەمەوە!.).

لە ڕاستیدا (ڤۆڵتێر) بیر و هۆشی ئینگلیزیی بەتەواوەتی کاری تێکرد بوو ئەویش دەستی کرد بوو بەبیرکردنەوە، لەسەر شێوەی ئەوان یاساکانی زانستە سروشتییەکانی خوێندبووەوە، بۆ ئەمەی بیانکات بەپاڵپشتێک بۆ لێ وردبوونەوەکانی ڕاستی پەرستی خۆی، جا پاش ئەمەی هۆشی گەشەی کرد و تەواو پێگەیشت دەستی کرد بەنووسین بەنیازی ئەمەی کە یاساکانی فەرەنسە تا ئەندازەیەکی چاک ڕاست بکاتەوە! کار تێکردنی گەشتەکەی ئینگلتەرەی لە کۆمەڵە نامەیەکیا دەرئەکەوێ کە لە بابەت ئینگلیزەکانەوە دوواوە. ڤۆڵتێر لەو نامانەدا خەریکی ئەوە بوو کە بەراوردێک بکات لە ناوەند سەربەستی ئینگلیزەکان و بەندەیی فەرەنسییەکاندا ئەوەندە هەبوو نیازی خۆی بەئاشکرا و ڕاست و ڕەوان دەرنەئەخست. ئەو هەر ئەوەندەی ئەکرد کە بیروباوەڕەکانی خۆی لە شێوەیەکی پێکەنین هێنەر و پڕ بەزمدا بڵاو ئەکردەوە بێ ئەمەی پەنجە بکێشێ بەئاشکرا بۆ ئەو

ناهەمواربیانەی کە لە یاسای فەرمانداریی فەرەنسەدا ئەیبینی، یاخود ئەو چاکییانەی کە لە یاسای فەرمانداری ئینگلیزدا ئەیبینین بەتایبەتی ئەوەی هاتبووە پێش چاو کە خونکار لە ئینگلتەرەدا سەربەستییەکی تەواوی هەبوو: چاکە بکات بەڵام دەستی بەسترابووەوە: هیچ خراپەیەکی دەربارەی نەتەوەکەی خۆی پێ نەئەکرا. یاسای باج کۆکردنەوەی ئینگلتەرەیشی زۆر بەدڵ چوو بوو، لەگەڵ ئەو دادپەروەرییەدا کە هەبوو لە بەرزبوونەوەی نرخەکانیاندا بەپێی بارستایی دەستکەوتی مرۆڤ کە بەهۆی ئەوەوە جووتیارێکی ئینگلیز ماوەی هەبوو ژینێکی خۆشتر و پڕ کامەرانی تر ڕاببوێرێ لە جووتیارە هەناسە ساردە فەرەنسەییەکەی هاوڕێی.

## لە ناوەند بەدڵاچوون و هەڵسەنگاندندا

ئەوەندە هەبوو، ڤۆڵتێر ئەمەندە بەپەرۆشەوە نەبوو کە هەر کۆمەڵایەتی ئینگلیزی[۱] بەدڵدا بچێ... تەنانەت لە کاتی هەڵسەنگاندنیشدا، چاوی لێ نەپۆشی... بەڵام لە هەڵسەنگاندنەکەیشیا وەک بەدڵداچوونەکەی، وەک پیاوێکی خاوەن دەروون و ڕۆشنبیر خۆی نوواند... ڤۆڵتێر مەبەسی لەوە هورووژم بردن نەبوو مەبەسی ئەوە بوو کە بەهۆی نرخ دانانەکەیەوە ڕێگایەک بکاتەوە بۆ لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوە.

ڤۆڵتێر کە گەیشتە ئینگلتەرە زۆر بەپەرۆشی ئەوەوە بوو کە یەکێک لەو تیرە ئاییننییە سەیرە بدۆزێتەوە و گفتوگۆی لەگەڵدا بکات، کە بیروباوەڕەکانیان بەهەموو خاکی ئینگلتەرەدا بڵاو بووبووەوە و تێپەڕیشی کرد بوو بۆ خاکەکانی تر. تەنانەت کە هێشتا لە فەرەنسەیشدا بوو ناوبانگی ئەو تیرەیەی گەیشتبووە بەرگوێ.

ئەو شتانەیش کە لە بابەت ئەو تیرەیەوە بۆیان گێڕا بووەوە ئەمەندە گومانیان خستبووە دڵییەوە، پڕ بەدڵ ئەیویست لێیان بکۆڵێتەوە تا لە ڕاستی نامەکەیان تێبگات. جا ئەمە چەند هەلێکی خۆش بوو بۆ ڤۆڵتێر کە خۆی لەناو خاکی ئینگلیزدا ئەبینی، کە بووبووە نیشتمانی ئەو تیرە سەرسوڕهێنەرە کە (کویکەرز)یان پێ ئەڵێن!....

جا ڤۆڵتێر لە بارەی ئەم تیرەیەوە نووسراوێکی یەجگار ناوازەی نووسی، لە شێوەیەکی شیرین و دەربڕینێکی ورد و، بیرکردنەوەیەکی قووڵ و پڕ تەوس و توانج و پلاردا، کە هەموو کەسێکی خوێندەوار بەخوێندنەوەی دڵشاد ئەبێ!... ڤۆڵتێر لە پێشەکی نووسراوەکەیدا ئەڵێ:

---

(۱) ئەمە دەبوو وا بێ: کۆمەڵیی ئینگلیزیی...



(من لە بیروباوەڕ و مێژووی ئەم تیرەیە کەوتبوومە گومان و سەرسوڕمانەوە، منیش ئەمەم بەهەل زانی، کە لە ئینگلتەرەدا بووم، خۆم بگەیێنمە یەکێک لە پیاوە هەرە بەناوبانگەکانیان... ئەمیش پیاوێک بوو بەبازرگانییەوە سی ساڵی خایاند بوو کەچی هێشتا هەر لەسەر ئەم باوەڕەی خۆی مابوو کە خۆی لە ژیان دوور خستبووەوە و لە شوێنێکی چۆڵوهۆڵ و پەنادا ئارامی بەخۆی دابوو.

منیش خۆم گەیاندە لای کە لە (بەندیخانەی خوێ)دا بوو. ئەمیش بریتی بوو لە خانوویەکی بچووک، کە ڕازاندنەوەکەی هەر بریتی بوو لەوەی کە پاک و خاوێنییەکی ئاشکرای پێوە دیاربوو... پیاوەکە سەر و شێوەیەکی نەژادانەی هەبوو - کراسێکی پانوپۆڕی لە بەردا بوو، کە هیچ دوگمەی پێوە نەبوو. کڵاوێکی خڕی فراوانیشی بەسەرەوە بوو کە ئەملا و ئەولاکانی بەسەر دەموچاویا شۆڕ بووبووەوە. پۆشەنییەکەی پۆشەنی باوی (کویکەرز)ەکان بوو. کابراکە بەپیرمەوە هات و چاکوچلۆنی لەگەڵدا کردم، کڵاوەکەی خۆی دانەکەند، خۆیشی بۆ نەنووشتاندمەوە واتا لە ڕوودا دانەما کە شتی نابەدڵم بۆ بکات. وەک ئێمە لە فەرەنسەدا ئەو ڕواڵەتییە ئەنوێنین!... ئیتر هەر ئەوەندە بەوەی زانی کە بۆ ناسینی باوەڕییەکەی ئەو هاتوومەتە لای، دەمودەست پێی گوتم:

(ئەو فەرەنسەییانەی کە وەک تۆن، ئەمەندە خۆشی و چلۆنی سەر لێ تێکدەر ئەنوێنن، کاروبار تێک ئەدەن... کەواتە واز لەم جۆرە بابەتی ڕواڵەتییانە بهێنە فەرموو نان بخۆ لەگەڵما تا پێکەوە گفتوگۆ بکەین!...).

بەڵام هەرچەندێکم کرد بۆم نەکرا لەودەمەدا کە پێکەوە بووین واز لە (چاکوچلۆنییە سەر لێ تێکدەرەکان)ی خۆم بهێنم!... کاتێ کە لە نانخواردن بووینەوە، ئەوەم لێ پرسی کە (کویکەرز)ەکان چۆن هەندێ کاروباری ئایینی خۆیان بەجێ ئەهێنن؟. ئەویش گوتی: (نەء. ئێمە ئەو جۆرە کار و فرمانە ئایینییانەمان نییە لە ڕاستیدا ئاشنایەتی خۆمان لەناو خۆماندا و، ئاشنایەتی ئێمەیش لەگەڵ خوادا، هەر لەسەر ئەو بنچینەیە دامەزراوە کە لە کانگای دڵماندا باوەڕمان هەیە و دڵسۆزین!).

پاشان کابرا دەستی کرد بەلێکدانەوەی ناوەڕۆکی باوەڕەکەی خۆی. گوتی: (ئێوە وا ئەزانن ئێمە بەچاوێکی سووکەوە سەیری کەسانی تر ئەکەین. بەڵام لە ڕاستیدا ئێمە بەلامانەوە هیچ کەسێک لەگەڵ کەسێکی تردا جیاوازی نییە... بۆ وێنە: ئێمە کە گفتوگۆ لەگەڵ یەکێکدا ئەکەین، گەورەی ناکەین، پێی بڵێین (ئێوە) پێی ئەڵێین: (تۆ) جا ئەو

کەسە هەرچەندێکیش گەورە بێ هەر بەوجۆرە گفتوگۆی لەگەڵدا ئەکەین... بێگومان خۆیشت ئەوە ئەزانیت کە (مەسیح)یش بەکەسی نەئەگوت (ئێوە). کەچی لەدوای ئەو، گاورەکان دەروونیان کز بوو، سەربەرزییان پێوە نەما، هەموو جۆرە ناوێکی سەیر سەیریان داهێنا. لەبەرئەوە کاتێکمان زانی ئەو ناوانە، ڕیزگرتن و دڵسۆزی قووڵیان لە دڵدا نەهێشت. هەموو کارێکیش وای لێهات، بوو بەوشەی فش و بۆش لە ڕووکەشدا ڕێزیان پێوە بوو، کەچی لە ژێرەوە پڕ بوون لە سووک کردن و ڕیسواکردن. جا بۆت دەرکەوت کە ئێمە نین بەچاوی سووک سەیری کەسانی تر بکەین؟... لە ڕاستیدا ئێوەن وا ئەکەن!... هەروەها ئێمە هەرگیز سوێندیش ناخۆین. چونکە ڕێز لە کردەوە چاکی (ڕاستی) ئەگرین. هەر ئەوەندەی بەسە کە یەکێکمان بڵێ: (ئا) یان (نا). ئیتر ئەوە لەجیاتی هەموو سوێندێکە. چونکە ئەگەر پیاو باوەڕی بەخۆی نەمێنێ، بەقسەی خۆی نەمێنێ، سوێند هەرچەندێک گەورە بێ، ئەو باوەڕپێکردنەی بۆ ناگێڕێتە دواوە. جا باوەڕی ئێمە ئەمەتا: ڕێزگرتنێکی دەروونی بەرامبەر بەخوا، بەرامبەر بەکەسانی تر، لەگەڵ خۆشەویستی و دڵسۆزییدا... جا هەر ئێمەین گاوری ڕاستەقینە نە بار ئەخەینە سەر کەس. نە زۆر لە کەس ئەکەین، نە زۆرداریمان تیایە، نە ڕیسواکردنی کەسانی تر... ئێمە هەر ئەوەندەمان ئەوێ برایەتییەکی جوان ڕابگرین و هیچی تر!).

(لە ڕۆژی یەکشەممەی دواییدا پیاوەکە بردمی لەگەڵ خۆیدا بۆ کڵێساکەیان، منیش لە هیچ سەرم سوڕ نەما و سەرسام نەبووم لەوە نەبێ کە نزیکەی چوار سەد ئافرەتم تیا دی... هەموویان بەبێ دەنگی و سەنگییەکی تەواوەوە دانیشتبوون. ئافرەتەکان دەموچاوی خۆیان داپۆشیبوو. پیاوەکانیش بەخۆیان و کڵاوە فراوانەکانیانەوە سەریان دانەواند بوو. تا چارەکە کاتێکیش هەر بەبێ دەنگی مانەوە پاش ئەوە یەکێکیان هەڵسایە سەر پێ و کڵاوەکەی خۆی لەسەری خۆی داگرت. کۆکی و خۆیشی کێشایەوە. ئنجا لە شێوەی خواناسییەکی دەستکرددا، دەستی کرد بەقسەکردن. نیوەی قسەکانی لە دەمییەوە، نیوەیشی لە لووتییەوە دەرئەهێنا... چەند ئامۆژگارییەکی لە دەم هاتە دەرەوە. وای ئەزانی، یاخود وا ئەهاتە پێش چاوی کە هی (ئینجیل) بوون. کەچی هیچ کامیان فڕیان بەسەر ئنجیلەوە نەبوو!!. جا هەر ئەوەندە ئەو (لاساییکەرەوە)یە، کە بزووتنەوەی ئەنواند و ئاوازی دەرئەپەڕاند، لە گفتوگۆکەی خۆی بووەوە، هەرچی لەوێدا بوو هەمیسان لە شێوەی خواناسییەکی ڕواڵەتدا هەڵسانە سەرپێ و گەڕانەوە بۆ ماڵی خۆیان. منیش لە هاوڕێکەی خۆم پرسی: (ئایا ئێوە کەشیشتان نییە؟).



گوتی: (نەء. چونکە کەشیشەکان فڕیان بەسەر ئایینەوە نییە، لە ڕاستیدا هەر کەسێ دڵسۆزی خوا بێ، لە توانایدا هەیە کە نیازی خوایی ڕاستە و ڕاست لە ئاسمانەوە وەربگرێ، بێ ئەمەی کە پێویستی بەکەسێک هەبێ، کە بکەوێتە ناوەند خوا و خۆیەوە!). پاش ئەوە لە پیاوەکە جیا بوومەوە. منیش لە ڕاستیدا سەرم سوڕما بۆ لەم تیرەیە کە بابەتانی ڕاستی و بابەتانی چەوتی تیا کۆبوونەتەوە و خۆیشی نازانی چۆن سەریان لێ دەربکات!. ئا بەم ڕەنگە بۆ ژیانی (ڤۆڵتێر) لە ئینگلتەرەدا. بەدرێژایی ئەودەمە کە لەوێدا مایەوە، هەر شتی هەڵئەسەنگاند، بەڵام قسەکانیشی ئەچوونە دڵەوە... لە ڕاستیدا (ڤۆڵتێر) هەرچییەکی ئەدی ڕاست و ڕەوان ئەیگێڕایەوە، هیچی لێ نەئەشاردەوە. کەچی جار بەجارێکیش تیرێکی ژەهراوی ئەگرتە دڵی ئەو کەسانەی کە هەڵی ئەسەنگاندن. هەڵسەنگاندنەکانی ئەویش بەرامبەر پیاوانی کڵێسا و پیاوانی زرنگکاریی ئەمەندە زۆرن لە ئەندازە نایەن!.

لە باڵباز دەرباز ئەبێ و خۆی ئەهاوێژێتە باوەشی خاتوونێکی دەسەڵاتدارەوە

ڤۆڵتێر هەرچەندە ژیانی ئینگلیزەکانی یەجگار پێ خۆش بوو بەڵام کە زانی بەرهەڵست نەماوە لە بەردەمیا کە بگەڕێتەوە بۆ نیشتمانەکەی خۆی، خۆی پێ نەگیرا لەوە زۆرتر بمێنێتەوە لەوێ، دەمودەست گەڕایەوە بۆ فەرەنسە. هەتا گەیشتە ئەوەی بڕواتەوە، چونکە سەرمای ئینگلتەرە ئێسکەکانی ڤۆڵتێری وشک هەڵهێنا بوو، یاخود نزیکی وشک هەڵهێنانی کرد بووەوە... کاتێکیش دەستی کرد بەگەڕانەوە لە کانگای دڵیەوە ئەیگوت: (من ئینگلتەرەم خۆش ئەوێ بەڵام کوژراوی ئەوەم کە لە پاریسدا بژیم!)...

بەڵام هەر ئەوەندە پێی نایە فەرەنسەوە کە سێساڵی خشت بوو لێی دوور کەوتبووە، خۆی لەناو گێژاوی سەرگەردانییەکی گەورەدا دی، چونکە یەکێک لە نووسراو لە چاپدەرەکان[١] هەر لە خۆیەوە دەستی کرد بوو بەبڵاوکردنەوەی ئەو نامانەی کە لە ئینگلتەرەوە ڤۆڵتێر ناردبوونی بۆ هاوڕێکانی خۆی. بەهیچ کلۆجیک ڤۆڵتێر ئاگای لەوە نەبوو بوو. جا ئەو نووسراوەی کە ئەم نامانەی تیا بوو، چارەنووسی وا بوو کە کەوتبووە بەردەستی خاوەن دەسەڵاتەکانی فەرەنسەوە. فەرمانڕەوایی فەرەنسەیش ئەو نامانەی وا هاتە پێش چاو کە کۆمەڵەیەکن لە بیروباوەڕە ئاگرینەکان، بەڵام لەژێر پەردەی قسەی نەستەق و گاڵتەوگەپدا خۆیان شاردۆتەوە... ئەمەیش لە وزەی ئەو فەرمانڕەواییەدا نەبوو کە خۆی لێ بێ دەنگ بکات. لەبەرئەوە بڕیاری دا کە ڤۆڵتێر بگیرێ... بەڵام ڤۆڵتێر نەیویست بگەڕێتەوە بۆ (باستیل). چونکە جارەکانی پێشووی ئەوێی لەبیر نەچوو بووەوە،

لەبەرئەوە خۆی لە دەست باڵبازەکان ڕزگار کرد و خۆی هاویشتە باوەشی (دی شاتیلیە) خاتوونەوە!!...

ئەم ئافرەتەیش کە پایەی (مارکیز)ی هەبوو، مێرددار بوو. لە مێردەکەیشی سێ منداڵی هەبوو، جا لەبەرئەوە هێشتا هەرزەکار بوو تا ماوەیەک خۆشی لە دایکێتی خۆی چێشتبوو. بەڵام زۆری پێنەچوو بوو کە لە ژیانی ژن و مێردیی تێری خوارد بوو. هەروەها لە ئارەزووی دایکێتیش تێری خوارد بوو، ئیتر بەدووی شتێکی تردا ئەگەڕا، لە مێرد بەولاوە، لە منداڵ بەولاوە... بۆ دڵدارێک ئەگەڕا کە تیماری دەردی دڵی بکات!... ئەوەندە هەبوو خاتوون بەهەموو پیاوێک شاد نەئەبوو کە بیکات بەدڵداری خۆی ئەو ئەوەی بەپێویست ئەزانی، کە یەکێک لەناو ئەوانەدا هەڵبژێرێ کە خاوەنی زانست و وێژە بن. چونکە خاتوون، خۆیشی لە خێزانی زانست و وێژە بوو. شەوگاری بەوە ڕۆژ ئەکردەوە، بەدووربین سەیری ئەستێرەکانی ئەکرد. کاتێکیش دەستی بپەرژایە، خەریکی نووسراوێکی زانستی ئەبوو بیگۆڕێتە سەر زمانی فەرەنسییەی یاخود خەریکی لێکۆڵینەوە و تێگەیشتنی کۆمەڵە هۆنراوەیەک ئەبوو. بێجگە لەوەیش ئافرەتێکی شۆخوشەنگ بوو، دڵی پیاوی کێش ئەکرد بۆ خۆی، تەنانەت لە زۆربەی ئافرەتەکانی سەردەمی خۆیشی بەجوانتر دائەنرا جا تێکەڵیی ئەو لەگەڵ ڤۆڵتێردا بەبابەتێکی بەر ئاوەژوو دائەنرا... چونکە چی لەوە پێچەوانەتر بوو کە جوانترین ئافرەت و ناشیرینترین پیاو دڵداریی بکەن؟! ئەوەندە هەبوو تێگەیشتوویی و پێگەیشتوویی هەردووکیان بەس بوو بۆ ئەوەی کە پێکیان بهێنێ!....

## خۆشەویستی و مەی بابەتی ناوازەیان ئەهێنایە مێشکیەوە

ڤۆڵتێریش ئەوەی بەهەل زانی کە مێردەکەی لێی دوور کەوتبووەوە. خۆی کرد بەگەورەی ئافرەتەکە و ماڵەکەیشی!... ئەو کۆشکەیش کە لە (میرای)دا بوو، تیا ئەژیان، بوو بووە بابەتی گفتوگۆی کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمە. چونکە ڕەوشت و خوویان لەناو ئەو کۆشکەدا یەجگار سەیر بوو!... خۆیان وا ڕاهێنا بوو کە هەردووکیان زوو لە خەو هەڵئەسان. هەر کەسەیان خەریکی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی خۆی ئەبوو، کە کاتیش خۆی ئەدا لە دە و نیو، ژەمێک نانیان ئەخوارد، دوای ئەوە ڤۆڵتێر هاوڕێکانی خۆی بانگ ئەکردە جێ نووسینەکەی خۆی. تا ماوەیەک گفتوگۆیان ئەکرد. لە پاشا ڤۆڵتێر ئەوانی بەجێ ئەهێشت. ئەوانیش خەریکی خۆش ڕابواردن و کات کوشتن ئەبوون هەتا ئەگەیشتنە

(١) لێرەدا مامۆستا مەبەستی لەمەیە: (احد الناشرین).



کاتی نۆهەمی ئێواریێ، ئەوەدەمە خوانی شێوان ئەڕازێنرایەوە. جا لەو کاتانەدا کە ڤۆڵتێر خەریکی خوێندنەوەی نووسراوەکانی و لێکۆڵینەوەکانی خۆی ئەبوو لە ژووری نووسینەکەیدا. کەس لەو میوانانە، ڕایەی نەئەکەوت سرەوتی لێ تێک بدات، یاخود تەنگەتاوی بکات. ئەگینا لە کۆشکەکە دەرئەکرا!... ئنجا ڤۆڵتێر و مارکیزی خاتوون لەگەڵ میوانەکاندا دائەنیشتنە سەر خوانەکە. دەستیان ئەکرد بەگفتوگۆکردن. تا پێیان ئەکرا مەییان ئەخواردەوە. کاتێ کە بڵاوەیشیان لێ ئەکرد، هیچ لە کەللەیاندا نەئەما، نووستن نەبێ!... جا لەناو ئەم ژیانە سەرسوڕهێنەرەدا، ڤۆڵتێر نووسراوە ناوازەکانی خۆی داناوە، وەک: (جیهان بەو چەشنەی ئەگەڕێ)، (ڕاستگۆ) (شاگردی سروشت) (کچە شای بابل)، (لویسی چواردەهەم) (وتارێک لە بابەت ڕەوشت و خووەوە).

## هیندییەک لە پاریسدا

ڕەنگە نووسراوی (شاگردی سروشت) لە هەموو نووسراوەکانی تری بیروباوەڕەکانی ڤۆڵتێری زۆرتر دەربڕی بێ. چونکە لەوێدا ڤۆڵتێر لاوێک لە هیندییە سوورەکان پێشان ئەدات کە لە ئەمەریکاوە کۆچی کردووە بۆ فەرەنسە. کاتێک ئەزانێ زۆرانبازییەکی توندوتیژ ڕوو ئەدات لە ناوەند خۆی و کردەوە و ڕەوشتەکانی کۆمەڵایەتی فەرەنسەدا لەگەڵ ئەو دووڕوویی و پشی پشی کردنانەدا کە لەناو ئەو کۆمەڵایەتییەدا پەرەیان ئەسەند چ لەناو پیاوانی جیهانی و چ لەناو پیاوانی ئایینیدا... جا چونکە هیندییەکە بیروباوەڕەکانی ئایین ڕاستەوخۆ لە ئینجیلەوە وەرئەگرێ، کاتێ ئەیەوێ خۆی بخاتە ئاوەوە، ئەچێتە ناو ڕووبارەکەوە، لەشی خۆی ئەخاتە ناو ئاوەکەوە تا ئەگاتە گەردنی. بەڵام پیاوە ئایینییە وشکەکان، وای تێ ئەگەیێن کە لەئاو بەخۆ داکردندا ئێستاکە ئەو شێوەیە بەکار ناهێنرێ!.

ئنجا هیندییەکە لە ڕووبارەکە دێتە دەرەوە. ڕوو ئەکاتە کلێسا، تا لەوێدا، دان بەگوناهەکانی خۆی دابنێ. پاش ئەمەی لەوە ئەبێتەوە، ناکاتە نامەردیی، کەشیشەکە لە جێگاکەی خۆی ئەهێنێتە دەرەوە، بۆ ئەمەی خۆی بچێتە جێگای ئەو. ئەویش لە کەشیشەکە ئەخوازێ، کە ڕاز و نهێنی خۆی بۆ بگێڕێتەوە و دان بەگوناهی خۆیشیا بنێ، لە بەردەمیا. پێی ئەڵێ لە ڕاستیدا ئینجیل ئەڵێ: (گوناه و ڕاز و نهێنی دڵی خۆتان بۆ یەکتر بگێڕنەوە و دانیان پیا بنێن). لاوە ساکارەکەیش، سەرسام ئەبێ. لەو شێوە هەڵەیەی کە شارستانییەکان باوەڕ و بیری ئایین و کردەوە و ڕەوشتی پاکی پێ تێ ئەگەن.

ئەنجامی ئەمیش هەر بەوە ئەگات، کە ڤۆڵتێر خۆی پێی گەیشتبوو. هیندییەکانی وا ئەهاتە پێش چاو، کە هەرچەندە بەدڕندە دائەنرێن، بەڵام لە فەرەنسییەکان هەر چاکترن. چونکە ئەوانە خوێڕین، فڕوفێڵبازن!. ڕەنگە هەر تەنیا هۆیەکیش هەبێ بۆ ئەوەی کە ڤۆڵتێر لەناو هەموو پیاوەکانی کلێسادا، هەر دڵی بە(پاپا ئەسکەندەری سێیەم)دا چوو بوو. ئیتر هەرچی سەر بەکلێسا بووایە لەو پیاوانە حەزی لە چارەی نەئەکرد. هۆیەکەیش ئەوەیە کە ئەم سەرەکە ئایینییە (وەک گەورە خاوەن کۆشکەکان نەبوو... ئەیویست بەندەکان ئازاد بکات، نەک ئازادەکان بکات بەبەندە!... ئەیشیگوت: دەنگی نەتەوەکان، دەنگی خوان!... هەر مرۆڤێکیش بیەوێ ژیانێکی پاک و پوختە ڕابوێرێ، تا سەر، پێویستە هۆشی خۆی بەکار بهێنێ. چونکە خوا بۆیەکا هۆشی بەخشیوە بەمرۆڤ، کە خۆی پێ بپارێزێ، وەک پەڕ کە داویەتی بەپەلەوەر و، خوریی کە داویەتی بەگیانلەبەر!...).

## ڤۆڵتێر لە ناوەند خوا و کلێسادا

جا هەر لێرەدایە کە ڤۆڵتێرمان وەک پیاوێکی خواناسی، خاوەن ئایین دێتە پێش چاو. ئەوەندە هەیە خواناسینەکەی ئەو لەو جۆرە خوا ناسینە بوو کە هەموو ڕۆشنبیرەکان هەیانە، لە هۆشەوە هەڵئەقوڵا و، ئەڕژایە ناو دڵەوە... جا لەبەر ئەمە بوو کە ڤۆڵتێر بەچاوێکی هۆشمەندانەوە سەیری ڕاستییەکانی ئایینی ئەکرد هەرچی لەگەڵ بیری دروستدا ڕێک بکەوتایە پەسندی ئەکرد هەرچییەکیش پێچەوانەی هۆش بووایە بەرپەرچی ئەدایەوە... گیروگرفتی گرنگ بۆ ڤۆڵتێر ئەمە بوو: (تۆ بڵێی خوا هەبێ؟) لە ڕاستیدا لای ڤۆڵتێر هیچ گومانێک نەما بووەوە کە چاودێری کردنێکی خوایی لە ئارادایە و ئامانجێکیشی هەیە بۆی تێ ئەکۆشێ. کە هەر ئەوە ئەم جیهانە ڕێکوپێک و پڕ وردەکارییەی دروست کردووە. بەڵگەیشی ئەوە بوو (کە ئەو ئەستێرانە هەریەکەیان لە شێوەیەکی ڕێکوپێکدا بەڕێگای خۆیدا ئەسووڕێتەوە. هەموویشیان چەند یاسایەکی ڕێکوپێک ئەیانبات بەڕێوە)... جا هەروەک (کاتژمێر) بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە (دروستکاری کاتژمێر) هەیە. هەروەها جیهانەکەی ئێمەیش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە دروستکارێکی هەیە... بەم جۆرەیش ڤۆڵتێر وەرامی ئەوانەی ئەدایەوە کە ئەیانگوت جیهان بەڕێکەوت پەیدا بووە، ئەیگوت: (ئەم بیرە تەواو بێ هێزە. چونکە بوونی هۆش، بەتەنیا، بەسە بۆ ئەوەی کە بیچەسپێنێتە دڵەوە، کە هۆیەکی تر هەیە بۆ بوونی جیهان، نەک ڕێکەوتی ڕووت.

چونکە لە توانای ڕێکەوتی تەواودا نییە کە هۆشی خاوەن بیر دروست بکات. ئەمەیش



هەر لەوە ئەگات کە ئەو خەڕەکەی ئەگەڕێ لە توانایدا نییە ئەو کرێکارە دروست بکات، کە ئەیخاتە گەڕ. جیهانیش بریتییە لە خەڕەکێکی گەورە. بوونی خەڕەکیش بەتەنیا بوونی کرێکارێکی پێ ئەوێ کە بیخاتە گەڕ لێرەیشدا کرێکار بریتییە لەو مرۆڤەی کە بوونی پێویستە، بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری جیهان!)... ئەمەیش گوترا: کە ئەو جیهانەی بەلای ڤۆڵتێرەوە وایە کە جیهانێکی ڕێکوپێکی پڕ وردەکارییە و لە هۆیەکی خاوەن ئامانجەوە پەیدا بووە، تەنیا بریتییە لە جێگایەکی پڕ کەموکوڕیی و ئاژاوە و تێکچوون... چونکە بڵاوبوونەوەی کەموکوڕیی و بەدخویی لە جیهاندا، بەڵگەیە بۆ ئەمەی هەرچی ڤۆڵتێر گوتوویەتی پێچەوانەی ڕاستییە. ئەوەتا مرۆڤی هەژار تووشی گەلێک سەرگەردانی دێ بەهۆی نەخۆشییە گران و کاریگەرەکانەوە کە تووشی دێن... هەروەها تووشی بوومەلەرزە دێ، وەک (بوومەلەرزەی لیشبۆنە) کە هەزارانی کوشت، بێجگە لەوانە تووشی دەرد و شەڕوشۆڕ و تاوانیش دێ. ئەی ئەمانە هەموویان بەڵگەنین بۆ ئەوەی کە جیهان کەس دروستی نەکردووە؟!. بۆچ ئەمە ئەچێتە مێشکەوە کە دروستکارێکی ژیر و باوکێکی دڵسۆز، جیهانێکی وا دروست بکات کە ئەمەندە پڕ بێ لەم هەموو دەردیسەری و ناخۆشی و کەموکوڕییانە؟!. بەڵام ڤۆڵتێر بەرپەرچی ئەم قسەیەیش وا ئەداتەوە، کە ئەڵێ: (نەء وا نییە. چونکە خوا یاسایانی وا دروست ئەکات کە هەموو یەک بگرنەوە، تا هەموو جیهان بەپێی ئەو یاسایانە بڕوات بەڕێوە. ئەو لەمەدا تەماشای کەرت و پارچەکان ناکات، گوێ ناداتە بابەتی وردە.

بۆ وێنە: ئەم پیاوە ئەمرێ، بۆ ئەمەی یەکێکی تر لە دایک ببێ. جا لەمەوەیە کە جیهان بەجۆرێکی وا ئەڕوات بەڕێوە، کە هەمووددەم تازە و جوان و بەهێز بنوێنێ. هەرچەندە ئەو تازەبوونەوەیە بەکەڵکی (گشت) جیهان دێ، بەڵام دڵی هەندێ کەسیش بریندار ئەکات... ئەوەندە هەیە، باوەڕییەکی وایش لە ئارادایە، کە باری ئەم ناخۆشی و سەرگەردانییە تاکوتەراییانە سووک ئەکات. چونکە خوای ژیر و تێگەیشتوو زۆری پێناچێ پاداشی مرۆڤە چاکەکان ئەداتەوە. تۆڵەیش بۆ زیان لێکەوتووەکانی جیهان ئەکاتەوە. بەم ڕەنگە یاسا فەرمانداری خۆی ئەکات و دادپەروەرییش جێی خۆی ئەگرێت. لە جیهانیشدا هیچ شتێک نییە ئەوەندەی بەند و باوی خوانەناسین زیانبەخش بێ. چونکە مرۆڤی خوانەناس بەئەندازەیەکی وا بەدخوو ئەبێ، ئەگەر دەستی هاوڕێکەی خۆی بگوشێ یاخود خەنجەر بدات لە دڵی، بەلای ئەوەوە هیچ جیاوازییەکی نییە... ئەو هەر ئەوەندە لەوە دڵنیا بێ کە کەس چاوی لێی نییە هەرچی کەتنێک ئارەزوو بکات ئەیکات. ئەمەیش دیارە کە وای لێ

دێ. چونکە ئەو باوەڕی نییە بەوەی کە خوا چاوی لە کردەوەیەتی یان خوا سزای ئەدات، یان پاداشی ئەداتەوە. جا ئەگەر (خوانەناسین) بەمجۆرە نەنگ و ناپەسەند بێ، (وشکیش لە خواناسیندا) لەمەندە زۆرتر نەنگ و ناپەسندە. جا لەبەر ئەوە ڕێگای هەرە باش ئەوەیە کە کەوتبێتە ناوەند خوانەناسین و خواناسینی بێ هۆشانە و وشکەوە!...) بەم ڕەنگە ڤۆڵتێرمان لە هەموودەمدا وا چاو پێ ئەکەوێ: بەرپەچی خوانەناسین ئەداتەوە و، باوەڕ بەخوا ئەهێنێ بەڵام نە باوەڕ بەکڵێسا ئەکات نە بەپیاوانی ئایین. کە گفتوگۆیش ئەکات، هەرگیز لەوە واز ناهێنیت کە جار لەسەر جار توانج و پلاریان تێبگرێ... ئەوانە بەلای ڤۆڵتێرەوە، ئەو خواناسە مێشک وشکانەن، کە خۆیان ئەکەن بەرابەر لە ناوەند خوا و مرۆڤدا. بۆچ خوا پێویستی بەکەس هەیە لێی بپارێتەوە، تا بەخشندەیی و میهرەبانی خۆی لەگەڵ دەستکردەکانی خۆیدا بنوێنێ؟!...

## خەفەت هێرش بۆ دڵی ڕاستی پەرست ئەهێنێ

لەگەڵ ئەمانەیشدا، هەمووی (ڤۆڵتێر) چ لە تەماشاکردنی ژیاندا، چ لە ڕەوشت و کردەوەکانیدا لە ژیاندا هەروەک منالێک مایەوە... چونکە هێشتا تووشی خەموخەفەت نەهاتبوو. هیچ ڕاستی پەرستێکیش ناتوانێ کەینەوبەینە و گیروگرفتەکان بەدڵسۆزیی و وردبینییەکەوە چارە بکات، هەتا لەپێشدا هۆشی لەناو بۆتەی خەموخەفەتدا نەتوابێتەوە. چونکە هەر بەهۆی خەموخەفەتەوە پێ ئەگات و لەنگەری خۆی ڕائەگرێت!.

ڤۆڵتێر وەک منالێک مایەوە لە بیرکردنەوەی ئەوروپاییدا، کە بەنازداریی ژیا بێ، تا دڵدارەکەی و چاودێریکەرەکەی، (دێ شاتیلییە) خاتوون مرد و چووە ناو خاکەوە. ئەوکاتە ساڵی ١٧٤٩ بوو. ئەمە یەکەم سەرگەردانی ژیانی بوو، کە بەسەریا هاتبێ... ڤۆڵتێر لە ناکاو لە خەوی کامەرانی ڕاپەڕی، کە تەماشای کرد: ئەوا ژانێک بەدڵی گەیشتووە؛ کە هەرگیز لەوە پێش نەیدیوە بەخۆیەوە. خەموخەفەت دڵی داگیر کرد و گوشی. بەڵام وریایشی کردەوە!... دوایی، فێری ئەوەیشی کرد کە ژیان هەر بریتی نییە لە بەزم و پێکەنین و گاڵتەکردن بەم و بەو. لە ڕاستیدا گەلێک بابەتی تریشی تیایە؟. بابەتی وایشی تیایە، کە زۆر پێویستی بەچارەکردن هەیە، چونکە ئازارەکانی مرۆڤایەتی لەوانە نین کە بخرێنە پشتگوێ. هەروەها لەوانەیش نین کە بەئاسانی چارە بکرێن. ئەوانە، لە ڕاستیدا پێویستییان بەدەستی پیاوچاکان هەیە کە دایانبمرکێنێتەوە!.

جا لەو کاتەدا کە ئەو کەوتبووە ناو گێژاوی ئەم سەرگەردانییە تازەیەوە و، ئەم



تاقیکردنەوە تازەیەوە، لەپڕ لە فەرەنسە دووریان خستەوە. ئەمەیش کارێکی شارەزایانەی چارەنووس بوو، کە ئەیویست ئەم هۆشە خاوەن تیژکردنە، بەجارێک لە هەموو خۆشەویستێکی دڵی خۆی بێ بەش بهێڵێتەوە جا لەپاش ئەمەی ڤۆڵتێر تووشی ئەو هەموو دەرد و ئازارە دەروونیانە هات و خەفەت و سزای بێ ئەندازەی چێشت، فێری ئەوە بوو و توانی لە دەرد و ئازاری کەسانی تریش تێبگات. لەبەرئەوە کە کارەساتی بوومەلەرزەکەی (لیشبونە)ی بەرگوێ کەوت، لە ساڵی ١٧٥٥دا، کە بەهۆی ئەوەوە سێ هەزار کەس لەناوچوو بوو، (ڤۆڵتێر) دەستی کرد بەبیرکردنەوە لەوە: کە ئەبێ چەند دڵدار مردبن؟، چەند خۆشەویست بەهۆی لەناوچوونی خۆشەویستەکەیەوە سەرگەردان بوو بێ؟ چەند دایک بێ مناڵ مابێتەوە؟، چەند باوک خێزانی لەناوچوو بێ؟ چەند منالێش بێ باوک و دایک مابێتەوە؟. ڤۆڵتێر کە بیری لەمانە ئەکردەوە، بەجارێک هەناوی ئەکەوتە خوارەوە!. ڤۆڵتێر کە لەوەپێش هەر بریتی بوو لە نووسەرێکی پێکەنین هێنەر، بەهۆی ئەم کارەساتانەوە کە ڕوویان ئەدا لە خۆی و لە کەسانی تر بووە ڕاستیپەرست. لەبەرئەوە هەرچی قینێکی لە دڵا هەبوو بەکڵێسای ڕشت... نەء. بەکڵێسای نەڕشت، بەکاربەدەستانی کڵێسای ڕشت، ئەوانەی کە باش لە گیانی چاوپۆشانەی[1] ئایینی تێنەئەگەیشتن، دەسەڵاتە گیانییەکەی خۆیشیان هەر بۆ کەڵکی خۆیان بەکار ئەهێنا، لەبەرئەوە دەستیان دابووە سەرکێشی لە ئایین و لە خوا و وشکی لە ئاییندا. ڤۆڵتێر ئەیگوت: (بام ئەو کەسانەی، کە بەدیی ئەکەن[2] لەگەڵ ئاییندا، لەناو ببەین، بام لەو کەسانە ڕێز بگرین کە بەگژ ئەو مرۆڤە خراپانەدا ئەچن!.).

ڤۆڵتێریش هیچ ڕۆژێک لە ڕۆژان نەیگووتوە خوا نییە بەپێچەوانەی ئەوە باوەڕێکی تەواوی بەخوا هەبوو... هەموو جارێک ئەیگوت: (تەنانەت ئەگەر خوایش لە ئارادا نەبێ، پێویستە بۆ ئەو (بوون)ێک (دابهێنین)!...)...) ئەوەندە هەبوو، ئەو خوایەی کە (ڤۆڵتێر) باوەڕی پێ هێنا بوو، ئەو خوایە بەچنگە بەزەبروزەنگە نەبوو، کە ئەمەندە دڵی ڕەق بێ، پیاو زەندەقی لێی بچێ وەک پیاوانی ئایین پیشانی مرۆڤیان ئەدا... لە ڕاستیدا خوایەکەی ڤۆڵتێر، بریتی بوو لە (بیرکردنەوەی هەرە بڵندی جیهانی). باوکێکی دادپەروەر بوو. نە نەتەوەیەکی پێش نەتەوەیەکی تر ئەخست، نە نیشتمانێکیشی پێش نیشتمانێکی تر

(١) گیانی چاوپۆشانە: روح التسامح.

(٢) یان: کە بەدکاری دەکەن.

ئەخست، نە پەرستگاهێکیشی ئەخستە سەرووی پەرستگاهەکانی ترەوە!...

بەم ڕەنگە (ڤۆڵتێر) ڕەنجێکی زۆری ئەدا لەپێناو ئەوەدا کە چاوپۆشینی ئایینی لەناو جیهاندا بڵاو بکاتەوە. ڤۆڵتێر کە دوروشمەکەی لەوەپێشی ئەمە بوو: (پێبکەنە و کەسانی تریش بهێنەرە پێکەنین)، وای لێهات کە دوروشمەکەی بەم ڕەنگەی لێ بێ: (بیر بکەرەوە و، کەسانی تریش بخەرە سەر بیرکردنەوە!...). ئا بەم ڕەنگە (ڤۆڵتێر) بووە ڕاستیپەرستێکی ڕاستەقینە!....

## نەیویست بەپرتەقاڵێک دابنرێ

جا (ڤۆڵتێر) کە کەوتبووە ناو ئەم شۆڕشی هۆشەوە، لەناو خانوویەکدا دائەنیشت کە لە شاری (ڤیرینی)دا بوو، لەناو خاکی (سویسرە)دا، لە نزیک سنووری فەرەنسەوە. بەڵام (فریدریکی هەرە گەورە) کە ئەودەمە خونکاری (پروسیا) بوو، بانگی کردە لای خۆی، کە لەگەڵ خۆیدا بمێنێتەوە، تا وەک ڕاوێژکارێکی خوێندەوارییی کەڵکی لێوەربگرێ. (ڤۆڵتێر)یش گوێزایەوە بۆ لای (فریدریک)، ماوەیەک لە سایە و، پەنای ئەودا حەسایەوە. لەودەمەدا زیرەکییە تیژەکەی (فریدریک)ی بەدڵدا چوو بوو. تا لەپڕ لە ناکاو یەکێک لە پیاوەکانی (فریدریک) هاتە لای و پێی گوت خونکار، لە ساڵێک زۆرتر چاوەڕوان نابێ کە ئەو لەناو ئەو کۆشکەدا بمێنێتەوە... خونکار بەلایەوە وا بوو، کە ئەو ماوەیەی بەسە بۆ ئەمەی هەرچی زانیارییەکی بوێ لە (ڤۆڵتێر)ەوە فێری ببێ... چونکە ئەوە بەمێشکدا ناچێ کە (پیاو ئاوی پرتەقاڵێکی مژی، توێکڵەکەی بەدەستی خۆیەوە بهێڵێتەوە...). (ڤۆڵتێر)یش ویستی ئەو ئارەزووە لە خونکار بشێوێنێ، لەبەرئەوە گورجوگۆڵانە لێی جوێ بووەوە... (پێش ئەمەی پرتەقاڵەکە بمژیت، ویستم خۆم لە دەستت ڕزگار بکەم!). ئیتر (ڤۆڵتێر) گەڕایەوە سەر ڕاستیپەرستییەکەی خۆی، خۆی هاویشتە ناو کەمەرەی (دیدیرو)[1] و (دالامبیر)[2]و (کوندرسیە)وە هەر چواریشیان دەستیان کرد

(١) دیدرۆ Diderot: ١٧١٣–١٧٨٤ فەیلەسوفێکی فەرەنسی بوو، سەرەتاکانی بێ باوەڕی و فەلسەفەی عەقڵانی لە چەرخی هەژدەدا بڵاو کردەوە. ئەنسکلۆپیدیای دامەزراند و سەرپەرشتی دەرچوونیشی کرد.

(٢) دالامبیر D'Alembert: ١٧١٧–١٧٨٣ نووسەر و فەیلەسوف و حیسابگرێکی فەرەنسی بوو، لە دانەرانی (دائرە المعارف)ی فەرەنسی و ئەنسکلۆپیدیایە، لەوانە بوو کە بەگومان بوون لە ئایین و فەلسەفە.



بەبڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانی خۆیان بۆ ئەمەی ڕێگایەک بکەنەوە بۆ شۆڕشی گەورەی فەرەنسە هەروەها بوونە هاوکاری یەکتر لە دامەزراندنی نووسراوی (کۆمەڵە زانیاری بیری سەربەست)دا... جا هەرچی خاوەنەکانی نووسراوی (کۆمەڵە زانیاری)یەکە بوون، ڤۆڵتێریان بەمەسیحێتییەوە (بەدناو) ئەکرد. کەچی مەسیحییەکانیش ئەویان بەخوانەناسییەوە بەدناو ئەکرد!.

## کڵێسایەک بۆ خوا و کارخانەیەکیش بۆ کۆمەڵایەتی!

لە شێوەیەکی فراوانتردا گەڕایەوە سەر ژیانی بیروباوەڕەکانی پێشووی خۆی. دەستی کرد بەدانانی چیرۆک و چیرۆکی لاسایی مەرگەسات و نووسراوانی مێژوو... بێجگە لەوە خۆیشی خەریک کردبوو بەئامادەکردنی فەرهەنگێکی ڕاستی پەرستییەوە جا لەگەڵ ئەمەیشدا کە ئەم ئەرکە گەورەیەی بەسەرشانەوە بوو، دەستبەرداری ئەوەیش نەبوو کە هەمووەدەم بچێ بەگژ زۆرداریی و سەرکێشیدا، لە هەموو شێوەیەکیاندا... بەڵام ئەو لە سنووری ئەوەیش چووە دەرەوە، کە هەر بەقسە لەسەر زۆرلێکراوان بکاتەوە، دەستی کرد بەیارمەتیدانێکی ڕاستەقینەیش... هێنای کارخانەیەکی کردەوە بۆ کاتژمێر دروستکردن. هەر بەو مەبەسەی کە بێ کار و فرمانەکانی شاری (ڤیرینی)ی پێ بخاتە کار. تا ئەهات لە یارمەتیدانیاندا چستوچالاکی ئەنواند، تەنانەت وای لێهات خۆیشی لە فرۆشتنی بەرهەمەکانی ئەم کارخانەیەدا کاری ئەکرد، هەرچییەکیشی لێ دەست بکەوتایە، لەپاش گێڕانەوەی دەست مایەکەی، هەمووی دابەش ئەکرد بەسەر ئەو کەسانەدا کە لەو کارخانەیەدا کاریان ئەکرد! جا لەبەر ئەوەی (ڤۆڵتێر) باوەڕی بەوە هەبوو کە ئەبێ هەموو کەس لە پەرستندا سەربەست بێ، کڵێسایەکی دروست کرد پێشکەشی بەخوای کرد، بۆ ئەمەی ڕێ بدات بەهەموو کەس کە خۆشی لەم سەربەستییە ببینێ، لە تۆڵەی ئەوەدا کە ئەو کەسانەیش لە لایەن خۆیانەوە ڕێی ئەو سەربەستییەی بدەنێ کە کەس نەپەرستێ!...

بەکورتی، (ڤۆڵتێر)؛ پێغەمبەرێک بوو بۆ وریاکردنەوەی نەتەوەکەی خۆی، تەنانەت (سانت بوف)[1] بەمجۆرە ڤۆڵتێری پیشانداوە، گوتوویەتی: (لە هەموو لایەکەوە مرۆڤ ئەهاتنە لای ڕاوێژیان پێ ئەکرد بۆ چارەکردنی گیروگرفتەکانی خۆیان یارمەتییان لێ

(١) سانت بوف Sainte - Beuv: ١٨٠٤–١٨٦٩ نووسەر و ڕەخنەگرێکی فەرەنسی، برادەری ڤیکتۆر هۆگۆ و ئەلفرید دی ڤینی بوو، لە بەرهەمەکانی: وێنەی ئافرەتان، ڕازەکانی دووشەممە و بۆر ڕۆیاڵ.

ئەخواست)... هیچ ڕۆژێکیش ئەوە ڕووی نەداوە کە (ڤۆڵتێر) دەستی نابێ بەڕووی کەسێکەوە و ڕێگای پێشان نەدا بێ، یاخود یارمەتی نەدا بێ... کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا تیرەیەک هەبوون لەناو مرۆڤایەتیدا، ڤۆڵتێر بەزەیی پیایاندا نەئەهاتەوە... هەرگیز ڕێی بەکەسیشیان نەئەدا ببێتە لای بۆ چاو پێکەوتن... ئەو تیرەیەیش ڕاوکەرەکان بوون!.

وا ڕێککەوت، جارێک یەکێک لەو ڕاوکەرانە هاتە ماڵەوە بۆ لای. تکایەکی زۆری کرد کە چاوی پێی بکەوێ. (ڤۆڵتێر)یش بەبەردەستەکەی خۆی گوت: (پێی بڵێ نەخۆشم، نزیک بوومەتەوە لە مردن). بەڵام ڕاوکەرەکە نووچی گرت لەسەر چاوپێکەوتنی. ئەمجارەیش ڤۆڵتێر بەبەردەستەکەی خۆی گوتەوە (کەواتە پێی بڵێ مردووم) بەڵام بەردەستەکە هاتەوە لای ڤۆڵتێر، تکای نێچیرەوانەکەی بۆ گێڕایەوە کە ئەیەوێ هەر لاشەکەی ببینێ، تا ڕێزگرتنی خۆی پێشکەش بکات. ڤۆڵتێریش هیچی بۆ نەمایەوە پێی بڵێ ئەوە نەبێ کە بەبەردەستەکەی خۆی گوت: پێی بڵێ تازە ئێمە ناشتومانە و بڕاوەتەوە، داومانەتە دەست دێو، جا ئەگەر هەر ویستی بمبینێ، ئەوا پێی بڵێ بام بچێ بۆ دۆزەخ!.).

## خوا و سەربەستی و دڵێکیش لە زێڕ

کە تەمەنی (ڤۆڵتێر) گەیشتە هەشتا و سێ ساڵی، خەموخەفەت و دڵتەنگی گەیشتە ئەوپەڕی!. ئنجا کە هەستی بەوە کرد خەریکە لەش بنێتە گڵەوە، سەرێکی لە شاری (پاریس) دا بۆ ماڵئاوایی کردن. ئەو خۆشی و چلۆنییەش کە لەوێدا لەگەڵیا کرا ئەوە بوو کە لاساییکردنەوەی یەکێک لە چیرۆکەکانی خۆی بەدیی کرد... بەڵام ئەوەندە دەروونی پێی ورووژا برستی بڕا، پێی نەکرا بەرگە بگرێ. ئیتر ئەوە دوا جاری بوو کە بتوانێ لەناو کۆبوونەوەیەکی گشتیدا خۆی دەربخات. (ڤۆڵتێر) لەناو جێگاکەیدا کەوت. کز و لاواز بوو، نەخۆش کەوتبوو. لەپێش مردنیا بەماوەیەک (بنیامین فرانکلین)ی[1] ڕاستی پەرستی بەناوبانگی ئەمەریکا، کە لەو دەمەدا بوو بووە ڕاسپێرراوی خاکەکەی خۆی لە فەرەنسەدا، ڕۆژێکیان هاتە لای بیبینێ... (ڤۆڵتێر) لەو کاتەدا لە جێگاکەیدا کەوتبوو... سکاڵای دڵی خۆی بۆ کرد، گوتی: (من هەروا هەست ئەکەم بەخۆم کە پەیکەرێکم و دوو پێم بۆ کراوە لە قوڕی تازەدا!) (بنیامین)یش وەرامی دایەوە گوتی: (بەڵێ وایە. بەڵام

(١) بنیامین فرەنکلین Franklin: ١٧٠٦-١٧٩٠ زانا و سیاسەتمەداری ئەمریکایی، لە دامەزرێنەرانی سەربەخۆیی وڵاتەکەی، شیشی هەورە بروسکەی داهێنا.



دڵی لە زێڕ دروستکراوە!)... (بنیامین)یش زۆری لە (ڤۆڵتێر) کرد کە پیرۆزبایی لە کوڕەکەی بکات. کە لەگەڵ خۆیدا هێنابوویە لای بۆ چاوپێکەوتنی. (ڤۆڵتێر)یش دەستێکی هێنا بەسەری منداڵەکەدا و گوتی: (خوا و سەربەستی)!... ئەم دوو وشەیەیش، هەر ئەوانە بوون، کە بەدرێژایی تەمەنی خۆی، کردبوونیە ناوەڕۆکی ڕاستی پەرستییەکەی خۆی!....

تەواو بوو

# زانستی خۆناسین

# هونەری سرەوت بەخۆدان

ئەگەر حەزدەکەیت زۆرتر ئازا و بێ باک بیت، مەند و زرنگ بیت، خۆت ڕابگری، پشت بەخۆت ببەستیی، بەهێز و تواناییت لە فەرمان و یاریکردندا، زۆرتر بەهیوا و دەم بەپێکەنین بێت... ئەوا ئەم نووسراوە، بخوێنەرەوە، ڕاستەوڕاست دەتگەیێنێ بەو ئامانجانە...

نووسەری: دیلفرید نۆرثفیلد

## پێشەکی

پەیتا پەیتا، هەر شتێ دووبارە کرایەوە، ئەنجامی سەیر سەیری لێ پەیدا دەبێ.

ئەوەم لەو کاتەدا بۆ دەرکەوت کە خەریکی تەندروستیی خۆم بووم. خەریکی کارێک بووم ڕۆژانی بەسەردا تێپەڕی، هیچ گۆڕانێکم لە خۆمدا نەدی. بەڵام ئەمە ورەی بەرنەدام. هەر لەسەر ئەو ڕێگەیە ڕۆیشتم کە گرتبووم. پاش ماوەیەک، کوتوپڕ، هەستم کرد بەپێشکەوتنێکی کەم لە تەندروستیمدا. ئەم پێشکەوتنە کەمە بۆی دەرخستم کە ئەو ڕێگایەی گرتبووم ڕاستەوڕاست دەمبا بۆ سەرکەوتن.

کەواتە دەبێ ئەو ئامۆژگارییانەی لەم نووسراوەدان، سەرتاپا، بەجێیان بهێنی. بۆی هەیە، جاری وا ڕوویدات، تا ماوەیەکی دوور لە تاریکیدا فەرمان بکەیت.

بەڵام مەوەستە. لەسەری برۆ! هەر ئەوەندەی تۆزێک هەست بەپێشکەوتن بکەی هەست بەکامەرانی دەکەیت. کە هەستت بەکامەرانی کرد، ئیتر خۆت لەخۆتەوە، هەوڵ و تەقەللات تازە دەکەیتەوە تا دەگەیت بەئامانجی خۆت. سەیر دەکەیت پێشکەوتنەکەت خێراتری لێ هاتووە. ڕەنگە ئەوەیش زۆری لەسەر ئەوەبێ کە هیوا و، خۆشبینی لە دڵتدا پەیدابوون؛ لە خۆمدا تاقیم کردۆتەوە: کۆمەڵە دەمارەمێشکییەکان کە لە ئارامدابن، تا ئەندازەیەکی گەورە خۆشی لە ژیان دەبینرێ.

بەچاوی خۆم گەلێک کەسم دیوە، لە ئەنجامی پەیڕەوی کردنی ئامۆژگارییەکانی ناو ئەم نووسراوەوە، لە ژیانێکی پڕکوێرەوەری و شپرزەییەوە، دەربازبوون بۆ ژیانێکی پڕ ئارام و کامەرانی. لە کۆڕی پزیشکایەتیدا هەموو دەم بڕوام بەوتەی (ئیپۆکرات) بووە کە



گوتوویەتی: «سروشت خۆی نەخۆشی چاک دەکاتەوە ئێمەیش هەرچییەکمان لە دەست بێت، بیکەین بۆ ڕزگاربوون لەدەست نەخۆشی ئەگەر سروشت خۆی نەخۆشییەکە چاک نەکاتەوە، چارەی نەخۆشییەکە بەئێمە ناکرێ. تا چارەکردنەکەی ئێمە بۆ نەخۆشییەکە. سروشتی تر بێت. سروشت پتر یارمەتیمان دەدات لە چاککردنەوەی نەخۆشییەکەدا. لەش خۆی ڕووەو دروستیی و چاکی دەجووڵێتەوە. هەر ئەوەندە، ناسازییەک لە لەشدا ڕوویدا، لەش خۆی دەست دەکاتەوە. بەچاککردنەوەی خۆی کۆمەڵە دەمارە مێشکییەکانیش هەر بەم جۆرە ڕەفتار دەکەن. ئەو ئازارەی کە لە دەمێکەوە گەیاندووتە بەدەمارە مێشکییەکانت، لای بەرە، سروشت خۆی دەمارە مێشکییەکانت چاک دەکاتەوە و دەیانخاتەوە سەر دۆخی جاران. لە ڕاستیدا: تۆ هەر ئەوەندەت لەسەرە بیکەیت، سروشت بەرەڵڵا بکەیت کاری خۆی بکات. کە وای لێهات فەرمانی سەرشانی تۆ، تا ئەندازەیەکی گەورە سووک و ئاسان بوو. ئەوەندە هەیە پێویستە بڕوات بەسروشت زۆر هەبێ. چونکە سروشت. کاری دروستە هەرگیز هەڵە ناکات.

## هەناسەدان

وام بەباش زانی، لە سەرەتاوە لە (هەناسەدان) بدوێم. ئەوەیش سەبارەت بەدوو هۆیە. هۆی یەکەم ئەوەیە: کە (هەناسە بریتییە لە ژین). چونکە هەردەمێ هەناسەی خۆمان گرت، لەش دەست دەکات بەتێکچوون و لەناوچوون. لە ڕاستیدا، هەناسەدان لە سەرەتای بنیاتمانەوە پەیدابووە. لەبەرئەوە پێویستە زۆر بایەخی پێ بدەین، بەتایبەتی لەوکاتانەدا، کە لە گیروگرفتی تەندروستیی تاکوتەرا و کۆمەڵەوە دەدوێین. هۆی دووەمیش ئەوەیە: کە پەیوەندییەکی گرنگ هەیە لە ناوەند (کۆئەندامی هەناسەدان) و (کۆئەندامی دەمارە مێشکییەکان)دا. کۆئەندامی دەمارەمێشکییەکانی تۆ، هەموودەم لەوانەن تووشی ئازار و زیان ببن، تەنیا لەوکاتانەدا نەبێ، کە هەناسەدانەکانت پڕ بەپڕ و دروست بن. بۆ ئەوەیش، تەنیا یەک ڕێگای ڕاست و دروست هەیە، کە هەناسەدانێکی ئاسایی تەندروستانەی پێ جێبەجێ ببێ. ئەویش ئەوەیە کە لە ڕێگای لووتەوە، هەم باهەڵ بمژین، هەم هەناسە دەرپەڕاندن لە شێوەیەکی قووڵ و لەنگەرداردا جێبەجێ ببێ. ئەگەر کونەلووتەکان بەریان گیرابێ، لە تواناییدا نییە کە هەناسەدانێکی ئاساییی بەکەڵکمان دەست بکەوێ. لای گەلان، ئێمە کە گەلی ئینگلیزین، وا بەناوبانگین، کە لە دەمەوە هەناسە دەدەین. خۆیشم بڕوام وایە کە ئەمە ڕاست بێ.

زۆرجاری وام بۆ هەڵکەوتووە، کە چاوم لێ بووە، هەندێکیان خەویان لێ کەوتووە لەناو کورسییەکی دوو باڵدا. لە خرپەی خەودا دەمیان کردۆتەوە. بۆچی؟

چونکە هەناسەدانەکانیان بەهۆی کۆئەندامی دەمارە لەسەر خۆکانیانەوە پڕ بەپڕ و ئاسایی دەبێ، بایش لەو ڕێگایەوە دێت و دەچێ کە ئاسانتربێ.

بەڵام پیاوێکی ئاسایی دروست ناچاری ئەم جۆرە هەناسەدانە نابێ، چونکە پێچەوانەی یاسای سروشتە. هەرچەند پێوانەی ڕاستەقینەم لانییە، بەڵام وا تێدەگەم کە لەهەر دە کەسێک، شەش تا حەوت کەسیان کونە لووتیان وەک خۆی نەبێ. ئەوە زۆرجار لە هەڵامەتەوە ڕوو دەدات. هەر جارە پەنجەبنێ بەکونەلووتێکتدا تا دای دەخەیت. ئینجا بزانە دەتوانیت بەکونەلووتەکەی تر هەناسەیەکی پڕ بەپڕی قووڵی لەسەرخۆ بدەیت. ئەگەر توانیت ئەوە بکەیت دەربەستی هیچ مەبە. بەڵام ئەگەر بەری هەناسەدانت، لەهەر کونەلووتێکتدا پێ گیرابێ، ئیتر پێویستە دەستبەجێ چارەی بکەیت. بەڵێ تۆ دەتوانیت بەڕێچکەیەکی نیوە گیراوی لووتت دەمێکی دوورودرێژ هەناسە بدەیت. بەڵام ئەگەر بەو ڕەنگە هەناسە بدەیت، ناتوانیت بەخۆشیی و نەرمونیانییەوە ژیان بەسەربەریت. هەموو دەم پێویستە پرس بەپزیشکێکی شارەزا بکرێ. بۆ لابردنی ئەو بەرهەڵستەی کە لەبەر کونەلووتتدا پەیدابووە. بەڵام ئەگەر لووت گیرانەکە لە هەڵامەتەوە پەیدابووبێ، خۆیشت دەتوانیت وای چارەبکەیت: وەک خوێ و دووەم کاربۆناتی سۆدا و بۆرەک Borax تێکەڵ بکە.

کەوچکێکی چا لەم دەرمانە بخەرە ناو پەرداخێک ئاوی گەرمەوە. ڕۆژی، دووجار یان سێ جار پەرداخێک لەم دەرمانە هەڵبمژە بەکونەلووتەکانت، یەک لەدوای یەک. ئەگەر لووت گیرانەکە بەستەمتر بوو، واچاکە، هەموو بەیانیانێک لەپاش خەو، دووسێ دڵۆپێک لە دەرمانی (ئەفیدرین) بەکار بهێنرێ. بەڵام نابێ ئەوە بکرێ تا پرس بەپزیشک نەکرێ. ئەوەندەی لە خۆم ڕووی داوە، بڕوای پێ کردووم کە کەڵکی ئەم جۆرە چارەکردنە، لە هیچ چارەکردنێکی تر کەمتر نییە. تا ئەم ڕۆژەیش کە تێیداین، هەر سروشتە، کە نەخۆشیی چاک دەکاتەوە، پزیشکی گەورە هەر ئەوە. پاک کردنەوەی لووت بۆ با بەرەڵلا دەکات، تا دەگاتە پەردەی ناوسنگ. جا ئەم (دانە بەر با)یەیە کە لە ڕاستیدا، کەڵک و فەڕ دەبەخشێ بەلەش. بۆیەکا ئەم ئامۆژگارییەم پێشان دا، تا بزانرێ هەناسەدانی دروست، بنچینەیەکە بۆ هەموو ڕێگایەک کە ئامانجی، (سرەوت بەخۆدان) بێ. ئینجا لە پاش خەمخواردنی تەندروستیی کۆئەندامی هەناسەدان پێویستە خەمی چۆنێتیی هەناسەدان



بخۆیت. هەناسەدان، زۆرتر، بریتییە لە خوو. لە ژیانی ئاسایی پڕ کار و فەرماندا کە لە شوێنێکی کراوەدا بێ، سییەکان تا لە توانایییاندابێ، پڕ دەبن لە با. تەنانەت لە کاتی سرەوتیشدا سییەکانە، دەتوانن لەو جۆرە با وەرگرتنە فراوانە سەربەست و ئاسانە خۆشی ببینن. بەڵام لەو شارانەدا کە پڕن لە دانیشتوان کرێکارانی بێ کار و فەرمان، چونکە ناجووڵێن، بەشێکی گەورە لە سییەکان بەکار ناهێنرێن. ئەمەیش لە ڕووی تەندروستییەوە یەجگار خراپە. زۆر جاری وا هەیە. نەخۆشیی سیل لەوەوە پەیدا دەبێ. هەرچەندە وا بەئاشکرا کاریگەریی ئەمە لە دەمارە مێشکییەکاندا دیار نییە، بەڵام هیچ گومان نییە کە لە مێشکدا کاری خراپی خۆی هەر دەکات. سییەکان تا ئەندازەیەک لە ئەندازەکانی تری لەش ناکەن. ئەمیش لەو ڕووەوەیە کە ئێمە دەتوانین تا ئەندازەیەک بزووتنەوەیان دەردەست بکەین. ئەوی بەئێمەیش پێویستە، هەر ئەوەتا کە خۆمان ڕابهێنین بەو دەردەست کردنەوە. لە ڕاستیدا بەهۆی ژیانی شارستانی و ناو کارخانەکانەوە، سییەکان فێری خوویەکی ناشیرین بوون، ئەویش ئەوەتا کە بەنیوەچڵی فەرمان دەکەن. کەواتە پێویستە بیانخەینەوە سەر سروشتی پێشوویان تا فەرمانی تەواوی خۆیان بەجێ بهێنن. بەڵام ئەمەیش بەبێ تێکۆشانێکی وریایانە پێک نایەت. هەرچەندە هەناسەدان فەرمانێکی خۆبەخۆیە، بەڵام ئەوە ناگەیێنێ کە ناتوانرێ چارەی بکرێ. دەبێ لەوەیش دڵنیابین، کە ئەگەر بەهۆی مەشقی پەیتاپەیتاوە هەناسەدانەکانمان فراوانتر و قووڵتر کردەوە، زۆری پێ ناچێ سییەکانمان خوو دەگرن بەهەناسەدانی درێژ و قووڵەوە. بەواتایەکی تر: ئێمە تەنانەت لە کاتی سرەوتیشدا، هەناسەکانمان قووڵتر و تەواوتریان لێ دێ ئەمە ڕاستە کە هەناسەدانی کاتی سرەوتمان وەک هەناسەدانی کاتی مەشق کردنمان نابن. بەڵام بێ گومان لە هی پێشوومان گەلێک قووڵتر دەبن، جگە لەوە شتێکی گرنگتر هەیە کە دەبێ بیزانین. هەناسە لە کاتی پشووی دەمارە مێشکییەکاندا، واتا لە کاتی ورووژانی دڵ و دەرووندا کورت دەبێ. هەناسە لە کاتی دڵتەنگیدا، کەمەکێ دەکولێ، بەڵام لە کاتی ترسدا کورت و تەنگ دەبێ. جا دڵتەنگی و ترس، دوو خووی بەدن، تووشی زۆر کەس دێن.

ئینجا لێرەدا ئەو زنجیرەیە دەدۆزینەوە کە بەئاشکرا (لەش) و (هۆش)، پێکەوە دەبەستێتەوە. دڵتەنگی وایە. هەناسە کورت دەکاتەوە. بەڵام ئەگەر توانیمان ئەو هەناسە کورتە تۆزێک درێژ بکەینەوە، بێگومان هەنگاوێک دەهاوێژین بۆ ڕزگاربوون لە دەست دڵتەنگی. لەمەیشەوە تێدەگەین کە مرۆڤی هەناسە درێژ و تەواو، کەمتر تووشی دڵتەنگی دەبن، بەڵام تۆ دەپرسیت: «کەی دەبێ مەشقی هەناسەدانی قووڵ بکەم؟ دەبێ چەند

جاریش ئەو مەشقە بکەم؟». وەرام ئەوەیە: «هەموو ڕۆژێک چەندت پێ دەکرێ ئەو مەشقە بکە!». ڕەنگە بۆ ئەمە کاتێ پێش ناشتا لە هەموو کاتێک چاکتربێ. مەشقی تایبەتیی خۆم ئەمەیە: کە بەیانیان زوو لەش بشۆرێ لەپاش خۆشتن. هەورێکی سارد بەلەشدا بێهنرێ. تا خۆ وشککردنەوەیش تەواو دەبێ هەناسە هەر بدرێ. پاش ئەوەیش تا چەند تاوێک هەمیسان هەناسە هەر دەدەم. لەوکاتەیشدا بەهەردوو دەستم، لە تەوقی سەرمەوە تا کەلّەموستی پێم لەشم دەسوومەوە. ئەم فەرمانە بچکۆلەیە ئەوەندە سرەوتت پێ دەبەخشێ، سەرت لێی سوڕدەمێنێ، هەروەک جادوویەک لەش گرانیی بەیانیانت لە کۆڵ دەخات. لە هەموو شتێک باشتر ئەوەیە، کە لە کاتی هەناسەدانی قووڵدا بزووتنەوەیەکی لەش هەبێ، پێم وایە ئەمەیش شتێکی گرنگ بێ. چونکە لە هەندێکیانم بیستووە کە ئەگەر بەوەستانەوە، یاخود بەدانیشتنەوە هەناسەی قووڵ بدەن تووشی سەرگێژی دەبن. ئینجا ئەگەر تۆیش وەک ئەوانە بێت، یان نەبێت، من هێشتا بڕوام وایە هەناسەدانی قووڵ کە بەشێوەیەکی وریایانە بکرێ، ئەگەر لەگەڵ لەش بزواندنێکدا بێ، چاکترە هەناسەدانەکە بەهۆی ئەو بزووتنەکەمەوە، زۆرتر دەبن لە کاتی بزووتنەوەکەدا، پێویستییان بەفراوانییەکی تر هەیە لە سییەکاندا، بۆ ئەمەی تێروپڕ با بمژن و خورشتی پێویست بدەن بەلەش. بەڵام ئەگەر لەوانە بێت کە خوویان بەخۆشتنی شەوەوە گرتووە، دەتوانیت هەناسەدانە قوولّەکانت لە بەیانیان زوودا مەشق بکەیت لەگەڵ چەند وەرزشێکی ئاساندا. هەردوو دەستت لەسەر کەلەکەکانت دابنێ. پێیەکانت جووت بکە و بوەستە بەپێوە. قاچی ڕاستت بەرز بکەرەوە، تا وای لێ دێ کە ڕاست بەرامبەری زەوی بوەستێ. لەم کاتەدا هەناسەیەکی درێژ هەڵ بمژە تا ئەو پەڕی توانابیت. ئینجا هێواش هێواش هەناسەکەت بەرەڵڵا بکەرەوە تا قاچەکەت دەخەیتەوە جێی خۆی. ئەم مەشقە بەقاچی چەپیشت بکە. کە ئەم مەشقەت دوانزە جار دووبارە کردەوە، بوەستە بەپێوە. بەڵام ئەمجارە پێیەکانت بڵاوبن.

باڵّەکانت لەم تەنشت و لەو تەنشتەوەبن. هەناسەیەکی قووڵ هەڵ بمژە و، لەگەڵ ئەویشدا هەردوو باڵت بلّند بکەرەوە تا لە ژوور سەرتەوە ڕاست دەبنەوە. پاشان باڵّەکانت خوار بکەرەوە تا ڕاست دەبنەوە لەگەڵ شانەکانتدا بەلای چەپ و ڕاستەوە. لەسەرخۆ هەناسەکەت فڕێ دەرە دەرەوە و لەگەڵ ئەویشدا باڵّەکانت سەرەوخوار بکەرەوە تا لەملا و لەولاتەوە دەوەستنەوە ئەم مەشقەیش وەک مەشقەکەی پێشوو دوانزە جار دووبارە بکەرەوە.

هەردوو مەشقەکە یەجگار ئاسانن. لە ڕاستیشدا پێویست ناکات بەمەشقی لەمانە



گرانتر. پێویست ناکات بلّێم کە ئەو بایەی هەڵیدەمژی دەبێ پاکژبێ. وا باشە مەشقەکانت لەبەر پەنجەرەیەکدا بکەیت کە کرابێتەوە، بەو مەرجەی بایەکەی یەجگار سارد نەبێ. هەناسەدانی ئاسایی قووڵ ئەوەتا کە لە سەرەوە پێشانم دا. جا بۆ ئەمەی ئەم هەناسەدانە و سرەوت بەخۆدانە پێکەوە ببەستێ، پێویستە لە دوا تاوی هەناسە فڕێداندا هەست بەخۆت بکەیت کە خاوبوونەوەیەک هەموو لەشت دەگرێتەوە. نەکەی خۆت گیڤ بکەیت. پشوویەک بدە. ئینجا دەست بکە بەهەناسەدانێکی تر. لەم تاوە تایبەتییەدا هەست بەسرەوتێک دەکەیت. ئەمەمان دانا بۆ بەیانیانی زوو. بەڵام پێویستە تۆ لە ڕۆژیشدا هەر هەلێکت بۆ هەڵکەوت، دەجار، دوانزە جاری تر لە هەناسەدانی وا تەواو کەڵک وەربگریت. یەکێک لەو هەلانە، کاتی نانخواردنە، کاتی هاتوچۆیە لەم دەزگای کار و فەرمانەوە بۆ ئەو دەزگا... وا باشە لە هیچ مەشقێکدا خۆت ماندوو نەکەیت. بەتایبەتی لەم مەشقانەدا. زۆر خۆت ماندوو مەکە. ئەگەر لە کاتی هەناسە هەڵمژیندا ژمارە بکەیت، دەبینی: ژمارەکە، بەرەبەرە لە خۆیەوە بلّند دەبێتەوە. هەروەها وا باشە کە بەزۆر سنگت فراوان نەکەیت مەهێڵە ماندوو ببێ. ئەمە دیارە دەبێ ڕەپ ڕابوەستیت بەپێوە. بەڵام پێویستە وەستانەکەت خۆش و ئاسان بێ. بڕواناکەم لە پاش هەناسە هەڵمژین، هەناسە گرتن بۆ دەمێکی درێژ کەڵکی هەبێ. زۆر کەسی وام دیوە، لە هەناسەگرتندا دەموچاویان شین هەڵدەگەڕێ. ئەوە کارێکی ئاسایی نییە. دڵ ماندوو دەکات. لە ناوەند هەناسە هەڵمژین و هەناسە فڕێداندا، نابێ وچان هەبێ. تۆ لەسەر کورسیش بیت دەتوانیت مەشقی هەناسەدانی وا بکەیت. بەڵام چاکتر ئەوەیە، ڕەپ دابنیشیت، هەناسەکەیشت وەک هەناسەی بەپێوە، یاخود هەناسەی ناو مەشق کردنەوە قووڵ نەبێت. لە کاتی وادا دەتوانیت هۆشت بخەیتە سەر ئەوەی کە لەشت لە دوا تاوی هەناسە فڕێداندا، جار لە دوای جار باشتر خاوببێتەوە. وا خۆت بهێنەرە پێش چاوی خۆت کە خەریکیت لە کورسییەکەتدا نوقووم ببیت. چەند حەفتەیەکی پێ ناچێ، هەست بەکەڵکی ئەم خووە تازەیەت دەکەیت کە گرتووتە. ئەگەر لەوانە بیت کە لەپێش هەمووشتێکدا بەتەنگ کەلوپەلی هەناسەدانەوە بیت، سەیر دەکەیت ئەم هەناسەدانە قوولّە ئاساییە یارمەتیت دەدات. بەکارنەهێنان کزی و نەخۆشی تووشی ئەندامی خەم نەخوراو دەکات. ئەندامی هەناسەدانیش ئەگەر خەمی نەخورێ و بەکار نەهێنرێ تووشی کزی و نەخۆشی دێت. بەڵام ئەگەر تێکۆشانی وریایانەت بگاتە ئەو ڕادەیەی هەناسەدانت بگەیێنێتە ئەوپەڕی چاکی و تەواوی، لە هەموو بارێکدا بەپاداشی خۆت دەگەیت. بەتایبەتی پاداشی خۆت لەوکاتانەدا دەست دەکەوێ کە خەریکی

فەرمانێکی هۆش بێت و پێویستیت بەووردبوونەوە و لێکۆڵینەوە و نووچ گرتن بێ. لەم کاتانەدا هەناسە یەجگار کورت دەبێ. ئەمەیش دەبێتە هۆی ماندووبوونی مێشک. لە ناوەند (هەناسەی کورت) و (خوێن پەنگ خواردنەوە)دا، ئینجا (سەرقورسی)دا هیچی وانامێنێتەوە. ئیتر لەوێوە بیرکردنەوە زۆر گران دەبێ. فەرمانەکەیش تا دێ گرانتری لێ دێ. لە ئەنجامیشدا خەم دەبێتە بار بەسەر دڵتەوە. فەرمانی هۆش لە خۆیدا مێشک ماندوو ناکات بەتەواوی، تا وای لێ نەیێ کە ببێ بەخەم. تێکۆشە لە کاتی فەرمانی هۆشدا هەناسەکانت لە سەرخۆین، پڕ بەپڕ و قووڵ بن. هەتا گیروگرفتت زۆرتربێ و توندتربێ، پێویستە هەناسەی قووڵتر بدەیت. زۆر جاری وا هەیە کە دەست دەکەین بەفەرمانی دەستیی بچووک، وەڕس دەبین. ئەمەیش لەبەرئەوەیە کە هەناسەی خۆمان دەگرین. ئەمەیش خوویەکی بڵاوە لەناوماندا، لەوکاتانەدا دەردەکەوێ کە کۆڵی گران. هەڵدەگرین، یاخود بەهۆی فەرمانێکەوە دەنوشتێینەوە. لێرەدا تۆ هەر ئەوەندەت لەسەرە کە هەناسەی ئاسایی بدەیت و نەیگریت. هەرگیز مەهێڵە فەرمانێکی سروشتیی وەک هەناسەدان بەربەست بکرێ. ئەگینا تووشی ئەنجامی ناسروشتی دێیت، هەروەها پێویستە، لە کاتی ترس و دڵتەنگیتدا هەناسەکانت قووڵ و پڕ بەپڕی سنگت بن. زۆرجاری وا هەیە، چاوپێکەوتنی پیاوی گەورە یاخود پزیشک یان دانساز، ترس دەخەنە دڵی پیاوەوە لەو کاتانەدا دەماری لەش گرژ دەبێ. هەناسەیش کورت و بچووک دەبێ. خۆ ئەگەر نەیشتوانین ترس و دڵتەنگی لە ڕەگوڕیشەیانەوە دەربهێنین، هەر هیچ نەبێ دەتوانین لە کاریگەرییان کەم بکەینەوە. تێکڕا هەناسەدانی درێژ ڕێ لە گرژبوون دەباتە بەست. لەبەرئەوە دڵشکاوی و زیزبوون کزتر دەبن. کەم زیانتر دەبن. لەم سەردەمە چڕوپڕەدا، زۆری وامان هەیە نایپەرژێ تێروپڕ هەناسە بدات. ئەم قسەیەمان لە زۆریان بیستووە... هەروەک خۆیانی پێوە هەڵبکێشن وایە. ئەگەر پێت بڵێم ئەوانە مەرد نین بڕوام پێ بکە. ئەوانە دوور نییە مێشکی باشیان هەبێ بۆ فەرمانی بازرگانی. بەڵام هەرگیز ناتوانن پەی بەرن بەسروشتی فەرمانی هۆش و لەشی خۆیان. وریابە تۆیش تووشی ئەو هەڵەیە نەبیت. هەموو دەم تێ بکۆشە ماوەی باش بدەیت بەخۆت بۆ هەناسەدان. بەڵام هەناسەدانەکەیشت دروست بێ. ئەگەر ناچار بوویت لە پێڕەویی فەرمانەکەت کەم بکەیتەوە، دەربەست مەبە. بام لە سووکەوە، دەست پێ بکەیت. جاری وا هەبووە، هەندێ کەسم دیوە، لەسەر کاروبارە پڕ کارگوزارییەکەی خۆیشیانەوە، بێ ئەمەی زۆر پێویست بووبێ، خۆیان خەریک کردووە بەکاروباری لێژنە و فەرمانی چاکە بەخشییەوە.



کردەوەی ئەوانە مەردانەیە. جێگای ڕێز و پەسندکردنە. بەڵام ئەوانە لەگەڵ خۆیاندا دادپەروەرنین. دەبێ هەر هیچ نەبێ پشوویەک بەخۆیان بدەن، تا هەناسەی تێدا بدەن.

من زۆر دڵنیام کە ئەگەر تۆ کەمێک بەتەنگ ئەم هەناسەدانەوە بێت. هەست دەکەیت بەگرنگیی هەناسەدان لە ژیاندا. ئەوساکە وەک ئێستا بەچاوێکی کەمتەرخەمییەوە سەیری هەناسەدان ناکەیت. لایشت پەسند نابێ کە هەناسەدان هەر چۆنێک ڕێککەوت بەکەڵک دێت. بڕوایشم وایە کە ئەگەر تا چەند مانگێک بەوریاییەوە خۆت ڕام بکەیت بەهەناسەدانی قووڵەوە، تا لە ژیاندا بیت کەڵکی لێ وەردەگریت. ئەوساکە وریا و بەهێز دەبیت، نەک (نیوە زیندوو). ئەوساکە مەندوبێ خەم دەبیت، نەک تووڕە و تڕۆ.

## خۆگرتن

ئەوی گرژەدەماری هەبێ، پێویستە بڕوای وابێ، ئەگەر توانی ماسولکەکانی خۆی خاو بکاتەوە، هۆشی خۆی لەخۆیەوە خاودەبێتەوە. ئەم بڕوایە سەدی سەد ڕاستە. جار لەسەر جار، لە تاقی کردنەوەکانی خۆمەوە، ڕاستیی ئەم قسەیەم بۆ دەردەکەوێ. هەروەها پزیشکەکانیش بەتاقیکردنەوەکانی خۆیان، زۆر بەشارەزایی ئەمەیان چەسپاندووە بۆ هەمووان. چاک وایە مرۆڤ پەی بەڕاستیی ئەم باوەڕە بەرێ و پڕ بەدڵ بڕوایشی پێ بکات. چونکە بەهۆی ئەم بڕوایەوە، یارمەتییەکی گەورەمان دەست دەکەوێ بۆ بەرهەمهێنانی ئارامی هۆش. دەمارتوندیی سامناک لە هۆشدا، زۆرجار بەگران تێی دەگەین. ئێمە تا دڵڕەقانە بەگرژیدا بچین، ئەو زۆرتر سەرکێشی دەکا و لێمان یاخی دەبێ.

ئەو لە ڕاستیدا بۆیەکا شێر گیروياخی دەبێ چونکە دەچین بەگژیدا. یاخود بەواتایەکی تر توندییەکەی ئەوەندەی تر توندتر دەکەین. لەم کەینەوبەینەیە، بکۆڵەرەوە. لە ڕاستیدا هۆی ئەم لەش گرژبوونەیە، کە لە شێوەیەکی بەرپەرچدانەوەدا ئەم هەموو خەموخەفەت و دڵتەنگی و شتە ناخۆشانە هەست پێ دەکەین. دەتوانیت لەگەڵ مندا، لەوە دوورتریش بڕۆیت. دەتوانیت بڵێیت: ئەگەر لەشگرژی ڕوو نەدات، دەمارگرژیش ڕوونادات. ڕاستی ئەوەتا: گرژیی لەش و گرژیی دەمار، زۆر بەئاسانی، بەتەنشت یەکەوە دەڕۆن. ئەم بڕوایە، ڕاستییەکی بنچینەییە هەرچەندە ناتوانیت باش بیهێنیتە پێش چاوت، بەڵام زۆر شت لەسەری بەندە ئەوی پێویستە لەسەرت ئێستە بیکەیت ئەوەیە کە دووبارە خۆت ڕابهێنیتەوە بەجووڵەی دروستی ماسولکەکانتەوە، هەروەک لەوەپێش خۆت ڕاهێنا بەهەناسەدانی دروستەوە. ئەم جووڵەی ماسولکانە ئەگەر بەدروستی جێبەجێ ئەکرێن. تۆ

هەر بە دەمارگرژی و دڵتەنگییەوە دەمێنیتەوە. لەمەولا بۆت دەرکەوێ کە ئەم مەشقکردنە، جووڵەکانی لەشت. دەخاتەوە سەر دۆخی جاران. بەواتایەکی تر بەنەرمونیانییەکی واوە دەجووڵێیتەوە، کە سروشت لە بنچینەدا پەسندی کردووە. تەنیا پێشکەوتنی شارستانێتی و ژیانی پڕ لە پەلەپەلمانن کە مرۆڤیان لە مرۆڤایەتی خستووە و کردوویانە بەبابەتی یاریی منداڵان.

خۆت وابهێنەرە پێش چاوی خۆت کە منداڵێکی ساوا بوویت وەک منداڵان. سەیر دەکەیت بەسەرگازی پشتتدا پاڵکەوتوویت، قاچەکانت بەرز کردۆتەوە، دەیانجووڵێنیت، شەق لە با هەڵدەدەیت، لەملا و لەولایشتەوە دەستەکانت دەبزوێنیت. لەشی ئەو سەردەمەت، لە کاتی توورەیی منداڵانەدا نەبووبێ، گرژیی نەزانیوە. ئەو لەشخاوییە کە ئەوسابووە و ئێستا لە دەستت چووە، پێویستە لەم ژیانە پێگەیشتووەی ئێستاتدا دەستی بخەیتەوە، ئەمە فەرمانێکی سستە دەبێ بەشێنەیی بکرێ. لە ساڵانی ڕابردووتدا، هەموو جۆرە گرژییەکی لەشت تووش بووە و تێیدا کۆبۆتەوە. ناشێ بەبیرتدا بێت کە بەچەند ڕۆژێک ئەو هەموو گرژییە لەناوبچێ. بەڵام ئەگەر لەسەر ئەم مەشقە ڕۆیشتیت، دڵنیابە، کە ئەنجام بەدڵی خۆت دەبێ. ئێمە لە ژیاندا بەچاوێکی کولەوە دەسوڕێینەوە. تا وامان لێ دێ هەڵدەئەنگوێین و دەکەوین بەدەمدا. بەڵام هەروەک چارەڕەشی هەندێ جار خاوەنەکەی خۆی دەگەیێنێ بە بەرهەمی شیرین، هەروەها دوورنییە کە ماوەیەکی دەمارگرژی و دڵتەنگی، ئێمەیش، بگەیێنێ بەو چاکە و فەڕەی کە دڵمان دەیەوێ. دەبێ ئەوەیش بزانین، کە هەروەها بەئاسانی، ناتوانین بۆ پشتەوە سەرمەقولات بدەین و بچینەوە سەر ڕەوشتە کۆنەکانمان، کە لە خۆمانەوە هەناسەی ئاسایی پڕ بەپڕی بێ پەروامان دەدا و لەشی خۆیشمان لە خۆشی و خاویدا دەهێشتەوە، بێ ئەمەی بهێڵێن تۆزێک گرژببێ. ئەو دووشتە -هەناسەی قووڵ و گرژنەبوونی لەش- دوو هۆی گرنگن بۆ ئارام و سرەوت و دڵخۆشیمان. کە دەست دەکەین بەچاککردنەوەی شتێک، چاک وایە بزانین بۆچی خراپ بووە. لەبەرئەوە پێویستە لەپێش هەموو شتێکدا وا لەخۆت بکەیت، کە ئەگەر دەمارگرژی دەستی پێ کرد لە لەشتدا، هەستی پێ بکەیت. ئەگەر باڵت بۆ پێشەوە درێژ بکەیت و بەهێواشی پەنجەکانت بەدروستی بنوشتێنیتەوە هەست بەسڕییەکی سووک دەکەیت لەناو باڵتەوە تێدەپەڕێ تا دەگاتە شانت. ئەم سڕییە دەمارگرژییە. هەر بەمەندی هۆشت بخەیتە سەری، دەتوانیت ئێستە، هەست بەو سڕییە بکەیت. ئینجا بزانە ڕۆژی وا هەیە بەدەیان جار ئەم دەمار گرژبوونانە ڕوودەدەن کەچی تۆ ئاگات لێیان نییە. داخەکەم هیچ پێویستییش نییە



کە ئەم دەمار گرژییانە، ئەمەندە بەم زۆرییە ڕوویدەن. ئەمە خوویەکی خراپە هێواش هێواش تووشی بووین. لەوە بەولاوە هیچی تر نییە. هەروەها خوویەکی وایشە کە بەگران لە سەرمان دەوەستێ. چونکە بێ ئەمەی شتێک بەرهەم بهێنێ لەخۆیەوە ماندوومان دەکات. گەڕانی خوێن لە لەشماندا بەرهەڵست دەکات.

بەناو هەموو ئەندامەکانی لەشماندا سستی بڵاودەکاتەوە. کە ئەمانەیش ڕوویاندا گومان لەوەدا نییە کە کار لە هۆشیشمان دەکات. لێرەدا حەز دەکەم بڵێم کە تێکۆشانی پچڕپچڕ زۆر کەم بەکەڵکی ئەوەمان دێ کە فێری هونەری خۆخاوکردنەوە و سرەوت بەخۆدان ببین. ئەم مەشقە دەبێ تا ماوەیەکی دیاریکراو بەباشی درێژەی پێ بدرێ. چاک ئەوەیە کە هەر ڕۆژە لە کاتێکی دیاری کراودا ئەم مەشقانە جێبەجێ بکرێن. ڕەنگە لە هەموو کاتێک باشتر ئەوکاتانە بێ کە لەپێش نیوەڕۆدا، لەپاش نانخواردنێکی سووک دەبن. بەڵام ئەگەر ئەوە دەستی نەدا هەر کاتێکی تر بێ مەبەست نییە. بەو مەرجەی هەموو ڕۆژ لە یەک کاتدا مەشق بکرێ. ماوەی مەشقەکەیش لە نیو ساتەوە تا ساتێکی تەواو بێ بەسە. پێویستە لە شوێنێکی بێ دەنگ و سەنگدا مەشق بکەیت. دووربێ لە هەموو جۆرە تەنگەتاوییەک. فەرمانی دەستکەوتنی لەش خاوبوونەوە بەشێنەیی جێبەجێ دەبێ ئەگەر هاتوو شتێک ڕووی دا و فەرمانەکەی وەستاند، بەوە تێک دەچێ. دەبێ دووبارە سەرلەنوێ دەستی پێ بکرێتەوە. من وای دادەنێم کە تۆ لەم گیروگرفتانە خۆت پاراستووە. دەبا دەست بکەین بەمەشقەکان:

لەسەر پێخەفێک یاخود کورسییەکی لێژی باڵدار بەپشتدا ڕابکشێ. تا لە تواناییتدا هەیە باڵەکان و لنگەکانت بەخاوییەوە لەسەر شتێک دابنێ. بەهێواشی یەکێ لە باڵەکانت بەرزبکەرەوە. هەوڵ بدە لەوکاتەدا دەمارگرژی بهێنیتە پێش چاوی خۆت. پاشان بەهێواشی نزمی بکەرەوە تا دەگاتەوە جێی خۆی. کە ئەوە تەواوبوو، بزانە هێشتا گرژی لە لەشتدا ماوە یان نا. دوور نییە، تۆزە گرژییەک هەست پێ بکەیت. ئەگەر وابوو باڵەکەت بەتەواوەتی خاو نەبۆتەوە. هەندێک خاو بۆتەوە. بەڵام بەتەواوەتی خاو نەبۆتەوە. جا لەبەر ئەمەیە کە دەبێ مەشق زۆر بکەیت، بۆ ئەمەی دەمار گرژییەکەت ڕۆژ بەڕۆژ کەمتر بکەیتەوە، تا وای لێ دێ هیچی وای نامێنێتەوە کە ترسی لێ بکرێ. چونکە، دوابڕانی دەمارگرژی هەر وا ئاسان نییە، شارەزایی بکە. پشوویەک بدە. ئینجا یەک لەدوای یەک لنگەکانیشت بەهێواشی بڵند بکەرەوە، سەرنج لە دەمارگرژی بدە. سەرلەنوێ تا ماوەیەکی باش پشوو بدە. کە مرۆڤ خەریک بوو هونەرێک فێرببێ، لەسەرخۆ. هەنگاو بەهەنگاو،

بڕوات بەڕێوە، بەدروستی و تەواوی. خۆخاوکردنەوەیش، یاخود سرەوت بەخۆدان، ئەگەر بەتەواوی ببرێتە سەر، هونەرێکە بۆ خۆی. ئەوەندەی تا ئێستا بۆم گێڕاویتەوە، بەشێکی تەواوە لەم هونەرە. کە لە وەرزشی باڵ و لنگ بوویتەوە، بەهێمنی ڕابکشێ بەپشتدا. نووچ بدە لەسەر واتای سرەوت لەم ئەندامانەدا. بەجۆرێکی وا کە هەریەکەیان بەشی تەواوی، خۆیان حەسانەوە و ئارامیێکی تەمەڵانە وەربگرن. دەستەکانت بکەرەوە پەنجەکانت لە شێوەیەکی کەوانەییدا بهێڵەرەوە، دووربن لە گرژی و توندییەوە. پێویستە چاوەکانت نیوە قووچاوبن. بەڵام لەگەڵ لەش خاوبوونەوەدا، بەرە بەرە دایانبخە تا بەتەواوەتی دە قووچێن. لەبیرت نەچێ، هەناسەکانت، هەموو دەم قووڵ بن، لەسەر خۆبن. پێویستە لە کاتی خۆ خاوکردنەوەدا، هیچ جووڵەیەک نەکەیت. ئەگینا لە ئامانج دوور دەکەوێتەوە. گوێ مەدەرە ئەو بیروباوەڕانە کە بەکەللەت دا تێ دەرپەڕن.

هەموو دڵت بدەرە سەر واتای خۆخاوکردنەوە و حەسانەوە لە پەلوپۆدا. جاری وا هەیە حەز دەکەیت ڕاست ببیتەوە. بەڵام لەبیرت نەچێ ئەمەیش ڕوویەکە لە ڕووەکانی ئەو دەردەی تووشت بووە و دەتەوێ لە دەستی ڕزگار ببێت. نەکەیت بەئارەزووی دڵت بکەیت و ڕاست ببیتەوە. ئەگینا چاک بوونەوەت لە نەخۆشییەکەت دوا دەخەیت. ماتی و بێ دەنگی و نەجووڵانی خۆت بپارێزە. ئەم ئارەزووی ڕاست بوونەوەیە بەرە بەرە کزدەبێ ئەگینا کە جارێک ڕاست بوویتەوە، لێت دەبێ بەخوو، هەموو جارێک ڕاست دەبیتەوە. تا چەند ڕۆژێک لەسەر مەشقی باڵ و لنگ بڕۆ. مەشقەکە ئاسانە. پاش ئەوە دەست بدەرە مەشقی دووەم کە بریتییە لە بزواندنی ماسولکەکانی پاشماوەی لەش. وا چاکە سەر لەسەر شتێکی باش دامەزراو دابنرێ. ئەگەر ویستت مەشقەکە لەناو پێخەفدا بکەیت، شتێکی ڕەقتر لەسەرینەکە لە ژوور سەرتدا دابنێ. مەبەس ئەمەیە، سەر بەخاوییەوە بەم لاو بەولادا وەربگێڕیت. وا بزانە کەللەت تۆپێکە و بەپەتێکی لوول دراوەوە بەستراوە بەلەشتەوە. ئەگەر توانیت بەم جۆرە کەللەت بهێنیتە پێش چاوت. ئیتر هەست ناکەیت بەهیچ گرژییەک لە ماسولکەکانی ملتدا. پاش ئەمەی چەند جارێک بەم جۆرە، کەللەی خۆت وەرگێڕا، لێی بگەڕێ. بام لە جێ گیرسانەوەی خۆی بەهێواشی، بحەسێتەوە. جووڵانەوەی لەش یەجگار ئاسانە. چونکە بریتییە لە لەش بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی بەهێواشی. وا بزانە لەشت هەمانەیەکە و پڕە لە ئارد، یاخود پەتاتە.

وای لێ بکە وا دەربکەوێ: ئەمەندە گرانە کە بەرەڵڵات کرد کوتوپڕ بکەوێتە سەر تەخت یاخود پێخەفەکە. کە لەم دوو مەشقەدا قاڵ بوویت، فێر دەبیت چۆن هەست بەگرژی بکەیت



لە زۆربەی لەشتدا. پاشان فێر دەبیت چۆن، کەم و زۆر، هەموو لەشت خاوبکەیتەوە. مەشقی سێیەم ئەوەتا هەموو لەشت بەجارێک خاو بکەیتەوە. بۆ ئەمەیش پێویستە هیچ جووڵەیەک نەکەیت، وەرگەڕاندنی سەر نەبێ وەک لەوە پێش پێشانمان دا. بەڵام باڵەکان و لنگەکان و لەش، نابێ بیانجووڵێنی، تەنیا وا بیهێنەرە پێش چاوت کە دەتەوێ بەرزیان بکەیتەوە، بەڵام ئەوەندە قورسن نابزوێنرێن. ڕەنگە بزووتنەوەیەکی زۆر کەم ببزوونەوە. بەڵام بەرە بەرە ئەندێشە وات لێ دەکات کە واز لەو بزووتنەوە زۆر کەمەیش بهێنی. وا بیبەرە دڵتەوە کە لەشت یەجگار گرانە، نابزوێنرێ، گرانیی خۆی دەدا لە تەنێک. یاخود کەڵە پارچەیەک لە مز. پاش ئەوەی چەند تاوێک بیرت نووچی گرت لەسەر ئەم باوەڕە چەند تاوێکی تریش بمێنەرەوە بەم هەستەوە کە لەشت گرانە و گرانییەکەیشی لەو دانگەدایە کەلەوە پێش پێشانماندا – هەردوو چاوت بقووچێنە و تا پێت دەکرێ بەلەش خاوییەکی تەواوەوە خۆت بهێڵەرەوە. ئەگەر بێتو ئەم سێ مەشقە بەتەواوەتی بکەیت، هەرچی پێویست بێ بۆ زانینی خۆخاوکردنەوە فێری دەبێت. دەتوانم زۆر بەئاسانی ڕێگای گرێدار تریشت پێشان بدەم. بەڵام ئەوە بەکەڵکی من و تۆ نایەت. لەوەپێش گوتم (خۆخاوکردنەوە)یش هونەرێکە. لەبەرئەوە پێویستە مەشقی لەسەر بکرێ. کە وات لێ هات تێیدا قاڵ ببیی ئیتر مەشقت ناوێ. هەر ئەوەندەت بەسە کە ڕۆژ بەڕۆژ خۆت خاوبکەیتەوە، ئەی فێربوونی پیانۆیش هەروانییە؟ تۆ لەپێشدا مەشق بەپەنجەکانت دەکەیت بەڵام کە پیانۆ فێربوویت، پێویستیت بەمەشقی پەنجە نامێنێ، بۆ ئەمەی پارچەیەکی ساز لێ بدەیت. بەواتایەکی تر، پاش قاڵ بوون لەم سێ مەشقەدا پێویستە ڕابکشێی یان دابنیشیت و بەئاسانی و یەک جاریی هەموو لەشت خاو بکەیتەوە. پێویست نییە لەپێشدا خۆت گرژ بکەیت. یاخود هەر بیریش لە گرژبوون بکەیتەوە.

لەڕاستیدا تا بیر کەمتر بکەیتەوە لە گرژبوون، باشتر و بەکەڵکترە. لێرەدا شتێک هەیە پێویستە بیلێین. هەر شتێکمان پێ خۆشتر بێ، زووتر و ئاسانتر جێبەجێی دەکەین. ئەو کەسەی خۆشی لە فەرمانەکەی خۆی دەبینێ، بەندە نییە و نایشبێ بە بەندە. هەتا بتوانین (خۆخاوکردنەوە) بکەین بەسەرچاوەیەکی خۆشی بۆ خۆمان تادەیگەیێنینە ڕادەی فەرمان بەجێ هێنان، بۆ خۆمان چاکتر و بەکەڵکترە. چونکە خۆخاوکردنەوە، لەباریدا هەیە، هەمودەم هەستی ئارام و سرەوت و دڵخۆشیمان بخاتە دڵەوە. لە دەمێکەوە ئەمەم بۆ دەرکەوتووە. لەپێشدا بەناوی پێویستییەیەکی ڕووداوەوە، دەستم دایە خۆخاوکردنەوە و سرەوت بەخۆدان.

لە ڕاستیدا بەناچاری ئەوەم دەکرد. بەڵام ئیمڕۆ بەناوی خۆشڕابواردنەوە دەست دەدەمە خۆخاوکردنەوە. چاوم لەوە نییە کە کەڵکی هەبێ بۆ لەش و هۆش یان نەیبێ. مرۆڤ کە دەگاتە ئەوەی تەواو خاو ببێتەوە، هەست بەسرەوتێکی پڕشنگدار دەکات. ئەو هەستە بەزمان ناگێڕێتەوە. بەڵام، ئەنجامەکانی وا تێگەیشتم: کە لەگەڵ ئەو سرەوتەدا کە دەیبەخشێ بەلەش، خوێنیش بەسەربەستی لە دەمارەکاندا دەگەڕێ، هەست دەکەم بەمەستییەکی خۆش لە پێیەکانم و پەنجەکانمدا. ئەویش لەبەرئەوەیە کە گەڕانی خوێن بەهۆی دەمارگرژیەوە نەبێ گیرنابێ. کە ڕاست بوویتەوە، سەیرێکی ئەملا و ئەولای خۆت بکە. بۆت دەردەکەوێ کە هەموو شت گۆڕاوە. ڕاستیی مرۆڤیش باشتر دیارە. ڕوودانی شتی وا دروستە. چونکە تۆ کە دەمارەکانت لە جێی خۆیاندابن و گرژ نەبووبن. هەموو شتێک وەک خۆی دێتە پێش چاوت. کە توانیت فێری هونەری خۆخاوکردنەوە ببێت، دەتوانێت ئەو هێزەی لەوە دەستت دەکەوێ با بەفیڕۆی نەدەیت، بەکاری بهێنیت لە فەرمانی ڕۆژانەتدا بۆ ئەمەی کەڵکی لێ وەربگری.

دەتوانیت سەربەستتر بڕۆیت بەڕێگادا. پێیەکانت بەسووکی و جوانی، بجووڵێنیت، نەک وەک ئەوانەی لە مرۆڤی دەستکرد دەکەن: وەک قاچەکانیان لە تەختە دروستکرابێ و بەهێزی ئەلەکتریک ببزوێن وا دەجووڵێنەوە. دەتوانیت باشتر و لەسەرخۆتر قسەبکەیت، نەک وەک ئەوانە بیت کە لەبەر گلاراوی و هەناسەسواریی خۆیان زمانیان تەتەڵە دەکات. دەتوانیت بەئاسوودەییەوە لای مێزەکەتەوە دانیشی. پێویستیت بەقاچ نوشتاندنەوە، نەبێ. پێویستە ئەوانە هەموو تاقی بکەیتەوە، تا بۆت دەربکەوێ کە ئەو دەمارگرژییەی بەهۆی سێ مەشقەکەی سەرەوە لە کۆڵت کەوتووە، جارێکی تر لە فەرمان و بزووتنەوەدا. لە لەشتدا چاوت پێی ناکەوێتەوە. بەمەرجێ تێی بگەیت، ڕاگرتنی ئەمە ئاسانە. بەهۆی خۆڕاهێنانیشەوە ئەم خۆڕاگرتنە بەهێزتردەبێ. دوورنییە جار بەجارێک لە کاتی فەرمان و چالاکیدا، کەمەکێ دەمارگرژیت تووش ببێتەوە. بەڵام پێویستە دەمارگرژییەکە زۆر بەهێز و بەئازار نەبێ. ئەگەر زانیت هێز و ئازاری تێدایە، گورج چارەی خۆت بکە. دەمودەست واز لە فەرمان یاخود بزووتنەکەت بهێنە. بۆ چەند تاوێک پشووی قووڵ بدە و خۆیشت خاو بکەرەوە. بەرەنگاریی هەست کردن بەدەمارگرژیت پێ ناکرێ. ئەگەر پاڵەوانیش بێت، دەمارگرژی، لەوانەیە زاڵ ببێ بەسەرتدا، لە هەموو دەمێکدا. ئەگەر دەتەوێ هەمووردەم لەش خۆش و تەندروست بیت. پێویستە یاساکانی سروشت بەجێ بهێنی. زۆر جاری وا هەیە یەکێ لە یاساکانی سروشت دەشکێنرێ. لەم بەشەی دوایيدا لەوەیش دەدوێین.



## لەنگەر و ساز بوون

هەموو شتێک لە سروشتدا بەپێی یاسای لەنگەرگرتن و سازبوون، دەڕوا بەڕێوە، ئەگەر لەمە تێ نەگەیشتبێت، وا دەردەکەوێ، کە هێزی سەرنجدانت نەبێ! گەڵا دەرکردنی درەخت و گەڵاڕێزانی، نیشتنەوەی ئاوی زریە و هەڵسانی، دەرکەوتنی ڕۆژ و ئاوابوونی، ئەمانە و هەزاران شتی تر. ئەو ساز بوونە بێ دەنگ و سەنگەی هەموو دەمە پێشان دەدەن، کە مرۆڤ بەهۆی شتێکەوە، لە دەستی چووە لە ژیانیدا. زۆر وتراوە کە «مام ناوەندی لە هەموو شتێکدا» کلیلی تەندروستی و دڵخۆشییە. «مام ناوەندی» واتای «لەنگەرگرتن» دەگرێتەوە. لەنگەرگرتنیش دەبێتە هۆی سازبوون و گونجاندن لەگەڵ یەکدا. ژینی مرۆڤ بریتییە لەدوو بەشی گەورە: (چالاکی) و (سرەوت). ئەگەر هەردووکیان باش بەیەکەوە ببەستریێن، ئەنجام بەتەندروستی دەگات. بەڵام بەزۆری، ئەم لەنگەر و سازبوونە، لە ژیانماندا پێک ناهێنین. لایەکی دەستدرێژی بۆ لایەکەی تری دەکات. لای چاکی، زۆر بۆ لای سرەوت دەهێنێ. مەبەسمان لە سرەوت ئەوە نییە کە بێ فەرمانی زۆر بێ. زۆر کەسی وا هەیە، هەتا بڵێی بێ فەرمانە. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا هەموو دەم هاوارێتی لە دەست ماندوێتی. چونکە نازانێ ئەو کاتە بێ فەرمانییەی خۆی، باش بەکار بهێنێ. وەڕس بوون لەبەر بێ فەرمانی پەلوپۆی مرۆڤ زووتر لە کەڵک دەخات، وەک لە فەرمان زۆری. ئەو پیاوەی زۆرتر لە توانایی خۆی، فەرمان ببینێ، دەتوانێ بەهۆی خۆخاوکردنەوەوە پشوویەک بەخۆی بدات.

بەڵام پیاوی وەڕس بوو لە دەست بێ فەرمانی ئەوە بەکاری دێ. کە ماوەی فەرمانکردنی خۆی فراوان بکات. هەموو شتێک لێرەدا بریتییە لە لەنگەرگرتن و هیچی تر.

ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم لەنگەرگرتنە تێکچوو، لەپێشدا بەئاسانی ناخرێتەوە سەر دۆخی جاران. هەروەک پیاوی برست براو. لەبەر زۆر فەرمانی، بەگران دێتە پێش چاوی کە خۆی خاو بکاتەوە و، سرەوت بەخۆی بدا. هەروەها پیاوی وەڕس بوویش لە دەست بێ فەرمانی. بەگران دێتە پێش چاوی، کە خووبداتە چالاکی و کارگوزاری. بەڵام هەردووکیان پێویستە کۆڵ نەدەن. هەر لە کۆششدابن، تا ئەو لەنگەرەیان دەست دەکەوێتەوە. بەڵام تا ئەو لەنگەرە دەست نەکەوێتەوە، هیچ پیاوێکیان سرەوتی ڕاستەقینەیان لە ژیاندا دەست ناکەوێتەوە بڕوام وایە، کە زۆرتر ئۆباڵ بەئەستۆی چالاکی بێت، نەک تەمەڵی چونکە هەڵپەبردن بۆ هێز و دەسەڵات و تێرنەخواردن لە کۆکردنەوەی ساماندا و، خۆبەختکردن لە

پێناو زاڵبوون بەسەر هاوکاراندا ئەم بابەتە نەنگانە، هەموو، پاڵمان پێوە دەنێن کە زۆرتر لە ئەندازەی خۆمان، خۆمان ماندوو بکەین. بڕوامان وایە کە نامانپەرژێ پشووبدەین بسرەوین. بەلامانەوە وایە کە کاتی پشوودان و سرەوت بەفیرۆ دەبرێن بەڵام لە ڕاستیدا، نرخی کارگوزاریمان بەستراوە بەچۆنیێتی، بەکارهێنانی کاتی بێ فەرمانیمانەوە. دەبێ لە کاتی بێ فەرمانیماندا، سەرچاوەی هێز و توانایی دەمارەکانمان بحەسێنینەوە، ببوژێنینەوە، تا لە کاتی فەرمان و چالاکیماندا بەکاریان بهێنین. تێ ناگەم چۆن شتێک بەخت دەکەین، کە هێشتا دەستمان نەکەوتبێ؟ ئەوە هەرگیز نەبووە و نابێ. کە وای لێ هات، کاتی بێ فەرمانیمان گرنگ و بایەخدارە. بەڵکو ئەو لە کاتی فەرمان و چالاکیمان گرنگترە. دەتوانیت بەهۆی هونەری هەناسەدانەوە، وەک لە وەپێش پێشانمدا کە لە ئەنجامدا بگاتە خۆخاوکردنەوە و سرەوت بەخۆدان هێزێکی گەورە بۆ دەمارەکانت پێک بهێنێت. ئەوساکە دەتوانیت بزانیت کە ئەو لەنگەرەی گرتووتە لە ناوەند فەرمان و سرەوتدا تەواوە یان تەواو نییە. گەلێک پیاوی وام دیوە، بەهۆی کار و فەرمانێکی لە ئەندازە بەدەر و و ناکاوەوە، کە لە وەپێش خۆیان ئامادەنەکردووە بۆ ڕووداوی ناکاو. ژیان چۆنی بردبن وا چوون بەڕێوە. بەدرێژایی ساڵ کار و فەرمانیان کردووە، خەمی وچان و سرەوتی خۆیان نەخواردووە. پاشان کە لێ یان قەوماوە. پاشەکەوتێکی هێزی دەماری وایان نەبووە، بەرگەی ئازاری ئەو لێقەومانە بگرێ. وایان بەسەر هاتووە. ئەو فەرمانەی کە لەوەپێش لەبەر چاویان دا هەموو ژیانیانی دەهێنا. لێیان بووبووە بارێکی گران، لە ژێریدا نرکەیان هاتووە. لەڕووی زانستی خۆناسینەوە، وا دەدرانە قەڵەم کە ژیانیان بریتی بووە لە دەست و دەمیان. بۆیەکا ئەو ژینەیان پێ خۆش بووە. چونکە کاروبار لە ڕێی خۆیانەوە بەئاسانی جێبەجێ بوون. بەڵام ئەم جۆرە ژینە. کورت بینیی زۆر تێدایە، دوورە لە زرنگییەوە. ئەگەر پێویست بێ بۆ سامان کۆکردنەوە وا بژیم کە ژینم بکەوێتە ناوەند دەستم و دەممەوە، دەبێ چاوم لە دوارۆژیش بێ، هەر لە ئێستاوە لەنگەرێ بگرم لە نێوان فەرمانکردن و سرەوتدا، تا لە کاتی خاوبوونەوەی ناکاودا بەرگەی تەنگوچەڵەمە و ئازار بگرم. هەروەها ئەم دەستوورەیش ڕاستە لە کۆڕی سەرچاوەی هێز و توانایی دەمارەکاندا، بەڵکو باشتر تێیدا دەردەکەوێ. گرنگترین هۆی خۆش ڕابواردنێکی لەسەرخۆ، ئەوەیە کە ئامانجێکی ئاشکرا و دیارت هەبێ لە ژیاندا، زرنگانە و مەندانە بۆی بچی تا جێبەجێی بکەی، کە ئەو بڕیارەت دا، دڵسۆزانە تێبکۆشە و بکەوەرە فەرمانکردن کە هەستت بەماندوێتی کرد. بحەسێرەوە بەو جۆرەی کە لە هونەری سرەوت بەخۆدان و خۆخاوکردنەوەدا



پێشانم دایت. ئەوساکە تێ دەگەیت: کاتی بێ فەرمانیت، لە کاتی بەفەرمانیت.[1] کەڵکی کەمتر نییە. ئینجا وات لێ دێ کە خۆشی لە کاتی بێ فەرمانییش نابینی چونکە کەڵکی لێ دەبینی. هەر کەسێ بێ ئامانج بێ لە ژیانیدا. گلاراویی پێ دەکەوێ، ئارامی نابێ. چونکە هێز و هەرەتی خۆی لە ڕێی خۆیەوە بەخت ناکات و بەکار ناهێنی. لە ماندوێتیدا تەندروستی و کامەرانیی دەست ناکەوێ. لەو کاتەدا کە بەدوای سرەوتدا دەگەڕێ، هەست دەکات بەدەروونی، پێی دەڵێ: ئیمڕۆ هیچی وات دەست نەکەوت. تەنانەت لە کاتی سرەوتی ناچاریشیدا، ئامانجێکی نییە سەیری بکات تا هەست بەسرەوتەکەی بکات. لەبەرئەوە دوورنییە کە ڕۆژ بەڕۆژ گلاراوی و بێ ئارامییەکەی زۆرتربێ. ئەگەر بەگەرمییەوە دەست بدرێتە فەرمان، هێز و توانایی لە خۆیانەوە دێنەکایەوە. ئەگەر هێز و توانایی بەباشی بەکار بهێنرێن، خۆخاوکردنەوە ئاسانتر پێک دێ. بەڵێ لەنگەر وا ڕادەگیرێ ئەگەر مرۆڤ لەسەر ڕێگایەکی ڕاست و دروست بڕوات بەڕێوە، لە ژیانیدا، لێرەدا وای بەباش دەزانم کە بڵێم: خۆخاوکردنەوەی لە ئەندازەبەدەر لە فەرمانکردنی لە ئەندازەبەدەر کەم زیاتر نییە. پێویستە لەنگەر ڕابگریت. هەر سەیری ماسولکەیەک بکەیت لە ماسولکەکانت و لێی ورد ببیتەوە، ڕاستیی ئەم قسەیەت بۆ دەردەکەوێ. ئەو ماسولکەیەی شەو و ڕۆژ لە فەرمان و گرژبووندابێ، زۆری پێ ناچێ دەڕزێ و لەناو دەچێت. هەروەها ئەو ماسولکەیەیش کە هەمووەدەم لە خاوبوونەوەدا بێت، زۆری پێ ناچێ کز و بێ هێز دەبێ، لەبەر بەکارنەهێنانی.

هەموو هێزێکی تری لەشیش هەر بەو جۆرەیە. لەنگەریش وا ڕادەگیرێ: کە جارێک فەرمان بکرێ. جارێکیش خۆ خاوکردنەوە. جاری وا هەیە کە لەنگەر تێکچوو، دەمودەست خۆخاوکردنەوەت بەگران بۆ دێتە دەست. بەڵام تۆ نابێ کۆڵ بدەیت هەر تۆزێک خاو ببیتەوە، فەرمان کردنەکەت ڕوو دەکاتە دروستی و ئاسایی ئەمیش دەبێتە هۆی ئەوەی کە خۆخاوکردنەوەی دووەم جارت باشتر سەر بگرێ. بەم ڕەنگە وردە وردە لەنگەرەکەت دەست دەکەوێتەوە. هەتا خۆخاوکردنەوەت زۆرتر پێویست بێ، خۆخاوکردنەوە گرانتر پێک دێ. ئەمە هەرچەندە جێگای داخە، بەڵام مرۆڤ ڕاستی بزانێ چاکترە. ئەمە باش نییە کە وا بزانیت خۆخاوکردنەوەت لە دەست نایەت، وا نییە، تۆ دەتوانیت خۆت خاوبکەیتەوە. هەروەها هەموو کەسێک دەتوانێت خۆی خاو بکاتەوە. دوورنییە هەندێ شتی ناخۆش و

(١) ڕاستتر: کاتی ئیشکردنت...

نەناسراو بەبیرتدا بێت. وا بکات خۆخاوکردنەوەکەت گرانتری لێ بێت. ئەمە بەسەر خۆیشمدا هاتووە. بەڵام بڕوام پێ بکە، کە ئەم هەستە نەناسراو و ناخۆشانە، پەکی خۆخاوکردنەوە ناخەن. هەرچییەکیان لە دەست دێ بام بیکەن. گوێ مەدەرێ. دەست بکە بەخۆخاوکردنەوە. پێویستە خۆت خاوبکەیتەوە. لە دەستیشت دێ کە خۆت خاوبکەیتەوە. دوایی هەر خاو دەبیتەوە. ئەو هەستە نەناسراو و ناخۆشانە هەرچۆنێک بن هەر ئەوە پێشان دەدەن کە لەنگەر بەتەواوەتی تێکچووە. ئەوانیش نیشانەیەکن بۆ وریاکردنەوە لەلایەن سروشتەوە جارێ لەو هەستانە بێ دەنگ بە. بەڵام دەست بەجێ، بکەوەرە خۆت، ئەوەندەی پێویست بێ لەنگەرەکە ڕاست بکەیتەوە. کەم تەرخەمی، بەکەڵک نایەت. زیان بەڵکو زیانێکی گەورەی لە دوا دێت. بەبۆنەی لەنگەرەوە، خۆ پێویست نییە کە زۆر دووبارەی بکەمەوە، کە هەموو کەسێ، پێویستە بابەتێکی دڵ خۆشکردن بۆ خۆی هەڵبـژێرێ تا لە کاتی بێ فەرمانیدا پڕ بەدڵی خۆی پێوەی خەریک بێ. بۆ ئەمەی ئەوکاتەی بەشادمانییەوە ڕابوێرێ. پێویستە ئەو بابەتە زۆر بەووردییەوە هەڵبـژێرێ، تا باشتر بەکەڵک بێت، ئەوە بۆیەکا دەڵێم، چونکە زۆر کەس دەناسم بەهۆی هەڵبژاردنی ئەو بابەتی ڕابواردنانەوە، خۆیان لە سەرگەردانی و شپـرزەیی ڕزگار کردووە. خەم وای لێ هاتبوو پەکی فەرمانی هۆشیی خستبوون. ئەوانیش بابەتێکی بەکەڵکی لەشیی وایان لەبەردەستدا نەبوو کە پەنای بۆ بەرن. بەناچاری لە خەستەخانەوە ئەوانەیان گواستەوە بۆ پسپۆڕی لێکدانەوە. وایان لێ هات چەند مانگێک بەگێژوویژی ماندووە، نە ئامانجێکی دیاری کراویان هەبوو ڕووی تێ بکەن، نە گەرم و گوڕییەکیش لە خوێنیاندا بوو کەبیانخاتە گەڕ بۆ هەوڵ و تێکۆشان لەپێناو خۆ ڕزگارکردندا لەو دەردەی کە تووشیان بووبوو. جاری وات بەسەردا دێ کە هەر بتوانیت هۆش بەکار بهێنیت، نەک لەش. جاری وایشت بەسەردا دێ کە هەرگیز نەتوانیت هۆشت بەکار بهێنیت، لەشت بەکاردەهێنیت. بەم ڕەنگە بەپێی پێویست دەبێ خەمی بەکارهێنانی هۆش یاخود لەش بخۆین. پێویستە لەسەر ئەوانەی کە فەرمانیان دانیشتنی زۆر تێدایە، پڕ بەدڵ شتێک بۆ خۆیان بدۆزنەوە خەریکیان بکات لە کاتی بێ فەرمانیدا. هەروەها ئامۆژگاریی کرێکاری دەستی دەکەم، کەشتێکی وا بدۆزێتەوە بۆ خۆپێوە خەریک کردن کە خۆشی بەهۆشی بگەیێنێ. ئا بەم ڕەنگە لەنگەر ڕادەگیرێ. ئەگەر هاتوو شتێکی ناکاویش ڕووی دا، مرۆڤ شتێکی وای بۆ ماوەتەوە کە پشتی پێ ببەستێ بۆ بەرگەگرتنی تەنگوچەڵەمەکە و ئێش و ئازاری ڕووداوەکە. تێ بکۆشە لەنگەری خۆت ڕابگریت لە هەموو بارێکی ژیانتدا بەکار و



فەرمانی زۆر بڕستی خۆت مەبڕە. ئەگەر خۆت لە پەلوپۆ خست نابی بەپاڵەوان بەڵکو دەبیت بەشێتێک کە هاوتای نەبێ. لە کاتی بێ فەرمانی دا، هێز و توانای خۆت بەفیڕۆ مەدە. لەجیاتی ئەوە، خۆخاوکردنەوەیەکی وا بکە کە لەش و هۆشت ببووژێنەوە و گەشە بکەن. بام ئامانجی ئاشکرا و دیارت هەبێ. ڕێی خۆت بگرە و بەری مەدە تا دەیگەیتێ.

## هانەدان

هانەدان بەهێزترین هۆیە کە دەماری بڕست بڕاوی پێ ببوژێتەوە و گەشە بکا و بسرەوێ. وەک زانیومە لە ڕووسیادا خەریکن فلیمی پەسند پێشانی دەمار نەخۆشەکان[١] دەدەن، بۆ ئەمەی بزانن چ کارێک لە دەمار دەکەن. لە ئەنجامدا، دەرکەوت شتێکی زۆر بەکەڵکن بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە زوو هەڵدەچن، یاخود فێ دەیانگرێ. ئەمەم بۆیەکا دەرخست، کە هێزی هانەدانت پێشان بدەم نەوەک لەو کەسانەبیت کە لێی دوودڵ بیت. تێکڕا ئێمە لە هەموو کاتێکی ئاگاداریی ژیانماندا، هانەدانی ئەم و ئەو کارمان لێ دەکات. هەندێ کەس زۆرتر کاریان لێ دەکات. دەمارگرژەکان لەو کەسانەن. لەبەرئەوە پێویستە لە سەریان، بەرەنگاریی کارتێکردنی ئەو هانەدانی ئەم و ئەوە بکەن. ئەویش بەوەپێک دێ کە مەشقێکی هەموو دەمی بکەن لەسەر هانەدانی خۆیی. ئەمە بەسە، کە ئێمە لە سەردەمی پەلەپەلکردن و هەست وروژاندن و قرەقڕ و پشێویدا دەژین، بۆ ئەمەی دەمارگرژ و توند و تووڕەبین، تۆزە شتێک بمانکات بەگژ ئەم و ئەودا. پیاو مەگەر زۆر ئاسوودە و بەئارام بێ، ئەگینا خۆی پێ ناگیرێ دەبزوێنرێ. ماوەیەک لەمەوپێش نامەیەکم وەرگرت لە لاوێکەوە. بەهۆی نەخۆشییەکی لەشیەوە کەوتبوو لە جێگادا. لەگەڵ ئەمەیشدا کە ئەولاوە پەیوەندییەکی زۆری نەمابوو بەژیانی ئەمڕۆوە، هێشتا لە دەمارەکانیدا هەستی بەئازاری ئەو ژینە دەکرد. جاری وا هەبوو توند و تووڕە دەبوو. دڵنیا بووم کە ئەو ڕووداوانە لە نەخۆشییەکە خۆیەوە پەیدا نەبووبوون. زۆر جاری وا هەبوو دەترسام لەوەی ڕۆژنامەکانی بەیانیانی بکاتەوە، نەوەک لە ڕێی هاندانەوە خەموخەفەتی پێ بگەیێنێ. ئەم پشێوی و پەشۆکاوییەی کە لە هەموو شوێنێک دەیبینین، ئەوە پێشان دەدا کە لە جیهاندا نەخۆشییەکی دەماریی جیهانی هەیە. بەڵام ئێمەیش پێویستە لەسەرمان کە ماوە نەدەین بەخۆمان بەشداربین لە دروستکردنی ئەو پشێوی و پەشۆکاوییەدا. ئەگەر وریا نەبین، خۆیشمان دەکەوینە ئەو گێژاوەوە هەموو دەم دەبێ وا بەخۆمان بڵێین: «جیهان بەتیژی

(١) واتا: (مرضى الأعصاب).

دەڕوا. لێی دەگەڕێم بام تیژ بڕوا. زۆربەی مرۆڤ بەدوای شتی وادا دەگەڕێن کە بیانبزوێنێ بام من بەدوای شتی ئاساییدا بگەڕێم. بۆرەپیاوان حەز بەپشێوی و دەنگەدەنگ دەکەن. بەڵام من لە ڕابواردنی هێمنانە، بەخۆشیی سادەوە وازناهێنم» . ئەگەر ئێمە ئەم تەرحە واتانەمان بۆ خۆمان دووبارە کردەوە زۆرتر لەبارماندا دەبێ کە لە ژیانی ئەم سەردەمە لە لەش و هۆشماندا کەم بکەینەوە. پشێویی دەمارەکان بەستراوە بەپشێویی بیرەوە. کەواتە هێشتا بەتەواوەتی نەمانتوانیوە پەی بەوە بەرین کە تا چ ئەندازەیەک دەتوانین زاڵ ببین بەسەر ژیانی هۆشماندا. تا لەسەر ئەم زاڵبوونە مەشق بکەین، هێز و کەڵکی زۆرتر دەبێ. بێ ئەمەی خۆمان تووشی ئەرکی ئەو خۆچاککردنەوەیە بکەین کە لەمەوپێش پێشانمان دا، بێ ئەمەی پارە بەخت بکەین، دەتوانین ئەو فیلمەی کە پێویستمان بێت لە ئەندێشەماندا بیهێنینە پێش چاومان. لەسەر کورسییەکی نەرمونۆڵ دابنیشە. تەواو خۆت خاوبکەرەوە. هەروەکو لە بەستەکەدا دەڵێ:

«هەردوو چاوت بنووقێنە. ئەوی ئاواتی بۆ دەخوازیت، ئەوی ئارەزووی دەکەیت، بیانهێنەرە پێش چاوت!» .

کە دەستت بپەرژێ، وچانێک بدەیت، خۆت دەزانیت چ شتێک حەز لێ دەکەیت و ئاواتی بۆ دەخوازیت. ئایا ئەمانە نییە: چاوئەندازە جوانەکانی سروشت گوڵ و گوڵزار، دار و درەخت بەو کزەبایەوە کە دەیانشەکێنێتەوە، زریە[1] کە شەپۆل دەدا، ڕووبار کە خوڕە دەکات، ئاسمان کە شین دەکاتەوە، ئەمستێران کە دەجریوێنەوە؟[2]

دەتوانیت لە جیهانی ئەندێشەتدا، خۆشی لەم هەموو شتانە ببینیت، ئەگەر حەز بکەیت. لە ڕاستیدا هەرچەند لەمەدا مەند و زرنگ بیت، تا قووڵتر بیری لێ بکەیتەوە، ئەمەندە لە سەرخۆ و دڵخۆش دەبیت لە ژیانتدا. وا هەڵ دەگرێ کە وتبێتت بەخۆت،[3] جیهان پڕی لە جوانی و خۆشییە، ئەم پشێوییە ئاودامانەیش کە گرتوێتییەوە، ئەگەر خۆمان بمانەوێ، ناتوانێ لەو جوانی و خۆشییە بێ بەشمان بکات. هەروەها دەتوانین قسەی نەستەق و گاڵتەوگەپیش بکەین بەدەرمانێک بۆ چاکبوونەوە لە نەخۆشیی دڵتەنگیی گشتیی. دەتوانیت هەوای باڵی خۆت بدەیت و هەستی پەنگخواردووی ناو دەروونت دەربڕی بەوەی

(١) زەریا، دەریا.

(٢) یان: دەجریوێنن. دەچریسکێنەوە.

(٣) کە بەخۆتت وتبێ.



لەسەر کورسییەکی درێژ ڕابکشێیت و، بیر لەو شتە پێکەنینهێنەرانە بکەیتەوە کە دیوتن یان بیستووتن. زۆر جاری وا هەیە بەگرژی و مۆنییەوە بەتەنیادا دەنیشیت، کەچی لەپڕ شتێکی بەزم هێنەر دێت بەبیرتدا، بەزۆر دەتهێنێتە پێکەنین. تەنیا زەردەخەنەیەک بەسە بۆ ئەمەی خوێن لە ڕەگەکانی لەشتدا ببزوێنێ، پاشان هەستت پێ بکا بەسرەوت و خاوبوونەوە و دڵخۆشی. بیر لە قسەی نەستەق و گاڵتەوگەپەکانی تریش بکەرەوە. زۆری پێ ناچێ، دەگۆڕێی، دەبێتە کەسێکی تر. ئەگەر قسەی خۆش و گەپت زۆر لەبەر نەبێ، دەتوانیت لە هەندێ گۆڤار و ڕۆژنامەی پێکەنین هێنەرەوە، دەریان بهێنیت. دوور نییە، پێکەنین، چاکترین دەرمان بێ، بۆ چاک کردنەوەی نەخۆشیی دەمارگرژی. بڕوام وایە کە زۆر پیاو بەهیچ ڕزگاریان نەبووە لە دەست خۆکوشتن، بەچەند پێکەنینێک نەبێ کەلە کانی دڵەوە هاتوونەتە دەرێ. نەهێڵیت خۆپاراستن لەوەت بێ بەش بکات کە نرخ بدەیت بەڕووی پێکەنینی ژیان. کە تەنیا مایتەوە لەگەڵ خۆتدا، ئەم گاڵتەو گەپانە سەرلەنوێ لە کەللەتدا ببوژێنەرەوە. تێ بکۆشە هەموودەم تێکەڵی ئەوانە ببی کە دڵیان پڕە لە خۆشیی ژیان – ئەوانەی خۆش بین، کامەرانن. گرینۆک و ڕەش بینە ڕێژگاوەکان، دەمارەکانت دەوروژێنن، ڕووناکی ژین لە دڵتدا ناهێڵن. ئەوانەی کامەرانن، حەزناکەن گوێ لە چیرۆکە دڵتەنگکەرەکانی تۆ بگرن. بۆتۆ واچاکترە کە واز لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەت بهێنیت، لای ئەم و ئەو، لەجیاتیی ئەوە بگەڕێیت بۆ ئەو دۆستە کۆنانەی کە دڵ و دەروونیان پێت دەسووتێ. تەنانەت ئەوانیش بۆیەکا گوێ لە چیرۆکەکەت دەگرن چونکە خۆشییەکی ئاوەژوویان پێ دەگات لەو ئازار و دەردەسەرییە کە تووشی تۆ هاتوون. (کەتۆ بەو دەردەوە دەبینن، خۆیان لە تۆ گەورەتر دێتە پێش چاو، بۆیەکا دڵخۆش دەبن!) . هەرچەندێ دەمار گرژبێت، ئازاری خۆت بەگوێی هیچ کەسێکدا مەدە. تەنانەت ئەگەر لێشیان پرسیت چۆنی؟

بام دڵتەنگیش بیت، پێیان بڵێ: «ئەوە! هەرچەندە ئێستا ئەوەندە بەگوڕ و هێزنیم، بەڵام تا ساتێ دوو ساتی تر چاک دەبم» . تۆ بەو وەرامە خەمی هانەدانی خراپت بۆ خۆت، لەکۆڵ خۆت کردەوە، کە بڵێیی باش نیم. هەروەها هانەی خۆتت دا کە زۆری پێ ناچێ تەواو چاک دەبێتەوە. تالەوە بیر بکەیتەوە تێ دەگەیت بەئاشکرایی، کە ئەم و ئەو تێ گەیاندن لە چۆنێتیی دەمارەکانت. کردەوەیەکی خراپ و بەدئەنجامە. بەڵام ئەگەر پیاوێک هەبێ خاوەن زانست و توانا، بتوانێ یارمەتیت بدات لە چاکبوونەوەی دەمارەکانتدا، قەی ناکات بچۆ هەموو شتێکی بۆ بگێڕەرەوە. بەڵام لەبیرت نەچێ کە لە سەد کەسدا یەکێکی

وات دەست دەکەوێ، کە خاوەنی زانست بێ یان توانایی، یاخود خاوەنی هەردووکیان بێ. وشەی چاپکراو، بەچاک بێ یان خراپ، کارێکی گەورە دەکات. ڕۆژنامەنووسەکان، لە هەموو کەس زۆرتر ئەمە دەزانن. چەندم ئاوات خواستووە کە ئەو نووسینانەی پێشکەشی خوێندەوارانی دەکەن، شتی باش بن، دەمارەکانیان نەورووژێنن. بزواندنی هەست یان وروژاندنی زیانێکی زۆر گەورە دەدا لە دەمارگرژەکان. پێویستە زۆر بەژیری ڕۆژنامە و گۆڤار و نووسراوان هەڵ ببژێری بۆ خوێندنەوەت. خۆت دووربخەرەوە لە خوێندنەوەی کارەساتی کوشتن و خۆکوشتن و شەڕوشۆڕ و ناخۆشی. خوێندنەوەی ئەم بابەتانە، ئەگەر باش بیری لێ بکەیتەوە بەکاری تۆ نایەت. لە هەموو ڕۆژنامەکەیدا تێکڕا زۆر بابەتی بەکەڵک و گەشە پێ دەر هەیە. تەنیا ئەوانە بخوێنەرەوە. بۆ ئەمەی هۆشت ئارام بگرێ. ئەوە چاکترە لەوەی بەبابەتی بێ هۆشکەرەی هەست و مێشکی خۆت تێک بدەیت و دڵی خۆت تەنگ بکەیت. دوو ڕێگا هەیە بۆ بەکارهێنانی وشەی چاپکراو بۆ ئەمەی هانەت بدەن بۆ چاکی. یەکەم: لە دەفتەرێکدا وتە هەڵبژاردەکانت کۆبکەیتەوە. دووەم: ئەو قسە نەستەق و پەندی پێشینان و وتە باشانەی کە بەکاری ژیان دێن دیواریان پێ بڕازێنیتەوە. ڕۆژ نییە لە کاتی خوێندنەوەدا، چاوت بەزۆر وتەی بەنرخ و پەندی نایاب نەکەوێ کە بێ خۆماندووکردن بەبیرکردنەوەوە، تێ دەگەیت پەسند و بەکەڵکن. خۆت ڕابهێنە بەوەوە، کەدەفتەرێکی بچووک، هەمووەدەم لە گیرفانتدا هەڵبگریت، بۆ ئەمەی ئەم جۆرە وتانەی تێدا بنووسیتەوە، نەوەک لە بیرت بچنەوە. هەر دەمێک، وچانێکی کورتت دەست کەوت، دەتوانیت گەشتێک بکەیت بەناو گەنجینەکانی ئەو وتە هەڵبژێرراوانەتدا. زۆری پێ ناچێ، تێ دەگەیت کە بەهۆی زۆر خوێندنەوەوە ئەو وتانەت چۆتەبەر[1] ولەبیرت ناچنەوە.

ئەوساکە باشتر بەکەڵکت دێن. چونکە هەروەک وتوویانە: ئەو بیرە باشەی لە کەللەدایە، دوو ئەوەندەی هی ناو نووسراو نرخی هەیە.

بەڵام ئەو پەندی پێشنیان و قسەی ژیرانە کە دەتەوێ لە ژووری نووسینتدا، یاخود هی نوستنتدا هەڵیان بواسی ئامۆژگاریت دەکەم لەوانە بن کە بەکەڵکی خۆخاوکردنەوە بێن. ئەگەر پێت ناکرێن، خۆت دروستیان بکە.

دەتوانیت لەسەر تەختەیەکی سێ توێی وتەکان بنووسیتەوە. پاشان بەپارچە ئاسنێکی سوورەوەکراو پیتەکان بسووتێنیت. بێ گومان ئەمە ڕێگایەکی باش و بەکەڵکە بۆ خۆش

(١) یان: ئەو وتانەت لەبەر کردووە...



ڕابواردن لە شەوانی ساردوسڕی زستاندا. حەز دەکەم ئەم وتانە بکەم بەپێشنیاز: «لەڕێی خۆتەوە بڕۆ، لە کاتی خۆیدا دەگەیتە ئامانجت». «بۆیەکا پەلە دەکەیت کە کاتت دەست بکەوێ؟ چی لە کات دەکەیت ئەگەر دەستت کەوت؟». «لەسەرخۆبە. ئەگەر سەرت لە دەستچوو، هیچت بۆ نامێنێتەوە ماندوێتی و سەرگەردانی نەبێ».

هەرچی لەم بابەتە نووسینانە بێت باش و بەکەڵکە. ئەو ئامۆژگارییانەی بەدڵتن لە سەروو پێخەف یاخود جێ نووسینەکەتەوە هەڵیان بواسە. پێش ئەمەی دوایی بەکەینەوبەینەی (هانەدان) بهێنم، دەمەوێ بیرت بخەمەوە کەکاتی (هاندانی خۆیی)ی هەرە باش دووانە: یەکێکیان پاش نوستن. یەکێکیشیان پێش نوستن. ڕەنگە ئەمە بزانیت. بەڵام ئایا لەم زانینە کەڵکت وەرگرتووە؟

پێویستە کەڵکی لێ وەربگری. لە کاتی لەخەو هەستاندا، ئەوبیرانەی لەپێشدا بەمێشکدا دێن بەزۆری دڵخۆش ناکەن. گیروگرفتی کاروفەرمان هەیە، تەنگ و چەڵەمە هەیە چاوەڕوانیت دەکەن. هەر هیچ نەبێ سەر گرانیت هەیە ئەم بیرانە هەموو فڕێ دە لە مێشکت دەریان بکەرە دەرەوە. لە پەنجەرەوە تەماشای دارودرەخت و گوڵ و گوڵزار بکە. تەماشای پەلەوەر بکە. تۆزێ خۆت بکێشەرەوە. ئنجا هەڵسەرە سەرپێ و هەندێ هەناسەی قووڵ بدە.

بەخۆت بڵێ: «ژین بەڕاستی خۆشە». پاشان دەست بکە بەفیکەکێشان و گۆرانی گوتن. بڕیاربدە، لە کاتی دەم و چاوشتن و ڕیش تاشین و خۆ پۆشتە کردنەوەدا دڵخۆش و دەم بە پێکەنین بیت. بیرت بخەرە سەرئەوە کە خۆشی لە ناشتای بەیانیان ببینی تا کەخرایە بەر دەمت بەتەواوی خۆشیی لێ ببینی. سەرت سور دەمێنی کە بزانیت زۆر بەئاسانی ئەم ڕەوشتەت لێ دەبێ بەخوو. هەربەم جۆرە کاتی خەوتنانیشت بەئاسانی لێ دەبێ بەخوو. خەم هەموو دەم ئامادەیە کە لەگەڵتدا بێتە پێخەفەکەتەوە. دەریان پەڕێنە لە کەللەت. نووچ بگرە لەسەر ئەوەی کە چاو ئەندازانی شەنگ و گەش بهێنیتە پێش چاوی خۆت، وەک ئەو فیلمە خۆشەی کە لە ئەندێشەتدا دروستت کردووە. لەبیرت نەچێ کەتۆ لەیەک کاتدا ناتوانی بیر لە دووشت بکەیتەوە.

پێویستە یەکێ لەم دوو جۆرە بیرانە هەڵببژێریت: ئەو بیرانەی کامەرانیت پێ دەبەخشن. ئەو بیرانەی دڵتەنگیت پێ دەبەخشن. ئەم تواناییە لە خۆتدا پێ بگەیێنە، تا بەتەواوەتی زاڵ دەبی بەسەر بیرتدا.

## دەنگەدەنگ[1]

دەنگەدەنگ کە بەراووردی بکەیت لەگەڵ خۆخاوکردنەوەدا دەبێتە بابەتێکی خۆشی ڕاستەقینە. زۆرمان وا دەزانین دەنگەدەنگ هۆیەکە لەو هۆیانەی کەناهێڵن خۆ خاوکردنەوە و سرەوت بەخۆدان سەربگرن. بەڵام بەلای منەوە دەنگەدەنگ ئازارێکی گەورەی وای ئارامی دەمارەکانمان نادا ئەگەر بێتو ژینێکی دروست بژین و بەتەواوەتی لەسەر یاسای سروشت برۆین بەرێوە. کەچی خەم و ترس و دڵتەنگی، هەر کامێکیان بگری، دەتوانێ دەمارەکانمان کزوپەرێشان بکات. لەبەرئەوە وام دێتە پێش چاو کە ترسی دەنگەدەنگ و دەمارتێکچوون بەهۆی ئەوەوە، ڕوویەک بن لە ڕووەکانی دەمارگرژی، نەک هۆیەک بن لە هۆیەکانی دەمارگرژی. ئنجا کەبڕوات بەوە کرد، ترسی دەنگەدەنگ ڕوویەکە لە ڕووەکانی دەمارگرژی، هیچ لە ئارادا نامێنێ ئەوەنەبێ کە هەوڵ بدەیت، بەوجۆرەی لەوەپێش پێشانم دایت، دەمارگرژییەکەت کەم بکەیتەوە. زۆرتر لەو باوەڕەدام کە تۆ تەندروست نەبیت.

ئەگینا دەبوو تائەندازەیەکی باش بەرگەی دەنگەدەنگت بگرتایە و پێی تێک نەچوویتایە. جیهان هەرگیز لە دەنگەدەنگ و قرەقرِی خۆی کەم ناکاتەوە.

بەڵکو بەپێچەوانەوە بەلای ئەوەدا دەچێ کە ڕۆژ بەڕۆژ لێی زۆرتر بکات، ئایا ئیتر تۆیش هەر لەسەر تووڕەیی خۆت دەمێنیتەوە کە تووشی دەنگەدەنگ یاخود قرە قرێک ببیت؟ یاخود خۆت لە دەست ئەم زۆرداره بەسامە ڕزگار دەکەیت؟ دەنگەدەنگ ناتوانێ زیانمان پێ ببەخشێ، تا خۆمان ڕیگای نەدەین، تا دەمارەکانمان گرژتری لێ بێ ماوەی زۆرتر دەدەین بەدەنگەدەنگ کە ئازارمان بدات. ئەگەر بەتەواوی لەخاوبوونەوەدابێ، هیچ دەنگێک نییە بتوانێ دات بچڵەکێنێ، یاخود بت ترسێنێ، مەگەر گرمەیەکی یەجگار زل بێ. بەڵام ئەگەر دەمارەکانت، هەموو دەم، وروژاو بن هیچ ناپەرموویتەوە لەوەی کە جنێو بەوپشیلە بەسەزمانە بدەیت کە بەناو هەوارەکەتدا دەسووڕێتەوە. بەلای منەوە ئەوە ژیری نییە کە مرۆڤ لە دەنگەدەنگ هەڕا بکات. لە ڕووی وێژەییەوە ئەوە بیرێکی خراپە. چونکە خۆت لای خۆت سووک دەکەیت. وایش لەخۆت دەکەیت کە بزانیت مرۆڤێکی ناتەواوی. هەروەها کارەکە. لە ڕووی ئابووریيشەوە خراپە چونکە دەنگەدەنگ لە هەرکوێ یەک ببێ. لەوێدا سامان دەست دەکەوێت. ئێمەیش هەموو پێویستیمان بەوەندە هەیە کە پێی بژین. بەڵام ئەگەر تۆ یەجگار شپرزەیت بەدەست

(١) (الضوضاء).



دەمار وروژاوییەوە، واباشە جێگایەکی بێ دەنگو سەنگ بۆ خۆت بدۆزیتەوە، تاماوەیەکی باش تێیدا بسرەویت. هەر تەنیا چەند حەفتەیەک لە لادێدا ڕابـبوێری و مەشقەکانی خۆ خاو کردنەوە و هەناسەدان بکەیت، وات لێ دێ کە زوو بەزوو بچیتەوە سەر دۆخی جاران. هیچ گومانێکم نییە لەوەی کە لە دانیشتووانی شارەکان، ئەوانەی کە خاوەنی کار و فەرمانن، باشتر کەڵک لە وچانەکانی ساڵێ یان[1] وەردەگرن، ئەگەر بێتو پەنا بەرنە بەر ئاسایش و بێ دەنگیی لادێ، لەجیاتی دەنگەدەنگ و بگرە و بەردەی بەزمگاکانی ناوشارەکان. بەهەموو ڕەنگ، ئەگەر لە شوێنێکدا بیت کە پڕ بێ لە دەنگەدەنگ، واچاکترە بچیتە جێگایەکی بێ دەنگ و سەنگ، کە لەوێ مەشقەکانت بکەیت. پاش ئەوە دەتوانیت بزانیت تا چەند بووژاویتەوە ئەگەر سەرنج لە چۆنێتیی دەمار وروژانت بدەیت، لە کاتی پەیدابوونی قرەقر و دەنگەدەنگێکدا. هەموو دەم لە دەنگەدەنگ هەڕامەکە. چونکە بەرئەوەی خەریکی ئەوەیت دەمارەکانت خاوتر بکەیتەوە، دڵنیابە ڕۆژ بەڕۆژ، دەنگەدەنگ کەمتر کارت لێ دەکات. ڕەنگە سەرت سوڕبمێنێ کە بڵێم وات لێ دێ، خۆت لەخۆتەوە حەز لە هەندێ دەنگەدەنگ زۆرتر دەکەیت تا بێ دەنگیی مردووانە. ئەو ساکە زۆرتر لە مرۆڤێکی تەواو دەکەیت.

## ڕەنگ

بەتاقیکردنەوەدا دەرکەوت کە (ڕەنگ) کارێکی گەورە دەکات لە دەمار.

تەنانەت شێوەیەکی دەمار چاک کردنەوەیان داهێناوە، ناویان ناوە (چاک کردنەوە بەڕەنگ). خۆت دەیزانی، کە لە ڕۆژێکی ڕووناکی پڕخۆردا، دڵی خۆت، خۆشتر دەبینی. ڕۆژگاری ساردوسڕ دڵ تەنگ دەکەن. لێرەیشدا وامان چاو پێ دەکەوێ کە مرۆڤی دەمار گرژ، پتر ئەو دوو جۆرە ڕۆژە کاریان لێ دەکات. کەچی مرۆڤی خاوەن دەماری بەهێز و لە سەرخۆ ئەم جۆرە ئەوەندە کاری تێ ناکات. هەر چۆنێک بێ، ماوە بەرەڵلایە بۆتۆ، تابتەوێ لەم دەستووره کەڵک وەربگری. ژینی ئیمرۆ بایەخ بەڕەنگ زۆرتر دەدات لە جاران. تەنانەت کەل و پەلە سادەکانی ناوماڵیش وایان لێ کراوە، کە ڕەنگەکانیان گەش و جوان بن و دڵ کێش بکەن. کەچی لەوەپێش ڕەنگەکانیان تاریک و دڵتەنگکەربوون. ئەوەیش گۆڕانێکە بێگومان بەرەو چاکترمان دەبات. چونکە ڕەنگی گەش دڵ دەبزوێنێ، نرخ دەدا بەهەموو شتێک، تەنانەت بەشتی پڕ و پووچیش. هەر چۆنێک بێ، ئەوکەسەی

(١) ڕاستتر: مۆڵەتەکانی ساڵانەیان (العطلات السنوية).

دەماری لە تێکچووندابێ، پێویستە، خەمی ڕەنگ بخوات و بایەخێکی وای پێ بدات کە لە ئەندازەی (گەش) و (تاریک) یشەوە بەولاوە تر بێ. ئەگەر دەمارەکانت گرژ بووبن، پێویستە پێت بڵێم: گەلێک ڕەنگ هەن، دەتوانن زۆر گرژیان بکەن، ئەگەر ماوەیەکی زۆر بهێڵی کارت تێ بکەن. نرخی ئەمە زۆرتر دەردەکەوێ، لەوەدا، کە بزانین باوی ئێستا ئەوەتا چرای ئەلەکتریک بەکڵاوی ڕەنگاو ڕەنگەوە بەکار دەهێنرێ. لە ڕۆژگاری درێژی زستاناندا[١]، ناچار دەبین زۆر کاتمان لەبەر ڕووناکیی دەستکرددا بەسەر ببەین. لەبەرئەوە پێویستە لە هەڵبژاردنی ڕەنگی ڕووناکیدا زۆر ژیری و شارەزایی بنوێنین. ڕەنگی سوور دەمار دەورووژێنێ. جێی داخە کە هەمووکەس زۆرتر کڵاوی سوور هەڵدەبژێرن بۆ چراکانیان... هۆی ئەمەیش ئەوەیە کە کڵاوە سوورەکان، وا دێنە پێش چاو کە گەرم و گوڕبن و لەش گەرم بکەنەوە. ڕەنگی زەردیش وەک ڕەنگی سوور وایە، دەمار دەورووژێنێ، دڵ دەبزوێنێ.

سەوز و شین– بەتایبەتی شین – دەمار خاو دەکەنەوە، ئایا جێگای سەرنجدان نییە کە لە هەموو ڕۆژێکی هاویندا، تێکڕا لەو دوو ڕەنگە بەولاوە هیچ ڕەنگێکی ترمان چاو پێ ناکەوێ؟ جا چونکە ئەو کڵاوی چرایانە لە ئێوارإندا بەکار دەهێنرێن، هەروەها لەبەرئەوەی لەپێش خەوتناندا پێویستمان بەهێمنی هەیە، واپەسندە کە ڕەنگی سەوز یاخود شینمان بۆ هەڵبژێرین. نەک ڕەنگی سوور و زەرد. بەلای منەوە شین چاکترە لە سەوز. ئەم دەستوورە پێویستە لەسەر ڕەنگی ژووری نوستن و هەموو ژوورەکانی تریش بەجێ بهێنرێ. بەڵام کە بەیانیان هەڵساین لەخەو، پێویستە کەڵک لە ڕەنگە ورياکەرەوەکان وەربگرین. پێشنیازی من ئەوەیە کە ڕەنگی دیوارەکانی ژووری نوستننت زەردێکی کاڵ بێ. ئەگەر ڕێم هەبێ لە بابەت ڕازاندنەوەی ژوورەکەتەوە قسە بکەم، پێشنیازم ئەوەیە کە وێنە هونەرییەکان ڕەنگیان سەوزێکی وەک ڕەنگی سێوابێ. چونکە ئەم ڕەنگە لە ڕەنگی دیوارە زەرد باوەکانی تر دەوەشێتەوە و، یەجگار دڵ کێش دەکات. ڕەنگی زەرد، تەنیا هەر وریاکەرەوە نییە. تیشکی ڕۆژیشمان دەهێنێننەوە یاد، کە حەز دەکەین هەموو بەیانیانێک بیبینین و کەچی بەدانسقە چاومان پێی دەکەوێ، جگە لە ڕەنگی بۆر و ڕەنگی خۆڵەمێشی، کە کەم و زۆر کاریگەرییان لە دەماردا بەلای ناسازیدا دەچێ، چوار ڕەنگەکەی تر کەلەوە پێش لێیان دووام، لە هەموو ڕەنگەکانی تر باوتر و بڵاوترن. کەواتە لەبیرت نەچێ: کە ڕەنگی شین و سەوز بەکەڵکی دەمار خاوکردنەوە و هێمنی دێن. ڕەنگی سوور و زەردیش بەکەڵکی وریاکردنەوە دێن. یەک دووکەینەوبەینە یەک ماوە لەبابەت ڕووناکی و سێبەرەوە پێویستە لێیان بدوێین. کاتی مەشقکردن لەسەر خۆخاوکردنەوە، واچاکترە، ژوورەکە ڕووناکیی زۆر نەبێ. پەردەکان دادەرەوە. بەڵام تا ئەندازەیەکی وانەبێ کە ژوورەکە تاریک و نووتەک بکات و ببێتە هۆی دڵتەنگی. هەروەها واباشترە کە پشتت بکەیتە پەنجەرەکە. چونکە ئەگەر چاویشت بقووچێنی، هەندێک لە ڕووناکیی بەهێز هەر دەچێتە گلێنەکانتەوە، حەز دەکەیت ئەمە تاقی بکەرەوە لە هاویندا کە تیشکی ڕۆژ زۆر بەهێز دەبێ، واچاکە چاویلکەیەکی تاریک بکەیتە چاوت. چونکە پەیوەندییەکی زۆر هەیە لە ناوەند چاو ماندووکردن و دەمارگرژییدا. بێجگە لە کارتێکردنی ڕووناکییەکە، دەمار گرژییەکەیش، زۆری پێ ناچێ هەردوو چاوەکان و ناوەندیان دەهێنێتەژان. بەرامبەر ئەوە ئەو ژانەی ڕووناکیی بەهێزەوە پەیدا بووبێ، لەباریدا هەیە دەمار بورووژێنێ و پیاو تووشی توندی و تووڕەیی بکات. بام خوێندەواران، ڕێم بدەن، چەند وشەیەکی تریش لە بابەت ڕەنگەوە بڵێم. گەشیی ڕەنگ لە بەرگ و پۆشەنیدا، دڵی خاوەن بەرگ و دڵی ئەوانەی دەیبینن وریا دەکاتەوە، لەبیرت نەچێ کە دەتوانین بەرگ و پۆشەنیمان گەش و پرشنگدار بکەین بێ ئەمەی بەڕەنگی زەڕقی و ناساز و نیگاری ناپەسند پڕی بکەینەوە. وەک دەبینم: دڵتەنگەکان، هەموو دەم، بەرگ و پۆشی ڕەنگ تاریک لەبەر دەکەن. وا دیارە ئەو بەرگانە دەپۆشن کە لەگەڵ دڵیاندا ڕێک دەکەوێ. ناچن، بەهۆی بەرگ و پۆشەنییەوە هەستی دڵ و دەروونیان بڵند بکەنەوە. ئەمانە هەرچەندە وردە بابەتن. بەڵام لە کۆڕی دەمار چاک – کردنەوەدا، دەمەوێ هەمووەدەم بایەخیان پێ بدرێ. تنۆکە ئاوێک، ڕەنگە بەکاری هیچ نەیەت و، هەرگیز نەیێتە بەرچاو. بەڵام بەسێ هەزار تنۆکە ئاوی وەها دەتوانیت تینوێتیت بشکێنی. کەواتە لەمڕۆوە ڕەنگ بخەرە ناو پێڕەویی تازەتەوە، ژیرانە و وەستایانە بەکاری بهێنە، ڕەنگە ئەنجامە باشەکانی زوو بەزوو دەردەکەون. بەڵام ئەو کاری خۆی هەر دەکات تا دەگات بەئەنجام.

(١) لە زستاندا شەوگار درێژە نەک ڕۆژگار. دەبو بوترایە: (لەڕۆژەکانی زستاندا).

## خۆرشت

خەمی ئەوەم نییە کە بەم دەم و دەستە لە بابەت خۆرشتەوە، بەدرێژی، بدوێم. بەڵام یەک دووکەینەوبەینەی خۆرشت هەن، پێویستە باش لێیان بدوێم. چونکە پەیوەندییان هەیە بەبابەتی خۆخاوکردنەوە و سرەوت بەخۆدانەوە. پێش هەموو شتێک دەڵێم: ئەوانەی تووشی دەمارگرژی بوون هەست بەخۆیان دەکەن نیشانەی لەشیان سەنگێ (چوار لیبرە). دوو سەنگی کەمکردووە. ئەگەر لەوەپێش مرۆڤێکی تەواو بووین لە کێشانەی لەشدا، بێ گومان پڕ بەدڵ دەیانەوێ ئەو کێشانە کەمییەیان پڕبکەنەوە. هەموودەم گوتوومە پێویستە پارێز لە ڕۆن بکرێ. بەڵام زۆر لە دەمارگرژەکان تائەندازەیەکی گەورە لەڕ و لاوازن. وا دیارە دەمار کەڵک لەوە دەبینێ کە گۆشت بەباشی دەور و پشتی بگرێ. ئەمە لەوێ بوەستێ. کێشانەیەکی پەسند. وا لەدڵ دەکات کە هەست بەدامەزراوی و لەنگەرێک بکات. کێشانەی لەش – لەناو دەمار گرژەکاندا – بەندنییە بەکەم و زۆریی خۆرشتەوە، ئەوەندەی بەندە بەچۆنێتی خۆرشت خواردنەکەیانەوە. مرۆڤێک نیو ئەوەندەی خۆرشتێکی دیاری کراو لەسەرخۆ بەهێمنی بخوات، پارووەکان یەک بەیەک باش بجوێت. یەجگار لەوە چاکترە کە هەموو خۆرشتەکە بەپەلەپەل بکات بەقوڕگیدا و قووتی بدات. خۆم تاقیم کردۆتەوە، دەیزانم کە لە کاتی دەمار گرژیدا مرۆڤ چۆن پارووەکان قووت دەدات. وەک ژیانی چەند هەناسەیەکی مابێ وەها پەلەپەل دەکات. خواردنێ کە بەم جۆرە بخورێ. کەڵکێکی زۆر کەمی دەبێ ئەمە لەوێ بوەستێ. ئەوەندەی نەماوە بڵێم: هیچ شتێک لەوە خراپتر نییە بۆ دەمارگرژی، کە خواردن بەپەلەپەل. بخرێتە ورگەوە. ئەو ناسازیی لەشەی کە لەوەوە پەیدادەبێ. دوور نییە درێژە بەخۆی بدات تا دەمی ژەمی دووەم دێتە پێشەوە. پێویستە، بەخواردنی لەسەرخۆوە خۆت ڕابهێنی. بەخۆڕایی مەڵێ ناتوانم خۆم ڕابهێنم. چونکە لەڕاستیدا دەتوانیت.هەتا خۆت بەم خووە وە ڕادەهێنیت، خەریک بە لە کاتی نان خواردندا، سووکە وتار لە ڕۆژنامەکەتدا بخوێنەرەوە. بۆ هەموو ژەمێک کاتێکی دیاری کراو دابنێ. خۆت وا ڕابهێنە کە ئەوکاتە هەمووی لەسەر خوانەکە ڕاببوێری. تێ بکۆشە خۆشی لە خواردنەکەت ببینی. نووچ گرتن لەسەر ئەمە دەتخاتە سەر ئەوەی کە لەسەرخۆ خواردنەکەت بخۆیت و هۆشت لە بیرەوەریی ناخۆش ڕزگار بکەیت. ئەو لاوازییەی کە دەمارگرژەکان هەستی پێ دەکەن. بەوە چارەناکرێ کە کۆمەڵەیەکی گەورە خواردەمەنیی چەورونەرم بخۆن، بەوە چارە دەکرێ کە خواردنێکی سووک لە شێوەیەکی هێمنی و ئارامدا



بخۆن. خواردنی سووک هۆش بەپاکییەوە ڕادەگرێ، لەشیش بەووریاییەوە بەڵام زۆرخۆری، بەنیازی قەڵەوبوون، بەپێچەوانەی ئارەزووەوە، زیان دەبەخشێ بە لەش و هۆش چونکە دەبێتە هۆی سستی بۆ خوێن گەڕان و ئاو سانی ڕەگەکان لەزۆربەی ئەندامەکانی لەشدا. بەهەموو ڕەنگ ئەو قەڵەوییەی کە زۆر بەخێرایی دەست کەوتبێ، کەڵکێکی ئەوتۆی نابێ، چونکە بەتۆزە ورووژاندنێکی دەمار لەناو دەچێ. بۆ تۆ هەروا باشترە، کە خەریک بیت لەشت بەرە بەرە بەهێواشی دابڕێژیت. ئەویش بەوە پێک دێ کە خۆرشتێکی نایاب و پەسند لەشێوەیەکی بەئەندازەدا هەموو ڕۆژ بخۆیت. من لەوانەم کە بڕوا بەکەڵکی شیر و ئەو خۆرشتانە دەکەن کە لە شیر دروستیان دەکەین. هیچ نیوەڕوانێک نییە کاسەیەک فڕنی لەسەر خوانەکەم دانەنێم. ئەم خووەیشم لەوساوە گرتووە کە پەیم بەنرخی ئەم خۆرشتە بردووە. کەچی لەوەپێش پێم نەدەکرا چاوم بەکاسەیەک فڕنی بکەوێ. تەنانەت ئێستەیش بەپارچەیەک میوەوە نەبێ فڕنیم بۆ ناخورێ. دیارە کە میوە و فڕنی، یاخود میوە و شیری بەشەکر شیرین کراو، خۆرشتێکی ناوازە پێک دەهێنن بەلای زانستی تەندروستییەوە. والتەر پیتکین Waltor Pitrn لە نووسراوەکەیدا: (کاروبار بەئاسانی چارە بکە = Taks it easy) زۆر بایەخ بەگرنگیی خۆرشتی شیر دەدات.

بڕوای وایە کە کالسیۆم زۆر بەکەڵکی دەمار خاوکردنەوە و سرەوت پێدانی دێ، تەنانەت لەخۆیشیدا تاقیی کردۆتەوە. ئەو ڕۆژانەی شیرنەخوات، هەست بەکەم و کوورییەک دەکات لە دەمارەکانیدا. لەخواردندا دەبێ دوو شت بخرێتە بەرچاو. یەکەم: نەهێڵرێ ترشایی بکەوێتە خوێنەوە. دووەم: جگەر بەتەندروستی بهێڵرێتەوە تا بەدروستی فەرمانی خۆی ببینێ. جا هیچ شتێک وەک ترشایی نییە، کەکەوتە خوێنەوە، دەم و دەست دەمارەکان دەورووژێنێ. بڵاوبوونەوەی ئەم دەردەیش بەوەدا دەزانین کە کۆمەڵەیەکی گەورە لەتۆزی ئەلکەلاین (Alwdero Powdaro) و بابەتی وەک ئەو، هەموو دەم دەفرۆشرێن لە دەرمانخانەکاندا. گۆشت، ئەگەر هەر ڕۆژە، بۆ تەنیا ژەمێک بخورێ، زۆر کەڵکی دەبێ، دەتوانیت لەبریتیی گۆشت، ماسی و پەنیر و هێلکە بخۆیت. بەشێکی تەواو سەوزە (زەڵاتە) بخۆ. ئەگەر هاوین بوو سەوزەی کاهوو، ئەگەر زستان بوو سەوزی گەرەووز. لەخواردەمەنیی شەکر و بابەتی هەویرکاری و کولیجەی خۆماڵی، کەم بکەرەوە. شەکری بۆر کەمتر ترشایی لە خوێندا دروست دەکات، زۆرتر کەڵکی هەیە بۆ تەندروستیی گشتی. زۆر لەدەمارگرژەکان. بۆڵەبۆڵ لە جەرگیان دەکەن. ئەویش لەبەر ئەوەیە کە دەماری ماندوو بوو، کەم خۆ خاوکردنەوە کارێکی خراپ لەجگەر دەکەن. خوی هەرە گەورەی تریش ئەوەیە

کەلەناو بای پاکدا مەشق ناکەن، کە بەلای پزیشکەکانەوە گەورەترین پشتیوانی جەرگە. هەموو دەیزانین کە خۆرشتی ڕۆندار، وەک کەرەو سەرتوێژ یا (کرێم)، گەشە بەدەمار دەکەن. بەڵام لێرەیشدا نابێ لە ئەندازە دەربچێ ئەگینا بەپێچەوانەی ئارەزووتەوە زیان بەدەمارت دەگات. چونگە جەرگ بەسەریدا زاڵ نابێ. ئەو ساکەیش بەتەواوی نابێ بەخۆرشت، نابێ بەخوێن، یانی گۆشتی پێ ناگیرێ. بەڵکو ڕەنگت زەرد هەڵدەگەڕێ. لەشیشت تووشی نەخۆشی دەبێت. کەواتە پێویستە لە خواردنی خۆرشتی ڕۆنداریش کەم بکەیتەوە، وەک هی گۆشت و شیرینی. ئەگەر لەوانە بێ کە ترست لەجەرگت هەبێ و دڵت لێی کرمێ بێ، خۆیشم لەوەپێش وا بووم، بەڵام ئێستە وانیم چاکترین شت ئەوەیە، هەر هەلێکت دەستکەوت، ئاوی لێموی ترشی پوختە بخۆیتەوە. لە ڕاستیدا، کەڵکی ئەمە زۆر جار دەم و دەست دەردەکەوێ، لەوەدا گومانم نەماوە، کە هیچ داو و دەرمانێک، لەکەڵکدا بەئاوی لیمۆی ترش ناگات. داو و دەرمان ئەگەر کاریش بکاتە نەخۆشییەکە، لەلایەکی ترەوە زیان بەلەش دەگەیێنێ. بەڵام ئاوی لیمۆی ترش زیان بەلەش ناگەیێنێ. چونکە دەرمانێکی سروشتییە. ئیتر لەمە بەولاوە، لە بابەت خۆرشتەوە قسەناکەم. چونکە بڕوام بەکەڵکی ئەوە نییە کە یاسایەکی دیاری کراو بۆ خۆرشت دابنرێ. ئەگەر خۆت ڕابهێنی بەخواردنێکی ژیرانەوە، کە لەسەر بنچینەی خۆرشتی سادە دامەزرێ، لەنیوەی خەباتتدا سەر دەکەوی، کە لەپێناوی دەست کەوتنی دەماری تەندروست و تەواو و پاراستنیدا دەیکەی.

جا ئەم ئامۆژگارییەت لەبیر نەچێ، لە کاتی کردنەوەی دەرگای ژووری نان خواردندا، بەمەبەسی نان خواردن.

# سامانێک بۆ دابەشکردن

نووسینی: ڤاش یۆنگ

(ئەمە چیرۆکی ژیانی پیاوێکە، لەپێشدا بۆرەپیاوێکی ناشی بووە لەناو گێژاوی شەرم و ترس و سەرنەکەوتنی پەیتاپەیتادا خولی خواردووە پاشان وای لێ هاتووە، بووەتە پیاوێکی بەناوبانگ. بەهەزاران لە دەوری کۆبوونەتەوە؛ گوێ لە قسەی بگرن، بەزێڕیش دەستبازیی کردووە. جا لەم نووسراوە پڕ لە زانستی خۆناسینەدا، خۆی بەدەمی خۆی ئەم چیرۆکەی خۆیت، بەدرێژی بۆ دەگێڕێتەوە)

## پێشەکی

چەند ساڵێک لەمەوپێش لاوێک لەم لاوە دەچوو بۆ ئەولا، بۆ ئەمەی ئەم و ئەو هان بداتە سەر جاڕدان لە یەکێ لە گۆڤارە گەورەکاندا[1].

لەپڕ شتێک هات بەکەللەیدا. لەو بارەوە گۆڕییە سەربارێکی تر، لە سووچێکی نوێوە چاوی بڕیبووە خۆی و ئەو کەسانەی لەگەڵیاندا دەژیا. لەپڕ هەستی بەچالاکی و هێز و تواناییەک کرد لە خۆیدا کە لەوەپێش بەخۆیەوە نەیدیبوون. دەستبەجێ، وازی لە فەرمانەکەی خۆی هێنا. چووە کۆڕێکی تازەوە، کە ئەوەندە فراوان بوو لەباریدا هەبوو هەر چی پێی بکرێ تێیدا بهێنێتەدی، بۆ کەڵکی هەمووان. لەم کۆڕە تازەیەدا تا ئەندازەیەکی گەورە سەرکەوتن بوو بەیاری. لەم چیرۆکەدا کە لە بابەت خۆیەوە دەیگێڕێتەوە، ئەو ڕێگایانەت پیشان دەدا کە بوون بەهۆی گەیشتنی بەئامانجی خۆی. چیرۆکەکەی پڕە لە جادووگەرییەکی وەها کە کەم چیرۆکی مرۆڤایەتی وا سەرکەوتوو هەیە بیگاتێ. هیچ شتێک وەک وێنەی بێ هاوتا کار لە مرۆڤ ناکات. (ڤاش یۆنگ) بەوێنەی بێ هاوتای خۆیەوە ژیانی بەسەربرد، لەوەیش دوورتر ڕۆیشت، چوو بەسەرهاتی ژیانی خۆی لەم چیرۆکە بزوێنەدا نووسییەوە کە پڕە لەپەند و ئامۆژگاریی خۆش و بەکەڵک. دەرمانی دەردی ئابووریمانی تێدا دەرخستووە. لە ڕاستیدا، لەوەتی مێژووی پیشەسازیمان دەستی

(١) ئەم لاوە نوێنەری یەکێ لە گۆڤارە گەورەکان بوو، بۆ کۆکردنەوەی ئاگاداری (إعلانات) تا تێیدا بڵاوکرێتەوە.



پێ کردووە، هیچ ڕۆژێک وەک ئیمڕۆ، پێویستیمان بەبیرکردنەوەی ژیرانە و زرنگانە نەبووە. لەبەر ئەوە ئەم نووسراوە پچکۆلەیە شایستەی ئەوەیە کە دەست و هۆشی ملیۆنان بێ کاروفەرمانان و بۆڵەبۆڵکەران لە ژیانیان بیقۆزێتەوە. تاکە ڕێگایەک ئەگەر هەبێ، بۆ شارەزابوونی جیهان ئەوەیە کە پیاو لە پێشدا خۆی بناسێ. (ڤاش یۆنگ) وای کرد. ئەنجامیشی بەوە گەیشت، کە دەمودەست، خۆی دی: لە جیهانێکی تردا دەژی و فەرمان دەبینێ، کە لە هەموو سەرێکەوە لەجیهانەکەی پێشووی ناکات.

ئەرنست کولکینز

## سەرەتای ژینێک

١

من یەکێکم لەوانەی کە خودا پێیداون و سامانێکی زۆریان بۆ بەجێماوە، لە پاش ساڵانێکی دوور و درێژ کە لە هەژاری و هەناسە ساردی و ژیانی بێ پەروایانەدا ڕام دەبوارد، ئەم سامانەم بۆ بەجێ ما لە یەکێکەوە، کە بەمردنی خەموخەفەت نەچووە دڵمەوە. منیش وای بەڕەوا دەزانم کە هەمووان هاوبەشی ئەم سامانەم لەگەڵدا بکەن. بەلایشمەوە وایە، کە ئەم سامانە ئەمەندە زۆر و بێ شومارە، بەشی گەورەترین ژمارەی کەسان دەکات. بەمەرجێ هەر کەسەیشیان بەشێکی تەواو وەربگرێ چونکە ئەو سامانە لەو جۆرە سامانانە نییە کە نابووتی بانکەکان لەناوی بەرێ، یاخود کەم بوونەوەی نرخی کەلوپەل پایەماڵی بکات. یان گیروگرفت و تەنگوچەڵەمەی ئابووری و بازرگانی پەرش و بڵاوی بکاتەوە و تەفروتونای بکات.

بەڕاستی سامانێکی وەهایە، کە هەرچەندە بەسەرهاتی گەورە گەورەی بەسەرهاتووە و تووشی زۆر تەنگوچەڵەمەی بەهێزبووە و گەلێک جاریش کەرت کەرت کراوە و لێی براوە، بەڵام ئیمڕۆی لە هەموو ڕۆژێکی تری زۆرتر و گەورەترە. ئەو پیاوەی ئەم سامانە گەورەیەی بۆ بەجێ هێشتم، لە هەموو ڕوویەکەوە لە خۆمی دەکرد. ناوەکەی وەک هی خۆم وابوو. باوک و دایکی ئەو باوک و دایکی خۆیشم بوون. منداڵی خۆم و تافی پیاوەتیشی تافی پیاوەتی خۆم بوو. چی بێ لە تۆ نهێنی بێ هەر خۆمی یەکەم بوو!. لە پاش نەخۆشییەکی پڕ ئازاری دوور و درێژ، خۆمی یەکەم وازی لە بەرەنگارییەکانی هێنا چونکە بەهیچ ئەنجامێک نەگەیشت، کەوتە سەرەمەرگ و مرد. کە لەشیان یەکالا کردەوە، بۆیان دەرکەوت کە هۆی مردنی ئەمانەبووە: خۆپەرستی، دڵپیسی، ڕەشبینی، ترس، خەم،

دوودڵی، پەشیمانی بێ سەروشوێن، سەرلێشێواوی لە کاروباری بازرگانی دا، زوو هەڵچوون، چاوپیسی، ئارەزووی بێ جێ و، درۆ و، گەلێ شتی تر. بەڵام (ڤاش یۆنگ)ی کۆن لە هەموو شتێکدا خراپ نەبوو. کەلەپوورێکی گەورەی بۆ بەجێ هێشتم کە پڕ بوو لە: چاک بینی و ئازایەتی و کار پەسندی و زاڵبوون بەسەر خەموخەفەتی بازرگانی و ژیانی ڕۆژانەدا، لەگەڵ ئارام و ڕزگاری لە دەست ئارەزووی ناپەسند. بەم کەلەپوورەوە هاتمە کۆڕی ژیانی ڕۆژنامەوە. بەهۆی ئەوەوە تا ئەندازەیەکی گەورە سەرکەوتم لە زۆربەی ئاواتەکانی ژیانمدا. منیش دەستم کرد بەبەشینەوەی بەسەر ئەم و ئەودا دەمودەست تێگەیشتم کە هەتا بیبەشمەوە، سامانەکەم زۆرتر دەبێ. هەروەها تا دێت پیاوەگەورەکانی کار و فەرمان ڕووم تێ دەکەن، بۆ ئەمەی بازرگانیم لەگەڵدا بکەن. زۆر جاری واهەیە پیاو هەڵپەی پارە پەیداکردن بکات، درەنگتر بەدەستی دەکەوێ. کەچی کە ڕوو دەکاتە ئامانجێکی تری باشتر، پارە لە هەموو لایەکەوە ڕووی تێ دەکات، بۆ ئەمەی بزانێ لە چ جۆرە پیاوێکە.

***

فەرمانی (ڤاش یۆنگ)ی کۆن ئەوە بوو، ئەم و ئەوی هان دەدا بۆ جاڕدان لە یەکێ لە گۆڤارەکاندا. بەڵام سەرکەوتنێکی ئەوتۆی تێدا دەست نەکەوت.

بەڵام کە مرد، جێنشینەکەی، خۆی لە فەرمانێکی وادا دی کە پڕ بوو لە بەربەرەکانێ و ڕقەبەری، نە لەوەپێش پێوەی خەریک بووبوو، نە شارەزاییشی تێدا هەبوو ئەویش بریتی بوو لە فرۆشتنی قەواڵە بۆ ئەو هاوبەشیانەی کە پاراستنی ژیانیان گرتۆتە ئەستۆی خۆیان[١]. یەکێ لە ناسیاوەکانم. کە ئەمەی بیستبوو:

من لە فەرمانەکەی پێشووم وازم هێناوە بەو مووچە دیاردی کراوەوە کە هەموو مانگی وەرم دەگرت، پاشان لەم فەرمانە نوێیەم تەنیا ئەوەم دەست دەکەوێ کە جاروبار لە ئەرکی فرۆشتنی قەواڵەی هاوبەشییەکانەوە بەرم دەکەوێ، خەم و پەژارە دڵی داگیرکردبوو. زۆرتر بەوە خەمبار بووبوو کە دەیزانی من لە سامانی جیهان تەنیا سەد دۆلارم لە گیرفاندا بوو. ژیاندن و خەمخواردنی کاروباری ژنێک و کچێکی ساوایشم بەگەردنەوەبوو. پێی گوتم: «کارێکی باشت نەکرد لەوانەنیت کەس چاوت پێ هەڵ بهێنێ». ڕاستی کرد. بەڕوواڵەت لەوانە نەبووم کەس چاوم پێ هەڵبهێنێ. بەڵام لە دڵدا کامەرانی ناو بەهەشت بووم.

(١) یان: بۆتە نوێنەری کۆمپانیایەکی (دڵنیایی لە ژیان - التأمین علی الحیاة) و فۆڕمەکانی دابەش کردووە بەسەر ئەوانەی ژیانیان تەئمین دەکەن.



چونکە بیرکردنەوەی لابەلاییم هێنایە کۆڕی زۆرانبازییەوە. دەبوو یان بژیم یان نەمێنم. بەڵام لە هەڵمەتی یەکەمدا سەرکەوتم. دەتوانم بەکوڵی دڵەوە بڵێم: لە ژیاندا هیچ هەستێک لەو هەستە خۆشتر نییە کە پیاو بەسەر خۆیدا زاڵ ببێ. پیاو ئەوەی پێ خۆشە کە بەرامبەر ڕەشەبایەکی توند بەرگە بگرێ و بچێتە پێشەوە و هەر بڕوا بەرێوە. بەڵام هەزار ئەوەندە پێی خۆشتر دەبێ ئەگەر بتوانێ لە کۆڕی دەروونیدا بگاتە ئامانجی خۆی و ئەو دوژمنە نهێنیانەی ناو دەروونی ڕامالێ لە ڕێگای خۆیدا. لە ڕۆژێکی ساردی سامالدا، بەفرەخلیسکێم زۆر پێ خۆشە. دەزانم ئەوەیش چەند خۆشە بەلای یاریکەرێکی گۆڵفەوە کە بگاتە ئامانجی خۆی بێ ئەمەی بەرهەڵستێ ببینێ و ڕێگای لێ بگیرێ. ئەوەیش دەزانم کە خواردنی پاش گەڕانی دوور چەند خۆشە. ئەمانە هەموو خۆشیی ڕاستەقینەی بەکەڵکن کە بەدڵی پیاو دەگەن. بەڵام ئەمانە هەموویان پێکەوە ناگەن بەو خۆشی و بەزمەی کە لە ڕزگار بوونتەوە لە (ترس) پێت دەگات!...

***

جا ئەو بەیانییەی کە «خۆی» یەکەمم ناشت، خۆم بێ فەرمان هاتە پێش چاو. لە سامانی جیهان ئەوەی هەم بوو، بەشی دوو سێ هەفتەی ئینجا بکردمایە.

بیرم کەوتەوە کە ئۆباڵی ژنە ئازاکەم و کچەکەم بەئەستۆی خۆمە. پێویستە بەتەنگ گوزەران و کامەرانییانەوە بم. دانیشتم بیر بکەمەوە چارەسەرێکی خۆم بکەم. وام بۆ دەرکەوت کە دەبوو یەکێک لەم دوو ڕێگایە بگرم: یان دەبوو بڵێم ئەو سامانەی بۆم بەجێ مابوو شتێکی بەدەست گیراونەبوو[١]، بەڵکو شتێکی نەبینراو بوو، بەبێ نرخ بوو. یاخود دەبوو داوای ئەو سامانە بکەم، تاقیشی بکەمەوە بۆ ئەمەی بزانم بەکاری گۆڕینەوە و کڕین و فرۆشتن دێت یان نایەت. پاشەجار دووەم ڕێگام گرت. بۆم دەرکەوت کە سامانەکەم لە تواناییدا هەیە کە هەموو کامەرانییەکم بەدەست بخات.

خۆشبینێکی وام لێ پەیدابوو، کە لە هەموو جیهاندا یەکێکی وەک منی تێدا نەبوو، ئەمەندە خۆشباوەڕ بێ و بەقسەی ئەم ئەو چەواشە ببێ و، هەرچی بڵێن لە بابەت چاکی ژیانەوە باوەڕی پێ بکات. ئەوەندە هەبوو دەبوو بۆ ئەمەی بەمەبەسی خۆم بگەم، ئیتر بیر لە خۆم نەکەمەوە. ڕابوردوو لەبیر خۆم ببەمەوە و، خەمی پاشەڕۆژیش نەخۆم. تەنیا خەمی ڕۆژانەم بخۆم.

(١) بەواتای (بەرجەستە) یان: ماددی نەبوو.

پەیم بەوە برد، بەمەندی، کە هەموودەم جێگایەکمان بووە تێیدا حەساوینەتەوە، خۆرشتێکمان بووە خواردوومانە. بەرگ و پۆشەنییەکیشمان بووە لەبەرمان کردووە.

کە هاتوو لەم سێ پێویستییە بەولاوە، پێویستمان بەهیچی تر نەبێ، بۆ هەر سێ پێویستییەکەیش وا نەمێنین، ئیتر بۆچ بترسین لەوەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو پێویستییانەمان دەست نەکەوێ؟... خەریک بوو دوودڵی کارم تێ بکا. بەڵام هەرچەندە بیرێکی ناسازی وابهاتایە بەکەللەمدا، بەرەنگاری دەبووم، تا لە مێشکی خۆمم دەردەپەڕاند و، لە جێی ئەو بیرم لە شتێکی باش دەکردەوە. ئەمەیش ڕەوشتێکە هەر کەسێ بیەوێ خووی پێوە دەگرێ. تۆیش هیچ نەبێ جارێکی تاقی بکەرەوە!...

هەرچەندە لە سەرەتادا بیری بەد وەک ترس و بێ ئارامی و بابەتی وەک خۆیان زۆرانبازی و بەرەنگاریی پیاو دەکەن، بەڵام ئەوەندە بەهێز نین زۆر بەرگە بگرن. ئەوەندەی پێ ناچێ شەڕ دەدۆڕێنن. ئەوانە هیچیان لە کەللەتدا مەهێڵەرەوە، دەریان پەڕێنە. لە بریتی ئەوان بیر لە شتی جوان بکەرەوە.

بەبۆنەی هەندێ شتەوە وام بەباشزانی کە لەگەڵ بیرەکانی خۆمدا بەدەنگی بەرزەوە قسە بکەم. فەرمانم دەدا بەسەر خراپەکانیاندا کە لاچن لەبەر چاوم. ئەگەر یەکێک گوێی لە گفتوگۆیەک لەو گفتوگۆیانە ببوایە، بەشێتی دادەنام. بەڵام من باکم نییە لەم و لەو. چۆن منیان دێتە پێش چاو، بام بێت. ئەوەی بەتەنگیەوە بم ئەوەیە کە خۆم ڕزگار بکەم لە دەست ئەو بیر و هەست بزووتنانەی کە کزم دەکەن و زبانم پێ دەگەیێنن. بڕوام وایە کە بەسەر کاروباری تایبەتی هۆشمدا بەم جۆرە سەرکەوتووم. کەچی سەردەمێکی دوورودرێژم ڕابوارد، بەتەنگ ئەوەوە نەبووم بکەومە جەنگێکی ڕاستەقینەوە بەرامبەر دوودڵی و ترس و ڕقەبەری و ئەو جرِوجانەوەری ناو هۆشانەی کە دەبن بەهۆی خەم و خەفەت و ترس لەژیاندا.

***

جارێکیان هەوڵم دا کڕیارێک بخەمە سەرئەوەی قەواڵەیەکی نرخ گرانم لێ بکڕێ. زۆری نەمابوو قەواڵەیەکم لێ بکڕێ بەچواریەکە ملیۆن دۆلارێک. زۆری نەمابوو لەوە سوودێکی گەورەم دەست بکەوێ. بەڵام ئەو قەواڵەیەی لە جێنشینێکی تر کڕی. ڕۆژێکیان لە چێشتخانە کە چاوم پێی کەوت، زۆر بەشەرمنی و شڵەژاوییەوە ئەوەی بۆ گێڕامەوە. ئەم سەرنەکەوتنە تاوێک لە کەللەی دام. زۆری نەمابوو لە گێژاوی ڕقەبەری و بۆڵەبۆڵدا، نووقوم ببم، لە داخی ئەو جێنشینەی کە لەباتی من ئەو سوودەی دەست کەوتبوو.



بەڵام توانیم زوو بەسەر خۆمدا زاڵ ببم. لە بریتی ڕقەبەری و بۆڵ بۆڵ، دڵخۆشی و پیرۆزباییم پێشان دا، بەرامبەر ئەوەی کە ئەو پیاوە وازی نەهێنا تا توانی ئەو قەواڵە گەورەیەی دەستگیرببێ. پێم گوت شتێکی وا باشی کردووە کە لە دوارۆژدا پارێزگاری خۆی و خێزانی بکات لە هەژاری و نەبوونی. ئەمەیش بەڵگەیەکی ئاشکرابوو کە من بەسەر سەرنەکەوتنەکەمدا زاڵ بووم. دوور نییە ئەو کارانەی تێیاندا سەردەکەوم لە ڕووی گرتنی ئەم ڕەوشتەمەوە بێ. دەشتوانم بڵێم لە چەند ساڵێکەوە تا ئێستا یەکێکم لەو سەد کەسەی قەواڵەی پاراستنی ژیان دەفرۆشن لە هەموو خاکی ئەمەریکادا کە ناوبانگێکی گەورەیان هەبێ. گەورەترین قەواڵەی ئەو قەوالانەیش من بووم فرۆشتم بێ ئەمەی کەسێک یارمەتیم بدات، یاخود بەپاڕانەوە و پێ چەسپاندن، هەوڵی فرۆشتنی بدەم. گوێ بگرە بام بەدرێژی باسیت بۆ بکەم:

ڕۆژێک لە ڕۆژان هاوڕێیەکم پێی گوتم دایکی ژنەکەی مردووە. هەرچییەکیشی لە دەست هاتووە کردوویەتی بۆ ئەوەی دڵی ژنەکەی لە خەموخەفەت ڕزگار بکات. بەڵام نەگەیشتووە بەئەنجام. پاشان لێی ئەپرسیم: ئایا دەتوانم لەگەڵیدا بچمە ماڵەوە و بەسەر ژنەکەیدا بێم، بەڵکو بەئەنجامێک بگەم: ئارام و بێ باکی بخەمەوە دڵی و، لە دەست خەم و پەژارە ڕزگاری بکەم. بێ چەندوچوون پێم گوت: باشە لە گەڵتدا هەوڵ دەدەم. ئەوەیش لەبەر ئەوەبوو کە یەکێ لە شیرەتەکانی (خۆ)ی یەکەمم بەجێ بهێنم، کە بەپێویستی دەزانێ، دەمودەست خۆم بکوتم بۆ یاریدەدانی هەناسەسارد و دڵڕەنجاوان، بێ ئەمەی چاوم لە کەڵکی تایبەتی خۆمەوەوە بێ. کە گەیشتینە ماڵی سەرگەردانەکە لە پاش ئەمەی تکام لێ کرد هۆشی خۆی زاڵ بکات بەسەر هەموو کردەوە و فەرمانێکیدا، پێی لێنا کە پێویستە کارەساتە پڕ ئازارەکە بەسنگێکی فراوان و دڵێکی شێرانەوە بەرامبەری بکات. ئیتر هەر ئەوەندە توانی بیری خۆی بخاتە سەر شتی بەڕێ و جێ و، خۆی دوور بخاتەوە لە بیری ناپەسند، هەستی بەهێز و هەڕەتی خۆی کردەوە و، لەو ڕەنگەوە کە تێیدا بوو پەڕییە ڕەنگێکی تر.

پاش ئەوە بەچەند ڕۆژێک پیاوێکی نەناسراو بانگی کردمە لای خۆی. کە دیم تێی گەیاندم کە برای ئەو ئافرەتەیە کە لەوەپێش چوو بوومە لای. پاش تاوێک دانیشتن دەستی کرد بەسوپاس کردنم بەرامبەر ئەو کردەوەیەی کە لەگەڵ خوشکەکەیدا نوواندبووم. پاشان لێی پرسیم: «ئایا بەرامبەر ئەم کردەوانەت مز وەردەگریت؟!». گوتم: «بەڵێ مز وەردەگرم. بەڵام زێڕ وەرناگرم. مزێکی وا وەردەگرم کە لە زێڕ گەلێک بەنرختر بێ». زۆری

پێ نەچوو ئاشکرای کرد کە دەیەوێ مزەکەم زێڕ بێ! پاشان داوای لێ کردم ڕێوشوێنێکی پێشان بدەم بۆ ئەمەی ژیانی کوڕە لاوەکەی خۆی بپارێزێ. پێم گوت قەواڵەیەکی بۆ دادەنێم بەبیست و چوار هەزار دۆلار. بەڵام لەپاش ئەوەی باش لێی وردبووەوە گوتی: بام نرخی قەواڵەکە ببێ بەدوو سەد و پەنجا هەزار دۆلار!»

لە دووەم بەیانیدا کوڕەکەی لای پزیشک تاقی کردەوە. لە ئەنجامدا دەرکەوت: یەجگار تەندروستە. بەڵام باوکی کوڕە بەمەیش وازی نەهێنا. پێش ئەوی کارەکە تەوابێ لێی پرسیم: تا ئێستا قەواڵەی پاراستنی ژیانی کوڕێک گەیشتووەتە چ نرخێک؟ منیش لە پاش پرسیارێکی تەواو بۆم دەرکەوت کە (جاکی کووگان) ژیانی پارێزرا بوو بەقەواڵەیەکی چوار سەد و پەنجا هەزار دۆلاری. ئینجا هاوڕێی نوێم پێی گوتم کە نرخی قەواڵکە بگەیێنمە نیو ملیۆن دۆلار!... چەند ڕۆژێکی پێ چوو، باوکەکە دوو جار نرخی قەواڵەکەی بڵند کردەوە. جارێکیان نرخەکەی گەیاندە سێ چارەکە ملیۆن. جارێکی تریش نرخەکەی گەیاندە ملیۆنێک و شەست و پێنج هەزار دۆلار!...

***

لەوساکەوە کە بەچاوێکی تر سەیری ژیانم دەکرد، کاروبار زۆر بەخێرایی تێدەپەڕی. پێش ئەمەی سامانی لەپاش بەجێ ماوم دەست بکەوێ، کەسێکی نەناسراو بووم. بەڵام پاش ئەوە زۆری پێ نەچوو، بووم بەهەرە بەناوبانگ فرۆشیاری قەواڵەی پاراستنی ژیان لە ئەمریکادا. پاش ئەوە کڕیارەکانم، دەستیان کرد بەئاهەنگانی شەو لە هەرە گەورە میوانخانانی نیویۆرکدا، بۆ من و بەیادی منەوە. ئینجا چیرۆکی منیان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو کردەوە. گەلێک جاریش بانگ دەکرام بۆ کۆبوونەوە گشتییەکان کە قسەیان بۆ بکەم. لەسەر خواستی دەزگا بازرگانییەکان. لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەمریکادا وتارم دا. وا دیاربوو گفتوگۆکانم باش کاری لە دڵی گوێگرەکان دەکرد. چونکە لەوساوە تا ئێستا بەهەزاران نامەیان بۆ ناردووم: داوای پەڕاوی ئەو وتارانەم لێ دەکەن بۆیان بنێرم. بەڕاستی ئەم جۆرە پەسندکردنەم لە لا سەیرە. چونکە من نە لە دەرچووانی زانستگا بووم، نە لە دەرچووانی خوێندنگای دووەمین. تەنانەت خوێندنگای سەرەتاییشم تەواو نەکردووە!... هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم: بۆرەپیاوێکم لە بۆرەپیاوانی گەل.

سامانێکی وایشم دۆزیوەتەوە کە لە توانایی هەموو کەسێکدا هەیە بیدۆزێتەوە لە جیهاندا. بڕوایشم وایە: کە ساکارییە ئەندازەکەم و پێڕەوییە زرنگەکەم بووبن ژیانمیان وا هێنابێتە پێش چاو کە زۆر کەس بەشتێکی گرنگی تێ بگەن.



بام بڵێین تۆ بەڕەنگاریی ژیانت کرد. ئایا ئەمە بەکەڵکی تۆ دێ کە کارەکەی ستەمتری لێ بکەیت و، بەرهەڵست بخەیتە بەر ڕێگای توانایی هۆشت و بەهۆی ترسەوە و خەمەوە پەکی بخەیت لە کارگوزاری؟... کەس نییە بتوانێ، بەهۆی خەموخەفەتەوە، یەک دۆلار کۆ بکاتەوە و بیخاتە سەر پاشەکەوتەکەی لە بانگدا. ئەگەر وا نەبووایە دەبوو ئێستا لەم خاکەدا ملیۆن دارانی بێ شومار دەربکەوتایە. چونکە لە ساڵی ۱۹۲۲دا نرخی هەموو شتێک هاتبوو خوارەوە. بۆچ لە ساڵی ۱۹۲۲دا چی قەما؟ وەرامی تەواو ئاشکرا لای منە. دەتوانم بەکورتی پێت بڵێم: ئەو خووەی هەمووان هەیانبوو کە شت بەوشکی و قسە ڕەقییەوە دەست بخەن، تەگەرەی لێ درا. ئەمەیش یەکەم جار نەبوو کە نەهێڵرێ ئەم و ئەو لەسەر ئەو خووەی خۆیان بڕۆن. لە ڕاستیدا ئەم خووە هەر لەسەرەتای ژیانەوە تووشی ئەم جۆرە تەگەرە لێدانە بووە، هەروایش دەمێنێتەوە تا سەر. لە ساڵی ۱۹۲۸دا زۆر لە سەرکردەکانمان دەیانگوت: لە توانایی هەموو کەسێکدا هەیە، پارە ئەوەندە بۆ خۆی پەیدا بکات کە لە هەژاری ڕزگاری بکات. بەڵام کەس بیری لەوە نەدەکردەوە کە چۆن ببەخشێ. پارە بەدەست بخەو بەختی بکە! ئەوە فەرمانی ڕۆژانە بوو.

چارەیش نەبوو، دەبوو بگەینە ئەنجامێک. چونکە ئەگەر کەس بەتۆڵەیەکی مام ناوەندی واز نەهێنێ، یاخود چاو ببڕێتە دەستکەوتێکی ملیۆنێک پارە، بێ ئەمەی خۆی تۆزێک ماندوو بکات، هیچ نامێنێتەوە ڕوودات، ئەوە نەبێ کە ڕووی داوە. چەند حەفتەیەکی پێ نەچوو، نرخی پارە بەئەندازەیەکی وا شکستی هێنا، کە خاوەن ملیۆنەکانی لە خەو ڕاپەڕاند و دەیان ماڵی بەسەری خۆیاندا دەیانگوت: «ئەی هاوار ماڵمان کاوول بوو!...». ئەویش شتێکی ئاسان نەبوو کە ئەو مرۆڤانە لە خۆشبینییەکی بێ ڕێ و جێ و خۆش باوەڕییەک بەڕۆژگارەوە، وا گورج بگوێزنەوە ناو سەرگەردانییەکی وا گەورە و سەختەوە. تا ساڵێکی تەواویش سەرکردەکان هەر دەیانگوت: هەموو شتێک باشە و بەجێیە. ئەوەیش لەبەر ئەوە بوو کە خووی وەرگرتن لە دڵدا بنجی داکوتابوو. بەگران ڕیشەکێش دەکرا. بام بڵێین خودای بازرگانی لە سەرەتای سەرگەردانییەکەوە ئەو بانگەی ڕاهێشتایە کە ئەوە بوو لە پاش دوو ساڵ ڕایهێشت. ئایا نەدەگونجا کە کەمتر لەو تەنگانەیەدا بمێننەوە؟ کەواتە گوێ بگرە لەوەی کە دەبوو بیڵێ: « هیچی وا ڕووی نەداوە کە پێویست بەخەموخەفەت و شپرزەیی بکات. ئێمە سەد و بیست ملیۆن کەسین. لە خاکێکی دەوڵەمەند و پڕ پیتدا دەژین. نیوەی زێڕی جیهان لای ئێمە کۆبۆتەوە. هەروەها نیوەی مەکینەکانی. لە باریشماندایە کە بەسەر گیروگرفتی ژیانماندا سەر بکەوین. باوەڕ

بەخۆکردن و یارمەتیدانتان بۆ یەکتری پەسند دەکەین. تا تینمان تێدا بێ تێدەکۆشین گەورەترین ئاواتتان لە دەستکەوتی سامانەکەنتاندا بهێننە دی. ئامادەین لەمەولا کەلوپەلێکی چاکتر و کارێکی باشترتان بەنرخێکی کەمتر پێشکەش بکەین. هەست بەوە دەکەین کە گەلێک گیروگرفت هەیە دێتە بەردەمتان، بەڵام ئێمە ئامادەین یارمەتیتان بدەین لە لابردنیاندا».

دڵسۆزتان:

خودای بازرگانی لە خاکە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا

هەرچی لەم بانگەدا درابوو هاتەدی. خۆش گوزەرانی جێی گرانی و تەنگانەی گرتەوە. خووی (بەخشین)یش جێگای پچڕینی گرتەوە. من ئەوەندە، سەرم لە یاساکانی ئابووری دەرناچێ. بەڵام هەموو دەم وام بۆ دەرکەوتووە کە ئەو کەسەی زۆرتر دەبەخشێ لەو پارەیەی کە وەریدەگرێ، لە هەموو کەس زۆرتر کەڵکی پێ دەبڕێ. تا ئەندازەیەکی گەورە خووی (بەخشین) لە خووی (پچڕین) بۆ کەڵک و سوودی مرۆڤ چاکترە. ئەم یاسایە لە بازرگانیشدا هەروەهایە بەڵکو چاکتر و ڕاستتر دەردەکەوێ.

## کارخانەی پڕوپووچ

### ٢

زۆربەی کەسان بەتاسوقەوە ناوی تافی منداڵی خۆیان دەهێنن. دەڵێن: «لە تافی منداڵی خۆشتر نییە!». هاوڕێیەکم بۆی گێڕامەوە گوتی: «بەسەدان پیاوانم چاوپێکەوتووە، بۆ ئەمەی گفتوگۆیان لەگەڵ بکەم بۆ ڕۆژنامەکان. کە سەرنجم داوە چاکترین ڕێگا بۆ ئەوەی زمانیان بەرەڵڵا ببێ و بەپاراوی قسە بکەن، ئەوەیە کە کارەساتێکی تافی منداڵی خۆیانیان بیربخەمەوە. یاخود چاوئەندازێکی وا کە لەو تەمەنەدا دیویانە. کە قسەکانیانت خستە سەر باسی کارەساتی ڕابواردوویان، ئەوان بەگەرمیەکەوە باسی زۆرانبازییەکانی ژیانی تافی پیاوەتی خۆیانت بۆ دەکەن.

بێگومان لە زۆر کاتدا ئەمەوایە. خۆزگە بۆ خۆیشم وا دەبوو. لە ڕاستیدا تافی منداڵیم زۆر دوور بوو لەو ژیانەی کە ئاواتی بۆ بخوازی. گەلێک جار لە منداڵیما سووک و ڕیسواکرام و شکێنرام و ئابڕووم برا. جارێکیان شەڕواڵێکی درێژم لەپێ کرد و چوومە ئاهەنگێکی هەڵپەڕین. دەستی کچێکم گرت لەگەڵی هەڵبپەڕم. زۆری پێ نەچوو پێم لە



پێم گیرا و کەوتمە سەر زەوی. شەرمەزاریم ئەوەندە زۆر بوو؛ هیچم بۆ نەمایەوە ئەوەنەبێ. هەڵسامە سەرپێ و بەهەڕاکردن جێگەکەم بەجێهێشت. کچە بەسەزمانەکەم بەواق وڕماوییەوە هێشتەوە. ئەویش بۆ ئەوە دەگەڕا کە لە نزیکترین ڕێگاوە بگاتەوە ماڵی خۆیان!...

جارێکی تریش بەبەرماڵی کچێکی هاوڕێمدا تێپەڕیم. ئەسپەکەم سڵەمییەوە. کەوتمە خوارەوە سەر زەوی. پڕ توورەکەیەکیش شەکرم پێ بوو. ئەویش لەگەڵمدا کەوتە خوارەوە. هەر دەنکەی بەلایەکدا بڵاو بووەوە[١].

منیش هیچم بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێ، ڕام کرد و شوێنێکم دۆزییەوە خۆم تێدا شاردەوە، بۆ ئەمەی خۆم لە دەست شەرمەزاری ڕزگار بکەم!. فەرمانی یەکەم، کە لە تەمەنی پانزە ساڵاندا، بەناچاری گرتبوومە ئەستۆی خۆم، یارمەتیدانی میوەفرۆشێک بوو. هەر ئەوەندەم خۆش بوو تا کچێکی بچکۆلە بەتەوسەوە پێی گوتم: «ئێمە هەرگیز لەگەڵ میوە دابەشکەراندا کڕین و فرۆشتن ناکەین!». ئیتر ئەوەندە شەرم گرتمی، ناچار بووم، وازم لە فەرمانەکەم هێنا. پاش ئەوە بووم بەشاگردی بەرگدروویەک. ڕۆژێک لە ڕۆژان وتووەکەم لەسەر چاکەتێک زۆر دانا. سووتا. ئەنجامم بەسووک بوون و ڕیسواکردن و دەرکردن گەیشت. سەردەمێکیش دەرمانم دابەش دەکرد. شووشەیەکی پڕ لە دەرمانم لێ کەوتە خوارەوە سەر شۆسەکە. باڵبازەکە زۆری لێ کردم شۆسەکە پاک بکەمەوە. ڕێبواریش وەستابوون سەیریان دەکردم و پێم پێ دەکەنین. ئەمە بۆ من زۆر بوو تووشم ببێت. لە شەرماندا ئەمجارەیش وازم لە فەرمانەکەم هێنا. شەرمم لە گێژوویژیی خۆم و ناشێتیم دەکرد.

***

ئەم هەموو بەسەرهاتانە لەگەڵ ئەو هەژاری و نەبوونییەدا کە تێیدا بووم، وایان لێ کردم کە سەرەتای ژیانم بەهەستێکی پڕ لە کەموکوڕی گەورەی واوە دەست پێبکەم کە هیچ لاوێک لە پێش منەوە تووشی نەبووبێ. وام لێهاتبوو بڕوا بکەم کە بەکەڵکی هیچ فرمانێک نایەم. پاشان نەنکیشم مرد، ئەو لە دوای دایکم لە هەموو کەس زۆرتر بەدڵم بوو، وام لێهات ئیتر دڵم بڕوایی نەدەدا لەوە بەولاوە لە شاری (سۆڵت لاک)دا بمێنمەوە، دەمویست لەو ژینە خۆم دەرباز بکەم، کە جاروبار نەبێ کامەرانیم بەخۆمەوە تێدا نەدیبوو.

(١) دیارە شەکری کلۆبووە.

چووم بۆ (شیکاگۆ) لای باوکم و براگەورەکەم کە لەوێ دەژیان، لەوێ فرمانێکم دەست کەوت لە گۆڤارێکی ئاینیدا کە ناوی (موژدە بەخشانی ئاینی بەناو هەموو جیهاندا) بوو. فرمانی من ئەوەبوو: ئەم و ئەو هانبدەم جاڕی تێدا بدەن، کەس نازانێ کارگێڕانی ئەم گۆڤارە بۆ چ منیان پەسند کرد بۆ ئەم فرمانە؛ چیبێ لە تۆ نهێنی بێ، نەیاندەتوانی کەس لە من ناسازتر و نەشارەزاتر بدۆزنەوە بۆ (جاڕ) دەستکەوتن. چونکە من لە هەموو شتێک دەترسام، لە سێبەری خۆم، لەم و لەو، لە هەڵەکردن دەترسام. بێجگە لەوە یەجگار دڵم ناسک بوو؛ بەکەمترین قسەی بەرز و نزم دڵم دەڕەنجا. بەڵام خوداوڕاستان کارگێڕی بەشی جاڕ بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکە لەگەڵمدا باشبوو، بەزەیی پێمدا دەهاتەوە، هەموو جارێ لە بابەت جاڕ دەست کەوتنەوە، شارەزای دەکردم و پەند و ئامۆژگاریی پێ دەدام. زۆری پێ نەچوو ئامادە بووم، هورووژمی یەکەم بهێنم.

***

لەپاش ئەمەی لە دڵی خۆمدا قسەکانم ڕەوان کرد، چوومە دەسگای کڕیارەکە، کە بەرەو ڕوو پێی بڵێم. بەڵام تا کاتێکی تەواو بەسەر دانیشتنمدا نەڕۆیشت لە ژوورەکەیدا، نەمتوانی چاوم پێی بکەوێ. لە دڵی خۆمدا هەر دەمگوت: «ناوم یۆنگە... نوێنەری گۆڤاری موژدە پەخشانی ئایینیم بەناو هەموو جیهاندا»... پاشان چەند قسەیەکی لەبەر کراویشم دەخستە سەر، دەمگوت بەڵکو ئەمە خودایە کابرا بێتە سەر قسەم و جاڕم بداتێ لە گۆڤارەکەدا بۆی بڵاو بکەمەوە... دوایی بردیانمە بەردەمی کابرا. دەستم کرد بەقسەکانم ئانیشکم دادابووە سەر مێزێک.

بەڵام ناوی خۆم نەبێ، هیچی ترم بیرنەکەوتەوە!... کابرا بەسەر سوڕمانێکەوە هەردوو چاوی تێ بڕیم. پاشان نیشانەی ڕووخۆشی و بەزەیی هاتنەوە لە دەم و چاویدا دەرکەوت. ئینجا دەستی کرد بەیاریدە دانم لە دۆزینەوەی ناوی ئەو گۆڤارەدا کە خۆم نوێنەری بووم. لەگەڵ ئەوەیشدا گیروگرفتەکانم هێشتا زۆریان مابوون. چونکە لێی پرسیم: گۆڤارەکە چەندی لێ دەفرۆشری؟... نەمزانی وەرامی بدەمەوە. تەنانەت نەمزانی بڵێم کەی دەردەچێ!. یاخود پێی بڵێم ڕۆژانەیە، یان هەفتەییە، یاخود مانگ بەمانگ دەردەچێ!... کڕیارەکە بەڕووخۆشییەکەوە. پێی گوتم: «کوڕی خۆم، نەدەبوو تۆ ئەوەندە شارەزاییت لە بابەت گۆڤارەکەتانەوە ببوایە، تا ئەمەندە کاتم بەفیڕۆ نەڕوات؟ من ئامۆژگاریت دەکەم تا شتێک لە بابەت فەرمانەکەتەوە فێرنەبیت، مەیە بۆ چاوپێکەوتنی خاوەن کاران».

***



بەجارێک لە گێژوێژەیی خۆم هۆشیار بوومەوە. ئیتر هەر ئەوەندەم پێ کرا بەشەرمێکەوە سەرم داخست و سوپاسی ئەو دۆستە نەناسیاوەم کرد بۆ خۆی و شیرەتی و، لەبەردەمیدا پێم نا لە هەڵەی خۆم و بەڵێنم دایە کە ئیتر جارێکی تر هەڵەی وا نەکەمەوە!... لە ڕاستیدا ئەم بەڵێنەم زۆرتر بەخۆم دا نەک بەو. شتێکی وای فێرکردم کە هێشتا لە بیرم نەچۆتەوە. ئەو لەمە دوورتریش ڕۆیشت. فەرمانی دا خواستەکەم بەجێ بهێنن. پاشان زانیم کە لە بابەت گۆڤارەکەمانەوە زۆر شارەزا بووە. بەڵام بۆیەکا ئەو پرسانەی لێ کردووم کە بزانێ چەند لە گۆڤارەکە شارەزام.

بەزۆری نازانم کە بڵێم جوامێرییەکەی ئەو بووبوو بەهۆی ئەوەی کە لە یەکەم چاوپێکەوتنمدا لە هەموو ڕوویەکەوە سەر بکەوم. لەوساوە تێگەیشتم کە پیاوی ئاسایی ڕەوشتی زۆر باشە لەگەڵ ئەو لاوانەدا کە تازە دەست بەکاروباری ژیان دەکەن.

باشی ئەو لەگەڵمدا وای لێ کردم کە لەوەپاش هەزار جار لەگەڵ ئەم و ئەودا بەشیرینی بجوولێمەوە. لە ڕاستیدا ئەو سەرچڵییەی کە لە لای ئەو کردم، خستمیە سەربارێکی تازە لە ژیانی تازەمدا. پاش ئەوە، خووم دایە فێربوون و لێکۆڵینەوە. بەهەموو هێز و هەڕەتێکمەوە پەلاماری فەرمانەکەمم دا. بەرەبەرە لە فەرمانەکەمدا سەرکەوتم و کڕیارەکانم خستەسەر جاڕبڵاوکردنەوە لە گۆڤارەکەدا. بەڵام هێشتا دوور بووم لە کامەرانییەوە. نەشمدەزانی چۆن بگەم بەکامەرانی. لە ڕاستیدا خەریک بووم لە خراپترین ڕێگاوە دەست پێ بکەم. ئەو کاتە زۆر جاری وا هەبوو فرۆشیارەکان، چ لەمەدا چ لەشتی تردا هەوڵیان دەدا بەهۆی مەی پێشکەش کردنەوە کاروباریان، ببەنە سەر. منیش بەدڵ ئەو شێوەیەم تاقی کردەوە. بەڵام دوایی تێگەیشتم کە ئەوی بەهۆی مەیەوە کڕیار چەواشە بکات بۆ کڕینی قەواڵە، مرۆڤێکی ناشی و بێ هۆشە. ئەمە ڕاستە کە بەهۆی مەی پێشکەش کردنەوە، زۆرجار فرۆشیار بەمەبەسی خۆی دەگات. بەڵام لە سەرێکی ترەوە، دەبێتە هۆی سەرئانگرێ بوونی خۆی. منیش لەوانە نیم کە ڕێگای سەرگەردانی پیشانی کەس بدەم.

بەڵێ دەزانم کە زۆر کەس هەن، بەکەمێک خواردنەوە، زیانێکی زۆریان پێ ناگات. بەڵام سەرخۆش کردن ڕێگایەکی پەسند نییە بۆ فرۆشیاری. هیچ گومانم لەوەیشدا نییە کە هەر کەلوپەل و بیروباوەڕێک بەهۆی سەرخۆش کردنەوە فرۆشتن و جێبەجێ بوونی سەربگرێ، چرووک و هیچ و پووچە. ڕاستیت دەوێ ئەو ڕۆژانەی پەنام دەبردە بەر مەی پێشکەش کردن لە ڕاپەڕاندن فەرمانەکەم دا، خراپترین کاتی ژیانم بوون. ئەوکاتانە هەر بەدوای کامەرانیدا دەگەڕام، هەر چاوم لە سوود دەستکەوتن بوو. کەچی کامەرانی و

سەرکەوتن تا دەهاتن گوریزیان لێ دەکردم. وەک دوژمنایەتییەکی کۆن هەبووبێ لە ناوەند من و ئەواندا وا بوو. ئاخ چەند گێژویژ و ناشی بووم! تاوێک نەوەستام بیر لە کردەوەکانی خۆم بکەمەوە. گەلێک سالانم بەفیڕۆ بەخت کرد، کە دەمتوانی وەک ئەم دە ساڵەی دوایی ژیانم بەکامەرانییەوە ڕایان بوێرم. ڕۆژێک وام لێ هات ورەم بەردا. ترسنۆکی دایگرتم. کەوتمە گێژاوی هەناسە ساردییەوە.

ویستم چاوێک بخشێنم بەژیانەکەی ئەو سەردا. چونکە بڕوام وا نەبوو کە لە ژیانی ئەم جیهانە خراپتربێ. بەڵام شتێک ڕووی دا. منی لەو نیازە گێڕایەوە. خۆیشم نەمدەزانی بۆچ دەبوو نیازی وام ببێ، کە لە ڕاستیدا ئەو هەموو سەرگەردانی و خەفەتبارییەم هۆی پەیدابوونیان خۆم بووم. هەر خۆیشم بەبێ یارمەتی ئەم و ئەو لە بارمدا هەبوو چاریان بکەم. لە (شێکاکۆ)وە گوێزامەوە بۆ (نیویۆرک). لەوێ، ئەو نانەی پێویست بێ بۆ ژیانم دەستم کەوت. بەڵام ژیانم دەست نەکەوت. لە نیویۆرکدا بوومە کارگێڕی بەشی جاڕبڵاوکردنەوە لە گۆڤارێکدا لەوێدا ماوەیەک لە شپرزەیی و سەرگەردانیدا مامەوە. پاشان تیشکێکی چرای هیوام بۆ دەرکەوت.

تیشکەکە لە پێشدا کز بوو. بریتی بوو لە تروسکەیەک. ئەویش لەبەر ئەوەبوو کە من لە سەرچاوەکەیەوە دوور بووم. ئەوساکە بەبیرمدا نەدەهات کە هۆی سەرگەردانیم شێتی و ناشێتیی خۆم بوو. هێشتا وام نەهاتبوو کە تێ بگەم بەختیاری و سەرگەردانی تا ئەندازەیەکی دوور بەدەست مرۆڤ خۆیەتی. بەڵام لە پاش ئەوەی دەستم کرد بەسەرنجدان و لێکۆڵینەوە لە خۆم، هەستم پێ کرد خەریکم چاک ببم. ڕۆژێکیان ئەم بیرەم بەمێشکدا هات: «ئەگەر بوویتە خاوەن کارخانەیەک، ئایا کەلوپەلی لێ دا دروست دەکەیت کە بەدڵت نەبێ و پێویستت پێی نەبێ و نەیشتوانی بەکاری بهێنی؟ ئەی حەز دەکەیت کاروباری کارخانەکەت وا هەڵبسووڕێنیت کە بۆت ببێتە سەرچاوەی ئازار و زیان؟ باشە کە وای لێهات بام بڵێین تۆ کارخانەیەکی ڕاستەقینەت هەیە، کارخانەیەکی بیرکردنەوە.

ئەم کارخانەیە لەناو لەشی تۆدا دامەزراوە. تۆی خاوەنی کارخانەکە و کارگێڕی کارخانەکە و پاسەوانی شەوی کارخانەکە. هەموو شتێکی ناو کارخانەکە بەدەست خۆتەوەیە. بێ ئارەزووی تۆ هیچ کاروبارێکی تێدا نابینرێ. ئەگەر تۆ ڕێ نەدەیت، هیچ کەرەسە یاخود کەلوپەلێکی خاوی تێ ناخرێ. ئەو شتانەیش نەبێت کە خۆت تێیدا دروست دەکەیت، هیچ کەلوپەلێکی تری لێ نابرێتە دەرەوە...». ئەودەمە بەخۆم گوت: «کارخانەی بیرکردنەوە! ئەی ڤاش یۆنگ ئەمە لەناو لەشی تۆدا دامەزراوە. کەچی تۆ



کردووتە بەکارخانەی کاروباری پڕوپووچ و بابەتی بی فەڕ. سەرنجێک لە کەلوپەلەکانت بدە. چی دەبینی؟... ترس و خەم و بێ ئارامی و تووڕەیی نییە؟... ئایا بەم کەلوپەلانەتەوە دەنازی؟ ئەی بڕوا دەکەیت کەس حەزیان لێ بکات و داوایان بکات؟

نەء. نە بەسەری تۆ!. کارخانەکەت لە خراپە بەولاوە هیچی تری لێ ناوەشێتەوە. زیان لە خۆت دەدا و ئەم و ئەویش دەخاتە تەنگوچەڵەمەوە».

## لە ژیانی شێتی و ناشێتی وەڕس بووم

### ٣

ئەو بیرەی کە لە بابەت (کارخانەی بیر)ەوە، ڕایکێشام بۆ جیهانێکی پڕ لە چاکی. بەڵام بەتەنیا نەیدەتوانی سەرئەنگرێ بوونەکانم بگۆڕێ بەسەرکەوتن.

لەبەر ئەوە هێشتا لە سەرگەردانییەکی زۆر خراپدا، زۆر تاریک و نووتەکدا خۆم دەبینی. هێشتا هەر هەوڵی ئەوەم بوو کە لە ژیان بەشێکی گەورەتر بپچڕم.

کەچی نەمدەویست هیچ شتێکی تازەی پێشکەش بکەم. بەڵام ئەنجامی ئەم ڕەوشتەم زۆر سزاناک بوو. دڵم یەجگار پەرێشان بووبوو. لە گلاراوییەکی زۆر ناخۆشدا بووم. یەجگار شپرزەبوو بووم. کوتوکوێرانە هەنگاوم دەنا.

ئەویش لەبەر ئەوەبوو کە زۆربەی هێز و توانایییم لە دروستکردنی خەموخەفەت خواردن بۆ خۆم دا بەخت دەکرد. لە ڕاستیدا گۆڕینی. بەرهەمی کارخانە لە شتێکی خراپەوە بۆ شتێکی چاک هەروا ئاسان نەبوو، شارەزایی و سامان و ڕەنجێکی زۆری دەویست. (هەنری فۆرد)[١] بەملیۆن پارەی بەخت کرد، ئینجا توانی بەرهەمەکانی کارخانەکانی وا بگۆڕێ کەلە بریتی ئۆتۆمۆبێلی (ت) ئۆتۆمۆبێلی (أ) دروست بکەن. بەڵام ئەو گۆڕینی بەرهەمەی کە دەبوو من بیکەم لە کارخانەکەمدا، لە هی فۆرد گەورەتر و فراوانتر بوو. کەچی سامانێکی وام لە بەردەستدا نەبوو کە بتوانم لەم تەنگانەیە خۆمی پێ ڕزگار بکەم. لەم گوێزانەوەیەمدا دەستم دەکرد بەگلەیی کردن لە خۆم و، بەتوندییەکەوە سەرزەمشتی خۆمم دەکرد.

---

(١) فۆرد (هنری) ١٨٦٣–١٩٤٧: یەکێک بوو لە پێشەگەرە سەرکەوتووەکانی کەرتی پیشەسازیی ئۆتۆمۆبێل لە ئەمریکا، کۆڵەکەیەکی بەرەوپێشەچوونی ئەم جۆرە پیشەسازیە بوو و کارێکی وایکرد زۆربە بتوانن ببنە خاوەن ئۆتۆمۆبیلی خۆیان.

بەڵام هەموو جارێک شتێکی وام دەهاتە بیرەوە کە لەسەر ڕاستی و دڵسۆزی، بۆ خۆم، دووری دەخستمەوە و بەلای خۆمدا دامدەتاشی. پیاو کە بیەوێ لەسەر خۆی بکاتەوە و پاکانە بۆ خۆی بکات، زۆر بەئاسانی بۆی سەردەگرێ بەڵام خۆی دەخاتە بارێکی سامناکترەوە. شەڕ لەناو دەروونمدا گڕی سەند. تا دەهات ڕۆژ بەڕۆژ بڵێسەکەی بەرزتردەبووەوە. ئەمە وابوو تا لەشکری خەوم و تەم دەستی کرد بەشکاندن و خۆ بەدەستەوەدان. بۆم دەرکەوت، ئەوی بەمن پێویست بوو ئەوە بوو کە زاڵ ببم بەسەرخۆمدا، بەسەر هەست و بیری تایبەتی خۆمدا. زاڵ بوون!... ئەم وشەیە لە کەللەمدا جێگیر بوو. بوو بەبزوێنەری بیرەوەریم. لە ڕاستیدا زۆر پێویستیم بەزاڵ بوون هەبوو بەسەر خۆمدا.

دەتوانم بڵێم: لە هەموو کەس زۆرتر من پێویستیم بەزاڵ بوون هەبوو بەسەر خۆمدا. بەڵام چۆن دەستم بکەوتایە ؟... گیروگرفتەکە لەوێدا بوو!... بەرهەمی کارخانەکەم دەستی کرد بەچاک بوون. بەڵام هێشتا وای لێ نەهاتبوو بەدڵی من بێ و، ئەم و ئەویش لایان پەسندبێ. دەستم کرد بەبیرکردنەوە و، لێکۆڵینەوەی درێژ. سەرنجم دا لە کارەساتی ژیانی پێشووم و لێم کۆڵیەوە. کەش بەکەش شیم دەکردنەوە و دیسانەوە بەشی کردنەوەکەیدا دەچوومەوە. پەنام بردە بەر خوێندنەوە. نووسراوێک نەما بزانم کەڵکی بۆم هەیە و نەمخوێندبێتەوە.

پەیم بەوە بردبوو کە تەنگانەیەکی گەورە لە پێشمەوەیە، دەبێ خۆمی لێ دەرباز بکەم. ئیتر لەو کاتەوە خۆم لە بەردەم دوو شتدا دەدی. ناچار بووم یەکێکیان لێ جێیە بەجێ بگەم. یان دەبوو وازم لە خۆم بهێنایە تا بەتەواوەتی تێک دەچووم و دادەڕزام. یاخود دەبوو دەستم بکردایەوە بەژیانێکی نوێ کە شایستەی خۆم بێ. شەوێکیان چاوم کەوت بەچەند دێرێک لە «نووسراوی پیرۆز» کە دەیفەرموو: «بارەگای خودایی لە دەروونتاندایە». بەواتایەکی تر دەیفەرموو: «بارەگا ئاسمانییەکان لە دەروونتاندان».
سەیر ئەوەبوو لە سی ساڵ پتر بوو کە ئەو دێرانەم دەخوێندەوە، کەچی سەرنجیان ڕانەدەکێشام.

ئەو شەوە وشەکانی نووسراوی پیرۆزم وا دەهاتە پێش چاو کە بەتیشکی ڕووناکی نووسرابنەوە. واتاکەیم بەناوازەییەکەوە بۆ دەرکەوت. بەخۆم گوت: «سەیر ئەمەیە کە ئەم وشانە وەک ئاراستەی من کرابن وان. وا دەگەیێنن کە بارەگا ئاسمانییەکان لە دەروونی خۆمدان!»... ئەی لەوەپێش بۆچ لەمە تێنەگەیشتم؟



ڕاستی دەرخراو هەموو دەم زۆر بەئاشکرا و سادەیی دەردەکەوێ. بەجۆرێکی وا خۆیشمان لە خۆمان سەرمان سوڕدەمێنێ کە بۆچ وا درەنگ تێی گەیشتووین. ئینجا بۆم دەرکەوت کە کارخانەکەم لەباریدا هەیە لە کەرەسەی خامی شارەزایی و ئایین و باوەڕ و خۆشەویستی و ڕەوشت و خووەچاکەکانی تر بەرهەمێکی پەسندی وا پێک بهێنێ کە ئافەرین بکرێ.

***

دووەم هەنگاوم ئەوەبوو، ڕستەیەک بنووسمەوە ناوی هەموو کردەوە چاکە نەمرەکانی تێدا دابنێم. ئەو کردەوانەی کە بنچینەن بۆ ژیانێکی هەموو دەمی. کە ئەگەر ئەوانە نەبوونایە تا ئێستا دەمێک بوو ژیان لەسەر ئەم زەوییەدا نەمابوو. لە جێی ئەو سەرگەردانی و هەناسەساردی جیهانی داگیر کردبوو. ئەو وشانەی کە هەڵبژاردە بوون و بەشایستەی ڕستەکەی خۆمم دادەنان ئەمانە بوون:

«خۆشەویستی، ئازایەتی، ڕووخۆشی، چالاکی، دڵنەرمی، دۆستایەتی، دەس بڵاوی، کارئاسانی و دادپەروەری». بریتی بوون لە نۆ وشەی چاوبەستانە! دوور نییە ڕازی ئەو بارەگا ئاسمانییانەیان تێدابێ، کە بەهەموو کوڵی دڵمەوە بۆیان دەگەڕام و خۆم بۆ دەکوتان. شەو لەدوای شەو، بەتاقی تەنیا بیرم لەم وشانە دەکردەوە و، لە مێشکمدا جێگیرم دەکردن و بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن بەکاریان بهێنم. دوایی بڕیارم دا ڕەفتاریان پێ بکەم. هەموویان بەکەڵکن. هەموویان لە پێچەوانەکانی خۆیان بێگومان بەهێزترن. چونکە ئەگەر وا نەبوونایە ژیان پێش نەدەکەوت. هەریەکەیان کردەوەیەک پێشان دەدات کە بەشی هەبووە لە پێشخستنی ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

لێرەوە بۆم دەرکەوت کە هەر ئەم کردەوانە خۆیان لەوانەن یەکێکیش لە تاکەکانی کۆمەڵایەتی ڕزگار بکەن. ئیتر لەوە بەدواوە ڕێگاکەم ئاشکرا بوو، هەرچەندە پێداڕۆیشتنی ئاسان نەبوو. بەم کردەوانەوە خوو بگرە! ئەوە ڕێگاکەی من بوو، کە گرتم، لەو هەموو تاریک و نووتەکییە و قوڕوچڵپاوە کە تێیدا بووم ڕزگاری کردم. بەڵام لەپێش هەموو شتێکدا پێویست بوو لە کەلوپەلە خراپە زیانبەخشەکانی بەرهەمی کۆنی کارخانەکەم خۆم ڕزگار بکەم.

***

هەر لەو شەوەدا وازم لە فەرمانەکەم هێنا. هەر لەو شەوەیشدا بوو کە (ڤاش یۆنگ)ی کۆن مرد و، ئەم کەلەپورەی بۆ بەجێ هێشتم، کە ئێستا قسەی لێوە دەکەم.

لە پێش هەموو شتێکدا بڕیارم دا لەو خووانە خۆم ڕزگار بکەم کە بەخراپم دادەنان، یان لە چاکی و خراپی یان دڵ کرمێ بووم. بەڕاستی زاڵ بوونم بەسەر ئەو خووانەدا سەرکەوتنێکی گەورەبوو. لەوکاتەوە کە زاڵ بووم بەسەریاندا، هەستم بەسروەیەکی سەیری کزەبای سەربەستی کرد. سەرلەنوێ ژیانم دەست پێ کردەوە قەواڵەکانی پاراستنی ژیانم دەفرۆشت. بەڵام هێشتا هەر لە جەنگی خووە خراپەکانی لەشم دابووم. لەبەر ئەوە بەلامەوە سەیر نەبوو کە لە فەرمانەکەمەوە سوودێکی کەمم چنگ دەکەوت. کاتێکیش تێپەڕی خۆم و خێزانەکەم لە تەنگانە و دەست کورتیدا دەژیاین. لەگەڵ ئەوەیشدا زۆر خۆمان بەکامەران دەزانی. لە ڕاستیدا لە هەموو کاتێکی ترمان کامەرانتر بووبن؛ چونکە لە کۆڕی جەنگدا پەیتا پەیتا سەردەکەوتین. یەکێکیان ئەوەبوو: خۆمان ڕزگار بکەین لە (بیر لەخۆکردنەوە). هەرچەند هەستم بەوە دەکرد کەبیر لەخۆم دەکەمەوە. بەخۆمم دەگوت: «ئێستا کاتی ئەوەیە بیر لە یەکێکی تر بکەمەوە. هەر کەسێک بێ بام ببێ. بەمەرجێ خۆم نەبێ».

کاتێکی وام لێ هاتە پێشەوە، پێویستییەکی زۆرم بەپارە هەبوو. دەستکورتی وا ڕووی تێ کردبووین، بەجارێک هەناسەساردی کردبووین. ئەوەندەی نەمابوو بچمەوە سەر ڕەوشتە کۆنەکانی جارانم، کە بەهەموو تەمەنی ڕۆژگارەوە خوویەکی یەجگار خراپم پێوە گرتبوون. لەوکاتەدا شەڕەکەی ناپلیۆنم هاتەوە یاد، کە لە ئیتالیادا تووشی بووبوو؛ دوژمن ئاگربارانی دەکرد. بەهەزاران گوللەی تێ دەگرت. لە پڕ یەکێ لە سەرکردەکانی ژێر دەستی بەسواریی گەیشتەلای و پێی گوت: «زۆرتر بەلامەوە وایە ئەم شەڕە ژێردەستی دەدۆڕێنین». بەڵام ناپلیۆن بەتوندییەوە وەرامی دایەوە گوتی: «زۆرتر بەلامەوە وایە ئەم شەڕە دەبەینەوە». ڕاست بۆی چوو. ناپلیۆن شەڕەکەی بردەوە. بەڵام من لە کوێ و ناپلیۆن لە کوێ، من هیچ نەبەردی و بلیمەتیەکم تێدانەبوو. لە هیچ بۆرەپیاوێکیش گەورەتر نەبووم. دیسانەوە جۆرە هەناسەساردییەکم پێ گەیشتەوە. ناچارمام بەتوندییەکەوە سەرزەنشتی خۆم بکەم. گوتم: «کە زۆر هەستت بەبوونی تایبەتیی خۆت کرد، هەستە بچۆرە کۆڕەوە، بۆ کەسێکی تر فەرمان بکە. ئەگەر ئەمە نەکەیت، تا ئێستا هەر چیت دەست کەوتووە لە دەستت دەچێ». ئەمەم بەقسەیەکی گیانی ڕاست و دروست هاتە پێش چاو چوومە پێشەوە بۆ تاقی کردنەوەی.

لە ڕۆژهەڵاتی شاری نیویۆرک دا خەستەخانەیەکی منداڵانی پەک کەوتووهەبوو. ڕووم تێ کرد. داوام لە سەرپەڕشتیکەرەکەی کرد ڕێم بدات. منداڵەکان بهێنمە پێکەنین. دەستم کرد بەچیرۆک گێڕانەوە بۆیان. بەلایانەوە پەشم بوو. پاشان دەستم کرد بەخوێندەنەوە.



ئەویشیان لا هیچوپووچ بوو. وام لێ هات لەو نیازەم بکەومە گومانەوە. چونکە هەر چیم کرد بۆ بەکەڵک هاتنی ئەم و ئەو بەفیڕۆ چوو. ئەم سەرنەکەوتنەی من کاری لە منداڵەکان نەدەکرد. بەڵام، بەش بەباری خۆم سەرگەردانی و نوشوستییەکی گەورە بوو بۆ من. لەبەرئەوە بەهەناسە ساردییەکەوە بڕیارم دا لە جاری دووەمدا گۆرانییان بۆ بڵێم. چی بێ لە تۆ نهێنێ بێ، دەنگی من ئەوەندە خۆش نییە کە دڵی ئەم و ئەو کێش بکات.

لەگەڵ ئەوەیشدا منداڵەکان گۆرانییەکەی منیان پێ خۆش بوو. بەم ڕەنگە ساڵێکی تەواوم بردە سەر، هەموو یەکشەمووانێ سەرێکی ئەو خەستەخانەیەم دەدا و گۆرانیم بۆ ئەو منداڵانە دەگوت. جا لەبەر ئەوەی لە ساز و ئاواز شارەزا نەبووم، چەند قەوانێکم پەیدا کرد و لە ماڵەوە گوێم لێ دەگرتن بۆ ئەمەی فێری گۆرانییەکانیان ببم. کە دەستم بەوەکرد، پارەم ئەوەندە نەبوو بەشی کڕینی ئەو قەوانانە بکات. بەڵام کە نیازی خۆم بەخاوەن قەوانەکان گەیاند، پەنجا قەوانی گۆرانیی منداڵانی پێ بەخشیم. لە کولانەکەی خۆمدا، لە پاش مەشقێکی زۆر فێریان بووم. بەڵام پێش بڕانەوەی ساڵ، پارەم ئەوەندە دەستکەوت کە قەوان و گەلێ شتی تری پێ بکڕم. ئیتر کە وام لێ هات، پایەی هەرە بڵند بۆ سامان دانەنێم، خۆم واهاتە پێش چاو کە بۆ ژیان پێڕەوییەکی سەرکەوتووم دەستکەوتووە. مەبەسیشم لە سوود کامەرانییە.

***

چەند ساڵێک دەبێ بڕیارم داوە کە خۆم تووشی جەربەزەییەکی بازرگانی وا بکەم کە بزانم بەهۆی تێدا سەرنەکەوتنەوە تۆزقاڵێک کامەرانیم لە دەست بچێ. جارێکیان خەریکی ئامادەکردنی قەواڵەیەکی پاراستنی زۆر نرخ گران بووم. تا ئەمەم بۆ چووە سەر گەلێک کات و سامانم بەخت کرد. لەودەمەیشدا هێشتا دەستکورت بووم. بەڵام ئەم کەینەوبەینەیە لەوانە بوو تا دەمێک بمبا بەرێگای دەوڵەمەندیدا. ئەو بەیانیە کە پێویستبوو دوایی بەرێککەوتنەکەمان بهێنم هات و ڕووم کردە دەسگای پیاوەکە. ئەم هەلە بۆ من زۆر گرنگ بوو. تەنانەت لە کاتی چوونمدا بۆ لای، خۆم خزاندە پەنایەکی بێ دەنگەوە، بەلەش و هۆش تاوێک وەستام و سەرنجم دا، تا لە خۆم دڵنیابم کە لەم فەرمانەمدا ڕەنجەڕۆ نابم.

لە خۆم پرسی: «ئەگەر هات و ئەم پیاوە نەهات ئاخۆ خەم و تەم دڵم دادگرێ؟».

وەرامەکە زۆر ڕوون نەبوو. لەبەر ئەوە بڕیارم دا خۆم بهاوێژمە ناو ئەو جەربەزەییەوە، نەوەک ئەو شەڕەی لەگەڵ خۆمدا دەمکرد بیدۆڕێنم.

دەهەر ئەم بڕیارە بوو کە شەڕەکەی بۆ بردمەوە. هەروەها ئازادیشی کردم کە بتوانم بەپێی ئەو ڕەنگڕێژییەی کە دامنابوو بڕۆم بەڕێوە. پیاوەکە لەگەڵ پێگەیشتنی سەرپەڕەی ناوەکەم. دەستبەجێ بانگی کردمە ژوورەوە بۆ چاوپێکەوتنی. دەستمان کرد بەگفتوگۆکردن. بەڵام وام هاتە پێش چاو، دەیەوێ خۆی لە بابەتی گفتوگۆکەمان کە (پاراستنی ژیان) بوو دوور بخاتەوە. دەمودەست هەستم پێ کرد کە هەر ڕەنجێکم داوە لە پێناوی ئامادەکردنی قەواڵەکەدا و هەر پارەیەکیشم بەخت کردووە بەفیڕۆ چووە. کابراکە دەستی کرد بەپاڕانەوە بۆ لێ خۆش بوونم. گوتی: «ببەخشە، زۆرم پێ ناخۆشە کە بەهیچ کلۆجێ قەواڵەکەت ناتوانم لێ بکڕم. تۆیش کە بڕوات وابوو من قەواڵەکەت لێ دەکڕم بەهەڵەدا نەچووبوویت. چونکە هەر چیت لەدەست هات لە بەختکردنی کات و پارە کردت بۆ ئەمەی بمخەیتە سەر کڕینی ئەو قەواڵەیە...». منیش قسەکەم پێ بڕی، پێم گوت: «تکام وایە بەتەنگ منەوە نەبیت کە لە پێناو ئامادەکردنی قەواڵەکەدا ڕەنجم داوە و بە با چووە. من نەهاتوومەتە لات بۆ ئەمەی ببمە هۆی خەم و خەفەت بۆ تۆ. بەڵکو بۆ ئەوە هاتووم کە ئەگەر فەرمانێکم لەدەست بێ بۆتی بکەم. بێجگە لەوە من ئەوەندە بەتەنگ ئەوەوە نیم کە قەواڵەکەم لێ نەکڕیت. من دەمەوێ تۆ بەهۆی منەوە تووشی دڵ تەنگی نەیەیت.

بەهۆی ئەم گفتوگۆیەوە کە لەگەڵ ئێوەدا کردم کارێکی خۆشم ڕابووارد لایشم وایە کە کەڵک و خۆشیی ئەم ڕابواردنەمان لە کەڵک و خۆشی فرۆشتنی قەواڵەکە زۆرتر بێ. هیواداریشم کە جارێکی تر بەئەندیشەی ئەم کەینەوبەینەیەوە خەفەت نەدەیت بەخۆت»... کە لە دەسگای پیاوەکە چوومە دەرەوە، هەستم کرد ورەم لە ورەی پێش هاتنە ژوورەوەم بۆ دەسگا لە بڵندتر و بەهێزترە. بەم ڕەنگە جارێکی تریش بەسەر سەرنەکەوتنمدا زاڵ بوومەوە.

***

چەند حەفتەیەکی پێچوو، لە کابراکەوە نامەیەکم بۆ هات. بانگی دەکردم بیبینم. چووم پێی گوتم: «هێشتا لەو وزەمدا نییە قەواڵەکەت لێ بکڕم. بەڵام بۆیەکا بانگم کردیت کە لێت بپرسم ئایا دەتوانی کەڵکێک وەربگریت لەوەی کە نامەت بدەمێ بۆ سەد کەس لە گەورەپیاوانی نیویۆرک بۆ ئەمەی ناسیاوییان لەگەڵدا پەیدا بکەیت؟... ئەوەندە ڕووخۆش و زمان شیرینم هاتیتە پێش چاو حەزم کرد تۆڵەی ئەوەت بۆ بکەمەوە کە لە دەستت چوو. بێجگە لەوە ئەو قەواڵە فرۆشانەی کە زۆرە ملێ لە کڕیارەکانیان دەکەن بۆ قەواڵەکڕین یەجگار کەمن، ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی کە حەزم کرد هەندێ لە هاوڕێکانم بتبینن.» سەد



نامەی تایبەتی لە پیاوێکی گەورەی خاوەن کارەوە ڕەوانە بکرێ بۆ سەد کەس، لە هاوڕێ گەورەکانی هاوتای خۆی! هیچ گومانێکی تێدا هەیە کە دەمتوانی کەڵکیان لێ وەربگرم؟، نەء!... ئەم گەورە پیاوە ئەو هەموونامەی بەدەستی خۆی بۆ نووسیم، کە تا ساڵێکی تەواو بەکار و فەرمانەوە خەریکیان کردم. بەهۆی ئەوانەوە توانیم گەلێک جاری وا (قەواڵەی پاراستنی ژیان) بفرۆشم. کە هەرگیز پێم نەدەکرا بەو تاقە کڕیارەی بکڕم. جارێکی تریش بۆم دەرکەوتەوە کە ئەو سامانەی بۆم بەجێ مابوو لە جیهانی کاروفەرمان و بازرگانی دا جێگایەکی بۆ خۆی کردبووەوە.

## سبەینێ نییە

وام لێ هاتبوو کە لە هەموو ژیانمدا لە (سبەینێ) بترسم. تا ڕۆژێکیان بڕیارم دا باوەڕ بەمرۆ بکەم و ئازایانەیش تێیدا بژیم. «ئیمرۆ ئەو سبەینێیە دوێنێ لێی دەترسایت. کەچی هیچی وایشی تێدا ڕوو نەدا کە بتخاتە ترسەوە».

بەم شێوەیە بوو کە یەکێکیان ئەوەی لە دڵمدا هەستم پێ دەکرد. لە بابەت ئیمرۆ و سبەینێوە، دەری بڕی. هەرچی سەر بەدوێنێ بێ، هیچم دەربارەی پێ ناکرێ. سبەینێ یش، هەرگیز، نایەت. کەواتە تەنیا ئۆباڵی ئیمرۆ بەئەستۆمە. ئەمە ڕاستی پەرستیی منە لە بابەت ڕۆژگارەوە. بەهۆ ئەویشەوە، توانیم لەگەڵێک تەنگانە سەر دەربهێنم.

## تارمایی و ئەندێشە

٤

کەس نەبووە وەکو من تووشی بەرەنگاریی ترس بووبێ. بەو شێوە سەختەی کە ناچار بووم تووشی ببم. زۆربەی کەسان تەنیا لە شتێک ترسیان هەیە. بەڵام من، تێکڕا، لە هەموو شتێک دەترسام، تەنانەت لە مشکیش!...

بەشەوان سەرم لە پێخەفەکەمدا دەشاردەوە. بۆ ئەمەی دەنگی سامناکی تریشق و هووڕی هەور و بروسکە لە گوێم دوور بخەمەوە. هەروەها تەماشاگای چیرۆکانیش[1] دەبوونە هۆی ترساندن و ئازاردانم. وای هەڵدەگرت منیش لەو چیرۆکانەدا کە لەسەر تەختی تەماشاگای خوێندنگامان لاسایییمان دەکردنەوە بەزمورەزمێک ببینم. کەچی بەپێچەوانەوە لە

(١) تەماشاگاه: شانۆ.

بینینیاندا خەم و خەفەتم تووش دەبوو. لەو ڕۆژانەدا کە دەکەوتنە پێش شەوانی گەورەی لاسایی کردنەوەی چیرۆکەکانەوە، بەتەواوەتی هەستم بەئازارێکی ناو سکم دەکرد، کە لە گیانی خۆم وەڕسی دەکردم. تا دەمێنم ئەوەم لەبیر ناچێتەوە، کە لە چیرۆکێکدا دەبوو لاسایی چیرۆکێک بکەمەوە. هەروەها دەبوو: بەدەنگێکی زۆر بەرزەوە گۆرانی یەک بلێیم. لەکاتی مەشقدا دەمتوانی بەباشی: لاسایی کردنەوەکە جێبەجێ بکەم لەگەڵ گۆرانییە دەنگ بلّندەکە. بەڵام کە کاتی لاسایی کردنەوەکە دەهات بۆ  پیشاندانی دانیشتومان. شپرزە دەبووم و لەسەرخۆم دەچووم و ناچار دەبووم لە تەماشاگاکە ڕابکەم... ئەمە بۆ من شتێکی زۆر نەبوو. چونکە من ترسنۆکێکی بچکۆلە بووم. ڕێگام دابوو بەترس لە ژیانمدا گەشە بکات و. هێز و هەڕەت بسێنێ و بەسەریشمدا زاڵ ببێ.

لەو شەوە نەگریسەدا دەستم کرد بەلاسایی کردنەوە. بەجوانی جێ بەجێم کرد. بەڵام هێشتا دەستم نەکردبوو بەو گۆرانییە سامناکە کە دەبوو بەدەنگێکی بەرز، بیلّێیم، لەرزم لێ هات و دەنگم بەتەواوەتی نووسا. هیچم بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێ کە لە تەماشاگاکە هەڕا بکەم. مامۆستاکان و هاوڕێکانم دڵیان دەدامەوە، بۆ ئەمەی بگەڕێمەوە سەر تەماشاگاکە، تا لاسایی کردنەوەکەم تەواو بکەم. بەڵام هەچ ڕەنجێکیان لەگەڵم دا بەباچوو. ئەو کەتنەی کە کردم ئەمەندە لام ناشیرین بوو، خۆم لەبەر چاوی خۆم سووک بووم. وایشم لێ هات کە لەوکاتەوە تا چەند ڕۆژێکیش ژیانم بەبارێکی گران دەهاتە پێش چاو. لە هەمووی خراپتر ئەوە بوو کە خۆشەویست ترین کچ و نزیکترینیان بەدڵم کە لە هەموو کچێک پایەی بلّندتر بوو لام. لەو چیرۆکەدا لەگەڵ مندا لاسایی دەکردەوە. لەپاش ئەو شکستە ناشیرین و نەنگەم، بەئاشکرا پێی گوتم کە ئیتر تا سەر لێم جیابووەوە و، نزیکم ناکەوێتەوە. وام لێ هات: تا پێم بکرایە، بەناو شەقامەکاندا هاتوچۆم نەدەکرد. کە بەناچاری بەشەقامێکدا بڕۆیشتمایە وامدەزانی هەموو کەسێ بەچاوی سووکەوە سەیرم دەکەن و تیزم پێ دەکەن. کە گوێم لە پێکەنینی یەکێک ببوایە وامدەزانی کە پێکەنینەکەی لەگەڵ منە و گاڵتەم پێ دەکات. لەرزم لێ دەهات و لە شەرماندا ڕووم سوور هەڵدەگەڕا و، ئەوەندەیش ئازارم پێ دەگەیشت مەگەر هەر کوڕێک وای لێ بهاتایە هەر چی بکات کەس پەسندی نەکات و هایوهووی لێ بکێشن. لەگەڵ ئەمەیشدا کەسێکم نەدی خەمێکم بخوات. یاخود خەریک بێت لەگەڵم دڵم بەهێز بکات و، بمخاتەوە سەر دۆخی جاران. بەگشتی وامدەزانی ئەم ترسانە شتێکی ئاساییە لە مندا، لێم جیانابنەوە.

***



ئەم ترسانە لە تافی کوڕێنیشمدا لێم جیانەبوونەوە. کە چاوم بەیەکێکی خاوەن فەرمان دەکەوت، دەنگم کزدەبوو، ئەژنۆکانم دەلەرزین، بەگران پێم دەکرا بەپێوە بوەستم. کە ئەو سەردەمانەم بیردەکەوێتەوە، لەوەدا گومانم نامێنێ کە ئەم ترس و لەرزانەم بوو، بووبوونە هۆی ئەوەی خووبدەمە خواردنەوەی مەی ئەوەیش لە ناشێتیی خۆمەوەبوو کە دەمکرد، بۆ ئەمەی چەند تاوێک لە دەست خۆم. خۆم ڕزگار بکەم. ئێستایش لە بیرمە کە زۆرجار ئاواتم دەخواست و لە خودا دەپاڕامەوە کە کڕیارەکان لە دەسگاکانیادا نەبن، بۆ ئەمەی دووچاری چاوپێ کەوتنیان نەبم!... هەروەها گەلێک جارم لە بیرە، کە لە کۆبوونەوەکانی قەواڵە فرۆشتندا، بەترس و لەرزێکەوە دادەنیشتم. نەوەک پرسێکم لێ بکرێ، یاخود لێ دووانێکم لێ داوا بکرێ!... گەلێک جاریش کە چاوم بەچاوی سەرۆکەکەم دەکەوت، دڵەکوتێی وام پێ دەگەیشت، ئەوندەی نە دەما دڵم لە کەلەکەمەوە دەربپەڕێ. دڵیشم وا تەنگ دەبوو، پێم نەدەکرا بەبێ شڵەژان و سەر لێ شێوان ورتەیەک بکەم!... بەهۆی ترس و لەرزەوە، لە هەڕەتی کوڕێنیمدا، باشترین هەلم لە دەستچوو. پیاوێکی پیر کە ڕەنگە ئەویش لە تافی کوڕێنییدا وەک من تووشی داوی ترس و لەرز بووبێ بەتەنگ منەوەبوو. بەخۆی زانیبوو کەزاڵ بووە بەسەر خۆیدا، وایزانی کە دەتوانێ منیش وا لێ بکات کە زاڵ ببم بەسەرخۆمدا. هەرچی چۆنێک بێ، دای بەگوێمدا کە دەیەوێ بمکات بەهاوکاری خۆی، بەمەرجێ مووچەیەکی زۆر کەمم بداتێ. بەڵام لە کاتی فرۆشتندا مزێکی گەورەم بداتێ. پێم گوت: باشە. بەڵام هێشتا ڕۆژئاوا نەبووبوو، کە دڵم لێی کرمێ بوو! دەمگوت بەخۆم، چیم لە دەستدێ، ئەگەر تووشی نەخۆشییەک بووم، یان هیچم بۆ نەفرۆشرا؟... چیم پێ دەکرێ ئەگەر کاروبار بەدڵی خۆم هەڵنەسووڕا و بازاڕ بکەوێتە کزی؟... ئەی چی بکەم ئەگەر هاوکارە پیرەکەم لە پێش سەرگرتنی فەرمانەکەمدا بمرێ؟... ئەمانە بەشێکی کەم بوون لەو پرس و دوو دڵییانەی کە کەوتنە سەروو دڵمەوە. دوایی ناچار بووم وازم لە بەڵێنەکەم هێنا. کەچی بەچاوی خۆم دیم یەکێکی تر خۆی بۆ ئەو فەرمانە کوتا. زۆری پێ نەچووس بووە یەکێ لە دەوڵەمەندە گەورەکان.

***

لە پاش ئەمەی چەند ساڵێک بەرەنگاریی ترسم کرد لە خۆمدا، دەستم کرد بەبیرکردنەوە لە کارخانەی بیرکردنەوەی خۆم. بۆچ دەهێڵم ئەمەندە ترسم بۆ دروست بکات؟... من بەرهەمی وام نەویستووە. کەسیش داوای شتی وای لێ نەکردووم. ئەی ئەو کارخانەیە هی خۆم نییە؟... ئەی خۆم سەرۆکی نیم؟... چاودێری نیم؟... هەموو شتێکی بەدەست خۆم

نییە؟... ئەی کەواتە، بۆچ شتێکی وام بەرهەم نەهێناوە کە بهێنێ کات و ڕەنجی تێدا بەخت بکرێ؟...

لەوکاتەدا گەیشتبوومە ئەوپەڕی سەرگەردانی لە ژیانمدا. بەڵام خۆش بەختانە، بەئاشکرا ئەم ڕاستییە ناسازەم بۆ دەرکەوتبوو. ئەی چی بکەم؟ بڕیارم دا: لەپێش هەموو شتێکدا زاڵ ببم بەسەر ترسدا و دەری بپەڕێنم لە دڵم، تێگەیشتم کە زۆر لەوە دەترسام سەرنەکەوم. فرمانم لە دەست دەربچێ، زیان لە سامانم بکەوێ. هەروەها گەلێک دەرد و ئازاری تریشم تووش ببێ کە لە نابووتییەوە پەیدا دەبن. جا لەبەر ئەوەی ترس لەو شتانە لە هەموو شتێک گەورەتربوو کە من تووشی بووبووم. بڕیارم دا کە ئەوشتەی دەتوانم بیکەم، ئەوەیە کە سەرنەکەوم، واز لە فەرمانەکەم بهێنم، بەبێ کار و فەرمان بسووڕێمەوە بەناو شەقامەکاندا. واتا ئەو شتانە بکەم کە دەترسام ڕۆژێک لە ڕۆژان تووشم بێن!! لە ڕاستیدا ئەوە دەرمانێکی بەهێزی تاڵ بوو. بەڵام من پێویستیم بەدەرمانێکی بەهێزی تاڵی وابوو. ئامادەیش بووم کە بینۆشم.

پێویست بوو ترسەکانم بدەم بەزەویدا. نەیشم دەتوانی بیاندەم بەزەویدا، ئەگەر لە تاقە بابەتێکەوە سستیم بنواندایە. لەبەرئەوە، هەر لەخۆمەوە، خۆم خستە ئەو بارەوە، کە لە هەموو شتێک زۆرتر لێی دەترسام. کەچی هەستم بەهیچ ترسێک نەدەکرد لە دڵمدا. بەڵکو بەپێچەوانەوە، هەستم بەسەر بڵندی و خۆشی و کامەرانی یەک دەکرد، کە لە ژیانی نوێمدا دەستم پێ کردووە. لەگەڵ ئەوەیشدا پێویست بوو دەمێکی دوورودرێژ لەسەری بڕۆم تا خوو بگرم بەسەرکەوتنەوە بەسەرخۆمدا. هەروەکو لەوە پێش تێم گەیاندیت، ڕۆژان و حەفتان و مانگانم بەئەرک و ئازارێکی زۆرەوە بەسەر برد، ئینجا گەیشتم بەئامانج. چونکە دڵ ناسکی بێ ئەندازە و، ڕەوشت و خووی بیر کردنەوەی پڕ لە ئازار، لە شەو و ڕۆژێکدا لانەدەچوون. پێویست بوو ڕاوە دوویان بنێم و بیانشکێنم. بەڵام ئەوان بەرەنگارییان کردم و تێکۆشان پایە ماڵم بکەن، لەوکاتەوە کە خۆم ئامادە فەرمانی کۆنم بهێڵم و دەست بکەم بەفەرمانی تازەم. بابەتی ترس لای من لە هەموو بابەتێک چاکترە و لە دڵمەوە نزیکترە. ترس لە هەموو دوژمنێکم ناحەزتر بوو. بەلایشمەوە وایە کە دوژمنی هەرە ناحەزی زۆر کەسی تریش. چونکە هەموو هاوڕێکانم، هەر یەکەیان، شتێکی لە دەستچوو بوو. ئەگەر کامەرانی نەبووبێ، لەویش گەورەتر بووە. ئەوەیش هەمووی بەهۆی ترسەوە لە دەستیان چووبوو. لەم ڕۆژانەی دوایی دا، لە بیست پیاوم خواست کە ترسی هەرە گەورەی خۆیانم پیشان بدەن. وەرامەکانیان بەم ڕەنگەبوو: پێنج کەسیان یەجگار لە هەژاری دەترسان.



سێ کەسیان لە کەموکوڕی و نەنگی و جۆرەکانیان دەترسان. یەکێکیان دەترسا لە جێگا بەرزەکان. یەکێکیان لەئاگر. دوانیان لە نەخۆشی یەکێکیان لە پزیشک و تاقیکردنەوەی لەشی. یەکێکیان لە وتاردان بۆ کۆمەڵێک لە گوێگران. یەکێکیان دەترسا لە تارێکی دووانیان دەترسان لە ئاو. یەکێکیان دەترسا لە ئۆتۆمۆبێل لەیەکدان. یەکێکیشیان دەترسا لە مار ترسی هیچ کەسێک لەو بیست پیاوە لەبەر هۆیەکی پەسند نەبوو. ئەو پیاوانە لە ڕاستیدا ڕێیان دابوو بەترسی بێ جێ کامەرانییان لێ بار بکات و، کارگوزارییان لێ پەک بخات. لە ڕاستیدا، بۆ زاڵبوون بەسەر سەرنەکەوتن و هەژاریدا هیچی وای پێ ناوێ ئەوە نەبێ کە تۆزێک پارێزگاری بکرێ لەگەڵ فەرمانکردنێکی بەدڵ و چالاکانەدا. بەڵام ترس لەوانە، بەکاری هیچ نایەت!.

کەس زاڵ نابێ بەسەر ترسدا ئەگەر لە ترس بترسی. ئەوی نەهێڵێ هەژاری ڕوو بدات ترس نییە. بەڵکو فەرمانکردن و پارە کۆکردنەوە و باوەڕ بەخۆکردن و ئازایەتییە. بەڵام ترس لە شوورەیی و نەنگی، لەلایەن ئەو کەسانەوە کە ڕاست و دروستن، بەشێتی نەبێ بەهیچی تر دانانرێ. چونکە نەنگی و شوورەیی لە خۆیانەوە تووشیان نایەن، ئەگەر بەخۆیان نەیانهێننەسەر خۆیان.

سەرنەگرتنی کار و فەرمانێکی پاک و ڕاست، بێگومان نابێتە نەنگی. کەسی وایش نییە کە بەشتێکی نەنگی بزانێ، ئەو کەسە کلۆڵە نەبێ، کە کاتێ لە فریانەکەیدا ڕەنجەڕۆ دەبیت. ڕێ دەدا بەدڵی خۆی کە بەخۆڕایی خۆی بەبەدبەخت و سەرگەردان بزانێ. ئەو کەسانەی بێ تاوانن لەسەر نەگرتنی کاروبارەکانیاندا، گەورەپیاوان بەچاوی سووکەوە سەیریان ناکەن. بەڵکو دڵیان پێیان دەسووتێ و خۆشەویستییان بەرامبەر دەنوێن. دیسانەوە دەیڵێمەوە، کە ترس لەم جیهانەدا هیچ نییە ئەوە نەبێ کە پیاوی ترسنۆک دەهێڵێ هەستی نابەجێ بێتە دڵیەوە و سەری لێ بشێوێنێ. ڕۆژێک لە ڕۆژان بچۆرە ناو نووسراوخانەکەتەوە، چاوێکیش بخشێنە بەو ڕستە درێژەی نووسراوانەدا کە لە بابەت (ترس)ەوە نووسراونەتەوە. بەسەرهاتی گەورەپیاوان بخوێنەرەوە. سەیر دەکەیت زۆربەیان کەوتوونەتە شەڕەوە لەگەڵ (ترس)دا، کە لە ئەنجامدا بەسەریدا سەرکەوتوون. چونکە لە ڕاستیدا زۆربەی ئەو گەورەپیاوانە، لەوانەن کە بەسەر ئەم جۆرە هەستانەدا سەرکەوتوون و، لە ژیانی خۆیان دەریانپەڕاندوون لە بریتی ئەوانە شتی وایان خستۆتە دڵی خۆیانەوە، کە لە باریاندا هەبێ؛ کەڵک و فەڕ بۆ خۆیان و بۆ کەسانی تریش پێک بهێنن.

***

له منداڵیمدا دەمدی: جووتیارەکان بووکەبارانەیان لەناو کێڵگەکانیان دا دادەمەزراند، بۆ ئەمەی باڵدار و پەلەوەرانی پێ بترسێنن و دەربکەن. زۆر لە باڵداره ترسنۆکەکان، هەر که چاویان بەشەڕواڵێکی کۆن دەکەوت، لەگەڵ کڵاو و فەرەنجییەکدا بەسەر دوو داری ڕاست و چەپدا هەڵواسراون، لە ترساندا دا دەچڵەکین و فڕکەیان دەکرد بۆ دوور. بەڵام جاروبارێکیش باڵداری وەها لەسەرخۆ و زرنگ دەهاتنە خوارەوە، بەپێچەوانەی هاوڕەگەزەکەی خۆیان، سڵیان لەو بووکەبارانانە نەدەکرد. بەڵکو تیزیان بەخۆیان و خاوەنەکانیان دەکرد. بێ باکانە چەندیان بویستایە لە کێڵگەکەدا چینەیان دەکرد و دانیان دەخوارد... لەو کاتانەدا کە بیرم لە واتای ئەو جۆرە دیمەنانە دەکردەوە. بەڵام کە وەڕس بووم لە دەست شێتی و ناشێتیم، تێگەیشتم کە ترسەکانی ناو ژیانیش لەو بووکە بارانانە پترنین!... لە ڕاستیدا پەی بردنم بەم ڕاستییە، نۆبەرەی ئەو سامانە بوو کە بۆم بەجێ مابوو.

منیش وام پێ باشترە کە ئەم سامانەت لەگەڵدا دابەش بکەم. نەک بەتەنیا بیهێڵمەوە بۆ خۆم و بەشی کەسی تری لێ نەدەم.

## بەدخوویی مرۆڤ!

هەندێ جار دێ بەبیرمدا دەڵێم: ئەگەر ئەو درەختە بەناوبانگەی کە لە بەهەشتی عەدەن دایە لە سەری بنووسرایە «سێوێک بکەرەوە»، مێژووی ڕەگەزی مرۆڤایەتی دەبوو بگۆڕایە. هەندێ جاریش بەبیرمدا دێ دەڵێم:

ئەگەر فەرمانڕەوایی بێگوتایە دەبێ هەموو کەسێ مەی. بخواتەوە، ئێستا ژمارەی سەرخۆشان لە ناوماندا زۆر کەم دەبوو. ئەمەیش لەبەر ئەوەیە کە سروشتی مرۆڤایەتی سەری پیاوی لێ سوڕدەمێنێ. زۆر جاری وا هەیە، لە فەرمانی کردن و نەکردن هەڵدەگەڕێتەوە. لەبەرئەوە بڕوام وایە: ئەگەر دەسەڵاتدارێک فەرمانمان بەسەردا بدات پێمان بڵێ بێن بەشێت، بێگومان زۆربەمان، گوێ نادەینە فەرمانەکەی. دووریش نییە لە ڕقی ئەو زرنگارانە و ژیرانە لە ڕەوشت و کردارمان دا بجووڵێ ینەوە!...



## لە پاشماوەی سامانی نوقوم بوو کەڵک وەربگرە

**٥**

هەموو شارەزایی یەک دەتوانرێ بکرێ بەشتێکی نرخدار. مەبەسم ئەوە نییە کە هەموو شارەزایی یەک دەبێتە سوودێکی پوختەی گیانی یاخود سامانی، بەڵام مەبەسم ئەوەیە کە دەتوانرێ شتێکی لێ هەڵ بکرێنرێ. ئەم سوودە، هاوتای ئەو ڕەنجەیە کە لە پێناوی شارەزاییەکەدا دراوە؛ لە یەکێ لە دێهاتەکانی نزیک شاری نیویۆرکدا ئافرەتێک هەبوو، لە دەمێکەوە دەژیا و ژیانیشی بووبووە بەخشینێکی خوایی بۆ زۆر کەسی ئەو ناوە. ئەو ئافرەتە لە تەمەنی پانزە ساڵی کەمتردا شووی کردبوو. خۆی و مێردەکەی پێڕەویی یاسایەکی وایان دەکرد لە ژیانیاندا کە هەموو هۆیەکی بەختیارییان بۆ ئامادە بووبوو. بەڵام ژیانی تایبەتی خۆی، زۆرتر لە ژیانی ناو چیرۆک و سەرگورشتەکانی دەکرد. کە جاروبار دەیانخوێنینەوە. بەکۆمەڵ خۆشەویستانی بۆ خۆی پەیدا کردبوو: لە کاتی منداڵییدا، لە تافی ژیانی ناو زانستگایدا، لە ژیانی ژن و مێردییدا... بەڵام مێردەکەی جێگایەکی ناوازەی لە یەکێک لە هاوبەشییەکاندا[١] بۆ خۆی داگیر کردبوو، کە سەرۆکەکانی لە پاش دەمێکی کورت لە فەرمان بینینیدا پێیان ڕەوا بینیبوو. لەبەر کارگوزاری و کردەوە پەسندیی.

ژیانی هەردووکیان، ماندوێتی تێدانەبوو. تەم و خەم ئاسمانی ژیانیانی داگیرنەکردبوو. ئەم ژیانەیان وەها بۆ مابووەوە تا هەورە چڵکنێکی ڕەشی مردن کەوتبووە ناوەندیانەوە و ئەم بەختیارییەی لێ تێک دابوون.

ئەم یەکێتیە ناوازەیەیش کاتێک تێکچوو لە ناوەندیاندا کە مێردەکە بەدەرگێکی ناکاو و کوتوپڕ مردبوو، پێش ئەمەی بووک و زاوا، خودا منداڵێکیان پێ ببەخشێ. بەم ڕەنگە بێوەژنی تازە تەمەن، تووشی ئەم سەرگەردانییە بوو، کە ئەوەندەی نەمابوو ژیانی سەرەوژێر بکات. ساڵ لە دوای ساڵ تێپەڕی بەسەر مردنی مێردەکەیدا تا گەیشتە بیست ساڵی ڕەبەق، هێشتا ئەم ئافرەتە جارێک بەبیریدا نەهات شوو بکاتەوە. ئەمە ڕاستە کە دڵسۆزیی خۆی بەرامبەری مێردەکەی تێک نەدا، بەڵام ئەوەندەیش ئازا و بەئارام بوو کە نەیویست ماوەی ژیانی لە خەم و سزایەکی بێ هوودەدا بەخت بکات. بڕیاری دا، تا لە

(١) هاوبەشی: کۆمپانیا، (شرکە).

توانایدا ببێ کاروباری چاکی وا بکات، کە ئەگەر مێردەکەییشی بمابە لە ژیاندا هەر ئەوانەی دەکرد.

لە پاش بڕانەوەی ئەو مانگانەی کە بۆ پرسە تەرخان کرابوون، دەستی کرد بەدۆزینەوەی ئەو فەرمانانەی کە پێی دەکرێ بیانکات. هەرچەندە دەرامەتی کزبوو بەڵام دەیتوانی ژیانێکی ناونجی پێوە ڕاببوێرێ. هەرچەندە بێبەش مابووەوە لە دایکایەتی، بەهۆی مردنی ناسۆری مێردەکەیەوە، بەڵام بەوە دڵخۆشیی خۆی دەدایەوە کە ببێتە دایەنی منداڵانی ئافرەتانی تر. پێش هەموو کەس چووە لای زاوایەکی خۆیان، کە ژنەکەی تازە مردبوو و، منداڵێکی زۆری لە کوڕ و کچ بەسەردا بەجێ هێشتبوو. بەهەموو خۆشەویستی و دڵسۆزییەکیەوە بەدەوروپشتیاندا دەهات و، لە هەموو کەس چاکتر پەروەردەی دەکردن، تا وای لێ هات گەورە بوون و پێ گەیشتن بەتەواوی. خێزانێکی تریش پەنای بۆ برد. نەیکردە نامەردی، وەک خێزانی پێشوو و بەکەڵکی ئەمانیش هات. لەم جارەیشدا بەتەواوەتی سەرکەوت. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەرکی ئەمان ئەوەندە زۆر بوو، کە دەستی بپەرژایە لەم خێزانەوە دەچوو بۆ ئەو خێزان، بەپێی پێویست، یارمەتی هەموویانی دەدا. چاودێریی نەخۆشانی دەکرد. منداڵانی بەخێوەدەکرد تا باوک و دایکیان لە وچانەکانی خۆیان دەبوونەوە و دەگەڕانەوە گوندەکانی خۆیان بۆ ماڵەوە. لە بریتی دایکەکان کار و فەرمانی ماڵێی دەبینی تا لە نەخۆشییەکانیان چاک دەبوونەوە. هیچ کەسێک نەما لە گوندەکەدا شارەزای چاکی ئەم ئافرەتە نەبووبێ. هەر کامێکیشیانت بگرتایە، هەستی بەوە دەکرد کە هەر کاتێک داوای لێ بکات ئامادەیە یارمەتیی بدات. ئەمەندەیش سەربڵند بووە کرێی لە کەس وەرنەدەگرت، لە تۆڵەی ئەو ئەرکانەیدا کە بۆی دەکێشان.

زۆر کەس کە تێکۆشان کرێیان لێ وەربگرێ. بەڵام هەموو دەم دەیدایەوە بەسەریاندا. زۆربەی ئەو کەسانەیش کە کەڵکیان لێ وەردەگرت، دەست کورت نەبوون، پشتیان بەوە نەدەیەشا کە کرێی بدەنێ. ئینجا کە زۆریان بۆ دەهێنا کرێکانیان لێ وەربگرێ، پێشنیازی وا بۆ دەکردن کە کرێکانیان پێشکەشی کۆمەڵی کڵێساکەی بکەن. هیچ مانگێک، مووچەکەی لە پەنجا دۆلار زۆرتر نەدەبوو. بەڵام هەموو دەم دەیگوت ئەو پارەیە بەسیەتی بەشی دەکات.

هەرچەندە ئێستا ئەو پیر بووە، بەڵام هێشتا هەروەک جاران، لەم ماڵەوە بەدوایدا دەنێررێ بۆ ئەو ماڵ، وەک یاریدەدەرێکی کاتی تەنگانەیش پێشوازی دەکرێ. ئەو ژیانەی کە ژیاوە لە ناوچەوانیدا دیارە. بەناوچەوانێکی بەختیار دەژمێررێ. ئەمە ڕاستە کە ئەو



ژیانەی ژیاوە تۆڵەیەکی تەواوی لە دەستچوونی مێردەکەی بۆ نەگردۆتەوە. نابێ ئێمەیش ئەوەندە ناشی بین کە نەزانین ئەمەوایە، بەڵام ئەوەی گومانی تێدایە ئەوەیە، کە ئەم ئافرەتە ڕووسوورە توانی لەو بەسەرهاتە کلۆڵانەیەی خۆی کەڵک وەربگرێ.

ئەویش بەهۆی ئەو ڕەوشتە پەسند بڵندەیەوە کە وای لە هەموو ناسیاوێکی کردبوو، هەرچەند ناوی بێتە پێشەوە، سەری نەوازش و خۆشەویستی بۆ بنوشتێننەوە.

***

هاوڕێیەکی کامەران و بەختیارم هەبوو، بەسەر فەرمانەکەی خۆیدا زاڵبوو. ڕووخۆش بوو لەگەڵ هەموو کەسێکدا. هێشتا هەرزەکار بوو، ژنی نەهێنابوو. لە هاوبەشییەکدا فەرمانی دەبینی. مووچەکەی لەچاو بەخت کردنەکەیدا[(١)] زۆر بوو. دەیویست بەزووترین کات سامان پێکەوە بنێ. دەیهێنا ئەو پارانەی کۆی دەکردەوە، لە کڕین و فرۆشتنی قەواڵەدا[(٢)] بەختی دەکرد لە بانکەکاندا.

ساڵەکەی ساڵی **١٩٢٨** بوو. هاوڕێ کەم بێ باک بوو. لە هیچ کۆی نەدەکردەوە نەک تەنیا ئەوەندەی کە هەیبوو خستبوویەکایەوە، پارەیشی لەم و لەو بەدەستیاو دەسەند بۆ ئەمەی ئەو کڕین و فرۆشتنانەی پێ بکات. کە مانگی مشتاخان (ئەیلوول)ی ساڵی **١٩٢٩** هات، بایی دوو سەد هەزار دۆلار شتوومەکی کڕیبوو، کە هەموویشی نرخی لە بەرزبوونەوەدا بوو. وازی لە فەرمانی ناو هاوبەشییەکەی نەهێنا. هەرتێیدا مایەوە. کارگوزاریی تێدا دەنوواند. بەڵام چالاکی و تێکۆشینێکی وا گەورەی تێدا پێشان نەدا. چونکە وایدەزانی سامان بەهۆی بانکەوە زۆر زووتر کۆ دەبێتەوە. دەیتوانی چارەیەکی سێ چوار هەزار دۆلاری پاشەکەوت بکات بۆ خۆی. بەڵام لاوێکی سەرچڵی بێ ئارام بوو. ئەویش یەکێک بوو وەک ئەو کەسانەی کە بەکلوور دەژمێررێن. زۆری پێ نەچوو ماڵوێرانی ڕووی لە هاوڕێ هەرزەکارەکەم کرد. کاتێک بەخۆی زانی، بیست و هەشت هەزار دۆلاری ئەم و ئەوی بەسەرەوە ماوە، کەچی خۆیشی تاکە دۆلارێکی بەدەستەوە نەماوە!. هەرچەندە چل هەزار دۆلارێکی بۆ مابووەوە[(٣)] و، بایی دوو سەد هەزار دۆلاریش کەلوپەلی لامابوو، بەڵام لە نابووتییەکی یەجگار ناخۆش و هەناسە ساردییەکی تەواودا سەرگەردان بوو بوو.

---

(١) بەختکردن: خزمەتکردن، کارکردن. یان خەرجکردن (مەسرەف).

(٢) قەواڵە: چەک، (صک)

(٣) ئەم ڕستەیە، لە ڕووی ماناوە، لەگەڵ ئەوەی پێشوتریدا پێچەوانەیە.

چیی پێ دەکرا بیکات؟... دوو ڕێگای لەبەردەمدا بوو بیانگرێ، نەک سێ. یەکەمیان ئەوەبوو کە سەرگەردانییەکەی خۆی خراپتر لێ بکات. بەهۆی خەموخەفەت خواردن و شڵەژان و ترس و لەرز و مەی خواردنەوەوە، لەگەڵ بیانوو دۆزینەوە بۆ ئەمەی تا پێی بکرێ خۆی لە دەست دەستیاو دانەوە بەبانکەکان و ژێر دەستەکانیان ڕزگار بکات. ڕێگای دووەمیش ئەوەبوو کە لە کانگای دڵیەوە و چاکترین کردەوەی خۆی بخاتە گەڕ.

ئینجا بەسنگێکی فراوان و دڵ و دەروونێکی دادپەروەرانە و کاردروستانەوە، مەردانە، ڕووبەڕووی ئەو سەرکەردانییە بوەستێ. بەدڵیش تێبکۆشێ، بۆ ئەمەی ڕێگایەکی ڕزگاری بۆ خۆی بدۆدێتەوە. زۆری پێ نەچوو، بڕیاری دا ڕێگای دووەم بگرێتە بەر. ئینجا دەستی کرد بەدانەوەی دەستیاوەکانی... زۆر بەگورجی. تا دوو ساڵی تەواویش جلوبەرگی بۆ خۆی نەکڕی. بەڵام تا خۆی ئاشکرای نەکردایە کەس بەمەی نەدەزانی. چونکە هێشتا ئەو پۆشەنییانەی مابوو، کە لە کاتی دەوڵەمەندییە درۆزنەکەیدا بێ باکانە، تا توانیبووی کڕیبوونی. هێشتا، بەمەیش وازی نەهێنا. لە خۆرشتدا پاشەکەوتی دەکرد. بەجارێک وازی لە بەزموڕەزم هێنا. وای لێ هات لە پاشەکەوت کردندا، ئەگەر زۆر پێویست نەبووایە، پوولێکیشی بەفیڕۆ بەخت نەدەکرد. هەموو مانگێک سێ سەد دۆلاری دەستیاوی دەدایەوە. ئەوی بۆیشی دەمایەوە، بەشی ئەوەی دەکرد کە بەئاسوودەییەوە پێی بژی. لەگەڵ ئەوەیشدا، وەک خۆی هەموو جارێ دەیگوت، زۆر جاری وا هەبوو لە گیرفانیدا پوولێک نەدەما.

***

پێش ئەمەی ئەم بەشە بنووسم، هەستام چووم بۆ لای بیبینم. مەبەسیشم، ئەوەبوو کە چەند پرسێکی لێ بکەم. پێم گوت: «ئازارت چەند بوو کە لەو بەهەشتە درۆزنەی لە مێشکتدا دروستت کردبوو، کرایتە دەرەوە؟».

– گوتی: «ئەم دەرکردنەم زۆر بەکەڵک هات! خۆم دەزانم چی دەڵێم!».

– «چەند تلایتەوە بەو خەم و پەژارەیەوە کە لە پایزی ساڵی **١٩٢٩**دا دڵی داگیر کردبوویت؟».

– «هەر لە پاش ڕۆژێک ڕۆشناییم لێ دەرکەوت، ئەو ڕۆشنایەیی ڕۆژ بەڕۆژ زۆرتر پڕشنگی دەدا». پاشان گوتی: «لەمەولا بەگورجی، سەردەکەوم لە فەرمانەکەمدا. ڕۆژێک دێت، دەمبینی یەکێکم لەسەرکردەکانی هاوبەشییەکە. ئەمەیش ڕووی نەدەدا، ئەگەر لە



بازاڕدا سامانەکەم نەدۆڕاندایە. خۆ تۆ باشم دەناسیت. ڕەفتارم وابوو کە دەست بڵاو و خوێڕی و شێتەپەتەڕی بووم. تۆزە سامانێک بۆ من بەس بوو کە وام لێ بکات وەک کابرایەکی بێ خەم و خوێڕی بەناو شەقامەکانی شاردا بسووڕێمەوە بێ مەبەس و بێ ئامانج. بەڵام ئێستا گۆڕاوم. بەهیوای ئەوەم تێبکۆشم ڕۆژێک لە ڕۆژان ببمە هاونیشتمانێکی بەنرخ». ئەمە دیمەنی دەرەوەی چیرۆکەکەیەتی. دەیگوت: «ئەو کارەساتەی بەسەرم هات، بوو بەهۆی ئەوەی سامانێکی گەورەی دەروونیم دەست بکەوێ. ئەم بەسەرهاتە فێری کردم کە سامانی پارەومارە هیچ پێویست نییە. ئێستاکە ئەوەندەی بەشم بکات هەمە. بەڵکو دەوڵەمەندیی ئێستاکەم لە هی پێشووم کەمتر نییە، مەگەر ئەو سامانەی لێ دەرچێ کە دۆڕاندوومە و بەهیچ کلۆجێ بەکەڵکم نەهاتووە.

بەلای تۆیشەوە وا نییە: کە ئەگەر پیاوێک خاوەنی ملیۆنێک دۆلار بێت لە بانکدا بەخۆی نازانێت کە لە دەستی چووە– تەنانەت ئەگەر لە دەستیشی چوو بێت تا یەکێک پێی نەڵێ لە دەستی چووە؟ لە ڕاستیدا هەتا وابزانێ کە ملیۆنێک دۆلاری هەیە، بەدەوڵەمەند خۆی دێتە پێش چاو...!. لەمەوە بۆم دەرکەوتووە: کە دەوڵەمەندیی بریتییە لە هەست کردن بەدەوڵەمەندی، نەک دەوڵەمەندییەکە خۆی. هەروەها هەموو کەسێک لە توانایییدا هەیە کە خۆی وا لێ بکات هەست بەدەوڵەمەندی بکات. ئێستاکە منیش ئارەزوو دەکەم وام لێ بێ. تێیش دەکۆشم کە وام لێ بێ. دەتوانم بەسەری خۆیشم سوێندت بۆ بخۆم کە ئێستاکە کامەرانم بەو نابووتییەوە کە تووشم هاتووە. چونکە ئەوەی دەستم کەوتووە لە خۆ پێگەیاندن و ئامانجی ڕاستەقینە لە ژیاندا گەلێک گەلێک لەو سامانەی لە دەستم چووە زۆرترە». بڕوام وایە، ئەمەیش نموونەیەکی ترە لە نموونەی ڕزگارکردنی سامانی لە دەستچوو، بەهۆی کەڵک وەرگرتن لە پاشەرۆکەکانییەوە. گەلێک پیاوی وا هەبووە، کە زانیویانە سامانیان لە دەستچووە، خۆیان کوشتووە. کەچی هی وایش هەبووە. هەر بەهۆی ئەو سەرگەردانییە خۆیەوە، لە(هۆش)دا دەوڵەمەندیان دەستکەوتووە.

جارێکیان پیاوێکی دڵتەنگ و خەمبار، کە تووشی ڕیسوایی و ئازار بووبوو، لێی پرسیم: «تۆ بڕوات بەنوێژ و پاڕانەوە هەیە؟». پێم گوت: «بەڵێ بڕوام پێیان هەیە! ئەی تۆ بڕوات پێیان نییە؟». گوتی: «جاران بڕوام پێیان هەبوو. ئێستایش لە تێکوشیندام ئەو بڕوایەم دەست بکەوێتەوە! بەڵام وەک بۆم دەرکەوتووە، نوێژ و پاڕانەوە کە ئاراستە دەکرێن بۆ ئامانجی خۆیان، لە ڕێگادا، لە شوێنێکدا ون دەبن. بەڵام بەزۆری نازانم کە ئاگادارت بکەم، هیچ کامێک لەو پاڕانەوە و نزایانەم تا ئێستا گیرا نەبوون!».

قسەکانی ئەو پیاوە شایانی ڕێزگرتن و پەسند کردن بوون. چونکە لە دڵ و دەروونی پیاوێکی ڕاستگۆ و سەربڵندەوە دەهاتنە دەرەوە. دیارە منیش نەمدەتوانی. بەڕاستی، تێی بگەیێنم کە بۆچ پاڕانەوە و نوێژەکانی گوێیان نادرێتێ.

لەگەڵ ئەوەیشدا لەو بابەتەوە بیروباوەرێکم هەبوو. لێم پرسی: «کە لە نوێژ دڵ دەوەستی لە چی بیردەکەیتەوە؟». گوتی: «بیر لەتەنگانە و سەرگەردانی خۆم دەکەمەوە». ڕەنگە ئەمە ڕازی ئەوە پیشان بدات کە بۆچ پاڕانەوە و نوێژەکانی سەریان نەگرتووە. هۆشی پڕ بووبوو لە خەم و خەفەت و دڵتەنگی. ئەوەیش دیارە کە خەموخەفەت، دڵتەنگی لە کردەوەکانی خوداوە دوورن. من وام بۆ دەردەکەوێ، ئەگەر بمانەوێ بگەین بەخودا، پێویستە لە پێش هەموو شتێکدا تا لە تواناماندابێ، خۆمان وەک ئەو لێ بکەین. پێویستە، بزانین کە ترس و خەموخەفەت و لەو بابەتانە، لە کردەوەی خودا ناکەن. بەڵکو خۆشەویستی و ئازایەتی و هیوا لەو بابەتانەن لە کردەوەی خودای پاکی بێ هاوتا دەکەن. ئەم کردەوە باشانەن کە فەرمانڕەوایی بەسەر جیهاندا دەکەن. من تێناگەم، یەکێک پێچەوانەی ئەم کردەوانەی هەبێ، چۆن بەهیوای ئەوە دەبێ، کە هەر ئەودەمە، لە خودا بەولاوە، لە لایەکی ترەوە، هیچ یارمەتی و کەڵکێکی دەستگیر ببێ. شتێک هەیە، هەموو کەسێک لەسەری بڕیار دەدات. ئەویش بەکورتی، ئەوەیە کە خوداناسی شتێکە پێویستە بژی. هەروەها پێویستیشە کە لە هەموو کردەوە و هەست و بزووتێکی ڕۆژانەیشماندا دەربکەوێ. بێ گێرە و کێشە، بەهەشت بەم ڕەوشتانە دەست دەکەوێ: «خۆشەویستی، خۆبەخت کردن، ئارام، دڵنەرمی، دادپەروەری، زیرەکی، توانایی، چاوپۆشین، چاکەکردن، ئاشتی و ڕووخۆشی». ئایا بەبوونی شتی وا دڵنیا دەبین؟ ئەگەر بەوە دڵنیاببین، ئەوا دەتوانین هەر لەم زەمینەدا بچینە بەهەشتەوە، بەمەرجێ ئەو کردەوانەمان هەبێ، خۆ ئەگەر ئەو کردەوانەمان نەبێ، هەرگیز خۆمان نازانین کە لە بەهەشت داین. بەڵام ئەوەندەی پەیوەندیی بەخۆمەوە هەیە، من ئێستا لە بەهەشتدا دەژیم. ئەو بەهەشتەیش لەبەردەستی هەمووماندایە، ئەگەر بمانەوێ هەستی پێ بکەین کە تێیدا دەژین.

جا ئەم ڕاستییانە کە لە پاش ئەو هەموو گەشتە بۆم دەرکەوتوون، ئەو سامانەیە کە دەمەوێ بەشی هەموو کەسێکی لێ بدەم، بەمەرجێ خۆی بیەوێ هاوبەش بێ لەگەڵمدا».

# چۆن دەنوویت؟

نووسەری: ویلفرد نۆرثفیلد
کوردی نووسی لە ساڵی ١٩٦٤

## دەتەوێ:

* زاڵ ببیت بەسەرخۆت تا بتوانیت بەئاسانی بنوویت؟
* لە خەودا هەرگیز خەبەرت نەبێتەوە؟
* کە لە خەو ڕاست بوویتەوە، لەش سووک و پڕ چالاکی بیت؟
* تا دەمێنیت نە خەوت لێ بزڕێ، نە ترسی خەو لێ نەکەوتنت لێ بنیشێ؟

ئەم نووسراوە، یارمەتیت دەدا بۆ هێنانە دی ئەو ئاواتانەت. هەروەها، لە بابەت کەینەوبەینەی خەویشەوە، بەدروستی شارەزات دەکات، کە زۆر کەسی وا هەیە هیچی لێ نازانێ.

## پێشەکی

لەبەر زۆر هۆ، پێم خۆشە، ئەم نووسراوە بچووکە، لە بابەت خەوتنەوە دەنووسمەوە. لەپێش هەموو شتێکا، وا چاکترە پیاو دەربارەی خەوتن، هەموو شتێک بەوردی لەسەر بنچینەی بیروباوەڕێک تێبگات. چونکە وای کرد بڕوای بەخۆی دەبێ و، بەئاسانییش قسەی خۆی دەردەبڕێ. وام دێتە پێش چاو چەند کەسێکی کەم لە بابەت خەوتن و خەو زڕانەوە لە من زۆرتر بزانێ ئەمەیشم بەتاقیکردنەوە بۆ دەرکەوتووە. من دەزانم لەسەر گازی پشت ڕاکشان و ئەمدیو و ئەودیوکردن لەسەر پێخەف، لەبەر خەو زڕان چییە و چی نییە؟ هەروەها من دەزانم کە بێ بەشی لە خۆشی خەو، تا چ ئەندازەیەک و تا چەند هەفتە کاری خراپ لە لەش و گیانی پیاو ئەکات!

بەڵام ئەوانە هەموویان دەمیان بەسەر چووە، چونکە ئەمە چەند ساڵێکە تووشی ئەم نەخۆشییە نەبوومەتەوە.

ئەمەیش هۆیەکی تری ئەوەیە کە بۆچ خۆشی لە نووسینی ئەم نووسراوە دەبینم. چونکە لە هەموو گیروگرفتێکی وادا هۆی تایبەتی، جێگایەکی گرنگ دەگرێ. ئەمەیش لە تاقیکردنەوەی تایبەتی خۆمەوە دەزانم و لەو قاقەزانەیشەوە کە لە خوێندەوارەکانی خۆمەوە



بۆم دێن. هۆی تایبەتی، تەنیا هۆیەکە کە هیوا دەبەخشێ. چونکە ئامۆژگاری ڕووت زۆرجاری وا هەیە بەکەڵکی ئەم کارە نایەت.

وام بۆ هات، کە دەمێکی دووردرێژ بەبێ خەوییەکی زۆر ناخۆشەوە بەسەر ببەم، ئنجا لەم دەردە گەورەیە بەتەواوەتی ڕزگارم ببێ. لەگەڵ ئەوەیشا، پەنام نەبردە بەر هیچ چارەکردنێکی جادووگەرانە. ئایا بەلاتەوە ئەمە شتێکی هیوا بەخش نییە؟ چۆن نییە؟ چونکە ئەو شتەی بەیەکێک بکرێ، بەکەسێکی تریش دەکرێ ئەمەیشت لەبیر نەچێتەوە! جا بۆ ئەمەی ئەم هۆی تایبەتییەی خۆم باشتر دەربخەم، وا حەز ئەکەم بیهێنمە پێش چاوی خۆم کە تۆم لەگەڵ دای و پێکەوە گفتوگۆ لەم بابەتەوە دەکەین. لەبەر ئەمە چاوت پێ ئەکەوێ کە من وەک لای نووسەران باوە نووسراوەکەم بەش بەش نانووسمەوە. لەبەر ئەوە وا دانراوە کە قسەی یەکەم تۆ بیکەیت و کۆمەڵە پرسیارێکیشم لێ بکەیت. لە ڕاستیدا تۆم وا هاتیتە پێش چاو، ئەو پرسیارانەم لێ ئەکەیت و منیش وەرامی یەک بەیەکیانت دەدەمەوە، پاش ئەوە ئامۆژگارییەکی گشت لاییم نووسیوە، لە بابەت ئەو شتانەوە کە تۆ لە بیرت چووە لێم بپرسیت. ئەویش بۆ ئەمەی نووسراوەکەم تەواو بکەم بەبابەتێک دەربارەی (پێشبینییەکی دروستەوە) بەرامبەر خەوتن. باری تۆ هەرچەندێ خراپ بێ، لە تواناتا هەیە بگەیتە گوێ ئاوی تەندروستی و ئاسایش. دوور نییە تا ئەگەیتە ئەو ئامانجەت ماوەیەکت پێ بچێ، لەبەر ئەوە پێویستە ئارام بدەیت بەخۆت. چونکە ڕەوشت و خووی تایبەتیی لەش وا لە لەش ئەکات، ناتوانێ دەمودەست لە شەوانی بێ خەوییەوە بگوێزیتەوە بۆ شەوانی خەوی ڕاستەقینە. جا ئەم کارە دەبێ بەشێنەیی پێک بێت.

لەگەڵ ئەوەیشا حەز ئەکەم هەر لە ئێستاوە پێت بڵێم کاتێ کە بەهۆی بەکارهێنانی ئەم دەستوورانەوە کە پێشانتی دەدەم، ڕزگارت ئەبێ لە نەخۆشی خەو لێ نەکەوتن، بۆی هەیە دووبارە بگەڕێیتەوە سەر نەخۆشییەکەت. ئنجا ئەگەر هەستت بەشتێکی وا کرد، پێویستە تۆیش دووبارە دەست بکەیتەوە بەبەکارهێنانی ئەو دەستوورانە، تا دووبارە لەو نەخۆشییە ڕزگارت دەبێتەوە بۆیەکا ئەوەم گوت خۆیشم ئەوەم بەسەرهاتووە و بەو جۆرەم چارە کردووە.

جا لەبەر ئەوەی خۆیشم شارەزای ئەرک و ئازاری خەو زڕان و گرنگی زیندەگانی خەوی تەواو بووم، زۆر خۆم بە بەختیار دەزانم، ئەگەر ئەم نووسراوە بتوانێ هەندێ لە خوێندەوارەکانی خۆی ڕابکێشێ بۆ سەر بەرەبەیانێکی پڕ هیوای نوێ، پاش ئەوەیش بەئامانجی خۆیان بگەیێنێ کە بریتییە لە خەوێکی خۆشی بێ خەم.

ویلفرد نۆرثفیلد

## تۆ حەز دەکەیت بزانیت

١

تۆ ئەگەر ئەوەت ئەوێ کە بزانیت لە کاتی نوستندا چ جۆرە کردەوە و کارێک لە لەشدا بەڕاستی ڕوو دەدات، من ترسم لەوە هەیە کە نەتوانم ئەو ئارەزووەت بەجێ بهێنم. بڕوایشم وایە کە تەنانەت زاناکان و پزیشکە پسپۆڕەکانیش نەتوانن ئەو ئارەزووەت بەجێ بهێنن. ئەوانە ئەزانن کە هەندێ چینی مێشک بەهۆی جۆرە کەم خوێنییەکەوە یاخود بەهۆی نزمبوونەوەی پاڵەپەستۆی خوێنەوە، لە کار دەوەستن بەڵام لەوە بەولاوە شتێکی وا نازانن.

جگە لەمە ڕووی کردەوە و کاری ئەم بابەتەیش ئەوەندە بەلامانەوە گرنگ نییە. ڕەنگە تا لەم ڕووەوە نەشارەزا بین، بۆ ئێمە چاکتر بێ بەڵام ئەوەندە پەی پێ دەبەین کە خەو بەلای کەسێکی ئاساییەوە تەنیا شێوەیەکە کە سرەوتی تەواو پێشان بدات.

لە ڕاستیدا لە کاتی سرەوتدا لەش ڕزگاری دەبێ لەو ژەهرانەی کە بەهۆی ماندوویێتی فرمان بینینەوە تێیدا کۆبۆتەوە ئەم ژەهرانە، ماسولکەکان فرێیان دەدەنە ناو خوێنەوە تێیدا بلاو دەبنەوە ئنجا کە لەش کەوتە باری خەوتنەوە ماسوولکەکان خاو دەبنەوە ئەوساکەیش خوێن وای لێ دێ کە بتوانێ دەست بکات بەکار و فرمانی پاککردنەوەی خۆی بەجۆرێکی تەواو. پاش ئەوە لە خەو هەڵدەسین چ لەش، چ هۆشمان بووژاوەتەوە ماسوولکەکانیشمان ئامادەبوون بۆ دەستکردنەوە بەکار و فرمان.

لێرەدا دەمەوێ شتێکی بنچینەیی دابمەزرێنم: ئەویش ئەوەیە کە مێشک خۆی لە خۆیدا پارچەیەکە لە لەش بۆیەکا ئەوە دەڵێم، چونکە ئێمە زۆرجاری وا هەیە، بەلای ئەوەدا دەچین کە مێشک شتێکی (ئەثیری)یە. کە وای لێهات لە بیرت بێ کە مێشکت ئەندامێکە وەک ئەندامەکانی تری لەشی مرۆڤ.

ئەوەندەی پەیوەندی بەگرنگی نوستنەوە هەیە، ئەو تاقیکردنەوانەی لەسەر گیانلەبەران کراون، دەریانخستووە کە نوستن لە خواردن بایەخدارترە بۆ ژیان. لە ڕاستیدا زانایەکی رووسی تاقیکردنەوەیەکی زۆری کردبوو لەسەر توتکەسەگاندا، پاشان بۆی دەرکەوتبوو ئەو توتکەسەگانە ئەتوانن هەر پێنج ڕۆژ بژین بەبێ نوستن کەچی بەشی خۆیان خواردنیشیان درابوویە. کەچی کۆمەڵە توتکەسەگێکی تر توانیبوویان بێ خواردن، بەڵام بەنوستنەوە تا بیست ڕۆژی تەواو بژین.

ئەوە بەڵگەیەکی ئاشکرایە بۆ گرنگی خەو ئنجا کە نوستن بەم ئەندازەیە گرنگ بێ بۆ



گیانلەبەر لە بابەت ژیانییەوە، بێ گومان لەوە زۆرتر گرنگ ئەبێ بۆ ژیانی مرۆڤ. چونکە مێشکی مرۆڤ و کەلوپەلی دەمارەکانی زۆرتر هەست بەشت دەکەن، زۆرتریش گەشە ئەکەن و دەئاڵۆزێن چونکە سەگ، لێی ناوەشێتەوە ئەو نەخۆشییەی پێ بگات، کە ئێمە پێی دەڵێین نەخۆشی دڵتەنگی، لەو کاتانەدا کە بێ خەو دەمێنێتەوە. جا ئەم نەخۆشیی دەمارەیە، کە لە هەموو شتێک زۆرتر سامناکی خەو لێ خەوزەبوون و ئەرک و ئازارەکانی کە تووشی مرۆڤ دێن لێوەی پەیدا دەبێ.

## نوستن پێویستی بەچەند کات هەیە؟

ژمارەی کاتەکانی نوستن کە پێویستن بۆ مرۆڤ، بەپێی کەسەکان دەگۆڕێن، ئەویش بە تاقیکردنەوە نەبێ نازانرێ ئەوانەی سەریان گەرمە، بەجۆرێکی تێکڕایی زۆر پێویستیان بەنوستن هەیە لەوانەی کە سەر ساردن. هەروەها ئەوانەی کە فرمانیان بەئەرکە، بەتایبەتی ئەگەر ئەو فرمانانە بابەتی نووسین بن (واتا پێویستیان بەدانیشتنێکی درێژ هەبێ)، لە کەسانی تر زۆرتر پێویستییان بەنوستن هەیە.

دەتوانین بەجۆرێکی تێکڕایی بڵێین، ئەوەی کەسێکی ئاسایی پێویستی بێ لە نوستن، مام ناوەندییەکەی هەشت کاتە. بەڵام منداڵان لەوە زۆرتر پێویستیان بەنوستن هەیە. کەچی پیرەکان، لە کەسە ئاساییەکان کەمتر نوستنیان پێویستە.

لەگەڵ ئەوەیشا، بەهەموو ڕەنگ بایەخ بەچەندێتی نوستن نادرێ، بەڵکو بەچۆنێتی نوستن دەدرێ. من، خۆم وام پێ باشترە کە شەش کات نوستنێکی خۆش و بووژێنەرەوە بنووم، نەوەک هەشت کات نوستنێکی پچڕ پچڕ و پڕ خەم. لە ڕاستیدا جۆری نوستنمان تا بەئەندازەیەکی گەورە بەستراوە بەتوندی دەمارەکانمانەوە، کە پێیەوە ڕاهاتووین. بەڵام ئەو کەسانەی ئارەزوو ئەکەن لە توندی دەمار بکۆڵنەوە دەتوانن ئەو نووسراوەم بخوێننەوە کە بەم ناوەوە نووسیومەتەوە.

لە ڕاستیدا، ئەگەر تۆ بەشی خۆت نوستنێکی باش نوستبیت، دەبێ وا بیت کە بەیانیان لە خەو هەڵسایت هەست بەخۆت بکەیت، کە دەتوانیت لە جێگاکەتەوە باز بدەیت و یەکسەر هەست بەچالاکی و هێز و گوڕی خۆت بکەیت. بەڵام ئەگەر پێویستیت بەچەند کاتێکی تر بوو بۆ نوستن، بۆ ئەمەی خەبەربوونەوەیەکی دروست خەبەر بییتەوە، ئەوە ئەوە ئەبەخشێ کە لە ئەندامەکانتدا کەموکوورییەک هەیە. لە ڕاستیدا دەیشتوانرێ سستی و گێژوویژی بەدوو کاتێک نوستنی تر چارە بکرێ.

## خەو لێ نەکەوتن چە زیانێک دەبەخشێ؟

زیانی هەرە گەورەی خەو لێ نەکەوتن، لە مێشک و لە چنراوەکانی دەمار ئەکەوێ کە لە دروستبوونیاندا وردەکارییەکی زۆر هەیە، ئەوەیش دەمودەست لەوەدا دەرئەکەوێ کە پیاو تووشی لەش خاوی و گێژوویژی و بێ ئارامی دێ. جگە لەوە هەرچی فرمانێک هەیە لە لەشدا، کەم و زۆر، بێ خەوی کاری تێئەکا. هەر خوێنەکە خۆی تووشی گۆڕینێک دێ، لە (گرانی جۆرەکەی) و ژمارەی ئەو خریلانەدا کە لەناویدایە. هەروەها بارستایی گەرمی لەشیش لە خۆی کەمتری لێ دێ.

ناشێ ئەو شتانە هەموو ڕوو بدەن و کزی نەگەیێنن بەلەش سووکی و هەست پێکردنت بەتەندروستی. بەڵام لەو کاتانەدا کە کەمێکت خەو لە دەست چوو بێ، دوور نییە کە هیچ هەستێک بەو لەش ناخۆشیانە نەکەیت. مەگەر کەمێک ماندوویێتی نەبێ، کە زۆری پێ ناچێ، لەپاش ناشتاکردن لەناو ئەچێ.

لەگەڵ ئەمەیشدا کە خەوێکی کەمت لە دەست چووە، ناچار دەبیت تۆزێک زۆرتر خۆت ماندوو بکەیت، بۆ ئەمەی فرمانەکانی بەیانیانت ڕابپەڕێنیت. بۆی هەیە وا بنوێنیت کە چاکتر لە جاران ئەو فرمانانەت ڕادەپەڕێنیت، بەڵام ئەو تۆزە خۆ ماندووکردنە تازەیەت کە ڕەنگە هەستیشی پێ نەکرێ، ئەبێ بەهەر شێوەیەک بێ تۆڵەی بۆ بکرێتەوە، کە وای لێهات نەکەیت خۆت چەواشە بکەیت، وا بزانیت ئەگەر چەند ڕۆژێک توانیت بەکەمترین خەو ڕابوێری، دەتوانیت تا سەر بەو جۆرە بەکەم خەوییەوە بمێنیتەوە. لە ڕاستیدا ئەگەر ماندوویێتییەکە هەمووی بەتەواوەتی ڕۆژ بەڕۆژ لانەبرێ، پاشان ئەو دەردانەی لێوەی پەیدا دەبن بەجۆرێکی وا کەڵەکە دەبن لەسەرت، ئەوەندەی پێ ناچێ دەتدەن بەزەویدا و نەخۆشت دەخەن. زۆر نوستن گەلێک چاکترە لە کەم نوستن. لەبەر ئەوە چەندت پێ ئەکرێ ئەوەندە لەسەر ئەم ڕێگایە بڕۆ لەبەر پاراستنی تەندروستی خۆت.

## ئاخۆ زوو خەوتن کەڵکی زۆرترە؟

هەندێ کەس گەمە بەم قسەیە ئەکا، کە ئەڵێ: (نوستنی کاتی پێش نیوەشەو، بەکەڵکترە لە دوو کات نوستنی پاش نیوەشەو) منیش هەرچەندە قسەکەم سەرتاپا لا پەسند نییە، بەڵام لەوەدا هیچ گومانم نییە کە ڕاستییەکی زۆری تێدایە.

لە چەند کاتێکی دانراودا، مرۆڤ هێز و گوڕی لە هەڵچووندایە ئەگەر هاتوو ئەو کاتانە



تۆزێک تێکچوون، لەوە بەولاوە سەرئەنجامیان یەکتر ناگرێتەوە. دیارە کە ڕۆژی پڕ ئەرک و ماندوویێتی بەسەرچوو، ئارەزووی خەوتن لە کاتەکانی سەرەتایی شەودا بەهێزتر دەبێ. بەڵام تا شەوگار زۆرتر بەسەر بچێ، ئەو ئارەزووی خەوتنە کزتر دەبێ.

بڕوام بەوە نییە، کە زۆر زوو چوونە سەر سەرین باش بێ. بەڵام کاتی دەهەم دەبێ ئەوپەڕی دەست بەخەوتنکردنی ئەو کەسانە بێ کە تووشی نەخۆشی بێ خەوی بوون. لەگەڵ ئەمەیشدا کە من ئەو نەخۆشییەم نییە، دەبینم خەو لە ناوەند کاتی دەهەم و کاتی یانزەهەمدا گەلێک ئاسانتر دێتە چاومەوە، لەو کاتانەی کە خەو پاش دەخەم بۆ پاش نیوەشەو، وەک هەندێک جار کە گوێ لە ڕادیۆ دەگرم.

لەبەر ئەوە ئەگەر پێش نیوەشەو بەکاتێک یان دوو کات دەست بکرێ بەنوستن، چاکترە بۆ پاراستنی تەندروستی و لەش سووکی. ئەوەیش لەبەر ئەوەیە کە توانایی نوستن لەو کاتانەدا بەهێزترە لە هی هەموو کاتێکی تر.

ئەوانەی تووشی نەخۆشیی بێ خەوی دەبن، بۆیەکا زوو ناچنە سەر سەرین، دەترسن لەوەی زۆرتر لە جێگادا بمێننەوە بێ خەو لە ڕاستیدا ئەم کارەیان بێ جێیە، چونکە دەردەکەیان کاریگەرتر ئەکات، بەهۆی ئەوەوە کە ترسی نەنوستن دەخەنە دڵی خۆیانەوە، هەروەها بەهۆی ئەوەیشەوە کە ماوە نادەن بەلەش لەسەر ڕەوشتی ئاسایی خۆی بڕوات بەڕێوە.

## ئاخۆ نوستنی نیوەڕوان باشە؟

بێ گومان، پاش خواردنی نانی نیوەڕۆ، نوستن بەکەڵکە بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە لە تەمەنی کوڕێنی تێپەڕیان کردووە. تەنانەت نوستنێکی وای دە وردیلەیی و بیست وردیلەییش هەر بەکەڵکە. بڕوایش ناکەم کەسی وا هەبێ، ژیانی ڕۆژانەکەی ئەم تۆزە سرەوتەی پێ ڕەوا نەبینێ.

ئێمە شێتین، ئەگەر وا بزانین، چەند کاتێکی دانراومان هەیە بۆ نوستن، دەتوانین چۆنمان بوێ بەکاری بهێنین. واتا: ئەگەر پاش نیوەڕۆ یەک کات نوستین، نوستنی شەومان یەک کات کەم دەبێتەوە. لەگەڵ ئەمەیشا ئەم هەڵەیە تا بڵێی باوە لەناو ئەم و ئەودا، وەک باوبوونی ئاو و با. نوستنێکی کورتی پاش چێشتەنگاو، یارمەتی ئەوە دەدا، کە باری توندی دەمار سووک ببێ، لەو کاتانەدا کە ئەرک و ئازاری ڕۆژ دەگاتە ئەوپەڕی. خەوتنی دروستیش بەتەواوەتی بەستراوە بەکرژبوونی ئاسایی دەمارەوە. جگە لەمە، خووی نوستنی

پاش نیوەڕوان کردەوەیەکی بەکەڵکە. چونکە وامان لێ ئەکات هەر کاتێک بمانەوێ بتوانین بنووین. تۆیش ئەگەر هێشتا فێری خەوتنی پاش نیوەڕوان نەبوویت. تا پێوەی ڕا دێیت چەند حەفتەیەکت دەوێ. خۆ ئەگەر بەمەندی و شێنەییییەوە تێبکۆشیت خۆت بەو نوستنەوە ڕابهێنیت، بێ گومان ئەگەیت بەئامانجی خۆت.

## ئایا پێویستە مرۆڤ بەتەنیا بنوێ؟

وا چاکترە مرۆڤ بەتەنیا بنوێ. چونکە سەرنج دراوە، هەموو نوستوویەک شەوی سی چل جار باری خۆی دەگۆڕێ. دوور نییە یەک جار لەو جارانەی کە هاوسەرینەکەت خەریک دەبێ باری نوستنەکەی بگۆڕێ لە خەو خەبەرت بکاتەوە. یاخود ڕەنگە وەرگەڕانێکت بەدەم خەوەوە بتدا لەو کەسەی کە لەگەڵتدا نوستوە، بەس بێ بۆ ئەوەی لە خەوت بکا و لەناکاو ڕاتپەڕێنێ لە خەو.

جگە لەوە، ئەو کەسەی تووشی نەخۆشی خەو لێ نەکەوتن هاتبێ، لە کاتی وادا دەترسێ لەوەی هاوڕێکەی لە خەوە خۆشەکەی بێ بەشی بکات. جا ئەم ترسە خۆی زیانی زۆر لێ پەیدا دەبێ بۆ خاوەنەکەی، چونکە دەمارەکانی زۆرتر توند دەکات.

## ئایا دەتوانم هۆی خەو لێ نەکەوتنی خۆم لە تاریکیدا بزانم؟

بۆ خەو لێ نەکەوتنی شەو دوو هۆی گەورە هەیە:

یەکێکیان بێ سرەوتیی ورگ، ئەویتریشیان خەموخەفەت. بام بڵێین تۆ لە ناوەند کاتی دەیەم نیودا دەچیتە سەر سەرین. جا ئەگەر نوستیت و پاشان لەدوای نیوەشەو خەبەرت بووەوە، زۆر نزیکە ئەو لە خەو ڕاپەڕینەت لە بێ سرەوتی ورگتەوە بێ. منیش کە ئەڵێم بێ سرەوتی ورگ، مەبەسم لەو تێکچوونەیە کە تووشی هەر بەشێک دێت لە ئەندامەکانی خواردن سازکردن لەناو لەشدا.

بەڵام ئەگەر خەوت لێ خەوزە ببێ، لە کاتی دوو و نیو، یان سێی شەودا، زۆرتر باوەڕ بەوەدا ئەچێ کە هۆیەکەی لە خەموخەفەتەوە بێ.

وام لێ قەوماوە، کە هەرچەند خەوم لێ خەوزە ببێ، هۆیەکەی یەکێک لەو دووانەیە. لەبەر ئەوە ئەو پێشبینییەی کە لەسەر بنچینەی کات دامەزرێنراوە، لەم بارەوە، لە زۆر ڕوویەوە بەڕاست هاتە پێش چاوم. بێ گومان مەبەس لەم پێشبینییە ئەوەیە کە ببێتە بەڵگەیەکی تێکڕایی. ئەگینا بەهەڵەدا دەچین، ئەگەر بڵێین هەڵە ناکات. هەرچۆنێک بێ،



زۆر هۆی وایش هەیە کە خەو لە پیاو خەوزە دەکات، ئەوەندە ئاشکرایە پێویستی بەبەڵگە نییە، وەک ئێش و ژان. جا لێرەدا: دەتوانم بڵێم، بێ سرەوتی ورگ، یاخود دەس گرانی ورگ لە سازکردنی خۆرشتەکاندا، لەوانەیە کە خاوەنەکەی خۆی لە خەو خەبەر بکاتەوە، ئەگەر نوستبێ، یاخود نەهێڵێ بنوێ، ئەگەر هوشیار بێ. ئەمیش لەو کاتانەدایە، کە خاوەنەکەی هەستی پێ نەکات، کە هەیە لەناو لەشیدا.

## دەبێ تا چ ئەندازەیەک خۆمان لە نوستندا داپۆشین؟

ئەگەر لە ڕووی تەندروستییەوە قسە بکەین، ئەڵێین: هەرچەند پۆشەنی خەو و پێخەف سووک بێ ئەوەندە چاکتر و بەکەڵکترە. بەڵام خۆم لە تاقیکردنەوەدا بۆم دەرکەوتووە کە پۆشەنی خەو و پێخەفی گران زووتر خەو دەهێنێ لە هی سووک چونکە وەکو دەردەکەوێ ئەم سەربارە کە گرانی ئەبەخشێ بەپێخەفەکە و پۆشەنییەکە، پیاو ئەخاتە سەر ئەوەی کە هەست بەخۆی بکات زۆرتر دڵنیا و دامەزراوە. لەگەڵ ئەوەیشدا پێویستە لەم ڕووەوە لە ئەندازە دەرنەچین، ئەگینا کە بەیانی خەبەرت بووەوە هەست بەماندوویەتییەکی زۆر ئەکەیت، بەهۆی ئەو بارە گرانەوە کە داوتە بەسەر لەشتدا، لەو شەوگارە درێژەدا.

سەرمایش لەوانەیە کە خەو لە پیاو خەوزە بکات، تەنانەت لە سەرمایشدا پێخەفەکەت یەجگار گران مەکە. لەجیاتی ئەوە وا چاکترە کە بەرگێکی ئەستووری وا بکەیتە بەرت کە لەشت گەرم بکاتەوە.

## ئەی سەرینەکان چۆن بن؟

لێرەیشدا وا باشە کەمێک خۆمان لادەین لەوەی کە چاکترین ڕێگایە بۆ پاراستنی تەندروستی. چونکە تەندروستی لێمانی دەوێ سەرین بەکار نەهێنین یان بەلای کەمەوە سەرینێکی یەجگار تەنک بەکار بهێنین کەچی بەتاقیکردنەوەدا بۆم دەرکەوتووە هەرچەندە خەوم لێ خەوزە ببێ، دوو سەرین یان سێ سەرین بەکار بهێنم بەکەڵکترە. وا دەرئەکەوێ بەهۆی ئەم سەرینانەوە پاڵەپەستۆی خوێن لەسەر سەر کەم دەبێتەوە.

زۆرجاری وا هەیە کە خەو لێ نەکەوتن نیشانەیەکە لە نیشانەکانی بڵندبوونەوەی پاڵەپەستۆی خوێن ئنجا ئەوانەی کە ئەم نەخۆشییەیان پێ ئەگات، ئامۆژگاری وا دەکرێن کە سەری خۆیان بەرز ڕابگرن بەهۆی سەرینەوە بێ ئەمەی تەماشای کەینەوبەینەی خەو بکرێ یان نا.

## ئاخۆ دەبێ ژوور چەند گەرم بێ؟

نابێ بای ژووری نوستنەکەت زۆر گەرم یاخود زۆر سارد بێ ئەگەر بتوانیت گەرمییەکەی وا لێ بکەیت کە ببێتە پلەی شەستەمین لە تەرازووی فەهرنهایتدا، ئەوە یەجگار باشە.

ئەو ژوورەی کە دەرگاکانی داخرا بێ، لەپێشدا خەو ئەهێنێ بەڵام زۆرتر باوەڕ وایە کە پاش چەند کاتێک نوستوەکە بێ سرەوت بکات.

ئەمە لە لایەکەوە. لە لایەکی تریشەوە بای سارد وەک بای گەرم خەو لە پیاو ناخات.

## ئاخۆ پێویستە ژوورەکە بێ دەنگ بێ؟

وا چاکترە تا بگونجێ ژووری نوستن بێ دەنگوسەنگ بێ بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە خۆمان وا ڕابهێنین هەر دەنگە دەنگێکمان گوێ لێ بوو تەنانەت هی بچووکیش بێ، بێ سرەوتمان بکات و خەومان لێ خەوزە بکات زۆرجاری وا هەیە خەو لێ نەکەوتنی خۆمان دەخەینە ئۆباڵی ئەستۆی هەر گرمە گرمێک بێ کە بەرێکەوت بەر گوێمان بکەوێ کەچی وایش نییە لە ڕاستیدا ئێمە بۆیەکا گوێمان لە دەنگە دەنگ ئەبێ لەو کاتەدا کە گوێمان لێی بووە بەخەبەر بووین.

وام بۆ دەرکەوتووە هیچ شتێک دەمار توند ناکات ئەوەندەی ئەوەی کە پیاو خەریک بێ بنوێ و نەشتوانێ بنوێ. لە ڕاستیدا ئەوە وا لە پیاو ئەکات شێت ببێ لەم بارەدا دەنگێکی هەرە بچووک بەهۆی بێ دەنگوسەنگیی شەوەوە وا لە پیاو ئەکات هەراسان ببێ لە گیانی خۆی. لەبەر ئەوە لەسەرخۆیی و بەئارامی زۆر پێویستە بۆ ئەوانەی ئەیانەوێ وایان لێ بێتەوە کە بتوانن بنوون. بەڵام بۆ ئەو کەسانە وا چاکترە تا بۆ ئەم ئامانجە تێ ئەکۆشن خۆیان وا ڕابهێنن تا ئەندازەیەکی ناچاری بەدەنگە دەنگ سرەوتیان لێ تێک نەچێ.

## ئایا خوێندنەوەی ناو جێگا زیانی هەیە؟

لە ڕاستیدا خوێندنەوەی درێژی ناو جێگا کارێکی بێ فەڕە. ڕەنگە خوێندنەوەی وێژەیەکی هێمنانە بۆ ماوەیەکی دە دوانزە وردیلەیی زیانی نەبێ. بەڵام زۆر خوێندنەوە لە نووسراوێکدا بۆ چەند کاتێکی یەک لەسەر یەک، دەبێتە هۆی ڕاهاتن بەخوویەکی خراپی واوە کە لە دوارۆژدا بەگران لە کۆڵ ببێتەوە.

دەبێ وا نەکەین، کە ناچار ببین لەناو پێخەفدا بخوێنینەوە تەنانەت ئەو ماندوێتییەی



کە بەچاو ئەگات لە ئەنجامی ئەو خوێندنە زۆرەوە، هەر خۆی بەتەنیا بەشی ئەوە ئەکات کە پەکی خاوبوونەوەی پێویست بخات بۆ خەو لێکەوتن جگە لەوە نووسراو گرتن بەدەستیشەوە دەبێتە هۆیەکی تر کە خاوبوونەوەی پێش نوستنەکە سەر نەگرێ. ئنجا ئەگەر لەسەروو ئەم دوو هۆیەیشەوە ئەوە بهێنیتە بەرچاو کە هۆشی ئاگادار هێشتا لە پاراستنی چالاکی خۆیدایە، بێ گومان پەی بەوە دەبەیت کە ئەم جۆرە خوێندنەوەیە تا چ ئەندازەیەک زیان دەبەخشێ بەپیاو، لە بارەی نوستن و خەو لێ نەکەوتنەوە.

من خۆم لە جێگادا هەرگیز شت ناخوێنمەوە هەر لەوە پێشیش نەمویستوە بەم جۆرە بخوێنمەوە گوێگرتنێکی نیو کاتی لە ساز و ئاوازێکی نەرم و ناسک کە لە ڕادیۆیەکەوە وەربگیرێ چاکترین ڕێگایە بۆ بەربەستکردنی هەموو لادانێکی هۆش بۆ بیرکردنەوە لە شتی ناخۆش و سرەوت تێکدەر. ئەمە ڕێگای تایبەتی خۆمە وایش هەڵ ئەگرێ کە پێشانی شاگردان بدرێ، وەک ڕێگایەکی بەئامانج گەیێنەر تا ئەندازەیەکی گەورە.

## ئایا دەرمان بەکەڵکی خەو لێکەوتن دێ؟

دەرمان بەبێ چەندوچوون یەجگار زیانبەخشە، بێ گومانم لەوەیش کە زۆربەی مرۆڤ پەنای دەبەنە بەر تا ئەندازەیەکی زۆر. بەڵام بەهەرچی چۆنێک ڕێک بکەوێ دەبێ خۆی لێ دوور بخرێتەوە.

ئەو خۆراکانەی مرۆڤ دەخەنە خەو، لە هەر ڕەنگێک بن فرمانێکی دروستیان بۆ نابرێتە سەر. ناشبێ بەکار بهێنرێن، تا زۆر ناچاری نەیەتە پێشەوە، کە ئەوەیش کەم ڕوو دەدا. دەبێ ئەوەیش بزانین کە خەوێک بەداوودەرمان هێنرابێتە کایەوە، هێز و هەڕەتی مرۆڤ تازە ناکاتەوە. ئەو کەسەی بەداوودەرمانیش خەوی لێ کەوتبێ، کە هەڵسا لە خەو هەست بەڕەنگ زەردییەکی مردووانە ئەکات.

هەر بەمەیش ڕزگارت نابێ، چونکە لەپاش ڕاهاتن بەخۆراکی خەو لێ خەرەوە، ناچار دەبیت ناو بەناو خۆراکەکە زۆرتر بکەیت، ئەگینا کارت لێ ناکات. لەپێشدا کە ڕەنگە قومێک دەرمان بتخاتە خەو، پاش سێ مانگ وەهات لێ دێ نیو شووشە دەرمان بەشت نەکات بۆ تاقە خەوێک.

تاقە دەرمانێک کە بهێڵم بەکاری بهێنیت بریتییە لە دوو دەنک (ئەسپرین). ئەویش دەبێ لەو کاتانەدا بەکاری بهێنیت کە دەمارەکانت توند بوو بن و هەستیش بکەیت بەبێ ئارامییەکی سووک. ئەو دوو دەنک ئەسپرینە لە باریاندا هەیە دەمارەکانت خاو بکەنەوە و

ئارامیێکی وایشت پێ ببەخشن کە بتخەنە سەر ڕێگای نوستنێکی ئاسایی بەئاسانی. بێ گومان ئەمە جیایە لەوەی دەرمانی خەو لێ خەرە بەکار بهێنیت.

قسەیەکی تریشم ماوە لە بابەت داوودەرمانی وەهاوە پێت بڵێم تۆ لە تواناتدا هەیە بەشێوەی ئاسایی جڵەوی خەو لێکەوتن بخەیتەوە دەست خۆت، جا لەم پێناوەدا پێویستیت بەهێزی ویستن و خۆڕاگرتن هەیە، داوودەرمان نۆشین جگە لەوەی کە بەکەڵکت نایەت دەشبێتە هۆی کزکردنی هێزی ویستن و خۆڕاگرتنت کە تۆ لەسەریان داماوی.

## ئەو شتانەی پێویستە خۆتیان لێ بپارێزیت

۲

لەم بەشەدا خەریک ئەبم ئەو شتانەت پێشان بدەم کە تۆ پێویستە خۆتیان لێ بپارێزیت بۆ ئەمەی بەئارەزووی خۆت شەوێکی بێ خەم ڕاببوێریت.

هەروەک بۆت دەرئەکەوێ ئەو شتانە لە ڕوویەکەوە لەیەک ئەچن: ئەوانە هەموویان هوروژم دەبەنە سەر هۆش، ماندووی بکەن و بیوروژێنن لە ڕاستیدا ئەگەر ڕێگا بۆ ئەو هەموو شتانە بەرەڵڵا بکرێ کە لە دەمەوئێوارێدا کەڵەکە دەبن لەناو مێشکماندا لە باریاندا هەیە ئەو لەنگەرە ئاساییەی لە ناوەند هێزەکانی لەشماندا هەیە تێکیان بدەن.

دەمەوێ هەر لە ئێستاوە پێت بڵێم ئەو شێوەیەی کە شەوی پێ ڕۆژ ئەکەیتەوە، بەندە بەو شێوەیەی کە ڕۆژگاری پێ بەسەر دەبەیت.

ئەوە بوو لە نووسراوێکی ترمدا، بۆ نموونە ئەو پیاوەم هێنا بووەوە کە خەو لێ نەکەوتنەکەی خۆی هەر بەوە چارە کردبوو، کە هەموو فرمانەکانی خۆی لە شێوەیەکی مەندی و نەرمونیانیدا جێبەجێ کردبوو. ئەمەیش ئەوە دەگەیێنێ: بۆ ئەمەی شەوەکانمان بەخەوێکی بێ خەمەوە بەسەر ببەین پێویستە لە کاتی هوشیاریماندا تا پێمان دەکرێ خۆمان لە پەلە پەلکردن و قاووقیژکردن دوور بخەینەوە. پێویستە دڵنیا بین لەوەیش کە ڕاگرتنی جووڵانەوەکانمان تا بمانەوێ ئاسانە بەڵام بەمەرجێ کە خۆمان ماندوو بکەین بەخۆڕاهێنان بەو خۆڕاگرتنەوە. ئەوەیش فرمانێکە هەڵ ئەگرێ کە خۆمانی بۆ ماندوو بکەین، نەک تەنیا لەبەر خەو لێکەوتن، بەڵکو بۆ ئەمەی ببێتە یاریدەدەرمان لە پێکهێنانی سەر سووکی و ئارامی دەمارەکانیشماندا. کە هاتینە سەر ئەوەی لە کار و فرمانی ڕۆژانە بدوێین من وای بەچاکتر دەزانم کە بڵێم خۆ زۆر ماندووکردن جاروبار دەبێتە



هۆی خەو لێ نەکەوتن. زۆرجاری وا هەیە، مرۆڤ سەریان سوڕ دەمێنێ لەوەی کە خەویان باش نییە و کەچی بەڕۆژ وەرزشێکی یەجگار ماندووکەریان کردووە. لە ڕاستیدا بۆ ئەمە هەر یەک لێکدانەوە هەیە. ئەویش ئەوەیە کە هەروەک دەرئەکەوێ لە وزە بەدەر لەشی خۆیان ماندوو کردووە، بۆیەکا بڕستیان بڕاوە و پەکیان کەوتووە. هیچ لەوەیشدا گومان نییە، کە وەرزین لەناو بایەکی خاوێندا بەڕاستی بەکەڵکە بۆ لەش و هۆش و، یارمەتی خەو لێکەوتنیش دەدا. بەڵام کوتوپڕ خۆ فڕێدانە ناو وەرزشەوە بێ ڕاگرتنی ئەندازەیەک لە خۆماندووکردندا، کارێکی تێگەیشتووانە نییە. هەر کاتێ وەرزینەکەت گەیشتە ئەندازەیەکی وەها کە تۆزێک هەست بەماندوێتی بکەیت، بەخۆشییەکەوە دەستی لێ هەڵبگرە. پێویستی تۆ، بەوەرزین هەر ئەوەندەیە کەواتە بەڕۆژ دەبێ خۆت لەم دوو شتە گەورەیە بپارێزی:

یەکەم: لەش زۆر ماندووکردن.

دووەم: مێشکی خۆ تێکدان.

بەڵام لە شەودا: شتی وا زۆر هەیە کە پێویست بێ خۆمانی لێ بپارێزین، بۆ ئەمەی نوستنەکەمان لێ تێک نەدا. هەر لە ئێستاوە دەیڵێم: جێبەجێکردنی هیچ فرمانێکی مێشک کە قووڵکردنەوەی بووێ، لە نیوەشەودا باش نییە. لە ڕاستیدا شاگردانی خوێندنگاکان بۆیەکا تووشی نەخۆشی خەو لێ نەکەوتن دێن، ئەم خووەیان گرتووە هەروەها شارەزای گەلێک کەسیشم لە خاوەن کار و پیشەی ئازاد، هەر بەمەوە خوویان گرتووە. ئەوانە بەزۆر مێشکی ماندووی خۆیان کێش ئەکەن بۆ سەر فرمان بینین، یاخود بەهۆی خواردەمەنی وریاکەرەوە، خۆیان تیژ دەکەنە سەر کارکردن، کەچی لە دەمێکەوە گوێیان لە زەنگی سروشت بووە بەهۆی ماندووێتییەوە تێیگەیاندوون کە لە تەنگانەدان و خەریکن لەناو بچن. جا ئەم جۆرە کردەوانە سەر ناگرن، بێ ئەمەی سروشت جەزرەبە بەخاوەنەکانیان بگەیێنێ و تۆڵەیان لێ بکاتەوە. کە بێینە سەر لێدوانی کار و فرمانی هۆشمان دەڵێم: پێویستە بەپێی یاسای سروشتی ئەندازەگیری و سازبوون بەڕێوە بچین. لە سەرەتای ڕۆژدا، چەندمان لە تواناییدا بێ، بام هۆشمان بەکار بهێنین. بەڵام کە شەو داهات و هۆشمان نیوە ماندووی لێهات، پێویستە لەسەرمان بەرەڵڵای بکەین بەئارەزووی خۆی هەموو جۆرە بەزمێکی سووک و خۆش بکات. ئەوساکە ئەویش کە کاتی خەوتن دێ، ئامادە دەبێ خۆی فڕێ بداتە باوەشی خاوبوونەوەیەکی بێ دەنگوسەنگ و بووژێنەرەوەوە.

ئەنجا ئێمەیش خەوێکی خۆش و ئاسوودەمان لێ ئەکەوێ بێ ئەمەی بۆ کێشکردنی خەو ناچاری ئەرک و ئازار یاخود هەموو جۆرە پشی پشییەک ببین بۆی بکەین.

خواردنی خۆرشتێکی گران، لەپێش خەودا دەبێتە هۆی خەو لێ نەکەوتن پێویستە ماوەیەکی دوو سێ کاتی بکەوێتە ناوەند شیوخواردن و نوستنەوە. بەختیارییە بۆ تۆ ئەگەر بتوانیت لەپاش شیوخواردنێکی تەواو گورج خەوت لێ بکەوێ بەڵام زۆرتر بڕوام وایە کە لە شەوێکی زۆرخۆریی واتدا گەلێک جار ڕابپەڕێت لە خەو جگە لەوە خەوێکی پاش خواردنێکی وا نە زۆر خۆش دەبێ، نە ئاسوودە.

زۆربەی ئەو مۆتەکانەی سواری هەندێ پیاو دەبن لە خەودا لەوەوە پەیدا دەبن، کە لەپێش نوستندا، ورگیان پڕ لە خواردن ئەکەن لێرەدا دەتوانم بڵێم: ئەم خەو لێ نەکەوتنە، پێویست نییە بەهۆی ساز نەبوونی خواردنێکی درەنگی شەو پەیدا بوو بێ. دوور نییە کە بەهۆی ساز نەبوونی خواردنی نیوەڕۆ یاخود پاش نیوەڕۆ یان هی بەیانییەوە لە ورگدا پەیدا بوو بێ.

ئنجا ئەگەر دەتەوێ خەوێکی باش بخەوی پێویستە لەسەرت خۆت بپارێزیت لە گران سازبوونی خواردن لە ورگتدا. لە ڕاستیدا پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە ناوەند ورگ و مێشکدا. ئنجا ئەگەر هاتوو ورگ کەوتە ماندوویێتی و شلەژان و بێ سرەوتییەوە، مێشکیش چەشنی ئەو بەو دەردانە دەتلێتەوە.

لێرەدا من خەمی ئەوە ناخۆم، کە لە بابەت سازکردنی خواردنەوە لە ورگدا بەدرێژی قسە بکەم. بەڵام حەز ئەکەم بڵێم: کە لە توانایی هەموو کەسێکماندا هەیە – بۆ ئەمەی لە خراپەکانی ساز نەکردنی خواردن لەناو ورگدا، خۆی بپارێزێ – بەخۆشی و شێنەیییەوە نانێکی وا بخوات، کە لە ئەندازەدا بێ و سازکردنی لە ورگدا ئاسان بێ و زۆر باش و پوختە بێ. لە ڕاستیدا، ئەگەر تۆ تووشی هەردوو دەردە گرانەکە بووی: خەو لێ نەکەوتن و گران سازکردنی خواردن لە ورگتدا، هیچ مەکە ئەوە نەبێ چاری گران سازکردنی خواردنەکە بکە لە ورگتدا، بۆ ئەمەی لە دەست دەردەکەی تر ڕزگارت ببێ و خەویش لە خۆیەوە بێتە ناو چاوەکانتەوە، لە کاتی خۆیدا.

لەوەپێش گوتم کاتەکانی دوایی شەو دەبێ بەیاری و بەزمی بووژێنەرەوەوە بەخت بکرێن. وا دەردەکەوێ هەر کەسە بەجۆرێک لەم قسەیە تێ ئەگات. هەندێکیان یاری (بریج) و جۆرەکانی تری یاری (قاقەز)، بەچاکترین شت دادەنێن بۆ ڕابواردن. لەگەڵ ئەمەیشدا لەو کەسانە زۆری وا دەناسم کە چەند کاتێک لەناو جێگاکانیاندا بەسەر دەبەن،



ئنجا خەو دەچێتە چاویان. ئەوەیش لەبەر ئەوەیە کە لە کاتی یاریکردندا، ڕێگایان داوە بەخۆیان دەماریان کرژ ببێ. (قاقەز)ەکان لەپێش چاویاندا هەڵ دەپەڕن، مێشکیان ناچار دەبێ بەو گیروگرفتانەوە خۆی خەریک بکات کە ئەو سەماکەرە بەدخووانە دروستیان دەکەن.

ئەگەر بەم جۆرە تووش بوو بیت، هەر وا باشە کە ئەو یارییانەی پێویستیان بەگرەوێکی توند و گران هەیە، یاخود خاوەنی گیروگرفتێکی زۆر گرانن، خۆتیان لێ بپارێزیت. ڕەنگە تۆ زۆر گرفتاری یاری (بریج) بیت، بەڵام ئەمە هەرچەندە گران بێت بەلاتەوە، هەرگیز هاوتای خەوتن و گرنگی خەوتن ناکات، تا لەبەر ئەو خەوەکەتی لە پێناودا بەخت بکەیت.

بەڵام ئەگەر تۆ پێت نەکرێ وازی لێ بهێنی، هەر هیچ نەبێ لە درەنگانێکی شەودا ئەو یارییە مەکە. پێش ئەمەی بچیتە سەر جێگا نیو کاتێک خۆت بحەسێنەرەوە. بۆیەکا بەتایبەتی لە یاری (بریج) دووام، چونکە لە هەموو یارییەکی تر پتر لەناو ماڵاندا باوی سەندووە. بەڵام ئەوەی لە سەرەوە گوتم، پێویستە لە هەموو یارییەکی گرەوبازییتردا پێڕەویی بکرێ.

زۆر کەسی وایش هەن، حەز ئەکەن کاتی ئێوارانی خۆیان بەگفتوگۆوە بەخت بکەن. ئەوە لە ڕاستیدا تا ئەندازەیەکی گەورە خۆ ئامادەکردنێکی باشە بۆ نوستن. بەڵام ئەوەندە هەیە پێویستە خۆیان لەو چەقە چەق و بەربەرەکانێیانە بپارێزن، کە دەمار توندییان لێ دەوەشێتەوە و ڕێگا دەدەن بەدووبەرەکییی پڕ لە شاتە شات. بەوێنە، وا چاکترە گفتوگۆکەرەکان خۆیان دوور بخەنەوە لەو بابەتانەی کە سەر بەئاین یاخود بەزرنگکاری (سیاست)ن. چونکە زۆر کەسی وا هەن، بیروباوەڕی دامەزراویان هەیە لەو بابەتانەدا. هی وایش هەن گرفتاری ئەو بیروباوەڕانەن و گەرمن لەسەر پاراستنیان. لەبەر ئەوە، زۆر بەئاسانی ئەو جۆرە کەسانە تێکدەچن، یاخود دڵی یەکتر دەشکێنن بەخۆڕایی.

لەو بابەتانەوە گفتوگۆ بکە کە هەموو کەس حەزیان لێ ئەکەن بۆ وێنە: وەرزین، گەشتوگوزار، سەرکەوتنەکانی مرۆڤ. دەنگوباسی ناوازە، ئەمانە هەموویان تا ئەندازەیەکی گەورە بابەتی خۆشن. لەبیرت نەچێ هەموودەم دەسەڵاتت هەیە، چی بڵێیت و چی گوێ لێ بگریت. ئەم دەسەڵاتەت بەکار بهێنە. ئەگەر هەستت پێ کرد، یەکێک هەیە و دەیەوێ بەدەم هوروژمت بباتە سەر، خۆت ڕابگرە، بێ دەنگ بە. بەڵام ئەگەر دوو کەسی تر دەستیان کرد بەم شەڕە قسەیە، تۆ ناچاریت دەبێ لێیان جیا ببیتەوە.

لە ڕاستیدا، بۆ تۆ وا چاکترە کە بێ دەنگ و بەسەزمان بیت لەو کاتانەدا کە هەست دەکەیت بەچەقە چەقێکی گەرم خەریکە بقەومێ لە درەنگە کاتێکی شەودا. گفتوگۆی بەئارام و بێ وەی، بێ گومان شتێکی باشە. بەڵام چەقە چەقکردن لە هەرچییەک بێ پووچ و بێ فەڕە. بەڵام ئەگەر پێش نوستن بێ ئەوە هەر بەجارێک بێ فەڕ و کوشندەیە.

چوونە سەر جێگایش لە کاتی پشم و قین و تووڕەییدا، بەستراوە بەم کەینەوبەینەیەوە. ئنجا ئەگەر هێنامانە پێش چاومان کە تووڕەبوون تا ئەندازەیەکی لە سەد پەنجا، تەوژمی خوێن بڵند دەکاتەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە تووڕەبوون چ کارێکی خراپ دەکا لە دەروون و دڵی نوستوەکە. ئەو فەرمانەی کە لە نووسراوی پیرۆزدا هەیە و دەڵێ: (نەکەیت بهێڵێت تووڕەییەکەت بگاتە بانگی شێوان)، ئەوە پێشان دەدا، کە هەندێ کاتی وا هەیە، مرۆڤ تووڕە دەبێ بەڵام شێت ئەو کەسەیە کە بەو تووڕەییەوە بچێتە ناو جێگای نوستنەکەیەوە.

ژیری ئەوەتا، لە دەمە و ئێوارانداخۆت لە تووڕەبوون بپارێزیت. بەڵام ئەگەر بەرێکەوت لەپڕ تووشی ڕق و تووڕەییەکی توند بوویت، ئیتر تۆیش پێویستە بەهەموو ڕەنگێ خۆتی لێ ڕزگار بکەیت پێش ئەمەی بنوویت. بۆ ئەمەی بگەیت بەو ئامانجەت، چاکترین ڕێگا ئەوەتا خۆت خەریک بکەیت بەلەش بزواندنێکەوە.

جا لەبەرئەمەی گەورەیی نرخی ئەم بیروباوەڕەم بۆ دەرکەوتووە، هەمووەدەم خەریکی ئەوەم کە ئێواران زوو بەکاری بهێنم. ئەگەر ئێوارەیەک هەستم پێ کرد کە تووشی دڵ ناخۆشی دەبم، دەمودەست دەست دەکەم بەگەڕانێکی دوورودرێژ و گورجوگۆڵانە، هەناسەی پڕ بەسنگ و قووڵی لەگەڵدا بۆ دەدەم. بەم جۆرە ئەو هێز و هەڕەتەی کە لە لەشمدا کۆ دەبێتەوە بەجوانی لە پێناوی تووڕەییەکی پڕوپووچدا بەکار دەهات. هەروەها بەم جۆرە سەرلەنوێ چ لەگەڵ خۆم، چ لەگەڵ هەموو لایەکدا ئاشت دەبمەوە و دەسازێمەوە.

هەروەک گەلێک جار لە شەوگارە درێژەکانی زستاندا ڕوو دەدات کە زۆر دەمێنینەوە لە ماڵدا، یاخود لە شوێنانی تردا بەبێ گفتوگۆ و گەمە و یاری، پشم و قین بەئاسانی دڵمان داگیر دەکات. جا کە وای لێهات بام لە شتی وا خۆمان بپارێزین، بەتایبەتی لەو ئێوارانەدا کە ڕۆژگارێکی پڕ کار و فرمان و ئەرک و ئازارمان ڕابواردووە.

گەلێک کەس خوێندنەوەی نووسراوان لە کاتی بێ فرمانیدا، بەڕابواردنێکی باش دادەنێن. منیش لام وایە ئەگەر بێتو خوێنەر بتوانێ نووسراوی باش هەڵبژێرێ بۆ خوێندنەوەی خۆی، ئیتر هیچ لەوە چاکتر نییە بۆ ئامادەکردنی هۆش بۆ خەو لێکەوتن.



بەڵام زۆر پێویستە خۆی بپارێزێ لەو بابەتانەی دڵی بریندار دەکەن. هەروەها لەو چیرۆکە پڕ تاوانانە و سەرگوروشتە پڕ ئەندێشە سامناکانەی سەر لە پیاو دەشێوێنن و ئاژاوە دەخەنە دڵیەوە.

بەڵام من هیچ بەزەییەکم بەو کەسانەدا نایەتەوە کە مۆتەکە سواریان دەبێ و، کەچی پێش ئەمەی بنوون، مێشکیان پڕ دەکەن لە بابەتی خراپ و پڕ ئاراوە. ئەگەر ئەم جۆرە وێژەیە کاری خراپت لێ نەکات، گوێ مەدەرێ لەسەر ڕەوشتی خۆت برۆ، بیخوێنەرەوە.

بەڵام ئەوەیش دەزانم کە زۆر کەسی وا هەیە، ناشێ بیخوێنیتەوە جگە لەوە بەسەدان نووسراوی وا هەن هەم خۆشن و هەم بەکەڵکیشن. کارێکی پەسند لە هۆش دەکەن و دەیخەنە سرەوت و ئارامەوە. لێرەدا مەبەسم لەو نووسراوانەیە کە لە بابەت ژیانی گەورەپیاوان و گەشتوگوزار و بابەتانی هەمەڕەنگەوە دەدوێ.

یەکێ لەو خووانەی کە دەبێ هەڵبگیرێ، خواردنەوەی ئەو خۆراکانەیە کە مرۆڤ وریا دەکەنەوە، لە کاتێک پێش نوستندا ئەم خووە زۆر کەسی تووشی خەو لێ نەکەوتنێکی کاریگەر کردووە. چای پڕ ڕەنگ و قاوەی ڕەش، دەبێ کاتێک بخورێن کە سێ کاتی مابێ بۆ نوستن. هەر کامێکیان بگریت وریاکەرەوەیەکی بەهێزە. هەردووکیشیان لە باریاندا هەیە کە ناو ورگ تێک بدەن. بەڵام چای زۆر سووک، یاخود قاوەیەک کە شیرێکی زۆری تێ کرا بێ، بەهەموو ڕەنگ زیان نابەخشن. هەروەها چاکترە پیاو خۆیشی لە جگەرەکێشانی زۆر بپارێزێ بەتایبەتی لە کاتەکانی ئێوارێدا. خەوتن کارێکی سروشتییە بۆ ئەوانەی کە پێچەوانەی دەستووری ئاسایی ژیان ناجووڵێنەوە، بەئاسانی پێک دێ. هەندێ جار ئەو دەستوورانە لە ژیانی ئێمەڕۆدا زۆر بەئاسانی دەشکێنرێن بێ ئەمەی هەستیان پێ بکرێ. زۆرجاری وایش هەیە خەو لێ نەکەوتن یاخود خەوی ئاشێ و پاشێ، سەرەتای گێژوویژی و شێتبوونمان دەردەخات.

ئەگەر ئێمە خووەکانمان بخەینە ژێر باری تاقیکردنەوەوە، دەمودەست هەڵەکانی خۆمان بۆ ئاشکرا دەبێ. ئنجا ئەگەر تۆزێک ژیر بین، پێویستە زۆر بەوریایی و لەسەرخۆییەوە خۆمان لەو هەڵانەمان دوور بخەینەوە. خۆ چەواشەکردن، کەینەوبەینەکە، پڕ گیروگرفتتر دەکات. چونکە خەو لێ نەکەوتن بەد کردارە، هەر تاکە جارێک سەری دەرخست، خۆی گەشە بەخۆی دەکات و بەزوویی گەورە دەبێ.

کەواتە پێویستە ئاگادار بیت، لە دەرکەوتنی نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە. مەترسێ و خەفەت سەرت تێ نەکات. چونکە خەو لێ نەکەوتن، کە هێشتا لە سەرەتایدا بێ، جێی

ترس نییە و چارەکردنیشی گران نییە. تۆ هەرچەند بەئازایەتییەوە بەرامبەری بکەیت، ئەوەندە بەئاسانی لێی ڕزگار دەبیت. خەو لێ نەکەوتنەکەت، بەهەر پلەیەک گەیشتبێ، من بەدڵ پێت دەڵێم پێی ناوێ خۆت هەناسە سارد بکەیت و بێ هیوا خۆت بهێڵیتەوە لەوەی کە بەدڵی خۆت چاک دەبیتەوە.

## ئامۆژگاری

### ٣

ئەمەوێ لەم بەشەدا، چەند پێشنیازێک بخەمە بەرچاو بۆ زاڵبوون بەسەر خەو لێکەوتن و ئاسانکردنیدا.

ئەم پێشنیازانە، پێویستن بۆ ئەوانەی خەو لێ نەکەوتن پەرێشانی کردوون. هەروەها پێویستیشن بۆ ئەوانەی تووشی نوستنێکی دەمدەمی یاخیبوون دەبن. بەڵام ئەگەر نەخۆشییەکە سووک بێ پێویست بەهیچ ناکات، بەخۆپاراستن نەبێ لەو شتانەی کە لە بەشی پێشوودا ناومان بردن.

پیاو دەتوانێ نووسراوێکی زۆر گەورە دابنێ لە بابەت ئەو ئامۆژگارییە خۆڕاییانەوە کە هەموو ڕۆژ دەدرێن بەگوێی خاوەن نەخۆشیی خەو لێ نەکەوتنی بەسەزماندا. بۆ وێنە، ئێمە هەموو ڕێگایەکی (بەرخ ژماردن) دەزانین جگە لەوە زۆر ڕێگای تریش هەیە وەک ئەو. ئەوسایش و ئێستایش ئەو ڕێگایانە بەبێ کەڵک دادەنێم. ئەو ڕێگایانە کەس نایان گرێ، ئەوانە نەبن کە ناتوانن هۆشیان دوور بخەنەوە لە گیروگرفت و بیرکردنەوەی پڕ خەم. لە ڕاستیدا لە ڕێگای (بەرخ ژماردن) و وێنەی ئەو، ڕێگای باشتر هەن کە بمانگەیێنن بەم ئامانجەمان.

ئەو بیرە سەرانسەر خراپە، چونکە دوورە لە سروشتەوە. تۆ کە بەکاری بهێنی، فرمانێک دەدەیت بەسەر هۆشتدا کە نە بەلایەوە پەسندە، نە بەکەڵکیشی دێ. جگە لەوە تۆ هەموودەم گومان دەبەیت لە سەرکەوتنی بیرەکە. ئەوەیش ئەوە دەگەیێنێ کە سەرناکەوێ. بەواتایەکی تر: ئەم ڕێگایە ناڕاستە، چونکە بەجۆرێکی وا بەکار دەهێنرێ کە پیاو لە دەروونی خۆی زۆرتر لە پێویست ئاگادار دەبێ و هەستی پێ دەکات. هەروەک لەمەودوا بۆمان دەردەکەوێ، خەوتن نە دەردەپەڕێنرێ، نە دەشکێنرێ بەڵام زۆرجاری وا هەیە دەتوانرێ چوار لای بگیرێ، ئەویش بەهۆی جووڵەیەکی پێچاوپێچەوە...



بۆ ئەوەی بیری ناخۆش نەیێتە مێشکەوە، چاکترین فێڵ ئەوەیە کە هۆش بخرێتە سەر چاوئەنداز و کارەساتی خۆش لە ژیانی هەمووماندا، بیرەوەریی خۆش هەن کە لە هۆشی شارراوەدا کۆبوونەوە. هەر کاتێ بمانەوێ ئەم بیرەوەرییە وردانە هەڵکێشینە سەرەوە و دەریان بخەین، دەتوانین بیکەین. هەرچی لەوە پێش دڵی خۆش کردبین، ئێستەیش دەتوانێ دڵمان خۆش بکات، ئەگەر بیهێنینەوە پێش چاومان.

منیش زۆر باش دەزانم، کە گەلێک کەس توانیویانە خەوی یاخی بەم شێوە ئاسانە جڵەو کێش بکەن. ئەم شێوەیە لە شێوەی (بەرخ ژماردن)ەکە چاکترە، چونکە گەشی و خۆشییەک دەدا بەدڵ.

بەپێویستی نازانم کە پێت بڵێم چی بخەیتە پێش چاوت هەرچی لەوە پێش دڵی خۆش کرد بیت، بەکاری ئەمە دێ. ئایا چ شتێک لەوە خۆشترە و ئارام زۆرتر بەدڵ دەدات لەوەی کە چاوئەندازی زرێیەکی شەپۆل هاوێژ. یاخود چاوئەندازی لادێیەک لە هاویندا، یان هەر چاوئەندازێکی تری سروشتی جوان بیت، بهێنرێتەوە پێش چاو؟

لەم جۆرە فێڵانە، زۆرم تاقیکردۆتەوە بەڵام لە یەکێکیاندا سەرنەکەوتم. لەبەر ئەوە، بڕوام وایە کە چاکتر ئەوەیە، پیاو بیری خۆی زۆرتر بەبەشی لەشەوە خەریک بکات. لێرەدا چاو زۆر بەکار دێ. لە کاتی خەو لێ نەکەوتندا هەمووەدەم بۆم دەردەکەوت کە بایەخ بەچاو زۆرتر دەدرێ. لە چاوەکاندا وا دەردەکەوت کە هەرچی ئازاری مێشک هەیە و لە خەو لێ نەکەوتن پەیدا بووە، لەو دوو ئەندامەی لەشەدا کۆبووەتەوە. هەرچەندە هەر دوو چاوەکان لە ئەندازە بەدەر ماندوو دەبوون، بەڵام لە ئەندازە بەدەریش ئاگادار و وریا دەمانەوە بەهۆی ئەو خەو لێ نەکەوتنەوە.

دیارە چاو بەزۆری لە ماسولکە دروست بووە، ئەگەر هاتوو لەشی چاوەکەمان ماندوو کرد زۆری پێ ناچێ دەسرەوێ و دەقووچێ. بۆ ئەمەی بگەیت بەم ئامانجە هیچی پێ ناوێ ئەوە نەبێت کە گلێنەکانت بەلای ڕاست و چەپدا بسووڕێنیتەوە پاشان چاوەکانت بقووچێنە بەڵام لەپێش ئەمەدا ئەوە بکەیت گلێنەکانت داخزێنە خوارەوە، ئنجا سەیری بنکی لووتت بکە. ئەم کەینەوبەینەیە دەتوانیت دووبارە بکەیتەوە، تا دەگەیت بەئامانجی خۆت لە ڕاستیدا ئەم فێڵانە کەڵکێکی سێ لکییان هەیە کە تۆ گلێنەکانت دەسووڕێنیتەوە، یاخود سەر بەرەو خوار سەیری سەر لووتت دەکەیت، وات لێ دێ بەگران نەبێ ناتوانیت بیر لە هیچ شتێک بکەیتەوە. خۆت شارەزایت کە ئەگەر مرۆڤ بکەوێتە بیرکردنەوەیەکی

قوولّەوە، هەردوو چاوەکانی تەماشای پێشەوەیان دەکەن. ئنجا کە چاوەکانی خۆت وەرگێڕا، هەر لە خۆتەوە واز لە بیرکردنەوەی قوولّ دەهێنیت.

دووەم کەڵکیشی لەوەدایە، کە بەهۆی گلێنە سووڕانەوەکەوە ماسوولکەکانی چاو ماندوو دەبن.

بەڵام کەڵکی سێیەم، هەروەک دەردەکەوێ لەوەدایە کە گلێنەکان سەر بەرەو خوار دەبنەوە تاریکاییەکی قوولّتر دەکەوێتە سەر چاوە قووچاوەکان. چاکتر ئەوەیە کە لەسەر ئەم کەینەوبەینەیە نووچ بگریت، وایش بهێنیتە پێش چاوت کە تەماشای بۆشاییەکی ڕەشی پان دەکەیت.

بۆ پێشاندانی ئەم مەشقە، ناچار بووم چەند دێڕێک بنووسمەوە. بەڵام زۆر بەئاسانی جێبەجێ دەکرێ و هەرچی چۆنێکیش بێ لە وزەتدا هەیە بیکەیت. من نالّێم ئەمە چارەکردنێکی بێ هەلّە دەبێ. یاخود چارەکردنێکی وایە کە لەوە چاکتر دەست ناکەوێ. بەڵام من وام هاتە پێش چاو کە بەکەڵک بێ. کەواتە هەڵدەگرێ بەکار بهێنرێ و تاقییش بکرێتەوە.

جۆرە کەم خوێنییەکی مێشک هەیە، لەگەڵ نوستندا پەیدا دەبێ ئەوە بوو لە سەرەتای ئەم نووسراوەدا لەمە دواین. کەواتە هەر جۆرە مەشقێک لە تەوژمی خوێن کەم بکاتەوە بۆ سەر مێشک، بەکەڵکی ئەم نەخۆشییی خەو لێ نەکەوتنە دێ.

سا هەر لەبەر ئەمەیە کە پیاو لەپێش ئەمەی بچێتە جێگاوە، شتێکی گەرم بنۆشێ، چاکترە. ئەو خواردنەوە گەرمە خوێن کێش دەکات بۆ ورگ، بەهۆی ئەوەوە خوێن لە مێشکدا سووک دەبێ. لە ڕاستیدا هەموو خواردنەوەیەکی سووک بۆ ئەم مەبەسە بەکەڵکە. جگە لەوە گەلێک خواردنەوەی ناسراوی باش هەیە بەکەڵکی خەو لێ خستن دێ، بەڵام لە هەموویان چاکتر شیری خاوێنە. ئەگەر شیرەکە بۆ تۆ گران بوو، بۆ سازبوون لە ورگتدا کەمێک خوێی تێ بکە.

ئەوەیش باشە، ئەگەر لە تەنشت پێخەفەکەتەوە، هەندێ شیری گەرم لە شووشەیەکی گەرمی پارێزەردا دابنێی. تا ئەگەر بەشەو لە خەو خەبەرت بووەوە و بەدڵ ویستت زوو بخەویتەوە بەشێنەیی ئەو شیرە بخۆیتەوە و کەم کەمە تا دوو پارچە بسکویتێکی لەگەڵدا بخۆیت. سەرنج بدە، دەڵێم (بەشێنەیی) و (کەم کەمە)، کەواتە پێویستە هەست بەخۆشی و (سەرئاسوودەیی) بکەیت، لە بارەی لەش و هۆشتەوە.



جگە لەوە، ڕێگەیەکی ئاسانی تریش هەیە، کە خوێن لە سەرەوە کێش دەکاتە خوارەوە. ئەویش ئەوەتا کە شووشەیەک ئاوی گەرم بەکار بهێنیت. چونکە پێ کە سڕ بوو بەسەرماوە، لەوانەیە نەهێڵێ خەو بچێتە چاوی مرۆڤ. جا ئەگەر لەو کەسانەیت کە حەز ناکەن شووشە ئاوی گەرم بەکار بهێنن، هیچ نەبێ گۆرەوییەکی خوری ئەستووری ناو پێخەف لە پێ بکە.

جگە لەوە مەشقێکی تریش هەیە بۆ کێشکردنی خوێن بۆ پێیەکان. قاچەکانت باش ڕابکێشە، پەنجەکانی پێت بخەرە پێشەوە پاشان پەنجەکانت بشکێنە بەپاشەوە، پاژنەکانیشت پاڵ پێوە بنێ بۆ پێشەوە. ئەم جوولّەیە چەند جارێک دووبارە بکەرەوە. هەتا وات لێ دێ هەست بەگەڕانی خوێن دەکەیت لە پێیەکانتدا. واتا هەتا پێیەکانت گەرم دادێن پاشان بۆت دەردەکەوێ ئەم فێڵە یەجگار بەکەڵکە.

لە ڕاستیدا، ئەم پێشنیازانەی من کەمەکێ وریایی و ئەرکی دەوێ. دوور نییە ئەمەندەت بەس بێ ئەگەر بارت زۆر گران نەبێ. جاروباری وایش هەبووە، کە پێویست بووە، لەمانە زۆرتر بکەم. بەم ڕەنگە گەیشتمە ئەم تاقیکردنەوەیەیش کە پێیەکانم بە(خەرتەلە) گەرم بکەمەوە. بەهەموو دڵێکمەوە دەیڵێم کە ئەم جۆرە گەرماوە بەکەڵکە. ڕەنگە ئەمە لەوانی تر زۆرتر ئەرکت بخاتە سەر، بەڵام چونکە بەکەڵکە، ئەو ئەرکە دەهێنێ بۆی بخرێتە سەرشان. بۆ ئەم گەرماوە، پێویستیت بەهیچ نییە، بەهەندێک ئاوی لە کوڵ نەبێت، لەگەڵ کەمێک تۆوی خەرتەلەدا. تەنانەت خەرتەلەی پەڕندە و گیانلەبەرانی مالّییش وەک خەرتەلەی ئاسایی، بۆ ئەم بابەتە بەکەڵک دێ، بێجگە لەوە زۆر هەرزانتریشە.

نزیکەی دوو کەوچکی چێشت خواردن، بکەرە ناو تەشتێکی پانەوە، کە بارستایی شەش گرێ (ئینج) ئاوی لە کوڵی تێدا بێ. دابنیشە و هەردوو پێت بخەرە ناو تەشتەکەوە. هەرچەند زانیت ئاوی ناو تەشتەکە خەریکە سارد ببێتەوە، هەندێکی تر ئاوی لە کوڵی بکەرە سەر.

ئەوەندەی پێ ناچێت، پاش پێنج یاخود دە وردیلە (دقیقە)یەک، خەو دەچێتە چاوەکانتەوە. بەڵام ئەگەر سەیرێکی پێیەکانت بکەیت بۆت دەردەکەوێ دەمارەکانت ئەستووربوون و بەرزیش بوونەتەوە. ئەمەیش ئەوە ئەگەیێنێ کە خوێن گڤەی کردووە بۆ پێیەکانت. بەڵام وا چاکترە لەسەر ئەم کارە بڕۆیت تا ماوەیەکی کەم پاش ئەوەی هەستت کرد بەوەنەوزدان.

دێتەوە بیرم، کە من جارێک دوو جار لە کاتی بەکارهێنانی ئەم جۆرە گەرماوەدا ئەوەندەی نەما بوو خەوم لێ بکەوێ. کەچی لەو سەردەمەیشدا بوو، کە زۆر بەگران خەوم لێ دەکەوت. ئەی ئەگەر وام لێ نەهاتایە، چۆن بەرگەی ناخۆشیی گەرماوی خەرتەلەم دەگرت؟

لە ڕاستیدا، بۆ ئەم جۆرە گەرماوە، دەبێ لە پانزە بیست وردیلە بەولاوە بەخت نەکرێ. دەبوو پێم بگوتیتایە لەپاش بەکارهێنانی ئەم گەرماوە، دەمودەست بچیتە ناو جێگاوە. وا چاکترە، هەتا پێت دەکرێ کەمتر خۆت هوشیار بکەیتەوە لە وەنەوزەکەت، بۆ ئەمەی بەخاوییەکی تەواوەوە، خۆت فڕێ بدەیتە ناو جێگاکەتەوە هەروەها تا پێشت دەکرێ بێ دەنگوسەنگ بیت.

ئنجا ئەگەر بەوە زوو خەوت لێ نەکەوت و، خەوەکەیشت چەند کاتێکی پێ نەچوو، ئەو دەمە منیش مافم هەیە، هەتا پێم دەکرێت سەرم لە کارت سوور بمێنێ. تەنانەت گەرماوی ئاساییش بۆ زۆر کەس بەکار دێ بۆ خەو لێ خستنیان. چونکە لە باریدا هەیە خوێن بڵاو بکاتەوە بۆ سەر پێست و، تەووژمی خوێنیش لە سەردا سووک بکات. لەگەڵ ئەوەیشدا هەندێکی وا هەیە لەم گەرماوە ئەم کەڵکانە نابینێ. لە ڕاستیدا منیش یەکێکم لەوانە.

لەبەر ئەوە وام پێ باش بوو، هەموو ڕۆژێک بەیانیان زوو خۆم بشۆم. کەواتە لەم بابەتەوە شارەزای خۆت ببە. ئەگەر زانیت سەرشتن بەئاوی گەرم بەکارت دێ بۆ لەش خاوبوونەوەت و سەر سووکیت، ئەوا هەموو جارێک لە نزیک کاتی خەوتنتدا بەئاوی گەرم خۆت بشۆ.

لە هەندێ باری خەو لێ نەکەوتندا، ئەگەر ژوورەکە بەتەواوەتی تاریک نەبێ، بەئاسانی ڕاوی خەو دەکرێ. ئەوەیش ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ، کە لەبەر ڕووناکی کزدا هۆش خاو و خلیچکانە خۆی بەکەلوپەلی نزیکەوە خەریک دەکات. لە کاتی وادا زۆر بەخۆیەوە خەریک نابێ. لەبەر ئەوە کەمتر خۆی نزیکی بیرکردنەوەی قووڵ دەکات. لە ڕاستیدا چرایەکی کارەبایی کز کە بەپەردەیەکی شین یان سەوز داپۆشرا بێ، بۆ ئەم مەبەسەی ئێمە زۆر بەکار دێ. ئێستەیش وام پێ باشە، کە ئیتر لەمە بەولاوە، پێشنیازی ترت پێشکەش نەکەم، نەوەک سەرت لێ بشێوێ. بەهەموو ڕەنگ، هیچ گومانی تێدا نییە، کە پێشنیازێکی بەکەڵکی وا کە بەئاسانی جێبەجێ بکرێ، گەلێک چاکترە لە بیست پێشنیازی وا کە پڕوپووچ بێ. ئەو پێشنیازانەی لە سەرەوە ناوم بردن، دەرکەوت کە بۆ من بەکەڵک بوون، هەروەها بۆ زۆر کەسی تریش کە تاقییان کردبوونەوە بەکەڵکبوون.



بەڵام لەو کاتانەدا کە کەم ڕوو دەدەن و منیش تووشی نەخۆشی خەو لێ نەکەوتن دێم، خۆم دەزانم، کە چی پێویستە بیکەم. ئەوساکە ناچار دەبم گەرماوێکی لە کوڵ بەخەرتەلەوە بەپێیەکانم بکەم، پاش ئەوە گەنجینەی تەختی نوستنەکەیشم هەندێ شیری گەرم و بسکویتی تێ بکەم. ئامۆژگاریت دەکەم کە پێش هەموو شتێک ئەو دوانە تاقی بکەیتەوە.

ئنجا ئەگەر بۆت دەرکەوت ئەوانە بەکەڵک نایەن، ئەوساکە خۆت دەتوانیت چارەی تری بۆ بدۆزیتەوە. مرۆڤ، هەموو وەک یەک نین. چ لە ڕووی لەشەوە چ لە ڕووی هۆشەوە لە یەک جیاوازن. جا هەر کەسە، پێویستە لە سەری کە چی بەکەڵکی دێ ئەوە بەکار بهێنێ.

هەرچەند چارەیەک دەدۆزیتەوە بۆ خەو لێکەوتن، خەریک بە تا پێت دەکرێ، بەشێوەیەکی خۆیی و سروشتی بەکاری بهێنی. خەریک بە، هۆشت نەچێتە سەر ئەو ئامانجەی کە بۆی تێ دەکۆشیت. واتا بیری لێ نەکەیتەوە. ئەمە شتێکی زۆر گرنگە، کە پێڕەویی بکەیت.

خۆت وا پیشان بدە کە لێی کەمتەرخەمیت. هەرچەندە لە ڕاستیدا زۆر بەتەنگیەوەیت. بەدرێژیی ئەودەمە، خاوبوونەوەکەی خۆت بپارێزە. دەربەست مەبە، هیچت لێ نایە، ئەگەر حەزت کرد و ورتە ورتێکت لەبەر خۆتەوە کرد، بۆ ئەمەی خۆت وا بنوێنی کە یەجگار ماندوو بوویت و لە تواناتدا نەماوە قسەی ئاسایی بکەیت، بێ گومان، ئەوە بەکارت دێ و لە ڕێگەیەکی لا بەلاوە یارمەتیت دەدا، بەسایەی ئەو نیاز بەخشینەوە کە لێی دەوەشێتەوە.

بەڵام، من هەتا ئێستا چاکترین چارەی ئەم نەخۆشییەم بۆ دەرنەخستوویت. ئەویش بریتییە لە (لەش خاوکردنەوە) یاخود (سرەوت دان بەخۆ).

بەڵام ئەمە بابەتێکی تایبەتیی سەربەخۆیە. لە نووسراوێکی ترمدا بەدرێژیی لێی دوواوم. گرنگی ئەوە لەو ڕاستییەدا دەردەکەوێ، کە دەڵێ: ئەگەر مرۆڤ لەشی بەتەواوەتی خاو بووەوە، بێ گومان خەوتن لە خۆیەوە ڕوو دەدا.

لە بەشی دوایی ئەم نووسراوەدا، لە بابەت خۆ خاوکردنەوەوە، ئەوەندە دەدوێم کە پەیوەندیی بەنوستنەوە بێ. بەڵام، تێگەیشتنی ئەم بابەتە بەجۆرێکی فراوانتر بۆ ئەوانە پێویستە کە بەدوای هۆشێکی لەسەرخۆدا ئەگەڕێن، بۆ ئەمەی بێ گیروگرفت خەویان دەست بکەوێ.

# پێشبینییەکی دروست

٤

ئێمە کە لەش خۆش و تەندروست بین سەدی سەد خەوەکەمان لە خۆیەوە دێ. کە دەچینە جێگاوە و، چرا دەکوژێنینەوە، هیچ هەست بەخۆمان ناکەین، لەپڕێکدا خەومان لێ دەکەوێ. لە ڕاستیدا هیچ بیرێک لە خەوتن ناکەینەوە و دەشنووین... ئەوەیش لەبەر ئەوەیە کە هۆشی ئاگادار بەهۆی کار و فرمانی ڕۆژەوە ماندوو دەبێ، هەروەها لەشیش ماندوو دەبێ. جا هەردوو لایان، ئەوە دەکەن کە سروشت بۆی دیاردی کردوون. واتا هەردووکیان واز لە کارکردن و بزووتن، بەتەواوەتی دەهێنن. ئەوساکە هۆشی شارراوە کار دەگرێتە دەست خۆی، هۆشی ئاگادار و لەشیش لەناو سرەوت و حەسانەوەدا دەهێڵێتەوە.

ئەم کارەساتە هەمووی وەک خوویەکی سروشتی خۆی لە خۆیەوە پێک دێ. ئەگەر شتێکی لێ ڕوو نەدا پەکی بخات، بێ گومان هەروەک خۆی هەیە، وا بەڕێوە دەچێ و شایانی ئەوەیشە کە باوەڕی پێ بکرێ و پشتی پێ ببەسترێ. ناشێ خوێندەوار ئەمەی لەبیر بچێ، کە ئەگەر مرۆڤ، خوویەکی خۆی چەند جارێک تێکدا، دوایی وای لێ دێ ئەو خووەی بەجارێک بەر دەدا. ئەو لەپێشدا خووەکەی خۆی تۆزێ کز دەکات، پاشان کە ماوەیەکی زۆر خۆی لێ لادا زۆری پێ ناچێ خووەکەی تێکدەچێ و لەناو دەچێ.

لە ڕاستیدا، خوو شکاندنێکی (یەک) جاری، زۆر کار ناکات. بەپێچەوانەوە، چونکە بەرپەرچ دەدرێتەوە ڕەنگە بێ کەڵک نەبێ.

ئەم دەستوورە لە خەو لێکەوتنیشدا وەهایە ڕەنگە لە تێگەیشتنیدا لە خەمێکی زۆر زۆر ڕزگارت ببێ. جا بۆ ئەمەی لە خوویەک لابدەیت، پێویستە گەلێک جار پێچەوانەی ئەو خووە بجووڵێیتەوە. جا نوستن بووەتە خوویەک بەگران لادەچێ. چونکە لە لایەکەوە پێویستییەکی سروشتییە. لە لایەکی تریشەوە هەر لە تافی منداڵییەوە هەتا تافی کوڕێنی، باش بنج بەست بووە و دامەزراوە، لەناو لەش و هۆشی مرۆڤدا.

ئەگەر شەوێک لە شەوان، نوستنەکەت لە دەست چوو، هەر لە خۆتەوە دەتەوێ لە شەوی پاشتردا نوستنێکی باشتر بنوویت. بەڵام، ئەمە لە دە جاردا، نۆ جار ڕوونادات. ئەویش هەر لەبەر ئەوەیە کە پەنجە دەخەیتە کاروباری ئەم خووە سروشتییەوە. بەواتایەکی تر، هۆشی ئاگادار خۆی بەفرمانێکەوە خەریک دەکات، کە لە ڕاستیدا دەبێ هۆشی شارراوە خۆی پێوە خەریک بکات.



پوختەی ئەم قسەیەیش ئەوەیە کە ئەگەر تۆ خەوە ناتەواوەکەی شەوی پێشووت بتوانی بەتەواوەتی لەبیر خۆت ببەیتەوە، بێ گومان خەوی شەوی داهاتووت هیچی لێ نایەت. لەگەڵ ئەمەیشدا، زۆر کەسی دەمار کزی وا هەیە بەتاکە شەوێکی بێ خەوی وایان لێ دێ کە بترسن لەوەی تووشی لەش تێکچوونێکی گەورە ببن. جا هەر ئەم ترسەیانە کە دەردەکەیان لێ دەکات بەڕاست و گەورەیشی دەکات.

ئەمە یەکێکە لەو بیروباوەڕانەی کە دەبێ بزانرێ لە بابەت نوستنەوە. ئنجا ئەگەر تۆ لەوانە بیت کە تاکە شەوێک بکەیت بەچەند شەوێک، پێویستە بزانیت کە خووەکەی سەرەتاییت هێشتا ماوە و ئامادەیشە کە دەست بکاتەوە بەفرمان بینین، ئەگەر خۆت ماوەی بدەیت.

من هەندێ پێشنیازی بەکارم پێشکەش کردیت بۆ خەو لێکەوتن. هەروەها لەوەیشم ئاگادار کردیت کە لە چی خۆت بپارێزی بەڵام لەمە بەدواوە ئەوەت پێ دەڵێم کە پێویستە پێشبینییەکی دروست لە بابەت خەو لێکەوتنەوە بۆ خۆت پێک بهێنی. تۆ ئەگەر ئەمە جێبەجێ بکەیت، خەو لێ نەکەوتنەکەت دەبێتە شتێکی ڕابردوو، هەروەهایش دەبێ بەلاتەوە هەتا سەر.

پێویستە هۆشی ئاگادار دوور بێ لەبیری خەو لێکەوتنەکە خۆی. ئەمە دەستوورێکە دەبێتە بنچینەی هەموو پێشبینییەکی دروست. لەوەدا لە کەس مەپرسە لە شارەزایەک نەبێ کە تاقی کرد بێتەوە! چونکە من هێشتا ئەوەم لەبیر نەچۆتەوە. کە سەردەمێکی وەهام بەسەردا ڕۆیشت، بەشەو و بەرۆژ بیرم لەوە دەکردەوە، کە سەرینەکەم چۆن بەو شەوگارە درێژانە سەری ماندوومی لەسەر دابنێم...

ئای لەو سەردەمەدا چ شێتێکم لێ پەیدا بوو بوو! لە ڕاستیدا، هەم ڕیژگاوی بوو، هەم دەردەداری بوو بۆ من کە کاتی نوستن یاخود نزیک بەکاتی نوستن هەموو ناخۆشییەکەم چاوەڕوان دەکرد.

هۆشی شارراوە، پشتیوانی ترسی خەو لێ نەکەوتن و ترسی ئەنجامی خەو لێ نەکەوتن دەکات. کاتێکیش کە مرۆڤ واز لە فرمان و لە بزووتن دەهێنێ، هیچ شتێک لەم ترسە، زۆرتر سرەوتی دڵ تێک نادات و لەناکاویش گەشە ناکات.

لەگەڵ ئەوەیشدا، هیچ لە گۆڕێدا نییە، کە پێویست بێ ترسی لێ بکرێ. ئێمە لە تواناییماندا هەیە، زۆر کات بەئاگادارییەوە بەخت بکەین، شەو لەدوای شەو، بێ ئەمەی

هەست بەئەنجامێکی خراپ بکەین، تەنیا بەمەرجێ بزانین چۆن لەشمان بەخاوی دەهێڵینەوە و چۆن هۆشیشمان لە سرەوتدا دەپارێزین. ئەو پشێوی و بێ ئارامییەی ترس دروستیان دەکات، زیانمان پێ دەگەیێنن، نەک شتی تر.

هۆشی ئاگادار خەریکی ئەوە دەبێ کە خەو ڕاو بنێ بەڵام خەو ڕاو نانرێ. هەرچەند بمانەوێ بیگرین خەوەکە ڕادەکات بۆ دوور، پێمان پێدەکەنێ و تیزمان پێ دەکا. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا ئەگەر وازمان لێ هێنا خۆی لە خۆیەوە بەئاسانی دێتەوە لامان.

بەلای منیشەوە وایە ئەگەر پەی ببەیت بەم سێ بیروباوەڕە، (پێشبینییەکی دروست)ت لە بابەت خەو لێکەوتنەوە بۆ پێک دێت. جا لەبەر ئەوەی کە ئەم بیروباوەڕانە تا ئەندازەیەکی گەورە گرنگن، وا لە خوارەوە بەکورتی پیشانیان دەدەمەوە:

أ- ڕابواردنی شەوێکی ناخۆشی خەو لێ نەکەوتن، نابێ ببێتە پێشەنگی گەلێک شەوی ناخۆش.

ب- لە خەو لێ نەکەوتنی سادەدا، هەرگیز مەترسی نییە.

ج- بەهیچ کلوجێ خەو ڕاوەدوو نانرێ.

ئەم هەموو بیروباوەڕانە یەک دەستوور پیشانیان دەدا کە ئەڵێ:

(هۆشی ئاگادار دوور بخەرەوە لە بیرکردنەوە لە خەو، لە هەموو کاتێکی ناو جێگا و دەرەوەی جێگادا دووری بخەرەوە).

ڕووداوێکی تریش ماوە، پێویستە لەم کۆڕەدا، لێی بدوێین. ئەویش ئەوەیە کە ئەو خەوەی دەستمان دەکەوێ، یەجگار زۆرترە لەوەی کە دەیهێنینە پێش چاومان. منیش بەتەواوەتی لەوە ئاگادارم، کە چەند کەسێکی نەخۆشی خەستەخانەکان، کە لەژێر چاودێرییەکی ورددا دانرابوون، هەموویان سوێندی گرانیان خوارد، کە هەموو شەوەکەیان بەبێ خەو ڕابواردووە. تەنانەت کە نەخۆشیار (ممرضە)ەکەیشیان پێی گوتن هەریەکەیان شەش کاتی تەواو یان پتر نوستوە، لە باوەڕەکەی خۆیان پەشیمان نەبوونەوە. ئەمە شتێکی سەیرە، لەگەڵ ئەوەیشدا ڕاستە.

بەڵێ، شتێکی تەواو ڕاستە. چونکە خۆیشم یەکێک بووم لەو نەخۆشانە!...

وا ئێستا پێشبینییەکی دروستت لە بابەت نوستنەوە بۆ پێک هات. ئیتر ئێمەیش دەتوانین، چاکترین ڕێگا بدۆزینەوە، کە بەکاری هەموو بارێک بێت، بۆ پێشوازی کردنی.

تۆ ئەگەر خۆت بپارێزیت لەو شتانەی کە لە بەشی دووەمی ئەم نووسراوەدا ناوم بردوون،



بێ گومان هەر کاتێک بچێتە ناو ژووری نوستنەکەتەوە بەهۆشێکی بێ دەنگوسەنگی تەواوەوە دەچیت. بەم ڕەنگە، بەرگەکانت بەئەسپایی دەگۆڕیت و، بەهێواشی دەچیتە ناو جێگاکەتەوە بۆ سرەوت و ئارام.

بێ گومان لەبیرت نەچۆتەوە، کە پێم گوتیت، هەموو کەسێک لە نوستندا لە شەوێکدا چەند جارێک ئەمدیو و ئەودیو دەکات. ئەوەیش شتێکە لە دەسەڵاتی تۆدا نییە.

بەڵام تۆ دەسەڵاتی ئەوەت هەیە کە لەپێش نوستندا چەند بجووڵێیتەوە. هەرچەندێک لەم جووڵانەوانەت کەم بکەیتەوە بۆ خۆت چاکترە.

هەر کاتێ لەش بەتەواوەتی خاو بووەوە، نوستن لە خۆیەوە پەیدا دەبێ. بەڵام هەر جووڵەیەک پەیدا ببێ، بام زۆر بچووکیش بێت، لەوانەیە دەمارەکانی لەشی نیوە خاو بووەوە، دووبارە توند بکاتەوە.

ڕەنگە پێویست بەوە بکات کە پیاو هەندێک ئەمدیو و ئەودیو بکات لەناو جێگاکەیدا بۆ ئەمەی باش بسرەوێ. بەڵام بەهەموو ڕەنگ لەوە بەولاوە نابێ بیکات.

پێشنیازی منیش وایە: کاتێ کە دەچێتە ناو جێگاوە، تا نزیکەی دە وردیلەیەک بەلای چەپدا ڕابکشێ، پاشان تا دە وردیلەکی تر بەسەر گازی پشتتدا ڕابکشێ و لنگێکت لەسەر لنگەکەی ترت دابنێ. پاشان وەرگەڕێ بەسەر تەنشتی ڕاستتدا و چەندت پێ کرا ئەو بارەت مەگۆڕە. ئیتر نابێت هیچ جووڵەیەک بکەیت. وایش چاکترە کە هەردوو جووڵەکەی پێشین بەشێنەیی و بێ دەنگییەکەوە بکەیت، هەروەک بەگرانییەکەوە بیانکەیت وا بێ.

هەر لەبەر ئەوەیش وەرگەڕان بەسەر لای ڕاستدا، خرایە دوایی، چونکە لەم بارەدا، لە هەموو بارێک کەمتر هەست بەلێدانی دڵ دەکرێ. هەروەها ئارامگرتن بەسەر لای ڕاستدا، ماوەی ئەوەیش دەدات کە گرانی لەش بەسەر ئەندامەکانی ناو لەشدا باشتر دابەش ببێ.

ئەوە دیارە ئەم جۆرە ئارامگرتنە، بۆ هەندێ کەس بەگران پێک دێ. بەڵام من بەتاقیکردنەوەی خۆمدا بۆم دەرکەوتووە، کە هێزی ویستن (قوة الأرادة)، لە باریدا هەیە بەرگەی ئارەزووی هەرە بەهێز و هەرە درێژ دادڕی جووڵانەوە بگرێ. ئەگەر دڵت دەستی کرد بەلێدان، لێی گەڕێ بام لێ بدات. بەڵکو سوپاسی خوا بکە کە لێ دەدا.

هەروەها ئەگەر سەرت دەستی کرد بەلەرزین، لێی گەڕێ بام بلەرزێ. تۆ ئەگەر بەبێ دەنگییەوە ڕاکشایت و هیچ جووڵەیەکت نەکرد، بۆت دەردەکەوێ ئەم جۆرە هەستە

نەنگەویستانە، بەرە بەرە لەناو دەچن... پێویستە بزانیت: جووڵانەوە، هیچی لێ پەیدا نابێ، ئەوە نەبێ کە ئەم جۆرە هەست پێ کردنانە پەرە پێ بدات. لە ڕاستیدا ئەم جۆرە هەست پێ کردنانە، بەهیچ ڕەنگێ نابنە نیشانەی ڕوودانی شتی سامناک. ئەوەیش ئاشکرایە کە ئارامگرتن بۆ پێنج ودیلە، لەسەر شتێکی ناخۆش زۆر چاکترە لەوەی کە سەرچڵییەک بکرێ و شەوگارێکی درێژ خەومان لە دەست بچێ.

ئەگەر هاتوو هەستت بەگەرمییەکی زۆر کرد لە لەشتدا، نەکەیت هەموو جلەکانت دابکەنی، یاخود بهێڵی خەمباری سەرت تێ بکات. منیش سەردەمێک وام دەکرد، پاشان کە تێگەیشتم ئەو هەستکردن بەگەرمییە، فڕی نییە بەسەر گەرمیی ڕاستەقینەوە، وازم لەو خووە هێنا. پاشان وام لێهات خۆیشم ئەو هەستە درۆزنەم چەواشە دەکرد. دەمهێنا لێفەکەم دەکێشا بەسەر خۆمدا تا ملم، ئنجا ئەم نیازەم بەخۆم دەبەخشی: کە شەوەکەی سەرماوسۆڵەیە و وا چاکە خۆم باش بپێچمەوە، بۆ ئەمەی لەوەی بەدوور بم. ڕەنگە لەوە سەرت سوڕ بمێنێ، کە پێت بڵێم، هەموو جارێک فێڵەکەم، سەری دەگرت.

ئەگەر بهاتایە لێفەکەم فڕێ بدایە، هەستم بەگەرمی دەکرد، بەرە بەرە لە لەشمدا گڕی دەسەند. جا هەروەک چاوت پێ کەوت، کەینەوبەینەکە بابەتی مێشکە. دەتوانی ماوە بدەیت چەواشە بکرێیت. دەیشتوانی ماوە نەدەیت چەواشە بکرێیت. چیت پێ باشە ئەوە بکە.

بابەتێکی تریش هەیە، وا چاکە لێی بدوێین. ئەویش هەناسەدانە. هەناسەدان پێویستە لەسەرخۆ و بێ وچان بێ. من هەرگیز لەگەڵ ئەوانە نیم، کە لەناو جێگادا هەناسەی قووڵ دەدەن. چونکە هەناسەدانی قووڵ، دەمارەکانی خوێن دەوروژێنێ، لەوەدا وەک دەرمانێکی هێز پێ دەری لێ دێ، کەچی لە ڕاستیدا داماوی دەرمانێکی ئارام پێ دەرن، نەک ورياکەرەوە... لە کاتی نوستندا، هەر کەسێک سەیر بکەیت، دەبینی با هەڵمژینەکەی درێژتر و بەئارامترە لە با فڕێدانەوەکەی. لە دوای هەموو با هەڵمژینێکەوە، جۆرە ئیستێک هەیە. لە ڕاستیدا ئەمەتا ئەو هەناسەدانەی پێویستە خووی پێوە بگریت. تەنانەت ئەو پرخە پرخەیش کە دووی ئەو هەناسەدانە دەکەوێ، یەجگار بەکەڵکە، چونکە نیاز دەبەخشێ بۆ نوستن.

وا ئێستا لە بارێکی ئاسوودەدا، لە جێگاکەتدا ئارامت گرتووە هەروەها دەستت کردووە بەو هەناسەدانەی لە سەرەوە پێشانم دایت. ئیتر هیچ نەماوە بیکەیت ئەوە نەبێ: بەلەش و هۆشەوە خۆت خاو بکەیتەوە.



خۆت وا بهێنەرە پێش چاو، کە گرانایی هەموو لەشت لەناو جێگاکەتدا نوقوم بووە. بیریش هەر لە سرەوتی ڕووت بکەرەوە.

نە بیر لە نوستن بکەرەوە، نە لە وشەی (نوستن). تۆ بۆیە لەناو جێگاکەتدای، کە خۆشی لە سرەوتی ناو جێگا و ناوازەیی ناوی جێگا ببینی. ئایا بۆ سرەوت، هیچ شتێک لە جێگا باشتر هەیە؟ جێگا، چونکە لە قڕە قڕ و دەنگە دەنگی دەرەوەی ماڵ و ئاژاوەکانی بەدوورە، لە باریدا هەیە و پێویستیشە ببێتە بەهەشتی ئارام و ئاسوودەیی. بەڵام ئەویش وەک هەموو شتە باشەکان، پێویستە پێش ئەمەی هەست بەخۆشییەکانی بکرێت و چێشکەیشیان بکرێت، لە چاوێکی وریاوە نرخی خۆی بدرێتێ.

جا ئەگەر بێتو بتوانیت، بیرت بخەیتە سەر هەستکردن بەم سرەوت و خۆشییە، ئیتر خۆت ڕزگار دەکەیت لە تەنگوچەڵەمەی بیرکردنەوەی قووڵ لە کەینەوبەینە و گیروگرفتی کار و فرمان و خەم و خەفەتی تر.

ئەوەیش لەبەر ئەوەیە، کە هۆش پێی ناکرێ، لە یەک کاتدا دوو بیر بکاتەوە.

کەواتە، بیرکردنەوە لە خۆش ڕابواردن، تا دەتوانیت بەهێز بکە. کە وای لێهات، ئیتر هیچ بیرێکی تر ناتوانێ بەئاسانی لە مێشکتی بکاتە دەرەوە.

جۆری ڕاکشانیش لەسەر جێگا نرخی خۆی هەیە. وام بۆ دەرکەوتووە کەم کەسی وا هەیە لە باری هەرە باشدا لە نوستندا ڕاکشا بێ. بەڕاستی زۆر پێویستە، لە کاتی نوستندا دروست ڕابکشێین. ئەگەر خۆمان بەڕاکشانی دروستەوە ڕاهێنا، زۆری پێ ناچێ لێمان دەبێتە خوو، واتا هەر لە خۆمانەوە لە بارێکی دروستدا دەنووین. ئەژنۆکان نابێ وا بنووشتێنرێنەوە کە بگەنە بن چەناگە. باڵەکانیش نابێ بخرێنە سەر سنگ. تا پێت دەکرێ، لە ڕاکشاندا خۆت درێژ بکە، ئەژنۆکانت کەمێک بنوشتێنەرەوە، پەنجەکانی پێیشت سەر بەرەو خوار بکە.

زۆرتر لە پێویست، قاچی چەپت لەسەر قاچی ڕاستت دامەنێ، لەو کاتەدا کە لەسەر لای ڕاست دەنوویت دەبێ ئەژنۆی چەپت و ئەو بەشەیش کە لەژێریایە، بەنزیک قاچی ڕاستتەوە بکەونە سەر جێگاکە. ڕەنگە ئەمانە بەشتێکی هیچوپووچ دابنرێن، بەڵام لە ڕاستیدا دەبنە هۆی خوێن گەڕانێکی ئازاد لە لەشدا و، ڕوونەدانی پاڵەپەستۆ و گرژبوون و توندبوون لە ماسولکەکانی لەشدا. باڵەکانیشت لەپێش دەمتەوە درێژ بکە، بەجۆرێکی وا کە بکەونە سەر جێگاکە. پەنجەکانیشت کەمەکێ بنوشتێنەرەوە، بەڵام بەهیچ ڕەنگێ بەتوندییەوە

دەستت مەقووچێنە. خەریک بە سەرنج بدەیتە ئەو سەگەی کە لە گوێ ئاگردانەکە نوستوە لە توانایدا هەیە زۆر بەئاسانی هەردوو قاچی پێشەوەی بکێشێتەوە نزیک لەشی، بەڵام ئەو ئەوە ناکات. چونکە ئەو بارە بارێکی ئاسایی نییە، بگونجێ لەگەڵ سرەوتی تەواودا.

لەوەیش بێ گومانم کە ئەگەر هەردوو لنگ و هەردوو باڵت بەو بارانەدا دانا کە لە سەرەوە پێشانم دایت، پاشان هەستت پێ کرد کە گرانایی لەشت هەمووی کەوتۆتە سەر پێخەفەکەت... دەڵێم ئەگەر ئەوانەت بۆ جێبەجێ کرا، دەمودەست هەست دەکەیت بەسرەوت و خاوبوونەوە. بیر لەو کاتە بکەرەوە کە هەست بەم سرەوتە دەکەیت، هەروەها هەست بەگەڕانی خوێن دەکەیت لە دەستەکان و پێیەکانتدا، لە ڕاستیدا خۆم هەرچەند ئەم بارە خاوییەی لە سەرەوە پێشانم دا، بۆم هەڵدەکەوت، هەستم دەکرد بەخوێن، بەسەربەستی و ئازادییەوە دەگەڕا بەلەشمدا. زۆرجاری وا هەبوو کە دەچوومە جێگاوە، دەستەکانم وەک سەهۆڵ ساردبوون، کەچی هیچ دە وردیلەیەکی پێ نەدەچوو، لە گەرمیدا گڕیان دەسەند. جا ئەمەیە دەسەڵاتی خاوبوونەوەی تەواو. ئەوەیش زۆر گرنگە، کە چاوەکانیش بەخاوبوونەوە خۆشییان پێ بگات. بەزۆر مەیانقووچێنە. وا چاکترە، پێڵوەکانی چاوەکانت، بەرەڵڵا بکەیت، بۆ خۆیان سیس بن، بۆ ئەمەی گرانایییەکەی خۆیان بیانخاتە قووچان. بهێڵە چاوەکانت جارە و جار بەشێنەیی بکرێنەوە و سەیرێکی کەلوپەلی ناو ژوورەکەت بکەن. ئەو کاتەی دەیشقووچێن، وای بهێنەرە پێش چاوت کە سەیری بنکی لووتت دەکەیت، وەک لە بەشی پێشوودا پێشانم دایت.

جا بۆ ئەمەی کەمێک لە بیرکردنەوەی قووڵ خۆت بپارێزیت زمانت و چەناگەی خوارووت خاو بکەرەوە. چونکە تۆ، کە بیر دەکەیتەوە، ئەم دوو ئەندامە هەموودەم لە توندیدا دەمێننەوە.

هەروەک خۆیان ئامادە بکەن بۆ دەربڕینی بیرەکانت وایە. ئنجا کە هاتیت ئەوانەت خاو کردەوە، ماوە دەدەیت بەهۆش: چۆنت بوێ خاو ببێتەوە.

لەمەولا بۆیشت دەردەکەوێ، کە کردنی ئەمانە هەموویان ئاسانە. هەر ئەوەندەی دەوێ کە دەست پێ بکەیت. لە جاری یەکەم و دووەمدا، تۆزە ماندووبوونێکی وریایانەی پێ دەوێ. بەڵام لەوە دوا، هەر لە خۆیەوە جێبەجێ دەبێ. ئەوەی لەپێش هەموو شتێکدا دەبێ خەمی بخۆیت، ئەوەیە، کە هەست بەوە بکەیت کە خاوبوونەوەکە بەهەموو لەشتدا بڵاو بۆتەوە، هەروەها بیر لەو کاتە بکەیتەوە کە سرەوت و دڵ خۆشی لە ئەنجامی ئەو خاوبوونەوەیەوە دەستگیرت دەبن.



ڕەنگە هەست بەسرەوتێکی وا بکەیت، کە بەفیڕۆی بزانیت بنوویت، نەوەک لەو سرەوتە بێ بەش بمێنێتەوە. بەڵام، ئەم جۆرە هەستکردن بەسرەوتە، هەر خۆی نیشانەی ئەوەیە کە زوو بەزوو خەوت لێ بکەوێ. ڕۆژێک دێ، تۆیش وەک من سەرت سوڕ دەمێنێ لەوەی، کە ئەو شتەی ڕاوەدووت دەنا بیگری هەر خۆی لە خۆیەوە هەڵ دەهات هەر لەبەر ئەوەی کە خۆت هەموو شتێکت وا بۆ ئامادە کردبوو، کە هەڵبێ.کەواتە بۆچ هەستت بەوە نەکرد بوو؟

ئەو بارانەی پێکت هێنابوون بەو ڕەنگە، ئەگەر ڕێک بکەوتنایە لەگەڵ ئەو شتەی کە دەتویست بێتە ناو دەستت، شتەکە لە خۆیەوە دەهاتە ناو دەستتەوە بەچەشنی کێشانی بڕشتی ئاسن بەرەو موگناتیس خۆم خەریک کرد بەوەوە کە هەرچی لەم بابەتەوە هەست پێ دەکەم، بۆتی لێک بدەمەوە. بەڵام، جاری وا هەیە پیاو بەگران دەتوانێ هەستی خۆی وا دەربڕێ لە چەند وشەیەکدا، کە کەسانی تر تەواو هەستی پێ بکەن. من خۆم، لە تواناییمدا هەیە، زۆر بەڕوونی ئەو هەستانە ببینم. لام وایە تۆیش لەمەودوا، دەتوانیت ئەو هەستانە ببینیت، بەمەرجێ پەی بەهەڵەی ڕەوشتی پێشووت ببەیت.

ئەو ئامۆژگارییانەی کە پێم گوتی پێڕەوییان بکەیت لە کاتی چوونە ناو پێخەفدا، دیسانەوە دەتوانیت بەکاریان بهێنیت لەو کاتانەدا کە بەشەو خەبەرت دەبێتەوە زۆرجاری وا هەیە کە خەبەرت دەبێتەوە، دڵت پڕە لە خەموخەفەت و ناخۆشی. ئنجا کە سەرنجت دایە ئەم هەستانە، خەوت لێ ناکەوێتەوە، تا چەند کاتێک بەبێ دەنگی و ئارامی تەواوەوە، خۆت ڕابگرە بۆ چەند تاوێک، زۆری پێ ناچێ ئەو هەستە ناخۆشانەت لە کۆڵ دەکەوێ. یەک پەنجە مەجووڵێ، تا دەتوانیت خۆت خاو بکەرەوە. نووچ بگرە، لەبیرتدا لە بابەت سرەوتی ناو نوێنەکەتەوە، وەک جاری پێشوو. بەزانینی دەم و کاتەوە، خۆت خەریک مەکە. کە بەیانی هات کەس خەمی ئەوە ناخوات بزانێ چەند کات لە شەودا خەوت لێ خەوزە بووە. لە ڕاستیدا، جیاوازی چییە لە ناوەند ئەوەدا کە لە کاتی دوو، یاخود لە کاتی پێنجدا خەبەرت بوویبێتەوە؟ هەر گەڕانەکەت بەدوای دەم و کاتدا، بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە خەمێک لە دڵتدا هەیە و پەنگی خواردۆتەوە. ئەوەیش بارێکە، هەتا پێت دەکرێ دەبێ خۆتی لێ بپارێزیت. هەندێ کەسی وایش هەن، بەلایانەوە وایە، ئەگەر بەرەبەیان خەبەریان بووەوە، دەتوانن جارێکی تریش بنوونەوە. دوور نییە، ئەوە لە ناوەڕاستی هاویندا ڕوو بدات، لە کاتی پێنجی بەیانیدا. بەوە نزیکەی سێ کات نوستنیان لە دەست دەچێ. بەهەموو ڕەنگ ئەو بیرە، بیرێکی بۆش و بێ کەڵکە.

دیارە تۆیش ئەگەر خستتە دڵتەوە کە پێت ناکرێ بخەویتەوە، ئیتر بۆ جارێکی تریش

خەو لێکەوتنەوەت بۆ ناچێتە سەر. بەبێ دەنگییەکی تەواوەوە، خۆت ڕابگرە، لە هیچ شتێکیش بیر زۆر مەکەرەوە، تەنانەت لە بەرەبەیانیش هەر بیر زۆر مەکەرەوە. لە منەوە دڵنیا بە کە دووبارە خەوت لێ دەکەوێتەوە.

من خۆم وا ڕاهێناوە بەهونەری خەو لێکەوتنەوەوە، ئەگەر لە کاتی حەوت و چارەکێکدا خەبەرم ببێتەوە و بمەوێ تا کاتی حەوت و نیو خەبەرم نەبێتەوە، دەتوانم دووبارە لەو چارەکە کاتەدا بنوومەوە. تۆیش لە توانادا هەیە، ئەمەی من بکەیت بەمەرجێ (پێشبینییەکی دروست)ت لە بابەت خەوەوە بۆ پێک بێ و هێزی ویستنیشت باش بەکار بهێنی.

لەپاش ئەم هەموو بابەتانەیش کە بۆم نووسیویتەوە، هێشتا گوێم لێتە دەڵێی: (ئەی دەربارەی ئەو بیرە وەڕس کارانە چی بکەم کە لە کاتی هاتنە ناو جێگادا، دێنە کەللەمەوە؟). لە ڕاستیدا تۆ ناتوانیت هیچیان لێ بکەیت. هەر ڕەنجێکیش بدەیت لە پێناو دەرپەڕاندنیاندا لە مێشکت، بەبا دەچێ. کەواتە لێیان بگەڕێ، بام تاوێک لەناو هۆشتدا خول بخۆنەوە. بەڵام هەر لەو کاتەیشدا، بیری خۆت بخەرە سەر ئەو ئامانجەی کە بەکورتی پێم گوتی.

بهێڵە لەشت تا دەتوانێ خاو ببێتەوە. پاشان وردە وردە هۆشت بەبیرەوەری خۆشتر و گەشتر چاو بەست بکە. منیش، بڕوام وایە کە ئەگەر تۆ لەشت بەتەواوەتی خاو کردەوە، هەرچەندێ مێشکت پڕ ببێ لەبیری ناخۆش و ماندووکەر، دەستبەجێ خەوت لێ دەکەوێ. ئەوە ڕاستە کە خەمێکی زۆر بەهێز و گەورە دەتوانێ لە چاوی پیاوێکی هەرە پاڵەوان خەو بزڕێنی. بەڵام ئەو جۆرە خەوزڕانە زۆر کەم ڕوو دەدەن. چونکە ئەو جۆرە هۆیە گەورانەیش زۆر کەم پەیدا دەبن.

چەند وشەیەکی تریش ماوە، پێویستە ئەم نووسراوەی پێ تەواو بکەین. ئەوی من ئارەزووی دەکەم، بیکەیت. ئەوەیە کە خۆت ئەو ئامۆژگارییانەی لەم بەشەدا پێم گوتی، تاقییان بکەیتەوە. بەڵام، تاقیکردنەوەکانت دادپەروەرانە بێ. تەنیا لە چەند شەوێکی کەمدا مەیانکە. ئەگەر هاتوو سەرکەوتنێکی باشت دەست نەکەوت، بەشی دووەمی ئەم نووسراوە جارێکی تریش بخوێنەرەوە. دوور نییە لە هەندێ جێیدا، بەهەڵە تێگەیشتبێ.

ئەگەر بەوەیشەوە، هەر بەئامانجی خۆت نەگەیشتیت، ئەوا دەست بکە بەتاقیکردنەوەی یەک دووانێک لەو پێشنیازانەی کە لە بەشی سێهەمی ئەم نووسراوەدا پێشکەشم



کردوویت... دیارە من زۆرتر دڵ خۆش دەبم بەوەی کە بزانم ناچاری تاقیکردنەوەی دووەم نەبوویت. چونکە ئەوە باوەڕم پێ دەکات بەوەی کە (پێشبینییەکی دروست)ت لە بابەت خەوەوە بۆ پێکهاتووە. چونکە، ئەگەر بەراووردکردن بێتە پێشەوە، ئەمە لە هەموو بابەتەکانی تر بەکەڵکترە.

تا دەتوانیت لەسەرخۆ بە، دڵ پڕ لە هیوایە، بەگەشی و ڕووخۆشییەوە سەیری کاروباری جیهان بکە. ئەوەندە بەپەرۆش مەبە بۆ زانینی ئەنجام. چونکە نوستن، هەر قینی لە ڕاوەدوونان نییە، حەز لە چاو تێبڕینیش ناکات. هیچ شتێک لە نوستن زووتر نابێتە دۆستی ئەوانەی ڕوویان خۆش و دەمیان بەپێکەنینە. هەروەها هیچ شتێکیش لە نوستن زووتر نابێتە دوژمنی ئەوانەی کە بەدەموچاوێکی مۆن و گرژەوە دێنە ناو جێگاوە. هەرچەند دێیتە ناو جێگاکەتەوە، پێبکەنە. ئەگەر سەرنج بدەیت تەماشا دەکەیت ئەو پێکەنینەت هەر لەوێدا ماوەتەوە. کە بەیانی لە خەو هەڵدەستیت، هاتۆتەوە سەر دەمت، ئەنجا بەچالاکییەکەوە لە جێگاکەت دێیتە دەرەوە، بۆ ئەمەی خۆشی ڕۆژی تازە بەدڵ بقۆزیتەوە....

بڕایەوە

١٩٦٤/١٠/٤

# ڕێگای سەرکەوتن

نووسەری: والّتەر ب. پەتکین

* زۆرجاری وا هەیە مرۆڤ، سەرکەوتنی سامانیی، لە پیریدا نەبێ دەست ناکەوێ.
* ئێمە بەدرێژایی بیستساڵ ڕەنج دەدەین بۆ ئەوەی دوارۆژێک بۆ خۆمان و خێزانمان پێک بهێنین...
* ئایا ناکرێ ئەم ماوەیە کەم بکرێتەوە؟

## پێشەکی

جیهان ئیمڕۆ لەسەر یاسایەک بەڕێوە دەچێ کە ژیان دەکات بەسێ بەشەوە: لەپێشدا گەورە دەبین تا دەبین بەهەرزەکار. پاشان لەپێناو پەیداکردنی نان و دامەزراندندا تێدەکۆشین. ئنجا لەپاش ئەوە دەست دەکەین بەژیان و کەڵک لەو ڕەنج و پاشەکەوت کردن و خۆ ڕێکخستنەی پێشوومان وەردەگرین.

کەواتە ئێمە – بەپێی ڕەوشتی ئیمڕۆی جیهان – نزیکەی بیست ساڵێک لە گەشەکردن و گەورەبووندا بەخت دەکەین. بەلای کەمەوە نزیکەی بیست ساڵی تریش بەوەوە بەخت دەکەین کە فرمان بکەین و پاشەکەوت بکەین و خۆمان دابمەزرێنین لەناو کۆمەڵایەتیماندا، بۆ ئەوەی خۆمان ساز بکەین بۆ ژیان. بەڵام ژمارەی ئەو ساڵانەی کە لەدوای تەمەنی چل ساڵییەوە دەژین، هەروەها شێوەی ژیانمان لەو ساڵانەدا، تا ئەندازەیەکی گەورە بەندە بەتەندروستیمانەوە، بەپاشماوەی هێز و تواناییمانەوە. هەروەها بەندە بەخۆڕاگرتنمانەوە.

ئەم نووسراوەیش چاری بەشی دووەمی تەمەنمان دەکات. واتا ئەو بەشەی کە ڕەنجی تێدا دەدەین و دەست و بازوومانی تێدا دەکوتین لەپێناو دروستکردنی جێگای کۆمەڵایەتیماندا.

تۆیش ئەگەر بێتو ئەوەی لە هەندێ بەشیدا نووسراوەتەوە، باش تێگەیت و باش پێڕەویی بکەیت لە ژیانتدا، بێگومان زووتر لە کەسێکی تر سەردەکەویت. ئەوساکەیش پێش ئەوەی لە تافی کوڕێنیت تێپەڕ بکەیت، دەکەویتە ژیانێکی ئاسوودە و خۆشەوە. چونکە ئەوەی لەم بەشانەدا نووسراوەتەوە، تین دەدەن بەگیانت و ژیانیشت پڕ پیت دەکەن، بەجۆرێکی وا کە بەزووترین کات گەشە بکات و بەر بدات.



# سێ دەردەکە

## ١

ئەگەر تەمەنت لەژوور چل و پێنج ساڵییەوە نەبێت، تۆیش یەکێکی لەو دوو ملیۆن کەسەی کە تووشی یەکێک لەم سێ دەردە بوون یەکەم: دەردی فرمانی ئاسان. دووەم: دەردی فرمانی ناساز. سێیەم: دەردی بێ فرمانی نابەجێ. تۆیش ئەگەر لەوانە بیت کە لە زۆر کەسانی دەوروپشتت زیرەکتر بیت و، بەشێکی زۆرت لە چالاکی هەبێت، ئەوا بێگومان حەز دەکەیت، تا پێت دەکرێت، لە هێز و توانایی خۆت کەڵک وەربگریت. جا لەبەرئەمەی هێشتا لە هەرەتی جوانی دایت، بۆ سەرکەوتنی ڕاستەقینەت لە ژیانتدا، ماوە فراوانە. بێگومان تۆ حەز لە داماوی و پەک کەوتەیی ناکەیت. هەروەها نایشت دەوێ لە ڕێی ڕاستەوە نەبێ هێز و تواناییت بەکار بهێنی، یاخود ببیت بەبار بەسەر هاوڕێکانتەوە. هەڵبەت تۆیش فرمانێکت بەدەستەوە هەیە بیکەیت. یاخود کارێک هەیە پێوەی خەریک ببیت. زۆرتر بەلای ئەوەیشدا دەچێ کە فرمانەکەت یاخود کارەکەت، لە نیوەی هێز و تواناییت بەولاوە کار ناکات. هەروەها پڕ بەپڕی توانایی هۆشیشت نییە. بێگومان لەکاتی بێداریت، لە نیوەی بەولاوە نابڕێنیتەوە. فرمانەکەت لە ئەندازە بەدەر ئاسانە. کارەکەت لە وزە بەدەر سووکە. دوور نییە فرمانەکەی یەکەمت واز لێ بهێنیت. هۆگری فرمانێکی تری وایش ببیت کە بەلاتەوە باشتر و بەکەڵکتر بێت. کەچی لەپاش ماوەیەک بۆت دەربکەوێ کە ئەم فرمانەیش لە هی پێشوو بێ فەڕترە. چونکە پێویستی شارەزایی و توانایی وا هەیە کە نیتە. یان پێویستی بەتێکەڵبوونی کۆمەڵ و کەلوپەلی وا هەیە کە تەنگەتاوت دەکات و ئازاری دڵت دەدات یاخود لەخۆیەوە وات لێ دەکات کە لە هاوڕێکانت دوور بکەویتەوە. دیارە تۆ بۆ ئەو فرمانە دروست نەکراویت. فرمانێکی ناسازە بۆ تۆ. بەکارت نایەت.

دوور نییە کاتەکانی بێ فرمانیت لە کاتەکانی ناو کار و فرمانت، بۆ تۆ ناخۆشتر بن. ئەو شارەی تێیدا دەژیت، شارێکی نموونەییە. تەنیا سێ سینەمای تێدایە. ڕۆژی دووشەممە دەچیتە سینەمای یەکەمیان. ڕۆژی سێ شەممە دەچیتە سینەمای دووەمیان. ڕۆژی چوارشەممەیش دەچیتە سینەمای سێیەمیان.

ئەمەیش دەبێ بەهۆی ئەوەی کە ڕۆژی پێنج شەممە دابنێیت بۆ نوێژکردن لە کڵێسا و، ڕۆژی هەینییش دابنێیت بۆ چاوپێکەوتنی خاوەن کارەکان... دەمێنێتەوە دوا ڕۆژی حەفتە. ئەی ئەو ڕۆژە چۆن ڕادەبوێریت؟

ڕەنگە ئەمەندە گەڕابیت بەناو شارەکە و لادێکانیدا هەر ڕێگایەی بەدەیان جار، دوور و نزیک پێیاندا ڕۆیشتبیت. ئیتر هیچی وایان تێدا نەماوەتەوە کە نەتدیبێ و بتەوێ ببینی. ئەی یاریی تۆپ تۆپێن؟... ئەمەندەت کردووە لێی وەڕس بوویت! بەڵام ئەو یارییانەی بەتۆپ دەکرێن، هەر مانگەی جارێک بیانکەیت، بەسته. کاتێکی بێ فرمانی ناشیبیانەیە. لە ڕاستیدا کاتێکی بێ فرمانی ناشیبیانەیە!...

***

هیچ کەموکوڕییەک لە خۆتدا دەبینی؟ سەیرکە! هاوڕێکانت ببینە، چۆنن لە فرمانکردندا! بەم خۆشییە سادانەی ژیانەوە چۆن کەوتوونەتە بەزموڕەزمەوە! هەر قسەی نەستەقێک دەکەن، دڵیان پێی دەگەشێتەوە. کەچی تۆ ئەو قسانەت پڕوپووچ دێتە پێش چاو... ئەوان کاتێکی زۆر بەیاریکردنی پۆکەر و پیناکلەوە ڕادەبوێرن، دوایی نایەت. هەر جارەی دوو کەلافەی سینەمایی سەیر دەکەن، وەڕس نابن. لەوەیش بەو لاوە، هەموو پاش نیوەڕۆی شەمووانێک لەسەر سووچی شەقامەکان دەوەستن تا تاریک دایەت. بەڵام لەو شەوانەدا کە باران دەبارێ و جار بەجارێک مانگ لەناو جەرگی هەورەوە سەر دەردەکات، نوستنێکی وا دەکەن، کە بەداستان نەگێڕڕێتەوە.

دەبێ هۆی چی بێ کە تۆ وەک ئەوان خۆشی لە ژیانت نابینی؟... ئاخۆ هیچ کەموکوڕییەکت تێدا هەیە؟... بەڵێ!. هەر دەبێ لە ڕوویەکەوە کەموکوڕیت تێدا هەبێ!... تۆیش یەکێکی لەو دوو ملیۆن کەسەی کە لە سەرەوە ناومان بردن. ئەوەیە دەردەکەت: دەردێکی وا کاریگەریشە، کە تا دەژیت لێی چاک نابیتەوە.

بەڵام ئەو دوو ملیۆن کەسانە کێن؟ ئەوانە بەکارترین لاوی کوڕ و کچی ئەمەریکان کە لە هەمووان باشتر مەشقیان دیوە و پەروەردە کراون. ئەوانەی کە پێش ئەمەی نیوەی تەمەنیان تەواو بکەن، خوێندنگایان بەجێ هێشتووە. ئەوانەن کە تەمەنیان تێکڕا لە ناوەند بیست ساڵی و چل و پێنج ساڵیدایە.

ئەم دوو ملیۆن کەسە، دەستیان گرتووە بەسەر کاروباری ئەمەریکادا. تەمەن زۆرەکانیان، جێی خۆیان گرتووە لە پیشە و دەستکرد و بازرگانی و فەرمانڕەواییدا. هیچ دە ساڵێکی تری پێ ناچێ، ئەم دوو ملیۆن کەسە، بڕیاری هەموو گیروگرفت و کەینەوبەینەیەک دەخەنە دەست خۆیان. دواڕۆژی نەتەوەیش لەسەر شانی ئەوان دەبێ. لە دوانزە ساڵ لەمەوپێشەوە دەستم کرد بەلێکۆڵینەوە لە بابەت ئەم چینەوە. چیم بۆ دەرکەوت؟



لەم دوو ملیۆن کەسە تەنیا (٧٥٠,٠٠٠) کەسیان فرمانی بەدڵی خۆیان هەیە. واتە فرمانی ئەوانی تر، هەموو هێزێکیان کار پێ ناکات، هەموو کارگوزارییەکیان ناخاتە گەڕ، هانەیشیان نادات بۆ فرمان کردن. هەندێ لەم فرمانانە یەجگار ئاسانن هەندێکیشیان بۆ فرمانکەرەکان دەست نادەن. لەبەر ئەوە دەشێ پێیان بگوترێ بێ کارێکی وەک ئەمەرسۆنن.[1] ئەی ئەمەرسۆن نەبوو کە دەیگوت: (بێ کار ئەو کەسەیە کە فرمانی باشتری پێ دەکرێ لەو فرمانەی کە دەیکات).

***

هۆش هێز و هەرەتێکی کەم بەخت دەکات. توورەکەیەکی بچووک کە پڕ بێ لە (فستقی نۆکەران)[2] لە تواناییدا هەیە کە هۆشێکی مام ناوەندی بەکەینەوبەینەی ژمێرەوە خەریک بکات تا حەفتەیەک. ئەگینا ئەگەر وا نەبێ، چۆن هۆی وامان بۆ دەدۆزێتەوە، کە ئەرک و ئازار، لە کۆڵ خاوەن کارانی هۆش بخاتەوە؟ باشە. جیهان پێویستی بەگورجی و وردی هەیە. دیارە، کە ماکینەیش دەتوانێ ئەم دوو پێویستییەمان لە هۆش باشتر دەست بخات. بۆیەکا ئیمڕۆ ماکینەی وامان هەیە ژمارە کۆدەکاتەوە. هی وایشمان هەیە ژمارە لە یەک دەدات. هی وایشمان هەیە ژمارە شی دەکاتەوە دەیکات بەلا (ضلع). داهێنراوانی وایش هەن کە گرانترین کەینەوبەینەی ژمێر، پەنجا ئەوەندەی شارەزاترین ژمارە ناسان، زووتر هەڵدەهێنن. بۆرەپیاویش ئەگەر بەرەڵڵا بکرێ، تا فرمانی ڕۆژانەی خۆی تەواو دەکات کاتێکی زۆر بەفیڕۆ دەدات. ئەو کرێکارەی کە خشت ڕیز دەکات، نیوەی کاتەکەی بەبزووتنەوەی بێ کەڵکەوە بەخت دەکات. مامۆستاکانیش لە زانستگاکانیاندا هەروەهان. هەروەها فرمان بەرەکانی ناو شوێنە بازرگانییەکانیش و ئەوانەیش کە لە دانگی ئەواندان هەروەهان. ئایا دەبێتە شتێکی سەیر ئەگەر چەند پسپۆڕێک لەناوماندا ڕاست ببنەوە و سەرکردەیی بژار و لە بێژنگ دانی زۆربەی کار و فرمانی مرۆڤایەتی بکەن، بۆ ئەمەی هەر تەنیا پاک و پوختەکانیان بمێننەوە؟

تەنانەت پزیشکی خێزانیش وای لێهاتووە کە لە بەیانییەکدا بەچەندان ئەوەندی فرمانی پێشووی ببینێ. دوور نییە کە بیستبێتت: شارەزایانی کاروباری خوێندەواری بێ

(١) ئەمەرسۆن ڕاستیپەرستێکی ئەمەریکایی بووە لە ساڵی ١٨٨٢دا مردووە. (ش. ف)

(٢) مامۆستا مەبەستی لەم (فستقی نۆکەران)ە (فستق العبید)ە کە لای خۆمان لەم (سەردەمەدا) بە(عەلی بابا) ناودەبرێ.

پێچوپەنا ئاشکرای دەکەن دەڵێن: ئەو هەشت ساڵەی کە بۆ پەروەردەکردنی بنچینەیی دەسەپێنرێ بەسەر شاگردەکانی خوێندنگاکاندا، لە توانایيدا هەیە کە کورت بکرێنەوە و بکرێن بەچوار یان بەپێنج ساڵ، بەئەنجامێکی باشتریشەوە، بەمەرجێ ئەو پێڕەوییە خوێندەوارییە نوێیانە بەکار بهێنرێن کە چاکە و فەڕیان بەتاقیکردنەوەی جۆر جۆر و یەک لەدوای یەکدا دەرکەوتووە.

***

لە کرێکاری دەستییی هەندێ ئەرک بگێڕەرەوە، لە خۆیەوە هێز و چالاکی فرەتر دەبێ و ڕووناکییەکی بەختیارییش دەکەوێتە دڵیەوە. بەڵام لەگەڵ ئەو پیاوانەدا کە فرمانەکانیان وا هەڵدەگرن بیری زۆریان لێ بکرێتەوە، یاخود لەگەڵ ئەو خاوەن زیرەکی و بلیمەتانەدا کە دڵیان بەوە خۆش دەبێ شتی تازە دابهێنن و فرمانی نوێ بەجێ بهێنن، لەگەڵ ئەو کەسانەدا ئەمە نابێ بکرێ. ئەو ئەرکەی کە لە کرێکارە دەستییەکە دەگێڕڕێتەوە زۆر و زەبەندەیە لە چاو هێزی مرۆڤدا. بەڵام ئەو ئەرکەی کە لە کابرای زیرەک و بلیمەتەکە دەگێڕڕێتەوە، زۆر کەم، لە چاو نایەت. بەڵام هەر ئەوە نییە کە هەردووکیان لە یەکتر جوێ دەکاتەوە. هۆش هەرگیز ماندوو نابێ. تا بەکار بهێنرێ گەشە زۆرتر دەکات. بەهۆی کارکردنێکی هەموو دەمییەوە دەگاتە ئەوپەڕی پێگەیشتن و تەواوی. جا لێرەدایە کە دەردی فرمانی یەکجار ئاسان خۆی دەشارێتەوە. ئەم دەردەیە کە تەنیا چینی دوو ملیۆن کەسەکەی ناومان بردن، لەناو هەموو گەلەکەدا ئازار دەدات. ئەو پیاو و ژنانەی کە خاوەن کارگوزاری بڵندن ئازاریان زۆرتر دەدات لەوانی تر. ئەوانەی کە خاوەن ئاوات و خواستی گەورە گەورەن، لە ئەندازە زۆرتر نیاز و ئارەزوویان دەشکێنێ.

***

دەتوانم بەدەیان نووسراوانی گەورە گەورە پڕ بکەمەوە بەنووسینی چیرۆکی مەرگەساتی ئەو ژن و پیاوانەی کە تووشی دەردی فرمانی هەڵە و ناساز بوون. هیچ لەوەیشدا گومانم نییە کە هەموو خوێندەوارێکی ئەم نووسراوە، بەلای کەمەوە بیست ژن و پیاوێکی چەشنی ئەوانە دەناسێ. بەڵام من سەدانیان لێ دەناسم. ئەندازیاری شارەزای وا دەناسم، کە هێشتا لە سەرەتای ژیانیاندان. کەچی بەفرمانی زۆرانبازییەوە بەڕێوە دەچن. پشتیوانێکی[1] زیرەک دەناسم، هەموو دەرامەتێکی بیست دۆلارە لە حەفتەیەکدا، بەڵام

(١) پشتیوان: (محامی): پارێزەر. (ش. ف)



بەفرمانی ڕاوە ماسییەوە دەژی. تەنانەت مامۆستایەکی فیزیا دەناسم بۆ کابرایەکی بازرگان ژمێریاری دەکات، بەو فرمانەوە دەژی... بێجگە لەوانە ئافرەتێکی شارەزا دەناسم، لە توانایيدا هەیە ببێتە کارگێڕی خوێندنگایەکی کچان، کەچی ژیانی لەسەر ئەوەیە ڕۆژی هەشت کات بەخت بکات لە کاروبار هەڵسووڕاندنی چێشتخانەیەکی پیسدا. هەروەها هەر هیچ نەبێ دوانزە پیاوی ڕۆژنامەگەری بەناوبانگ دەناسم تەمەنی خۆیان دەبڕێننەوە و دڵی خۆیان ماندوو دەکەن بەو کار و فرمانی بچووکانەوە کە لە دانگی ئەوانەدان کە لەوە پێش ناومان بردن.

***

کەینەوبەینەی نەخۆشی (شێرپەنجە)، ڕۆژ بەڕۆژ گەورەتری لێ دێ و زۆرتر بڵاو دەبێتەوە بەناو مرۆڤدا. لەسەر ئەو هەموو ڕەنج و کۆششە گەورە گەورانەدا کە پسپۆڕەکان داویانە لەپێناو تێگەیشتنی و چۆنێتی بەرەنگاری کردنیدا، هێشتا پزیشکایەتی لەم بابەتەوە شتێکی ئەوتۆ پێش نەکەوتووە. لەپاش ئەمەی توانیمان زاڵ ببین بەسەر نەخۆشی یا پەڕی (نیمۆینا)دا، نەخۆشی شێرپەنجە لێمان ڕاست بووەوە، بەجۆرێکی وا کە دەردەکانی تر لە چاو ئەمدا هەر نانوێنن. شێرپەنجە لە هەموویان سامناکترە، لە هەموویان بەمردن خزمترە. بەڵام بێ کاری ناشییانەیش بریتییە لە نەخۆشییەکی شێرپەنجەی هۆش... جارێ تۆ خەمی ئەوانەت نەبێ کە هەژار و هەناسە ساردن. بیر لەوانەیش مەکەرەوە کە کاروباری زۆر سەری گێژ کردوون. بەڵام بیر لەو چینە مرۆڤە بکەرەوە کە لەوانە زۆرتر لە خۆشی دان. ئەوانە ژمارەیان دەگاتە پانزە بیست ملیۆن. هەر یەکێ لەم چینە بێجگە لە کاتی فرمان و نوستن و هاتوچۆ و هی تر، دوو هەزار کاتی بێ فرمانی بۆ دەمێنێتەوە!... ئایا بۆرەپیاوێک ئەم هەموو کاتەی خۆی چۆن بەخت دەکات؟ دیارە دەچێتە سەردان بۆ لای دۆستەکانی. هەروەها لە ماڵی خۆیشیدا میوانداریيان دەکات. دیارە کە سەرگوروشتە و ڕۆژنامانی بەیانییان و ئێوارانیش دەخوێنێتەوە و دەیشچێ بۆ وەرزشگاکان بۆ سەیرکردنی گرەوی تۆپی پێ و تۆپی سەبەتە. دیارە کە گوێیش دەگرێ لە هەندێ پێڕەویی ڕادیۆ. پاشان دەست دەکات بەئۆتۆمۆبێل لێ خوڕین بەناو شەقامەکانی نزیک شاردا، بەمەبەسی وەرزش و خۆنوواندن. لە ڕاستیدا ئەم شەش کردەوەیە، نزیکەی هەموو کاتەکانی، بەدرێژایی ساڵ پڕ دەکاتەوە.

بەڵام لەم هەموو کاتانە، شتێکی یەجگار کەم نەبێ، بەکەڵکی ناهێنێت لەپێناو لێکۆڵینەوەی بابەتی گرنگدا بەهۆی خوێندنەوەی نووسراوانەوە، یاخود بەهۆی مەشق کردن

له یەکێ لەو پیشانەدا کە پێویستییان بەهونەرمەندی هەیە. (ئەدوارد ثۆرندایک) له لێکۆڵینەوەیەکی تازەیدا گەیشتە سەر ئەو باوەڕە، کە زۆربەی مرۆڤ لە هەر سەد کاتێکی بێ فرمانی، لە چوار کات بەولاوە بەخت ناکەن لە فرمانی هۆشدا. ئایا تێدەگەیت لەمە چی پێشان دەدات؟ ئەوە پیشان دەدات کە هەموو هاونیشتمانێک لەو هاونیشتمانانە، کاتی فرمان بینینیانی لێ دەربکەی، لە هەر چوار ڕۆژ و نیوێکدا، لە کاتێک بەولاوە هۆشیان بەکار ناهێنن. تۆیش لە هەموو کەس شارەزاتری کە تا چ ئەندازەیەک خاوەن فرمانەکان، بەجۆرێکی تێکڕایی بیری ورد بەکاردەهێنن لە کار و فرمان و پێشەکانیاندا. چونکە زۆربەی ئەم کاروبارانە، خوویان پێوە گرتووە، تەنیا خوو دەیانبات بەرێوە.

بەڵێ! لە هەر حەفتا و دوو کاتێک، تەنیا یەک کات، لە کاتەکانی بێداری تەرخان دەکرێ بۆ وەرزشێکی ڕاستەقینەی هۆش!. ئیتر سەرسوڕمانی پێ دەوێ، کە لەبەر چی هۆشی هاوڕێکانمان لە کەڵک دەکەوێ و پێشنیازیشیان چۆڕبڕ دەبێ؟ تەنیا دە ساڵێک، پیاو، لەم هۆش بەکارنەهێنانەدا بژی، بێگومان، وای لێ دێ، کە دوور بکەوێتەوە لە بیرکردنەوەیەکی قووڵی دروستی زرنگانە.

ئەمانە کاریان سەرناگرێ

– تەمەڵەکان.
– ئەوانەی پاڵیان داوە بەکەسانی ترەوە.
– ترسنۆکەکان.
– دوودڵەکان.
– ناشییەکان.
– کەم زانینەکان.
– کەمتەرخەمەکان.
– جیهان نەدیوەکان.
– پنتییەکان کە گوێ نادەنە خۆ ڕێکخستن.
– ئەوانەی کە لە گیروگرفت دەسڵەمێنەوە.
– ئەوانەی نامەردن.
– ئەوانەی بڕوایان وایە کە گەشەکردن بەهۆش، خەم خواردنی پێویست نییە.



## سەردەمێکی نوێ، نرخێکی نوێ

٢

ئەگەر دەتەوێ لە فرمانی ناپەسند خۆت ڕزگار بکەیت، پێویستە لەپێش هەموو شتێکدا بزانیت بۆ چ ئەو فرمانە لەگەڵتدا ناگونجێ. دوور نییە فرمانەکەت، لەپێشدا هەموو هونەرمەندی و شارەزاییەکی کار کرد بێ بەڵام لەپاشدا وای لێهاتووە، لەبەر سووکی و ئاسانی، هەر کوڕێک بگریت، دەتوانێ جێبەجێی بکات. تۆیش، خۆ هەر بەکوڕی نەماویتەوە. دیارە گەورە بوویت، بەڵام دیارە فرمانەکەت، لە بەرچاوتدا، بچووک بۆتەوە و پووچ بۆتەوە. وا مەزانە کە هەر تۆ وایت، ئەوەی لە تۆ قەوماوە لە هەزاران ژن و پیاو قەوماوە، بەهۆی پەیدابوونی مەکینە تازەکانەوە کە لە هەر کوێیەکدا بوو بن فرمانیان ئاسان کردووە.

ئێستا زۆر کەس لە پارەژمێرەکان، هیچ ناکەن ئەوە نەبێ کە دەست بەدوگمەیەک لە دوگمەکانی ئەو مەکینانەدا بنێن کە لەبەر دەستیاندان. هەروەها داخەکەم، هەندێ ئەندازیارانی کارەبایشمان لێ پەیدابوون – ئەگەر داوایان لێ بکرێ، دەتوانن بنکەیەک دابمەزرێنن بۆ بەرهەمهێنانی هێزی کارەبایی – کە هیچ فرمانێکیان نییە بیکەن، ئەوە نەبێ بچنە ئەو بنکەی کارەبا دروستکەرە، بۆ ئەمەی چاوێک بخشێنن بەهەندێ ئەندازەدا، پاش ئەوە بگەڕێنەوە ناو دەسگاکانیان، تا بەخوێندنەوەی یەکێک لە ڕۆژنامەکانەوە کاتی خۆیان بەسەر ببەن.(١)

ڕەنگە فرمانەکەی تۆیش وای بەسەر هاتبێ، بەڵام بەرەو گیروگرفت چوو بێ، نەک بەرەو سووکی و ئاسانی. ڕەنگ بێ پێویستی بەهونەرمەندی تازە هەبێ، کە باش دەزانیت، لە تواناییتدا نییە بینوێنی. ئەندازیاری شەمەندەفەری کۆن، بوو بووە گەورەی هەڵم. بەڵام ئیمڕۆ کە شەمەندەفەری کارەبا داهاتووە، ئەو گەورەیییەی لە دەست چووە. دوور نییە لە تواناییدا نەبێ، کە بەچەشنی هەڵم، شارەزایی لە زانستی کارەبادا پەیدا بکات.

بۆی هەیە فرمانەکەت بۆیەکا بۆت دەست نەدات، چونکە وا زل بووە کە بارت گران دەکات. لە تەنگوچەڵەمەی (١٩٣٠)ییەوە، گەلێک خاوەن – فرمان ناچاربوون فرمانی فەرمانبەرەکانیان دوو چەندان بکەن. ئەو پیاوەی کە فرمانەکەی هەر بریتی بوو لە

(١) یان ڕاستتر: خۆیان خەریک بکەن.

پارەژمێری، لەدوای ئەو تەنگوچەڵەمەیەوە بۆی کرا بە(پارەژمێری)[1] و (ڕازنووسی).[2]

ئەوەیش بەهۆی دەردی پاشەکەوتکردنەوە پەیدا بوو.

جاری وا هەیە فرمانەکە، خۆی لە خۆیەوە گران دێتە پێش چاو؛ وەک لە هەزاران مامۆستایان ڕوو دەدات. ئەی ئەوە چی لێ دەکەیت ئەگەر ژوورەکان پڕ ببن لە شاگرد! هیچ لەوەدا گومان نییە، کە زاڵبوون بەسەر سی شاگرددا لە ژوورێکدا کارێکی ئاسانە. بەڵام زاڵبوون بەسەر شەست شاگرددا بارێکی گرانە. بەڵکو سەرگەردانییەکە تاکی نەبێ! ڕەنگە هۆیەکەی ئەوە بێ، کە فرمانەکەت ناچارت بکات بەچاوپێکەوتنی کەسانی وەها کە حەز لە چارەیان ناکەیت، یاخود ناچارت بکات بەکردنی کاروباری وەها کە لێیان بێزار بیت. یاخود هۆیەکەی ئەوە بێ کە فرمانەکەت تووشی لێپرسینەوەیەکی لە وزەبەدەرت بکات. من فەرمانبەرێکی بچووک دەناسم لە هاوبەشییەکی[3] کیمیاییدا کاری دەکرد. لەپاش ئەوەی بەرز کرایەوە بۆ سەرۆکایەتی یەکێک لە لقەکانی هاوبەشییەکە سێ مانگ لەسەر یەک نەخۆش کەوت. کە چوومە بنج و بناوانی هۆی نەخۆشییەکەیەوە، بۆم دەرکەوت کە ئەم پیاوە لە تواناییدا هەبوو هەموو شتێک بکات، ئەوە نەبێ کە بڕیار لەسەر ئەو کەینەوبەینانە بدات کە نرخیان لە چەند سەد دۆلارێک تێپەڕ بکات. جا لەبەر ئەوەی هەستی کرد بەوەی کە ناچارە یان بڵێ: (ئا)، یان بڵێ: (نا)، کە هەر وشەیەک لەو دوو وشانە لەباریدا هەبوو یان هەزار دۆلار دەست بخات، یان هەزار دۆلار لە دەست بدات، وازی هێنا و تووشی نەخۆشی هات. کەچی کە گێڕایانەوە شوێنەکەی پێشووی، لەگەڵ ئەوەیشدا کە مووچەکەی کەم بوو، هێزی هاتەوە بەر و، ڕەنگ و ڕووی گەشایەوە و، لە چاوەکانیدا چریسکەی کامەرانی دەرکەوت. بەهەزاران پیاوی وا هەن کە لەو پیاوە دەکەن. هیچ شتێک نییە وەک (لێپرسینەوە) بیانترسێنێ. بۆ تاکە کاتێک لەگەڵ خۆتدا بە، ئەو دەردەی تووشت بووە بیدۆزەرەوە. هەر ئەوەندەی دەردەکەت بۆ دۆزرایەوە، ئیتر دەتوانیت زۆر بەئاسانی، بیدەیتە بەر تەکان و دەری بکەیتە دەرەوە.

بۆ ئەمەی فرمانێکی نوێ بگریتە بەر، پێویستە لەپێش هەموو شتێکدا لەسەرخۆ، بەسنگێکی فراوان و مێشکێکی ڕۆشنەوە لێی بکۆڵیتەوە. واز لە دوێنێ بهێنە، لەبیر

(١) پارەژمێری: محاسب.

(٢) ڕازنووسی: سکرتاریة.

(٣) هاوبەشی: شرکة. (ش. ف)



خۆتی ببەرەوە. دوێنێ بەکاری ئەوە نایەت کە هەلێکت دەست بخات. تەنیا پەندێک، کە ڕۆژی دوێنێ پێی دەکرێ پێت بدات، ئەوەتا کە پێویستە مرۆڤ دوێنێی خۆی لەبیر خۆی بباتەوە و بیر بکاتەوە لە سبەینێی.

هەر کار و پیشەیەک بەبیرتدا دێت، بیخەرە سەر کاغەز. لەوە دڵت نەڕەنجێ کە زۆربەی ئەو کار و پیشانە، ئەمساڵ وەک پار، ماوەت نادەنێ کە کەڵکیان لێ وەربگریت. چونکە ئەوانەی بەدوای کار و پیشەدا دەگەڕێن یەجگار زۆر بوون. لەبەر ئەوە کار و پیشەیش بەتاسوق دەست دەکەون!...

ئیمڕۆ تۆ لە هەموو ڕۆژێک زۆرتر پێویستیت بەهۆشێکی ڕۆشنی فراوانی کراوە هەیە پێویستە واز لەو بیرە کەلەپوورییانە بهێنی، کە لە بابەت چاکی و پاکی و پەسندی ناو کۆمەڵایەتییەوە دەدوێ... کە سەرنج دەدەیت لە کۆڕێک لە کۆڕەکانی کار و فرمان بڕیارێکی دروست بدە، لایەن مەگرە. سەیری وا بکە، کە یەکێکە لەو کارانەی کە بەدەیان دەژمێررێن و دوور نییە لەگەڵ کارگوزاریتدا ڕێک بکەون.

هەرچی ئەم و ئەو پێی گوتووی لە بابەت ئەو کارەوە، لەبیر خۆتی ببەرەوە. وا بزانە کارێکی تازەیە و هێشتا تاقیت نەکردۆتەوە.

دوور نییە ئەوی دوێنێ بەشتێکی ناوازەت زانیوە، سبەینێ ببێتە شتێکی هیچوپووچ. چونکە دەمێکی تازە دەستی پێ کردووە، لەگەڵ هەموو دەمێکی تازەیشدا نرخی هەموو شتێک دەگۆڕرێ.

ڕەنگە نەمرم تا دەبینم پزیشکەکانی ددان لە مامۆستاکانی زمانی فەرەنسی پایە بڵندتر ببن. لە ڕاستیدا ئەو پزیشکانە شایستەی ئەوەن کە هەزار پلەی کۆمەڵایەتی پێش مامۆستاکانی زمانی فەرەنسی بکەون. هەروەها لای من ئافرەتە باشەکانی ناو خەستەخانە کە دەردی نەخۆشەکان چارە دەکەن شایستەی ئەوەن کە سەد پلە پێش پێشاندەر (دەڵاڵ)ەکانی کاروباری بازرگانی بکەون. بەڵام ئەو کاتەی ئەم گۆڕینەی تێدا پەیدا دەبێ کەس نییە بیزانێ.

ئێستە کاتی ئەوەیە واز لە خەوبازی کار و فرمان و پیشە بهێنی. جیهان پڕیەتی لەو فرمانانەی کە لەگەڵ زیرەکی و چالاکی تۆدا بسازێن. پشتیوانی (محاماة) هەموو شتێک نییە. هەروەها نە پزیشکایەتی، نە فڕۆکەوانی، نە ڕادیۆگەری هەموو شتێکن. تەنانەت هیچ شتێک لە جیهاندا نییە کە پێی بگوترێ هەموو شتێکە.

ئەگەر بۆت ڕێک کەوت ژیانت بەفرمانێکی بەدڵی خۆتەوە دەست پێ بکەیت، ئەوە باشە. بەڵام ئەگەرهاتوو فرمانەکەت لەگەڵ ئاواتەکانتدا ڕێک نەکەوت، ئامۆژگاریت دەکەم، نەکەیت ماوە بدەیت بەئاواتەکانت پەکی فرمانت بخەن. بگەڕێ بەدوای فرمانی بەدڵی خۆتدا. بگەڕێ. بگەڕێ. بەڵام خەوی پێوە مەبینە. پەنایش مەبەرە بەر مەتەڵ هەڵهێنان و نیازگرتنەوە. هەروەها گوێیش مەدەرە واتەی ئەم و ئەو. چونکە لەدوای هەموو هەڵێکەوە کە بۆت هەڵدەکەوێ، بەسەدان ڕێگای فراوان هەیە پەرژینێکی گیا لێتی دەشارێتەوە.

کچێک بوو تا بڵێی لەش سووک و چالاک بوو. کە بەراوردێکی کرد لە ناوەند کارگوزاری خۆی و فرمانە بچووکەکەیدا کە لە نووسینگەیەک[1] لە نووسینگەکانی هاوبەشییەک دەیبینی، دواڕۆژی خۆی زۆر بەتاریکی دەهاتە پێش چاو. گەڕا بەدوای فرمانێکی تردا چاکتر بێ لە هینەکەی خۆی، بۆ ئەمەی سەرلەنوێ ژیانی خۆی دەست پێ بکاتەوە. بەڵام پەلە پەلی پێ کەوت... بەمەندی لێی نەکۆڵییەوە. هەر دەیویست بەزوویی لە فرمانە بێ فەڕەکەی خۆی ڕزگاری ببێ. لە ئەنجامدا ئەو پەندەی پێ بڕا کە لەوە پێش پێی گوترا بوو: (پەلە پەل کردن کردەوەی شەیتانە). کارگێڕی پەیمانگایەکی[2] (لەش سوونەوە)، بەزمانە لووسەکەی خۆی خستبوویە سەر ئەو بیرەی کە ئەگەر فێری لەش سوونەوەی بکات لە پەیمانگاکەی خۆیدا، پاشەجار وای لێ دێت کە بەهۆی (لەش سوونەوە)وە مووچەیەکی نایابی دەست دەکەوێ، کە هەر حەفتەی بگاتە پەنجا، سەد دۆلارێک. کچەکە باوەڕی پێ کرد و چووە پەیمانگاکەیەوە. دەستی کرد بەخوێندنی پێڕەوییەکانی، شەو و ڕۆژ پێوەی خەریک بوو، بۆ ئەمەی بەئاواتی (ئاگانامە)[3] وەرگرتن بگات و دوایی بێتە ناو جیهانەوە و، بەسەرکەوتوویی تێیدا گوزەران بکات. بەڵام کەسێک داوای لەش سوونەوەی لێ نەکرد. هەروەها هیچ دامەزراوێکی[4] لەش سوونەوەیش پێویستی بەفەرمانبەرێکی نوێ نەبوو. هیچی بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێ کە ڕوو بکاتە شوێنەکانی لەش جوانکردن و ڕازاندنەوە، دەپاڕایەوە و دەلالایەوە بۆ فرمانێک، خۆی شەرمەزار دەکرد و ڕەنجی بۆ دەدا، بەڵام هەمووی بەفیڕۆ چوو. ڕۆژێک لە ڕۆژان

(١) نووسینگە: مکتب.

(٢) پەیمانگا: معهد.

(٣) ئاگانامە: شهادە.

(٤) دامەزراو: مؤسسە. (ش. ف)



کارگوزارێکی یەکێ لەو شوێنانە پێی گوت: (بچۆرە لای یەکێک لە پزیشکەکان چونکە تا پزیشک پێمان نەڵێت، لەش سوونەوە بەکار ناهێنین. وەک دەبینی ئەوەیش بۆ ئێمە چاکترە!). پاشان هەڵیکوتایە سەر یەکێک لە پزیشکە خاوەن ناوەکان. کەینەوبەینەی خۆی تێگەیاند. پزیشکەکە لێی ڕاست بووەوە پێی گوت: (بۆ فرمانێکی وا کە بۆ نەخۆشەکانمی بکەیت، پەنجا دۆلار داوا دەکەیت؟). پاش ئەوە لە پێکەنیندا کولاّ. پاشان دەستی کردەوە بەقسەکردن، پێی گوت: (ئەمەی بۆ چییە؟ دەتوانم بەیەکجاری نەخۆشیارێکی[1] یاسایی بهێنم کە بتوانێ یارمەتیم بدات و کاروباری نووسینگەکەم بۆ بەڕێوە ببات، ژمێری پارە بەخت کردنم بۆ ڕابگرێ. هەروەها هەندێ فرمانی لەش سوونەوەیش ببینێ بۆ ئەو نەخۆشانەم ئەگەر پێویستیان بوو. شاری نیویۆرک پڕیەتی لەو جۆرە نەخۆشیارانە، کە لە توانایییاندا هەیە ئەو هەموو فرمانانە ببینن. بەڵام بەچ نرخێ؟ بەبیست یاخود بەبیست و پێنج دۆلار لە حەفتەیەکدا! ئافرەتە کلۆڵەکە دایە پرمەی گریان و گوتی: (بەڵام من وازم لە فرمانێکی چل دۆلاری هێنا، لە پێناوی لەش سوونەوەدا!... ئێستەکە چیم پێ دەکرێ؟).

پزیشکەکە گوتی: (ئەگەر باش بیرت لە کەینەوبەینەکەت بکردایەوە، دەتزانی کە لای پزیشکەکان فرمانت دەست ناکەوێ. لە ڕاستیدا ئێمە پێویستیمان بەپارە کۆکەرەوەی وریا و چالاک هەیە، دەستیاوەکانمان بۆ کۆ بکاتەوە. چونکە ئاشناکانمان، ئەگەر پارەیشمان بدەنێ، زۆر بەسستی دەیدەن. من لەمڕۆوە تۆم پەسند کرد کە ببیتە یاریدەدەرم، بەڵام بەمەرجێ کە فرمانەکەت ئەوە بێ مزەکانم لە نەخۆشەکانم بۆ کۆبکەیتەوە. پارە کۆکەرەوەی ئاسایی بەکەڵکی ئێمە نایەت. زیانی زۆرترە لە فەڕی. ئێمە پێویستیمان بەو خاوەن ئاگانامانە هەیە کە بەسەر دەستیاو پێدراوەکانماندا زاڵ بن، بێ ئەمەی تووڕەیان بکەن. نازانم بۆ چ شتی وا لەناوماندا ببێ. بەڵام ئەوە دەزانم کە لە چوار ساڵ لەمەوپێشەوە تا ئیمڕۆ، ئەوەی دەستم کەوتووە، لە نیوەی دەستیاوەکانم تێپەڕ ناکات. ئنجا خۆت چۆن بەباشی دەزانیت وا بکە!).

هێشتا کچەکە لە بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوە و ڕێوشوێن داناندایە. بەڵام نەک لەسەر ئەو شێوەیەی کە لە فێربوونی لەش سوونەوەدا پێڕەوی دەکرد. لە هەڵەی پێشووی پەشیمان بووەوە. جارێکی تر هەڵەی وا ناکاتەوە. نەک تووشی ئازاری وا ببێ.

***

(١) نەخۆشیار: ممرضە. (ش. ف)

گوتراوە: (ئەگەر لە شوێنی خۆتدا ستایش کرایت باشە. ئەگەر نەکرایت پاڵی لێ بدەرەوە!). مەبەس لێرە، لە شوێن، لە نیشتمانە. هەرچەند ئەم واتەیە هەمـوو دەم ڕاست دەرناچێ. بەڵام بەلای کەمەوە لە شەش جاردا پێنج جاری ڕاست دەردەچێ.

دەتەوێ ڕەو بکەیت بۆ (شیلی)، کە لە دۆڵێکی نەناسراوی بەپیتدا سەرلەنوێ ژیانت دابمەزرێنیتەوە؟ باشە. تۆزێ خۆت بگرە لە نیشتمانەکەتدا. تێ بکۆشە لەو شوێنەی تێیدایت فرمانێک ببینی، پێش ئەمەی بچیتە ئەوپەڕی جیهان. ئەو فرمانانەی کە لە بەرچاوتدان، یەکێکی وایان لێ هەڵببژێرە کە بۆت دەست بدات. ئەگەر هیچ فرمانێک لە بەرچاوتدا نەبوو، گەزێک لە جێی خۆت دوور بکەرەوە و بۆی بگەڕێ. ئەگەر لەوێیش نەتدۆزییەوە بۆی بچۆرە ناو شەقامەوە، ئنجا بچۆرە ئەوپەڕی شارەوە. بەڵام هەمـوو دەم لە ناوەوە دەست پێ بکە، پاشان بچۆرە دەرەوە.

شارەزایانی ئاوارەهەوارەکان[1] جیهانی ئیمرۆیان لە هی دوێنێ سەختتر دێتە پێش چاو. ئیتر لە تواناییاندا نەماوە، باریکەن و ڕوو بکەنە نیشتمانی تازە، کە کاتێک تەنگانەیان دێتە بەر لە نیشتمانەکەی خۆیاندا. تەواو تێگەیشتوون کە لە خاکی بێگانەدا، هیوای سەرکەوتن کز بووە. زەمین وای لێهاتووە، تەنگ بووە بەدانیشتوان. تۆیش ئارەزووی خۆتە دەتوانی بۆ هەمـوو شوێنێک بچیت. بەڵام هەر شوێنێک دەچیت، تەماشا دەکەیت بەهەزاران کەس پێشت کەوتوون. کەچی تۆ واتدەزانی کەسی تێدا نابینیت. بەڵام ئەگەرهاتوو شوێنێکی وات دەست کەوت، کەسی وا زۆری تێدا کۆنەبووبووەوە، دەبێ بڕوات وا بێ کە ئەو شوێنە کەم بەختە لە ساماندا، بۆیەکا کەس خۆی بۆ نەکوتاوە.

بۆ چ سەرنەخراوە بۆ فرمانێکی بڵندتر؟

– چونکە هەر سەیری کاتژمێرەکەی خۆی دەکرد.
– چونکە هەر بۆڵە بۆڵی بوو.
– چونکە هەر دوا دەکەوت لە فرمانەکەیدا.
– چونکە حەزی بەفرمانکردنی چاک دەکرد، بەڵام لە شوێنی خۆیدا دانەمەزرا بوو.
– چونکە بڕوای بەخۆی نەبوو.
– چونکە یەجگار پرسی دەکرد.

(١) ئاوارەهەوار: مهجر. (ش.ف)



– چونکە هەر بیانووی ئەوە بوو کە بڵێ: (لەبیرم چوو).
– چونکە ئامادە نەبوو، دووەم هەنگاویش بنێ.
– چونکە بەدڵ فرمانی نەدەبینی.
– چونکە لە هەڵەکانی خۆی پەندی وەرنەدەگرت.
– چونکە هەستی وا دەکرد کە فرمانەکەی بۆ ئەو ناشێ.
– چونکە هاوڕێکانی لە دانگی خۆیدا نەبوون، کەمتر بوون لە ڕێز و کارگوزاریدا.
– چونکە بەوە وازی هێنا بوو، کە پیاوێک بێ، لە دووەم پلەدا بێ.

## ئەو پیشەیەی هەڵیدەبژێری

٣

وام دێتە پێش چاو کە هەمـوو کەسێک لەو (چینە دوو ملیۆن)ەی کە لەوەپێش لێی دوواین، ون بووە لەناو هۆی حەسانەوە و بەزموڕەزمی وا چرۆپڕدا، کە ژیانی لێ تێکداوە. بۆ ئەو جۆرە کەسانە، لە ڕاستیدا، کات بەزێڕ دادەنرێ. کەواتە بام گوێ بگرن لە ئامۆژگاری ئەو پیاوانەی کە خۆیان تەرخان کردووە بۆ لێکۆڵینەوەی گیروگرفتی بێ فرمانی ناشی بەڵکو لەوەوە کەڵکێکیان دەست بکەوێ.

ئاخۆ ئەوانە چ ئامۆژگارییەکت دەکەن؟

ئەوانە ئامۆژگاریت دەکەن بچیتە دەرەوە بۆ یاری بەفرەخلیسکێ. کە هاوبەشی دیدەوانان و هاوتای ئەوان بکەیت لە هەوارەکانیاندا. ئەوانە ئامۆژگاریت دەکەن مەکینەیەک بکڕیت بۆ وێنەگرتن. کە خۆت خەریک بکەیت بەبەخێوکردنی سەگانەوە. بەپەروەردەکردنی ماسییەوە. ڕەنگە سەرت سوڕ بمێنێ کە ئەوانە ئاراستەی شوێنێکت دەکەن کە بەبیرتدا نەهاتبێ. گوایە بۆچ خۆشی لەوە نەبینیت کە فێری چێشت لێنان بیت و ببیتە چێشتکەرێکی شارەزا؟ پوولی پۆستە و خۆ پێوە خەریک کردنی، دڵخواستێکی باوە، دەتوانێ کەڵک و خۆشیت پێ ببەخشێ. دوور نییە حەز لە پەروەردەکردنی مەل و پەلەوەرانی جوان بکەیت، فێری گۆرانی یاخود قسەکردنیان بکەیت، دانیان پێ بدەیت و خۆشەویستییان لەگەڵ بنوێنی. کەواتە بۆچ هەر لە ئێستاوە خۆت بەم بەزمەوە خەریک ناکەیت؟ بێجگە لەمە دەتوانی خۆشییەکی زۆر وەربگریت لە دارتاشی هەمە ڕەنگەدا، لە یاری (بریج)دا، لە نووسینی چیرۆکی بچووک بچووکدا.

ئەمانە ئەوەن کە ئەو تێگەیشتووانە پێت دەڵێن بۆ چارەکردنی بێ فرمانی ناشی... دەیشتوانیت ئەوەندەی تر بابەتی ڕابواردن بخەیتە سەر ئەوانەی ئەوان ناویان بردوون. بەڵام من بڕوام وایە، کە ئەو دوو ملیۆن لاوانەمان -تێکڕا- شتێکیان دەوێ کە لەوانە سەختتر و بەکەڵکتر بێت. ئاخۆ ئەوە چی بێ؟ ئاواتی مرۆڤایەتی لەسەر بنچینەی سەربەستی و سرەوت و خۆش ڕابواردن دامەزراوە. لەوە کەمتر بەهیچ شتێک دڵمان دانامرکێ. واتا ئێمە تەنیا سەربەستیمان ناوێ، بەبێ سرەوت، یاخود لەگەڵ چێن جوێ کردنەوەدا. هەروەها تەنیا سرەوتیشمان ناوێ، لەگەڵ بەندەیی یاخود چێن جوێ کردنەوەدا. بێجگە لەوە ئەوەیشمان ناوێ کە بەندەیی لەگەڵ بێ سرەوتیدا بڵاو ببێتەوە....

ئەوە ئاواتێکی هەرە بڵندمانە بەهەر سێ لکەکەیەوە. ئێمەیش کە ئەمەریکایین، خۆ دەزانین کە دەگونجێ ئەو ئاواتە بێتە دی، هەر هیچ نەبێ لە نیشتمانی ئێمەدا ئەوەیش دەزانین کە هێنانە دی ئەو ئاواتە، پارەمان زۆر پێ بەخت دەکات. ئەو ئاواتە، هی پیاوێکی دەستکورتی هەژار نییە. بێجگە لەوەیش ئەوی دەیەوێ بیهێنێتە دی پێویستی بەزیرەکییەکی بێ هاوتا و مەردایەتییەکی بڵند هەیە. بەڵام لە خاکەکەماندا هەژاری هەیە و دەستکورتی. کەواتە چۆن ئەم ئاواتی مرۆڤدارییە دەهێنرێتە دی؟ ڕێگای ئەوە، ئەوەیە، کە هەموومان فێر ببین ژیانێکی باشتر بژین، بەڵام بەو مەرجەی کەمتری تێدا بەخت بکەین.

لە خاکی ئێمەدا، لە ئەمەریکا، بەملیۆن دەست و پێ هەیە، کرێاران و خاوەن کاران پێویستییان پێیان نییە. لەوەدا پێش هەموو جیهان کەوتووین، کە دەست و پێی وامان بەرهەم هێناوە، کە بەکاری خاوەنەکانیان نەبێ، بەکاری کەسی تر نایەن. ئێمە مەکینەی وا دروست دەکەین، کە فرمانی دەست و پێ بەجێ دەهێنێ، بەشێوەیەکی چاکتر و هەرزانتر. بەم ڕەنگە بەملیۆن کەس جاران تێدەکۆشان دەست و پێیان بەکرێ بدەن، ئێستە ناچاربوون شتێکی تریان بفرۆشن. هەر تەنیا چەند کەسێک دەتوانن سەرکەون لەو ڕێیەوە کە لە ڕێگەی ئاواتی هەرە بڵندەکەی لەوە پێش ناومان برد لاری بکەن. بەڵام زۆربەی نەتەوە، پێویستە ئەو ئاواتە هەموو دەم بخەنە پێش چاویان، بۆ ئەمەی سەرکەوتنیان دەست بکەوێ.

پێویستە هەموو کەسێک، لەم زۆربەی نەتەوەیە، ڕەنجێک بدات بۆ بابەتی سەربەستی، یاخود یارمەتی ئەم و ئەو بدات کە باشتر بژین بەنرخێکی کەمتر. چاوێک بەکاروباری دەوروپشتتدا بخشێنە. لە هەندێ کەینەوبەینەی فرمان بکۆڵەرەوە. کام فرمان لەو فرمانانە



هەلی ناوازەتر و ئەرکی کەمتر دەبەخشێ؟ کامیان دوارۆژێکی شەنگترت گفت پێ دەدات؟ باشە! زۆربەی پسپۆڕەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەم فرمانانەی خوارەوە وایان لێهاتووە ڕۆژ بەڕۆژ هەلی کەمتر و دوورتر لە سەرکەوتن دەبەخشن بەوانەی کە پێیانەوە خەریکن:

١- دەستکردی پۆشەنی.

٢- دەستکردی کراس.

٣- کشتوکاڵی گشتی.

٤- ڕێگای ئاسن.

٥- وێنەی بزێو.

باش سەرنج لەم دەستکردانە بدە، دەبینی لە هەموویاندا: یەک کەموکوڕی هەیە ئەو کەموکوڕییە کامەتا؟ هەر کەمێک خۆت ماندوو بکەیت و، ئەوەی کەوا پێت دەڵێم بۆت دەردەکەوێ: هیچ دەستکردێک لەم دەستکردانە، لەم دە ساڵەی ڕابردوودا یارمەتی ئاشناکانی خۆی نەداوە، کە ژینێکی باشتر بژین، بەنرخێکی کەمتر هیچیان ئەوەندەیان لە دەست نەهاتووە، کە ژمارەیەکی دیاریکراو لە ئاشنایانی خۆیان، بەشێکی زۆرتریان لە خۆشگوزەرانی و سەربەستی دەست بکەوێ ئێستەیش چاوێک بخشێنە بەم دەستکردانەدا کە هەروەک پێم گوتی، گفتی دوارۆژێکی ڕووناک دەدەن:

١- پیشەسازی باگۆڕین.

٢- پیشەسازی فڕۆکەبازی.

٣- پیشەسازی ئەندازەی کیمیایی.

٤- پیشەسازی کشتوکاڵی تایبەتی.

٥- پیشەسازی تەلەفۆن.

هەر مەکینەیەکی بەکار بهێنی یا - بام خراپیش بێ - دەتوانێ بەکەڵکی تەندروستیمان بێت و ژیانمان زۆرتر بۆ خۆش بکات. فڕۆکەیش هۆیەکی گەلێک گرنگە لە پاشەکەوت کردنی کات و سامان و تواناییدا. من ئیمڕۆ دەتوانم بەچوار کات لە شاری نیویۆرکەوە بفڕم بۆ شاری شیکاگۆ و، لە ڕۆژێکدا ئەوەندە کاروبار تەواو بکەم، کە ئەگەر جاران بووایە - کە هاتوچۆ بەشەمەندەفەر بوو - چوار ڕۆژی تەواوی دەخایاند. لام وایە دەیزانیت کە ئەندازیاری کیمیایی - بەمەرجێ هەموو کاتی خۆی تەرخان کرد بێ بۆ یەکێک لە پیشەسازییە گەورەکان - چەند لە تواناییدا هەیە تێبکۆشێ بۆ کەمکردنەوەی نرخی بەرهەم

و چاک کردنی. له ڕاستیدا، لەوەیشی تێپەڕاندووە بۆ دروستکردنی کەلوپەلی نوێ و، پیشەسازی نوێ، کە پێویستی و ئارەزووی زۆر کەس جێبەجێ دەکەن، کە لەوە پێش لێی بەش بڕاو بوون. بێجگە لەوە، زۆرتر لە سەد کەلوپەلی وای دۆزییەوە کە تەندروستی پێ بپارێزرێ. بەم ڕەنگە ژیان، لە سایەی ئەندازیاری کیمیاییەوە لە جاران چاکتری لێهات.

ئەو خاوەن کشتوکاڵەیش کە تێدەکۆشێ لە نزیکەوە ناسیاوەکانی خۆی ببینێ و بەهۆی بەرهەمە تایبەتییەکانی خۆیەوە کە پێشکەشیان دەکات خۆرشتێکی تەڕ و تازە و پوختەیان بەنرخێکی کەمتر دەداتێ، ئەویش بێگومان، یەکێکە لە ڕەنجبەرەکانی مرۆڤایەتی. ئەویش یارمەتی خۆشگوزەرانی و پاشەکەوت کردن دەدات لەناو ئەم زەوییەدا. ئەو خاوەن کشتوکاڵەیش وەک ئەم وایە، کە خۆی، تەنیا، بەجۆرێک کشتوکاڵەوە خەریک دەکات، بۆ ئەمەی بەهۆی لێکۆڵینەوەیەکی تەواوەوە کە تێیدا دەکات، بتوانێ لە پارچە زەوییەکدا پتر لە هاوتاکانی خۆی بەرهەم پێ بگەیێنێ.

تەلەفۆنیش لە کۆڕی پێشکەوتندا ئەمەندەی ڕێگا بڕیوە، کەس بۆی نەبڕراوە. هەر بیست ساڵ لەمەوپێش بهێنەرەوە بیرت ئەوساکە گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی دوور بەچەند لەسەرت دەکەوت؟ پێش بیست ساڵ دەتتوانی لەگەڵ چەند کەسدا، لە خانووەکەی خۆتەوە، گفتوگۆ بەتەلەفۆن بکەیت؟ ئەی ئیمڕۆ لەگەڵ چەند کەسدا دەتوانیت ئەو تەلەفۆنە بکەیت؟ چەند گەورەیە ئەو پێشکەوتنەی ئەم دەسگایە دەستی کەوتووە لە بابەت ژمارەی تەلەفۆن و چۆنێتی تەلەفۆن کردنەوە کە مەبەسەکانی ئاسایی و شیرینی و ڕێکوپێکی دەگرێتەوە!

له ڕاستیدا هەرچی پیشەسازی و بازرگانی و دەسگایەک یارمەتیمان دەدات لە بەجێهێنانی ئاواتەکانی مرۆڤەواریدا، کە لەمەوپێش ناومان بردن، لە ئەندازەبەدەر لە سەرکەوتندان. کەچی ئەو پیشەسازییانەی ئەو یارمەتییانەیان لە باردا نییە، تا دێن کز دەبن و بەرەو نەمان دەڕۆن. کەواتە بزانە چی هەڵدەبژێری!

***

ئەی ئافرەت؟ ئاخۆ ئەوان چۆن بن لەگەڵ ئەم ئاواتە گرنگەدا؟ ئاخۆ چۆن دەتوانن فرمانی بەکەڵک و، بێ فرمانی بەکەڵک، لەم چوارچێوە دیاریکراوەدا بدۆزنەوە؟ لە ڕاستیدا کەمیان هەتا ئێستا توانیویانە، لەگەڵ ئەم ئاوازە تازەیەدا بسازێن. کەواتە دەتوانین بڵێین ئەم ئاواتە هێندەی نەماوە کە هەر بۆ پیاو بمێنێتەوە، نەک بۆ ئافرەت. ئەوەیش وا لێک دەدرێتەوە کە ئافرەت زۆرتر بەلای ملکەچیدا دەچن لە ڕەوشت و کردار و ژیانی دەروونییاندا، نەک بەلای زاڵبووندا. ئەوەیش بێگومان دەچێتەوە سەر ئاراستەیی تایبەتی



ڕەگەزەیان کە هەموو ژیانێکی ئافرەت دەگرێتەوە، کە وای لێ کردوون توانایی دەسەڵاتدارییان نەبێ بەسەر کەسدا، وەک پیاو هەیەتی. هەروەها وای لێ کردوون کە لە پیاو کەم دەسەڵاتتر و بێ هێزتر بن. بۆ ئەمەی بتوانیت کاروبار هەڵبسووڕێنیت و مرۆڤ ببەیت بەڕێوە، پێویستە بەچالاکی و گورجوگۆڵییەکی تەواوەوە بجووڵێیتەوە. ئافرەت لەمەدا کزن. بۆ نموونە بیهێنینەوە: ئافرەت لە ئۆتۆمۆبێل لێ خوڕیندا قاڵ نین. ئەوەندەی ئەوان ئۆتۆمۆبێل دەدەن بەدار و بەرد و مرۆڤدا لە هەزار میلێک ڕۆیشتندا، پیاوان یەجگار کەمتر.

***

ئەوەیش لەبەر ئەوەیە کە ئافرەت چاوئەنداز و دەنگ زۆرتر کاریان لێ دەکات. ئەو زوو هەست پێ کردنە دەیانخاتە شڵەژانێکی وەهاوە، کە پیاو لێی بەدوورە. جا لەبەر ئەوەی – بەپێچەوانەی پیاوان – زۆرتر لە پێویست کاروباری بچووک سەرنجیان ڕادەکێشێ زۆر گرانە بۆیان، کە بیری بەهێز لە شتی گرنگتر و سامناکتر بکەنەوە.

ئەندامەکانی سک و زای ئافرەت، نەک هەر گەورەتر و گرنگترن لە هی پیاو، بەڵکو لە گەلێک ڕێگاوە بەهەموو لەشیانەوە بەستراون. بەم ڕەنگە باری ئافرەتی، کار لە بیر و هۆشی ئافرەت زۆرتر دەکات، لە باری پیاوێتی کە لەبیر و هۆشی پیاوی دەکات.

بێگومان کە سەرنج دەدەیت ئەوەندەی ئافرەت بیر دەکاتەوە لە پیاو و لە پیاو دەدوێ، زۆر کەمتر پیاو بیر دەکاتەوە لە ئافرەت و لە ئافرەت دەدوێ.

ئافرەت، بەجۆرێکی تێکڕایی، تەماشایەکی سەرپێی ڕووداو دەکات. هەموو دەم چاوی دەبڕێتە هەموو کارەساتێکی بچووک لەو ناوچەیەدا کە تێیدا دەژی. سا لەبەر ئەوەیە کە حەز بەلێدوان لەم و لەو دەکات. هەر لەبەر ئەوەیشە کە شارەزاییەکی تەواو لە هیچ شتێکدا پەیدا ناکات، بەتایبەتی لەو بابەتانەدا کە پێویستیان بەهونەرمەندییەکی بڵند هەیە لە هەڵبژاردن و بێ لایەنی و لێ وردبوونەوەدا.

ئێستاکە سەیرکە چی ڕوو دەدا، ئەگەر بێتو ئافرەت هوروژم ببەن بۆ داواکردنی کار و فرمان. ئەوە دیارە کە بەجۆرێکی ئاسایی خاوەنی زیرەکییەکی بڵندی کۆمەڵایەتین. بەڵام زیرەکییەکی بێ لایەنگیری لە ئافرەتدا زۆر کەمە، بۆ بەدبەختی ئافرەتیش کار و فرمانە گەورەکان پێویستییان بەخاوەن زیرەکییەکی بێ لایەنگیری هەیە. دوور نییە ئەم کار و فرمانە گەورانە پێویستییان بەتوانایەکی کۆمەڵایەتییش هەبێ. بەڵام ئەمە کاتێک بەکار دێت کە زیرەکییە بێ لایەنگیرییەکەیش لە ئارادا بێ.

فرۆشیار و هونەرمەندە خاوەن پیشەکان و ئەوانەی لە دانگی ئەواندان، پێویستییەکی کەمیان هەیە بەزیرەکی بێ لایەنگیری لە فرمانی رۆژانەیاندا. بەڵام کارگێڕەکان و فرمان بەجێهێنەرەکان، ژمێرراگرەکان و، پارەژمێرەکان و پسپۆڕانی پاراستن و، هونەرمەندانی خانووبەرە، لەگەڵ ئەندازیارەکاندا، ئەمانە هەموویان، پێویستە ئامادە بن و بتوانن بەگورجی و وردییەوە بیر بکەنەوە و، بەزمانی ژمارەوە چارەی کاروبار بکەن. هەروەها پێویستە بتوانن هەموو گیروگرفتێک، بەچاکی و چالاکی و بێ شڵەژان، ببەنەوە سەر بنج و بناوانیان و چارەیان بکەن. هەروەها بڕیارنامەکانی ژمارە و بەراورد بەچاکی بخوێننەوە و باش تێیان بگەن. ئنجا ئیتر سەرسوڕمانی پێ دەوێ، کە کار و فرمانی گەورە، تاکوتەرایەکی لێ دەرچێ کە بایەخی نییە، بەر گشت ئافرەتان نەکەوێ؟

***

لێرەدا وای بەباش دەزانم، کە لێکۆڵینەوە هونەرمەندانەکەی (گرێس مانسون) پێشان بدەم. ئەم ئافرەتە هێنای بیروباوەڕی (١٣٧٥٢) ئافرەتی لە فەرمانبەرەکانی بازرگانی و پیشەوەری وەرگرت. دەبوو هەریەکەیان ناوی ئەو سیی کردەوەیە ریز بکات کە بۆی نێررا بوو، بەپێی ئەندازەی پەیوەندی ئەو کردەوانە بەخۆیەوە، بەمەرجێ لەو کردەوانەوە دەست پێ بکات کە نوخشەی کردەوەکانی خۆیەتی. ئنجا ئەو کردەوانەی کە لە پلەی دووەمدان، یەک لەدوای یەک ریزیان بکات.

لە ڕاستیدا (گرێس مانسون) لەم پرسیارەیدا، بەئەنجامی یەجگار باش گەیشت. ئەویش هەر ئەوە دەڵێ کە من لەم نووسراوەدا پێشانم داوە: کە ئافرەتی فەرمانبەر لە هەموو شوێنێکی بازرگانی و پیشەوەریدا بەجۆرێکی سروشتی، لەوانەدا زۆرتر سەردەکەون کە لەپێش هەموو شتێکدا پێویستییان بەکردەوەی ئافرەتانە هەیە، ئنجا بەکردەوەی پیاوانە.

وا لە خوارەوە حەوت کردەوەت پێشان دەدەم کە زۆری نەما بوو، هەموویان لەم پرسیارەدا لەسەری رێک بکەون. ئەوانەیش بەپێی دەنگەکانیان ریز کراون:

١- توانایی نواندنی کردەوەی چاک لەگەڵ ئەم و ئەودا.
٢- فرمان خستنە سەر ئەستۆ، بەجوانی.
٣- ناسکی و ڕووخۆشی.
٤- خەم خواردنی کاروبار بەهەموو لک و لۆپەکییەوە.
٥- خۆپێشاندان بەجوانی.



٦- توانایی جێبەجێ کردنی ئامۆژگاری و فرمان.
٧- شارەزابوونی فرمانەکە، خۆی.

وا لە خوارەوە ئەو حەوت کردەوانەیشت پێشان دەدەم کە لە هەموو کردەوەکانی تر، کەم نرختر هاتنە پێش چاویان:

٢٤- شارەزایی تیکنیکی.
٢٥- شتی بنچینەیی و داهێنان.
٣٦- ئەندێشەی داهێنەر.
٢٧- هۆشی شیکەرەوە.
٢٨- هێز و توانایی.
٢٩- توانایی هونەرمەندی.
٣٠- دەست سووکی.

چاو پیاخشاندنێکی گورجوگۆڵانە بەڕستەی یەکەمدا، بۆت دەردەخات کە شەش کردەوەیان، کۆمەڵایەتییەکی تەواون. هەر حەوتەمین کردەوەیانە کە لە کۆمەڵایەتییەوە دوورە. بەڵام کردەوەی چاک لەگەڵ ئەم و ئەودا و بەجێهێنانی فەرمانی سەرۆکەکان بەتەواوی، خستنی ئۆباڵی ئەو فرمانانەی کە کەسانی تر دایانمەزراندووە، بەئەستۆی خۆ، بەتەواوی... ئەمانە هەموویان، بێگومان، لە کردەوەی ڕەگەزی ناسکن، لە کردەوەی ڕەگەزی تر نین.

ئێستە بام تەماشای ڕستەکەی دووەمیان بکەین. چی دەبینین؟. ئەمانە دەبینین: شارەزایی تیکنیکی و، بیری داهێنەر و ئەندێشەی دروستکەر و، ئەو هۆشەی کە لە شیکردنەوەدا هونەری گفتوگۆ و ژمارەبازی و لێکۆڵینەوەی بەئەرک بەکار دەهێنێ، لەگەڵ توانایی چارەکردنی کەرەسە و کەلوپەل بەدەست. ئەم کردەوانەیش - یەکێکی لێ دەرچێ کە لە خوێندەوار نەشارراوەتەوە - هەموویان کردەوەی پیاوانەن، پیاوان بەهۆی ئەوانەوە بەسەر ژیان و کاروباری ژیاندا سەردەکەون.

کە هاتوو پێویست بوو لەسەر لاو، بۆ ئەمەی بەدڵی خۆی سەربکەوێ لە ژیانیدا، پیشەکەی خۆی بەباشی هەڵبژێرێ، وەک لە سەرەتای ئەم بەشەدا پیشانمان داوە، ئەوە دیارە کە ئافرەتیش ئەگەر حەز بەسەرکەوتن بکات، دەبێ بەباشی فرمانەکەی خۆی هەڵبژێرێ، بەجۆرێکی وا کە بگونجێ لەگەڵ توانایی تایبەتی خۆی و، توانایی گشتی

ڕەگەزەکەی خۆیدا. بەڵام ئافرەت، بەهەموو ڕەنگ، دوور نییە کە حەز بکات بەبەربەرەکانێی پیاو، تەنانەت لەو شوێنانەیشدا کە تایبەتی پیاو خۆیەتی. بەڵام ئەوە جەربەزەییەکە، لە هەر سەد جارێکدا نەوەد جار پتری سەرگەردانی لە دوایە.

## ئەوی لێی دەترسی بیکە!

زستانی ڕابردوو، لەگەڵ یاریکەراندا چووم بۆ یاریکردنی بەفرەخلیسکێ. ئەمیش لەبەر ئەوە نەبوو کە بتوانم یاری بەفرەخلیسکێ بکەم. بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە خۆم بەخۆش ڕابواردنی سەرنەکەوتنەوە ڕابهێنم هێشتا نەگەیشتبوومە گردە سپییەکە کچێکی تازە تەمەنم چاو پێ کەوت، بەفرەخلیسکێی بەتەنیا دەکرد. یەک تاک پێڵاوی داریشی لە پێدا بوو. چونکە کچەکە خۆی تەنیا یەک لنگی هەبوو... دەتوانیت بڵێیت ئەرکی خۆت لە ئەرکی ئەم کچە گرانترە؟... یاخود ورەی خۆت لە ورەی ئەم کزترە؟... بەڵام وا بزانە تۆیش تووشی نەخۆشییەک لەم نەخۆشییە تایبەتییانە بوویت، وەک: ترس لە تەنیایی، ترس لە کۆبوونەوە، یاخود ترس لە شوێنی بڵند یان زرێ. دەزانیت پێویستە چی بکەیت؟ دەتوانیت بەشێنەیی، بەرە بەرە، لەم ترسە خۆت ڕزگار بکەیت. ئەوە بکە کە لێی دەترسی.

هەر زانایەک بگریت، لە زانایانی نەخۆشی دەروونی، ئەم ئامۆژگارییەت دەکات. تێکەڵی فێری ئازایەتیت دەکات. بەڵێ ئەو شتە بکە کە لێی دەترسی. هەروەک (ئەمەرسۆن) گوتوویەتی: (ترس، بەڕاستی، مرۆڤ تووشی سەرگەردانی دەکات!).

## ئاخۆ ئەوی دەیزانی کەڵکی لێ وەردەگریت؟

٤

دەتوانیت زووتر سەرکەوتنت دەست بکەوێ، ئەگەر ئەوەی دەیزانیت لە شوێنی خۆیدا بەکاری بهێنیت. هیچ گومانیشم نییە کە لە (چینی دوو ملیۆن) کەسەکان، زۆر کەمیان هەیە، ئەوەی دەیزانن بەشیان نەکات. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە گیروگرفتی ئەوانە، لەوەوە پەیدا دەبێ، کە ناتوانن زانیارییەکەیان بەکار بهێنن. وام دێتە پێش چاو، کە لەم قسە سەیرەی من سەرت ڕابوەشێنی. خودا بکا لە تاقیکردنەوەکەی مندا، سەختیت نەیەتە ڕێ... ئەگەر ئەم تاقیکردنەوەیەی خۆت، یاخود ئەم یارییە بکەیت بەدڵسۆزی، بێگومان لە دڵتدا دەچەسپێ، کە هیچ ڕۆژێک نییە چەند جارێک بەهەڵەدا نەچیت، لە بەکارهێنانی ئەو زانیارییانەدا کە دەیانزانی. لێرەوە تێدەگەیت کە بۆ چ ئامۆژگاریت دەکەم بۆ



بەکارهێنانی ئەو زانیارییەی کە تا ئێستا زانیوتە، پێش ئەوەی خۆت بکوتی بۆ فێربوونی زانیارییەکی نوێ. لەسەر قاقەز بیست پەندی پێشینان و، وتەی بەناوبانگ، کە لەوە پێش فێریان بوویت، بنووسەرەوە. بەقووڵی بیر لە هەموویان بکەرەوە.

پاشان لە خۆت بپرسە: ئایا هەریەکەیان بەتەواوەتی ڕاستە، یان هەندێکی ڕاستە، یاخود درۆیەکی سەیرە؟ ئەگەر درۆ بوو لە ڕستەکەی دەربهێنە و یەکێکی تر بخەرە جێگەی. ئەگەر هەندێکیشی ڕاست بوو، ئەوا ئەم پرسە لە خۆت بکە: (ئایا ئەوەتی لەبەرم کردووە تا ئیمڕۆ، هەر ئەو لایەیم بەکارهێناوە کە ڕاستە؟). بەڵام ئەگەر هەمووی ڕاست دەرچوو، دیسانەوە لە خۆت بپرسەرەوە: (ئایا لەو ڕۆژەوەی فێری ئەم پەندە بوویت، هەموو ڕاستییەکەیت بەکارهێناوە؟). تاکو ئەگەر بۆت دەرکەوت کە ئەوەی زانیوتە بەکارت نەهێناوە، لە داوێنی لاپەڕەکەوە دەری بخەیت. ئەگەر بەدڵ ئەم یارییە بکەیت، ئەنجامەکەیت بەسەرسوڕمانێکەوە بۆ دەردەکەوێت. وا پشانت دەدەم چۆنی بکەیت: دەزانیت یاخود نایزانیت کە: (بایی پوولێک خۆپاراستن، لە بایی کلووێک خۆچارەکردن چاکترە)؟

تۆ وا دەزانیت ئەم پەندە شەنگ و جوانە و هیچی تر؟ یاخود لەگەڵ مندا وات دێتە پێش چاو کە بەکورتکراوەیی، زرنگییەکی لە جێی خۆی پێشان دەدات، هیچ شتێک ڕایەی ناکەوێت بەدرۆی بخاتەوە؟ هیچ گومان لەوەدا نییە، کە خانووەکەمان لە ئاگر بپارێزین لەوە چاکترە کە لەپاش ئاگر تێبەربوونی بیکوژێنینەوە و سەرلەنوێ دروستی بکەینەوە. هەروەها پاراستنی مرۆڤ لە نەخۆشی، چاکترە لەوەی کە پاش نەخۆشکەوتنیان بەداوودەرمان چاکیان بکەینەوە...

کەواتە، دەتوانیت بڵێیت: ئەوەی لە بابەت پاراستن و چارەکردنەوە زانیوتە بەکارت هێناوە؟ ئایا هەموو دەم تێدەکۆشیت، بۆ ئەمەی خۆت لە دەرد و نەخۆشی بپارێزیت، لەجیاتی ئەوەی پەنا بەریتە بەر پزیشکایەتی، لەپاش تووش بوونت، بۆ ئەمەی چارەی خۆت بکەیت؟ بەواتایەکی تایبەتی تر ئایا نەخۆشی لە خێزانەکەت دوور دەخەیتەوە، بەسایەی پێڕەوی کردنێکی تەواوی دەستوورەکانی زانستی تەندروستییەوە؟ یاخود گەلێک جار خۆرە (میکرۆب) لەگەڵ خۆرشتدا دەخۆیت و بێ پرسی پزیشک دەرمان دەخۆیت؟ ئایا خۆت لە کارەساتی لێک کەوتن دەپارێزیت بەهۆی پێڕەوی کردنی یاسای تێپەڕ بوونەوە، کە بەپێ بڕۆیت یاخود بەئۆتۆمۆبێل؟ ئایا ئێستا بیرت لەوە کردۆتەوە کە لە پیرییەکی پەک کەوتووانە خۆت بپارێزیت، بەهۆی پارە پاشەکەوت کردنەوە بۆ ئەو کاتە

تەنگانەیەی کە لە فرمانەکەتدا نامێنی؟... ئەمانە و گەلێکی تر پرسیاریش لە خۆت بکە و، بەسەر ڕاستی و دڵسۆزییەوە وەرامی خۆیشت بدەرەوە.

تا کوێ خوێندووتە؟ ئایا لە پێڕەوی خوێندەواری خوێندنگای دووەمین بوویتەوە؟ ئەگەر لەوانەیت کە ئەو پێڕەوییەت تەواو کرد بێ، هیچ گومان نییە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەوەی پێویست بوو بێ بیزانی، زانیوتە لەپێش دەرچوونتدا لە خوێندنگاکە. ئایا ئێستایش هەموویت لەبیر ماوە؟ گرەوت لەگەڵ دەکەم لەبیرت نەماوە!. ئەگەر وا نییە پێم بڵێ چەند جار زانستی (جەبر) یان تەندروستی یاخود دەستووری ئینگلیزی نووسینت بەکار هێناوە؟... ئایا هیچ ڕۆژێک لە زانستگایەکدا خوێندووتە؟ ئەگەر وایە چی لەوێ فێر بووی؟ هەتا چ ئەندازەیەکیش ئەوی فێری بوویت، لە ژیانتدا بەکارت هێناوە؟

من ئەم هەموو پرسیارانەت لێ دەکەم، کە ڕەنگە بتشڵەژێنن. بۆ یەکیان دەکەم[١] کە بزانیت تا چ ئەندازەیەکی کەم ئەو دەستوور و پێشبینی (نظرية)یانە کە خوێندووتن بەکارت هێناون. جا چونکە کەمیانت بەکارهێناوە، بەناچاری زۆریانت بیر چۆتەوە. چونکە هەموو دەم واین: ئەوەی بەکاری نەهێنین لەبیرمان دەچێتەوە.

ڕەوشت لە خووەوە پەیدا دەبێ. ئەگەر چارەنووس وا بوو کە بەدخوویی لە سەرەتای ژیانەوە دەست پێ بکات، لە ئەنجامدا دەردەچێ. لە ڕاستیدا، زۆربەی بەرەکەی ڕەوشتێکی ناپەسند ئەمەریکاییەکان ڕەوشتی خراپیان هەیە[٢].

چونکە لە سەرەتاوە زۆر خوویان بەشتی خراپەوە گرتووە، پاشان نەیانتوانیوە خوو بەشتی باشەوە بگرن، بەهۆی بەکارهێنانی ئەوەوە کە فێری بوون. لایشم وایە کە خوێندەوارانی ئەم نووسراوە ناچار دەبن بەشێکی زۆر لە ڕەوشتەکانیان ڕاست بکەنەوە، بۆ ئەمەی بەزوویی سەرکەوتنیان لە ژیاندا دەست بکەوێ. دوور نییە ناچار بن، سەرلەنوێ دەست بکەنەوە بەخوێندن. منیش چەند کەسێکی تێگەیشتوو دەناسم، کە ناچار مان سەرلەنوێ دەست بکەنەوە بەخوێندن. ڕەنگە لە هەموو شتێک گرانتر بۆ ئەو پیاوانە ئەوە بوو بێ، کە خۆیان لە بەندەیی خووە خراپەکانیان ڕزگار بکەن. ئەوەیش بەوەی کە هەرچی بووەتە بنچینە بۆ ئەو خووە خراپانە، لەبیر خۆیانی ببەنەوە، بۆ ئەمەی دووبارە لە نووکەوە تێ هەڵبچنەوە، لە بابەتی تازە گەلێک بخوێنن و لێکۆڵینەوەی تێدا بکەن، تاکو خوو

(١) ڕاستتر: بۆیە دەیانکەم.

(٢) ئەم ڕستەیە ئاڵۆز و نادیارە، بۆمان ساغ نەکرایەوە، لە ئەسڵەکەشیدا هەروا بوو.



بگرن بەشتی چاک و بەکەڵکەوە. بەڵام وا دەردەکەوێ کە (چینی دوو ملیۆن)ەکە پێویستییان بەم هەڵگێڕ و وەرگێڕە سامناکە نییە. لەگەڵ ئەمەیشدا، بەهەموو ڕەنگ، وا هەڵدەگرێ کە نەهێڵن ئەم کەرەستە تەڕ و تازەیەیان لە دەست بچێ، چەندیان لە دەست بێت کەڵکی لێ وەربگرن. لە ڕاستیدا ئەگەر فێر ببێ چۆن کەڵک وەربگرێ، لەو شارەزاییەی کە هەیەتی، لە بابەت ئەو شارانەوە کە تێیاندا گەورە بووە، هەروەها لە بابەت ئەو شارانەوە کە چوار لای ئەو شارانەیان گرتووە، دەتوانێ گەلێک هەلی تازە دەست خۆی بخات بۆ دەستکەوتنی فرمانی چاک، زۆر زووتر لەوە کە لەوەپێش بەبیرتدا هاتووە.

***

بام ئێستا بتناسێنم بەکچێکی تازە تەمەن، کە کەڵکی لە خوێندەوارییەکەی خۆی وەرگرتووە و، بەکاریشی هێناوە، بەڵکو بۆت ببێتە نموونە یەک و چاویشی لێ بکەی. من ناویت پێ ناڵێم. چونکە ئەگەر ناویت پێ بڵێم، ڕەنگە تووشی وەڕس بوون ببیت بەدەست لاوە بێ کار و فرمانەکانی زانستگای (پرینستون)ەوە، کە هەڵکوتنە سەری و داوای شووکردنی لێ بکەن، بەڵکو کەمێک باری ژیانیان لەسەر سووک ببێ... کە وای لێهات، بام وای دابنێین، کە ناوی (ماری ئان)ە... ماری ئان تازە لە تەواوکردنی خوێندەواری دووەمین بوو بووەوە کە تەنگوچەڵەمەی ئابووری ئەم پەڕ و ئەوپەڕی ئەمەریکای گرتبووەوە.

ماری ئان لە ژوورەکەی ماڵی خۆیانەوە دەستی کرد بەسەرنجدانی ئەو تەنگوچەڵەمەیە. ڕۆژ بەڕۆژ سەیری ئەو گۆڕڕانانەی دەکرد کە بەسەریدا دەهات. بەڵام دانیشتنی سەر کورسی بزێو، بام کورسییەکەیش گەرم و نەرم بێ هەر ئەوەی لێ دەوەشێتەوە، کە لە لەشدا ئەو بەشە ماندوو بکات، کە لەسەری دانانیشێ. ئەگەر سەرت هەبێ، بێگومان، ئەو دانیشتنە دەیهێنێتە ژان. بەڵام ماری ئان وا هەڵکەوتبوو کە سەرێکی پڕ هۆشی هەبێ. حەزی بەوە نەدەکرد کە هەموو تەمەنی خۆی لەسەر ئەو کورسییە بزێوە بەخت بکات... لەبەر ئەوە زۆری پێ نەچوو، لە دەست ئەو جۆرە ڕابواردنە وەڕس بوو. دەستبەجێ دەستی کرد بەگەڕان بەناو شەقامەکانی شاری (نیویەرگ)دا، بۆ فرمان پەیداکردن. هیچ فرمانێکیشی نەدەزانی و نەکرد بوو. تەنیا بریتی بوو لە دەرچوویەکی خوێندنگای دووەمین، بەکاری هیچ نەدەهات. وەک فلچەیەکی ددانی کۆنی ڕزیو بێ کەڵک بوو. ئەمە ڕاستە، گەلێک خواست و ئاواتی هەبوو. بەڵام ئەو ئەوەی لە خوێندنگای دووەمینەوە دەست نەکەوتبوو. ئەو خواست و ئاواتانەی هی دەمێکی کۆنتر بوون. هەموو دەم لە خوێنیدا بوون دەگەڕان.

هەروەها ماری دەستی کرد بەلێکۆڵینەوەی کاروباری شارەکەی. هەر چاوێکی لێ کرد بوو بەدوو چاو. لە نزیکییەوە، دووکانێکی بچووک هەبوو ئەمە لەو دووکانانە بوو کە خاوەنەکانیان نزیکەی سەد جۆر کەلوپەل دەفرۆشن، تاکو یەک دوو جۆریان بەکەڵکی ژیانیان بێت. ماری دوو سێ جار پتر سەرنجی دایە گۆشەی ڕۆژنامە لەناو دووکانەکەدا، بەچاو و بەدڵ لێی کۆڵییەوە و هەموو شتێکی لێ تێگەیشت. بەچاوی خۆی دەیدی کە خاوەن دووکانەکە، هەموو بەیانییەک پانزە ڕۆژنامە بۆ فرۆشتن لەسەر مێزەکە دادەنێ. بۆ ئەمەی هەموو پاش نیوەڕۆیەک ناچار بێ پێنج ڕۆژنامە لەسەر مێزەکە هەڵبگرێتەوە. چونکە کەس نەهاتووە بیانکڕێ. جا چونکە لە ژمێردا شارەزا بوو، تێگەیشت کە نرخی ڕۆژنامە نەفرۆشراوەکان یەکاویەک دەوەستێتەوە لەگەڵ سوودی هەموو ڕۆژنامە فرۆشراوەکان کە دە ژمارە بوون. سەیری کرد: دیوارەکانی دووکانەکە پەڵە پەڵە و چڵکنن. مێشە ڕەنگ شین و بۆرەکانیش لەپاش سووڕانەوە، دەنیشنەوە بەسەر پەپکە شەکر و پونگە و دەنکە چیکۆلاتەدا. خاوەن دووکانەکەیش، بەڕۆژی ڕووناک خۆی گرژ کردووە، سەرگوروشتەی باڵبازانە دەخوێنێتەوە[1].

ڕۆژێکیان هەلێکی زێڕینی دەستکەوت، لە خاوەن دووکانەکە چووە پێشەوە پێی گوت: (گەورەم! تۆ پێویستیت بەیەکێک هەیە فرمانەکەت بۆ هەڵبسووڕێنێ. وا من لە بەردەستتدام. لە ڕاستیدا، دووکانەکەت تا لەم شێوەیەدا بێ، شتێکی یەجگار ناشیرینە. ئەگەر تۆ دوو ئەوەندەیش زیانت لێ بکەوێ بەزۆری نازانم. من شارەزاییم هەیە کە مانگ لەدوای مانگ چەند زیانت لێ دەکەوێ. ئایا ئەوە نازانی کە هەموو ڕۆژێک پێنج ڕۆژنامەت بەسەردا دەمێنێتەوە، نافرۆشرێ؟ وا بەم ڕەنگە دەبینی کە من لە بابەت کاروبارەکەتەوە زۆر شارەزام. من هیچت لێ ناخوازم ئەوە نەبێ کە بهێڵی کاروباری ئەم دووکانە وا ڕێکوپێک بخەم. کە کوڕ و کچی ئەم گەڕەکە بهێنێتە سەیری خۆی. هیچیشم لێت ناوێ بمدەیتێ ئەوەندە پارە نەبێ کە بەشی دوو ژەم نان خواردنم بکات، لە هەموو ڕۆژێکدا، بەناوی مزی فرمان بینینەوە. بەڵام لەپاش وەرگرتنی کاروباری دووکانەکە، سەدی سی سوودەکەیم لێت دەوێ).

چ پیاوێک هەیە لە جیهاندا، خواستی وا بەرپەرچ بداتەوە؟. ئیمڕۆ ئەو دووکانە وا جوانی لێهاتووە کە کڕیاران پۆل پۆل ڕووی تێدەکەن. ماری ئان کڕیاری کێش دەکرد بۆ

(١) بەمانای: چیرۆکی پۆلیسی.



دووکانەکە، بەهۆی جوانی و کردەوە شیرینی و زیرەکی خۆیەوە. بەڵام خاوەن دووکانەکە، هێشتا هەر لەسەر خوێندنەوەی سەرگوروشتەی باڵبازانەی خۆی دەڕوات. لە ڕاستیدا، ئیمڕۆ وای لێهاتووە کە دوو ئەوەندەی جاران لەو سەرگوروشتانە بخوێنێتەوە. ئەوەیش لەبەر ئەوەیە کە فرمانی بۆ نەماوەتەوە بیکات. چونکە ماری ئان یارمەتی دەدات ژینێکی باشتر بژی بەنرخێکی کەمتر. ماری هەموو فرمانەکەی گرتۆتە ئەستۆی خۆی، بێگومان ئەنجامی ناگات بەوەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان، ببێتە خاوەن سامان، بەڵام هەر چۆنێک بێ، ژینێکی خۆش و ئاسوودەی بۆ خۆی پێکهێناوە، کە ئەوەیش بەسایەی تێگەیشتوویی و دڵباشی خۆیەوەیە.

ئاخۆ لەبەرچی کە من پایەیەکی وا بڵند دەدەم بەماری؟ لەبەر ئەوەیە کە گوزەرانێکی خۆشی دەست خۆی خستووە، بەهۆی گرتنی ڕێگای ڕاستەوە. لە نزیکترین شوێنەوە دەستی پێ کرد. خۆی شارەزای کاروباری شارەکەی خۆی کرد، لە هەموو سووچێکەوە باری خۆی لێک دایەوە. پاشان کەڵکی لەوە وەرگرت کە دەیزانی. بەڵێ کەڵکی وەرگرت لەوەی کە دەیزانی. نەچووە خەو و ئەندێشەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ببێتە لاساییکەرەوەیەک لە ئەستێرەکانی (هۆلی ود). دەستی نەکرد بەڕاز و گلەیی لە بەختی خۆی، لەبەر ئەوەی کە لە شاری نیویۆرکدا فرمانێکی وای دەست نەکەوتووە کە حەفتەی سەد دۆلار بخاتە گیرفانەکانییەوە. بەڵام لە شوێنی خۆیدا دەستی کرد بەفرمان. بێجگە لەوە ڕەنجیشی دا و تێکۆشا. ئەمە ڕاستە نەکەوتە سەر گەنجینەی ئەڵماس، ڕەنگە تا دەیشمێنێ نەکەوێتە سەری. بەڵام لە پێناوی زێڕ دۆزینەوەدا ئەوەندەی زەوی هەڵکەندووە کە بەشی ژینێکی ئاسوودە پارەی بۆ پەیدا بکات.

***

کۆکردنەوەی وتار و بابەتی زانیاری بەکەڵکی تر، لەگەڵ بەش بەشکردنیاندا، زۆر یارمەتیت دەدەن کە خووی ڕێکوپێک خستنی زانیاریت پێ بگرن. بەڵام هەر ئەمە بەس نییە. پێویستە لە سەروو هەموو شتێکەوە بیر لەوە بکەیتەوە کە دەیخوێنیتەوە. پاشان کۆی بکەیتەوە و بەش بەشی بکەیت. دەبێ لە بیرکردنەوەیشدا قووڵ بێ. چونکە ئەو سەرکەوتنە زوو بەزووییەی کە دەتەوێ لە ژیاندا دەستت بکەوێ، یەکێک لەو شتانەی کە پێویستێتی ئەوەیە کە بەدوای (ڕوو تێکردنی گشتی)دا بگەڕێیت و چاوی تێ ببڕی. لە ڕاستیدا، کەم کەس هەیە پەی بەگرنگی شارەزابوونی تەواو ببات، لە بابەت ئەو گۆڕان و گەشەکردنەوە کە ڕۆژگار ئیمڕۆ لە هەموو ڕۆژێک زۆرتر پێشکەشی مرۆڤوارییی دەکات

لەگەڵ ئەو هەلە تازانەدا کە بابەتی کۆن لەناو دەبەن و گەمەیشی پێ دەکەن. تەماشای گۆڕانی کاروباری ناو شارەکەی خۆت و جیهان بکە.

هەموو دەمێکیش لەبیرت نەچێ کە مرۆڤ ئارەزوو دەکات لە سەربەستی و خۆشگوزەرانیدا بژی. هەموویشمان وامان لێهاتووە کە پارە و توانایییمان کەمتر بەخت بکەین لەپێناو ئەو شتە باشانەدا کە حەز دەکەین دەستمان بکەون. ئەوسا ئەگەر بێ فرمان بیت، هەلت لە دەست ناچێ بۆ فرمانکردن. ئەگەر لە تەنگانەیشدا بیت هەلت لە دەست ناچێ کە ژیانت بەپیتتر و پڕ سامانتر بکەیت. هەر دوو چاوت باش بکەرەوە. هەروەها باشیش گوێ بگرە. بۆت دەردەکەوێ کە جیهان بانگت دەکات. بەختیش دەبێ بەیارت. ئەمەیشت وا بۆ جێبەجێ دەبێ، کە هەموو ڕۆژ، ڕۆژنامەکان بخوێنیتەوە، بەو جۆرەی کە پێشانم دایت. بەڵام دەبێ چی بکەیت تا (ڕوو تێکردنی گشتی) بدۆزیتەوە؟.

***

لە لایەک لە لا ناوازەکانی (ئاڤینوی پێنجەم) لە نیویۆرکدا شوێنێک تەرخان کراوە بۆ کەوڵ فرۆشتن. خاوەنەکەی بەدووربینی و کار دروستییەوە ناوبانگی دەرکردووە، لە بابەت ئەو پۆشەنییانەوە کە لە کەشی دواییدا دەبن بەباو. لە ڕاستیدا ئەم کەوڵ فرۆشە دووربینە، لە هەموو جارێکدا، ئەمەندە زۆرزانی و شارەزایی نواند بوو، ئەوانەی لە پیشەدا بەربەرەکانێیان لەگەڵ دەکرد، سەریان لێی سوڕ دەما. چەند ساڵێک لەمەوبەر، بەربەرەکانێکەرەکان سەیریان کرد وا لە ئاڤینوی پێنجەم بەمەندی و زرنگییەوە چەند کەوڵێکی ناوازە لە خۆیەوە دەفرۆشێ. ئەو کەوڵە ناوازانەی بەنرخێکی وا تێدەگەیشت، کابرای خاوەن کەوڵ، کەوتۆتە تەنگانەیەکی گرنگی سەرمایەدارییەوە. لەگەڵ ئەویشدا ئەو بارمتانەی کە لە بانکەکاندا دایــنابوون، وایان پێشان دەدا کە ئەو لە دەوڵەمەندی و خۆشگوزەرانیدایە. لەوساوە بازرگانە زیرەکەکان پەییان پێ برد کە لە جوولانەوەکەیدا ڕازێک هەیە نایزانن. وا دیارە کابرا چەواشەکردنێکی گەورەی بەدەستەوەیە. لەگەڵ ئەوەیشدا ڕۆژگار هات و ڕۆژگار چوو، بەڵام نە ڕاز دەرکەوت، نە چەواشەکردن هەڵوەشایەوە. ئەوەندەی تر سەریان لە کاروباری ئەو کابرایە سوڕما. نووسەرەکانی لاپەڕەی جلوبەرگ کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا دەیاننووسی، بەسەریاندا تێنەپەڕی کە سەرنجیان لە دڵیاندا نەخش بکەن، کاتێ کە دەیانبینی زۆر بەپێچوپەناوە وەرامی ئەو پرسیارانەی دەداوە، کە لە بابەت جلوبەرگی پاشەڕۆژەوە لێیان دەکرد. خۆی وا پێشان دەدا ناشی و نەشارەزایە. کەچی هەموو کەس هەستی بەوە دەکرد کە زۆر شارەزایە لەو بابەتانەوە.



لەوانەی کە بەتەنگ کاروباری پۆشەنییەوەن، زیرەکەکانیان، دەستیان کرد بەسەرنج دان لە بەرزکردنەوەی نرخی کەوڵ لەم پەڕ و لەوپەڕی جیهاندا. بەسەرسوڕمانێکی زۆرەوە بۆیان دەرکەوت کە چەند کەسێک، نەدیو و نەناسیو، بەنرخێکی بەرزەوە کەوڵی ڕێوی ڕەش دەکڕن. ئەم دەنگە لە پاریسیشدا بڵاو بووەوە. لە هەموو لایەکدا بڵاو بووەوە کە کەوڵی ڕێوی، دەبێتە پۆشەنی باوی کەشی دوایی. تەماشات دەکرد هەموو کەس ئەو جۆرە کەوڵەی داوا دەکرد. ئافرەتانی چینی بڵندیش وا گەشکەداری کەوڵی ڕێوی بوو بوون، ئاخیان هەڵ دەکێشا بۆ ئەوەی چاویان بەبینینی ئەو کەوڵانە ڕوون بێتەوە.

بەڵام کەوڵی ناوازەی ڕەش لە کوێ بهێنن؟ لەپڕ ئەمە ئاشکرا بوو!. هاوڕێکەمان کە لە دووکانەکەیدا بوو، لە ئاڤینوی پێنجەم لە شاری نیویۆرکدا، هەرچی کەوڵی باشی ڕێوی هەبوو بەنرخی گران کڕیبوونی. یەکێک لە نووسەرانی لاپەڕەکانی بەرگ و پۆشەنی لە هاوڕێکەمانی پرسی بوو، کە چی بوو خستبوویە سەر ئەوەی ساڵێکی تەواو بەدوای کەوڵی ڕێوی ڕەشدا بگەڕێ، بۆ ئەمەی بیانکڕێ؟ ئەویش بەزەردەخەنەیەکی پڕ لە ڕازەوە پێی گوتبوو: (زانینی ئەوە زۆر ئاسانە. بەوردی تەماشای (ڕوو تێکردنی گشتی)م دەکرد لە بابەت پۆشەنی کراسەوە. پاشان سەرنجم دا لە هەموو جۆرە کەوڵێک، بۆ ئەمەی هی وا بدۆزمەوە، کە ڕەنگەکەی لەگەڵ ڕەنگی قوماشی باو و ئەو کراسانە و چینەکانیاندا ڕێک بکەوێ. ئیتر بۆ من زۆر ئاسان بوو کە بگەمە ئەو ئامانجە، کە لە کەوڵی ڕێوی ڕەش بەولاوە، هیچ کەوڵێکی تر لەگەڵ باوی کراسی نوێدا ڕێک ناکەوێ).

کابرای ڕۆژنامەگەر ئەوەندە پێکەنینی هاتبوو ددانەکانی دەرکەوتبوون...

– (بەڵێ بەشتێکی ئاسانی دادەنێ ئەو کەینەوبەینەیەی کە لێکۆڵینەوەکەی بیست ساڵی تەواو بخایەنێ. بێجگە لەوەیش سەرچڵییەکی ڕاوکەرانەیش کە ئەم پەڕ و ئەوپەڕی ئەوروپا بگرێتەوە لەپێناو لێکۆڵینەوەی گەشەکردنی پیشەسازی چنیندا هەر بەئاسان دادەنێ!... ئەی لای تۆیش ئاسان نییە؟ وەک پێشبینی ئەنشتاین؟!...).

***

ئەم کەوڵ فرۆشە، تەمەنی خۆی بەخت کردووە لە لێکۆڵینەوەی جۆرەکانی چنراوەکان و شێوە و ڕەنگیاندا. ئەمەیش نەک لەبەر خۆیان بەتەنیا، بەڵکو لەگەڵ بەراوردکردنیاندا لە تەک ئەو جۆرە کەوڵانەدا کە ناسراون لە بازاڕی بازرگانیدا. هیچ لەوەدا گومان نییە، کە لێکۆڵینەوەی وا قووڵ ئەرکێکی یەجگار گرانە. بەڵام ئەو، باکی نەبوو لە ماندووبوون.

دەیویست لەسەر بنچینەیەکی باش، ژیانی خۆی دابمەزرێنێ. سەریش کەوت. لە سامانیش بەولاوەتری دەست کەوت.

ڕەنگە هەناسەیەکی درێژ هەڵبکێشی و پێم بڵێی: بۆچ دەتەوێ ئەم ئەرکە گرانە بخەمە سەرشانی خۆم؟ منیش بۆیەکا شتی وات لێ داوا دەکەم چونکە دەزانم کە دۆزینەوەی (ڕوو تێکردنی گشتی) پێش هەموو شتێک بەختکردنی فرمێسک و خوێن و کاتێکی درێژی دەوێ لەگەڵ ڕەنجی شاندا. لە ڕاستیدا (ڕوو تێکردنی گشتی)ت، بۆ دەرناکەوێ لەو کۆڕەدا کە لێکۆڵینەوەی تێدا دەکەیت، وەک پاداشێک نەبێ کە لە بەرامبەر ئازارێکی بێ برانەوەدا پێت درا بێ. ئەم کاروبارە پێویستی بەبلیمەتییەکی بێ هاوتا نییە. بۆ ئەمەی بەم سامانە نازدارە بگەیت، ئەوەندەت بەسە کە نیاز و توانایی لە خۆتدا کۆبکەیتەوە. بۆ ئەمەی ئەو سەرکەوتنەی هەموو دەمەیشت دەست بکەوێ، هیچی پێ ناوێ جێبەجێی بکەیت، ئەوە نەبێ کە لە هەموو ژیانتدا تاکە جارێک ئەو ڕوو تێکردنە گشتییەت، بەدروستی دەستگیر ببێت.

## ژیانیان بۆ چ لا ناخۆشە؟

– چونکە زۆرتر لە پێویست هۆگری دەبن.

– چونکە هیچ کاتێک تەرخان ناکەن بۆ یاریکردن.

– چونکە پارە کۆ دەکەنەوە و هۆشیان برسی دەکەن.

– چونکە بڕوایان وایە کە بەبێ سامان کامەران نابن.

– چونکە خۆیان بەخت دەکەن لەپێناو ڕەوشت و خووی نەگۆڕراودا.

– چونکە فێر نەبوون بەهونەرمەندییەوە خۆشی لە کاروباری ڕۆژانەی ژیان وەربگرن.

– چونکە لە بالاخانەی هەستی مرۆڤایەتییاندا ناژین، لەژێر خانەکەیدا دەژین.

– چونکە دۆستەکانی کۆنی خۆیان لە دەست چوو، نەیشیان پەرژا دۆستی تازە بگرن.

– چونکە خوویان بەوەرگرتنەوە گرتووە، نەک بەبەخشینەوە.

– چونکە یان ئاوڕ بۆ پاشەوە دەدەنەوە، یان ڕوو بۆ پێشەوە دەکەن. خۆشگوزەرانی ئەو کاتەی تێیدان لە دەست خۆیان دەدەن.

– چونکە ڕێژی تەواوی ئەوە ناتوانن بگرن کە هەیانە. ئەوەیش لەبەرئەوەیە کە چاو هەڵدەهێنن بەو کەسانەدا کە لە خۆیان زۆرتریان هەیە.



## چیت پێ دەکرێ بیکە و تێکەڵی مرۆڤ ببە

٥

چیت پێ دەکرێ بیکە. دەیشتوانی لەوە زۆرتر بکەیت کە بەبیرتدا دێت. ئەو شارەزاییانەی هەتە بەکاریان بهێنە. لەوەندەی بەبیرتدا دێت، شارەزاییت زۆرترە. ڕەنگە هیچ ڕۆژێک ڕستەیەکت بۆ ئەو شارەزاییانەت نەنووسیبێتەوە. وا دیارە خۆیشت هێشتا نەناسیوە. کەواتە ئەو ڕستەیە بنووسەرەوە و کەڵکی لێ وەربگرە. لە ڕستەکەدا ناوی ئەو فرمانانە مەنووسە کە بەبێ تێکۆشانی مەردانە نەبێ نەتوانی بیکەیت. تەنیا ناوی ئەو فرمانانەی تێدا بنووسە کە دەتوانیت بەئاسانی و زرنگی و لەسەرخۆییەوە بیانکەیت.

کامانەن ئەو کار و فرمانانەی دەتوانیت جێبەجێیان بکەیت؟ لە چ کارێکدا دەتوانیت هونەر بنوێنی بەئەندازەیەکی وا کە کار لە دڵی خاوەن فرمان بکەیت؟ ئایا تۆ لە ناشییە خوێرییەکانی، یان لە فرمانبازەکان، یاخود لە خاوەن پیشەکانی؟

ئایا خۆشی لەوەدا دەبینی کە هونەرمەندییەکەت بنوێنی، یاخود هونەرمەندییەکەت بەئاسانییەوە دەنوێنی و خۆشی لێ وەرناگریت؟...

یاخود بەگران پێت دەنوێنرێ، وەڕست دەکا و دڵیشت تەنگ دەکات؟ بەچەند شێوە دەتوانیت نانی خۆت پەیدا بکەیت؟ لام وایە هەر لاوێک تەمەنی گەیشتبێتە هەژدە ساڵان و نەتوانێ پێنج فرمان یاخود پیشەسازی وا بەجێ بهێنێ کە مووچەی بۆ ببڕێتەوە، ئەو لاوە لاوێکی بێ دەسەڵات و ناشییە. دیارە نەخۆش و پەککەوتەکان لەم قسەیە بەدەرن. هەر کەسێکیش بتوانێ دە فرمان لەمانە بکات، بەمرۆڤێکی ئاسایی دادەنرێ. بەڵام ئەوی بتوانێ بیست فرمان بکات، ئەوە شایستەی سەرکەوتنە لە ژیاندا. بەلای کەمەوە خۆت قاڵ بکە لە دوانزە هونەرمەندیدا، بەئەندازەیەکی وەها کە بتوانیت لە بەرچاوی هەمووان بیاننوێنی. کاتێ کە دادەمێنی بۆ کارێک بیکەیت، سەیری ڕستەی هونەرمەندییەکانت بکە بێگومان لەو هونەرمەندییانەدا یەکێکی هەر تێدا دەبێ کە بتخاتە سەر ئەو فرمانەی کە بۆی داماوی. لەبیرت نەچێ هەر کاتێک هەلت دەست کەوت ئەم هونەرمەندییانەی خۆت پێشان بدەیت. مزی ڕەنج داوا مەکە، تاکو دەیچەسپێنیتە دڵی هەمووانەوە کە ئەوەی دەڵێی دەتوانم بیکەم، توانایت هەیە بیکەیت. بەڵام خۆت بپارێزە لە فیشاڵ کردن و خۆهەڵکێشان. وازیش بهێنە لە پێشاندانی نیوە هونەرمەندی. لە سەد حەفتا و پێنج هونەرمەندی ئەم ڕۆژانە خراپترن لەوەی کە هونەرمەندی هەر لە ئارادا نەبووایە. بەربەرەکانێ یەجگار توندوتیژە لە نێوان خاوەن هونەرە پسپۆڕەکاندا لەمڕۆ بەدواوە کەس

لە خاوەن فرمانەکان نادۆزیتەوە، کە بەچینی یەکەمینی هونەرمەندان و پسپۆڕان نەبێ، کار و فرمان بەکەس نەسپێرن. کە هاتوو بۆ هەر فرمانێک زۆرتر لە یەکێک، بەڵکو لە سێ کەسەوە تا دە کەس وەک زۆرجار ڕوو دەدات، خۆیانی بۆ بکوتن، ئیتر بۆچ خاوەن فرمانەکان کاتی خۆیان بەفیڕۆ بدەن لەگەڵ تاکەکانی چینی دووەم و سێیەمدا؟

هیچ گومان نییە لەوەدا، کە ئەوانەی زیرەکن، تێکڕا، لەوانەی نازیرەکن، زۆرتر دەتوانن پشت بەخۆیان ببەستن. ئەو زیرەکانەی ئارەزووی تایبەتی زۆریان هەیە، دەتوانن لە تەنیاییدا دایان بمرکێننەوە. زۆرجاری وا هەیە پێویستییان بەیارمەتییەکی ئەم و ئەوی زۆر نییە. جاران ئەو جۆرە مرۆڤە تەریکانە، کەم بوون. دەیانتوانی لە جیهانێکی پڕ هەلدا کە مرۆڤیان بانگ دەکرد بۆ لای خۆیان و مرۆڤیش ئاگای لێیان نەبوو، خۆیان ببەنە پێشەوە. بەڵام ئیمڕۆ وا نییە. لە هەر کۆڕێکدا بتەوێ پێش بکەوی، دەبێ لەم جیهانەی ئیمڕۆماندا کە تێیدا دەژین، چاوت بکەوێ بەو کەسانەی کە پێویستە بیانبینی.

## بەڵام ئەو کەسانە کێن، کە پێویستە بیانبینی؟

ئەوانە بەجۆرێکی تێکڕایی، ئەو کەسانە نین کە خاوەن بەزموڕەزم و دیوەخانە و کۆمەڵی خودا پێداون. پێویست نییە لەوانەیش بن کە لە فەرمانڕەواییدا پایەیەکیان هەبێ. ئەوانە ئەو کەسانەن کە لەگەڵ ئارەزوو و ئاواتەکانتدا ڕێک دەکەون. ئەگەر دەستت کرد بەلێکۆڵینەوەی پیشەسازی ڕادیۆ، وا بەجێیە کە ناسیاوی لەگەڵ ئەو مامۆستای فیزیایەدا پەیدا بکەیت کە لە نزیکترین زانستگای شارەکەی خۆتەوەیە. ئەگەر خۆت خەریک کرد بەپەروەردەکردنی مریشکەوە و، ویستت قەڵەوتر و بەهێلکەتر بن، وا پێویست دەکات گەشتێکی بۆ بکەیت بۆ زانستگایەکی کشتوکاڵی دوور، بۆ ئەمەی بیروباوەڕی مامۆستای پەلەوەری ماڵی لەو بابەتەوە تێبگەیت. ئەوەی پێویست بێ، هەموو دەم، ئەوەیە کە ناسیاوی لەگەڵ ئەوانەدا پەیدا بکەیت کە شارەزای ئەو کار و فرمان و پیشەیەن کە دەتەوێ خۆتی پێوە خەریک بکەیت. هەروەها لەگەڵ ئەوانەیشدا کە ناوبانگیان دەرکردووە بۆ ئەمەی لەپاشدا یەک بەیەکیان ببینی و لە زانست و شارەزاییان کەڵک وەربگری.

ڕەنگە هەرە گەورە چاکەی زانستگاکان ئەوە بێ، کە ماوە بەشاگردەکان دەدەن کۆببنەوە لەگەڵ پسپۆڕە بەناوبانگەکانی هەموو جۆرە زانستێکدا. چاکەی دوای ئەویش ئەوەیە کە دەتوانی لەگەڵ هاوڕێکانتدا تێکەڵی بکەی کە هەموو وەک تۆ لاون و خەریکن لە زیانیاندا ڕێگا دەبڕن بۆ ناو دەرکردن و سامان پێکەوەنان، لە بابەت ئەو پیشەیەوە کە تۆ



دەتەوێ بیگری. لە ڕاستیدا شاری گەورە لەمەدا لە شاری بچووک چاکترە. لەوەدا بابەتی زانست و فێربوون پترە. لە ڕاستیدا تۆ پێویستیت بەمەشقکردن هەیە لەو زانستەدا کە دەتەوێ فێری ببی، یاخود لەو پیشەسازییەدا کە دەتەوێ نانی پێ پەیدا بکەیت. ئەم جۆرە مەشق کردنەیش پێویستی بەوە هەیە کە ئاگات لە گیروگرفتی فرمان و پیشەکەت بێ و تێکەڵی لەگەڵ پیاوەکانیاندا بکەیت. ئەمە ڕاستە کە تۆ دەتوانیت زۆر شت بەتێکۆشینی خۆت فێر ببی، بەڵام زۆر بابەتی تر هەیە لە گۆڕان و گەشەکردنی زانست و پیشەسازیدا، دەبێ حەفتە بەحەفتە و ڕۆژ بەڕۆژ لێیان دوور نەکەویتەوە. ئەمەیشت کاتێک بۆ دەچێتە سەر، کە ناسیاوی لەگەڵ ئەوانەدا پەیدا بکەیت کە سەرکەوتووی ئەو کۆڕەن. هەروەها تێکەڵییشیان لەگەڵدا بکەیت. بام ئەوەیش لەپێناو وەرگرتنی زانیارییەکەیاندا بێ، پاشان بۆ کەڵک وەرگرتن لە دەسەڵاتیان. لایشم وایە کە دۆستایەتی خاوەن دەسەڵات زیانی نییە. لە ڕاستیدا، تاقیکردنەوەی زانستی دەری خستووە، کە بەختت لە دەستکەوتنی فرمانی پەسنددا بەپێی ئەم شتانەی خوارەوەیە:

١- ژمارەی دۆستەکانت.

٢- ژمارەی دۆستەکانی ئەو دۆستانەت.

٣- ئەندازەی یارمەتیدانی هەر دۆستێک لەو دۆستانەت.

٤- ژمارەی ئەو کەسانەی کە هەر دۆستێک لە دۆستەکانت کاریان تێ دەکەن.

هەروەها لەو لێکۆڵینەوانەدا کە لە یەکێک لە خاکە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا کراون، دەرکەوتووە، کە لە هەر دە لاوێکی بێ کار و فرمان، حەوت لاوی فریان بەسەر هیچ کلێسەیەکەوە نییە. هەروەها لەگەڵ هیچ یانە یاخود ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتیدا ئاشنایەتییان نییە. هەموویان لە ماڵ دەخزێن بەتەنیایی. تێکەڵ بەکەس نابن. لەگەڵ کەسیشدا گفتوگۆ ناکەن. ئەم جۆرە تەنیاییبیە، دەردێکی گرانە، بۆ ئەم دەمەی تێیدا دەژین دەست نادات. لەوانەیە کە نەهێڵێ خاوەنەکەی سەر بکەوێ، مەگەر زۆر بلیمەت بێ. جا لەبەر ئەوە بەپێویستی دەزانم کە ڕێگات پێشان بدەم ئەگەر لەوانەی کە بیر لەوە دەکەنەوە چی بکەن بۆ ئەمەی فرمانێکی باشیان دەست بکەوێ–ماوەی دەسەڵاتی خۆت دیاری بکە:

– چەند دۆستت هەیە؟

– هەر یەکێ لەو دۆستانەت چەند دۆستیان هەیە؟

– تا چ ئەندازەیەک ئەو دۆستانەت ڕاهاتوون یارمەتیت بدەن؟

لەگەڵ خۆت سەر ڕاست بە. ئەگەر خۆت دی کەموکوڕیت هەیە لە کۆڕی دۆستایەتیدا، هەر وا بزانە کە جەنگاوەرێکی و دەچیتە کۆڕی شەڕەوە، بەڵام چەکت نییە!.

## هەست بەکەموکووڕی کردن

نوسەری: پزیشک ولیەم والش

* پشت بەخۆبەستن هەزار ئەوەندەی هەست بەکەموکووڕیکردن چاکترە...
* ئەم جۆرە هەستە، زیرەکی و توانایییت کەم دەکاتەوە...
* ژیان لە تۆ و لە هەموو نەخۆشێکی تر تاڵ دەکات...

ئەم نووسراوە، بەدڵ بخوێنەرەوە و تا سەریش لەو دەردە کاریگەرە خۆت ڕزگار بکە...

لە ڕیزە نووسراوانی زانستی خۆناسین. ساڵی: ١٩٦٤

## پێشەکی

زۆرجاری وا هەیە، هەستکردن بەکەموکووڕی، لە لاوە کار دەکاتە سەر سروشت و، ڕەوشت و، کامەرانی و سەرکەوتن لە ژیاندا. چەند ساڵێکیش لەمەوپێش زاناکان، لەم کاریگەریی هەستکردن بەکەموکووڕییە، تێگەیشتن. بەڵام (ئەلفرێد ئەدلەر)ی پزیشک و زانای خۆناسینی نەمسەیی و باوکی زانستی خۆناسینی تاکوتەرا،[1] لەپێش هەموو کەسێکدا، گرنگیی ئەو هەست پێکردنەی خستە بەرچاو و، بەڵگەیشی دۆزییەوە کە پەلوپۆی زۆر لێ بۆتەوە. ئیتر لەوساوە، ئەم بابەتە، کەوتە ناوەوە، بۆ لێکۆڵینەوە و تێگەیشتنی. گەلێک نووسراویشی لەسەر نووسراوەتەوە. لە ڕاستیدا (هەستکردن بەکەموکووڕی) یاخود (گرێی کەموکووڕی) وای لێ هات کە ببێتە نەخۆشییەکی ناسراو، هەر لە زووەوە بەشێکی زۆر لە سەرکردەکانی بیروباوەڕ، لێی دواون و لەسەریان نووسیوەتەوە.

لەگەڵ ئەوەیشدا کە ئەوانەی بەزمانپاراوی و درێژەپێدانەوە، لە بارەی (گرێی کەموکووڕی)یەوە قسە ئەکەن، یەجگار زۆرن، بەڵام گومانی تێدایە، کە قسەکانیان لە تێگەیشتنێکی تەواو بەواتایان و پەی بردنێکی پوختە بەگرنگییانەوە بێ... جا لەبەر ئەوە، پێویستە ئەم گرێیە بەتەواوەتی لێکۆڵینەوەی تێدا بکرێ، تا لە هەموو سووچێکەوە شارەزایی تێدا پەیدا بکرێ و ڕاستییەکەی دەربخرێ.

(١) علم النفس الافراد.



## بنچینەی هەستکردن بەکەموکووڕیی

٢

هەموومان پەیمان بەوە بردووە[1] کە ژیان بریتییە لەو ڕەنجدانە بێ بڕانەوەیەی لە پێناو گەیشتن بەکامی خۆماندا دەیدەین. هەروەها پەیمان بەوە بردووە کە بازرگانیی ژیان، تایەت، لەگەڵ ڕۆژگاردا، پەلە پەل و گرێی تێدەکەوێ. هەروەها ڕەنجدان لە پێناو دەستکەوتنی نانی ڕۆژانەدا، بەتەنیا نایەت بەتینتر و سەختتر و پڕ گیروگرفتتر دەبێ. کەواتە، ئەگەر بمانەوێ بەدڵێکی پڕ هیواوە بچینە کۆڕی ئەم بەربەرەکانێیەوە، یاخود ئەگەر بمانەوێ وەک زۆربەی کەسانی تر، ئێمەیش خۆشی لە گیان و سامانی ناوژیان ببینین، وا چاک و بەجێیە کە ئێمەیش خۆمان بخەینە ڕێزەی ئەوانەوە و لەگەڵ ئەوانیشدا لە یەک بارستاییدا بژین. بەڵام ئەگەرهاتوو - لەبەر بێ بەختیمان - لەوانە جیاواز بووین، یاخود جوێ بووینەوە؛ یان وامان هاتە پێش چاو، کە جیاوازین لەوان، یان لێیان جوێ بووینەتەوە؛ سا لە هەر ڕوویەکەوە بێ، ئەو کاتە ئێمە لە بارێکی نالەباردایین و ناهەموار. ڕەنج و کوێرەوەریمان زۆرتر دەبێ ببێ، ئەو ئەرک و ئازارەیش کە لەپێناوی گەیشتن بەئامانجماندا دەیخەینە سەر ئەستۆی خۆمان، تووشی سەرنەگرتن و هەناسەساردی دێ. هەروەها دووریش نییە کە تووشی خەم و خەفەت و دڵتەنگی بێین، بەهۆی ئەو سەرنەکەوتن و سەرگەردانییەمانەوە کە خۆی دەدات لە کەسایەتیمان و سەربڵندیمان بریندار دەکات، یاخود بەهۆی ئەو ترسەوە کە دەیکەین لە دەستنەکەوتنی ڕێزگرتنی کەسانی تر.

ئەوەیش ئاشکرایە کە کەس نییە بتوانێ هەموو شتێکی دەست بکەوێ، یان بتوانێ هەموو فرمانێک بەباشی ڕاپەڕێنێ. هەروەها کەسیش نییە هیچ شتێکی پێ نەبرێتە سەر. ئێمەیش، زۆرجار دراوە بەگوێماندا کە یەکسانی لە ناوەند نەوەی ئادەمدا، بەخششێکی سروشتییە، هەر لە منداڵییەوە پێیان دەدات کەچی لە ڕاستیدا، ئەم یەکسانییە، چ لە بارەی زرنگکارییەوە بێت، چ لە هەر بارەیەکی ترەوە بێت، ڕووی نەداوە و ڕوویش نادات. تەنیا ئەوەی لێ دەرچێ کە لە ماوەیەکی زۆر کەمی تافی سەرەتایی منداڵیدا ئەو یەکسانییە هەیە، ئیتر هەر کامێکمان بگریت دێتە بەر ڕووی ئەم ڕاستییە: کە هیچ کامێکمان لە یەکتر ناکەین نە لە زیرەکی و تێگەیشتندا، نە لە چالاکی و

(١) بەمانا: دەرکمان بەوە کردووە.

توانایییدا. ئەمەیش جاری وا هەیە بۆ هەمووومان باشە، جاری وایش هەیە بۆمان باش نییە.

جا لەبەر ئەم هەموو جیاوازییانە کە تا سەر نابڕێنەوە، هەروەها لەبەر ئەوە کە هەر لە منداڵیمانەوە، دەمانەوێ بەدڵ، لە چینی ناوونجی مرۆڤ بەرزتر ببینەوە و، لە سەروو ئەوانەوە دابنرێین... جێی سەرسوڕمان نییە، کە هەر کامێکمان بگریت، سەردەمێکی وای هەبووە، کە تا ئەندازەیەکی گەورە، بەئازارێکی زۆرەوە هەستی بەوە کردووە، کە زۆر بەرهەڵست لە بەردەمیدا پەیدا بووە، ناهێڵن پێش بکەوێ، هەروەها زۆر شتیش هەیە دەستی ناکەوێ، چونکە لە هێز و توانایییدا نییە دەستیان بخات. ئەم بیرکردنەوانە، هەموودەم دەبنە سەرچاوەی دڵتەنگی و خەموخەفەت. چونکە ئەو بەرهەڵستانە ناهێڵن بەکامەکانی خۆی بگات، پاشەجار وا دێتە پێش چاوی کە لە جاران سووکتری لێ هاتووە، یاخود لە لای ئەم و ئەو کەمتر ڕێزی لێ دەگیرێ. لە ڕاستیشدا، ئەمە زۆر شتێکی ئاساییە، کە هەموو کەس لە کەموکووڕیی خۆی تێ بگات. هیواداریشین کە لەمەولا ئەوە دەربخەین، کە کەس نییە بێ کەموکووڕی بێت، هێشتا کەسی وایش پەیدا نەبووە، کە ژینی، بەجۆرێک لە جۆرەکانی کەموکووڕیی، بەچاک یان بەخراپ کاری تێ نەکرا بێ.

ئەو شتانەیش کە هەستکردن بەکەموکووڕیی لێ پەیدا دەبێ، زۆر بابەتی لە یەک جیاوازن. ڕەنگە: هەستکردن بەکەموکووڕییەکە بەهۆی کەموکووڕییەکەوە پەیدا بوو بێ. کە لە هۆش یان لە لەش یان لە بیروباوەڕ یاخود لە کۆمەڵایەتیدا دەرکەوتبێ. ماوەی کار تێکردنی ئەم هەستەیش لە بیروباوەڕی مرۆڤەکە و ڕەوشتی و کەسایەتی و سەرکەوتنیدا لە ژیانیدا بەندە بەگەلێ هۆوە. هەرە گرنگەکەیان ئەوەیە کە چەند: دەروونی پێی دەوروژێ یاخود دەخرۆشێ، هەروەها ئەوەیە کە تا چ ئەندازەیەک دەروونی لەگەڵ ئەو هەستەدا ڕێک دەکەوێ و دەسازێ.

دوور نییە کە ئەم هەستە، لە کەموکووڕییەکی ڕاستەقینەی واوە پەیدا بوو بێ، کە لە بەرچاوی نەخۆشەکە خۆیدا، هەروەها لە بەرچاوی کەسانی تریشدا بەکەموکووڕییەکی گرنگ دانرا بێ. یاخود لە بەرچاوی کەسانی تردا، بەکەموکووڕییەکی پڕوپووچ، بەڵام لەپێش چاوی خۆیدا بەکەموکووڕییەکی گرنگ دانرا بێ ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە: زۆرجاری وا هەیە، کە مرۆڤەکە بەتەنگ بەرهەڵستێکی گەورەی گرنگەوە نییە و باکی لێی نییە، کەچی بەهۆی کەموکووڕییەکی زۆر پڕوپووچەوە، تووشی شڵەژان و پەشۆکاوییەکی تەواو دەبێ. جاری وایش هەیە، هەست بەکەموکووڕی کردن زۆر کاریگەر



دەبێ، بام لە پەژارەیی و ئەندێشەیشەوە پەیدا بوو بێ، جاری وایش هەیە یەجگار کاریگەر دەبێ، کاتێ کە ئەو بنچینەیەی لەسەری دامەزراوە هەڵدەگیرێ، یاخود ئەو هۆیانەی ئەو هەستە دەوروژێنن، لەبیر دەچنەوە. ئەوەندە هەیە، لە زۆر باردا، هەست بەکەموکووڕیکردن، تەنیا بریتییە لە خوویەکی بیرکردنەوە، یاخود بارێکی هۆشی وا کە هیچ بنچینەیەکی نییە لەسەری دامەزرا بێ.

منیش وای بەچاک دەزانم، کە لێرەدا دان بەوە دابنێم، کە هەست بەکەموکووڕی کردن، وەنەبێ خۆی لە خۆیدا شتێکی جیاوازی دوور بێ لە سروشتی مرۆڤایەتییەوە، هەروەها نایشبێ ببێتە هۆی پەشۆکان و خەموخەفەت. هەروەها پێویستە ئەوەیش دەربخەم، کە کەموکووڕییەکە خۆی گرنگ نییە و کاریگەریش نییە. بەڵام ئەوی گرنگ و کاریگەرە ئەو دەروون وروژانەیە کە لەپاش هەست کردن بەو کەموکووڕییە پەیدا دەبێ. زۆرجاری وایش هەیە کە هەستێکی بەهێزی وا دەبەسترێ بەبیرێکی واوە کە بێ بنچینەیە، یاخود بنچینەیەکی چرووکی هەیە، کەچی ڕەوشتی وای لێ وەدەردەکەوێ و دەوەشێتەوە، کە تا ئەندازەیەکی گەورە دوورە لە گرنگیی ڕاستەقینەی بیرەکەوە.

ئەو کەسەی هەست بەکەموکووڕی دەکات، ئەو کەسەیە کە شەرم دەیگرێ لەوەی کەمایەتییەک لە خۆیدا دەبینێ، یاخود بڕوای وایە کە کەمایەتییەکی تێدایە، ئەوەیش وای لێ دەکات کە لە شێوەیەکی ناپەسنددا لە کەسانی تر جیاواز بمێنێتەوە. جا لەبەر ئەوە زۆر جۆرە بیر هەیە کە دەبەسترێنەوە بەو هەست بەکەموکووڕیکردنەوە، وەک ترس لە ڕێک نەکەوتن، یان لە سەرنەکەوتن، یان گەلێک بیرەوەریی تر کە ئەگەر وریا بکرێنەوە ئەوەندە دەروونی نەخۆشەکە دەوروژێنن، وەک هەست بەکەموکووڕییەکە خۆی بکات، وای لێ دێ. بۆ وێنە: کەسێکی وا دەهێنینەوە کە لەشی لەلایەکەوە ناشیرین بوو بێ و حەز بکا بیشارێتەوە لەم و لەو تا نەبینرێ. ئەو کەسە دەبێتە نێچیرێکی پشم و قین و دڵپیسی بەهۆی ئەو پرسیارانەوە کە لە بابەت کەسایەتیی خۆیەوە لێی دەکرێ، بام پرسیارەکان زۆر کەم بایەخیش بن، یان لە کاتێکدا بن کە لە جێی خۆیاندا بووبن. ئەمەیش ئەوە دەگەیێنێ، کە ئەو کەسە ترسی هەیە لەوەی کەموکووڕییەکەی لەشی پێ بزانرێ.

جاری وا هەیە گرێی کەمایەتی تا سەر لە مرۆڤدا کاری خۆی دەکات. جاری وایش هەیە، ناو بەناوێک نەبێ کاری تێناکات. جاری وا هەیە مرۆڤەکە بەتەواوەتی ئاگای لێیەتی چی دەکات. جاری وایش هەیە ئاگای لێیەتی بەڵام بەناتەواویی. جاری وایش هیچ هەستی پێ ناکات.

جا لەبەر ئەوەی، هەستکردن بەکەموکووڕیی بەلای کەسەوە بەشتێکی خۆش دانانرێ، تێکڕا هەموو کەسێک حەز بەدەمکوتکردنی دەکات. بەڵام کارتێکردنی ئەم دەمکوتکردنە، بەپێی مرۆڤ دەگۆڕێ، ئەمیش بەندە بەتوندیی گرێکەوە لەو کەسەدا کە هەیەتی و ئامادەیی ئەو کەسە بۆ گرێ پەیدابوون لە دڵیدا. وا خەریک دەبین لەمەودوا، لە شێوەکانی ڕێککەوتن و، ڕاستکردنەوە و، جێگرتنەوە، کە ڕەنگە لەم جۆرە بارانەدا پەیدا ببن، بکۆڵینەوە.

## پوختەی وتراو

١- بزانە کەس نییە بتوانێ هەموو شتێک پەیدا بکات و هەموو شتێکیش بەباشی ڕاپبپەڕێنێ.
٢- ئەو کەسەی هەرگیز لە ژیانیدا، جۆرە کەموکووڕییەک، کاری چاک یان خراپی تێنەکرد بێ، نەهاتۆتە جیهانەوە.
٣- هەستکردن بەکەموکووڕی، شتێکی سوروشتییە، لە هەموو کەسدا هەیە.

## شێوەی ڕێککەوتن و ڕاستکردنەوە و جێگرتنەوە

٣

ڕەنگە ئەو ڕێگەیەی دەیگرین بۆ ئەمەی بگەین بەچاکترین ڕاستکردنەوەی ئەو شتانەی لێیان بەگلەییین، ئەوە بێ کە زۆر بەتەنگ لێکۆڵینەوەی (کەمایەتی)یەوە بین و بایەخ بەتێگەیشتنی بدەین. جارێ لەپێش هەموو شتێکدا پێویستە دان بنێین بەوەدا، کە جۆرێک لە جۆرەکانی کەموکووڕیمان تێدایە، ئنجا بەمەندی و بێ دەنگییەوە دەست بکەین بە شیکردنەوەی.

دووەم: پاش ئەوە بەچاوێکی تێگەیشتووانە و لێکدانەوەیەکی پاک و بێ لایەنگیرییەوە، چارەی بۆ بدۆزینەوە.

ئەگەر هاتوو کەموکووڕییەکە، گرنگ نەبوو، یاخود زاڵبوون بەسەریدا لە وزەدا نەبوو، پێویستە نەخۆشەکە لێی بگەڕێ، بۆ ئەمەی بتوانێ خۆشی وەربگرێ لە فرمانێکی وا کە دڵی کێش بکاتە سەر جێبەجێکردنی و خۆ پێوە خەریککردنی.

ڕاستکردنەوەیش بەهۆی (ملکەچی: تسلیم)یەوە بەرامبەر کەموکووڕییەکە، دەتوانرێ بەسایەی بیرکردنەوەیەکی ڕاستی پەرستانەوە، ئاسان بکرێ.



بەم ڕەنگە مرۆڤەکە دەتوانێ، بەهۆی بینینی هەموو شتێکەوە لە بەرگی ڕاستیی خۆیدا، دڵی خۆی وا بداتەوە: کەسانی وایش هەن کە لە خۆی سەرگەردانترن، هەروەها بیهێنێتە پێش چاوی خۆیشی کە هەموو کەسێک تووشی لێ قەوماویی و کارەساتی ناهەموار دێ لە ژیانیدا. زۆریتری وایش هەن کە کەموکووڕییەکانی تر شپرزەی کردوون. هیچ کەسێکیش نییە کە بتوانێ لە هەموو شتێکدا تەواو بێ. زۆرجاری وایش هەیە کە گیروگرفت دەبێتە هۆی چاکە و فەڕ بۆ پیاو، بام لە بەرگی ئەرک و ئازاریشدا خۆی پێشان بدات. دوور نییە مرۆڤەکە، بەهۆی خوێندنەوەی نووسینی پیاوە زرنگەکانەوە و، ژیننامەی گەورەپیاوانەوە کە لەو جۆرە کەموکووڕییانەیان تێدا هەبووە، خۆشی بەدڵی بگات و، ئارامیش بەگیانی بگات.

جا ئەم جۆرە ڕاستکردنەوەیە، کاتێک بەکار دێ، کە کەموکووڕییەکە گرنگ نەبێ، یاخود نەهێڵانی لە وزەدا نەبێ. لەگەڵ ئەمەیشدا دەبێ بزانین، کە هەموو کەس خاوەنی مەندی و بێ دەنگی و نرخ زانیی نییە تا بتوانێ لەم شێوەیەدا، ڕاستکردنەوەی هەست بەکەموکووڕیکردنەکە بباتە سەر. بەڵام ئەگەر هاتوو کەموکووڕییەکە لەوانە بوو چارەی بکرێ، بێ گومان ئەم جۆرە ڕاستکردنەوەیە، لەوانەیە بەرپەرچ بدرێتەوە.

ئێمە ئەگەر هیچ بەرهەڵستێک نەهاتایە پێش دەممان، یاخود ئەگەر پێویست بووایە بەهەموو کەموکووڕییەکی خۆمان بێ دەنگ بین، ئەوساکە نە کەس پێش دەکەوت لە ژیاندا، نە هیچ کۆمەڵێکیش، مەگەر پێشکەوتنێکی سستی زۆر کەم نەبێ. لەگەڵ ئەمەیشدا پێویستە پێی لێ بنێین کە ئەم ڕاستکردنەوەیە، تا ئەندازەیەکی گەورە بەکاری کامەرانیی مرۆڤ دێت. جا ئەگەر کامەرانیی مرۆڤ بکرێ بەئەندازە، ئیتر هیچ کەسێک ڕایەی ناکەوێت بەرپەرچی بداتەوە.

زۆر کەسی وایش هەن، لەباتی ڕاستکردنەوە، لە لێپرسینەوە هەڕا دەکەن. ئەگەر هاتوو دانیان بەوە دانا، کە کەموکووڕییەکیان تێدایە، بە نابەدڵ دانی پیا دەنێن. ئەوانە لەجیاتی ئەوەی بێ باکانە، ڕووبەڕووی کەموکووڕییەکەیان بوەستن، تا چارەیەکی کاریگەری بۆ بدۆزنەوە، دەیانبینیت، ئۆباڵی کەمایەتییەکەیان دەخەنە سەر ئەستۆی کەلەپووری باوباپیریان[١]، یاخود یەکێک لەو نەخۆشییانەی کە تووشیان بووە، یان دەست نەکەوتنی هەل، یان کارەساتی ڕۆژگار کە دەسەڵاتیان بەسەریدا نەشکاوە...

(١) لێرەدا مامۆستا (کەلەپوور)ی بۆ مەبەستی (بۆماوە – وراثە) بەکارهێناوە.

ئەم دەروون بزووتنە، لە ڕاستیدا، بریتییە لە لەسەرخۆکردنەوە و پاکانە بۆ خۆکردن. مەبەس لەوە ئەوەیە، کە بەهۆی پێشاندانی بیانووی بێ دەسەڵاتی و بێ کارەییەوە، ئەو کەسایەتییەی کە بریندار کراوە، برینی سارێژ بکرێتەوە. ئەمەیش هۆیەکە بۆ ڕزگاربوون لە توانج و پلار تێگرتنی کەسانی تر و بەدگۆییان، هەروەها هۆیەکیشە بۆ پاراستنی ڕێز لەناو کۆمەڵدا.

ئەوەیش ئاشکرایە، کە ئەم جۆرە ڕاستکردنەوەیە توانجی تێدەگیرێ. چونکە هیچ تێکۆشانێکی تێدا نییە بۆ تاقیکردنەوەی ڕاستی، یاخود بۆ چاککردنەوەی ئەو شتەی کە ئامادەیە بۆ چاککردنەوە. پاش ئەوە، لە مرۆڤیشدا خوویەکی ناپەسند و خراپ پەروەردە دەکات، کە ئەویش بریتییە لە هەڕاکردن لە لێپرسینەوەی کەموکووڕی کەسایەتی.

زۆر کەسی وایش هەن کە خەریک دەبن بیرەوەریی کەموکووڕی ناخۆش بشارنەوە و دەری نەخەن، یان بیرەکە بێ هێز بکەن. ئەویش لە شێوەی چیرۆکی (ڕێوییەکە و بەرسیلەکە)دا. بۆ وێنە: ئەوانە دەڵێن: ئێمەیش یەکێکین وەک هەموو کەسێک، ئەوەی کەسانی تر لە ئێمەدا بەکەموکووڕیی دادەنێن بایەخی نییە، ئێمەیش نامانەوێ لە کەسانی تر جیا ببینەوە. دەمانەوێ لە هەموو شتێکدا وەک ئەوان بین. ئەوانە زوو هەست بەهەڵەی کەسانی تر دەکەن و ئابڕوویان دەبەن، هەموودەم دەیانەوێ سووکی کەسانی تر پێشان بدەن و سووکیان بکەن. جاری وا هەیە بەرەنگاری کەسایەتییان دەبن، جاری وایش بەرەنگاری کردەوە و کاریان دەبن. ئەو جۆرە کەسانەن کە چینی توانج تێگر و بێ ئابڕوو و، چەنەباز و، سەرنەکەوتوو و، قسەهەڵبەست و ئابڕووبەریان لێ پەیدا بووە.

ئەوانە بێ گومان هەر بۆ ئەوە تێدەکۆشن کە کەموکووڕییەکەیان کەمتر ئازاری ببێ. ئەوەیش بەم جۆرە: ئەوەی حەز دەکەن بیانبێ، لە نرخی کەم بکەنەوە، بۆ ئەوەی ڕێزی خۆیان بپارێزن، خەریکی ئەوە دەبن کە خۆیان بخەنە سەر ئەو باوەڕەی کە هاوڕێکانیان لەوان بڵندتر نین. ئەوەندەیش بەئاواتی خۆیان نەگەیشتوون. خۆ ئەگەر بەئاواتی خۆیشیان گەیشتبن لە سایەی توانایی و کارگوزاریی خۆیانەوە نەبووە، بەڵکو بەهۆی یارمەتیی کەسانی تر و بەختیانەوە بووە لەگەڵ هەندێ هۆی تردا.

پێویست بەگوتن ناکات کە بڵێین ئەم شێوەیە ناپەسندە. لە ڕاستیدا، مەگەر هەر دڵدانەوەیەکی کزی لێ پەیدا ببێ، کە ئەویش ئەنجامی بەسەرنەکەوتن و سەرگەردانی دەگات. چونکە ئەو بیانو و بەڵگە هیچوپووچانەی لەم شێوەیەدان، ناتوانن کەموکووڕییەکە لاببەن، یان لە ئەرک و ئازارەکەی کەم بکەنەوە، هەروەها نایشتوانن کونێک بۆ پیاو



بدۆزنەوە کە لە گیروگرفتەکەی خۆی دەرباز بکات. ڕەنگە ڕاستکردنەوە بەهۆی زاڵبوونەوە بەسەر گیروگرفتدا، زۆرتر پەرەی سەند بێ لە شێوەکانی تر، بێ گومان ئەم شێوەیە کە بووەتە هۆی پێکهێنانی زۆر کردەوەی گەورەمان و زۆر ئاواتی بڵندمان. لە ڕاستیدا ئەگەر هەموو کەسێک لە هەموو شتێکدا وەک یەک بووایە، هیچ پێشکەوتنێک ڕووی نەدەدا.

ئەوە هەر لە سایەی هەستکردن بەکەموکووڕیمانەوەیە، کە وریا دەبینەوە و هەڕەت دەدەینە خۆمان، بۆ ئەمەی خۆمان پێشتر بخەین لە کۆڕی لەش و هۆش و، کۆمەڵایەتی و پیشەوەریدا. هەروەها بۆ ئەمەی لە هەموو ڕوویەکەوە کردەوەی گەورە و بڵند پێک بهێنین. هەر کاتێکیش کەموکووڕی بەسترایەوە بەبەرهەڵستێک یاخود بەپێویستییەکەوە، ئیتر زۆری پێ ناچێ کۆششێکی وا دەهێنێتە کایەوە کە مرۆڤەکە بڵند دەکاتەوە بۆ پایەی وەها گەورە و بەرز، کە ئەگەر ئەو پەیوەندییە پەیدا نەبووایە، هەر بەبیریشیدا نەدەهات کە پێی بگات.

بۆ وێنە: لاوێکی هەژار دەهێنینەوە، کە بەهەموو هێز و تواناییەکیەوە تێ بکۆشێ لە پێناو خوێندەوارییدا. ڕەنجی ئەو لاوە، لە ڕاستیدا، زۆرترە لە ڕەنجی لاوێکی بەناز و جیاز. لەبەر ئەوە ماوەیەکی زۆریش پێشی لاوە دەوڵەمەندەکە دەکەوێ، بام لاوە دەوڵەمەندەکەش وەک ئەو هۆگری خوێندەواری بوو بێت و ڕەنجی تێدا دابێت.

ژیننامەی زۆر گەورەپیاوانیش، بەڵگەی گەورە گەورەمان پێشان دەدەن، لە بارەی تۆڵەکردنەوەی ڕاستە و ڕاستی کەموکووڕییەوە. (ڕۆزڤەلت)،[1] یەکێک بوو لەو لاوە لاوازانەی، کە توانی زاڵ ببێ بەسەر کەموکووڕییەکانی لەشیدا، سەیر ئەوەیە، کە زۆر لە پاڵەوانەکانی وەرزشی ئەم سەردەمە، کە ناوبانگیان هەموو لایەکی گرتۆتەوە، لە کاتی خۆیدا، لەش لاواز و پەککەوتەبوون.

خۆ کە بێینە سەر مێژووی ژیانی (لینکۆلن)،[2] ئەوە هەر بەجارێک سەرمان سوڕ دەمێنی لەو سەرکەوتنە بێ هاوتایەی کە دەستی کەوتووە، بەو هەموو هەژاری و

(١) فرەنکلین دیلانو رۆزفیلت (١٨٨٢ - ١٩٤٥) سی و دوومین سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو. لە ١٩٣٣ - ١٩٤٥، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە جەنگی دووەمی جیهانیدا.

(٢) ئەبراهم لینکۆلن (١٨٠٩ - ١٨٦٥) لە ساڵی ١٨٦٥دا سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو، تێدەکۆشا بۆ نەهێشتنی کۆیلەیەتی لە وڵاتەکەیدا و ڕزگارکردنیانی کردبووە ئامانجێکی سەرەکی لە ساڵانی سەرۆکایەتییەکەیدا. بەدەستی یەکێ لە توندڕەوەکانی سەر بەپەیڕەویی کۆیلایەتی و چەوسانەوەی قولەڕەشەکان، تیرۆر کرا.

سەرگەردانی و سەرنەکەوتن و خەموخەفەت و بەش براوییەیەوە لە خوێندەواری و پەروەردەکردندا.

بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا زۆر کەس شارەزای ئەم جۆرە هەڵکەوتانەن، کەچی زۆریان پەی بەوە نابەن، کە زۆربەی ئەو کەسانەی چالاکی و کارگوزاری دەنوێنن لە هەندێ کۆڕی ژیاندا، هۆیەکەی ئەوەیە کەموکوڕییان هەیە. بەڵام ئێمە، گەلێک کەسی وا دەناسین، کە بەهۆی هەست بەکەموکوڕی کردنیانەوە، دڵیان کردۆتەوە بۆ پڕشنگەکانی ئایین، تاکو ڕەوشتە نەنگەکانیانی پێ ڕاست بکەنەوە. هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە پزیشکەکان دەناسین، بەتایبەتی پسپۆڕەکانیان، کە بۆیەکا هۆگری پیشە و هونەرەکانیان بوون، تاکو کەموکوڕییەکانی خۆیانی پێ داپۆشن و کەسایەتیی خۆیانی پێ بڵند بکەنەوە.

بەڵام ئارەزووی یاریدەدانی کەسانی تر، لە ڕاستیدا، پاش ئەو ئارەزووە دەکەوێ. بەجۆرێکی تێکڕایی، دەروون بزووتنی ڕاستە و ڕاست شتێکی بەکەڵکە. بەڵام پێویستیشە ئەوە بڵێین کە ئەوە، هەمووەدەم ژیرانە بەکار ناهێنرێ. چونکە زۆرجاری وا هەیە، بەتەنشت هەستکردن بەکەموکوڕییەکی بچووکەوە دێتە کایەوە، کە لە ئەندازە دەردەچێ. ئەویش بەهۆی چەندوچوونێکی پڕوپووچەوە پەیدا دەبێ لەناو مێشکدا، یاخود ئەو کەموکوڕییانە ئەوەندە بەهێز و هەڕەتەوە دەروون دەبزوێنن، کە ماوە نادەن چەندوچوونێکی باش لە مێشکدا پێک بێ. جگە لەوە، زۆرجاری وایش هەیە ڕەنجێکی بێ کەڵکیان تێدا بەخت دەکرێ. هەروەها لە ئامانجەکانیشیاندا بەهەڵەدادەچن.

وێنەی ئەو کەسانە، ئەوانەن کە زمانیان پسە و کەموکوڕی لە قسەکردنیاندا هەیە، کەچی بەوە واز ناهێنن کە قسەکردنەکەی خۆیان ڕاست بکەنەوە، دەچن بۆ ئەوەیش تێدەکۆشن کە ببنە مامۆستا، یان وتاربێژ، یان لاساییکەرەوە، یان گۆرانیبێژ. کەچی هیچ توانایی و کارگوزارییەکیشیان لە باردا نییە بۆ ئەمەی بەو ئامانجانەیان بگەن، تەنانەت ئەگەر لە قسەکردنیشیاندا کەموکوڕی نەبووایە، هەر بۆ ئەو پیشەوەرییانە بەکار نەدەهاتن. بەواتایەکی تر، هۆی ئەو تێکۆشانەیان، لووت بەرزییەکەیانە کە پاڵیان پێوە دەنێ بۆ ئەو ئامانجانە خەبات بکەن. ئەگینا نە بەدڵ حەز لەو شتانە دەکەن، نە ئارەزوویەکی ڕاستەقینەیشیان هەیە کە بەو ئامانجانەیان بگەن. کەواتە ئەوانە هەمووەدەم بەرەو سەرنەکەوتن دەچن، یاخود سەرکەوتنێکی ناوونجییان دەست دەکەوێ، یان لەبەر هەر هۆیەکی تریش بێ کامەرانییان لە دەست دەچێ.



لە هەندێ کۆڕدا، سەرکەوتن، هەر بەئارەزوو یاخود بەویستنێکی بەهێز پێک نایەت. پێویستی بەشتێکی تریش هەیە. جگە لەوە، مرۆڤ هەرچەندێک کار و فرمان ڕابپەڕێنێ. بەڵام لە سەرکەوتنی ڕاستەقینە دوور دەمێنێتەوە، ئەگەر ڕەنجدانەکەی بوو بێت بەهۆی تێکدانی ئارامی مێشکی، یان تێکچوونی لەشی، یاخود تێکدانی پەیوەندیی ناوەند خۆی و خێزان و دۆست و کەسوکاری.

ئاخۆ ئەمە سەیر نییە، کە زۆربەمان ئامادە بین بۆ پێ لێنان لە کەموکوڕیی لەشمان، واتا کاروباری وا هەیە کە لە وزەی لەشماندا نییە پێکیان بهێنێ، کەچی بەهۆی ئەو لووت بەرزییە ناشییانەمانەوە، یاخود بەهۆی باوەڕکردنمان بەو پێشبینییەوە کە دەڵێ هەموو کەس بەیەکسانی لە دایک دەبن و دێنە جیهانەوە... کەچی بەهۆی ئەوانەوە پێ لەوە نانێین کە لە باری هۆش و توانایی و زیرەکیماندا نییە، بگەینە ئەو ئامانجانەی خۆمانی بۆ دەکوتین و لە پێناویاندا ڕەنج دەدەین؟ هەروەها پێ لەوەیش نانێین، کە لەسەر شتێکی وا داماوین، لە توانایی لەش و هۆش گەلێک گرنگترە، ئەویش توانایی هەڵکردن و سازبوونە، لەگەڵ دڵناسکی و هەندێ ڕەوشت و خووی وادا کە پیاو خۆشەویست دەکات لای کەسانی تر! یەکێک لەو ڕێیانەی کە دەتگەیێنێ بەکامەرانی ئەوەیە، کە لە ئارەزوو و ئاواتەکانت کەم بکەیتەوە. کەواتە، ژیری ئەوەیە، کە با جار بەجارێک چەندوچوونێک لەگەڵ خۆماندا بکەین، بەو مەرجەی چەندوچوونەکە کەسێکی تر لەگەڵمانیدا بکات. چونکە، لە ڕاستیدا، ئەوانەی دەس پاکن لەگەڵ خۆیاندا زۆر کەمن. دیسانەوە، هەروا چاکە، لەپێش هەموو شتێکدا پەی بەوە ببەین. کە ڕەنگە هەندێ لە کەموکوڕییەکانمان چاک بکرێ، هەندێکیشیان لە وزەدا نەبێ چاک بکرێن.

پێویستە لەسەرمان، ڕێز لە ڕاستی بگرین، بەدڵێکی فراوانەوە، بام تاڵیش بێ. چونکە ئەگەر وامان نەکرد، بێ گومان، تووشی ئەرک و ئازارێکی زۆر دێین، بێ ئەمەی کەڵکێکیان لێ وەربگرین. بەڵام ئەگەر هاتوو، بەئارەزووی خۆمان، خۆمان کوتا بۆ ئامانجێک کە لە ژوور توانایی و دەسەڵاتمانەوە بێ پێی بگەین، دەبێ – ئەوە بزانین کە لە دڵشکاوی و سەرگەردانی بەولاوە هیچی ترمان بۆ نامێنێتەوە. پاشە جاریش بەهۆی هەستکردنمانەوە بەکەموکوڕییەکانمان، بڕست بڕاو دەبین و لەشمان تێکدەچێ و تەندروستیشمان لە دەست دەچێ.

کاتێ کە سنووری لەش یان هۆش دەبێتە بەرهەڵست لە بەردەم پێکهێنانی

ئاواتێکماندا، یاخود کاتێ کە گیروگرفتێکی زۆر دێتە سەر ڕێگای پێکهێنانی ئەو ئاواتە، ئەو ڕێگایەی کە هۆش پەسندی بکات ئەوەیە کە مرۆڤ لەلایەکی ترەوە. کە پەسند بێ، ڕەنج بدات و کۆشش بکات بۆ گەیشتن بەئاواتێکی بەڵام بەجۆرێکی وا کە ئەو هێز و دەسەڵاتانەی تری بەکار بهێنێ کە بەرەو سەرکەوتنی ببەن و لە دواییشدا تۆڵەی ئەو ئاواتەی پێشووی بۆ بکەنەوە. ڕەنج دان لە پێناو ئاواتێکی وادا کە پیاو نەتوانێ پێکی بهێنێ، نیشانەیەکە لە نیشانەکانی ناشێتی و بێ هۆشی. ئەو جۆرە کەسانە، لە کوێرێک دەکەن، کە لەجیاتی ئەوەی هەستی گوێگرتن و دەست لێ خستنی خۆیان بەهێزتر بکەن زۆر بکەن لە خۆیان بڵێن هەر دەبێ ببینین!... هەروەها لە کە ڕێک دەکەن، کە لەجیاتیی ئەوەی هەستی بینینی خۆی بەهێزتر بکات، زۆر بکات لە خۆی، بڵێ هەر دەبێ ببیەم!... کەواتە تۆڵەکردنەوە لە شێوەی گۆڕینی ئاواتێکدا بەئاواتێکی تر، ڕێگایەکی ترە بۆ چارەکردنی کەموکووڕی لە شێوەیەکی پەسنددا. ئەویش لەبەر ئەوەیە، کە مرۆڤ لەپێشدا چاو دەبڕێتە شتێک، بەڵام ئەگەر ئەو شتەی دەست نەکەوت، چاو دەبڕێتە شتێکی تر کە لە شتەکەی پێشوو بەلایەوە کەمتر بێ. ئایا نابینی: شاگردی کز لە خوێندنەکانیدا، ڕەنج دەدا کە لە یارییەکانی وەرزشدا خۆی پێشان بدات، بۆ ئەمەی لەناو شاگردەکانی تردا ڕێزی خۆی بپارێزێ و پایەی خۆیشی بڵند بکاتەوە. کەچی شاگردی لەڕ و لاواز کە پێی نەکرێ ئەو یارییە وەرزشانە بکات، ڕەنج دەدا کە لە خوێندنەکانیدا خۆی پێشان بدات، بۆ ئەمەی لەناو شاگردەکاندا ڕێزی خۆی ون نەکات؟

زۆر کەسی وا هەن، لە توانایاندا نییە پرۆژەی گەورە گەورە ڕاپەڕێنن. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا حەز دەکەن ببن بەسەرکردە و کارگێڕ. ئەوانە ئارەزووەکانیان بەوە دادەمرکێننەوە کە ببنە خاوەن پایە، وەک سەرکردە و کارگێڕەکانی باڵباز و خوێندنگا، کە بەهۆی فرمانەکانیانەوە دەبنە خاوەن دەسەڵات، هەروەها ئەو لەڕ و لاوازانەی، کە ناتوانن بێنە کۆڕی بازرگانی ئاساییەوە، لەبەر، بەربەرەکانێ، یاخود ئەو کەسانەی کە کارەساتی ڕۆژگاری ناهەموار دڵی بریندار کردوون، بەزۆری، پەنا دەبەنە بەر وێژە، یاخود هونەر، یان ساز و ئاواز، یاخود فرمانەکانی فەرمانڕەوایی و ئەو پیشانەی بێ دەنگوسەنگن و دوورن لە دەنگە دەنگ و قەرە قەرەوە. زۆر کەسی وایش هەڵ دەکەون لەناو وێژەوانە بەناوبانگەکاندا، ئەمەندە شەرمنن، لە مرۆڤ خۆیان دوور دەخەنەوە. لە ڕاستیدا، هۆی کامەرانیی زۆرمان و سەرکەوتنمان لە کار و فرمانەکانماندا، ئەوەیە کە حەزیان لێ دەکەین و لە کانی دڵەوە پێیانەوە خەریک دەبین. لە ڕاستیدا ئێمە خەمخۆری و ئارەزوومان بەم



ڕاستییە پشت ئەستوور دەبێ، کە ئەوەیە: کار و کردەوەکانمان، لە ڕاستیدا بریتین لە دەربڕینی هەستێکی دەروونیی بەهێزمان کە لە شێوەیەکی پەسنددا پێشان دراون. چونکە ئەو هەستی دەروونییانە، لەبەر هەر هۆیەک بێ، ناتوانین ڕاستە و ڕاست دەریان ببڕین.

بۆ وێنە: هەر کامێکمان بگریت، حەز لە سەرچڵی دەکات، لە پارە پەیداکردن دەکات، لە خۆهەڵکێشان دەکات، هەروەها حەز لە شت داهێنان و دڕندەییش دەکات... جا ئەم حەز لێکردنانە، بنچینەیەکیان لە سروشتماندا هەیە. بەجۆرێکی تێکڕایی، هەندێ لەم ئارەزووانە، ئاشکرا، دەردەکەون. چونکە لە تافی منالیدا بەتەواوەتی بنج بەست بوون. لەبەر ئەوە، ئەگەر بێتو لە شێوەیەکی کۆمەڵایەتیی پەسنددا، ئاراستە نەکرێن و دانەمرکێنرێنەوە، لەوانەن کەسایەتیی مرۆڤەکە خواروخێچ بکەن، یاخود هەر هیچ نەبێ وای لێ بکەن کە هەست بەبێ سرەوتییەکی پەنهانی بکەن، چونکە ڕێگایەک نادۆزێتەوە بۆ خۆی کە خۆی دەربڕێ. بەم ڕەنگە سەرچڵییەکە، لەجیاتی ئەمەی لە شێوەی کەسایەتیی زانایەکی بەکار و، پرسیارکارێکی وردبین و، باڵبازێکی نهێنی و، پیاوێکی ماشێن ساز (پیاوی میکانیکی)دا، خۆی بنوێنێ، لە شێوەی کابرایەکی چەنەبازدا خۆی پێشان دەدات.

هەروەها ئارەزووی شت کۆکردنەوە، یان پارە پەیداکردن، لە بریتیی ئەمەی خۆی لە شێوەی کەسایەتیی کۆکەرەوەیەکی کەلەپووری نیشتمانی، یان پوول، یان نووسراوان و بابەتی وادا پێشان بدات، دەچێ خۆی لە شێوەی دزێکدا پێشان دەدات. بەڵام خۆهەڵکێشان، لەجیاتی ئەمەی لە شێوەی پیشەسازییدا، یان لە شێوەی ئەو فرمانانەدا خۆی پێشان بدات کە لەسەر بنچینەی پایە و نیشان دامەزراون و خاوەنەکەیان بەهەمووان دەناسن، وەک ئەو فرمانانەی کە لاساییکردنەوە، یان لە لەشکر، یان لە کەشتی، یان لە ڕێگای ئاسن دان، دەچێ لە شێوەی لە خۆباییبوونێکی هیچوپووچدا، یان لە شێوەی خۆنوواندنێکی لووت بەرزانەدا کە دوور بێ لە هۆشەوە، خۆی دەردەخات.

زۆرجاری وا هەیە، بەرهەڵست دێتە پێشەوە لە بەردەم دامرکاندنەوەی ئەم ئارەزووانەدا، لە شێوەی پیشەسازیدا. چونکە ئەگەر ئەم ئارەزووانە لە شێوەی پیشەسازیدا دامرکێنرانەوە، لە ڕووی زانستی خۆناسینەوە، بەشتێکی پەسند دادەنرێن، چونکە ئەوساکە وەک بەجێهێنانی دڵخوازێک سرەوت بەدڵ دەدەن.

بەڵام ئایین لە هەموو تۆڵەیەک گەورەتر و باوترە لەناو زۆربەی مرۆڤدا. ئێمە، هەموویشمان، بێ گومان، دەزانین کە گەلێک کەس بەهۆی سەرنەکەوتن و، زیان لێ

کەوتن و، خەموخەفەت و، نەخۆشی و، دڵداریی سەرنەگرتووەوە، تووشی سەرگەردانی بوون. ئەوانە کە پەنایان بردۆتە بەر هەموو دەرمانێک، دڵیان بەهیچ کامێکیان نەکراوەتەوە، بەڵام کە پەنایان بردۆتە بەر ئایین و خوداناسین، دەردیان سارێژ بووە و، کڵپەی دەروونیان دامرکاوەتەوە و، ئارامیش بەدڵیان گەیشتووە.

لە ڕاستیدا، خوداناسین، پشتیوانێکە بۆ زۆر گیان. ئەگەر ئەو نەبووایە، ئەو گیانانە تووشی ئازار و گۆڕەوشار دەبوون و، کەڵکیان پێوە نەدەما.

خوداناسین، وەک هەندێک دێتە پێش چاویان، بریتی نییە لە پەنایەک، بێ دەسەڵات و ناشی و نەزانەکان بگرێتە خۆی. بەڵکو بریتییە لە هیوایەک، کە هەموو جۆرە کەسێکی جیاواز، لە زیرەکی و شارەزایی و کارگوزاریدا، پەنای بۆ دەبات. تەنانەت ئەو کەسانەیش کە لە ڕاستی و دروستیی ئایین دوودڵن و لە کانی دڵیانەوە بێ لایەنگیرییانە لێی کەم باوەڕن، ئاوات دەخوازن، کە خۆیشیان وەک کەسانی تر، ئایینیان بەدڵدا بچێ و باوەڕ بەڕاستی و دروستی بکەن. کارەسات، یان سروشت، هەرچەندێک، دەسەڵات و هێز و زیرەکییان بەئێمە بەخشی بێت، کەم کەسمان هەیە – ئەگەر هەبێت – هەست بکات بەئاسایشی تەواو و دڵخۆشیی دروست یاخود بەئازاری ژیانەوە نەتلابێتەوە، یان بەوەیان نەزانیبێ کە جیهان لەوان گەورەترە و، بەچنگتر و زۆردارترە. ئێمە، هەمووودەم، هەست بەشتێکی ون بوو دەکەین. لە کانی دڵیشماوە، دەمانەوێ هۆگری هێزێکی وا ببین، کە بتوانین پشتی پێ ببەستین، بۆ ئەمەی خۆشەویستی و پارێزگاری و ئەو سرەوتەمان پێ ببەخشێ کە لە کانگای دڵمانەوە، بۆی تێدەکۆشین دەستمان بکەوێ.

لە ڕاستییشدا، ئەم جۆرە پێویستە گیانییانە، کەم ڕێدەکەوێ، کە لەم جیهانەی ئێمە تێیدا دەژین، لەناودا نەمێنێ.

ئەوە هەر خواناسینە کە بۆ لە یەک تێگەیشتنی تەواو و خۆشەویستی و، ڕاستکردنەوەی هەڵەکانمان و، بەجێهێنانی ئاواتەکانمان، بەڵێنمان پێ دەدا. ئنجا لەبەر ئەوەی کە خواناسین، ئەم هەموو شتە ناوازانەمان پێ دەبەخشێ و دڵی زۆر دڵشکاومان خۆش دەکا و پلەی چاکەی تاک و کۆمەڵیشمان بڵند دەکاتەوە، پێویستە لە لایەن ئێمەوە هیچ توانج و پلارێکی تێ نەگیرێ.

لەگەڵ ئەمەیشدا، ئەگەر ئایین، کاری هەر ئەوە بێ، کە پیاو بخاتە سەر ئەوەی هەموو ئازار و بەش بڕاوی و هەژارییەک بەناچاری پەسند بکات، لەگەڵ ئەوەیشدا کە زۆر کات بەتۆڵەیەکی پەسندکراو دادەنرێ، بەڵام ئەوە هەڵناگرێ کە ستایش یاخود سوپاسی بکرێ.



هەروەها ئەو ئایینە پەسند ناکرێ، کە مرۆڤ بخاتە سەر ئەوەی لە ڕاستی هەڕا بکات، یاخود لە هەموو خەباتێک خۆی دوور بخاتەوە کە لە پێناو زاڵبوون بەسەر ئەو گیروگرفتانەدا بکرێ کە لە وزەدا هەیە چارە بکرێن. لەمەدا گیروگرفتەکان سەر بەکەسێ بن یان بەکۆمەڵێک بن جیاوازیی نییە. ئەو ئایینەی کە بەم جۆرە بێ، بەئایینێکی ڕاست دانانرێ. بەڵکو بەئایینێکی خۆپەرستانە دادەنرێ کە مرۆڤ کێش دەکات بۆ نەخۆشی و نالەباری، بۆ پاشکەوتوویی وا چاوەڕوان دەکرێ، ئەوانەی کەوتوونەتە ژێر باری هەست بەکەموکووڕیکردنەوە، ئارەزوو بکەن ئەو هەستەیان لەبیر بچێتەوە. جا ئەو کاتەی ئەم لەبیرچوونەوەیە ڕوو دەدات، بەهۆی ئەو (تۆڵە بۆ کردن)انەوە کە لەوەپێش لێیان دووایی، بەجۆرێکی تێکڕایی وایان لێ دێ، کە پاشەڕۆکی ناپەسندیان تێدا پەیدا نەبێ. بەهەموو ڕەنگ، زۆر کەسی وا هەن کە لە ڕێگایەکی دڕکاوییەوە پەنا دەبەنە بەر (هەستی کەموکووڕیی لەبیرچوونەوە). ئەو ڕێگایەیش دەمکوتکردن، یاخود پێش خواردنەوە، یان خەم شاردنەوەی پێ دەڵێن. ئەو کەسانە، نایانەوێ، ڕووبەڕووی گیروگرفتە تایبەتییەکانی خۆیان بوەستن، هەرچەند دێنەوە بیریان، پاڵیان پێوە دەنێن، لە مێشکی خۆیان دووریان بخەنەوە. دوور نییە ئەم دەمکوتکردنە، وا لەبیرە ناخۆشەکە بکات، کە ئیتر لە هۆشی ئاگاداردا نەمێنێ و بچێتە ناو هۆشی شارراوەوە. دووریش نییە کە بەسەرزاری بیکوژێ و خۆی پێ چەواشە بکات. بەڵام بیرەوەری، هەمووودەم لە بزووتندایە، بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە هەست بەتەنگەتاوی دەکات، یاخود خۆی لە هۆیەکی بەهێز دەدا. جا ئەگەر بێتو ئەم بیرانە نەتوانن لە شێوەیەکی ڕاستە و ڕاستدا خۆیان بنوێنن، بێ گومان، لە شێوەیەکی لا بەلای وادا خۆیان پیشان دەدەن، کە پیاو هەستی پێ نەکات و بەربەستیشی نەکات دوور نییە، ئەم جۆرە دەربڕینانە، زیان بگەیێنن بەلەنگەری لەش و هۆش، هەروەها ڕەوشت تێکچوونیشیان لێ پەیدا ببێ.

چارەکردنی هەموو گیروگرفتێک، شیکردنەوەیەکی ڕاست و دروستی دەوێ. پێویستە ڕاستییەکەیمان بۆ دەربکەوێ. بۆ ئەمەی چاکترین چارەی بۆ بدۆزینەوە. پیش خواردنەوە، یاخود خۆ بێ دەنگ کردن، خۆی لە خۆیدا خراپ نییە. بەڵام ئەو گیروگرفتانەی کە لە دەستیان هەڕا دەکەین، یاخود دەمانەوێ دانیان پێ دانەنێین و لەبیر خۆمانیان ببەینەوە، ئەوانەن کە دەبنە هۆی تێکدانی لەنگەری هۆشمان، هەر ئەوانەیشن کە بەربەستمان دەکەن لە ڕاستکردنەوە پەسندەکانی ئەو گیروگرفتە زۆرانەمان کە ژیان لە هەموو دەمێکدا تووشیانمان دەکات و چارەکردنیانمان لێ دەخوازێ.

وەرسبوونیش، هۆیەکی ترە بۆ چارەکردنی هەستکردن بەکەموکووڕی. بەڵام وەرسبوون ئەنجامی بەخۆ کوشتن دێ. خۆکوشتنیش گەورەترین دان پیانانە بەشکان لە کۆڕی شەڕی ژیاندا.

هەندێک لەوانەی کە لەشیان تێکچووە و ناشیرین بووە، دەیانەوێ لە هەناسەساردییەکەیان کەڵک وەربگرن. دەچن نانی ڕۆژانەیان بەخوازەڵۆکی پەیدا دەکەن لەوانەی کە بەزەییان پیایاندا دێتەوە. بێ گومان، ئەو کەسەی تەزووی ڕێزگرتنی خۆی، لە دەروونی خۆیدا بکوژێ، هەمووی هەر لەبەرئەوەی کە ئەندامێک لە ئەندامەکانی لەشی لە دەست چووە، دەبێ کەموکووڕییەکی تێدا هەبێ، ئەگینا دەستی لە کەس پان نەدەکردەوە، بۆ وەرگرتنی بەخشیش و پیتاک. بەپێچەوانەی ئەوە، هەزاران وێنەت بۆ دەهێنمەوە، کە بۆت دەردەخەن، ناشیرین بوون و پەککەوتەیی پەلوپۆی لەش نابنە هۆی ئەوەی کە پیاو لەسەر بڵندیی خۆی واز بهێنێ و ڕوو لە ژیان وەربگێڕێ.

کەسانی وایش هەن، وەڕس دەبن لە ژیان و کوڵ دەدەن لە تێکۆشان و ڕەنج دان، دەچن بۆ کڵێسایەک پەنا دەبەنە بەری، یان خۆیان دەکەن بەقەشە یان قەلەندەر، یاخود سەری خۆیان هەڵدەگرن و ڕوو دەکەنە چۆڵ و بیابان، بێ سەر و شوێن و بێ دەرەتان دەمێننەوە، وەک ئەو کەشتییە شکاوەیان لێ دێ کە بێ ئامانج بەناو زریدا گێژ دەخوات، یان لەو کووتاڵ و کەلوپەلانە دەکەن کە لە کەشتییە شکاوەکەوە هاوێژراونەتە ناو ئاوی زرێ کە، بەمەبەسی بار سووککردنی کەشتییەکە، هەر پارچەیەکی بەسەر ئاوەکەوە بەرز و نزم دەبێتەوە و بەملا و بەولادا دەڕوات و گێژ دەخوات تا لە چاو ون دەبێ، یاخود لەناو دەچێ.

زۆر کەس لەوانەیش کە سروشت هۆشی تەواوی پێ داون هەر لەسەر ئەم ڕێگایە دەڕۆن. ئەوەیش لەبەر ئەوەیە کە لەبەر هەر هۆیەک بێ، لە توانایاندا نییە، لە شێوەیەکی کۆمەڵایەتیی پەسندا ڕووبەڕووی ژیان بوەستن. ئەوانی تریشمان پاکانەی ڕەوشتی خۆیان وا دەکەن کە زۆر لێکراون و، پێویستە جیهان کۆمەکییەکی وایان بکات کە پێی بژین و، بەهەموویان تۆڵەی ئەو زیانەیان بۆ بکەنەوە کە لێیان کەوتووە.

ئەمە سەیرێکی خۆشە کە سەرنج بدەینە تاوانبارەکان و، هەرچیوپەرچییەکان و، هەموو ئەوانەی کە کۆمەڵایەتی کەنەفتی کردوون، ئەوانە هەموویان لەسەر یاسای چینبازی دەڕۆن. هەر دەستەیەک بگریت لەوانە، هەست وا بەخۆی دەکات، کە لە دەستەکانی تری کۆمەڵە گەورەکەیان پایە بڵندترە. بۆ وێنە: ئاوارەکان، هەست وا بەخۆیان دەکەن، کە پایە



بڵندترن لە خوازەڵۆکەکان، یاخود لە پەککەوتەکان. ئەو ئافرەتەیش کە ئابڕووی خۆی دەبات بەناوی خۆش ڕابواردنەوە، هەست وا بەخۆی دەکات کە لەو ئافرەتە پایە بڵندترە کە ئابڕووی خۆی بەپارە دەفرۆشێ. هەروەها ئەو کەسەی کە سامانی هاوبەشی، یاخود کۆمەڵێک پیادەدا و دەیبا بۆ خۆی، خۆی بەبڵندتر دەزانێ لە گیرفانبڕێکی بۆرەپیاو یاخود دوکانبڕێک.

بێ گومان ئەم پێشبینییانەیان، بەکەڵکی ئەوەیان دێ کە خۆیان لە ئازارێکی گرنگ و بەسام بپارێزن.

**پوختەی وتراو**

١– پێ لێنان لە کەموکووڕی، یەکەم ڕێگایە بۆ خۆڕاستکردنەوە.

٢– جاری وا هەیە خۆڕاستکردنەوە، لە شێوەی هەڕاکردن لە ئۆباڵی کەموکووڕیدا پەیدا دەبێ.

٣– کەسانی وا هەن لە کاتی خۆڕاستکردنەوەدا، ڕەفتاری ڕێوی دەگرن کە لە چیرۆکی ڕێوی و ترێدا پێشان دراوە.

٤– خۆڕاستکردنەوە، لە ڕێگای زاڵبوون بەسەر گیروگرفت و بەرهەڵستدا، زۆرجاری وا هەیە، دەبێتە هۆی پایە بڵندی بۆ نەخۆشەکە.

٥– ئەو کزییەی هەتە، لە لایەکی ژیانتدا، بەدەسەڵات و سەرکەوتوویی پڕی بکەرەوە لە لایەکی تری ژیانتدا.

## ئەگەر بیرێکت هەیە

ئەوانەی هەست بەکەموکووڕی دەکەن، هەموو کەم هۆش نین. ئەوانیش قسەی پڕ واتا و بیری ناوازەیان هەیە. ئەوەندە هەیە، ناوێرن دەریانبخەن. نەوەک تێک بچن لەگەڵ ئەم و ئەودا. یاخود کەموکووڕییان دەربخرێ. لەبەر ئەوە، ئەو قسە و بیرانە لە جێی خۆیاندا جوانەمەرگ ئەبن... جا ئەم دەستوورانە بۆ ئەو کەسانە دائەدەین:

١– پێش ئەوەی بیرەکەت پێشانی کەس بدەیت، تا دەتوانیت لێی بکۆڵەرەوە.

٢– ئامادە بە، تا لە تواناتدا هەیە، ڕەنج بدەیت، تا بیرەکەی خۆت دەخەیتە کار و بەئامانجی خۆت دەگەیت.

٣– هەروەها ئامادەیش بە بۆ بەرپەرچدانەوەت. تەنانەت چاوەڕوانی ئەوەیش بە کە نەک

جارێک بەڵکو سەد جار، سەرنەکەوتنت تووش بێت، ئنجا بیرەکەت پەسند بکرێ و بەکار بهێنرێت.

٤- کە زانیت بیرەکەت تەواوە و، بەتەواوەتیش لێکۆڵینەوەت تێدا کردووە، سەرکەوتن هەرچەندێ دوور بێ بەلاتەوە، وازی لێ مەهێنە. ئەگەر بەپێویستت زانی بیگۆڕە، پوختی بکە. بەڵام هەرچییەکت بەسەر بێ، وازی لێ مەهێنە، بیگرە و بەری مەدە.

٥- باوەڕت بەبەختیاریی خۆت هەبێ، بەبڵندیی ئەستێرەکەت.

## چۆن هەڵدەکەیت؟

### ٣

ئێمە هەموومان حەز بەکۆبوونەوە دەکەین، ئارەزووی هاودەمیی دۆستەکانمان و هاوکار و فرمانەکانمان دەکەین. ئەگەر ئەوانە دڵیان بەئێمە بکرێتەوە و، خۆشەویستییان بەرامبەر ئێمە ببزوێ، دڵی ئێمەیش پڕ دەبێ لە خۆشی و کامەرانی. ئەگەر بەپێچەوانەوە، کەمتەرخەمیمان لەگەڵدا بکەن و ڕوومان لێ وەربگێڕن، ئێمەیش دڵتەنگ و خەفەتبار دەبین. ئینجا کە وای لێ هات نیشانەی خۆشەویستی و پەسندکردنی ئەوانە بۆ ئێمە پێویست بێ، بۆ ئەمەی هەست بەکامەرانی بکەین. ئەوەیش دیارە کە بەجۆرێکی تایبەتی، پێویستتر و نازدارترە بۆ ئەو کەسانەی کە هەستی کەموکووڕی دڵی داگیر کردوون جا چونکە ئەمانە باوەڕیان وایە کە هاوتای هاوڕێکانیان نین و، بەکاری هاودەمییان نایەن، دڵیان بەلای ئەوەدا دەچێ کە گۆشەگیری بکەن و هەر بیر لە خۆیان بکەنەوە و، چەندوچوونی لەگەڵدا بکەن. هەروەها ئارەزووی ئەوە دەکەن کە لێیان دڵگیر بین و جار بەجارێکیش دڵیان لێ کرمێ بکەن، بێ ئارام بن و، ئامادەی شەڕوشۆڕ بن. جا ئەم جۆرە ڕەوشت و کردەوانەن، کە دەبنە هۆی بەش بڕاوییان لە خۆشەویستی و هۆگری کەسانی تر و، سەرگەردانی و هەناسەساردییان.

ئەو جۆرە کەسانە، بیرەکانیان لە ڕاستییەوە دوورن، بریتین لە پەژارە و ئەندێشە. ئەوانە ڕەوشتیان وایە کە لە ئەندازەبەدەر بایەخ دەدەن بەبیروباوەڕی کۆمەڵ و پەسەندکارییان، بەتایبەتی دڵیان بەوە دادەمرکێتەوە کە هەموو ئەندامێکی کۆمەڵەکە لەگەڵیاندا بسازێ.

دیارە ئەمەیش، نە بۆ کەس دەچێتە سەر، نە پەسندیش دەکرێ. ئنجا ئەگەر هاتوو توانیان بەئاسانی تێکەڵ بەکەسانی تر بن، یاخود ئەگەر بۆیان دەرکەوت کە هاوڕێکانیان



لەگەڵیاندا دەسازێن و بەهاودەمییشیان دڵخۆش دەبن، خۆیان لە بەرچاوی خۆیاندا گەورە دەبن، باوەڕێکی زۆرتریش بەخۆیان دەکەن و، زۆرتریش هەست بەکامەرانی دەکەن.

کەمی وامان هەیە، نرخی گرنگیی تێکەڵ بوون بەکەسانی تر، بەتەواوی، بزانێ. ئەوەیش باشە کە بزانین زۆر لەو نەخۆشییانەی کە پێیان دەڵێن دەمار توندی، هەروەها زۆر لەو نەخۆشییانەی کە تووشی لەش دێن، ئەوانە هەموویان لە بێ ئارامیی هۆشەوە پەیدا دەبن، کە ئەمیش لە تێکچوونی ناوەند مرۆڤ و هاوڕێکانییەوە ڕوودەدات، ئەوەیش ڕاستە، کە خانە بەجەنگی، سەبارەت بەوەیە کە ژن یان پیاو، سا لەبەر هۆی ناشێتی بێ یان لەبەر هۆی ئارەزوو، کەمتەرخەمی دەکەن لە بەکارهێنانی ئەو دەستوورانەدا کە لە ژیانی دەرەوەیاندا بەکاریان دەهێنن و پەیوەندییە جوانەکانیانی پێ بەهێز دەکەن.

هەروەها زۆربەی گیروگرفتی منداڵانیش لەوەوە پەیدا دەبن، کە باوک و دایکەکان لەگەڵ منداڵەکانیاندا خۆیان ناسازێنن و وایان دانانێن کە ئەوانیش مرۆڤێکن وەک مرۆڤە گەورەکان، خاوەن هەست و تاسەن.

جا ئەو کەسەی ناتوانێ هەڵ بکات لەگەڵ هاوڕێکانیدا و لەگەڵیاندا بەخۆشییەوە بەڕێوە بچێ، بێ گومان بەکەسێکی ڕەنجەڕۆ و هەناسەسارد دەژمێررێ. ئەگەر هاتوو کار و فرمانەکەی، یاخود دەزگاکەی خۆی بەجێ هێشت بەهەزاران بیانوو پێشان دەدات. کەچی لە زۆرجاردا ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە پێی ناکرێ بەخۆشییەوە لەگەڵ کەسانی تردا هەڵ بکات.

زۆر کەسمان، فرمانی سەرشانییەتی، کە لەگەڵ کەسانی تردا فرمان بکات و یارمەتیشیان بدات. بەشی ئێمە هەرچەندێ بێ لە شارەزایی و زیرەکیدا، ئەگەر هاتوو نەمانتوانی لەگەڵ سەرۆکەکەماندا هەڵبکەین، هەروەها ئەگەر هەر لە شەڕوشۆڕ و بەربەرەکانێدا بین لەگەڵ فەرمانبەرەکانی هاوڕێماندا، زۆرتر باوەڕ بەلای ئەوەدا دەچێ، کە دەستمان بکێشرێتەوە لە فرمانەکەمان، یاخود بەلای کەمەوە بەدڵتەنگی و خەفەتبارییەوە لە فرمانەکەماندا بمێنیێتەوە. بەهەموو ڕەنگ، نابێ چاوەڕوانی ئەوە بین، کە بەم جۆرە ڕەوشت و کردارەوە، لە فرمانەکەماندا زۆر بڵند ببینەوە و پێش بکەوین.

زۆرجاری وا ڕوودەدات کە پیاوانی خاوەن کارگوزارییەکی ناوونجی دەتوانی فرمانن بڵند ڕابپەڕێنن. هەروەها زۆرجاریش ڕووئەدات کە پیاوانی خاوەن هونەرمەندییەکی کەم، لە فرمانەکانی خۆیاندا بهێڵرێنەوە. ئەمەیش هەمووی لەبەر هۆیەکە، کە ئەوانە دەزانن لەگەڵ

کەسانی تردا چۆن هەڵ دەکەن. کەواتە هەر دەسەڵاتی هەڵکردنە، لە زۆر کاتدا، کە دەبێتە هۆی پایە بەرزبوونەوە. چونکە ئەوانەی دەتوانن کار و فرمانی خۆیان بەچاکییەوە ڕاپەڕێنن زۆرن. کەچی ئەوانەی دەتوانن دڵی سەرۆکەکانیان ڕابگرن، یاخود وا لە بەردەستەکانیان بکەن کە پڕ بەدڵ فەرمانیان بەجێ بهێنن یەجگار کەمن.

ئێمە هەرچەندە خاوەنی کارخانە یاخود فرۆشگایەک بین، هەتا وامان لێ نەیەت کە لەگەڵ فەرمانبەرەکانماندا بەخۆشیەوە هەڵبکەین، یاخود فەرمانبەرەکانمان لەگەڵ سەرکارەکانیاندا بەخۆشیەوە هەڵبکەن، دەبێ لەوە دڵنیا بین، کە بارێکی گران دەخەینە سەر پشتی خۆمان، زۆریشی پێ ناچێ کە لە فرمان سارد دەبینەوە، بەرهەمی فرمانەکەیشمان ڕوو لە کەمی دەکات، کاتێک دەزانین ناچار دەبین دەرگای دەزگاکەمان دابخەین.

ئێمە زۆری وامان تێدایە دڵی کەسانی تر دەشکێنێ، بەدڵتەنگی و خەفەتبارییشەوە دەژی تا دەمێنێ. هۆی گرنگی ئەمەیش ئەوەیە، کە هەرچەندە بەمەبەسی سەرکەوتن لە ژیانماندا، کاتێکی زۆر بەسەر دەبەین بۆ شارەزابوون لە زانستێکدا، یاخود بۆ فێربوون لە هونەری پیشە و بازرگانییەکەی خۆماندا، بەڵام هیچ بەتەنگ ئەوەوە نین کە فێری ئەو دەستوورانە ببین، کە وەک مرۆڤێک یاخود وەک ژن و پیاوێکی تێگەیشتوو لە فرمانەکەماندا سەربکەوین...

ئەنجامیشمان بەوە دەگات، کە دوور لە ژیانی ڕاستەقینە گوزەران بکەین. ئەگەر ئەمە، هەر زیانی خۆمانی تێدا بووایە، ئاسان دەبوو، بەڵام زیانی بۆ خێزانەکانیشمان تێدا هەیە.

کەواتە، بۆ ئێمە وا باشە، هەست بەکەموکووڕی بکەین، یان نا، بەشێکی تەواو لە تەمەن و سرەوتی خۆمان بەخت بکەین بۆ فێربوونی دەستوورەکانی ژیان و، کار پێکردنیان لە ژیانماندا، بۆ ئەمەی هەست و ئارەزووی خۆشەویستی و دۆستایەتی لە خۆماندا بەهێز بکەین. ڕەنگیشە وا باشتر بێ، کە هەر لە ئێستاوە، وشەی (گەلپەروەری) بەبۆنەی ئەم واتایەوە کە ئێستا وتمان، لە وشەی (گەلپەروەری) بەواتای باو جیا بکەینەوە.

مەبەس لە گەلپەروەری ئەوەیە، توانای ژیانی ناو کۆمەڵایەتیمان هەبێ، جگە لەوە، بەگیانی دۆستایەتی و خۆشەویستی و ڕوو خۆشیشەوە خۆمان بڕازێنینەوە هەروەها تا ئەندازەیەکی پەسندیش مەندی و لەسەرخۆیی و خۆپاراستنیشمان تێدا بێ.

ئێمە ئەگەر لەوانە بین، بۆیەکا حەز لە (گەلپەروەری) بکەین، تا لەناو کۆمەڵاندا باش بناسرێین، یاخود هەر لەگەڵ سەرەتای ناوەکانمان خوێندرایەوە، گورج بناسرێینەوە، پێویستە



دەست لەوە بشۆین کە تا ئەندازەیەکی باش پێش بکەوین لە ژیانی ڕاستەقینەدا، یاخود ڕێزگرتنی ڕۆشنبیرانمان چنگ بکەوێ لە ژنەوە و لە پیاوەوە.

ئەو کەسانەی پایەیەکی ڕاستەقینەیان هەیە، واتا ئەو خوێندەوارانەی دۆستایەتی و تێکەڵییان نرخێکی هەیە، هیچ جۆرە کردەوەیەکیان لەم کردەوانە نییە. لە ڕاستیدا، زۆر گرانە بتوانین بەهەموو هێز و توانایییەکەوە کە هەمانە، کار لە دڵی کەسانی تر بکەین، بێتو ئەگەر ئەوان بایەخمان پێ نەدەن و بەچاوی ڕێزەوە تەماشامان نەکەن. ئێمە ئەگەر ناوبانگمان وا دەرچوو بوو، کە خوێڕی و شێتە پەتەڕی بین، هەرچەندێ خاوەن هۆش و تێگەیشتنیش بین، بەجۆرێکی تێکڕایی بەمەبەسی خۆمان ناگەین و، لە ئەنجامی کارەکەیشمان دڵخۆش نابین. زۆر کەسی وا دەستیان دایە خوێڕێتی و بێ باکی و سەرسەرێتیی، بەمەبەسی نان پەیداکردن، یان بەمەبەسی ڕابواردن، کەچی پاشەجار پەشیمانییان بۆ مایەوە.

***

هەندێک بڕوایان وایە، زانستی خۆناسین، بابەتێکی پڕ گرێ و گرانە. کەچی لە ڕاستیدا، هەر کامێکمان بگریت شتێکی لێ دەزانێ، کە ئەوەیش لە کارەساتی ژیانی ڕۆژانەوە یاخود لە تاقیکردنەوەی تایبەتییەوە فێری بووە. هەروەها هەر کامێکیشمان بگریت تا ئەندازەیەک زانستی خۆناسین بەکار دەهێنێ، بام بەکارهێنانەکەیشی، بێ بیرکردنەوە، لە هۆشی شاراوەوە دەرچوو بێ.

بۆ وێنە: ئێمە ئەوە دەزانین، کە مێشکی هیچ کەسێک لە هی کەسێکی تر ناکات. کەواتە ئێمە ناتوانین لەگەڵ هەموویاندا وەک یەک بجوولێینەوە. هی وایان تێدایە، لەسەرخۆن، هەر حەز لە بیرکردنەوە دەکەن، هەر شتێک بەلای سووکی و سەرچڵی و سەرگەرمی و بزێویدا بچێ، ئەوان ڕقیان لێی دەبێتەوە. کەچی هی وایشیان تیایە گەش و ڕوو خۆش و لەش سووکن... هەروەها ئێمە ئەوەیش دەزانین، کە ئەگەر شەقمان لە ڕەقەڵەی قاچی کەسێک دا، چۆن لێمان دەورووژێ. یان ئەگەر جنێومان پێ دا، یاخود هەڕەشەمان لێ کرد چیمان پێ دەکات.

کەچی ئەگەر بەپێچەوانەی ئەوەوە لەگەڵی جووڵاینەوە، واتا بەڕوو خۆشییەکەوە چاکوچۆنیمان لەگەڵدا کرد، یاخود سەروسیما و جلوبەرگەکەیمان پەسەند کرد، یان بەبۆنەی سەرکەوتنێکیەوە پیرۆزباییمان لێ کرد، ئەویش هەروەها بەپێچەوانەی ئەو کردەوەیەی پێشوویەوە لەگەڵمان دەجووڵێتەوە.

ئەگەر بێتو زانستی خۆناسینەکەمان بخەینە شێوەیەکی ڕێکوپێکترەوە، یاخود لە لای هەرە شیرینیەوە کاری پێ بکەین، هەروەها ئەگەر بێتو باشتر بایەخی پێ بدەین، دەبێ لەوە دڵنیا بین، کە چ لە ڕووی بازرگانییەوە، چ لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە کەڵکێکی زۆری لێ وەردەگرین.

هەموومان دەبێ پەی بەوە بەرین، کە ژیانی هۆشمان تا ئەندازەیەکی گەورە، بریتییە لە هەستی خۆش و هەستی ناخۆش. دەیشتوانین ئەم هەستانە بکەین بەدوو بەشەوە:

بەشێکیان ئەو هەستانە دەگرێتەوە کە بەجۆرێکی تێکڕایی زۆر نامێننەوە، وەک دڵخۆشی، تووڕەبوون، ترس، خۆشەویستی. ئەمانە دڵ بزووتنیشیان پێ دەڵێن.

بەشێکیشیان: ئەو هەستانە دەگرێتەوە کە لە دڵ بزووتنەوە پەیدا دەبن. ئەوانە، بەجۆرێکی تێکڕایی، کاریگەرییان تا سەر دەمێنێتەوە. بەمانەیش دەڵێن تەزوو یان ئارەزوو یاخود تاسە. وەک ڕێز لە خۆگرتن، بەزەیی بەخۆداهاتنەوە، نازکێشان و ڕێز لێ گرتن، دۆستایەتی، نیشتمانپەروەری.

جا لەبەر ئەوەی ژیان بریتییە لە جەنگێکی تا سەر لە پێناوی دەستکەوتنی خۆشی و خۆلادان لە ناخۆشی، ئێمەیش بەهەموو توانایەکمانەوە تێدەکۆشین کە هەستەکانی خۆشی لە شێوەیەکی زۆر بڵندا، لە دڵماندا بپارێزین.

ئەویش دەستوورێکی دەروونییە، کە هەر کاتێ کەسێک یان شتێک توانی، تەزوویەکی خۆش یاخود دڵ بزواندنێکی خۆش، بخاتە دڵمانەوە، ئێمەیش ئەو کەسە یاخود ئەو شتەمان بەدڵدا ئەچێ. ئەویش دەتوانێ هەمیشە دڵمان خۆش بکات. چونکە ئێمە، لە شێوەی (ئەم بەبۆنەی ئەوەوە)دا، ئەو کەسە یاخود ئەو شتەمان نووساند بەگەشی و خۆشییەوە.

لە لایەکی تریشەوە، ئەگەرهاتوو هەستمان بریندار کرا، یاخود ئەگەر بەرهەڵستێکی دەرەوە هاتە بەردەمی و نەیهێشت خۆی دەرببڕێ، بەتایبەتی ئەگەر بەرهەڵستەکە گیانلەبەرێک بێ، لە بریتی ئەو هەستە چاکە. هەست یان تەزوویەکی دوشمنانە دێتە دڵمانەوە، بەرامبەر ئەو کەسە یان ئەو شتەی کە دڵمان ئازار دەدات، یان تەگەرە لە پێکهێنانی ئاواتەکەمان دەدا. ئەم قسەیەی کردمان لە بارەی تەزوو و تاسەوە، لە بارەی دڵ بزووتنیشدا هەر بەکار دێ.

ڕێز لە خۆگرتنیش یەکێکە لە تەزوو یاخود تاسە بەهێزەکانمان. لە هەموو کەسێکدا هەیە.



تەنانەت لەو کەسانەیشدا هەیە کە نرخی هۆش و نرخی کۆمەڵایەتییان یەجگار کەمە. ئنجا کە (ڕێز لە خۆگرتنی کەسێک) بریندار دەکەین، واتا کە یەکێک دەشکێنین، زۆرتر باوەڕ بەوە دەکرێ، کە ئەو کەسە بەنهێنی بێ، یان بەئاشکرا قینمان لێ هەڵبگرێ. هەر هەستێکی چاکیشی لە دڵدا بێ بەرامبەر ئێمە لە دڵیدا نەمێنێ، یاخود لێی کەم ببێتەوە.

کەم کەسمان هەیە، ئەوانەی بەتەنگ دۆستایەتییەوە بن، هەر بەئارەزوو دڵی بشکێنن. کەچی زۆری وامان تێدایە، بێ بیرکردنەوە و بێ وچان ئازاری دڵی هاوڕێکانیان بەوە دەدەن، کە تێیان بگەیێنن، ئەوان لە هۆشدا لە خۆیان کەمترن. لە ڕاستیشدا ئەم هۆش ئازاردانە، لە لەش ئازاردان کەمتر نییە. کەواتە بام سەرمان سوڕ نەمێنێ لەوەی، کە هاوڕێکانیان بۆچ قینیان لێ هەڵدەگرن و، خۆیان لێ دوور دەخەنەوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە ئازاری کەسایەتییان دەدەن، بەهەموو جۆرێک دەیانشکێنن.

بۆ وێنە: هەر کەسەمان ڕەوشت و کردەوەیەکی وای هەیە کە دۆست و ئاشناکانی حەزی پێ نەکەن. ئەنجامی ئەمەیش بەوە دەگات، کە باوەڕ وا بکەن، ئەو کەسە ڕێزێکی کەم نەبێ لە خۆیان، یان لە هەست و تەزوویان، ناگیرێ. هەندێک لەو ڕەوشت و کردەوانە ئەوانەیە کە ئێمە حەز بکەین لە هەڵسان و دانیشتندا یاخود لە کاتی ڕابواردندا وەڕسیان بکەین، یان لەگەڵیاندا بەشیرینی نەجووڵێینەوە، یان بەتەوسەوە قسەیان لەگەڵدا بکەین، یاخود لەگەڵیاندا دڕ و لووت بەرز بین، یان لە ژێرەوە گەلەکۆمەکێیان لێ بکەین...

جگە لەوە کردەوەیەکی باوی تر هەیە، زۆرمان بەکاری دەهێنین و دڵی هاوڕێکانمانی پێ دەشکێنین، ئەویش ئەوەیە کە کەموکووڕی و ناتەواوییان دەربخەین، بێ ئەمەی بەپێویستی بزانین. زۆری وامان هەیە کە کزی یاخود سەرنەکەوتنێک لە کەسێکی تر دادەبینێ. بەهەلی دەزانێ، ئەو کزی و سەرنەکەوتنە دەکات بەبابەتی دڵخۆشی خۆی، بەنهێنی و ئاشکرا دەریبڕێ. ئێمە باوەڕمان وایە، کە هەڵەکانیان ئێمە لەوان بڵندتر دەکاتەوە. یاخود ئەو هەڵانەیان ناهێڵێ پێشمان بکەون و لە ئێمە گەورەتر بن.

وایش دەردەکەوێ، کە ئارەزووکردنمان بەوەی کە کەس لە ئێمە چاکتر نەبێ و بڵندتر نەبێتەوە، بەشێکە لە دڵ و دەروونمان. جا لەبەر ئەوەیە کە حەز بەوە دەکەین لە کەسانی تر بدوێین، ئەو کردەوانەی پێکیان هێناوە کەموکووڕییان دەردەخەین، مەبەسیشمان لەوە، هەمووی ئەوەیە کە بیانشکێنین و لە ڕێزی کەسایەتییان کەم بکەینەوە، تاکو بارستایی کەسایەتیی خۆمان بپارێزین، یاخود بڵندتری بکەینەوە. بەڵام ئەگەر وا ڕێک کەوت کە

دان بنێین بەهونەرمەندییاندا دان پیانانەکەمان، دوور دەبێ لە نیازی پاک، پڕی دەبێ لە چاو پێ هەڵهێنان.

ڕاستە و ڕاست پێشانی دەدەین، ئێمە ئەگەر بمانەوێ بەشیرینی لەگەڵ کەسانی تردا ڕاببوێرین، پێویستە لە خووی لێ دووان، خۆمان ڕزگار بکەین. بەڵێ کاتی وا هەیە کە لە تواناییماندا نابێ، لە لێدوانی هاوڕێیەکمان خۆمان لابدەین. بۆ وێنە: ئەگەر سەرۆکێکمان لە بابەت کەسێکی نالەبارەوە، پرسی پێ کردین، ئێمە ناتوانین ڕاستی پێ نەڵێین. دیسانەوە، ڕەنگە وا ڕوو بدات کە ناچار ببین گلەیی لە دۆستێک یان ئاشنا و ناسیاوێک بکەین، یاخود چەندوچوونی لەگەڵدا بکەین. بەڵام نابێ لەگەڵیدا زۆردار بین.

ئێمە دەتوانین دادپەروەرانە، بێ کزی و بێ زۆرداری، بەرامبەری ڕابوەستین، دەتوانین چاککەرەوە بین، نەک ڕوخێنەر[1]، هەروەها پێشمان دەکرێ، کەموکووڕییەکانی بەنەرمی و شیرینییەوە، لە شێوەیەکی پێشنیازدا پێشان بدەین. وشەیەکی ئافەرینکارانە، کار لە هەموو کەسێکمان دەکات. قسەی خۆشیش، بەتایبەتی ئەگەر لە دڵێکی پاک و بێ گەردەوە هاتبێتە دەرێ، دەتوانێ لە قسەی ڕەق و ناخۆش زۆرتر دۆستمان بۆ پەیدا بکات. گفتوگۆیەکی شیرین، پێ لێنانێک لە دەسەڵاتی هاوڕێیەکمان، یاخود لە ڕەوشتە باشەکانی، بام ئەو هاوڕێیە بەربەرەکانێیشمان لەگەڵدا بکات، زیانمان پێ ناگەیێنێ، بەڵکو بەپێچەوانەی ئەوە، هەستێکی دۆستانەی گەرمی لە دڵدا پەیدا دەکات بەرامبەرمان، کە زۆر لەو پیا هەڵدانە باشترە کە ڕاستە و ڕاست لە بەرەو ڕوویدا دەیکەین. پێویستە لەسەرمان ئەوەیش بزانین کە توانج گرتن لە کەسێک دوور نییە کەسێکی تریش بگرێتەوە، بێ ئەمەی هەست بەوە بکەین، کە خۆمان بەدڵ دەمانەوێ دڵی ڕابگرین و خۆشەویستی و یارمەتیی لە دەست نەدەین.

بۆ وێنە: جاری وا هەیە، بەچاوی سووک تەماشای کووتاڵێک دەکەین کە یەکێک لە بازرگانێکی وای کڕیوە کە بەربەرەکانێمان لەگەڵدا دەکات، جاری وایش هەیە توانج دەگرینە پزیشکێک ئاشنامانە، بەڵام لەپێش ئێمەدا بانگ کراوەتە سەر نەخۆش یان تیز دەکەین بەپارێزەرێک کە لەپێش ئێمەدا تەماشای کەینەوبەینەکەی کردووە. ئنجا هەرچی کڕیارەکەیە، قسەکەی ئێمە وا تێ دەگات کە پلار لەو دەگرین، کەموکووڕی لە تێگەیشتنی دەردەهێنین، چونکە پێش ئەوەی پرس بەئێمە بکات چۆتە کن ئەو پزیشک، یاخود

(١) ڕاستتر: بنیاتنەربین نەک روخێنەر.



پارێزەرە. لەبەر ئەوە توانج تێگرتنەکەی ئێمە و تیز پێ کردنەکەی ئێمە بەباشی وەرناگرێ.

بەڵام ئەگەر بهاتایە ئێمە دڵسۆزانە قسەمان بکردایە لە بارەی ئەو پزیشک یاخود ئەو پارێزەرەوە کە بەربەرەکانێمان لەگەڵدا دەکەن، بۆ وێنە: بمانگوتایە: ئەوانە کارگوزارن، بەڵام لەبەر کار و فرمان زۆرییان و تەنگیی کاتیان، ناتوانن زۆر خەریک بن بەنەخۆش یاخود خاوەن گیروگرفتەکانیانەوە ئەگینا خۆیان حەز دەکەن بەتەنگ ئاشناکانیانەوە بن... ئەوساکە کڕیارەکەمان بیانووی نەدەبوو هەست بکا بەوەی ئێمە بەناشی و نەزانی دادەنێین، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەستی بەوە دەکرد کە پزیشکەکەی چۆتە لای و پارێزەرەکەی کردوویەتی بەجێنشینی خۆی، لە جێی خۆیدا بووە.

هەر کەسێ خودا بیرکردنەوەی پێ بەخشی بێ، پەی بەوە دەبات کە هەر مرۆڤی جوامێرە، بەئاشنا و هاوپیشەی خۆیدا هەڵ بدات. ئا بەم ڕەنگە، بەهۆی ئازادی بیرەوە، دەتوانین گەلێک دۆستی تریش پێکەوە بنێین. ئێمە هەر لەسەرمان نییە کە پلار نەگرینە مرۆڤەکە خۆی، بەڵکو پێویستە توانج و پلار لە هیچ کەسێ یان هیچ شتێکی تریش نەگرین کە پەیوەندیی بەوەوە هەبێ، وەک خێزانەکەی، ڕێکخراوە کۆمەڵییەکانی، فرمانی دۆستەکانی. چونکە ئەوانە هەموویان بەشیان هەیە لە ڕێز و پایەی ئەودا. جا ئەگەر یەکێک یان شتێک لەوانە پلاری تێ گیرا، مرۆڤەکە هەست وا دەکات پلارەکە لە خۆی گیراوە و پەندەکە بەو دراوە.

هەروەها شکاندنی هاوڕێکانمان لەوەیش پەیدا دەبێ، کە بێ هۆ، چەقەچەقیان لەگەڵدا بکەین، یاخود بەرپەرچی قسەکانیان بدەینەوە، یان چاوپۆشی نەکەین لە بیروباوەڕەکانیان. لە هەموو بابەتێک زۆرتر، کە شەڕوشۆڕیان لێ پەیدا ببێ ئەو بابەتانەیە کە پەیوەندییان بەڕەگەز یان بەئایین یاخود بەجیاوازی چین، یان بەگیروگرفتی زرنگکاریەوە هەیە. زۆربەیشمان ئارەزووی بەوانە هەموویانەوەیە، بەبەرپەرچدانەوە نەبێ تێیاندا شێرگیر نابێ. زۆر کاروباری وا هەیە، ئەگەر لە کاتی گفتوگۆدا ناومان هێنان دەبێ ئاگامان لە خۆمان بێ، هەڵە نەکەین. بۆ وێنە: ئەو ستەمکارییەی مرۆڤێک بۆڵەبۆڵی لێ دەکات، هەروەها ئارەزوو و هەوەسەکانی، قسە شڕوپڕەکانی، بیروباوەڕە سەیر سەیرەکانی... ئەمانە، زۆرجاری وا هەیە بەرپەرچیان دەدەینەوە، یاخود دەیانوروژێنین بەخۆڕایی، هەموویشی لەبەر ئەوەیە کە تووڕەی بکەین و هەست بەدەسەڵاتی خۆمان بکەین کە دەتوانین تووڕەی بکەین. ئنجا ئەگەر لە کاتی گفتوگۆدا، لە یەکێ لەم بابەتانەوە قسە کرا، کاری ژیرانە ئەوەیە کە بەدڵ گوێ لەو کەسە بگرین، هەروەها ماوەیشی بدەینێ کە

بیروباوەڕی خۆی دەربارەی ئەو بابەتانە دەربڕێ، بێ قسە پێ بڕین. ئەبێ سنگمان فراوان بێ و بەئارام بین لەگەڵیدا. هەروەها پێ لەو ڕاستییانەیش بنێین کە لە قسەکانیدا دەیبینین. بەڵام ئەگەر هاتوو بەلووت بەرزی و ساردوسڕییەوە گوێمان لێ گرت و بایەخمان نەدا بەقسەکانی، بەتەواوی، بێ گومان لەگەڵ ئەو کەسەدا پیاو خراپی دەکەین و تیر لە جەرگی دەدەین.

پێویستە ئێمەیش بیروباوەڕی تایبەتیی خۆمان هەبێ. جا ئەگەر دیمان قسەکردن لە جێی خۆی دایە، یاخود ئەگەر مرۆڤەکەمان دیی قسەی تێگەیشتووانە بەمێشکیدا دەچێ، ئەوساکە دەتوانین بیروباوەڕەکەمان بەهەموو هێز و هەرەتێکمانەوە دەربڕین، بێ ئەمەی لایەنگیری بکەین، یاخود لە ڕێی ڕاست لابدەین. بەڵام ئەگەر هەموودەم، هەر بێ دەنگ بووین و لایەنی کەسمان نەگرت، دوور نییە لەبەر ئەوە بێ کە حەز بەچەواشەکردنی کەسانی تر بکەین تا وا بزانن کە خاوەنی بیرکردنەوەی قووڵ و لێکۆڵینەوەی گرنگین، یاخود لەبەر ئەوە بێ کە بترسین لەوەی ناشێتیی ڕاست و ناڕاستی خۆمان دەربخەین، نەوەک گوێگران پێمان پێبکەنن.

***

ژیری ئەوەتا: هیچ دەمێ چەقەچەق و شەڕوشۆڕ نەکەین بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە دیارە چەقەچەقەکە بەرەو توندی دەڕوات. لە ڕاستیدا ئەوە دەستوورێکی باشە، کە هەر کاتێ زانیمان بەرامبەرەکەمان دەماری توند بووە، یاخود خۆمان دەمارمان توند بووە، گفتوگۆکەمان بوەستێنین... ئەمەیش، هەر لەبەر ئەوە نییە، کە دەروون بزووتن لەگەڵ بڕیاری چاکدا ناگونجێ، بەڵکو لەبەر ئەوەیشە کە گەلێک جار ئەبێتە هۆی گلەییکردن و بۆڵەبۆڵ و سووککردن و لەمجۆرە ئەنجامە ناپەسندانە.

هەروەها ژیری ئەوەتا: هەر کاتێ ویستمان ناپەسندکردنی خۆمان[1] لە بابەت شتێکەوە پێشان بدەین، پێویست بەوە ناکات پشم و قینی پێوە دەربخەین، یاخود بیدەینە بەر کلکان، چونکە تیز پێ کردن چەکی پیاوی شکاوە، نەک هی سەرکەوتوو. پێویست ناکات بڵێین:

(هەرچی تۆ دەیڵێی هەڵەیەکی ئاشکرایە). یاخود (ئەمە فڕی بەسەر ڕاستی و دروستییەوە نییە). چونکە ئەم جۆرە قسانە وا لە مرۆڤەکە دەکات کە بزانێ ئێمە کەمێک

(١) ناپەسندکردن: ناڕەزایی.



نەبێ ڕێز لە بیرکردنەوەی ناگرین. لەجیاتیی ئەمە، پێویستە لەسەرمان مەندی و بێ دەنگیی خۆمان بپارێزین و، وای پێ بڵێین: (داخەکەم، ئەم کارە، بەلای منەوە وا نییە). یاخود: (منیش وای بەچاک دەزانم کە بەم جۆرە بێت). ئنجا ئەگەر دوا قسەی گفتوگۆکە، بۆ ئێمە مایەوە، پێویستە لە شێوەیەکی ناسکدا دۆستایەتیی خۆمانی بۆ دەربخەین.

هەروەکو دەتوانین خۆشەویستیی هاوڕێکانی خۆمان بەمە دەست بخەین کە کەسایەتییان نەشکێنین، هەروەها دەیشتوانین بەبارێکی بەجێی تردا ئەو خۆشەویستییە دەست بخەین، کە ئەویش ئەوەتا دەستی ڕێزگرتن لەسەر هاوڕێکەمان دابنێین و بەهێزتری بکەین. بۆ وێنە: پیرۆزبایی لێکردنیان لە کاتی سەرکەوتنیاندا، ستایشکردنیان لە بەردەم کەسانی تردا، بەرەوپیری چوونیان بەگەشی و ڕووخۆشییەوە، پرسیارکردنێکی گەرموگوڕ لە بابەت خێزان و کاروبار و ڕابواردنیانەوە... ئەمانە هەموویان بابەتی بەهێزکردنی دۆستایەتین و تازەکردنەوەی خۆشەویستین. هەروەها ڕاگرتنی گفت و بەڵێن و پەیمانیش لەوە گرنگتر نەبێ، کەمتر نییە. چونکە ئەگەر بەهۆی درۆزنی و فڕوفێڵمانەوە، یاخود بەهۆی کەمتەرخەمیمانەوە، ئەو گفت و پەیمانەمان لەگەڵ هاوڕێکانماندا ڕانەگرین، دڵیان دەشکێنین. چونکە دوور نییە کە وا هەست بکەن ئێمە خەمی سرەوت و دڵخۆشیان ناخۆین، هەروەها ئەوەندەیش بەتەنگ دەرد و ئازاریانەوە نابین.

ئێمە دەتوانین ڕێزگرتنی هاوڕێکانمان بەوە زۆرتر بکەین، کە لە شێوەیەکی شیریندا گوێ لە پێشنیازەکانیان بگرین. هەر کەسێک بگریت، حەز لەوە دەکات کە ئەویش ببێتە سەرچاوەیەکی یارمەتیدان بۆ کەسانی تر. پێویست نییە کە ئەو یارمەتییە بەشتومەک بێت. ئەو ئەگەر باوەڕی کرد بەخۆی کە توانیویێتی یارمەتیمان بدات، بەتایبەتی ئەگەر یارمەتییەکە هی خۆی بێ پێشکەشی کرد بێ، بێ گومان ڕێزەکەی بۆ خۆشی و بۆ ئێمەیش زۆرتر دەبێ. چونکە ئاواتەکەی کە بۆ چاکەکردن بوو لەگەڵ کەسانی تردا هاتە دی. هەروەها پەسندکردنی یارمەتییەکەیشی لە لایەن ئێمەوە، بوو بەبەڵگەیەکی دان پیانانی هێز و دەسەڵاتی ڕاستەقینەیدا.

لەگەڵ ئەوەیشدا کە هەندێ کەس وا دەزانن لە باریاندا هەیە بیروباوەڕی بەنرخ پێشان بدەن و، خۆیان دەکەن بەسەرچاوەیەکی ئازاردانی ئەم و ئەو بەهۆی ئەو ئامۆژگارییانەوە کە دەیکەن بێ ئەمەی کەسێک لێیان بخوازێ، لە ڕاستیدا زۆربەی ئەو هاوڕێیانەمان بەمەبەسێکی چاکەوە و نیازێکی دۆستانەوە ئەو ئامۆژگارییانەمان دەکەن. ئەگەر ئێمەیان خۆش نەویستایە، نەیان دەکرد. لەگەڵ ئەوەیشدا کە دەزانین ئەو ئامۆژگاریانەی ئەوانمان پێ

نابڕێتە سەر، وا جوانترە کە چەند تاوێک بەخت بکەین لە پێناو گوێگرتنێکی هێمنانەدا لەو ئامۆژگارییانەیان، جگە لەوە هەموو جارێکیش پێ لە دڵسۆزییان بنێین و بەدڵ سوپاسیان بکەین. چونکە هەرچی سووک و ڕیسوا و ناشی نەبێ، بەلووت بەرزی و وشکییەوە بەرامبەریی پێشنیازی کەسانی تر ناکات.

یەکێک لەو ڕاستییە دەروونییانەی لە ژیانی ڕۆژانەماندا پەیی پێ دەبەین و، هیچ دەمێکیش کاری پێ ناکەین ئەوەیە، کە ئەو بابەتەی هەموو کەسێک لە هەموو بابەتێک زۆرتر نرخی پێ دەدات، کەسایەتیی خۆیەتی و کردەوە و کاری خۆیەتی. زۆر کەسیش ئەوەیان پێ خۆشترە کە لە شتێک بدوێن بەکەڵکی خۆیان بێت، یان بەتەنگییەوە بن، نەک ناچار بکرێن بەزۆر گوێ لەوە بگرن کە پەیوەندیی بەئێمەوە هەیە. کەواتە، ئێمە دەتوانین ئەوە فێر ببین کە چۆن دڵسۆزانە بایەخ بەکەسانی تر بدەین، هەروەها گفتوگۆکانیشمان بخەینە سەر ئەو بابەتانەی کە ئەوان حەزی پێ دەکەن. ئەم ڕێگایە، زۆر دروستە بۆ دۆست پێکەوەنان. هەر هیچ نەبێ، دەتوانێ دۆست پێکەوە بنێ، نەوەک زانیاریی پێشان بدات، یاخود بەچەنەبازی ڕێگا نەدات بەکەس و، بەقسەی پڕوپووچ و بێ تام کە فڕی بەکەسەوە نەبێ، مەگەر بەکاروباری تایبەتیی خۆمانەوە، کە ئەوەیش بێ گومان هاوڕێکانمان لە گیانیان وەڕس دەکات.

ئێمە ئەگەر ئەو خووەمان هەبێ، کە خۆمان هەڵبکێشین بەکاروباری خۆمانەوە، یان بەکاروباری کەسوکارمانەوە، کە لەوەپێش کراون، یان بەسایە و پایەی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی دەوڵەمەندیمانەوە بنازین، یان بەوەوە لەخۆبایی ببین کە ئەم گەورە پیاو و ئەو گەورە پیاومان نووساندووە بەخۆمانەوە، یاخود گەیشتووینەتە ئەو پایانەی کە گرنگ و بایەخدارن... بام ئەوە باش بزانین کە پەنامان بردۆتە بەر ئەو دەستوورەی کە تۆڵەی هەستکردن بە(براکەمی)مان بۆ دەکاتەوە. بەواتایەکی تر ئێمە هەست ناکەین بەیەکسانی لەگەڵ کەسانی تردا، بۆیەکا ئەو هەستانەمان بەو جۆرە پێشان دەدەین. لە ڕاستیدا، زۆر گوتن، بەبێ وچان، لە بابەت ڕابردوومانەوە، نیشانەی ئەوەیە، کە ئێمە ئێستاکە دەسەڵاتی کار و فرمانی ئیمڕۆمان نییە، ڕایان بپەڕێنین. ئەوەی کەسانی تر، لەم ڕۆژانەدا، بەتەنگییەوەن، هەروەها ئەوەی بەپەرۆشن تێی بگەن، ئەوەیە کە بزانن دەسەڵاتی ئێمە لە چیدایە و، ئێمەیش چۆن پیاوێکین.

ئەوە باشە کە بتوانین باش گوێ بگرین لە قسەی هاوڕێکەمان. ئەوەندە هەیە، دەبێ



خۆیشمان لە گفتوگۆکەدا هاوبەش بین. هەر هیچ نەبێ، بام چەند پرسێکی لێ بکەین تا بزانێ لە بابەتەکە تێگەیشتووین.

پێویست بەوەیش ناکات بڵێین، هیچ کەسێکی خوێندەوار، پرسیاری کەسایەتیی ڕووت لە کەسی تر ناکات.

کاتێ کە دیمان هاوڕێکەمان بیری بەلایەکی تردا دەچێ، دەبێ ئەوە تێبگەین، کە ئەوە نیشانەی ئەوەیە، کە ئێمە نەمانتوانییوە دڵی کێش بکەینە سەر قسەکانمان، ئەوساکە پێویستە بابەتی قسەکەمان بگۆڕین، یاخود قسەکەمان لەوێدا ببڕێنینەوە.

بێ گومان، هەموو کەسێ حەز لە پیاوی زرنگ و ڕووخۆش و خۆشبین (متفائل) زۆرتر دەکات، لە پیاوی قسە ڕەق و ڕوو گرژ و بەدبین (متشائم). جگە لەوە هەوەسی قسەی نەستەق کردن و گەمەوگەپیش، شتێکی بەکەڵکە ئەویش نرخی خۆی هەیە. ئێمە مەبەسمان لە خۆشبینی و قسەی خۆش کردن، ئەوە نییە هەر دڵخۆشی و پێکەنین بێ، یاخود بڵاوکردنەوەی ئاسایی قسەی نەستەق و قسەی پڕوپووچ بێ. بەڵکو مەبەسمان ئەوەیە، ڕاست و ڕەوان قسە دەکەین، کە تا ئەندازەیەکی پەسند بەتەنگ دوارۆژی خۆمان و کەسانی ترەوە بین، بەڕوویەکی خۆشیشەوە خەمی کار و فرمانی خۆمان و کار و فرمانی کەسانی تر بخۆین، هەروەها ئەوەندەیش بەهێز بین، کە لای کامەرانی و ڕووناکی ژیان ببینین، بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە دەکەوینە تەنگانەوە. ئنجا تێگەیشتنێکی ئاوەهایی، لە توانایییدا هەیە کە دەست بخرێ و پەروەردەیش بکرێ، ئەگەر بێتو ڕەنجێکی تەواوی لە پێناودا بۆ بدرێ، ڕاستیشت دەوێ، هەر ڕەنجێکی بۆ بدرێ، دەهێنێ، چونکە کەڵکی ئەوە لە ئەندازە نایەت.

بەڵام، بەهەموو ڕەنگ، لە کاتی گلەییکردن و بەزم پێکردندا وریایی پێویستە ژیری وای پێ دەوێ ئەگەر گەمەمان بەیەکێک کرد، یان قسەبازیمان لەگەڵدا کرد، گەمە و قسەکەمان گشتی بن، نەک توخنی کەسایەتیی ئەو کەسە بکەون. دوور نییە، ئەو کەسە قسەبازیی لەگەڵدا دەکرێ، یان کارەساتێکی پێکەنینهێنەری لێ ڕوو دەدات، خۆیشی پێبکەنێ. بەڵام زۆرتر بیر بەلای ئەوەدا دەچێ، کە لەژێرەوە پێی دڵتەنگ ببێ و پیشی پێ بخواتەوە. چونکە لەو بارەدا دەکەوێتە جێیەکی سووکەوە. ئەگەر زۆر ئەرباب و دڵفراوان نەبێ، لێی بێ دەنگ نابێ. دوور نییە، مرۆڤەکە، لە قسەبازییەکە تێ بگات و پێیشی خۆش بێ بەمەرجێ یەکێکی وا لەگەڵیدا بکات کە لە ڕەگەز یان ئایین یاخود خێزان، یان دەستەی

زرنگکاری، یان لە هاوپیشەی خۆی بێ. یاخود قسەبازییەکەی لە بابەت ئەو ڕەگەز و ئایین و شتانەی ترەوە بێ. بەڵام ئەگەر بێگانەیەک لەگەڵی بکات، دوور نییە پێی ناخۆش بێ ئەو وا دەزانێ بێگانەکە پلاری تێ دەگرێ. چونکە زۆرجاری وا هەیە، مرۆڤ هەندێ لە ڕاستی دڵی خۆیان لە شێوەی قسەی گەمە و پێکەنیندا دەردەبڕن ڕاستییەکەی ئەوەیە، کەس نییە بتوانێ بەتەواوەتی دڵمان ڕابگرێ. هەروەها ئێمەیش لە تواناییماندا نییە دڵی هەموو کەس ڕابگرین. کەواتە، بۆ خۆیشمان باش نییە، ئەوەندە کەموکووڕی لە کەسانی تر بگرین و، سەر بکەینە سەریان، یاخود لە ئەندازەبەدەر هەڵە بکەین لەگەڵیاندا، بەجۆرێکی وا کە هاوڕێکانمان بکەینە بابەتی توانج و پلار و گەمە پێکردنمان. تیز پێکردن، ڕێگایەکە، زوو دەمانگەیێنێ بەهەستکردن بەسەرکەوتوویی، بەڵام لە ڕاستیدا سەرمان ناخات. جا لەبەر ئەمەی سەرکەوتووەکان تیز بەکەس ناکەن، ئێمەیش مافمان هەیە وا بڕوا بکەین ئەوانەی ڕێگای تیزکردن دەگرن، خۆیان لە کانی دڵیاندا هەست وا دەکەن، کە پێویستە لە شێوەی سەرکەوتوواندا خۆیان پێشان بدەن. جگە لەوە، تیز پێکردن، پیاو بەرز ناکاتەوە لە ژیاندا، هەروەها پیاو نزیک ناخاتەوە لە هاوڕێ و دۆستەکانی.

لە یەک تێگەیشتن، پەسندە، بەتایبەتی لەو کاتەدا کە گیروگرفت دەکەوێتە ناو دوو دۆستەوە، کە دۆستایەتییەکەیان نرخی هەبێ. کەم کەسیشمان هەن کە بیانەوێ بزانن، خۆیان بەهەڵەدا چوون و ئەوەیش هەڵدەگرن کە گلەییان لێ بکرێ. ئێمە دەمانەوێ تاوان بخەینە سەر کەسێکی تر، کەسەکەی تریش هەر وەک ئێمە وایە، ئەویش دەیەوێ تاوان بخاتە سەر ئێمە. جا لەگەڵ ئەوەیشدا کە ڕەنگە هەردوو لامان حەز بەوە بکەین کە دڵی یەکتر چاک بکەینەوە، بەڵام لووت بەرزییە هیچوپووچەکەمان و، ترسەکەمان لەوەی کە پێنان لە هەڵەی خۆمان، لە نرخمان کەم دەکاتەوە و لە نرخی هاوڕێکەمان زۆرتر دەکات، وامان لێ دەکات، کە لە دڵدانەوەی ئەو هاوڕێیەمان واز بهێنین.

لە ڕاستیدا، ئەو کاتەی کە بەدڵێکی پاکەوە پێ لە گوناهی خۆمان دەنێین، لەپێش چاو کەسانی تردا بڵندتر دەبینەوە. دان نانیش بەهەڵەکانماندا، وامان لێ دەکات کە جارێکی تر بەهەڵەدا نەچینەوە. هەروەها زۆربەی تێکچوونەکانیشمان لەگەڵ ئەم و ئەودا، چونکە هیچوپووچن، بەزوویی لەبیر دەچنەوە، ئەگەر بێتو ئامادە بین بۆ ئەوەی چەند هەنگاوێکی بچووک بەرەو ڕێککەوتنەوە و ئاشتی بڕۆینە پێشەوە، هەروەها ئەوەندەیش ئارەزووی گەورەکردنی تێکچوونەکە نەکەین، بەهۆی هەست پەسندیی خۆمانەوە.



ئەوەیش پێویستە بزانین، کە ئەگەر ویستمان دۆستایەتییەکی بریندار چاک بکەینەوە، نابێ برینەکە، خوێی تێبکەین، بەواتایەکی تر نابێ قسەی وا بکەین کە لە ژێری و دڵتەڕییەوە دوور بێ.

بۆ وێنە، ئەگەر بڵێین: (ئەمجارە چاوت لێ دەپۆشم. بەڵام نابێ جارێکی تر ئەم هەڵەیە بکەیتەوە)، یان: (تۆ تاوانباریت. بەڵام چاو لە گوناهت دەپۆشم). ئێمە بەم قسەیە دڵی بریندارتر دەکەین و ناکۆکیی ناوەندیشمان گەورەتر دەکەین. بەڵام ئەگەر وتمان: (داخەکەم، من هەڵەم کرد). یان شتێکی تری وەک ئەمەمان گوت، بەزۆری، ئەو کەسە خۆی زۆرتر نزیک دەخاتەوە، بەڵکو دوور نییە کە لە کانی دڵیەوە، تاوانەکە بخاتە سەر خۆی.

قسە هەزارە و دووانی بەکارە، هەرچیمان گوتووە بریتییە لەم دوو وشەیە: (تا دەتوانیت دڵفراوان و لێبووردە بە).

مەبەسمان لە دڵفراوانی پارە بەشینەوە و دیاری ناردن نییە مەبەسمان ئەوەیە کە دڵی کەسانی تر ڕابگیرێ، لەسەر چاکە هانە بدرێن، پشتیوانییان بکرێ، بەکاروبارەکانیشیان نرخی خۆیان بدرێ. نەبێتە دووبارەکردنەوەی قسە، کە بڵێین: دڵفراوانی لە کاروباری وادا، پارەی تێناچێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە، هەر هیچ نەبێ لە لایەنی گیانەوە، دەوڵەمەندترمان دەکات. هەموو کەسێکیش حەز دەکەن نرخ بەکاروباریان بدرێ، ئەو نرخ پێدانە گەشەیان پێ دەکات، زۆرجاری وایش هەیە کە لە دراو و کەلوپەل لایان بەنرخترە.

دوایی، ئەگەر بمانەوێ دۆست پەیدا بکەین و دۆستایەتی بپارێزین، پێویستە دڵسۆز بین، ئێمە ناتوانین لەگەڵ خۆماندا، چاکەدەرەوە بین، ئەگەر لەگەڵ کەسانی تریشدا چاکەدەرەوە نەبین. ڕەوشتی گشتیی بڵندیش وای پێ دەوێ: ئەگەر بووین بەدۆستی کەسێک، یاخود بووین بەمیوانی، نابێ توانج و پلاری تێ بگرین و قسەی بۆ فڕێ بدەین. جگە لەوە، ئەگەر فرمانمان بۆ کەسێک کرد، دەبێ بەدڵ و گیان بۆی بکەین. خۆ ئەگەر هانەیش دراین تیزی پێ بکەین، پێویستە تێبکۆشین لەو ڕێیە لابدەین، یاخود ئەو فرمانەمان بگۆڕین.

ئەگەر دوودڵی، بنج بەست بوو، بەگران لە ڕەگ و ڕیشەوە دێتە دەرەوە. ئەگەر بێتو لەو کاروبارانەی کە حەزی لێ ناکەین، لێکۆڵینەوە بکەین، پاشەجار زاڵبوونمان بەسەریاندا ئاسان دەبێ. بەڵام بەهەموو ڕەنگ تا کەمتر بەتەنگ ئەو کاروبارە ناخۆشانەوە بێین، باشتر دەبێ بۆمان بۆ وێنەیەکی ساکار، ئەو کەسانە دەهێنینە پێشەوە کە هەست

بەکەموکووڕیکردنی ئێمە ئازاریان دەدات. ئەوانە، بەزۆری، چەند کەسێکی دیاردیکراویان خۆش ناوێ، لەبەر هێز و توانایی و گەلپەروەرییان، لەبەر ئەو ڕووکەشەیان کە نیشانەیە بۆ سرەوت و باوەڕکردنیان بەخۆیان، جگە لەو ڕەوشت و کردەوانەی تریان کە ئەوانیتر نیانە. ئەوانە پاکانەی خۆش نەویستنەکەی خۆیان وا دەکەن، کە ئەوانەی خۆشیان ناوێن خۆپەسند و تووڕەوتڕۆن. کەچی لە ڕاستیدا، بۆیەکا خۆشیان ناوێن، ئەو کردەوە و ڕەوشتەی ئەوان هەیانە، خۆیان نیانە. زۆرجار، وا ڕێک دەکەوێ، ئەوانەی خۆشمان ناوێن، هەڵدەگرن بیانکەین بەدۆستمان، دیارە ئەگەر ئەو دوژمنایەتییەمان نەبووایە کە هیچ هۆیەکی نییە، خراپیی خۆمان نەبێ، ئەو کەسانە دەبوون بەدۆستمان. بەڵام هەرچی بابەتی زۆرداریيە، بەڕاستی، زۆر ستەمە کە بتوانین بەگیانێکی دۆستانەوە بژین، یان لەگەڵ کەسانی تردا بەشیرینی هەڵبکەین، ئەگەر هەمووده‌م، مێشکمان پڕ ببێ لە بیری دوژمنایەتی و زۆرداری و ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە دوور نییە زۆرمان لێ بکرێ، دوور نییە، بێ گوناه هورووژم ببەنە سەر ئایینمان، لەگەڵ ئەمەیشدا بۆ ئێمە وا چاکترە کە چاو بپۆشین و لێ ببوورین و ئەو خراپەیەی لێمان کراوە، لەبیر خۆمانی ببەینەوە. ئەگینا بێ باوەڕی و دوودڵی، سەرمان لێ دەشێوێنن، ئەوساکەیش لەسەر شتی پڕوپووچ شەڕوشۆڕ دەکەین. پاشان وایشمان لێ دێ، کە بەجۆرێکی تێکڕایی نەخۆشتر و دڵتەنگتر و تەنیاتر ببین.

**پوختەی وتراو**

١- زۆر لە نەخۆشییەکانی دەمار بەهۆی بێ ئارامیی هۆشەوە پەیدا دەبێ، کە ئەویش لە تێکچوونی ناوەند پیاو و هاوڕێکانیەوە پەیدا دەبێ.

٢- بام وەکو مرۆڤێک بجووڵێینەوە و تێبکۆشین، بۆ گەیشتن بەئامانجی سەرکەوتن.

٣- ئەگەر ویستت کەموکووڕیی شتێک یان کەسێک پێشان بدەیت، لە شێوەی پێشنیاز یاخود پرسیاردا پێشانی بدە.

٤- هەر کاتێ هەستت پێ کرد خۆت یاخود هاوڕێکەت دەماری توند دەبێ، گفتوگۆکەتان ڕابوەستێنە.

٥- کە قسەی نەستەق دەکەیت، یان بەزم بەیەکێک دەگریت وریای خۆت بە، دڵی نەڕەنجێنی.



## واز لە دوودڵی بهێنە و دەست پێ بکە

٤

دەسەڵاتی چارەکردنی گورجوگۆڵانە، لە کار و فرمانەکە واز هێنان و ڕوو وەرگێڕان بۆ کاروبارێکی تر، ئەمانە شتێکی ئەوتۆن کە پێویستە هەموو کەسێکی ئاواتەخواز بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری گرنگ، تێیاندا هەبێ. ئەو ڕەوشت و دەسەڵاتانە، هەمیسان پێویستن بەئێمە، بۆ سەرگرتنی ئاشنایەتیمان لەگەڵ کەسانی تردا. چونکە هیچ کەسێک پشت بەپیاوی دوودڵ و پەشۆکاو نابەستێ، بڕوا بەمرۆڤی بێ دەسەڵات ناکات. ڕێز لەو جۆرە پیاو و مرۆڤانە کەم دەگرێ.

هەرچەندە، دوودڵی، هۆی زۆرە، بەڵام ڕەنگە گرێی کەموکووڕی، لە زۆرجاردا، یەکەم هۆیان بێ. بنچینەی دوودڵی ترسە. ئەوانەی تووشی نەخۆشی دوودڵی بوون، بێ ئەمەی هیچ هۆیەک لەئارادا هەبێ، هەمووده‌م ترسنۆک و خۆپارێزن. ئەوانە هەموو شتێکیان بەلاوە گرانە، چاویان سامناکی نەبێ نابینێ، ئەوانە هەر لەوە دەترسن، کاروباریان سەرنەگرێ. ئەوانە لە سەرنەکەوتن دەترسن، لە تیز پێکردنی ئەم و ئەو دەترسن، لەوە دەترسن کە هەڵەکردنێکیان ببێ بەهۆی ڕوودانی ئەنجامی پێکەنین هێنەر، یاخود ئەنجامی پڕ وەی. بەزۆری، دوودڵی، ڕەگێکی هەیە لە هۆشی شاراوەدا بەستراوە بەئارەزووی هەڕاکردنەوە لە هەموو ئەرکێک کە فرمانی گرنگ پێویستی پێی دەبێ. دوودڵی، بریتییە لە تێکۆشانێک بۆ خۆپاراستن، لە لێپرسینەوەی ژیان.

کاتێ کە دوودڵی دەگاتە ئەوپەڕی خراپی، تێکڕا هیچ کار و فرمانێکی ڕۆژانە نامێنێتەوە، کاری تێنەکات. بەم ڕەنگە، هی وایان هەیە، دەمێکی دوورودرێژ بەوەوە بەخت دەکات، تا بڕیار دەدات، کام ملیوان ببەستێتە ملی[1]، ئاخۆ لە ماڵەوە بمێنێتەوە باشترە یان بچێتە دەرەوە، ئاخۆ وا باشترە کە ئێستا نامەکە بنووسێ یان بیخاتە دوایی. نەخۆشی دوودڵی کوتوپڕ دەرناکەوێ. ئەمە بەجۆرێکی تێکڕایی، ئەویش وەک زۆربەی پشێویی هۆش، لەپێشدا سووک دەیگرێ، بەڵام پاش ئەوە، لە ئەنجامی کەمتەرخەمییدا لێی توند دەکات. ئەمەیش ڕەنگە بەشتێکی سەیر بزانرێ، کە بڵێین: نەخۆشی دوودڵی، بەجۆرێکی تێکڕایی، بەکاروباری گرنگەوە دەرناکەوێ، بەڵکو لەگەڵ ئەو کاروبارە بچووکانەدا خۆی دەردەخات کە بایەخێکی گەورەیان پێ نادرێ.

(١) یان: کام بۆینباخ ببەستێت؟

چاکترین ڕێگا بۆ پەروەردەکردنی گیانی بڕیارداری ئەوەیە: هەر کاتێ بەپێویستمان زانی بڵێین (نەء)، بڵێین (نەء) هەر ڕۆژێکیش بگریت، ئەم هەلانەی بەزۆری تێدا دەست دەکەوێ.

بەوێنە زۆرجاری وا هەیە، پرسیارێکمان لێ دەکرێ. جا ئەگەر ئێمە لەو کەسانە بین قسەی ئەم و ئەو کارمان تێ بکات و، بترسین لەوەی دڵی ئەم و ئەو بشکێنین، یاخود ئەگەر زۆر خۆش باوەڕ بین؛ ئەوا حەز بەوە دەکەین کە بچینە سەر ئارەزووی ئەو کەسە و پێشبینییەکەیشی پەسند بکەین. ئەوساکە، ناتوانین بڵێین: خۆمان بڕیارمان داوە، چونکە لە ڕاستیدا، کەسێکی تر بڕیاری داوە و ئێمەیش لەسەری دەڕۆین. دیارە ئێمەیش، هەرچەند، بەم جۆرە ڕەفتار بکەین، وشەی (بەڵێ) لە هۆشماندا بنج بەستتر دەبێ. هەر بەم جۆرە لەوە دوایش وشەی (نەء) تا دێت گرانتر لە دەممان دێتە دەرەوە.

ئێمە هەموومان ئەوە دەزانین: ئەگەر پێشنیازێکمان خرایە بەردەم، یاخود بانگ کراین بۆ شتێک، دەتوانین بڵێین باشە، یان بڵێین باش نییە. پاشەجار کە هیچ هۆیەکی پەسند لە ئارادا نەبێ کە شتەکە بەرپەرچ نەدەینەوە. ئەگەر بەباشی نەزانین، پێویستە دەمودەست بەرپەرچی بدەینەوە و نەیخەینە دوایی. ئێمەیش، بەجۆرێکی تێکڕایی بۆیەکا وەرامی (نەکردن)ەکە دوا دەخەین، چونکە پشوودان، نەکردنەکە، ئاسان دەکات. جگە لەوە خۆیشمان ئەوەندە ئازایەتیمان تێدا نییە کە بوێرین ڕاستە و ڕاست بەمرۆڤەکە بڵێین (نەء).

لە لایەکی تریشەوە، زۆر کەسی وا هەن لە کانی دڵیانەوە حەز دەکەن بڵێن (نەء)، کەچی وایش هەست بەخۆیان دەکەن کە ئارەزوو دەکەن بڵێن (بەڵێ). ئەو کەسانەی وا بن، هەست بەکەموکوورییەک دەکەن لە خۆیاندا، ئەو پێڕەوی بەرپەرچدانەوەیەیش، بۆیەکا لەسەری دەڕۆن، کە خۆیانی پێ بپارێزن.

بەوێنە: ئێمە لە کانی دڵمانەوە حەز بەتێکەڵیی کەسانی تر دەکەین، پێمان خۆشە لەگەڵیاندا ڕاببوێرین، کە بانگیان کردین بچینە لایان، لە یارییەکانیشیاندا هاوبەشییان بکەین. کەچی لەبەر ئەوەی دەترسین لە خۆمان بشڵەژێین و بپەشۆکێین، یاخود هەڵەیەکمان لە دەست دەربچێ و تەریق ببینەوە لە سەرنەکەوتن، واز لەو تێکەڵییە دەهێنین و بانگکردنەکەیان بەرپەرچ دەدەینەوە.

زۆرجاری وایش هەیە، کە بەدرۆ، بەڵێنێکی پێشوو دەکەین بەبیانوو، بۆ ئەمەی خاوەن بانگێشتنەکە وازمان لێ بهێنێ. یاخود بەبیانووی سەر ئێشان یان ماندوویێتی یاخود



تێکچوونێکی لەشەوە، کە هیچیانمان نییە، خۆمان دەپەڕێنینەوە لە چوون بۆ ئەو بانگێشتنە. جا لەم جۆرە بارانەدا، پێویستە دوای ئارەزووی یەکەممان بکەوین. ئەنجام بەچی دەگات، بام بگات. هەروەها، تا پێمان دەکرێ، پێویستە لەو بیانووانە خۆمان دوور بخەینەوە کە لە ڕاستییەوە دوورن. ئەگەر بێتو، بەبیانوو خۆمان ڕزگار بکەین، بەتایبەتی بەبیانووی تێکچوونەکانی لەشەوە، بەزۆری وا لە خۆمان دەکەین کە ڕابێین بەم جۆرە کردەوەیەوە و لە هەر کاتێکا تووشی بارێکی ناخۆش بووین بەکاری بهێنین. بەم ڕەنگە بەرە بەرە لە ئەرکی ژیانی ئاسایی خۆمان دوور دەخەینەوە هەروەها بۆی هەیە، بۆ ئەمە پەنا بەرینە بەر بیانووی لەش تێکچوون تا هەڕا بکەین لە دەست ئەو بیرەوەرییانەی بەباشی نازانین بیریان لێ بکەینەوە. کەچی بەوە خۆمان تووشی گەلێ نەخۆشی کاریگەری دەمار توندی دەکەین.

ڕێگای هەرەچاک ئەوەیە کە کەینەوبەینەکە بەڕاستی و پاکییەوە پێشوازی بکەین. هەروەها بڕیارەکانیشمان نزیک بن لە ڕاستی و ڕووداوەوە، بێ لایەنگیرییش درا بن. پێویستە لە هەموو بیانوویەکی ناڕاست، یان کەم ڕاستی، یان دوور لە ڕاستییەوە، خۆمان بپارێزین.

جا لەبەر ئەوەی زۆر بابەت هەن کار دەکەن لە بڕیارداندا ئەوە زۆر پەسندە کە بڕیارەکانمان لەسەر بنچینەی هۆش زۆرتر دابمەزرێ تا بنچینەی هەست و دەروون بزووتن. چونکە ئەم جۆرە (بڕیارانە)، لەبەر ئەوەی لەسەر بنچینەی هۆش دانەمەزراون، گەلێک جار هەڵەیان تێدا پەیدا دەبێ. ئەم ڕاستییەیش لەوەوە تێگەیشتووین، کە زۆرجاری وا هەبووە، ئەو جۆرە بڕیارانە جێبەجێ کراون و هەڵەکانیان دەرکەوتوون.

***

ئەو جۆرە کەسانەی دوورن لە بڕیاردان و هەستی خۆدەربڕینەوە، هەروەها ئەوانەی تووشی هەست بەکەموکوورییکردن بوون، حەز بەوە دەکەن کە وشەی (من) کەم بەکار بهێنن. لەبەر ئەوە قسەکانیان هێزی تێدا نییە؛ کەسایەتییەکانیشیان بێ تینن. لای ئەوانە، وشەی (من)، خۆپەرستی دەگرێتەوە. وا دەزانن هەر بیروباوەڕێکی خۆیان دەربڕی، تووشی لێ پرسینەوەیەک دەبن. لەوە دەترسن بەهەڵەدا بچن. لەبەر ئەوە خۆیان لەپشت وشەی (ئێمە)وە دەشارنەوە. یاخود لەپێش قسەکەیاندا وشەکانی (دەڵێن) یاخود (ئەو وا دەڵێ) بەکار دەهێنن. هی وایان هەیە، بۆ پشتگرتنی قسەکەی خۆی، پەندی پێشینان، یاخود هۆنراوە دەهێنێتەوە. لە خاوەن پایەکانیشدا هی وا هەیە، کە بەشێوەی لا بەلایی،

ئارەزووەكانی خۆی دەردەخات. بۆ وێنە، دەڵێ: (كابرا، دەیەوێ وای بۆ بكەن...).

كەواتە، وا چاكە، هەر كەسێ بڕیاردانی پێ نەكرێ، خۆی ڕابهێنێ بەگوتنی وشەی (من)ەوە، لەو كاتانەدا كە بیروباوەڕێكی خۆی دەردەبڕێ، یاخود فەرمانێک دەدا یان گلەییەک دەكات، یان سەرزەنشتێک دەكات. جا ئەگەر ئەو كەسە، خۆی دڵ ڕەق و زمان تیژ نەبێ، دڕ و بێ ئابڕوو نەبێ، لەو قسانەیەوە كە دەیكات زۆر كەم، یاخود هیچ زیانێكی بۆ پەیدا نابێ. بەهەموو ڕەنگ، هەر كەسێ بیەوێ كەسایەتییەكی بەهێزی ببێ پێویستە حەز بەوە بكات كە هەرچی دەڵێ و دەیكات لێ پرسینەوەكەی، بەتەواوی، بخاتە ئەستۆی خۆی. قسەی بەپێچوپەنایش خەوشێكی ترە لە خەوشەكانی دوودڵ و سەرلێشێواوەكان. چونكە لەجیاتی ئەمەی ڕاستە و ڕاست بێتە ناو بابەتەكەوە و لێی بدوێ، بەكورتترین ڕێگا و ڕۆشنترینی، بیروباوەڕی خۆی دەرببڕێ، دەچێ قسە بەپێچوپەنا دەكات، یان زمانی لێ تێک دەچێ، یاخود تا پێشەكییەكی دوورودرێژ و ناخۆش و بێ پەیوەندی بەباتەكەوە نەڵێ، ئەوەی لە دڵێدایە نایڵێ.

بێ گومان، هەرچەند مرۆڤەكە، بابەتەكەی باشتر بزانێ، باشتر دەتوانێ كەسانی تر بخاتە سەر بیروباوەڕی خۆی، كەمتریش پەنا دەباتە بەر ئەم جۆرە پێشەكییانە: (بەلای منەوە وایە) یان (ڕەنگە وا بێ) یاخود (بەتەواوەتی نازانم چۆنە)... كەمتریش هانە دەدرێ، كە كەسانی تر چەواشە بكات بەوەی كە لە بابەتەكەوە زۆر دەزانێ ئەوەیش خوویەكی باشە كە تەماشای ئەو كەسە بكەین كە قسەمان لەگەڵدا دەكات. بەهەموو ڕەنگ، ئەوەیش ڕاست نییە كە بگوترێ: هەرچی نەتوانێ چاو ببڕێتە چاوی كەسێكی تر، ئەو كەسە خوویەكی وێژەیی كزی هەیە. چونكە ئەگەر ئەمە ئەندازەیەكی ڕاستەقینەی ڕەوشت و خوو بوایە، دەبوو، بەندیخانەكانمان كەسی تیا نەمایە. لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەمە ڕاستە، كە ئەو كەسانەی هەست بەكەموكووڕی دەكەن، وا دەردەكەوێ، كە لە توانایاندا نەبێ سەیری ئەو كەسانە بكەن كە گفتوگۆیان لەگەڵدا دەكەن. هەروەها لەوە دەكەن، كە لە بەردەم كەسانی تردا بشڵەژێن و خۆیان خراپ پیشان بدەن.

لەو كاتەیشدا، كە گیروگرفتێكمان تووش دەبێ و، دوودڵین، نازانین چی بكەین بۆ چارەكردنی، ژیری وای پێ دەوێ كە دەست بكەین بەشتێک، بام لێیشی دڵنیا نەبین كە ڕاستە. چونكە دەبێ ئەوەمان لەبیر بچێتەوە، كە هەر كەسێ دوودڵیی نواند، شەڕ دەدۆڕێنێ.



ئەو قسەیەیش كە دەڵێ: (فرمانی ئیمڕۆت مەخەرە بەیانی، ئێستا دەستی پێ بكە)، زۆر بەكاری پیاوی دوودڵ دێ. ئنجا ئەگەر پیاوێک فرمانی خۆی دوا بخات، یان هەر جێبەجێی نەكات، یاخود ئەو ڕێیانەی نەگرت كە كەسانی تر لەپێش ئەودا گرتوویانە و لێیشی دڵنیابوون كە ئەنجامی باش دەردەچێ، بێ گومان سەرناكەوێ. دوور نییە كە لە گلەییكردن و كەموكووڕی دەرخستنی ئەم و ئەو ڕزگاری ببێ. بەڵام ئەم جۆرە ڕەوشتە، فرمانی پێ ناچێتە سەر، پاڵ بەپیاویشەوە نانێ بۆ پێشكەوتن، هەروەها هانەیش نادات بۆ دەستكردن بەفرمان.

دوور نییە كە لەو كاتەدا، مرۆڤەكە وەستاوە بۆ لێكۆڵینەوە لەو فرمانەی كە دەستی كەوتووە، بۆ ئەمەی دڵنیا بێ لەوەی كە لە هەموو سەرێكەوە وەیی بۆ ئەو تیا نییە، گەلێک هەلی باش باشی لێ هەڵبكەوێ و لەبەر گێژوویژی خۆی لە دەستی بچێ.

زۆرجاری وا هەیە، لێكۆڵینەوەی زۆر پێویست نییە و بەكەڵكیش نایەت. ئەوەندەی بەهۆی ئەوەوە، لە دەست دەچێ، ئەوەندە بەهۆی گورج ڕاپەڕاندنی فرمانەكەوە لە دەست ناچێ. زۆر لێكۆڵینەوەی نابەجێ، دەست پێكردنی فرمانەكە و بڕیاردان لەسەركردنی، دوا دەخات. هەروەها هەڵكوتانە سەر فرمانیش، پیاو تووشی تەنگوچەڵەمە دەكات و ئەنجامیشی بەپەشیمانی دەگەیێنێ. بەهەموو ڕەنگ، پیاوی دوودڵ لە ئەندازەبەدەر، لێكۆڵینەوە و بیرلێكردنەوە بەكار دەهێنێ لە تاقیكردنەوەدا، بۆمان دەركەوتووە كە بڕیارەكانی سەرەتایی، ئەوەندەی هەڵ دەكەن، ئەوەندەیش ڕاست بۆی دەچن. ئنجا ئەگەر دوودڵیمان كرد لە جێبەجێكردنیاندا، یاخود لەوە ترساین كە بەهۆی ئەوانەوە تووشی داوێک ببین، بیر بەلای ئەوەدا دەچێ، كە لەگەڵ ئەوەیشدا هۆشمان پەسەندیان بكات، وازیان لێ بهێنین و جێبەجێیان نەكەین. بێ گومان، ژیری ئەوەتا، كاتێ كە دەستمان كرد بەكڕینی خانوویەک، یان بیرمان كردەوە لە گۆڕینی فرمانەكەمان، دەبێ هەر زانیارییەک بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو كاروبارەمان پێویست بێ، كۆی بكەینەوە و شارەزایی تێدا پەیدا بكەین، تا لە ڕێی ڕاستەوە بۆی بڕۆین. لەگەڵ ئەمەیشدا ئەم كاروبارە گرنگانە، زۆرجاری وا هەیە پێویستیان بەم جۆرە خەمخۆرییە نییە. بەڵام دوودڵەكان، بەجۆرێكی تێكڕایی، بەكاروباری بچووكی كەم بایەخەوە خەریک دەمێنن، دەبێ لەوەیش سەرمان سوڕ نەمێنێ كە بەزۆری بیانبینین، داماو و پەک كەوتە بن لە بەرامبەر كاروبارە گرنگە گەورەكاندا.

وا چاكە، دوودڵەكان، لە ئارەزووی گەورەكردنی كاروبار و خەمخۆری و خۆپاراستندا،

هەندێکی لێ کەم بکەنەوە. هەروەها لەوەیش تێبگەن، کە هەرچەند، بیرکردنەوەیان قوولّ بێ، دەربارەی گیروگرفتەکانیان، هەموودەمێ، تێیاندا سەر ناکەون. چونکە هیچ کەسێکی خاوەن کاروباری بەناوبانگ نییە، کە پێ لەوە نەنێ، جاروبار بەهەڵەدا دەچێ، جاروبار بەهەڵەی گەورە و پڕ سامدا دەچێ. لەبەر ئەوە چاوەڕوانی ئەوە نییە کە کەسانی تریش بێ هەڵە بن. ئەمەیش دەستوورێکی باشە بیگرین، کە هەر کاتێ بڕیارێکمان لە بابەت کاروبارێکەوە دا، ئیتر واز لە بیرکردنەوە لەو کاروبارە بهێنین، دەست بەجێیش دەست بکەین بەجێبەجێکردنی ئەو بڕیارە. بەڵام ئەگەر هەر تاوە نا تاوێک، لە خۆمان پرسی ئەگەر ڕێگایەکی چاکترمان بگرتایە ئەنجام بەچی دەگەیشت؟ ئەوساکە گومان و ترس لە دڵماندا پەیدا دەبن، سەرمان لێ تێکدەچێ، ڕەنجمان بەبا دەڕوا، بڕستمان دەبڕێ، هێز و تواناییشمان وایان لێ دێ دەگەنە نیوەیی.

زۆرجاری وایش هەیە ئەم گومان و ترسانە، دەبنە هۆی تێکدانی، ئەو ڕێ و شوێنە، کە بۆ جێبەجێکردنی فرمانەکەمان داناوە. ئەنجامی دواییش بەوە دەگات، مرۆڤەکە دەمدەمیی لێ بێ، لەسەر هیچ نیازێک خۆی ڕانەگرێ، کە هاتوو دەستی کرد بەبڕیاردانێکی تریش زۆرتر دوودڵیی تێدا بنوێنێ. پاشان وای لێ دێ، سەری لێ تێک دەچێ، کاروبار لە بەرچاویدا تێکەڵوپێکەڵ دەبێ، نازانێ دەست بداتە کامیان و، وازیش لە کامیان بهێنێ. بەواتایەکی تر دەست بەزۆر شت دەکات، بەڵام هیچیان ناباتە سەر.

**پوختەی وتراو**

١- بێ ئەوەی هەست بەخۆمان بکەین، دوودڵی خۆی دەبەستێتەوە بەئارەزووی خۆ دەربازکردنەوە لە هەموو ڕەنج و تێکۆشانێک کە بۆ ڕاپەڕاندنی کارێک پێویستە.
٢- ئەوانەی بەدڵ دەیانەوێ بڵێن (بەڵێ)، کەچی دەیانەوێ بڵێن (نەء)، لەو کەسانەن کە هەست بەکەموکووڕیی خۆیان دەکەن.
٣- لەپشت بیانووەوە خۆت مەشارەرەوە، بەتایبەتی بیانووی لەش تێکچوون.
٤- هەموو گەورە پیاوێک پێ لەوە دەنێ کە هەڵەی لە دەست دێ. لەبەر ئەوە چاوەڕوانی ئەوە نییە کە کەسانی تریش لە هەڵە بەدوور بن.



## دڵت زۆر ناسک نەبێ

**٥**

بێ گومان هەموومان مرۆڤی وامان بەرچاو کەوتووە، کە بەهۆی زوو تێکچوون و دڵشکانیانەوە، بەخۆڕاییی، ژیان لە خۆیشیان و لە کەسانی تریش تاڵ دەکەن و دەیکەن بەژان! ئەوانە، زوو گرژ دەبن، زوو دڵتەنگ دەبن، بەئاسانی تووڕە دەکرێن، درەنگیش دڵیان چاک دەکرێتەوە. ئەوانە، بێ ئەوەی خۆیان ماندوو بکەن، هەموودەم ئامادەن شتێکی بچووک بدۆزنەوە و بیگرن بەدڵەوە. ئەوەیش لەبەر ئەوەیە کە ڕاهاتوون بەلێکدانەوەی خراپەوە. هەرچییەک ببینن و ببیەن دەیخەنە سەر خۆیان. پێویستە بزانرێ کە زوو تێکچوون تەگەرە دەخاتە پێش مرۆڤ لە ژیانیدا. چونکە ژیان ئەوەندە ماوەی کەمە، بازرگانیی ژینیش ئەوەندە چڕوپڕە، هەموو کەس پێی ناکرێ تەماشای ئەو چاوئەندازانە بکات کە دڵ ناسکەکان زۆری لێ دەکەن بیانبینێ. هەروەها هەموو کەسێک ئامادەی ئەوە نییە، کە ژیانی خۆی بەخت بکات بۆ دڵ ڕاگرتنی ئەو جۆرە کەسانە، کە هەر چەندێک خۆتیان بۆ بکوژیت، پێ نازانن، هەر بۆڵەبۆڵ دەکەن و ورد و درشتیشت لەسەر دەژمێرن. کەم کەسی وامان تێدایە، ئەمەندە بەناوبانگ بێ، هەموو کەس، بێ وچان بیری لێ بکاتەوە و، لێی بدوێ و، خەریکی ئەوە بێ لە ئاسمانەوە بەری بداتە خوارەوە بۆ ڕێسمان. لەوەیشدا، زۆر بەهەڵەدا دەچین، ئەگەر بڕوامان بێ کەسانی تر، لە هەڵسان و دانیشتنمان، بەپەرۆش و وردییەوە، سەرنج دەدەن. ئەگەر باوەڕییەکی وامان هەبێ، بنچینەکەی لەسەر هەڵە دامەزراوە.

ئەوانەی کە لەناو شەقامەکاندا، بەلاماندا تێدەپەڕن و سەیرمان دەکەن، لە ژمارە نایەن. بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە سەرنجدانەکانیان سەرپێییە، زۆری پێ ناچێ لەبیریان دەچێتەوە. کەچی دڵ ناسکەکان وا دەزانن، هەر کەسێ بەرێکەوت سەیریان بکات، مەبەسی کەموکووڕی لێگرتن و تەوس پێکردنە. جا هەروەکو لەوەپێش گوتمان، ئەم بیروباوەڕە هەڵەیە، لە پەژارەیەکی هەڵەوە هەڵقوڵیوە.

لەگەڵ ئەوەیشدا کە زۆربەی ئەو شتە پڕوپووچانەی، کە دڵ ناسکەکان دڵتەنگ دەکات، بریتین لە پەژارەیەکی ڕووت، بەڵام پێویستە لەسەرمان کە هەندێکی ڕاستیان تێدایە، لێیان جیا بکەینەوە. هەموومان ئەوە دەزانین کە زۆر جۆرە سەرنەکەوتن و سەرگەردانی و ڕیسوایی هەیە تووشمان دێن. پێویستە ئێمەیش ئازایەتییەکی تەواومان هەبێ،

ڕووبەڕوویان بوەستین، یان بیانخۆینەوە، یان بەبێ پشم و قین بەرپەچیان بدەینەوە.

بەڵام ئەگەر هاتوو، گردمان لە خۆمان کرد بەشاخ، هەر کاتێ تووشی تەنگوچەڵەمەیەکی گەورە و ڕاستەقینە بووین، لەژێر چەرخەکانی ڕۆژگاردا، وردوخاش دەبین و پارچە پارچە و هەلا هەلا دەبین. دەبێ ئەوەیشمان لەبیر نەچێ، کە ئەوانەی بەرگەی دەرزییەکی کەسانی تر ناگرن، لە شێوەیەکی بێ هاوتادا دڵ ناسکن. ئەویش لەبەر ئەوەیە، کە ئەوانە کەم هۆشن، یان خاوەن کەموکوڕین، یاخود وا دەزانن کە خۆیان خاوەن کەموکوڕین.

ئەو کەسانەی شارەزای هێز و دەسەڵاتی خۆیانن، هەروەها ئەو کەسانەی هەر هیچ نەبێ سەرکەوتوون لە ڕاستکردنەوەی کەموکوڕیی خۆیاندا، ئەوانە هەموودەمێ، لەسەر پاراستنی ڕێزی خۆیان هەڵنادەنێ، لەسەر ڕاگرتنی مەندیی خۆیان شەڕ ناکەن، هەروەها ئامادەی کوتەک وەشاندنیش نین لەسەر هەموو شتێک، ئەگەر هاتوو کەسانی تریش لە ناشارەزایی خۆیانەوە، نەیانزانی تەواو ڕێزیان لێ بگرن، بۆڵەبۆڵ ناکەن.

هۆی زۆر هەیە، ئەوە ڕۆشن دەکاتەوە، بۆچ ئەو جۆرە کەسانە، گوێ نادەنە شتی پڕوپووچ و ماوەیشیان نادەن، دڵیان تەنگ بکەن... ئەو کەسانە، بێزیان نایەت، خۆیان بەو شتە پڕوپووچانەوە خەریک بکەن. ئەوانە هەرگیز خەمی خۆیان ناخۆن. هەروەها بەتەنگ ئەوەیشەوە نین کە کەسانی تر چییان پێ دەڵێن. ئەوانە نایانەوێ تەمەنی خۆیان بدۆڕێنن و، ئازادیی بیر و فرمانی خۆیان بەوە پایەماڵ بکەن، کە سەرنج بدەنە هەموو ڕیسواکردنێکی هیچوپووچ کە دەربارەیان دەکرێ، یاخود ماوە بدەن، ئەو شتە سووک و بچووکانە دڵیان بڕەنجێنن و تووڕەیان بکەن.

ئەوانە باوەڕیان وایە، هیچ پیاوێکی خوێندەوار و تێگەیشتوو سووکیان ناکات. سووککردنی وایش لە دەست کەس ناوەشێتەوە لە دەست پیاو خراپ نەبێ. ئنجا ئەگەر هاتوو یەکێک هوروژمی بردنە سەر، پێویست ناکات خەفەت بۆ خۆیان بخۆن کە وایان بەسەر هاتووە، بەڵکو پێویست دەکات خەفەت بۆ ئەو کەسە بخۆن کە شتی وای لە دەست دەوەشێتەوە.

هەروەها، ئەوان ئەوەیش دەزانن، کە زۆرداری لە پیاوی چاوپیسەوە ڕوو دەدات. چونکە ئەوانەی بتوانن شتێ بکەن، دەیکەن. بەڵام ئەوانەی ناتوانن بیکەن، دەست دەکەن بەکەموکوڕی گرتن لەوانەی کردوویانە. لەمەوە، نابێ وا تێبگەین کە پیاوی بەکار، نابێ گوێ لە هیچ نرخ دانانێک بگرێ. چونکە کردەوەی وا، لە خۆبایی دەکات و، کوێریشی



دەکات، ناهێڵێ هەڵەکانی خۆی ببینێ. بەڵام پیاوی بەکار وا ناکات ئەوە دەچێ لە کەموکوڕی گرتنەکە، یاخود لە نرخ دانانەکە دەکۆڵێتەوە و سەرەوژێری دەکات، بۆ ئەمەی بزانێ چەندی ڕاستە و چەندی بەکەڵکە. ئەوساکە بەو پێیە چەندی لە دەست بێ، پەیڕەویی دەکات.

بۆ وێنە: ئەگەر نرخ دانانەکە، لە یەکێکی واوە دەرچوو بوو، کە مافی هەبێ پیشانی بدات، وەک سەرۆکی فرمانێک، ئەوان ئەوە بەهوروژم و توانج و پلار دانێن، ناڵێن ئەوە نیشانەی دوژمنایەتیی سەرۆکەکەیە، کە لەبەر هەر هۆیەک بێ دەریبڕیوە. ماوەی ئەوەیش نادەن، کە ئەو نرخ دانانە، دڵیان پڕ بکات لە پشم و قین و دڵ پیسی، نەوەک کار بکاتە دڵ و دەروونیان و گیانیان پایەماڵ بکات. ئەوان، بەپێچەوانەی دڵ ناسکەکان، هەموودەم حەز بەوە ناکەن کە هەموو شتێک بەتەواوەتی لێک بدەنەوە و ڕۆشنی بکەنەوە، هەروەها زۆریش پاکانە بۆ خۆیان ناکەن، ئەوان پێ لەوە دەنێن، کە هەموو کەس تووشی هەڵە دەبێ، هەروەها دانیش بەوە دادەنێن کە دۆڕاندوویانە و سەرنەکەوتوون. ئەوان لە نرخ دانانەکە دەکۆڵنەوە، بۆ ئەمەی بزانن بەکەڵکە یان نا. ئنجا ئەگەر بەلایانەوە باش بوو ئەوا واز لە لووت بەرزیی خۆیان دەهێنن و پێ لە هەڵەی خۆیان دەنێن، ئەنجا بەگیانێکی چاک و پاکیشەوە هەڵەکەی خۆیان ڕاست دەکەنەوە. بەڵام ئەگەر نرخ دانانەکە ڕووخێنەر بوو، فڕێی دەدەن بەولاوە، لەوەیش دڵنیا دەبن، کە زوو بێ، یان درەنگ، پاکانەیان بۆ دەکرێ.

ئەوەی بۆ بڵاوکردنەوەی گیانی ئاشتی بەکەڵک بێ ئەوەیە، کە بڕوا بکەین و، بەڕاستیش بڕوا بکەین، کە هاوڕێکانمان لەگەڵماندان، دژمان نین. ئەوانیش باشتر ئامادە دەبن بۆ دڵخۆشکردنمان، ئەگەر بێتو ئێمەیش دەست بکەین بەدڵخۆشکردنی ئەوان، بەمەرجێ زۆر سەر نەکەینە سەریان بۆ دڵخۆشکردنمان.

**پوختەی وتراو:**

١- زۆر بەهەڵەدا دەچین، ئەگەر وا بزانین کەسانی تر خەریکی ژماردنی بزووتنەوە و دامرکانەوەمانن.

٢- هەموو پیاوێکی تێگەیشتوو دەزانێ زۆرداری چەکی پیاوی چاوپیسە. لەبەر ئەوە، بەرگەی نووکە دەرزیی ئەم و ئەو دەگرێ!.

# نوواندنی موگناتیسی

نووسەری: أبو مدين الشافعي
كوردی نووسی لە ساڵی ١٩٦٤

* نوواندنی موگناتیسی بووە بەگرنگترین بەشی زانستی خۆناسینی بەکارهاتوو...
* هەموو کەسێک لە تواناییدا هەیە ئەم و ئەو بنوێنێ...
* نوواندن، ئەگەر لە کارەساتی شارراوەیش ئاگادارت نەکات، خۆ دەرگات بۆ دەکاتەوە، بۆ ئەمەی کار لەم و لەو بکەیت...
* هەروەها دەیشتوانێ لە گەلێک ڕەوشت و نەخۆشی ڕزگارت بکات...

کە وای لێ هات ئەم نووسراوە بخوێنەرەوە، تا چەکدار بیت بەچەکێکی بێ هاوتا لە هێز و هەڕەتدا و کەسایەتییەکی تازەت چنگ بکەوێ کە دوور نییە یەجگار بەکەڵکت بێت. لە ژیانی ڕۆژانە و کار و فرمانتدا....

## نوواندن[1] بەکار بهێنە

### ١

هەمووومان گوێمان لە بابەتی نوواندنی موگناتیسی گرتووە. زۆریشمان هەندێک لە کۆڕەکانی نوواندنی موگناتیسیمان دیوە. بەڵام زۆربەی کەسان، بەسەرسامێکەوە، بەرامبەر ئەم کارەساتانە دەوەستن، بێ ئەمەی هەستێک بکەن بەئارەزوویەکی خۆیان بۆ فێربوونی ئەو ڕێوشوێنانەی کە دەتوانرێ بەهۆی ئەوانەوە ئەم و ئەو بنوێنرێ. زۆر کەسی وا هەیە بڕوای وایە کە نوواندنی موگناتیسی بەخششێکی خوداییە، تەنیا دراوە بەچەند کەسێک، هەموو کەس ناتوانێ بەکاری بهێنێ. دوور نییە ئەم باوەڕە سەبارەت بەوە بێ کە هەندێ لەوانەی دەستیان گرتووە بەسەر نوواندندا، هەندێ بیروباوەڕی وا سەیر سەیریان بڵاو کردۆتەوە، کە هەمووان بخەنە سەر ئەو باوەڕەی کە نوواندن ڕازێکی شاراوەیە، ناگونجێ مرۆڤە ڕەمەکییەکان فێری ببن و بەکاری بهێنن.

بەڵام ڕاستی جیایە و ئەوەی بڵاو کراوەتەوە و بڵاو بۆتەوە بەناو مرۆڤایەتیدا جیایە. چونکە هەموو کەسێک دەتوانێ نوواندن بەکاربهێنێ، بەو مەرجەی هەندێ شارەزایی هەبێ

(١) بەمانای خەولێخستن نەک نوواندنی سەر شانۆ (تەمسیلکردن).



لە زانستی خۆناسیندا. لە ڕاستیدا لێکۆڵینەوەکانی زاناکان لە زانستی نوواندندا کارێکی وایان کردووە کە ئەم بابەتە گەلێک لکی لێ ببێتەوە و مرۆڤیش لەوە دوور بخەنەوە کە ڕێگەی ڕاستەقینە بگرن بۆ فێربوونی. بەڵام ئەوەی پێویستە پێی لێ بنێین، بێ پێچوپەنا، ئەوەیە کە نوواندن ڕاستییەکی ڕووداوە، هەموو کەس هەستی پێ دەکات، کەسیش گومانی تێ نابات.

پێش ئەمەی گوێ لە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بگریت لەم بابەتەوە، خەریک بە، نوواندن بەکار بهێنە. دەتوانیت لە هەموودەمێکدا، دەست بەوە بکەیت، بێ ئەمەی چاوەڕوانیی ئەنجامی لێکۆڵینەوەی پێشبینییەکەی نوواندن بکەیت. خەریکی نوواندن بە. دوور نییە لە سەرەتادا بترسێی لەوەی کە نەگەیت بەئەنجامێک. دوور نییە گومان ببەیتە ئەنجامەکەیشەوە وایش بزانیت کە ئەو کەسەی ویستووتە بینوێنی، نەنوستووە، بەڵکو خۆی وا پیشانداوە کە خەوی لێ کەوتووە. کە وای لێ هات، بۆ ئەمەی لە ڕاستیی نوواندن تێبگەیت و ئەم ڕاستییەیش بچەسپێنێتە دڵتەوە، هیچ چارەیەک نییە ئەوە نەبێت کە نوواندن لە خۆتدا تاقی بکەیتەوە. کەواتە پێش ئەمەی کەسێکی تر بنوێنیت، خۆت بنوێنە.

خۆنوواندن، ڕێچگەیەکی کۆنە، هیندییەکانی پێشوو بەکاریان دەهێنا، لە کاتی ڕۆژووگرتنە درێژەکانیاندا، هیندییە بەڕۆژووەکە، بەهۆی برسێتییەوە خەوی لێ دەزڕا. خۆ ئەو ڕۆژووەی کە لە دەیان ڕۆژانی تێپەڕ دەکرد، ئەوە هەر بەجارێک تووشی ئازاری برسێتیی دەکرد. جا لێرەوە بوو کە هیندییەکان ناچاربوون بگەڕێن بەدوای چاکترین ڕێگەدا بۆ ڕزگاربوون لە دەست ئەو ئازارانە. ئەوە بوو ڕێگەی نوواندنیان دۆزییەوە. ئەویش بەو جۆرە بوو کە دەبوو ڕۆژووانەکە سەیری سەری لووتی خۆی بکردایە تا خەوی لێ دەکەوت.

خۆیشم کە لەسەر ئەو کەشتییە بووم کە دەربازی دەکردم لە ژووورووی ئەفەریکا، هەر ئەو ڕێگەیەم گرت بۆ خۆنوواندن. برسێتی چوار ڕۆژ برستی بڕیبووم. تا ئەندازەیەکی گەورە لە تاقیکردنەوەکەمدا سەرکەوتم. لەباتیی ئەمەی چاو ببڕیتە سەری لووتت، دەتوانیت چاو ببڕیتە دەرزییەک یاخود هەر شتێکی ڕووناک. لە نامەکەمدا (ئاگاداریی بەئارەزوو) کە بەمەبەسی وەرگرتنی پلەی ماجستێر پێشکەشی زانستگام کرد بوو، ئەم کارەساتەم گێڕا بووەوە، کە لە دوو کاتی پتر پێ چوو بوو: لەسەر کورسییەکی درێژ ڕاکشا بووم، لە ماوەیەکی (٢٥) بیست و پێنج سانتیمەترەییدا دەرزییەکم لە بەردەممدا داچەقاند، خۆم خستە سەر ئەوەی کە تا دەمێکی درێژ چاوی تێ ببڕم. کە سەرنجم دا، دەنگی ئەو

ڕادیۆیەی لە ژوورەکەدا دانرا بوو، بەتەنشتمەوە، بەرە بەرە کز دەبوو، وەک دوور بکەوێتەوە لێم وا بوو. تەنانەت جاری وا هەبوو، وام دەهاتە پێش چاو کە دەنگەکە بەتەواوەتی دەبڕرا و دەگەڕایەوە. هەروەک ئەو کەسانەی ئەمەیان بەسەر هاتبوو، منیش دەترسام لەوەی کە نەتوانم بگەڕێمەوە سەر هۆشیاری بەڵام ئەوی بۆم دەرکەوت ئەوە بوو کە خەوتنەکەم لە خەوتنی ئاسایی زۆر جیاواز بوو. هەر ئەوەندە جیاوازییان هەبوو، کە نوستنی موگناتیسی پچڕ پچڕە وەک ئەو نوستنە ئاساییەی کە لە کاتی گەرمادا، یاخود لە کاتی بڵندبوونەوەی پلەی گەرمیی لەشدا، پەیدا ئەبێ. بەم ڕەنگە لە تاقیکردنەوەکەمدا سەرکەوتم. ئیتر وایشم لێ هات کە لە هەردەمێکدا بمەوێ بتوانم خۆم بنوێنم. لەو ڕۆژانەیشدا، کە سۆزی هەموو لاوێکی خاوەن سۆزی بەتین دەکەوێتە خرۆشانەوە، خۆم وا دەهاتە پێش چاو کە هەموودەم خەوەکانم پچڕ پچڕ و شێواون. لەو کاتانەدا، زۆرجاری وا هەبوو پەنام دەبردە بەر جۆرە خۆنوواندنێک: چاوم دەبڕییە بەرەو ژوور، تێدەکۆشام هەردوو چاوم ڕاگرم نەیانبزوێنم، ئەوەندەی پێ نەدەچوو کاس دەبووم، ئنجا هەموو لەشم خاو دەبووەوە، بەرە بەرە خەو دەچووە چاومەوە و دەنوستم.

ڕەنگە ئیتر خوێندەوار بتوانێ لەم نموونانەوە کە بەهەموو دڵسۆزییەکی زانستییەوە گێڕاومنەتەوە، شتێک تێ بگات لە بابەت ئەو تاقیکردنەوانەوە کە لە کۆڕی نوواندندا دەتوانرێ بکرێن. لە ڕاستیدا، من بۆیەکا سەرەتای ئەم نووسراوەم وەها دەست پێ کرد، کە خوێندەواران هەم بیرێکی ڕۆشن لە بابەت ڕاستیی نوواندنەوە پەیدا بکەن، هەم لە ساکاریی نوواندنی موگناتیسییش تێبگەن. بێ گومان، تۆ لە نوێنەرەکانت زۆر بیستووە،[1] کە لە بابەت بەکارهێنانی هێزی کەسایەتیی خۆیانەوە دوواون بۆ ئەمەی کەسانی تر بنوێنن. ئەوانە دەڵێن: پێویستە لە نوێنەردا هەندێ مەرج بێتە دی، وەک هێزی ئارەزوو و هێزی کار تێکردن. هی وایشیان هەیە دەڵێ: لە نوێنەردا کەرەستەیەکی موگناتیسی هەیە، لەوەوە دەچێت بۆ نوێنراو. حەز ئەکەم بزانیت ئەم قسانە هیچوپووچن، بەرهەڵست دەخەنە پێش دەمی ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ نوواندنی موگناتیسی لە خۆیاندا تاقی بکەنەوە، مەبەسیان ئەوەیە هەموو کەس دوور بخەنەوە لەو تاقیکردنەوانەی کە هیچوپووچیی ئەو قسانە دەردەخەن. پێش ئەمەی گوێ لە هیچ بیروباوەڕێکی باو بگریت لە بابەت نوواندنی موگناتیسییەوە، پێویستە نوواندنێک لە خۆتدا تاقی بکەیتەوە، تا بتوانیت لەوەپاشیش ئەم و ئەو بنوێنی.

---

(١) ئەو کەسەی خەڵک دەخەوێنێ (المنوم).



## ئاسانترین ڕێگای نوواندن

### ٢

گەلێک ڕێگای نوواندن هەیە، لە بەشی پێشوودا هەندێکیم پیشان دا. بەڵام هەموو ڕێگایەکی نوواندن، یەک ئامانجی هەیە، ئەویش چاوتێبڕین و نەبزواندنێتی. بۆ نوواندن، چەند ڕێیەکی تریش هەیە، وەک لێدانەکانی (مەترۆنۆم) کە دەدرێن بەگوێی نوستنخوازدا، یاخود هەر لێدانێکی ڕێکوپێکی پەیتا پەیتای تر بێ کە بدرێ بەگوێیدا. یان وای لێ بکرێ کە هەست بکات بەلێدانێکی سووکی ڕێکوپێک لە لەشیدا. ئەم ڕێگایە، هەر ئەو ڕێگایەیە کە دایکەکان بەکاری دەهێنن لە نوواندنی مناڵەکانیاندا. دایکەکان، هەر کاتێک بیانەوێ مناڵەکانیان بخەوێنن، تەنانەت ئەگەر داماوی خەویش نەبن، بەزۆری بەهۆی نوواندنی موگناتیسییەوە خەو لە مناڵەکانیان دەخەن. کەچی، نە خۆیان، نە تاکوتەرای خێزان، کە سەیری ئەو منالٚ نوواندنە دەکەن لەلایەن دایکەکانیانەوە، پەی بەوە دەبەن کە ئەم کردەوەیە، نوواندنی موگناتیسی نەبێ هیچی تر نییە. نوواندنی ئەم مندالانە لەلایەن دایکەکانیانەوە، هەرچەندە شێوەیەکی زانستیی هەیە، بەڵام بۆیەکا لەلایەن کەسانی ترەوە بایەخی پێ نەدراوە، چونکە منالەکان هەم بەئاسانی دەنوون، هەم بەئاسانییش دەنوێنرێن.

بەڵام وا دەردەکەوێ دایکەکان، زۆربەی کات، لە نوواندنی منداڵەکانیاندا، لەسەر یەک ڕێگا نارۆن. بەڵکو بەپێچەوانەی ئەوە، گەلێک ڕێگا بەکار دەهێنن بۆ نوواندن، هەموویشیان لە کاتێکدا بەکاردەهێنن. ئنجا لەبەر ئەوەیە کە دەیانبینین بەجۆرێکی ڕێکوپێک دەست دەکێشن بەسەر منالەکانیاندا، هەر لەو کاتەیشدا بەجۆرێکی ڕێکوپێک دەنگێکی نەرمیان بەگوێدا دەدەن.

لە لێکۆڵینەوەیەکی وردی کار تێکردنی ئەم جۆرە تاقیکردنەوانە لە منالاندا، بۆمان دەردەکەوێ کە هەرچەند نوواندنی موگناتیسی ڕێگاکانی زۆر بێ، ئەوەندە بەزوو بەزوویی دەچێتە سەر. بەم ڕەنگە دەتوانین بڵێین: نوواندن بەیەک شێوەیش پێک دێت، بەڵام ئەگەر لە چەند ڕێگایەکەوە دەستی پێ بکرێ، زووتریش پێک دێت، بەو مەرجەی نوێنەرەکە لە یەک کاتدا ئەو ڕێگایانە بەکاربهێنێ.

زۆر کەسی وا هەیە، وا ئەزانن کە نوواندنی منالان و ئەو کەسانەی کە کەم دەسەلاتن، بەئاسانی پێک دێت کەچی ڕاستییەکەی پێچەوانەی ئەوەیە. ئەوەیش لەبەر ئەوەیە کە هەموو کەس ئەتوانێ بنوێ، بام نوواندنی هەر کەسەشیان جۆرە کاتێکی جیاوازی پێویست

بێ خۆ ئەو جیاوازییە لە نوستنی ئاساییشدا هەر هەیە. زۆر کەسی وا هەن هەرکە سەریان کردە سەر سەرین، خەویان لێ ئەکەوێ. کەچی هی وایش هەن، تا دەمێکی زۆری پێ نەچێ، خەو ناچێتە چاویان. زاناکان، تێکۆشان بزانن،[1] ئەم جیاوازییە لە نوستنی ئەم و ئەودا، چ پەیوەندییەکی هەیە بەکاروباری دەروونیی ترەوە؟. بەڵام لێکۆڵینەوەکانی لەمەڕ نوستن، هەمموو تازە بابەتن. لەبەر ئەوە، لەم ڕووەوە، هیچ بڕیارێکمان پێ نادرێ. بەڵام، لەپاش سەرنجدانێکی خۆیی، هەر ئەوەندە دەتوانین بڵێین، کە ئەم جیاوازییە لە کاتی نوستندا، چ ئاسایی بێ، چ دەستکرد، سەبارەت بەوەیە کە جیاوازی هەیە لە ناوەند چالاکیی دەروونی تاکوتەراکانی مرۆڤدا کە لە خوداییەوە، یاخود لە باووباپیریانەوە بۆیان ماوەتەوە. بەواتایەکی تر دەتوانین بڵێین هەمموو کەس وەک یەک هۆشیار نییە، لەبەر ئەوە نایشتوانن وەک یەک خەویان لێ بکەوێ زۆر کەسی وا هەیە، گێژوویژن، چ لە بزووتنەوەدا، چ لە بیرکردنەوەدا سستن، هەممووده‌م کاسی زیندە خەون، لە دەست ڕووداویش هەڕا دەکەن، چونکە هۆشیارییەکی هەممووده‌می پێ دەوێ. لە ڕاستیدا، کاروباری نوواندن، بریتییە لە کەمکردنەوەیەکی پلەی هۆشیاری. کەواتە ئەو کەسانەی وریاییەکی زۆریان هەیە، بەگران دەنوێنرێن. چونکە کەم کردنەوەی پلەی هۆشیارییە بەهێزەکەیان کاتێکی درێژی دەوێ. کەچی ئەو کەسانەی وریاییەیان کزە، تا ئەندازەیەکی گەورە، نوواندنیان ئاسانە. کە وای لێ هات، ئێمە دەتوانین، ئاسانترین ڕێگەی نوواندن هەڵبژێرین بۆ ئەو کەسانەی دەمانەوێ بیاننوێنین. هەر لێرەوە دەڵێین کە باوترین ڕێگای نوواندن، ئەو ڕێیەیە کە چاو ببڕێتە شتێکی بریسکەدار. ئەوەیش بەم جۆرە دەبێ: ئەو کەسەی دەمانەوێ بینوێنین، پێویستە وای لێ بکەین تا ماوەیەک چاو ببڕێتە شتێکی ڕووناک یاخود بریسکەدار، بەمەرجێ (٢٥) بیست و پێنج سانتیمەترە، لە چاوی دوور بێ، لە شوێنێکی بڵندتریشەوە دانرا بێ لە بارستایی چاوی.

بەڵام جاری وایش هەیە، ئەم ڕێگە ئاسانە، نوواندنەکەمان بۆ ناباتە سەر. چونکە ئەو کەسەی دەمانەوێ بینوێنین. هەرچەندە چاو دەبڕێتە شتە بریسکەدارەکە، بەڵام بیری لە لای خۆی نییە، دەچێ بەلایەکی تردا. بەم ڕەنگە، پەی نەبردنی بەشتە بریسکەدارەکە لە هێزی نوواندنەکەی کەم دەکاتەوە، سا یان نوواندنەکە زۆری پێ دەچێ، یاخود هەر بەجارێ سەر ناگرێ. لەبەر ئەوە، هەندێ لە نوێنەرەکان، بۆ ئەمەی زۆرتر و زووتر کار لەوانە بکەن کە دەیانەوێ بیاننوێنن، دەست ڕاوەشاندن بەکار دەهێنین کە پێی دەڵێن (جووڵەی دەست

(١) ڕاستتر: زاناکان هەوڵیان دا ئەوە بزانن کە ئەم...



کێشانی دوور) ئەم جووڵانە، بەزمێکی گەورەی گێڕا لە چاووڕاوکردندا. هەندێکی وا هەبوون، وایان دەزانی نوێنەرەکان، بەڕاستی شەپۆڵێکی موگناتیسی ئاڕاستە دەکەن و دەنێرن بۆ ئەو کەسانەی دەیاننوێنن. کەچی ڕازی ئەوەی، کە ئەم دەست ڕاوەشاندنانە کارێکی گرنگ دەکەنە سەر نوواندنەکە، ئەوەیە کە سەرنجی نوێنراوەکە ڕادەکێشێ بۆ دەرەوە، هەروەها وایشی لێ دەکات کە ئەو جووڵانەی نوێنەرەکە دەیکات بەدەستی، چاویان تێ ببڕێ، کە ئەنجامەکەشی ئەوەیە نوواندنەکە زووتر و زۆرتر کاری خۆی لە نوێنراوەکە بکات. هەر لەبەر ئەمەیشە، کە من ڕێگایەکی ئاسانم هەڵبژاردووە بۆ نوواندن، کە بریتییە لە دوو شت: شتێکی بریسکەدار و جووڵەیەکی دەرەوە. جا ئەو کەسەی بمەوێ بینوێنم، شتێکی بریسکەداری دەخەمە پێش چاو، کە دەتوانم لەسەر شێوەیەکی ڕێکوپێک بیجووڵێنم، پاشان دەیخەمە سەر ئەوەی کە چاو ببڕێتە شتە بریسکەدارەکە (زۆرجاری وا هەیە کە ئەم جووڵە ڕێکوپێکە لەگەڵ لێدانی مەترۆنۆمەکەدا یەک ئەخەم)، کە ئەمانەم کرد، زۆری پێ ناچێ دەروونی هەرە بەهێز و وریا، بەرە بەرە کز دەبێ و کابراکە خەو ئەیگرێ ئێمە دەیشتوانین هۆیەکی تریش بەکار بهێنین. ئەویش بۆنکردنە. نازانم ئاخۆ ئەم هۆیە لەپێش منەوە بەکار هێنراوە لە نوواندندا یان نا. بەڕێکەوت، لە ساڵی ١٩٤٥دا، کە لە خەستەخانەی نەخۆشیی هۆش بووم، ئەم هۆیەم بەدیی کرد، ئەو ساڵە، جاروبار دەچوومە (نەخۆشخانەی عباسی)، بۆ ئەمەی شارەزای نەخۆشیی (مانیا)(*)

ببم، کە نەخۆشەکانی ئەم نەخۆشییە، زۆر دەووروووژێن زۆر دەجووڵێن، جووڵەکانیشیان نارێکوپێکن، بۆ هیچ ئامۆژگارییەک سەر دانانەوێنن. وا ڕێ کەوت، جارێکیان کراسەکەم بۆن خۆش کرد بوو، هەرچەند دەچووم بەلای نەخۆشێکی (مانیا)وە، سەیرم دەکرد سرەوتێکی وای پێ دەگەیشت کە لەوەپێش نەمدیبوو پێیەوە. لەپێشدا هەرچەندم دەکرد بزانم هۆی ئەو سرەوتەی چی بوو، بۆم دەرنەدەکەوت، بەڵام کە ئەو کراسە بۆن خۆش کراوەی خۆمم گۆڕیی و کراسی بێ بۆنم لەبەر کرد، ڕازی سرەوتەکەی تێگەیشتم.

کاتێ کە ئەم بەسەرهاتەم گێڕایەوە بۆ (پزیشک یوسف مراد) خاوەنی (گۆڤاری زانستی خۆناسین)، ئەویش بۆی گێڕامەوە کە ئافرەتێک دەناسێ، تا سێوێکی نەخستایە ژووری نوستنەکەیەوە خەوی لێ نەدەکەوت. ئنجا کە ئەم سەرنج دانەم بەراوورد کرد لەگەڵ سەرنج دانەکەی خۆمدا، لە بابەت کار تێکردنی بۆنەوە لە نەخۆشە دەروونییەکان، بۆم دەرکەوت: بۆن کار دەکاتە چالاکیی دەروون. لەبەر ئەوە دەتوانین بۆنیش دابنێین بەهۆیەکی یارمەتیدەر

(*) مانیا: گلاراوی -وەرگێڕ-.

بۆ نوواندن، بەتایبەتی لەپاش ئەوەی کە بۆمان دەرکەوت، بۆن، چە کارێک دەکات لەشەوی پەردەدا بۆ زاڵبوون بەسەر خەو زڕاندا. ئەوەیش وا لێک دەدرێتەوە، کە بۆنی خۆش وا لە مرۆڤ دەکات هەناسەکانی قووڵ بکات. هەمووەدەم، نوستوو دەبینین هەناسەی خۆی درێژ دەکاتەوە. جا بەم ڕەنگەیە، کە بۆنی خۆش کار لە هۆشیاریی دەروون دەکات، لە ڕێگەی هەناسەدانەوە. کەواتە ئێمە دەتوانین بڵێین ئاسانترین ڕێگا بۆ نوواندن ئەوەیە کە چەند هۆیەک بەکار بهێنرێ، وەک چاو تێبڕینی بزێو بەپێی ترپەیەکی دەنگداری پەیتا پەیتا، کە لەتەنیشتیەوە بۆنێکی خۆشیش بدرێ بەلووتی ئەو کەسەدا کە دەنوێنرێ بۆ ئەمەی وای لێ بکرێ کە هەناسەی درێژ بدات. ئەوەیش زۆر ئاسانە کە لە هەناسەدانی درێژ تێبگەین چ کارێک دەکاتە سەر مرۆڤ؛ مرۆڤەکە، هەر ئەوەندەی بەسە کە چەند هەناسەیەکی یەک لەسەر یەک بدات، ئیتر هەست بەسەرگێژی دەکات. هەروەها کە سەرنج دەدەین، لەنگەر گرتنیش کارێکی گەورە دەکاتە سەر چالاکیی دەروون. ئەو کەسەی چەند جارێک بەهەر چوار لای خۆیدا دەسووڕێتەوە، دیسانەوە هەست بەگێژبوونێک دەکات، دوور نییە لە دواییدا لە هۆش خۆی بچێت. جا لەبەر ئەوەیە کە دەبێ بایەخ بدەین بەلەنگەرگرتن لە کاتی نوواندندا. چاکترین بار، بۆ ئەو کەسانەی دەنوێنرێن، ئەوەیە کە ڕاکشێن، بۆ ئەمەی هیچ پێویستییەکی نەبێت بەتێکۆشان، بۆ ئەمەی لەنگەری خۆی بگرێ. لەو کاتی نوواندنانەدا، کە ئەو کەسەی دەنوێنرا لەسەر تەختێکی ئاسایی دادەنیشت، وا دەردەکەوت کە کابراکە خۆی دەگرت بۆ ئەمەی لەنگەری سەری خۆی ڕابگرێت. ئەم بەرەنگاریکردنە دەبوو بەهۆی دواکەوتنی نوواندنەکە.

کار تێکردنی لەنگەر گرتن لە چالاکیی لەشدا، لە گیانلەبەراندا، بەجۆرێکی تایبەتی دەردەکەوێ. بۆ ئەمەی ڕاستیی ئەم قسەیەت بۆ دەربکەوێ، هیچی پێ ناوێ ئەوە نەبێ، کە کەروێشکێک بۆ پێنج تاو (دقیقە)یێک یان کەمتر بەسەر گازی پشتا ڕابخەیت، دەمودەست دەبینیت کەروێشکەکە بەجۆرێکی نابەجێ لەشی ڕەق بووە، جا بەم ڕەنگە دەتوانیت هەر ئەندامێکیت بوێ بەڕەقی بیهێڵیتەوە. هەر کەسێ بگریت دەتوانێت ئەمە تاقی بکاتەوە. بەمەیشدا دەردەکەوێ کە نوواندن چەند مەرجێکی هەیە سەر بەلەشن، پەیوەندییان نییە بەنیازبەخشینەوە. ئەم جۆرە بارەی نوواندنە لە باری (ڕەشەخەو: کابوس) دەکات کە لە لای مرۆڤ پەیدا دەبێ. بەڵام جۆرەکانی تری نوواندن کە لە چاو تێ برین و بزواندنی گلێنەی چاو لەسەر ئاهەنگێکی ترپەدار پێک دێن، لەناو پەلەوەرەکاندا دێنە پێش چاو. دەتوانرێ مریشکێک یاخود کەڵەشێرێک بەوە بنوێنرێ کە وای لێ



بکرێت: ڕاست چاو ببڕێتە شتێک. دەتوانرێ ئەوەیش بەئاسانی جێبەجێ بکرێت، ئەگەر دەنووکی باڵندەکە ڕاست بکرێتەوە. هەرکە پەڕندەکەت وا لێ کرد یەک دوو هەناسەیەکی پێ ناچێت، لەشی خاو دەبێتەوە و خەریکی ئەوە دەبێت کە چاوەکانی بنووقێنێ.

نوواندن بەهۆی چاو تێ بڕینەوە، لای گیانلەبەرەکانیش هەیە. زۆرجار ماریان دیوە، چۆلەکەی، بەهۆی چاو تێ بڕینێکی بەهێز لە دوورەوە نوواندووە. هەروەها زۆر کەروێشکی وایش هەیە، کە چاویان بەچرای ئۆتۆمۆبێلەکان دەکەوێ لە کاتی هاتنیاندا لە چەقی ڕێگادا بڕستیان دەبڕێ و دەوەستن. چونکە ئەو ڕووناکییە بەهێزانە جۆرە خاو بوونەوەیەک دەخەنە گشت دەمارەکانیانەوە، لەبەر ئەوە چاوبەست دەبن و دەکەونە جۆرە نوستنێکی موگناتیسیی واوە کە بڕستیان ببڕرێ و بوەستن و نەیشتوانن خۆیان دەرباز بکەن، لە ئەنجامدا دەکەونە ژێر چەرخی ئۆتۆمۆبێلەکانەوە و ئەپلیشێنەوە، دەمرن. بەم ڕەنگە بۆمان دەرئەکەوێ، ئەو ڕێگایانەی پێشانم دان بۆ نوواندن، ڕێگایەکی دروستن، لەسەر بنچینەی زانستی لەش دامەزراوون. بێ گومان، نوواندنی مرۆڤ بەهۆی نیازبەخشینەوە دەبێ. بەڵام لەم سەرنجانەی لە سەرەوە پێشانمان دان، مەبەس ئەوەیە کە بزانین هۆی هەرە گەورەی نوواندن لەسەر بنچینەی هێزی لەش دامەزراوە.

## کارتێکردنی نیازبەخشین لە نوواندندا:

٣

بێ گومان ئەو گیروگرفتەی لە کەینەوبەینەی نوواندنی مرۆڤدا دێتە بەردەمان، سەبارەت بەوەیە کە مرۆڤەکە خۆی ژیانێکی پڕ گیروگرفتی هەیە. ئەو هۆیە دەروونیانەیش کە کار ئەکەنە نوواندن زۆرن، گرنگترینیان نیازبەخشینە. لە ڕاستیدا، نوستن و نوواندن، زۆرتر لەبەر ئەوە لە یەکتر ئەچن، کە نیازبەخشین لە ئارادایە و کاری خۆی دەکات.

خەو کاتێک لە پیاو دەزڕێ، کە باوەڕی وا بێت تووشی خەوزڕان بووە. ئەم باوەڕکردنە، بەتەنیا، بەسە بۆ ئەوەی نەهێڵێ خەو بچێتە چاوی. بەڵام پیاو دەتوانێ بەرەنگاریی ئەم دەردە بەوە بکات، کە نیاز بەخۆی ببەخشێ و خۆی بەوە دڵنیا بکات کە زوو خەوی لێ ئەکەوێ، ئنجا کە ئەوەی جێبەجێ کرد زۆری پێ ناچێ بەڕاستی دەنوێ.

هەروەها لە جۆرەکانی نوواندنیشدا، نیازبەخشین،[١] دەستێکی باڵای هەیە. ئەو کەسە

(١) نیازبەخشین: بۆ (الأیعاز) بەکاری هێناوە.

ئەوەندەی بەسە کە لە باری نوواندندا دامەزرێ و خۆی بداتە دەست نوێنەر، بۆ ئەمەی هۆی نیازبەخشین کاری لێ بکات. هەروەکو نوستن کارێکی وایە تا ئەندازەیەک بەئارەزووی مرۆڤ خۆی نەبێت پێک نایەت، هەروەها هۆی ئارەزوو لە نوواندنیشدا دەستی هەیە. هۆی ئارەزوو لە نوستندا هەروەک هەموو هۆیەکانی ئارەزووی تر بەمەرجی بابەتی لەش سنووری بۆ کێشراوە. بەواتایەکی تر، مرۆڤ دەتوانێ زاڵ ببێ بەسەر نوستنی خۆیدا، حەز بکات ئەنوێ، حەزیش بکات نانوێ، بەمەرجێ تەواو تێر خەو بوو بێ. بەڵام ئەو کەسەی دەمێکی دوورودرێژ بێ نەنوستبێ، ناتوانێ زاڵ ببێ بەسەر نوستنی خۆیدا، نایشتوانێ لەوە بەولاوە بەرگەی نەنوستن بگرێ، لەبەر ئەوە، هەرچەندێکیش خۆی نەیەوێ بنوێ، خەو ئەیباتەوە و خەوێکی قووڵیشی لێ ئەکەوێ.

کە وای لێ هات، ئێمە ئەتوانین ئەو کەسەی بمانەوێ بینوێنین، نیازی نوستنی پێ ببەخشین. بەڵام نیازبەخشین بەتەنیا، نوواندنەکە جێبەجێ ناکات، بەتایبەتی لە ڕۆژەکانی سەرەتادا کە ڕائەهێنرێ بەنوواندنەوە. ئەوەیش لەبەر ئەوەیە کە مەرجەکانی لەش، کە لەوەپێش ناومان بردن، دەبێت بێنە دی. ئەگەر بێتو لە شوێن کاری مەرجەکانی لەش ورد ببینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە بریتین لە دوو بەش: یەکێکیان دەروونی و لەشییە،[1] وەک ماندووبوون. یەکێکیشیان هەر تەنیا دەروونییە وەک بێزاربوون. جا نیازبەخشینیش، گرنگییەکەی لەوەدایە، کە ئەو دوو هۆیەی لێوە پەیدا دەبێ. چاو تێبڕین لە شتێکی بریسکەدار هەم دەبێتە هۆی پەیدابوونی ماندوێتی، هەم دەیشبێتە هۆی پەیدابوونی بێزاری. بۆ ئەمەی نوواندنەکە بەدروستی جێبەجێ ببێ، پێویستە ئەو کەسە پێ گەیشتووە ئاساییەی دەنوێنرێ، خۆیشی ئامادە ببێ بۆ نوواندن، ئەگینا نوواندنەکە بەئاسانی سەر ناگرێ. بەهۆی نیازبەخشینی نهێنییەوە دەتوانرێ ئەو کەسە بخرێتە سەر خۆبەدەستەوەدان، بۆ ئەو دوو هۆیە - ماندووبوون و بێزاری - بێ ئەمەی لە بەرگەگرتنەوە بێتەوە هۆش خۆی.

ڕێگای نیازبەخشینیش بەپێی بارستایی بیر و خوێندەواریی دەگۆڕرێ. فێڵێکی تایبەتیم لەگەڵ شاگرد چێشتکەرێک بەکارهێنا، بۆ ئەمەی بیخەمە سەر ئەوەی بەرپەچی نوواندن نەداتەوە، خستمە دڵیەوە کە بۆیەکا حەز بەنوواندنی دەکەم لە دەست نەخۆشیی ئێسک ئێشان (ڕۆماتیزم)ەکەی ڕزگاری بکەم. کەچی لەگەڵ دەرگەوانێکا فێڵێکی ترم

(١) یان: جەستەییە.



بەکارهێنا. خستمە دڵیەوە کە بۆیەکا دەمەوێ بینوێنم، تا ئەو کەسە بدۆزمەوە کە کراسەکانی لێ دزیوە. چونکە ئەمزانی زۆر بەپەرۆش بوو بۆ دۆزینەوەی دزی کراسەکانی. بەڵام شاگردەکانم بەوە دڵنیا دەکرد، پێم دەگوتن، هەرکەسێ بیەوێ لە نوواندنی موگناتیسی تێبگا و بکۆڵێتەوە، دەبێ هیچ نەبێ بۆ جارێک بنوێنرێ، تا بتوانێ سەرنجی خۆی بنووسێتەوە.

ئەم ڕێگایانە هەموویان بۆ نیازبەخشینی نهێنی بوون. نوێنەر ئەگەر هەندێ ڕستەی ڕەپ و ڕاست بەکاربهێنێ لەگەڵ مرۆڤەکەدا، بۆ ئەمەی بیخاتە سەر نوستن، شتێکی نابەجێ نییە. بۆ وێنە دەتوانێ پێی بڵێ: (پێڵووەکانی چاوت زوو دادەرەوە، خەریک بەبحەسێیتەوە. بەرەنگاری مەکە، بام ماندوو نەبیت). ئنجا کە تفی قووت دا، پێی بڵێ: (ئەمەیش نیشانەیەکە لە نیشانەکانی خاوبوونەوە و وەنەوزدان. تۆ بەئاسانی دەنوێنرێیت). یان پێی دەڵێ: (وام دێتە پێش چاو هەناسەدانەکەت قووڵ و سستی لێ هاتووە. ئەمەیش نیشانەیەکی خەو لێ کەوتنە). یاخود پێی بڵێ: (ئەندامەکانی لەشت خەریکن خاو دەبنەوە، ئەگەر لەگەڵیاندا بسازێیت هەست بەجۆرە سرەوتێک دەکەیت. تۆیش وا چاکە واز لە لەشت بهێنیت، لەگەڵ سوروشتدا بەرێوە بچی، بەرەنگاریی نەکەیت). بەم ڕەنگە نوێنەری شارەزا و هونەرمەند، دەتوانێت گەلێک ڕستەی ڕەنگاوڕەنگ ئامادە بکات بۆ نوستن، کە ئامانجیان ئەوە بێت کار لە هەموو سووچێکی وریایی بکەن. وا چاکە گفتوگۆکان پچڕ پچڕ بن، نەک بنووسێن بەیەکەوە، تاکو ئەو کەسەی دەنوێنرێ ماوەی بۆ بمێنێتەوە بۆ جێبەجێکردنی نیازبەخشینەکە، پاش ئەمەی تێی دەگات. وا چاکە نوێنەرەکە، ڕستەکان، چەند جارێک دووبارە بکاتەوە، بۆ ئەمەی کار لە دڵی مرۆڤەکە بکات و ماوەی بەرەنگاریکردنی نەدات. هەندێ کەسی وا هەن، هەست بەوە دەکەن، کە نیازیان پێ دەبەخشین، بەتایبەتی بەرەنگاریی نیازبەخشینەکە، خۆی دەکەن. لەبەر ئەوە، پێویستە نوێنەر بزانێ چۆن ڕستەکانی خۆی هەڵدەبژێرێ و چۆنیش بەباشی دایان دەڕێژێ تا بتوانێ هەر کەسە بەپێی خۆی کاری لێ بکات و بیخاتە خەو.

سەرنجم دا ڕۆژێک لە کارگەی زانستی دەروون، لە زانستگای وێژەدا، شاگردێک هەموو مەبەسەکانم تێگەیشت لەو ڕستانەوە کە بۆ نیازبەخشین بەکارم دەهێنان لەگەڵیدا. لەگەڵ ئەوەیشدا بەرەنگاری کرد. جار جارێکیش زەردەخەنەیەک دەیگرت، کە وای پیشان دەدا، هەستی بەهەموو فێڵێکم کردووە بۆ ئەوەی خەوی لێ بخەم. لەگەڵ ئەوەیشدا، کە سەرنجم دا، جۆرە خاوبوونەوەیەکی تووش بووبوو، ئەوەندەی پێ نەچوو، چووە بارێکی ترەوە، باری

بەرەنگاریکردن. ئەوەندەی نەما بوو، منیش ڕەنجەڕۆ ببم و ناچار ببم واز لە نوواندنی بهێنم. کەچی لەو کاتەدا کە خەریک بووم واز لە نوواندنی بهێنم، سەیرم کرد بەئارەزوویەکەوە بەرەو خەوتن دەچێ. ئیتر منیش چاو وریاکەرەوەکەم وەستاند و وازیشم لە نیازبەخشین هێنا. کە تەماشام کرد لە شوێنی خۆی نەبزووت، بەڵکو پاش هەناسەیەک، هەر لەخۆیەوە خەوی لێ کەوت. تا ماوەیەکی درێژ لە خەودا مایەوە. گەیشتە سات و نیوێک. بەڵام گوێ وریاکەرەوەکە، واتا لێدانی (مەترۆنۆم)ەکە، هەر لە کاردا بوو. بێ گومان، زۆری بەهۆی ئەمەوە بوو کە خەوەکەی درێژ بووبووەوە.

زۆرجاری وا هەیە کە نیازبەخشین درەنگ کاری خۆی دەکات. ئەمەم لە کرێکارێکی ساکاری زانستگای وێژەدا بۆ دەرکەوت. ئەوەیش وا بوو، کە من بەئاسانی نوواندم، پاش ئەمەی چەند تاوێک چاوی بڕییە کەرەستە بزێوەکە و چەند ڕستەیەکی بەجێیشم بەگوێیدا دا. پاشان بەجێم هێشت، بۆ ئەمەی بچم هاوڕێیەکی ئەو بهێنم و زاڵ ببم بەسەر مان گرتنەکەیدا و بینوێنم. چاکترین هۆ بۆ دڵنیاکردنی بەوەی کە ئەویش دەتوانێ بنوێ، ئەوە بوو کە هاوڕێکەی خۆی پیشان بدەم نوواندوومە. کەچی تا لەگەڵ خۆمدا هێنامەوە ژوورەکەم، کرێکارەکەی یەکەممان دی بەئاسانی هاتبووەوە هۆش خۆی. هەروەک بەئاسانی خەوێنرا بوو. بەم ڕەنگە دووەم کرێکارەکەیان وا چووە مێشکیەوە کە نوواندنی مرۆڤ هەرگیز ناچێتە سەر. لەگەڵ ئەمەیشدا خستمە سەر ئەوەی کە خەریک بێت خۆی بدا بەدەستەوە بۆ خەوتن. لەگەڵیدا زۆر خەریک بووم، تا دەمێکی دوورودرێژ شتە بریسکەدارەکەم بەبەرچاویدا دەهێنا و دەبرد، (مەترۆنۆم)ەکەیشم یەجگار سست کردەوە. هەرچی جۆرە نیازبەخشینێکیش هەبوو لەگەڵمدا بەکار هێنا[1]، کەچی هیچ نیشانەیەکی خەوبردنەوەی لێ دەرنەکەوت. بەڵام کە ژوورەکەی منی بەجێهێشت و چووە ژووری کرێکارەکانەوە، لەسەر تەختەکەی خۆی دانیشت، بەئاسانی خەوی لێ کەوت. ئەم کەینەوبەینەیش وەک کەینەوبەینەکەی پێشوو، سەری هەموومانی لێ سووڕ ما. بۆ ڕوونکردنەوەی کەینەوبەینەکە، دەڵێین: نیازبەخشینەکە درەنگ کاری تێ کرد، کە گەیشتە کاتی خۆی کار بکات دەمودەست کەوتە خەوەوە.

لە تاقیکردنەوەدا دەرکەوتووە کە کچان ئامادەترن بۆ نوواندن ئەوەیش بێ گومان هەر لەبەر ئەوەیە کە نیازبەخشین زوو کاریان تێ دەکات. هەندێ کچ پارێزگاریی خۆیان دەکەن لە پیاهەڵدان (کە نیازبەخشینێکی کاریگەرە بۆ ئافرەت)، لەگەڵ ئەمەیشدا کە زۆر

(١) یان: ... لەگەڵیدا بەکارمهێنا.



دووبارە کرایەوە، کاری خۆی دەکات. لەبەر ئەوە لە کۆڕی نوواندنی موگناتیسیدا، کچان بەئاسانی کاریان تێ دەکرێ، بەزۆری بەرگە کەم دەگرن، ئەوەیش لەبەر ئەوەیە کە ئافرەت، بەئاسانی بڕوا بەهەموو شتێک دەکات کە پەیوەندیی بەبابەتی نهێنکارییەوە هەبێ. کە سەرنجم دا، ئافرەتەکان زۆر بایەخ دەدەن، بەم پیشەیەی من. زۆرترین سەرنجی ورد کە لەم لێکۆڵینەوانەوە دەستم کەوتوون، دەگەڕێنەوە سەر ئەو پرسیارە پەیتا پەیتایانەی کە کچان و ژنان لێیان دەکردم لە کاتی فرمان بینینما.

لێرەدا من لە کەینەوبەینەی کچێک دەدوێم، کە بەگرنگی دەزانم، خۆی خەریک کرد بوو بەنوواندنی ڕەنجبەرەکەیانەوە لە ماڵی خۆیاندا. کچەکە دوودڵ بوو لە کاریگەریی ئەو هۆیانەی کە بۆ نوواندن پێشانم دابوو. ئەمە ڕاستە، زۆرجار چاوی کەوتبوو بەنوواندنی ئەم و ئەو لە کارگەی زانستی دەروونیدا، بەڵام بڕوای بەوە نەبوو، کە نوواندن لە توانایی هەموو کەسێکدا هەیە، باوەجوو لە توانایی خۆیدا. ئەویش لەبەر ئەوە بوو، کە خۆی هیچ باوەڕێکی بەخۆی نەبوو. ئەو وا چوو بووە مێشکییەوە کە نوێنەر دەبێ خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز بێ ئەگینا کەسی بۆ نانوێنرێ. بەڵام کە ڕەنجی دا لە پێناو نوواندنی ڕەنجبەرەکەیدا، بۆی دەرکەوت کە خۆیشی دەتوانێ ئەم و ئەو بنوێنێ. نوواندنەکەیشی کە سەری گرتبوو، هەر تەنیا بەهۆی نیازبەخشینەوە بووبوو. چونکە هیچ کەرەستەیەکی تری پێ نەبووبوو بەکاریان بهێنێ لە نوواندنیدا. لەمەشەوە تێدەگەین کە ئافرەت لە تواناییدا هەیە بەئاسانی نیازبەخشی بکات و، کارێکی گرنگیش لە کابرای نوێنراو بکات. هەروەک سروشت بەهەموو هۆیەکی نیازبەخشی چەکداری کردبێت وەهایە.

هێزی نیازبەخشی لەوەدا دەردەکەوێ کە بەراووردێکی ناوەند نوواندنی منالان و نوواندنی گیانلەبەران بکەین. هەرچەند منال ساوا بێ، لە نوواندنیدا هیچ هۆیەک کاری لێ ناکات، هۆی لەش و هەست نەبێ. هەرچەند لە تەمەندا گەورەتر بێ نیازبەخشین باشتر کاری لێ دەکات. هەمووده‌م منال و گیانلەبەر، لە نوواندندا لە یەکتر ناکەن. چونکە وەک سەرنج دەدەین، نوواندنی گیانلەبەرانی ساوا، گرانتر پێک دێ لە نوواندنی گیانلەبەرانی گەورە. بەڵام منال بەهۆی ڕێگای ئەندامانی لەشیەوە، بەئاسانی دەنوێنرێ، ئاسانتریش دەنوێنرێ بەهۆی نیازبەخشینەوە. ئەوەیش لەبەر ئەوەیە کە منال، لەبەر ئەوەی هەست بەکەموکووڕیی خۆی دەکات لە بەرامبەر لە خۆی گەورەتردا وەک باوک و دایکی و مامۆستای کە دەسەڵاتیشیان بەسەریدا هەیە، بەئاسانی خۆی دەدا بەدەستەوە بۆ ئەمەی خەو بیباتەوە.

## کارتێکردنی نیازبەخشی لە دەروونی نوێنراودا

### ٤

لە دووی مانگی نەورۆزی ساڵی ١٩٤٥دا ئەم تاقیکردنەوەیەم جێبەجێ کرد. کچێک، (ف. ب.) ناویش یارمەتی دام. ئەو کەسەی دەمانویست بینوێنین شاگرد چێشتکەرێک[1] بوو، کە لاوێکی بیست و یەک ساڵی بوو. کەمەکێ نووسین و خوێندنەوە فێر بووبوو. بەڵام لە بابەت نوواندنی موگناتیسییەوە هەر ئەوەندەی دەزانی: بیستبووی لەم و لەو کە نوێنەر دەتوانێ ئاگاداری شتی نەزانراو و ڕازی دەروونی مرۆڤ و شتومەکی ون بوو و ڕێوشوێنیان ببێ. ئەم شاگرد چێشتکەرەیش بۆیەکا هاتبوو بینوێنن، کە ناوی ئەو کەسەی کراسەکەی و هەندێ پوولی لێ دزیبوو بۆی دەربکەوێ. منیش بەهۆی لێدانی (مەترۆنۆم) و چاوبڕین لە شتی بریسکەداری وا کە لەگەڵ لێدانی مەترۆنۆمەکە ڕێک بکەوێ، نوواندم پاش ئەوەی نوست، بەمەبەسی ئەوەی کە بیخەمە بارێکی دەروونیی تایبەتییەوە، ئەم ڕستانەم دا بەگوێیدا: (من لە چێشتخانەکەدام ئێستاکە ئێوارێیە کاتژمێر یانزە پێشان دەدات. دەرگای چێشتخانەکەم (هەروەک خۆی قسە بکات وایە) لەسەر خۆم داخست. بۆ ئەمەی هەندێ ڕۆن دەربهێنم. من ئەگەڕام بۆ کلیلی دۆلابەکە. وام دەزانی وەستام لە شوێنێکی دووردا شاردوێتییەوە. بۆچ ژێر کاشییە گەورەکە نەگەڕێم؟ هەر شوێنێک گەڕام نەمدۆزییەوە. ئێستە گوێم لە یەکێکە لەگەڵ دەرگەوانەکەدا گفتوگۆ دەکات. من چراکە دەکوژێنمەوە گوێم لە کابراکەیە بەدوای مندا دەگەڕێ دوودڵم لە چوونە دەرەوە، نەوەک دڵم لێ پیس بکەن. چاوەڕوانی بکەم، یان دەربچم؟ گوێم لە دەرگەوانەکەیە بانگم دەکات، دڵم زۆرتر دادەخورپێ من دڵنیام کە ئابڕووم دەچێ، باوەجوو دەرگەوانەکە دەڵێ (سید) نەچۆتە دەرەوە، لە چێشتخانەکەدایە دەرگەوانەکە و کابراکەی تر، وا نزیک دەبنەوە لە دەرگای چێشتخانەکە. وا یەکێکیان دەرگاکە لێ دەدا. نازانم چی بکەم؟ دەرگاکە بکەمەوە، یاخود لە پەنجەرەکەوە دەرباز ببم؟ لە هەردوو باردا پێم دەووترێ دز و تاوانبار، کەچی هێشتا هیچیشم نەدزیوە. کاشکی نەهاتمایەتە ناو چێشتخانەکەوە نە بیریشم لە دزیکردن بکردایەوە. نازانم چی بکەم؟ خودا لەناو دەمی دەرگەوانەکە بدات، ئەو بوو بەهۆی ئەم شڵەژاوییەم. ئەو بوو وتی لە ماڵ نەچۆتە دەرەوە، هەر ئەویش بوو چەسپاندییە دڵیەوە کە من لە چێشتخانەکەدام...) بەمەندە

(١) ڕاستتر: شاگرد چێشتخانەیەک بوو...



وازم هێنا. شاگرد چێشتکەرەکەم هۆشیار کردەوە کە سەرنجم دا، لە دەموچاویدا دڵخۆشی دیار بوو، هەستی بەسرەوت دەکرد. هەرچەند بەوەی دەزانی کە خەوی لێ کەوتبوو، نیشانەی شادمانی لە دەموچاویدا ئاشکراتر دەردەکەوت. پاش تاوێک گوتی: (ڕاستییەکەی: من خەوم دەبینی. نە لە تاریکیدا بووم نە لە چێشتخانەدا!). نەیویست لەمە پتر بڵێت کەچی زۆر خەریکیش بوون لەگەڵی. هەرچەندە نوواندنەکە ماندووی کردبوو، بەڵام زەردەخەنەی دەکرد.

لە هەمووی گرنگتر ئەوە بوو لە پاش چەند ڕۆژێک لێی دەرکەوت. لە پاش ئەم نیازبەخشینە، لە کاتی نوواندنەکەیدا سەرنجم دایە ڕەوشت و کرداری شاگرد چێشتکەرەکە. لە پێش هەموو شتێکدا بۆم دەرکەوت کە ناوەند ئەو و دەرگەوانەکە تێکچوو، بێجگە لەوە ناوەند ئەو و شاگردێکی خوێندنگایش تێکچوو کە هیچ شەوێک نەبوو درەنگ نەیێتەوە. کەچی لە کاتی نیازبەخشینەکەدا ناوی هیچ کەسێکی ناسراوم نەبرد بوو لەگەڵ دەرگەوانەکەدا شەڕوشۆڕ لە ناوەند دەرگەوان و شاگرد چێشتکەرەکەدا زۆر پەیدا ئەبوو. شاگردەکە، هەچ فرمانێکی لەوە پێش بۆ دەرگەوانەکە دەکرد، ئیتر لەوە بەولاوە بۆی نەدەکرد. هەفتەیەکی پێ چوو، شەڕوشۆڕ لە ناوەندیاندا توند بوو. منیش هەمووده‌م ئاگام لە دەرگەوانەکە بوو، بۆ ئەمەی بزانم هەستی بەرامبەر شاگرد چێشتکەرەکە چۆنی لێ دێ. کە سەرنجم دا، پیاوێکی هێمنی بەسەزمانم هاتە پێش چاو. هەمووده‌م وەک ڕاهاتبوو، دەیویست شاگرد چێشتکەرەکە دڵخۆش بکات، بۆ ئەمەی ئەویش بیکاتە هاوبەشی خۆی لە پاشماوەی چێشتەکاندا، بشهێڵێ چای لە چێشتخانەکەدا لێ بنێ. لێرەوە بەتەواوەتی بۆم دەرکەوت، کە هۆی تێکچوونیان بەهیچ کلۆجێک لە دەرگەوانەکەوە نەبووە. کەواتە، هیچ نەمایەوە ببێتە هۆی ئەو تێکچوونە، کارتێکردنی نیازبەخشینەکە نەبێ.

گرنگ ئەوەتا کە شاگردەکە، لە هەموو کردەوەیەکیدا، بڕوای وا بوو، کە هەرچی دەکات، بەئارەزووی خۆی دەیکات، کەس کاری تێ نەکردووە. ئەمەیش بەڵگەیەکی بەهێزە، کە نیازبەخشین لە نوواندنی موگناتیسیدا، دەچێتە ڕەگ و ڕیشەی دەروونەوە. دەتوانرێ هەر بەم شێوەیە کار بکرێتە دەروونی کەسانی تر، بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە نایانەوێ واز لە باوەڕ و بیر و کردەوەی خۆیان بهێنن، چونکە لە کاتی هۆشیاریدا، ناتوانرێ بخرێتە دڵیانەوە کە واز لەو بابەتانە بهێنن. بەم ڕەنگە دەتوانین ڕێگای نیازبەخشین لە پەروەردەکردنی منداڵدا بەکار بهێنین. بۆ ئەمەی واز بهێنن لەو کردەوە ناپەسەندانەی کە

نابێ سەرنجی منالّیان بۆ ڕابکێشرێ، وەک خووە نهێنییەکان و هی تر. دەگونجێ ئەم نیازبەخشینە لە کاتی نوستنی ئاساییدا بەکار بهێنین، بەمەرجێ لە سەرەتای نوستنەکەوە دەست پێ بکات واتا: خەوەکە هێشتا سووک بێ، ئەوساکە دەست پێ بکات. هەروەها دەتوانین نیازبەخشین لە کاتی نوستن یاخود نوواندندا بەکار بهێنین، بەمەبەسی چارەکردنی خووی تاوانکردن. لەم بارەدا، وا چاکە نیازبەخشینەکە لە کاتی نوواندندا بەکار بهێنرێ، بۆ ئەمەی تاوانبارەکە بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی نیازبەخشەکەوە، کە نوێنەرەکە هەر خۆیەتی. بێ گومان نوێنراوەکە دەکەوێتە بەر دەستی نوێنەرەکە، سەرنج و ئارەزووی خۆی، هەردووکیان دەنووسێنێ بەسەرنج و ئارەزووی نوێنەرەکەوە. زۆرجاری وا هەیە، بێزووی ئافرەت کارێکی خراپ دەکاتە سەر منالّەکەی ناو سکی. زۆرجاری وا هەیە، کە یەجگار خۆی ماندوو دەکات بەجێبەجێکردنی ئارەزووە گران و زۆرەکانی خۆیەوە، هەروەها کەسانی نزیکی خۆیشی بەخۆیەوە ماندوو دەکات. جا لەم کاتانەدا، چاکترین شت ئەوەیە، کە بەهۆی نیازبەخشینەوە چارە بکرێ. سا یان دەبێ، ئارەزووەکانی بێزووکەرەکە بزانرێ و لە بیری ببرێتەوە، یاخود دەبێ بگۆڕرێ بەئارەزووانێکی تری وەها، کە بتوانرێ بەئاسانی جێبەجێ بکرێن.

بەڵام گرنگترین مەبەس، کە نیازبەخشینی بۆ بەکار دەهێنرێ، چارەکردنی نەخۆشییە. نیازبەخشین، کارێکی گەورەی کردۆتە سەر لەش و دەروون، جاری وا هەبووە، گەیشتۆتە ئەندازەیەکی وەها، کە ڕەوشت و خووی پێ گۆڕراوە و گەلێک کاروباری ئەندامانی لەشیشی پێ گۆڕراوە. لە ڕاستیدا، نیازبەخشین لە ڕێگای ئایین و بیروباوەڕەوە نیشانەی کاریگەریی دەرکەوت، کە ئەوساکە بەهۆی بەکارهێنانی هەندێ ڕستەی پیرۆزەوە یاخود بابەتی تر هەندێ کەس خراپەیان لە دڵی خۆیان دەکردەوە دەرەوە. ئەو کاتەی (مەسمەر)،[*] پزیشکی ئەڵمانی لەم بابەتەوە دەستی کرد بوو بەبڵاوکردنەوەی ئامۆژگارییەکانی خۆی، هێشتا نوواندنی موگناتیسی بەڕێگایەکی ئایینی دادەنرا. ئەویش لەبەر ئەوە بوو کە کار پێکردنی نیازبەخشین بەدەسەڵاتێکی جادووگەری دادەنرا، چونکە زانستییە دەروونییەکان هێشتا نەناسرابوون. نیشانەکانی نوواندنی موگناتیسی

(*) (مەسمەر): پزیشکێکی ئەڵمانی بوو، (١٧٣٣-١٨١٥) کە سەرنجی دا موگناتیس کار دەکاتە هەندێ نەخۆشی، گوتی کەرەستەیەک هەیە ناوی نا شلەی موگناتیسی، دەتوانرێ لە چاککردنەوەی هەموو نەخۆشییەکدا بەکار بهێنرێ. لەم بیروباوەڕەدا، زۆر کەس لە زۆربەی پایتەختەکانی ئەورووپادا دوای کەوت.



بەڕازێکی نهێنی و خواناسییەکی سەرسامکەر دادەنران، کە بەلای ئەوانەوە مێشکی مرۆڤ لە تواناییدا نەبوو پەییان پێ ببات. نوواندنی موگناتیسییش کاتێک گەیشتە بارستایی زانست، کە پزیشکەکان بڕوایان بەوە هێنا کە بۆ چارەکردنی نەخۆشی دەگونجێ بەکەڵک بێت.

(شارکۆ)یش[*] توانی ئەو بارانەی بەسەر نوێنراودا دێن، دەستە دەستە ڕیزیان بکات. بەڵام زاناکان لەوەدا بەرپەرچیان دایەوە. (ڤەندەت)یش[**] کە زانایەکی لەش بووە دابەشکردنێکی تری هێنایە پێشەوە. نابێ لەبیرمان بچێتەوە کە ئەم زانایە، چەند هونەری نوواندووە لە زانستی دەروونیی تاقیکراوەدا.

ڕەنگە کردەوەی هەرە سەر سوڕهێنەر، کە لە زانستەکانی دەروونیدا دەرکەوتبێ، ئەوە بێ کە نیازبەخشین بەکار هێنراوە لە نوواندنی موگناتیسیدا. بێجگە لەو ئەنجامە تەندروستیانەی کە لە پاش ماوەیەکی دووردرێژ، بەهۆی نیازبەخشینەوە لە کاتی نوواندنی موگناتیسیدا، دەست دەکەون، هەندێ ئەنجامی تریش هەن کە دەمودەست دەرئەکەون.

پەزیشک (میخائیل ماهر)، لە نووسراوەکەیدا (زانستی دەروونیی تاقیکراوە و پێشبینیی)، هەندێ ئەنجامی پێشانداوە، کە لە تاقیکردنەوەکانی ناو کۆڕی زانستی دەرووندا بۆی دەرکەوتوون، لەوانەوە تێدەگەین: کە ئەتوانین فەرمان بدەین بەسەر ئەوانەدا کە بەنوستنی موگناتیسی نوێنراوون (بەهۆی نیازبەخشینەوە)، پەلوپۆیان بزوێننەوە چ بەو جۆرەی کە خۆیان پێوەی ڕاهاتوون، چ بەو جۆرەیش کە پێوەی ڕانەهاتوون. بۆ وێنە دەتوانین بەنوستووەکە بڵێین: دەستی بەرز بکاتەوە، یاخود خۆی ڕاست بکاتەوە و بۆ جێیەکی دیاردیکراو بڕوا، ئنجا بوەستێ، پاشان بگەڕێتەوە دواوە، یاخود بەلای چەپ و ڕاستدا بڕوا... سەیر ئەوەیە ئەو کەسەی دەنوێنرێ ئەو شتانەی لە کاتی نوستنەکەیا کردوویێتی یاخود پێی کراوە، هەمووی لەبیر دەچێتەوە، تەنانەت هەرچەند لەگەڵیشیا خەریک ببین کە پێ بنێ لەو کردەوانەی کە لە کاتی نوستنەکەیدا کردوویێتی، پێیان لێ نانێ. لە ڕاستیدا، ئەم تاقیکردنەوانە، ئەوەمان تێ ئەگەیێنن کە تا چ ئەندازەیەک نیازبەخشین لە کاتی

(*) (شارکۆ): پزیشکێکی بەناوبانگی فەرەنسییە (١٨٢٥-١٨٩٣). پزیشکایەتیی دەماری تازە کردەوە. زۆر لەو نەخۆشییانەیش کە بەهونەرمەندی ئەوەوە دۆزرایەوە، ناوی بۆ دانان. (وەرگێڕ)
(**) (ڤەندەت): ڕاستیپەرست و زانایەکی لەشی ئەڵمانییە، (١٨٣٢- ١٩٢٠) -(وەرگێڕ).

نواندندا کار دەکاتە مرۆڤ، چونکە مرۆڤەکە، بەهۆی نیازبەخشینەوە هەچ کار و فرمانێکی لێ داوا بکرێ بیانکات، دەیانکات، بێ ئەمەی ئاگای لە خۆی بوو بێ، یان ئارەزووی کردنیانی کردبێت.

لە بەرامبەر ئەم ئەنجامانەدا، کە پەیوەندییان بەجوولەی ئاشکراوە هەیە، ئەنجامانی تریش هەن، کە ڕاستێ پەیوەندییان بەچۆنێتیی ناوەوەی لەشەوە هەیە. بۆ وێنە، ئێمە دەتوانین زۆر بکەین لە هەموو لوویەک و ئاو فرێدانی هەموو لوویەکەوە.[1]

ئەم ڕاستییە، بەهۆی نیازبەخشینەوە دەرکەوت کە لە کاتی نواندنی موگناتیسیدا کراوە. هەندێ لە دیدەوانەکان فێر بووبوون بەهۆی نیازبەخشینەوە لە کاتی خەودا هاوڕێکانیان بخەنە سەر میزکردن. هەروەها هەندێ لە شاگردەکانی خوێندنگا خۆمالییەکان، توانیبوویان نیازبەخشین بخەنە گەڕ، بۆ ئەمەی لە کاتی نوستنیاندا هاوڕێکانی خۆیان بخەنە سەر میزکردن. لە توانای نیازبەخشیندا هەیە، گەلێک کاری ناو لەش بەرهەم بهێنێ، کە نیشانەکانیان بەجارێک پێکەوە دەرنەکەون لە توانایاندا هەیە: بەهۆی نیازبەخشینەوە هەندێ گۆڕران لە لەشدا بهێنینە بوون. لەمەیش سەیرتر ئەوەیە کە نیازبەخشین لە کاتی هۆشیاریشدا کار ئەکات. لە ڕاستیدا، لە توانایدا هەیە بەهۆی نیازبەخشینەوە، کار بکەیتە لەشی پیاوێکی تەندروست. دەتوانێت وای لێ بکەیت هەست بەنەخۆشی بکات. بەڵکو هەستکردن بەنەخۆشییەکەی بگۆڕێت بەدەرکەوتنی سەرەتای ڕاستەقینەی نەخۆشی، ئەگەر بەنیازبەخشینەکەت درێژە بدەیت.

بەڕاستی، ئەوە دەرکەوتووە کە نیازبەخشین تا ئەندازەیەک گەلێک لە نەخۆشییەکانی لەش لە پەرەسەندن دەوەستێنێ. لە ڕاستیدا، هەرچی دەدرێتە پاڵ ئامادەکردنی گیان، ئەنجامی نیازبەخشینە. لەبەر ئەوە، ئەو کابرا چاووڕاوکەرەی کە لە ڕێگای (گیان)ەوە، نەخۆش چاک دەکاتەوە، ئەوە دەکات بەمەرج لەسەر نەخۆشەکەی، کە باوەڕ بە(گیان) بکات. هەندێ لەو کەسانەی کە بەهۆی نیازبەخشینەوە، نەخۆش چاک دەکەنەوە، توانییان کردەوەکانی نیازبەخشین بدەنە پاڵ گیانی ئەو پەزیشکانەی مردوون. سەیر ئەوەیە، ئەو پزیشکەی هەر نەخۆشییەکانی هەناوی بۆ چاک ئەکرایەوە، گیانەکەی ئەیتوانی نەخۆشیی ددانیش چاک بکاتەوە، دەیتوانی نەشتەرکاریی وایش بکات کە نەتوانین بەچاوی خۆمان ببینین، دەیتوانی نەخۆشییەکانی شێرپەنجە و سیل و گەلێک نەخۆشیی کاریگەری تر،

(١) بەمانای: (الغدد وبافرازات الغدد).



بەجارێک لەناوبەرێ. بەم ڕەنگە دەبینین، جێ-کاری[1] نیازبەخشین لە دەروونەدا، لە دەروونەوە دەرباز دەبێ بۆ لەشیش. ئەمەیش گەورەترین بەڵگەیە کە دەروون و لەش بەتەواوەتی پێکەوە نووساون و لە یەکتر جیا ناکرێنەوە، وەک هەندێ لە ڕاستیپەرستەکان گوتوویانە.

## جێ-کاری نیازبەخشین لە لەشی نوستوودا

٥

(شارکۆ) و خوێندنگای پەزیشکایەتیی پاریس، بەلایانەوە وایە، کە نوستنی موگناتیسی بریتییە لە تێکچوونێکی دەمار، تەنیا لەو کەسانەوە دەردەکەوێ کە تووشی نەخۆشیی دەمار (هستیریا) هاتوون. هەندێکی تریش دەڵێن: نواندنی موگناتیسی کارێکی خراپ دەکاتە لەشی نوێنراو. هەروەک ئەم خوێندنگایە خەریک بێت وا بزانێ کە نواندنی موگناتیسی بریتییە لە نەخۆشییەک تووشی دەمار دێت، وایە. کەچی لەولایشەوە خوێندنگای (نانسی)، کە دیسانەوە وەک ئەو فەرەنسییە، بەپێچەوانەی ئەو خەریکە بیچەسپێنێتە دڵمانەوە کە نواندنی موگناتیسی بارێکی دەروونییە، نەک بارێکی لەشی (جەستەیی. أ. ب).

ئێمەیش، بەپێی ئەوەی کە لە بەشی پێشوودا هاتە بەرچاومان، ناتوانین بڵێین نواندن، تەنیا بریتییە لە بارێکی لەش، یاخود لە بارێکی دەروون، چونکە هەر لە بنەڕەتەوە جوێکردنەوەی لەش لە دەروون، لە توانادا نییە.

هەروەک لەوەپێش دیمان، نیازبەخشین بارێکی دەروونییە تا ئەندازەیەکی گەورە کار لە لەش دەکات. ئێمەیش بەهۆی هەندێ تاقیکردنەوەی نوێوە کە لە کارگەی زانستی دەروون، لە زانستگای (فوئاد)دا پێک هێنراوون، دەتوانین پشتیوانیی ئەو قسانەی پێشوومان بکەین و، جێ-کاری نیازبەخشینیش لە لەشی نوستوودا پیشان بدەین: یەکێک هاتە پێشەوە، سکاڵای لە دەست خۆی دەکرد، دەیگوت هەرچەند گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێکانیا یاخود لەگەڵ کچێکدا دەکات، هەست بەکەموکووڕی دەکات. هەر ئەو کەسە، خۆیشی سکاڵای لە دەست نەخۆشیی پژمینی توند دەکرد کە دە ساڵ دەبوو، تووشی بووبوو، چووبووە لای گەلێک پەزیشکی لەش لە (مصر)دا بۆ ڕاوێژکردن. سەری دابوو لە

(١) جێ-کار: کارتێکردن، (تأثیر).

پسپۆڕەکانی لووت و قوڕگ. هەندێکیان هیچ جێ - کارێکی نەخۆشییەکەیان لە لەشیدا نەدۆزیبووەوە، هەندێکیشیان خەریک بووبوون، ماسولکەکانی ناو قوڕگ داغ بکەن، بۆ ئەمەی لە ناسکییەکەی کەم بکەنەوە.[1] وایان زانیبوو کە پژمینەکە لە زۆر ناسکییەوە پەیدا بووە کە زوو هەست بەئازار دەکات. کاتێ نەخۆشەکەیان پێشانی من دا، لە پژمینەکە بۆڵەبۆڵی نەدەکرد، بەوە وازی هێنا بوو کە پەزیشکی قوڕگ، بەداغکردنی ناو قوڕگی چاری نەخۆشییەکەی بکات. کە هاتم لە باری هۆشیاری خۆیدا، هەست بەکەموکووڕییکردنی لێ دوور بخەمەوە، بەرەنگاریکردنێکی زۆرم لێوە هەست پێ کرد. ئنجا تێکۆشام ئەوە بخەمە مێشکییەوە، بەڵام کەڵکی نەگرت. لەبەر ئەوە ناچارمام، بینوێنم و نیازبەخشینی لەگەڵدا بەکار بهێنم. کە سەرنجم دا: پژمینە توندەکە تا دەهات کەم ئەبووەوە، لە کاتی نیازبەخشینی پاش نوواندندا.

جارێکیشیان گوتی: لە کاتی بێ فرمانیدا نەبێ ناپژمم. بەم ڕەنگە بۆم دەرکەوت کە پژمینەکەی لە تێکچوونی دەروونییەوە پەیدا بووبوو. بەڵام ناسکی و زوو هەستکردنی قوڕگی بەئازار، لە تێکچوونێکی خۆ - جێییەوە[2] پەیدا نەبووبوو، بەڵکو لە ئەنجامی تێکچوونی گشتیی هەموو دەمارەکانیەوە پەیدا بووبوو. لەبەر ئەوە جێی سەر سوڕمان نەبوو کە تەنیا نیازبەخشینێک بۆ دەرکردنی هەستکردن بەکەموکووڕی، کە بووبووە هۆی پەیدابوونی ئەو تێکچوونە گشتییە لە لەش و دەروونیدا، بەس بوو بۆ وەستاندنی گیروگرفتی ئەو پژمینە توندە.

ئەو کارەی ترس دەیکات لە لەش، بەبێ نیازبەخشین چارەسەر ناکرێت. لە خەستەخانەی (سەلپاترییێر) لە شاری (پاریس)دا گەلێک نەخۆش لەم بابەتەوە بەجاران تاقی کراونەتەوە. یەکێک لە نەخۆشەکان هاواری بوو لە دەست ئێشێک لە جەرگیا. ترسا بوو وایدەزانی کرمێک لە جەرگیا پەیدا بووە لێی دەخوات. پزیشکەکان بەگورجی و بەوردی جەرگیان پشکنی. هیچ نەخۆشییەکیان تیا نەدۆزییەوە. کەچی هەرچەند پێیان دەگوت: تەندروستە[3] و هیچ نەخۆشییەکی نییە، زۆرتر لە پێشوو هەستی بەئازار دەکرد. ئەمە وا بوو، تا (جۆرج دۆماس) هەستی بەدەردەکەی کرد. زانیی بەهیچ چارە ناکرێ لە ڕێگای

(١) ناسکی: (حساسية).

(٢) خۆ - جێیی: (موضوعي).

(٣) تەندروستە: لەش ساغە.



نیازبەخشینەوە نەبێ. بەم ڕەنگە، نەخۆشەکەی هێنا و نوواندی ئەوەیشی خستە دڵیەوە کە نەشتەرکاریی جەرگی کراوە. هەندێ کرمی پیشان دا و پێی گوت ئەوانە بوون کە جەرگیان دەخوارد. ئیتر لەوساکەوە نەخۆشەکە هەستی بەسرەوتێکی تەواو دەکرد تا ماوەی سێ مانگ. بەڵام لە پاش ئەوە جارێکی تریش ترسی تووش هاتەوە لە جەرگەکەی. هاتەوە لای پزیشک (جۆرج دۆماس)، داوای نەشتەرکارییەکی تری لێ کرد، بەلایەوە وا بوو پەزیشکەکە لە نەشتەرکارییەکەی پێشوودا جەرگەکەی لە گەرای کرمەکان پاک نەکردبووەوە. پزیشکەکانی خەستەخانەکە گوێیان نەدایە نەخۆشەکە. وایان دەزانی، هەر چارەکردنێک لە ڕێگای نیازبەخشینەوە پێک بێت، تا سەر، سەر ناگرێت و هەتا دێت نەخۆشەکە بەنەخۆشییە درۆکەی خۆی[1] زۆرتر بڕوا دەکات. ئەنجام بەوە گەیشت کە نەخۆشەکە پاش مانگێک مرد.

لەم کارەساتەوە تێ دەگەین تا چ ئەندازەیەک نیازبەخشین کار لە لەش دەکات. ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشیی دێن هەر ئەو کەسانەن کە نیازبەخشین کاریان لێ دەکات، بەڵام بەجۆرێکی وا کە ترسیان لێ نیشتبێ، یاخود بیروباوەڕی ئەم و ئەو کاری لێ کردبن. ئەگەر ئێمە ئەم بارانە شی بکەینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە هەموویان لە کزیی ئارەزوو و کەمبوونەوەی چالاکیی دەروونەوە پەیدابوون.

نیازبەخشین لە بارەکانی وەڕسبووندا کار دەکات، کە بارستایی چالاکیی دەروونی دەهێننە خوارەوە. لەبەر ئەوە، پێویستە مرۆڤ، هەموودەم خۆی بپارێزێ لە وەڕسبوون، ئەگینا خۆی تووشی ئەو بێ فرمانییە دەکات کە مرۆڤ دەخاتە سەر باری نیشتنەوەی بارستایی دەروونی. نابێ وا بزانرێ کە نوواندن هەر لە چەند بارێکی تایبەتیدا دەبێ بکرێ. لە ڕاستیدا، بارەکانی نوواندن زۆرن. چونکە نوستن بریتییە لە نیشتنەوەی بارستاییی چالاکیی دەروونی.

ماندووبوون، بەهەموو جۆرێکیەوە، ڕوویەکە لە ڕووەکانی خاوبوونەوە و نوواندن. زۆربەی بارەکانی کار تێکراوی، لە کاتەکانی ماندووبووندا پێک دێن. لەبەر ئەوە، پێویستە مرۆڤ لە کاتەکانی ماندوویێتیدا خۆی بپارێزێ. ئەو کاتانەی کە خەوی دێ، یان برسیی دەبێ، یاخود زۆر ماندوو دەبێ، نابێ سەر لە نەخۆش بدات. لەم کاتانەدا، هەمووی بەرگە گرتنەکەی کەم دەبێتەوە، چونکە ئەمیش بەندە بەئەندازەی چالاکیی بەهێزی

(١) واتا: بەواهیمەکەی خۆی...

دەروونییەوە. کە ئەم کز بوو، بەرگەگرتن لە نەخۆشییش کز دەبێ. بەڵام لە توانایدا هەیە کە بەهۆی نیازبەخشینەوە، بەرگەگرتنەکە بەهێز بکرێ. زۆرجاری وا هەیە کە مرۆڤ دەتوانێ بارستایی چالاکیی دەروونیی خۆی، بەهۆی نیاز بەخۆ بەخشینەوە، بڵند بکاتەوە. لێرەدا باری یەکێک دەگێڕمەوە کە (ناوازەگاهی فوئادی یەکەمی کشتوکاڵ لە قاهرە) ناردبووی بۆ خوارووی (سودان)، بۆ پەیداکردنی هەندێ گژوگیای تایبەتیی ئەو ناوچانە. ئەو ناوچەیە نەخۆشیی لەرزوتای تیا بڵاو بووبووەوە. کەس نەیدەتوانی بچێتە ئەو ناوە، بێ ئەمەی لەگەڵ خۆیدا (کینین)[1] هەڵبگری بۆ خۆپاراستن لەو نەخۆشییە. بەڵام نێرراوەی ناوازەگاکە، بڕوای وابوو، کە ناتوانێ بەرگەی ئەو نەخۆشییە بگرێ. هەموودەم پێش نوستن، بیری لە خۆی و لە هێزی لەشی خۆی دەکردەوە، وای پیا ڕادەپەرموون کە خۆرە[*] کاریان لێ ناکات. لە ڕاستیدا، توانیی بگەڕێ بەناو سامناکترین کێڵگەی وادا، کە لەرز و تا قەڵاچۆی لە دانیشتوەکانی دەخست، بێ ئەمەی زیانێکی تووش ببێ. دەشێ ئەوەیش بگوترێ کە مامۆستا (ذرار) هەرچەندە لە بنەچەدا سودانی بوو بەڵام هەر لە مناڵییەوە سودانی بەجێ هێشتبوو، هێشتا نەیش چووبووە شوێنی واوە کە خۆرەی مەلاریای تیا بڵاو بووبێتەوە. هاوڕێکانی مامۆستا (زرار) سەریان لێی سوڕما بوو. زۆربەیان بڕوایان نەدەکرد کە دەرمانی (کینین) و لەو ڕەنگەی پێ نییە. بەڵام لە ڕاستیدا، مامۆستا (ذرار) باکی نەخۆشییەکەی نەبوو. نیازبەخشینەکەی بەتەنیا بووبووە هۆی بەرگەگرتنی بەرامبەر بەنەخۆشییەکە.

زۆر کەسی تریش توانیویانە بگەنە ئامانجی وەها، بەهۆی نیازبەخشینەوە، کە ئەم ڕاستییە دووبارە دەکاتەوە. لێرەدا، دەست دەکێشین بۆ هەندێ پزیشکان کە توانیویانە خۆیان لە گەلێک نەخۆشیی کاریگەر بپارێزن، بەهۆی نیازبەخشینەوە. لە ڕاستیدا، زۆر نەخۆشیی تێکچوونی دەمار هەیە، وەک هەندێ جووڵەی پەیتا پەیتایی دەمار، بەهیچ کلۆجێک چاری ناکرێ، بەهۆی نیازبەخشینەوە نەبێ کە لە کاتی نوواندنی موگناتیسیدا دەکرێ. هەروەها بۆ خاوکردنەوەی ئازاری نەخۆش لە دەست نەخۆشیی (مانیا) نیازبەخشین بەکەڵک دێ، بەو مەرجەی بتوانرێ نەخۆشەکە بنوێنرێ. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە نیازبەخشین تا چ ئەندازەیەکی گەورە کار لە بارەکانی لەش دەکات. نیازبەخشین تیغێکی دوو دەمە، ئەتوانێ زیان ببەخشێ دەشتوانێ کەڵک ببەخشێ.

---

(١) کنین: جۆرە حەبێک بوو جاران بەکار دەهێنرا بۆ چارەکردنی نەخۆشی لەرزوتا.

(*) خۆرە: (میکرۆب) -وەرگێڕ-



## هەنگاوەکانی نوواندن

### ٦

لەوەوەی لەمەوپێش پیشانمان دا، بۆمان دەردەکەوێ، کە نوواندن چەند بارستاییەکی جوێ جوێی هەیە، هەروەها پێویست نییە مرۆڤەکە لە هۆش خۆی چوو بێت و بڕستی لێ بڕا بێ تا پێی بڵێین خەوی لێ کەوتووە.

مرۆڤیش جوێ جوێن لە پلەی هۆشیاریدا. لە ڕاستیدا جیاوازی لە زیرەکیدا، بریتییە لە جیاوازی لە پلەی هۆشیاریدا. وەک سەرنج دەدەین. دانیشتوانی گەرمیانەکان کەم جووڵەترن لە دانیشتوانی کوێستانەکان. هەرچەندێ جیاوازی لە ناوەند پلەی گەرمی لەش و پلەی گەرمی بای دەرەوە، گەورە بێ، ئەوەندە چالاکیی مرۆڤەکە بڵند دەبێ بۆ ئەمەی بەرگەی کار تێکردنی بای دەرەوە بگرێ، هەروەها بۆ ئەمەی خۆی بسازێنێ لەگەڵ ئەو ناوچەیەدا کە تێیدا ئەژی.

لەبەر ئەوە، دەتوانرێ چالاکیی دەروون بەچەند ڕێگایەک کەم بکرێتەوە. هیچ پێویست نییە نیشتنەوەی بارستایی چالاکیی دەروون بگاتە پلەی نوستن. وەک سەرنج دراوە، هەندێ گیانلەبەرانی گەورە و نەهەنگەکان، بەهۆی خوتوکە دانەوە، بەئاسانی دەردەست دەکرێن. هەروەها هەندێ لە ڕاوکەرانی (زرێی هێمن) لەوە تێگەیشتن کە ئەتوانرێ هەندێ ماسیی گەورە بگیرێ بەهۆی دەست لێ خستنێکی سووک لە ژێر سکیان، کە بەوە خۆشیی و سرەوتێکیان پێ دەگات، بەڵام بەو مەرجەی کە ئەو دەست لێ خستنە نەبڕێتەوە تا ماسییەکە خاو دەبێتەوە و دەکەوێتە سەر ئاو. کە ئەوە تەواو بوو ئیتر بەئاسانی یاریی پێ دەکرێ، بێ ئەمەی هیچ بەرەنگارییەک بکات.

هەروەها هەندێ لە پەلەوەران بەدەنگ یاخود بەفیکەکردن، ڕاو دەکرێن. ئەم گیانلەبەرانە هەموویان بەم جۆرە وریاکەرەوانە کاریان تێ دەکرێ وە لە هێز و توانا و چالاکییان کەم دەبێتەوە، ئیتر بڕستیان دەبڕێ و بەرگەیش ناگرن، خۆیان دەدەن بەدەستەوە. ئنجا ئەگەر ئەم بارانەی ناو گیانلەبەرانە، لەگەڵ بارەکانی ناو مرۆڤدا بەراوورد بکەین، نزیکییەکی ڕۆشنمان لە ئەنجامەکانیاندا بۆ دەردەکەوێ. دەست خستن لە هەندێ جێگای ناسک لە لەشدا، هەستێک بەسرەوتی لێ پەیدا ئەبێ، بەتەنشت ئەویشەوە، بارێکی نابەجێ پەیدا دەبێ، سەرەتاکەی لە خرۆشانەوە دەردەکەوێ. ئەم خرۆشانە لە پێشدا لە شێوەی دڵخۆشیدا دەست پێ دەکات. بەڵام ئەگەر خوتوکەدانەکە لە ئەندازەبەدەر بوو، خرۆشانەکە بەلای

دڵتەنگییەوە دەچێ. ئنجا ئەگەر خوتوکەدانەکە زۆری پێ چوو، وای لێ دێ بەرگەی هیچ شتێک ناگرێ، ماسولکە گوشراوەکان هەموو دەرئەپەڕن، ئەوساکەیش میز دێت و فرمێسکیش دەڕژێ. خۆ ئەگەر خوتوکەدانەکە، لەوەیش زۆرتری پێ چوو، دوور نییە کە ببێ بەهۆی لە هۆش خۆ چوون، یاخود مردن جا لەمەوە ئەنجامێکی گەورەمان بۆ دەردەکەوێ: ئەویش بریتییە لە پەیوەندیی دڵ خرۆشان بەبارەکانی نوواندنەوە، لەگەڵ جۆرە لێکچوونێک لە ناوەند هەردووکیاندا لە بابەت ئەنجام و جێ - کارەوە کە لە چالاکی دەروونیدا دەرئەکەون. ئەو ئەنجام و جێ کارە لەو پەککەوتنەدا دەرئەکەوێ کە مرۆڤی دڵ خرۆشاو، تووشی دێ. نەتەوە لە کارەساتی ڕۆژانەی خۆیدا ئەمەی بۆ دەرکەوتووە. وەک سەرنج دەدەین زۆر لە لاوەکان، کە بیانەوێ کار لە دڵی کچێک بکەن، ڕاستەوخۆ قسەیان ئاڕاستە ناکەن، لە ترسی ئەوەی دڵیان بڕەنجێ و تووڕە بن. چونکە کچ هەمووەدەم خۆی دەپارێزێ و بەدڵ دەیەوێ پەیڕەویی ئەو ئامۆژگارییانە بکات کە هەموو بەیانی و ئێوارێیەک لە خێزان و کەسوکاری گوێی لێ دەبێ. ئەو لاوانە، بەگەمە و پێکەنینێکەوە نەبێ دەست ناکەن بەگفتوگۆکردن، ئەویش هەروەها دەیهاوێژن بێ ئەمەی قسەکە بەرەو ڕووی کچەکە بکەن. ئنجا کە زانییان گەمەکەیان کاری کردۆتە دڵی کچەکە و پێکەنی، دەمودەست، دەست دەکەن بەپیاهەڵدانی و نوواندنی سەر سوڕمانیان لە جوانیی. گەلێک جار ئەم پیاهەڵدانە کار لە دڵی کچەکە دەکات. بڕوا بەقسەیان دەکات و هەست دەکات بەدڵ خرۆشانێک بەرامبەریان، لەگەڵ ئامادەییەک بۆ دواکەوتنی قسەیان. بەم ڕەنگە، دەتوانین پێکەنین هێنان و دڵ خۆشکردن، بەبارێکی کزی دابنێین، کە لە گەلێک ڕووەوە لە باری کزیی نوواندن ئەکات بۆ نوێنراوەکە، هەرچەندە ئەو کەسەی دەهێنرێتە پێکەنین یاخود دڵی خۆش دەکرێ، ئاگای لە خۆیەتی و هۆشیاریشە.

سەردەمێکی تریش هەیە، لە باری نوواندن دەکات. ئەویش سەردەمی خەم و خەفەتە، بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە گڕ دەسێنن لە دڵدا، کە پێی دەڵێن (میلانکۆلی) یاخود ڕەشە خەفەت. لەم بارەدا، نەخۆشەکە هەر شتێک ببینێ، دەمودەست کار لە دڵی ئەکات هەروەها بەئاسانی کار ئەکرێتە بیر و هۆشی. ئەم بارە، لە بارەکەی پێشوو، لە نوستن نزیکترە واتا لە باری دڵخۆشی. چونکە ڕەشە خەفەت، بریتییە لە کزی دەروون و دڵگوشراوی و گۆشەگیری و بیر لە خۆکردنەوە. ئەم نەخۆشییە، نیشانەکانی ئەوەیە: کە جووڵەی نەخۆشەکە سست ئەبێ و کردەوەکانیشی ناساز دەبن، بێ ڕێ و جێ دەبن. تکایە، خوێندەوار ڕێگام بدات، بەم بۆنەیەوە پەیوەندیی ناوەند نوواندن و دڵ خرۆشان و نوستنی،



کەمێک بۆ ڕۆشن بکەمەوە. بابەتەکە، هەرچەندە سەر بەزانستە، بەڵام خەریک دەبم تا پێم ئەکرێ بەئاسانی پێشانی بدەم.

ناوچە بڵندەکانی لەشی مرۆڤ کە سەرپەرشتیی چالاکی و ڕەوشتی ئەکەن، هەر لەو چینە خانووانە دەکەن کە هەریەکەیان دەڕوانن بەسەر ئەو چینەدا کە لە ژێریانەوەن. هەریەکەیان، فرمانێکی هەیە، جێبەجێی دەکات، چینی هەرە سەرەوەیان، فرمانەکەی ئەوەتا ساردی و گەرمی ئاڕاستە بکات و سەرپەرشتیشی بکات. هەموو چینەکان لە ژێر دەستی چینی هەرە سەرەوەن. هەر ئەوە کە ڕێکیان ئەخات و یەکیان ئەخات تا پێکەوە هەموو فرمانەکان بەباشی ببەنە سەر ڕاستەوخۆ لە ژێر ناوچەی سەرووەدا، ناوچەیەکی تر هەیە، پێی دەڵێن (تەختی بینایی)، فرمانی ئەوەیە سەرپەرشتیی ژیانی سۆز و دڵ خرۆشان بکات. ناوچەی سەروو، فرمانی هەرە گەورەی ئەوەیە: کە سەرپەرشتیی ناوچەی دڵ خرۆشان بکات و نەهێڵێ توندیی و تیژیی بکات و فرمانەکەیشی ڕاست بکاتەوە. جا لەو کاتانەدا کە ناوچەی باڵا لەناو دەچێ، سەرپەرشتی لەسەر ناوچەی دڵ خرۆشان نامێنێ، ئەوساکە بەکەمترین هۆ بەهێز دەبێ. ئەوەیش لەو تاقیکردنەوانەدا دەرکەوتووە، کە لە سەگدا جێبەجێ کراوە. لە بارەکانی نوستنی ئاساییدا، ناوچەکان هەموو لە یەک جوێ دەبنەوە پەکیشیان دەکەوێ لە فرمانکردن. هۆشیارییش لە خەو، بریتییە لە یەکگرتنەوەی ئەو ناوچانە و تازەبوونەوەی چالاکییان و یارمەتیدانیان بۆ یەکتری، بۆ ئەمەی مرۆڤی زیندوو ببەستنەوە بەجیهانی دەرەوە. لە پاش هۆشیاربوونەوە لە خەو، هەندێ جار ناوچەی باڵا، لە چالاکیدا، لە ناوچەکانی تر دوا دەکەوێ ناوچەی دڵ خرۆشان، هیچ سەرپەرشتییەکی بەسەرەوە نابێ ئەوساکە دڵ خرۆشانەکە دەگاتە ئەوپەڕی خۆی، مرۆڤ لەو کاتەدا دڵی ناسک دەبێت، لە هیچە تووڕە دەبێ. هەروەها زۆربەی بابەتی سەرخۆشیی وەک بەنگ و مەی، ئەو کەسەی دەیانکێشێ یان دەیانخواتەوە، وای لێ ئەکەن بەئاسانی دڵی بخرۆشێ، سا ئایا بەخۆشی دڵی بخرۆشێ یان بەناخۆشی. سەرخۆشەکە جاری وا هەیە، لە گەمەوگەپدا لە ئەندازە تێ دەپەڕێ، جاری وایش هەیە دەگری و دەلاوێنێتەوە و دڵ تەنگ دەبێ، بەبێ ئەمەی شتێک ڕووی لێ دابێ.

لە ڕاستیدا، ئەوی لە نوستن و نوواندنی ئاساییدا ڕوو دەدا، ئەوەیە کە ئەو دوو ناوچەیە لە یەک دەترازێن و فریان بەسەریەکەوە نامێنێ، ئەوساکەیش ئەنجام بەوە دەگات کە بارەکانی دڵ خرۆشان دەربکەون لەگەڵ کزیی ئاڕاستەیی ئارەزوودا. بەپێی پلەی ئەو ترازانەی کە تووشی ناوچەکان دێت. دەتوانرێ هەنگاوەکانی نوواندن پیشان بدرێن.

زانیار (ماک دۆگال) لە نیازبەخشینەکەی لەمەڕ (فرۆید)ی کۆڵیبووەوە، کە لە بابەت شیکردنەوەی دەروونەوە گوتبووی، پاشان بۆی دەرکەوتبوو کە تا چە ئەندازەیەک کۆمەڵایەتی لە باریدا هەیە مرۆڤ وا لێ بکات کە نیازبەخشین کاری تێ بکات. (فرۆید)، زوو کارتێکردنی مرۆڤی لەناو کۆمەڵدا، بەوە لێک دەدایەوە، کە لەبەر نیازبەخشینی کۆمەڵەکەیە بۆ ئەو مرۆڤە. بەڵام (ماک دۆگال) هەر بەم لێکدانەوەیە وازی نەهێنا گوتی: باری دڵ خرۆشان بەسەر کۆمەڵدا زاڵ ئەبێ، ئەوساکە دڵ خرۆشانەکە، هەروەک دەردێک دابکەوێ، لەم کەسەوە ئەگات بەو کەس.

هەندێ لە پێشەواکان، ئەم باری کزییەیان خستە گەڕ بۆ کەڵکی خۆیان، کە لە ڕوویەکەوە لە نوواندنێکی سووک ئەکات، بۆ ئەمەی چیان بوێ بچێتە دڵ و هۆشی کۆمەڵانەوە، لە سۆز و لە بیر، بەهۆی نیازبەخشینەوە دەربیبڕن.

هەر لەبەر ئەمە بوو، کە (گۆبلز)،[1] زۆر بەتەنگەوە بوو، گەورەترین ژمارەی مرۆڤ کۆ بکاتەوە لە بەردەم (هیتلەر)دا بۆ ئەمەی گوێ لە وتارەکانی بگرن. ئەو شێوە ئەندازەییە ساکارانە وەک چەلیپای هەڵگەڕاوە[*] و ڕووناکییە بەهێزەکان. کە جێگای کۆبوونەوەکانیان پێ دەڕازاندەوە، یارمەتییەکی بەهێزیان دەدا لە کەمکردنەوەی بارستایی چالاکیی کۆمەڵەکاندا، ئەوساکە بەرگەگرتن کەم دەبووەوە، کار تێکردنیشیان بەئاسانی پێک دەهات.

لە کۆبوونەوە ئایینییەکاندا هەر لە خۆیەوە ئەم کار تێکردنە پێک ئەهات. هەندێ دەستە، دوکەڵ و بۆنی خۆشیان بەکارئەهێنا، بۆ ئەمەی دڵنیا بن لە کار تێکردنی ئامۆژگارییەکانیان لە دڵ و هۆشی گوێگرەکاندا. زۆر لە پاڕانەوە و نزاکان، لە شێوەی گۆرانیدا دەخوێندرانەوە. ئەوەیش ئاشکرایە، کە هەندێ لە ئایینەکان ساز و ئاوازیان بەکارهێناوە، بۆ گەیشتن بەم ئامانجە. لە باری دەنگەکاندا ئەو کار تێکردنە بەئاشکرایی دەردەکەوێ. دەروێشەکان لە بابەت ئەو شتانەوە کە ئەیانبینن و ئەو ژیانەوە کە دەژین. زۆر شتیان گێڕاوەتەوە، کە سەریان لێی سوڕماوە. بەوانە هەموویان ئەگوت: دەرکەوتنی خودا و لەناوچوون. کەچی ڕاستییەکەی ئەوانە بریتین لە جۆرە بارێک کە هەنگاوەکانی نوواندن پێشان دەدەن.

(١) گۆبلز: وەزیری ڕاگەیاندنی حکومەتی ئەڵمانی هیتلەریی.

(*): چەلیپای هەڵگەڕاوە: (الصلیب المعقوف) -وەرگێڕ-



بەڵگە بۆ ڕاستیی ئەم قسەیە ئەوەیە، کە هەندێ دەستەی دەروێشەکان، گەیشتوون بەئەندازەیەکی وەها کە هەندێ کار و فرمان بەجێ بهێنن بۆ ئەمەی ڕاستیی نەمان و لەناوچوونیان بۆ دەربکەوێ.

دەستەی (عیسا زادە)کان لە (مەڕاکیش)، ئەچن لەشی مرۆڤ ئەوپەڕی ئازار دەدەن و بەچەکی هەرە کوشندەوە بەرەنگاری دەبن، کەچی مرۆڤەکە ئاهێکی لێ نایەتە دەرەوە و نرکەیەکی بۆ ناکات. بەڵام مرۆڤەکە ئەم شتانە لە خۆی ناکات، تا هەڵپەڕکێیەکی توند نەکات، لەسەر ساز و ئاوازێکی ترپەداری بەهێز. کاتێ کە هەڵپەڕکێ گەیشتە ئەوپەڕی، مرۆڤەکە دەست دەکات بەئازاردانی خۆی. ئەو کردەوانەی دەربارەی خۆی دەیانکات، بەڵگەن بۆ ئەوە بەتەواوی هۆشی بەخۆی نەماوە.

ئەم دەستە دەروێشانە، هەست پێ نەکردن و بەخۆ نەزانینی مرۆڤەکەیان وەها لێک دەدایەوە، کە هونەرمەندییەکی خواناسانەیە لەلایەن سەرۆکی ڕێچکە ئایینییەکەوە نوێنراوە، وایان دادەنا، کە لە هۆش خۆچوون و لەناوچوون، لە ئەنجامی ئەو گۆرانییە پیرۆزەوەیە کە دەیانگوت.

لە پاش ئەمانە، هەموویان، دەتوانین نوواندن بخەینە ناو سێ هەنگاوەوە.

یەکەم هەنگاویان: باری دڵ خرۆشان و وەنەوزدان و بزووتنەوەی نوستنە.

دووەم هەنگاویان: باری لە هۆش خۆچوون و نەمانی هەست پێکردنە.

سێیەم هەنگاویان: باری ڕەقبوون و بەخۆ نەزانینێکی تەواوە.

بەڵام باری ڕەشەخەو یاخود مۆتەکە، بریتییە لە بارێکی کزی دەمودەستی، مرۆڤەکە لە توانایدا نامێنێ جووڵەی بەئارەزوو، جێبەجێ بکات. مۆتەکە، بەزۆری نیشانەیەکە لە نیشانەکانی ماندوویێتیی دەمار.

## ساز و ئاواز و نوواندن

### ٧

وەک سەرنج ئەدرێ، جۆرە ساز و ئاوازێک هەیە، لەگەڵ شارستانێتیدا بڵاو دەبێتەوە. سا هەر لەبەر ئەوەیە کە هۆڵی گەورە گەورەی وا دروست کراوە، بۆ گوێگرانی ساز و ئاوازی پێشینان، کە هەزاران کەس ئەگرن. بڕوایشم وایە کە دوارۆژی ساز و ئاوازی کۆن[١] گەورەتری لێ دێ لە ڕابردووی. ئیمڕۆکەیش، ڕادیۆ، دەستێکی باڵای هەیە لە بڵاوکردنەوەیدا.

ڕەنگە خوێندەوار سەری سوڕ بمێنێ لەم وتاری ساز و ئاوازەمان کە بەبۆنەی نوواندنەوە ئەیدەین. لە ڕاستیدا، کەس هەتا ئێستا پەیی بەکاریگەریی ساز و ئاواز نەبردبوو، لە وریایی دەروونیدا. بێ گومان، ساز و ئاواز، کارێکی یەجگار گەورە دەکاتە دەروون. ئەگەر وا نەبووایە، کەس فرمانی خۆی بەجێ نەدەهێشت لەگەڵ ڕابواردنەکانی تریدا، تەنیا بۆ ئەمەی خۆشی لە ساز و ئاواز ببینێ. سەیر ئەوەیە، ئەم ڕازە لە زۆربەی مرۆڤ شارراوە بێ، تەنانەت لە خاوەن ساز و ئاوازەکان خۆیشیان.

هەندێ لە زاناکانی خۆناسین، خەریکبوون لە کاریگەریی ساز و ئاواز بکۆڵنەوە لە دەرووندا، بەڵام کار تێکردنی ساز و ئاواز لە چالاکیی دەرووندا، هەروەها پەیوەندیی ساز و ئاواز بەنوواندنەوە، دوو بابەتن، کەس هەتا ئێستا لێی نەکۆڵیونەتەوە. ڕەنگە گرنگترین دۆزراوە، کە بتوانرێ لە کۆڕی زانستی خۆناسیندا، ناونووس بکرێ، بریتی بێ لە پەیوەندیی ساز و ئاوازی پێشینان بەوریایی و چالاکیی دەروونەوە.

بۆ وێنە هیچی پێ ناوێ، ئەوە نەبێ، سەرنج بدەیتە خۆت، کە گوێ لە پارچە ساز و ئاوازێکی (موزارت)[٢] دەگریت. دەبینیت دەروونت هەست بەسرەوتێکی گەورە دەکات. ئەو ماندوویێتییەیش کە دڵی تەنگ کردبووی، وردە وردە نامێنێ.

لە ڕاستیدا، هەندێ باری نەخۆشیی دەروونی وا هەن، کە دەتوانرێ، بەئاسانی چارە

(١) مەبەستی: مۆسیقای کلاسیکییە.

(٢) ڤۆلفگانگ مۆتسارت (١٧٥٦-١٧٩١) مۆسیقازانێکی بلیمەتی نەمسایییە، بەدەست ناحەزان و سپڵەیی کۆمەڵەکەیەوە هەر بەجوانی سەری نایەوە، لە شاکارەکانی: شاییەکەی ڤیگارۆ، شمشاڵی ئەفسوناوی، دۆنخوان، جگە لە پارچەی ئایینی و سیمفۆنیای بەرز کە نموونەی بەرزی داهێنانن لە دنیای هونەری مۆسیقادا.



بکرێن. ئەوەی کە لە (فاڕابی)یشەوە[١] بۆیان دەگێڕاینەوە و بەقسەی پڕوپووچمان دەهاتە پێش چاو، یاخود بەقسەی زل کراو، وا ئیمڕۆ هاتۆتە دی و ئەو بنچینەیەی لەسەری دامەزراوە، مێشک تێی دەگات.

زانای خۆناسینی ئیتالیایی (گەمەللی)، سەرنجی داوە، کە ئەو کەسەی بێتە ژوورێکەوە کاتژمێرێکی دیواری تیا بێ، لەرەی هەناسەدانەکەی لە پاش تاوێک دەگۆڕرێ. هەروەها سەرنجی داوە: لەرەی هەناسەدانەکەی جاری وا هەیە کەم دەکات، جاری وایش هەیە زۆر دەبێ. بەڵام ئەوی گرنگە، ئەوەتا کە لەرەی هەناسەدانەکەی بەپێی لێدانی کاتژمێرەکە دەڕوا. ئنجا کە ساز و ئاواز کار بکاتە چالاکی، ئەوە لە ڕێگای هەناسەدانەوە پێک دێ. ساز و ئاواز، بەپێی گورجیی لەرانەوەکەی، یان دڵخۆش دەکات، یان دڵتەنگ دەکات. ساز و ئاوازی خەفەتدار، ئەوەیە کە بارستایی دەروون دەنیشێنێتەوە، واتا دەروون کز دەکات. ساز و ئاوازی دڵخۆشکەر، ئەوەیە کە مرۆڤ بخاتە سەر وریایی و جووڵە. ساز و ئاوازی لەشکر، بەشێوەیەکی ئاشکرا ترپەدارە. ئەو لەگەڵ ڕۆیشتن ئەڕوا. لەبەر ئەوە پێیان گوتووە (مارش) کە واتاکەی گەڕان یاخود ڕۆیشتن دەگرێتەوە. ئێمە دەبینین، لەشکرەکان لە ڕۆیشتنیاندا، تووشی ماندوویێتی دەبن، جا لێرەوە فرمانی ساز و ئاواز دەست پێ دەکات، کە هەرچی ماندوویێتییەک هەبێ نایهێڵێ و لەشکرەکەیش دەخاتە گەڕ بۆ ئەمەی ڕێگایەکی درێژتر ببڕن.

مەبەسی گرنگمان لەم هەموو بابەتانە ئەوەیە، کە پەیوەندیی بارەکانی دەروون بەساز و ئاوازەوە دەربخەین. لەسەر هەندێ نەخۆشی ڕەشەخەفەت، چەند تاقیکردنەوەیەکم جێبەجێ کرد. قەوانە پڕ جۆشەکەی (لا دۆسیا مازوکا) و ڕەوتی (ئاتریپۆلی)م دا بەگوێیاندا، کابرایەکی ئەرمەنییان لەناودا بوو، ناوی (نۆبار) بوو، ئارەزوویەکی زۆری نوواند بۆ ڕۆیشتن، کەچی لەوە پێش نەیدەوێرا ببزوێتەوە. نەخۆشەکانی تر، ساز و ئاواز هەم لە کاتی نوواندنی موگناتیسیدا، هەم لە کاتی نوستنی ئاساییدا کاری تێ دەکردن.

(١) (ئەبو نەصر محەمەد فارابی) لە (فاراب)ی تورکستان لە دایک بوو و لە ٩٥٠ک لە دیمەشق کۆچی دوایی کردووە، لە بەغدا و حەڕان خوێندوویە و ماوەیە لە لای (سەیفولدەولەی حەمدانی) لە حەڵەب ژیاوە، نازناوی (مامۆستای دووەم)ی دراوەتێ دوای ئەرستۆ، لە مەزنترین فەیلەسوفەکانی ئیسلامە، لە بیرکاری و مۆسیقادا وێنەی کەم بووە، بەناوترین نووسراوی: (کۆکردنەوەی هەردوو حەکیمەکە) کە دەیەوێ ڕای ئەفلاتون و ئەرستۆ لێک نزیکخاتەوە، (کتێبە گەورەکەی مۆسیقا)، (آراء المدینة الفاضلة) و زۆری تر.

کچێکم لە بارێکی سەیردا چاو پێ کەوت: هەرگیز قسەی بۆ نەدەکرا، هەموو جارێک دەیویست بەدەست قسەی دڵی خۆی پێشان بدات، بەڵام پێی نەدەکرا. هەرچییەکی پێ دەکرا، ئەوە بوو بگری و ماسولکەکانی دەموچاوی بە وشکی بمێنێتەوە چەند جارێک نوواندم. لە کاتی نوستنیدا، نیازم پێ دەبەخشی. هەندێ جاری وا هەبوو، بەسووکی سەرێکی دەبزواند کە بەناوی خۆیەوە، (مارسێل)، ناوم بهێنایە. بەڵام کە چەند جارێک ساز و ئاوازم دا بەگوێیدا، لە کاتی نوستنیدا سەرنجم دا بزووتنەوەیەکی ناچاریی وا دەبزووتەوە، کە لە هی نوستوو بکات، خێزانەکەی و منیش، هەردوو لامان، لەمە سەرمان سوڕ ما. چونکە چاوەڕوانی ئەوە نەبووم، کە بزووتنەوەی وای لێ بووەشێتەوە کە لەگەڵ ساز و ئاوازەکەدا ڕێک بکەوێ. ئەم تاقیکردنەوانەم لە ماڵی کچەکەدا دەکرد. پرسم بەخێزانەکەی کرد، کە بیگوێزنەوە بۆ کارگەی زانستی خۆناسین، لە زانستگای وێژە، بۆ ئەمەی هەندێ لە شاگردەکان لەم بارە تێ بگەن. بەڵام ڕێگایان نەدام. هەر ئەوەندەیان ڕێ دام کە چەند شاگردێکی کچ، لەوانەی کە خەریکن لە خوێندن ببنەوە، بۆ یەک جار بیبینن. پڕ بەدڵ ئەمویست تۆمارێکی سینەمایی ئەم بارە تاقانەیە بگرم، بەڵام کەینەوبەینەی شەڕوشۆڕ ڕێی ئەوەیشیان نەدام. پاشان بزووتنەوەی کچەکە گۆڕرا و گەشەی کرد، تا بەرە بەرە وای لێ هات کە بتوانێ جوانترین بزووتنەوە ببزوێتەوە.

لە هەردوو چاوی کچەکەدا، جۆرە خێلییەکی کەم هەبوو، بۆ زوو نوواندن بەکەڵک دەهات، بەهۆی بزواندنی گلێنەکانیەوە بەجۆرێکی وا کە لەگەڵ لەرەی (مەترۆنۆم)ەکەدا جووت بێ. بەڵام لەوە دەترسام بەهۆی نوواندنەکەیەوە خێلییەکەی زۆرتری لێ بێ. یاریدەدەرەکەم (فەرناند باسان)ی کچ، خەریک بوو زیانی ئەنجامی ئەمەم تێ بگەیێنێ، کەچی ئەوی ڕوویدا پێچەوانەی ڕاوێژی ئەو دەرچوو، کە سەرنجم دا خێلییەکەی هەتا دەهات کەم دەبووەوە، پاشان بەیەجگاری نەما. پاشان بۆم دەرکەوت، کە خێلییەکەی لەوەوە پەیدا بووبوو، کە لە بزووتنەوەی گلێنەکانیدا ڕێکوپێکی نەبوو. ئەویش بەهۆی ئەوەوە پەیدا بووبوو کە ڕێگا شاراوەکانی هەست بەخۆکەری بینایی ئازاری پێ گەیشتبوو. تێکچوونە گشتییەکەیشی لە تێکچوونی بزووتنەوەی ڕیخۆڵەکانی ناو سکی پەیدا بووبوو. پاشان بۆم دەرکەوت کە ساز و ئاواز دان بەگوێیدا، لە کاتی نوواندنیدا، کاری کرد بووە کەلوپەلی دەمارەکانی بەهەردوو بەشەکەیەوە: بەشی ئارەزوو و بەشی ناچاری.

بەڵام کار تێکردنی بەر ئاوەژووی ساز و ئاواز، کە لەگەڵ هینەکەی پێشوودا بەراوورد بکرێ، زۆرتر پەرەی سەندووە. ئەوەیش لەبەر ئەوەیە کە زۆربەی مرۆڤ، تووشی دەمار



توندی و زوو تێکچوون دێن. لەبەر ئەوە پێویستیان بەجۆرە کزکردنەوەیەکی دەروون هەیە، بۆ ئەمەی هەست بکەن بەئارام و بێ دەنگی. لەم بارانەدا، ئەو کەسانە خۆیان دوور دەخەنەوە لە هەموو شتێک کە بزووتنەوەی تیا بێ. لە ڕاستیدا، زۆر جۆرە ساز و ئاوازی کۆنی وا هەیە، کە ئەم ئارەزووەیان بهێنێتە جێ. ئەوانەیش ئەو ساز و ئاوازانەن کە درێژە بەئاوازەکانیان دەدرێ. نەخۆشەکە خۆیشی هۆگری ئاوازەکە ئەبێ، ئەوساکە هەناسەکەی درێژ ئەبێ، وەک لە تاقیکردنەوەکەی (گەمەللی)دا چاومان پێ کەوت. ئنجا درێژی و قووڵیی هەناسە، نیشانەیەکن بۆ نوستن. چونکە نوستوو، خەریک ئەبێ، هەناسەی خۆی درێژ بکاتەوە. زۆرجاری وا هەبووە، کە هاوڕێکانم بانگ کردۆتە ماڵەوە، بۆ گوێ گرتن لە قەوانە هەمەڕەنگەکانی ساز و ئاوازی کۆن، سەرنجم داوە، ساز و ئاوازە هەناسە درێژەکان وەک (سیمفۆنیەکانی ئێلگار)، وای لێکردوون، ژوورەکە بەجێ بهێڵن، چونکە پێیان وەڕس ئەبوون و وەنەوزیان پێ دەدان. مرۆڤ، زۆرجاری وا هەیە، کە نایەوێ بنوێ. ئەمە لەناو گیانلەبەرانیشدا ئەبینرێ، کاتێ کە ئەمانەوێ بەزۆر بیاننوێنین، لەسەر شێوەی نوواندنی موگناتیسی. بەرەنگاریکردنی کەروێشک بەئاشکرا دەرئەکەوێ بەرامبەر بەخەو، لەو کاتەدا کە دەمانەوێ بەبارێکی وادا دابنێین کە چالاکیی خۆی ون بکات.

لە ڕاستیدا، هەر کەسێک گوێ لە سیمفۆنییەکانی (ئێلگار) بگرێت، هەستەکەی لە هەستی کەسێک ئەکات کە خەم و خەفەت و دڵتەنگیی پێ گەیشتبێ. سیمفۆنییەکانی (فاگنەر)یش، بەم ئەنجامەمان ئەگەیێنن. بەهەموو ڕەنگ، دەتوانرێ مرۆڤەکە ڕابهێنرێ بەگوێ گرتن لەم جۆرە ساز و ئاوازە. هەروەها ئەتوانرێ لە کاتی نوستنیدا نوستنی موگناتیسی بێ یاخود نوستنی ئاسایی، بدرێ بەگوێیدا. چونکە کارێکی گرنگ دەکات لە دەمارەکان. لە پاش تاقیکردنەوەیەک، کە لە (پۆڕسەعید) لە ساڵی **١٩٤٣**دا بەسەر خۆمدا هێنام، ئەو ڕاستییەم بەتەواوەتی بۆ دەرکەوت. کەوتبوومە دەمار کزییەکی یەجگار توندەوە، بەهۆی خۆ ماندووکردنمەوە لە ئامادەبووندا بۆ تاقیکردنەوەی (ماجستێر). وا ڕێ کەوت لە میوانخانەکەدا، سیمفۆنیی دووەمی (ئێلگار)م چاو پێ کەوت. پێم گوتن ڕێم بدەن بۆ گوێ لێ گرتنی، خاوەن میوانخانەکە سەری سوڕما بوو لەوەی کە دڵم چوو بووە سەر ئەو سیمفۆنییە. بەڵام زۆرتر سەری سوڕما، کە هەموو ڕۆژ ڕووم لێ دەنا، هەر ئەو سیمفۆنییە خۆیم بۆ لێ بداتەوە، لە تەنشت ئەو تەختە درێژەوە، کە لەسەری پاڵ دەکەوتم و ئەکەوتمە ناوەند خەو و هۆشیارییەوە[1] پاشان دەکەوتمە خەوێکی گرانەوە، کەچی کە

(١) ڕاستتر: دەکەوتمە گورگەخەوەوە.

خەبەرم دەبووەوە، هەستم بەلەش خۆشییەکی گەورە دەکرد. ئێستایش لەبیرمە، کە جارێکیان لەسەر ئاوازی ئەم سیمفۆنییە، خەوم لێ کەوتبوو، لە خەومدا کە زۆر بەلامەوە خۆش بوو، بووبووم بەباڵندەیەک دەفڕیم بەئاسماندا پاشان بەرە بەرە دەنیشتمەوە تا گەیشتمە سەر زەوی. سەیر ئەوەیە زۆر کەس کە گوێیان لە ئاوازی نەپچڕاوی یەک لە دوای یەک ئەبێ، لە شێوەیەکی ترپەداردا، بەلای هەستێکی وەک ئەو هەستەی مندا دەچن.

لە (قاهیرە)یشدا دیم هەندێ لەوانەی گیان دەهێننە بەرەو ڕوو[1]، بۆ نوواندن ساز و ئاواز بەکار دەهێنن. ئەوانە جۆرە ساز و ئاوازێکی ڕۆژهەڵاتیی تایبەتی، بەکاردەهێنن کە گۆرانییان لەگەڵدا نەبێ، وەک (فرحە)کەی (محمد عبدالوهاب) قەوانەکان چەند جارێک دەخرێنە گەڕ. لەو کاتەدا مرۆڤەکە، کە (بەردەست)ی پێ دەڵێن، لەسەر تەختێکی درێژ ڕادەکشێ. لە پاش تاوێک مرخەمرخ خەوی لێ دەکەوێ. پاشان نوێنەرەکە بەهۆی نیازبەخشینەوە هەندێ قسەی لێ ئەپرسێ، وەرام ئەداتەوە، هەندێ بزووتنەوەیشی لێ ئەوێ، بۆی جێبەجێ ئەکات.

## پەیوەندیی نوواندن بەخوێندنەوەی بیرەوە

**٨**

خوێندنەوەی بیر یاخود بیربازی وەک (کۆمەڵی زانستی خۆناسینی گەشە پێ دراو) ناوی دەبەن، بابەتێکی گرنگە لە بابەتەکانی زانستی خۆناسینی نوێ. من بۆیەکا دەستم کرد بەم لێکۆڵینەوەیە، چونکە (فەرناندباسان) حەزی پێ دەکرد. چونکە ئەو هەمووەدەم لەوە دەترسا، کە ئەو بارە نوواندنانەی بەدەستمان دەکەون نوستنی تەواو نەبن. لەگەڵ ئەوەیشدا کە زۆر بەتوندی بەرەنگاریی ئەوەی دەکرد کە نوێنراوەکان بەنوستوویی زۆر بمێننەوە، بەڵام بەتەنگ ئەوەوە بوو کە بزانێ نوستنەکە تا چ ئەندازەیەک قووڵە، بێ ئەمەی بەوە واز بهێنێ کە جار جارە لەناکاو بەسووکی نوێنراوەکە هۆشیار بکرێتەوە بۆ ئەمەی بزانرێ چیی لە دەست دەوەشێتەوە. پێشنیازم وا کرد کە لە نوستووەکە هەندێ پرس بکرێ لەو پرسانەی کە گیان ئامادەکەرەکان، لە ڕووی چەواشەگەرییەوە دەیکەن، بۆ ئەمەی وەرامی وایان دەست بکەوێت کە سەیر بێ و سەری لێ سوڕ بمێنێ.

ئەمە ڕاستە، کە (فەرناند) خان، بڕوای بەو گۆڕینانەی ڕووکەشی دەرەوە هەبوو کە لە

(١) بەمانای: تحضير الأوراح.



بەردەمیدا پێک دەهاتن، بەڵام ڕەوشتی وا بوو: بۆ ئەمەی بەتەواوەتی دڵنیا بێ لە ئەنجامەکان، نرخێکی ئەوتۆی بەو ئەنجامانە نەدەدا کە لە بەردەمی خۆیدا دەهاتنە دی، ئنجا کە توانج و پلاری دەگرتە ئەنجامەکان، بەوە منی دوودڵ ئەکرد. پێم گوت وای بەباش دەزانم خەریکی ئەوە بین لە کاتی نوواندندا، بیرەکان بخوێنینەوە، بەڵکو لەم کۆڕی نەشارەزاییەماندا، هەنگاو بەهەنگاو بچینە پێشەوە. لەم بابەتەوە چەند نوسراوێکی بۆ پەیدا کردم، خۆیشی مەبەسی ئەوە بوو، کە لە تاقیکردنەوەدا ڕاستیی ئەو تاقیکردنەوانەی لە ناویاندا ناوبراون دەربکەوێ. ئاوەها، بەم ڕەنگە بۆ یەکەمجار لە ڕۆژهەڵاتی عەرەبستاندا، تاقیکردنەوەی زانستی دەستی پێ کرد لە بابەت خوێندنەوەی بیرەوە لەگەڵ شاگردانی لیسانسدا لە بەشی ڕاستیپەرستی، لە ساڵی ١٩٤٤-١٩٤٥دا.

تاقیکردنەوەکان دوو جۆربوون: جۆرێکی بۆ لێکۆڵینەوەی (بیر خوێندنەوە) بوو، لە باری ئاساییدا، جۆرێکیشی بۆ لێکۆڵینەوەی بیر خوێندنەوە بوو لە باری نوواندندا.

مامۆستا (مصطفى اسماعيل سويفە) بەشی یەکەمی پێشان دا و لە کارگەی زانستی خۆناسیندا لە زانستگای (فوئادی یەکەم) لەسەر ئەو تاقیکردنەوانە مقۆمقۆی کرد.

بەڵام بەشی دووەم، کە لە بابەت لێکۆڵینەوەی بیر خوێندەوەوە بوو، لە کاتی نوواندندا، هێشتا بڵاو نەکراوەتەوە لە پێش هەموو کەسێکا دەستم کرد بەنوواندنی شاگرد چێشتکەرەکە، کە ناوی (سید) بوو. ئەوە بوو ئەو تاقیکردنەوانەی کە بەسەر ئەودا کردم لە هەندێکیان دووام. ئنجا لە پاش ئەمەی جۆرە خۆبەدەستەوەدانێکی پێشان دا و چەند تاقیکردنەوەیەک کرا بۆ هۆشیارکردنەوەی، بێ ئەنجام بوو، لە لەشیدا چەند جێگایەکم هۆشیار کردەوە. (فەرناند) خان، وای بەباش زانی، کە کاتژمێرێک بخرێتە پشت سەریەوە و پرسیاری کاتی لێ بکرێ. کە ئەوەمان لێ پرسی، تا یەک دوو جارێک وەرامی نەدایەوە. بەڵام لە سێیەم جاردا وەرامی دایەوە گوتی: کات چوارە. کەچی کات سێ و نیو بوو. پاش ئەوە پێنووسێکمان لە پشت سەریەوە دانا و لێمان پرسی: (چی لە دەستی نوێنەردایە؟). وەرامی نەدایەوە. پاشان کە کاتژمێرەکە لە پاش سێ کات و سێ چارەک لێی دا. لە خۆیەوە گوتی: کات بوو بەچوار. ئەم وەرامە ئێمەی خستە سەرسوڕمانەوە. لە ژوورەکەدا کۆمەڵێک شاگردی کوڕ و کچ دانیشتبوون هەریەکە قسەیەکی لەم ڕووداوەوە کرد هەندێکیان گوتیان کابرا نەنوستووە. هەندێکیشیان گوتیان: نوستووە ئەگینا تا کاتژمێرەکە چواری لێ نەدا نەیگوت چوارە.

پێش ئەمەی دەست بکەین بەتاقیکردنەوەی تایبەتی لە بابەت خوێندنەوەی بیرەوە،

تێکۆشاین هەندێ تاقیکردنەوەی تر بکەین، لەوانەی کە مامۆستا (میخائیل ماهر) لە نووسراوەکەیدا: (زانستی خۆناسینی پێشبینی و تاقیکردنەوە) دەست نیشانی کردوون.

(میخائیل ماهر) لە بابەت نیازبەخشین بۆ مەبەسی چەواشەبوونی هەست و لە کاتی نوواندندا دواوە. ئەم چەواشەبوونە، یان لە جێی خۆیدا دەبێ، یان لە جێی خۆی دانا بێ. ئێمە ئەتوانین وا لە نوێنراوەکە بکەین کە هەست بەو شتانە نەکات کە لە بەردەمیدان، یاخود بەستراون بەجۆرێک لە جۆرەکانی پەیبردنە بەنوێنراوەکە، بۆی هەیە هەست بەئازارێکی زۆر نەکات، هەروەک لەوە پێش لە بابەتی ئەو نوواندنەدا پێشانمان دا، کە لە ڕێگای سەماکردنی دەروێشەکانەوە پێک دێ. (میخائیل ماهر) بەلایەوە وایە کە ئەم بارە: نوواندن لە نوستن جوێ دەکاتەوە. دەڵێ: ئەگەر ئێمە نیازببەخشین بەنوێنراوەکە، کە بەتیژی بیر لە شتێکی دیاردی کراو بکاتەوە، نوێنراوەکە، هیچ بەرگەگرتنێکی بەئارەزووی نامێنێ، هیچ ئاڕاستەکردنێکیشی بۆ هۆشیاربوونەوە نامێنێ، هەموو ئەندێشەیەکیشی ڕووبەڕووی ئەو بابەتە دەبێتەوە کە نیازی پێ بەخشراوە جێبەجێی بکات.

بەهۆی ئەم ڕێگایەوە دەتوانرێ ئەو کارەساتە سەیرەی کە باوە لەناو هەموو چینێکی نەتەوەدا، لێک بدرێتەوە. ئەویش بەکورتی ئەمەیە: کە دڵۆپێک ڕۆنی زەیتوون لە بنکی فنجانێکدا دابنرێ، یاخود بخرێتە سەر چینییەک، پاشان بدرێ بەو کەسەی مەبەس بێ تاقی بکرێتەوە، ئنجا لێی بخواسترێ کە چاوی تێ ببڕێ، بۆ ئەمەی زۆر کاروباری سەیری تیا ببینێ کە خەمی پێوە دەخوات.

ئنجا لەسەر ئەو قسانەی کە لەوە پێش کران، خوێندەوار خۆی دەزانێ کە نووچ گرتن لەم ڕێییەوە دەروونی مرۆڤ بەرەو کزی دەبات. ئەو کەسەیش کە چاو دەبڕێتە دڵۆپە زەیتە ڕۆشنەکە، دەکەوێتە بارێکی نوستنەوە. پاش ئەوە لە توانای هەموو کەسێکدا هەیە، کە نیاز ببەخشێ بەو کەسەی چاوی بڕیوەتە دڵۆپە زەیتەکەوە، لە هەر وێنەیەکدا بێ، بام وێنەکە سەیریش بێ، بۆ ئەمەی نوێنراوەکە وەک ڕاستییەکی ڕووداوی بێتە پێش چاو. بەم ڕەنگە هەندێ کەس توانیویانە، گەلێک وێنەی گرێیاوی[1] ببینن کە لە تۆمارە درێژەکانی سینەما دەکەن. ئەمە لای بۆرە پیاوان پێی ئەڵێن: (مندل)[2] زۆربەی ئەم بارانە کە بەنیاز

(١) یان: دیمەنی ئاڵۆز و شێواو (مناظر معقدة).

(٢) یوحەننا میندیل (١٨٢٢–١٨٨٤) قەشە و زانایەکی بواری ڕووەکی نەمسایی بوو، لە چاکردنی ڕووەکدا کاریگەریی بۆماوەکانی تاقی دەکردەوە و هەروا لە ئاژەڵیشدا تا توانی یاسایەکی بۆماوە (وراثە) بدۆزێتەوە کە هەر بەناوی خۆیشیەوە ناونراوە.



دەبەخشرێن بەمرۆڤەکە، یان ئەو بارانەی کە خۆی لە خۆیەوە دەیانبینێ، ئەوە دەرئەخەن کە مرۆڤەکە تا چ ئەندازەیەک ئامادەیە بۆ دەرخستنی بیرەکانی خۆی، یاخود بۆ وەرگرتنی بیرەکانی کەسانی تر.

هەندێ ڕێگەی سروشتییش هەن کە پەیوەندییان هەیە بەخوێندنەوەی بیرەوە کە ئیمڕۆ لە کۆڕی زانستدا ناسراوە. شاری (قاهیرە) ئافرەتێکی سودانی دەناسێ، کە وەک ئەو لەناو زۆر نەتەوەی تردا هەیە و هەبووە لە هەمووده‌مێکدا، دەتوانێ چی لە مێشکی یەکێکدا هەبێ پێی بڵێ. ئەم ئافرەتە سەری خۆی دەدا بەدیوارێکدا، بەڵام بەتوندییەکی وا کە پیاو ترسی لێ دەنیشێ، بۆ ئەمەی جۆرە نوستنێک بیگرێ، جاری وا هەبوو زۆری پێ دەچوو، پاشان بەشێوەیەکی سەیری نەناسراو قسەی دەکرد، زۆری پێ نەدەچوو پرسیارکەرەکە لە قسەکانی تێ دەگەیشت.

لە ڕزایی دەروونی خۆی ئاگادار دەبوو. پیاوێکی ساویلکە بۆی گێڕامەوە، گوتی: کە چوومە لای ئەو ئافرەتە، شتی وای خۆمی بۆ گێڕامەوە کە هێشتا کەس پێی نەزانیبوو. ئافرەتەکە دەیگوت: کەڕم[1] بەپەزیشکێکی هاوڕێی خۆمم گوت سەرنجی لێ بدات. کەچی لە تاقیکردنەوەدا بۆی دەرکەوتبوو کە ئافرەتەکە، کەڕ نییە. هەروەها نوستنەکەیشی ڕاست نەبووە. بەڵام وا خۆی پێشان دەدا کە نوستووە، بۆ ئەمەی نیاز بەمرۆڤەکە ببەخشێ، جۆرە خەوێک بیگرێ. نیازبەخشینی خەویش ئاسانە، هەر لە باوێشکدانەوە دەردەکەوێ کە چەند کاریگەرە، بەڵام ئەو وتارە گشتییانە کە لە دەمی ئافرەتەکە دەهاتنە دەرەوە، لە ژێر پەردەدا بوون، واتایان زۆر لێ دەوەشایەوە بیری وای بەمرۆڤەکە نیازبەخش دەکرد، کە بڕوای وا بوو ئەوانە بیری خۆین. جگە لەوە، مرۆڤەکە لە شوێنێکی وادا لە وتاری گشتیی ژێر پەردەوە هەر ئەوەندە تێ دەگات کە لەگەڵ مەبەسی خۆیدا ڕێک بکەوێ. لە ڕاستیدا، ئەو لێکۆڵینەوانەی کە دەربارەی بیر خوێندنەوە کراون لە کاتی هۆشیارییدا، لە کۆڕی زانستیدا، کە چەسپاندیانە دڵمانەوە: زۆربەی کارەساتە سەیرەکان، دوور نییە ڕاست بن، هەروەها دەریانخست کە لە توانایدا هەیە، لە هەندێ کاتی تاکوتەرادا، لە دوورەوە بیگەیەنین بەبیری یەکێکی تر... دەڵێین: ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە، یارمەتیمان دەدەن بۆ لێکۆڵینەوەیەکی نوێ لە بابەت خوێندنەوەی بیرەوە لە کاتی نوستندا. هەرچەندە لێکۆڵینەوەی پاش تاقیکردنەوەکانمان، تا ئێستا نەگەیشتوونەتە ئەنجامێکی تەواو، بەڵام

(١) واتا: نابیستم، گوێم گرانە.

هیچ نەبێ چەند ئەنجامێکی بەکەڵکیان بەدەست خستووین. ئەو تاقیکردنەوانەی لەگەڵ (فەرناند) خاندا کردم لە کارگەی زانستی خۆناسین، لە زانستگای (فوئاد)دا، بڕواکردنەکەمانی لێ تێک نەداین بەوە کە هەندێ باری تاکوتەرای تایبەتیی وا هەیە لە مێژووی ڕۆژگاردا، کە لە چەند کەسێکی ناسراوەوە دەرکەوتوون. بێ گومان ئەو لێدوانە درێژەی کە لە بابەت خەو بینینی ڕاستەوە لە ئەندازە تێپەڕیوە، لەسەر بنچینەیەکی ڕاست دامەزراوە. هەروەها نابێت لەبیرمان بچێت کە ئەو بارانەی بەسەر هەندێ پێغەمبەرەکان دادەهاتن، وەک خەو لێ کەوتن و ئەو گیروگرفتانەی کە لە گیروگرفتی فێ لێ هاتن ئەکەن (هەرچەندە فێ لێ هاتنیش نەبوون)، ئەوانە هەموویان کەرەستەیەکی باشن بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە. بەڵام ئەو بارانەی کە لەسەر تەماشاگاهەکان(*) دەیانبینین، کە لە جادووگەرەکانی ئەم چەرخەوە ڕوو دەدەن کەچی خۆیان ناو ناوە (پزیشک)، ئەوانە باری دەروونین لە ناوەند جادووگەران و تەماشاکەراندا. بەڵام ئەو بەردەستەی کە قسە لە پاشەڕۆژ دەکات، زۆرتر بەهۆیەکی دووەم پلە دادەنرێ. ئەگەر لەوە پێش ئەو و جادووگەرەکە لەسەر شتێک ڕێک نەکەوتبن، مەبەس لە بەکارهێنانی ئەو، ئەوەیە کە بکرێتە هۆیەک بۆ نیازبەخشینی نوستن بۆ ئەوانەی سەیر دەکەن.

ڕاستیی هەندێ باریان، کە زۆر کەس هەن دەیکەن بەبەڵگە، هەرچۆنێک بێ، ئێمە ناتوانین بڕیاری زانستانەی بدەین بەسەردا. هەروەها نایشتوانین ئەو تاقیکردنەوە وردانە بنوێنین کە ماوەمان دەدەن لەم بابەتەوە بیروباوەڕی ئاشکرای خۆمان دەرببڕین. هەندێکیان لە کاتی ڕۆشنکردنەوەکەمدا لە بابەت کارەساتی (مەندل)ەوە هەڵی دایێ، گوتی: زۆربەی ئەم کاروبارانە منالێ پێ نەگەیشتوو ڕایان دەپەڕێنێ. ئەوانە ڕازی زۆر سەیر سەیر دەردەخەن دەربارەی ژیانی کەسانی وا، کە هیچیان لێوە نازانن. خۆیشم چوومە چەند کۆبوونەوەیەکیانەوە، کەچی هەروەک ئەوانی تر خۆیشم لەو کارەساتانەی لە بەردەمدا دەهاتنە ڕوودان، سەرم سوڕ دەما. هەر ئەوەندەم پێ کرا، هەندێ زانیاریم کۆکردەوە لە بابەت هۆی پەیدابوونی ئەو کارەساتانەوە. لە ڕاستیدا، لەم بابەتەوە، زۆر ناسیاویم پەیدا کرد. بەڵام ئەوانە لە توانایاندا نەبوو، کە بابەتەکەمان باش بۆ ڕوون بکەنەوە تا بتوانین ئەو تاقیکردنەوەیە جارێکی تریش دووبارە بکەینەوە لە شێوەیەکی تەواودا.

ئامۆژگاریی منیش بۆ خوێندەوار ئەوەیە، کە بەهەموو بێ باکییەکیەوە خەریک بێت لەم

(*) تەماشاگاه: (مسرح) -وەرگێڕ-



بابەتەوە تاقیکردنەوە بکات، بەڵکو شتی وای بۆ دەربکەوێ کە کەسی تر بۆی دەرنەکەوتبێ. جا ئەم لێکۆڵینەوانە پێویستیان بەیارمەتییەکی زۆر هەیە لە ناوەند ئەوانەدا کە خەمی زانستی خۆناسین ئەخۆن بۆ ئەمەی لەسەر بنچینەیەکی بڕوایی و ڕووداوی وەک هەموو زانستێکی تر دابمەزرێ.

پزیشک (ج. ماکسوێل)یش نوسراوێکی داناوە لە بابەت پەیبردن بەکارەساتی ڕابردوو و دواڕۆژەوە لە کاتەکانی هۆشیاری و خەو و نوواندندا. ئەم پزیشکە زۆرزانە، لە بابەت هەندێ کارەساتەوە کە بۆی ئاشکرا بووە، مقۆمقۆی کردووە. بەهۆی ئەوەیشەوە کە لە هەندێ کاروباری تایبەتیدا تەماشای ئەو کارەساتانەی کردووە، گەیشتۆتە ئەم ئەنجامە کە (کەسایەتی) جیاوازە لە (تاکوتەرایی). بەلای ئەوەوە (کەسایەتی) دوای (تاکوتەرایی) دەکەوێ. چونکە (تاکوتەرایی)یە کە (کەسایەتی) دروست دەکات و پشتیوانیی دەکات. (تاکوتەرایی)، هەر کارتێکردنێک لەبیر خوێندنەوەوە پەیدا ببێ، وەریدەگرێ. ئەویش بەهۆی ئەو هەست پێکردنە گشتییەوە کە لە لەشدایە.

بەڵام (ماکسوێل) کە ئەم کارەساتانە وا لێک دەداتەوە و ڕوون دەکاتەوە، بڕوای وایە کە کەرەستەیەک هەیە (ئەثیر)ی پێ دەڵێن، ئەو کەرەستەیەیە کە بارە دەروونییەکان و بیرەکان دەگوێزێتەوە لەم کەسەوە بۆ ئەو کەس. ئەم پێشبینییە لەلایەن (ئەنیشتاین)ەوە پووچ کراوەتەوە بەهۆی پێشبینیی (بەراورد)ەوە کە خۆی دایناوە. بەلای منیشەوە وایە کە دەتوانرێ بگوترێ: لەباتی (ئەثیر)، چالاکی دەروون هەیە کە دەتوانێ لەم کەسەوە بگوێزێتەوە بۆ ئەو کەس. دەبێ ئەمەیش بەڕاستییەکی دانراو دابنرێ. ماوەم نییە بچمە بنج و بناوانی بابەتی چالاکیی دەروون و ڕاستییەکەیەوە و، ڕاستی پەرستانە درێژە بەلێکۆڵینەوەکەم بدەم. بەڵام بڕوایشم وایە کە ئەم چارەکردنە، دوا چارەکردنمانە، کە بتوانین هۆگری ببینەوە بۆ ئەمەی لەو کارەساتانە تێ بگەین کە پشتاوپشت لە هەموو نەتەوە و دەمێکدا دووبارە بوونەوە و دووبارە دەبنەوە.

# باوەڕ و نوواندن

## ٩

لە هەموو سەردەمێکی مرۆڤایەتیدا، باوەڕ جێگایەکی گرنگی گرتووە، دەتوانین باوەڕ بەهۆیەک بژمێرین لە تاکوتەراکانی مرۆڤایەتی لە کاروباری ڕۆژانەیاندا پێکەوە دەبەستێتەوە. ئەو نەخۆشەی کە بڕوای بەپزیشکەکەی نەبێ لە شارەزایی و کارگوزارییدا، ناتوانێ لە ئامۆژگارییەکانی کەڵک وەربگرێ. ئەو بازرگانەیش کە باوەڕی بەدڵسۆزیی ئەو بازرگانە نەبێ کە کڕین و فرۆتنی لەگەڵدا دەکات، ناتوانێ لە هیچ شتێکدا پشتی پێ ببەستێ. هەمودەم لێی دوودڵ دەبێ و، خۆی لێ دەپارێزێ، ئەوساکەیش کاروبار و فرمانەکانی تێک دەچن و دوا دەکەون. هەروەها کاروباری ناوەند شاگرد و مامۆستاکەیشی هەر وەهایە.

باوەڕ، کارێکی گرنگ دەکاتە سەر دەروون و لەش. ئەمەیش بەئاشکرا لەناو هۆزەکانی (کیپسیگیس)دا دەرکەوت، کە دەرمانی فەرمانڕەوایی و دەرمانی بازرگانی خاوەن پیشە لە یەکتر جوێ دەکەنەوە. کاتێ کە یەکێک لە هۆزی (کیپسیگیس) تووشی نەخۆشیی لەرزوتا دەبێ، فەرمانڕەوایی، (کینا)یەکی باشی دەداتێ بەخۆڕایی، کەچی هەندێ بازرگانی ناسراو، دەرمانی خراپیان دەدەنێ بەنرخێکی گران. ئەم جیاوازییە لە نرخدا، وا لە ڕۆڵەکانی (کیپسیگیس) ئەکات کە دەرمانەکەی فەرمانڕەوایی کە بەخۆڕایی دەیانداتێ، بێ کەڵکە، بەڵام دەرمانی بازرگانەکە کە بەپارە دەیانداتێ، تەنیا ئەو بەکەڵکە. ئەم باوەڕە بوو بەهۆی ئەوەی کە دەرمانی پاکی دروست کار لە نەخۆشەکە نەکات. کەچی دەرمانی پڕوپووچ کاری تەواو لە نەخۆشەکە بکات.

ئەوەی کە ئەم پێچەوانەییییە، بەتەواوەتی دەردەخات و هۆیەکەی دەگێڕێتەوە بۆ باوەڕ، ئەوەیە کە دەرمانە هیچوپووچەکە تەنیا بەکەڵکی گەورەکانیان دێ، نەک بەکەڵکی بچووکەکانیان. ئەوەیش لەبەر ئەوەیە کە منداڵەکان هیچ بیرێکی پێشوو لە مێشکیاندا نییە لە بابەت ئەو دەرمانەوە، هەروەها لەوە پێشیش هیچ کارێک نەکراوەتە دەروونیان لە بابەت ئەو دەرمانەوە. ئێمە لەم سەرنجدانەوە شتێک تێ دەگەین، ئەویش ئەوەیە کە بیر کارێکی گەورە دەکاتە سەر لەش و دەروون. پاش ئەوە بۆ ئێمە ئاسان دەبێ، کە هەموو پەیوەندییەکی ناوەند نوواندن و کار تێکردن لە مرۆڤیش تێ بگەین.

بەڵام ئەوی لێرەدا شایانی سەرنج دانە، ئەوەیە کە دەبێ باوەڕ هەبێ بەنوواندنەکە خۆی.



چونکە ئەگەر یەکێک باوەڕی هەبوو بەکەڵکی نوواندن، دەتوانێ کەڵکێکی زۆری لێ وەربگرێ. خۆ ئەگەر باوەڕیشی وا بوو کە نوواندن زیانبەخشە، بێ گومان زیانێکی زۆری لەوەوە پێ دەگات.

هەروەها پەیوەندیی نوێنراوەکە بەنوێنەرەوەکەوە زۆر کار دەکاتە سەر نوواندنەکە. ئەو کەسەی بەتەواوەتی ملکەچ بێ بۆ نوێنەرەکە، زۆر بەئاسانی دەتوانێ خۆی بدا بەدەستەوە و بنوێ. بەڵام ئەو کەسەی سەربەخۆ بی یاخود خۆی بلّندتر ڕابگرێ لە نوێنەرەکە، دەمێکی زۆری پێ دەچێ تا دەنوێ. لەبەر ئەوە دەبێ لە زۆر لاوە خەریکی نوواندنی بن، ئەگینا بەگران دەنوێنرێ. لەبەر ئەوە بەلامەوە وایە کە نوواندن کەڵکی هەیە بۆ نوێنەر، چونکە کەسایەتیی بەهێز دەکات. چونکە زۆربەی کەسان بڕوای تەواویان بەخۆیان نییە، خۆیان وا دێتە پێش چاو کە لە کەسانی تر کەمترن. جا لەبەر ئەوەیە کە تووشی شەرمنی و تەریق بوونەوە دێن. لەوەیشدا هیچ گومانم نییە، کە تەنیا دەست پێکردنی نوواندن و نیازبەخشین، لە باریاندا هەیە کە مرۆڤی ترسنۆک و شەرمن بخەنە سەر گۆڕینی بیروباوەڕیان دەربارەی کزیی خۆیان، بەتایبەتی لە پاش ئەوەی کە خۆیان وا بێتە پێش چاو کە لە چنگ گرتن بەسەر کەسانی تردا، بەهۆی نیازبەخشینەوە، سەرکەوتوون. هاتنە دەرەوە، لە دەروون و، تێکۆشین بۆ کارتێکردن لە دەروونی کەسانی تر، هەردووکیان چاکترین هۆن بۆ دامەزراندنی کەسایەتیی و پشتگرتنی بەهۆی باوەڕێکی قووڵی چەسپاوەوە. لە ڕاستیدا، کامەرانیش هەر ئەوەیە کە مرۆڤ توانای هەبێ، چۆنی ویست، بەو پێیە کار لە بیروباوەڕی خۆی بکات. (بەرگسن) وای هاتە پێش چاو کە مرۆڤ باوەڕ و بیری خۆی، خۆی دروستیان دەکات. زۆر کەسی وایش هەیە کە هاواریانە لە دەست ئێش و ئازار، بڕوایان وایە کە ڕاستەقینەن، کەچی لە ڕاستیدا ئەو ئێش و ئازارانە درۆن خۆیان بۆ خۆیان دروست کردووە. ئەمەیش بنچینەی بیری (ڕەواقی)ەکانە،[(١)] کە بەلایانەوە وایە مرۆڤ خۆرشتی لەسەر بیرەکانی خۆی زۆرترە لەو شتانەی کە دەیانخوات، بەواتایەکی تر بیر دەبێ بەخۆرشتی نەک خۆرشتەکە خۆی. ئەو کەسەی بتوانێ زاڵ ببێ بەسەر بیری خۆیدا، دەتوانێ بەدڵنیاییییەوە بژی، کامەرانیشی تا سەر بۆ بمێنێتەوە.

نوواندن هیچ نییە ئەوە نەبێ کە بتوانرێ، چالاکیی دەروونی ڕاست بکرێتەوە، لە بارستاییییەکی بەرزەوە بهێنرێتە خوارەوە بۆ بارستاییییەکی نزم. دەستکاریکردنیش لە

---

(١) رواقی: هەیوان نشین –وەرگێڕ–

بارەکانی دەروونیدا، گرنگترین پلەیە کە مرۆڤ بیگاتێ. لەمەدا چ دەربارەی دەروونی مرۆڤەکە خۆی بێت، چ دەربارەی دەروونی کەسانی تر بێت، جیاوازیی نییە. هیچ زانستێکیش نرخی نابێ ئەگەر توانای ئەوەی نەبێ، کاروباری دەرەوە بگۆڕێ بۆ ئەمەی بگاتە ئامانجێکی دیاردیکراو. کە وای لێ هات، زانستی خۆناسین، لە خەباتی ئەوەدایە کە کار لە مرۆڤ بکات و دەستکاری لە کاروباری دەروونیدا بکات. بەڵام ئێمە ناتوانین بگەین بەم مەبەستە دوورە، بەهۆی باوەڕەوە نەبێ.

تاقیکردنەوەکانی (لوریا)یش ڕاستیی قسەکانی (فرۆید)یان دەرخست، کە لە توانایدا هەیە بگەینە ناخی دەروونەوە. ئەگەر لە بنچینەی شیکردنەوەی دەروون بکۆڵینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە بریتییە لەوەی مرۆڤەکە بگەڕێنینەوە بارستایی چالاکیی دەروونی پێشووی، واتا ئەو کاتەی کە بیرێک یاخود دڵ خرۆشانێک کاری تێکردووە. شیکردنەوەی دەروون، هەر ئەوەیە کە دەروون بەرەڵڵا بکرێ، هەرچیی لەناودایە دەری بخاتە دەرەوە. ئەوەیش ڕێگایەکی درێژە، جاری وا هەیە نامانگەیێنێتە هیچ ئەنجامێک. بێجگە لەوە، دەبێ شیکەرەوەی دەروون، بەتەواوەتی پەی بەوە بەرێ، کە ئەو جیاوازییانەی لە ناوەند بارستاییەکانی چالاکی دەروونیدا هەن، لە بارە ناسراوەکانی دەروونیدا وەک: ترس و نوستن و چاوەڕوانی و ڕق هەڵسان و بەربەرەکانێ و ئازاری جوێ بوونەوە، هەریەکە نرخێکیان هەیە. پاشان، پێویستە لە باریا هەبێ مرۆڤەکە بخاتەوە سەر بارستاییەکی چالاکی دەروونی باشی وەها کە ئەیەوێ بیگاتێ.

(فرۆید) و خوێندنگاکەی، بڕوایان وا بوو، ئەو کەسانەی کردەوەیان لە کردەوەی مناڵ دەچێ، سەبارەت بەوەیە ئەو کردەوانە ڕەگ و ڕیشەیان دەگەڕێتەوە سەر تافی منالّیی ئەو کەسانە. کەچی (گۆڵدشتاین) ئەمەی بەدرۆ خستەوە. دەیگوت ئەو کردەوە منالآنەیەی لە هەندێ کەسەوە دەردەکەوێ، سەبارەت بەوە نییە کە لە منالّیدا وا بووین، بەڵکو لەوەوە پەیدا دەبێ کە ئەو کەسانە تووشی خاووخلیچکییەک و تێکچوونێکی دەمودەستی وەهابوون کە کردەوەی وا منالآنەیان لێوە بووەشێتەوە. ئەم گوێزانەوەیە کە لە بارستایی چالاکییەکەوە بۆ بارستایی چالاکییەکی تر ڕوو دەدات، زۆرجار لە کاتی نوستندا دەردەکەوێ. مرۆڤەکە لە چ بارستاییەک دابێ، لە چالاکیی دەروونیدا بەو پێیە چەند خەوێکی دیاردیکراو دەبینێ. ئەگەر کابراکە زۆر تێکچوو بێ، بیرەوەریی منداڵی لێ دەردەکەوێ و جارێکی تریش لە تەمەنی منالّیدا دەژییێتەوە، کە چالاکیی ئەوساکەی لەگەڵ چالاکی ئێستاکەیدا کە کاتی نوستنێتی ڕێک دەکەوێ.



ئێمە، دەتوانین ئەم گۆڕرانە، لە کاتەکانی سەرەتایی نوستنەکەدا بەدی بکەین. چالاکی دەروون، جاری وا هەیە بەجارێک دێتە خوارەوە، نوستووەکە وا دەزانێ لە ئاسمانێکەوە بەر دراوەتەوە خوارێ. جاری وایش هەیە بەهێواشی نزم دەبێتەوە، نوستووەکە وا دێتە پێش چاوی کە بووە بەباڵندەیەک و بەشێنەیی دەنیشێتەوە سەر زەوی.

ئەگەر ئێمە بیرەکانی خۆمان کە لە کاتی ورياييماندا دێنە کەللەمانەوە، بەراوورد بکەین لەگەڵ ئەو وێنانەدا کە لە کاتی خەودا دێنە پێش چاومان، بۆمان دەرئەکەوێ کە چالاکیی دەروونی دەستێکی بەهێزی هەیە لە دەرکەوتنیاندا. ئەو بیرانەمان کە لە کاتی خەوبردنەوەدا دێنە کەللەمانەوە، جیاوازن لەگەڵ ئەو بیرانەماندا کە لە پاش سرەوتێکی تەواو دێنە کەللەمانەوە. هەروەها، ئاوڕشتنی لووەکانمان کارێکی تەواو ئەکەنە سەر بیرەکانمان. لاوازیی لەش و کزیی جۆرە بیرێک ئەخاتە کەللەمانەوە، کەم ڕشتنی ئاوی لووەکانیشمان جۆرە بیرێکی تر دەخەنە کەللەمانەوە. هەروەها لە تەمەنێکەوە بۆ تەمەنێکی تر گۆڕرانێکمان چاو پێ دەکەوێ لە بیری ڕەوشتیدا. ئەوەیش سەبارەت بەوەیە کە چالاکیی دەروون بەپێی باری لەش دەگۆڕرێ. زۆرجاری وا هەیە، گیروگرفتی زانستی دەروونی، لە بەردەمماندا ڕوو ئەدات، وەک ئەوەی: بیروباوەڕی کەسێک بگۆڕرێت لە بابەتێکەوە و بیرێکی تر بخرێتە مێشکیەوە. یان وەک ئەوەی: ئارەزووی دەرکردنی ئازارێک بکرێ لە دڵی دایکێکی کۆستکەوتوودا کە کوڕەکەی لێ ون بوو بێ. لە ڕاستیدا ئێمە توانیمان فڕوفێڵێکی زۆر بدۆزینەوە بۆ ئەمەی زاڵ ببین بەسەر ئازارەکانی جوێ جوێی لەشدا، وەک ژانی خرێی ددان و گەلێ ژانی تر؛ بەڵام هێشتا ڕزگارمان نەبووە لەوەی کە تووشی ئازاری دەروونیی توند توند ببین.

لە ڕاستیدا، ئێمە پێمان دەکرێ، خەمی چارەکردنی نەخۆشیی ئەو کەسانە بخۆین کە تووشی دەروون شکاوی دەبن، بەڵام دەبێ ئەو چارەکردنە دەمودەست، دەست پێ بکرێ، نەک دوا بخرێ، چونکە کە دواخرا، نەخۆشەکە تووشی تێکچوونێکی هەموودەمی دێت.

لەم بارەدا، پێویستیمان بەوە هەیە کە بارستایی چالاکیی بگۆڕین. ئەوەیش بنج بەست بووە، کە بارە دەروونییە توندەکان، کە لە پاش دڵ شکاندنێکی کتوپڕ، لە شێوەی هەندێ بیری دامەزراودا، دەردەکەون، بەهیچ کلۆجێک کاریان تێ ناکرێ، لە ڕێگای نوواندن و نیازبەخشین و بەکارهێنانی هەندێ بیروباوەڕەوە نەبێ، کە لەوانە بن نەخۆشەکە پێڕەوییان بکات.

بیروباوەڕەکان، دەستێکی باڵایان هەبووە لە گۆڕینی بارە دەروونییەکاندا. لە ڕەوشتی

تاوانبارەکاندا ئەوە بەباشی دەرکەوتووە. زۆرجاری وا هەیە، بیروباوەڕێک دەبێ بەهۆی تاوانکردنێک. زۆرجاری وایش هەیە، کە خۆپاراستنێک لە تاوانکردن، بەهۆی بیروباوەڕێکەوە دەبێ، هەندێ لە نەتەوە تازەکان تێکۆشان بۆ ئەمەی ڕەوشتی تاکوتەراکانی خۆیان ڕاست بکەنەوە، لەسەر بنچینەی بیروباوەڕێکی زرنگکاری(*) کە لە هێز و هەڕەت و کاریگەریدا لە بیروباوەڕە ئایینییەکان کەمتر نەبوو. ژیانی باوەڕ، درێژترە لە ژیانی بیر. ئەویش لەبەر ئەوەیە کە باوەڕ، دەمێکی دوورودرێژی دەوێ تا دادەمەزرێ. مێژوویش هەندێ باری دەروونی سەیر سەیری دیوە. پێغەمبەر محمد (د. خ)، کە ئایینی ئیسلامی بڵاو دەکردەوە، هەندێ کەسی وا هەبوون دەمودەست باوەڕیان پێ دەکرد و بیرەکانی ئەویان ئەچوو بەمێشکدا. کەچی هەندێ کەسی تری وایش هەبوون، بەرپەچدانێکی وایان دەدایەوە، کە دەچووە شێوەیەکی زۆر توند و بەهێزەوە. (عمر کوڕی خطاب)یش یەکێک بوو لەوانە. بەڵام لە پاش ماوەیەک زۆری پێ نەچوو، قسەکانی پێغەمبەر کاریان تێ کرد و باوەڕێکی وای چووە دڵەوە کە لەوە بەهێزتر نەبێ.

لەبەر ئەوە دەتوانرێ باوەڕ بخرێتە مێشکی هەموو کەسێکەوە، لە ڕێگای نیازبەخشینەوە، هەرچەندێ بەرەنگاریی ئەو بارەیش بکەن. ڕێگای هەرە باش بۆ گەیشتن بەم ئامانجە ئەوەیە، نیازبەخشینەکە ئەو کاتە بکرێ کە مرۆڤەکە کەوتبێتە بارێکی واوە: کە بارستایی چالاکیی دەروونی لە نیشتنەوەدا بێ. ئەوە بوو، لەمەوپێش لەمە دوواین. ئێمە هەموودەم پێویستیمان بەڕاستکردنەوەی هەندێ دەروون هەیە وەک دەروونی تاوانبارەکان. جا ڕێگە گۆڕین بەوانە ئاسان نییە بەڵکو پێویستی بەخەمخۆرییەکی گەورە و پەیڕەویکردنێکی هونەرمەندانەی ورد هەیە لە هەموو ڕێگایەک گرنگتر ڕێگای نیازبەخشینە و تێکۆشین بۆ چاندنی تۆوی باوەڕ لە دەرووندا، لە کاتی خەو یاخود نوواندندا.

ڕێگاکەی زانا (لامبرۆزۆ) کە بریتی بوو لە چاککردنەوەی تاوانبار بەهۆی چاککردنەوەی ئەندامانی لەشیەوە، نەگەیشتە ئەنجامێکی بەدیکراو. (لامبرۆزۆ) ڕووی کردە لێکۆڵینەوەی نوواندنی موگناتیسی. بەڵام کەوتە ئەندێشەی گیان ئامادەکردنەوە. نەیشیتوانی زانست و ڕیژگاوی،(**) لەم کۆڕەدا، لە یەکتر جوێ بکاتەوە.

(*) زرنگکاری: (السیاسە) -وەرگێڕ-

(**) ڕیژگاوی: (الخرافات) -وەرگێڕ-



دادگاهەکان، پەنایان بردە بەر نوواندنی موگناتیسی، لە گەلێ جێگادا، بۆ ئەمەی بگەن بەبزواندنی هەندێ کەس، تا ئەوی لە دەروونیاندا شاردویانەتەوە لە کاتی هۆشیارییاندا، دەری بخەن. ئنجا کە تاوانبارەکان ئەوانەی بەدناو کرابوون بەکوشتنی (لۆردمویین)، مانیان گرت لە وەرامدانەوەی ئەو پرسانەی لێیان دەکرا لە بابەت ئەو کارەساتەوە، خستیاننە ژوورێکەوە کە پڕ بوو لە ئاوێنەی وەها، کە ڕووناکییەکی بەهێزی بەرپەچ دەدایەوە بەڕووی تاوانبارەکاندا. زۆری پێ نەچوو، هەر پرسێک لە یەکێکیان بکرایە، دەمودەست هەرچی لە دڵیدا بووایە دەری دەخست بۆ دادگاه، بێ ئەمەی بتوانێ قسەی تازە هەڵبەستێ. ئەوەیش لەبەر ئەوە بوو کە تاوانبارەکە، دەروونی وروژا بوو، هەستی بزوێنرا بوو. جا لەو بارەدا، هێزێک هەبوو پاڵی پێوە دەنا، هەچ بڕوایەکی هەیە دەری بخات، هەرچی لە دڵیدا بیلێت.

## سۆز و نوواندن

١٠

سۆز وەکو باوەڕ نییە، لە دەروونەدا جێگیر بوو بێ. بەڵام جاری وا هەیە لە باوەڕ توندتر و بەهێز و هەڕەتتر خۆی دەدا لە دەروون و کار دەکات لە ڕەوشت. کەواتە نوواندن دەبێ چە کارێک لە سۆز بکات؟

بێ گومان، سۆز جێگایەکی گەورەی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا گرتووە پێشینان گوتویانە: مرۆڤ بەبیرکردنەوە لە گیانلەبەر جوێ دەکرێتەوە، بەڵام بیر، بێ سۆز، بنچینەیەکی نابێ. (فوفنارگ) ڕاستی کردووە کە گوتوویەتی: (بیری بڵند لە دڵەوە دێت). کەواتە مرۆڤ لە گیانلەبەرەکانی تر، بەسۆز جوێ دەبێتەوە. هەروەها هەموو کەسێکیش لە کەسێکی تر بەچۆنێتی لەگەڵ سۆزدا جوێ دەکرێتەوە. باش نییە، مرۆڤ هەمووەدەم دوای سۆزی خۆی بکەوێ. هەروەها بۆ ڕەوشت و خوویش باش نییە، کە مرۆڤ تووشی بێ سۆزی ببێت، واتا سۆزی وشک بووبێتەوە. چونکە کامەرانی مرۆڤ وای پێ دەوێ کە لەنگەرێک هەبێ لە سۆزیدا. هەرچی گیروگرفتێک هەیە و دێتە ڕێی مرۆڤ لە کاتی پێشکەوتن و بەرەنگاریکردنیا، ڕەگ و ڕیشەکەی دەچێتەوە سەر تێکچوونی سۆزەکەی.

لاوەکان، بۆیەکا بەدناو کراون بەسەرچڵی و لەخۆبایی بوونەوە، چونکە لەو تەمەنەدا سۆزیان زۆر و بەهێزە، پاڵیان پێوە دەنێن و نیازیان پێ دەبەخشن بۆ کردەوەی ناپەسند. سۆزی بەهێز و هەڕەت جاری وا هەیە وا لە مرۆڤ ئەکات کەڵکی هیچ فرمانێکی پێوە

نەمێنێ، نەتوانێ هیچ پڕۆژەیەک بباتە سەر، تەنانەت ئەگەر زۆر ئارەزووی جێبەجێکردنیشی بکات و لە توانایشیدا هەبێت کە بیکات.

هەندێ جار تەنگەتاو دەبین، چونکە هۆش بەپێچەوانەی سۆز دەوەستێ. لەگەڵ ئەوەیشدا، کزی پێشان دەدەین و دوای سۆزمان دەکەوین. بەم ڕەنگە لە دەروونی مرۆڤدا زۆرانبازییەکی بەهێز پەیدا دەبێ، لە ناوەند بیر و سۆزدا، دوور نییە تووشی تێکچوونێکی خراپی بکات لە بیرکردنەوە و ڕەوشتیدا. جاری وا هەیە، لە دەرووندا کارێکی وا دەکات، کە لەوە پاش لە شێوەی خەم و خەفەتدا خۆی دەربخات، بێ ئەمەی مرۆڤەکە هۆیەکی ئاشکرای ئەو خەم و خەفەتەی بۆ دەربکەوێ. گرنگترین ڕێگای سروشتی بۆ گێڕانەوەی لەنگەری سۆز، ئەوەیە، کە بەجۆرێکی لابەلایی، نیازبەخشین بکرێ ئەگینا مرۆڤەکە تووشی زۆرانبازییەکی بەهێز دەبێ لە دەروونیدا لە ناوەند سۆز و هۆشیدا. من کچێکی ئەرمەنی دەناسم، حەزی لە لاوێکی موسوڵمانی (مصری) کرد، کەچی دەیشیزانی کە شووکردنی بەو لاوە، بەپێی ڕەوشتی نەتەوەی ئەرمەنی ناشێ و جێبەجێ نابێ. جگە لەوە، کوڕە (مصر)یەکە هەژار بوو، هیچی نەبوو. گیروگرفتەکە گەورەتری لێ هات، بەتایبەتی پاش ئەوەی کە لاوێکی ئەرمەنیی دەوڵەمەندی خاوەن زەوییەکی فراوان لە (صعید)، هات و داوای مارەکردنی کچەکەی کرد لە خێزانەکەی. خێزانی کچەکە وایان هاتە پێش چاو کە بەهۆی ئەو هەلە ناوازەیەوە، گیروگرفتەکەیان نامێنێ. بەڵام کچەکە بەرپەچی دانەوە و نەیشی ئەهێشت کەس لە بابەت شووکردنیەوە گفتوگۆ بکات، مەگەر لەو کوڕە موسوڵمانە (مصری)یە بێت. پاشان ناوەندی کچەکە و خێزانەکەشی تێکچوو هیچ هیوایەکیش، لای خێزانەکەی نەما، بۆ وازهێنانی کچەکە لەو بیرەی خۆی. خێزانەکەی هاتنە لای من، ئامۆژگارییان بکەم. منیش چەند ئامۆژگارییەکم کردن، هەموویان دەچوونەوە سەر ئەوە کە کچەکە بخرێتە سەر ئەو بیرەی کە لاوە ئەرمەنییەکە باشترە لە لاوە موسوڵمانەکە. ئەویش بەهۆی دەستەخوشکەکانی کچەکەوە جێبەجێ دەکرا، کە وای پێ دەویست، لە پێش چاوی کچەکە، سەرسوڕمانی خۆیان پیشان بدەن بەرامبەر بەلاوە ئەرمەنییەکە. لەگەڵ ئەوەیشدا سۆزی کچەکە بەرامبەر لاوە موسوڵمانە (مصری)یەکە، نەگۆڕرا، بەهێز و هەرەتەوە مایەوە. کوڕە (مصری)یەکەیش، تێکۆشا خۆی لە کچەکە دوور بخاتەوە، بەڵام بۆی نەچووە سەر. چونکە، کچە ئەرمەنییەکە ئەمەندە بۆی بەپەرۆش بوو و، ئەمەندەیش خۆی لێوە دەهێنایە پێشەوە لە توانای کوڕەکەدا نەما بوو کە خۆی لێ دوور بخاتەوە. لەبەر ئەوە چارە نەما، ئەوە نەبێ کە لە کاتی نوواندندا،



نیازبەخشین بەکار بهێنرێ. لە پێشدا دەستم کرد بەنوواندنێکی سووک. چرای ژوورەکەمم بەرەو ڕووی کچەکە داگیرساند. پاشان خەریکی بووم بیخەمە سەر بیری خۆم. کچەکە لە سەرەتای کۆبوونەوەکەماندا، مقۆمقۆی لەسەر بیانووەکان دەکرد. هەر بیرێکم پیشان دەدا بەرپەچی دەدایەوە. هەر بیرێک هی خۆی بووایە پشتیوانیی دەکرد. بەڵام لە دوای کۆبوونەوەکەماندا، خاو بووەوە، بەوەندە وازی دەهێنا کە بڵێ نەء نابێ، یاخود خۆی دوور بخاتەوە لە چەقە چەقکردن. پاشان بەم ڕەنگە وەرامی دایەوە، گوتی: (من زۆر کامەران دەبم ئەگەر ئێوە بتوانن بمخەنە سەر بیری خۆتان. چونکە من، ئەم کوڕە موسوڵمانە (مصری)یەم خۆشدەوێ، بەدەست خۆم نییە، هەروەها، بەدەست خۆیشم نییە، کە حەز لە چارەی ئەو کوڕە ئەرمەنییە ناکەم. منیش هەست ئەکەم بەو تەنگوچەڵەمەیەی کە خێزانەکەمی تووش دەکەم، ئەگەر هاتوو شووم کرد بەو موسوڵمانە هەژارە و دەستم نا بەڕووی ئەو ئەرمەنییە دەوڵەمەندەوە). لەسەر ئەم بنچینەیە خۆی دا بەدەستمەوە و کەوتە دووی بیرەکانم و پێی خۆش هات کە بنوێ. نیازبەخشینەکە بەهۆی دایکیەوە جێبەجێ کرا. چەند جارێک ئەوە دووبارە کرایەوە. دوایی چووە سەر قسەی خێزانەکەی خۆی. هەر نامە و وێنەیەک کە لە لاوە موسوڵمانەکەوە پێی گەیشتبوو، بۆی ڕەوانە کردەوە، تەنیا یەک وێنە نەبێ لای خۆی گلی دایەوە و بۆی نەناردەوە، بەگریانێکەوە هەڵیگرتەوە. ئەو سۆزی خۆشەویستی و دڵدارییەی هەیبوو بەرامبەر کوڕە (مصری)یەکە، لە دڵیدا ما، تا چەند مانگێکی پێ نەچوو، لەناو نەچوو. لەو کاتەدا، کۆچکردنێکی پێویست بوو مێردەکەی بردی بۆ (صعید). ئێستاکە لەگەڵ ئەودا لە خۆشیدایە، هەرچەند باری پێشووی خۆی بیر دەکەوێتەوە، بەخۆی پێدەکەنێ، کە بەو جۆرە دوای سۆزی کوێرانەی خۆی کەوتبوو.

بەرامبەر ئەم زۆریی هێزی سۆزە، چەند بارێکی پێچەوانەی تریش هەن، مرۆڤەکە لە کەموکووڕیی سۆزی خۆی گلەیی دەکات. ئەم بارەم لە لای بازرگانێکی بۆنفرۆش چاو پێ کەوت. کابرا لە پێشدا زۆر هەژار ئەبێ. بێ بەش دەبێ لە هەموو خۆشییەک گەلێک جار تووشی برسێتی و بێ نانی دێ. بەڵام کە گەیشتە کاتی جەنگی جیهانی، زۆری پێ نەچوو دەوڵەمەند بوو. سامانێکی وا بێ شوماری لا کۆبووەوە کە لەوە پێش خەویشی پێوە نەدەبینی. ئەم بارە لە ژیانی خێزانیدا دەرکەوت. دڵی ئەو بەدڵی هیچ کەسێکیانەوە نەدەنووسا. هاوبەشیی سۆزی هیچ کامێکیانی نەدەکرد. ئەگەر یەکێک لە خێزانەکەی ئازارێکی پێ بگەیشتایە، دڵی پێی نەدەسووتا و هاوبەشیی خەفەتەکەی نەدەکرد. لە خۆشییشیاندا هەروا بوو لەگەڵیاندا. خۆی پێوە خەریک نەدەکردن، کەمتەرخەم بوو

لەگەڵیاندا. بێ ئەمەی پرسێکیان پێ بکات لە ئاهەنگەکەیان جیا دەبووەوە. پڕ بەدڵیش ئەچوو دەخەوت. جا ئەم ڕەوشتە تازەیەی تووشی گەلێک تێکچوون و چەندوچوونی کرد لەگەڵ خێزانەکەیدا. تا وای لێ هات هەست بەجوێبوونەوە و تاک و تەنیایی خۆی بکات، لە ناویاندا. پاشان ناچار بوو بگەڕێ بەدوای چارەکردنی دەردی خۆیدا. کە خێزانەکەیشی زۆریان لێ کرد، ژن بهێنێ، دەردەکەی گرانتری لێ هات. داوای ئەوەی لێ دەکردن کە لە ژنهێنان بیبەخشن. بیانووەکەیشی ئەوە بوو، دەترسا لەوەی سۆزەکەی ساردوسڕ بێ بەرامبەر ژنەکەی، بەهەمووو دڵیەوە دەیگوت: بەو هەمووو سامانەیشەوە کە هەیەتی ڕاناپەرموێ بەخۆیا کە ژن بهێنێ، چونکە لە توانایدا نییە کە باری ژنهێنان بخاتە سەر ئەستۆی خۆی.

درا بەگوێی ئەم خێزانە دەوڵەمەند و دڵشکاوەدا، کە لە توانایدا هەیە بەسەر ئەم گیروگرفتی دەروونییەی زاڵ ببێ. ئەمەیش یەکەم تەنگوچەڵەمەیەک بوو، کە بەو جۆرە هاتبووە بەردەمم. پێش ئەمەی دەستی بدەمێ، تا ماوەیەک دوودڵ مامەوە. بەڵام چونکە باوەڕم هەبوو بەزانستی دەروونی، لە توانایدا هەیە هەمووو بارێکی دەروونی بگۆڕێ، دڵم چووە سەر ئەوەی کە دەست بکەم بەچارەکردنی ئەو گیروگرفتە. ئنجا لە پاش ئەمەی هەر ڕەنجێکم دا (لە پێناو چارەکردنی نەخۆشییەکەیدا بەهۆی دەروون شیکردنەوەوە و دڵنیاکردنیەوە بەبیرەکانم) بەبا چوو ناچار بووم پەنا ببەمە بەر نیازبەخشین لە کاتی نوواندنیدا. کابراکە، ڕەوشتێکی هێمنانە و بزووتنەوە و بیرکردنەوەیەکی سستی هەبوو. لەبەر ئەوە، هەر لە سەرەتاوە نوواندنی ئاسان بوو، بەهۆی (مەترۆنۆم) و بزواندنی گلێنەکانیەوە نوێنرا، لە کاتی نوستنیدا قەوانێکی کۆنم بۆ لێ دا، کە بریتی بوو لە سیمفۆنییەک، ناوی: (دەزگیرانی فرۆشراو) بوو. ساز و ئاوازەکەی ئەوەی دەنوواند کە لە دەروونی کەسێکدا شەڕوشۆڕێک هەبێ. کەسەکەیش بیەوێ ڕزگاری ببێ لە دەست سۆزی خۆی و تەقەللا بدات خۆشەویستی و دڵداری لە دڵی خۆیدا بکوژێ. هەندێ جار سەربکەوێ بەسەر دەروونی خۆیدا و هەندێ جاریش ژێری بکەوێ. یەکەم شتێ کە لە نوێنراوەکەوە دەرکەوت بەهۆی گوێ گرتنیەوە لەو پارچە ساز و ئاوازەی کە گەلێک جۆر باری دڵ خرۆشانی پێ ئەبەخشی، ئەوە بوو کە پێستی کرژ بوو، چونکە تەزوویەکی وا بەلەشیدا هات کە لە تەزووی هەست بەسەرماکردنی دەکرد. لەمەدا، ڕاستی پێشبینییەکەی (جۆرج دۆماس)م بۆ دەرکەوت، کە پشتی ئەو قسەیە دەگرێ کە ئەڵێ: ئەو بزووتنەوەیە کە لە هەست بەشتکردنێکەوە پێچەوانە دەبێتەوە، بریتییە لە جۆرە دەربڕینێکی سۆزی



تووڕەیی، یاخود ترس. ئەو بزووتنەوەیە بەتەواوەتی بەستراوە بەهەمووو دڵ خرۆشانێکەوە. جا بەمە ڕاستی قسەکانی پێشوومان بۆ چەسپ دەبێ، کە دەتوانرێ کار بکرێتە نەخۆشییەکان یاخود بارەکانی لەش. بۆیشم دەرکەوت کە دڵ خرۆشانەکان پەیوەندییان هەیە بەگۆڕرانی لەشەوە - بەپێی گۆڕرانی لەش سۆزیش دەگۆڕرێ - ئنجا بەهۆی کارکردنەوە لە لەشدا، دەتوانرێ کار لە سۆزیش بکرێ.

لەم بارەدا، جارێ لە پێشدا کار تێکردنەکە خرایە لەشەوە لە پاش چەند دەمێک، مرۆڤەکە وای لێ هات، دڵی دەچوو بەو شتەدا کە لەوە پێش ڕقی لێی دەبووەوە، بەتایبەتی لە پاش ئەوەی کە بەپەرۆشی ئەوەوە بوو چارەی خۆی بکات و توانرا بخرێتە سەر ئەوەی کە پێ لە کەڵکی نوواندن و نیازبەخشین بنێ. هەر ئەم مرۆڤە وای لێ هاتبوو کە ئەگەر یەکێکی بدیایە بەپەرۆشەوە سەیری وێنەیەکی هونەری دەکات، یان خۆشی لە گوێگرتنی پارچەیەک ساز و ئاواز دەبینێ، دڵی تەنگ دەبوو. بەڵام لە پاش چەند جارێک نیاز پێ بەخشین، لە کاتی نوواندندا، گۆڕرا، وای لێ هات حەزی بەسەرنجدان لە وێنە هونەرییەکان دەکرد. پاشان وای لێ هات دەستی کرد بەکڕینی ژمارەیەکی گەورە لە وێنە هونەرییە بەناوبانگەکان و جار جاریش دەچووە ناو ئاهەنگی ساز و ئاوازەکانەوە، بێ ئەمەی هەست بەوەڕسبوون و بێزارییەک بکات. چەند مانگێکیشی پێ نەچوو، لە وشکی سۆزەکەی ڕزگاری بوو و، هەر هۆیەکیش هەبوو بۆ شەڕوشۆڕی ناوەند خۆی و خێزانەکەی، لەناودا نەما و، ئیتر وازیشی هێنا لە تەنیایی و دووری لە خێزانەکەی. بەڵکو لەوەیش زۆرتری بۆ ڕۆیشت، کە لێی چاوەڕوان نەدەکرا: چونکە توانی فێری هەڵپەڕکێ ببێت و خۆشی لە گەلێک پارچە ساز و ئاوازی هەڵپەڕکێ ببینێت و پێشتریان بخات لەوانی تر.

ئنجا ئەگەر لەم بارە دەروونیانە، ورد ببینەوە کە پەیوەندییان هەیە بەدڵ خرۆشان و سۆزەوە، بۆمان دەرئەکەوێ کە دەگەڕێنەوە سەر بارستاییەکانی چالاکی دەروون. ئەگەر بمانەوێ بزانین کەسێک تا چ ئەندازەیەک دڵ خرۆشان کاری تێ دەکات، پێویستە دەست بکەین بەنیازبەخشین لە کاتی نوستن یاخود نوواندنیدا، بارێکی دڵ خرۆشان بخەینە مێشکیەوە. زانیار (کارگەر) لە سەرنجدانیدا بۆی دەرکەوت کە دڵ خرۆشان وەک لە نووستنی هەرزەکاردا کار دەکات... وەها لە نوستنی مناڵدا کار ناکات.

هەروەها (گۆنسون) لە بابەت خەوزڕانی لاوێکەوە دوواوە کە گرفتاری گیروگرفتی دڵداری دەبێ. پەیوەندیی سۆز و نوستنی ئاسایی بەئاشکرا بۆ دەرکەوت، چونکە نوستنی لاوەکە تا ( ٥٠ ٪ ) سەدی پەنجا، بارستاییەکەی هاتە خوارەوە. جا ئەم جۆرە سەرنجدانە

زانستیانە کە لە ئەنجامی تاقیکردنەوەوە دەست دەکەون، بەهەموویان بەڵگەن بۆ ئەوەی کە بارەکانی دڵ خرۆشان و سۆز، بەئاسانی لە کاتی نوستندا دەرئەکەون. جاری وا هەیە لە شێوەی بزووتنەوەدا دەرئەکەون. جاری وایش هەیە لە شێوەی خەو بینین و شت هاتنە پێش چاودا دەردەکەون.

جا لەبەر ئەمە، گەیشتن بەبارەکانی سۆز و دڵ خرۆشان لە کاتی نوواندندا ئاسانە. دەیشتوانرێ بەزۆرکردن یان بەکەمکردن کاریان تێ بکرێ.

ئەمەیش شتێکی سەیر نییە کە ئەم هەموو فەرە بخرێتە پاڵ بارەکانی نوواندن. چونکە (کارگەر) بۆی دەرکەوتووە، کە کاریگەرییەکانی مێشک، لە کاتە سەرەتاییەکانی نوستندا ئەنجامیان بەشێوەیەکی ئاشکرا دەردەکەوێ. ئێمەیش لە تواناماندا هەیە، هەموو کەسێک لە هەر کاتێکدا بێ، بخەینە بارێکی واوە، کە لە باری کاتە سەرەتاییەکانی نوستن بکات. ئەویش لە ڕێگەی نوواندنی موگناتیسییەوە، یاخود لە ڕێگەی کەمکردنەوەی چالاکیی دەروونییەوە. بەڵام کاریگەریی مێشک، زۆرە. زانستی خۆناسینیش هەمووی دەگرێتەوە و، هەرچییەکیش پەیوەندیی بەوەوە بێ لە ژیانی لەش و کۆمەڵایەتی، هەروەها دەیگرێتەوە.

تەواو

١٩٦٤/٣/٢٨

# خۆت بپارێزە لە خەم

نووسەری: جۆن کەنەدی
کوردی نووسی لە ساڵی ١٩٦٤

* خەم خۆشی لە پیاو تێک دەدا، ژیان لە پیاو تاڵ دەکات...
* خەم پیاو پیر دەکات، لە تەمەنی کەم دەکاتەوە...
* پێشینان گوتوویانە: «لە سێ بەش دوو بەشی پیری خەمە!»

جا ئەگەر خەم پیری کردوویت، لە تافی جوانیتدا ئەوا تەنیا کاتیک تەرخان بکە بۆ خوێندنەوەی ئەم نووسراوە بەکارە، بۆ ئەمەی لە خەم ڕزگار ببیت و، جوانیی لاوێنتت بۆ بگەڕێتەوە و، هەستیش بکەیتەوە بەخۆشی ژیان...

## سپێشەکی

ئەم نووسراوە پچکۆلەیە، لە ڕاستیدا، بریتییە لە گفتوگۆیەکی دۆستانە، لە بارەی گیروگرفتێکی گەورەوە، کە بەکورتی: چارەی ڕەوشتێکی پڕ هەڵەی ناو ژیان دەکات. کەواتە، ئەو لە دەستکەوتنی سایە و مایەوە نادوێ، لە بابەت کامەرانیی ژینەوە قسە دەکات. قسە هەزارە و دووانی بەکارە: سامان کامەرانی کێش ناکات.

هەروەها، پێویست بەدووبارەکردنەوە ناکات. کە بڵێین: کامەرانی بەندە بەکردەوەی خۆمانەوە بەرامبەر ئەو هەلانەی بۆمان هەڵ ئەکەون، بەمەرجێ بەجۆرێکی پەسند بجووڵێینەوە بەڵام دەبێ دان بەوەیشدا بنێین، کە هەموودەم، ئەمەمان بەئاسانی بۆ ناچێتە سەر جا هیوام وایە کە ئەم نووسراوە، یارمەتیی خوێندەوار بدات، لە تێگەیشتنی ئەم ڕاستییەدا، بەجۆرێکی باشتر. هەروەها بیخاتە سەر ئەوەیش کە ڕێگای خۆی بدۆزێتەوە بۆ گەیشتن بەئامانجی کامەرانی لە ژیانی تایبەتیی خۆیدا.

هەر کاتێ، وازمان لەو بیرە هێنا، کە «پێویستە هەر لە بەرگێکدا بمێنینەوە»، هەر کاتێ پەیمان بەوە برد کە پێویستە تا ئەندازەیەکی پەسند، ڕەووشتی گشتیمان لە ژیانمان بگۆڕین، ئەو کاتە چەند هەنگاوێکی سەرەتاییمان لە ڕێگای کامەرانیماندا، ناوە. هەر کامێکیشمان بگریت لە تواناییدا هەیە ئەم ئەموستیلەی چاو بەستییە[1] بدۆزێتەوە

(١) ڕاستتر: ئەم ئەموستیلە ئەفسوناویە...



بەمەرجێ هەرچییەکی لە باردا هەیە. بەباشی بەکاری بهێنێ.

نەکەیت، تۆیش، کە ئەم نووسراوەت خوێندەوە، فڕێی بدەیت و بڵێیت:

«بەڵێ! ئەم زانای خۆناسینانە، زمانیان پاراوە. دەتوانن ئامۆژگاریی بەنرخ بکەن. بەڵام ئەو ئامۆژگارییانە هیچیان بۆ من دەست نادەن. هیچیشیان بەکارم نایەن!»

ئەم نووسراوە، هەر تەنیا ئامۆژگارییەکی پزیشکان نییە، هەروەها مەشق پێکردنێکی باش و بەکەڵکیشە.

منیش بەهیچ ڕەنگێ دڵگیر نابم لەوەی کە گوێ نەدەیتە قسەکانم - چونکە نە من خەمی ئەوە دەخۆم، نە تۆیش. بەڵام، پێم وایە، ئەوەی تۆ بەتەنگیەوەی. یاخود ئەوەی پێویستە تۆ بەتەنگیەوە بیت، ئەوەیە: کە خۆت بەدڵ سەیری خۆت بکەیت، بەڵام بەمەرجێ سەیرکردنەکەت لە وزەبەدەر نەبێ.

## مشاری[1] هۆش

١

خەم، دانراوە بە«دەردی ئەم سەردەمە». ئێمە هەمووومان، لەوانەین کە تووشی ببین. چونکە ژیانی ئەم سەردەمە، دەروونمانی یەجگار تەنگەتاو کردووە. کەسی واشمان تێدا نییە، کە جاروبار، هەست بەوە نەکات، کە بەتەواوەتی داماوە و پەکی کەوتووە و پێی ناکرێ لەوە بەولاوە گرانیی باری ئەم جیهانە و گیروگرفتەکانی هەڵبگرێ، ئامانجی ئەم نووسراوەیش هەر ئەوەیە: کە یارمەتیت بدا لە ژیاندا باشترت ڕابهێنێ بەبینینەوە و وایشت لێ بکات کە خۆشی لە ژینی خۆت وەربگری.

پێویستە خۆمان چەواشە نەکەین. کەس لە توانایدا نییە، بەهیوا بێ، کە لە هەڕاکردن لە فرمانەکانی ناو ژیان، کەڵکێ وەبگرێ.

بەڵام، لە ڕاستییدا، بەو شێوەیەی کە فرمانەکانی ژیانمانی پێ دەبەینە سەر، جیاوازییەکی بنچینەیی دەردەکەوێ. لە ناوەند گرژی و بێ دەسەڵاتی و، ڕوو خۆشی و دەسەڵاتداریماندا. بەڵام ئەگەر تۆ لەوانەیت دەتەوێ نوشتەیەکت پێشکەش بکرێت، خەم و ماندوویێتیی خۆتی پێ لاببەیت و، باوەڕیشت پێ بکات، کە ئەوەی بۆتە هۆی پەیدابوونی ئەو خەم و ماندوویێتییەت، هیچ نییە،... ئەوا پێویست ناکات بەخوێندنەوەی ئەم

(١) مەبەست لێی: مشاری تەختە بڕینەوە (منشار)ە.

نووسراوەوە خۆت ماندوو بکەیت. چونکە بەکەڵکی ئەو کەسانە نایەت کە لەسەر ئەو بیروباوەڕە بن.

خۆ ئەگەر لەوانەیشی کە حەز بەژینێکی پوختەتر دەکەن و دەتەوێ بتوانیت بەبیرێکی دروستەوە، ڕووبەڕووی گیروگرفتە ڕاستەقینەکانی ژیان بووەستیت، ئەوا بام ببین بەدۆستی یەکتر، بۆ ئەمەی پێکەوە بزانین چیمان بۆ دەدۆزێتەوە.

ڕەنگە «خەم» بوو بێت بەیەکێ لە گیروگرفتەکانی ژیانت، ئەگینا تۆ ئێستا ئەم نووسراوەت نەدەخوێندەوە.

ڕەنگیشە بتەوێ یارمەتیی یەکێکی تر بدەیت، کە هەستت پی کردووە، زۆر خەمبارە. کەواتە، بام، بێ پەردە قسە بکەین، هەرچییەکیش دەڵێین بام بەتەواوەتی ڕوونی بکەینەوە.

بۆ ئەوەی تەواو «خەم» دەربخەم، دەڵێم: خەم بریتییە لەو بیرە دەمدەمییەی کە خۆی دەرنابڕێ، یاخود ڕاستە و ڕاست خۆی ناتوانێ دەریبڕێ. خۆیشم دەزانم کە خەم بەچەند جۆرێکی تریش پیشان دەدرێ، کە دوور نییە لەمە زۆر چاکتر بێ، لەگەڵ ئەوەیشدا بەلای خۆمەوە، ئەم پێشاندانە لە هەموویان چاکترە.

من بۆیەکا، بەچاکتری دەزانم، چونکە هی خۆمە. ئەوەیش لەبەر هۆیەکە، بێجگە لەمن کەسی تر بەباشتری نازانێ! بەڵام ئەوە شتێکە تایبەتی بەخۆمەوە. وایشم بۆ دەرئەکەوێ کە ساکار و ئاشکرایە. هەروەها بۆ یەکا بەچاکتری دەزانم، چونکە وێنەیەکی بچووکی تێدا پێچراوەتەوە، واژەی «دەمدەمی خۆی» دەینوێنێ:

ئاخۆ، هیچ جارێک، مشارت بەکار هێناوە؟ بیبەیتە پێشەوە و بیهێنیە دواوە و، دووبارە بیبەیتەوە پێشەوە و بیهێنیتەوە دواوە. ئا بەم جۆرەیە مشار کە دەکەوێتە گەڕ. دەنگێکی گڕی ناخۆشی لێ پەیدا دەبێ، تا ئەندازەیەک دەمارەکان دەخاتە بێ سرەوتییەوە. وام بۆ دەرنەکەوێ، ئەم وێنەیە بەتەواوەتی لە وێنەی خەمخواردن دەکات، ئەگەر بتوانین وێنەیەکی بچووکی بزێوی کردەوەکانی ناو مێشکمان بگرین.

بیر کە دەکەوێتە گەڕ و بەرەو پاش و بەرەو پێش دێت و دەچێ، ڕەشەبایەکی توند و گران لەناو دەروونی خەمبارەکەدا بڵاو دەکاتەوە و، دەبێتە هۆی ئازاردانی دەمارەکانی... جا ئەگەر بتوانین لە بریتیی ئەم وژە وژە بێزارکەرە، کە لە لێکەوتنی مێشکەوە پەیدا دەبێ لە بەرهەڵستێک، فرمانێکی تر بەمێشک ڕاپبەڕێنین، کە لە باریدا هەبێ ئەو فرمانەی



تێیدایە بیوەستێنێ، یاخود هێزێکی وای بخەینە پاڵ کە بەتاکە لێدانێک بتوانێ ئەو بەرهەڵستە کون بکات، ئەوساکە دەتوانین خۆمان لە دەست ئەو «خەم»ە ڕزگار بکەین. ئینجا لەجیاتیی ئەو دەنگە گڕە ناخۆشە، هەستێک دێتە ناو مێشکمانەوە، کە پڕی دەبێ لە دڵنیایی و ئارام و خۆشی و بەختیاری. هەروەها دەروونیشمان پڕ دەبێ لە هەستی سەربەستی و ئازادی و گەورەیی.

ئەمەیش ئەوە دەگەیێنێ: ئەگەر ویستمان لە دەست خەم ڕزگارمان ببێ، پێویستە فێر بین، کە لە خۆمان بکۆڵینەوە، لە ئامانجەکانی ژیانیشمان تێبگەین.

دوور نییە، کەموکووڕیی مشارەکە، ئەوەندەی کەموکووڕیی ئەو کەسە نەبێ، کە بەکاری دەهێنێ.

بۆ ئەمەی نەکەوینە گێژاوی ئەندێشەوە، دەڵێین: ئێمە هێزەکانی دەروونیمان لە ڕێگای خراپەوە پەرشوبڵاو دەکەینەوە.

ئەگەر لە بریتیی ئەوەی پێچە بەدەورەی پێ بکەین بەهەر چوار لای بەرهەڵستەکەدا . (ئەگەر ئەو بەرهەڵستە، لە ڕاستیدا، دامەزراو بێ) ڕاستە و ڕاست ڕووی پێ بکەینە بەرهەڵستەکە و ڕێگایەکی تازەی پێ بکەینەوە بۆ خۆی، گەلێک چاکتر و بەکەڵکترە.

## پۆختەی وتراو

١- خەم، بریتییە، لە دەردێکی ئەم سەردەمە.

٢- لەو شێوەیەوە کە چارەی کاروباری ژیانتی پێ ئەکەیت دڵتەنگی و بێ فەڕیت، یاخود دڵخۆشی و دەسەڵاتت پەیدا ئەبێ.

٣- مشار باش بەکاربهێنە!...

# ئەوانەی خۆیان ئامادە دەکەن بۆ خەم

## ٢

ئایا تۆ لەوانەیت کە خراپ پەروەردە کراون؟

هیوادارم کە ئەم پرسەم توورەت نەکات. لەبیرت نەچێ، کە من و تۆ ئەمانەوێ ببین بەدۆست. لەگەڵ ئەوەیشدا پێویستە پێی لێ بێنم کە خراپ دەستم دایە. پێویست بوو من زۆرتر شیرین بوومایە، چێشکەیشم چاکتر بووایە. بەڵام لەبەر ئەوەی کە زۆربەمان خراپ پەروەردە کراوین، بەچاوێکی سووکەوە سەیری ئەو جۆرە پەروەردەبوونەم نەکرد. چونکە کەس ناتوانێ باوک و دایکی خۆی هەڵبژێری. بەهەموو ڕەنگ ئەوانە، هەرچییەکیان پێ کرا بێ، کردوویانە.

بەڵام ئاخۆ، لە بەرچاوی تۆ، دوواون لە بابەت «خەمی خۆیانەوە» و، گیروگرفتەکانی دەست کورتییانەوە و، تێکچوونیانەوە لەگەڵ دەرودراوسێ و، ئاژاوەکانی ناو خیزانیانەوە؟ ئاخۆ وا ئامادەیان کردوویت بۆ چاوپێکەوتنی جیهان، کە پێیان گوتبیت: ئەم جیهانە جیهانێکی سارد و سەختە و، «ئێمەش کە مردین، کەس بۆ تۆ نامێنێتەوە بەتەنگتەوە بێ و خەمت بخوات، خۆت نەبی» ؟

ئایا باوک و دایکت، زۆر بەتەنگتەوە بوون، یەجگار خەمیان دەخواردیت؟

بۆ وێنە، بام لەو کچە بدوێین، کە هێشتا منداڵ بوو، باوکی لە دەست چوو. بەڵام دایکی گوزەرانی باش بوو. توانی زۆر بەنازەوە کچەکەی خۆی پەروەردە بکات.

کچە کە تا گەورە دەبوو زۆرتر هۆگری دایکەکەی دەبوو. کە لەپاش سی ساڵێک دایکەکەی مرد، خەفەت و تەنیاییيەکی زۆر گەورەی تووش بوو.

بێ گومان ئەمە وێنەیەکی کاریگەری خەمە... بەڵام نەء. لە ڕاستیدا وێنەیەکی کاریگەری ترسە. چونکە دایکەکە لە ئەندازەبەدەر خۆی بۆ کچەکەی بەخت دەکرد. پاشان لەپاش چەند دەمێک، کچەکە خۆی بۆ خۆی دەرکەوت، کە ئافرەتێکی فرەخوازە، خەمی کەس ناخوات هی خۆی نەبێ، دەیشترسێ لە ژیان کە بەتەنیایی ڕووبەڕووی ڕابوەستێ.

دایکەکەی زۆر دەترسا لەوەی کچەکەی تووشی شتێک ببێت. کچەکەیشی لەوەوە فێری ئەو ترسە بووە زۆر دەترسا لە خۆی کە شتێکی بەسەر بێ.

خۆی یەجگار نزیک ئەکردەوە لەم و لەو. تا وای لێ هات لە دەستی وەڕس دەبوون.



کچەکە چاوەڕوانی ئەوە بوو کە دۆستەکانیشی، وەک دایکی، وریای دەبن و خەمی کاروباری دەخۆن. لە ڕاستیدا، دایکە خەمبارەکەی، لە جیهاندا، هیچ خەمێکی نەبوو، ئەوە نەبێ وریای کچەکەی بێ و بەتەنگیەوە بێ.

کچەکە، پەیی بەوە نەدەبرد، کە ئەو دۆستانەیشی هەر یەکە کار و فرمان و سەرگێژیی تایبەتیی خۆی هەیە. زوو بەزوو، زانرا، کە خەمەکەی بۆ مردنی دایکی، بریتیی بوو لە جۆرە خەمێک بۆ سرەوتی تایبەتیی خۆی.

دوایی، وای لێ هات، خەمەکەی کاری کردە تەندروستیی، لەگەڵ ئەوەیشدا پزیشک نەیتوانی هۆی نەخۆشییەکی گران لە لەشیدا بدۆزێتەوە. هەروەها گەیشتە ئەوەی تووشی نەخۆشیی «دەمار کزیی» ببێ. جا لە ناوەند ئەو بەدەوروپشت هاتن و دڵ ڕاگرتنەدا کە بۆ نەخۆشێک دەبێ بکرێ، خۆی خستە ئەو بارەوە کە بێ دەسەڵاتێکی بێ چارەی تێدا دەبێ، بەو ڕەنگە گەڕایەوە سەر ئەو ژیانەی کە لەوەپێش دەژیا: کامەرانییەکەی خۆی دەست کەوتەوە، بەڵام ئێستاکەیش، هەروەک جاران، خەمبارێکە تاکی نەبێ. ڕەنگە تۆ وا بزانیت ئەمە یەکێکە لەو کەسانەی کە یەجگار بەخراپی پەروەردە کراون. لەگەڵ ئەمەیشدا بەسەدانی وەکو ئەو هەن، خراپ پەروەردە کراون. ئەو دایکەی هەرچییەکی لە دەست بێت لە چاکە بۆ منداڵەکەی خۆی، بیکات، لە ڕاستیی هەندێ جار، وەک هەرچییەکی لە دەست هاتبێت لە خراپە و کردبێتی دەربارەی منداڵەکەی خۆی، وەهایە.

کەواتە خۆت بپارێزە لەوەی هەرچی دڵت ویستی بەباشی بزانیت و، هەر چۆنێکیش بیت خۆت، پەسەندی بکەیت. جا ئەگەر، ئامادە بوویت بۆ خەمخواردن، بۆ چەند تاوێکی کەم بیر بکەرەوە. بەڵام بیرکردنەوەیەکی لەسەرخۆی بابەتی لە بارەی ئەو جۆرە پەروەردەکردنەوە کە پەروەردە کراویت.

ڕەنگە هێشتا بەتەواوەتی لە دەست نەچوو بیت. بەڵام ئەو سەرودەمەی کە لە خانووەکەی کۆنتدا پەروەردە کراویت، پەیوەندییەکی گەورەی هەیە بەو ڕاستییەوە کە تۆ بۆ خەمخواردن دەستێکت هەبێ.

لە دڵتدا هەستێکی نادیاری بەجێ هێشتووە بەترس لە ژیان ئەمەیش بەجۆرێکی تێکڕایی. تۆ وا هەست دەکەیت کە لە بارتدا نییە، باری گرانی ژیان، لەم جیهانە سەیرەی پڕ لە ڕاز و نهێنی و چاوبەستدا هەڵبگریت». لە ڕاستیدا، ئێمە هەموومان هەست بەوە دەکەین. ئەوەندە هەیە، هەندێکمان، هەستەکەی، لە هەستی ئەویتر، زۆرترە. دوور نییە، باوک و دایکت، زۆر بەکارت نەهاتبن، سەبارەت بەوەی کە ترس و خەمی خۆیان زۆر

دووباره کردبێته وه له بەردەمتدا. ئەوان زۆر بەتەنگتەوەبوون. لەوەیش دڵنیا نەبوون کە تۆ ڕۆژێک لە ڕۆژان دەتوانیت، ڕێگایەک بۆ خۆت بکەیتەوە لە ژیانتدا و زاڵ ببیت بەسەر کاروباری خۆتدا. ئەوان خۆیشیان نەیانتوانیوە، زاڵ بن بەسەر ترسەکەیاندا، نەیشیان توانیوە بەدڵنیایی و دڵخۆشییەوە بژین. بەم ڕەنگە، لە ڕێگایەکی هەست پێ نەکراوەوە، بێ گومان، هەندێ ترسی خۆیان گواستۆتەوە بۆ ناو دڵی تۆ. پاشان بەئامادەییەکەوە بۆ خەم خواردن، بەجێیان هێشتوویت.

ڕەنگە بێت بەدڵتدا وا بڵێیت: «دایکم خەمی زۆر دەخواردم. دەبێ منیش لەوەوە خەمخواردن فێر بووبم»

بەڵام دایکت، بام خراپیش دەستی دابێتە ژیان و ڕوو بەڕووی وەستا بێ، بۆ تۆ هیچ هۆیەک نییە، کە چەشنی ئەو بیت. بام باوکیشت، پیاوێکی کەم باوەڕ و ترسنۆک بوو بێت، بەڵام تۆ پێویستە خۆت ڕابهێنی کە لەو چاکتر بیت، واتا ئازا و خاوەن باوەڕ بیت.

ئەمە بەهیچ ڕەنگێ بەناپاکی ناژمێررێ، بەرامبەر بەوان بەڵکو بەدڵسۆزییەک دادەنرێ بەرامبەر ئەوەی کە هەرە چاک و هەرە بەهونەرە لەم ژیانەدا. تۆ بەو جۆرە، شتێک دەکەیت، کە ئەوان هەڵەیان تێدا کردووە، بەڵام بێ گومان، حەزیان کردووە دەستت بکەوێ.

پێویستە زاڵ ببیت بەسەر ئەو نیاز بەخشینانەدا کە پێت دەڵێ: ڕۆژێک دێ، ژیان، بەهەرجۆرێک بێ، زیانت پێبگەێنێ. منیش، بەلامەوە وایە، کە ڕاستە ژیان، ڕۆژێک لە ڕۆژان، ئازارت دەدات، بەڵام ئازارەکەی تۆ لە هی کەسانی تر، زۆرتر نابێ. وەک دێ بەبیرتدا، وا نییە، کە ڕۆژگارێکی بەدخوو هەیە لە ئارادا و دەیەوێ لەناو هەموو کەسێکدا، هەر، لەتۆ، تۆڵە بسێنێ.

دوور نییە، ژیان ئازارت بدات، لە ڕاستیدا، ئێمە هەموومان ئازار دەدات. بەڵام وا جوانە، پیاو کە تووشی زللەی ڕۆژگار هات، کۆڵ نەدات، هەر سنگ بنێ بۆ پێشەوە، جەربەزەیی و بەرەنگاری بکات و ڕەنجی شانی خۆی بدات.

تۆیش دەستی خۆت بوەشێنە! تۆیش لە بارتدا هەیە، هەموو هێزەکانت کۆ بکەیتەوە و بتوانیت، بۆ تاکە جارێکیش بێ دەستت بوەشێنیت. هێزی هەرە گەورە لەمانە، باوەڕ بەخۆکردن و، ئازایەتی و، خۆڕاگرتن و، پێکەنین و خۆشەویستییە. ئەمەکەی دوایی، لە هەموویان گەورەترە.



بەڕاستی سەیرە، کە دەبینین ئەرک و ئازاری ژیان، هەر لە خۆیانەوە نامێنین و لەناو ئەچن، کاتێ کە بەدڵێکی پڕ خۆشەویستی و دەموچاوێکی گەشەوە، سنگ دەنێین بۆ پێشەوە  لە ژیاندا.

«لە خۆشەویستیدا ترس نییە» .ئەو کاتەی ئێمە جەربەزەیی ژیانمان بەدڵدا دەچێ و، جوامێرانە دەجووڵێینەوە لەگەڵ ئەوانەدا کە پێیان دەگەین، دڵتەنگی، پەنا دەباتە بەر فیلێکی سەیر کە بەیارمەتیی ئەوەوە بەرەو پاش دەگەڕێتەوە.

لە ڕاستیدا، «خەمی ئێمە لە هیچەوە پەیدا نابێ لە ترسەوە نەبێ» .

کەواتە، خەریک بە، بەجۆرێکی بابەتی، تافی منداڵیت، بهێنیتەوە یاد. هەروەها بیریشت بکەوێتەوە، کە ئاخۆ، ئەوساکە، سەردەم لە باردا بووە کە بۆ ژیان ئامادەت بکات یان نا. تۆ لە ناوچەیەکدا ژیاویت کە پڕ بووە لە خەم و ڕەنج جا ئەگەر ڕاهاتبیت بەتەماشاکردنی شەڕوشۆڕەوە «ئەوەندەی بەرەی خۆت پێت ڕابکێشە»... خۆ ئەگەر ترسیش خرابێتە دڵتەوە لە هەموو شتێک، ئەوە هیچ سەرسوڕماتێکی پێ ناوێ کە بۆچ بوویتە «خەمبار» . بەڵام سەری پیاو لەوە سوڕ دەمێنی، کە تۆ ئەو ساتیش و ئێستایش هەر خاوەن دەسەڵات بوویت کە ڕووبەڕووی ژیان بوەستیت و، بشتوانیت وا پێش بکەویت. لە ڕاستیدا توندی و گرژییەکی وەها خراوەتە دەمارەکانتەوە، کە لە باریاندا هەیە بەم دەردەت بەرن: هەموودەم دڵناسک و خەمبار بمێنیتەوە.

بێ گومان پەی بەوە دەبەم، کە ژیان ئاسان نییە، چونکە هیچ کەسێک بێ وەی نامێنێتەوە لە دەست زۆرداریی ئەو لەگەڵ ئەمەیشدا، نابێ ماوە بدەین، کە ترس و لەرز، دڵمان داگیر بکات. تۆ بۆیەکا هێنراویتە ئەم جیهانەوە کە بژیت ئەو هێزانەیش کە لەناو لەشتدان، هەروەک لەوەپێش پێم گوتووی، لە باریاندا هەیە هورووژم بەرنە سەر ژیان.

بەهەموو ڕەنگ، ئەگەر سوروشتی مرۆڤایەتی،  هاوتای ئەو فرمانانە نەبوایە کە لە سەر شانێتی بیانکات، بێ گومان، ئێمەیش، بۆمان هەڵ نەئەسووڕا، لە ژیانی سەرەتایی ناو جەنگەڵستانەکانەوە تێپەڕ بکەین بۆ ژیانێکی بڵندتر و پڕ مرۆڤایەتی تر.

تۆیش مرۆڤێکی، وەک هەمووان. مرۆڤێکی لێهاتوو و ئامادەیت بۆ گۆڕران و گەشەکردن. تۆیش بۆیەکا دروست کراویت کە بژیت و گەشە بکەیت و زاڵیش ببیت بەسەر هەموو گیروگرفتێکی ژیانتدا. کەواتە بەدڵێکی بەهێز و باوەڕێکی تەواوەوە، بەرامبەریی ژیان بکە.

که ئەم وشانە دەنووسمەوە، لە بەیانییەکی وچانی پایزە دام. ئەگەر بەهەڵەدا نەچوو بم، زۆربەی کرێکارەکانی ئەو ناوچەیەی تێیدا دەژیم، ئێمڕۆ ڕەویان کردووە بۆ «بلاک بول». ئەوانە لە جەژندا ڕۆژانە وەرناگرن. لەگەڵ ئەوەیشدا، زۆر بەختیارن بەم پشووە کورتەیانەوە کە دوور ئەکەونەوە لە جیهانی ئەرک و ئازار.

ئەو ژن و پیاوانەی کە بەدرێژایی تەمەنی خۆیان، بەژینێکی کولەمەرگییەوە دەژین، فێری ئەوە بوون کە بۆ چەند ڕۆژێکیش بێ، جیهانی خۆیان پڕ بکەن لە بەزم و شادی. ئەوانە، نە دەست بڵاون، نە دەست قووچاون، بەڵام ئەوەندەیان بۆ خۆیان کۆکردۆتەوە کە بتوانن لەم وچانەیاندا بەخۆشی پێوەی ڕاببوێرن. تۆیش وا دەیانبینیت بەکامی خۆیان دەگەن.

ئەوانە، لە یارییەوە، فێری زرنگییەکبوون. ئەو زرنگییەی کە بنچینەکەی ئەو بیروباوەڕەیە، کە لە ناخی دەروونیانەوە هەڵدەقوڵێ و، هیوایان پێ دەبەخشێ، کە بەهەرچی چۆنێک بێ دوایی هەر زاڵ دەبن بەسەر هەموو گیروگرفتەکانی ژیانیاندا.

ئەگەر بهاتایە ژیانیان، لەم یاریکردنە، دوور بووایە، دەبوو گێرودەی دەستی خەم بوونایە کە پەکی هەموو کار و فرمانێکی دەخستن.

لاپەڕەیەک لە نووسراوی ژیانی ئەوانە بکەرەوە. بێ گومان یەجگار بەکەڵکت دێ. کەمەکێ لە ڕەنج و کوێرەوەریی ڕۆژانەت کەم بکەرەوە و هیوات ببەستە بەسبەینێوە.

تۆ هەتا فێر نەبیت یاری بکەیت بەژیانت، ناتوانیت خۆت ڕزگار بکەیت لە دەست دەرد و کوێرەوەرییەکەی.

پێویستە لە بەرەنگاریکردنی گیروگرفتی ژیانتدا، چەشنی زۆرانبازێک بجووڵێیتەوە، کە کاتێک دێتە بەرامبەر زۆرانبازەکەی دوژمنی، بڕیار دەدات کە تێبکۆشێ دوژمنەکەی بدا بەزەویدا، بەڵام باکی لەوەیشی نییە، کە بەرێکەوت دوژمنەکەی سەر بکەوێ و لە شێوەیەکی ناخۆش و خراپتردا بیدا بەزەویدا. بام بڵێین تۆ ژێرکەوتیت. بەڵام تۆ لە خۆشیی زۆرانبارییەکە، خۆی، بێ بەش نەماویتەوە، بێ گومان لەو زۆرانبازییەوە شتێکی وا، هەر فێر دەبیت کە لە جاری دووەمدا زۆرانبازییەکی باشتر بکەیت.

مەبەسی من لەمە ئەوە نییە، کە پێویستە تۆ کەمتەرخەم و بێ پەروا بیت. بەڵام من دەمەوێ ئەم ڕاستییەت بەڕوونی تێبگەێنم، کە پێویستە لەسەرمان، ئێمە هەموومان، خۆمان ڕابهێنین بەتەنگوچەڵەمەوە و بەڕوویەکی خۆشیشەوە بەرەوپیریی بچین. چونکە ژیان بریتییە لە تاقیکردنەوەیەکی پڕ تەنگوچەڵەمە بۆ هەموومان.



تەنگوچەڵەمە، مەرجێکی بنچینەییە بۆ بوون. لە ڕاستیدا سرەوتی هۆشمان، ژیانی خۆشمان، زیندوویێتی و کارگوزاریمان، بیروباوەڕ و ورەمان... ئەمانە هەموومان، هەموودەم لەناو تەنگوچەڵەمەدان.

ڕێگای ژیانمان پڕە لە ڕێبوار و گالیسکەی هەموو ڕەنگ پێویستە لەسەرت، بەپێی گفت، بڕۆی بەڕێوە بەناوەڕاستی ئەم هەموو ڕێبوار و گالیسکانەدا.

چاوەڕوانی ئەوە مەبە کە ئەم جیهانە لە هەموو شتێکدا یارمەتیت بدات و هەموو کارێکت بۆ ئاسان بکات جیهان وەک ژووری خوێندنگا نییە. تۆ تازە مامۆستاکانی خۆت بەجێ هێشتووە. پێویستە لەسەرت، لەسەر پێی خۆت بوەستیت، بێ گۆپاڵ و بێ داری بن باڵ، بێیتە کۆڕی جەنگی ژیانەوە.

بێ گومان، ئەم جۆرە بارە، بێ تەنگوچەڵەمە نییە بەڵام ئەو جۆرە خۆشییەشی تێدایە، کە جەربەزەکان چێشکەی دەکەن. ئینجا ئەگەر تۆیش بتوانیت لەنگەری بیرت بگریت، هەروەها بشزانیت چۆن دەڕۆیت بەرێگادا، ئەوا تۆیش وەک هەموو کەسێکی تر ڕێگای خۆت لە ژیاندا دەکەیتەوە و پێیدا دەڕۆیت.

خۆت کۆکەرەوە و دەست پێ بکە. چەندوچوونی بۆ مەکە چونکە چەندوچوونیش هەر بریتییە لە «خەم». لە هەر لایەکەوە، ڕێگات دۆزییەوە پیا بڕۆ. حەزیش دەکەیت ئاگاداریی خۆت بکە. بەڵام نەکەیت بوەستیت، هەر بڕۆ بۆ پێشەوە. تۆ کە دەست دەکەیت بەکارێک هەست بەدەسەڵاتی خۆت دەکەیت. تۆ لە ژیانتدا جووڵەت هەیە. جا ئەم جووڵەیە، کە بەسەر هەموو بەرهەڵستێکی سەرە ڕێگاتدا، سەرت دەخات. بەڵام ئەگەر هاتوو، تۆ لە بەردەم، بەرهەڵستێکا وەستایت و نەتتوانی بڕیارێک بدەیت کە چی بکەیت، ئەوساکە «خەم» لە هەموو لایەکەوە سەرت تێ دەکات.

ئێمە لەم جیهانەدا لە کوێر دەکەین. هەموومان کە ڕێگایەک دەکەینەوە بۆ خۆمان پێیدا بڕۆین، دەبێ بەناو کەند و کۆسپ و بەرهەڵستێکی پڕ و چڕدا بڕۆین. کە سەر لە پیاو دەشێوێنن. لەگەڵ ئەوەیشدا، لە هەر یەکێکماندا، گیانێکی وا هەیە کە یارمەتیی بدات لە دیاردیکردنی ئامانجدا و، هانیشمان بدات کە بەئارام و دڵنیاییەوە لە ڕێی خۆمانەوە بڕۆین، بەمەرجێ مەندی و لەسەرخۆیی خۆمان بپارێزین.

هەرگیز ڕێیشمان لێ تێک ناچێ، مەگەر دەسەڵاتمان نەمێنێ بەسەر دەمارەکانماندا، یاخود ماوە بدەین بەترس دڵمان داگیر بکات.

هەندێ کـەس هەن، باوەڕیان بەخۆیان نییـە، نە دەتوانن کـارێ بکەن، نە دەیشـتـوانن بەباوەڕ و دڵنیاییەکەوە بڕۆن بەڕێی خۆیاندا. ئەوانە ئامادەن، ترسێکی زۆر گەورە بخەنە دڵی خۆیانەوە، کە ژیانیان لێ دەکـات بەزنجیرەیەکی کـارەساتی ناکاو و سـامناک، یەک لەدوای یەکەوە دێن پێکەوە دەبەسترێن.

ئایا ئیـتر سەرسوڕمـانی پێ دەوێ، کە ئەم جۆرە وەسـتـانەیان بەسسـتی و دامـاوییـەوە، بەرامبەر بەگیروگرفتی ژیان، بیـانخاتە ناو خەم و پەژارەیەکی واوە کە پەکی کارگوزارییان بخات و لە لێواری ڕێگادا دوایان بخات لەو کاروانەی کە لە ڕێگا بڕین دایە؟.

**پوختەی وتراو**

١- خەمـوخـەفـەتی باوک و دایکەکـان، دەروونی منـاڵەکـانیـان پڕ دەکـات لە هەسـتکردن بەئاژاوە و بێ ئارامی.

٢- باوکەکان بەرسیلە دەخۆن و منداڵەکانیان ددانیان ئاڵ دەبێتەوە.

٣- خەمی ئێمە لە ترسمانەوە پەیدا دەبێ.

٤- کەس ناتوانێ جیهان بەسەرشانییەوە هەڵبگرێ.

٥- گـیـروگـرفت خـەمت پێ پەیدا نەکـات. بەگـیـانێکی مـەردانەوە ڕووبەڕووی گیروگرفتەکانت بوەستە.

## نەخۆشیی دڵتەنگی

### ٣

لەمەپێش لە بابەت ئامادەبوونەوە بۆ «خەم» خواردن قسەمان کرد.

بەڵام دوور نییە ئەو خەمەی، گرفتار ماویت بەدەستییەوە لە دەروونتدا ڕەگی قـووڵتری داکوتا بێ... ئەو خەمە هەر بریتی نەبێ لە هەست پێکردنێکی پەنهانیی ڕووت بەگلاراوی بەجۆرێکی گشتی، ڕەنگە لەوە گرنگتر بێ، شتێکی وا بێ کە خاوەنی چەند نیشانەیەکی دیاردی کراوی ناو لەش بێ. ئەو نیشانانەی کە لەم جۆرە خەمە ئەستوورانەوە پەیدا دەبن و زانایانی دەروون پێیان دەڵێن «نەخۆشیی دڵتەنگی»، ئەمانەن:

١- تووڕەیی:

٢- ماندوویتی.



٣- گلاراوی.

٤- خەو لێ نەکەوتن.

٥- خەوی بەئازار.

خەمی وا هەیە ئەمەندە خراپ و بەهێزە، نیشانەی زۆر سامناکی پێوە دەرئەکەوێ، وەک: لەرزین، ئارەقکردنەوە، پشێویی هۆشی وەک ترس لە تەنیایی، ترس لە کۆمەڵەی گەورە، ترس لە خنکان لە شـوێنانی داخـراودا. ئەم نیـشـانانەی دوایی، بێ گـومـان، لە خـەمی ڕۆژانەی ئاسـاییـەوە پەیدا نابن، بەڵکو لەوەوە پەیدا دەبن کـە پیـاو زۆر دڵتـەنگ ببێ و پیش بخواتەوە، یاخود ترسێکی زۆر بچیتە دڵیەوە و بیشارێتەوە.

ئێمە خەریک دەبین بەجۆرێکی سروشتی فرمانەکانی خۆمان بەجێ بهێنین، کەچی دەچین دەرگا لەسەر خۆمـان دادەخەین، بۆ ئەمەی خۆمـان بپارێزین لە شـتـێک کـە لێی دەترسین، یاخود لە شتێک کە ئازارێکی زۆری پێ گەیاندووین.

ئەو هێزە پەیتا پەیتا بەختی دەکەن، لە چاو تێ بڕینی ئەم بیرە تێکچووەدا، کۆمەڵەی دەمـارەکـانمان بەتەواوەتی مـاندوو دەکـات، وایشـمـان لێ دەکـات کـە بکەوینە تەنگوچەڵەمەیەکی ڕاستەقینەی واوە کە تووشی «دەمار کزیی» ببین.

ئەمەیش سەرسوڕمانی پێ ناوێ. چونکە ئێمە کە دەرگامان لەسەر هەستە کڵپەدارەکانمان داخست، دەمـارەکـانمان تا دێن کـرژتر و توندتر دەبن، تا دوایی وامـان لێ دێ، هەرچی دەمارێکمان هەیە تێک بچێ و لە کەڵک بکەوێ....

زۆر جاری وا هەیە، کە ئەم «دەمار کزی»یەمان تووش دەبێ، دەمانەوێ ئۆباڵی بخەینە سەر ئەستۆی خۆ زۆر ماندووکردن بەفرمانەوە. لە ڕاستیدا ئەو لێکدانەوەیەیش تەواوە. بەڵام ئەوەندە هەیە، کـە ئێـمـە زۆر جـار پەی بەوە نابەین. کـە کـۆمـەڵی دەمـارەکـان، بەسەربەستییەکەوە، فرمان ناکەن. کۆمەڵی دەمارەکانمان، دوو ئەرکیان بەسەرەوەیە. یەکێکیان ئەرکی فرمانی ڕۆژانەمـان بەهەمـوو لێ پرسینەوەیەکی سەخت و گرانیـانەوە. یەکێکیشیان ئەرکی دڵ شکاوییەکی شارراوە، یاخود ترسێکی داپۆشراو یان شکستێکی دەرنەخراو[1]، کە هەموودەم پێی دەڵێین: «نەء» نابێ خۆت دەربخەیت!...

(١) شکسـتی دەرنەخـراو: شکسـتی شـارراوە؛ وەک ئەوەی گـەنجێک لە دڵداریەکـەیدا شکسـتێنێ و دڵدارەکـەی وازی لێـدێنێ؛ حـەز ناکـات - یا پێی شـوورەییـە - کـەسـانی دی بەمـە بزانن و دەیشارێتەوە.

جا لەم بارەدا، هۆش، لە شێوەی فرمانی ڕۆژانەدا، کەمێک هێزی خۆی دەرنابڕێ، چونکە نیوە یاخود لە نیوە زۆرتری هێزی خۆی بەخت دەکات لە پێناو چاوتێ بڕینی بەشێک لە کەسایەتیمان، بەمەبەسی پاراستنی، کە یەجگار تەنگەتاو کراوە. بەواتایەکی تر، لەم بارەدا، نیوەی هێزی هۆشمان خەریکی پێویستیی ژیانی ڕۆژانەمان دەبێ.

نیوەکەی تریشی بەتوندییەکەوە پاڵ دەنێ بەدەرگایەکی داخراوی واوە، کە هێزێکی زۆر وروژاو دەیەوێ لە ناوەوە بیکاتەوە.

کەواتە سەرسوڕمانی پێ ناوێ، ئەگەر وامان لێ بێ: زوو هەڵبچین و تووڕە ببین، بڕست بڕاو بین، جێگا بەخۆمان نەگرین، خەومان لێ بزڕێ، یان خەوی ناخۆش ئازارمان بدات، بترسین لە تەنیایی، یاخود لە خنکان، سەری مەنجەڵەکە هەڵم داگیری کردووە. ئەم هەڵمە بەهەموو هێز و هەڕەتێکیەوە تەکان دەدات بۆ سەرەوە سەری مەنجەڵەکە لابەرێ و بێتە دەرەوە، ئەو هێزەی سەری مەنجەڵەکەی ڕاگرتووە، لە ماندووبوون و بڕست بڕاندایە ئێمەیش پێویستە، بەهەرچی چۆنێک ببێ، لە دەست هەندێک لەم هەڵمە ڕزگارمان ببێ. کەچی ڕێمان لی گرتووە ناهێڵین بچێتە دەرەوە. جا لێرەوەیە، نیشانەکانی «خەم» کە لە سەرەتای ئەم بەشەدا ناوم بردن، لوتکەی شاخەکانیان دەردەکەون... ئێستە، ئەم هەڵمە لە چی پێک هاتووە؟ تا ئەندازەیەکی گەورە لەوانە پێکهاتووە، کە ئێمە پێیان دەڵێین: «ئارەزوو» زاناکانی دەروون، هەر یەکە ڕستەیەکی درێژی بۆ ئەم «ئارەزوو»انە پڕ کردۆتەوە. بەڵام، لەسەر ژمارەی ڕاستەقینەیان، لەناو خۆیاندا لێیان بووە بەمقۆمقۆ.

بەڵام ئێمە هەر سەیری یانزە ئارەزوویان دەکەین، کە بۆ مەبەسی ئێمە بەسن:

یەکەم ئارەزوویان: نەهێشتنی برسێتییە ئنجا ئارەزووی بەرەنگاریکردن، پاشان ئارەزووی ملکەچی.

پاش ئەوانە، ئارەزووەکانی سەر چلێ و، شت کۆکردنەوە و، خۆپاراستن لە شتی ناخۆش و ناشیرین دێن. جگە لەوانە، ئارەزووی (خۆنوواندن و گەورەیی) دێتە پێشەوە، کە لە هەمووماندا هەیە بۆ خۆپیشاندان و شانازی بەخۆوەکردن. دوای ئەوان ئارەزووی (ژن و مێردی) هەیە بەتەنشت ئارەزووی (خەمخواردنی مناڵ و ئەو کەسانەی کە بێ چارە و جوانن). پاش هەموویان ئارەزووی (کۆبوونەوە) دێتە پێشەوە، کە پێویستیمان بۆ یەکگرتنی کۆمەڵایەتی، بەجێ دەهێنێ.

جاری وا هەیە، هۆیەک دێتە پێشەوە، کە ناچارمان دەکات یەکێک لەم ئارەزووانە



بخەینە ژوورەوەی دەروونمانەوە بێ دەنگی بکەین، نەهێڵین سەر دەربهێنێ. خۆیشمان وا چەواشە دەکەین، کە هەرگیز ئەو ئارەزووەمان لە دڵدا نەماوە لە ڕاستیدا «ئێمە ئەو هەستە ناکەین». ئەوساکە «خەم» سەر دەردەهێنێ و دەست بەفرمانی خۆی دەکات لەگەڵ ئەوەیشدا ئارەزووەکە، ئەوەی لە دەست ناچێ کە پەی بەوە ببات، کە خۆی لەناو «بێ دەنگکردن و خۆ دەرنەخستندا» ببینێ و ئاگای لە پاسەوانی هۆشیش بێ کە دەم بەدەم دەیەوێ بیشارێتەوە لە چاوی مرۆڤ ئەوەندەی پێ ناچێ، خۆی ڕادەتەکێنێ و هەڕەشە دەکات بەشۆڕشکردن، بێتو ئەگەر دانی پێدا بنێین و بەشی خۆی ڕێزی لێ نەگرن.

لە ڕاستیدا، کەسایەتیی مرۆڤ، بەهۆی ئەم پشێوییەی ناو دەروونەوە کە دەمودەست لە تەقین دایە، زۆر ئازاری دەگات. چونکە ئارەزوویەکی زۆر گرنگ هەمووددەم بەڕوویدا دەقیژێنێ دەڵێ: «خراپەیان لەگەڵ کردووم. بەلامەوە، گرنگە، کە خراپەم لەگەڵ نەکرێ.

بڕوام وا بوو، کە تێر دەبم. بەڵام ڕەنجەڕۆ کرام. بەهیچ کلۆجێ نامەوێ بخرێمە ئەم زیندانە تاریک و نووتەکەوە. ناشمەوێ بخرێمە پشت گوێوە. ئەوەیش بزانە کەمن بەشێکی گرنگی تۆم!».

ئەوساکە شەڕوشۆر دەست پێ ئەکات. ئنجا «من» دەڵێ: «من ددان بەتۆ دانانێم. چونکە کە دانم پێدانایت. پێی سووک دەبم!» «ئارەزوو»یش بەرپەرچی دەداتەوە،دەڵێ: (پێویستە تۆ دانم پیا بنێیت. جا ئەگەر تۆ ناتوانیت لەم ڕێگایەوە بەکارم بهێنیت، لە ڕێگایەکی ترەوە کەڵکم لێ وەربگرە. بەڵام بەهیچ ڕەنگێ سەربەستیم لێ مەبەرە بەست!».

بەڵام نەء... پێویستە ئەم «ئارەزوو»ە بێ دەنگ بکرێ.

چونکە ئەگەر لەم ڕێگایەوە دەرینەبڕین، ئیتر هیچ پەیوەندییەکی ترمان لەگەڵیدا نابێ... ئا بەم ڕەنگە، ئارەزوو، خەریکی بەرپاکردنی گیروگرفت و سەرگێژکردنمان دەبێ... بام وێنەیەکت بۆ بهێنمەوە:

(جیسی واتیلو) دەبێتە دۆستی لاوێک لە فەرمانبەرەکانی ئەو دەزگایەی خۆی فرمانی تێدا دەکات. ئنجا «جیسی» و دۆستەکەی، هەردووکیان، جاروبار، پێکەوە ئەچن بۆ گەڕان.

بەڵام ئەم دۆستایەتییەیان، هیچ بەرێکی نەگرت و ئەنجامی بەهیچ نەگەیشت. دوایی لاوەکە، کچێکی تری مارە کرد. «جیسی» وای پیشاندا کە بەژن و مێردیتی ئەو دووانە کامەرانە، یاخود هەر هیچ نەبێ، باکی نییە.

سالێک و شتێکی بەسەردا چوو. لەوەدەمەدا «جیسی» وای لێ هات. ئەرکی فرمانەکەی ڕۆژ بەڕۆژ لا گران دەبوو، تا گەیشتە ڕادەیەکی وەها کە لە وزەیدا نەما بوو، فرمانەکەی بباتە سەر. لە کاتی فرمانکردندا، خەموخەفەت سەری تێکرد. سەرکردەکانی، یەجگار بەتەنگ کار و فرمانی تەواوەوەبوون. لەبەر ئەوە تەنگەتاویان کرد. لە لایەکی تریشەوە بەردەستەکانی بێ کەڵک و کاربوون، چالاکییان نەنواند. لەبەر ئەوە ناچار ما، هەر بەتەنیا، خۆی، ئەو هەموو ئەرکە بخاتە سەر شانی خۆی. جا ئەم ڕەنجدانە بوو. کە کاری کردە سەر دەمارەکانی. وای لێ هات ئیتر نەیئەتوانی چاوی بەدەزگاکەی بکەوێ، یان هەر بیریشی لێ بکاتەوە. ئەو پرسیارە حۆشەویستانەی لێیکرا[1]، دەریخست، کە خۆ نوواندنەکەی لە شێوەیەکی وا بێ باک و کەمتەرخەمانەدا، دەربارەی ژنهێنانی دۆستەکەی، زۆری لەسەر کەوتبوو.

لە ڕاستیدا پیشی ئەخواردەوە. چونکە لەو دەزگایەدا فرمانی ئەبینی کە دۆستەکەی تێدا بوو. دەبوو، بەلای کەمەوە، ڕۆژی هەشت کات بەربەستی دەروونی خۆی بکات، نەوەکو هەستی خۆی ئاشکرا بکات.

لە ڕاستیدا، ئەم گفتوگۆ خۆشەویستانەی کە لە بابەت گیروگرفتی هەستیەوە لەگەڵی دەکرا، هەروەها دۆزینەوەی چاکترین ڕێگا بۆ دەربڕینی ئەو هەستە و چارەکردنی ئەو گیروگرفتەی، کەتێی کەوتبوو... ئەمانە هەموو، ناچاریان کرد، کە بکەوێتە ناو جەنگێکی ترەوە، بەڵام بەشێوەیەکی وەها کە ئاگادارییەکی ئاشکراتر و پەیبردنێکی پاکتری تێدا بەکار بهێنێت.

پێویست بوو لەسەری، باوەڕ بەخۆی بهێنێ، کە هێشتا، لە جیهاندا شتی بەنرخ ماوە. لە دواڕۆژیشا پاداشی وا هەیە وەربگیرێ، کە ئەهێنێ پیاو خۆی بۆ ماندوو بکات لە ژیاندا. ئنجا کە ئەوەی بۆ چووە سەر وای لێ هات فرمانەکەی خۆی بەخۆشی و زیندووێتییەکی تازەوە ڕابپەڕێنێ.

ئەم سەرنەکەوتنی هەستەمان، پێویستە پێشوازی بکەین. پێویستە، ئەوەندەی لە تواناییماندایە، بیکەین. هەروەها ئەوەی نایشتوانین بیکەین، بەئاشکرا و ڕوونی، پەیی پێ ببەین. چونکە ئەگەر وا نەکەین، هەرگیز ڕزگارمان نابێ، لە دەست ئەو هەستکردن بەسەرنەکەوتنەی کە لە «خەم»ەوە پەیدا دەبێ.

(١) ڕونر: ئەو پرسیارانەی دەربارەی خۆشە ویستییەکەی لێی کرا.



هیچ چاک نییە، ئارەزووەکانی خۆمان، بەربەست بکەین. سا ئایا پەیوەندییان بەدڵدارییەوە بێ، یان بەگەورەییەوە یاخود بەهۆگریی کۆمەڵایەتییەوە، پێویستە دەربەستیان ببین، پەروەردەیان بکەین، هەروەها لە ژیانیشماندا جێگای شایستەیان بۆ بکەینەوە.

جا ئەگەر هۆیەکی وات هاتە بەردەم، کە بیخاتە سەر بێ دەنگکردنی یەکێک لە ئارەزووەکانت، ئەگەر پێت باش بوو وا بەخۆت بڵێ: «ئازارم زۆر درا، بەڵام ناهێڵم دەروونم بەمە خاو ببیتەوە، یاخود پێی تەنگەتاو بێ، ڕاستە من ئەوەی ویستم بۆم نەچووە سەر. بەڵام، بۆیە وا دەکەم کە ڕەنجێکی باشتر بدەم. ئەمە ڕاستە کە ڕەنجم بەبا چووە. بەڵام، بۆیە وا ئەکەم، کە بەجۆرێکی تر هەستی خۆم دەرببڕم لەناو جەرگی مندا هێزێکی گەورە هەیە، پێویستە بەکاری بهێنم و کەڵکی لێ وەربگرم. ئەگینا ئەگەر وا نەکەم، دەکەومە سەرگەردانی و دڵشکاوییەوە، تا هەم...».

ئنجا کەوات کرد، ئاسایش و ئارام، لە بریتیی ئاژاوە و پشێوی، دەکەوێتە دڵتەوە. پاش ئەوە، ئەوی لە هەموو شت سەیرترە، بۆت دەرئەکەوێ. ئەویش ئەوەیە کە لە دەست «خەم» ڕزگارت دەبێ. من دەزانم ئەمە بەگران جێبەجێ دەبێ. بەڵام جەنگی دەربڕینی کەسایەتیی خۆت، گەورەترین جەنگە کە ئەبێ بچیتە ناویەوە.

کە تۆ کەسایەتیی خۆت شاردەوە لە ڕووی جیهان، واتاکەی ئەوەیە کە لە توانایی‌تدا نییە بەرامبەریی گیروگرفتەکانی ناو دەروونت بکەیت، ئەوساکە ئەوانیش بەهەموو تواناییەکیانەوە ئازارت دەدەن و زیانت پێ دەبەخش.

کەواتە، کامت پێ باشە هەڵیببژێری: دڵی داخراوت دەوێ، یان دڵی کراوە؟ لە ڕاستیدا، تەندروستیی هۆشت بەستراوە بەو وەرامەتەوە کە دەیدەیتەوە.

خەریک بە، بچیتە ناو هۆشی «وولڵ و ۆتەر پرووف»ەوە، کە هەرگیز نەترسا و کۆڵی نەدا و ورەی بەرنەدا لە ژیانیدا، دەیگوت: «هێشتا، گەلێ شتی تر ماوە لە جیهاندا کە دڵمی پێ خۆش بکەم، جیهان هەر بریتی نییە لەو کەس وشتانەی کە لێم هەڵگەڕاونەتەوە و ڕەنجەڕۆیان کردووم. من لە ڕووی پیاوان و شتومەکەکاندا، هەرگیز دەرگای دڵم داناخەم».

تۆ مرۆڤی چاکت لە هەموو شوێنێک دەستدەکەوێ گیرفانی بەخشیش لە ژیاندا هەمووده‌م بێ شتومەک نییە.

لەبیرت نەچێتەوە، ئەوانەی خەموخەفەت دڵیان داگیر دەکات، هەر ئەو کەسانەن کە دڵی خۆیان داخستووە ئەوەیش لەبەر ئەوەیە کە ئارەزووەکانیان، شکێنراون لە ئەنجامی بەندیکردنیانەوە، هەست بەرەنجەڕۆیی دەکەن....

هۆگری ژیانیش ببە، بەڕوویەکی خۆشیشەوە بەرەوپیریی فرمانەکانی ژیان و کارەکانی و دەسەڵاتی و پێویستییەکانی بچۆ. کە وات کرد، بۆت دەردەکەوێ کەسایەتییەکەی خۆت، خۆی، وا ڕاست دەکاتەوە، کە لەگەڵ هەموو کارەسات و بارێکی ژیاندا هەڵبکا و ڕێک بکەوێ جا، تەنیا، ئەوساکە، «خەم»ەکەت بەتەواوەتی لە کۆڵ دەبێتەوە.

**پوختەی وتراو**

١- ئەگەر مرۆڤێک لەوانە بێت کە زۆر بیر لە خۆیان دەکەنەوە، ئەوا تەندروستییەکەی و، قسەی ئەم و ئەو کە لە بارەی خۆیەوە دەبێتەوە، هەروەها ئەوەی کەسانی تر دەیکەن و نایکەن... ئەمانە هەموویان بۆی دەبنە سەرچاوەیەکی خەموخەفەت.

٢- خەمی وا هەیە مرۆڤ کێش دەکات بۆ دەمار کزی و، بۆ دوودڵیی سامناک، کە لە باریاندا هەیە کەسایەتی بکوژن و لە پەلوپۆی بخەن.

٣- ئەو هەڵمی ئارەزووانەی پەنگیان خواردۆتەوە لە دەروونتدا و تەکان دەدەن بێنە دەرەوە، پشوویەکیان بدەرێ، دەربچن، ئەگینا دەروونت دەتەقێنن!...

٤- دەرگاکانی دڵت لە ڕووی جیهان و مرۆڤدا دامەخە!

## چی دەبێ بکرێ؟

٤

وا دەرئەکەوێ، بەشێکی زۆر لە بەشی پێشوو بەرەو ڕووی ئافرەت کرا بووەوە. ئەمەیش شتێکی دروستە، چونکە بەشێکی گەورە لە خەموخەفەتی ئافرەت لەوەوە پەیدا دەبێ کە پەیوەندیی لەگەڵ ئەم و ئەودا تێک دەچێ. بەڵام ئەمە لەناو پیاواندا کەمێک دەگۆڕێ. چونکە پیاو زۆرتر لە ژن ئامادەیە لەگەڵ کارەساتی ڕۆژگاردا، بەئاسانی، دڵی خۆی بسازێنێ.

ئاخۆ، هیچ جارێک سەرنجت داوە لە پیاو کە چەند ئەنازێ بەخۆیەوە، کاتێ کە چەند نیشانێک دەبینێ بەبەرۆکی خۆیەوە؟ یاخود کەمەکێک سەرکەوتن و پەسندکردنی کارەکەی دەستدەکەوێ؟ یان بەرێکەوت لە یاریی (گۆڵف)دا، پیاویش جۆرێکە لەو گیانلەبەرە



بلیمەتانەی کە حەز بەفرمانکردن دەکات و، دڵخۆشکردنیشی بەئاسانی پێک دێ، هەر بەو مەرجەی کە هۆی وای دەست بکەوێ کە کەسایەتیی خۆی پێ دەرببڕێ و کار و فرمانیشی بەشی خۆی پەسەند کرێ.

بەڵام ئەگەر هاتوو خۆی خستە کونەوە و دەستەوئەژنۆ بۆی دانیشت و نەهێڵرا کەسایەتیی خۆی پێشان بدات، بێ گومان، دەکەوێتە بەرچنگی خەم.

ئنجا ئەو پیاوەی کە هەست دەکات بازرگانییەکەی لە ڕاوەستان دایە، یان فرمانەکەی لە دەست چووە، یاخود گەل لێی ناپرسێتەوە لەبەر هەر هۆیەک بێ... ئەو پیاوە لە ڕاستیدا، تیر دەدرێ لە جەرگی و لە ژنەکەی خۆی زۆرتر دڵشکاو دەبێت.

کاتێ کە ژنەکەی، بەدڵ کراوەیی دەمێنێتەوە و، بەمێشک ڕوونی، دڵی پڕ ئەبێ لە گەشایش و خۆشی. کەچی ئەو گرژ و مۆن و، تووڕەتڕۆ دەبێ. هەروەک چاوت پێی دەکەوێ، ژنەکە ئەوی پێ باشە، کامەرانە بەخۆشەویستی ئەوەوە، دڵخۆشە بەدەربڕینی هەستی خۆیەوە بەرامبەری ئەوەتا هەرچی بۆ سرەوتی مێردەکەی بەکەڵک دێ بۆی پێک دەهێنێ. کەچی ئەو وای بەپێویست دەزانێ کە کەسایەتیی خۆی بەو ڕەنگە دەرببڕێ لە جیهاندا، کە دەسەڵاتدار بێ بەسەر هەموو شتێکدا، لە پیشەکەی خۆیدا سەرکەوتوو بێ، لەناو دۆست و هاوفرمانەکانی خۆیشیدا بڵند ببێتەوە. ئەگەر هاتوو لەمانە بێ بەشت کرد، دەمودەست خەم وخەفەت دڵی داگیر دەکات.

ئەمەیش وێنەیەکە لەو جۆرە کەسانە:

«وولیەم» سەرکردەی کۆمەڵێکی وەرزین بوو لە شارەکەی خۆیدا. وا ڕێکەوت، لە کۆبوونەوەیەکیاندا گیروگرفتی دۆزینەوەی یانەیەکی تازە بۆ کۆمەڵەکە، گفتوگۆی لەسەر کرا. «وولیەم» لەم بابەتەوە. بیروباوەڕێکی تایبەتیی خۆی هەبوو. بەڵام جێ نشینەکەی بیروباوەڕێکی پێچەوانەی هەبوو. لەناو کۆمەڵەکەدا، بوو بەمقۆمقۆ و چەقەچەق. دوایی ئەندامەکان دەنگیان لەسەر دا. کەچی قسەکەی «وولیەم» ژێر کەوت.

ئیتر لەو ڕۆژەوە «وولیەم»، پێی نەدەکرا بۆ یانە تازەکە بەتەنگەوە بێ، کەمتەرخەمیی دەکرد. چونکە لەشی تێکچوو، ئازارێکی زۆری تووش بوو. پاشان وای لێ هات خەویشی لێ نەدەکەوت. لەبەر ئەوە ناچار ما ئێواران تەرخان بکات بۆ سرەوتێکی تەواو.

بەم ڕەنگە، دوایی، ناچار بوو واز لە هەموو کارگوزارییەک بهێنێ لە یانەکەدا. لە ڕاستیدا، ئەمە ڕووداوێکی زۆر ناخۆش بوو. چونکە «وولیەم» پیاوێکی یەجگار باش

بوو. هەموو لەشی پڕ بوو، لە گەشی و خۆشی و خوێن گەرمی. بەهەموو ڕەنگ، هەموو کەس دڵخۆشیی دایەوە. دوایی وای لێ هاتەوە، کە بەخۆیدا ڕابپەرمۆی، سەرکردەیی کۆمەڵەکە بگرێتەوە دەست.

لە ڕاستیدا، «وولیەم» لووت بەرزییەکی یەجگار گەورەی هەبوو. بەرپەرچدانەوەی ڕاوێژەکەی، بەڵام کە توانیی زاڵ ببێ بەسەر ئەو بەرپەچدانەوەیەدا، هەروەها کە پەیی برد بەوەی کە هێشتا لە توانایدا هەیە بەکاری کۆمەڵەکەی بێ، کە هێشتا ئەندامێکی گرنگی پێویستە بۆ یانەکەی، خەموخەفەتەکەی بۆ تەندروستییەکەی ڕەوییەوە و لاچوو.

ژنەکەی لەوە تێگەیشتبوو کە ئەو خەموخەفەتەی، لە شکاندنی قسەکەیەوە، تووش بووبوو. لەگەڵ ئەوەیشدا لەوەیش ئاگادار بوو، کە ئەم کارەساتە، بۆیە لە مێردەکەی قەوما، چونکە «لە وزە بەدەر سەرنجی لە هەموو شتێک دەدا و لێی دەکۆڵییەوە.». ڕاستییەکەیشی ئەوە بوو، کە لە وزەبەدەر سەرنجی لە کەسایەتیی خۆی دەدا و لێی دەکۆڵییەوە. خەمخۆرییەکەیشی بۆ تەندروستیی خۆی، دوور بوو لە ڕاستییەوە.

خۆی چەواشە دەکرد. چونکە، لە ڕاستیدا، ئەوی بریندار کرا بوو، هەر کەسایەتییەکەی بوو، نەک لەشی. ڕەنگە تۆ ئەمە بەکردەوەیەکی منداڵانەی تەواو دابنێیت. لەگەڵ ئەوەیشدا «ولیەم» لەو جۆرە پیاوانە بوو. ئای ئەم کەسانە چەند زۆرن!...

بەڵام، ئەو خەمە ڕاستەقینانەی کە لە کاروباری بازرگانییەوە، یاخود لە گیروگرفتی خێزانییەوە، پەیدادەبن و پێمان ناکرێ چارەیەکیان بۆ بدۆزینەوە، بابەتیکی ترن. ئێمە ناتوانین بەسەر ئەوانەدا زاڵ ببین. منیش ناتوانم هیچ ئامۆژگارییەک لەم ڕووەوە پێشکەش بکەم، بۆ بڕاندنەوەیان و چارەکردنیان. چونکە ئەگەر بمتوانیایە، هەموو کەسێک فێری ئەوە بکەم کە چۆن لە فرمانەکانی خۆیدا، هەموودەم، سەر بکەوێ، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە بەربەرەکانێیەکی یەجگار زۆر هەیە لە ناودا، یاخود ئەگەر بمتوانیایە بۆ هەموو کەسێک فرمانیک بدۆزمەوە، یان بمتوانیایە فێربوونێکی وەهات فێر بکەم کە هەرگیز هەڵە نەکەیت لە یاریکردنی تۆپی پێدا... ئەگەر بمتوانیایە ئەمانە بکەم، ئەم نووسراوە بچکۆلەیەم نەدەنووسیەوە. دەبوو نووسراوێکی زۆر گەورەتر لەمەم بنووسیایەوە، کە هەموو جیهان چاوەڕوانیان دەکرد تەواو ببێ.

داخەکەم لە دەستم نایەت شتی نەبوو و نەبیستراو دابهێنم! هەروەها، کەسی وام نایەت بەبیردا، لەوانەی دەیانناسم، بتوانێ شتی وا بکات کە لە توانای کەسدا نەبێ. کەواتە، چاوەڕوانی ئەوە مەکە، کە من بتوانم هەرچی هۆیەکی خەم هەیە لە ناوی ببەم. بەڵام ئەوەی



بۆ ئێمە بەکار دێ، ئەوەی کە ڕێگەیەک بدۆزینەوە بۆ ئاشنابوون بەو هۆیانە بەشێوەیەکی چاک و شیرین، پاش ئەوە بۆ چارەکردنیان. گوایە چیمان لە دەست دێ بیکەین بەرامبەر هەندێ باری تایبەتیی خەم؟

لەپێش هەموو شتێکدا، دووبارەی دەکەمەوە، کە تۆ نابێ، چاوەڕوانی ئەوە بیت کە شتی نەبینراو و نەبیستراوت بۆ بێتە بەرهەم. چونکە ئەوەت کە دەست نەکەوت، خەمێکی تریش دەخەیتە سەر خەمەکەت. بیرم دێ ئافرەتێکی نەناسیاو، ڕۆژێک هاتە لام، لێی پرسیم: ئاخۆ دەتوانم دەستیاو (قرض)ێکی پانزە دیناریی بدەمێ، کە لەپاشدا هەر هەفتەی (٢٥٠) فلسی لێ بداتەوە، تا تەواو دەبێ.

ئافرەتەکە (پیانۆ)یەکی دەست کەوتبوو لەسەر شێوەی (بیگرە بەکرێ و بیکڕە). بڕوای هەبوو بەڕوودانی شتی سەیر و نەدیتراو و نەبیستراو. پاشان بۆم دەرکەوت، وایش تێگەیشتبوو منیش لەو جۆرە کەسانەم کە ئەو بڕوایانەیان هەیە. چونکە کە من ئامۆژگاریم کرد نرخی پیانۆکە وا بدات بەخاوەنەکەی، وەک لە منی داوا کرد بیدەمێ و بمداتەوە، پێیی لێ نا کە ئامۆژگارییەکەمی پێ باشە، بەڵام ئەوەی بەبیردا نەهاتبوو!... چونکە ئەوەندە بەپەرۆشەوە بووە ئەو پارەیەی دەست بکەوێ، خەم سەری لێ شێواندبوو! زۆر کەسی تریش هەن وەکو ئەم ئافرەتە، لە پیاو و لە ژن، دەیانەوێ دەستێکی پەنهانی بگاتە فریایان و لەو تەنگوچەڵەمانەی تێی کەوتوون ڕزگاریان بکات ئەوەندە توانایان نییە، تۆزێک خۆیان ڕابهێنن بەیاساپەروەرییەوە، بۆ ئەمەی بەچەند هەنگاوێکی بچووکی لەسەرخۆ و ژیرانە، بەرە بەرە، خۆیان ڕزگار بکەن، یاخود ڕاستە و ڕاست ڕووبەڕووی گیروگرفتەکەیان بوەستن، یاخود ئەو فرمانەی پەکی کەوتووە، بەرە بەرە ڕاییپەڕێنن.

دیارە ئەو پیاوە یاخود ئەو ئافرەتەی داما بێ لە جێی خۆیدا هیچ جووڵەیەک نەکات و، هەر چاوەروانی ئەوەیش بێت کە خودا لە ئاسمانەوە فریشتەیەکی بۆ بنیرێ گیروگرفتەکەی بۆ لابەرێ، هەر بەشی ئەوە دەبێ کە تا دەمێکی دوورودرێژ خەم بخوات و پیش بخواتەوە.

ڕووبەڕووی گیروگرفتەکەت بوەستە، هیچ نەبێ خەریکی شتێک ببە دەربارەی بکەیت، بەڵام نەکەیت، دەستەوئەژنۆ دابنیشیت. هەروەها نەکەیت خۆت چەواشە بکەیت و خەریک بیت گیروگرفتەکە لەبیر خۆت ببەیتەوە. ئەگەر بازرگانییەکەت، کەوتبووە کزییەوە، بڕیارێک بۆ چارەکردنی بدە و دەست بکە بەجێبەجێکردنی. ئەنجام هەرچۆنێک دەربچێ، تۆ ئەوەندەی پێت دەکرێ بەژیری ئەو چارەکردنەت ببڕێنەرەوە. بەڵام مەرج ئەوەتا دەست پێ بکەیت.

ڕووبەڕووی گیروگرفتەکەت و ئەنجامەکانی، ڕاست ڕابوەستە، هەر ڕێگایەکیش بەباش ئەزانیت، پیا بڕۆ بۆ گەیشتن بەئامانجت. لە هەژاری مەترسە. چونکە لە هەژاریدا، سەرگەردانی نییە، چارەی دەکرێ، لە ترسی هەژاریدا سەرگەردانی هەیە.

دوور نییە هەژاری ببێتە سەرچاوەیەکی نیاز بەخشین، ئەگەر بەباوەڕ و ئازایەتییەکەوە بەرگەی بگرین. ئەو زیانەی لە هەژارییەوە، پێمان دەگات، لە نیوەی ئەو زیانە کەمترە کە تەنیا لە خەم لێ هاتنی هەژارییەوە تووشمان دەبێت. کەواتە دوودڵ مەبە و دامەچڵەکێ پڕ نیاز بە و بڕیار بدە! پاشان بۆت دەردەکەوێ کە فرمانێکی بەهێز و هەڕەت، لەم پێناوەدا، ڕزگارت دەکات لە بارێکی بیرکردنەوەی گران. لە ڕاستیدا، ئەو ترسەی لە ڕوودانی شتێکی ناچارییەوە پەیدا دەبێ هەر ئەوە کە دەبێتە هۆی گڕگرتنی هۆش لەناو ئاگرێکی بێ سامانی خەموخەفەتدا.

چەند ساڵێک لەمەوبەر، بەکەینەوبەینەی پیاوێکم زانی، کوێرانە دەبزووتەوە لەناو گیروگرفتەکەیدا، زۆری نەما بوو شێتی بکات. ڕۆژێک هاتە لام، هەمووی بۆ گێڕامەوە. پێم گوت: «باشە، بەلای تۆوە پێویستە چی بکەیت؟»

پاشان کە بیری خۆی بۆ دەرخستم، بەڕووخۆشی و مەراییەکەوە پێم گوت:

«کەواتە، هیچی نەماوە ئەوە نەبێ، بڕیارێک لەسەر پێشنیازەکەی خۆت بدەیت و دەست بەجێبەجێکردنی بکەیت.».

ئەویش دوا بڕیاری خۆیی لەسەر دا. ئەنجامی ئەوەیش بەوە گەیشت، کە مێشکی خۆی خستە سرەوتەوە و لە دەست خەموخەفەتێکی گەورە ڕزگاری کرد. ئەویش لەبەر ئەوە، بەو ئەنجامە گەیشت، کە ئەو ئەرکەی هاتبووە سەرشانی، ڕووبەڕووی وەستا، بۆ چارەکردنی.

ئەو پیاوە ئێستا، سەری ئاسودەیە، لەشیشی لە هەموو ساڵەکانی پێشووی چاکترە. لە لایەکەوە، تۆڵەی بۆ دەکرێتەوە، لە لایەکی تریشەوە پاداشی دەدرێتەوە، ئێستا کە ئەویش بۆ خۆی دەستی کردووە بەخۆشی بینین لە ژیان. ئەویش لەبەر ئەوەیە، کە ئەو تا پێی کرا فرمانەکەی بەچاکی بردە سەر، جگە لەوە کاروباریشی جێ هێڵا کە لە ڕێی خۆیەوە بڕوا. ئایا پێی دەکرا لەوە چاکتر بکات؟

دوور نییە کاروبار، لەم بارەوە بگۆڕێ بۆ ئەوبار. بۆی هەیە جارێکی تریش بەخت ببێتە یارت. ڕەنگە ڕێگای ڕاست بۆ تۆ، ئەو ڕێگایە نەبوو بێ کە خۆت داتنابێ. خودا ئەوە باشتر دەزانێ!

بیر لەم ڕستە بچووکە بکەرەوە: «خودا ئەوە باشتر ئەزانێ!...» چونکە پڕە لە واتای



ڕەنگاوڕەنگ. بەڵام من خۆم، باوەڕم وایە کە هێزێکی خودایی لە ئارادا هەیە، ئاگادارە لە کاروبارمان، تەماشای گەشەکردنی ڕەنج و تێکۆشانیشمان دەکات. منیش لەو پیاوانەی ئەم سەردەمە نیم، کە باوەڕم وا بێ: جیهان پڕە لە ئاژاوە و بێ سەروشوێنە و کەس نییە لە کەس بپرسێتەوە و هیچ یاسایەکی نییە لەسەری بڕوات. بەڵکو بڕوام وایە، کە زۆر کاروبار هەیە تێیان ناگەم، زۆری وایش هەیە، دەسەڵاتی ئەوەم نییە چاکیان بکەمەوە و ڕاستیان بکەمەوە.

ئەوەی بەتەنگیەوەم ئەوەیە هەرچیم لە دەست دێ بیکەم، بۆ ئەمەی ئەو کار و فرمانەی لە بەردەممدایە بەباشترین شێوە بیبەمە سەر، هەروەها بەپێی جێ و ڕێ و دەسەڵاتی خۆم چاکترین بڕیار بدەم لەسەر ئەم کار و فرمانانە. تەنانەت لە کاروباری وایشدا کە لە یاریی (گۆڵف) بکات، پێویستە لەسەرم تا پێم دەکرێ بەچاکی یارییەکە بکەم، پاشان چی مایەوە دەیدەمە دەست خوا: چی خۆی پێی خۆشە ئەوە بکات. جاروبار هاوڕێکەم، بۆڵەبۆڵ دەکات و تێک دەچێت. بەڵام وا باشترە ئەو بۆڵەبۆڵ بکات و دڵتەنگ ببێ. نەک من بۆڵەبۆڵ بکەم و دڵتەنگ ببم. من فرمانی خۆم بەجێ هێنا، لە هەموو بارێکا، ڕەنجمدا کە یارییەکە لە چاکترین شێوەدا بکەم. ئیتر خەموخەفەت بۆچ بخۆم؟

زۆر شتی وا هەیە، پێمان ناکرێ بەچاکترین شێوە جێبەجێی بکەین. (تەواوی) لە دەست ئەم جیهانە ناوەشێتەوە. بەڵام، ئەوەی تەواو ڕاستە، ئەوەیە، بام سەیریش بنوێنێ بەلامانەوە: ئەگەر فرمان و کار، بەهۆشێکی لەسەرخۆ و بێ دەنگە دەنگەوە کرا، چاکتر پێک دێ لەو کار و فرمانەی کە زۆر پێوەی خەریک ببین، بام هەندێ لەو کاتانەیشمان لە کاتی نوستن پچڕیبێ.... ئەو خەمەی دەیخۆین، هەمووی لە ئەنجام خۆپەسەندیی و لە خۆبایی‌بوونی خۆمانەوە پەیدا بووە... هەرچەندە وا چاکترە کە تا ئەندازەیەکی باش «خۆپەسەندی»مان ببێ، هەروەک (سکۆتلاندییەکان) دەفەرموون، بەڵام نابێ بگاتە ئەو ئەندازەیەی، کە بەربەستمان بکات لە بیرکردنەوە لە سەرنەکەوتن و سەرنەگرتنی کارمان. چیت لە دەست دێ بیکە، هەرچیش مایەوە بیدەرە دەست خودا!....

ئێمە بۆیەکا لە فرمان بینین دەترسین، چونکە لە ئازاردان دەترسین. ئێمە لە شتی نەزانراو دەترسین، لەواتە و وێژەی مرۆڤ دەترسین. ئەگەر هاتوو شتێکمان دۆزییەوە و بتوانین بیکەین، جێبەجێکردنی ئەو شتە ئەوەندەمان ئازار نادات کە بەدوودڵی و بێ بڕیار بمێنیتەوە لە ئاستی ئەودا. لە فرمان بینیندا خۆشی هەیە. بەڵام لە سەر لێ شێواویدا ئازار هەیە. کەواتە بۆچ دەهێڵی تەمەنی ئەم ئازارە درێژتر ببێ؟

ئەوەی هێشتا لامان ئاشکرا نەبووە، هەرچیمان بەسەربهێنێ، لەکاتی خۆیدا ئاشکرا دەبێ. کەواتە بۆچ لێی بترسین؟ کێ دەڵێ دواڕۆژمان لە ڕابوردوومان پڕشنگدارتر و گەشتر و بۆن خۆشتر نابێ؟ ئەنجامی هەنگاوێکی بێ باکانە، بەو جۆرە خراپ دەرناچێ کە ئێمە دەیهێنینە پێش چاومان. ئەگەر هۆشێکی یەک لایی پێشوازی بکات، لەوانەیە کە تاڵی و ئازاری ئەنجامەکە لەناودا نەمێنن. هەروەها کەسایەتییەکی یەک لایی، لە توانایدا هەیە ئەو ئەنجامە بەجۆرێکی ئاسانی وەها چارە بکات، کە هەر بەبیرماندا نەهاتبێ.

بەڵام، دەربارەی ئەو بەند و باوانەی ئەم و ئەو دەریدەکەن من پێت دەڵێم: لێیان بگەڕێ، چییان لە دەست دێ بام بیکەن. هەموو کەس مافی هەیە قسە بکات. ئێمە خۆیشمان پێویستیمان بەوە هەیە کە جارێک خەموخەفەتی دڵمان دەربکەین، ئەگینا دەتەقێین. چەنەبازیش، لە باریدا هەیە زۆر تەم و خەم لە دڵمان دەربکات، کە ئەگەر لە وزە دەرنەچێ، ئازاری کەس نادات. جگە لەوە، کەس لەوانە نییە، نیو ئەوەندەی تۆ بەبیرتدا دێت، پێتەوە خەریک ببێ، خۆی بەتۆوە خەریک بکات. تۆ باوەڕم پێ بکەیت یان نەیکەیت، من ڕاستە و ڕاست پێت دەڵێم: هەموو کەس، تا ئەندازەیەکی گەورە، خەریکی دەردی خۆیەتی، ناپەرژێتە سەر تۆ، خۆیت پێوە خەریک بکات.

ڕاست و ڕەوان بڕۆرە پێشەوە و دەست بکە بەفرمان، خەم لە خۆیەوە تەفروتونا دەبێت!

**پوختەی وتراو**

١- زۆر خۆت بەگەورە مەزانە، ئەوەندەیش لە خۆت مەکۆڵەرەوە.

٢- هەرگیز چاوەڕوانی دەستێکی جادووگەرانە مەبە کە لەو قوڕەی تێیکەوتوویت دەرتبهێنێ. بەڵکو سنگت بنێ بۆ پێشەوە بەرامبەریی[١] گیروگرفتەکەت بکە، دەست بکە بەچارەکردنی.

٣- خۆت وا ڕابهێنە: لە باش بیرکردنەوەیەکی قووڵ لە گیروگرفتەکەت، چیت لە توانابیدایە بەباشی چارەی بکەیت، هەرچییەکیشت پێ جێبەجێ نەکرا بیدەرە دەست خوا، ئەو خۆی جێبەجێی دەفەرمووێ.

٤- پێبکەنیت، هەموو جیهان لەگەڵتا پێ دەکەنێ. بگریت، هەر خۆت دەگریت!

(١) بەرامبەریی: (مواجهة).



## هی وا هەیە لە خەم خۆشی وەردەگرێ

### ٥

وا دەردەکەوێ کە خەم خۆشییەکی تیا هەبێ، ئەگینا کەس ئەوەندە هۆگری نەئەبوو!...

خەم یارمەتیمان دەدات لە «بۆژۆکردن»ی کاردا، سا دەربڕینی قسەکەمان ڕاست بێ یان نا، ئێمە پێمان دەکرێ، لە جێی خۆمان بستێک دوور نەکەوینەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا خۆمان بخەینە جەربەزەییەکی تەواوەوە و، ئەو ئارام و سرەوتەی کە لەسەرگرتنی جەربەزەییەکەمانەوە دەستمان دەکەوێ، دەستمان بکەوێ.

لە سەردەمی شەڕی جیهانیدا، لە یەکێک لە میوانخانەکاندا، شەش پیاوی پیر لەسەر تەختە درێژەکانیان ڕاکشابوون. کاروباری شەڕ بەدڵی فەرمانڕەوایی سوێندخوارەکان هەڵ نەدەسووڕا. ئەو شەش پیاوە پڕ بەدڵ بیروباوەڕی خۆیان دەربڕی، لە بابەت ئەو فرمانانەوە کە دەبێ سەرکردایەتی بەرز، ڕایانبپەڕێنێ و، ئەو فرمانەی کە نەدەبوو ڕایانبپەڕێنێ.

پاشان کە گەیشتنە سەر ئەوەی بەسەرکردایەتییە بەرزەکە بڵێن: گێژوویژ و تاوانبار بووە، یەکێک لەو شەش پیاوە ڕاست بووەوە، کە هەتا ئەو کاتە بێ دەنگ بوو، هەر گوێی لێ دەگرتن، و دەستی کرد بەپیشاندانی ئەو هۆیە ڕاستەقینەیەی کە شەڕ بەفەرمانڕەواییە سوێندخوارەکان دەدۆڕێنێ، پێی گوتن:

«پێی ناوێ درێژەی پێ بدەم. هۆیەکە ئاشکرا و دیارە و بەئاسانیش تێیدەگەین. هۆیەکە ئەوەیە کە چاکترین سەرکردە، لێرەدا، دانیشتوون!».

بێ گومان، ئەوە بارێکی ناخۆش بوو. خۆت لە خۆتەوە تێیدەگەیت. لەگەڵ ئەوەیشدا، خەمی ئەو شەش پیاوە گەورەیە لە بابەت ڕەوشتی شەڕەکەوە، یارمەتیی دان، شەوێکی خۆشی ڕاستەقینە ڕاببوێرن.

هەر بەم جۆرە، خەمخواردن لە ناوەند خۆت و خۆتدا، خۆشیت پێ دەبەخشێ. تەماشا دەکەیت، پیرێژنێک هەیە ناتوانێ بچێتە دەرەوە لە ماڵ. بەڵام کچەکەی خۆی ئامادە کردووە بچێتە ناوشار، بام بڵێین، بۆ ڕابواردنی ئێوارەیەک لای یەکێک لە دەستەخوشکەکانی. گوێ بگرە لە دایکەکەی چی بەکچەکەی دەڵێت، کەچی هێشتا خۆی لەناو کورسییەکەی دایە دانیشتووە، بەجێی نەهێڵاوە:

«ئاگات لە خۆت بێ کچم، تا دێیتەوە دڵم بەتۆوە خەریک دەبێ!».

پیرێژنەکە خۆشیی لەو خەمە دەبینێ، کە بەلایەوە لەوە خۆشتر نەبوو چونکە خەم جێگای فرمانی بۆ گرتبوو. بەلای پیرێژنەکەوە، چوونە دەرەوەی کچەکەی بۆ ڕابواردنی ئێوارەیەک لەگەڵ دۆستێکیدا، جۆرە جەربەزەییەکە، تەنگوچەڵەمە و گیروگرفت هەر چوار لای تەنیوە. لە توانایشیدا هەیە کە دڵی خۆی وا بڵند بکاتەوە، کە تا کچەکەی لە دەرەوە بەلەش خۆشییەوە ئەگەڕێتەوە ماڵێ، چەند کاتێکی خۆش بەخەم و پەژارەوە ڕاببوێرێ بەو هیوایەی کە ئەو هاتەوە، لە دەست هەردوو دەردەکە بەخۆشییەوە ڕزگاری دەبێ.

پیرێژنەکە ڕێی داوە بەهۆشی، کە لە بریتیی نەجووڵان و بێ فرمانییەکەی شتێکی وا بدۆزێتەوە کە دڵی خۆی پێ دامرکێنێ. ئەگەر بەخەمی کچەکەیەوە نەبووایە، ئەو چەند کاتەی کە کچەکەی لە دەرەوە بوو، بەچیی ڕابوواردایە؟

جا لەبەرئەمەی کە خەم دەبێتە جێ نشینی جووڵان و تێکۆشان بەلای هەندێ کەسەوە، ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە ئەو جۆرە کەسانە خۆشیی لێ دەبینن و پەسەندیشی دەکەن.

زۆرجاری وایش هەیە کە دایکە هەرزەکارەکان، هەر بەم جۆرە خەمخۆریی منداڵەکانیان دەکەن. کە «جێمی» دەچێ بۆ خوێندنگا دایکەکەی وێنەکەی لەپێش چاویدایە لە مێشکی دەرناچێ. ڕێگاکە پڕە لە ڕێبوار و ئۆتۆمۆبیل و شەمەندەفەر ئاخۆ «جێمی» ئەوەندە ئاگای لە خۆی دەبێ، کە خۆی بپارێزی هیچی لێ نەیێ؟ وا دەردەکەوێ باران ببارێ، ئاخۆ «جێمی» کەمتەرخەمی ناکات، دەستبەجێ (بەرگە - بارانە)کەی خۆی لەبەر بکات؟ تۆ بڵێی منداڵە گەورەکان ئازاری نەدەن؟ تۆ بڵێی ئامۆژگارییەکانمی بیر بکەوێتەوە و لەپاش تەواوبوونی خوێندن ڕاستە و ڕاست بگەڕێتەوە ماڵەوە؟ ئەم پرسیارانە و گەلێک پرسیاری تریش هوروژم دەبەنە مێشکی دایکەکەوە، ئیتر وای لێ دێ خەموخەفەت بۆ کوڕەکەی سەری تێ دەکا و لە دەستی ڕزگاری نابێ.

یەکێک لەو شتانەی کە بەتەواوەتی دڵمان دادەمرکێنێتەوە ئەوەیە، کە یەکێکمان هەبێ خەمی بخۆین. لەگەڵ ئەوەیشدا خەم بەچاکترین هۆ دانانرێ بۆ دەربڕینی هەست و بیروباوەڕمان. بەسایەی خەمەوە، بەشتێکی زۆر لە هێزی هۆش بەخت دەکرێ، کە دەتوانرا بۆ مەبەسێکی باشتر لە خەم بەکاربهێنرێ. خەم بریتییە لە تۆڵەیەکی ناڕاست لە پێناو کار و فرمانێکی ڕاستەقینەدا. کەواتە وا چاکترە بەدووی شتێکی تردا بگەڕێین و مەندانە و بێ دەنگانە بیدۆزینەوە.

پاش ئەوە، تەنانەت بۆ ئەوانەیش کە خۆشماندەوێن، هەر وا باشترە کە کەسایەتییەکی مەند و بێ دەنگمان هەبێ، دوور بێ لە ژیانێکی پڕ ئەرک و ئازار بەهۆی تەنگوچەڵەمە و



گیروگرفتێکەوە کە نەبووە و نییە. ئەو پیرێژنەی کە هەر بەخەم و پەژارەی کچەکەیەوە خۆی خەریک بکات، بێ گومان کچەکەی بەدەردێکی وای دەبات، کە جگە لە دایکی کەسی تر نەتوانێ لەگەڵیدا بژی. هەروەها ئەو دایکەی کە هەموو کاتێکی ڕۆژەکەی بەخەمی کوڕەکەیەوە بتلێتەوە لە باریدا هەیە وا لە کوڕەکەی بکات کە هیچ باوەڕێکی بەخۆی نەمێنی.

خۆت وا ڕابهێنە کە دەروونت پڕ ببێ لە ئاسایش و هێزی پشت بەخۆبەستن، نەک ترس و بێ ئارامی. چونکە ئەگەر وا ڕاهاتین، کەسایەتییەکانمان دەگۆڕێتە بارێکی چاکتر و بەکەڵکترەوە، ئەیشتوانین، ئاسانتر خۆشەویستیی کەسانی تر کێش بکەین.

ئنجا ئەگەر ئەوەی خۆشت دەوێ، ئەوەندە بەپەرۆشیەوەیت ناتوانیت تاوێک بیری لێ نەکەیتەوە و تاسەی نەکەیت، ئیتر بۆ چ بۆی ناپارێیتەوە لە خودا، کە ئاگاداری بێ و، بیسپێری بەئەو؟ ئێمە هیچمان پێ ناکرێ بۆ ئەو خۆشەویستانەمان. لەگەڵ ئەمەیشدا، هەرچییەکیان لێ بقەومێ خودایەکی گەورە بەو سەرەوە هەیە ئاگادارییان بکات... ئنجا ئەگەر بتوانین بەوە بسرەوێین کە پەی بەوە ببەین ئەو خۆشەویستانەمان لە ناوەند دوو دەستی چاک و بەکەڵک دان، ئەوساکە ئیتر بەتێگەیشتنێکی زۆرترەوە تەماشای فرمانی ڕۆژانەمان دەکەین، کە دڵیشمان بەوە ئاسوودەتر دەبێ.

ئەم خەمە کەمانەی کە لە سەرەوە ناومان بردن، بەهۆی هەستمانەوە پەیدابوون. ئەمانەیش پاکانە بۆکردنیان ئاسانە، هەرچەندە زۆرجاری وایش هەیە کە دەبنە هۆی پەیدابوونی ماندووبوون و بێ ئارامی کە دوور نییە ئازار بەزۆر کەسانی تر ببەخشن.

هەرچی چۆنێک بێ، هەندێ خەمی تریش هەن، پێویستە لە ڕەگ و ڕیشەوە دەربهێنرێن. چونکە بریتین لە کردەوەیەکی خراپ لە کردەوەکانی ئەندێشە، هەروەها سرەوتێکی درۆزنانە پیشان دەدەن لە لایەن ئەو کەسانەوە کە شتێکی کەم نەبێ هیچیان لە دەست نایەت بیکەن. ئەوانە ئەو کەسانەن کە لە دەست گیروگرفتی ڕاستەقینەی ژیان هەڕا دەکەن.

چ پەزیشکەکان، چ زۆر کەس لە خۆمان، شارەزای ئەو جۆرە کەسانەن کە هەموودەم لە خەمی ئەوەدان گیانیان لە دەست بچێ، کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا، بەدرێژایی ساڵ وەستاون، چارەیەکی خۆیان ناکەن. ئەوانە هۆگری ئەو جۆرە کەسانە دەبن، کە تووشی نەخۆشیی (کزیی گیان) بوون، کە تەنانەت لەسەر چایی خواردنەوەیش، شەرم ناکەن، لە بارەی گیانی خۆیانەوە دەدوێن. ئەوانە، لە شێوەیەکی دوروستدا، لە خەمخواردن، دڵخۆش دەبن. کە خەمیش دەخۆن، خوتوکەیەکی خۆش بەلەشیاندا دێ. خەمەکانیان، بریتین لە تۆڵەیەک،

لەپێناوی ژیانێکی ئامانجداردا کە لە دەستیان چووە، دەستیان کەوتوون. لە ڕاستیدا، ئەوانە، لە ژیان دەترسن بەخۆشی و ناخۆشییەکانی و هەڵەکانیەوە. جا لەبەرئەمەیە کە لە کاتی تەنیایی و دوورییاندا، لە چالاکیی ڕاستەقینەی جیهانی، بەپێویستی دەزانن شتێک بدۆزنەوە، خۆیانی پێوە خەریک بکەن. ئەوانە بەدوای ئاسایش و ئارامی دڵدا دەگەڕێن. بەڵام ئەوەی بۆ ئەوان پێویستە، ئەوەیە کە شەڕ هەڵبگیرسێنن. بەڵێ! شەڕ هەڵبگیرسێنن لە دژ بەدکرداریی خۆیان، یاخود لە دژ دەردێک لە دەردەکانی هۆشیان . بەو ڕەنگە، دەروونیان لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر دەگۆڕێ. ژیانیش لایان، لە شێوەیەکی چالاکیی پەسنددا (لە ڕووی هەستەوە) ، بەبەرجەستەیی دەردەکەوێ.

هەروەها، خەمخواردنی جیهانیش، بەجۆرێکی تێکڕایی، سرەوتێکی درۆزنانە پێشکەش دەکا، بەلای ئەو کەسانەوە کە نەخۆشیی گیانیان هەیە. ئەو خەمە، ئاواتی ئەو ڕۆژانەی پێوەیە، کە ئەگەر ئەو لە ناودا نەبووایە، ئەو ڕۆژانە، لە وزەی پیاودا نەدەبوو، بەرگەیان بگرێت. کەم نین ئەو کەسانەی کە هەمووددەم لەوە بیر دەکەنەوە کە نیشتمانەکەیان چیی بەسەر دێ، بەتایبەتی لەکاتی کەلوپەل ڕەوانەکردن و، بڵاوبوونەوەی کۆمونیستی و شتی تردا.... کەچی خوێشیان زۆر باش دەیزانن کە (یاسا) فەرمانڕەوایە بەسەر هەمووماندا و، پیاوی کاروباری وایشمان تێدا هەڵکەوتووە، کە لە باریاندا هەیە، کاروباری هەموو نەتەوەکەمان بەباشی هەڵبسوورێنن!

ئەوانەی هەژار و بەسەزمانن، ئەوەندە خەمی گیروگرفتی جیهانی ناخۆن. ئەویش لەبەر ئەوە نییە کە ئەم گیروگرفتانە بەلایانەوە بێ بایەخ بن، بەڵکو لەبەر ئەوەیە، کە ئەوان لەبەر ڕەنجدانی ڕۆژانەیان لە پێناو پەیداکردنی ناندا، پێویستە بیروباوەڕی دەروونی خۆیان لە شێوەی فرمانکردندا دەرببڕن.

بەڵام ئەوانەی بەدوای هۆی خەمخواردندا دەگەڕێن، لە توانایاندا هەیە، ببنە مایەی بێزارکردن و سەرگەردانکردنی خۆیان و کەسانی تر. بەڵام ئەگەر هاتوو پێمان کرا بیانخەینە سەر کارێکی گرنگ لە شێوەیەکی دوروستدا، ئەگەر هاتوو پێمان کرا، وایان لێ بکەین بۆ ئامانجێکی ڕاستەقینە بژین، ئەوە چاکەیەکی زۆر گەورەمان لەگەڵدا کردوون.

بەڵام ئەو ترسەی لێیان نیشتووە، کە ڕەنگە ئازار بدرێن، بەجۆرێکی تێکڕایی، ترسێکی تەواوە و، قووڵیش ڕەگی داکوتاوە لە دەروونیاندا، لەبەر ئەوە ئەو جۆرە کەسانە سەر فرمان خستنیان یەجگار گرانە.

بەم ڕەنگە، لە شوێنەکانی خۆیاندا، پاڵی لێ دەدەنەوە و، خەموخەفەتی بێ ئەندازە،



سەریان تێ دەکات و، بەهۆی کردەوە نەنگیی دراوسێکانیانەوە و، زۆربوونی بێ کار و فرمانانەوە و، بەدکرداریی کۆمونیستەکانەوە و، پەرەسەندنی گیانی سەربازییەوە و، پێویستیی دەست خستنەوەی ئاشتی و ئاسایشەوە، یاخود بەهۆی ڕەوشتی (جۆنز) و ژنەکەیەوە لەگەڵ یەکتردا....

نیوەی ئەو سەرگەردانیانەی مێشکیان داگیر دەکات لە ئەندازەی خۆیان ترازاون. نیوەکەی تریشیان بەهیچ کلۆجێک ناتوانن خۆیانیان لێ بپارێزن.

کەواتە بۆچ خەریک نابن، شتێکی وا بدۆزنەوە بۆ خۆیان کە هەڵگرێ خۆیانی بۆ ماندوو بکەن و بۆی بژین، جیهانیش بەرەڵڵا بکەن سەری نوشوستیی خۆی دابنەوێنی؟

ئێمە خۆشیمان بێ و ترشیمان بێ، جیهان لە گەڕانی خۆی ناکەوێ. ئنجا ئەگەر بتوانین کەمەکێ پاڵی پێوە بنێین، لە ڕێی دوروستەوە بەڕێوە بچێ، ئێمە، بەوە، ئامانجێک بۆ خۆمان دادەنێین کە هەڵدەگرێ ژیانی خۆمانی بۆ تەرخان بکەین تا دەیگەیێنێ.

ئەندێشەکردنیش بەترسەوە، مێشک پڕ دەکات لە خەموخەفەتێکی بێ ئەندازە. پزیشک (ئاکسێل مونت) وێنەیەکمان لە نووسراوەکەیدا، (سەگوروشتەی پیر میشال)، پێشکەش دەکات، لە بابەت ڕوودانێکی کاریگەری واوە، کە ئەندێشە، زیانێکی یەجگار گەورەی گەیاندووە بەخاوەنەکەی. نەخۆشیکی لەلا بوو، سەگێک گرتبووی، وایدەزانی سەگەکە هاریی پێوەیە، نەخۆشەکە، هەموو نیشانەکانی نەخۆشیی هاریی لێ دەرکەوتبوو. لەتاو تۆقینی خۆی لەو نەخۆشییە، جارێکیان گەیشتە تینی، دەمانچەیەکی بەخۆیەوە نا.

پاش ئەوە، کە سەگەکە، لەشی پشکنرا، بۆی دەرکەوت، سەگەکە هیچ دەمارێکی هاریی پێوە نەبووە و هیچ نەخۆشییەکی هاریشی نەگرتووە. بەڵکو لە سەدا سەد تەندروست بووە.

ئینجا ئەگەر ئێمە بەدوای دەرد و سەرگەردانیدا بگەڕێین ئەوا ئەوەندەی زۆرن، ئەوەندەیش لە توانای ئەندێشەکردنماندا هەیە کە لە هیچە دروستیان بکات بۆمان، بۆ ئەمەی گەورەترین زیانمان پێ بگات. کەواتە ئەندێشەکەت خراپ بەکار مەهێنە. دوای دەرد و نەخۆشیش مەکەوە. سبەینێ ڕەوشتێکی جوانی هەیە، ئەویش ئەوەتا کە زۆر لەمڕۆ دەکات. جا ئەگەر کەمێک گۆڕرا، ئەوا تۆ لە تواناتدا هەیە کە بەو هێزانەی هەتە لەناو لەش و هۆشتدا، چارەی بکەیت. تۆ ئەندێشەت بۆیەکا پێ بەخشراوە، کە لە ژیانتدا هەنگاوی دوایی پێ ببینیت، هەروەها بۆ ئەمەی کە توانای ژیان ببینیت لە هاوکاریی بەکەڵکدا لەگەڵ کەسانی تر، بەڵام ئەندێشەت بۆیەکا پێ نەبەخشراوە، کە ببێتە سەرچاوەیەک بۆ ئازاردانت.

ئەگەر ئەندێشەیەکی بەهێزت هەیە، ببە بەبوێژ. بەڵام لەبیریشت نەچێ، کە ڕەندینترین چامە کە بتوانین هەڵیبەستین، ئەو چامەیەیە کە بابەتەکەی ژیانی تایبەتیی خۆمان دەگرێتەوە...

ئەگەر هەر بەپێویستی دەزانیت، بەئەندێشە چی دەهێنیتە پێش چاوی خۆت بیهێنە. بەڵام تێبکۆشە کە خەو بینینەکەت ڕاست بێ. چونکە لە خەو بینینی ڕاستدا هەم کلۆڵییەکی ڕاستەقینە هەیە، هەم گەمەکردنێکی ڕاستەقینە.

کە لەناو کورسییە دوو باڵەکەتدا دادەنیشیت، شتی ناخۆش و پڕ ئازار مەهێنەرە پێش چاوی خۆت.

ئەمە ڕاستە کە ئەم زیندە خەوانە جۆرە خۆشییەک دەخەنە ناو (ژیانە زەرد)ەکەتەوە، بەڵام ئەو کەسایەتییەی دروستی دەکەن بۆ تۆ، دوور نییە کە ببێتە سەرچاوەیەکی گەورە بۆ وەڕسکردن و بێزارکردنی کەسانی تر.

ئێمە (خەم)مان خۆش ناوێ. جا ئەگەر ئەوەندە بێ دەسەڵات بیت کە نەتوانیت لەبریتی (خەمخواردن) شتێکی چاکتر بکەیت، خۆ لە دەستت دێ بمریت!... بگەڕێ بەدوای شتێکی خۆش و بەکەڵکدا، خۆتی پێوە خەریک بکە.

دوایی، بام ئەم قسانەی (گۆتە)ت بۆ بگێڕمەوە کە لە (ویلهلم مایستەر)دا کردوویەتی:

(پیاو هەر هیچ نەبێ، ڕۆژی گوێ لە گۆرانییەکی بچووک بگرێ، چامەیەکی نایابیش بخوێنێتەوە، چاویشی بەبینینی وێنەیەکی جوان بگەشێنێتەوە، هەروەها ئەگەر بۆیشی کرا، چەند قسەیەکی پەسند بکات).

بەمن دەکەیت، ئەم ئامۆژگارییانە، بەدڵ هەڵدەگریت و پێیانەوە بەڕێوە دەچیت.

**پوختەی وتراو:**

١- هەندێ کەس خۆشی لە خەموخەفەت دەبینن. ئەمەیش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بۆچ خۆیان دەخەنە داوی خەموخەفەتەوە، هەر بەئارەزوو!.

٢- خەموخەفەت جێگای ئەو وشکییە پڕ دەکاتەوە کە تووشی مێشکیان دێت.

٣- خۆت بکە بەکۆگایەکی هێز و ئاسایش و ئارام. نەک جێگایەکی ترس و لەرز و بێ ئارامی.

٤- خەو ببینە، ئەندێشەکاریش بکە، بەڵام لە ڕێگای ڕاست و بەکەڵک لامەدە.



## هۆی خەم زۆرە

٦

ئێستاکە بام بگەڕێین بەدوای ئەو هۆیانەدا کە مرۆڤ لە ژیانیاندا خەمیان پێوە دەخوات. بام بشزانین چیمان پێ دەکرێ بۆ چارەکردنیان.

(تەندروستی) یەکێکە لەو هۆیانەی کە ژمارەیەکی گەورەی مرۆڤ خەمی بۆ دەخوات. کەواتە ئەگەر مرۆڤێک هەستی کرد بەتێکچوونی لەشی، نانی پێ ناخورێ، ڕۆژ بەڕۆژ لەشی کەم دەکات... زۆرتر بیر بەلای ئەوەدا دەچێ کە نەخۆشییەکی تووش بوو بێ. جا هەتا زووتر بچێتە لای پەزیشک بۆ چارەکردنی خۆی چاکتر و پەسندترە. بیرکردنەوەی قووڵ لەوەی کە بەسەری هاتووە، هیچ کەڵکێکی نییە. چونکە هەر پزیشکەکە بتوانێ ڕێگای چاکبوونەوەی پێشان بدات. هەتا زووتریش بەئامۆژگاریی پزیشکەکەی بجووڵێتەوە، زرنگی و ژیریی خۆی پێشان دەدات. بەڵام ئەمجۆرە پیاوانە نین کە ئێمە لێیان دەدوێین. ئەوانەی ئەمانەوێ لێیان بدوێین، ئەو کەسانەن کە ساڵ دوانزەی مانگ هەست وا دەکەن: لەشیان (نیوە باشە) کەچی هەمووەم پزیشکەکانیشیان پێیان دەڵێن هیچیان نییە کە پێویست بەخەمخواردن بکات. ئەو کەسانە، بەجۆرێکی ئاسایی، هەست وا دەکەن، کە پزیشکەکانیان پەییان بەنەخۆشییەکانیان نەبردووە. بڕوایان وایە کە یان نەخۆشییەکی وەک (شێرپەنجە)ی سامناک، یاخود نەخۆشییەکی سامناکی تر کە هێشتا لە سەرەتایدایە، خەریکە لەشیان لە کەڵک بخات و هێزیان پێ نەهێڵێ. ئەوانە بڕوایان وایە ئەگەر پزیشکێکی شارەزایان دەست بکەوێ، ئەو دەردە نهێنییەیان دەردەکەوێ، ئنجا ئەوساکە بۆ هەموو کەس دەردەکەوێ ئەو کلۆڵانە - بەهۆی تێنەگەیشتنی پزیشکەکان و دڵڕەقیی کەسانی تریشەوە - هەر بەتەنیا، خۆیان لە کۆڕی نەخۆشیا لە جەنگابوون!...

ئاخۆ کێ لەو کەسانە زۆرترە کە خەموخەفەت سەری تێبکات؟ ئەوانە هەر نەخۆش نین. بەڵکو بەش بڕاویشن لەو کەسانەی کە بتوانن تێیان بگەن. ئەوانە هێشتا کەسێکی وا مێشک فراوان و فرەزان و دڵسۆزیان تووش نەهاتووە کە لە نەخۆشییەکەیان بکۆڵێتەوە و چارەیشی بۆ بدۆزێتەوە.

بەشیکردنەوەیەکی دروست، زۆر بەئاسانی دەردەکەوێ، کە دەرد و نەخۆشییەکەیان، هەر لەوەوە پەیدا بووە، کە ئەوانە هەر بیر لە خۆیان دەکەنەوە. فرمانیشیان یەجگار کەمە. ئەوانە لەشیان دروستە، بەڵام هۆشیان نەخۆشە. من خۆم ئافرەتێک دەناسم، لەوەپێش

یەکێک بوو لەو نەخۆشانە. بەپێی ئەو ڕستەیەی کە خۆی داینا بوو نەخۆشییەکانی یەجگار زۆربوون. کەچی لە ڕاستیدا مێشکی تێکچوو بوو، بەڵام لەشی خۆش و دروست بوو. درەنگ بۆم کرا، بڕوای پێ بکەم، کە ئەو لەگەڵ ژیاندا خراپ وەستاوە. پاشان کە هەستی بەڕاستیی قسەکەم کرد، ئەو نیازەم پێ بەخشی، کە خۆشەویستنی کەسانی تر و پێشخستنیان، نیشانەی گەورەیی و بڵندیمان دەبێ. ئیتر لەوساکەوە، ئارەزوویەکی نوێ چووە دڵیەوە، سەرتاپا گۆڕی.

ئێستاکە ئەو وەڕسبوون و بێزارییەی کە جاران هەستی پێ ئەکرد، نەیماوە. بەڵام تا تێکۆشانێکی زۆری نەکرد ئەمەی بۆ نەچووە سەر. لە ڕاستیدا، گۆڕینی پێشبینی مرۆڤ، لە شەو و ڕۆژێکدا، پێک نایەت. بەڵام ئەوەیش هەڵدەگرێ لە پێناویدا ڕەنج بدرێ. کەواتە وەها چاکترە مرۆڤ خەریکی جیهانی دەرەوە بێ، نەک دەروونی خۆی. ئەویش بۆ ئەمەیە کە هۆش لە دەست لەشکرێکی خەم ڕزگاری ببێ.

لە ناوەند ئەم نموونەی نەخۆشیی خەموخەفەتە و، کەیبانووی خێزانێکی گەورەدا، بەراووردێک بکە. دەبینی کەیبانووەکە هەمووەدەم خەریکی ڕێکخستنی کاروباری مێردەکەی و منالەکانیەتی، جگە لە ماڵەکەی. کەیبانووەکە، بەزەردەخەنەیەکەوە پێت دەڵێ: ماوەی ئەوەی نییە نەخۆش بکەوێ، ئەمەیش ڕاستە. بەڵێ، ئەمە ڕاستە کە ئەویش بەشی خۆی ئێش و ئازاری هەیە. ئەمە ڕاستە کە زۆر شەو هەست بەماندوویێتی دەکات. بەڵام هەرگیز ماوەی ئەوەی نابێ، کە بیر لە نەخۆشیی شێرپەنجە، یان برینی ورگ، یان بیر لە نەخۆشیی سیل بکاتەوە کە هێشتا لە سەرەتاکەی دابێ... ئیتر هەر ئەوەندەیە، کە ئێواران بەشەو دەچێتە سەر سەرین، هەست بەماندوویێتی و بڕست بڕاوی دەکات. بەڵام کە بەیانی هات، ماندوویێتییەکەی نەماوە و لەشیشی سووک بۆتەوە و، دەستیش دەکاتەوە بەفرمانی ناوماڵ و بەجێهێنانی کاروباری خێزانەکەی تا چەند ساڵێکی دوورودرێژ...

دوور نییە ئەویش تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە بوو بێ. دوور نییە ئەم نەخۆشییە، دوایی بەژیانیشی بهێنێ. دوور نییە کە لە لەشی ماندوویدا، گەرای خۆرەی گەلێ نەخۆشیی تری هەڵگرتبێ. بەڵام ئەوەندە هۆگری ژیانە، کە هێزی هۆشی، باری ماندوویێتی هەموو لەشی، هەڵدەگرێ و کاروباری بۆ ئاسان دەکات، تا ڕۆژێک دێت کە ڕەنج و کوێرەوەری دوایی دێت، ئەوساکە لەش دەتوانێ بەئاسانی بەشی خۆی سرەوتی دەست بکەوێ لە تافی پیریدا. جا ئەم جۆرە کەسانەن کە تەمەنیان درێژ دەبێ و خۆشی لە ژیانێکی پیرانەی تێگەیشتووانە و باش دەبینن.



جا ئەگەر دەتەوێ بەلەش خۆشییەوە بژیت، ئەوا نووچ مەگرە لەسەر تەندروستی خۆت، ئامانجێکی نایاب بۆ خۆت بدۆزەرەوە لە ژیانتدا، کە هەڵبگرێ بۆی بژیت. چونکە هەر هۆشی زیندووە کە لەشی زیندوو دروست دەکات. لەش هیچ نییە، ئەوە نەبێ کە کراوە بۆ ئەمەی بخرێتە گەڕ و فرمانی پێ بکرێ. جا هەرچەند ئاواتەکانمان پتریان لێ بێ، هێزەکانی ناو لەشمان دەست بەکۆبوونەوە دەکەن و ئامادە دەبن بۆ پێکهێنانی مەبەس و ئاواتەکانمان. بۆ ئەو کەسانەی کە ڕێز لە هۆش دەگرن و کاری پێ دەکەن، ڕاستی پەرستیی (پییر فرانسیس ئاسیسی) کە لە بارەی ژیانەوە نووسیویەتی، ئامۆژگارییەکی گەورەی تێدایە. ئەو لەشی خۆی وا بەکار دەهێنا، وەک گوێدرێژێک بێت و بۆ ئەوە دانرا بێ کە گیانی کڵپەداری هەڵبگرێ وا بوو. جا هەرچەند گوێدرێژەکەی سەرکێشیی دەکرد، لەغاوەکەی ڕادەکێشا و ملیشی وەردەگێڕایە سەر ڕێگای ڕاستەقینە، بۆ ئەمەی تا پێی بکرێ بەکەڵکی بێت. گوێدرێژیش بۆ ئەوە دروست کراوە، کە بەباشی بەکاری بهێنین، نەک بەخراپی. ڕێگادانیش بەو گوێدرێژە کە بەئارەزووی خۆی بڕوات بەڕێوە، ئەوە دەبەخشێ، کە ئێمە پێ لەوە دەنێین، کە لە ژیاندا هیچ شتێکی وا نییە کە بەنرختر بێ لە سرەوتی تایبەتیمان. ئێمەیەش کە گەیشتینە ئەم ڕادەیە، پێویستیمان بەبەزەیی پێداهاتنەوە نییە، بەڵکو پێویستیمان بەسەرنجدانێکی تازە و دووربینییەکی تازە هەیە. هەنگاوەکانی سەرەتاییش کە لە پێناو ئەم پێشبینییە تازەیەدا دەهاوێژرێ بەرەو دەسەڵاتەکانی ژیان، زۆرجاری وا هەیە، تەنیا بریتی دەبێ لە سەرزەنشتکردنێکی دروست.

بۆی هەیە، کەم نوستن، سەرچاوەیەکی خەم بێ بۆ زۆر کەس. بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێ کە کەم نوستن، نابێتە هۆی خەموخەفەتێکی یەجگار گەورە. چونکە زۆربەمان لەوانەن کە دەتوانن بەچەند کاتێکی کەمی نوستنەوە بەلەش سووکی و چالاکییەوە خۆیان بپارێزن. بچۆرە ناو جێگاکەت، ماوەی لەش و هۆشیشت بدە خاو ببنەوە. پاشان لە دڵی خۆتدا بڵێ: (من باکم نییە خەوم لێ بکەوێ، یان لێم نەکەوێ. من هەر ئێستاکە بەشی خۆم سرەوتم دەست دەکەوێ). من خۆیشم، تا چەند ساڵێک تووشی خەو لێ نەکەوتن هاتم. بەڵام لەدواییدا بۆم دەرکەوت کە چاکترین ڕێگا ئەوەتا کە لە سەرەوە پیشانم دا.

پێویستە لەسەرمان، ئەوەندە ئاگادار بین لە خۆمان، کە بزانین زۆربەی نەخۆشیی خەو لێ نەکەوتن، لە هیچەوە پەیدا نابێ، لەوەوە نەبێ، کە خووی خراپمان بەهۆشمان گرتبێ. دیارە ئەوە کارێکی پەسەند نییە کە لە نیوەشەودا، لە وزەبەدەر، هۆش وریا بکرێتەوە. هەروەها ئەوەیش باش نییە، کە گیروگرفتەکانی ڕۆژانەمان، ببەینە ناو جێگاوە لەگەڵ

خۆمان، بۆ ئەمەی لەو کاتانەدا بیریان لێ بکەینەوە، کە کەس نەماوە چاوی نەچووبێتە خەو!...

هەروا باشترە کە لەپێش ئەمەی پەنا بەریتە بەر نوستن سەر و دڵی خۆمان پڕ بکەین لە ئارام و ئاسایش و ئاشتی... چاکترین ڕێگەیش بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، ئەوەیە کە بچینەوە سەر ئەو خووە چاکەی پێشینان، واتا چەندمان پێ بکرێ لە نووسراوە ئایینییەکان بخوێنینەوە، جگە لەوە لە شێوەیەکی ملکەچانەیشدا ڕوو بکەینە خودای پاکی بێ هاوتا و لێی بپاڕێینەوە کە چاوی گەورەیی لەسەرمان بێ.

بەڵێ وایە! لە ڕاستیدا، وا هەڵدەگرێ، کە ئێمە سەرنجدانێکی وا بەکار بهێنین بەرامبەر ژیان، کە یارمەتیمان بدات. لە تێگەیشتنی گیروگرفتەکانی ڕۆژانەماندا، بەسەرپەرشتیی دەستووری خواییەوە، کە هەر بووە و هەر دەژی، هەروەها بەچەشنی ئەوانەی کە لەوەپێش یارمەتی داون، یارمەتیی ئێمەیش بدات، کە هەموو ڕوو بکەینە ئاسمان و چاو ببڕینە بارەگای خوایی. ئەم جۆرە بیرانە، ئەگەر هاتنە مێشکەوە، لەشی ماندوو دەخەنە سرەوتەوە، بەچەشنی خەولێکەوتنێکی تەواو.

کاتێ کە (ئالن تاری)، لاساییکەرەوەیەکی هەرزەکار بوو، خۆ چەوساندنەوە، لە پەلوپۆی خستبوو. ئنجا خەموخەفەت سەری تێکرد. یەکێک لە دۆستەکانی ئامۆژگاریی وا کرد کە شەوێک لە دەشتدا ڕاببوێرێ، هەر سەرنج لە ئەستێرەکان بدات. ئەویش پێخەفەکەی خۆی گواستەوە ناو چیمەنێکی جوان، شەوێکی هاوینیی لەوێدا ڕابووارد، هەر سەیری ئاسمانی دەکرد. پاشان گوتبووی: پاش ئەو شەوە، زۆری پێ نەچوو، چاک بوومەوە. چونکە ئاسمان ئەوەندە جوان و فراوان بوو، ئەوەندە جێی سەرسوڕمان بوو، لە بەرامبەر پەروەردگاردا زۆری پێ نەچوو، خەمەکەم ڕەوییەوە و، خەفەتیشم لە دڵدا نەما.

زۆرجاری وایش هەیە کە بەتەنشت خەمی تەندروستی لەشەوە، خەمی تەندروستی هۆش دڵی مرۆڤ داگیر دەکات. ئەوی تووشی ئەم جۆرە نەخۆشییە ببێ، پەیتا پەیتا ئەم نیازە بەخۆی دەبەخشێ: ئەگەر خەوی لێ نەکەوت، دوور نییە بەتەواوی مێشکی تێک بچێ و هۆشی لە دەست بچێ. ئەگەر بەشەویش هیچ سرەوتێکی دەست نەکەوێ، ئیتر بەهیچ کلۆجێ لە تواناییدا نامێنێ بەرگەی سەختیی ژیان و ئەرک و ئازاری جیهان بگرێ.

خەم مەخۆ، هۆشت لە دەست ناچێ! ئەم بیروباوەڕە ناشیانە، لە مێشکت بکەرە دەرەوە. بەدڵنیاییەکی تەواویشەوە بەخۆت بڵێ: (نەء! ئەمەیش لەو شتانەیە کە بەهیچ کلۆجێ ڕوونادات!). پاشان خووە خراپەکانی هۆشت ڕاست بکەرەوە. هەر کاتێک توانیت،



شێوەی ژیانت بەو جۆرە بگۆڕیت، هێواش، هێواش، خەوەکەت لە خۆیەوە دێتەوە ناوچاوت.

کە ئێواران هات، لە خواردنەوەی ئەو شتانەی مرۆڤ هوشیار دەکەنەوە خۆت بپارێزە. هەروەها لەو بیرەوەریانەیش کە هۆش دەووروووژێنن خۆت بپارێزە. مەچۆرە ناوجێگاکەیشتەوە، بەنیازی نوستنەوە. تۆ هەر ئەوەندە خاو ببیتەوە بەستە.

ئەمەیش فێر ببە، لەبیرت نەچێتەوە:

(بام ئەرک و ئازاری ڕۆژ بۆ ڕۆژ بمێنێتەوە. بەهیچ کلۆجێ نابێ بگاتە شەو!). ئەگەر ویستت، خاوکردنەوەی لەش بەکار بهێنە. باڵەکانت و لنگەکانت و لەشت و چاوەکانت و پێڵووی چاوەکانت، تەواو خاو بکەرەوە و بەدڵ خۆشییەکەوە ڕابکشێ. ئەم کردارە توندی و گرژیی لە لەشت دەکاتە دەرەوە و خەویشت لێ دەخات.

جاری وایش هەیە، خەمەکان لەوەوە پەیدا دەبێ، کەوا هەست بەخۆمان دەکەین، فرمانی ڕۆژانەمان بەباشی بۆ جێبەجێ ناکرێ. لەگەڵ ئەوەیشدا کە پزیشک نیشانەی هیچ نەخۆشییەکمان تێدا نادۆزێتەوە، کەچی هەست وا بەخۆمان دەکەین کە لە تواناییماندا نییە هیچ فرمانێک بەجێ بهێنین. باشە. بام سەیرێکی ئەم کەینەوبەینەیەیش بکەین.

پێویستە تۆ لە بارتدا هەبێ، کە ئەو پیشەیەی هەڵتبژاردووە بۆ خۆت، پێت هەڵبسووڕێ. دوور نییە تا چەند ساڵێکیش لەمەوپێش وابوو بیت، بەڵام ئێستاکە هەست دەکەیت کە فرمانەکەت، تەندوروستیت تێک دەدا و، بەتەواوەتی لە پەلوپۆت دەخات. ئایا، لەم دواییەدا، تۆیش وات لێ هاتووە؟

ڕەنگە شتێک لەوەت بەسەر هاتبێ، بیرەوەریی ئەوەیش هێشتا لە مێشکتدا ماوە. بام بڵێین، ڕەنگە، ڕەنجەڕۆ بوو بیت، بەڵام نایشتەوێ کەس بەو سەرنەکەوتنەت بزانێ. ئەم شاردنەوەی هەستەت لە دڵتدا، هێزێکی زۆری پێ بەخت کردوویت. بەڵام چاکتر ئەوەیە، کە ئەم ڕەنجەڕۆیی و سەرنەکەوتنەت بخەیتە ڕوو، لەمە بەولاوە نەیشارێتەوە.

پێویستە ڕووبەڕووی بوەستیت. چارەی بکەیت. ژیانی خۆیشت بەوپێیە ڕاست بکەیتەوە. تۆڵەی خۆیشت لە چەند لایەکی ترەوە بکەیتەوە، کە ئەو زیانەت بۆ پڕ بکاتەوە. ئەو دڵ شکستییەت لەناو مێشکتدا مەشارەوە، خۆیشت وا مەنوێنە کە هیچ دڵ شکستییەکت تووش نەبووە. ئەگەر پێت خۆش بوو، لەگەڵ دۆستێکتدا لێی بدوێ، لێی بکۆڵەرەوە. بەڵام پێش ئەمەی لای دۆستەکەت لێی بدوێی، پێویستە لەگەڵ خۆتدا لێی

بکۆڵیتەوە. ئەویش بەمەرجێک کە دڵ پاکانە و بێ باکانە هەرچی ڕاستە ئەوە بڵێیت. بەمجۆرە، هێزی پەستێوراوت بەرەڵلا دەبیت، کە دەتوانیت لە ژیانی ڕۆژانەتدا بەکاری بهێنیت. ئەمە لەوێ بوەستێ. لە لایەکی تریشەوە ڕەنگە تۆ یەجگار ورد بیت لە فرمانەکانتدا، لە وزەبەدەر لە شت بکۆڵیتەوە، تەنانەت وردبوونەوەکەت ئەمەندە لە ئەندازە دەرچوو بێ، گەیشتبێتە جۆرە دوودڵییەک، هەروەک سێبەر لێت نەبێتەوە. ئەو دوودڵییەیش وای لێ کرد بێت، کە بتەوێ دڵنیا بیت، لەوەی کە هەموو شتێک لەوپەڕی چاکیدا بەڕێوە دەچێ، لەبەر ئەوە ناچار بوو بیت کە خۆ بەخۆی خۆت هەموو شتێک سەرپەرشتی بکەیت. وات لێ هاتووە، کە پشت بەژێردەستەکانت نابەستیت... جا لێرەوە، ڕۆژ بەڕۆژ، ژیان، بەلای تۆوە، پڕ گیروگرفتتر دەبێ.

ئێمەیش لەم ڕووەوە هاوبەشیی هەستت دەکەین، ئەم کردەوەیەیشت بەشتێکی گەورە و پەسند دەزانین. لەگەڵ ئەمەیشدا دڵسۆزیی وا یەجگار زۆر، بەشتێکی خراپ دەزانین وا بۆ وێنە، سەرگوروشتەی یەکێک لە سەرکارەکانی کارگەیەکت بۆ دەگێڕمەوە:

کابرا تووشی نەخۆشییەکی گرنگ بوو، هەر لە سەرەتاوە دڵی هێنایە لەرزین. ڕۆژێک لە ڕۆژان لە خۆی پرسی: ئەگەر هاتوو نەخۆشییەکەی پەکی خست لە کار و فرمان، ئاخۆ چی بەسەر ژن و منداڵەکانی بێت؟ بۆ ڕۆژی دوایی، کە هاتەوە کارگە، بەدڵێکی بەهێزترەوە دەستی دایەوە فرمانەکەی، بڕیاریشی وا بوو کە زۆر چاکتر لە جاران دڵسۆزیی تێدا بنوێنێ. بەڵام زوو بۆی دەرکەوت، کە فرمانەکەی، لە ئەندازەی خۆی بەدەر، ماندووی دەکات. ئنجا دەستی کرد بەبۆڵەبۆڵکردن لە لاوازیی لەشی.

لەپاش گفتوگۆیەکی کورت لەگەڵ مندا، لە بارەی گیروگرفتەکەیەوە، لەوە تێگەیشت کە لە ئەندازەبەدەر دڵسۆزیی نواندووە و خۆی بەخت کردووە لە فرمانەکەیدا، ئەم خەمخۆرییەیشی کە گەیشتبووە ئەندازەی دوودڵی، لە ئەنجامی ترسەوە بووە. جا کە هۆی نەخۆشییەکەی خۆی بۆ دەرکەوت، ئیتر وازی لە زۆر لێکۆڵینەوەکەی خۆی هێنا و لە ئەندازەدا لە فرمانەکەی ورد دەبووەوە. بەو جۆرە ماندوویێتیی دەمارەکانی هەندێک کەم بووەوە، ئیتر منیش لەو ڕۆژەوە لێم نەبیستەوە کە تووشی خەموخەفەت بوو بێتەوە. ئەمە ڕاستە، کە دەبێ دڵسۆزیی بنوێنین لە فرمانەکانماندا، هەروەها ڕاستیشە کە دەبێ تا پێمان دەکرێ فرمانی خۆمان بەباشی ببەینە سەر، بەڵام دەبێ ئەوەیشمان لەبیر نەچێتەوە، کە ئێمە لەناو جیهانێکی ناتەواودا دەژین. هەروەها لەگەڵ کەسانێکی ناتەواودا فرمان دەکەین. ژیری ئەوەیە کە جیهان بەچاکی و خراپییەوە پەسند بکەین. لە هەموو



جاروبارێکیشدا چەندمان پێ بکرێ لە فرمانەکانماندا تێبکۆشین، هەروەها دەبێ ئەوەیش بزانین کە ئەم جاروبارانە، لە هەموو سەرێکەوە تەواو نین، هەر لەبەر ئەوەیشە، کە ئێمە لە توانامان‌دا نییە، هەموو جارێک فرمانەکانمان بێ هاوتا بن.

لە جیهانێکی وادا کە ئێمەی تێداین، تێکۆشین بۆ ئەوەی کە ئەنجامی کارەکانمان لە هەموو ڕوویەکەوە ناوازە دەربچن، ئەوە دەگەیێنێ کە ئێمە بەدوای کڵاوی با بردوودا دەگەڕێین. ئەمەیش بەڵگەیەکە، بۆ ئەوەی کە دەمارەکانمان یەجگار گرژ و توندبوون، نەک بۆ ئەوەی کە بیروباوەڕەکانمان ڕاست و دوروستن. لەناو کار و فرمانەکانی ڕۆژانەماندا چەند کاروبارێک هەن، هەر تا ئەندازەیەک دەتوانین، کارگوزاریمانیان تێدا بەخت بکەین. بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو کاروبارانەمان بەتەواوەتی بۆ نەچووە سەر، ئۆباڵ بەئەستۆی خۆمان نییە، بەڵکو بەئەستۆی ئەم جیهانە پڕ کەموکوورییەیە. لەوەیشدا هیچ کەڵکێک نابەخشین، ئەگەر دڵی خۆمان بۆ کەموکووریی ئەم جیهانە، پڕ لە خەم بکەین، چونکە تا دەمێنێ، بەناتەواوی دەمێنێتەوە.

وایش چاکترە کە خۆمان ڕابهێنین بەگەشی و ڕووخۆشییەوە لەگەڵ ژێردەستەکانماندا. بەڵام دەبێ وریا بین لە ئەندازە دەرنەچین. ئەگەر ئەوانە لەش سووک بن، پێیان خۆش دەبێ فرمانت لەگەڵدا بکەن. کە ناشێتییەکیان لێ ڕوو دەدات، ماوە بەتووڕەیی مەدە داگیرت بکات. پشوویەک بدە و ناشێتییەکەیان وا بخەرە پێش چاوت کە ئەوانیش بەشێکن لە یاسای ڕۆژگار. کە وات کرد، زوو بۆت دەردەکەوێ، کە کار و فرمانی ڕۆژانەت بەئاسانی و کەم ئەرکییەوە بۆ دەچێتە سەر.

زۆرجاری وایش هەیە، بەوە خەم دەخۆین کە هەست بەئاژاوەیەک بکەین لە کار و فرمانەکانماندا. ئەم خەمە (خەم)ێکی ڕاستەقینەی گەورەیە لەم سەردەمەدا. وام دێتە پێش چاو، کە ئەویش بەشێکی ڕاستەقینە بێ لە یاسای کۆمەڵایەتیماندا. لەگەڵ ئەوەیشدا کە ئێستا تێکۆشانێکی زۆر دەکرێ لە پێناو کەمکردنەوەی ئازار و زیانی ئەو خەمەدا، لەناو چینی هەموو کرێکارانی دەستدا[1]، کەچی کرێکارانی خاوەن (کراسی ڕەش) لە هەموو کرێکارێک پتر تووشی ئەو خەمە دەبن.

دوور نییە کە ئەم هەستکردنە بەنەبوونی ئارام و ئاسایش، ئەنجامی پەروەردەکردنێکی نادروست بێ. یاخود ئەنجامی بێ کارەیی بێ. یان ئەنجامی کارەساتێکی ڕووداو بێ.

(١) کرێکارانی دەست: لەوە دەچێ مامۆستا مەبەستی لە (أيدي العاملة)ی عەرەبییەکەبێ.

چونکە پەروەردەکردنی نادروست، هەمووده‌م هەست وا بەمرۆڤ دەکا کە نە ئارام هەیە و نە ئاسایش. چونکە ئەو منداڵەی لە خانوویەکی وادا گەورە کرا بێ، کە هەمووده‌م پڕ لە شەڕوشۆڕ و ئاژاوە بوو بێ، یان لە ناوچەیەکی وادا پەروەردە کرا بێ، کە هەمووده‌م گیروگرفت و تەنگوچەڵەمەی ژیان هەڕەشەی لێ کرد بێ، ئەو منداڵە بێ گومان ورە بەرئەدا و پشتیش بەخۆی نابەستێ. ئەوساکەیش ئیتر دەرمان بەکەڵکی نایەت. مەگەر ئەوە بەکەڵکی بێت کە ئەو کارەساتانەی لە منداڵیدا بەسەریدا هاتووە، جارێکی تر بیهێنێتەوە پێش چاوی خۆی، ئنجا ڕاستەوخۆ بەرامبەری بوەستێ و پێی بڵێ: (لە سەرەتادا خراپ پەروەردە کراوم. لەمەودوا، خۆم لە دەست ئەو ڕەوشت و خووە خراپانە ڕزگار دەکەم. هەروەها لە بارەی ژیانیشەوە بیروباوەڕی تایبەتیی خۆم دوروست دەکەم).

بێ کارەییش، وا لە پیاو دەکات کە هەست بەنەبوونیی ئارام و ئاسایش بکات. چونکە هەمووده‌م، بەهیوایە، بەڵام هیوایەکی پڕوپووچ، کە سەرکەوتنی دەست دەکەوێ. دوور نییە کە سەر بخاتە سەر ئەو بیرە پڕوپووچەی کە بریتییە لە دەستکردی (خۆپەسەندیی) خۆی، بەجۆرێکی وا توند و کاریگەر. کە هەمووده‌م لە گێژاوی خەموخەفەت و ترسدا بخولێتەوە. کەواتە، وا باشە، هەر لە ئێستاوە دان بەوە دابنێین، کە لە تواناییدا نییە، سەرکەوتن، یاری هەموو جارێکمان بێ. بەڵکو دەبێ وا چاوەڕوان بکەین، کە جاروبارێکیش پەیتا پەیتا سەرگەردانیمان تووش دەبێ. ئەمەیش کەمترین شتە کە لە ژیاندا لێمان ڕوودات. لە ڕاستیدا، لە جیهاندا لە سەرنەکەوتن، خراپتر و تاڵتریش هەیە. لە سەرەتای هەموویشیانەوە ئەوە دێتە پێشەوە کە پێی دەڵێین: (ترسی سەرنەکەوتن)...

بەڵام هەستکردن بەڕووداو و ڕاستەقینە، بەنەبوونی ئاسایش و ئارام، کە زۆربەی کەسان تێوەی گلاون، ئەوە بابەتێکی ترە، بەهۆی وتارانی زانستی خۆناسینەوە، ڕاستەوخۆ چارە ناکرێ. ئەو هەستکردنە سەبارەت بەو کەموکووڕییەیە کە لە شیرازەی کۆمەڵایەتیماندا بنج بەست بووە. هەروەها سەبارەت بەو خۆپەرستی و چاوبرسێتییەشە کە خوومان پێوە گرتوون. بۆ ئێمەیش وا چاکترە، کە وەک بەشێک لە گەمەی ژیان، تەماشای بکەین، هەروەها تێبکۆشین بۆ ئەمەی لە شێوەیەکی مەند و زرنگدا چارەی بکەین.

لەپێش هەموو شتێکدا خەریک بە، بەمێشکێکی ڕوونی لەسەرخۆوە، بیر لە کەینەوبەینەکەت بکەیتەوە. دوور نییە کە لە ڕووکردنە ژیاندا بەهەڵەدا چوو بیت. هەروەها دووریش نییە، کە وەک خۆت لە تەنگوچەڵەمەدا دەبینیت، بەو ئەندازەیە نەبێت. ڕەنگە هەر ئەوەندە بێ کە بەهۆی نووچ گرتنتەوە، لە بیرکردنەوەدا لە خۆت، هەروەها بەهۆی ترس



و لەرزتەوە لە ژیان، گرێیەک لە دڵتدا پەیدا بوو بێ، کە زاناکانی خۆناسین ناویان ناوە (گرێی دڵتەنگی).

جا ئەگەر، بەڕاستی هۆیەکی تەواو هەیە، بۆ ترسەکەت لەوەی کە فرمانەکەت یاخود دەرامەتەکەت لە دەست بچێ، ئەوا بێ چەندوچوون، بڕیارێکی بەدڵ بدە لەسەر ئەو ڕێگەیەی کە دەیگریت بۆ چارەکردنی گیروگرفتەکەت. چونکە زۆرجاری وا هەیە بەرامبەر وەستانی ئەو هۆی ترسە هەموو سەرگەردانی یاخود تەنگوچەڵەمەیەک چارە دەکات.

چەندت پێ کرا، خۆت بەهێز بکە، بۆ دواڕۆژت. ئەم کارە نەک هەر فرمانێکی سەرشانتە، بەرامبەر بەخۆت، هەروەها فرمانێکی سەرشانیشتە بەرامبەر ئەوانەی پاڵیان بەتۆوە داوە و پشتیان پێ بەستوویت. ئەوەندە هەیە، دواڕۆژت بەمرۆتەوە مەبەستە، هەروەها ماوەیش مەدە بەخەم بۆ دواڕۆژت، کە سرەوتی ئیمرۆت لێ تێک بدات. کارەساتی یەجگار خراپ، زۆر کەم ڕوودەدات. تەنانەت ئەگەر ڕوویش بدات، لە دەروونماندا ئەوەندە هێزی مەزن هەیە کە بتوانین بەرگەی بگرین.

کەم کەس هەیە لە ئێمە، تا ئێستا بەتەواوەتی خۆیان ناسیبێ یان پەییان بەوە برد بێ کە لە دەروونماندا ئەمەندە هێزی ئازایەتی و خۆڕاگرتن و پشت بەخۆبەستن هەیە کە هەرگیز لەبن نایەت. بڕوات وا بێ بەخۆت، کە تۆ ئەمەندە هێز و دەسەڵات و کارگوزاریت تێدا کۆبۆتەوە، کە لە تواناتدا هەیە هەموو پێویستییەکی ژیان جێبەجێ بکەیت. جا باوەڕت چەند ببێ بەخۆت، ئەوەندە نیاز و بڕیارت بۆ پێک دێ!.

**پوختەی وتراو:**

١- دڵت پڕ بکە لە خۆشەویستی بەرامبەر هەموو کەس. ئەم جۆرە خۆشەویستییە، نیاز و ئارەزووی تازە لە دڵتدا دروست دەکات، ئەوساکەیش لەم بارەوە کە تێیدایت دەگۆڕێی بۆ بارێکی تر.

٢- ئاخۆ، نەکەوتوویتە ژێر چنگی (گوێدرێژ)ەکەتەوە؟

٣- ئەرک و ئازاری ڕۆژ بەجێ بهێڵە بۆ ڕۆژ، مەیگوێزەرەوە بۆ شەو.

(٤) ئێمە لە جیهانێکی ناتەواودا دەژین، لەگەڵ کەسانێکی ناتەواویشدا دەژین. کەواتە وریا بە لە ئەندازە نەچیتە دەرەوە!

بڕایەوە ١٩/ ١٠/ ١٩٦٤

# ترس دوژمنی یەکەمتە

نووسەری: و. ج. ماکبرایی
خاوەنی نووسراوانی گرێی کەموکووڕیی و
گیروگرفتی ڕەوشتی منداڵان

کوردی نووسی لە ساڵی: ١٩٦٣

ئەمە شتێکی ئاشکرایە کە ترسنۆک دەترسێ بێتە کۆڕی زۆرانبازییەوە، بەڵام ئەوە سەیرە کە پیاو لە جێگای کراوە و بڵندایی و هەورە تریشقە و بروسکە بترسێ، یان سڵ لە پشیلە و مشک بکاتەوە... یاخود کە هاتە ناو کۆڕی پیاوانەوە؛ جیهانی لێ بێتەوە یەک و وا بزانێ کە بەندیەکە لەناو بەندیخانەدا. یان بژی لە جیهانێکی وادا کە پڕی بێ لە دوودڵی و بیری هیچوپووچ. ئەوانە هەموو بەترسی ناپەسند دەژمێررێن. تۆیش ئەگەر لەوانەیت کە بەملیۆن کەسیان تووشی ژەهری ئەم جۆرە ترسانە بوون، ئەوا ئەم نووسراوە، وشە بەوشە بخوێنەرەوە، چونکە وەک تلیاکێکی سەرسامکەر لە باریدا هەیە زامی دەروونیت چاک بکاتەوە و بیخاتەوە کامەرانی.

## پێشەکی

نووسەرێکی بەناوبانگ، لە نووسراوێکی نوێی خۆیدا دەڵێ: (هیچ شتێک نییە، ئەوەندەی (ترس)، کە هەڵبگرێ، دەروون بێزی لێ بکاتەوە. ترس لە هەموو هەستەکانی مرۆڤایەتی گەنگترە. دوژمنی پێشکەوتنیشە، نەک بەتەنیا، هەر بۆ گیانی تاکوتەرای مرۆڤ، بەڵکو بۆ گیانی هەموو ڕەگەزی مرۆڤایەتی.). بەزۆری نازانین کە بڵێین، ئەم وتەیە، هەرچۆنێک باشیش لێک بدرێتەوە پتر لە نیوەی ڕاستی پڕ ناکاتەوە.

مرۆڤ باش لە (ترس) تێنەگەیشتوون. چونکە هەردوو جۆرەکەی ترسیان لە یەکتر جوێ نەکردۆتەوە. ترس هەیە ئاساییە و پەسندە. ترسیش هەیە ئاسایی نییە و پەسندیش نییە.

ترسی ئاسایی پەسند لە شتێکەوە پەیدا دەبێ، کە هەبێ و ڕاستییەکی تێدا بێ. زۆرجاری وا هەیە مرۆڤ هەست بەوە دەکات کە هەندێ هێز لە دەورووپشتیدان هەڕەشەی ئازاردانی گیانی و نەمانی سامان و ژیانی لێ دەکەن. لەو هەستەوە (ترس)ی لێ دەنیشێ.



بەڵام ترسی ئاسایی – مەگەر جار بەجارێک نەبێ کە زۆر کەم ڕوو دەدات، وەک ئەو سامەی کە دەنیشێ لە مرۆڤ بەهۆی ڕووداوێکی ئاشکرا و نەبینراوەوە – هێز لە مرۆڤ نابڕێ، پەکی فرمانی ناخات. لە ڕاستیدا دواخستن و پەکخستنی هێزی مرۆڤ لە فرمانکردن، ڕوو نادەن، هەتا مرۆڤەکە ئەوەندە ناشی نەبێ کە لە واتای (ترس) تێنەگات. جا ئەو کەسەی لەوانە بێ، هەست بەڕوودانی کارەساتێکی سامناک بکات و خۆی لێیان نەپارێزێ، ئەوە دیارە کە بەدەستی خۆی، خۆی تووشی سەرگەردانی و لەناوچوون دەکات، بەهۆی سەرساردی و بێ باکیی خۆیەوە.

هەست بەتەنگوچەڵەمەکردن و چارەکردنی بە(ترس)ێکی پەسند، لە باریدا هەیە هەموو هێزێکی لەش و هۆش بخاتە گەڕ و مرۆڤ ڕزگار بکات.

جۆرە گیانلەبەرە گەنگەکان کە لەگەڵ ناوچەی خۆیاندا خۆیان دەسازێنن، لە ڕاستیدا ئەو ڕێگایەیان گرتووە، کە مانەوەیان لە ژیاندا دەپارێزێ.

هیچ لەوەیشدا گومان نییە، کە شارستانێتی نوێ و یاساکانی کۆمەڵایەتی و جیهانی، دیسانەوە لەسەر ئەم پێڕەوییە دەڕۆن. هەر ئەم پێڕەوییەیە کە بووەتە هۆی پەیدابوونی ئەو یاسایانە. لەمەوە تێ ئەگەین کە (ترسی پەسند)، یاریدەدەری ڕەگەزی گیانلەبەرانە، نەک دوژمنیانە. بەخۆڕایی نەوتراوە کە ترس، شێوەی هەرە بڵندی زرنگی مرۆڤایەتیی سەرەتایە.

بەڵام (ترسی کوشندە) ئەو ترسەیە کە ئاسایی نییە و بەبێ هۆ، لە خۆیەوە بەخۆڕایی لە دڵی مرۆڤدا پەیدا دەبێ. هەر کامێکمان بگری زۆر کەسی وا دەناسێ کە ترسێکی وایان لێ نیشتووە هاوڕێکانیان بەبێ سەر و پێی دادەنێن، خاوەنەکانیشیان شەرم دەیانگرێ لە خۆیان کە ترسی وایان هەیە. هیچی وا لە ناوچەکەیاندا نابینێت کە هەڕەشەی تەنگانە و سەرگەردانییان لێ بکات، کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا، ڕزگاریان نەبووە، لەو جۆرە ترسە بێ جێیانەی، کە ژیانیانی پڕ کردووە لە بەرەنگاریکردنێکی سەخت و درێژە پێدراو بەرامبەر دوژمنانێک کە نابینرێن و تارماییەک کە لە ڕاستییەوە دوورە.

ئەم جۆرە ترسە تایبەتییانە، کە دوورن لە تێگەیشتنەوە لە باریاندا هەیە کە مرۆڤ سەرگەردان بکەن. لە هەندێ جاردا، ئارامی هۆش لە نەخۆشەکە داگیر دەکات و، ئاژاوە و تێکچوونیش دەخاتە ناو هەستییەوە و، هەرچی هێزێکیش لە دەمارەکانیدا مابێتەوە کاری تێ ئەکات.

(فرۆید) بەم جۆرە ترسە دەڵێ: (پیش خواردنەوە)[1] کە بەلای ئەوەوە جۆرە هەستێکی نابەجێی وایە کە هەموو هێز و توانایییەکی مرۆڤەکە داگیر ئەکات و لە گەلێ شێوەی توورەییدا خۆی دەنوێنێ.

وا دانراوە کە لەم خاکەدا، (ئینگلتەرە)، بەلای کەمەوە سێ ملیۆن کەسی وا هەبن کە پێیان بگوترێ نەخۆشیی دەماریان هەیە و لە هەموو شتێک زوو توورە دەبن. ئێمەیش کە لەم نووسراوە بچووکەدا، بەجۆرێکی تێکڕایی، لە بابەت (ترس)ەوە دەدوێین، تێدەکۆشین کە هۆیەکانی ئەم بارە تایبەتییە و نیشانەکانی، تۆزێک ڕۆشن بکەینەوە.

## ترس و مناڵ

١

بۆ ئەمەی لە ترس تێبگەین و چارەی بکەین، پێویستە لە سەرەتاوە دەست پێ بکەین. ئەوەی لێ دەرچێ کە جاروبار شتی لا ڕێ ڕوو دەدات، زۆربەی ترس دەچێتەوە سەر تافی منداڵی.

تۆوی ترس کە لەو تافەدا دەچێنرێ، زۆرجاری وا هەیە کە بەساڵان لە تاریکایی هۆشی شارراوەدا خۆی دەشارێتەوە بەڵام ئەو تۆوە خراپەی کە لە کەشی بەهاری هۆشدا چێنراوە زووی پێ بچێ، یان درەنگ، هەر ئەبێ لە کاتێکی تەنگوچەڵەمەی ژیاندا سەر دەربکات و گەشە بکات، ئنجا تۆوی چاک وشک بکات کە بریتییە لە تۆوی هۆشی دروست. سەیر ئەوەیە، ئەم ڕاستییە زۆرجار ناهێنرێتە پێش چاو، لەو کاتانەدا کە چارەی ڕەوشتە خواروخێچەکانی تافی کوڕێنی تێدا دەکرێ.

کە منداڵ لە دایک دەبێ، هیچ شتێک بەدەستی خۆی نییە، بەدەستی ئەوانی ترە. جا لەم دەمەدا کە لە دەمی گەشەکردن و گەورەبوونی هەموو گیانلەبەرێکی تر درێژترە، هەروەک کەلافەیەکی کار تێکراو، هەموو تاقیکردنەوە و کار تێکردنێک کە هیچ دەسەلاتێکی خۆی بەسەردا نییە، تێدا دەسنووس دەکرێ. بەڵام کە دەگاتە ئەو تەمەنەی بتوانێ چاک و خراپ لە یەک جوێ بکاتەوە و چارەنووسی خۆی دەستنیشان بکات، تەماشا دەکات ئەوا ئەو بنچینەیەی کە دوارۆژی هۆش و لەشی خۆی لەسەر دادەمەزرێ تازە لە دەس دەرچووە و دامەزراوە.

(١) پیش خواردنەوە: الکبت.



ئەگەر هاتوو ئەو بنچینەیە لەسەر بەرد دامەزرا بوو، واتا لەسەر پشت بەخۆبەستن و ئازایەتی و خۆشەویستی و زرنگی، ئەوا کۆشکی هۆش و لەشەکەی بەتین و جوان دەردەچێ، ئەتوانێ بەرگەی هورووژمی ڕۆژگار و کارەساتی جیهان بگرێ. خۆ ئەگەر بنچینەکەی لەسەر لم دامەزرێنرا بوو، واتا لەسەر پشت بەم و بەو بەستن و ترس و خۆشەویستیی ناشییانە و لە فرمان سڵکردنەوە، ئەوا زۆری پێ ناچێ کۆشکەکە بە با هەڵکردنێک و باران بارینێک دەڕوخێ و لەناو دەچێ.

لە ڕاستیدا، ئەم جۆرە بیروباوەڕانە، کە هەر لە سەرەتای منداڵییەوە دەچەسپێنە دڵ و هۆشی مرۆڤەوە، هەر ئەوانەن کە ئاراستەی دەکەن لە ژیاندا: یان بەرەو چاکەی دەبەن، یان بەرەو خراپە. چونکە، منداڵ، لە سەرەتای ژیانیدا، ئامادەیە، بێ چەندوچوونی، زۆرجار بێ ئەمەی ئاگای لە خۆی بێ، هەموو جۆرە وتار و کردارێک کە لەم و لەوەوە وەریدەگرێ، کاری تێ بکات و لە هۆشە خاو و ساواکەیدا نەخش ببەستێ، بەڵام لەمانە هەمووی گرنگتر و کاریگەرتر کە لە دەروونیدا جێی دەبێتەوە (ترس)ە.

زانایانی خۆناسین دەڵێن: مناڵ کە لە دایک دەبێ، تەنیا دوو ترس فێر دەبێ: یەکەمیان ترس لە دەنگی زل، دووەم ترس لە کەوتنە خوارەوە. ئەمەیش شتێکی زۆر ئاساییە، چونکە مناڵ کە لە دایک دەبێ، وەک هەموو گیانلەبەرێکی تر خاوەنی هەست پێکردنە. کە دێتە ئەم جیهانەوە، هەموو شتێک بۆ ئەو تازەیە، نە دیونی و نە بیستوونی. ئەمەیش ئەوە دەگەیێنێ کە ئەگەر ترس لە دەنگی زل و ترس لە کەوتنە خوارەوە بەراوورد بکرێن لەگەڵ ئەو بێ دەنگی و ئاسایشەدا کە لە سکی دایکیدا هەستی پێ کردوون، مناڵەکە وا لێ دەکەن کە مەترسییەک بکەوێتە دڵیەوە، بەرە بەرە پێی ڕابێ. بەڵام تا منداڵەکە هۆشی زۆرتر بێتەوە بەبەردا، ترسی تازەی زۆرتر دەکەوێتە دڵەوە. جا لێرەدا پێویستە ئەو سامەی کە چۆتە دڵی مناڵەکەوە، لە ناوچەکەماندا سەرچاوەکەی هەڵبگرین، هەروەها جۆرە ئارامێکی دڵ و پشتیوانییەکی خۆیشمانی پێ ببەخشین. بەڵام ئەگەر ئەو شتەی کە هەڕەشە لە مناڵەکە دەکات، شتێکی ڕاستەقینە بێت و وایش لە مناڵەکە بکات هەست بەئازارێکی لەش یاخود هۆش بکات، لە هۆشی شارراوەدا شتێک پەیدا دەبێ دەتوانین ناوی بنێین (گرێی ترس). ئێمەیش کە دەست دەکەین بەلێکۆڵینەوەی ژیانی مناڵێک یاخود لاوێک کە ترسێکی هەیە بەڵام ترسەکەی هۆیەکی ئاشکرای نییە، نە لە گیروگرفتی ئێستایدا، نە لە مێژووی نزیکیدا وا هەڵدەگرێ هەرچی لە سەرەوە گوترا بیخەینەوە بیرمان. گەورەترین ترسی مناڵی، ترسە لە تاریکی. ئەم ترسەیش گەلێ هۆی هەیە، بڕیار

لەسەر ئەوەیش دراوە، کە هەر کامێکمان بگری لە هۆشی شارراوەیدا هەندێ بیرەوەریی هەڵگرتووە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی ڕابردووی دوورودرێژی ڕەگەزی مرۆڤایەتی.

ئەم بیرەوەرییانە لەناو ئارەزوو و ڕەوشت و خووماندا خۆیان پێشان دەدەن. دەتوانین پێیان بڵێین: پوختەیەکی زرنگیی شارراوەی هەموو ڕەگەزی مرۆڤایەتین. چونکە هەر ئەم هێزە شارراوانەن کە یارمەتیی مرۆڤ دەدەن لە هەڵکردندا لەگەڵ ئەو ناوچەیەی تێدا ئەژی و لە پاراستنی خۆیدا. لە سەرەتای تەمەنی مرۆڤایەتیدا، تاریکی دوژمنی هەرە گەورەی مرۆڤ بوو. چونکە ئەو کاتە لە تاریکیدا، جانەوەری دڕندە و زەلامی سەیر سەیر و بەهێزی نەناسراو، خۆیان ئەشاردەوە، مرۆڤی ئەوسایش لە تواناییدا نەبوو کە خۆی لە هەموویان بپارێزێ. ئیمڕۆیش بیرەوەریی ئەم ترسە لە هۆشی شارراوەماندا زیندووە و دەژی، بووەتە هۆیەکیش لەو هۆیانەی کە ترس بەمنداڵ پەیدا دەکات لە تاریکی.

جا کە بڕیارمان دا لەسەر ئەوەی بیرەوەریی ئەو ترسەی کە ڕەگەزی مرۆڤایەتی لە کۆندا ناسیویە، کار لە ڕەوشت و خووی ئیمڕۆمان دەکات، پێویستە لەسەرمان لەسەر ڕاستییەکی تریش باشتر بڕیار بدەین: کە ناوچەی ئێستا و کارەساتی ئێستایش لەم ڕووەوە کارێکی تەواو لە ڕەوشت و خوومان دەکەن. ئەو منداڵەی کە بەتەنیا لەناو تاریکیدا بەرەڵڵا دەکرێ، جۆرە ستەمێکی گەورەی لێ دەکرێ. چونکە دوور ئەخرێتەوە لەو دایکەی کە هەموودەم گیانی ئازایەتی و ئاسایشی دەکات بەبەردا. بەڵام ئەگەر منداڵ وا ڕابهێنرێ کە لە هەموو کاروبارێکیدا پشت بەباوک و دایکی ببەستێ، هەرگیز هەست بەئاسایش ناکات، تا لە بەرچاویان یاخود لە نزیکیانەوە نەبێت. ئەو منداڵە دڵ ناسکەیش کە لە تاریکیدا بەرەڵڵا بکرێ، تووشی سامێکی وا گرنگ دەبێ، کە گیانی سەربەخۆیی و پشت بەخۆبەستنی بکەوێتە تەنگوچەڵەمەوە، واتا ئەو دوو هێزەی کە یەجگار کەمن لای منداڵ. پێویستە لەسەری بچێتە جەنگی دوژمنانی واوە، کە نین، بەڵام لەبیریدا دروستی کردوون. هەروەک مرۆڤی سەرەتایی کە دەچووە جەنگی دوژمنانی ڕاستەقینەوە، کە بەهۆی تاریکییەوە خۆیان فڕێ دەدایە خانووەکەیەوە. خۆ ئەگەر وترا ئەمە تەنیا ئەندێشەیەکی منداڵانەیە. ئێمەیش ئەڵێین ئەندێشە بەلای منداڵەوە شتێکی ڕووداوی ڕاستەقینەیە. لە ڕاستیدا هەموو شتێک ئەوەندە هێزی هەبێ کە بتوانێ کار لە دەماری منداڵ بکات بەباری خراپیدا، ناگونجێ کەمتەرخەمیی لەگەڵدا بکرێ و بگوترێ (ئەوە تەنیا ئەندێشەیەکە).

بەڕاستی، جێی داخە، کە هەتا ئەم نزیکانەیش، چ لە ماڵدا، چ لە خوێندنگادا، منداڵ لەژێر زەبروزەنگی داردا، بەترساندنەوە بەخێو دەکرا و پێ دەگەیێنرا. دار بەکارهێنان،



واتایەکی هەبوو، ئەویش تێکدانی ڕەوشت و خووی منداڵ بوو. ئەوانەی بەم شێوە دڕندانەیەوە پەروەردە دەکران، ژمارەیان کەم نەبوو. ترساندن وای لێ کردبوون، کە هەست بەبێ دەسەڵاتی و سووکیی خۆیان بکەن، هەروەها ببنە دوژمنی یاسای کۆمەڵایەتی و هەموو شتێک کە پەیوەندیی بەپەروەردەکردنی منداڵەوە هەبێ.

لە ڕاستیدا بەشی هەرە گەورەی پەروەردەکردنی منداڵ بەشێوەیەکی شارراوەوە پێک دێ، لەسەر بنچینەی بینین و بیستنی منداڵ لە ناوچەی خۆیدا. جا ئەم کارتێکردنی دەروونییەیە کە هۆش و ڕەوشتی منداڵ لە چوارچێوەی چاکە یان خراپەدا دائەڕێژێ. جۆری ماڵ یاخود خوێندنگا و ئەو گیانەی کە لەناویاندایە، زۆرتر کار ئەکاتە بەخێوکردنی منداڵ لە کرداری کۆمەڵایەتیی دەق گرتوو. چونکە منداڵ، بەچەشنی پارچە هەورێک کە ئاو دەمژێ، ئاوەها ئەو خۆرشتە هۆشی و گیانییانە دەمژێ کە ناوچەکەی خۆی پێشکەشی دەکات.

ئەمەیش نموونەیەکە بۆتی دەهێنمەوە:

کچێکی منداڵ کە تەمەنی لە هەشت ساڵاندا بوو، سواری شەمەندەفەر بووبوو. لەو کاتەدا کە شەمەندەفەرەکە بەناو چوخمێکی تاریکدا تێدەپەڕی، ترسێکی گەورەی لێ نیشت. دایکەکەی وای لێکدایەوە کە ئەو ترسەی لە باوک و دایکیەوە بۆ ماوەتەوە. چونکە خۆی تا دەمێکی نزیکیش لەوەپێش، تووشی جۆرە ترسێکی وەها دەبوو. ئنجا کە بەپرسێکی زۆر تەنگەتاو کرا لە بابەت سەرەتای ئەو ترسەوە و چۆنێتیی دەست پێکردنی ئەو ترسەوە، دایکەکەی گوتی: خۆیشم لە تەمەنی حەڤدە ساڵاندا بووم کە بەهۆی ڕوودانی کارەساتێکەوە – کە باسی کرد – تووشی ئەو ترسە بووم. کچەکە چەند جارێکی تریش لەگەڵ دایکیدا بەشەمەندەفەر کۆچی کردووە. بەشێوەیەکی شارراوە فێری ئەو ترسە بووە لە چوخمەکانەوە.[1] بێ گومان ئەوەیش لەوەوە ڕوویداوە، کە دایکەکەی لەو تەرحە شوێنانەدا تووشی ترس دەبوو.

لە ڕاستیدا، زۆربەی ترسی نابەجێ کە لەناو منداڵاندا هەیە، ئەگەر نەڵێین هەمووی – وەک ترس لە تارمایی و بێگانە و نەناسیاو و گیانلەبەران و جانەوەران – دوور نییە کە بگەڕێنەوە سەر هۆی دەروونی یاخود شارراوە.

هیچ بەڵگەیەکمان بەدەستەوە نییە کە بتوانین بڵێین هیچ هەستێکی دەروونیی دیاریکراو لە باوک و دایکەوە دەپەڕێتە ناو دەروونی منداڵەوە. بەڵام هەزار و یەک

(١) چوخم: واتە = تۆنێل (النفق).

بەڵگەمان بەدەستەوەیە کە بڵێین دەگونجێ ترس لە دڵی باوک و دایکەوە بکەوێتە ناو دڵی منداڵەوە، بەهۆی نیازبەخشینی دەروونییانەوە، بەهۆی دەسەڵاتیانەوە، بەهۆی چاولێکەرییەوە، بەجۆرێکی وا کە هۆشی شارراوەی منداڵ پڕ ببێ لە بیروباوەڕی وەها کە تووشی ترسیان بکات. پەروەردەکردنی خراپ، یاخود تووشبوونی کارەساتێکی پڕ ئازار یان هەردووکیان پێکەوە، هۆی هەرە گەورەی پەیدابوونی ترسی نابەجێن لە دڵی منداڵان و لاواندا. لێرەدا هەندێ پێشنیازی بەکەڵک پێشکەشی خوێندەواران دەکەین، بۆ ئەمەی ئەم ترسانە تێبگەن و سووکیان بکەن و چارەیان بکەن:

١- نابێ منداڵ بەترساندنەوە پەروەردە بکرێ. بەهەزاران منداڵان هۆش و گیانیان پەکی کەوتووە، بەهۆی پەروەردەکردن و مەشق پێکردنیانەوە لەسەر شێوەیەکی زۆردارانە و دڕندانە، کە لەبەر کەم دەسەڵاتیی خۆیان وایان دەدایە قەڵەم کە بۆ کەڵکی ئەو منداڵانە ئەوانەیان بەکارهێناوە. نابێ وەک گوناه و کردەوە نەنگی، تەماشای ئەو هەڵە و خووە خراپانەیان بکرێ. بەڵکو وەک کەموکوورییەک سەیر بکرێ کە چار نییە ڕوو بدەن لە شاگردێکەوە کە دەیەوێ گەورەترین پیشەسازی لە جیهاندا فێر ببێ، پیشەسازیی خۆ دروستکردن. خۆشەویستی و تێگەیاندن و هانەدان بۆ ئازایەتی لەگەڵ نەرمونیانیدا، لە باریاندا هەیە گیانی ئارام و ئاسایش بخەنە لەش و دەروون و هۆشی منداڵەوە.

٢- دەبێ هەر ترسێک لە دڵی باوک و دایکدا بێ لە منداڵ بشاررێتەوە. چونکە هۆشی منداڵ هەمووده‌م ئامادەیە هەرچی دی و بیستی وەریبگرێ. لەبەر ئەوە دوور نییە کە ئەو ترسانە، بەشێوەیەکی نهێنی بکەونە دەروونی منداڵەوە. لەبەر ئەوە نابێ باوک و دایک ترسنۆکیی تایبەتی خۆیان لە بەرچاوی منداڵەکانیاندا دەربخەن. دەبێ لە هەموو تەنگانە و تەنگوچەڵەمەیەکدا کە ڕوو دەدات، جۆرە باوەڕ بەخۆکردن و تێگەیشتن و هۆشێکی دروست و پەسندانە بخرێنە ناو ژینی خێزانییەوە. دەبێ ئەوەیش بزانرێ کە ترس لە شتی گەنگ و سووک و بێ وەی وەک پشیلە و مشک... هتد. کردەوەیەکی منداڵانەیە، ناشبێ لە ئافرەتی تێگەیشتوو ڕوو بدەن. هەروەها ترس لە ئازار و تاریکی و خەمی تەندروستی خواردن بەشێوەیەکی لە وزە بەدەر، کردەوەیەکی ناپەسندە، ناشێ لە پیاوی تێگەیشتوو بوەشێتەوە.

٣- گوناهبار ئەبین ئەگەر بەترسی منداڵ گەمە بکەین و پێبکەنین. ترسی ئەندێشەیی لای منداڵ وەک ترسی ڕاستەقینە وایە. ئەو ترسە لە ترسی ئەو پیاوە کەمتر نییە کە لە دوورەوە کۆمەڵە تفەنگچییەکی ڕاوڕووتکەر دەبینێ. گەمەکردن بەمناڵی ترسنۆک،



تەنیا ئەنجامێکی هەیە، ئەویش ئەوەتا کە منداڵەکە وا لێ ئەکات لە دەروونیدا هەستێکی قووڵ بکات بەبێ دەسەڵاتی و بێ ئاسایشی خۆی. منداڵیش نابێ بەبێ چەک بەرەڵڵا بکرێ لە کۆڕی شەڕدا بەرامبەر ترسی خۆی.

ئەگەر هاتوو منداڵەکە وای لێهات، بەرە بەرە ترس بچێتە دڵیەوە، لە شتێکی دیاریکراو، یاخود لە بارێکی ناسراو، ئەوساکە، دەبێ باوک و دایکەکە، بەهۆی تێگەیشتنێکی تەواوی مێژووی ژیانی منداڵەکەیانەوە بگەنە ئەنجامێکی وا کە بتوانن شێوەی بیرکردنەوەکەی بخەنەوە سەر باری دروستی و ترسەکەی لە ڕەگ و ڕیشەوە دەربکێشن و لە جێی ئەو ئازایەتی بڕوێنن و پەروەردەی بکەن.

ئەو منداڵانەیش کە لە تاریکی ئەترسن، بەتایبەتی لە کاتی نوستندا پێویستە ژوورەکەیان بەچرایەکی کز ڕووناک بکرێتەوە و بشخرێتە دڵیانەوە کە بەتەواوەتی ئەپارێزرێن. ئنجا کە گەیشتنە تەمەنی هۆشیی خۆیان، پێویستە تاریکییان تێبگەیێنرێ کە چییە و بەکاری چییش دێ؟

چەند زۆرن ئەو منداڵانەی کە دایکیان بەزۆر لە ژوورێکی تاریکدا نوواندوویانن، ئەوانیش بەگریان و ترس و لەرزێکەوە، لەپاش ئەمەی دایکیان جەزرەبەیان پێ گەیاندوون، چوونەتە پێخەفەکانیانەوە، کە بەهۆی ئەوەوە تووشی نەخۆشیی (گرێی ترس)ێکی وەها بوون، کە نە بەڕابوردنی ڕۆژگار و نە بەهیچ دەرمانێک چاریان نەکراوە. ئەگەر تێگەیشتن و ئەندێشە باش بخرێتە کار، لە باریاندا هەیە کە ترسە نابەجێیەکانی منداڵ بگۆڕنەوە بەپشت بەخۆبەستن و دڵخۆشبوون. منداڵێک هەبوو لەوە گازندەی ئەکرد کە بەشەو پڵنگێکی گەورەی دڕندە دێتە خەوی. ڕۆژێک لە ڕۆژان، پزیشکێکی زرنگ بەتەنیا بردیە لای خۆی، لە بابەت ئەو پڵنگە دڕندەیەوە گفتوگۆی لەگەڵ کرد. پێی گوت: (لە ڕاستیدا ئەو پڵنگەی تۆ دیوتە لە خەودا، پڵنگێکی دۆستە. پێویستە ئەمجارە کە دیتەوە لە خەودا، هەروەک قسە لەگەڵ سەگێکی ماڵی دەکەیت، قسە لەگەڵ ئەویش بکەیت.).

هەر لەو شەوەدا باوک و دایکەکە و پزیشکەکە، هەرسێکیان، بەدیار منداڵەکەوە مان لەپاش نوستنی سەرنجیان دا: ئەوا لە سەرەتاوە لەشە بچکۆلەکەی منداڵەکە هەندێ کرژ و توند دەبێ. پاشان کوتوپڕ دەستی درێژ کرد و بەنەرمی کێشای بەسەر لێفەکەیدا. ئنجا منداڵەکە گوتی: (سەرچاو هاتیت، هاوڕێ کۆنەکەم!). پاش ئەوە کرژی و توندییەکەی لەشی خاو بووەوە و کەوتە خەوێکی قووڵەوە.

بیرکردنەوە و هەست پێکردنمان، تا ئەندازەیەکی گەورە کار لە دڵمان ئەکات. ئەگەر ترسنۆکانە بیر بکەینەوە، دەروونمان پڕ ئەبێ لە ترس و لەرز و کردەوەکانیشمان لەگەڵ ئەو ترس و لەرزانەدا ڕێک دەکەون. خۆ ئەگەر ئازایانەیش بیر بکەینەوە بەهیوا و پشت بەخۆبەستنەوە، ئەوا هەست و کردەوەیشمان بەچەشنی ئەوانە چاک ئەبن.

**پوختەی ئەوەی گوترا:**

١- ئەگەر منداڵ تووشی ئازارێکی لەش یان هۆشی بوو، دوور نییە کە لە هۆشی شارراوەیدا (گرێی ترس) پەیدا ببێ.

٢- هەروەک پارچە هەورێک[١] ئاو دەمژێ، منداڵیش ئەو خۆرشتە دەخوات کە ناوچەکەی خۆی پێشکەشی دەکات.

٣- نوواندنی خۆشەویستی و تێگەیاندن و هانەدان بۆ ئازایەتی و بەئارامی، لە باریاندا هەیە کە گیانی ئاسایش بخەنە لەش و دەروونی منداڵەوە.

٤- پێویستە باوک و دایک ترسنۆکیی خۆیان لەپێش چاوی منداڵەکانیاندا دەرنەخەن.

٥- نەکەیت، بەترسی منداڵەکەت گەمە و پێکەنین بکەیت.

## ترس و هەست بەکەموکووڕیکردن

## ٢

ئەوەندەی نەماوە کە ترسیش ببێتە هاوتای هەست بەکەموکووڕیکردن. چونکە بێ ترس، هەست بەکەموکووڕیکردن پەیدا نابێ. هەروەها بێ هەست بەکەموکووڕیکردنیش ترس پەیدا نابێ. ئەم دوو نەخۆشییە هەموودەم لە کار لە یەککردن دان. هەرچەند هەست بکەین بە کەموکووڕی خۆمان لە بەرەو ڕووی مرۆڤێکی تردا، ترسمان لێ ئەنیشێ و زارەترەک دەبین.

جاری وا هەیە لە بیروباوەڕی ئەم و ئەو دەترسین لە بارەی خۆمانەوە، جاری وایش هەیە لەوە دەترسین کە جوانی و بلیمەتییان، جوانی و بلیمەتیی ئێمە بشارنەوە و بکەوینە تاریکییەوە. جاری وایش هەیە دەترسین لە بێ کارەیی خۆمان و لە نادیاریی خۆمان لەناو کۆمەڵایەتیدا. هیچ گومان نییە، کە ئەم ترسە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، تۆوی (هەست

(١) هەور: ئیسفەنج.



بەکەموکووڕیکردن) لە دەروونماندا دەچێنێ. لەبەر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە، دەتوانین بڵێین کە هەست بەکەموکووڕیکردن بەهۆی کارەساتی سەردەمی منداڵییەوە پەیدا دەبێ و گەشە دەکات. ئەو کارەساتانەیش بەجۆرێکی تێکڕایی دەکرێن بەسێ بەشەوە: پەروەردەکردنی خراپ، نەشارەزایی، هەستکردنێکی قووڵ بەکەم دەسەڵاتی و بێ کارەیی.

بەلای پەزیشک (ئەدلەر)ەوە، لە منداڵاندا سێ جۆریان تووشی هەست بەکەموکووڕیکردن دەبن: یەکەمیان ئەو منداڵانەی نازدارن. دووەمیان ئەو منداڵانەی نەنگەویست یان خۆش نەویستراون. سێیەمیان ئەو منداڵانەی هەست بەکەموکووڕییەک دەکەن لە لەشیاندا. منداڵی نازدار - بەهۆی پەروەردەکردنی خراپەوە - وای لێ دێ وەک مرۆڤێکی کۆمەڵایەتیی ئاسایی، بەکاری ژیان نەیەت. ئەو منداڵە، هەر لەو پارچە مەکینەیە دەکات کە کرێکارێکی نەشارەزا، خراپ دروستی بکات، شت تێک دەدات، نایشتوانێ - بێ کەموکووڕی - لە فرمانی گشتیی مەکینەکەدا جێی خۆی بگرێتەوە.

جا ئەم کەموکووڕییەیە کە منداڵی نازدار لە هی تر جیا دەکاتەوە. منداڵی نازدار، تا لە کۆمەڵ دوور بێ، وەک منداڵێکی تەواو دەردەکەوێ. (دوور نییە لە بەرچاوی باوک و دایکی یەجگار تەواو بێ) بەڵام ناتوانێ لەناو کۆمەڵدا وەک تاکێکی کارگوزار بسازێ و بژی. ئەویش لەبەر ئەوەیە کە پەروەردەکردنەکەی تەواو نەبووە و کۆمەڵی نەبووە[١].

منداڵەکە تووشی پاراستن و خەمخواردنێکی نازرنگانە بووە. بەو جۆرە پەروەردەکردنەوە، لە توانایدا نابێ، بەرەنگاریی ژیانێکی ناخۆش بکات. خۆشەویستی یەجگار زۆر و بێ هۆشانە، کە بەرامبەر منداڵەکە پێشان دەدرێ، وای لێ دەکات هەستێکی بێ هاوتا بکات بەگرنگی و جیاوازیی خۆی لە کەسانی تر. کاتێ کە دەگاتە تەمەنی کوڕان - بەهۆی ڕووداوی هەندێ کاروباری هەمەوارەوە - ئەم هەستەی دەگۆڕرێتە شێوەیەکی واوە کە هەرچی لە خوار خۆیەوە بێ، بەچاوی سووک سەیری بکات، هەرچییش لە ژوور خۆیەوە بێ، بەندەیی بۆ بنوێنێ.

ئەگەر هاتوو کوڕی نازگیراو، خۆشبەختانە، توانی دڵخواز و ئارەزووەکانی خۆی بهێنێتە دی و ناچاری ئەوە نەبوو بۆ مووچەی ڕۆژانەی بکەوێتە جەنگەوە، ئەوا لە دەست ڕاپەڕاندنێکی ناشیرین ڕزگاری دەبێ کە دەتوانێ بالاخانەی بلوورینی ئاواتەکانی وردوخاش بکات. بەڵام ئەگەر هاتوو ناچار بوو، ڕێگا ببڕێ لە ژیندا، بەهۆی دەست

(١) کۆمەڵی نەبووە: هۆگری ناو کۆمەڵ نەبووە، (إجتماعی) نەبووە.

تەنگی یاخود سەرگەردانییەکەوە، بەرِەنجی شان و ئارەقی ناوچەوان نان پەیدا بکات بۆ ژیان، دوور نییە کە تووشی نەخۆشیی (جیاوازی دەمار)(*) ببێ.

ئەویش وا لێک دەدرێتەوە، کە منالّی نازگیراو دێتە کۆڕی ژیانەوە، ناتوانێ تێبگات بۆچ هەموو کەس وەک باوک و دایکەکەی خۆی لە خۆشەویستیدا نوقمی ناکەن. ناتوانێ خۆی بسازێنێ لەگەڵ ڕووداوی ڕۆژگاردا، ئەگەر هاتوو فەرمانێکی دووەم پلەی درایە بکەوێتە ژێر دەستی سەرۆکانەوە. جاری وا هەیە، کەمەکووڕی سەرۆکەکانی خۆی دەردەخات، هەر بۆ ئەمەی جیاوازیی خۆی لەم و لەو پێشان بدات، جاری وایش هەیە بەرەنگارییان دەکات و بەربەرەکانێیان لەگەڵدا دەکات، تا خۆی بەدەرکردن دەدات. زۆری پێ ناچێ، فەرمانێکی تریش دەگرێتە دەست، بەڵام لەوەپێش چیی کردووە، هەر ئەوە دەکاتەوە. بەم ڕەنگە لەم فرمانەوە باز دەدا بۆ ئەو فرمان. بەڵام نەسرەوتی دەبێ، نە ئارام، هەموویشی هەر لەبەر ئەوەیە کە ناتوانێ بەپێی ئەو کۆمەڵەی لەناویدا دەژی، خۆی ڕابهێنێ. ئەو لە ناوچەیەکی پێگەیشتوودا دەژی، بەڵام لەگەڵ بیرێکی منالانە و هەستێکی منالانەدا. ئنجا لەپاش هەموو شتێک کە بۆی دەرکەوت ناتوانێ زاڵ بێت بەسەر ناوچەکەی خۆیدا و بیچەوسێنێتەوە بەئارەزووی منالانەی خۆی، بەچەشنی چەوساندنەوەی دایکی خۆی کە لەوەپێش کردوویێتی، لە دەستیدا دەشکێ و، لە دەرگایەکی نزیکەوە خۆی لە (درِندەیی جیهان) ڕزگار دەکات، واتا دەمێک دەس دەکات بەمەی خواردنەوە و، دەمێکیش دەست دەکات بەخۆژیاندن بەسەر ئەم و ئەوەوە، ئنجا قومار دەکات و، دواییش خۆی ڕائەهێنێ بەتاک و تەنیایییەوە...

بەڵام ئەو منالّە نازگیراوانەی کە بەختیان هەیە بەو ئەنجامە ناگەن بەو لای تردا وەردەگەڕێن. هەمووەدەم بۆ ئەوە دەگەڕێن کە ڕووی هەمووان وەربگێڕن بۆ خۆیان. هەچ فەرمانێک نابەجێ بێت ئەوە دەکەن بۆ ئەمەی لە خۆبایی بوونی خۆیان دابمرکێننەوە لە کۆبوونەوەکاندا وەک لاساییکەرەوەکان خۆیان پیشان دەدەن. بەشێوەی (ئۆکسفۆرد) نەبێ قسە ناکەن. ئەو بەرگانە دەپۆشن کە سەرنج ڕابکێشن. بۆ ئەمەی پاشەجار، بەهۆی ئەو شتانەوە جێگایەکی ناسراو یاخود فرمانێکی پەسندیان دەست بکەوێ.

بەڵام لەپشت ئەم هەموو ڕووکەشانەوە، هەستێک هەیە، قووڵ، بەکەمەکووڕی، کە ئەویش دەگەڕێتەوە سەر (ترس).

(*) جیاوازیی دەمار = (الشذوذ العصبي) – وەرگێڕ –



دەستەی یەکەمی نازگیراوەکان لە ژیان دەترسن.

دەستەی دووەمیشیان لەوە ئەترسن کە گرنگیی تایبەتی منالانەیان، وەک هەڵدەگرێ، گوێی نەدرێتێ. لەبەر ئەوە بەهەمموو توانایەکیانەوە تێ ئەکۆشن کە کۆمەڵ بەچاوی سەرسوڕمانەوە سەیریان بکات. ئەمەیش شتێکی سەیر نییە. چونکە لە تافی منالّییاندا سەرنجی دایک و باوکی خۆیان بەوە ڕائەکێشا، کە یاخی ببن و لاساری بکەن و نووچ بگرن لەسەر شت و فروفێڵ بکەن و هەراس لەم و لەو بسێنن و ئازاری تاکوتەرای خێزان بدەن.

ئەی منالّی نازگیراو چیی دەوێ؟

ئەوەی دەوێ، کە هەمووەدەم یەکەم بێت و سەرنجی هەمووان بۆ سەر خۆی ڕابکێشێ. نایەوێ کەس بەربەرەکانێی لەگەڵدا بکات. پەلپ دەگرێ لەسەر ئەوەی کە هەمووەدەم چاکترین جێگا و ناوازەترین جلوبەرگی پێ بدرێ. لە ڕێگاوباندا، لەناو ئۆتۆمۆبێلەکاندا، لە جێگەی لاساییکردنەوە و دەسگای کار و فرمان و یانەکان و زانستگاکاندا، منالّی نازدار واز ناهێنێ لە خۆی، تا هەستی ساوایانەی خۆی ئاشکرا نەکات. ئنجا بەو کردەوانە دەبنە گیروگرفتێکی کۆمەلایەتی.

کچۆڵەی نازداریش، دەترسێ لە شووکردن. لەبەر ئەوەیشە کە شوو ناکات، چونکە لە پیاواندا کەسی وا نابینێ کە ڕایەی بکەوێ مارەی بکات. یان لەبەر ئەوەیە کە لە کار و فرمان و لێپرسینەوەی ژن و مێردی دەترسێ. بەڵام ئەگەر هاتوو شووی کرد، زۆری پێ ناچێ خۆی بەبەرەڵڵاکردن دەدات، مەگەر خودا و ڕاستان گۆڕینێک بێت بەسەر دەروونیا، بیهێڵێتەوە لە ژیانی ژن و مێردیدا. ئەگینا کچە گەورەی منالّ، هیچی بۆ نامێنێتەوە ئەوە نەبێ کە لەسەر ئەو شووەیشیدا کە کردوویێتی، بگەڕێتەوە مالّی باوکی بۆ ئەمەی بەنازدارییەوە ژیان بەسەر ببات.

ئەو دایکە پڕ هەستەی کە بەرگی کچان دەکاتە بەر کوڕەکەی و قژی وەک هی کچ لوول دەدات لەباتی بڕینی وەک هی هەموو کوڕێکی تر، لە ڕاستیدا تۆوی هەستکردن بەکەمەکووڕی و کردەوەی ناپەسند لە مێشکی منالّەکەیدا دەچێنێ. ئەو منالانەیش کە نەنگەویستن یا خۆشەویست نین، سا لەبەر هەر هۆیەک ببێ، هەر بەم ئەنجامە دەگەن. ئەوەندە هەیە بەلایەکی تردا دەڕۆن. ئەو منالّەی لەناو پشم و قینا گەورە ببێ، بەکاری ژیان نایەت. چونکە پشم و قین خۆی، بە هەموو جۆرێکیەوە، ئارەزووی ژینی ناو کۆمەڵ، لە مرۆڤدا دەکوژێ. تۆ ئەگەر خۆشیان نەوێیت، یان لایان پەسند نەبیت ئەوە ئەگەیێنێ کە

ئەو كۆمەڵەی تێیا دەژیت دوژمنتن و لەناویاندا جێگەت بۆ نەماوەتەوە.

هەتاكو جەزرەبە پێ گەیاندن و كەموكووڕی دەرخستن و سەرزەنشتكردن بەكار بهێنرێن لە پەروەردەكردنی منالّدا، منالّەكە گیانی لە كار ئەكەوێ. چونكە ڕەنجەڕۆیی و نابەجێیی و ترس و هەستكردن بەكەموكووڕی، لە پەروەردەكردنی وادا، دەبنە ڕەوشت و كرداری خاوەن دەسەڵات بەسەر هۆشی منالّەكەدا. خۆ ئەگەر جەزرەبە گەیاندن بەلەش، لەناو مالّ یاخود ناوچەدا، پەروەردەكردنێكی خراپی ناو خوێندنگایشی بێتە سەر، ئەوە بەیەجگاری منالّەكە، تووشی ئەنجامێكی یەجگار خراپ دەكات بێ گومان، ئەم ڕاستییەیە، كە پزیشك (كریچن میللەر) ویستوێتی بەم ڕەنگە ڕوونی بكاتەوە، كە ئەڵێ:

(هەندێ جار وا ئەزانرێ كە ئازارێكی زۆری دەروونی مندالّ بدرێ، چاكترە لەوەی كە جەزرەبە بەلەشی بگەیێنرێ. بەڵام من، لە تاقیكردنەوەكانی خۆمەوە وام بۆ دەركەوتووە، كە ئازاری هەرە زۆر لە دارەوە پەیدا نابێ. بەڵكو لەو مامۆستایەوە پەیدا دەبێ، كە دڵ ڕەقانە بەتەوسەوە پلار لە مندالّ دەگرێ). بەڵام ئەگەر هاتوو پەروەردەكردنی نابەجێ زۆری پێ چوو، ئەنجامی ئەوە دەبێت، كە مندالّەكە بیرەوەریی ناخۆشی ئەو پەروەردەكردنە هەڵبگرێ بۆ تافی كوڕێنی، بۆ ئەمەی ببن بەبنچینەیەك بۆ هەست بەكەموكووڕیكردن و شەرمنی و ترسی. ئەم جۆرە هۆیە كاریگەرانەن كە یەك ئەگرن و مرۆڤێك بەرەو سەركەوتن و یەكێكی تریش بەرەو سەرئەنگرێ بوونی دەبەن. چونكە لە كارەساتی ڕۆژگاردا زۆر شتی وامان چاو پێ دەكەوێ، كە دوو پیاو، هەردووكیان یەك كاروبار دەخەنە ئەستۆی خۆیان و هەردووكیشیان لە یەك كاتدا دەستی پێ دەكەن، كەچی یەكێكیان سەردەكەوێ، یەكێكیشیان ژێر دەكەوێ. ئێستاكە ئێمەیش لەو كاروبارانە دەدوێین كە بە پەیوەندییەكانی كۆمەڵایەتییەوە نووساون.

بۆ وێنە، بام تەماشای دوو چەرچی بكەین. هەردووكیان وەك یەك مەشقیان كردووە، وەك یەك كەلوپەلیان هەڵگرتووە، هەلیش بۆ هەردووكیان وەك یەك هەڵكەوتووە. كەچی یەكێكیان كە ئەچێتە دەرەوە، باوەڕی بەخۆی هەیە و بەسەر هەموو گیروگرفتێكدا زالّ ئەبێ و لە ئەنجامدا ئەگات بەسەركەوتن و پایە بڵندی. ئەمەكەیتریشیان كە دەچێتە سەر فرمان، بەگیانێكی پڕ ترس و لەرز و دوودڵی و باوەڕ بەخۆنەكردنەوە دەست پێ دەكات. لەگەڵ كڕیارەكاندا باش ناجووڵێتەوە ناتوانێ بەباشی كەلوپەلەكانی باوەڕیان پێ بكات،[1]

(١) ڕاستتر: نەیدەتوانی بەباشیی كەلوپەلەكانی باوەڕیان پێ بهێنێ.



یاخود هانیان بدات، خۆیان ئەو باشییە بدۆزنەوە لە كەلوپەلەكاندا. ئەویش حەز دەكات بگات بەكامی خۆی دیشزانێ كە سەركەوتن و سەرنەكەوتن، هەردووكیان بەندن بەتێكۆشانی خۆیەوە. كەچی لەگەڵ ئەوەیشدا، بەو هەموو ڕەنج و تەقەڵلا دڵسۆزانەیەوە كە دەیدات، سەرناكەوێ.

ئەوەیش لەبەر ئەوەیە كە ڕازی سەركەوتن و سەرنەكەوتن لەم وێنەیە و بابەتی وادا، كەوتۆتە ناو هۆشی شارراوەی مرۆڤەكە خۆیەوە. ئەم یاسایە ڕاستە بۆ هەموودەمێك. تەنیا ئەو جارانە نەبێت، كە هۆی سەرنەكەوتن بەند بێ بە بەدخوویی و بێ كارەیییەوە.

چەرچییە سەركەوتووەكەیان، چ بەسەرزاریی چ لەژێرەوە، ئارەزووی وا بوو سەر بكەوێ. بەهۆی ئەو پەروەردەكردنە زرنگانەیەوە كە لەدەمی منالّیدا دیویەتی، ڕەوشت و خوویەكی وا پەسندی گرتووە، كە ئازایەتییەكی تەواوی وای بداتێ، كە كردەوەكانی لەگەڵ كڕیارەكاندا جێی خۆیان بگرن و سوودیش ببەخشن. بەڵام چەرچییە[1] سەرنەكەوتووەكە، بەدڵێكی سەرنەكەوتووەوە فرمانی خۆی بەهۆی ئەو پەروەردەكردنە خراپەوە كە لە منالّیدا هەیەتی، ورووژانی نابەجێ و گرێی ترس لە هۆشی شاراوەیدا جێگیر بوو، هۆشی ئاگاداری هەرچەندێ ڕەنج و تەقەڵلایش بدات بۆ سەرگرتنی ئارەزووەكانی خۆی ئەوانە ڕێگای پێ دەگرن ناهێڵن سەربكەوێ.

ئەوانەی تا بینا قاقایان نوقمە لەناو گرێی ترسدا، هەر ئامۆژگارییەكیان بكرێ بۆ بەهێزكردنی ئارەزووی خۆیان، یاخود پێڕەویكردنی هەندێ لە یاسایانی تایبەتیی هۆش، بۆ سەركەوتن، بەفیڕۆ دەڕوات. ڕاستییەكەی ئەوەیە، ئەوانە، لە هەموو شتێك پتر پێویستییان بەدڵ دامركاندنەوەی خۆیان هەیە تاكو ئەو گرێیانەی كەوتوونەتە ناو هۆشی شارراوەیانەوە بڕەوێننەوە. ئنجا كە ئەوە پێك هات، دەتوانن لە پێڕەویكردنی ئەو یاسای سەركەوتنانەدا سەركەون لە هەر كاتێكدا، یاسای سەركەوتن كەوتە بەرەنگاریی گرێ شارراوەكانی ناو دەروون، بڕست بڕان و دەمار توندی و داتەپین بۆ لەش و هۆش پەیدا دەبن. هەرچەندە، پەروەردەكردنی خراپ، كارێكی زۆر گەورە دەكاتە سەر پەیدابوونی هەستكردن بەكەموكووڕی، بەڵام دەبێ ئەوەیشمان لەبیر نەچێ كە ئەندێشەیش لەم شوێنەدا بەشی خۆی كار دەكات.

جاری وا هەیە منالّەكە زۆرباش پەروەردە دەكرێ، ئەویش بەئاسایی پێ دەگات، كەچی

(١) چەرچی: فرۆشیاری وردەی دەسگێڕ، وردەواڵەفرۆش.

له تەمەنی کورێنییدا تووشی چەند کارەساتێکی وا دەبێ، له دەروونیدا ئەندێشەیەکی ڕووخێنەر دەبزوێنێ، پەکی بەشێکی زۆر له باوەڕ بەخۆکردنی دەخات. ئەوە دیارە کە ئەو لاساییکەرەوەیەی بۆ یەکەم جار لەسەر جێی لاساییکردنەوە[١]دەردەکەوێ، هەندێ دەماری توند و گرژ دەبێ، چونکە دەزانێ کە کۆمەڵێک له نرخ زانان[٢] له سبەینێوە له چاکی و خراپەکانی دەدوێن، هەروەک ئەو ئافرەتە گۆرانیبێژە کە یەکەم جار بێتە سەر تەختی گۆرانی گوتن، زۆر له خۆشی دەنگە خواپێداوەکەی خۆی کەم ئەکاتەوە. وتاربێژیشی هەر بەو ڕەنگەی لێ دێ. ئەویش لەبەر ئەوەیە کە ئەندێشە لەو شوێنانەدا، کەللەی لاساییکەرەوە و گۆرانیبێژ و وتاربێژ، پڕ ئەکات له ترس و لەرز. چونکە ئەوانە، هەرسێکیان لەبەر لووت بەرزیی خۆیان، دەترسن لەوەی کە تەماشاکەران و گوێگران بەکز و سەرنەکەوتوویان دابنێن. ئەنجامیش بەدوو شت دەگات: ترس و سەرنەکەوتن.

بەڵام ئەو ترس و هەستکردن بەکەموکوورییەی کە هۆیەکەیان خراپ پەروەردەکردنی مناڵ نییە، یاخود کارەساتی تایبەتیی سەرەتای تەمەن نییە؛ دوور نییە لەوەوە پەیدا بووبن کە کەتنێکی سەر بەکاروباری ڕەگەزبازی[*] قەومابێ و بوو بێ بەگرێ له دەروونی مناڵەکەدا، گەلێک هۆ هەیە کە دوور نییە ئەم جۆرە وروژانی دەروونیانە لەوانەوە پەیدا ببێ کە هەموو کەسایەتی[**] مرۆڤ ئەگرێتەوە.

خووی نهێنی،[٣] بیرەوەری گوناهێک کە لەوەپێش کراون، هەستێکی ناخۆشکردن بەبێ کارەیی له بابەتی ڕەگەزبازیدا...[٤] چەند هۆیەکن لەو هۆیانە.

چارەکردنی هەستکردن بەکەموکووڕی، تا ئەندازەیەکی گەورە بەندە بەسوروشت و باری خۆیەوە:

١- ئەگەر هەست بەکەموکوورییکردن له شێوەیەک له شێوەکانی هەستی (دوور له کۆمەڵایەتی)دا خۆی پیشان دا، وەک ئەوەی کە مرۆڤ نەتوانێ بسازێ لەگەڵ

(١) جێی لاساییکردنەوە: خشبە المسرح.

(٢) نرخ زانان: ڕەخنەگران (النقاد).

(*) ڕەگەزبازی: (الجنس sex) - وەرگێڕ -

(**) کەسایەتی: (الشخصیة) - وەرگێڕ -

(٣) خووی نهێنی: (العادة السریة).

(٤) ڕەنگە وەرگێڕ مەبەستی لەم دەربڕینە بێ: (ذكريات مؤلمة حول الفشل في العمل الجنسي او حادثة متعلقة بالعملية الجنسية) و لەم بابەتە.



ناوچەکەی خۆی[١] دانیشتوانیدا، یاخود وەک ئەوەی کە له ڕاستی هەڵ بێ بەهۆی مەی خواردنەوەوە، ئەوە - بەزۆری - له پەروەردەکردنی خراپی تافی مناڵییەوە پەیدا بووە. چونکە، ئەوە ئاشکرایە، کە پەروەردەکردنی زرنگانەی تافی مناڵی، هەرگیز کەس بەرەو ئامانجی (دوور له کۆمەڵایەتی) ئاراستە ناکات.

پێویستە له ڕەوشتی مناڵیی نەخۆشەکە بکۆڵرێتەوە، بۆ ئەمەی ئەو کارەساتانەی خستوێتی بەسەر باری (دوور له کۆمەڵایەتی) بدۆزرێتەوە. هەر کاتێ ئەوە پێک هات، دەبێ نەخۆشەکە، یاخود پەزیشکەکە، کەسایەتیی نەخۆشەکە لەسەر بنچینەیەکی باوەڕ بەخۆکردن و، پشت بەخۆبەستن و، ڕێز لەخۆگرتن، سەرلەنوێ دروست بکاتەوە بەهۆی تێکۆشانێکی زۆر و، ئارام و، باش تێگەیشتووەوە، ئەتوانرێ خووی بیرکردنەوە کۆنەکان له ڕەگ و ڕیشەوە دەربکێشرێن و، له جێی ئەوان خووی نوێی دروست له بیرکردنەوەدا، لەسەر بنچینەیەکی خۆناسین و ڕێز لەخۆگرتن و، خۆڕاگرتن، دابمەزرێنرێ.

٢- بەڵام ئەو ترسەی کە له نەشارەزایی و تاقی نەکردنەوەی ژیانەوە، پەیدا دەبێ، چارەکەی ئەوەیە کە خۆمان ڕابهێنین بەو فرمانانەوە کە لەوەپێش تاقیمان نەکردوونەتەوە. بۆی هەیە، یەکەم تەقەڵلا و دووەم تێکۆشانمان سەر نەگرن. بەڵام ئەوانە سەر نەگرتنێکی یەجگاری نین، لەبەر ئەوە ناشێ لێیان وەڕس ببین. چونکە له ڕاستیدا، لەو ڕێگایە بەولاوە، ڕێگایەکی تر نییە بۆ دەستکەوتنی شارەزایی و کارگوزاری و ئازایەتی.

پێویستە لەسەرمان، هەر ئارەزوویەک له ئەندێشەماندا ببێ بۆ پێشاندان و بەرجەستەکردنی (سەرنەکەوتن) له بەرچاوماندا، بیبوەستێنین. ئەگەر هاتوو لووت بەرزی، بەشێوەیەک بەربەست نەکرێ، لەوانەیە تووشی سەرگەردانی و ماڵوێرانیمان بکات. بەڵام ئەگەر بێتو بەچاکی بەربەست بکرێ و بەکار بهێنرێ دەبێتە هێزێکی وا کە لەو گەورەتر نەبێ. ئەندێشەیش هەر وایە.

ئەگەر له یەکەم تاقیکردنەوەماندا، سەرنەکەوتین، پێویستە ئەو ئەنجامە بەسنگێکی فراوانەوە وەربگرین و جارێکی تریش تاقیکردنەوەکە دەست پێ بکەینەوە: ئەو فڕۆکەوانەی له یەکەم فڕینیا سەرناکەوێ، پێویستە جارێکی تریش بفڕێتەوە. ئەگەر وا نەکات، بەشێک له باوەڕکردن بەخۆی، ون ئەکات. پاشەجار، بیرەوەریی سەرنەکەوتن،

(١) ناوچە: مەبەستی (دەوروبەر - محیط)ە... لێرەدا.

بەرە بەرە، لە هۆشی شارراوەیدا، جێگیر دەبێ و (گرێی ترس) لە دەروونیا دروست دەبێ.

٣- بەڵام ئەو کەسەی وروژانی دەروونی نابەجێ بەسەریدا زاڵ دەبێ، ئەویش بەیەکێک لەو چینە دەژمێررێ کە هەندێ بابەتی ژیانی گیانییان لە شێوەیەکی تێکچوو و داڕزیودا دەردەکەوێ. (فرۆید)،[١] بەلایەوە وایە، کە هۆی ئەم جۆرە ژیانە، ئەگەڕێتەوە سەر تێکچوونی کاروباری بابەتی ڕەگەزبازی. لەم بەشی دواییەدا، لەم بابەتەوە زۆرتر دەدوێین.

**پوختەی گوتراو:**

١- بەجۆرێکی تێکڕایی، سێ جۆر لە منالان نەخۆشیی هەستکردن بەکەموکووڕییان تووش ئەبێ: منالی نازدار، منالی نەنگەویست، ئەو منالەی کە هەست بەکەموکووڕییەک دەکات لە لەشیدا.

٢- منالی نازدار، تا ئەمێنێ بەبیرکردنەوەی منالانە و هەستی منالانەوە ئەژی. بەڵام کچە (گەورە)ی نازدار، بەزۆری، بۆیەکا شوو ئەکات، کە زۆری پێ نەچێ بگەڕێتەوە مالی باوکی کە بەنازدارییەوە تێیدا ڕاهاتووە.

٣- جەزرەبە پێ گەیاندن و سەرزەنشتکردن و بەرپەرچدانەوە، گیانی منال لە کەلک ئەخات، هۆشیشی گیرۆدەی دەستی کردەوەی نابەجێ و ترس و هەستکردن بەکەموکووڕی دەکات.

٤- بەهۆی تێکۆشانێکی زۆر و ئارامگرتن و تێگەیشتنی باشەوە، دەتوانرێ خووە کۆنەکانی بیرکردنەوە لە ڕەگ و ڕیشەوە دەربهێنرێن. تا لە جێی ئەوان خووی نوێی بیرکردنەوەی باش دابمەزرێنرێ، لەسەر بنچینەی خۆناسین و ڕێز لەخۆگرتن و خۆڕاگرتن.

(١) سیجمند فرۆید ١٨٥٦ – ١٩٣٩: پزیشک و دەروونناسێکی بەناوبانگی نەمسەیی بووە، دادەنرێ بەدامەزرێنەری ڕێبازی شیکردنەوەی دەروونی لەو زانستەدا، زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی لە سنووری پاڵنەر و سۆزە نەستییەکاندا بووە، هەروا فاکتەرە سێکسییەکان بەتایبەت لە قۆناغی منالیدا.



# ترس و دڵتەنگی

## ٣

هەروەک لەوەپێش دیمان، دڵتەنگی جۆرێکە لە جۆرەکانی ترسی جیاواز. واتا ئەو ترسەیە کە بەخۆڕایی پەیدا دەبێ و هیچ هۆیەکی ڕاستەقینەی نییە لە ناوچەی مرۆڤدا. ترسی پەسند، ژیان ئەپارێزێ و مرۆڤ پێش ئەخات، ئەو فەرمانبەرەی کە فەرمانی دەستنیشانکردنی پێ سپێرراوە بۆ هاتوچۆی شەمەندەفەر، چونکە ئۆبالی گیانی هەزارانی بەئەستۆوەیە، دیارە کە ئەترسێ لەوەی هەڵە بکات لە نیشانە پێداندا. ترسەکەی وای لێ ئەکات کە زۆر ئاگای لە خۆی بێت و هەڵە نەکات. هەروەها زۆرتریش کارگوزاری بنوێنێ. دوور نییە، ئەو ترسەی هانی بدات، کەلوپەلێکی میکانیکی وا دابهێنێ، کە گیان و سامانی هاتوچۆکەرەکانی، زۆرتر پێ بپارێزێ. هەروەها نەشتەرکارێکی[*] وریایش، هەموودەم بەتەنگ ئەوەوەیە، کە لە هەموو ڕوویەکەوە، لە پیشەکەیدا شارەزا ببێ، بۆ ئەمەی ببێتە نەشتەرکارێکی بەناوبانگ. چونکە ئەو ترسەی هەیەتی لە زرنگانەوەی ناوبانگی و ژیانی نەخۆشەکەی، پالی پێوە دەنێ، لە ڕێگای پێشکەوتن و پسپۆڕییەوە بەرێوە بچێ.

بەڵام ئەگەر یەکێ لەم دووانە، ڕێگا بدات بەترس، پەکی دەست پێکردنی بخات و لە کەلکی بخات، تا وای لێ دێ لە پاشەجاردا لە کۆڕی فرمانکردن بچێتە دەرەوە، ئەوساکە ئێمەیش، بەبێ چەندوچوون، ئەتوانین پێی بڵێین نەخۆشیی دەماری هەیە. بۆ ئەمەی لەوەپاش بچینە کۆڕی لێکۆڵینەوەی هۆی سەر لێ تێکچوونی، نەک لە فرمانەکەیدا کە ڕەنگە پێی بلێ پڕە لە تەنگوچەڵەمە، بەڵکو لە جۆری تێکچوونی ناوەوەی ژیانی تایبەتیی دەروونییدا.

دڵتەنگی بەسێ جۆر دەردەکەوێ: دڵتەنگیی تووڕەیی، دڵتەنگی پیش خواردنەوە، خەم. بێ گومان ئەم دابەشکردنە بابەتی پێشبینییە.[**]

ئەگینا دڵتەنگی بارێکە لە بارەکانی دەروون، کە هەریەکەیان لەویتریان جیاوازە. هەر کەسە هۆی خۆی هەیە و لەویتر جیاوازە، بەپێی گیروگرفتەکانیشی لە کەسێکی تر جوێ

(*) نەشتەرکار = (جراح) – وەرگێڕ –

(**) پێشبینی = (نظریە) – وەرگێڕ –

دەبێتەوە. لەبەر ئەوە، دڵتەنگی بەجۆرێکی ڕاستەقینە دیاری ناکرێ و نایشزانرێ چۆن کار ئەکات. ئێمە هەر بنچینەکانی ئەتوانین بزانین و هۆیەکانی. هەرچی دەمێنێتەوە، پەیوەندیی هەیە بەنەخۆشەکان خۆیانەوە. لە ڕاستیدا، دڵتەنگی تووڕەیی لە هەموو جۆرەکانی تر، دەرکەوتووترە. (فرۆید)یش کە لە هەموو کەس پێشتر بەم لێکۆڵینانەوە خەریک بووە، لای وایە، ئەگەر ئەم بارانەی[١] خوارەوە لە یەکێک دەربکەون، ئەوە نیشانەیە کە ئەو کەسە تووشی دڵتەنگی بووە:

١- دڵ تێکچوون کە لە دڵەکوتێدا دەردەکەوێ.
٢- سواربوونی هەناسە.
٣- زۆر ئارەقکردنەوە، بەتایبەتی لە شەودا.
٤- لەرز و لەرزین.
٥- سکچوونی لەناکاو.
٦- سەرگێژی.
٧- ترسی ناکاوی پاش لە خەو ڕاپەڕین، هەروەک یەکێک لە شاخێک بەر بووبێتە خوارەوە.
٨- کرژبوونی ماسولکە.

(ستەبەل)یش ئەم بارانەی خوارەوەی دەخاتە سەر:

٩- هەناسەهەڵکێشانی قووڵی لەناکاو، کە لە تەنگەهەناسەوە[٢] پەیدا دەبێ.
١٠- هەستکردنی ناکاو بەماندووبوون، کە جاری وا هەیە دەگاتە ئەندازەی لە هۆش - خۆ - چوون.
١١- ڕشانەوە و ئازاری ورگ، لەگەڵ نیشانەکانی باکردن و، دەرپەڕینی بای بۆگەن بەدەنگەوە.
١٢- ژانەسەری توند و دڵ تێکەڵ هاتن.
١٣- گلاراویی زۆر و، جێگۆڕکێی بێ جێ، هەروەک نەخۆشەکە بێ مەبەس بەهەر چوار لای خۆیدا بسوورێتەوە.

(١) وەیان: ئەگەر ئەم حاڵەتانەی...
(٢) بەڵکو: هەناسەبڕکێ.



هەموو لا بڕیاریان لەسەر ئەوەیش داوە، کە بارەکانی دڵتەنگی، بەزۆری، دەگەڕێنەوە سەر جۆرە ژیانێکی خراپی مێبازی، وەک: ئاژاوەی دڵداری و، خۆبەستنەوەی دڵڕەقانە[١] و شتی تر. بەهەموو ڕەنگ، یەکێکیش لەو هۆیانە، ژن و مێردیی دوور لە خۆشەویستییە، لەگەڵ نەنگەویستیی هاوڕێی ژیان. لەگەڵ دڵتەنگیی تووڕەییدا، دڵتەنگی پێش خواردنەوەیش پەیوەندی هەیە. بۆ وێنە: ئەو نەخۆشە پڕ ترس و لەرزە پیشان دەدەین کە بازرگانییەکەی ڕووی کردۆتە کزی. لێکۆڵینەوەی یەکەم دەریخستووە کە ترسەکەی بنچینەیەکی دروستی هەیە. بەڵام لێکۆڵینەوەیەکی قووڵتر دەریخستووە کە جیابوونەوەی ژنەکەی هاتووە بەبیردا، لەگەڵ دەست تێکەڵی لەگەڵ کچێکی نەونەمامی پەری ڕوو، لەو کچانەی کە لە دەسگاکەیدا فرمان دەبینن. ئنجا هاتووە دەستکاریی ئەم بیرانەی کردووە و بەستوونیەتەوە بەسەرنەگرتنی بازرگانییەکەیەوە.

وێنەیەکی تریش: هی ئەو لاوەیە کە لەگەڵ باوک و دایکی خۆیدا لەناو خانوویەکی دێهاتیدا دەژی. لای کوڕەکە، باوک و دایکەکەی پاشکەوتوو و کۆنەپەرستن. لە کاروباری ئاییندا گیرن. کوڕەکە لە دەست خۆی و لە دەست ئەوانیش وەڕس دەبێ و هەموو ژیانی ناو گوندەکەی لێ تاریک دەبێ. بەڵام لێکۆڵینەوەیەکی زانستی، دەریخستووە، کە ئەم دڵتەنگییەی و حەز نەکردنەی لە ژیانی ناو گوندەکە و، بێزاری لە ژیانی لادێی (سووک و ڕیسوا)، هۆی ڕاستەقینەیان ئەوە بووە، کە زۆر بەئاواتەوە بووە لە شارێکی گەورەدا بژی، هەر بۆ ئەمەی دوور بێ لە چاوی دایک و باوکەکەی و، چەندوچوونکردنیان لەگەڵیا، تا ژیانێکی (پڕ خۆشی) تر بەئارەزووی خۆی بژی.

هەندێ جاری وایش هەیە، کە پیاو لە کارەساتێک یاخود لە کاروبارێک بترسێ، نیشانەی دڵتەنگیی پێش خواردنەوەی لێ دەردەکەوێ: ئافرەتێک دەناسم هەر لەبەر ئەوەی کە پێویست بوو بەزوویی نەشتەرکارییەک لە لەشی خۆیدا بکات، زۆر لە تەنگەتاویدا دەژیا. هەر کارەساتێک لەناکاو بقەومایە هەرچەندێ بچووکیش بووایە، ئەوەندە زەندەقی لێی دەچوو، دەیخستە شەرای مەرگەوە. لە ژیانی ڕۆژانەیدا، هیچی بەڕاست و دروست نەدەزانی. لەپێش چاویدا، هیچ شتێک نەما بوو کە لە ڕوویەکیەوە هەڵەی تیا نەکرا بێ... بەلای ئەوەوە، شتێکی نەزانراو هەبوو، نزیک بوو ڕوو بدات... ئەوەیش لەبەر ئەوە بوو، کە ترسی شارراوەی ناو هۆشی، پەڕیبووە سەر ئەو شتانەی کە لە دەوروپشتیدا بوون.

(١) (العلاقات القاسیة).

ماوەتەوە سەر ئەوەی کە چەند قسەیەکیش لە بابەت (خەم)ەوە بکەین. ئەم دڵتەنگییە لە هەردوو جۆرە دڵتەنگییەکانی تر، زۆرتر بڵاو بۆتەوە. بەجۆرێکی تێکڕایی سێ شت دەبێتە هۆی پەیدابوونی:

١- ترسێکی ناوەوە لە قەومانی سەرگەردانییەکی لەش، یان کۆمەڵایەتی، یاخود ئابووری.

٢- پیش خواردنەوە بەهۆی دڵدارییەوە.

٣- لە دڵدا هەستکردن بەگوناهباری.[١]

بەزۆری نازانین کە بڵێین خەمخواردنی تەندروستی یەکێکە لە نیشانەکانی شارستانێتی. بەهۆی داوودەرمانی ئامادەکراوەوە، کە لە ژمارە نایەن و، خاوەنەکانیان شارەزابوون لە جاڕدان و چاووڕاوکردندا تێکڕا گشت کەس، تووشی نەخۆشیی (خەمی تەندروستی) هاتوون، کە تا ئەمێنن لە دەستی بێزار ئەبن و ڕزگار نابن.

بڕوا ناکەم بەهەڵەدا چووبین، کە بڵێین، ئەوەندەی ئەم داوودەرمانانە خەم و ئازاریان لای مرۆڤ پەیدا کردووە، گەلێک کەمتر لەوە، لەگەڵ چاووڕاوەکانیشیاندا، خەم و ئازاری نەخۆشانیان لابردووە... یەکێک لە خەمەکانی تازەیشمان ئەوەیە کە (بەتەنگ پاراستنی ڕووکەشەکانمان)ەوەین. ژیانی کۆمەڵایەتی، لای هەندێک ئەوەندە بەووردی و توندییەوە گیراوە، هەر تۆزێک لە بارستاییەکەی بێتە خوارەوە، تووشی دەمار کرژی و خەموخەفەت ئەبن. لەجیاتیی ئەوەی زۆربەی کەسان گوێ نەدەنە قسەی ئەم و ئەو، تەنیا لە ئەندازەی خۆیاندا بژین و لە بەرەی خۆیان بەولاوە پێ ڕانەکێشن، دەچن هەموو هێز و گوڕێکی خۆیان دەخەنە سەر ئەوەی بگەنە پایەی ژیانی ئەو کەسانەی کە لە توانایاندا نییە بیانگەنێ. ئەی بەمە نەگوترێ تێکۆشینی مناڵانەی سەرنەگرتوو، بەچی بگوترێ؟!...

چاکترین دەرمان بۆ ئەوانەی کە (بەندەی قسەی گشتین) ئەوەیە کە بەتوندییەوە وتەی (نیتشە)یان[٢] تێبگەیێنرێ، کە گوتوویەتی: (من وام و، هەروایش دەبم. بەڵام ئێوە،

(١) (الشعور بالذنب).

(٢) نیتشە ١٨٤٢ - ١٩٠٠: فەیلەسوفێکی ئەڵمانیە، بڕوای بەڕێبازی گۆڕان بووە، دەیوت: ژیان کێشە و ململانێیە لەسەر مانەوە، مانەوەش بۆ بەهێز و شیاوەکانە، ئینسانی باڵاتری بەلاوە ئامانجی سەرەکییە، نەژادی جەرمانی لە لا شیاو بوو، (ویستی هێز - إرادة القوة)ی لە لا پوختە ڕێبازی بووە.



ئەی ئەو کەسانەی کە کردەوەی من پەسند ناکەن، هیچتان بۆ نەماوەتەوە ئەوە نەبێ کە ملی خۆتان بکەن بەپەتدا).

(جۆن ئەرڤین)، لە یەکێ لە چیرۆکەکانیدا، باری ئابووریی ئێستای، وا جوان و زیندووانە پێشان داوە، کە دەیچەسپێنێتە دڵمانەوە، خەم ئەگەر لە وزەبەدەر بێ و جڵەوی بۆ بەر بدرێ، لە توانایدا هەیە، هەندێ جار، ژیان لە پیاو تاڵ بکات و، گەشی و خۆشیی لێ بار بکات.

(تیمس)، کە فەرمانبەرێک بوو لە یەکێ لە هاوبەشییەکانی لەندەندا، هەمووەدەم وەها بیری دەکردەوە: ئەگەر ڕۆژێکی وا هاتە پێشەوە و نەمتوانی فرمانی تێدا ببینم؛ ئاخۆ چیم بەسەر بێ؟ گەلێک شەوی وا هەبوو، بەهاوارەوە لە خەو ڕائەپەڕی چونکە لە خەودا دەیبینی کە لە فرمانەکەی دەرهێنراوە و نانی بڕراوە!. هەر ئەم خەوەیش بوو کە بەڕۆژ ڕێگای پێ دەگرت. تا وای لێ نەهات کە بەرە بەرە، هەموو کارگوزاری و زیرەکی و زرنگییەکی لە دەست بچێ، هۆشی نەهاتەوە سەر خۆی. ڕۆژێک لە ڕۆژان، بەدڵ گوێی لە چرپەیەک بوو، هانەی دەدا بۆ جەربەزەیی، ئەم قسانەی بەگوێ دادەدا:

(هەستە شتێک بکە، تا گشت کەس تێبگەن، کە هێشتا ماویت)... بیری لەوە کردەوە کە دڵداری بکات. بەڵکو بەهۆی دڵدارییەکەوە چارەیەکی خۆی بکات. ئەمجارەیش، لە هەناویدا، دەنگێکی شارراوە بەگەرمی پێی گوت: (جەربەزەیی بکە، کابرا! جەربەزەیی. خۆت خەریک بکە بەدڵدارییەوە...). بەڵام شتێک بەبیریدا هات، سەری لێ تێکدا!... لە خۆی پرسی: ئاخۆ چیم بەسەر بێت، ئەگەر لە فرمان دەرهێنرام و ژن و منداڵیشم بەسەردا کەوت... ئیتر وازی لەبیرەکەی خۆی هێنا و کەوتە ناو گێژاوی چەندوچوونی بیریەوە کە لە ژوورە تاریکەکەی نوستنیدا یاریی بەهۆشی دەکرد.

دواجار ئەوە ڕووی دا کە ئەبوو ڕووبدا. (تیمس) فرمانەکەی لە دەست چوو. ئەو پارە کەمەیش کە کۆی کردبووەوە، بەرە بەرە، خەریک بوو لەناو بچێ. تووشی نەخۆشییەکی گرانیش هات، پزیشکی وا لێ کرد کە بڵێ: زۆری پێ ناچێ ئەمرێ... کەچی قسەکەی پەزیشک، (تیمس)ی دڵنیا کرد و هێمنییەکی وایشی پێ بەخشی کە پزیشکەکەی یەجگار سەرسام کرد. لەبەر خۆیەوە گوتی: (سوپاس بۆ خودا! ئێستا هەست بەدڵنیایی ئەکەم!) لە سێ مانگ زۆرتری پێ نەچوو، گیانی بەخاک سپارد.

لە ڕاستیدا، گیرکردنی هەندێ ئارەزووی مرۆڤایەتی، کە لە لایەن زۆر کوڕ و کچی هەرزەکارەوە ڕوو ئەدات، بەتایبەتی کچان، دەبێتە هۆی ڕوودانی گەلێک جۆر گیروگرفتی

دەروونی کە وشەی ناسراوی (خەم) هەموویان دەگرێتەوە. یەکێ لە هەرە ئاشکرا هۆیەکانی خەم، ئەو هەستە شارراوەیەیە، کە مرۆڤ ئەیکات بەتاوانباریی خۆی. ئەویش دوو جۆرە: (هەستی ئاگادار) و، (هەستی شارراوە). هەستی ئاگادار لەو تاوانەوە پەیدا دەبێ کە مرۆڤ دەمودەست کردبێتی. زۆر بەتوندی، بەئاشکرا پێوەی خەریکە، هەموودەم لە ترس دایە: لە دەروونی و لە یاسا.

بەڵام (هەستی شارراوە)، بەجۆرێکی تێکڕایی، لەوەوە پەیدا دەبێ کە مرۆڤ لە تافی منالّیدا، کردەوەیەکی ناشایستەی پێچەوانەی ڕەووشتی گشتی و یاسای کرد بێ، ئەویش کردبێتی بەگرێیەکی دەروونی لە هۆشی شارراوەیدا، کە ئەتوانین پێی بلّێین: (گرێی تاوانباری). لە گرێی تاوانبارییەوە، دەمار گرژییەک پەیدا دەبێ، شەڕوشۆڕێکیش لەناو دەرووندا دەقەومێ، لە ڕووی ئەم و ئەویشدا دەشلەژێ و سرەوتی لێ هەڵدەگیرێ. بەڵام چارەکردنی دلّتەنگی، بەندە بەبار و ڕەنگی تایبەتیی مرۆڤەکەوە. بام لە هەردوو لاوە سەیری هەموو جۆرەی گیروگرفتەکە بکەین:

١- ئەبێ بەئاشکرا ڕوو بکەینە ئەم ڕاستییە: ئارەزووی دلّداری بۆیەکا بەهێزە و لە سوروشتی مرۆڤدا بنج بەست بووە، چونکە ئارەزوویەکی گرنگە بەلای سروشتەوە. پاراستنی ڕەگەزی مرۆڤ بەو سپێرراوە.

ئەگەر ئەو ئارەزووە، لەناو دلّی مرۆڤدا، لە ڕێگەی خۆیەوە ڕۆیشت و لە تەمەنی پێگەیشتنیدا، گەیشتە ئامانجی خۆی کە بریتییە لە خۆشەویستی و جووت گرتن،[١] لە ئەنجامدا ئەبێتە جوانترین هێز و کاریگەرترین هێز لەسەر زەمیندا. خۆ ئەگەر بەپێچەوانەی ئەوە، لاڕێی گرت و گومڕاه بوو، ئەوساکە دەبێتە هۆی لەناوچوونی لەش و هۆش و دەروونی مرۆڤەکە. ژیانی ڕەگەزبازی[*] لە هەر کەسێکدا ئاسایی و دروست بێ، بەجۆرێکی تێکڕایی، گرێی نەخۆشیی لێ پەیدا نابێ. (فرۆید)، ڕاستە و ڕاست، ئەم بیرەی پەسند کردووە. ئەگەر هاتوو ژن و مێردیی - لەبەر هەر هۆیەک بێ - سەری نەگرت، پێویستە مرۆڤ تێبکۆشێ بۆ بلّندکردنەوەی پایەی ئارەزووەکانی، ئەویش بەو ڕەنگە ئەبێ کە ژیانی خۆی تەرخان بکات بۆ فرمانی کۆمەڵایەتی، یان خوداناسی، یان لێکۆڵینەوەی بابەتی بیر، جاروبارێکیش خۆی خەریک بکات بەهەندێ دلّخوازیی تازە

(١) جووت گرتن: ڕاستتر = ژنهێنان یا شووکردن.

(*) ژیانی ڕەگەزبازی = (الحیاه الجنسیه) - وەرگێڕ -



بابەتی واوە کە بەهەموو کولّی دلّیەوە هۆگری ببێ. بەم ڕەنگە، مرۆڤ دەتوانێ سەرباری هێزی دەماریی خۆی لە شتی بلّنددا بەکار بهێنێ و دلّی خۆیشی دامرکێنێ. لە ڕاستیدا ئەم دڵ دامرکاندنەوەیە یەجگار گرنگ و پێویستە بۆ پاراستنی تەندروستی لەش و دەروون. چونکە ئەو هێزە دەمارییەی کە بەکار ناهێنرێ، پەنگ دەخواتەوە لە هۆشی شارراوەدا، بۆ ئەمەی خۆی بنوێنێ لە شێوەی نەخۆشییەکانی دەماردا.

لە فەلەستیندا دوو گۆم هەیە: گۆمی (تەبەرییە) و (زریێی مەییت). ئاوی تەبەرییە، پڕە لە ماسی. کەنارەکانیشی شین بوون بەسەوزە. بەڵام ئاوی زریێی مەییت، ئەوەندە سوێرە، نە گیانلەبەر لەناویدا دەژی، نە سەوزەیش لە کەنارەکانیدا ئەڕوێ.

هۆی ئەمەیش ئەوەیە، کە گۆمی تەبەرییە، هەر ئاوی ڕووبارەکان لە خۆیدا کۆ ناکاتەوە، هەروەها بەهۆی ئەو جۆگایانەیشەوە کە لێی دەبێتەوە، ئاوەکانی بڵاو ئەکاتەوە و ڕوونی و شیرینیی خۆیشی ئەپارێزێ.

بەڵام زریێی مەییت وا نییە. ئەم ئاوی ڕووبارەکان لە خۆیدا کۆ ئەکاتەوە، بەڵام هیچ جۆگایەکی نییە، ئەو ئاوانەی لێوە بچێتە دەرەوە. مەگەر بەهۆی گەرمایی ڕۆژەوە ببێتە هەڵم و بچن بەئاسماندا. لەبەر ئەوە ئاوەکان تێیدا ڕائەوەستن خوێکەیشیان لە ئەندازەبەدەر دەبێ.

بەواتایەکی تر، وەک بلّێین گۆمی تەبەرییە دلّی خۆی دادەمرکێنێتەوە و زریێی (مەییت)یش دانامرکێنێتەوە.

ئەمە دەبێتە نموونەیەک بۆ مرۆڤیش، چونکە ئەو کەسەی زۆرجار ئەم ڕستانە دووبارە بکاتەوە و بلّێ: (ژیان واتای تیا نییە)، (هەموو خۆشی و ئارەزوویەکم لە دەست چووە) (هیچی وا نەماوەتەوە کە شایانی ئەوە بێ، پیاو خۆی بۆ ماندوو بکات و پێوەی خەریک بێ)، خۆی پێشان دەدات، کە کەسایەتییەکەی وەک زریێی مەییتی لێ هاتووە، لە ناوچە و سروشتەوە هێز کۆ دەکاتەوە، بەڵام لە شێوەی کار و فرمانی کۆمەڵایەتی، یاخود چالاکییەکی تازە بابەتدا، ئەو هێزانە ناگەڕێنێتەوە دواوە. بەڵام لەو جێیانەدا کە ناتوانین بزانین سەرچاوە و ڕازی دلّتەنگی لە کوێوەیە، (بۆی هەیە، ئەو دەمار گرژییە، لە ناسازیی لەشەوە ڕوو بدات)، پێویستە پرس بەپزیشکێکی (دەروون شیکەرەوە) بکەین.

پێویستە، بزوێنەرەکانی گیان و خواست و ئارەزووەکانی، لە بنچینەوە پاک بکرێنەوە، لەو زەهری تەزووانە کە بەسەریانەوە کۆبوونەتەوە. هەر کاتێ پاکژکردنەوەی گیان تەواو بوو، نەخۆشەکە تەندروستی هۆش و گیان و لەشی دەست دەکەوێتەوە.

٢- له هەمووی باشتر ئەوەیە، بۆ پاراستنی تەندروستیمان بچینە لای پزیشک و بەپێی ئامۆژگاریی ئەو بجوولێینەوە. ئەگەر دوای ئەوەیش، هەر بەدڵتەنگی ماینەوە، ئەوە وا ئەگەیێنێ کە دڵتەنگییەکەمان پەیوەندی بەنەخۆشیی لەشمانەوە نییە، بەڵکو بەنەخۆشیی گیانمانەوەیە.

ئەوە ئامۆژگارییەکی ناشیبیانەیە کە بەیەکێک بڵێی واز لە خەمخواردن بهێنە. کەس نییە کە بەئارەزووی خۆی خەم بخوات. کەس حەز ناکات بەخەموخەفەتەوە بتلێتەوە. بەڵام خەمبارەکان بۆیەکا بەو ڕەنگە دەژین، چونکە لە بنچینەی دەروونیاندا گرێیەکی ترس نێژراوە. هۆشی ئاشکرایان هەستی پێ ناکات. بۆی هەیە ئاگایان لە پشێویی ناو دەروون و دڵیان هەبێ، بەڵام ناوێرن ڕووبەڕووی ئەم پشێوییە بوەستن.

ئامۆژگارییەکی بێ فەڕ ئەبوو، ئەگەر یەکێک بە(ماکیێش خان)ی[*] بگوتایە واز لە خەموخەفەتت بهێنە. چونکە لە دەروونیا زۆرانبازییەک هەبوو لە ناوەند هۆش و بیرەوەریی ئەوەیدا کە هاوبەش بووە لە کەتنێکی گەورەدا. ئەوەیش ناچێ بەهۆشدا کە ئافرەتێکی وەک ئەو بکەوێتە ئاسایشی دڵ و ئارامی گیانەوە، تا بەهەر جۆرێک بێ، لەو زۆرانبازییە ڕزگاری نەبێ. هەروەها، هەرچەند زۆرانبازییەکی نهێنی لە هۆشی شارراوەدا پەیدا ببێ، واتا زۆرانبازیی ناوەند ڕەوشتی بڵند و ئارەزوویەک لە ئارەزووەکان، یاخود لە ناوەند ئەو فرمانەی کە بەپێویستی دەزانین بیکەین و ئەوەی کە دەترسین لە ئەنجامی، بێ گومان، لەو کاتانەدا خەموخەفەت ڕوومان تێ ئەکات.

**پوختەی وتراو:**

١- نەخۆشیی دەمارکزی (هستیریا)، لە هەموو جۆرەکانی دڵتەنگی دیارترە. ئەمیش بەزۆری ئەگەڕێتەوە سەر جۆرە ژیانێکی پڕ هەڵەی دڵداری.

٢- بۆی هەیە دڵتەنگی لە ئارەزوویەکی پەنگ خواردووی واوە پەیدا ببێ کە جێگۆڕکێی پێ کرا بێ.

٣- مەبە بەدیلی بیروباوەڕی گشتیی. ئەم دیلییە، سامناکترین خەمی ناسراوی ئەم چەرخەیە.

٤- ئەگەر نەخۆشی دڵتەنگ، بەپاککردنەوەی گیانی چارە بکرێ، تەندروستی هۆش و لەشی دەست ئەکەوێتەوە.

(*) ماکیێش خان: ئافرەتێکی ناوداری یەکێک لە چیرۆکەکانی شکسپیرە، هەر بەو ناوەوە – وەرگێڕ –



## ترسی تایبەتیی بێ هاوتا

### ٤

زانایانی دەروون دەڵێن لە هەر دە کەسێک، یەکێک ترسی تایبەتیی بێ هاوتای هەیە.

دڵتەنگی، کە بریتییە لە هەستێکی نابەجێ و هیچ هۆیەکی ئاشکرای بۆ نادۆزرێتەوە؛ ترسی تایبەتیی بێ هاوتایە، هۆیەکەی لەناو ناوچەی نەخۆشەکەدایە. بەڵام ئەو کەسە یاخود ئەو شتەی کە لەم نەخۆشییەدا، ئەبێتە هۆی ترس پەیداکردن لە دڵی نەخۆشەکەدا، نابێتە هۆی ترس پەیداکردن لە دڵی ئەو کەسانەدا کە ئاساین.

ئەوە زانراوە کە هەندێ کەس لە بینینی مشک و پشیلە ئەترسن. کەچی مرۆڤی ئاسایی لەو جۆرە گیانلەبەرانە، نە سڵ ئەکەن، نە ئەترسن. ترسی تایبەتیی بێ هاوتا دوو جۆرە: (دوودڵی) و (ناچاری). ترسی تایبەتیی بێ هاوتای دوودڵی، ئەو ترسانە دەگرێتەوە کە بەندن بەجێگا و شتومەک و بیرەوەری لەشەوە.

ترس لە جێگایش دوو جۆرە:

ترس لە شوێنە داخراوەکان: وەک چوخمی ڕێگای ئاسن و ژوور و جێی لاساییکردنەوە.

ترس لە شوێنە کراوەکان: وەک شەقام و زرێ... هتد.

زانای گەورە (ماکدۆگەل)[١] لە مامۆستا (ڕیڤەرز)ەوە، نموونەیەک لە ترسی شوێنە داخراوەکان دەگێڕێتەوە، کە زۆر بەڕوونی کارتێکردنی بیر و یادکردنەوە و هەستی پەنگ خواردوومان پیشان دەدا کە لە بنچینەوە سەر تافی منالّی. وا ئەو وێنەیە بەتەواوەتی پێشان دەدەین، چونکە گرنگ و تازە بابەتە: پزیشکێک هەبوو، تەمەنی لە سی و یەک ساڵیدا بوو، هەرچەند لە جێگایەکی تەنگەبەردا خۆی بدیایە، هەستی بەدڵتەنگی و بێ سرەوتی دەکرد، جاری وایش هەبوو، ترسی لێ ئەنیشت. ئەم خووەی لە منالّییەوە گرتبوو. لەپێشدا وای ئەزانی کە ئەوە شتێکی ئاساییە. بەتەنشت ئەمەیشەوە، نەخۆشیی تووڕەیی تووش بووبوو، هەراسی پێ هەڵگرتبوو، هەروەها زمانیشی ئەگیرا و

(١) مەکدۆگال Me Dougall(١٨٧١ – ١٩٣٨) زانای دەروونناسی سکۆتلەندی، خاوەنی ڕێبازی دەروونناسی (نزوعی) کە سەر بەقوتابخانەی (الغرضیە)یە کە (مەبەست) دەکاتە بنەڕەتێک بۆ هەڵسوکەوتەکان و ڕێنماییکردنیان؛ جا هەر هەڵسوکەوتێ لە گیانەوەرێکەوە (ئینسان بێ یا گیانداری دی) دەرچێ بۆ مەبەستێکی دیاریکراوە و ئەنجامدانی (غەرەزێکە).

واى لێ دەکرد سەروگوێلاکی قسە بشکێنێ. کە شەڕ هەڵگیرسا، کەوتە کۆڕی جەنگەوە، لەوێ فرمانی دەبینی، ئەبوو زۆربەی کاتی خۆی لە ژوورێکی دارینەی تەنگ و تەسکا ڕابوێرێ. جا چونکە بەوە زۆر تەنگەتاو بووبوو، کە دڵی تەنگ دەبوو، جاروبار بەشەو دەچووە دەرەوە، بەناو چاڵ (خندق)ەکەی تێیدا بوو، ئەگەڕا و دەهات و دەچوو. ئێستاکە تازە تێگەیشتووە، کە دڵتەنگبوونەکەی لە جێگای داخراودا، نیشانەیەکی نەخۆشییە. ترس، بەجۆرێکی وا چوو بووە دڵیەوە، خەو باری لێ کرد بوو، کە خەویشی بدیایە، هەر لە شەڕوشۆڕدا بوو، لەشی تەواو تێکچوو بوو بڕستی بڕا بوو، سەرئێشە لە کۆڵی نەدەبووەوە.

مامۆستا (ڕیڤەرز)، لێی خواست کە بەڕستەیەک خەوەکانی خۆی پێشان بدات و تێکۆشینێکیش دەست پێ بکات بۆ ئەمەی ئەو بیرەوەرییە کۆنانەی کە پەیوەندییان بەو خەوانەوە هەیە، بیاندۆزێتەوە. زۆری پێ نەچوو لە تێکۆشینەکەیدا، کاتێک کە بیری لە یەکێک لە خەوەکانی خۆی دەکردەوە، کارەساتێکی تەمەنی چوار ساڵانی خۆی بیر کەوتەوە، کە لە کاتی لێکۆڵینەوە کەمتەرخەمانەکەی دەروونی خۆیدا، ئەوەی بەبیردا نەهاتبوو.

کارەساتەکەیش ئەوە بوو، کە جارێکیان چوو بووە لای بازرگانێکی نزیک بەماڵی خۆیان. کابرا کۆنەفرۆش بوو. خووی وا گرتبوو، هەرچەند مناڵێک شتێکی بەنرخی بۆ بگوێزایەوە، نیو پێنسی پێ ئەبەخشی.

وا ڕێک کەوت جارێکیان کە مناڵ بوو کۆنەیەکی دۆزیبیەوە و بردی بۆ خانووی بازرگانە پیرەکە. لە داڵانێکی تەنگ و تاریکەوە بردیانە لای. لەوسەری داڵانەکەوە سەگێکی بچکۆلەی قژ درێژی[١] گوێ شۆڕی لێ بوو. کە بەخشیشەکەی لە کابرای بازرگان وەرگرت، هاتە دەرەوە، بۆ ئەو دەرگایە ئەگەڕا کە لێوەی بڕواتە دەرەوە بۆ سەر شەقامەکە. بەڵام لە توانایدا نەبوو دەرگاکە بکاتەوە. سەگەکە دەستی کرد بەوەڕین بەڵام وەڕینەکەی وا بوو ترسێکی کاریگەری خستە دڵیەوە. پاش ئەوە، ڕۆژان و مانگان و ساڵان تێپەڕین. مناڵەکە کارەساتەکەی لەبیر چووەوە. بەڵام ڕۆژێکیان ئەو کارەساتەی بیرکەوتەوە. کەچی، هەروەک ئەوسای مناڵیی، – کە بەناو داڵانە تەنگ و تاریکەکەدا ئەڕۆیشت و شوێن پێی خۆی دەدۆزیەوە، پاشان وەڕینی سەگە دڵڕەقەکەی گوێ لێ ئەبوو دەیترساند، تا وای لێ

(١) ڕاستتر: تووک درێژ، تیسکن.



هات نەیدەوێرا سەر بەماڵی کابرای پیرە بازرگاندا بکات – هەستی بەترس و لەرز دەکرد.

ئەم کارەساتە بوو، کە بووبووە هۆی ترسی (پزیشکە نەخۆش)ەکە لە جێگای داخراو. بەڵام لەو کاتەوە ئەم کارەساتەی بیرکەوتەوە – کە هۆگری هەموو هەستێکی بووبوو – ترسەکەی شکا و بەو ئەندازەیە نەما. ئەوی لەم وێنەیەدا سەرنجمان ئەبێ ڕابکێشێ، ئەوەیە کە پیاوەکە خۆی لە ژوورە تەنگەکەدا دی، ئەو هەستانەی بزوا کە بەسترابوون بەکارەساتێکی قەوماو لە تەمەنی مناڵییدا، بەڵام هۆشە ئاشکراکەی ئەوەی بەتەواوەتی لەبیر چووبووەوە. بەڵام کە هۆشە وریاکەی (ئاشکراکەی) پەیی بەپەیوەندیی ئەو کارەساتە کۆنە و ئەم ترسی ئێستایەی برد، ترسەکەی شکا و ئەو هێز و هەڕەتەی نەما.

مامۆستا (ستەکەل)یش وێنەیەکی شەنگمان لە بابەت (ترس لە جێگای کراوە)وە پێشان دەدات:

لێرەدا، پیاوێکی کەڵەگەتی لەشولار جوانی، بەهێز و هەڕەت دەبینین، تەمەنی لە بیست ساڵی تێپەڕ ناکات. بەڵام ترسێکی یەجگار گەورەی لێ دەنیشێ کە جێگای کراوە دەبینێ. لە هەر شوێنێکی کراوەدا بوەستێ، دەست دەکات بەلەرزین، هیچ هێزێک نییە لەسەر زەمیندا، کە دڵنیای بکات و بەتەنیایی تێیا بڕوات.

لە لێکۆڵینەوەدا دەرکەوتووە، کە باوک و دایکی هەژاربوون. ئەویش بەزەیی پێیاندا هاتۆتەوە. لە کانی دڵیەوە ویستوێتی بیانخاتە خۆشگوزەرانییەوە. هەروەها لە لێکۆڵینەوەدا دەرکەوتووە، کە جارێکیان بەبیریا هاتووە، چەند هەزار دینارێک بیچڕێ و دەربازی بکات لەگەڵ خۆی بۆ ئەوپەڕی زەمین.

دڵتەنگییەکەی لەوەوە پەیدا بووە، کە ئارەزووی هەڕاکردنی بۆ ئەمەریکا بەسامانێکی گەورەوە، نەهاتۆتە دی و لە دڵیا پەنگی خواردۆتەوە. جێگای کراوەی وا دوور کە تا چاو بڕ بکات فراوان بێ، بیری هەڕاکردن بۆ ئەمەریکای دەخاتەوە بیر. بیری هەڕاکردنیش بۆ ئەمەریکا بەو ئەنجامە سزا بەخشەوە، کە دوور نییە تووشی خۆی و خێزانی ببێ، ترس ئەخاتە دڵیەوە و لەرزیش دەخاتە لەشیەوە لەدوای هەموو نەخۆشییەکی (دوودڵی) و (ناچاری)یەوە دوو ڕاستی هەیە. یەکێکیان ئەوەتا بەهۆی بەربەستکردنی بیرەوە ڕوو بدات. یەکێکیشیان ئەوەتا بەهۆی بیرەوەریی هەستی واوە ڕووی دابێ کە لێیان بترسێ و بسڵەمێتەوە. (ماکدۆگەل) دەڵێ: هەموو ترسێک لە ترسە تایبەتییە بێ هاوتاکان، تێکڕا بەهەستی گوناهبارییەوە بەستراونەتەوە. بەڵام ئەو ترسانەی کە بەستراون بەشتومەکەوە، لە

ژمارە نایەن، چونکە بۆی هەیە، هەموو شتێک ببێتە هۆی ترساندنی ئەو نەخۆشانەی کە بەم دەردەوە گرفتارن. زۆرجاری وا هەیە، ئەو شتانە بێ وەین، ئازاریان لێ ناوەشێتەوە. کەچی لە ڕاستیدا، زۆر کەس بەنەخۆشیی دوودڵییەوە گیرۆدەبوون، هەر شتێکیان چاو پێ بکەوی لێی دەترسن.

ئەم ترسی دوودڵییە، وەک یەک بڵاو بۆتەوە لەناو هەموو چینێکدا. (جێمس شا) لە شێر دەترسا و کە دەیدی سامی لێ دەنیشت. لەو ئاهەنگانەدا کە بۆ سوارچاکەکان دەیانگێڕا، بەدرێژایی کاتی ئاهەنگەکان چاوی خۆی دەنووقاند، دەستیشی بەئاشکرا دەلەرزی. هەموو کەس دەیزانی لە کاتی گرمەگرمی هەورە تریشقەدا لەشی (یۆلیۆس قەیسەر) دەلەرزی. پەنای دەبردە بەر نزیکترین ژوور لە کۆشکەکەیدا، سەری خۆی بەکەوڵێکی ئەستوور دەپێچا، بۆ ئەمەی لە دەنگی گرمەگرمی هەورە تریشقەی ئاسمان ڕزگاری بێ.

کە (ئیراسموس) ماسی چاو پێ دەکەوت دادەچڵەکا. بەڵام (پاسکال) لە هەزار و یەک شت دەترسا.

(فرێدریکی گەورە)یش، قینی زۆری لە هەموو کراسێکی تازە هەڵدەسا.

زانای گەورە (نیوتن) لە ئاو دەترسا. ئەویش سەیرە ترسێک بوو. مەگەر ترسی (مۆزار) وەک هی ئەو سەیر بوو بێ، کە وەک لەش دروستێک چۆن لە گەڕێک ڕادەکات، مۆزاریش ئاوەها کە دەنگی (بۆریە)ی دەهاتە بەرگوێ هەڕای دەکرد.

(شۆپنهۆڕ)، کە چاوی بەگوێزان یاخود چەقۆ دەکەوت لەرزی لێ دەهات.

کەچی (کارلایل)، تا ما، نەیوێرا پێ بنێتە ناو دوکانێکەوە. ئەم نرخ زانی وێژەییییە، کە هاوتای نەبوو لە لێکۆڵینەوەی ژیان و کردەوەی دلێراندا، لە خاوەن دوکانێکی ساکار دەترسا.

بەڵام (ئەدگار ئالن پۆ و، شۆپان و، شۆبین) لە تاریکی دەترسان.

مایەوە سەر (مۆپاسان)، ئەویش کە دەرگای دەدی بەجارێ زەندەقی دەچوو.

ئەو ترسانەی کە بەندن بەبیرەوە لە هەموو لایەکا هەن بۆ ئەوانەی لە زانستی خۆناسین دەکۆڵنەوە، بابەتێکی تاسوقن. بەهەزاران کەس هەن، بوونەتە دیلی ترسێکی سەیر؛ دەترسن لەوەی تووشی شێتی بن. ئەو جۆرە ترسە تایبەتییە بێ هاوتایانە، بریتین لە دەربڕینێکی نابەجێی ئەو هەست و بیرەوەری و ئارەزووە تاوانبارییانەی کە لەناو جەرگی



هۆشی شارراوەدا گێڵ دەخۆن[1] و بەیەک دادەدەن، بۆ ئەمەی هۆشی وریا، هەندێک لە چاوتێبڕینە توندەکەی کەم بکاتەوە. لێرەدا وا چاکە، یاسا ناسراوەکەی هۆش بخوێنینەوە، کە دەڵێ: ئەو کەسەی لە دزینی سامانی کەسێکی تر خۆی ناپارێزێ، بڕوای بەکەس نییە، هەر کەسێکی دی وا دەزانێ وەک خۆی[2] دزی دەکات خۆی لە ژیاندا، ڕووی کردبێتە کوێ، وای دادەنێ کە کەسانی تریش ڕوویان کردۆتە ئەوێ. ئەو ترسە بێ هاوتایانەیش کە پەیوەندییان بەلەشەوە هەیە لە هینەکانی پێشوو کەمتر بڵاو نەبوونەتەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا کە پزیشک بەهەموو هێزێکیەوە بەنەخۆشەکە دەڵێ، هیچ ئەندامێکی تێک نەچووە، دەبینێت نەخۆشەکە هەر لەسەر باوەڕی خۆی دەڕوات کە تووشی شێرپەنجە، یان نەخۆشی دڵ، یاخود تێکچوونی ورگ بووە... زۆرجاری وایش هەیە، هۆشی شارراوە، نیشانەی پەسند بۆ نەخۆشییەکان پێشان دەدات، بۆ ئەمەی ترسە نابەجێیکە بەدرۆ نەکەوێتەوە. بەتەنشت نەخۆشی دوودڵییەوە، هەر وەک ئەنجامێکی خۆی، نەخۆشیی ناچاری دەردەکەوێ. ئەو جیاوازییەی لە ناوەند ئەم دوو جۆرە ترسەدا هەیە و پێویستە بگوترێ، ئەوەیە کە نەخۆشیی دوودڵی هەستی پێ دەکرێ، بەڵام نەخۆشیی ناچاری لە شێوەی کردەوە و فرماندا دەردەکەوێ. لە نەخۆشیی دوودڵیدا، ترس تایبەتییە و لە ناوەوەیە. بەڵام لە نەخۆشیی ناچاریدا، ترسەکە دەچێتە شێوەیەکی نیشانەگەرییەوە، لە کردەوە و فرمانێکدا دەرئەکەوێ. جاری وا هەیە، لە نەخۆشیی دوودڵیدا، پشیلە یاخود چەقۆ دەبێتە نیشانەی بزواندنی هەستی ترسان. بەڵام لە نەخۆشیی ناچاریدا، مرۆڤ خۆی، نیشانەی تایبەتیی خۆی دروست دەکات.

هۆیەکانی نەخۆشیی ناچاری کۆمەڵەیەکی گەورە لە بابەت و شتومەک و کاروبار دەگرێتەوە. لەوانەی گرفتاری ئەم نەخۆشییە بوون، هی وا هەیە کە بەپێویستی دەزانێ لە کۆچکردندا لەسەر کورسییەکی دیاردیکراو، بەشێوەیەکی دیاریکراو، لەناو تەختەڕەوانێکی دیاردیکراودا دابنیشێ. هی وایش هەیە کە لە خۆرشتێکی دیاردیکراو، بەشێوەیەکی دیاردیکراو، لە کاتێکی دیاردیکراودا نەبێ ناخوا.

هەندێکیش هەیە، کە لە شێوەی دووبارەکردنەوەدا، تووشی نەخۆشی ناچاری بوون. ئەوانە هەتا دەمێنن هەریەک جۆرە فرمان دەبینن. هی وایان هەیە تا دەگاتەوە ماڵێ هەرچی

(١) یان: پەنگ دەخۆنەوە و...

(٢) وا دەزانێ هەر کەسێکی دی وەک خۆی...

ستوونێکی کارەبایی پێ دەگات دەستی لێ دەخشێنێ، هی وایشیان هەیە، پەیتا پەیتا پارەکانی ناو باخەڵی دەژمێرێتەوە... ئەو نەخۆشانەیش کە بەپێویستی دەزانن ئازاری یەکێک بدەن، هەر کەسێک بێ بەهەر شێوەیەک بێ، کەم نین. یاخود ئەو ئافرەتانەی کە بەپێویستی دەزانن، فرمانەکانیان، چ لە ماڵدا بێ، چ لە دەسگادا، بەشێوەیەکی دامەزراو کە خوویان پێوە گرتووە، بیکەن بەبێ گۆڕین و ڕاستکردنەوە، کەم نین. نەخۆشیی دوودڵی و کردنی ناچاری، هەروەک لەمەپێش دیمان، بریتین لە تۆڵەی شتێک ئارەزوومان کردووە، یاخود بیرمان لێ کردۆتەوە، بەڵام لەگەڵ دەروونی تایبەتیی خۆماندا نەسازاوە. مرۆڤەکە، ئەو ئارەزووەی لە دڵیایە، ئەو بیرە خراپەی لە مێشکیایە، دەریان نابڕێ و لەناو هۆشی شارراوەیدا گلیان دەداتەوە. بەڵام لەبەر هێز و هەڕەتیان، لەناو جەرگی دەرووندا دەترسێن و هەموودەم تەکان دەدەنە خۆیان، کە لە شێوەی (ترسی بێ هاوتا)دا خۆیان دەرببڕن. لە کاتی چارەکردنی ئەم جۆرە نەخۆشییانەدا، یەکەم شت کە پێویستە بەجێ بهێنرێ، ئەوەیە کە ڕەگ و ڕیشەی هەرە قووڵی ئەم گیروگرفتە بدۆزرێتەوە. ڕەنگە ئەمە گران بێتە دەست، بۆ ئەو هۆشانەی کە خوویان نەگرتبێ بەلێکۆڵینەوەی کاروباری خۆناسینەوە، یان بۆ ئەو کەسانەی کە خاوەنی چاوتیژییەکی باش و لێ وردبوونەوەیەکی ناو دەروون نەبن. بەڵام زانای خۆناسینی شارەزا، دەتوانێ لە یەکەم بینینەوە هۆیە شارراوەکانی پشت (کردەوە – ناچاری)یەکان بخوێنێتەوە دەتوانێ کردەوە نیشانەگەرەکان لێک بداتەوە بەواتای خۆناسین. دەتوانێ بەهۆی ڕێچکە تازەکانی زانستی خۆناسینەوە، وەک قسەکردنی بەرەڵڵا، لێکدانەوەی خەو، نواندنی موگناتیسی، ڕاستیی ئەو ڕاز و نیازانە بدۆزێتەوە، کە لە دڵی نەخۆشی دوودڵدایە.

ئەوانەی کە دووچاری نەخۆشیی دوودڵی، یاخود نەخۆشیی ناچاری بوون، ئامۆژگارییان دەکەم کە بچنە لای پەزیشکێکی خۆناسینی شارەزا. هەتاکو گرێی دڵی شارراوە، لە دڵ دەرنەکرێ، یاخود بەرەڵڵا نەکرێ، هەر ئامۆژگارییەک هەیە لە جیهاندا، بۆ بەهێزکردنی بڕیاردان و ئەندێشە، بدرێ بەگوێی نەخۆشدا، سەدی سەد بەفیڕۆ دەڕوا. چونکە هۆی پشێویی نەخۆشەکە ئەو گرێیەیە. بەڵام کە یەکێ لەو دوو شتە کرا و، هەر کەند و کۆسپێکیش لە ڕێگای چاکبوونەوەدا هەبوو، لابرا، ئنجا هۆش لە خۆیەوە و بەشێوەیەکی ئاسایی لە ڕێگای خۆیەوە دەڕوا. بەڵام دەبێ ئەوەیشمان لەبیر نەچێ، کە بۆی هەیە هۆی نەخۆشیی (دوودڵی) و (ناچاری)، پەیوەندیی نەبێ بەگرێیەکی دەروونی شارراوەی تەمەنی منداڵییەوە. جاری وا هەیە لەوەوە پەیدا دەبێ، کە لە ژیاندا شتێکی وا ڕوو بدات



مرۆڤ ئاراستەی کردەوەی خراپ و ناپەسند بکات، مرۆڤەکەیش نەیەوێ بیکات، نەیشتوانێ لە ڕەگ و ڕیشە دەریبێنێ. زاناکانی زانستی خۆناسین، هەموو لەسەر ئەو باوەڕەن، کە چارەی ئەم جۆرە نەخۆشییانە، لە دەست نەخۆشەکە، خۆیدایە.

**پوختەی گوتراو:**

١- ترسی تایبەتیی جیاواز، بریتییە لە بەری بیری پەنگ خواردوو لە هۆشی شارراوەدا.

٢- نەخۆشیی (دوودڵی) و (ناچاری) کە ناویان دەرکردووە لەناو هەموو جۆرە نەخۆشییەکانی ترسی تایبەتیی جیاوازدا، بریتین لە کردەوەیەکی منداڵانە کە ناشێن لە دەست پیاو بوەشێنەوە.

٣- ڕەگ و ڕیشەی هەرە قووڵی گیروگرفتەکەت، بەبێ وەستان، بەهۆی پزیشکێکی دەروونناسەوە بدۆزەرەوە.

## ترس و بێ باکی

### ٥

لە بەشەکانی پێشوودا لە ترسی بێ هاوتا یاخود ترسی جیاوازەوە دەدواین. هەرچەندە زاناکانی خۆناسین، وایان داناوە کە لە هەر دە کەسێک، یەکێک هەیە تووشی ترسێکی بێ هاوتا بوو بێ بەڵام لە لایەکی تریشەوە، گومان نابەین، کە زۆری وا هەن، ترسیان تووش دەبێ، بەڵام ناتوانین بەترسی بێ هاوتایان دابنێین. لە ڕاستیدا، ئەوانە تووشی سامێکی هەمیشەیی بوون، لە کۆڵیان نابێتەوە، هەمووەم وا هەست پێ دەکەن، کە لەناکاو شتێکیان بەسەردا دێ. ئەم ترسانە – بەجۆرێکی تێکڕایی لای ئافرەت – بریتین لە ئارەزووی پەنگ خواردووی لە ڕێ لادا و،[1] کەچی – لای هەموان – بریتین لە جۆرێکی پەشیمانی، یاخود دەروون ئازاری. جێی سەرسوڕمان نییە، کە بڵێین ئەم جۆرە هەستکردن بە(نا – دڵ – نیا)یی[2] و کەموکووڕیی یا زۆرجاری وا هەیە لە سروشتی شارستانێتیی ناشی و دڵڕەقی تازەوە پەیدا دەبێ.

ژیان بۆ زۆر کەس وای لێ هاتووە، کە زۆر گران و پڕ لە گیروگرفت بێ. هەر ڕووکەشێک

(١) (الرغبة المكبوتة المنحرفة).

(٢) (القلق، عدم الشعور بالأطمئنان).

لە ڕووکەشەکانی بگری، دەبێتە تەنگوچەڵەمە بۆ کەسایەتیی مرۆڤی دڵناسک، کە هەمووەدەم لەوەدایە بیر لە کردەوەی خۆی و، لە بیروباوەڕی ئەم و ئەو، دەربارەی کردەوەکانی خۆی، بکاتەوە.

مرۆڤی نوێ، پێویستە لەسەری، خۆی گران ڕابگرێ لەناو کۆمەڵایەتیدا.[1] لەوە زۆر دەترسێ کە شتێک لە مەندی و گرانییەکەی کەم ببێتەوە. بێجگە لەوە، هەمووەدەم چاوی بڕیوەتە خۆی، لەوە دەترسێ کە تووشی نەخۆشییەک بێت، لەوە دەترسێ کە ئەو سەروسامانەی بەساڵان بۆی کۆبۆتەوە، بەهەڵەیەکی وێڵ لە دەستی بچێ.

لەبەر ئەوەیە، کە پیاوی ئەم ڕۆژە، لەژێر مۆتەکەی ترسێکی نهێنیدا دەژی، وا دەزانێ هەمووەدەمێک پڕ لە ئاشووبە، هەروەها شمشێرێکی نادیاریش ڕاست کراوەتەوە بەسەر تەپڵی سەریەوە. لەم ڕۆژانەدا خوێندمانەوە، کە چۆن پیاوێک توانیویەتی چارەسەری خۆی لەم تەنگوچەڵەمانەدا بکات. جا لەبەر ئەوەی بەچاوێکی تێگەیشتووانەوە سەیری ڕووداوی ژیانی خۆی دەکرد و، حەزی ئەکرد گیروگرفت لەسەر شێوەی لێکدانەوە و شیکردنەوە، چارە بکات، بڕیاری دا، کە ترسەکانی خۆی بخاتە سەر قاقەز، بۆ ئەمەی بەشێنەیی و بێ دەنگییەوە لێیان ورد ببێتەوە و نرخێکی ڕاستەقینەیان بۆ دابنێ. لە سەرەتای ڕستەکەوە، ئەو کارەساتە سامناکە گەورانەی نووسی کە لە هیچە، لە قەومانیان دەترسا و زۆرجار دەبوونە هۆی نەخۆش خستنی، کەچی ڕۆژگار وای دەرخست کە نەقەومان. وای دانا، کە ئەم ترسانە بەلای کەمەوە ٤٠ ٪ی ڕستەکە دەگرنەوە. پاش ئەوە، ئەو بڕیارانەی خۆی نووسییەوە کە لەوەپێش دابوونی، کەچی ئێستا ناتوانێ هیچیان جێبەجێ بکات. دەترسا لەوەی لە پێڕەوییەکانیدا هەڵەی کرد بێ، یاخود لە جێبەجێکردنیاندا، کە سەرنجی دا، ٣٠ ٪ی پشێویی دڵی لە مانەوەیە.

لە سێهەم کۆمەڵەدا، هەموو جۆرە ترسەکانی خۆی ژمارد، وەک ترسی تووشبوونی نەخۆشی و، ڕوودانی نابووتی و، مێشک تێکچوون و، پڕ نەکردنەوەی جێگای ئەو فرمانانەی کە پێی سپێرراون... هتد. ئەوەیش ١٢ ٪ی ڕستەکەی گرتەوە.

ئەم خەموخەفەتانەیشی لەبیر نەچوو بووەوە کە پەیوەندییان هەبوو بەمنداڵەکانی خۆی و هاوڕێکانیەوە، ئەویش ١٠ ٪ی ڕستەکەی گرتەوە.

ئنجا لە دامێنی ڕستەکەدا، ئەو خەمانەی ژمارد کە بنچینەیەکی ڕاستەقینەیان هەبوو.

(١) لەناو کۆمەڵدا.



کە سەرنجی دا، سەری سوڕما، چونکە بەهەموویان لە ٨ ٪ی ڕستەکە پتر نەبوون!...

ئیمڕۆکە، زانایانی خۆناسین پەی بەوە دەبەن، کە ئایینی ڕاستەقینە، زۆر کار دەکاتە دڵ و دەروونی پیاو و ئافرەت، خۆڕاگرتن و باوەڕ بەخۆکردنێکی وایان پێ ئەبەخشێ، کە بەرگەی سەختیی ژیان و، تیری بەختی ناهەموار بگرن. بیروباوەڕێک هەیە، ڕۆژ بەڕۆژ پەرە دەسێنێ، ئەویش ئەوەیە کە زۆر لە دەمارگرژی کە لەم سەردەمەدا بڵاوە، هۆیەکەی ئەوەیە کە مرۆڤ باوەڕیان بەخودا نەماوە، هەروەها باوەڕیشیان بەخۆیان و دراوسێکانیان نەماوە، لەبەر ئەوە کە تووشی گیروگرفتێکی گرنگ دێن، چونکە بێ پشتیوانن، هیچیان بۆ نامێنێتەوە ئەوە نەبێ کە لە ژیان هەڕا بکەن لە ڕێگای مەی خواردنەوە و بەنگ کێشان و خۆکوشتن و شێتییەوە. زانای گەورە (یونگ)[1]لە نووسراوەکەی دواییدا بەناوی: (مرۆڤی نوێ بەدوای گیاندا دەگەڕێ)، دەڵێ: (لەناو ئەو هەموو نەخۆشانەدا، کە گەیشتوونەتە دووەم نیوەی ژیانیان[2] – واتا ئەوانەی کە لە تەمەنی سی و پێنجساڵی و بەرەو ژووردان – یەکێک نادۆزیتەوە کە گیروگرفتەکەی لەدواییدا نەچێتەوە سەر گەڕان بەدوای ڕاپەڕینێکی ئایینی وادا کە هەموو لایەکی گیانی ئاسوودە بکات. (منیش بەهەموو بیروباوەڕێکمەوە، دەتوانم بڵێم، کە هەر کامێکیان بگری نەخۆشیەکەی لەوەوەیە کە ئەوەی ئایینە زیندووەکان لە هەموو سەردەمێکدا بەدەستەی خۆیان بەخشیوە، لێی ون بووە، هەروەها هیچ کامێکیشیان بەتەواوەتی لە نەخۆشییەکەی چاک نەبۆتەوە، تا بەتەواوەتی ئەوی لە بەخششی ئایینەکەی لە دەستی چووە، دەستی کەوتبێتەوە.).

هەروەها پزیشک (هادفیلد)، زانای خۆناسینی ناوداری لەندەنیش، کە گەلێک ساڵی بەتاقیکردنەوە لە پزیشکایەتیی خۆناسیندا بەخت کرد، گەیشتە ئەنجامێکی وەها، کە دەڵێ: (زۆرجار تێکۆشام کە نەخۆشە دەمارکزەکان بەوە چاک بکەمەوە، کە هەستی دڵنیایی و باوەڕ بەخۆکردن بخەمە دڵیانەوە، بەڵام سەری نەگرت. دواجار کە نیاز بەخشینەکانم بەست بەبڕواکردن بەخوداوە، نەخۆشەکان دەستیان کرد بەبووژانەوە و تەندروستییان دەست کەوتەوە.).

(خوداناسی)، زۆر پێویستە، بۆ ئەمەی بکرێ بەقەڵغانێک بەرامبەر ئەو (ترس)ەی کە ئاڵاوە لە گیانی مرۆڤەوە. چونکە مرۆڤ کە لە ژیان ترسا، چ هێزێک هەیە لەسەر زەمیندا،

(١) کارڵ گۆستاف یۆنگ ١٨٧٥ – ١٩٦١ لە شاری (بال)ی سویسرە لە دایک بووە، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ڕێبازی شیکردنەوەی دەروونی، زۆربەی ڕاوبۆچوونەکانی فرۆیدی لە لا پەسند بوو.

(٢) مەبەستی: نیوەی دووەمی تەمەنیان...

که بتوانێ ترسەکەی بکات بەئازایی و خۆڕاگرتن؟ لە ڕاستیدا زانستی خۆناسین هیچمان پێشان نادات، هەڵە نەبێ. نەخۆشیش کە پێ بنێ لە بێ دەسەڵاتیی خۆی لە یارمەتیدانی خۆیدا، کەم ڕوو نادات. چونکە ئەگەر وا نەبووایە، بەم ڕەنگە ڕەنجەڕۆ و بێ هیوا نەدەمایەوە. لە ڕاستیدا هەست بەکەموکووڕیکردن و نەبوونی ئاسایشی دەروونی، نەخۆشییەکی گشتییە هەموو کەسێکی گرتۆتەوە ئەمە قسەی پزیشک (ئەدلەر)ە کە ئەڵێ: هەموو کەسێ وای لێ دێ، کە هەموودەم، پێویستی بەهێزێکی ژووروو ببێت یارمەتیی بدات لە گوزەرانی ژیاندا. جیهان بۆ ئەو کەسەیە کە هۆگری ئەو هێزە بێت، ئەوەیە کە بەختیاری ئەکات!.

**پوختەی گوتراو:**

١- لە سروشتی شارستانێتیی نوێی ناشیماندا، شتی وا هەیە کە هەستی نادڵنیایی و کەموکووڕی بخاتە ناو دڵی زۆر کەسەوە.

٢- ئەگەر ژمارەی خەمەکانت بگاتە سەد، باوەڕت ببێ کە ژمارەی ئەو خەمانەی کە لەسەر بنچینەیەکی ڕاستی دامەزرا بن لە دە تێپەڕ ناکەن.

٣- باوەڕکردن بەخودا، چاکترین قەڵغانە کە بەکاربهێنرێ بەرامبەر ئەو ترسەی کە لە گیانی مرۆڤ ئالاوە.

## ئامۆژگاری بۆ ترسنۆکەکان

١- بڕوا مەکە، ترس شتێکی دەرەوەی ڕووخێنەر بێ. بزانە کە ترس لە هیچ کوێیەکدا نییە لە هۆشی خۆتدا نەبێ. ئەویش بریتییە لە دەربڕینی هەستی خۆت بەرامبەر بەو ڕاستییەی کە ڕوویداوە.

٢- بڕوا مەکە بتوانیت بەبێ ماندووبوون خۆت لەو ترسە نهێنییانە ڕزگار بکەیت کە لە تەمەنی منداڵیت تووشت بوون. بزانە کە ترسەکانی ئێستات لە تاریکی و نەزانراوی،[1] هیچ نین ئەوە نەبێ کە لە ئەنجامی نیاز بەخشینەکانی منداڵیی خراپ و ئەو کارەساتانەدا پەیدابوون کە لە هۆشی شارراوەتدا جێگیربوون.

٣- بڕوا مەکە، بەشت هەر سەرنەکەوتن بێ،[2] چونکە جارێک دوو جار

(١) واتە: نادیار (مجهول).

(٢) ئەم ڕستەیە بەعەرەبی ئاوها بووە: (لا تصدق بان هناک شیئاً إسمه الفشل).



سەرنەکەوتوویت، بەهۆی باوەڕ بەخۆ نەکردنتەوە کە لە پەروەردەکردنی خراپی منداڵیتەوە تووشت هاتووە. بڕوات وا بێ، کە وەک پیاوێکی تێگەیشتوو، دەتوانیت ڕەووشتی هۆشت ڕاست بکەیتەوە، هەروەها لە ژیانیشدا بەجۆرێکی ئازایانەی وا ببزویتەوە، کە بتوانیت بەسەر هەموو ترس و گیروگرفتێکدا زاڵ ببیت.

٤- بڕوا مەکە، کە دڵتەنگی پەیوەندیی بەدەمارەکانەوە هەبێ و بتوانرێ لە ڕێگەی پزیشکایەتییەوە چارە بکرێ. بڕوات وا بێ، کە دڵتەنگی نیشانەی ئەوەیە شتێک یان کاروبارێک هەیە و لێی دەترسی، یاخود لە شێوەی ژیانتدا هەڵەیەک هەیە و پێویستی بەچارەکردنێکی دەمودەستی هەیە.

٥- بڕوا مەکە، نەخۆشیی دوودڵی و ناچاری، کەموکووڕییەک بن لە باوک و دایکتەوە بۆت مابنەوە، بڕوات وا بێ، کە هەرچۆنێک بن، بریتین لە دەربڕینی هەستێکی دەروونی لەباتی سەرزەنشتکردنێکی نهێنی[1] دەربارەی تاوانباریی، یان گوناهێک کە لەوەپێش کردووتن، یاخود لەباتی ئارەزوویەکی بەدخوانە کە لە دڵتدا دەبزوونەوە.

٦- بڕوا مەکە، هەمووده‌م دەبێ سەرگەردانی دەستی ترس بیت. یان نەتوانیت لە خۆت بەولاوە یارمەتی لە کەسێک وەربگریت.

بڕوات وا بێ، کە لە پشت هێزی خۆتەوە، هێزێکی تریش هەیە، کە بەهۆی باوەڕکردن بەو هێزەوە، بەملیۆن پیاو و ژن، ئارامی گیان و خۆڕاگرتنیان دەست کەوتووە.

تەواو بوو

١٩٦٣-١٢-٢٥

(١) (عقدة الشعور بالذنب).

# زانستی خۆناسین دەبێتە ڕابەرت

نووسەری: ڕیچیناڵد وایلد

خاوەنی نووسراوانی «تەندروستی و نەخۆشی و زانستی خۆناسین» و «خۆداناسین لە چاوی زانستی خۆناسینەوە» و هی تر[١]

* دەتەوێ خۆت بناسیت؟
* دەتەوێ لە ژیانی ڕۆژانەتدا کەڵک لە زانستی خۆناسین وەربگریت؟
* دەتەوێ بزانیت هۆشی شاراوە چۆن دەکەوێتە گەڕ؟
* بەپەرۆشەوەیت ژیانێکی خۆشی وا ڕاببوێریت کە شایانی خۆت بێ؟
* بەتەنگەوەیت کەسایەتییەکی ناوازە بۆ خۆت بهێنیتە بوون؟
* ئەگەر ئەمانەت دەوێ ئەم نووسراوە، تا دەتوانیت خوێنەرەوە.

## پێشەکی

بێگومان هەموومان حەز بەوە ئەکەین کە کامەرانتر و ئازاتر و پایەبڵندترمان لێ بێت. زانستی خۆناسین، لە تواناییدا هەیە بمانخاتە سەر ئەو ڕێگایەی کە بمانگەیێنێ بەو ئامانجانەمان.

کەسایەتی لە شەو و ڕۆژێکدا دروست نابێ.

کەواتە بۆ ئەمەی دەروونێکی شایستە بۆ خۆمان بهێنینە بەرهەم، پێویستە خاوەن ئارام و نیازێکی بەهێز بین. چونکە زانستی دەروونی، خۆیشی لە تواناییدا نییە کە بەکەڵکی پیاوێک بێت، سەرساردی یان بێکارەیی بەسەریدا زاڵ بووبێت.

بەڵام ئەگەر ئێمە لەوانە بین کە هەرگیز وەڕس نابن و کۆڵ نادەن و تا پێیان بکرێ تاقیکردنەوەکانیان دووبارە بکەنەوە، بێگومان کەڵکێکی زۆر لە دۆزراوەکانی زانستی دەروونیی ئەم چەرخە وەردەگرن. ئەم دەستکردە گرانەمان فێر بکات، دەستکردی دەروونی بایەخدار و بەنرخ. هەروەها دەیشتوانێ لە ژیانی سەرلێشێواوی ڕزگارمان بکات. ئەوەی

(١) ئەم بابەتە لە گۆڤاری «ڕۆشنبیری نوێ»دا بڵاوکراوەتەوە: ژ (٩٣) حوزەیرانی ١٩٨٢ دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی – بەغدا.



زانستی خۆناسین لەباریدا هەیە بیکات، تێکۆشاوم لەم نووسراوە بچکۆڵەیەدا پیشانی بدەم.

ئەوە کردەوەیەکی گەورە و دڵکێشکەرە، کە بیەوێ دەروونێک دابمەزرێنێ و کەسایەتییەک دروست بکات لەسەر زەویدا هیچ فرمانێک لەوە ناوازەتر نییە!... هیچ شتێکیش لەوە بەکەڵک و فەڕتر نییە!... چونکە کەس نییە بتوانێ دەروونت لێ داگیر بکات. بۆی هەیە سامانت لە دەست بچێ، بەهۆی مردن یاخود دوورکەوتنەوە، دۆستەکانت لە دەست بچێ، بەهۆی مردن یاخود دوورکەوتنەوە، بۆی هەیە کە بەدوای ناوبانگدا بگەڕێیت، خۆیت لێ بشارێتەوە، تەنانەت تەندروستیش هەتا سەر بۆت نەمێنێتەوە.

لەڕاستیدا. ئەمانە هەموویان، تا ئەندازەیەکی گەورە، ڕۆژگار و کارەساتی ژیان کاریان تێ دەکەن.

بەڵام هەر کامێک لە ئێمە بگریت، دەتوانێت دەروونێک پەروەردە بکات هیچ کارەساتێکی ڕۆژگاریش نییە کە بتوانێ ئەم دەروونەمان لێ جیا بکاتەوە. دەروون تەنیا سامانێکە کە بەکەس داگیر ناکرێت، لە توانایشماندا هەیە کە تا سەرەومەرگ خەمی بخۆین و پەروەردەی بکەین و گەشەی پێ بکەین:

هەر ئەمەندەیش نییە. بەڵکو ئەم ڕەنج و تەقەللایە کە بۆ بەرهەمهێنانی دەروونێکی شایستە بەمرۆڤ، بەخت دەکرێن، لەباریاندا هەیە کە ژیان تا دوایی بەڕازاندنەوەیی و ناوازەییەوە بپارێزن. هەتاکو ئێمە لەو کۆڕی خەباتەدا بین، لە وەڕسبوون و گێژەووێژی و هەناسەساردی لە ژیان، بەدوور دەبین.

لە دوو هەزار و چەند سەد ساڵێک لەمەوپێشەوە، لە یۆنانستانی کۆند، [سۆکرات] چەند وشەیەکی بەدەمدا هاتووە، ئەوپەڕی ژیری و پەند و ئامۆژگاریی مرۆڤایەتیی تێدا پیشان داوە:

«نامەوێ هیچ بکەم ئەوە نەبێ، کە بەگەورە و بچووکتانەوە بتانگێڕم بەجیهاندا، بۆ ئەمەی بیخەمە مێشکتانەوە کە لە پێش ئەمەی بیر لە لەشتان و سامانتان بکەنەوە. خەمی گیانتان بخۆن کە بیگەیێننە ئەوپەڕی بڵندی».

لەپاش سێ سەد ساڵ، پیاوێکی گەورەتر لە [سۆکرات]، ئەم پرسەی لە هاوتەمەنەکانی خۆی دەکرد:

«مرۆڤ چیی بۆ دەمێنێتەوە، ئەگەر بۆی هەڵکەوت هەموو جیهانی دەست بکەوێ، بەڵام دەروونی بدۆڕێنێ؟».

دەستوورەکانی دەروون، لە شەڕ و ئاشتیدا وەک یەکن. کاروباری دەمدەمی نایانگۆڕێ. هەر ئەوەندە هەیە کە شەڕ، زۆرتر پێویستی بەهەندی کردەوە هەیە کە لەم نووسراوەدا پێشنیازکراون، وەک: ئازایەتی و، مەندی و، بەرگەگرتن و، چاوپۆشین و، یارمەتی و گەمەی بڵند و کردەوەی تر...

بەو ڕێگایانەی پیشانمان داون، ئەگەر بۆ کاتی ئاشتی پەسندبن، بێگومان بۆ کاتی شەڕ پەسندتر و بایەخدارترن. چ لە کاتی شەڕدا، چ لە کاتی ئاشتیدا، ئێمە دەبێ بۆ ئەوە تێبکۆشین کە کەسایەتیمان ڕۆژ بەڕۆژ لە بڵندبوونەوەدا بێ. ئەمە فرمانێکی سەرشانمانە، بەرامبەر خۆمان، پێش ئەمەی بێتە فرمانێک بەرامبەر کەسانی تر. جا ئەگەر ئەم نووسراوە بچکۆڵەیە، بتوانێ یارمەتیی ئەو خوێندەوارانەی خۆی بدات، کە ڕەنج دەدەن بۆ ژینێکی بڵندتر و بەکەڵک تر، خاوەنەکەی پاداشێکی وای دەست دەکەوێ کە لە بەشی خۆی زۆرتر بێ.

## زانستی خۆناسین (کۆن و نوێی)

١

زانستی خۆناسین، زانستێکی زۆر کۆنە، لەگەڵ ئەمەیشدا بەزانستێکی زۆر نوێیش دادەنرێ. ئەو، لەلایەکەوە، ئەوەندەی مرۆڤ کۆنە. لەلایەکی تریشەوە، نوێیە وەک تازەییی ڕادیۆ، یاخود ئەو فڕۆکانەی کە لە کاتێکدا چوار سەد میل دەبڕن، ئەویش لەبەرئەوەیە، کە زانستی خۆناسین، بریتییە لە لێکۆڵینەوەی هۆش. لەمەیشەوە تێدەگەین، کە زانستی خۆناسین، بریتییە لە تێکۆشینێک بۆ چوونە ئەودیو لەشی مرۆڤەوە، بۆ ئەمەی لە هەندێ شت تێ بگەین، وەک: بیر و ئارەزوو و خرۆش و بیرەوەری و هەست.

لەوەدا هیچ گومان نییە، کە مرۆڤ هەر لە سەرەتای پەیدابوونیەوە لەم سەر زەوییەدا، تا ئەندازەیەکی گەورە، دەروونی بووە.

چونکە هۆش – پەسندی ناکات، کە تا ماوەیەکی درێژ مابێتەوە و تێ نەکۆشابێ، لە خۆی و ئەو کەسانەی لەناویاندا ژیاوە، تێ نەگات.

ئەو کابرایە بۆچ وای کرد؟ ئەی بۆچ وای نەکرد؟ سەبارەت بەچییە ئەم پیاوە لە هیچ ڕوویەکەوە لەو پیاوە ناگات؟ من بۆچی ئەم فرمانە دەبینم، کەچی هەموو دەم وام دەوێ فرمانێکی تر بکەم؟



ئەم پرسە و هەزاران پرسی تر، دەبێ لە سەرەتای مرۆڤایەتییەوە هاتبنە مێشکی مرۆڤەوە. جا چونکە ئەم پرسیارانەیان لە خۆیان کردووە و تێکۆشاون وەرامیان بۆ بدۆزنەوە، ئەو مرۆڤانە بە (زانستی دەروون)–خواز دادەنرێن. ئەڵێ، ئەوانە لە زانستی دەروونیان دەکۆڵییەوە، پێش لەمەی کە گوێیان لە زانستی دەروون بووبێ.

ئەم پرسیارانە کە لە سەرەتادا، کاڵ و نەکوڵیو دەردەکەوتن، چەشنی هەموو پرسیارێکی مرۆڤایەتی کە تازە دەست پێ دەکات، زۆری پێنەچوو، وردە وردە، چوونە شێوەیەکی ڕووناکتر و دیاریکراوترەوە.

تەنانەت لە کاتی (ئەرەستوو)یشەوە، کە لە یۆنانستانی کۆندا دەژیا لە ناوەند ساڵەکانی (٣٨٤ پێش زایین و ٣٢٢ پێش زایین)دا، زانستی خۆناسین وای لێهاتبوو کە بەبابەتێک لە بابەتەکانی لێکۆڵراوەی تەواو دابنرێ. لەو سایشەوە تا ئێستا ڕاستی پەرستەکان بیر لەوە دەکەنەوە کە هۆش چییە و چۆن فرمان دەبینێ؟.

بەڵام زانستی خۆناسینی باو، کە هەندێ پێی دەڵێن زانستی خۆناسینی نوێ، تەمەنی لە (٥٥) ساڵ تێپەڕ ناکات، چونکە لە نزیک ساڵی ١٨٩٠دا دامەزرا.

بۆ ئەمەی جیاوازیی ناوەند خۆناسینی کۆن و زانستی خۆناسینی نوێ تێ بگەین، پێویستە بێتەوە بیرمان کە تا پەنجا ساڵیش لەمەوپێش، زانستی خۆناسین بریتی بوو لە بابەتێک لەو بابەتانەی کە ڕاستی پەرستەکان خۆیان پێوە خەریک دەکرد. واتا لەسەر کورسییەوە لێی دەکۆڵرایەوە.

ئەویش بەو جۆرە بوو، کە خاوەن بیرەکان لەناو کورسییەکانیاندا نوقووم دەبوون، بۆ ئەوەی باش وردبینەوە لە کار و فرمانی هۆش و ڕەوشتی هۆش، تا ئەوی بۆیان دەدۆزرایەوە بینووسن، ئەم تێکۆشانەیان بۆ ئەمەبوو کە (دەستوورەکانی هۆش) دابڕێژن.

ئەم لێکۆڵینەوە، وردە، پچڕپچڕە، کە مرۆڤ لە هۆشی خۆیدا دەیکا، پێی دەڵێن (لێوردبوونەوەی دەروونی).

پێشینان، لەم ڕێگایەوە ڕۆیشتن لە دۆزینەوەی چەند ڕاستییەکی بەنرخدا سەرکەوتن.

بەڵام زانستی خۆناسینی نوێ، لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە ڕۆشنبیرەکان دەستیان کرد بەوازلێهێنانی لێکۆڵینەوەی سەر کورسی، پاش ئەمەی بۆیان دەرکەوت کە زانستی خۆناسین تا لەسەر ئەم پێڕەوییە کۆنە بڕوات، هیوا ناکرێ زۆر پێش بکەوێ.

گوتیان: «ئەگەر تۆ بتەوێ لێکۆڵینەوە بکەیت لە فرمانی ئەندامانی لەشی مرۆڤدا،

ناچێتە سەر کورسییەکی گەرمونەرم و هیچی تر نەکەیت. بەڵکو دەچیتە جێگایەکی تاقیکردنەوە، یاخود ژوورێکی نەشتەرکارییەوە. دیسانەوە، ئەگر بتەوێ لێکۆڵینەوە بکەیت لە گەوهەرەکانی کیمیادا، ناچیت ، تەنیا دەست بکەیت بەبیرلێکردنەوەیەکی ورد. بەڵکو دەست دەکەیت بەبەکارهێنانی لوولەکانی تاقیکردنەوە و تەرازووەکان و بابەتەکانی تر. کەواتە لە لێکۆڵینەوەی «زانستی خۆناسین»یشدا، بۆچ ئەم جۆرە لێکۆڵینەوە زانستییانە بەکارنەهێنین، کە لەسەر بنچینەی تاقیکردنەوە دامەزراون؟

جا لەو کاتەدا بوو کە زانستی خۆناسینی نوێ لە دایک بوو. لەم کۆڕەدا ، دوو ناوی گەورە دەردەکەون و دەدرەوشێنەوە، کە تا سەر ئەوەمان بیردەخەنەوە کە چۆن لە ڕێچکەی ڕاستی پەرستی و زانستی خۆناسینی کۆن لایان داوە. یەکێکیان ناوی (ویلهلم ماکس وندیت)ە کە لە ئەڵمانیادا دەرکەوتووە. ئەویتریشیان ناوی (ولیەم جیمس)ە کە لە ئەمەریکادا دەرکەوتووە.

لەساڵەکانی دواییی سەدەی نۆزدەهەمەدا، (وندیت)، یەکەم شوێنی تاقیکردنەوەی دەروونیی لە ئەڵمانیادا دامەزراند، کەتاقانە بوو لە هەموو جیهاندا. پاش ئەو (ولیەم جێمس)یش لە ئەمەریکادا (شوێن تاقیکردنەوە)یەکی دەروونی تری دامەزراند. ئیتر لێرەوە بوو، کە زانستی خۆناسینی نوێی تاقیکراوە، ڕێگای بۆ ڕۆشن بووەوە.

سێیەم ناوی گەورەیش، کە پێویستە بیر بخرێتەوە لە کاتی لێدوواندا لە بابەت زانستی خۆناسینی نوێوە، (سیگمۆند فرۆید)ە لە دانیشتوانی شاری (ڤیانا)، کە لە دەرگای پزیشکایەتییەوە چووە ناو پەرستگای دەروونییەوە. لە ساڵی ١٨٩٠دا پسپۆڕێکی تازە پێگەیشتووبوو لە دەماردا، ئەیکۆڵییەوە لە کەلوپەلی دەماردا و لە چۆنێتیی فرمانکردنی دەماردا، ئەم لێکۆڵینەوەیە، زوو بەزوو گەیاندییە ئەنجامێک، پوختەکەی ئەوەبوو کە کەلوپەلی دەمار، ڕەنگە بەهۆی هۆشەوە کاری تێ بکرێ. هێشتا سەدەی نۆزدەهەم نەبڕابووەوە، (فروێد) دەستی کرد بەبڵاوکردنەوەی نووسراوەکانی کە لە بابەت (هۆشی شاراوە) و (شیکردنەوەی دەروون)ەوە دەدووران، کە بەهۆی ئەوەوە لە دایکبوونی کارەساتێکی گەورەی تر لە کارەساتەکانی زانستی خۆناسینی نوێ، ڕوویدا.

زانستیی دەروونیی نوێ، لە پەنجا ساڵەکەی دواییدا، توانی چەند هەنگاوێکی ئازایانە بنێ. چەند شوێنێکی تاقیکردنەوەی دەروونی لە گەلێک زانستگاداکرانەوە لە ئەورووپا و ئەمەریکا و ڕۆژهەڵاتی دووردا، لە چین و ژاپۆنیادا.



ئەم زانستی خۆناسینی نوێیە، ئیمڕۆ، کاردەکاتە ژیانی مرۆڤایەتی، لە زۆر لاوە. چیرۆک و چیرۆکی لاساییەکانمانی ڕەنگاوڕەنگ کردووە، پەروەردەکردنی نوێی ئاراستەکردووە، هەروەها هوروژمیشی بردۆتە ناو خانووی پزیشکایەتییەوە.

لێکۆڵینەوەکانی زانستی خۆناسین، گەلێک ستوونی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی پڕ کردۆتەوە، بەهەزاران نوسراو لەسەر بابەتەکانی زانستی خۆناسین ، بەگەلێک زمان نووسراونەتەوە. زۆر لە گیروگرفتەکانی مرۆڤایەتیی ڕۆشن کردۆتەوە. یارمەتیی زۆر کەسانیشی داوە کە لە خۆیان و لە کەسانی تریش باشتر تێبگەن.

لە بەشەکانی تری ئەم نووسراوە بچووکەدا، تێدەکۆشین هەندێ لە دۆزراوەکانی ناوازەی ئەم زانستە، بەڕۆشنی پێشان بدەین. ئەم دۆزراوانە، زۆرتر بەکەڵکی پیاو و ژنی ئاسایی دێن، ئەو کەسانەی کە لە ژیانی ڕۆژنەیاندا بەدوای ئامۆژگاری و ڕێ پیشاندان و پشتیوانیدا دەگەڕێن.

## پوختەی گوتراو:

١- زانستی خۆناسین ئەوەندەی مرۆڤ کۆنە. چونکە ئەو تێکۆشینە دەنوێنێ کە ئامانجی تێگەیشتنی هۆشە، هۆشی مرۆڤەکە خۆی و هۆشی هاوخوێنەکانی.

٢- زانستی خۆناسین، تا چەند سەد ساڵێکیش لە شێوەی لێوردبوونەوەی دەروونیدا خۆی پێشان دا، بریتی بوو لە لقێکی ڕاستی پەرستی.

٣- زانستی خۆناسینی نوێ خۆی بۆ ئەوە دەکوتێ کە دەروون لە ڕێگای تاقیکردنەوە و کردەوەوە لێکۆڵینەوەی تێدا بکات. جێی تاقیکردنەوە و کەلوپەلی دەروونی بەکاردەهێنێ. لێوردبوونەوەی دەروونی تەنیا بەشێکی بچووکە لە پێڕەوییەکەیدا.

٤- زانستی دەروونیی نوێ، ئیمڕۆ لە پەروەردەکردنی منداڵ و پزیشکایەتی و ژمارەیەکی زۆر لە زانستەکانی تردا بەکاردەهێنرێ. ڕۆشناییەکی بەهێزیشی داوە بەسەر ڕەوشتی مرۆڤ و هانەدەرانی ئەو ڕەوشتەدا.

## تا چ ئەندازەیەک زیندوویت؟

**٢**

ژیانی هۆش سێ ڕووی هەیە: زانیاری و دەروون و ویستن، ئێمە لەم بەشەدا لە بابەت ڕووی زانیاریی ژیانی هۆشەوە دەدەوێن.

زاناکانی دەروون، مەبەستیان لەم واژەیە، ئەو واتایەی نییە کە ناسراوە. زۆرتر مەبەسیان لە «وریایی»یە. ئەویش لەبەرئەوەیە کە لە هەر دەمێکدا، ئاوڕ بدەینەوە بەملاو بەولای خۆماندا، دەبینین شتومەک و کاروبار، چرووپڕ کۆبوونەتەوە. ئەوانەیش وریایی و سەرنجدانیان دەوێ لێمان.

دیارە نووستوو یاخود بێ هۆش، زۆر ئاگایان لە خۆیان نییە. هەزارویەک شت دەبینن لە کۆڕێدا، یاخود بیبەن یان سەرنجی لێ بدەن، باکیان نییە و خۆیانی پێوە خەریک ناکەن. ئەوانەی گێژوویژیشن، تێکڕا بەبەشێکی زۆر کەمی ژیانەوە نەبێ خۆیان خەریک ناکەن. لەوەیشدا هیچ گومان نییە کە بەشی کەسێکی ئاسایی لەوانە هەموویان، زۆرترە لە بەشی کەسێکی گێژوێژ، لەگەڵ ئەوەیشدا تەنیا ئاگای لە بەشێکی زۆر کەمی ژیان هەیە، لەو شتانەی کە پێویستە سەرنجیان لێ بدرێ و وریان و، خوێن لە دەماریان دایە، پڕ بەپڕی جامەکەیان، لە دەستی ژیان مەی وەردەگرن و دەینۆشن. ژیانی ئەو جۆرە کەسانە، پیتترە، جیهانی ئەوانە دەوڵەمەندترە. ئەوانە، تا ئەوپەڕی تواناییان، خۆشی لە ژیانێکی تازە و ناوازە دەبینن.

ئێمەیش پێویستە ئەوە بزانین کە جیهان بۆ هەموو لایەک هەر ئەو جیهانەیە. هەر ئەو جیهانەیە کە بۆ نوستوو و، گێژوویژی نازیرەک و، مرۆڤی ئاسایی و، بلیمەت و هەڵکەوتووی تێگەیشتوو لە واتای ژیان، وەک یەک خۆی دەردەخات.

جیهان نییە کە دەگۆڕێ. بەڵکو ئەو کەسانەن کە هەریەکە بەجۆرێک سەیری جیهان دەکەن و تێی دەگەن... جا لێرەوە ئەم ڕاستییە گرنگە دەروونییەمان بۆ دەردەکەوێ:

«جیهانی ئێمە بەو چەشنە دەبێ کە خۆمان دروستی دەکەین. ئەویش بەندە بەدەوڵەمەندیی هۆش و کارگوزاریی هۆشەوە. ئێمە ئەوە دەبینین کە لە تواناییماندا هەیە ببینین».

زۆربەی ئێمە، لە توانیدا هەیە، زۆرتر ببێتە خاوەنی زیرەکی و کارگوزاری. خەریکبە خۆت تاقی بکەرەوە:



بیربکەرەوە لە یەکێک لە دۆستە خۆشەویستەکانت. چاوەکانی ڕەنگیان چۆنە؟

قژی سەری بەلای ڕاستدا دەشکێنێتەوە، یان بەلای چەپدا؟

بەزۆری دەستەسڕەکەی لە کام گیرفاندا دادەنێ؟

ملپێچەکانی بەزۆری ڕەنگیان چۆنە؟

ئەگەر توانیت ئەم پرسانە، بەئاسانی وەرام بدەیتەوە، لە دانگی ئەو چینە دەژمێررێت کە لە هەموو چینێک وریاتر و پڕ ژینترن. بەڵام زۆر لە خوێندەوارانی ئەم نووسراوە، لە تواناییاندا نییە ئەو وەرامە بدەنەوە. لەلایەکی تریشەوە، سەرنج بدە لە مرۆڤی خاوەن دڵخواست. چ جیهانێکی چرووپڕە جیهانەکەی، کاتێ کە شتێک یان کاروبارێک. پەیوەندیی دەبێت بەمەبەسەکەی، یاخود بەدڵخوازەکەیەوە!...

ئەو شاگردەی دڵی چووبێت بەفڕۆکدا دەتوانێ هەر لە دوورەوە، جۆری فڕۆکەکەت پێ بڵێ.

ئەو پیاوەیش پەپوولەی هەموو ڕەنگ کۆدەکاتەوە، لەڕاستیدا خۆی فڕێ دەداتە جیهانێکی پڕ سەرسوڕمان و ئارەزووەوە، کە دەرگاکانی، لە زۆربەی ئێمە داخراون.

ئەمەیش ڕاستییەکی گرنگی ترە دەیڵێم: ئەو دوو خاوەن دڵخوازە و، هەموو ئەو کەسانەی کە بەگەرمی خەریکی فرمانی خۆیانن، بەکۆششێکی وریایانەی کەم، توانیویانە ئەم زانیارییە دەست خۆیان بخەن. بێ ئەوەی بەقەمچی لە خۆیان بدەن، چوونەتە ناو جیهانێکی فراوانترەوە. لەڕاستیدا زانیارییەکەیان، بەهۆی ئارەزوو و چەشەکردنەوە، دەستکەوتووە. کەواتە چاکترین ڕێگا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، یاخود شارەزابوون لە بابەتێکدا ئەوەیە: کە دڵت بخەیتە سەر ئەو بابەتە.

وریاییەکەت بخەرە ژێر چنگی ئارەزووی دڵتەوە، بۆت دەردەکەوێ کە زانیارییەکەت بەئاسانتر دەست دەکەوێ. دیارە وا چاکترە کە ئەو ئارەزووە سروشتی بێ و نزیک بێ، بەڵام لە هەندێ جاردا، ئەندێشەیی و دوور نەبێ، نابێ.

ئەو شاگردەی کە بەزۆر فێری کردار (افعال)ی زمانی یۆنانی دەکرێ، کە دوورن لە ئەندازەی گشتییەوە، بۆی دەردەکەوێ کە گرانە بۆی، بتوانێ خۆشییەکی دەمودەستی ، لەو وتە و واژە گران و گرێدارانە وەربگرێ.

بەڵام ئەگەر توانی شەنگوشۆخیی یۆنانستانی کۆن بهێنێتەوە بەرچاوی خۆی و، ئەوەیش بهێنێتەوە یادی، کە ئەم زمانە، ڕۆژێک لە ڕۆژان، زمانی (سوکرات ، ئەفلاتون و،

ئەسکەندەر) بووە، گەرموگوڕییەکی نوێ دەچێتە خوێنییەوە بەرامبەر فرمانەکەی، کە بەهۆی ئەوەوە ڕەنج و تەقەلاکەی لا دەگۆڕێ و دەبێتە ئارەزوو بەجێ هێنان و لەو تەنگوچەڵەمەیەیش کە تێدایەتی خۆشی وەردەگرێ. دەیشتوانێ پیشەی دواڕۆژی خۆی بهێنێتە پێش چاوی خۆی و، شارەزابوون لە ڕێزمانی زمانی یۆنانیدا، بەهەنگاوێکی تازە دابنێ بۆ پێشکەوتنی لەو پیشەیەدا. جا لەم ئەنجامە دوورانەوە ئەو واتایانە دەست خۆی بخات، کە بیخەینە سەر ئەو بیرەی کە ئەو فرمانەی مامۆستاکانی بەزۆر داویانە بەسەریدا، فرمانێکی بەکەڵکی وایە، کە ئەوە هەڵدەگرێ خۆی تێدا ماندوو بکات.

جا ئەم هۆیە دەستکردانە، هەرچۆنێک بن دەستوورەکە ئاسانە بۆ تێگەیشتن: کە ئەگەر بێتو بەگیانێکی پڕ ئارەزووی و خۆشەویستییەوە دەست بکەین بەژیان، ژیان بەلامانەوە: فراوانتر و پڕ پیتتر و بەنرختر دەبێ.

تەنانەت ئەو فرمانەیش کە گیان لە خۆی وەڕس دەکەن، دەتوانرێ بەم شێوەیە باریان سووک بکرێ...

لەبیرت نەچێت، هەرگیز، کە خۆتیت جیهانی خۆت دروست دەکەیت. ئەو جیهانەیش کە تێیدا دەژیت هەر ئەو جیهانەیە کە خۆت بۆ خۆتت هەڵبژاردووە. گەلێک یاسا بڵاوبووەوە لەناو مرۆڤایەتیدا بەمەبەستی بڵندکردنەوەی خووی وریایی و ناسککردنەوەی. چەند جۆرێک پێشنیازیش دانرا بۆ مەشقکردن بەبیرەوەری، بۆ ئەمەی بەهێز بێ و قاڵ بێ. بەڵام زۆر لەو مەشقانە دەستکردن، دوورن لە سروشتەوە. چاک هەر ئەوەیە کە مرۆڤ خووی خۆی لە ڕێگایەکی سروشتییەوە بەهێز بکات بەهۆی ئەو کەرەستانەیشەوە بیکات کە لەبەردەستیایە.

ئەرێ تۆ شەرمن و دڵناسک و گوشەگیری؟ وا دەست پێ بکە کە خەمخۆرییەکی تازەی مرۆڤایەتی بخۆیت. بام ئەم خەمخۆرییە تازەیەت، هەر بۆ مرۆڤایەتی بێت. تێبگە لە شێوەی ژیانیان، لە بەرگ و پۆشەنییان، لە جۆری گفتوگۆیان، لەو بابەتانەی کە حەز دەکەن لێیان بدوێن، لەو ڕێگایانەی کە دەیانگرن بۆ چارەکردنی ئەم بابەت و ئەو بابەت. بەڵام ئەوانەت کە کرد، بەو چاوەوە سەیریان مەکە، کە ڕەشبین بی و تەنیا بۆ دۆزینەوەی هەڵە و نەنگی و کەموکووڕی بگەڕێی بەڵکو هەر بۆ ئەوەی کە خۆشی لە مرۆڤایەتی ببینی، بەواتایەکی تر، مرۆڤایەتی بکە بەبابەتێکی خۆش بۆ خۆت، دڵت پێی بکرێتەوە، هەروەها چەند کەسانێکی نوێیش بخەرە ڕیزی ئەو کەسانەی دەیانناسیت. دوورنییە ئەم فرمانە، بۆ تۆ ببێتە مەشقێکی تاسوق و ناوازە، کە بەهۆی ئەوەوە، شەرمنییەکەت لێی



کەم بێتەوە و، خۆیشت جوامێرتر و لێبوردەترت لێ بێ. چونکە لە ڕاستیدا، کەم کەسی وا هەیە، کە بێبەش بێت لەو ڕەوشت و کردەوانەی کە دڵی پیاو کێش بکات و خۆشەویستیی تێ بخات.

بیرەوەرییش هەر بەو جۆرەیە. سەری خۆت گێژ مەکە بەو ڕێگا دەستکردانەوە کە بۆ بەهێزکردنی بیرەوەری بەکاردەهێنرێن. بیرەوەریی خۆت لەو کەرەستانەدا بەکاربهێنە کە ڕۆژ بەڕۆژ لە کارەساتی ژیانتدا دێنە بەردەمت. دوورنییە، هاوڕێکانت، جاروبار، ناسیاوانی خۆیانت پێ بناسن. تێکۆشە ناوەکانیان لەبەر بکەیت. چونکە هیچ شتێک دڵی مرۆڤ وا خۆش ناکات، کە بزانێ یەکێک بەڕێکەوت نەبێ، تووشی نەهاتووە، لەگەڵ ئەوەیشدا کە لە دەمێکیشەوە بووە ئەوجارە دیویەتی، کەچی لەم کۆبوونەوەی دووەمەیاندا بەناوی خۆیەوە ناوی دەهێنێ.

بەڵام کوا پیاو دەتوانێ هەموو ناوێک لەبەر بکات؟ وەرام ئەوەتا: کە (ناو) و (ناوبراو) کە مرۆڤەکەیە لێرەدا، پێکەوە ببەستێ و، پیچێک خۆشەویستییش بۆ هەردوو لایان بخاتە دڵیەوە. بام بڵێین تۆ بووی بەناسیاوی کابرایەک ناوی (فەرهاد) بوو، وا دەرکەوت، قژی زەرد، چاوەکانی شین بوو، وەک دانیشتوانی شارەکانی ئەوروپای ژووروو. وا تۆ کلیلێکی دەرگاکەت دەست کەوت. دیارە کە ئەوروپاییەکان هونەرمەند و کارگوزارن وەک ئەو فەرهادەی کە کێوی بێستوونی بۆ دەزگیرانەکەی خۆی کۆڵیوەوە و تاشیوە. بەم ڕەنگە سەرنجدانێکی هۆشت بەم جۆرەی لێهات: قژی زەردە، چاوی شین، چەشنی ئەوروپاییە... کەواتە فەرهادە... ئەگەر ئەم ڕێگایەت بەهەڵبەست هاتە پێش چاو، ئاگات لێ بێ، لە جێیەکی تردا چۆن بیرەوەرییەکەت بەکاردەهێنێ. دەبێ لە ڕێگای پێکەوەبەستن و بیرکەوتنەوە بەکاربهێنرێ. کە ئەم ڕێگایە زانراو و نەزانراو پێکەوە دەنووسێنێ. ئەمەیش، لەو وێنەیەی پێشووە دەکات کە ناوی (فەرهاد)ی تێدابوو. جا لەبەرئەوەی بیرکەوتنەوە ئاسانە و ئاساییە و، دووریشە لە زۆر لەخۆکردنەوە، بیرەوەری لە کۆڕێکی ئاساییدا گەشە دەکات. دوورنییە پەیوەندییەکانی ناوەندیان پڕوپووچ بن، بەڵام هەرچی چۆنێک بێ، ئەنجامەکەی دروست دەبێ.

کەم نین ئەو کەسانەی کە گوێت لێیان دەبێت و سکاڵای خۆیان دەکەن بۆ تۆ، لە دەست نەمانی بیرەوەرییان، یاخود لە دەست بێدەسەڵاتییان لە نووچگرتنی بیردا. ئەگەر ئەو بارە، سەبارەت بەوە نەبێ کە پەستییەکی ڕاستەقینە پەیدا بووبێ لە شانەکانی مێشکدا (کە ئەمەیش کەم ڕوودەدا)، زۆربەی سکاڵاکە لە یەکێک لەم دوو شتە پەیدا دەبێ: یان ئەوەتا

ئەو کەسە نەیتوانیوە بیرەوەریی خۆی پەروەردە بکات و گەشەی پێ بکات، یاخود ئەوەتا دڵی کرمێ بووە لە دەسەڵاتی خۆی لە بیرکردنەوە و نووچگرتنی بیردا.

تەنانەت ماسولکەکانیش، شل و شێواویان لێ دێ، ئەگەر بەکارنەهێنرێن. زۆری وایشمان تێدایە، کە هێزەکانی هۆشیان کەم بەکاردەهێنن، زۆرجاری وایش هەیە، کە گوێمان لە زۆر کەس دەبێ، هۆشی خۆیان تاوانبار دەکەن و بەبێ کارەی تێ دەگەن. لەڕاستیدا هۆشەکانمان زۆرتر لە هاوڕێکانمان دەکەن: تێکڕا، ئەوەندەی پیایاندا ڕادەپەرمووین، هەر ئەوەندە کار دەکەن، ئەگەر هاتوو دڵ کرمێ بووین لە کارگوزارییان، ئەوانیش ناپاکیمان لەگەڵ دەکەن و بەربەستی مەبەستمان دەکەن.

کە مرۆڤ لە نووچگرتنی دەدوێن، وەک لە فرمانێکی چاوبەستانەی، کەم هەڵکەوتوو و، بەگران دەستکەوتوو بدوێن وایە. زۆر لەو یاسایانەیش کە ناویان ناون «یاسای هۆش» ، هەر لەسەر ئەم بنچینە چرووکە دامەزرێنراون. لە ڕاستیدا، نووچگرتنی هۆش، لە هەموو شتێکی جیهانی پتر سروشتییە. هۆش هەر بۆ ئەوە دانراوە کە نووچ بگرێ و بیری قووڵ بکاتەوە، هەروەک ورگ بۆ ئەوە دانراوە خۆرشت بکا نۆش، یان سییەکان بۆ هەناسەدان دانراون.

نووچگرتنی بیریش، هەر بەوە پێکدێ کە بەسووک و ئاسانی بیر بخەیتە سەر شتێک و نووچی لەسەر بگریت تا چارەی بۆ دەدۆزیتەوە. چاکترین نووچگرتنی بیر ئەمەیە.

ئەگینا ئەگەر پرسیاری نابەجێ بکەیت لەبارەی ڕاستی ئەم فرمانەوە، یان لە کاتی فرمانی نووچکرتنەکەدا خۆت تاقی بکەیتەوە، ئەوە بەنووچگرتنی بیر ناژمێرێ. چونکە ئەگەر، لە کاتی نووچگرتنی بیردا، بەشێکی هۆشت سەرنج بداتە بەشەکەی تری، هۆشت دەبێ بەدوو کەرتەوە. مەرجی نووچگرتنی بیری ڕاستەقینەیش ئەوەیە کە هەموو لایەکی هۆش پێکەوە بکەوێتە گەڕ، ئەوەیش بەشێوەیەکی وا ئاسایی و سووک و ساکار بێت، کە زۆرە ملێی تێدا نەبێ، واتا ئەوەیش شتێک بێ وەک خواردن و هەناسەدان، بەئاسانی، بێ گیروگرفت، جێبەجێ ببێ. هۆشت تاوانبار مەکە. وەک هەیە پەسندی بکە، هەروای دابنێ کە سروشت، کەلوپەلێکی وای پێ بەخشیوی کە بەتەواوەتی بۆ ئەو فرمانەی پێی سپێراوە بسازێ. جا لە بیروبارەڕێکی وا زیندووکەرەوەدا، بێرە پێشەوە و دەستیش بدەرە گەشەپێکردن و بەرهەمهێنانی هێزی بیرکردنەوە و نووچگرتن لە بیردا، ئەوەیش هەر بەوە بەندە کە بەهەموو شاکارییەوە دەست بکەیت بەبیرکردنەوە و نووچگرتن لە بیردا.



دواجار، بام ئەم ڕاستییەیش بڕیار بدەین: «هۆش ئەندازەی پیاوە» . ئێمە دەگەینە ئەو تەمەنەی کە هەست دەکەین پێی گەیشتووین. هەروەها لە کامەرانییشدا: بەلامانەوە بەشمان چەند بێ، ئەوەندە کامەران دەبین.

ئێمە لەو جیهانەدا دەژین کە هۆشمان دروستی کردووە و هیچی تر. هەرچەند زیندوویێتییەکەمان بەهێزتر بێ، زۆرترمان چنگ دەکەوێ لە ژیان. هەرچەند ئاگری ئارەزوومان بڵێسە بسێنێ، ئەوەندە هێزی وریاییمان ڕۆشنتر و پرشنگدارتر دەبێ، هەروەها جیهانەکەمان پڕ پیتتر و فراوانتر دەبێ، هەرگیز ناشێ جیهان بێتە بارێکی گران و فرمانێکی سەخت و ناخۆش بۆ ئەوانەی خاوەن هۆشێکی تەواو وریا بن. بەهەزاران کارەسات وتاقیکردنەوەی ڕەنگاوڕەنگ و پڕ فەڕ خۆیان بۆ تۆ ئامادە کردووە، چاوەڕوانی ئەوەن بیاندۆزێتەوە و تێیان بگەیت. ئەوانە نزیکن لە بەردەستان. کە وای لێهات، بڕیار بدە وریابیتەوە و بژیت.

ئاسۆی ژیانت فراوان بکە، بەدوای شتدا بگەڕێ، ئاگات لە خۆت بێ، فێربە، زانیاری هەموو ڕەنگ دەست خۆت بخە؛

چونکە هەموو کلێکی زانیاری هۆشت فراوانتر دەکات، خۆیشت فراوانتر دەبیت.

ئەم ژیانەی کە سەری پیاوی لێ سووڕدەمێنێ، بەچاوی بەستراو و گوێی گران و، هۆشی گێژوویژەوە بەلایدا تێ مەپەڕە. هۆشت بخەرە کار. هۆش بۆ ئەوە دروستکراوە، کە بەکار بهێنرێ. پشتی پێ ببەستە. چونکە ئەگەر پشتت پێ بەست، بۆت دەردەکەوێ، کە هۆشت شایستەی پێ بەستنە. وریابەرەوە. هەموو جیهان لە بەردەستت دایە چاوەڕانیت دەکات.

ڕەنگە پرس بکەیت ، پاداشت چی دەبێ؟ پاداشەکەت هەر ئەوەندەیە کە تۆ گەشە دەکەیت. گەشە دەکەیت لەژیری و زانیاری و تاقیکردنەوەی ژیاندا. هەر ئەوەندەیە کە تۆ لە جیهانێکی خۆشتر و فراوانتردا دەژیت.

ئەوە هەر هۆشە کە چاکە و خراپە دروست دەکات هەر ئەویشە کە کامەران و هەناسەسارد و، دەوڵەمەند و هەژار لە مرۆڤ دروست دەکات.

**پوختەی گوتراو:**

١- هەموو کەسێ جیهانی خۆی دروست دەکات «جیهانی ئێمە» ئەو جیهانەیە کە هۆشمان پەسندی دەکات.

٢- ئارەزوو کلیلێکی زێڕینە بۆ فێربوون و بیرکەوتنەوە و شتی وا. دەیشتوانین ئارەزوو زیندوو بکەینەوە لە خۆماندا.

ئەگەر لە ئارادا نەبوو، ئەویش لە ڕێگای هێنانە پێش چاوەوە. واتا چاکە و سەرکەوتوویی دوارۆژی خۆمان، بام دووریش بێ بهێنینە پێش چاومان.

٣- بیرکردنەوەی قووڵ، کردەوەیەکی سروشتییە بەمەشقکردن گەشە دەکات. هۆش کە پشتی پێ بەسترا و باوەڕی پێکرا چاکەی لێی دەوەشێتەوە.

٤- هۆشمان ئەندازەی ڕاستەقینەی نرخی پیاوەتیمانە لە زانیاری و وریابوونەوە و ئارەزوومماندا؛ هەر گەشەکردنێک ڕووبدات، ئەوەندەکەسایەتیمان گەشە دەکات.

## هەستەکانت چۆن ئاڕاستە دەکەیت؟

### ٣

وەک لەوەپێش لێی دواین دەروون ڕووی دووەمی ژیانی هۆشە. ئێمە هەر تەنیا بیرکردنەوەمان نییە، هەست پێکردنیشمان هەیە. ئاخۆ زانستی خۆناسینی باو، لە بابەت جیهانی دەروونەوە، چی دەتوانێ بڵێ؟

لە پێش هەموو شتێکدا پێمان دەڵێ: «دەروون بریتییە لە هێزێک پاڵ بەژیانەوە دەنێت». دەروون بۆ کەسایەتیی مرۆڤ، وەک بەنزین بۆ ئۆتۆمبیل، یاخود هەڵم بۆ شەمەندەفەر وایە.

هەروەک، کەس، نەژیاوە بەژیری و زرنگییەوە، بێ ئەمەی زیرەکیی خۆی بخاتە کار، هەروەها، کەسیش، نەژیاوە بەهێز و پیتەوە، بێ ئەمەی سۆزی بخاتە کار.

لە هەندێ کۆمەڵدا، ڕەوشتێک هەیە: سۆز بەچاوێکی سووکەوە سەیر دەکەن و، پلاریشی تێ دەگرن. لە هەندێ کۆمەڵی تریشدا، مەشقی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوە دەچێ کە بەربەستی دەروون بکرێ و، نەهێڵرێ بەهیچ کلۆجێک دەربخرێ، بەڵکو جاری وا هەیە، مرۆڤ دەخاتە سەر ئەوەی. کە بەزۆر، خۆی بەپیاوێکی مەند زرنگ پیشان بدات. بێ



هاوتایی، لەم ئاینەدا، ئەوەیە: کە هەر کارەساتێک لە ژیاندا هاتە پێشت، بەپێی ئەو ڕەوشتە پوختەیەی سەرەوە بەرامبەریی بکەیت.

ئەم بیروباوەڕانە، لە ناوەڕۆکیاندا، کەمەکێ ڕاستی هەیە، ئەویش ئەوەتا کە وورووژانی سۆز، نەپەسندە، نەبەکەڵک دێ.

سۆزی وورووژاوی وا، کە سەرکێشیمان بکا و مل نەنێ بۆ فرمانی خۆی، هێزێکی پڕ سامە، بەکەڵکمان نایەت بۆ ڕاپەڕاندنی فرمانی چاکی ژیرانە. لەبەرئەوە شتێکی زۆر نابەجێیە، کە جڵەوی دەمارەکانت لە دەستت دەربچێ. تۆ، بەوە، هەر، بەڵگە نادەیت بەدەستەوە کە لە تواناییتدا نەماوە زاڵ ببیت بەسەر دەروونتدا، بەڵکو ئەویشت لێ دەقەومێ کە ئیتر پێت ناکرێ لە بەرامبەر کارەساتی ناخۆشدا، بەجۆرێکی پەسند خۆت ڕابگری. ئەگەر جڵەوی دەمارت لە دەست دەرچوو، دەروونیشت لە دەست دەردەچێ، کە هەرگیز نابێ لە دەستت دەربچێ. ترسی یاخیبوویش، کە زاڵ نەبووبین بەسەریدا، هەر بەو ڕەنگەیە. ئەویش ڕێگامان لێ دەباتە بەست، ناهێڵێ هیچ فرمانێکی بەکەڵک ڕابپەڕێنین. ترس، لەو کاتانەدا کە دەگاتە ئەوپەڕی هێزی خۆی، دەس و پێمان دەبەستێ و، لە جێگای خۆماندا وشکمان دەکات، کە پێویستە، لەبەر هەڕەشەی سەرگەردانی چارەی خۆمان بکەین. جا ئەم ڕاستییەیە لە بابەت سۆزی بێ ئەندازەوە، کە هەندێ لە ڕۆشنبیرانی خستۆتە سەر ئەوەی کە بڵێین: بۆ مرۆڤ وا چاکترە کە هەرگیز جڵەو بۆ سۆزی خۆی شل نەکات. ئەمەیە، ئەو ڕازەی کە لە پشت ئاینی «نەرمی و شیرینیی ڕەوشتە»وە خۆی شاردۆتەوە. هەر ئەمەیشە کە بۆمان دەردەخات چۆن هەندێ کۆمەڵ، بەلایانەوە ڕەوایە، کە هەر سۆزێک، ئەگەر دەربخرێ، بەشتێکی ناپەسند دەژمێرێ. بەڵام ئەمانە هەموویان، لەوە دەکەن، کە یەکێک هەندێ زەهر بنۆشێ، بۆ ئەمەی لە نەخۆشیی زەهرێکی پێشوو ڕزگاری ببێت. تۆ لەوە دڵنیابە: لەوانەی کە توانیویانە بەشەنگوشۆخی و هێز و هەڕەتەوە بژین، یاخود لەوانەی کە توانیویانە کردەوەی مەردانە ڕابپەڕێنن بۆ کەڵکی گشتی، کەسێک نەبووە گەیشتبێتە مەبەسی خۆی، بێ ئەمەی سۆزێکی قووڵی بەهێزی خۆی یارمەتیی نەدابێ، بەربەستکردنی سۆز، ئەوە دەبەخشێ، کە دەرگا لە ڕووی گەورەترین هێز، بۆ پێکهێنانی ژیانێکی پەسندتر و بڵندتر، دابخرێ.

بۆ وێنە، ئەوە بخەوەوە بیرت، کە لە بەشی پێشوودا، لەبارەی ئارەزووەوە قسەمان کرد. ئارەزوو، تاقیکردنەوەی دەروونییە. لە هەر کوێیەک ئارەزوو پەیدابوو، ئەو فرمانانەی

که لەپێشدا ڕقمان لێیان هەڵدەسا و، بەپشموقینەوە سەیرمان دەکردن، وایان لێ دێ کە بەئاسانی و سووکییەوە ڕاپەڕێنرێن و پڕ بەدڵ خۆشیشمان بوێن.

دیسانەوە ئەوە بخەرەوە بیرت، کە چۆن لە توانای خۆشەویستیدا هەیە، کەسایەتیی مرۆڤ بگۆڕێ. تەنانەت خاوەن خۆشەویستییەکە وای لێ دێ، هەروەک بەناو زەوییەکی تازەدا بڕوات و بەهۆی جادووەوە، جوانییەکەی زۆرتر بووبێ و بۆنە خۆشەکەی پتر لێ هاتبێ، وای دێتە پێش، ئەمەیش بەڕاستی ڕوودەدا، نەک بەدرۆ.

بیرکەرەوە: چۆن نیشتمانپەروەری، گەلێک پیاوی گەیاندۆتە ئەوپەڕی مەردایەتی و سنگ فراوانی، کە لە توانایی مرۆڤدا نییە بیهێنێتە پێش چاوی خۆی.

بیرکەرەوە: چۆن سۆزی ئاینی کلێپەدار پیاوان و ئافرەتانی کێش کرد بۆ خۆبەختکردن لە پێناو بیروباوەڕیاندا.

نەپاشگەزبوونەوە لە ترسی ئازار و کوشتار، نەشکایشن لەبەر دوژمنیاندا، نەباکیشیان هەبوو لە کەس! هەروەها، لەلایەکی تریشەوە، چۆن پاڵی بەهەندێکی ترەوە نا، کە خۆیان بەخت بکەن لەپێناو بەزەیی پیاهاتن و دەست گیرۆییی بێ ئەندازەدا، بەرامبەر بەهەناسەساردان و بێچاران، تەنانەت بەرامبەر بەخوێڕیی و نەنگەویستی هەموو جۆرە مرۆڤێکدا!... تەنیا هەر بەهۆی سۆزی بڵندەوە، ئێمە دەتوانین بگەینە سەر پۆپەی مرۆڤایەتیی وا، کە بەبیرماندا نەهاتووە بیانگەینێ.

ئەوەیش هەر بەهۆی بیرکردنەوەیەکی لەسەرخۆوە پێکدێت. ئەو بیرە بەهێزەی کە لەسەر بچینەی هەستی قووڵ دامەزرێ، بۆ هەموو ژینێکی پەسند پێویستە.

کەواتە ئەوەی پێویستە پێکی بهێنین، بریتییە لە شتێکی مام ناوەندی لە ناوەند دوو هێزی ئەمپەڕ و ئەوپەڕدا. واتا مام ناوەندییە لە ناوەند بەربەستکردنێکی تەواوی هەموو سۆزەکانمان و، بەرەڵڵاکردنی ئەو سۆزانەدا لە شێوەی سەربەستیی شاخە ئاگرینە و، ورووژانەکانیدا... پێویستە لەسەرمان، سۆزەکانمان پەروەردە بکەین و بیانخەینە ژێر چنگمانەوە، نەک سەرزەنشتیان بکەین و ڕێژگاویان بکەین. بەواتایەکی تر دەبێ مەبەسمان ئەوەبێ، سۆزەکانمان بەزیرەکییەوە ئاراستە بکەین، بۆ شتی باش و بەکەڵک.

پێویستە بەزیرەکییەوە بیر بکەینەوە، فرمانیش بەسۆزەوە ڕاپەڕێنین. پوختەی ئەم قسەیەیش ئەوەیە، کە دەبێ بەبیرێکی پاکژ و چاوێکی تیژەوە بڕیار بدەین لەسەر ئەو کردەوانەی بەجێهێنانیان پەسندە لە ژیاندا، هەروەها بڕیار بدەین لەسەر ئەو ئامانجانەی



هەڵدەگرن خۆمانیان بۆ بکوتین. بۆ ئەمەی لەپێناو بەدیهێنانی ئەو ئاواتانە و، بەجێهێنانی ئەو کردەوانە و، گەیشتن بەو ئامانجانەیشدا، هەرچیمان لە دەست دێ، لە هێزەکانی سۆز و دەروون کۆبکەینەوە و بەکاریشیان بهێنین.

«بیرەوەری ڕوون»، و «هەستی قووڵ»، دوو کەرەستەی ژیانێکی سەرکەوتوو و، پڕ فەڕن.

ئەمەیش دەمانگەیێنێ بەواتایەکی دوورتر. ئەوە دیارە کە هەندێ سۆز هەیە لە هەندێ سۆزی تر، بەکەڵکترە بۆ ژیان. بۆیەکا ژین بەخۆشەویستییەوە چاکترە لە ژین بەپشم و لەرزەوە. ژین بەهیوا و مەندی و چاوپۆشییەوە چاکترە لە ژین بەهەناسەساردی و تووڕە و ترۆیی و دڵتەنگی و گیرییەوە.

بەڵام ئاخۆ سۆزە باشەکانمان چۆن گەشە پێ دەکەین؟ سۆزە خراپەکانمان چۆن لە ڕەگوڕیشەوە دەردەهێنین؟ ئاخۆ ڕێگەیەک هەیە بۆ زاڵبوون بەسەر سۆز و هەستەکانماندا؟

یاخود سۆز هەر لەخۆیەوە دەردەچێ، پەیوەندیی نییە بەوەوە، کە چۆن بیردەکەینەوە، یان چی بەئاوات دەخوازین؟ لە سەرەتای دەست پێکردنمانەوە، بیروباوەڕێک هەیە. پێویستە پیشانی بدەین : تۆ ناتوانیت، بەبیرکردنەوە، هیچ سۆزێک بکوژیت.

تەنانەت ئەگەر دانیشت جیڕ بکەیتەوە ڕەنجیش بدەیت بەزۆر لە هۆشی خۆتی بکەیتە دەرەوە، بۆت ناچێتە سەر.

هەر کەسێ هاتبێت و ویستبێتی بەم جۆرە یەکێک لە سۆزە کلێپەدارەکان لە دڵی خۆی دەربپەڕێنی، بێگومان. لەم کۆڕەدا ڕەنجەڕۆییی خۆییی بۆ دەرکەوتووە. نەء! تۆ ناتوانێت، دەتوانیت ئەو سۆزە لەناوبەریت ئەو سۆزە لە ڕەگوڕیشەوە دەربهێنی، بەمەرجێ سۆزێکی ئاوەژووی بەرامبەر بەو بوەستێنی. لێرەدا دەتوانیت قسەکەی (ولیەم جێمس) بەکاربهێنیت، کە ناوی ناوە «هێزی دەرپەڕێنەری سۆزێکی نوێ» ئەگەر ویستت لە هەر سۆزێکی ناخۆش ڕزگارت بێ، سۆزێکی پێچەوانەی ئەو سۆزە دابنێ و گەشەی پێ بکە.

ئەگەر لەوانە بوویت، کە دڵیان بەلای پشموقیندا دەچێ، خۆشەویستی لە دڵتدا پەروەردە بکە، ئەگەر ترسنۆکی دڵی داگیرکردبووی، ئازایەتی لە دڵتدا بەهێز بکە.

بەڵام، مرۆڤ، چۆن دەتوانێ لە دەروونیدا، سۆزێکی پەسند گەشە پێ بکات؟

بۆ ئەمە دوو ڕێگا هەیە:

یەکەم: ڕێگای بیرکردنەوەی هەمووودەمی لەو سۆزەی کە حەزی لێ دەکرێ، لەگەڵ

دەرخستنی چاکە و فەرەکانیدا و، خۆهێنانە پێش چاویش بەدەستکەوتنی ئەو سۆزەوە. بۆ ئەم مەبەسە، نووسراوەکان یارمەتی زۆر دەدەن. بەخوێندنەوەی پاڵەوانەکان، ئازایەتیی مرۆڤ پتری لێ دێ. هەروەها تێکەڵیی ئەو کەسانەیش کە خاوەنی ئەو جۆرە سۆزانەن، کارمان لێ دەکات. ئەو جۆرە سۆزانەمان تێدا بەهێز دەکات. شت هێنانە پێش چاویش هێزێکی کاریگەرە. ئارەزووکردنێکی زۆر بۆ ڕەوشتێک لە ڕەوشتەکان، دەمانخاتە سەر ئەو ڕێگایەی کە بمانگەیێنێ بەو ڕەوشتە. ئەگەر هاتوو مرۆڤ خۆی وا هێنایە پێش چاوی خۆی کە بەئاوات گەیشتووە و، خۆی هێنایە پێش چاوی خۆی چۆن پیاوێکی لێ دەردەچێ ئەگەر بەو ئاواتەی گەیشت، ئەوانە هەموو، کردەوەیەکی هۆشیی وان، کە ئەو مرۆڤە، زووبەزوو، بەو ئاواتەی دەگەیێنن. بەڵام، ڕێگاکەی دووەم، ڕێگایەکی کردەوەییيە، ئەویش بریتییە لەوە: کە بەجۆرێکی وا بجووڵێینەوە، وەک ئەو ڕەوشتەمان گرتبێ بەڕاستی، یان ئەو سۆزە خۆشەویستەمان لەدڵدا جێگیربووبێ، وابێ. ئەگەر لەمەودوا، هەستت بەدڵتەنگی و خەفەتباری کرد، چاوەڕوان بە، کام کەست پێگەیشت، قسەیەکی دڵ زیندووکەرەوەی لەگەڵدا بکە. ئەو کەسە، چ کارەیەک بێ، بام بێ، شیر فرۆش بێ، یان نامەبەر، یاخود هاوکار و فرمانت بێ، لە هەموو کانی دڵتەوە ئەو قسە شیرینەی لەگەڵدا بکە. دەستەکانت بشکێنەوە بەرەو دوادا، سەرت بەرزکەرەوە، بەزەردەخەنەیەکی جوانەوە، ئەو قسە دڵ بووژێنەرەوەیەی لەگەڵدا بکە. ڕەنگە زۆر سەرت سوورِبمێنێ، کە هەست بەخۆت بکەیت، سروەیەکی خۆشیی نوێ هەر لەو کاتەدا، بەگیانت دەگات. بەکورتی، ئێمە دەتوانین، تا ئەندازەیەکی گەورە، بەهۆی بزواندنی لەشەوە، ئەو سۆزانە، هۆگری دڵمان بکەین. لە ڕێگەی لەشەوە، ئەو سۆزەی حەزی لێ دەکەیت، بینوێنە لەوەپاش بۆت دەردەکەوێ، کە تۆ دەرگایەکت کردۆتەوە بۆ ئەو سۆزە، دەتوانێ لێیەوە بێتە ژوورێ. لەپێش دەمی کەسێکی تردا، هەستێکی خۆت، پیشان بدە، بۆت دەردەکەوێ، کە ئەو هەستە، حەزێکە بەرەبەرە بچێتە ناو دەروونتەوە.

ئەمانە هیچیان، لە جۆری «پێشبینیی کورسی»ی ئاسوودە و ئاسان ناکەن. ئەمانە، هەموو، لە تاقیخانەی زانستی خۆناسیندا، تاقیکراونەتەوە. ڕاستی و دروستی ئەمانە، جار لەدوای جار، بەتاقیکردنەوەکانی پیاو و ئافرەتی ئاساییش، هەر دەرکەوتووە.

جا بەهۆی ئەم ڕێچکانەوە، کەسانێکی زۆر، توانیویانە، گێژوویژی و ترسنۆکی و دڵ خراپیی خۆیان دەربارەی هەمووان، بگۆڕنەوە بەوریایی و ئاوایی و دڵنیایی، کە ژیان لە ناوچەوانیاندا چریسکە بکات.



ماوەتەوە چەند قسەیەکی دوایی. هەر بیر نییە، بەتەنیا کە ئێمە بکات بەوەی کە هەین. هەروەها ئەو هەستانەیشە کە لە کەسانی تر پتر سنگمانی ئاوا کردۆتەوە. ژیان بەو سۆزانەوە کە پەسندن، کڕین و فرۆتنێکی بەسوودە. ئێمەیش لە توانایيماندا هەیە کە سۆزەکانی خۆمان هەڵبژێرین.

هەروەک دەتوانین، جۆرێکی تایبەتی لە دۆستان پەروەردە بکەین بۆ خۆمان، هەروەها دەیشتوانین جۆرە سۆزێکی تایبەتی بۆ خۆمان پەروەردە بکەین. ئیتر هەر ئەوەندەمان لەسەرە، کە بزانین چۆن سۆزێک بۆ خۆمان هەڵدەبژێرین، بەو مەرجەی زیرەکی و خەمخۆریی خۆیشمانی تێدا بەکاربهێنین.

# هونەری خۆشڕابواردن

# به خێوکردنی کرمی ئاوریشم

نووسینی: ئەحمەد عەبدولئەخزەر و ئەحمەد عەوز سەلامە

## ئەم بەرهەمە وەرگێڕدراوە

لەوانەیە بۆ لە چاپدانەوەی ئەم بەرهەمە وەرگێڕراوەی مامۆستا شاکر فەتاح ئەوەبێت بەبیردا کە بابەتەکەی ئەو بایەخەی نییە لەم ڕۆماندا و کاتی تێ پەڕیوە، بەهۆی گۆڕانکاریەکانی سەردەم و پێشکەوتنی شێوازەکانی ژیانەوە ئەم شێوە باسەو بۆ بەرهەمهێنانی ئاوریشم ڕێوشوێنی تازەتر هاتۆتەکایەوە و هەتا دەتوانم بڵێم ئاوریشمی دەستکردی کارخانەکانی وڵاتانی ژاپۆن و تایوان و ئەمەریکا... شان دەدەن لە شانی ئاوریشمی سروشتی ئەگەر لێی چاکتر و سەنگینتر نەبن.

بەڵام لێرەدا، مەبەستەکەی ئێمە لەو باسە تێ دەپەڕێ، دەڕوا بەلای ئەو بیروبۆچوونەی مامۆستاوە لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستدا، کە چۆن لە چوارچێوەی پرۆژە گەورەکەیدا ویستوویە باسەکان فرەبابەت بن و هەر توێژاڵە لە کۆمەڵەکەی بەشی خۆی سودمەندبێ لێی.

ئێستاش زۆربەمان باس و ناوەڕۆکی ئەم بەرهەمە وەرگێڕدراوەمان لەلا نامۆیە و ڕۆژێ لە ڕۆژان بیرمان لێ نەکردۆتەوە، کە لە ڕاستیدا ئەنجامدانی مایەی داهاتێکی بەبرشتە بۆ سامانی نەتەوەییمان و بارودۆخی کوردستانیش زۆر شیاو و لە بارە بۆ ئەم پرۆژە ئابووریە.

وێنەکانی ناو باسەکە مامۆستا خۆی کردوونی و دیارە لە دەقە عەرەبیەکەوە وەری گرتوون، بەڵام ئەوەی جێی داخە، مامۆستا دەستنیشانی سەرچاوە ئەسڵیەکەی باسەکەی بۆ نەکردوین، هێند هەیە کە لە خوێندنەوەیدا ئەوە دەزانین کە سەرچاوەیەکی (میصری)یە.

هەر چۆنێ بێ، بەرهەمێکی بەسوودی تری مامۆستایە و دەهێنێ خوێندەواری ئازیز ئاگاداری ببێ.

ئەحمەد

٢٠٠٣/٨/٢



**برای جوتیار**

لە تۆوی کرمی ئاوریشم، کە لەناو قووتوویەکدایە و گرانایی[1] لە ٢٥گرام پتر نییە.

ئەتوانین بەهۆی پەروەردەکردنی کرمی ئاوریشمەوە کە هەر لەو قوتووە بچکۆڵەیە دێتە دەرەوە... لە ماوەی مانگ و نیوێکا دوانزە دینارت دەست بکەوێ...

کەواتە بۆ نایکەی؟!...

**پێشەکی**

تۆ ئەزانیت کە پەروەردەکردنی کرمی ئاوریشم دەرامەتت پتر لێ ئەکات؟

کە پەلکی کاروفرمانی کشتوکاڵیش ناخات چونکە لەوکاتەدا دەست ئەکەیت بەپەروەردەکردنی کرمی ئاوریشم کە لە چاندنی لۆکەکەت بوویتەوە...

لەوکاتەدا دانەوێڵەی زستانیش (کە بەر مانگەکانی نەورۆز و گوڵان ئەکەون) ئەوەندە پەکیان لەسەر پێوە خەریک بوونی تۆ ناکەوێ...

تەنانەت ئەگەر خەریکی هەندێ کاروباری کشتوکاڵیش بیت، ژنەکەت و منداڵەکانت ئەتوانن کرمی ئاوریشمەکە پەروەردە بکەن. کارخانەکانی سیپاڵ دروست کردنی ناو خاکەکەمان لەسەر بەرهەمی ئاوریشمی داماون چونکە ئەو بەرهەمەی هەمانە بەشی کارخانە ناکات، ناچار ئەبن لە دەرەوە ئاوریشم ئەهێنن بۆ (مصر).

کەواتە پەروەردەکردنی کرمی ئاوریشم...

– ئەوەندە خۆماندووکردنی ناوێ...؛ چونکە ئەتوانن بەتەنشت کاروفرمانەکەی خۆتەوە ئەویش پەروەردە بکەیت...
– پەروەردەکردنی کرمی ئاوریشمیش ئەوەندە دەستت ناگرێ چونکە هەر مانگ و نیوێکی پێ ئەچێ...
– هەروەها لەسەر دەست مایەیەکی گەورەیش دانامێنی چونکە هەردوو دینارت پێ بێ، ئەتوانیت قووتوویەکی ٢٥گرامی لە تۆوی کرمی ئاوریشم بەخێو بکەیت...

(١) گرانایی: قورسایی.

## هەنگاوەکانی پەروەردەکردن

جا بۆ ئەمەی ئەم دەستکەوتەت دەست کەوێ، پێویستە چەند سەرنجێکی هەیە ئاگات لێیان بێ، تا کاری بەخێوکردنی کرمی ئاوریشمەکەت سەر بگرێ.

زۆر بوونی دارتوو

پێویستە لەو شوێنەدا کە فرمانی تیا ئەکەیت دارتوو زۆربێ چونکە هەر گەڵای دارتووەکە ئەبێتە خورشتی کرمە ئاوریشمەکان لەو ماوەیەدا کە تەنیا قوتوویەکی تۆوی کرمی ئاوریشم، پێویستی بەگەڵای ١٠ تا ١٥ دارتوو هەیە بۆ ئەمەی کرمەکانی پێ بەخێو بکرێ.

تا دارتوویەکی زۆر و تەواو لە ناوچەکەتا نەبێ، ئامۆژگاریت ناکەین کرمی ئاوریشم پەروەردە بکەیت. پێویستە خۆت و هاوڕێکانیش دارتوو لەگەڵێ جێگادا بڕوێنن وەک بەردەم خانووەکانتان و کەنارەکانی کێڵگەکانتان.

تۆ ئەتوانیت، لە بڕانەوەی مانگی ڕەشەمێ (شباط)دا قەڵەمی دارتوو لە دەزگای کشتوکاڵی ناوچەکەی خۆتدا، یاخود لە لقی دەزگای دارتوودا کە لەناو ساختمانی کاربەدەستی کشتوکاڵدایە وەربگریت.[1]

قوتووە تۆوەکەت چۆن دەست ئەکەوێ؟

گەرای کرمی ئاوریشم لەناو قوتووی تایبەتیدا ئەفرۆشرێ کە گرانابییان بەم جۆرەیە:

١٢،٥ گرام، ٢٥ گرام.

* نرخی قوتووی (٢٥) گرامییەکەی ٦٥ کرۆشە[1]
* لەم شوێنانە گەراکان دەست ئەکەون:

- فەرمانبەری ئاوریشم لە دەزگاکانی کشتوکاڵدا کە لە بنکەی ناوچەی[2] (محافظات) دان.

(١) لەوە دەچێ ئەو سەرچاوەیەی کە بابەتەکەی لێ وەرگیراوە: (بڵاوکراوەیەکی وەزارەتی کشتوکاڵی میسری بوو بێت) کە بۆ ڕێنمایی جووتیاران دەری کردووە.

(١) کرۆش، قرۆش: پارەیەکی وردەی میسرییە لە ئاستی (فلس)ی جارانی لای خۆمان.

(٢) ڕاستتر: پارێزگە (محافظة).



- بنکە کشتوکاڵییەکان و ئەندازیارەکانی سەرپەرشتی کردنی کشتوکاڵ.
- ئەو بازرگانانەی کە ڕێدراون بیفرۆشن.


ئەو جێگایەی بەکەڵکی کرم بەخێوکردن دێ

هەر قوتوویەک لەو قوتووانە پێویستی بەژوورێک هەیە لە خانووەکەتا، بەمەرجێ بەم جۆرەبێ:

* بای پاک و ڕووناکی و گەرمایی تیابێ.
* لە کونە مشک بەدووربێ.
* پەنجەرەیشی تیابێ، کە بتوانرێ بکرێتەوە و دابخرێ.
* ناو ژوورەکە بەتەواویی پەسترابێتەوە.
* درێژیی ژوورەکە (٥) مەترە، پانی (٤) مەترە، بەرزاییشی (٤) مەترە بێ.

بانیژەی کرم بەخێوکردن

* هەر قوتوویەک لەم قوتووانە پێویستی بەچەند بانیژە (ڕەفە)یەک هەیە کە پێوانەکەی ٦٠ مەترە چوار گۆشەیی بێ.
* ئەم بانیژانە لە تەختەدار دروست ئەکرێن، کە ئەستوورییان ٣ سانتیمەترەبێ، لە شێوەی چوار چێوەیەکدا ناوەکەیشیان لە تەلی هێڵەک دروست ئەکرێ.




بانیژەیەک کە لە تەختە و زەل دوروست کراوە

هەر بانیژەیەک لە پەنجا دانە زەل دروست ئەکرێ کە درێژیی هەریەکەیان ٢،٥ مەترەبێ، لەگەڵ چوار پارچە تەختەدا کە ئەستووری هەریەکەیان ٣ سانتیمەترەبێ درێژیشی یەک

مـەترەبێ بۆ ئەمـەی زەلەکـان لە سـەریان قـایم بکرێن (هەروەک لەوێنەی ژمـارە یەک دا پیشان دراوە).

* کە بانیـژەکـە تەواوبوو، پێـویسـتـە درێژیی هەریەکـەی ٢,٥ مـەترە و پـانیـشی ٧٥ سانتیمەترەبێ.
* پێویستە بانیـژەکە ئەم پەڕ و ئەو پەڕی ئەوەندەی یەک بێ لەبەر ئەوە هەر زەلێک لەو ئەندازەیە تێپەڕێ پێویستە ببڕێ.
* بۆ هەر قوتوویەک گەرای کرمی ئاوریشم: ٣٠ تا ٣٥ بانیژە لەم بانیژانە پێویستە.
* هەروەک لە وێنەی ژمارە (٢)دا پیشان دراوە پێویستە ئەم بانیژانە بخرێنە سەر چوار لنگەیەکی لەتەختـە دروست کـراو کـە لە چوار چینە دروست بووبێ، بەمـەرجێ هەر بانیژەیە لە بانیژەکەی سەرەوەی ٤٠سم دووربێ.
* ئەتوانرێ لە هەڵگرە تەختەکان دەست بکێشرێتەوە لە جیاتی ئەوانە بانیژەکان بەهۆی پەتی گۆشەوە بە بنمیچی ژوورەکەوە هەڵ بواسرێن، بەمەرجێ بەڕیزە هەڵ بواسرێن و هەر ڕیزەیش لە چوار چین دروست ببێ.



هەڵگرێکی تەختە بۆ بانیژەکان




## هەڵهێنانی گەرا

* پێویستە قوتووەکە لە شوێنێکی وادا دابنرێ کە ڕووی لە زرێ بێ، بایەکەی بەڕەڵڵابێ و پاک بێ تاکو کرمەکان لە پاش دەرکەوتنی گەڵای دارتوو بێنە دەرەوە.
* هەروا چاکـەکـە گـوندییـەکـان، ئەوانەی خـەریکی پەروەردەکـردنـی کـرمی ئاوریشـمن لە گوندەکەیاندا، یارمەتی یەکتر بدەن و پێکەوە دۆڵابێکی هێلکە هەڵهێنان بکڕن یاخود کۆمەڵێ هەرەوەز بۆیان بکرێ.
* ئەگەر گوندییەکان نەیانتوانی ئەو دۆڵابەیان دەست بکەوێ، ئەتوانن لە جیاتی ئەوە سنوقێکی لە تەختە دروست کراوی وا بهێنن کە درێژایی لە پانایی زۆرتربێ ئەبێ هەر چوارلای سنووقەکەیش کون کون بکرێ، تا بای بەتەواوەتی تێ بچێ، لەناو سنووقەکەدا دوو خشت دابنرێ لە کەنارێکیەوە لەسەر ئەو دوو خشتەیش قۆریەیەکی پڕ لە ئاوی گەرم دابنرێ.

لەژێر قۆریەکەیشدا ئاو گەرم کەرێک دابنرێ تا ئاوەکە هەر بەگەرمی بمێنێتەوە قوتووی گەراکانیش لەوپەڕی ناوسنووقەکەوە دائەنرێ و سەرقاپەکەی لێ هەڵ ئەگیرێ.

– لەناوەند قوتووە گەڕاکەوە و ئاو گەرم کەرەکەدا کاشییەک دائەنرێ پڕ ئەکرێ لەئاو.

– سنووقەکە جاجمێکی ئەدرێ بەسەردا، تا گەرمییەکەی بپارێزێ.



دۆڵابی هێلکە هەڵهێنان

– گەراکان بەپەڕە مریشکێک، هەموو ڕۆژێک هەڵگێڕو وەرگێڕ ئەکرێن، تا گەرما کە هەموولایەکی بگرێتەوە .
– هەموو دەم تەماشای ئاو گەرم کەر و قۆریەکە ئەکرێ تا بزانرێ ئاوی ناو قۆریەکە هەموودەم گەرمە یاننا .
* ئەبێ سەرنج لەوە بدرێ کە پلەی گەرمایی ناو دۆلابی هێلکە هەڵهێنانەکە یاخود سنووقەکە لە (٢٥) پلەی سەدیی تێپەڕ نەکات ئەتوانرێ گەرماییەکە بەهۆی گەرما پێو (ترمۆمەترە)ەکە بزانرێ.
* بەخێوکردنی کرمی ئاوریشم سەر ناگرێ، ئەگەر بێتو قوتووی گەراکان بخرێتە ژێر پێخەفەوە لە شەوا، یاخود بخرێتە ژێر بنهەنگڵەوە یان بەرەڵڵا کرێ بۆ خۆی تا بەشێوەیەکی سروشتی هەڵ بێ.
* کاری گەرا هەڵێنان تا دە ڕۆژ بەو جۆرەی کە لە سەرەوە پیشان درا درێژە ئەکێشێ.
* نزیک بونەوەی هێلکە هەڵ هێنان بەوەدا دەرئەکەوێ کە ڕەنگی هێلکە یاخود گەراکە لە ڕەنگی خۆڵەمێشییەوە وەربگەڕێ بۆ ڕەنگی سپی.
* گەرا هەڵهێنانەکە لەوەوە دەست پێ ئەکات کە هەندێ کرم دەرئەکەوێ ئەبێ بەخێوکەری کرمی ئاوریشمەکە پارچەیەک تەلی زۆر تەنک لەسەردەمی قوتووە گەراکە دابنێ بۆ ئەمەی ماوە نەدرێ بەکرمەکان کە بێنە دەرەوە، هەندێ هێلکە لەگەڵ خۆیاندا ڕابکێشن بەهۆی تاڵە ئاوریشمەکانەوە کە لەکاتی گەرا هەڵهێنانەکەدا لەگەڵیاندا دێنە دەرەوە.
* کاری گەرا هەڵێهێنانەکە ٣ تا ٤ ڕۆژ درێژە ئەکێشێ.
* جا بۆ ئەمەی ئەو کرمانەی کە لە گەراکانیان دێنە دەرەوە کۆ بکرێنەوە، هەموو بەیانیانێک چەند وردە گەڵایەکی ناسک و تازەی دارتوو ئەخرێتە سەر ئەو تەلەی کە لەسەردەمی قوتووە گەراکە دانراوە، کرمەکان لەسەر ئەو تەلە کۆئەبنەوە، نابێ گەڵاکان تەڕبن.
* لە پاش کاتێک گەڵا تووەکان لەسەر تەلەکە هەڵ ئەگیرێن و ئەخرێنە سەر قاقەزێکی سپی لە بان یەکێک لە بانیژەکان.
* هەر کرمێک لە یەکەم ڕۆژدا هاتبووە دەرەوە لە هێلکەکەی خۆی ئەخرێتە سەر یەکەم بانیژەی نزیک زەوی هەر کرمێکیش لە دووەم ڕۆژدا هاتە دەرەوە لە هێلکەکەی خۆی، ئەخرێتە سەر دووەم بانیژەی ژوورسەی بانیژەی یەکەم.



ئەو کرمانەی لە سێهەم ڕۆژدا دێنە دەرەوە لە هێلکەکانیان ئەخرێنەسەر بانیژەی سێهەم کرمەکانی ڕۆژی چوارەمیش ئەخرێنە سەر بانیژەی چوارەم.
* هەر لەگەڵ کرمەکانی لە هێلکە هاتنە دەرەوە تەماشای ڕەنگیان بکە. چونکە ئەگەر کرمەکان تەندروست بن ڕەنگیان ڕەش یاخود قاوەییەکی تێر ئەبێ ئەگەر ڕەنگیان سوور هەڵگەڕابێ، ئەوە واتای ئەوەیە کە پلەی گەرمییان بەرزبۆتەوە ئێمەیش ئامۆژگاریت ئەکەین کە لەکاتی هێلکە هەڵهێناندا ئاگات لە ڕاگرتنی پلەی گەرمایی بێ.
* کرمی سوور لە کۆڵ خۆت بکەرەوە چونکە ئەوانە بەزۆربی لە سەرەتای ژیانیانا دەمرن خۆ ئەگەر ژیایش، بێ گومان قۆزاخە ئاوریشمەکەی لێیان پەیدا ئەبێ، خراپترین جۆری ئاوریشم دەرئەچێ.

## بەخێوکردنی کرم

* هەر لە سەرەتای هەڵهێنانی هێلکەوە تا ئەگاتە دەمی قۆزاخە دروست بوون، کرمە ئاوریشمەکە چوار جار بەرۆژوو ئەبێ ئەو پشووەیش کە ئەکەوێتە ناوەند ڕۆژوویەک و ڕۆژوویەکی ترەوە پێی ئەڵێن (نۆرە)[١]
* ئەو کۆمەڵە گەڵاتووانەی کە بۆ کرمەکان پێویستن هەر ڕۆژە لەگەڵ ڕۆژەکەی پێشووی دا جیاوازە. هەروەها ژمارەی بانیژەکانیش بەو جۆرە ئەگۆڕێ.
* ئەمانەیش ئەو ئامۆژگارییانەیە کە پێویستە پەیڕەویی بکرێن، لە ڕۆژی هێلکە هەڵهێنانەوە تا ڕۆژی قوزاخە هەڵ پێچان،

### نۆرەی یەکەم

ئەم نۆرەیە لە یەکەم ڕۆژەوە دەست پێ ئەکات تا برانەوەی ڕۆژی پێنجەم لەم نۆرەیەدا کرمەکان پێویستییان بەپێوانەیەکی (٢ تا ٤) مەترە چوار گۆشەیی هەیە لە بانیژەکان.
– لە یەکەم ڕۆژا نیو کیلۆ گرام گەڵاتوو ئەکرێتە بەردەم کرمەکان پێویستە گەڵاتووەکان زۆر ورد بچنرێن ئەبێ ئەو گەڵاتووانەیشیان بەچوار ژەم بدرێتێ.
– لە ڕۆژی دووەمدا کرمەکان پێویستیان بە کیلۆگرامێک گەڵاتوو ئەبێ ئەمیش ئەبێ بەچوار ژەم بیاندرێتێ.

---
(١) نۆرە: خول (دورە)

– له ڕۆژی سێهەمدا کرمەکان پێویستییان بەدوو کیلۆ گرام گەڵای توو ئەبێ ئەمیش ئەبێ بەچوار ژەم بیاندرێتێ.

– بەڵام له چوارەم ڕۆژدا ئەبێ هەر نیوکیلۆگرام گەڵاتوویان بدرێتێ له بەیانی دا جێگایان ئەگۆڕرێ کرمەکانیش له یەکتر جوێ ئەکرێنەوە.

– له پێنجەم ڕۆژدا ڕۆژووی کرمەکان دەست پێ ئەکات. کرمەکان له جووڵە ئەوەستن بەڵام سەریان بەرز ئەکەنەوە نابێ ببزوێنرێن.

ئەگەر دیت هەندێ له کرمەکان دەستیان نەکردبوو بەڕۆژووگرتن، خۆرشتیان بخەرە بەردەم.

* جا بۆ ئەمەی بەخێوکردنی کرمەکە ماندوو بوونی زۆر تیانەبێ، پێویستە ڕۆژووگرتنی کرمەکان هەموویان بخەیتە یەک کاتەوە ئەویش بەمە پێک دێ کە کرمەکانی دوا هەڵهێنان (کە لەسەر بانیژەکانی سێهەم و چوارەم دانراون) ڕۆژی دوو ژەمی تر گەڵایان بدەیتێ بە مەرجێ کە ژمارەی ژەمە خواردنەکانیان لە پاش چوار ڕۆژ بۆ هەمووان وەک یەکی لێ بێتەوە.

## نۆرەی دووەم

ئەم نۆرەیە له سەرەتای ڕۆژی شەشەمەوە دەست پێ ئەکات، له بڕانەوەی ڕۆژی نۆهەمدا تەواو ئەبێ.

* کرمەکان لەم پشووەدا پێویستی یان بەپێوانەیەکی (٥) مەتریی تا (١٠) مەترەیی چوار گۆشەیی ئەبێ له بانیژەکان.
* گەڵای تووەکە، لەم نۆرەیەدا، کە ئەدرێن بەکرمەکان له شێوەیەکی درێژ کۆڵە و باریکدا پارچە پارچە ئەکرێن.
* لەم نۆرەیەدا ژمارەی ژەمی گەڵا خواردنەکە ئەگاتە ٤ تا ٦ جار له ڕۆژێکدا.

– له ڕۆژی شەشەمدا کرمەکان له ڕۆژوو گرتنی یەکەم ئەبنەوە ئەوساکە ئەگوێزرێنەوە و دابەش ئەکرێن بەسەر پێوانەیەکی بانیژەکاندا کە ئەکاتە (٥) مەترە چوار گۆشەیی. پێویستیشی بە دوو کیلۆگرام لە گەڵای توو هەیە له ژەمی دووەمدا جێگای کرمەکان بگۆڕە.

– له ڕۆژی حەوتەمدا، کرمەکان ٣ کیلۆگرام گەڵای توویان ئەوێ.

– له ڕۆژی هەشتەمدا، کرمەکان ٣.٥ کیلۆگرام گەڵای توویان ئەوێ لەپاش نیوەڕۆدا ژێر



جێگای کرمەکان بگۆڕە کرمەکانیش له یەکتر جوێ بکەرەوە.

– له ڕۆژی نۆهەمدا، نزیکی ئێواری ڕۆژووی کرمەکان دەست پێ ئەکاتەوە جا لەبەر ئەوە هەر ١.٥ کیلۆگرام گەڵای توو بەکرمەکان ئەدرێ وریابە گەڵاتووی ژەمەکانی پێشەوە لەهی پاشەوە زۆرتربن.

## نۆرەی سێهەم

* ئەم نۆرەیە له سەرەتای ڕۆژی دەهەمدا دەست پێ ئەکات، له بڕانەوەی ڕۆژی پانزەهەمدا ئەبڕێتەوە.
* لەم پشووەدا کرمەکان پێویستییان بەچەند بانیژەیەکی وا هەیە کە کۆمەڵەی پێوانەیان له (١٠) تا (٢٠) مەترە چوارگۆشەیی کەمتر نەبێ.
* پەنجەرە و دەرگاکان چەند جارێک ئەکرێنەوە.
* گەڵاتووەکان ئەجنرێن بەمەرجێ له پارچە گەڵاکانی پێشوو گەورەتربن.

ژمارەی ژەمە خواردنەکان له ناوەند ٤ جار و ٦ جاردا ئەبێ، له ڕۆژێکا.

* له ڕۆژی دەهەمدا کرمەکان ڕۆژووەکەیان ئەشکێنن، لەناو جەرگەی ڕۆژدا (٤) کیلۆگرام گەڵاتوویان پێویستە.
* له ڕۆژی یانزەهەمدا ئەو شوێنەی کە کرمەکان له سەری ڕاکشاون فراوانتر ئەکرێن، ژێر جێگاکەیشیان ئەگۆڕرێ (١٢) کیلۆگرام گەڵاتوویشیان ئەدرێتێ.
* له ڕۆژی دوانزەهەمدا کرمەکان پێویستیان بە ١٣ کیلۆگرام گەڵاتوو ئەبێ پێویستە لەکاتی گەڵا خواردنیاندا له یەکتری دوور بخرێنەوە.
* لەڕۆژی سیانزەهەمدا کرمەکان ٧ کیلۆگرام گەڵاتوویان ئەوێ ئەبێ کرمەکان لەسەر پێوانەیەکی (٢٠) مەترە چوارگۆشەیی بڵاوبکرێنەوە ئەبێ ژێر جێگاکەیشیان بگۆڕرێ.
* له ڕۆژی چواردەهەمدا پێستی کرمەکان ئەبریسکێتەوە ئەوەیش نیشانەی ئەوەیە کە پێستەکەیان ئەگۆڕێ نابێ دەستیان لێ بدرێ نایشبێ ببزوێنرێن تەنیا ٤ کیلۆگرام گەڵاتوویان بەسە کە بیخۆن.
* له ڕۆژی پانزەهەمدا ڕۆژووەکەی سێهەمیان دەست پێ ئەکات.

## نۆرەی چوارەم

* ئەم نۆرەیە لە سەرەتای ڕۆژی شانزەهەمەوە دەست پێ دەکات لە برانەوەی ڕۆژی بیست و دووهەمدا تەواو ئەبێ.
* لەم ماوەیەدا پێوانەیەکی (٢٠) تا (٤٠) مەترە چوارگۆشەیی لە بانیژە بۆ کرمەکان پێویستە.
* ئەگەر چاوت بەهەندێ کرم کەوت گەڵاتوو ناخوات و خۆیشی دوور خستۆتەوە لە جێگا ڕاکشانەکەی خۆی و خۆشی کێش ئەکات بۆ ئەم پەڕو ئەوپەڕی بانیژەکان ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو کرمانە نەخۆشن.
* جنینی گەڵاتووەکان، لەم پشووەدا، پێویست نییە.
* هەر ڕۆژەی ٤ تا ٦ جار گەڵاتوویان ئەدرێتێ.
* دەرگا و پەنجەرەکان پەیتا پەیتا ئەکرێنەوە تا بای ژوورەکە پاک ببێتەوە.
* لە ڕۆژی شانزەهەمدا ژێر جێگای کرمەکان ئەگۆڕرێ و کرمە نەخۆشەکانیش ئەسووتێنرێن و (١٠)دە کیلۆ گرام گەڵاتوویشیان دەرخوارد ئەدرێ.

– لە ڕۆژی حەڤدەهەمدا کرمەکان لە شوێنێکی فراوانتردا بڵاو ئەکرێنەوە، (١٥) پانزە کیلۆ گەڵاتوویشیان ئەدرێتێ.

– لە ڕۆژی نۆزدەهەمدا کرمەکان لە شوێنێکی فراوانتردا بڵاو ئەکرێنەوە و (٣٠) سی کیلۆگرام گەڵاتوویشسیان ئەدرێتێ ئەگەر ژێر جێگای کرمەکان بۆنی لێ هات، ئەبێ دەمودەست بگۆڕرێ چونکە کرمەکان ئەگۆڕرێ و کرمەکانیش لە شوێنێکی فراوانتردا بڵاو ئەکرێنەوە ئەبێ (٢٥) کیلۆگرام گەڵاتوویشیان بدرێتێ.

– لە ڕۆژی بیست و یەکەمدا هەندێ کیلۆگرام گەڵاتوویش بەسە بۆ خواردنی ئەو کرمانەی کە هێشتا بەڕۆژوو نەبوون پێویستە بای ناو ژوورەکە پاک بکرێتەوە ژێر جێگای کرمەکانیش بگۆڕرێ.

– لە ڕۆژی بیست و دووهەمدا زۆربەی کرمەکان بەڕۆژوو ئەبن بۆ ئەو کرمانەیش کە هێشتا بەڕۆژوو نەبوون تەنیا (٥) کیلۆگرام گەڵاتوو بەسە بۆ خواردنیان.



## نۆرەی پێنجەم

* ئەم نۆرەیە لە سەرەتای ڕۆژی بیست و سێهەمەوە دەست پێ ئەکات لە ڕۆژی سی و دووهەمدا تەواو ئەبێ.
* ئەو هەڵمەی کە لە خۆە (عرق) ڕشتنی کرمەکانەوە پەیدا ئەبێ، لە جێگای بەخێوکردنی کرمەکاندا شێی تەڕیی پەیدا ئەکات ئەم شێی تەڕییەیش زیان ئەگەیێنێ بەکرمەکان جا لەبەر ئەوە پێویستە ژوورەکە چەند جارێک بایەکەی پاک بکرێتەوە ئەگەر هاتوو بایەکە خۆیشی شێی تەڕیی هەبوو، (واتا هەڵمی ئاوی تیابوو)، لە چەند سەبەتەیەکی بچووکدا (کسڵی زیندوو)[١] دائەنرێ و لە شوێن بەرزایی جوێ جوێدا ئەو سەبەتانە هەڵ ئەواسرێن، لەناو ژوورەکەدا.
* کرمەکان پێویستیان بەچەند بانیژەیەکی وا هەیە کە کۆمەڵەی پێوانەیان لە ناوەند ٤٠م٢ و ٦٠م٢ دابێ.

– لە ڕۆژی بیست و سێهەمدا (٢٠)بیست کیلۆگرام گەڵاتوو بەکرمەکان ئەدرێ بەچوار ژەمیش دەرخواردیان ئەدرێ ژێر جێگاکەیشیان ئەگۆڕرێ.

– لە ڕۆژی بیست و چوارهەمدا (٣٠)سی کیلۆگرام گەڵاتوو بەکرمەکان ئەدرێ کرمەکانیش لە یەکتری دوور ئەخرێنەوە.

– لە ڕۆژی بیست و پێنجەمدا (٥٠) پەنجا کیلۆگرام گەڵاتوو بەکرمەکان ئەدرێ ئەویش بەچوار جار ژێر جێگا کەیشیان ئەگۆڕرێ.

– لە ڕۆژی بیست و شەشەمدا (٧٠) حەفتا کیلۆگرام گەڵاتوو بەکرمەکان ئەدرێ بای ژوورەکەیش بەتەواویی پاک ئەکرێتەوە.

– لە ڕۆژی بیست و حەوتەمدا (١٠٠) سەد کیلۆگرام گەڵاتوو بەکرمەکان ئەدرێ بای ژوورەکە پاک ئەکرێتەوە کرمەکان لە یەکتری دوور ئەخرێنەوە ژێر جێگای کرمەکانیش ئەگۆڕرێ.

– لە ڕۆژی بیست و هەشتەمدا (١٣٠) سەد و سی کیلۆگرام گەڵاتوو بەکرمەکان ئەدرێ کرمە نەخۆشەکان لەوانی تر دوور ئەخرێنەوە و ئەسووتێنرێن ژوورەکەیش پەیتا پەیتا ئەدرێتە بەربا و بایەکەی پاک ئەکرێتەوە.

(١) کسڵی زیندوو: قسڵی (جیری)ی زیندوو.

* لە ڕۆژی بیست و نۆهەمدا ژێر جێگای کرمەکان ئەگۆڕرێ (١٠٠) سەد کیلۆگرام گەڵاتوویش بەکرمەکان ئەدرێت.

هەروەک سەرنج ئەدرێ هەندێ لە کرمەکان کەم ئارەزووی گەڵاخواردن ئەکەن. پەڕی دوایی کرمەکانی ڕەنگیان زەرد هەڵ ئەگەڕێ، زەردێکی بریسکەدار.

* لە ڕۆژی سیهەمدا (٨٠) هەشتا کیلۆگرام گەڵاتوو بەکرمەکان ئەدرێ ژێر جێگاکەیان ئەگۆڕرێ شوێنەکەیان فراوانتر لێ ئەکرێ تا ئەبێتە (٦٠) شەست مەترە چوارگۆشەیی لەسەر بانیژەکان لاسکە لۆکە، یاخود لقی داری (ئەلکزورینا) یاخود چڵە توو دائەنرێن.

بۆ ئەمەی ببن بەهێلانەیەک بۆ کرمەکان.

* لە ڕۆژی سی و یەکەمدا، هەندێ لە کرمەکان تەواو گەورە ئەبن، خاو ئەبنەوە، ڕەنگیان زەرد هەڵ ئەگەڕێ، سەری خۆیشیان ئەپێچن (٨٠) هەشتا کیلۆغرام لە گەڵای توو ئەخرێتە بەردەم ئەو کرمانەی کە هێشتاماویانە گەورەببن هێلانە چیلکەیش هەروەک پێشوو بۆ کرمەکان دروست ئەکرێ.

* لە ڕۆژی سی و دووهەمدا، (٣٠)سیی کیلۆگرام گەڵای توو ئەخرێتە بەردەم ئەو کرمانەی کە هێشتا ماویانە گەورەببن.

لە دوایی ئەم ڕۆژەدا هەموو کرمەکان خەریکی ئەوە ئەبن کە هەڵبگەڕێن بەسەر چڵەدارەکاندا نابێ دەستیان لێ بدرێ ئەبێ بای ژوورەکەیش زوو بەزوو تازە بکرێتەوە لە بەیانی ڕۆژی دوایشدا ئەو کرمانەی کە هێشتا پێویستییان بەگەڵا خواردن هەیە جیا ئەکرێنەوە پاش ئەوە گەڵا توویشیان ئەدرێتێ تا وایان لێ دێ دەست ئەکەن بەهەڵگەڕان بەسەر لق و پۆپی چڵە دارەکاندا کە لەسەر بانیژەکان بۆیان کراون بەهێلانە.



## شێوەی گۆڕینی ژێر جێگا

بۆ گۆڕینی ژێر جێگای کرمەکان پارچەیەک مقەبیا بەکار ئەهێنرێ کە کون کون کرابێ ئەشکێڵی هەر کونە، لە نۆرەکانی سەرەتاییدا یەک سانتیمەترە ئەبێ بەڵام لە نۆرەکانی دوایی دا، کارتۆنێکی وەها بەکار ئەهێنرێ کە ئەشکێڵی کونەکانی ١,٥ سانتیمەترە بێ ئەمەیش بەم جۆرە جێبەجێ ئەکرێ:


– کارتۆنە کون کون کراوە ئەخرێتە سەر بانیژەکە

– گەڵای تووی ئەخرێتە سەر.

– کرمەکان لەناو ئەو کونانەوە سەر ئەکەون بۆ سەرەوە بۆلای گەڵاتووەکان.

– ئەو کارتۆنە کون کون کراوە کە هەڵ ئەگیرێ ئەو گەڵاتووانەیش کە کرمەکانیان بەسەرەوەیە دائەگیرێتە سەر بانیژەیەکی تر. ئەویش بەم جۆرە پێک دێ کە کارتۆنەکە هەندێ بلەرێنرێتەوە.

– ئەو ژێر جێگایەی کە لەسەر بانیژەی یەکەم دانرابوو لائەبرێ.



پارچە مقەبیایەکی کون کون کراو کە بۆ گواستنەوەی کرمەکان بەکار ئەهێنرێ.

## نەخۆشییەکانی کرمی ئاوریشم

کرمەکان لەکاتی ژیانیاندا تووشی هەندێ نەخۆشی ئەبن وا لە خوارەوە، بەکورتی، لەو نەخۆشییانەو هۆی ئەو نەخۆشییانەو چارەکردنیان ئەدوێین:

نەخۆشی ببرین:

ئەم نەخۆشییە لەناو خوێنی پەپوولەدا ئەژی لەویشەوە ئەگاتە ناو هێلکەکە جا لەبەر ئەوە پێویستە تۆوی کرمی ئاوریشم لەو شوێنانە بکڕێ کە باوەڕ بەچاکی و خاوێنی تۆوەکەیان ئەکرێ.

نەخۆشی سک چوون:

ئەمە لەوەوە پەیدا ئەبێ کە کرمەکان گەڵاتووی تەڕ بخۆن جا بۆ ئەمەی بەربەستی ئەم نەخۆشییە بکرێ پێویستە گەڵاتووی وشک بەکرمەکان بدرێ.

نەخۆشیی موسکاردین:

ئەم نەخۆشییە بەهۆی هەندێ خۆرەوە پەیدا ئەبێ کە لەسەر لاکی کرمەکە ئەژی کرمەکە کە ئەو نەخۆشییەی پێ ئەگات لە ماوەی دە ڕۆژدا ئەمرێ وردە وردە لەشی وشک هەڵدێ ڕەنگیشی بەرەو بۆریی یاخود سووریی هەڵ ئەگەڕێ پەڵەی سپی لەملا و لەولای لەشیا دەرئەکەوێ، بەمەرجێ بایەکە شێی تەڕیی هەبێ پێویستە ئەو کرمە نەخۆشانە لە ناو ببرێن نەوەک نەخۆشییەکە تووشی کرمە تەندروستەکانی تریش بێ.

* جۆرە خۆرەیەکی ڕەش لەسەر پێستی کرمە مێچکە مردووەکان کە لەناو قۆزاخەی ئاوریشم دان پەیدا ئەبێ و گەشە ئەکات ڕەنگی ئاوریشمەکە تێک ئەدات ئەگەر بێتو قۆزاخەکان باش وشک بکرێنەوە، ئنجا کۆبکرێنەوە و بخرێنە ناو گەنجینەوە، ئەم بارە[١] ڕوونادات.

(١) ئەم بارە: ڕاستتر: ئەم حاڵەنە، ئەم دیاردەیە.




## کۆکردنەوەی قۆزاخەکان

* لەپاش تێپەڕبوونی دە ڕۆژ بەسەر هەڵگەڕانی کرمەکاندا بۆ سەر چڵ و پۆپەی لقەدارەکانی هێلانەکەیان، دەست ئەکرێ بەکۆکردنەوەی قۆزاخەکان.
* قۆزاخەکان لەسەر پووشە بەڕەیەک هەڵ ئەخرێن و ئەخرێنە بەر ڕۆژ بەڵام ئەبێ بەجۆرێکی وابێ کە بەسەریەکدا کەڵەکە نەکرێن و ڕۆژیش هەموویان بگرێتەوە.
* واچاکە قۆزاخەکان لەو ماوەیەدا بڵاوبکرێنەوە و بخرێنە بەر ڕۆژ کە ئەکەوێتە ناوەند کاتی ١١ی بەیانی و کاتی ٢ی پاش نیوەڕۆ وە واتا سێ کات ئەخرێنە بەر ڕۆژ.
* ئەم کارە تا سێ چوار ڕۆژ دووبارە ئەکرێتەوە تا کرمە گەورەکچەکان کە لەناو قۆزاخەکانزا بکوژرێن.
* جا بۆ ئەمەی کە بەتەواوەتی بزانرێ ئەو کرمە گەورە کچانە کوژراون یان نا، یەکێک لە قۆزاخەکان ئەکرێتەوە و ئەپشکنرێ.
* تاکە یەک قوتوو کە گرانایی بریتی بێ لە ٢٥گرام تۆو، نزیکەی سیی و پێنج هەزار کرم بەرهەم ئەهێنێ.

تا بەتەواوەتی پەروەردە ئەبن نزیکەی سی هەزار قۆزاخە یان لێ پەیدا ئەبێ کاتێ کە ئەم قۆزاخانەیش ئەکرێنەوە دەزوولە ئاوریشمیان ئەمەندە لێ پەیدا ئەبێ کە کێشانەیان ئەگاتە نزیکەی شەش کیلۆگرام.

## کردنەوەی قۆزاخەکان

* هەرچی کەلوپەلی ناسراوی ناوخۆیە، ئەوەی لە باردانییە کە قۆزاخانەکان یەکالا بکاتەوە چونکە ئەو دەزووانەی لێی ئەکرێتەوە، ئەستوور دەرئەچن، نرخی بازرگانییشیان کەم ئەبێ.
* کەلوپەلی یەکالاکردنەوەی پوختە بۆ قوزاخەکان بەکار بهێنە (وێنە ژمارە: ٥)، تا دەزووی ڕێکوپێکی و پەسەندت دەست بکەوێ کە بۆ بازرگانی دەست بدات.
* جووتیارەکان، ئەوانەی کە کرمی ئاوریشم بەخێو ئەکەن ئەتوانن لەناو خۆیاندا ڕێک بکەون و پێکەوە یەکێک لەم کەلوپەلە بکڕن بۆ کەڵکی هەموویان یاخود کۆمەڵی هەرەوەز بۆیان ئەکرێ.



کەلوپەلی یەکالاکردنەوەی قۆزاخەکان بەپوختەیی

## فرۆشتنی ئاوریشم

* ئەو ئاوریشمەی هێناوتەتە بەرهەم بەتەنیا مەیبەرە بەردەم بازرگان، ئەگینا بەهەرزان نەبێ لێتی ناکڕێ.
* چاکترین ڕێگا بۆ فرۆشتنی ئاوریشم ئەوەیە کە هەرچی ئاوریشمێک لە گوندەکەدا هاتۆتە بەرهەم لە شوێنێکا کۆبکرێتەوە پێویستە کێشانەی کۆمەڵە ئاوریشمی هەموو کەسێکیش بەجیا بزانرێ دوای ئەوە هەموو ئاوریشمەکە بەگەلە ئەفرۆشرێ بەو بازرگانەی کە چاکترین نرخی پێ ئەدات بەم ڕەنگە نرخی ئاوریشمەکە گەلێک زۆرتر ئەبێ لەوەی کە هەر جووتیارە خۆی بەتەنیا ئاوریشمەکەی خۆی بفرۆشێ.



## ئامۆژگاریی گشتی

* گەڵاتووی تەڕ یاخود ئاورنگ لێ کەوتوو مەدە بەکرمەکان.
* پێویستە پەنجەرەکانی ژووری کرم بەخێوکردن بەپەردە داپۆشرێن، تا کرمەکان ڕاستەوخۆ نەکەونە بەر ڕۆژ.
* قۆزاخە لای خۆت گل مەرەوەوە بۆ ئەمەی کرمی لێ ببووژێتەوە چونکە ئەوە بەگران پێک دێ هۆی ئەمەیش ئەوەیە کە باو سەرما و گەرما زوو زوو ئەگۆڕین. پیاو لەوەیش دڵنیا نییە کە تۆوەکانی لە نەخۆشی دوورن. هەروەها ئەو کرمانەیش کە لە جێی خۆدا بەرهەم ئەهێنرێن کزولاواز دەرئەچن و زوو تووشی نەخۆشی دێن.

ئەو قۆزاخانەیش کە لەوانە پەیدا ئەبن بچووک دەرئەچن و بەرهەمی ئاوریشمەکەیش بەو پێیە کەم ئەکات.

* ئەبێ شوێنی بەخێوکردنی کرمی ئاوریشمەکە و کەلوپەلی پەروەردەکردنی کرمی ئاوریشمەکە، لە پێش دەست پێ کردن بە پەروەردەکردن و لەدوای پەروەردەکردنی کرمی ئاوریشمەکە پاک بکرێنەوە ئەمەیش بەم جۆرە ئەبێ:
* کەلوپەلی پەروەردەکردنەکە لەناو ئاوێکی ڕەواندا تەواو بشۆ.
* ئەم کەلوپەلانە بخەرە بەر ڕۆژو ووشکیان بکەرەوە پاش ئەوە بیانخەرەناو جێگای خۆیان و پەنجەرەکانی ژوورەکەیش دابخە.
* کیلۆ گرامێک گۆگرد بخەرە ناو ئاگردانێکەوە و بیسوتێنە. لەو کاتەدا پەنجەرە و دەرگاکان دابخەن و تا دوو ڕۆژیش مەیان کەرەوە بام ژوورەکە بەو دووکەڵە قانگ بدرێ دوای ئەوە، ژوورەکە بکەرەوە بۆ تازەکردنەوەی بایەکەی ناوی.

تەواو بوو

١٩٦٧/١٠/٧

# واتای خەوەکانت چین؟

نووسینی: هەربەرت هەسپرۆ

ئەم نووسراوە

نووسراوی (واتای خەوەکانت چین؟)، کە لەلایەن زانای ئینگلیز (هەربەرت هەسپرۆ)وە، بەزمانی ئینگلیزی بڵاو کرابووەوە، لە گۆڤاری (کتابی)دا، کە لەلایەن (حلمی مراد)ەوە لە شاری (قاهرەی مصر)دا دەردەچوو، لە ژمارە (٣٨)ی مانگی بەختەباران (مایس)ی ساڵی ١٩٥٥دا بەکورتکراوی پەرچڤە کرا بوو بەعەرەبی، داخەکەم دانەی ئینگلیزییەکەیم دەست نەکەوت، لەبەر ئەوە ناچار بووم لە پەرچڤە عەرەبییەکەیەوە کردم بەکوردی.

(هەربەرت هەسپرۆ) کە بەپسپۆڕێک دادەنرێ لە (زانستی دەروون)دا ئەم نووسراوە نایابەی کردووە بەدوو بەشەوە: لە بەشی یەکەمیدا لە (واتای خەو) و (پێشبینی دەروونی لە بابەت خەو بینینەوە) و (لە لێکدانەوەی خەودا تەماشای باری خاوەن خەو دەکرێ)، سێ بابەتی بەلێکۆڵینەوەیەکی تەواوەوە، لە شێوەیەکی جوان و ڕازاوەدا پێشان داوە، لە بابەت بیروباوەڕی جوێ جوێی زانایان و ڕۆشنبیران و وێژەوانانی کۆن و تازەوە، کە دەربارەی (خەو بینین) گوتوویانە وەک پێشانگایەک هەموو شتێکی بەجوانی و ڕێکوپێکی دەرخستووە دوای ئەوە پوختەی بیروباوەڕی زۆربەی زانایانی ئەم سەردەمەیشی دەربارەی (خەو بینین) دەربڕیوە لەگەڵ بیروباوەڕی خۆیدا، هەروەک زانای پسپۆڕ (هەربەرت هەسپرۆ) پیشانمانی دەدات خەو بینین هەر لە سەرەتای ژیانی مرۆڤەوە هەتا ئیمڕۆ هەبووە و هەیە و دەبێ، خەویش یەجگار جۆراوجۆرە خەویش هەیە دێتە دی، خەویش هەیە نایەتە دی، بەڵام هەموودەم خەویش پەیوەندی بەباری ژیانی خاوەنەکەی و کۆمەڵایەتی و ئەو ناوچەیەوە هەیە کە خەوبینەرەکە تێیدا دەژی، جا لەبەر ئەوە کە خەو لێک دەدرێتەوە پێویستە ئەو جۆرە بارانە ڕەچاو بکرێ.

لە بەشی دووەمی نووسراوەکەدا زانای دەروونی (هەربەرت هەسپرۆ)، لە پوختەی بیروباوەڕی زانایانی دەروون و سەرنجدان و تاقیکردنەوە و، لێکۆڵینەوەکانی خۆی (فەرهەنگۆک)ێکی داناوە بۆ لێکدانەوەی ئەو خەوانەی دەیانبینین، بەڵام هەروەکو لە سەرەوە پیشانم دا، ئامۆژگاریشی کردووین کە دەبێ تەماشای باری خاوەن خەوەکە بکرێ،



ئنجا بڕیاری لێکدانەوەی خەوەکە بدرێ، کە ئایا بۆ خاوەن خەو مژدەی خۆشی پێوەیە، یان چاوترساندنێکە بۆ خاوەن خەو کە دەبێ لە دواڕۆژی خۆیدا ئاگای لە خۆی بێ هەڵە نەکات، یاخود ئەو کەموکورتییەی هەیەتی هەر لە ئێستاوە چارەی بکات، تا تووشی دەردیسەری و ناخۆشیی نەیەت.

لە ڕاستیدا (خەو بینین) لە هەندێک کاتدا، یاخود بۆ هەندێک کەس، بایەخ و گرنگییەکی گەورەی هەیە، لە مێژوودا خەوی وا بینراوە و هاتوویشەتە دی کە بەجارێک ڕەوتی مێژووی گۆڕیوە، لە (قورئانی پیرۆز)یشدا ئەم ڕاستییە خودای پاکی بێ هاوتا پشتی دەگرێ، بۆ وێنە ئەو خەوەی (یوسف) پێغەمبەر بۆ (یعقوب)ی باوکی گێڕایەوە و، باوکی بۆی لێکدایەوە و، ئامۆژگارییشی کرد کە بۆ کەسی نەگێڕێتەوە، تەنانەت بۆ براکانی خۆیشی، نەوەک داوێکی بۆ بنێنەوە، بەتەواوەتی هاتە دی، هەروەها خەوەکەی فیرعەون کە کەس نەیتوانی بۆی لێک بداتەوە (یوسف پێغەمبەر) نەبێ، بەتەواوەتی هاتە دی.

فیرعەونێکی تریش کە پاش ئەوە بەچەند سەد ساڵ بوو خەوێکی دی منداڵێک لەناو جوولەکەکانی ژێر دەستیدا پەیدا دەبێ، خۆی و تەخت و تاراجی تێک دەدات و لەناوی دەبات، بەتەواوەتی لەسەر دەستی (موسا پێغەمبەر)دا هاتە دی. هەروەک ڕوویداوە پێغەمبەرەکان زۆربەی سرووشەکانیان لە ڕێگای (خەو بینینەوە)، یاخود (زیندە خەوەوە) لەلایەن خوداوە پێ بەخشراوە.

بەکورتی (خەو بینین) بۆ پیاوی دڵپاک و کردەوە چاک و، ڕەوشت و خو و، جوان، دەبێتە ڕابەر، یان مژدەی سەرکەوتن و کامەرانی و تەندروستی و خۆشگوزەرانی دەداتێ، یان وریای دەکاتەوە کە خۆی لە هەڵە بپارێزێ، یاخود ئەو هەڵەیەی کردوێتی چارەسەری بکات. منیش ئەوا نووسراوەکە پێشکەش بەخوێندەوارانی بەڕێزی کورد دەکەم. هیوادارم کەڵک و خۆشی لێ ببینن.

شاکر فەتاح

(خاوەنی پرۆژەی خوێندەواری کورد)

سلێمانی – ١٩٦٧/٦/٢٥

## واتای خەو چییە؟

لە بابەت خەو بینینەوە بیروباوەڕ زۆرە و لە یەکتریش زۆر جیاوازن، بەلای ئەوانەوە کە یەجگار باوەڕیان بەخەو هەیە، خەو بریتییە لە جۆرە سرووش (وحي: الهام)ێک، واتا نیازێکە و خودا دەیخاتە دڵی پیاوەوە تا بەجۆرێکی دیاردیکراو بجوولێتەوە، یاخود بەهیوای موژدەی دوارۆژێکی خۆی بێ، یان خۆی لە هەندێ کردەوە یان شت بپارێزێ.

بەلای ئەوانەیشەوە کە خەو بەبابەتێکی هیچوپووچ دادەنێن، خەو بریتییە لە ئەنجامێکی زۆرخۆری و پڕبوونی سک لە خواردەمەنی!...

خەو ئەمەندە زۆرە لە ژمارە نایەت، هەندێک لەو خەوانە بینراوە و گێڕراوەتەوە یاخود لەبیر چۆتەوە، هەندێکیشییان دراوەتە بەر گاڵتە و پێکەنین، یاخود کەسانی هێناوەتە گریان، خەوی وا هەبووە بەسرووشێکی ڕاستەقینە دانراوە. هی وایش هەبووە بەگاڵتەی منداڵان دانراوە، یاخود بەرامبەر بەهەر خەوێک چاکگۆ و بەدگۆ، ڕێزگر و ڕێزنەگر، باوەڕپێکەر و باوەڕپێنەکەر هەبووە و هەیە.

ئەوەندە هەیە، هەر لە پەیدابوونی جیهانەوە تا ئیمڕۆ، خەو کاری خۆی کردۆتە مرۆڤ... خەوی وا هەیە دڵی پیاو پڕ لە هیوا دەکات. خەوی وایش هەیە دڵی پیاو پڕ لە مەترسی دەکات. گەلێک کەسی وا هەبووە، بەهۆی خەوەوە دەستی داوەتە پێشکەوتن و سەرکەوتن، یاخود بەهۆی خەوەکانی تریەوە نیاز چووەتە دڵییەوە و کەوتووەتە سەر دانانی بەرهەمی وێژەیی و پڕ هونەری هەرە ناوازە و نایاب، هەر لە سەردەمی (هۆمیرۆس)ەوە تا دەگاتە سەردەمی (فرۆید) لاپەڕەکانی وێژە، چ بەهۆنراوە بووبن، چ بەپەخشان، بەزۆری پڕبوون لە خەو... وشەی (خەو) و ئەو وشانەیش کە لە وشەی خەو دروست کراون، لە گەلێک جێگای ڕووداو و ڕوونەداودا بەکارهێنراون، بەڵام ئەو واتایەی کە لەم بابەتەدا بەکاری ئێمە دێ ئەوەیە کە (خەو)ی وا داناوە کە بریتییە لە کۆمەڵەیەک یاخود لە ڕیزە بیرێک، باوەڕێک، وێنەیەک، تاسە و تەزوویەک، دەنگێک، دڵ داخورپانێک، دڵ بزووتنێک، کە لەکاتی نوستنماندا دێن بەمێشکماندا. سەرنجدان و لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەی زاناکان ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە هەموو کەسێک خەو دەبینێ، وە نەبێ خەو هەرچەند کەسێکی دیاردیکراو ببینن، یاخود لە ڕێ و شوێنێکی دیاردیکراودا ببینرێ، لە ڕاستیدا خەو، هەموو کەس دەیبینێ، لە هەموو بارێکیشدا دەبینرێ، ئەمە هەر لە سەردەمی کۆنەوە وا بووە تا ئیمڕۆ!...



تێکڕا ئێمە لەو کاتەدا خەو دەبینین کە نوستووین، ڕەنگە چاو ئەندازەکانی خەوەکە لەبیر خاوەن خەوەکە بچنەوە، یاخود بگۆڕڕێن، چونکە باوەڕ بەبیرەوەری خاوەن خەوەکە ناکرێت، هەروەها لە بابەت ماوەی خەوەکەیشەوە بیروباوەڕ جیاوازن. بەڵام باوەڕی وایە کە زۆربەی کارەساتەکان لە چەند تاوێکی زۆر کەمدا، زۆر کورتدا، بەمێشکی نووستووەکەدا گوزەر دەکەن، واتا لە وردیلە (دەقیقە)یەک زۆر کەمتریان پێ دەچێ، ئەمەیش بەهیچ کلۆجێک لەگەڵ ماوەی پێویستی ڕوودانی ڕاستەقینەی ئەو کارەساتانەدا بەراورد ناکرێ!... هەرچی (بابەت)ی خەویشە، هەروەک هۆشی مرۆڤ لەکاتی هۆشیاریدا بیر لە هەموو شتێک دەکاتەوە، هەروەها لەکاتی خەو بینین و نوستنیشدا بیر لە هەموو شتێک دەکاتەوە.

جا لەبەر ئەوە خەو بینین ناچێتە ژێر چنگی ئەو سنوورانەوە کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا پێیانەوە ڕاهاتووین، سا هەر لەبەر ئەم هۆیەیە کە جاری وا هەیە خەو بینینەکان ئاسایی دەبن، وەک ژیانی ڕۆژانەی خۆمان جاری وایش هەیە سەیر و سەرسوڕهێنەر و لەو ئەندێشانە دەبن کە هەرگیز لە ژیانی ڕۆژانەماندا نایانبینین. لە ڕاستیدا خەو بینین بێ ئەندازەیە هیچ کارەساتێک بەگران نازانێ بیقەومێنێ!...

لە لایەکی تریشەوە، خەوانی وا هەن دڵی پیاو تەنگ دەکەن، خەوانی وایش هەن دڵی پیاو خۆش دەکەن، هەروەها خەوی جوان هەیە و خەوی ناشیرین و خەوی پڕوپووچ هەیە و خەوی بەنرخ، خەوی سەربڵندانە هەیە و خەوی ناپەسند و پەست... هەرچی خەوە لە هەموو بابەتێکەوە دەدوێ، لە سەرەوە تا خوارەوە.

## پێشبینی دەروونی لە بابەت خەو بینینەوە

ئەو پرسەیش کە هەموودەم دەکرێ ئەوەیە: ئایا خەوەکان دێنە دی؟ ئایا کاتی هەڵبژێرراوی وا هەیە، کە ئاواتەکانی خاوەن خەوەکەی تێدا بێتە دی؟. هەرچەندە (هۆراس)ی بوێژ گوتوویەتی خەوەکانی پاش (نیوەشەو) دێنە دی... هەرچەندە (ئوڤید)ی بوێژ گوتوویەتی ئەو خەوانە ڕاست دێنە دی کە لەپێش (بەرەبەیان)دا دەیانبینین... بەڵام (زانست) لەم بابەتەوە بەرپەرچیان دەداتەوە. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی خەویش لە شێوەیەکی (زانست)یدا لەگەڵ ناوبردنی (سیگمۆند فرۆید)ی پزیشکی نەمسەییدا بیر دەکەونەوە، ئەم پزیشکە بە(باوک)ی (زانستی شیکردنەوەی دەروون) دانراوە. (فرۆید) بایەخی بەو بەربەرەکانێ و بەرەنگارییە داوە کە لە ناوەند (بەشی وریای هۆشی مرۆڤ) و (بەشی وریا نەبووی هۆشی مرۆڤ)دا پەیدا دەبن، لە ئەنجامی خەریکبوونیدا بەوەوە،

کەوتە سەر ئەو باوەڕەی کە هۆشی وریا، دەیەوێ بەجۆرێکی وا کار بکات، یاخود بەجۆرێکی وا کار دەکات کە بتوانێ لەگەڵ ئەندازەکانی ڕەوشت و خو و چێژ کە (ذوق) و هەڵسان و دانیشتنی ناو کۆمەڵایەتی پێشکەوتوودا بەڕێوە بچێ. هەرچی هۆشی ناوریاییشە خەبات بۆ ئەوە دەکات کە ڕێگەیەک بدۆزیتەوە بۆ ئارەزووە سروشتییەکان، تا خۆیان دامرکێننەوە. ئەم ئارەزووە سروشتییانەیش شارستانی نین، ئێمەیش بەهۆی پاڵ پێوەنانی کۆمەڵایەتییەوە، بەهۆی پێگەیاندن و پەروەردەکردنمانەوە ناچار دەبین ئەو ئارەزووانە بشارینەوە، بێ دەنگیان بکەین زەبروزەنگیان بەسەردا بنوێنین، تا بەهۆی ئەوانەوە تووشی گەڕوگێچەڵ و شەڕوشۆڕ نەبین لەگەڵ ئەم و ئەو و کۆمەڵایەتیدا جا لەبەر ئەوەی ماوە نادەین بەو ئارەزووانەمان کە دامرکێتەوە، کە تێر بن، کە بکەونە سرەوتەوە، ئەوانە دەکەونە ناو (هۆشی ناوەوە) یاخود (هۆشی ناوریا)وە، لە ئێمە وایە کە ئەو ئارەزووانە تا سەر لەبیر چوونەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا لەبیر ناچنەوە، هەروا لە ژێرەوە خۆیان مات داوە، چاوەڕوانی هەلێکن هەڵبکەوێ و بێنە دەرەوە.

جا (فرۆید) کە لە لێکۆڵینەوەکانی خۆی دەبێتەوە، دەچێتەوە سەر ئەو باوەڕە کە ئەو (ئارەزووانە) لە شێوەی (خەو بینین)دا خۆیان دەردەخەن!.

## لە لێکدانەوەی خەودا تەماشای باری خاوەن خەو دەکرێ

لەو بابەتە گرنگانەی کە لە لێکدانەوە زانستییەکانی ناو ئەم نووسراوەدا سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە کە چەند خەوێک پێکەوە، یەک لێکدانەوەیان هەیە. هەندێ لێکدانەوەی خەویش هەیە کە لێکدانەوەکانی تر تەواو دەکات، تەنانەت هەندێ لێکدانەوەیش هەیە کە هەندێ جار پێچەوانە دێتە پێش چاوی مرۆڤ. هەروەها هەندێ خەویش هەیە کە بریتییە لە جۆرە ئەندێشەیەک، یاخود جۆرە وڕێنەیەک! هەروەها ئەمەیش دێتە بەرچاو کە هەرچەند بۆ خاوەن خەو دەگونجێ کە بەخەوە خۆشەکانی خۆی دڵی بکرێتەوە و پێیان دڵنیا ببێ، بەڵام نابێ لە خەوە ناخۆشەکانی خۆی دڵی تەنگ ببێ، چونکە دەستوور وایە کە زۆربەی خەوەکان بەپێچەوانەی خۆیانەوە لێک دەدرێنەوە کاتێ کە خاوەن خەو ئەم لێکدانانەوەی لە خوارەوە نووسراون، بۆ خەوەکانی خۆی بەکار دەهێنێ، پێویستە تەماشای باری ژیانی خۆیشی بکات، هەروەها لێکدانەوەکانی تایبەتی خۆیشی بخاتە کار، چونکە هەندێ ناوەڕۆک و، وردە بابەتی دوورودرێژ هەن، خاوەن خەو خۆی نەبێ کەس نازانێ چین، پێویستە ئەمانەیش لەکاتی لێکدانەوەی خەوەکەدا بخرێنە



بەرچاو، وا لە خوارەوە لە شێوەی فەرهەنگۆکێکدا ئەو خەوانەی کە زۆر باون لەناو هەمووان‌دا، لەگەڵ لێکدانەوەکانیان دەخەینە بەرچاو، ئەمانە لەسەر بنچینەکانی زانست و تاقیکردنەوەکانی ڕووداو دامەزراون.

### ئەلف

(ئەلومنیۆم): ئەگەر کەوچک و کێرد و چنگاڵ و ئامانی ئەلومنیۆم لەناو چێشتخانەدا بینرا، ئەوە نیشانەی موژدەیەکە کە کامەرانی خێزانی بەدەمەوەیە.

(ئێش): ژانەسەر نیشانەی ئەوەیە کە کاروباری ڕۆژانە و تایبەتی خۆت دەشاریتەوە. ژانی ددان واتای ئەوەیە کە نامەیەکی خۆشت بۆ دێ. ژانی گوێیش نیشانەی ئەوەیە کە موژدەی سەرکەوتنی پرۆژەیەکی خۆت وەردەگریت کە لەوەپێش بەتەنگییەوە نەبوویت.

(ئەسپ): سواربوونی ئەسپ واتای ئەوەیە کە دەگەیتە پایەیەکی کۆمەڵایەتی سەرکەوتووانە، ئەگەر ناڵی ئەسپەکەت دەکوتایەوە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ژینێکی پڕ کامەرانی دوورودرێژ بەسەر دەبەیت، ئالیک دانیش بەئەسپ ئەوە دەگەیێنێ کە لە ماوەی ساڵێکدا بڕیارێکت بۆ دەردەچێ کە بەکەڵکی فرمانەکەت دێت، ئەگەر ئەسپەکەیشت لێ ون ببێ، ئەوە وا دەگەیێنێت کە فرمانەکەت لەم شوێنەوە دەگوێزنەوە بۆ شوێنێکی تر.

(ئەسپە ئاسنینە): بینینی ئەسپە ئاسنینە واتای ئەوەیە کە گیروگرفتەکەت چارە ناکرێ تا چەند هەڵەیەک نەکەیت، ئەگەر بەسواری ئەسپە ئاسنینەیش سەرکەوتیت بەسەر گردێکدا، ئەوە واتای ئەوەیە کە بەسەر گیروگرفتەکانی فرمان و خێزانتدا سەر دەکەویت، ئەگەر بەسواری ئەسپە ئاسنینە هاتیتە خوارەوە، ئەوە واتای ئەوەیە کە دەنگوباسی وات دێتە بەرگوێ کە دڵت پێی تەنگ ببێ.

(ئۆتۆمۆبێل): ئەگەر خەوت وا بینی کە ئۆتۆمۆبێلێک لێ دەخوڕیت، ئەوە واتای ئەوەیە کە تۆ بەرەو گوزەرانێکی خۆش دەڕۆیت، بەڵام ئەگەر ئۆتۆمۆبێلی کرێت بەکرێ گرت، ئەوە وا دەگەیێنێ کە کۆچێکی دوورودرێژت دێتە بەر، هەندێ ماندوو دەبیت، بەڵام ئەگەر ئۆتۆمۆبێلی کرێت لێ خوڕی ئەوە واتای ئەوەیە کە پایەیەکی گرنگت دەست دەکەوێ، کە بەهۆی ئەو پایەیەوە ژنێکت دەست دەکەوێ جوانی و سامانی هەیە!....

(ئاڵەتی ڕەش): ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە جەربەزەیی دەنوێنیت لە دڵداریدا و، لە دڵدارییەکەیشتدا سەردەکەویت.

(ئاگر): دانیشتن بەلای ئاگرەوە نیشانەی ئەوەیە کە لە ژیانی خێزانیتدا بەدڵنیاییەوە

دەژیت، ئاگر هەڵگیرساندنیش نیشانەی ئەوەیە کە ناکۆکییەک هەیە لەناودا و بەزوویی لادەچێ. کوژاندنەوەی ئاگریش نیشانەی ئەوەیە کە لە کارێکی گران و سەختدا دەبیت، بەڵام تێیدا سەردەکەویت.

ب

(برنج): خواردنی برنج لە خەودا ئەوە دەگەیێنێ کە پێویستە بچیتە لای پزیشک بۆ پاراستنی تەندروستیت.

(بەرە): ئەگەر لە خەودا گەسکت لە بەرە دا یاخود لە قاڵییەک، ئەوە واتای ئەوەیە کە ژنهێنان و ژینێکی پڕ کامەرانیت دەست دەکەوێ، پاککردنەوەی بەرەیش لە تۆز بەتەکاندن، موژدەی سەرکەوتنی پێوەیە، بەمەرجێ لەو تەکاندنەدا خۆت ماندوو کرد بێ.

(بیر): ئەگەر کەوتبوویتە بنی بیرێکەوە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە تووشی گیروگرفتێکی وا دەبیت کە بۆت چارە ناکرێ، خستنە خوارەوەی سەتڵیش بۆ ناو بیر وا دەگەیێنێ کە بانگت دەکەن، کە لەسەر هەندێ کردەوەی خۆت بکەیتەوە لە فرمانەکەتدا، ئاو دەرهێنانیش لە بیر واتای ئەوەیە کە بەو زووانە سەرکەوتنێکی وا سەردەکەویت کە لەوەپێش بەمێشکتدا نەهاتووە.

(بەفر): بینینی پەڵەبەفری گەورە موژدەی ئەوە دەدات کە لەناکاو چارەی گیروگرفتێکی ناخۆش دەدۆزیتەوە. بەکارهێنانی بەفریش ئەوە دەگەیێنێ کە بەو زووانە گۆڕانێکت بەسەردا دێ، بۆ تۆ بەکەڵک دەبێ. ئەگەر بەفر کەوتبووە سەر سەرت، ئەوە موژدەی ئەوەیە کە بەرز دەکرێیتەوە. بینینی ئەوانەیش کە بەفرە خلیسکێ دەکەن، ئەوە دەگەیێنێ کە سەرۆکەکانت لەسەر چارەکردنی گیروگرفتێک کە کردووتە چەندوچوونت لەگەڵ دەکەن. بینینی بەفر لە ڕێگادا واتای ئەوەیە کە لەپاش چەندوچوونێکی زۆر دەچیتە سەر فرمانێکی تازە، کە سەرکەوتنی بۆ خۆت تێدایە. ئەگەر لەسەر پەڵەبەفرێکی تەنک بەفرە خلیسکێت کرد، ئەوە وا دەگەیێنێ کە کار و فرمانەکەی تۆ، توانج و پلاری تێدەگیرێ. ئەگەر بەفرت دی لەناو پەرداخدا ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە لە گرەوێکدا سەردەکەویت. بەفری تواوەیش واتای ئەوەیە کە لە پرۆژەیەکی هیچوپووچدا ڕەنجت بەبا دەچێ. خواردنی بەستەنییش واتای ئەوەیە کە لە دڵدارییەکەتدا سەردەکەویت. کڕینی بەستەنییش واتاکەی ئەوەیە کە لە کاروبارە سامانییەکانتدا باش بۆی چوویت. فرۆشتنی بەستەنییش واتای ئەوەیە کە لە ماوەی ساڵێکدا پایەت بەرز دەکرێتەوە.



(بەندیخانە): ئەگەر لە خەودا خرابوویتە بەندیخانەوە، ئەوە وا دەگەیێنێ کە تۆ ئەوەندە لە فرمانەکەتدا سەردەکەویت، کەسانی تر ڕێزت لێ دەگرن و پاداشت دەدەنەوە. ئەگەر خۆشەویستەکانی خۆت لەناو بەندیخانەدا دی، واتای ئەوەیە کە هەندێ کەس هەن دەیانەوێ ئەوانە ئازار بدەن.

بینینی بەندییەکانیش لەکاتی فرمانکردندا نیشانەیەکی باش نییە.

(بیابان): ئەگەر خۆت و خۆشەویستەکەی خۆت دی بەتەنیا لەناو بیاباندا بوون، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە لە ژیانتاندا بەخۆشییەوە ڕادەبوێرن.

(بەربەرەکانێ): ئەگەر خۆت دی لە خەودا بەربەرەکانێ لەسەر ژنەکەت، یاخود دۆستەکەت دەکەیت، واتا ناتەوێ کەسی بێگانە خۆی لێیان هەڵبسوێ، ئەمە ئەوە دەگەیێنێ کە تۆ بەڕاستی خۆشەویستیت لای هەمووان. بەڵام ئەگەر دیت کەسانی تر بەربەرەکانێت لەسەر دەکەن، ئەمە ئەوە دەگەیێنێ کە لە ژیانی کۆمەڵایەتیتدا زۆر سەردەکەویت.

(بەپەتداکردن): خەو بینین بەهەموو جۆرە کوشتنێکەوە بەپێچەوانە لێک دەدرێتەوە. واتا بەتەمەن درێژیی و کامەرانی و پایەبەرزییەوە لێک دەدرێتەوە.

پ

(پۆستە): موژدەی پێوەیە بۆ ناوبانگ دەرکردن و، بەخت یاربوون و، سەرکەوتنی ناو کۆمەڵایەتیت.

(پێڵاو): کڕینی پێڵاو نیشانەی ئەوەیە کە تەمەنت درێژ دەبێ و تەندروست دەبیت. لە پێ کردنی جووتە پێڵاوێکی کۆن نیشانەی ئەوەیە کە لەسەر کارێکی سەربەرزانە پاداشت دەدرێیتەوە. لە پێ کردنی جووتە پێڵاوێکی تازەیش ئەوە دەگەیێنێ کە بەسەر ئەوانەدا سەردەکەویت کە بەربەرەکانێت لەگەڵ دەکەن. بینینی پێڵاو دروستکەرانیش واتاکەی ئەوەیە کە لە کار و فرمان و لە ژیانتدا یەجگار سەردەکەویت. پێی پێخاووسیش واتای ئەوەیە کە دۆستەکانت دەگۆڕیت.

(پێکەنین): پێکەنین نیشانەی ئەوەیە کە بەدرێژایی تەمەنت بەختت یار دەبێ. بەڵام ئەگەر وات دی لە خەودا کە کەسانی تر دەهێنیتە پێکەنین، ئەمە وا دەگەیێنێ کە سامانەکەی خۆت دەخەیتە گەڕ و، سوودت دەست دەکەوێ.

(پزیشکایەتی): ئەگەر لە خەودا سەرت لە پزیشکێک دا، موژدەت لێ بێ کە

دەرامەتەکەت زۆرتری لێ دێ. ئەگەر بوو بوویت بەپزیشک لەوە دڵنیا بە کە هاوڕێکانت دڵسۆزن بۆت. بانگکردنی پزیشکیش بەتەلەفۆن نیشانەی ئەوەیە کە لەناو کۆمەڵایەتیدا سەرکەوتنێکی گەورەت دەست دەکەوێ. چوونە لای پزیشکی ددانیش ئەوە دەگەیێنێ کە لە تافی پیریتدا دەبیتە خاوەن سەروەت و بەئاسوودەیی دەژیت. کڕینی دەرمان، یاخود خواردنەوەی دەرمانیش واتای ئەوەیە کە ناچار دەبیت پەنا بەریتە بەر پزیشک.

(پشتی کەشتیی): بینینی پشتی کەشتیی موژدەی بەخت یاریی تێدایە لە گەشتکردن و تەندروستی و دەرامەت و ژیانی ژن و مێردیدا.

(پاچ): ئەو پاچەی نووکەکەی تیژ کرا بێ نیشانەی سەرکەوتنە لە ژیاندا، نیشانەی کامەرانییە.

(پیر): بینینی پیر یاخود پیاوچاک نیشانەی ئەوەیە کە ژیانێکی ئاسوودە و بێ وەییت دەست دەکەوێ.

(پێنووسی مز): بینینی پێنووسی مز (قەلەم فەرەنگیی) نیشانەی ئەوەیە کە لە تۆڵەی کردەوەیەکی چاکی پێشووتدا کە کردووتە پارەیەکی زۆرت دەست دەکەوێ.

(پارەخانە): ئەگەر لە خەودا بینیت کە لەناو پارەخانە (بانق)یەکدایت، ئەوە واتای ئەوەیە کە دەکەویتە تەنگانەوە.

## ت

(تیشکی X): بینینی وێنەیەک کە بەتیشکی ئێکس گیرا بێ، واتای ئەوەیە کە لە کەینەوبەینەیەکدا گیروگرفتت تووش دێیت. ئەوەندە هەیە چارەی بۆ دەدۆزرێتەوە.

(تووتن): ئەگەر لە خەودا یەکێک ببینیت جگەرە دەکێشێ، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە دڵشکاوییەک چارە دەکرێ و، لەناودا نامێنێ. بەڵام ئەگەر خۆت جگەرە بکێشیت، لەوە دڵنیا بە کە ژیانی خێزانیت ڕێکوپێک دەبێ. لە کاروباریشتدا سەردەکەویت. جگەرە داگیرساندن، یاخود تووتنی لوول دراو داگیرساندن واتاکەی ئەوەیە کە کار و فرمانەکەت فراوانی لێ دێ. جگەرە یاخود سیگار کوژاندنەوەیش واتاکەی ئەوەیە کە بەشێک لە ژیانت تەواو دەبێ، بۆ ئەمەی بەشێکی باشتری دەست پێ بکەیت.

(تەلەفۆن): قسەکردن بەتەلەفۆن واتای ئەوەیە کە یەکێک هەیە و دەیەوێ بەبۆنەی کەینەوبەینەیەکی گرنگەوە قسەت لەگەڵدا بکات. بەڵام تەلگراف نیشانەی ئەوەیە کە لە دۆستێکتەوە هەندێ دەنگوباس وەردەگریت، کە دەمێک بووە دەنگی نەبووە.



(تەنس): یاری (تەنس) کردن لە خەودا نیشانەی ناوبانگ دەرکردن و نزیکبوونەوەیە لە هەر دوو ڕەگەز. یاری بردنەوە واتای ئەوەیە کە لە کار و فرمانەکەیدا سەردەکەوێ. یاری دۆڕاندنیش واتای ئەوەیە کە لە دڵدارییەکەیدا سەردەکەوێ.

(تۆڵەسەندنەوە): ئەگەر خۆتت دی لە خەودا تۆڵە لە کەسێکی تر دەسێنیتەوە ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە لە کاروبارتدا و لە پەیوەندی تایبەتی خۆتدا بەختت یار نابێ. بەڵام ئەگەر خۆتت دی لە پێناوی تۆڵەسەندنەوەی کەسێکی تردا لەناو دەچیت. موژدەت لێ بێ کە کاروبارت بەرەو چاکی دەڕوات. ئەگەر دەسەڵاتیشت هەبوو تۆڵە بکەیتەوە، بەڵام نەتویست تۆڵە بکەیتەوە، ئەوە واتای ئەوەیە کە گیروگرفتێکت لەبەردایە و بەسەریدا زاڵ دەبیت.

(تەختی نوستن): بینینی چەند تەختێکی نوستن لە خەودا، نیشانەی ئەوەیە کە لە کاروبارەکەتدا سەردەکەویت. موژدەی ئەوەیشی تێدایە بۆ ئافرەت کە بەپیاوێکی خاوەن کاروباری سەرکەوتوو شوو دەکات. کڕینی تەختی نوستن نیشانەی کامەرانی خێزانییە. پێخەف تەخت کردنیش واتای ئەوەیە کە لە ژیانی ژن و مێردیدا سەردەکەویت. نوستنیش لەناو تەختێکی تازەدا ئەوە دەبەخشێ کە لە ماوەیەکی کەمدا گۆڕانێکی کوتوپڕ لە ژیانتدا ڕوو دەدات. لە تەخت کەوتنە خوارەوەیش ئەوە دەبەخشێ کە لەلایەن سەرۆکەکەتەوە قسەی ناخۆش دەبیەیت. داکەوتن یاخود داشکانی تەختی نوستنیش ئەوە دەگەیێنێ کە ناکۆکییەکی خێزانی ڕوو دەدات. بینینی تەختی نوستنی منداڵیش نیشانەی سەرکەوتنە لە ژیانی ڕۆژانەدا. ئەگەر لەناو بێشکەکەدا دوو منداڵی وای تێدا بوو کە پێکەوە لە دایک بووبن، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە کامەرانی ژن و مێردیت دەست دەکەوێ. ئەگەر بێشکەکە هیچ کەسی تێدا نەبوو، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە خودا منداڵێکت دەداتێ تا بلێی تەندروست دەبێ.

(تارمایی): خەو بینین بەتارمایی کەسانی ترەوە موژدەی خۆشی پێوەیە. بینینی تارمایی کەسێک واتای ئەوەیە کە دەنگوباسی خۆش دەبیەیت. ئەگەر لە تارماییەکەت بیست قسە دەکات واتای ئەوەیە کە لە ڕووی سامان پەیداکردنەوە بەرەو چاکی دەچیت. ئەگەر تارمایی کەسەکە بەدەمتەوە، زەردەخەنەی کرد، ئەوە واتای ئەوەیە کە تەمەنت درێژ دەبێ.

(تەمومژ): تەمومژ واتای ئەوەیە کە کاروبارەکەت بەجۆرێکی وا هەڵدەسووڕێ، کە پیاو لێی دڵنیا نییە. کەواتە پێویستە وریای خۆت بیت، خۆت لە کاری خراپ بپارێزیت!.

## ج

(جارِدان): ئەگەر لە خەودا جارِەکانی ناو رِۆژنامەکان بخوێنیتەوە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە دەبێ تێبکۆشیت باری ژیانی خۆت چاکتر لێ بکەیت. وەرامدانەوەی جارِیش موژدەی بەرزبوونەوەی تێدایە. کە خۆت جارِێک بلاّو بکەیتەوە واتای ئەوەیە کاروبارەکەت فراوانتر لێ دەکەیت. کارکردنیش لە جارِداندا واتای ئەوەیە کە کار و فرمانەکەت دەگۆرِێ. بەهۆی ئەوەیشەوە دەسەلاّتی بەربەرەکانێکەرەکانت کەم دەبێتەوە. خوێندنەوەی جارِەکانی سەرەرِێگایش نیشانەی ئەوەیە کە دوور دەکەویتەوە بۆ جێگایەکی تر.

(جوان): ئەگەر کچەکە خۆی وا بینی لە خەودا کە بۆتە دلّکێشکەری کۆمەلاّیەتی یاخود گولّی کۆمەلاّن، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە زۆر کەس دێن بۆ مارەکردنی[1]. لەبەر ئەوە نابێ پەلە بکات لە هەلّبژاردنی مێردی دوارِۆژی خۆیدا. ئەگەر پیاویش کچێکی جوانی لە خەودا بینی و حەزی لێ کرد، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە بەدلّی خۆی ژنێکی باش دەهێنێ و پێیشییەوە کامەران دەبێ.

(جالّجالّۆکە): بینینی جالّجالّۆکە لە خەودا ئەوە دەگەیێنێ کە پێویستە وریای خۆت بیت، لەو مانگەدا کە تێیدایت، نە بچیت بۆ گەشت، نە دەست بکەیت بەدەرامەت پێکەوەنان.

(جەنگەلّ): ئەگەر لە خەودا خۆت بینی بەتەنیا بەناو جەنگەلّێکدا دەرِۆیت، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە تۆ هەمووددەم خاوەن تەندروستی و دەرامەتی چاک دەبیت. بەلاّم ئەگەر هاورِێیەکت لەگەلّدا بوو، ئەوە موژدەی ئەوەیە کە بەم زووانە ژن دەهێنیت.

## چ

(چا): چاخواردنەوە موژدەی ئەوە دەدات کە لە کار و فرمان و ناومالّدا بەختیار دەبیت. چا تێکردنیش بۆ میوان نیشانەی ئەوەیە کە بەم زووانە دەنگوباسی خۆشت بۆ دێ. ئەگەر لە پیالّەکەیش چایەکە رِژا، واتاکەی ئەوەیە کە هەر رِێوشوێنێکت داناوە بۆ بەرهەمهێنانی پرۆژەکانت سەر ناگرێ.

(چنین): ئەگەر دیت لە خەودا بەدەستی خۆت، لەسەر سیپالّێک چنین دەکەیت، یاخود کەسێکی تر چنین دەکات، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە دەنگوباسی خۆشت بۆ دێ، بەلاّم لە شێوەیەکی پچرِ پچرِ و ماوەیەکی دوورودرێژدا پێتدەگەن.

(١) راستتر: دێن بۆ خوازبێنی، داخوازیی.



## ح

(حوشتر): ئەگەر چاوت بەحوشترێک بکەوێت لە بیاباندا، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە تۆ هەرگیز تووشی ئەرک و ئازار و دلّتەنگی نابیت. ئەگەر حوشترت چاو پێکەوت بەسترا بووەوە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە کۆچێکت دێتە بەر و سامانت دەست دەکەوێت.

## خ

(خێزان): بینینی خێزان لە خەودا نیشانەی تەندروستی و کامەرانی و رِێکوپێکی ناو خێزانە. ئەگەر باوکی خۆت دی لە خەودا، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە باری کار و فرمانت رِوو لە چاکی دەکات. ئەگەر دایکی خۆت بینی، ئەوە موژدەی ئەوەیە کە لە کۆرِی هونەرمەندی و کۆمەلاّیەتیدا سەردەکەویت. ئەگەر هەردووکیانت پێکەوە دی ئەوە واتای ئەوەیە کە هەر سەردەکەویت و کاروبارت سەر دەگرێت.

(خۆشەویستی): خەو بینین بەدلّدارییەوە، یان بەخۆشەویستییەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو هاورِێیانەی لەگەلّتدان چاکەی تۆیان دەوێ. خەو بینینیش بەسەر نەگرتنی دلّدارییەوە واتای ئەوەیە کە لە کاتی هۆشیاریتدا خاوەن هیوا دەبیت. تێکۆشین بۆ خواستنی یار نیشانەی سەرکەوتنە لە دلّداری و کامەرانیدا. خەو بینینیش بەدەزگیرانییەوە واتای ئەوەیە کە لە ماوەی سالّێکدا دەزگیرانییە رِاستەقینەکەت سەردەگرێت.

(خەنجەر): بینینی خەنجەر بەدەست یەکێکی ترەوە واتای ئەوەیە کە باری ئابووریت بەرەو خراپی دەرِوات. بینینی خەنجەریش لەسەر زەوی واتای ئەوەیە کە هەندێ کەس هەن دەیانەوێ زیانت پێ بگەیێنن. بەلاّم ئەگەر خەنجەرەکە بەدەست خۆتەوە بوو، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە بەهۆی زیرەکی و وریایی خۆتەوە دەتوانیت هەل دەست خۆت بخەیت و رِۆژیش بۆ کەلّکی خۆت وەربسوورِێنیت. ئەگەر خەنجەرەکە لە کالاندا بوو ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە هەندێ دەنگوباسی خۆش بۆ خۆشەویستێکت دەبەیت.

(خوێندن): ئەگەر دیت لە خەوتدا وانات پێ دەخوێنن، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە لە هەموو کارێکتدا سەر دەکەویت. ئەوەندەی دلّ بدەیتە واناکە ئەوەندە سەردەکەویت. خەو بینین بەوەوە کە بوویتە شاگردێکی زانکۆ نیشانەی ئەوەیە کە لە ژیانی رِۆژانەتدا زوو سەردەکەویت. بەلاّم دەبێ هەندێ خەباتی بۆ بکەیت. ئەگەر بوویتە شاگردێکی هاودەستەی زانکۆیی لەناو رِەگەزەکەی تردا، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە لە ماوەی سالّێکدا ژن دەهێنیت. بەلاّم ئەگەر هاودەستەکەی تۆ هەر لە رِەگەزی خۆت بوو، ئەوە نیشانەی ئەوەیە

کە لەگەڵ هاوکارێکی خۆتدا دۆستایەتییەکی بەهێز دەگریت. بینینی خوێندنگا و زانکۆیش لە خەودا نیشانەی ئەوەیە کە هەندێ بەسەرهاتی ناکاوت بەسەردا دێت، کە بەهۆی ئەوانەوە کەسایەتیت قاڵ و پوختە دەبێ. خۆ ئەگەر خۆت لە خەودا بینی بوویت بەمامۆستا ئەوە موژدەی ئەوەیە کە پایەت بەرز دەبێتەوە.

## د

(داهێنان): ئەگەر خەوت دی خەریکی داهێنانی شتێک بوویت، ئەمە واتای ئەوەیە، کە دەبێ وریای خۆت بیت، ئەو پڕۆژانەی تەواو نەبوون لای کەس ئاشکرایان نەکەیت.

(دیل): ئەگەر خەوت دی کراویت بەدیل، ئەمە موژدەی ئەوەیە کە تووشی جەربەزەییەکی دڵداری دەبیت و لەناو کۆمەڵی ئافرەتاندا کارت سەر دەگرێ. بەڵام ئەگەر خۆت یەکێکت کرد بەدیل، ئەمە واتای ئەوەیە کە هەرچی دڵت دەیەوێ دەستت دەکەوێ.

(دەرگا): دەرگای کراوە ئەوە دەگەیێنێ کە پێویستە وریا بیت هەلت لە دەست دەرنەچێ. دەرگای داخراویش ئەوە دەگەیێنێ کە لە هەل دەستکەوتندا سەرناکەویت. دەرگای سوورڕخۆریش واتاکەی ئەوەیە کە تۆ هیچ ئامانجێکت نییە و لە خۆتەوە دەڕۆیت بەرێگادا.

(دڵنیاکردن): ئەگەر لە خەوتدا بەڵێن نامەیەکت گرێ دا، ئەوە موژدەی ئەوەیە کە لەبارەی ئابوورییەوە ڕوو دەکەیتە چاکی. ئەگەر لە خەوەکەتدا سەرپەڕەی دڵنیاکردنەکەت لێ ون بوو بوو، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە وریای خۆت بیت، چونکە لە بابەت پاراستنی سامانەکەتەوە هەڵەت کردووە. ئەگەر خۆت لە خەودا دی بوویتە جێنوشینی کارگێڕی بەڵێننامەی دڵنیاکردن، ئەوە وا دەگەیێنێ کە تا خۆت دەگیرسێنیتەوە، هاتوچۆ و گوێزانەوەت زۆر دێتە بەر.

(دەنکە چەمچە): دەنکە چەمچەی پەرتوبڵاو، یاخود کۆمەڵەکراو لەناو قووتوویەکدا، نیشانەی ئەوەیە کە دەنگوباسێکی زۆری خۆشت پێکەوە بۆ دێ. شانەی گۆگردیش ئەوە دەگەیێنێ کە لە هێڵی ڕۆیشتنتدا گۆڕانێک پەیدا دەبێ. بەڵام چاکەی خۆتی تێدا دەبێ. داگیرساندنی دەنکە چەمچەیش واتای ئەوەیە کە ئاواتێکی خۆشت دێتە دی. فڕێدانی دەنکە چەمچەیش بۆ دوور واتای ئەوەیە کە بەدبەختی لە خۆت دوور دەخەیتەوە. ئەگەر دەنکە چەمچەیشت بەرەڵڵا کرد بێ بسووتێ، ئەوە واتای ئەوەیە کە تۆ لای خاوەن دەسەڵاتان خۆشەویست و پەسند دەبیت. دەنکە چەمچەی کوژاوەیش نیشانەی ئەوەیە کە هەلت لە دەست دەچێ. بەڵام بەم زووانە هەلێکی ترت دەست دەکەوێت.



(دیوار): ئەگەر دیوارێکت چاو پێکەوت کەوتبووە ناوەند خۆت و دۆستێکت یاخود خۆشەویستێکتەوە، ئەوە واتای ئەوەیە کە هەندێ کەینەوبەینە دێنە پێشەوە لە یەکتان جوێ دەکەنەوە، پێویستە بەسەریاندا زاڵ ببیت. ئەگەر خۆت دی بەسەر دیوارێکدا دەڕۆیشتیت، ئەوە واتای ئەوەیە کە دەست بەپڕۆژەیەکی تازە دەکەیت. ئەگەر لە دیوارەکە نەکەوتیتە خوارەوە، ئەو پڕۆژەیە سەر دەگرێ.

(دەرزی): بینینی دەرزی لە خەودا نیشانەی ئەوەیە کە تا ماوەیەک تووشی کاری وا سووک دێیت کە زیانت پێ دەگەیێنن. دەرزی تێک ئاڵاویش نیشانەی ئەوەیە کە بەم زووانە لە گەلێک ئاهەنگی خۆش خۆشدا دڵخۆش دەبیت.

(دانتێل): بینینی سیپاڵی (دانتێل) بەسەر کراسێکەوە، موژدەی ئەوەی تێدایە کە بەم زووانە ژن دەهێنیت. ئەگەر دانتێلی شڕوپڕیشت چاو پێکەوت، ئەوە واتای ئەوەیە کە وریای خۆت بیت بەرز و باوی خراپت بۆ هەڵنەبەستن.

(دەستیاو): دەستیاو (قرض) دانەوە، نیشانەی بەخت یارییە. داوای دەستیاو دانەوەیش واتای ئەوەیە کە کاروبارەکانت گەشە دەکەن.

(دەنگ دانەوە): بیستنی دەنگ دانەوە واتای ئەوەیە کە چاوەڕوانی دڵدارییەک بە.

(دەروون): خۆ سەرزەنشت کردن لە خەودا نیشانەی ئەوەیە کە تۆ هەڵەی گەورە گەورەت لە دەست نەوەشاوەتەوە. لەبەر ئەوە هەڵدەگریت هاوڕێکانت باوەڕت پێ بکەن و، کردەوەکانیشت پەسند بکەن.

(ددانی فیل): خەو بینین بەو شتانەوە کە لە ددانی فیل دروست کراون نیشانەی ئەوەیە کە کۆچکردنی زۆرت دێتە بەردەم بۆ گەلێک شاران. گەڕانیش بەدوای ددانی فیلدا موژدەی ئەوەی تێدایە کە کەلەپوور (میراث)ێکت دەست دەکەوێ.

(دۆڵ): بینینی شیو و دۆڵ نیشانەی ئاشتیی و کامەرانییە لە دڵداری و ژیانی ژن و مێردیدا.

## ڕ

(ڕەش): ڕەنگێکە نیشانەی سەرگەردانی و ناخۆشییە.

(ڕۆژنامە): ئەگەر لە خەودا سەیری ڕۆژنامەیەکت دەکرد و لێی ورد دەبوویتەوە، بۆ ئەنجامێک دەگەڕایت کە لەناو ڕۆژەکاندا دەستت بکەوێ، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە بەم زووانە بەرز دەبیتەوە.

(ڕۆن): کڕینی ڕۆن نیشانەی دەنگوباسی خۆشە کە بەم نزیکانە دێتە بەرگوێت. فرۆشتنی ڕۆنیش واتای ئەوەیە کە ڕێوشوێنی فرمانەکەت گۆڕرا، سوودت دەست دەکەوێ. چەورکردنی مەکینەیەکیش واتای ئەوەیە کە گیروگرفت نامێنێ. کێڵگەکانی نەوتیش نیشانەی ئەوەن کە لە ژیانتدا هەڵگێر و وەرگێڕت تووش دێ، بەڵام چاکەی خۆتی تێدایە.

(ڕێگای ئاسن): سواربوونی کاروانی سەر ڕێگای ئاسن واتا (شەمەندەفەر) نیشانەی ئەوەیە کە کۆچ ناکەیت. بینینی کاروانی ڕێگای ئاسنیش یاخود بیستنی فیک و هووڕەکەی بەبێ سواربوون نیشانەی ئەوەیە کە دەگوێزیتەوە بۆ خانوویەکی تازە، یان دەچیت بۆ گەشتێکی دوور.

(ڕاوکردن): ڕاوکردنی دڕندە لە خەودا نیشانەی ئەوەیە کە تووشی دەمەقاڵێ دێیت لەگەڵ هاوکارەکانتدا، یاخود لەگەڵ هاوڕێکانتدا. بەڵام ڕاوکردنی گیانلەبەرانی دڕندە واتای ئەوەیە کە دەکەویتە ناو هەڵەیەکی کۆمەڵایەتییەوە. ئەگەر بوویشیت بەهاوبەش لە ڕاوەدوونانی کەسێکدا، وریای خۆت بە نەوەک ناوت بەخراپ دەربچێ. ڕاوە ماسییش نیشانەی سەرکەوتنە لە کار و فرماندا.

(ڕێگا): ئەگەر ڕێگاکە لەبەر دەمتدا درێژ بوو بووەوە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ژیانێکی بەختیارانەی ئاسوودە و پڕ لە دڵداری ڕادەبوێریت. ئەگەر لەناو ڕێگایەکی چۆڵیشدا ڕۆیشتیت، بەبەر تیشکی ڕۆژەوە ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە خودا دۆستی زۆرت بۆ دەڕەخسێنێ.

ز

(زەردەخەنە): ئەگەر لە خەودا یەکێکت دی زەردەخەنەت بۆ دەکات، موژدەت لێ بێ کە بەختت یار دەبێ.

(زەوی): بینینی زەوی پان و فراوان واتای ئەوەیە کە پشتت پێ دەبەستن و، پارەیەکی زۆریشت لە لا دادەنێن، کێڵانی زەوی نیشانەی ژینێکی چاکە کە ڕایدەبوێریت. بینینی زەویش لە پاڵ کۆچێکی ناو دەریا موژدەی پێوەیە کە گیروگرفتەکانت نامێنن. ئەگەر لە خەودا بوو بوویت بەخاوەن زەوی، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ساڵێکی پڕ پیت و پڕ سامان ڕادەبوێریت.

(زەرد): ئەم ڕەنگە نیشانەی ئەوەیە کە لە سەرکەوتنەکەتدا چاوت پێ هەڵدەهێنن. بەڵام ناتوانن زیانت پێ بگەیێنن.



(زریە): ئەگەر لە خەودا چاوت بەزریە یاخود دەریا کەوت ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە کۆچت دێتە بەر. ئەگەر لەسەر پشتی کەشتییەک بوویت خەریکی نوقوم بوون بوو، ئەوە واتای ئەوەیە کە یەکێک پەیدا دەبێ و ئاگادارت دەکات لە داو نانەوەی ئەو کەسانەی کە بەدرۆ خۆیان بەدۆستت پیشان دەدەن!. هەرچی زریێی هەڵساویشە، نیشانەی سەرگەردانییە. ئەگەر لە خەودا بوو بوویت بەکەشتییەوان، ئەوە واتای ئەوەیە کە تۆ لەپێش ئەمەدا ئارام بگریت و دابمەزرێیت، لە جێگا و فرمانەکەت دەگوێزرێیتەوە بۆ جێگا و فرمانێکی تر. بینینی کەشتییەوانەکانیش لە شێوەی مەشق کردن یاخود نومایشدا موژدەی ئەوەی تێدایە کە ژیانێکی کۆمەڵایەتی پڕ چستوچالاکی دەژیت.

(زەنگ): بیستنی دەنگی زەنگ لە دوورەوە واتای ئەوەیە کە بەو زووانە باری ژیانت ڕوو دەکاتە چاکی. ئەگەر لە نزیکەوە دەنگی زەنگەکەت بیست ئەوە چاو ترساندنێکە بۆ تۆ کە ئەگەر بێتو بەئامۆژگاری دڵسۆزەکانت نەجووڵێیتەوە، تووشی زیانێکی زۆر دێیت لەو پڕۆژەیەدا کە پێوەی بایی بوویت.

(زێڕ): بینینی زێڕ نیشانەی بەختیاری و دەوڵەمەندی و خۆشگوزەرانییە. دۆزینەوەی پارچە زێڕ یاخود پارچە زیوێکیش نیشانەی ئەوەیە کە دەستکەوتەکەت تا ئەندازەیەکی تەواو فرە دەبێ.

ژ

(ژمێرکاری): ئەگەر کچەکە خەوی وا دی کە دەزگیرانەکەی ژمێرکارە یاخود نوسیاری ژمێرکارییە، ئەوە واتای ئەوەیە کە لە دوارۆژدا دەبێتە مێردێکی وەها کە هەرچییەکی بوێ بۆی جێبەجێ بکات، واتا بەدڵی کچەکە بجووڵێتەوە. ئەگەر ژمێرکارەکانیشت دی فرمانی خۆیان دەکەن، ئەوە واتای ئەوەیە کە تۆ پێش دەکەویت و دەگەیتە پایەی سەرۆکایەتی. مەکینەی ژمێرکارییش نیشانەی ئەوەیە کە لە ساماندارییدا سەردەکەویت.

(ژنهێنان): ئەگەر کەسێکی تر ژنی هێنا و تۆیش لەو کاتەدا لەوێ بوویت و دەستێکیشت لەو ژنهێنانەدا هەبوو، ئەوە واتای ئەوەیە کە تۆ هەمووەدەم دۆستی دڵسۆزت لەگەڵ دەمێنێتەوە. ئەگەر خۆت دی خەریکی ژنهێنانیت بۆ خۆت، ئەوە موژدەی ئەوەی تێدایە کە تا چەند ساڵێک بەختت یار دەبێ.

## س

(سپی): ڕەنگی سپی مژدەی بەختی چاکی تێدایە: لە تەندروستی و فرمان و دڵداریدا.

(سوور): ئەم ڕەنگە نیشانەی ئەوەیە کە تەمەنت درێژ دەبێ، لەشت خۆش دەبێ، لە بابەت سامان و دڵدارییشەوە دڵنیا دەبیت لە خۆت.

(سەوز): ئەم ڕەنگە مژدەی بەختیاری دەدات. ئەگەر بەگژوگیاوە بینرا ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە لە کاروباری سامانی و بەرهەم هێناندا سەردەکەویت. هەروەها مژدەی مندالانی چاکیشی پێوەیە کە دەتبێ.

(ساختمان): ئەگەر لە خەودا ساختمانێکی تازەت دی، ئەوە واتای ئەوەیە کە کار و فرمانەکەی خۆت دەگۆڕیت. ئەگەر وەستا و کارگەرانیشت بینی خەریکی دروستکردنی خانوو بوون، ئەوە وا دەگەیێنێ کە ژیانت ڕێکوپێکی تێدەکەوێ.

(سەرپەڕە): کڕینی سەرپەڕە بۆ گەشتکردن یاخود بۆ سینەما، نیشانەی ئەوەیە کە هەلی سەرکەوتنت زۆرتر دەست دەکەوێت، بەڵام بەمەرجێ کە کەموکووڕی خۆت نەهێڵیت.

(سەرکەوتن): ئەگەر سەرکەوتیت بەسەر شاخەکەدا تا گەیشتیتە پۆپەکەی ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە بەختت یار دەبێ. بەڵام ئەگەر نەگەیشتیتە سەرەپۆپۆی شاخەکە و هەر لە خەباتکردندا مایتەوە بۆ گەیشتنە ئەوێ، ئەوە واتای ئەوەیە کە سەردەکەویت. بەڵام ئەگەر وازت لەو هەڵگەڕانە هێنا و پشتت تێکرد، ئەوە واتای ئەوەیە کە خۆت تێکەڵ بەپرۆژەیەک دەکەیت بیکەیت، بەڵام سەر ناگرێ.

(سامان): خەو بینین بەوەوە کە دەوڵەمەند بوویت مژدەی دەوڵەمەندی تێدا نییە. واتای ئەوەیە کە هەژار دەبیت.

(سەرباز): ئەگەر خەوت دی بەخۆتەوە کە بوویت بەسەرباز، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە چەند گۆڕرانێک بەسەر ژیانتدا دێ. بینینی سەربازی باڵبازییش لە خەودا واتای ئەوەیە بەختت یار دەبێ.

(سرکە): بینینی سرکە واتای ئەوەیە کە سەرزەنشت دەکرێیت، یاخود ڕیسوا دەبیت.

(سەرۆک): ئەگەر لە کۆبوونەوەیەکدا سەرۆکێکت دی، واتای ئەوەیە کە مانگانەکەت زۆرتری لێ دێ. بەڵام ئەگەر خۆت بوو بوویت بەسەرۆک ئەوە وا لێک دەدرێتەوە کە بانگت



دەکەن بۆ ناوبژی کردنی ناوەند چەند هاوکارێکی خۆت. ئەگەر خەوت دی بەوەوە کە کەوتبوویتە گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرەک کۆمار یاخود لەگەڵ سەرەک کۆمەڵێکدا، ئەوە واتای ئەوەیە کە پاداشت دەدرێتەوە.

(سابوون): بینینی سابوون مژدەی ئەوەی تێدایە کە لە ئەرک و ئازارەکانت ڕزگارت دەبێ. بەڵام بەمەرجێ خۆت زۆرتر ماندوو بکەیت.

(سەرنەگرتن): سەرنەگرتنی کار لە خەودا نیشانەی ئەوەیە کە کارەکەت سەردەگرێ.

(سەربازخانە): ژیان لەناو سەربازخانەدا مژدەی ئەوەی تێدایە کە بۆ پایەیەکی گەورە بەرز دەبیتەوە. سەرلێدان لە سەربازخانەیش واتای ئەوەیە کە لە ماوەیەکی کورتدا دەگوێزرێیتەوە بۆ ناو چەند پایەیەک و چەند شارێک. دەرچوونیش لە سەربازخانە واتای ئەوەیە کە دەنگوباسی خۆشت لە ڕێ دایە بۆت بێ.

## ش

(شین): ئەم ڕەنگە نیشانەی خۆشەویستی و ڕێکی ناو خێزانە. ئەو چاوانەی شین نیشانەی چاکە دانەوەن. ئاسمانی شینیش مژدەی کامەرانی و دڵنیایی پێوەیە. شتومەکی شینیش واتای ئەوەیە هاوڕێکانت لە کاتی تەنگانەدا چاکەت دەدەنەوە و دڵسۆزیت بۆ دەنوێنن.

(شا کڵاو): شا کڵاو لەسەرکردن مژدەی پایەیەکی بڵندی بەدەمەوەیە، نەویستنی شا کڵاویش واتای ئەوەیە کە لەبەر ئەوەی باوەڕ بەخۆت ناکەیت پایەت نزم دەبێتەوە. ئەگەر یەکێکت دی لە خەودا شا کڵاوەکەت لەسەر دادەگرێت، ئەمە واتای ئەوەیە کە یەکێک هەیە و بەربەرەکانێت لەگەڵ دەکات. ئەگەر دیت خونکارێک شا کڵاو لەسەر سەری دادەنێن ئەوە واتای ئەوەیە کە تۆ دوور دەکەویتەوە. بەڵام ئەگەر شا کڵاویان لەسەر خۆت دانا، ئەوە مژدەی ئەوەیە کە کەلەپوورێکی زۆرت بۆ دەمێنێتەوە.

(شیر): خواردنەوەی شیر لە خەودا، نیشانەی تەندروستییەکی هەمووودەمییە، فرۆشتنی شیریش واتای ئەوەیە کە دەکەویتە گوزەرانێکی خۆشی تاسەرەوە.

(شەو): ئەگەر خۆت دی لە خەودا کە لە تاریکایی شەودا دەڕۆیت، ئەمە چاوترساندنی ئەوەی تێدایە کە هەندێ بەرهەڵستت دێتە بەر، دوات دەخەن لە گەیشتن بەئامانجەکانت.

(شووشە): ئەگەر شووشەکە پڕ بوو، ئەوە مژدەی ئەوەیە کە لە کار و فرمان و دڵداریدا سەردەکەویت. شووشەی بۆشیش واتای ئەوەیە کە تووشی ڕەنجەڕۆیی دێیت. بەڵام لەپاش

هەندێ گیروگرفت سەرکەوتنت دەست دەکەوێت. شووشەی شکاویش نیشانەی ئەوەیە کە کارەساتێکی ناخۆشت بەسەردا دێت.

ف

(فۆنۆگراف): لێدانی فۆنۆگراف لە خەودا، یاخود گوێگرتن لە دەنگەکەی ئەوە دەگەیێنێ کە لە زۆربەی کار و فرمانەکانتدا دەست دەکەیت بەکارگوزاری و چستوچالاکی. لەو کار و فرمانانەیشدا سەردەکەویت.

(فەرهەنگ): کردنەوەی فەرهەنگ واتای ئەوەیە کە کار ڕاگرتن و نیاز کردنت بۆ کردنی کاروبار دەبنە هۆی دەستکەوتنی سوودێکی سامانی. فەرهەنگی داخراویش چاوترساندنێکە کە بەقسەی مێچکە مێچکەی کەسانی تر تەفرە مەخۆ. ئەگینا زیان لە خۆت دەدەیت.

(فریشتە): ئەگەر دیت لە خەودا فریشتەیەک بەسەر خانووەکەتدا دەسووڕێتەوە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە کەڵک و چاکەیەکی زۆرت دەست دەکەوێت. ئەگەر فریشتەکە لەگەڵتدا بدوێ، ئەوە مژدەی ئەوەیە کە هەندێ خاوەن سایە و پایە دەبنە دۆستت. وێنەی فریشتەیش مژدەی ئەوەی تێدایە کە لە ژیانی ژن و مێردیتدا کامەران دەبیت.

ق

(قاوە): قاوە نیشانەی بەختی چاک و خۆشگوزەرانییە.

(قاقەزی یاری): ئەگەر لە خەودا چاوت کەوت بەیەکێک بەقاقەزی یاری یاریی دەکرد، ئەمە چاوترساندنێکە بۆ تۆ کە لە هیچ کاروبارێکی خۆتدا گۆڕان دەست پێ نەکەیت، تا ماوەیەکی بەسەردا دەچێ. ئەگەر خەوەکەیشت وا بوو کە خۆت یاری قاقەزت دەکرد، ئەو قاقەزەی لە دەستیشتدا بوو چاک بوو، ئەوە مژدەی ئەوەیە کە سەردەکەویت.

ک

(کەلوپەلی پیشەسازی): بینینی کەلوپەلی پیشەسازی لە خەودا مژدەی ئەوەی تێدایە کە لە کۆڕی پیشەسازیدا سەردەکەویت. کەوتنە گەڕی مەکینەکانیش واتای ئەوە دەبەخشێ کە گیروگرفتێکی سەخت و گرنگت بۆ لادەبرێت. بەڵام وەستانەوەی مەکینەکە، چاوترساندنێکە بۆ تۆ کە ئەو ڕێگایەی گرتووتە بۆ چارەکردنی گیروگرفتەکەت تەواو نییە و پێویستە بیگۆڕیت.



(کەلوپەلی ناوماڵ): کڕینی کەلوپەلی ناوماڵ مژدەی ژنهێنانی بەدەمەوەیە. بەڵام ئەگەر خاوەن ژن بوویت و ئەوەت لە خەودا دی، ئەوە واتای ئەوەیە کە ژیانی ژن و مێردیتان لە شێوەیەکی چاکدا دەگۆڕرێت. کڕینی کەلوپەلی کارکراو، یاخود ئەوەی لەناو بازاڕدا بەئاشکرا بانگ دەکەن بۆ فرۆشتنی لە شێوەی بەربەرەکانێدا، نیشانەی ئەوەیە کە ناچار دەبیت کاروبارێکی وا هەڵبسووڕێنیت کە پێت گرانە بیکەیت.

(کۆبوونەوە): خەو بینین بەوەوە کە چوویتە ناو کۆبوونەوەی کۆمەڵێکەوە کە خۆت ئەندامێکی لەناویدا، واتای ئەوەیە کە دەست دەکەیت بەڕێکخستنەوەی ناوەندی دوو کەس کە هەردووکیان ئەوەیان بەبیردا نەدەهات کە جارێکی تر یەکتر ببیننەوە. ئەگەر خۆت دی لە خەودا کە خۆت ئامادە دەکەیت لەپاش ماوەیەک چەند دۆستێکی خۆت ببینیت، ئەوە واتای ئەوەیە کە دەنگوباسی سەیر سەیر و کاریگەر دێنە بەرگوێت. بینینی ئەو دۆستانەیش کە لە دەمێکەوە لێیان جیا بوویتەوە، مژدەی ئەوەی تێدایە کە بەڕاستی چاوت پێیان دەکەوێ. بینینی دۆستێکی مردوویش واتای ئەوەیە کە دۆستایەتییەکی تازەت دەست دەکەوێ!.

(کووپە): ئەگەر کووپەکە پڕ بوو، ئەوە واتای ئەوەیە کە خۆشگوزەرانییەک بەڕێوەیە بۆ تۆ. ئەگەر کووپەکە ناوەکەی بۆش بوو، هیچی تێدا نەبوو، ئەوە چاوترساندنێکە بۆ تۆ کە خۆت لە ئامۆژگاری بێگانان و هاوڕێی سەرەڕێگا بپارێزیت!. خۆشاردنەوەیش لەپشت کووپەیەکەوە، واتای ئەوەیە کە لەناو کۆبوونەوەیەکی گرنگدا کردەوەیەکی ناشیرین دەنوێنیت.

(کیژ): ئەگەر لە خەودا گفتوگۆت لەگەڵ کیژێکدا کرد، ئەوە واتای ئەوەیە کە بەم زووانە کامەرانییەکت دەست دەکەوێت.

(کەمەرە): ئەگەر خەوت دی لە ناوەڕاستی کەمەرە (دائرە)یەکدا بوویت، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە لە دەست کار و فرمانەکەی خۆت وەڕسیت، ژیانیشت تاڵ بووە و پێویستە بیگۆڕیت. کێشانی کەمەرەیش مژدەی ئەوەی تێدایە کە کردەوەت پەسند دەکرێت و پاداشتت دەدرێتەوە. چونکە تۆ خۆت دەخەیتە تەنگانەوە بۆ ئەمەی یەکێک لە تەنگوچەڵەمە ڕزگار بکەیت.

(کەشتییەوان): ئەگەر خۆت دی لە خەودا بوویتە کەشتییەوان، لە کەشتییەکی گەشت کردندا، ئەوە واتای ئەوەیە کە دەست دەکەیت بەنوواندنی کارگوزارییەک لە کۆمەڵایەتیدا. بەڵام ئەگەر کەشتییەکە گەورە بوو فرمانێکی پایە بڵندت دەست دەکەوێ.

(کۆچکردن): کۆچکردن لە خەودا نیشانەی چوونە دەرەوەیە بەمەبەسی فرمانکردن و سرەوت بەخۆدان. خەو بینینیش بەچوونە دەرەوە لەو خەوانەیە کە لە کاتی هۆشیاریدا دێتە دی. گەشتی کورت واتای ئەوەیە کە خانووەکەت دەگوێزیتەوە، یاخود فرمانەکەت دەگۆڕیت. ئەگەر لە کۆچەکەتدا ئەرک و ماندوویێتیت هاتە بەر، ئەوە چاوترساندنێکە بۆ تۆ کە خۆت لە گۆڕران بپارێزیت.

(کەرە): بینینی کەرە یاخود ئونیشک نیشانەی ئەوەیە کە جەربەزەییەکی پڕ بەزمت بەدەستەوەیە بیکەیت. خواردنی کەرەیش لە خەودا، واتای ئەوەیە تەندروست دەبیت و دەکەویتە کامەرانییەوە. ئەگەر کەسانی ترت دی کەرە دەخۆن ئەوە واتای ئەوەیە کە هاودەمەکانت دڵسۆزن بۆت. کڕینی کەرەیش موژدەی ئەوەی تێدایە کە کەلەپوورت دەست دەکەوێ. فرۆشتنی کەرەیش واتای ئەوەیە کە کارەکەی تۆ هەر لە سەرگرتندا دەبێ. دروست کردنی کەرەیش نیشانەی ئەوەیە ناوبانگ دەردەکەیت.

(کاتژمێر): بینینی کاتژمێری سەر دیوار نیشانەی ئەوەیە کە لە ڕووی ساماندارییەوە بەرەو چاکی دەچێت. بیستنی چرکە چرکی کاتژمێر، واتای ئەوەیە کە تۆ دەبێ پشت بەخۆت ببەستیت لە بڕیاردانی کارێکدا کە فرێ بەسەر دوارۆژی خۆتەوە هەیە. بەڵام لێدانی کاتژمێر، موژدەی ئەوەی تێدایە کە بەم زووانە کەڵەپوورێکی تەواوت دەست دەکەوێت. کاتژمێری دروست نیشانەی ئەوەیە کە کۆچێکی دوورودرێژت دێتە ڕێ بۆ مەبەسی فرمانکردن. کاتژمێری دواکەوتوویش واتای ئەوەیە کە تۆ خراپەت لەگەڵ کەسێکی وادا کردووە، کە ئەگەر لەگەڵیدا بسازایتایە کەڵکێکی زۆرت لێی دەست دەکەوت. بینینی شووشەی کاتژمێریش نیشانەی ئەوەیە کە لێ وردبوونەوەکەت لە کاتی کاروبار هەڵسووڕاندندا دەبێتە هۆی ئەوەی پاداشتێکی باشت بدرێتەوە. بەڵام شکاندنی شووشەی کاتژمێر، چاوترساندنێکە بۆ تۆ کە خۆت بپارێزیت لە پەلە پەل کردن بۆ سامان پەیداکردن بەهۆی پرۆژەی پڕوپووچەوە. دەنگی چرکە چرکی کاتژمێری دەستیش نیشانەی ئەوەیە کە دەنگوباسی خۆشت بەگوێدا دەدرێ. کڕین یاخود فرۆشتنی کاتژمێریش نیشانەی ئەوەیە کە پەیوەندی خێزانیت بەرەو چاکی دەڕوات.

(کارەسات): بینینی کارەساتی ئۆتۆمۆبێل و فڕۆکە و کەشتی و کاروانی ڕێگای ئاسن، چاوترساندنێکە بۆ تۆ کە خۆت بپارێزیت لە چوونە دەرەوە، تا ماوەیەک. ئەگەر لە خەودا بەچەکێک پێکرای، ئەوە چاوترساندنێکە بۆ تۆ کە دەبێ ئاگات لە خۆت بێ، ئازارت نەدەن.



(کەوانچە): بیستنی دەنگی کەوانچە (کەمانجە) لە خەودا نیشانەی ئەوەیە کە لە کارەساتی خۆشدا بەشدار دەبیت.

(کزە با): ئەگەر خەوەکەت وا بوو کە کزە بایەکی خۆشی لێ دەدایت، ئەوە موژدەی ئەوەی تێدایە کە بەختت تەواو یار دەبێ، نەخوازەڵا لە کەینەوبەینەی دڵداریدا.

## گ

(گەنمەشامی): بینینی کەندووی پڕ لە گەنمەشامی موژدەی ئەوە دەدات کە تەندروست دەبیت، بەخۆشییەوە ڕادەبوێریت، منداڵی باشیشت دەبێ. خواردنی گەنمەشامی نیشانەی ئەوەیە کە ناز و جیازەکەت تا سەر دەبێ. شینایی گەنمەشامییش نیشانەی ئەوەیە کە سەرکەوتنێکی بێ هاوتات دەست دەکەوێت لە کار و فرمانەکەتدا.

(گۆم): بینینی گۆم لە خەودا نیشانەی دڵداری و هەرزەکاری و هەڵکردنە. مەلەکردنیش لەناو گۆمەکەدا واتای ئەوەیە کە بەرهەڵست لە ڕێگەتدا نامێنێ. ئەگەر خەویشت دی کە لەناو ئەستێرکێکی بۆگەناودا مەلە دەکەیت، ئەوە چاوترساندنێکە بۆ تۆ کە لەبەر ئەوەی کەینەوبەینەکانی خۆت خراپ چارە دەکەیت، تووشی دەردیسەری دێیت.

(گریان): گریانی ناو خەو واتایەکی پێچەوانە دەبەخشێ... واتا دەبێتە نیشانەی دڵخۆشی.

(گۆرەوی): ئەگەر خۆت دی لە خەودا گۆرەوی دەکڕیت، موژدەت لێ بێ، لە ڕووی ساماندارییەوە ڕوو دەکەیتە چاکی. ئەگەر گۆرەویت بەدیاری بۆ هات، ئەوە واتای ئەوەیە کە لە خۆشەویستێکی دوورکەوتووەوە دەنگوباست بۆ دێ. ئەو ژنەی لە خەودا گۆرەوییەکەی دڕا بێ، واتای ئەوەیە خۆی فڕێ دەداتە ناو جەربەزەییەکی دڵدارییەوە. گۆرەوی دوورینەوە، یاخود پینەکردن نیشانەی ئەوەیە کە بەهۆی کاروباری هیچوپووچەوە کارەساتی گەورە ڕوو دەدات. شتنی گۆرەوییش واتای ئەوەیە کە لە کارێکی خەم هێنەر ڕزگارت دەبێ.

(گیانلەبەر): بینینی ژمارەیەک لە گیانلەبەرانی جوێ جوێ، چاوترساندنێکە بۆ تۆ کە ژیانت پڕ دەبێ لە ئەرک و ماندوویێتی. بەڵام لە ئەنجامدا سەردەکەویت و، بەری ڕەنجی خۆت دەخۆیت. بینینی گیانلەبەرانی دڕندەیش لە باخچەی گیانلەبەراندا، واتای ئەوەیە کە تۆ ئەوەندە لە کار و فرمانەکەتدا شارەزا دەبیت، کەس پەنجە لە پەنجەت نادات. ئازاردانی گیانلەبەریش لە خەودا، ئەوە دەگەیێنێ کە کارەکەت سەرناگرێ، کە بەکامی خۆت ناگەیت.

خۆرشت دانیش بەگیانلەبەر، موژدەی ئەوەی پێوەیە کە نامەیەکی گرنگت بۆ دێ.

(گورگ): بینینی گورگ نیشانەی ئەوەیە کە دوژمنێکی فڕوفێڵدارت هەیە و داوت بۆ دەنێتەوە ئازارت بدات.

(گێژەڵووکە): ئەگەر لە خەودا گێژەڵووکەت لێ پەیدا بوو، ئەوە وا دەگەیێنێ کە بۆ ماوەیەک بەدبەختی ڕووت تێدەکات.

(گاز): ئەگەر خۆت دی لە خەودا پەڵەهەورێکی گازت تووش بوو، ئەوە واتای ئەوەیە کە ناچار دەبیت ژیانی خۆت لە پێناوی ئابووری خۆتدا بگۆڕیت.

(گەنم): بینینی گەنم نیشانەی خۆشبەختییە لە کاروباری سامان و دڵداری و ژیانی ژن و مێردیدا.

(گوڵاو): بینینی گوڵاو (کۆلۆنیا) یاخود بۆنکردنی گوڵاو نیشانەی ئەوەیە کە دەکەویتە خۆشی و سرەوت و دڵسۆزی و کامەرانی ناو خێزانەکەت.

(گۆشت): ئەگەر خۆت لە خەودا دی گۆشت دەکڕیت، یان دەیخۆیت بەکاڵی، ئەمە واتای ئەوەیە کە هێز و تەندروستیت دەست دەکەوێ. گۆشتی ڕزیویش نیشانەی ئەوەیە کە تۆ دەستت کردووە بەلادان لە نیازپاکی، کەچی پێویستە لە نیازپاکی لانەدەیت.

## ل

(لاڵ): ئەگەر خەوت دی لاڵ بوویت، ئەوە واتای ئەوەیە کە هاوڕێکانت نرخ بەگفتوگۆکەی تۆ نادەن!.

(لە هۆش خۆ چوون): لە هۆش خۆ چوون لە خەودا، واتای ئەوەیە کە پرۆژەکانت سەرناگرن. ئەگەر لە خەوتدا ژنێکت دی لە هۆش خۆی دەچوو، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە تۆ و ئەو ژنە پەیوەندییەکی دڵدارانەتان لەناودا پەیدا دەبێ. ئەگەر یەکێکیش تۆی دی و لە هۆش خۆی چوو، ئەوە واتای ئەوەیە کە دەنگوباسی کاریگەرت بەرگوێ دەکەوێ کە کەڵکی خۆتی تێدا دەبێ.

(لۆکە): بینینی شینایی لۆکە موژدەی ئەوەی تێدایە کە ئەوەندەی فراوانی کێڵگەکە لە فرمانەکانتدا سەردەکەویت. چنینی لۆکەیش یاخود پەموو نیشانەی ئەوەیە کە سبەینێت لە دوێنێت چاکتر دەبێ. سیپاڵی لە لۆکە دروستکراویش نیشانەی ئەوەیە کە لە ڕووی سامان و دەرامەتەوە دەکەویتە ئاسوودەییەوە و دادەمەزرێیت.



(لاساییکەرەوە): ئەگەر لە خەودا لاساییکەرەوەیەکی گەورەت چاو پێکەوت، ئەمە واتای ئەوەیە کە تۆ دەکەویتە خۆشگوزەرانییەکی تەواوەوە، یەجگار خۆش ڕادەبوێریت. بەڵام ئەگەر خۆت بوو بوویت بەلاساییکەرەوە، ئەمە واتای ئەوەیە کە بۆ هەر کوێیەک بچیت سەر دەکەویت. ئەگەر خەویشت بینی کە قسەکانت لەبیر چۆتەوە بیلێییت لە کاتی لاساییکردنەوەکەدا، ئەمە چاوترساندنێکە بۆ تۆ کە تووشی کارەساتی وا دێیت کە پێت ناخۆش بێ.

## م

(ماڵ): ئەگەر لە خەودا ماڵ یاخود خانوویەکت بینی ئەوە واتای ئەوەیە کە لە ناوچەی ئێستاتدا کامەران دەبیت، کە ژن دەهێنیت و منداڵت دەبێ. ئەگەر خانوویەکت دروست دەکرد، ئەوە واتای ئەوەیە کە لە فرمانەکەت سوود وەردەگریت، یاخود ژن دەهێنیت.

(مار): بینینی مار بۆ هەرزەکار نیشانەی ئەوەیە کە بەم زووانە ژن دەهێنێ بۆ خاوەن ژن و منداڵیش واتای ئەوەیە کە کامەرانی و خۆشگوزەرانی دەست دەکەوێ.

(مریشک): ئەگەر دان بەمریشک بدەیت موژدەی ئەوەی تێدایە کە فرمانەکانت زۆرتر لەوەی چاوەڕوانت دەکرد فراوان دەبن. فرۆشتنی مریشک نیشانەی کۆچکردنە. دەرکێشانی پەڕی مریشک واتای ئەوەیە کە هەلێکی وات دەست دەکەوێت کە هەر بەبیریشتدا نایەت بەڵام سەربڕینی مریشک ئەوە دەگەیێنێ کە ناچار دەبیت شێوەی ژیانی خۆت ڕاست بکەیتەوە. بەخێوکردنی جووجەڵە مریشکیش نیشانەی ئەوەیە کە هیچ دەمێ بێ دەرامەتێکی دیاردیکراو و دامەزراو نابیت. پارچە پارچەکردنی گۆشت مریشکیش لەسەر خوان واتای ئەوەیە کە تۆ دەکەوێتە ناوەوە، دوو دوژمن یاخود دوو ناکۆک پێک دەهێنیتەوە.

(مانگ): مانگی چلە (جەنووەری) نیشانەی ئەوەیە کە لە مانگەکانی تردا دەستکەوتی پارەت زۆر دەبێ، کە لە ساماندارییدا سەردەکەویت. مانگی ڕەشەمێ (شوبات) موژدەی ئەوەی تێدایە کە ترس و لەرزت لە دڵدا نامێنێ. مانگی گوڵان (نیسان) نیشانەی کامەرانی و ناوبانگە. مانگی خەرمانان (حزیران) بۆ هەرزەکار نیشانەی ژنهێنانە لەپێش تەواوبوونی ئەو ساڵەدا. بۆ خاوەن ژن و منداڵیش نیشانەی سەرکەوتنە. مانگی میوەخۆش (تەمووز) واتای ئەوەیە هەرچیت دەوێ دێتە دی. مانگی گەلاوێژ (ئاب) نیشانەی ئەوەیە کە هەندێ بەدبەختیت بەسەردا دێ. ئەگەر خۆیشت دی لە

خەودا کە لە مانگی پەڵە (تشرینی یەکەم)دا کارێک دەکەیت، ئەوە چاوترساندنێکە بۆ تۆ کە فرمانەکەت بخەیتە دوای ئەم مانگە.

(منداڵ): منداڵی لە دایک بوو نیشانەی ئەوەیە کە تۆ دەبیتە هاوکار لە فرمانێکی بەسووددا، کە ئەو فرمانە فڕی بەسەر فرمانەکەی پێشووتەوە، یاخود بەسەر فرمانەکەی پاشەڕۆژتەوە نییە. بینینی منداڵێکیش کە یاری بکات نیشانەی ئەوەیە کە لەلایەن یەکێکەوە کە لێی دەترسیت دەنگوباسی خۆشت بۆ دێ. بینینی منداڵی نوستوویش مژدەی ئەوەی تێدایە کە لە دڵدارییەکەتدا، یاخود لە فرمانە سامانییەکەتدا سەردەکەویت. بینینی منداڵی نەخۆش یاخود ئەو منداڵەیش کە دەگری نیشانەی ئەوەیە کە تووشی بەدبەختی دێیت، یاخود دووبەرەکی دەکەوێتە ناو فرمانەکەتەوە. ئەگەر لە خەودا لە منداڵێکت دا ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە فرمانەکەت سەرناگرێ، یاخود لە کارەکەتدا سەرناکەویت.

(میوە): خواردنی میوە لە خەودا واتای ئەوەیە کە لە فرمانەکەتدا سەردەکەویت کە تەندروستیت بۆ پێک دێ. ئەگەر میوەکە بەدرەختەکەوە بوو، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە لە دڵداری و ژنهێناندا کامەران دەبیت. میوەکردنەوەیش لە دارەکەی واتای ئەوەیە کە هەرگیز هەژاریت تووش نایەت.

(میوانخانە): ئەگەر خەوت دی چوویتە ناو میوانخانەیەکەیەوە تێیدا بنوویت، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە بەو زووانە دەکەویتە تەنگوچەڵەمەی چەند پرۆژەیەکەوە کە تیایاندا سەرناکەویت.

(ماچکردن): ماچ کردنی خۆشەویست واتای ئەوەیە کە مارەی دەکەیت و کامەران دەبیت. ماچکردنی ژنەکەیشت واتای ئەوەیە کە لە ژیانتاندا ناکۆکی نابینن. ئەگەر منداڵێک ماچت بکات ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە خۆشبەختی ڕووت تێدەکات. ئەگەر بینیت یەکێک دەمی لە یەکێک لە ڕەگەزەکەی تر نزیک دەخاتەوە، ئەوە واتای ئەوەیە کە بەو زووانە هاوسەرێکی باش هەڵدەبژێریت بۆ خۆت. ئەگەر ژن لێوەکانی خۆی لە خەودا بینی، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە لە کارێکی هونەردا ناوبانگ دەردەکات. بەڵام ئەگەر پیاو لێوەکانی خۆی بینی ئەوە چاوترساندنێکە بۆ ئەو کە ئاگای لە خۆی بێ هاوڕێکانی زیانی پێ نەگەیێنن.

(مرواری): ئەگەر ژن خەوی دی مرواری بەدیاری بۆ هاتووە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە



گوزەرانەکەی خۆش دەبێ. ونبوونی مرواریش چاوترساندنێکە بۆ خاوەن خەو کە کار و فرمانەکەی بەجۆرێکی وا لێ دەگۆڕێ کە پێی دڵتەنگ دەبێ. بەڵام دۆزینەوەی مرواری ئەوە دەگەیێنێ کە هەندێ هەلی تازەی لێ هەڵدەکەوێ.

ن

(نان): ئەگەر لەو نانەی دەیخۆیت لە خەودا، بەشی کەسانی تری لێ بدەیت، ئەوە واتای ئەوەیە کە تا دەمێنیت گوزەرانت باش دەبێ. خواردنی نانی تازەیش مژدەی بەخت چاکی پێوەیە. بەڵام ئەگەر نانەکە کۆن بوو، ئەوە چاوترساندنێکە بۆ تۆ کە ئاگات لە خۆت بێ، دوژمنت بۆ پەیدا نەبێ. ئەگەر خەوەکەت وا بوو کە لەناو کولێرەخانە یان نانەواخانەیەکدا بوویت ئەوە واتای ئەوەیە کە منداڵی زۆرت دەبێ. بەڵام ئەگەر نانت دەکردەوە ئەوە واتای ئەوەیە کە مانگانەکەت فرەتری لێ دێ!.

(نامە): ئەگەر نامەکە لە بابەت کار و فرمانەوە بوو، ئەوە واتای ئەوەیە کە سوودێکی گەورەت لە بازرگانییەکی بچووکەوە دەست دەکەوێ. نامەی خۆشەویستییش نیشانەی ئەوەیە کە دێیتە ناو کۆمەڵانی کۆمەڵایەتییەوە. نامەی دڵداری ناوەند دوو یار یاخود ژن و مێردیش واتای ئەوەیە کە ڕێکوپێک دەبی لەگەڵیاندا.

(نوێژکردن): خەو بینین بەوەوە کە نوێژ دەکەیت مژدەی ئەوەی تێدایە کە سامانێکی زۆر و کامەرانییەکی تەواوت دەست دەکەوێ.

(نووسراو): خەو بینین بەخوێندنەوەی نووسراوانەوە واتای ئەوەیە کە ئارەزووی خوێندەواری دەکەیت و، لەوەیشەوە پارەیەکی زۆرت دەست دەکەوێ. نووسراوانی کەڵەکەکراویش لەناو تاقاندا نیشانەی سەرکەوتن و زاڵ بوونە بەسەر گیروگرفتەکانتدا.

(نەزانین): نەزانینی تۆ لە خەودا نیشانەی ملکەچیتە. نەزانینی کەسانی تریش بەڵگەی ئەوەیە کە تۆ ئارەزووی توانج و پلار تێگرتنت هەیە. ئەگەر نەتتوانی دەستنووسی خۆت بخوێنیتەوە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە گیروگرفتێکت هەیە و پێویستە ڕاوێژ بەشارەزایان بکەیت. ئەگەر دەستنووسی کەسانی ترت بۆ نەخوێندرایەوە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە دەنگوباسی وات دێتە بەرگوێ کە سەرت لێی سووڕ بمێنێ.

(نوقوم بوون): نوقوم بوون لەناو ئاودا چاوترساندنێکە بۆ تۆ کە خۆت لە هەندێ کردەوە بپارێزیت کە یەکێک لەوانە دەستبڵاوییە. ئەگەر لە خەودا یەکێکت لە نوقوم بوون ڕزگار کرد، ئەوە واتای ئەوەیە کە هەتا ساڵێک دەست مەدەرە گۆڕینی ژیانت. ئەگەر لە خەودا

دیت یەکێک لە نوقوم بوون ڕزگارت دەکات، ئەوە چاوترساندنێکە بۆ تۆ کە کەمتەرخەمیی خۆت یەکێکت بۆ پەیدا دەکات لە فرمانەکەتدا بەربەرەکانێت لەگەڵدا ئەکات و لەوانەیە نانت ببڕێ. بەڵام ئەگەر کەشتییەکت دی نوقوم دەبێ، ئەوە موژدەی ئەوەی تێدایە کە ژیانێکی خۆش و بەڕێزت دەست دەکەوێ.

و

(وێنەدان): تەماشاکردنی وێنەدان (ئەلبووم) واتای ئەوەیە کە ئاشنایەتییەکی دڵدارانەت دەست دەکەوێ، کە لە کارەساتێکی خراپەوە دەست پێ دەکات بەڵام بەمارەکردنی کچەکە دوایی دێت. ئەگەر وێنەکان هی شوێنان بوون، ئەوە واتای ئەوەیە کە چەند گەشتێکت دێتە بەر، دوایی لە جێگەیەک دەمێنیتەوە و ئارام دەگریت و دادەمەزرێیت.

(ورچ): ئەگەر خەوت دی بەورچێکەوە ڕا دەکات بەدووتدا، ئەوە واتای ئەوەیە کە لەسەر دەستی دوژمنێکتدا هەندێ گیروگرفتت دێتە بەر. ئەگەر ورچەکەت کوشت یاخود لە دەستی ڕزگار بوویت، ئەوە واتای ئەوەیە کە بەسەر گیروگرفتەکانتدا زاڵ دەبیت.

(وێنە): بینینی وێنە بەدیوارەوە، نیشانەی ئەوەیە کە دۆستێکی چاکت دەست دەکەوێت. بەڵام ئەگەر وێنەکان لەناو کۆگایەکی بازرگانی یاخود لەناو ناوازەگاه (متحف)ێکدا هەڵواسرا بوون، ئەوە واتای ئەوەیە کە لە کار و فرمانەکەتدا سەردەکەویت. ئەگەر وێنەی خۆشەویستێکی خۆت لەناو (نیشان)ێکدا دی، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو کەسە لە تەنگانەدا دڵسۆزیت بۆ دەنوێنێ. گرتنی وێنەی کەسێکیش واتای ئەوەیە کە ئەو کەسە لە فرمانەکەتدا یارمەتیت دەدات. وێنەکێشانیش نیشانەی ئەوەیە کە فرمانەکەت دەگۆڕێ.

ه

(هێلکە): هێلکە بینین نیشانەی سەرکەوتن و دەرامەتی باشە. خواردنی هێلکەیش واتای ئەوەیە کە تەندروستییەکی وات دەست دەکەوێ کە هەرگیز پێویستیت بەپزیشک نەبێ.

(هەڵەکردن): خەو بینین بەهەڵەکردنەوە واتای ئەوەیە کە تۆ لە فرمانەکەتدا وردیت. گوناه کردنیش لە خەودا واتای ئەوەیە کە تۆ خەریکیت هەڵە بکەیت. بەرەنگاری کردنی گوناه کردنیش نیشانەی ئەوەیە کە ژینێکی چاکی پڕ سەرکەوتن دەبەیتە بەر.



(هەڵپەڕین): بینینی سەماکەران لە خەودا نیشانەی ئەوەیە کە ژیانێکی کۆمەڵایەتی پڕ لە کاری هونەر ڕادەبوێریت. هەڵپەڕکێیش لەگەڵ یارەکەتدا واتای ئەوەیە کە مارەی دەکەیت. ئەگەر سەماکردنیشت لە خەودا کرد بوو بەپیشە بۆ خۆت، ئەوە واتای ئەوەیە کە کارەساتی دڵداری زۆرت بەسەردا نایەت. جا هەتا ئەو یارە دەدۆزیتەوە کە پێیەوە بەختیار بیت گەلێک جار لە دڵدارییەکانتدا ڕەنجت بەبا دەچێ.

(هێلانەی مەل): بینینی هێلانەی مەل نیشانەی کامەرانی و کۆکی ناو خێزانە. ئەگەر لە خەوتدا هێلانەیەکت دەپاراست لە ئازاردان، ئەوە واتای ئەوەیە کە زۆر کەسی وا هەن نایانناسیت، بەڵام ئەوان نرخی خۆت دەدەنێ و کارت پەسەند دەکەن و بۆ چاکەی تۆیش تێدەکۆشن.

ی

(یاقووت): بینینی یاقووتی سوور نیشانەی ئەوەیە کە سرەوت و خۆشگوزەرانیت دەست دەکەوێ. بینینی یاقووتی شینیش نیشانەی ئەوەیە کە بەختێکی چاک، بێ ئەوەی خۆت بەبیرتدا هاتبێ، بەڕێوەیە دەتگاتێ... یاقووتی زەردیش موژدەی ئەوەی تێدایە کە دۆستەکەت و نازدارەکەت دڵسۆزییەکی ڕاستەقینەی دەبێ بۆ تۆ.

تەواو

١٩٦٧/٦/٢٥

# پەروەردە

# ئیمیل

## یاخود دەستووری پەروەردەکردنی منداڵ

نووسینی: ژان ژاک ڕۆسۆ
ڕاستی پەرستی هەرە بەناوبانگی فەرەنسە

ئەم نووسراوە

ئەم نووسراوە (ئیمیل) یاخود ئەم (دەستوورەی پەروەردەکردنی هەرە گەورەی منداڵ)ە کە ئیمڕۆ پوختەکەی پێشکەشی خوێندەوارە بەڕێزەکانی (کورد) دەکەم ڕاستی پەرستی هەرە گەورەی فەرەنسە (ژان ژاک ڕۆسۆ) لە ساڵی (١٧٦٢ز)دا دایناوە. هۆی دانانی ئەم نووسراوەیش ئەوە بوو کە ئافرەتێک تکای لێکرد بوو ڕێگای پێشان بدات چۆن منداڵەکەی خۆی پەروەردە بکات. لێرەدا (ڕۆسۆ) خۆی وا پێشانداوە کە بریتییە لە مامۆستایەکی تایبەتی، منداڵێک پەروەردە دەکات کە لە مێشکی خۆیدا ناوی ناوە: (ئیمیل) وەک باوکێکی دڵسۆز بیروباوەڕی خۆی لەناو ئەم نووسراوەدا دەربڕیوە دەربارەی پەروەردەکردنی منداڵەکە و شێوەی ئامادەکردنی مێشکی: بۆ فێربوونی سەرەتاکانی (کردەوە و ڕەوشتی بڵند) و (هەستی مرۆڤایەتی) و (زانستەکانی سروشت) و (میکانیک) و (کشتوکاڵ بەرهەم هێنان) و هەموو (بابەتێکی زانستی گشت لایی)ی تر...

جا بۆ ئەمەی خوێندەوارانی خۆشەویست بزانن نرخی ڕاستەقینەی ئەم نووسراوە لە چ ئەندازەیەکدایە دەڵێم: مامۆستا گەورەکانی جیهان کە لە (زانستی پەروەردەکردنی منداڵان)دا بەپسپۆڕ و شارەزا دادەنرێن وەک (بیزدۆ) و (بیستالۆزی) و (فرۆبل) لەسەر بنچینەی ئەم نووسراوی (ئیمیل)ە دەستوورەکانی خۆیان دامەزراندووە لە پەروەردەکردنی منداڵانی ئەم چەرخەدا، کە لە خوێندنگاکانی (باخچەی ساواکان) و (سەرەتاییەکان)دا بەکاردەهێنرێن... لە ڕاستیشدا هەر ئەم جۆرە خوێندنگایانەن کە بەتەواوەتی کار دەکەنە هۆش و دڵ و دەروونی منداڵەکان هەر لە سەرەتای ژیانیانەوە هەتا دوایی ژیانیان!...

(ژان ژاک ڕۆسۆ) یەکێکە لەو چەند کەسە کەمەی کە لە جیهاندا پەیدابوون وە بەهۆی (هێزی هۆش)یانەوە توانیویانە کار بکەنە ژیان و ڕەووشت و خووی هەموو مرۆڤی سەر



زەمین. بەرهەمەکانی (ژان ژاک ڕۆسۆ) کە نووسراوی (ئیمیل)یش یەکێکە لەوان ئەمە دوو سەد ساڵە تێپەڕیوە بەسەریاندا کەچی هێشتا لە زانکۆکانی جیهاندا ڕێزیان لێ دەگیرێ و کەڵکیان لێ دەبینرێ. کەڵەپیاوەکان و شۆڕەژنەکانی ڕۆشنبیریی جیهان زۆربەیان بوونە شاگردی بەرهەمەکانی ئەو و پێیانەوە دڵ خۆش و سوپاسگوزاربوون. هەندێک لەوانە ئەمانەن: (کانت)، (هیگل)، (گۆتە)، (شیللەر)، (شاتۆبریان)، (لامارتین)، (جۆرج ساند)، (فرۆید)، (تۆلستۆی) کە زۆر کەڵکیان لە بەرهەمەکانی ئەو وەرگرتووە کار تێکردنی بەرهەمەکانی (ژان ژاک ڕۆسۆ) هەر لە خاکەکانی ڕۆژئاوادا نەگیرسایەوە زۆری پێ نەچوو کاریان کردە خاکەکانی ڕۆژهەڵاتیش وەک (ژاپۆنیا) و (چینی تازە) کە دەستوورەکانی پەروەردەکردنی منداڵی (ڕۆسۆ)یان لەناو خوێندنگاکانی خۆیاندا بەکارهێناوە. (ژان ژاک ڕۆسۆ) گرفتاری ئەڤینی (سروشت) بوو. بەلای ئەوەوە هەموو منداڵێک لە سەرەتادا چاکە و پاکە و بێ گەردە. بەڵام کۆمەڵایەتیی خراپ لە خشتەی دەبات لەبەر ئەوە ئێمە پێویستە ئاگامان لێی بێ لە سروشتە چاک و پاکەکەی خۆی لا نەدات. دەبێ بەتەنگ ئەوەیشەوە بین کە بیکەین بە(مرۆڤ). واتا ئازاری کەس نەدات و زیان بەکەس نەگەیێنێ و تێبکۆشێ بۆ کەڵکی گشتی. بەواتایەکی تر (خۆپەرست) نەبێ (خواپەرست) بێ. ئێمەی (کوردەواری)یش پێویستیمان بەم جۆرە دەستوورە هەیە کە بەکاری بهێنین لە پەروەردەکردنی منداڵەکانماندا کاشکی بەکارمان دەهێنا تا لەم سەرگەردانییەی کە تێیکەوتووین ڕزگار ببین.

شاکر فەتاح
(خاوەنی پرۆژەی خوێندەواری کورد)
سلێمانی – ١٥/٤/١٩٦٧

## بام بەمرۆڤایەتی خۆمانەوە بنازێین

من بەتەنگ ئەوەوە نیم کە شاگردەکەی خۆم وا ڕاهێنرابێ کە بۆ پیشەی یاسایی یاخود ئایینی یان سەربازی دەست بدات... چونکە پێش ئەمەی باوک و دایکی پیشەیەکی بۆ هەڵبژێرن سروشت پیشە و کارێکی سەرەتایی بۆ هەڵبژاردووە، ئەویش ئەوەتا کە ببێ بە(مرۆڤ)... جا لەبەر ئەوە ئامانجی هەرە باشی پەروەردەکردن، دەبێ ئەوە بێ کە هەموو کەسێک لەم پیشەیەدا واتا لە پیشەی (مرۆڤایەتی)دا قاڵ ببێ... چونکە هەموو کەسێک لە (تۆوی) سەرەتاییی ئەم (مرۆڤایەتی)یەدا وەک یەک بەشیان بەردەکەوێ.

لەبەر ئەوە یەکەم شت کە فێری شاگردەکەمی دەکەم: (ژیان)ە! ژیانیش بریتی نییە لە هەناسەدان. بریتییە لە جووڵان و بەکارهێنانی هەست و هۆش و لێهاتوویی‌مان... هەر پەلوپۆیەکیش بگریت لە لەشی ئێمەدا یارمەتیی ئەوەمان دەدات کە پەی ببەین بە(بوون)مان... جا لەبەر ئەوە ئەوەندەی ژیان بەوە دەپێورێ کە زوو بەزوو هەستی زیندووانە بەخۆمان بکەین کە (زیندوو)ین ئەوەندە ناپێورێ بەدرێژایی تەمەن کە ئەوەندە ڕۆژە ژیاوین!...

## مرۆڤ بەندەیە

مرۆڤی شارستانییش هەر لە دایکبوونییەوە تا دەمرێ بە(بەندەیی)یەوە دەژی... لە تافی منداڵییدا بەندەی جلوبەرگە تەنگ و تەسکەکانیەتی کە لەوانەن هەناسەی سوار بکەن!... کە دەیشمرێ لەناو گۆڕە تەنگ و تەسکەکەیدا دەمێنێتەوە... بەدرێژایی ژیانی خۆیشی لە چنگی کۆت و زنجیری کۆمەڵایەتییەکەمان و یاسا سەختەکانی ڕزگاری نابێ... ئەگەر سەرنج لە سروشت بدەین و شێوەی کارکردنی تەماشا بکەین دەبینین: منداڵ بەهەزار شتەوە خەریک دەکات، تا لە پەلوپۆ دەکەوێ... لە ژیانی منداڵیشدا هەموو جۆرە گیروگرفتێک دەڕوێنێ. فێری دەکات لە واتای (ئازار) و (خەفەت) تێبگات ڕایشیدەهێنێ بەسەختییەوە کە زۆری پێ ناچێ لە ژیانی دواڕۆژیدا تووشی دەبێ!... (سەرگەردانی)ی منداڵیش لەوەوە پەیدا دەبێ کە (کز) و (بێ دەسەڵات)ە، کزی و بێ دەسەڵاتییش بنچینەی هەموو خراپەیەکن. کەواتە تا دەتوانیت منداڵەکەت لە هەموو ڕوویەکەوە بەهێز بکە. تا ببێتە (پیاو)ێکی باش و بەکەڵک!... جا ئەگەر بۆمان بلوایە هەر شتێکمان ئارەزوو بکردایە بۆمان بکرایە ئیتر هیچ کارێکی خراپمان نەدەکرد، هیچ



فرمانێکی ناشایستەمان لە دەست نەدەوەشایەوە!... لەناو هەموو کردەوە و ڕەوشتەکانی (خودا)یشدا کە زاڵە بەسەر هەموو شتێکدا و دەتوانێ هەموو کارێکیش بکات (دڵ چاکی) لە هەموویان زۆرتر پێوەی دیارە. بەو شێوەیەیش کە دێتە بەرچاومان لە هەموو کردەوەکانی تری زۆرتر خۆی دەگرێ و زۆرتریش ڕەگی داکوتاوە!.

## یاریکردن بەئاگر

کە شاگردەکەم (ئیمیل) خۆی خەریک دەکات بەیاری و گەمەیەکەوە نامەوێ بەربەستی بکەم لە ئازاردانی خۆی... بەپێچەوانەوە لەوە دڵتەنگ دەبم و ڕقم هەڵدەستێ کە هەرگیز خۆی ئازار نەدات... چونکە بەو ڕەنگە کە گەورە بوو ئاشنا نابێ بە(ئازار)ەوە ئازاریش ئاشنا نابێ بەوەوە هیچ کامێکیشیان لەگەڵ ئەویتردا ڕانایێ... کەچی ڕاستییەکەی ئەوەتا بەرگەگرتنی ئازار و خۆ ڕاهێنان بەئازارەوە یەکەم (وانا)ی هەرە بەکەڵکە پێویستە فێری بێ... لەجیاتیی ئەمەی منداڵەکەت لە ژوورێکی کپ و بێ دەنگ و بێ بادا بهێڵێتەوە کە بۆ ئەو بەچەشنی (بەندیخانە)یە هەموو ڕۆژێک بیبەرە دەشت لێی بگەڕێ بام بەئارەزووی خۆی ببزوێتەوە بام هەڵپەڕێ بام بکەوێ و هەڵبسێتەوە بام جارێکی تریش بکەوێتەوە!... جا هەرچەند زۆرتر بکەوێ ئەو ڕۆژەی زۆرتر لێ نزیک دەبێتەوە کە فێر بێ چۆن لەپاش (کەوتن) (ڕاست ببێتەوە) کە چۆن خۆیشی لە (کەوتن) بپارێزێ!.

## بێ دەسەڵاتی بەپێی کەس دەگۆڕێ

کە دەڵێین: (مرۆڤ کز و بێ دەسەڵاتە) مەبەسمان چییە؟... وشەی (بێ دەسەڵات) لە واتا و مەبەس پێشاندانیدا بەندە بەو کەسەوە کە پێی دەگوترێ: (بێ دەسەڵات)... هەرچی جرۆجانەوەر یاخود کرمێک هێزی لەوەندە زۆرتر بێ کە پێویستی پێی هەیە بەجرۆجانەوەر یاخود بەکرمێکی (بەهێز) دادەنرێ... هەر فیل یاخود شێر، یان سەرکردەی داگیرکەر یان پاڵەوان، تەنانەت ئەو خودایەیش کە (پێویستی)یەکانی لە (هێز)ی زۆرترین بە(کز) و (بێ دەسەڵات) دادەنرێ!...

ئەو کەسەیش کە (ئازاد)ی تەواو بێ تەنیا ئەوەندە ئارەزووی شت دەکات کە لە تواناییدا ببێ بیکات هەرچییەکیش ئارەزوو بکات بیکات ئەمە بیروباوەڕی بنچینەیی منە تۆیش لەگەڵ منداڵەکەتدا بەکاری بهێنە ئەوساکە بۆت دەردەکەوێ: هەرچی دەستوورێکی پەروەردەکردن هەیە لەم سەرچاوەیەوە پەیدا دەبێ.

منداڵەکەی خۆت وا فێر بکە کە پشت بەکەس نەبەسێ پشت بە(شتومەک) ببەستێ و هیچی تر بەڵام ئەویش لە کاتی (پێویستی)دا لێی بگەڕێ بام ئارەزووەکانی تووشی بەرهەڵستی کەرەستەیی بێن، یاخود بەرهەڵستی لەش بێن. یان تووشی ئەو سزایە ببێت کە لە ئەنجامی کردەوە و کاری خۆیەوە پێی دەگات... جا ئەگەر تۆ هاتوو ئەم کارەساتانە جارێکی تر دووبارە بوونەوە منداڵەکە ئەو (وانا)یەی بیر دەکەوێتەوە کە لە یەکەم جاریدا وەریگرتووە!.

## خۆپاراستن یاخود خۆ چاککردنەوە

تۆیش هەر لەسەر ئەو ڕێگایە بڕۆ کە نەهێڵێت هەڵە یاخود خراپەی مەکە لە هەڵەکردن. پێیشی مەڵێ لە دەست بووەشێتەوە. بەڵام بێ بەشی ئەو هەڵەیە مەکە!... مەبەسیش لەمە ئەوەیە کە (تاقیکردنەوە) جێگای (یاسا) بگرێتەوە، لەوەدا کە دەتەوێ لە شتێکی دوور بخەیتەوە کە بۆ مرۆڤ نەشێ بیکات... نابێ منداڵەکەت هەرچی ویست دەستی بکەوێ دەبێ ئەوەندەی دەست بکەوێ کە (پێویستی)ی پێی هەیە... بەو ناوەیشەوە نابێ کار بکات و بجووڵێتەوە کە کوێرانە ملکەچی دەنوێنێ دەبێ بەو ناوەوە کار بکات کە بەپێویستی دەزانێ بکرێ. ئەم وشانەیش لە فەرهەنگی منداڵەکەت دوور بخەرەوە: (گوێ دێری) و (ملکەچی) (فەرمان) و (فرمانی سەرشان) و (ئۆباڵی ئەستۆوە)... کە وات ڕاهێنا منداڵەکە پیاوێکی بەئارام و لەسەرخۆ و، خۆشەویستی یاسا دەردەچێ... هەروەها دەبێتە (گوێگر) و (ملکەچ)ێک بۆ تۆ، دەتوانی بەئاسانی کێشی بکەیت بێ ئەمەی داوای ملکەچیی لێ بکەیت و، وەک (فرمانێکی نەنگەویست) ئەو ملکەچییەی بەسەردا بدەیت!... تەنانەت ئەگەر ئەوەندەیشی دەست نەکەوێت کە لێتی دەخوازێت، واز لە ملکەچی و گوێ دێریی خۆی ناهێنێت!. چونکە سروشتی مرۆڤ وایە: هەرچی سروشتی کاروبار و کارەسات دەیدا بەسەریدا بەئارام و سنگێکی فراوانەوە جێبەجێی دەکات. بەڵام کە مرۆڤێکی تر فەرمانی بەسەردا بدات حەز ناکات ئەو فرمانانە جێبەجێ بکات!.



## چاکەیە لە کانگای دەروونی مرۆڤدا بنجی بەستووە، نەک خراپە

ئەمەیش بخەرە پێش چاوی خۆت کە ئارەزووەکانی سەرەتایی کە سروشت دەیانخاتە دڵی مرۆڤەوە هەمووەدەم ڕاست و دروستن، ئەمەیش دەستوورێکە تەواو هیچ گومانێکی تێ نابڕێ... چونکە لە دڵی هیچ کەسێکدا هەڵە و گوناهی وا نییە کە بنجی دابەستبێ... لە ڕاستیدا هەموو هەڵە و گوناهێک هۆی خۆی هەیە سەرچاوەی دەرەوەی خۆی هەیە کە دەتوانرێ بدۆزرێتەوە... جا لەبەر ئەوە پێویستە (پەروەردەکردنی منداڵ) لە ساڵەکانی سەرەتای تەمەنیدا لەسەر ئەو بنچینەیە بێ کە ڕاستە و ڕاست فێری کردەوەی چاک و ڕاستگۆیی نەکرێ هەر ئەوەندەی بەسە کە دڵی منداڵەکە و دەروونی منداڵەکە لە کردەوەی خراپ و بەدخوویی بپارێزرێ! یاخود بەواتایەکی تر: خۆت بەوەوە ماندوو مەکە کە چاکە لەناو دەروونی منداڵەکەدا بروێنی چونکە (چاکی) هەر لە خۆیەوە لە سروشت و هەستی منداڵدا هەیە و بنج بەستیش بووە، تۆ هەر ئەوەندە بەتەنگەوە بە کە دەروونە پاک و خاوێنەکەی منداڵەکە لەو خراپانە بپارێزیت کە لە دەرەوە بۆی دێن!... تەنیا وانایەک کە پێویست بێ بەمنداڵ بگوترێ یاخود بەهەموو کەسێک بگوترێ، لە هەموو تافێکی تەمەنیدا، ئەوەیە کە پێی بڵێیت: (نەکەیت ئازاری کەس بدەیت!) چونکە کردنی چاکە خۆیشی ئەگەر بێتو لەسەر ئەم وانایە نەڕوات بەچاکەکردنێکی بێ فەڕ یاخود پێچەوانە، یان پڕ تەنگوچەڵەمە دادەنرێ... ئاخۆ کەسی وا هەیە کە هەرگیز چاکە نەکات؟... نەء. کەسی وا نییە... لە ڕاستیدا هەموو کەسێک چ پیاوی چاک بێ چ پیاوی خراپ تا ئەندازەیەک چاکە دەکات... بەڵام جاری وا هەیە ئەو چاکەیەی ئەم پیاوە دەیکات یاخود ئەو پیاوە مرۆڤێک دەخاتە کامەرانییەوە بەڵام بەهۆی ئەو چاکەیەوە سەد کەس سەرگەردان دەبێ... جا هەرچی خراپەیەک هەیە لەمەوە ڕوودەدات!.

## هەڵبژاردنی ئەو زانیارییانەی بەمنداڵ دەگوترێن

ئەو زانیارییانەیش کە فێری کوڕەکەتی دەکەیت پێویستە زۆر بەوردی هەڵیان ببژێریت... چونکە زیرەکیی مرۆڤ تا ئەندازەیەکە لەوە تێناپەڕێت هیچ کەسێکیش نییە کە بتوانێ هەرچی زانیارییەک هەیە لە جیهاندا بیخاتە مێشکییەوە تەنانەت کەسی وایش نییە کە بتوانێ ئەو زانیارییانەی کە بڵاو بوونەتەوە بەناو مێشکی کەسانی تردا وەریانبگرێ!... جا چونکە هەموو بیروباوەڕێکی هیچوپووچ لە بەرامبەریدا ڕاستییەکی تەواو هەیە کەواتە ڕاستییەکان ئەوەندە زۆرن لە ژمارە نایەن هەروەها بیروباوەڕی پڕوپووچیش ئەوەندەی ئەو

ڕاستییانە زۆرن!... کەواتە پێویستە ئەوەی فێری منداڵانی دەکەین هەڵبژاردە و پوختە بن جا لەم ڕووەوە ئەوی لەپێش هەموو شتێکدا پێویست بێ ئەوەیە کە فڕی بەسەر دڵ خۆشکردنی پیاوەوە هەبێ لە ژیانیدا هەروەها ئەوەیە کە چاکە و کەڵک و خۆشگوزەرانیی پێک بهێنێ ئەو زانیارییانەیش کە هەر لەم بابەتەوە دەدوێن ئەمەندە فراوانن و لکیان لێ بۆتەوە هەڵدەگرن پیاوی تێگەیشتوو بەوردی تێیان بگات و لێیان بکۆڵێتەوە دەهەر لەبەرئەمەیە کە ئەو منداڵەی بمانەوێ ببێ بەپیاوێکی تێگەیشتوو پێویستە شتی وەهای فێر بکەین کە هەر زانیاری بێ!... کەواتە هەمووەدەم ئەم ڕاستییەت لەبیردا بێ: کە زانینی ئەوەندەی هەڵەکردن زیان نابەخشێ. لە ڕاستیدا ئێمە کە ڕێ ون دەکەین هەر لەبەر ئەوە نییە کە نەشارەزاین زۆرتر لەبەر ئەوە ونی دەکەین کە یەجگار پشت ئەستوورین بەخۆمان کەواتە بام لە هەست پێ کردنمانەوە بیروباوەڕەکانی خۆمان دەست بخەین، لە ڕاستیدا ئەمە ڕاستترین ڕێگایە بۆ ئەوەی بیروباوەڕی دوست پێک بهێنین بام هەر ئەندامانی هەست پێ کردنمان بکەینە ڕابەر بۆ پەی بردنە سەرەتاییەکانمان!... هیچ نووسراوێک نییە کە لە سروشت ڕاستتر بێ هیچ خوێندنێکیش نییە کە لە زانینی ڕاستی بەکەڵکتر بێ!... کەواتە شاگردەکەت فێر بکە: بەچاوی خۆی دیمەن و ڕووکەش و کارەساتی سروشت ببینێ و سەرنجی لێ بدات ئەگەر چاوی کەوت بەگژوگیایەک دەڕوێ پەلە مەکە: زوو ڕازی گەشەکردنەکەی تێ بگەیێنیت و سەرچڵیی دامرکێنێتەوە مەهێڵە شتێک بزانێ بەهۆی تۆوە وای لێ بکە: وا بزانێ بەسایەی خۆیەوە و هەر لە خۆیەوە ئەو شتەی زانیوە... چونکە ئەگەر هاتوو هۆشی خۆت خستە جێی هۆشی ئەو بێ گومان ڕۆژێکی وا دێ کە هۆشی منداڵەکە لە بیرکردنەوە بکەوێ ئەوساکەیش هەروەک یارییەکی منداڵانەی لێ دێ، یاخود وەک تووتییەکی لێ دێ کە بەبیروباوەڕی کەسانی ترەوە ناز بکات!.

## هەڵەکانی بۆ ڕاست مەکەرەوە

هەر کاتێ کوڕەکەت یاخود شاگردەکەت هەڵەی کرد هەڵەکەی بۆ ڕاست مەکەرەوە جێی بهێڵە بۆ خۆی. لە دەمت نەیێتە دەرێ تا خۆی بەهەڵەکردنەکەی خۆی دەزانێ و ڕاستی دەکاتەوە!. یاخود ئەگەر هەر ویستیشت شتێکی بۆ بکەیت لەوەندە زۆرتری بۆ مەکە کە لە یەکەم هەلدا شتی وەهای بۆ بهێنیتە پێشەوە کە یارمەتیی بدات زوو لە هەڵەکانی خۆی تێبگات... چونکە ئەگەر هەڵە نەکات هیچ فێر نابێ!... دەستووری هەرە گەورەی شێوەی پەروەردەکردنەکەی منیش ئەمەتا: مێشکی منداڵەکە بەبابەتی زۆر و زانیاریی زۆر پڕ



مەکە!. تەنیا بابەت و زانیاریی پێویستی فێر بکەیت بەسیەتی بەڵام وریا بە ماوەی ئەوەی نەدەیت: بیروباوەڕی پەشۆکاو و بێ سنوور لە مێشکیدا دروست ببێ... ئەوە زیان بەمن ناگەیێنێ کە لە بابەت شتێکەوە هیچ نەزانێ ئەمە چاکترە لەوەی کە هەڵەی تێدا بکات. من هەر ئەوەندەم دەوێ لە شارەزاکردنیدا هەندێ ڕاستی: کە بیپارێزم لەو هەڵانەی کە تێیان بکەوێ.

## بەکەڵکترین شت ئەوەیە کە خۆی خۆی فێر بکات

ئەوە لەسەر تۆ نییە کە منداڵەکەت فێری هەموو جۆرە زانستێک بکەیت تۆ هەر ئەوەندەت لەسەرە کە فێری ئەو ڕێگایەی بکەیت کە چۆن چێژکەی ئەو زانیارییانە بکات. کە چۆن تێیان بگات و چۆن لێیان بکۆڵێتەوە ئەوەیش لەو کاتەدا کە دەستی تێگەیشتنی هەبێ... ئەمەیش دەستوورێکی بنچینەیییە بۆ هەموو پەروەردەکردنێکی دروست، هیچ گومان لەوەیشدا نییە کە ئەو بیروباوەڕانەی مرۆڤ خۆی فێریان دەبێ و خۆی دەست خۆی دەخات زۆرتر لە مێشکیدا جێگیر دەبن و، باشتر تێیان دەگات لەو بیروباوەڕانەی کە کەسانی تر فێری دەکەن!... چونکە مرۆڤ ئەوەی پێ خۆشترە کە بەهۆی تێکۆشینی خۆیەوە شت بدۆزێتەوە و بێجگە لەوە بەجۆرێکی تێکڕایی هۆشیشمان ڕاست دەبێتەوە لە ملکەچکردنی کوێرانە بۆ ئەو دەسەڵاتەی کە بەزۆر بیروباوەڕی خۆیمان بەسەردا دەچەسپێنێ! کەواتە مامۆستا ڕاستەقینەکانمان ئەمانەن: (تاقیکردنەوەکان) (تاسە و تەزووەکان) (دڵ هاتنە جۆشەکان)... مرۆڤیش لەژێر سێبەری باری تایبەتیی خۆیدا نەبێ هیچی وا فێر نابێ کە بەکەڵکی بێ و لەگەڵیدا ڕێک بکەوێ... جا هەر ڕۆژێک توانیمان شاگردەکەی خۆمان وا لێ بکەین کە واتای وشەی (بەکەڵک) تێ بگات ئێمە هۆیەکی تازەمان دەست دەکەوێ کە بتوانین بیخەینە ژێر چنگی خۆمانەوە... لە ڕاستیدا پێویستە ئەم پرسە کە دەڵێ: (کەڵکی ئەم شتە چییە؟... بەکاری چی دێ؟...) بیکەین بەواتە و نیشانێکی پیرۆز کە مامۆستایش و شاگردیش هەموو کردەوەیەکی خۆیانی لە ژیاندا پێ تاقی بکەنەوە!.

## بام پەروەردەکار ببێ بەنموونەیەک بۆ شاگردەکەی خۆی

هەر بەخێوکەرێک لە پەروەردەکردنی شاگردەکەی خۆیدا قسە زۆر بەکار بهێنێ و لە ئەندازەی تێپەڕ بکات هەڵە دەکات. لە ڕاستیدا ئێمە یەجگار دەمەوەری دەکەین یەجگار لێکدانەوە و ڕۆشنکردنەوە بەکار دەهێنین بەزمان. کەچی هەست بەوە ناکەین کە منداڵان و

کوڕان لاسایی کردەوەکانمان دەکەنەوە نەک قسەکانمان. ئەوانە دەیانەوێ چەشنی ئێمە بجوولێنەوە یەکێک بن وەک ئێمە بەڵام گوێ نادەنە قسەکانمان. ئەگەر گوێیشیان لە قسەکانمان گرت زۆر لەبیریاندا نامێنێتەوە... خۆیشم ئەوەم پێ خۆش نییە کە شاگردەکەم لەسەر نووسراو فێری خوێندن بکەم... چونکە نووسراو فێری ئەوەمان دەکات: لە شتی وا بدوێین کە لە ڕاستی و ڕووداودا هیچیان لێ نەزانین... خۆ ئەگەر پرسیاریشم لێ بکەیت کە چاکترین نووسراو کامەتا کە ژیان وەک خۆی هەیە، فێری شاگردی بکات واتا وەک خودا دروستی کردووە؟ منیش وەرامت وا دەدەمەوە کە ئەو نووسراوە هەرە چاکە لە نووسراوەکانی (ئەرەستوو) یاخود ڕاستی پەرستەکانی تر نییە!... ئەو نووسراوە ناوی (ڕۆبنسن کرۆزۆ)یە...[1] چونکە ئەم نووسراوە ئەوەمان پێشان دەدات: کە مرۆڤێک چۆن دەژی بەتەنیا لەناو دوورگەیەکی چۆڵوهۆڵدا کە کەسی تێدا نەبێ تەنیا گیانلەبەر و گژوگیای تێدا بێ!... کە چۆن دەژی لەسەر سروشتی خۆی؟... هەروەها ئەوەمان پێشان دەدات کە مرۆڤ چۆن بەسەر کەرەستەکانی سروشتدا زاڵ دەبێ چۆن ڕایان دەهێنێ بە ئارەزووی خۆی چۆن دەیان - چەوسێنێتەوە بۆ کەڵک و چاکەی خۆی... کە ئەمانە هەموویان ئاسۆی بیرکردنەوە لە پیشەسازی و شت داهێناندا منداڵ دەکەنەوە... پێویستە ئامانجی هەرە گرنگت لە پەروەردەکردنی شاگردەکەتدا ئەوە بێ هەرچی بیرکردنەوەیەک هەبێ لە بابەت ئاشنایەتیی کۆمەڵایەتییەوە و منداڵ ناتوانێ تێی بگات لە ئاسۆی بیرکردنەوەی ئەوی دوور بخەیتەوە... بەڵام هەردەمێ کارەسات هاتە پێشەوە و زانیارییەکانی منداڵەکە گەشەیان کرد و گۆڕران بەجۆرێکی وا کە ناچارت بکەن ئەوەیان تێبگەیێنی کە چۆن مرۆڤەکان هەندێکیان پشت بەهەندێکیان دەبەستن و چۆن یارمەتیی یەکتر دەدەن لە بابەت گەلێ ڕووی ژیانەوە، هەر خەمی ئەوەت نەبێ کە ڕووی ڕەوشتی یاخود ڕووی وێژەیی لەناو ڕووەکانی ئەو یارمەتیدانەدا بۆ منداڵەکە دەربخەیت چاکتر ئەوەیە کە لەوێوە دەست پێ بکەیت کە لەپێش هەموو شتێکدا ڕووی وەربگێڕیت بۆ کەڵک و چاکەی یارمەتیدان لە کۆڕی پەرەپێدان و گەشەپێکردنی پیشەسازییەکان و هونەرەکانی میکانیکدا... کە مرۆڤ وا لێ دەکات ببێتە (پیاوێکی بەکەڵک) بۆ براکانی خۆی لە مرۆڤایەتیدا!.

(١) ڕۆبنسن کرۆزی: ڕۆمانێکی ئینگلیزی دانیال دیڤۆیە - ١٧١٩، دەربارەی ڕووداوەکانی (ڕۆبنسن) کە گێژاوێک دەیخاتە ناو دوورگەیەکی دوورە دەستی چۆڵەوە، بەڵام لەگەڵ (جومعە)ی خزمەتکاریدا بە بەختەوەری تیایدا دەژین، دوور لە دنیا.



## تەماشاکردنی مرۆڤ و نرخە ڕاستەقینەکانی شتومەک

هەروەک سەرنج دەدرێ زۆربەی کەسان بەچاوێکی واوە سەیری هونەرە جوێ جوێکان دەکەن و پێیەوە ڕاهاتوون کە کاتێ دێنە سەر ڕیزکردنیان بەپێی ئەندازەی چاکی و بەکەڵکی و گرنگییان هونەرە بێ بەرەکان لە سەرووی ڕستەکەوە دادەنێن هونەرە بەکەڵکەکانیش لە دامێنی ڕستەکەوە دادەنێن!... تۆیش ئەگەر بێتو شاگردەکەی خۆت بخەیتە سەر ئەوەی کە باوەڕ بەم پێشبینییە پڕوپووچانە بکات یاخود لە بەکارهێنانی ئەو پێشبینییانەدا هاوبەش بیت لەگەڵیدا بەهەڵەدا دەچیت... ئەگەرهاتوو ڕێزی گەوهەرفرۆشت لە کۆگا ناوازەکەیدا زۆر گرت لە هی ئاسنگەر یاخود کلیل و کڵۆم دروستکەر لە دووکانە پنتییەکەیاندا. ئەنجامی سروشتیی ئەو ڕەوشتەت بەوە دەگات کە منداڵەکە گەورە بوو بیرکردنەوەی هەڵە لەناو مێشکیدا جێگیر ببێ لە بابەت نرخی هەموو شتێکەوە... منداڵەکە وای لێ دێ کە ڕێز لەو شتانە بگرێت کە نرخیان گرانە و کەڵکیان کەمە ڕێز لەو شتانەیش نەگرێت کە نرخیان هەرزانە و کەڵکیان زۆرە!... جا هەر کاتێ ئەم جۆرە سەیرکردنە لە مێشکی منداڵەکەدا بنج بەست بوو هەرچی ڕەنجێکت داوە لە پێناو بەخێوکردنیدا لە شێوەیەکی ڕاست و دروستدا بەبا دەچێ!... بەکورتی هەتا هونەرەکە بەکەڵک بێ و پێویست بێ مرۆڤ لەسەری پێویستە ڕێزی لێ بگرێ و چەندیش هەڵدەگرێ نرخی خۆی بداتێ... منیش لە سەرووی ڕستەی هونەرە بەکەڵکەکانەوە (هونەری کشتوکاڵ) دادەنێم کە لە هەموو هونەرەکانی تر کۆنترە!... دوای ئەویش هونەری (کان هەڵکەندن) و پیشەسازییەکانی سەر بەکانەکان دادەنێم... دوای ئەویش (هونەری بازرگانی) دادەنێم... تا هەموو ڕستەکە تەواو دەکەم... جا پێویستە شاگردەکە وا فێر بکرێ کە لەم چاوەوە سەیری هونەرەکان بکات واتا بەپێی ئەم ڕستەیە نرخیان بداتێ... نەک ماوەی ئەوە بدرێ کە بیرە هیچوپووچەکان کاری خراپ لە سەرنجدان و سەیرکردنەکانی بکەن... ئا لەم کۆڕەدا (ئیمیل)ی شاگردم دەتوانێ بابەتێکی[1] زۆر و بەکەڵک لە نووسراوی (ڕۆبنسن کرۆزۆ) وەربگرێ!.

(١) یان ڕاستتر: پەند و وانەیەکی زۆر بەکەڵک لە...

## پیاوی بێ کار دزە

پێویستە ئەم بیروباوەڕەیش بخەیتە مێشکی شاگردەکەتەوە کە هەموو کەسێک پێویستە بژی... بەڵام نابێ دەست لە مافی کەسانی تر بدات.

هەر کەسێ لە چۆڵەوانی و تەنیاییدا بژی و دوور بێ لە سنووری کۆمەڵایەتییەوە هەرچییەکی پێ خۆش بێ دەتوانێ بیکات و دەستیاوی هیچ کەسێکیشی بەسەرەوە نابێ!... بەڵام ئەو کەسەی لەناو کۆمەڵایەتییەکدا[1] بژی لەسەری پێویستە: (ئەرکی ژیانی خۆی نەخاتە سەر کەسانی تر). بەواتایەکی تر پێویستە بۆ ئەو کۆمەڵایەتییە فرمانێکی وا بکات کە نرخەکەی بگاتە نرخی ئەو چاودێریکردنەی کە لە کۆمەڵایەتییەوە پێی دەگات... چونکە مرۆڤ کە کەوتە ناو کۆمەڵایەتییەوە نابێ بێ کار و فرمان بمێنێتەوە. پێویستە کار و فرمان بکات هەر کەسێکیش مان بگرێت لە فرمانکردن بەدز دادەنرێت. چونکە دەبێتە بارێک بەسەر ئەو کۆمەڵایەتییەوە کە تێیدا دەژی!...

پێویستە (ئیمیل)ی شاگردم فێری پیشەیەک بکەم... ڕەنگە تۆیش لەم بابەتەوە قسەیەک بکەیت و پێم بڵێیت: (پێویستە پیشەیەکی پاک و خاوێنی بۆ هەڵبژێریت!)... بەڵام مەبەست چییە لە وشەی (پاک و خاوێن)؟... بۆچ هەر پیشەیەک بەکەڵک بێت پاک و خاوێن نییە؟... سەربەرزانە نییە؟... من شاگردەکەم ناکەم بە وەستای ئاوریشم دورو و نەخش و نیگار لەسەر پەڵاس بچنێ... هەروەها نایشیکەم بە وەستای نەخش و نیگاری لە زێڕ دروست کراو... یان بەوەستای بریسک و هووردان بەشتومەک... وەک شاگردەکەی ڕاستی پەرست (لۆک)ی[2] لێ ناکەم... هەروەها نایکەم بە ساز و ئاوازلێدەر یاخود بە لاساییکەرەوە یان بە نووسراو دانەر... بەڵام من ئەوەم پێ باشترە کە ببێ بەپینەچی نەک بەبوێژ!... ئەوەم پێ خۆشترە کە ببێ بەگەسکلێدەری کۆڵانان نەک ببێ بەنیگار دروستکەرێک و وێنەی گوڵ بکێشێ لەسەر چینی!... ڕەنگە تۆیش قسەکەم پێ ببڕیت و بڵێیت:

(بەڵام ئایا پیشەی باڵبازەکان و ڕازدز (جاسوس)ەکان و کەللەپەڕێنەکانی

---

(١) لەناو کۆمەڵێکدا بژی...

(٢) جۆن لۆک ١٦٣٢ - ١٧٠٤: فەیلەسوفێکی ئینگلیزی بوو، بەلێبووردەیی و بیروڕا پێشکەوتووەکانیەوە دەناسرا، دەیوت: هەڵبژاردن سەرچاوەی هەموو زانیارییەکە، ڕێبازی (بیر و بۆچوونە کاتییەکان)ی ڕەت دەکردەوە. کتێبێکی هەیە بەناوی: هەوڵدانێ بۆ تێگەیشتنی بەشەر.



فەرمانڕەوایی، پیشەی بەکەڵکن؟... ئایا دەتەوێ شاگردەکەی خۆت بکەیت بەیەکێک لەوانە؟...).

منیش وەهات وەرام دەدەمەوە: کە (کۆمەڵایەتییەکی دروست و تەواو پێویستیی بەهیچ پیشەیەک لەو پیشانە نییە پێویستیی بەهیچ خاوەن پیشەیەک لەو خاوەن پیشانە نییە!...).

## لەدوای هۆش دڵ دەبێ پەروەردە بکرێ

تا ئێستا خەریکی (ئیمیل) بووین بیکەین بەپیاوێکی ژیر و تێگەیشتوو خاوەن بیر... ماوەتەوە سەر ئەوەی بیکەین بەمرۆڤێکی دڵ پڕ لە خۆشەویستی و دڵنەرم کە بەهەستەکانی خۆی پەی پێ بردنەکانی خۆی تەواو بکات... بەڵام پێش ئەمەی خۆمان بگەیێنینە ئەم پلە تازەیە لە پلەکانی پەروەردەکردنیدا پێویستە سەرنجێک بدەین لە هەنگاوی پێشوومان کە ناومانە. مەبەس لەمەیش ئەوەیە کە بزانین لە کوێ بوەستین و تا کوێ گەیشتووین... (ئیمیل) تا ئێستا فێری کەمێک زانیاری بووە. بەڵام ئەوەی فێری بووە خۆی فێری بووە کەس فێری نەکردووە زانیاریی خۆیەتی هی کەسی تر نییە!... (ئیمیل) زانیاریی کەم و ناتەواو ناخاتە مێشکی خۆیەوە... ئەو زانیارییە کەمەی کە دەیزانی... بەتەواوی دەیزانێ... ئەو بیروباوەڕەیش کە دەبێ لەم ڕووەوە لە مێشکیدا بنچ بەست ببێ ئەوەیە کە زۆر شت هەن ئیمرۆ نایانزانێ. بەڵام ڕۆژێک دێ هەموویان بزانێ زۆر شتی تریش هەن کەسانی تر دەیانزانن بەڵام ئەو هەرگیز نایانزانێ!. دوایی شتانی وایش هەن کە لە ژمارە نایەن نە ئەو دەتوانێ بیانزانێ نە کەسانی تریش دەتوانن بیانزانن نە ئیمرۆ نە سبەینێ نە هیچ دەمێک!.

## ئەو ڕاستیی لە هەموو شتێک خۆشتر دەوێ

شاگردەکەم (ئیمیل) ئاسۆی فراوانە. بیرکردنەوەیەکی زۆری هەیە ئەمیش لەوەوە نییە کە زانیاری و شارەزایی زۆر فێر کراوە تەنیا لەوەوەیە کە توانایی ئەوەی هەیە: لە کاتی خۆیدا چ جۆرە زانیاری و زانستێکی پێویست بێ وەدەستی بخات... (ئیمیل) زیرەکە ڕاست و ڕەوان قسە دەکات پێچوپەنای نییە ئامادەیە بۆ بەرامبەریکردنی هەموو کارساتێک کە ڕوو بدات... منیش هەر ئەوەندەم لێی دەوێ کە (هۆیەکان)ی بیروباوەڕەکانی خۆی و (مەبەسەکان)ی کردەوە و کارەکانی خۆی بزانێ... چونکە ئامانجی

من لە پەروەردەکردنیدا ئەوە نییە کە کەللەی پڕ بکەم لە زانیاری. ئامانجی من ئەوەیە: بیخەمە سەر ئەو ڕێگایەی کە هەر کاتێ پێویستیی بەو زانیارییانە بوو بتوانێ دەمودەست وەدەستیان بخات... ئامانجی دووەمیشم ئەوەیە: فێری ئەوەی بکەم کە ئەو زانیارییانە چۆن بکێشێ و هەڵبسەنگێنێ و هەریەکەیشیان نرخی ڕاستەقینەی خۆی بداتێ... دوایی فێری ئەوەیشی بکەم کە ڕاستی لە هەموو شتێک خۆشتر بوێ!...

(ئیمیل) لاوێکی کارگوزار و داوێن پاک و بەئارام و لەسەرخۆ و ئازایە... جا چونکە ئەندێشەکەی هێشتا لە (خەو) دایە ئەوە نازانێ شت بهێنێتە بەرچاوی خۆی و بیری بێ ئەندازەی ببێ لە بابەت مەترسی و تەنگوچەڵەمەکانەوە... ئەوەیش دەزانێ کە بەبێ دەنگی ئارام بگرێ لە کاتی ئەو نەخۆشییە کەمانەدا کە تووشی دەبن. هۆی ئەمەیش ئەوەیە کە هێشتا فێری ئەوە نەبووە کە چۆن لە چارەنووس ڕاست ببێتەوە و بچێ بەگژیدا!

هەرچی مـــردنیـــشـــە هەر نازانێ واتای چیـــیـــە... بەڵام لەبەر ئەوەی کـــە ڕاهاتووە بەملکەچییەوە بۆ (یاسای پێویستی) و نایەوێ بەرەنگاری ببێ هەر ڕۆژێک مرد بێ ئاخ و ئۆف دەمرێ لەقەفرتێی بۆ ناکات... ئەمەیش ئەوپەڕی توانایییمانە کە لە سروشتی داوا بکەین لەو کاتی گیانەڵاییەدا، کە هەموومان بەزەیییمان بەخۆماندا دێتەوە... لە ڕاستیدا شێوەی مردنی بێ هاوتا کە پێویستە فێری ببین ئەوەیە کە بەئازادییەوە بژین لە ناز و جیازی ژیان خۆمان ئازاد بکەین. لە کاروبارە هیچوپووچەکانی مرۆڤایەتییش خۆمان دوور بخەینەوە واتا ئەمەندە پوولەکی و خۆپەرست و چاوچنۆک نەبین... جا تۆ بڕوا دەکەیت کە ساڵە سەرەتایییەکانی تەمەنی منداڵێکی وەها کە گەیشتبێتە ساڵی پانزەهەم و بەمجۆرە هۆشەوە گەورە بوو بێ بەخۆڕایی لە دەست بچێ؟!.

## بەرەنگاریکردنی تاسە و تەزوو کاری خودا تێک دەدا

تاسە و تەزووەکانیشمان هۆیەکی گەورەن بۆ پاراستنی کەسایەتیمان، بۆ پاراستنی خۆمان... کەواتە هەر خەباتێک بکرێ بۆ تێکدان و لەناوبردنی ئەو تاسە و تەزووانە بەکارێکی پڕوپووچ و زڕ و بێ بەر دادەنرێ. چونکە واتای ئەو کارە ئەوەیە کە ئێمە بەرەنگاریی سروشت بکەین کە کاری خودا تێک دەدەین!...

منیش ئەوانەی کە ماوە نادەن تاسە و تەزوو لە دایک بن هەروەک ئەوانەی کە تاسە و تەزووی لە دایکبوو دەکوژن بەگەوج و تێنەگەیشتوو دادەنێم!. دووریش نییە یەکێک بڵێ: ئەگەر ئەمە ڕاست بێ کە تاسە و تەزوو هەست پێکردنێکی سروشتی بن لە مرۆڤدا ئاخۆ



ئەوە دەگەیێنێ کە هەرچی تاسە و تەزوویەکمان هەیە و هەستیان پێ دەکەین لە دەروون و دڵماندا یاخود هەستیان پێ دەکەین لە دڵ و دەروونی کەسانی تردا هەمیسان سروشتی بن؟... بام تاسە و تەزوویەکی تێکدەر و ڕووخێنەریش بن؟...

وەرامیش ئەمەیە: کە ئەو تاسە و تەزووانەی تێکدەر و ڕووخێنەرن کە دەمانکەن بە دیل و ژیانیشمان تێک دەدەن لە سەرچاوەکەی ترەوە هەڵدەقوڵێن نەک سروشت. سروشت ئەو تاسە و تەزووانە لە دڵ و دەروونی ئێمەدا دروست ناکات. بەڵام ئێمە خۆمانین کە گوێ نادەینە سروشت و هۆگریان دەبین!... شاگردەکەی خۆیشت فێری ئەوە بکە کە مرۆڤ لە سروشتی خۆیدا پاکە و چاکە و حەزیش بەچاکەکردن دەکات... جا ئەگەر بەدخوویییەکی لێ ڕووبدات و ڕەوشتی تێک بچێ ئۆباڵی بەئەستۆی کۆمەڵایەتییە نەک سروشت... منیش کە دەڵێم مرۆڤ لە باوەشی سروشتدا پەروەردە بکرێ چاکە، مەبەسم ئەوە نییە کە ئەو مرۆڤە بکەم بەپیاوێکی دەشتەکیی سەرەتایی یاخود بەدڕندەیەک کە لەناو جەنگەڵستاندا بژی... بەڵام مەبەسم ئەوەیە کە مرۆڤەکە بام لەناو کۆمەڵایەتییەکی تێکچووی پڕ لە ئاژاوەیشدا بژی بەڵام نابێ ماوە بەخۆی بدات کە چاو لە کەموکووڕیی کۆمەڵایەتییەکە و کردەوە نەنگەکـــانی بکات!... واتا نابێ چاولێکەری بکات و ئەو کـــردەوە نەنگانە و ئەو کەموکووڕییانەی لە دەست بوەشێتەوە!... بام بەچاوی خۆی سەرنج لە هەموو شتێک بدات بام بەدڵی خۆی هەست بەهەموو شتێک بکات!... شاگردە نموونەیییەکەی منیش حەز لە دەنگە دەنگ و شـــاتە شـــات و دەمـــەقـــاڵی ناکـــات نە لە ناوەند مـــرۆڤـــدا نە لە ناوەند گیانلەبەراندا... ئەم جۆرە ئارەزووی خۆپەرستی یاخود لە خۆباییبوونی تێدا نەبزواندووە هانەی نەداوە... لەبەر ئەوە هانەی ئەوەیشی نەداوە کە خۆشی لەوە ببینێ کە دەسەڵات بەسەر کەسانی تردا پەیدا بکات، یاخود بەوە دڵشاد ببێ کە کەسانی تر ببینێ لە ناڵاندن و ئازار و هاواردا بن... بەپێچەوانەی ئەوە هەرچەند کەسانی تر بە ئازارەوە دەبینێ دڵی پێیان دەسووتێ و خەفەتیان بۆ دەخوات... ئەمەیش بەهەستێکی (سروشتی) دادەنرێ لە شاگردەکەمدا، بەو ناوەوە کە ئەویش (مرۆڤ)ێکە!.

# کیژه هەرزەکارەکانمان

نووسینی: پزیشک سۆزان برۆنێه

ئەم هەڵسەنگاندنە لەلایەن مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدارەوە
سەبارەت بەگرنگی بابەتەکە نووسراوە

ئەم باسە، کە (دکتۆرە سۆزان برۆنێه) نووسیویێتی و مامۆستا شاکر فەتاح وەریگێڕاوە بۆ کوردی ڕەفتاری- بیر و ئەندیشە و هەست و کرداری سەرزاری و ژێرزاری- ئەو کیژە تازە پێگەیشتوانە پێشان دەدات، کە گەیشتوونەتە هەرەتی هەرزەکاری.

باسەکە گەلێک پڕ بایەخ و نرخە، نووسەرە سەرەتاییبیەکەی زۆر بەشارەزایی و وەستایی، بەقووڵی و فراوانی چۆتە بنج و توانستی بناوانی هۆی ڕەفتارەکانی کچە هەرزەکارەکانەوە بەشێوەیەکی زانستییانەی ساکاری ڕوون و ڕەوانی دیاریکراو، پێشانمان دەدات، کە کچۆڵان لەو دەمەی تەمەنیانا بیردەکەنەوە، دڵیان بەچییەوە خەریک دەبێت، شوێن کام خولیا دەکەون و، چۆن هەمەچەشنە خۆزگە و، تاسە و تەزووی جۆر جۆر ڕایان دەژەنن و ڕایان دەپسکێنن و ئەیانخەنە گێژاوێکی پڕ لە هەمەڕەنگە هەست و سۆز و قوڵپ و تاسەوە. پڕ لە مووچڕک و ڕاچەنین و خوتوکە و تەزووەوە... پڕ لە تاوتاوی ئاوای و، سەرسامی، حەپەسان و بێباکییەوە.

نووسەری بەنرخی بەڕێزیش مامۆستا شاکر فەتاح، زۆر بەجوانی، خۆمانە، بەهونەرمەندییەکی هەڵکەوتوانەوە، وەری گێڕاوەتە سەر کوردی، بەچابوکییانە و ڕەوانبێژییەکی بێ هاوتاییانە، بەووشەی بەئاوی پڕ بەپێستی ئەو بیروباوەڕانە، ئەوەندەی تر وتەکانی دکتۆر سۆزانی بەهادار و دڵگیرتر و کاریگەرتر کردووە.

ئێمەی کوردەواری، لەم پلەیەدا پێویستمان یەکجار زۆرە بەم جۆرە وێژەی پەروەردەییانە، کە ڕێی ژیانی ئەمرۆمان بۆ ڕوون بکەنەوە- ئەو ژیانەی، کە زۆر بەگوڕ و فراوانی لە گۆڕانێکی بێوچانی ڕۆژ بەڕۆژ دایە.

نووسینەکەی دکتور سۆزان هەرچەند بۆ ناوچەیەک و جۆرە شارستانییەکی جیاواز لە هی ئێمە نووسراوە، بەڵام لەڕووی سروشت و مرۆڤایەتی و ژیانی کۆمەڵایەتی ئەمڕۆی ئێمەوە بەدوورنییە. کچانی ئێمەش هەروەک هی ئەوان هەمان بیر و تاسە و قوڵپیان تیا دێتە جووڵە، بەڵام ماکەکەیان ڕەنگە لە هەندێک ڕووەوە بەجۆرێکی جیاوازتر دەرکەوێت.



بۆ بەرەنگاربوون و چارەسەرکردنی ئەو کارەسات و، بەسەرهات و ڕووداوانەی بەهۆیانەوە بەرپا دەبن... وە بۆ دەست پێشکەریکردن و خۆپاراستن لێیان، دەبێت بزانین چۆن بچینە بنجوبناوانی هۆیەکانیانەوە... چۆنیش بتوانین، ئەو تەوژم و قوڵپ و گیژەلووکانە بۆ دامرکاندنیانە، بەلایەکی بێ مەترسیا دەربازیان بکەین، بێ ئەوەی بهێڵین کاریکی ناپەسند بکەنە سەر ئەندیشە و دڵ و دەروون و کرداری کچەکانمان.

ئیبراهیم ئەمین باڵدار

## پێشەکی

ئەم نووسراوە نایابەی کە ئیمرۆ پێشکەشی (خوێندەوارانی کوردی) بەرێزی دەکەم، لەلایەن خاوەن لێکۆڵینەوەی فەرەنسەییەوە، (پزیشک سۆزان برۆنێه) بەزمانی فەرەنسی، لە ساڵە پەنجاییبیەکاندا[١]، وەک وتارێک لە (خوێندنگای دایک و باوک)دا، کە لە (زانکۆی سۆربۆن)ی شاری (پاریس) لە خاکی (فەرەنسە)دا دامەزرابوو، خوێندرابووەوە. نووسەری میسرییش کە ناوی (کلیم أبو سیف)ە لە گۆڤاری (کتابی) لە (قاهرە) لە میسردا کە خاوەنەکەی (حلمی مراد)ە، لە ژمارە (٤٤) و (٤٥)ی ساڵی ١٩٥٥ دا بەکورتکراوەیی پەرچڤەی کردبوو بەعەرەبی بڵاوی کردبووەوە. جێی داخە کە نووسراوە فەرەنسەی یەکەم دەست نەکەوت تا بزانم لە چ ساڵێکدا چاپکراوە.

بەڵام چونکە خاوەنی گۆڤاری (کتابی) پیشەی ئەوەبوو کورتکراوەی نووسراوەکانی جیهانیی بەعەرەبی بڵاودەکردەوە، زۆرتر بیر بۆ ئەوە دەچێ کە لە ساڵە پەنجاییبیەکاندا نووسراوە کە بەفەرەنسی بڵاوکرابێتەوە. لە ڕاستیدا ئەو (خوێندنگای دایک و باوک)ەی کە لە زانکۆی (سۆربۆن)دا دامەزرا بوو، گەلێک پسپۆڕانی تریش وتارانی تری بەنرخیان تێدابوو، بۆ دایک و باوکەکان، یاخود بۆ ئەوانەی خەریکن دەبن بەخاوەن خێزان، خۆشبەختانە منیش هەندێک لەو وتارانەم هەر لەو گۆڤارەوە، بەزمانی عەرەبی دەستکەوت و کردمن بەکوردی. لەوانە سیانیانم لە گۆڤاری (ئۆتۆنۆمی)ی سەر بە (ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان)دا کە لە شاری (هەولێر)دا دەردەچێ بڵاوکردەوە.

پەروەردەکردنی منداڵ لەدەست هەموو دایک و باوکێک نایەت. چونکە شارەزاییبیەکی

---

(١) راستتر: لە ساڵانی پەنجاکاندا.

زۆری دەوێ لە (زانست) و (هونەری پەروەردەکـردن) و (زرنگکاری)دا. هەروەها ڕەوشت و خوویەکی دادپەروەرانە و، تێکۆشانێکی بێوچانی دڵسۆزانەی دەوێ، کە پڕ بێ لە پاکی و بڵندیی و، ئارام و، دۆسـتـایەتی و، دڵـتـەڕی. لەبـەرئەوە زۆر لە زانکـۆکـانی ئەورووپا و ئەمـەریکا، (خـوێندنگا)یان کـردۆتەوە بـۆ دایک و باوکـەکـان، تا تێـیـدا فـێـری زانست و هونەری پەروەردەکردن بن و لە شێوەیەکی پاک و ڕاست و دروستدا بتوانن منداڵەکانیـان پەروەردە بکەن. جـا هەروەک لەمـەوپێش پیـشـانم دا، یەکـێـک لەو زانکـۆیانە (زانکـۆی سۆربۆن)ە کە لە شاری (پاریس) دایە، لە خاکی (فەرەنسە)دا خوێندنگایەکی لەم جۆرەی بۆ دایک و باوکەکان کردۆتەوە.

پێـویسـتـە ئەوەیش بڵـێم: هەرچەندە (کـۆمـەڵایەتیی کـوردەواری) و (کـۆمـەڵایەتیی فەڕەنسەیی) زۆر لە یەکتر جیاوازن، بەڵام ئەو گیـروگرفتـانەی (پزیشک سۆزان بڕۆنێە) لێـیـان دەدوێ و چارەیان بۆ دەدۆزێتـەوە، هەندێکیـان لە ناوچەی کـوردسـتـانیـشـدا باون، هەندێکی تریشـیـان وا خەریکن سـەرهەڵدەدەن لەناومـاندا بێـجگە لەوەیش هۆش و دڵ و دەروونی کـچـۆڵەکـانی ئێـمـەیش، بەچەشنی کـچـۆڵە فـەڕەنسـەییـیـەکان، بەبیـروهەست و تاسـەوتەزوو و جـۆشـوخـرۆش لە تەمـەنی هەرزەکـارییـاندا دێنە جـۆش. ئەوەندە هەیە لە شێوەیەکی تایبەتیی خۆمانەدا دەریاندەبڕن و دەردەکەون و ماکەکەیان بەرچاومان دەکەوێت.

لەبەرئەوە پێویستە باوک و دایکە بەڕێزەکانمان هەر لە ئێستاکەوە خۆیان ئامادە بکەن و بکەونە جـمـوجـۆڵ بۆ ئەمـەی بەشێنەیی و بەزرنگانە چارەسـەری هۆی ئەو کـارەسـات و، بەسەرهات و، ڕووداوانە بکەن کە دوورنییە بقەومێن و کچەکانیـان، ئەگەر هۆیەکانیـان نەدۆزنەوە و دەسـتـپـێشکەری نەکـەن لە چارەسـەرکـردنیـاندا پێـویسـتـە بزانن چۆن دەچنە بنجـوبناوانی هۆیەکـانی ئەو کـارەسـاتانەوە. کـە چاوەڕوان دەکـرێ بقـەومـێن. هەروەها پێویستە ئەوەیش بزانن چۆن ئەو تەووژم و جۆشوخرۆش و گێژەڵووکانە، کە دێنە ناو هۆش و دڵ و دەروونی کچەکانیانە و، بۆ دامرکاندنەوەیان، بەلایەکی بێ مەترسیدا دەرباز بکەن، بێ ئەوەی بهـێـڵـن کـارێکی ناپەسند بکەنە سـەر ئەندێشـە و دڵ و دەروون و کـرداری کچەکانیان.

ئیتر ئەمەندە و هیوادارم دایک و باوکە بەڕێزەکانمان لە خوێندنەوەی ئەم نووسراوە ناوازە و نایابە، کەڵک و فەر وەربگرن، کەڵک و و فەڕیش بەکچکانیان ببەخشن.

شاکر فتاح

خاوەنی پرۆژەی خوێندەواری کورد



## ئاگاتان لەخۆتان بێ کچەکەتان گۆڕاوە

گەلێک جار ئەم قسـەیەمان گوێ لێ دەبێ، کـە باوک و دایکەکان بەکچەکانی خۆیان دەڵێن: «کەس لە توانابیدا نییە لەم کچانە تێ بگات، ئەمانە بەتەواوەتی گۆڕاون» کەچی کە گوێمان لە کچەکانیش دەبێ، بەنیوە ملکەچی و نیوە سەرکێشییەکەوە سکاڵا لە دەست باوک و دایکەکـانی خـۆیان دەکـەن، وەرامی ئەو بۆڵەبۆڵەیان دەدەنەوە و دەڵـێن: «باوک و دایکەکانمان تێمان ناگەن»...

ئێمەیش پێی لێدەنێین کە پەیبردن بەو گۆڕانە بنچینەییەی کە لە کچەکانماندا دیاری دەدات کارێکی ئاسان نییە. ئەودەمە تەمەنیـان لە ناوەند دوانزە ساڵی و بیست ساڵی دایە.

بەڵام دەمانەوێ ئەوە بپرسین: «ئەی دایکەکان خۆیشیان لەم تەمەنەوە تێ نەپەڕیون؟... کـەواتە بۆچ ناتوانن لەم تەمـەنەدا لە کچـەکـەی خۆیان تێبگەن؟!» زۆری پێناچێ هەست بەوەیش دەکـەین کە بیرەوەری کـارێکی ئاسان نییە چونکە کارەساتی ژیان بیروهۆشی دایکەکـانی گۆڕیوە.! ئەوەندە هەیە خۆشبـەختـانە پسـپـۆڕانی وا پەیدابوون کە بەساڵان تەمەنی خۆیان بەختکردووە لە لێکۆڵینەوەی گیروگرفتەکانی هەرزەکاری و هەرزەکاراندا. لەبەرئەوە لە توانایـیـاندا هەیە کـە بەرهەمی لێکۆڵینەوە و تێگەیشـتنەکـانی خـۆیان پێشکەش بە باوک و دایکەکان بکەن...

... خانمەکـەم!... کچەکـەت لە ساوایی دەرچووە... کەواتە ناتوانیت لەسەر بنچـینەی ئەو بیرە هەڵەیەی خۆت لەگەڵیدا بجووڵێتەوە. باش تەماشای بکە... تەواو سەرنجی لێ بدە... دەموچاوی گۆڕاوە... شێوەیشی هەر گۆڕاوە... ئێوەیش باوک و دایکەکان خۆتان بەهەڵەدا دەبەن، ئەگەر وا بزانن کـە کچ پێگەیشت، پێگەیشـتنەکـەی هەر کـار لە لەشی دەکـات. لەڕاسـتـیـدا هەروەک کـار لە لەشی دەکـات، کـار لە هۆشـیـشـی دەکـات، کـار لە دڵ و دەروونیـشـی دەکـات بێـجگە لەوە، کـچـەکـە، خۆی لە پێش هەمـوو کـەسێکدا چاوی بەو گۆڕانە دەکەوێ. لەپێش هەموو کەسێکیشدا هەست بەبوونی دەکات.

باوکەکان!... دایکەکان!. تەماشایەکی بکەن. لێشی ووردببنەوە!. ئێوەیش واتان نایەتە پێش چاو کـە حەز لە تەنیـایی دەکـات؟. ئەی نایبـینن سـەری کـز کـردووە و بیـر لە خـۆی دەکاتەوەو، ئاگای لەو هەست بزووتنەوانە هەیە کە تازە لە دڵیدا پەیدابوون. هەستیان پێ دەکات و ئاگای لێیانە؟...

## خەوی هەرزەکاران

کچەکە هەتا نەگەیشتبووە تەمەنی هەرزەکاری هەتا پێ نەگەیشتبوو، بابەتی دڵخۆشکردنی خۆی هەبوو.

هەروەها بابەتی دڵتەنگبوونی خۆیشی هەبوو. بەڵام زوو بەزوو ئەوانەی لەبیر دەچووەوە. ئەو کارەساتانە هەروەک گیایەک وابوون، کە لە لەوەڕگەی منداڵیدا دەرهاتبوون. بەڵام کچەکە ئێستای لە دوێنیی ناکات. چونکە هەستی ئێستاکەی جیایە. لە هەستی منداڵیی ناکات.

سەریشی لێشێواوە هەموو ڕەنگە هەست و تەزوو، تاسەیەک بەدڵیدا دێت. تەواو بۆی ڕوون نابێتەوە کە چین. هەندێکیشیان پێچەوانەی هەندێکی تریانن. جاری وا هەیە کچەکە لە پڕ دڵتەنگ دەبێت، جاری وایش هەیە دڵخۆش دەبێ کەچی هەرچەند دەکات هۆی دڵخۆشییەکەی خۆی نازانێ!... بەڵام ئەو لە هەردوو بارەکەدا وەک یەک بەجۆش و خرۆشێکەوە دڵتەنگ دەبێ و بەجۆش و خرۆشێکیشەوە دڵخۆش دەبێ. هەردوو بارەکەیشی پێ خۆش دێ. ئەگەر بتانتوانیایە تەماشایەکی پێچوپەناکانی ژیانی دەروونیی تازەی کچەتان بکردایە، ئەگەر تەماشایەکی لاپەڕەکانی ناو دڵیتان بکردایە کە تۆمارێکی تازەی لێ پەیدا بووە، دەتانبینی چۆن هەست و تاسە و تەزوو پەیتاپەیتا بەدڵیدا دێت، کە هەریەکەیان جوێیە لەوانی تریان، ڕۆژێکیان وای لێ دێ دەکەوێتە بیرکردنەوە و خەوبینینەوە و شت دەهێنێتە پێش چاوی خۆیەوە. لە ئاسمانی ئەندێشەدا گەشتوگوزار دەکات.

دڵی خۆشە بەبیرەوەرییەکانی خۆی ڕۆژێکیش وای لێ دێ، هۆشی لەلای خۆی نامێنێ، بیرەکانی پەرشوبڵاو دەبنەوە، هیچیان ناچنەوە سەریەک خەم و پەژارەیش دڵی دادەگرێ!...

وا (جانین) بیری بەملاو بەولادا ڕۆیشتووە. ئاخۆ لەچ زرێیەکدا مەلە دەکات؟ ئاخۆ لە چ ئاسمانێکدا دەفڕێ؟ ئەو جیهانی وا دێتە پێش چاو، کە پڕە لە ژیانێکی خۆش، پڕە لە بەزموڕەزم، بۆ هەرکوێیەک ئاوڕ دەداتەوە بەجوانی دێتە پێش چاو. ئەو خۆی وا دێتە پێش چاو کە لەگەڵ کوڕێکی جوان دایە و پێکەوە سواری بەلەمێک بوون، بەناو ئاودا بێباکیشە، بەدەست و بازووە، سڵ لە کەس ناکات...

هەردووکیان لەناو تیشکی مانگەشەودا کە وەک زیو دەدرەوشێتەوە و پڕشنگ بۆ لەشیان دەهاوێژێ دەستیان کردووە بەمەلەکردن. شەپۆلەکانی ڕووبارەکە خوتوکەی ئەو



لووتکەیە دەدات کە لە ناوی دان، هەر لە خوتوکەدانی دڵێک دەکات کە بەخۆشەویستییەکەوە یاری لەگەڵ منداڵە ساواکەی خۆی دەکات!...

ئەمیش (دانیێل)ە، دەڕوات و نایشزانێت ڕوودەکاتە کوێ، دواڕۆژی خۆی لا تاریکە نازانێ چی تێدا ڕوو دەدات. بەڵام بەلای خۆیەوە پڕە لە شتی سەیر سەیر!... ئەم کچ خۆی وا دێتە پێش چاو کە لەناو ژوورێک دایە، کە بەردەکانی پەممەیی، یان بنەوشەیی، یاخود ڕەنگی گوڵەباخیان هەیە. درەنگ لە خەو هەستاوە و، لەناو جێگاکەی خۆیدا باوێشک دەدا و خۆی دەکێشێتەوە.

لەشیشی خاوبۆتەوە، بەسستییەکەوە دەجووڵێتەوە. بەڵام بەهێواشی و لەسەرخۆ لەناو پێخەفەکەی خۆی دێتە دەرەوە و دەچێتە بەر ئاوێنە، دەوەستێ!... بەڵام چی دەبینێ لەناو ئاوێنەکەدا؟.

خۆی جوان و شەنگوشۆخ دێتە پیش چاو خۆی وا دێتە بەرچاو کە وێنەکێشی هەرە گەورە، پەڕێکی چاوبەستکەرانەی گرتووە بەدەستەوە و لە لەش و ڕووی ئەودا وێنەیەکی بێ وێنە لە جوانی و شەنگوشۆخیدا دێنێتە بەرهەم!... ئاخۆ ئەم خەو و ئەندێشانە کە لەناو ئەو دڵە بچکۆلەیەدا وەک گوڵ دەپشکوێن لەناو ئەو دەروونە نەوجوانەدا کە دەگەشێنەوە چ ڕازێک پێشان دەدەن؟!. ئەم نیشانانە، هەموویان، هەر یەک شت پێشان دەدەن ئەویش ئەوەیە کە گەورە کچ ئارەزووی ئەوە دەکات کە سەرنجی کەسانی تر ڕابکێشێ بۆ خۆی، کە کەسانی تر جوانییەکەی پەسند بکەن کە خۆی بچەسپێنێتە دڵی ئەم و ئەوەوە. واتا کەسانی تر لەم تافی کچێنییە تازەیەدا دڵیان پێیدا بچێ، بەجوانی بزانن، خۆشیشیان بوێ!. ئەندێشە، یان شت هێنانە بەرچاویش، هەر لەچاو ئەندازی سەر ئاو دەکات کە لە چۆڵ و بیاباندا دێتە بەرچاو هیچ ئەندازەیەکی بۆ نییە. هیچ شتێک بەگران نازانێ!... کەواتە کچە هەرزەکارەکەم، هەر چیت بوێ، لە شت هێنانە بەرچاودا، بۆت دروست دەبێ: بەلەمی زێڕت بوێ کە سەوڵەکانی لە زمرووت دروست کرابن، یاخود کۆشک و باڵاخانانت بۆی، کە بەکۆڵەکەی ئەڵماسەوە بەندکرابن: بنمیچەکانیان بەزوبەرجەد نەخش ونیگار کرابن: کە زەوییەکانیان بەیاقووت داڕێژرابن ئەمانە هەموویان لە جیهانی شت هێنانە بەرچاودا، بۆت دروست دەکرێن، بۆت دەچنەسەر!...

جا لەمەوەیە کە کچە هەرزەکارەکان زۆر دڵناسک دەبن، کە هەر تۆزە ناخۆشییەکیان تووش هات، دوو ئەوەندە جارانیان دڵیان دەشکێ و هەست بەخەموخەفەت و سەرگەردانی دەکەن!...

دیسانەوە هەر لەمەوەیە کە لەناکاو، لەم بارەوە دەگوێزنەوە بۆ ئەو بار یان ئەوەندە خەمبار دەبن کە لە داخان خۆیان بکوژن.

یاخود ئەوەندەیش دڵخۆش دەبن کە لە خۆشیاندا گەشکەدار بن یان ئەوەندە دڵ پڕ لە هیوا دەبن کە هەموو جیهانیان بەجوانی بێتە پێش چاو، یاخود ئەوەندەیش بێزار دەبن کە جیهانیان لێ بێتەوەیەک!...

## کچی ئەمڕۆ و کچی دوێنێ

گەورە کچی هەرزەکار، لە توندوتیژیی دڵ ورووژانیدا، لە هەڵقوڵینی هەستەکانیدا، لە گرتێبەربوونی گیاندا، لەگەڵ کوڕی هەرزەکاردا، یەجگار جیاوازە لەبەرئەوە گەورە کچ لەم تافەیدا، کە تەماشای کوڕی هەرزەکار دەکات، سووکی دێتە پێش چاو ئەوە ناهێنێ کەس خۆی تێبگەیێنێ، کەس گوێی بداتی کێ چوزانێ چی دەکات؟!. دوورنییە کچەکەمان، وەک زۆرجار ڕوودەدات، لە ناوەند تەمەنی چواردە ساڵان و هەژدە ساڵاندا، یادنامەکانی بنووسێتەوە.

تا چەند مانگێک لەسەریەک، بەتەواوەتی خۆی بەو نووسینەوە خەریک بکات.

لەناو ئەو یادنامەیەیشدا بیرەوەریی ناسک و نازدار تۆمار بکات. وەک دۆستایەتی گەرموگوڕ و، دۆزینەوەیەکی بەهادار و، دەرکەوتنی سەرەتای دڵداری!... بەڵام کەس ئەوە نەکات ئەو یادگارانە بخوێنێتەوە. ئەو هەر بۆ خۆی نووسیوەتەوە.

نایەوێ کەسی تر بیخوێنێتەوە. ئەوە بۆ ئەوەی نەنووسیوەتەوە کە سەرچڵەکان شارەزای بن. بۆ ئەوەی نووسیوەتەوە کە پێچوپەنای ناو دەروونی خۆی ڕۆشن بکاتەوە. تا بتوانێ لە ڕازی هەست و تاسە و تەزووەکانی دڵ و دەروون و لەشی خۆی تێ بگات!... پاش ئەوە، ئەو تەنگوچەڵەمەیە تێدەپەڕێ ئەو گێژەڵووکە بچکۆلەیە دادەمرکێتەوە ئەو پشکۆی ئاگرە دەکوژێتەوە.

جا نابێ ئێمە لەوە سەرمان سوڕبمێنێ، کە پاش ماوەیەک، کچەکە ئەو یادنامانەی لەبیر بچێتەوە. چونکە هەر بۆ ئەوەی دەنووسێتەوە کە گڕی دەروونی خۆی پێ بکوژێنێتەوە، هەست و ئارەزووی دڵی خۆی پێ دەرببڕێ، تا گیانی بسرەوێ و ئارام بەدڵی بگات. دیسانەوە نابێ لەوەیش سەرمان سوڕبمێنێ، کە کچەکە ببینین یادنامەکەی خۆی پارچە پارچە بکات. چونکە شتی وای تێدا نابینێ کە هەڵبگرێ بیهێڵێتەوە و پارێزگاریی بکات!...



بەڵام کچە هەرزەکارەکەمان، ئەوەندەی پێناچێ، گوێ هەڵدەخات بۆ ئاوازی دڵداری!... ئەمەیش لەو کاتەدا ڕوودەدات باوک دایکە بەڕێزەکان! کە ئێوە بەکچێکی ساوای تێدەگەن و بەو پێیە لەگەڵیدا دەجووڵێنەوە کە کچەکە هەستێکی تازە لە دڵ و دەروونیدا ورژاوە و، هەموو لەشی هێناوەتە لەرزین وەک هەستکردنی بەدۆستایەتییەک بەرامبەر سەرۆکە ئافرەتەکەی خۆی یاخود بەرامبەر یەکێک لە مامۆستاکانی خۆی.

لەناکاو گرفتاری خۆشەویستیی یەکێک دەبێ کە بەتەمەن لە خۆی گەورەترە. ئەو دەکات بەنموونەیەکی بێ هاوتای خۆی، کە گەردێک کەموکووڕیی پێوە نییە. ئیتر هەر لە بیرکردنەوەی خۆیدا دەمێنێتەوە بەرامبەر ئەو کەسە، کە جاربەجارێک بەربەرەکانێی تێکەڵاو دەبێ و، جاربەجارێکیش هەناسەساردی!...

جا ئەم گڕی دڵدارییە، ئەم چرای خۆشەویستییە، بەلای کچەکانی ئەم سەردەمەوە بەبابەتێکی کۆن دادەنرێ، ئەو کچانەی کە سەربەست و بێباکن و کۆ لە کەس ناکەنەوە، کە وەرزشکارن خۆیان بەنیمچە ڕووتی دەردەخەن و قژەکانی سەریان بەرەڵڵا دەکەن بۆ کزەبا، تا پەخشان و پەریشانی بکات!... ئەم کچانە لەگەڵ ئەو کچانەدا زۆر جیاوازییان هەیە، کە کەمەرە و هەیاسەیان دەبەست و کراسی ئاودامانیان دەپۆشی، کە تا کەڵەموستی پێی دادەپۆشین!... لەگەڵ ئەوەیشدا کچە سەربەستەکەی ئیمڕۆ هێشتا لەوەدا ماوە کە لە دۆستایەتیی سەربەخۆ تێبگات و چەشەی بکات و خۆشیشی لێ وەربگری. جیاوازییش لە ناوەند کچی ئیمڕۆ و کچی دوێنێدا لەم ڕووەوە ئەوەیە، کە هەستکردنی زوو بەدڵداری بەلای کچی دوێنێوە «تاقیکردنەوەیەکی ناچاری» بوو بەڵام بەلای کچی ئیمڕۆوە، بە «پەروەردەکردنێکی تاسە و هەست» دادەنرێ!...

## خۆرشتی تاسە و هەست ئاو دەزێنێتە ناو دەمی مرۆڤەوە

برسێتیی هەست و تاسەی کچی هەرزەکار، گڕێکی بەتینی لێ دەبێتەوە!... چونکە لەوەدەمەدا، کچەکە هیچ کۆ ناکاتەوە لەوەی کە هەر خۆرشتێکی دەست بکەوێ قووتی بدات، بۆ ئەوەی برسێتیی هەست و تاسەکانی خۆی پێ بشکێنێ!...

جاری وا هەیە دەچێتەسەر خوانێک کە هەر کەسێ لەگەڵیدا دانیشتووە، چیرۆکی دڵداری و جەربەزەیی دەگێڕێتەوە!... جاری وایش هەیە دەچێتە سینەما سەیری ئەو فیلمانە دەکات کە سەرگوروشتەی شۆڕەسواران و سوارچاکی دەگێڕنەوە!...

ئەمانە و بۆ لای گەلێک خۆرشتی هەست و تاسە و تەزووی تریش خۆی دەکوتێ کە هەتا

لێیـان بخوات زۆرتر ئارەزووی دەبزوێ بۆ خواردن. بڕسێتییەکەی توندتر و تیژتری لێ دێ.
ئەگەر ئێوە لاپەڕەکانی هەندێ لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەتان کردەوە کە لە بابەت کاروباری ئافرەتانەوە دەدوێن ئەوەتان بۆ دەردەکەوێ، کە ئەو بابەتانەی سەرنجی کچ ڕادەکێشن لەم تەمەنەیدا، زۆرتر ئەوانەن کە دەربارەی کەینەوبەینەی جەربەزەییی دڵداری نووسراونەتەوە. کچەکە کاتێ ئەم پرسانەی بەرچاو دەکەوێ لێیـان وردەبێتەوە: «ئایا ئەوە دەشێ کچێک حەز لە پیاوێکی خاوەن ژن بکات؟... ئەو، لەوساکەوە کە بۆ دوامین جار چاومان بەیەکتر کەوت، هیچ نامەیەکی بۆ نەناردووم. ئاخۆ باشە کە من دەست بەنامەکاری بکەم لەگەڵیدا؟... من حەز لە پیاوێک دەکەم کە زۆر لە خۆم، بەتەمەن، گەورەتر بێ. کەچی باوک و دایکم ناهێڵن لەمەڕۆ بەدواوە تێکەڵیی لەگەڵدا بکەم ئەو هەناسەسارد و خەفەتبارە. منیش هەروەک ئەو ڕەنجەڕۆ و دڵ پڕ لە خەمم نازانم چی بکەم؟!...

کچە هەرزەکارەکە دەکەوێتە جموجۆڵ و دەست دەکات بەگەڕان بەدوای ئەو دەستوورانەدا کە بۆ زمانی هەست و تاسە دانراون، تا لەسەریان بڕوات بەڕێوە. دەگەڕێ بۆ دۆزینەوەی هونەری دڵداری تا لە ژیانی دڵداریی خۆیدا سەربکەوێ... ئەویش وەک ئافرەتێک!. جا لەو تەمەنەدا لە نووسینەکانی ناو ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەدا وێنەیەکی زیندووی ئەندێشەکانی خۆی دەدۆزێتەوە کچەکە چیرۆکی ئەو کوڕە جەربەزەیە دەخوێنێتەوە کە ئەوەندە ئازا و بێباک بوو توانی دڵی ئافرەتێک داگیر بکات بۆ خۆی نە لە دەروونی خۆی شەرمی کرد، نە لە ڕەوشت و کرداری خۆی!... ڕۆژنامەکەیش چیرۆکی دڵدارێکی بێ پەروای وای دەخاتە بەرچاو کە ئەمەندە گڕی دڵداریی تینی سەندووە هەر دەسووڕێتەوە بەچوار لای خانووی یارە نازدارەکەیدا شەویش تا بەیانی لەبن پەنجەرەی ژووری نوستنەکەی ئەودا دەمێنێتەوە، خەو ناچێتە چاوی... پاش ئەوە چیرۆکی ژیانی ئەو کچە دەخوێنێتەوە کە کوڕێکی خستبووە داوی دڵداریی خۆیەوە تا وای لێ کردبوو لەتاو دڵدارییەکەی بەوەوە خەریکبووە شێت ببێ و بداتە کێو کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا لەپڕ کوڕەکە بەرەڵڵا دەکات و خۆی ڕێک دەخات لەگەڵ کوڕێکی تردا ئەو بەسەزمانەیش لەناو گێژاوی خەموخەفەتدا دەهێڵێتەوە بەدەردی دڵدارییە سەر نەگرتووەکەیەوە بتلێتەوە!...

هەروەها کچە هەرزەکارەکە ئەو چیرۆکانەیش دەخوێنێتەوە کە تا چ ڕادەیەک خۆپەرستی و ئالۆش و خرۆش کاری خراپ و ناپەسند دەکەنە کردەوە و کاری ژن و پیاو!... لێدوانەکان جوێ جوێ دەبن لە یەکتری، وێنەکانیش لە یەکتری ناکەن.

چیرۆکەکانیش هەروەک یەک دواییان دێت: یان ئەوەتا خۆشەویستی کوڕ و کچەکە بۆ



یەکتری بەهێز و هەڕەتەوە دێتەکایەوە و، هەموو کەند و کۆسپێکیش لە ڕێگای خۆیدا ڕا دەدات و، بەسەر هەموو گیروگرفتێکدا زاڵ دەبێ... یاخود ئەوەتا خۆشەویستییەکەیان بەهێز و هەڕەتەوە دێتەکایەوە. بەڵام هەر دوولا وەک یەک ئەو خۆشەویستییە ڕاناگرن. دوایی دۆستە بەرەڵڵا کراوە هەناسەساردەکە کێش دەکات بۆ لەناوچوون!...

چاوتان لێیە، دەبێ ئەو کچە چەند بەسەزمان بێ، کە باوەڕ بەو هەموو قسە پڕوپووچانە بکا؟... جا ئێستا تێگەیشتن کە هۆی فرۆشتنی ئەو هەموو ڕۆژنامانە چییە؟. کە هۆی برەوی فرۆشتنی ئەو هەموو چیرۆکانە چییە کە بووەتە کەرەستەیەکی بنچینەیی بۆ خوێندنەوە لای ئەو کچە هەرزەکارانە، بەهەموو چین و دەستەیەکیانەوە، هەر لە کرێکارە ئافرەتەکانەوە تا دەگاتە کچە لادێییەکان، تا کچە شاگردەکانی خوێندنگاکان؟!.

## وازهێنان لە دڵداری وازهێنان لە پیاوان

کچ لەو تەمەنەدا، دڵداری بەچاوبەستێک دێتە پێش چاو، کە داردەستەکەی خۆی وەشاند، لە هەر شتێک کەوت، دەموودەست دەیکوژێ. هەر گیروگرفتێکی هاتەبەر، هەرچەندێ گەورە بێ، ئەوەندەی شاخێکی بەرز و پان، کە ئەو داردەستەی لێ درا، دەموودەست دەڕووخێ و، هەپروون بەهەپروون دەبێ!. هەموودەمێکیش هەر ئەوە لە کچەکەمان ڕوودەدات، کە ئەو خۆشەویستی و دڵدارییەی لە جیهانی ڕاستەقینەدا تووشی دێ، لەگەڵ ئەو خۆشەویستییە بێ هاوتایەدا، کە لە خەو و ئاواتەکانیدا دەهاتنە پێش چاوی، یەک ناگرێ!... ئەم (ئیفۆن)ە، کە لە یەکێک لە کارخانە گەورەکاندا فرمان دەکات. گوێی لە دەستە خۆشکەکانێتی کە بەتەمەن لە خۆی گەورەترن، لەبابەت دڵدارییەوە زۆر دەدوێن... ڕۆژی وا هەیە گوێی لە پێداهەڵدانی دڵدارییە. ڕۆژی وایش هەیە گوێی لە داشۆریی دڵدارییە کەوا لە مرۆڤ دەکات بێزی لێ بکاتەوە. ئیتر ئەویش وای لێ دێ، دەکەوێتە سەرلێشێوانەوە. هەستیش وا بەخۆی دەکات کە کەوتۆتە ناوەند دوو هۆی بەهێزەوە: هۆیەکیان دڵداری وا پێشان دەدات کە شتێکی نەنگ و ناشیرینە، مرۆڤ حەزی لێ ناکات.

هۆیەکیشیان دڵداری وا پێشان دەدات کە بابەتێکی بێ هاوتایە و لە هی ڕاستەقینە و ڕووداویش یەکجار جیاوازە!...

ئەمیش (جینیت)ە وا دەزانێ کە چارەنووسی خۆی بڕیوەتەوە و، کاری خۆی تەواوکردووە، نیازی وایە دەست بکات بەژیان دەیەوێ بچێتە ژیانەوە و تێروپڕ خۆشی لە

ژیان ببینێ لەدوای ئەوە چی دەبێ بام ببێ!. ئەوەی کە هانەیشی دەداتەسەر کردنی ئەو شتانەی بڕیاری لەسەر داون بیانکات، ئەو قسانەیە کە لە ڕادیۆوە گوێی لێ دەبێ، کە لە کچێکی هەرزەکاری وەک خۆی ناوەشێتەوە، گوێ لەو قسانە بگرێ!... هەروەها ئەو نووسینانە هانەی دەداتەسەر کردنیان کە لە نووسراواندا دەیانخوێنێتەوە کە ئافرەتێک لەو تەمەنەی ئەودابێ، نابێ بیانخۆێنێتەوە. لەدوای ئەوە، بێباکانە دەست دەکات بەجەربەزەیی، دڵی دانالەرزێ، سڵێش لە کەس ناکات!... جا ئەو کچە هەرزەکارە لەم تافە سامناکەی ژیانەیدا، خۆی وا دێتە پێش چاو، کە دەسەڵاتی هەیە و دەتوانێ هەموو شتێک بکات، هەموو کارێکێش بباتەسەر!...

بەڵام (سیمۆن) تەواو بەپێچەوانەی (جینیت) دەجووڵێتەوە. چونکە بڕیاری داوە کە ئیتر خۆی لە کەینەوبەینەی دڵداری نەگەیێنێ تا دەیشمێنی، هەرگیز بەلایدا نەچێ!. چونکە:

چونکە ئەو خۆشەویستییەی دێتەپێش چاوی لە دڵداریدا دەستی بکەوێت لە جیهانی ڕاستەقینەدا سەروشوێنی نییە!... ئەو دەیەوێ دڵی خۆی بداتە دەست پیاوێکی بێ هاوتا پیاوێکی یەکجار پەسند، کە هەرگیز وێنەی لەناو پیاواندا نەدۆزرێتەوە!. جا کە ئەم جۆرە دڵدارییە بێ هاوتایە دەست نەکەوێت، ئیتر خۆشەویستیی بۆچ دابمەزرێنێ لە دڵی خۆیدا؟... کەواتە نەخۆشەویستی و نەدیداری پیاوان!.

تا بمێنێ لە ژیاندا، خۆی لەو داوانە ناگەیێنێ!... جا ئەو جیاوازی و پێچەوانەییەی کەوتوونەتە ناوەند ئەندێشە و ڕاستییەوە، کە دڵ و دەروونی کچەکانمان پێیانەوە خەریک دەمێننەوە لە تەمەنی هەرزەکاریدا، زۆر جاری وا هەیە ئەنجامی خراپ خراپیان لێ پەیدا دەبێ. چونکە لەنگەری ژیانیان لێ تێک دەدەن دەیشیانخەنە پشێوی و گلاراوییەکی یەکجار سەختەوە!... کەواتە کچ لەو تەمەنەدا، دادەمێنێ لەسەر ڕابەرێک کە ئامۆژگاریی بکات و، ڕێگایشی پێشان بدات، کە لە تاریکیی ئەو هەست و تاسە و تەزوو و، ئەندێشە شێواو و جوێ جوێیانەوە دەری بهێنێتەوە دەرەوە و، لەو تافی ژیانەیدا ڕزگاری بکات، کە ژیانی هەست و تاسە و تەزووی، خەریک دەبێ لەمبەری دەستە ڕاستەوە بۆ ئەوبەری دەستە چەپ بگوێزێتەوە!...



## تیز بەکچە هەرزەکارەکانتان مەکەن

بام ئێستا ئەوە بپرسین: ئاخۆ باوک و دایکەکان، لەم تافی تەمەنەی کچەکانیاندا چییان بۆ بکەن؟...

دەتوانن زۆر بەکەڵکیان بێن، بەمەرجێ: لە شێوەیەکی ڕاست و دروست و بێوەیدا ئامۆژگارییەکانی خۆیان پێشکەش بکەن. ئەگەر بێتو باوک و دایکەکان بەتەواوەتی لەو پشێویی دەروونییەی کچەکانیان ئاگادار بن و، بەشێنەیی و لەسەرخۆ، لە شێوەیەکی دووربینانەدا، چارەی ئەو پشێوییەی بکەن.

دەتوانن بەکامی خۆیان بگەن و، کچەکانیشیان لە دەست وەی و ئازاری ئەو تەنگوچەڵەمە سامناکە ڕزگار بکەن!...

بەڵام ئەگەر هاتوو باوک و دایکەکان لەجیاتیی ئەوە، وەک زۆرجار ڕوودەدات تێزیان کرد بەکچەکانیان و، توانج و پلاریان تێگرتن، قسەی پێ ناوێ، سەر ئەنجامی کچەکانیان دەبێتە سەرگەردانی!...

بام بۆ ئەوەی وێنەیەک بهێنینەوە: ئەمە کچێکە کەوتۆتە گێژاوی ئەو تەنگوچەڵەمەی دەروونییەوە. باوک و دایکەکەیشی هەستیان بەوە کردووە. بەم ڕەنگە قسەی بۆ دەکەن: «واز لەم بیرە پڕوپووچانە بهێنە و، خوو بدەرە خوێندنەکانت... چونکە گەلێک کاروباری تر هەن، کە دەبێ کچێکی هاوتەمەنی تۆ خۆیانی پێوە خەریک بکەن بەڵام ئەو کەینەوبەینەیەی کە پێ دەڵێن: (دڵداری)، لەناو ئەو کاروبارانەدا نییە!».

پاش ئەوە زۆری پێناچێ، دایکیشی پێ دەڵێ:

«کچی خۆم! ڕۆژێک دێ ئەم ئەندێشە و بیرە پڕوپووچانەت نامێنن. کاتێ کە گەورە بوویت و شووت کرد، هەر ئەوەندە هەفتەیەکت لەگەڵ مێردەکەتدا ڕابوارد، تێدەگەیت کە پیاو ئەوە ناهێنێ ئەمەندە بیری لێ بکەیتەوە، یاخود ئەوەندە بیهێنیتە پێش چاوی خۆت و، ئەم ئاوات و نیازە پڕوپووچانەیش بخەیتە دڵ و مێشکی خۆتەوە، لە بابەت پیاوانەوە!».

باشە، ئەنجام بەچی دەگات؟... ئەنجامی تەواوی ئەم کردەوە ناشییانە بەوە دەگات کە کچەکە خۆی کز بکات و هەموو کاتێکی خۆی بەبیرکردنەوە لە خۆی و دوارۆژی خۆی بەخت بکات. ئنجا زمانی خۆی بگرێ و، ڕازی دڵی خۆی بەباوکی و دایکی خۆی نەڵێ ئەوانیش هەرچەند بکەن نەتوانن لە هەست و تاسە و ئارەزووی ئەو تێ بگەن. ئەمەیش

دیاربوو کە وای لێ دەهات چونکە کچەکە لە سەرەتای ژیانیدا بوو دڵی پڕبوو: لە ئاواتی خۆش خۆش مێشکی پڕبوو: لە ئەندێشە و بیرکردنەوە و لە ژیانێکی ڕازاوە و ناوازەی بێ هاوتا، پڕ بەدڵ خۆشیی لەو ئاوات و بیرکردنەوانە دەبینیی کە باوک و دایکی دایان لە کەللەی و دڵیان شکاند، ژیانی لێ تاڵبوو، بۆیەکا ئەویش کەوتە خەم و پەژارەوە.

هەر بیری لە خۆی دەکردەوە و، هیچ ڕازێکی دڵی خۆیشی لای باوک و دایکی ئاشکرا نەدەکرد. بەڵام دایکی تێگەیشتوو، بەجۆرێکی وا گفتوگۆ لەگەڵ کچەکەی خۆیدا دەکات کە کچەکە تێ بگەێنێ و دڵی دامرکێنێتەوە، بۆ وێنە وای پێ دەڵێ: «نەء! کچە بچکۆلەکەی خۆم... وانییە... چونکە کارە بێ هاوتاکانی دڵداری، هەر لە خۆیانەوە پێک نایەن و نایەنەدی... چونکە ئەو دڵدارییەی بەمێشکدا دێت ئەوەندە گەورەیە، ئەویش مەرجی خۆی هەیە، کە بەبێ ئەو مەرجانە پەیدا نابێ. یەکێک لەو مەرجانە ئەوەیە، کە ئەو خۆشەویستییە دەبێ لە دڵی هەردوولادا هەڵبقوڵێ. دەبێ هەردوولا یەکترییان یەجگار خۆش بوێ. ئەگینا ناتوانن زاڵ ببن بەسەر ئەو شەڕ و ئاژاوانەدا کە لە ناوەند هەموو ژن و پیاوێکدا دەقەومێن!. جا ئەگەر بتەوێ پایەی ئەو ئارەزووەی لە دڵت دایە بەرز بکەیتەوە، پێویستە خۆشەویستییەکی یەجگار گەورەی تێکەڵ بکەیت!.».

## باری هەرە گران بەسەر دایکەوەیە

کچی هەرزەکار بەدڵ ئارەزووی ئەوە دەکات، کە هەموو شتێک بخوێنێتەوە. کە لە هەموو شتێک ئاگادار بێت. ئەو قسەیە دانامرکێ کە شتی وا هەیە نابێ ئەو بیخوێنێتەوە، یاخود ئەو تێی بگات. چونکە ئەو شتانە ئارەزوو دەبزوێنن ئەو دەزانێ هەرچی لە خۆی گەورەتر بێ ڕاستیی ژیانی لێ دەشارێتەوە. کەچی خۆیشی بڕوای وایە، کە لەو تەمەنە دایە مافی زانینی هەموو شتێکی هەبێ!...

جا لەبەرئەوە پێی خۆش نییە و ماوەیش بەوە نادات کە وەک کچێکی کزی بێدەسەڵاتی داماو لەسەر پاراستن تەماشای بکرێ و لەگەڵیدا بجوولێنەوە!...

جا لەم بارەدا فرمانی سەرشانی ئێمە هەر ئەوەیە کە بەشێنەیی هۆی ئەوەی تێبگەیێنین کە بۆچی هەندێ کەس، تەنانەت گەورەکانیش، خۆیان دەپارێزن لە خوێندنەوەی هەندێ نووسراو، یاخود لە بینینی هەندێ چیرۆکی ناو سینەما:

ئەوانەی خۆیان لەو خوێندنەوە و تەماشاکردنانە دەپارێزن لەبەرئەوە نییە کە کەموکوورییان هەیە و، خۆیان بەکز و بێدەسەڵات و داماو دەزانن بەڵام لەبەرئەوە ئارەزوو



دەکەن خۆیانیان لێ دووربخەنەوە کە بیروهۆشیان لە کەڵک نەکەون و تێک نەچن. کە دەروونیان بەپاکی بمێنێتەوە و پیس نەبێ کە لەنگەری گیانیان وەک خۆی بمێنێتەوە و تێک نەچێ، کە لە ڕێزگرتنی خۆیشیان بەرامبەری خۆیان کەم نەبێتەوە!.

جا بەهۆی شیکردنەوەیەکی واوە، بەهۆی هۆ دەرخستنێکی واوە، دەتوانین کچەکە وا لێ بکەین کە لە خوێندنەوەی نووسراوە کاڵ و کرچەکان، لە تەماشاکردنی فیلمە خراپەکان کە لەگەڵ دڵتەڕی و کردەوەی شیریندا ڕێک ناکەون، دوور بکەوێتەوە. لێرەدا دەمانەوێ بپرسین: «ئاخۆ ئەو ئافرەتانەی کە سەرپەرشتیی پەروەردەکردنی کچان دەکەن، پێیان دەکرێ ڕێگە بۆ ئەو کچانە ڕۆشن بکەنەوە لەم تافەیاندا؟...» ئەوانەی سەرپەرشتیی پەروەردەکردنی کچان دەکەن، هەر دایکەکانیانن بێگومان ئەوانە لەم ڕووەوە زۆر شتیان پێ دەکر. جا ئەگەر دایکەکە تێکۆشا کچەکەی خۆی بخاتە سەر ئەوەی کە جموجۆڵەکەی خۆی لەوەدا بەخت بکات کە نووسراوانی وێژەی تازە بخوێنێتەوە، ئەو لێکۆڵینەوانە بخوێنێتەوە، کە لەبارەی هەستە گەورەکانی مرۆڤایەتییەوە نووسراونەتەوە. کە ئەو دۆستایەتییانە بگرێت کە گیانین و پاک و بێگەردن و دوورن لە خۆپەرستییەوە. کە ئەو دڵدارییە بکات، کە پڕی بێ لە سەربەرزی و داوێن پاکی و کردەوەی پەسند... ئەگەر دایکەکە توانی کچکەکەی خۆی بخاتە سەر ئەم شتانە بێگومان ئەرکەکەی بەخۆڕاییی ناڕوات، چاکترین بەرهەمی لێ پەیدا دەبێ... ئەمەیش لەبەرئەوەیە، کە کچ ئەوەی پێ خۆشە دایکی دڵنەرمیی لەگەڵدا بکات، باوکی چاودێریی بکات و، هەروەها ئەوەیشی پێ خۆشە کە، گوێی لە ئامۆژگاریی دایک و باوکی وا نەرمونیان و خۆشەویستی بێ. حەز دەکات خۆیشی بهاوێتە ناو باوەشیانەوە!...

ئەوەی لێرەدا بەگرنگی بزانین ئەوەیە، کە باوک و دایکەکان ڕاستیی هەست و تاسە و ئارەزووەکانی سروشتی مرۆڤایەتی، بۆ کچەکانیان ڕۆشن بکەنەوە.

واتاکانی ئەو بابەتانەیشیان بەتەواوەتی تێبگەیێنن کە هەست و تاسە و تەزووی چۆن پەیدا دەبن؟... چۆن بەهێزیش دەبن؟...

کۆمەڵەکانی ئافرەت لە جیهاندا لەم هەموو گیروگرفتانەیان کۆڵیوەتەوە.

نووسراوانیشیان دەربارەیان بڵاوکردۆتەوە ئێمەش ئەگەر ڕێگامان بۆ کچەکانمان تەخت کرد، کە ئەو نووسراوانە بخوێننەوە، بێگومان لە دەست ئەو ئەندێشە و بیرە پڕوپووچانە ڕزگاریان دەکەین، کە مێشکیان داگیرکردوون و ڕاستیی ژیانی مرۆڤایەتییان لێ گۆڕیون!...

## پەیدابوونی بیری سەربەخۆیی لای کچ

ئەمە شتێکی ئاشکرایە کە ئەوە ئاسان نییە بۆ ئێمە، کچەکە بگەیێنینە پایەیەکی دڵداریی وا بێ هاوتا کە ژیان و زیندوویێتی و جموجۆڵی خۆی بەناو هەموو توانایییەکی مرۆڤەواریی خۆیدا تەواو بڵاوبکاتەوە بەڵام تەنیا ڕێگایەک کە هەبێ بۆ ئەوەی کچەکە بخاتەوە سەر دۆخی جاران و لەنگەریشی پێ ڕاست بکاتەوە، هەر ئەوەیە کە دەروونی کچەکە بخاتە سەر هەستکردن بەوەی کە ژیان پڕە لە کردەوە بڵندی و جوامێری و بەرزی جا لەبەر ئەمەی کچەکە ئامادەیە بۆ ئەو گۆڕانە گەورەیەی کە بەسەریدا هاتووە، هەروەها بەتەواوەتیش ئاگای لێیەتی، ئەم بارەی پاڵی پێوەدەنێ بۆ ئارەزووکردنی بڕیاردان لەسە سەربەخۆیی، چونکە کچەکە هەست وا دەکات، کە هەر کچە بچکۆلەکەی جاران نییە، کچی ئەمڕۆیە جا هەر لەبەر ئەم هۆیەیە کە لە باوک و دایکی خۆی هەڵدەگەڕێتەوە و، سەرکێشی دەکات و، هەر فرمانێکیشی بەسەردا دەدەن بەرپەچی دەداتەوە و چەقەچەقیشیان لەگەڵدا دەکات کچەکە بۆیەکا دەڵێ: (نەء) تا خۆی وا پێشان بدات هەر خۆی گەورەی خۆیەتی، خاوەن بیری سەربەخۆیش هەر خۆیەتی!...

بام نموونەیەک بۆ ئەمە بهێنینەوە:

ئەمە (فڕانسواز)ە خەریکی سنووقی نووسراوەکانیەتی، ڕێکیان دەخات، چونکە پشووی هاوینەی خوێندنگە تەواو بووە خوێندنگاکان دەستیان کردۆتەوە بەپێ خوێندن. دایکەکەیشی ڕاوەستا و سەیری دەکات، بزانێ چی دەکات. کە تەماشا دەکات: کچەکەی شتی وا دەخاتە ناو سنووقەکەیەوە کە هیچ فڕێکیان بەسەر خوێندنەوە نییە. کەچی گوێ ناداتە ئەوەی کە نووسراوەکانی و کەلوپەلەکانی خوێندنگای لەناو ئەو سنووقەدا دابنێ. (فڕانسواز) سنووقەکە دادەخات... لێرەدا دایکەکەی هەڵدەداتێ، هەر بۆ ئەمەی ئەوەی تێبگەیێنێ کە نووسراوەکانی و کەلوپەلە گرنگەکانی لەودیو سنووقەکەیەوە، داناوە.

کەچی سنووقەکەی پڕکردووە لە شتی پڕوپووچ کە هەر لە سەبەتەی پووشوپەڵاش دەکات!... کەواتە پێویستە سەرلەنوێ سنووقەکەی بکاتەوە و بەجوانی دای بمەزرێنێتەوە. بەڵام (فڕانسواز)یش وا وەرامی دەداتەوە، دەڵێ: «من خۆم باش دەزانم کە چیم پێویستە و چیم پێویست نییە» لە ڕاستیدا (فڕانسواز) دەیەوێ ئەوە بنوێنێ کە هەرچی دایکی دەیەوێ بیکات، ئەوە نەکات!.

بۆچی تۆ ئەگەر لە (فڕانسواز) بپرسیت: بۆچ وا دەکەیت؟... ڕەنگە نەزانێت چۆن



وەرامت بداتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەو لە کانگای دڵیدا ئارەزووی ئەوە دەکات کە هەرچییەکی کرد، بەئارەزووی خۆی بیکات، بەئارەزووی کەسی تر نەیکات. حەز دەکات لە دەربڕینی بیروباوەڕی خۆیدا سەربەست بێ، ئازاد بێ، سەربەخۆ بێ کەس فەرمانی بەسەردا نەدا. ئەو وا هەست دەکات هەر کەسێ بەزۆر شتی پێ بکات، سەربەستیی لێ بار دەکات. چەند جار گوێت لێ بووە کە پێی گوتوویت: «من سەربەستم هەرشتێ ئارەزوو بکەم، بیکەم، دەیکەم». جا ئەگەر ویستت ئەوەی تێبگەیێنێ کە ئەگەر پێڕەویی چەند دەستوورێکی هەڵسان و دانیشتن نەکات لەگەڵ کەسانی تردا، تووشی تێز پێکردن و توانج و پلاری ئەم و ئەو دێت بەدناوی دەکەن.

بەندوباوی بۆ دەدۆزنەوە، گوێی خۆیت لێ دەخەفێنێ و لە هیچ ئامۆژگاریی و پیشاندانێکت گوێ ناگرێت!... کەواتە بۆچ ئەم کچە بەڕەڵڵا بکەین و بهێڵین بەهەوەس و ئارەزووی خۆی بجووڵێتەوە؟... بۆچ واز لە هێز و دەسەڵاتی خۆمان بهێنین بەسەریدا؟... ئێمە ئەگەر ئەوەمان لەگەڵ کرد بێگومان هەڵەیەکی مەزن دەکەین. دەبینە هۆی ئەوەیش کە ئەرک و ئازاری زۆرتر ببێ چونکە کچەکە هێشتا ناشی و نەزانە پێویستیی بەئامۆژگاری و ڕێ پێشاندان هەیە... گەلێک ڕێگا و زۆر شێوە هەیە کە لەگەڵیدا ڕێک بکەوین و لە یەکتر تێبگەین، بێ ئەمەی قینی هەڵبسێنین و بیکەین بەگژ خۆماندا. جا ئەگەر ویستمان فەرمانی بەسەردا بدەین، هیچی پێ ناوێ ئەوە نەبێ کە لە شێوەیەکی تازەدا (فەرمان)ەکەمانی بەسەردا بدەین. ئەو شێوە توندوتیژەی کە بۆ [فرماندان] بەکارمان دەهێنا لەگەڵیدا، هەروەها قیژاندن بەسەریدا، هەڕەشە لێ کردنی ، ددان لێ ڕیچکردنەوە... ئەمانە هەموویان کاتێ بەکار دەهاتن کە منداڵ بوو. بەڵام ئێستاکە کە گەورە بووە، کچەکە لەو سزایانەمان پەروای نییە و ناترسێ. تەنانەت شێرگێرتریش دەبێ پێیان لەسەر کردەوەکانی خۆی!... ئەوەی پێویستبێ لەم کاتەدا، پەیڕەویی بکرێ، ئەوەیە کە یەک قسە بێن بەرامبەری بەڵام دڵڕەقی و قسە ڕەقی نەنوێنین هەروەها ئامۆژگارییەکی وایشی بکەین، کە بەدەنگێکی بەهێزەوە بێ، بەڵام دووربێ لەو توندوتیژی و تووڕە و تڕۆییییەوە، کە بیخاتە شەرم و ڕیسواییەوە!...

بەڵام گەلێک جار گوێمان لە یەکێک لە دایکەکان دەبێت کە بەتووڕەیییەکەوە دەڵێ: «ئەم کچە تووڕەم دەکات و تێکم دەدات!... کەواتە ئێوە چۆن ئەمە لە من داوا دەکەن کە هەروەک کچە شاهێکی بچووک بێ قسەی لەگەڵدا بکەم؟!...». ئەم دایکە تووڕەیە ئەوەی لەبیر چۆتەوە کە کچەکەی لە تافێکی هەرە سەختی ژیانی خۆی دایە. ئێمەیش لەم دایکە

بۆڵەبۆڵکەرە دەپرسێن: «ئەگەر کچەکەت نەخۆش کەوت و پزیشک فەرمانی دا کە زۆر بەوردییەوە چارەی نەخۆشییەکەی بکەیت، تا چاک دەبێتەوە و، دێتەوە سەرخۆی، ئاخۆ خۆت پێ دەگیرێ توخنی نەکەویت و، دەرمانی نەکەیت، بام ئەرک و ئازاریشت زۆر بێ و خۆبەختکردنیشت تووش ببێ؟... جا ئەگەر تۆ بەهەموو دڵێکتەوە ئەوە لەبەر تەندروستیی کچەکەت بگریتە ئەستۆی خۆت، ئەی چۆن ئەوەی بۆ ناکەیت لەبەر هۆش دروستییەکەی؟!... لە ژیانی خێزانیدا چەند تاوێکی وا هەڵدەکەوێت، کە بەکاری ئەوە بێن باوکەکان لەگەڵ کچەکانیاندا وردە وردە گفتوگۆ بکەن. کە پڕ بن لە تێگەیشتن لە یەکتری و لە بێدەنگ و سەنگیی. کە بەهۆی ئەوانەوە کچەکان بەرەبەرە دێنەسەر بیروباوەڕەکانی باوکیان کە لەوەپێش لەسەر ئەوانە تێک چووبوون. ئەوەی لێرەدا بەگرنگ بزانرێ ئەوەیە کە باوکەکان ئەوەندەی پەیوەندی بەخۆیانەوە هەبێ، دەبێ کردەوەی وا بنوێنن کە لەسەر بنچینەیەکی تێگەیشتووانە و ڕێگەیەکی دیاریکراوەوە دامەزرابێ، نەسەرچڵیی تێدا بنوێنن و نەسەرکێشی.

## هەندێ سەربەستییان بدەنێ

واچاکە ماوەیەک بەکچەکە ببەخشین کە تێیدا سەربەست بێ. دەست بکات بەتاقیکردنەوە سەرەتاییبیەکانی خۆی، کە ئۆباڵیان بەئەستۆی خۆی بێ!.

چونکە سەرزەنشتکردنی هەموو دەمی، ئامۆژگاری کردنی دووبارە کراوە، هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە، بۆڵەبۆڵکردن لە هەموو هەڵسان و دانیشتنێکی کچەکە، لە هەموو بزووتنەوەیەکی، لە هەموو نووسراوێک کە دەیخوێنێتەوە، توانج و پلار تێگرتن لە شێوەی قژ داهێنان و خۆ ئارایش کردنیاندا... ئەمانە هەموویان لەوانەن کە کچۆڵەکان بئالۆزێنن تووڕەیان بکەن کە بیانخەنە سەر ئەوەیش کە گوێ لە هیچ ئامۆژگارییەک نەگرن. کە بایەخ بە هیچ ڕێگا پێشاندانێکیش نەدەن. کچ لەم تافی تەمەنەیدا حەز لە بەرەنگاریکردن دەکات، هەر لەبەر بەرەنگاریکردن، بەڵام ئەم بەرەنگاریکردنە تەنیا بریتییە لە نەخۆشییەکی بچووکی دەروورنی کە زۆری پێناچێ لادەچێ. هەر لەوەیشەوە پەیدابووە کە لە سەرەتای کارگوزاریی هۆشە بچووکەکەیدا چەند بیرێک بەمێشکیدا هاتووە، کە لەو کاتەدا هۆشەکەی خەریکی ئەوە نییە کە لەوان باشتربێ. هیچ کەسایەتییەکی سەربەخۆیشی نییە کە لەوان جیاواز بێ!... ئنجا ئەو ئارەزووەی [خۆ جوێکردنەوە] و [ناز و جیاز]ەی کچەکە هەیەتی، لە زۆر شێوەدا دەردەکەوێ، وەک ئەو شێوەیەی لە کاتی



قسەکردن و هەڵسان و دانیشتن و بزووتنەوە و دەست و دەموچاو جووڵاندنەوە و جلوبەرگ لەبەرکردن و خۆ ڕێکخستن و برۆ ڕەنگکردن و نینۆک درەوشاندنەوە و لووسکردنیدا دەنوێنێ جا هەتا گومان بەرێتە جوانی و خوێن گەرمیی خۆی زۆرتر خوو دەداتە خۆ جوانکردن و خۆڕازاندنەوەی خۆی، بەبا چووە و کەس خۆی تێ ناگەیێنێ و کەس دان بەجوانی یەکەیدا نانێ، ئیتر واز لەو هەموو کەلوپەل و خۆڕازاندنەوە و خۆ جوانکردنە دەهێنێ و پەنا دەباتە بەر چەند ڕێگەیەکی تر بۆ گەیشتن بەو مەبەسانە کە هیچ فرێکیان بەسەر ڕێگاکانی پێشووەوە نییە هەموو هەر بەئاواتی ئەوەیشەوەیە، کە بەکامی دڵی خۆی بگات و ئەو نازدارییەی دەست بکەوێ کە لە هەموو کچەکانی تر جیاوازبێ لەسەروو هەموویشیانەوە دابنرێ ئەوەی لە هەموو شتێک زۆرتر دڵی کچەکە بریندار دەکات و دەیخاتە شەرمەوە، ئەوەیە، کە هەست بەخۆی بکات کردەوە و ڕەوشت و خوو و هێز و توانایی و بلیمەتییەکی وای نییە کە بەئارەزووی خۆی سەرنجی کەسانی تر ڕابکێشێ. نە لە خوێندنگەدا، نە لە کارخانەدا، نە لە کاتی کار و فرماندا، نانوێنێ تا سەرنجی کەسانی تر ڕابکێشێ تا پەنچەی بۆ بکێشن و ناوی لەناو ناواندا ببرێ. لەبەرئەوە وەک دەردەکەوێ ژمارەی کچە دواکەوتووەکان و کچە نیوە سەرکەوتووەکان زۆرترە لە ژمارەی کچە سەرکەوتووەکان و کچە بەناوبانگەکان. ئەمەیش هەموو دەم بەجۆرێکی تێکڕایی، لە هەموو شوێنێکدا وایە. بەڵام هەستکردنی کچە بچکۆڵەکان بەتاڵی و ناخۆشیی سەرنەکەوتن، لە هی کچە گەورەکان زۆرتر توندوتیژترە!...

ئەوەیش سەبارەت بەوەیە کە ئارەزوو خۆ نواندن و کەشوفشکردن لای بچکۆڵەکان بەهێزترە تا لای گەورەکان!...

(ئانی) لە یادنامە نهێنییەکەی خۆیدا نووسیویەتی:

«چەند حەز دەکەم خۆم لە دەست هەموو بەندەیەتییەک ڕزگار بکەم و هەموو پێوەندێک بپچڕێنم، تا لەپاش ئەوە خۆم ئەو پێوەندانە بۆ خۆم دابنێمەوە، تا وا لە هەموو کەسێک بکەم کە بزانن من هەم!... هەرچەند دەکەم نازانم چۆن بچمە دڵی کەسانی ترەوە، تا لەناو ئەوانەدا منیش جێگایەک بۆ خۆم بکەمەوە. بەڵام بەهەموو ڕەنگ ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە من بەکامی خۆم ناگەم. چونکە من هێشتانە گەیشتوومەتە تەمەنی حەڤدە ساڵی!».

ئەم کچە داخی زۆر چۆتە دڵەوە. خەفەت زۆر دەخوات چونکە خۆی وا دێتە پێش چاو کە لە جێگایەکی وا دایە کە پایەی ئەو جێگایە نزمترە کە ئاواتی بۆ دەخوازێ و ئارەزوو دەکات دەستی بکەوێ. هەروەها بۆیە خەمگین و دڵ بەئازارە، چونکە هیچ کەسێک

نادۆزێتەوە کە ئەوەندەی هەڵدەگرێ، ڕێزی لێ بگرێ و ئەوەندەی مافی هەیە نازی بکێشی!... جا ئەگەر بمانەوێ ئەم کچە بگێڕینەوە لە هەڵەکردن و لە ئەندازە نەگرتن، فرمانی سەرشانمان ئەوەیە کە نرخی ڕاستەقینەی خۆی تێ بگەیێنین. چونکە ئەو ئەوەندە بەخۆی دەنازێ و ئەوەندە لە خۆی بایییە، لە ئەندازە بەدەر نرخ دەدات بەخۆی. پێویستە لەسەرمان بیری ڕۆشن بکەینەوە و چاوەکانی بکەینەوە تا ڕاستیش بەڕووتی ببینێ، تا زۆر ڕووکەشی سەوز و سووری پێوە نەنووساوە!. پێویستە ئەوەیش بخەینە مێشکییەوە کە ئەوە هیچ نەنگییەکی تێدا نییە کە بەشی ئەو لە (سەرکەوتن) و (جیاوازی)دا کەم بێ. چونکە هەموو مرۆڤێک هەر ئەو بەشە دیاریکراوەی هەیە. هەروەها هەموو مرۆڤێکیش بەشی خۆی چاکە و خراپەی هەیە، جوانی و ناشیرینی هەیە، تەواوی و ناتەواوی هەیە. مرۆڤیش هەرچەندە لە هەندێ ڕووەوە کەموکووڕی هەبێ، بەڵام دەسەڵاتێکی سەیر و بێ ئەندازەی هەیە لە گەشەکردن و پێشکەوتن و گۆڕان و گەورە بووندا!...

بووە، ڕێگایەک بکاتەوە بۆ خۆی، لە ژیانی ڕووداودا ئەگەر کچەکە بیروباوەڕی خۆی دەربڕی، بەهەموو هێز و هەڕەتیەکیەوە لەسەری دەڕوات چونکە ئەو بڕوای وایە کە بیروباوەڕەکانی، هەموو تازەن، هەموو پێگەیشتوون!. ئەوەندەیش هۆگری ئەو بیروباوەڕانەی خۆی دەبێ، مەگەر هەر باو داهێنەرێک ئەو هۆگرییە بنوێنێ بۆ نوخشەی دۆزراوەکانی خۆی!. دڵیشی بەوە زۆر خۆشە، هەست بەخۆی دەکات کە لە تواناییدا هەیە کە هەر خۆبەخۆی، بیروباوەڕی خۆی دەربڕێ، بەرامبەر بەژیان و دڵداری و کۆمەڵایەتی، بەهەموو گیروگرفتێکیشەوە کە پیاوان پێیەوە خەریکن.

هەروەها بەتەواوەتی لەو باوەڕەیش دایە کە دەتوانێ هەموو شتێک فێربێ، کە ئەو بیروباوەڕانەیش دەریان دەبڕێ دەربارەی کاروبار و بابەتی ژیان، لەو بیروباوەڕانە گەلێک باشترە کە پیاوە گەورەکان دەری دەبڕن. چونکە ئەوانە تازە پیربوون، بەکەڵکی ئەوە نایەن کە بیروباوەڕ دەرببڕن. ئەوانە لەم چەرخەدا کە تێیدا دەژین لە دوای هەموو کەسەوەن، هەروەک تێیشیدا نەژین وایە!... کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا، بیرەکانی زووزوو دەگۆڕێن. هەرگیز وەکو خۆیان نامێنن. جا ئەگەر بیەوێ هەندێ بیروباوەڕ بخاتە کەللەی خۆیەوە، لەملاوە: بیروباوەڕێک و، لەولایشەوە بیروباوەڕێکی تر وەردەگرێ، بێ ئەمەی گوێ بداتە ئەوەی کە ئەو بیروباوەڕانە پێچەوانەی یەکترن و لەگەڵ یەکتریشدا ناسازێن. کچەکە ئیمڕۆ لەسەر بیروباوەڕێک دەکاتەوە. کەچی ڕۆژێکی تر لەسەر بیروباوەڕێکی تر دەکاتەوە کە پێچەوانەی بیروباوەڕەکەی پێشوویەتی. هەر هەفتەیە بەشێوەیەک دەگۆڕێ.



هەر مانگە دەچێتە ڕەنگێکی ترەوە. کچەکەیش لەمەدا هەر لە هەرزەکارییەکەی خۆی دەکات کە بیروباوەڕەکانی خۆی، لە شێوەیەکی بڕیار لەسەردراو و، دیاریکراودا دەردەبڕێ، هەرگیز گوێ ناداتە ئەوەی بیروباوەڕەکانی ڕاستییان تێدایە یان نا. چونکە لە تواناییدا نییە لەو ڕاستییانە تێ بگات!... ئامانجی کچی هەرزەکار ئەوەیە کە بکەوێتە پێش چاو کە کەسانی تر بایەخی پێ بدەن!.

زۆر لەوە دەتۆقێ کە خۆی وابێتە پێش چاو، گوێی نادرێتێ و کەنەفتکراوە. چونکە ئەو بەپێی تێگەیشتنە کەمەکەی خۆی و بەپێی بیروباوەڕەکانی خۆی، بەلایەوە وایە کە دەبێ کەسانی تر گەشکەداری جوانی و ناوازەیی جلوبەرگەکانی بن. کە بشڕوات بەڕێگادا سەرنجی هەموو کەسێک ڕابکێشێ بۆ خۆی هەروەک پێیدا هەڵبدەن و بڵێن: «پەککوو کە جوانیت!... پەککوو کە خوێن گەرمیت و دڵکێش دەکەیت!...». چاو دەبڕێتە ئافرەتێک لە ئافرەتە لاساییکەرەوە بەناوبانگەکانی سینەما. خۆی خەریک دەکات بەوەوە کە خۆی وەک ئەو جوان بکات و بڕازێنێتەوە. ئەمجا کە هەستی بەوە کرد کەس گوێی ناداتێ و سەرنجی کەس ڕاناکێشێ، خەموخەفەت دایدەگرێ و دڵیشی پڕ دەبێ لە ڕەنجەڕۆیی و هەناسە ساردی!...

(ئەندریە) دڵی چووبوو بەخۆیدا پشتی بەزیرەکیی خۆی ئەستوور بوو.

ئەو خۆی وا دەهاتە پێش چاو کە لەناو هەموو دەستە خوشکەکانی خۆیدا دیارە، چونکە لە زوو هەستکردن بەشتدا کەسیان نایگەنێ لە قووڵیی هەست و تاسە و تەزوویشدا لە هەموویان پێشکەوتووترە. لە فراوانیی تێگەیشتنیشدا لە ڕاستیی کاروبار و بابەتی ژیاندا کەسیان هاوتای نین. جا ئەم بیرە هیچوپووچانە، چاوبەستیان دەکرد، تا ئەندازەیەکی گەورەیش دەبوون بەهۆی کامەرانیی!... جا لەو کاتەدا کە ئەو کچە لەناو گێژاوی ئەم خوتوکە و خۆشییەدا نوقم بووبوو، لەپڕ وتارێک کەوتە بەرچاوی، کە لە بابەت هەرزەکاری و کوڕ و کچی هەرزەکارەوە دوابوو. کە خوێندیەوە، لەناکاو ئەوەی بۆ دەرکەوت کە ئەو هەست و تاسانە بەدڵیدا دێن و ئەو بیروئەندێشانەیش، کە بەمێشکیدا دێن، بابەتێکی گشتین، بەسەر هەموو کەسێکدا دێن و کە لە تەمەنی خۆیدا پێیدا دەڕوات!...

جا کچەکە هەست بەڕەنجەڕۆییەکی گەورە دەکات، کە دەبینێ خۆیشی وەک هەموو کچێکی ترە و، هیچ ناز و جیازێکی.[١]

(١) لێرەدا وەک باسەکە تەواو نەکرابێ، لە گۆڤارەکەدا هەروابوو.

## کچ و کوڕەکان کەموکووڕیی دایک و باوکەکانیان گەورە دەکەن

کچە هەرزەکارەکەیشمان، ئیمڕۆکە گەیشتۆتە ڕادەیەکی وەها، کە دەتوانێ دەربارەی ڕاستیی کۆمەڵایەتی و ژیان و بیروباوەڕی خۆی دەرببڕێ و بڕیاریشیان بەسەردا بدات. کچەکەمان تا ساوا بوو، بەژیانێکی ڕەنگاوڕەنگ و گەش و خۆشی پاک و خاوێنەوە ڕاهاتبوو بەڵام ئێستاکە بەرەبەرە خەریکە پەردە لە ڕووی ڕاستیی ڕووتی بێڕەنگ و بێ نەخش و نیگارەوە، لا دەچێ لەپڕ، لەناکاو کچەکە ئەوەی بۆ دەردەکەوێ، کە مرۆڤەکان کردەوە و ڕەوشتیان پڕە لە گەنگی و نەنگی، لە کەموکووڕی و ناشیرینی لەناویاندا زۆر و ستەم دەبینێ و پشموقین و ڕقەبەریی چاوپێدەکەوێ.

خۆپەرستی و ئاڵۆش و خرۆش و ناپاکی و لووتبەرزی و کەللەشەقی و دەست قووچاوییانی دێتە پێش چاو!...

بەڵام لە هەموو شتێک ناخۆشتر بۆ دڵی کچەکە ئەوەیە، کە لەم تەمەنەیدا نەنگی و کەموکووڕی باوک و دایکی خۆی بۆ دەردەکەوێ. کچەکە ئەو کەموکووڕییانە لە پێش چاویدا گەورە دەنوێنن. چونکە کوڕان و کچان سروشتیان وایە، کەموکووڕی باوک و دایکەکانی خۆیان، گەورە دێتە پێش چاو، لە ئەندازە بەدەر هەڵیاندەسەنگێنن. چونکە ئەوانە بەلایانەوە وایە کە باوک و دایکەکانیان لە هەموو هێز و دەسەڵات و کردەوە و ڕەوشتێکی جواندا بێ هاوتان، کەس لەوان بەرەو ژوور نییە!.

ئنجا کە ئەوەیان بۆ دەرکەوت:

باوک و دایکەکانیان نەنگی و کەموکووڕییان هەیە، یەجگار پێی دڵتەنگ دەبن. جا ئەو هیوا نەمانەیان[1]، ئەو ڕەنجەڕۆییەیان، وایان لێ دەکەن، کە ئەو خەوشە و ئەو کەموکووڕییانەیان گەورەتر بێتە پێش چاو!...

ئەمە (ماری کلۆد)ە. نیشانەی هەناسەساردی و ڕەنجەڕۆیی پێوە دیارە. جاری وایش هەیە، لەتاو ئێش و ئازاری دڵی خۆی، هەستێکی نەناسراو دێ بەدڵیدا و کێشی دەکت بۆ ئەو کارەساتە نەناسراوەی کە پێی دەڵێن: «مردن»!. هۆی ئەوەیش ئەوەیە کە لە بێبەختیی خۆی ئەوەی لێ ئاشکرابوو: کە باوکی لە دەرەوە خەریکی کردەوەی نەنگە، کە لەسەر خۆی و لەسەر خێزانەکەیشی زۆر گران دەکەوێ!... کە سەرنجی دا دایکیشی لەوە زۆر پیش

(١) یان: ئەو بێ هیواییەیان، ئەو نائومێدییەیان.



دەخواتەوە، کچەکە زۆر شتی پێچەوانەی یەکتریی بەدڵدا دێ. جارێکیان ئەوەی بەدڵدا دێ کە واز بهێنێ و بێدەنگ بێ لەو بارە.

جاری وایش هەیە دەیەوێ بەگژ ئەو بارەدا بچێ. لەبەرئەوە (ماری کلۆد) لە کانگای دڵیەوە ئاوات بۆ ئەو ڕۆژە دەخوازێ کە باوکی پەشیمان بێتەوە لە کردەوەی خۆی و وەک خۆی لێ بێتەوە. بەڵام کچەکە وەڕس دەبێ لەوەی کە ئاواتەکەی نایەتەدی هەناسەساردی و ڕەنجەڕۆییەکەی دەبێتە هۆی پەیدابوونی هەستێکی سەیر لەناو دەروونیدا. کچەکە خۆیشی بەگوناهبار دێتە پێش چاو!.

ئەمیش ناوی [هێلین]ە کچی پیاوێکی ترە بەڵام ژن و پیاوێک کردوویانە بەکچی خۆیان کە زۆر نازی دەکێشن و بەتەنگیەوەن. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم بیرانە بەمێشکیدا دێن:- «بۆچ خۆیشی باوک و دایکی ڕاستەقینەی نەبێ وەک منداڵانی تر؟... ئەی باوک و دایکەکەی خۆی چۆن توانییان وا بەڕەڵڵای بکەن؟!.». بێگومان ئەم جۆرە بیرانە کە چرپە دەکەن بەلای مێشکیدا، لە ئەنجامدا وای لێ دەکەن کە هەست وا بکات بەخۆی پایەکەی لە پایەی هاوڕێکانی و دەستە خوشکەکانی نزمترە!. لەو هەستەیشەوە تووشی ئەوە دێ کە لە دواڕۆژی خۆی دوودڵ بمێنێتەوە!.

(هەنرییێت)یش هێشتا منداڵێکی ساوابوو کە (بازاڕە ڕەشە) لە ئاسۆی جیهانەوە تازە دەرکەوتبوو پاشان کە گەورە بوو، و بووە کچێکی پێگەیشتوو ناچاربوو ئەویش فێری فڕوفێڵ ببێ، تا بتوانی لەناو ئەو بازاڕە ڕەشەدا پێویستیی ژیانی خۆی بکڕێ!... پاش ئەوەی کچەکە ئەوەی دی گەورەکان چۆن لەو فڕوفێڵبازییەدا شارەزاییان پەیدا کردووە و دەستوبردی دەنوێنن ئیتر پێی نەکرا، لە شوێنێکی وادا کە تێیدا گەورە بووبوو، دەستبەرداری بیروباوەڕەکانی کردەوە و ڕەوشتە باشەکان نەبێ... بۆیەکا ئەویش بەدخوو دەرچوو!...

## کچە هەرزەکارەکان حەز دەکەن زوو بگەنە تافی لاوێنی

کچە هەرزەکارەکان حەز دەکەن زوو بگەنە تافی لاوێنی و تافی ژنێتی. ئەمەندە پەلەپەل دەکەن بۆ ئەوە ئارامیان لەبەر دەبڕێ.

ئەوەش لەبەرئەوەیە کە هەتا منداڵ بن هیچ ئاواتێکیان بۆ نایەتەدی. کچەکە لە کانگای دڵییەوە ئارەزووی ئەوە دەکات کە تەمەنی زوو تێپەڕ بکات. چونکە ئەو لە دواڕۆژدا ئەمانەی دێتە پێش چاو: مێرد و منداڵ، کار و پیشەیەکی وایش کە بەدڵی خۆی بێ و کە

لە دەستی بێت بەباشی هەڵی بسووڕێنێ!... هەرچی کچە کرێکارەکانیشن لەگەڵ کچە لادێییە بچووکەکاندا ساڵانی داهاتوویان بەجۆرێکی ناخۆشتر و سەختتر دێتە پێش چاو لەچاو ساڵانی ئێستاکەیاندا. جا لەبەرئەوە ئەو کچانە لە هەموو کچەکانی تر زۆرتر بەدوای ژیانی پڕ تاسە و تەزوودا دەگەڕێن. زۆرتریش لەوان ڕا دەکەن بەدوای بیرکردنەوەی بۆش و ئاواتە خەودا!. گەلێک جاری وایش هەیە کە تۆ بەسەرسورمانێکەوە لە خۆت دەپرسیت: «کچەکەم لەم چوار پێنج ساڵەی دواییەدا چەند گۆڕاوە؟!.». لەڕاستیدا تۆ لەوەدا بیانووت هەیە کە بەو چەشنە سەرت سوڕماوە لەو گۆڕانە گەورەیەی کە بەسەر کچەکەتدا هاتووە.

چونکە تۆ لەوەپێش وا ڕاهاتبووی، کە کچەکەی خۆتت دەدی، بریتی بوو لە یەکێک کە ڕۆژ بەڕۆژ دەژیا. نەگلاراویی هەبوو، نەگوێی دەدایە هیچ شتێک ملکەچ بوو، هەرچییەکی پێ دەگوترا بەجێی دەهێنا، دڵنیابوو لە هەموو کەسێک، باوەڕی پێ دەکردن زۆربەی جاران تۆی بەدڵدا دەچوو. ڕێزیشی لە بیروباوەڕەکانت دەگرت. دەمەقاڵێی لەسەر نەدەکرد لەگەڵتدا.

کەچی ئێستاکە کچێکی بچووکی تازە پێگەیشتوو دەبینیت لەبەردەمتدا:

سەرکێشی دەکات، خۆی لە ڕاستی دەرباز دەکات، بەرەو ئەندێشە و ئاواتەخەو دەچێت کە تەماشای ژیانی ئێستای خۆی دەکات، هیچوپووچی دێتە پێش چاو. لەبەرئەوە وای لێ دێ کە بەهەموو کوڵی دڵیەوە چاوەڕوانیی دوارۆژی خۆی بکات. دڵیشی تەنگە، پڕە لە خەموخەفەت، پڕە لە گلاراوی ئەم خەموخەفەتەیش پاڵی پێوەدەنێ بگەڕێ بەدوای (دڵداری)دا.

ئەی چۆن وا نابێ؟... ئەوێک کە لە دایکبوونی هەستکردن بەڕەگەزبازیی خۆی، بەچاوی خۆی ببینێ، کارەساتی هەستی ئەو ڕەگەزبازییەیشی وەک تەماشاگاهێک بێتە پێش چاو کە چیرۆکی تێدا لاسایی دەکەنەوە! تەنانەت ئێستاکە تۆ لە بەرامبەر کچێکدای کە دەیەوێ جێگای خۆی بکاتەوە لەناو کەسانی تردا کە دەیەوێ خۆی بنوێنێ بەسەر کەسانی تردا.

هەموو ژیانیشی پڕبووە لە شتی پێچەوانە!. هەر لەو کاتەدا کە وات دێتە بەرچاو:

کەللەڕەق و لووتبەرز و لەخۆبایی بوو و، پشت بەخۆبەستە، کەچی زۆری پێناچێ دەیبینی بەخۆیدا ڕاناپەڕموێ هیچ شتێک بکات. دوودڵە لە خۆی، دڵنیایش نییە لە



بیروباوەڕەکانی خۆی!. هەرزەکارەکان، بەکوڕ و کچەوە، هەموویان لەم تەنگوچەڵەمەی ژیانەوە تێدەپەڕن. جا لێرەوەیە کە گۆڕانێکی زۆر بەسەر گەشەکردنی گیانیاندا دێ لەگەڵ ئەوەیشدا بۆ باوکەکان ئاسانە کە لەگەڵ کوڕەکان و کچەکانی خۆیاندا ڕێک بکەون. ئەوەیش کاتێک دەبێ کە ئەو کوڕ و کچانە گەورە بووبن، کە کچەکانت گەورە بوون لێت نزیکتر دەبنەوە، لەوەدەمەی کە منداڵ بوون. ئەوساکە لە تواناییاندا هەیە کە هەستیان وەک هەستی تۆی لێ بێ. ئەوانیش لە خۆشەویستیدا بەرامبەریت بکەن بەواتایەکی تر دڵت ڕابگرن. بەڵام بەمەرجێ کە تۆیش پشتیان پێ ببەستیت و باوەڕیشیان پێ بکەیت.

ئەی باوک و دایکەکان! ئەوەتان لەبیر نەچێت کە ئێوە دەتوانن زۆر کار لە کچەکانتان بکەن، دەسەڵاتتان زۆرە بەسەریاندا کە هێزی کەسایەتیتان و، بیرکردنەوەی ڕاست و دروستتان و بیروباوەڕەکانتانن، کە کردەوەی کچەکانتان بەرامبەرتان دیاری دەکەن. زۆرجاری وا هەیە کچە بچوکۆڵەکانمان خۆیان بەوە دەنوێنن کە گەورە کچەکان سووک و ڕیسوا بکەن! لەگەڵ ئەمەیشدا، ئەو کارەی گەورە کچەکان دەیکەن لە کچە بچکۆڵەکان، هەر لە کاری چاوبەست دەکات. چونکە کچی هەرزەکار پێویستیی بەخورشتێک هەیە بۆ دڵ ناسکییەکەی خۆی جا ئەگەر توانیت ئاراستەی بکەیت بۆ لای هونەرە جوانە ڕەنگاوڕەنگەکان، وەک: سا. و ئاواز و گۆرانی و وێنەکێشان و پەیکەرتاشین... لەڕاستیدا یارمەتییەکی گەورەی دەدەیت، لە بەکارهێنانی ئەو هێز و تینە شاراوەیەیدا کە لە دڵناسکییەکەیەوە پەیدابووە و پەنگیشی خواردۆتەوە لە دڵ و دەروون و مێشکیدا ئەوساکە کچەکە لەنگەری خۆی دەگرێتەوە. ئەگەر توانیشت لە شێوەیەکی ژیرانە و بەئەندازەدا یارمەتیی بدەیت لە بیرکردنەوەدا لە بابەت ڕەوشت و کرداری خۆیەوە، لەڕاستیدا یارمەتییەکی باشی دەدەیت کە لە دەست بەندەییی سروشتی خۆی و لە دەست پێوەندی هەوەس و ئارەزوو و دەمار بزووتنەوەی خۆی ڕزگاری ببێ، چونکە هەر ئەو هەست و تاسە و دڵ بزووتنەوانە بوون کە ورووژاون و، هوروژمیان بردۆتە سەری و گەلێک جاریش بڕیاری خراپ خراپیان پێداوە! جموجۆڵ و بزووتنەوە، نەخۆشیی ئاواتەخەو چاک دەکەنەوە تاقیکردنەوەی ڕاستەقینەیش وا لە کچەکە دەکات کە خۆی ڕابگرێت کە بڕیار بدات بەسەر تواناییی مرۆڤدا، کە ئەویش تێ بگات، مرۆڤ تا چ ئەندازەیەک دەتوانێ پێشکەوێ و سەرکەوێ کەواتە پێویستە لەسەرمان چەند کار و فرمانێک دیاری بکەین بۆ کچەکانمان کە لەناو ماڵدا خۆیانی پێوە خەریک بکەن هەروەها لە دەریشەوە بیانخەینە سەر کارگوزارییەک لە کۆڕی کۆمەڵایەتیدا، وەک ئەوەی کە بیانکەین بەئەندامێک لە

کۆمەڵە چاکە بەخشەکاندا کە یارمەتیی پیاوی پیر و منداڵ دەدەن، کە سەرپەرشتیی ئەو فرمانە دەکەن.

دیارە لێرەدا مەبەسمان ئەوە نییە کە کچەکە بخرێتە ناو ئەو کۆمەڵانەوە کە ئەندامەکانی حەز بەهاوبەش بوون دەکەن لە گرەو و بەربەرەکانێی زانستیی پڕ لە گیروگرفتدا چونکە لەبارێکی وادا دەبێ ئەمەندە بەتەنگ کچەکانمانەوە بین کە هەر ڕێگایەکمان پیشاندان پێیدا بڕۆن دەبێ لە پێشەوە لەسەر بنچینەیەکی زانستیی و لێکۆڵینەوەیەکی تەواومان تێدا کردبێ ئنجا بڕیارمان لەسەر ئەو ڕێگایە دابێ. کچەکان لە تەمەنی هەرزەکاریدا، لە ڕێگایەکی گرنگی ژیانیانەوە تێدەپەڕن زۆر هەستی بەهێز و هوروژم دەبەنەسەر دڵ و دەروونیان تووشی زۆر ڕەوشت و خووی بەد و توندوتیژ دەبن. کردەوەی زۆر نابەجێیان لێ ڕوو دەدات وایان لێ دێ تووشی دوودڵی دێن لەگیانی خۆیان وەڕس دەبن بۆڵەبۆڵ دەکەن دڵیان تەنگ دەبێ هەست و تاسە و تەزوویان زوو گڕدەسێنێ زوویش دەژاکێن و کز و سیس دەبن!. ئەو ڕەنج و کۆششەیش کە باوک و دایکەکان بەختی دەکەن لەپێناوی ئەوەدا، کە لەگەڵ کچە هەرزەکارەکەیاندا هەڵ بکەن و بەپێی بیروهۆشی ئەو بڕۆن بەڕێوە بێگومان یارمەتییان دەدات کە چارەیەکی بەکەڵکی بۆ بدۆزنەوە لەو چەند تاوە ناسکەدا، کە لەم بەشە پڕ تەنگوچەڵەمەی ژیانەیدا، لە ڕێگا پیشاندانی کچەکەیاندا کاریان سەر بگرێ پێویستە لەسەریان هەندێ ڕەوشت و خووی لاوان بگرن وەک: دڵسۆزی و کارگوزاری و خوێن گەرمیی و، خواستێکی بەهێز و هەڕەت و بەخۆدا ڕاپەرموون. جا بەهۆی ئەم ڕەوشت و کردارانەوەیە کە بتوانن فرمانی خۆیان بەجێ بهێنن بەرامبەر کوڕەکان و کچەکانی خۆیان لە شێوەیەکی (یەکسانی)دا!...[1]

---

(١) ئەم بابەتە لە گۆڤاری «ڕۆشنبیری نوێ»دا بڵاوکراوەتەوە. ژمارە (١٠٧)ی ئەیلولی ١٩٨٥. دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی – بەغدا.

## ئارەزووی دزیکردن لە دڵی منداڵ چۆن دەربهێنین؟![1]

نووسەری: پزیشک ماریان ڕۆدۆرف

پسپۆڕێکی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتیی فەرەنسیی

### تۆ بڵێی دز بێ؟

«دەدزێ» یان «دەیشارێتەوە» یاخود «دەیخاتە پەناوە» ، لەگەڵ گەلێک کردەوەی تریشدا کە لە فەرهەنگی زماندا هەن، هەموویان بۆ ئەوە بەکاردەهێنرێن کە یەکێک شتێک دەست خۆی بخات وە مافی نەبێ ئەو شتەی دەست بکەوێ... جا هەرچەند دزەکە کردەوەکەی خۆی بچووک پێشان بدات، ئەوەندیش خاوەن سامان دزراوەکە ئەو کردەوەی دزینە بەگەورە پێشان دەدات. کاتێ کە دزەکە دەڵێ: (هەڵم گرت) یاخود (شاردمەوە) پیاوە سامان لێ دزراوەکە کە پێی دەڵێ: (نەء! تۆ دزیت و دزیت کردووە!...) ئەو وشەیەیش کە بۆ پێشاندانی دزییەتی بەکاری دەهێنن، ئەوە دەردەخات کە چەند لەو کردەوە ناپەسندە بێزار و وەڕسن. چونکە لە هەموو وشەیەکدا شتێک هەیە هەستی ناو دەروونمان پێشان دەدات. قسە دەربڕینیش هیچ نییە ئەوە نەبێ کە وەک ئاوێنەیەک هەست و تاسەی ورووژاوی ناو دەروون پێشان دەدات... لەبەرئەوە وشەی (دزی) کردەوەیەک پێشان دەدات کە بەلامانەوە نەنگ بێ. کەچی وشەی (شاردنەوە) کردەوەیەک پێشان دەدات کە هەندێ شارەزاییی تیابێ... وشەی (فڕاندن)یش ئەو واتایە پیشان دەدات کە خۆ ماندووکردنێکی وا بێ کە هەندێ (وەرزش)ی تیا بێ!! کاتێکیش کە لە بابەت منالێکەوە دەدوێین و دەڵێین: (ئەوە منالێکی وایە ئەوانەی لەگەڵیدان چەواشەیان دەکات و شتی وایش هەڵدەگرێ و... دەیبات کە مافی پێوە نەبێ). ڕستەکە بەدوو جۆر لێک دەدرێتەوە. لێکدانەوەکەیان دڵڕەقیی تیا دەبێ، ئەگەر بێتو بەچاوێکی ڕاستییەوە سەیری کردەوەی منداڵەکە بکەین... لێکدانەوەیەکیشیان دڵنەرمیی تیا دەبێ، ئەگەر بێتو بەچاوێکی ئاساییەوە سەیری کردەوەی منداڵەکە بکەین بێ ئەمەی کردەوەکەی لەبەرچاوی خۆماندا گەورە بکەین!... کەینەوبەینەکەیش بەجۆرێکی تێکڕایی لە سەرەتادا پڕوپووچ دەست پێ دەکات. وەک بڵێین منداڵەکە پارچە شیرینییەکە لە دەست خوشکەکەی خۆی دەسێنی... پاش ئەوە کە دەگاتە ئەوەی کە دەفڕەنگ، بەدزییەوە، لە پریاسکەی پارەکانی دایکی دەربهێنێ، دواي

(١) الحكم الذاتي – مجلة: ع (٣) السنة (٥) ١٩٨٠ –المجلس التشريعي لمنطقة كردستان– أربيل.



ئەوە دەگاتە ئەوەی کە سەد فرەنگ، بەدزییەوە لە کیرفانی باوکی خۆی دەربهێنێ... یاخود سەوزە فرۆشەکە چەواشە بکات و هەندێ کەلوپەلی ناو دووکانەکەی هەڵبگرێ و بیبات! یان لەکاتێکا کە کەس چاوی لێ نەبێ، بەری دارێک بکاتەوە لە باخی یەکێک لە دراوسێکان. جا منداڵەکە بەرەبەرە هەتا گەورە دەبێ یەک لە دوای یەک دزیی گەورەتر و گرنگتر دەکات. تا وای لێ دێ ڕۆژێک لە ڕۆژان بێباکانە، هەزار فرەنگ لە چاوی مێزی ژووری سەردارەکەی خۆی دەردەهێنێ و دەدزێ!... پاشان هەتا دێ بەرەو کەتنی گەورەتر دەچێت، تا وای لێ دێ بەتفەنگەوە هەڵدەکوتێتە سەر جێگا گشتییەکان بۆ تاڵانکردن!... پاش ئەوە لە تاڵانکردنیشدا بەرەبەرە پێش دەکەوێ...

لە پێشدا لە تاریکیدا بەتفەنگەوە هورووژم دەباتە سەر جێگا گشتییەکان... دوای ئەوە وایشی لێ دێ کە بەڕۆژی ڕووناک بەتفەنگەوە هورووژم بباتە سەر جێگا گشتییەکان، بۆ ئەمەی سی ٣٠ هەزار، یاخود سی ٣٠ ملیون فرەنگ تاڵان بکات! جا لەگەڵ ئەوەیشدا کە ئەم کردەوانە لەگەڵ یەکتردا جیاوازییان زۆر هەیە، کە لە ناوەند سەندنی پارچە شیرینییەک لە دەستی خوشکێک و تاڵانکردنێکی بەچەکەوە بەڕۆژی ڕووناک ماوەیەکی یەکجار دوور هەیە! دەڵێم لەگەڵ ئەوەیشدا کە ماوەیەکی یەکجار دوور هەیە لە ناوەند ئەم دوو کردەوەیەدا بەڵام ڕاستییەکی بڕیار لەسەر دراو هەیە، کە هیچ گومانێکی تێ نابرێ، ئەویش ئەوەتا کە ئەمە یەکجار گرانە بۆ ئێمە کە بەتەواوەتی ئەوە دەربخەین کە (گەرای دزێتییەکە) لە چ جێگایەکەوە، یاخود لە چ کردارێکەوە دەستی کردووە بەپەیدابوون: ئاخۆ گەرای دزێتییەکە لەوکاتەوە پەیدابووە کە پارچە شیرینییەکەی لە دەست خوشکەکەی خۆی سەندووە؟ یاخود لەو کاتەوە پەیدابووە، کە منداڵەکە سەد فرەنگەکەی، بەدزییەوە لە گیرفانی باوکی دەرهێناوە؟ هەروەها ئەگەر گەرای دزێتییەکە هەر لەو کاتەوە پەیدابووبێ کە ئەو کردەوە... بچووکە پڕوپووچە ڕووی دابێ، ئەویش بۆ ئێمە گرانە کە بزانین تا چ ئەندازەیەک ئەو دزێتییە پەرەدەسێنی و گەشە دەکات، یاخود کەی ئەو کارە وای لێ دێ کە بەکەتن و تاوان دابنرێ؟ یاخود ئەنجامی تاوانبارەکە بەچی دەگات؟... یان لە چ ئەندازەیەکدا ڕادەوەستێ! ئەوەندە هەیە هەڵسەنگاندنی ئەم کردەوانە لەلایەن منداڵەکەوە ئەو نرخ و بایەخەی نییە کە ئەوانەی لە ناویان دادەژی هەڵی دەسەنگێنن. چونکە هەندێ باوکی وادەبینین کە دڵڕەقییەکی بێ ئەندازە پیشان دەدەن بەرامبەر ئەو کوڕە بچکۆڵەیان کە پارچە شیرینییەکی لە چاوی دۆلابێکی ژووری نانخواردن دەرهێناوە. بەدزییەوە. تەنانەت لە دواڕۆژی کوڕەکەیان دەترسن کە ببێ بەدزێکی تەواو. کەچی باوکانی وایش

دەبینین کە ئەم جۆرە کردەوەیە بە (هونەر) یاخود بە (شارەزایی)یەک دادەنێن بۆ کوڕەکەیان، کە زانیویێتی چۆن سواری (ترام) ببێت و خۆیشی لە دەست دانیی مزی سواربوونەکەی ڕزگار بکات؟! بێجگە لەوەیش ئەم کردەوەیە هەر بۆ بەزم و پێکەنین دەگێڕنەوە!

## بام خەریک بین بزانین چی بەمێشکی منداڵەکەدا دێ؟

ئێمە لێرەدا نامانەوی لە کوڕە تاوانبارەکە بدوێین، کە کردوەی وای لێ دەوەشێتەوە یاسا سزای لەسەر دەدات. ئێمە دەمانەوێ لەو کوڕە بدوێین کە شتی پڕوپووچ لەناو ماڵ یاخود لە خوێندنگا هەڵدەگرێ بەدزییەوە.

واتا لەو منالە دەدوێین کە ئەم کردەوانەی دەیانکات خۆیان لە خۆیاندا بەسامناک و گرنگ دانانرێن. بەڵام جاروبارێک ئێمە لە ئەنجامیان دەکەوینە پەژارەوە. هەندێ باوکانی وایش هەن لە سەرەتادا بەتەنگ ڕوودانی ئەم کردەوانەوە نین. بەشتێکی بێ نرخیان دادەنێن. کەچی زۆری پێ ناچێ، ئەو باوکانەمان چاوپێ دەکەوێتەوە لەسەر کردەوەیەک لەو کردەوانە کە ڕوودەدات، بەتەواوەتی دەگۆڕێن. واتا لە کەمتەرخەمییەوە دەگەنە دڵتەنگییەکی یەجگار ناخۆش و گرنگ... لەو کەمتەرخەمییەوە کە تیابوون و بەو کردەوەیەیان دەگوت هیچ نییە و شتێکی پڕوپووچە، دەگەنە دڵڕەقییەکی یەجگار ناخۆش لە جەزرەبە گەیاندن بەو منداڵەی کە ئەو کردەوە (بچووکە) و (هیچوپووچە)ی کردووە... پاشەجاریش زۆر سەریان سوڕدەمێنێ لەوەی کە توندوتیژییەکەیان لە سزادان و سەرزەنشتکردندا، هیچ کەڵکێکی نەبووە.

جا ئەگەر بەدڵیاندا بێت و لەگەڵ منداڵەکەدا بەشیرینی بجووڵێنەوە. بۆیان دەردەکەوێ کە نەرمی و شیرینییەکەیان خراپتری لێ کردووە... ئەمیش سەبارەت بەوەیە کە ئەگەر کوڕەکە لەبەر توندوتیژیی سزادانی باوک و دایکی بێ کە وازی لە دزێتی هێنابێ، یاخود لەبەر ڕێککەوتن و نەرم جووڵانەوەیان بێت لەگەڵیا ، لەپاش خۆکێشانەوەی لە دزێتییەکەی، خۆی لە کار و فرمان و چالاکیش دەکێشێتەوە... پاش ئەوە خۆی لە خوێندنگەیش دەرباز دەکات؟

کەواتە دەبێ ئێمە چی بکەین؟

بام لە پێش هەموو شتێکا لەوە تێ بگەین کە چی دێت بەبیری کوڕە بچکۆلە دزەکەماندا؟... وا چەند وێنەیەک دەهێنینەوە گرنگ و زیندوو لە بابەت ئەو بارانەوە کە



بەلاماندا تێپەڕیوون و خاوەنەکانیانمان ناسیوە. وێنەکانیش وەک خۆیان هەن، پیشانیان دەدەین، هیچیان لێ ناگۆڕین... ئێمەیش وامان بەباش زانی کە وێنەی هەرە ورد و هەرە قووڵیان لێ هەڵبژێرین لە واتا بەخشیندا. هەروەها وێنەی هەرە باویشیان... چونکە هیچ شتێک لەوە بەکەڵکتر نییە بۆ ئێمە، کە لە نزیکەوە سەرنج لە منداڵەکانمان بدەین بەجۆرێکی ورد و تایبەتی... خۆزگەش لە پێش ئەوەدا کە دەست بکەین بەپەروەردەکردنی ئەوان. ماوەمان بەو منداڵانە خۆیان بدایە، کە ئەوانیش دەست بکەن بەپەروەردەکردنی ئێمە...

## هەندێ لەوانەی دەیانناسم

### وێنەی یەکەم

(ڕۆجیە) و (جانین) برا و خوشکن، لەگەڵ یەکتردا شەڕوشۆڕ دەکەن و قاووقیژ دەکەن، لە یەکتر دەدەن!... کاتێک دەزانێت کەلوپەلی ناو ژوورەکەیان سەرەو ژێر دەبێ! دایکەکەیان بەهەڵەداوان دەگاتە لایان تا بزانێ چی ڕوویداوە. بەڵام دەچێ پشتی کچە بچکۆلەکەی دەگرێ و قسە ئاڕاستە کوڕەکەی دەکات پێی دەڵێ: (من فەرمانت پێ دەدەم کە واز لەم خوشکە بچکۆڵەیەی خۆت بهێنیت... ئێوە بۆ چ واتان بەسەر هاتووە؟)... لێرەدا (جانین) دەست دەکات بەگریان وە دەڵێ: (براکەم نوقڵەکەی لە دەست سەندم!...)... دایکەکەیشی بۆ ئەمەی (بیروباوەڕ)ەکەی خۆی بپارێزێ، بەناچاری هەندێک لە (ڕۆجیە)ی کوڕی مۆر دەبێتەوە... پاش ئەوە لە ژوورەکە دەچێتە دەرەوە، سنگی خۆی دەردەپەڕێنێ و هەرچییەک ڕووی داوە دەمودەست لە بیری دەچێتەوە... ئەو وادەزانێ کە ئەو کارەساتە بابەتێکی کەم بایەخە و ئەوەیش ناهێنێ کە لەوەندە بەولاوە پێوەی خەریک بێ!... بەڵام هەر ئەوەندە چەند ڕۆژێکی پێدەچێ، دایکەکە لەناکاو دێ بەسەر (ڕۆجیە)دا، کە تەماشا دەکات ئەوا چاوێکی ئەو مێزەی کردۆتەوە کە خۆی هەندێ شیرینیی تیا شاردبووەوە، دەستیشی کردووە بەچیکۆلاتە دەرهێنان، دەمی خۆی لێ پڕکردووە!... لە ڕاستیدا لێپرسینی ئەوەی کە ئەو چیکۆلاتانەی لە کوێ هێناوە بەکات بەفیڕۆدان دادەنرێ!... چونکە ئەم کارەساتە ئەوەندە ئاشکرایە هیچ پرسێکی پێ ناوێ!... جا لەبەرئەوەی دایکەکە ئەوەی لە کوڕە بچکۆڵەکەی خۆی ڕانەئەپەرمووکە کارەساتی وای لێ ڕوو‌بدات، نەچوو بوو دەرگای چاوی مێزەکە دابخات تا نەهێڵێ ئەو دزییەی لێ بکات... بەم ڕەنگە ئەم کارەساتەیشی هەروا بەئاسانی تێپەڕ بوو چونکە دایکەکە بەکارێکی

بچووکی بێ نرخی دانا، کە ئەوەی هەڵنەدەگرت خۆی پێوە خەریک بکات!... بەڵام ئەم بارە زۆری پێ ناچێ بەتەواوەتی دەگۆڕێ کەینەوبەینەکە دەبێتە ڕاستی، گەمە و پێکەنینی تیا نامێنێ، چونکە ئەمەندە مەترسیی لێ دەکرێ، دڵ زۆرتر ئەخاتە بێ سروەتییەوە...

ڕۆژێک لە ڕۆژان، لەو کاتەدا کە باوک و دایکەکە و کچە بچکۆڵەکە (جانین)لەم دیوە و لەودیوی خوانی نانخواردنەکەوە دانیشتبوون، ژورەکە ماتی و بێدەنگییەکی تەواو داگیری کردبوو. (ڕۆجیە) لەگەڵیاندا دانەنیشتبوو، چونکە کەوتبوو لە جێگاکەیدا... کچە بچکۆڵەکەیش هەرچەند تەماشای دەموچاوی دایک و باوکی ئەکرد خەفەت دایدەگرت. لەبەرئەوە نان و چێشتەکەی باش پێ نەدەخورا... کاتێک زانی لەپڕ باوکی هەستایە سەرپێ و لە تەنیشت خوانەکەوە وەستا و بەدڵێکی تەواو تەنگەوە ئەم قسانەی دەربڕی گوتی:

(لەوە تێگەیشتم کە منداڵەکە بێ ئاگاداریی ئێمە نوقڵەکەی لە دەست خوشکەکەی خۆی سەندبوو بەزۆر... هەروەها لەوەیش تێگەیشتم کە بەدزیی ئێمەوە چووبوو گیرفانی یاخود دەمی خۆی پڕکردبوو لە چیکۆلاتەکە لە چاوەیەکی ناو ژووری نانخواردنەکەدا پارێزرابوو... بەڵام هەرگیز لەمە تێ ناگەم چۆن فێربووە پارە بدزێ؟!...).

وا ڕێک کەوت لە سەرەتای هاویندا گەرما دەستی پێکرد. ماوەی ناوەند ماڵ و خوێندنگاکەیش زۆر درێژبوو. جارێکیان (ڕۆجێە) (جاک)ی هاوڕێی لە خوێندنگا دەگەڕانەوە ماڵێ، لەپڕ چاویان بەدەسگێڕێک کەوت (بەستەنی)ی دەفرۆشت. لە پەنایەکی شەقامەکەدا وەستابوو. بێجگە لە بەستەنی هەموو جۆرە ساردەمەنییەکە خۆشبێ پێی بوو دەیفرۆشتن... لەپڕ (جاک)ی هاوڕێی (ڕۆجێە) ڕای کرد و خۆی گەیاندە لای فرۆشیارەکە، هەندێ بەستەنیی لێ کڕی و دەستی کرد بەخواردنی. کەچی (ڕۆجیە)یش لەبەردەمیا وەستابوو. ئاوزابوو دەمیەوە، بەپەرۆشەوە بوو بۆ خواردنی ساردەمەنییەک، تا لەو تێنوێتییە ڕزگاری ببێ کە ئەوەندەی نەمابوو گەرووی لەت لەت بکات.

جا ئەم کارەساتە هەموو ڕۆژ دووبارە دەبووەوە: ڕۆجێەی بەش بڕا و جاکی خواپێداو، پێکەوە لە خوێندنگا وە ئەگەڕانەوە ماڵێ. (جاک) لەو ساردەمەنییە خۆشانەی دەکڕێ و دەخواردەوە، کەچی (ڕۆجێە)یش هەر ئەوەی بۆ ئەمایەوە تەماشای ئەو ساردەمەنییە ڕەنگاوڕەنگە گەشانە بکات کە زەرد و سوور و سەوز دانرابوون، ئەبریسکانەوە... پڕبەدڵ حەزی لێ دەکردن بیخواتەوە. بەڵام چونکە پارەی پێ نەبوو بیانکڕێ پێشی لێ دەخواردەوە... لەبەدبەختیی خۆیشی (ڕۆجێە) نەمنداڵێکی دەروێش سروشت بوو



نەمنداڵێکی ڕاستی پەرست... هەروەها (جاک)ی هاوڕێیشی نەمناڵێکی خۆپارێزبوو، نەمنداڵێکی بەرچاو فراوان و بەخشندە... کەواتە چی لەوە ئاسانتر بوو بۆ (ڕۆجێە) کە دەست درێژ بکات بۆ پریاسکەکەی دایکی و بیست فرەنگی لێ بدزێ؟... خۆ کەس ناتوانێ دزینی پارەیەکی وا کەم بدۆزێتەوە... لە ڕاستیشدا بەستەنییە خۆشەکەیشی ئەوە هەڵدەگرێ، کە پیاو بەم جۆرە خۆی بۆ ماندوو بکات... بەم ڕەنگە (ڕۆجێە) خووی گرت بەوەوە کە هەموو ڕۆژێک بەدزییەوە دەست ببات بۆ پریاسکەکەی دایکی و بیست فرەنگی لێ دەربهێنێ... بەڵام ئەو پارە کەمانە، هەر لەو دڵۆپە ئاوانەیان دەکرد لە گلێنەیەک دێنە خوارەوە، کە لەپاش ماوەیەک گلێنەکە چۆڕ بڕبێ... ئەگەر ونبوونی بیست فرەنگ لە ڕۆژی خۆیدا ئاشکرا نەبێ، ونبوونی بیست فرەنگ کە هەموو ڕۆژێک ڕوودات، چەند ڕۆژێکی پێ ناچێ ئاشکرا دەبێ... چونکە دایکەکە لە برانەوەی حەفتەدا دەستی کرد بەپیاچوونەوەی لەنگەری پارەی ماڵەکەی، بەژماردنی پارەی بەختکرا و لەو حەفتەیەدا. کە سەرنجی دا سەد فرەنگی تەواو دیار نەبوو... دیاربوو ونبووبوو، لە پێشدا بیریان بۆ (ڕۆجێە) دەچێ... پاش ئەوە گومانەکەیان دەگۆڕێ و دەبێ بەباوەڕ... لە دوای باوەڕکردنیش پێ لێنان دێتە پێشەوە... جا لەمەوە بوو کە ئەو ڕۆژە لە ژووری نانخواردنەکەدا ماتی و بێدەنگی دایک و باوکەکەی داگیر کردبوو. هەروەها ماڵەکەشی وا لێ کردبوو...

ئەوە بوو لەوەپێش گوتمان کە هەڵسەنگاندنی کاروکردەوەی منداڵەکە لەلایەن منداڵەکە خۆیەوە زۆر جیاوازیی هەیە لەگەڵ هەڵسەنگاندنی ئەوانەی کە لە ناویاندا دەژی هەرچی باوکەکەیە. کە کارەساتێکی وا ڕوودەدات، ئەوەی دێتە پێش چاو کە «کوڕەکەی دوایی خۆی لە بەندیخانە توند دەکات...» لەگەڵ دایکەکەیشیا ئەو ڕاوێژە دەکات کە ڕەوانەی بکەن بۆ یەکێک لە «ڕاستکردنەوە خانەکانی ڕەوشتی منداڵان» ئەم هەموو شت گەورەکردنە و گیروگرفت نواندنەی بۆ چییە؟ ئاخۆ ئەگەر بێتو بەچاوێکی ڕاستی و ڕووداوە سەیری هەموو شتێک بکەین کارەکەمان ئاسانتر نابێ و چارەکردنیشی سووکتری لێ نایەت؟... بام لەوەوە دەست پێ بکەین کە ڕۆژانەیەکی کەم بۆ (ڕۆجێە) ببڕینەوە، لە گیرفانیا بێ. هەردەمێ ئارەزووی کرد، بەختی بکات، چونکە ئەم پارەی ڕۆژانەیە بۆ ئەو هەر پێویستە، تەنانەت ئەگەر بەپەرۆشیشەوە نەبێ بۆ خواردنی ساردەمەنی، ئەو پارەیەی هەر پێویستە... چونکە بێگومان منداڵەکە شەرم دەکات لە خۆی کە نەتوانێ وەک هاوڕێکانی خۆی ئەو شتانە بکرێت کە دڵی پێیان خۆش دەبێ... باوک و دایکەکەی دەیانتوانی لەم کەینە و بەینەیە تێ بگەن. هەر لەو ساوە کە (ڕۆجێە) نوقوڵەکەی لە دەست

خوشکەکەی خۆی فڕاند بوو!... (ڕۆجیّه) هەستی وا بەخۆی کردبوو کە بەشبڕاوە لە خۆشەویستی و بەزەیی پیاهاتنەوەی دایک و باوکی لە دڵسۆزی و خەمخۆرییان، کە وەک خوشکەکەی چاودێریی ناکەن. خوشکەکەی لەو لەپێشترە، جاهەر چەند دایک و باوکەکە ئەو جیاوازییەیان لەناو ئەو و خوشکەکەیدا پتر دەنواند، کوڕەکەش زۆرتر هەستی بەناخۆشیی بەش بڕوای دەکرد...

جا ئەم هەست بەخۆکردنەی بوو کە پاڵی پێوە دەنا بۆ (دزی) کردن!... لەم کارەساتەیشدا کە لە (ڕۆجیّه) ڕوویدا، لەپاش ئەوەیش کە باوک و دایکەکەی جەزرەبەیان پێگەیاند، دەمارە مێشکییەکانیان دامرکانەوە و حەسانەوە. ئارامێکیش بەمێشکیان گەیشت، ئنجا هۆشیان هاتەوە بەر خۆیان و هات بەدڵیاندا کە پێویستە زرنگانە بیر لە کەینەوبەینەکە بکەنەوە، کە لەسەر خۆ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی تیا بکەن، جا لەبەرئەوەیە کەم کارێک کە نواندیان بەرامبەر (ڕۆجیّه) ئەوە بوو کە تێیان گەیاند لە شێوەیەکی ڕاست و ڕەواندا، کە هەر کاتێ ویستی شتێکی دەست بکەوێ، زوو بەزوو ئارەزووی خۆی ئاشکرا بکات بۆ هەردووکیان. چونکە هەر ئەم ڕێگایە هەیە کە بیگرێ و بتوانێ دڵیان ببەستێ بەخۆیەوە و دڵیان خۆش بکات و باوەڕیشی پێ بکەن ئەمەیش ئەوە ناگەیێنێ کە هەر چییەکی لێ داواکردن بۆیان جێبەجێ ئەکرد. ئەوەندە هەبوو بەرپەچدانەوەکەیان، هەموو دەمێک هەر لەسەر شتێکی دیاریکراو بوو چونکە بێگومان بەرپەچدانەوە شتێکی دیاریکراو، لە سروشتا جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەو پەرچدانەوە گشتییەی کە بۆ هەموو شتێک بکرێت کە ئەو ئارەزوویان دەکات، هۆی بنچینەییی کارەساتی بەستەنییەکەیشی ئەوەبوو کە قەوما، (ڕۆجیّه) نەیوێرابوو داوای بکات لە باوک و دایکی... لەبەر ئارەزووی دەستکەوتنی ئەو بەستەنییە چوو بووە کانگای دڵیەوە و پەنگی تیا خواردبووەوە. بۆ هەلێک دەگەڕا کە لێی بێتە دەرەوە... جا هەر لەمەوە بوو کە ئەو پارانەی لە دایکی دەدزێ، بۆ ئەمەی ئەو بەستەنییەی پێ بکڕێ!... چونکە ئەوە بۆ هەمووومان دەرکەوتووە کە ئەگەر ئارەزوویەک پێک نەهێنرێت، تا دێت هەڵ دەچێ و گڕ دەسێنێ. جا ئەگەر ئەم دەستوورەمان بەسەر کوڕەکەدا نواند و، سەیری کردەوە لە ئەندازە بەدەرەکەی باوک و دایکەکەیمان کرد کە بەرامبەر کردەوەی کوڕەکەیان چییان کردووە، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم جۆرە لە (ئەندازە بەدەری)یە لەگەڵ کارەساتەکەی یەکەمدا تەواو بەرێوە دەچێ!... چونکە ئەگەر ئێمە ئارەزووەکانی منداڵەکەمان ڕابگرتایە و نەمان شکاندبایە، ئەگەر خرۆشی منداڵیمان تەواو هەڵ بسەنگاندایە، منداڵەکە ئارەزووەکانی ئەوەندە هێز و هەرەتیان نەدەسەند کە پاڵی



پێوە بنێن بۆ دزیکردن، تا بەپارەی دزێتییەکە ئەو ئارەزووانەی پێ دابمرکێنێتەوە... هەروەها تووڕەییی باوک و دایکەکەیش ئەوەندە گڕی نەدەسەند کە بچێتە مێشکیانەوە ئەنجامی کوڕەکەیان بەبەندیخانە دەگات!... باوک و دایکەکە کەینەوبەینەی (ڕۆجیّه)یان بۆ یەکێک لە پزیشکە پسپۆڕەکان گێڕایەوە، بەڵام پزیشکەکە کوڕەکەی بەنەخۆش نەهاتبووە پێش چاو، کە پێویست بێ چارەی بکرێ. بەم ڕەنگە هۆشی باوک و دایکەکەی هێنابووەوە سەرخۆی وای لێ کردبوون کە بەچاوێکی ڕاستی و دروستی و ڕووداوەوە سەیری ئەم کەینەوبەینە بکەن... ئیتر هەر ئەوەندە باوک و دایکەکە بەڕاوێژی پزیشکەکەیان کرد، لەوەدا سەرکەوتن کە کوڕەکەی خۆیان بخەنەوە سەر ڕێگای ڕاست.

### وێنەی دووەم

(هەنری) منداڵێکە دایکی مردووە. لەبەرئەوە لە خۆشەویستیی ئەو بێبەش ماوەتەوە. لە ئەنجامی ئەوەدا هەندێک لە کاروباری ماڵ کەوتبوو بەسەر شانی ئەوەدا... هاوڕێکانی (هەنری)یش وا ڕاهاتبوون کە هەموو ئێوارانێکی ڕۆژی پێنج شەممە لەناو دارستانەکەدا یاری بکەن و کاتێکی پڕ بەزموخۆشیش پێکەوە ڕاببوێرن، کەچی هەر لەو کاتەدا دەبوو (هەنری) لەگەڵ خوشکە بچکۆلەکەی دابوایە و بگەڕایەوە بۆ ماڵەوە. کە ڕۆژەکانی یەکشەمەیش دەهاتن هەر بەم جۆرەی ڕادەبوارد، بەتەنیا، لە چۆڵیدا دەمایەوە. هیچی دەست نەئەکەوت کاتی پێ بکوژێ ئەوە نەبێ کە هەندێ وێنە بکێشێ و ڕەنگیان لێ بدات[1]... لەبەرئەوە ژیانی (هەنری) لەسەر شێوەیەکی وەرسبووی خەفەتبارانە بەڕێوە دەچوو... کە لە پاش ماوەیەک بوو بەهۆی ئەوەی (هەنری) فێری سەرکزی بێ و هەر بیر لە خۆی بکاتەوە... کاتێ کە دەچووە خوێندنگاە، کەس لە هاوڕێکانی خۆی تێ نەدەگەیاند... هەروەک بەردێک بێ و لەوێ فڕێ درابێ وابوو. هیچ وتەی لە دەمەوە نەدەهات. هەموو دەمێکیش بەلا ترسکەیی و دوورەپەرێزییەوە ئەژیا... تێکەڵ بەکەس نەدەبوو. کاتێ کە هاوڕێکانی لە بابەت تۆپ و تفەنگەوە قسەیان دەکرد، ئەو هەر ئەوەندەی لە دەست دەهات کە ئاواتیان بۆ بخوازێت، ڕۆژێک لە ڕۆژان بەکاریان بهێنێت... لە دڵی خۆیدا دەیگوت: ڕاست دەکەن تۆپ و تفەنگ یەجگار جوانن!. ڕۆژێکیان (هەنری) هاتەوە ماڵەوە. ناچار بوو پەلاماری فرمانی خۆیدا بیکات. هەروەها بەخوشکە بچکۆلەکەیشییەوە خەریک بێت، هەر ئەوەندە لەو کارانەی بووەوە بیری خۆی بەرەڵڵا کرد، ڕۆیشت بەهەموو لایێکا!.

---

(١) یان: ڕەنگیان بکات.

بەڵام ئاخۆ بیری لە چی کردبێتەوە؟!... بیری لەو تۆپ و تفەنگە جوانانە دەکردەوە کە هاوڕێکانی قسەیان لێوە دەکردن. دیمەنی تفەنگیش بەڕۆژ و بەشەو دەهاتە بەرچاوی، لە کەللەی نەدەچووە دەرەوە... تەنانەت لە خەویشدا هەر لەبەرچاویا بوو... هەرچەندە هەڵێکی دەست بکەوتایە دەچووە بەر دوکانی چەک فرۆشەکە، لەو تفەنگەجوانە بریسکەدارانە ورد دەبووەوە کە لە ڕووی دوکانەکەیا دانابوون بۆ فرۆشتن!. جا دەزانن چی ڕوویدا کە هەنری، ئەم کوڕە شەرمنە و بێدەنگ و سەنگەی گۆشەگیرە، کە دوور لە هاوڕێکانی خۆی دەژیا، بەیانیەکیان چاویان پێی کەوت تفەنگێکی بەدەستەوە بوو لەبەردەم شاگردەکاندا لە خوێندنگاکەدا پیشانی ئەم و ئەوی دەدا، خۆی دەنواند!... کاتێک زانرا هەموو شاگردەکان لێی کۆبوونەوە و سەرنجیان لەو تفەنگە دەدا کە بەدەستیەوە بوو. تەنانەت شاگردە گەورەکانیش تفەنگەکەیان چوو بەدڵدا و چاویان بە (هەنری) هەڵدەهێنا کە تفەنگێکی وای دەستکەوتووە!... بەڵام (هەنری) چۆن ئەو تفەنگەی دەستکەوتبوو...؟ ئەو تەواو شارەزای ئەو جێگایە بووبوو کە باوکی سنووقە پارەکەی خۆی دانابوو. باوکیشی هێشتا نەگەڕابووەوە ماڵەوە... هەرچی خوشکە بچکۆڵەکەیشی بوو، بەخواردنی شیوەکەیەوە خەریکبوو. کەواتە هەلی لە دەستدا بوو، بۆچ لە دەست خۆی بدات؟ زوو دەستی خستە ناو سنووقی پارەکانەوە... بەڵام کاتێ خەریکی ئەوەبوو، گوێی لە دەنگی دەرگاکە بوو کرایەوە. بێگومان کەس نەبو، باوکی نەبێ، هاتبووەوە... لە دڵی خۆیدا گوتی: درەنگە، ئەوەندەی بەدەمەوە نەماوە. بەم ڕەنگە ناچاربوو دوو بانکە نۆتی لە سنووقەکە دەرهێنا و بەپەلە خستیە گیرفانەوە. لەم کاتەدا باوکی گەیشتە ژوورەکە و ڕووبەڕووی وەستا... (هەنری) بەبێ دەنگییەکەوە هەر سەیری دەموچاوی باوکی دەکرد... بەڵام ئەو خووی وا گرتبوو باوکیشی بەوەوە ڕاهاتبوو کە هەمووددەم بەو جۆرەی ببینێ... بەڵام کەس لەو کاتەدا بەبیریان نەدەهات کە ماتی و بێدەنگییەکەی ئەم جارەی لە ئەنجامی کارێکی نەنگەوەیە کە تازە کردوویێتی!... هەروەها باوکیشی هەرگیز لەوە پێش خۆی ماندوو نەکردبوو بەوەوە کە بزانێ لە دوای ئەم بێدەنگی و سەنگییەوە چ جۆرە هەست و تاسەیەک لە دڵیا دەجۆشێ و ئاژاوە دەنێتەوە، کە هەر لەو ژیانە ناخۆشەوە پەیدابووە کە ئەو منداڵە بچووکە تیا ئەژی... بەم ڕەنگە (هەنری) دوایی گەیشت بەئاواتی خۆی. ئەو شتەی کامی بۆ کردبوو دەستی کەوت. لەمەودوایش دەتوانێ گەشتی خۆش خۆش ڕێک بخات بۆ ڕاوکردن. لەمەودوایش دەبێ بەکەسێکی وەها کە نرخی هەبێ و ڕێزیشی لێ بگیرێ وەک کەسانی تر. بۆی هەیە لەوان زۆرتریش بایەخی پێ بدرێ!... بەڵام کامەرانییەکەی (هەنری) زۆری نەکێشا. پاش



ئەمەی... باوکەکەی دزێتییەکەی ئەوی، بێ خۆماندووکردن، دۆزییەوە، کەینەوبەینەکەی ئاشکرابوو!... ئایا ئیتر ئەوەمان پێ دەگوترێ کە سەرزەنشتکردن و سزادانی دڵڕەقانە چارەیەکی سەرکەوتوو دەبن بۆ (هەنری)ی بەسەزمان؟!.

## وێنەی سێهەم

(مارسیل) لە چوار براکەی خۆی گەورەترە. جا لەبەرئەمەی دایکی هەموو دەمێک بەکاروباری ماڵەکەوە ماندووە، وای لێ دەخوازێ کە ماندوویێتی و برست برانی تری بۆ نەدۆزێتەوە. پێویستە ببێ بەنموونەیەکی باش بۆ برا بچکۆڵەکانی خۆی. چونکە ئەو لەوان، بەتەمەن گەورەترە. دایکەکەی وازی لێ ناهێنێ هەر هەڵەیەکی بچووک بکات، هەر کەموکوڕییەکی پڕوپووچیشی لێ ڕوودات دەمودەست سەرزەنشتی دەکات و سزایشی دەدات!... لەناکاو منداڵێکی تریش لە دایکبوو، هاتە ناو خێزانەکەوە... منداڵەکە کچێکی ساوابوو ناوی (فرانسین)ی نازدار بوو... کاتێک زانرا، هەر ڕووخۆشییەک و هەر کار پەسندییەک هەبوو ڕووی کردە ئەم کچە ساوایە. هەر خەمی ئەو دەخورا... ئەمە ڕاستەکە (فرانسین) کچێکی جوان بوو. بێگومان برا هەرە گەورەکەیشی (مارسیل) زۆری خۆش دەویست. ئەویش بەپێویستی دەزانی کە بەشی خۆی بەتەنگیەوە بێ... جا لەبەرئەوەی کە لە تەمەندا گەورەبوو، هەمووددەمێک هەندێ کار و فرمانی خێزانیی بەسەردا دەدا، کە بیانکات... ئەم بارەیش بووبوو بەهۆی ئەوەی کە بەشبڕاو بمێنێتەوە لە یاریکردن لەگەڵ هاوڕێکانیا!... باوک و دایکەکە ئەوەیان لەبیردا نەمابوو، کە (مارسیل) هێشتا لە تەمەنی یانزە ساڵاندا بوو... دایکەکە ئەوەی لەبیر چووبووەوە کە پێویستی سەرشانیەتی، کە خەمێکی ئەویش بخوات و بەتەنگ دڵخۆشی و چاکەی ئەویشەوە بێ... وەک ئەوەی لە کاتی نووستندا بیخاتە ناو پێخەفەکەیەوە، یاخود کون و دڕاویی هەندێ گۆرەوی و جلوبەرگەکانی بۆ بچینێتەوە!... جا ئەم کەمتەرخەمییەی کە باوک و دایکەکە لەگەڵ مارسیلدا ئەیان نواند، بووە هۆی ئەوەی کە (مارسیل)یش هەندێ کار و کردەوەی ناهەمواری لێ ڕوودات. وا دەهاتە پێش چاو، کە بیروهۆشی بەملاو بەولادا چووبێت، کە مێشکی پڕبووبێ لە پەژارە و ئاوات و ئەندێشە. هەویری ناو کولێرەکەی لەناو چنگی خۆیدا ئەگلۆفتەوە دەیکردن بەخرکەی بچووک بچووک، هەندێ جار لە تۆپی پێیان دەکرد. هەندێ جاریش لە هەڵماتە شووشە بچکۆڵەکانیان دەکرد... جاری وایش هەبوو دەیکردن بەهەندێ یاریی منداڵانی تر!... واتا دەیکردن بەو یاریانەی کە لێیان بەشبڕاو بووبوو، کە

پێی خۆش بوو دەستی بپەرژێت و بهێڵن بیانکات!... ئێوارەیەکیان وا ڕێککەوت کە (مارسیل) هەر لەخۆیەوە چاوی بەخشڵێکی منداڵانەی بچووک کەوت، لەژێر سەرپۆشی نانخواردنەکەدا کەوتبوو. خشڵەکە کەم نرخ بوو. ناوی خوشکە هەرە بچکۆڵەکەی خۆی لەسەر نەخشکرابوو. ناوی (فرانسین)ی تازە منداڵی نازدار... (مارسیل)یش خشڵەکەی هەڵگرت و خستیە گیرفانییەوە، بێ ئەمەی خۆیشی ئەوە بزانێ کە ئەوە بۆ چ دەکات!... کاتێکی زانی دایکەکە ئەگەڕا بەدوای ئەو خشڵە بچکۆڵەیەدا کە هی (فرانسین)ی کچە هەرە بچکۆڵەکەی بوو، کچە نازدارەکەی... بەڵام هەر چەندێکی کرد بۆی نەدۆزرایەوە. دایکەکە زۆر بەتەنگ ئەوەوە بوو کە ئەو پارچە خشڵە بچکۆڵەیە بۆ (فرانسین)ی کچە نازدارەکەی خۆی بدۆزێتەوە... چونکە ئەو پارچە خشڵە هەرچەندە بەنرخ زۆر هەرزان بوو، بەڵام بەلایەوە زۆر بایەخداربوو، لەبەرئەوەی کە یەکەم دیارییەک بوو پێشکەش بەکچە ساواکەی کرابوو... ئنجا کە دایکەکە دەستی شت لە دۆزینەوەی پارچە خشڵەکە لە داخانا دەستی کرد بەتووڕە و تۆیی. قاووقیژەکەیشی ئەوەندە گەورەبوو، هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نەدەگونجا کە بۆ شتێکی ونبووی وا بێ نرخ بەبابەتێکی وا پڕوپووچ بکرێ!... جا لێرەدا دڵیان لە (مارسیل) پیس کرد... دەستیان کرد بەچەندوچوون کردن لەگەڵیا... پاش ئەوە هەڕەشەشیان لێ کرد... بەڵام (مارسیل) دەترسا لەوەی ڕاستی بڵێ... دەیگوت نازانم لە کوێیە... هەرچەندێکیش ئەوان توندتر چەندوچوونیان لەگەڵدا دەکرد ئەو زۆرتر بەرپەچی دەدانەوە کە هیچ ئاگادارییەکی لەو پارچە خشڵە نییە!... لە ڕۆژی دواییدا (مارسیل) بۆ ئەمەی کە باری تاوانباریی خۆی لەپێش دەمی خۆیدا سووک بکات خۆی لەبەردەمی خۆیدا دزێتییەکی لە خۆی ئاشکرا کرد... یارییەکی وای لەگەڵ منداڵەکانی هاوڕێیدا کرد، کە هەموویان بخاتە جووڵەوە. یارییەکەیش ناوی (گەنجینەی دزراو) بوو. چ خۆی چ منداڵەکانی تر ئەمەندە بەو یارییەوە خۆشی خۆشییان پێگەیشتبوو، خۆیان لەبیر چووبووەوە. لەبەرئەوە (مارسیل)، کە لەگەڵ هاوڕێکانیدا یاریی (گەنجینە دزراو)ی یاری دەکرد، بەچی ئەو یارییە ی دەکرد؟... لە ڕاستیدا بەو پارچە خشڵە هەرزانە یاریی ئەکرد کە هی خوشکە هەرە بچکۆڵەکەی بوو، هی (فرانسین)، کە ئێوارەکەی پێشوو هەڵی گرتبوو و خستبوویە گیرفانییەوە، بێ ئەمەی خۆشی هۆی ئەوە بزانێ کە بۆچ ئەوەی کرد!.



وێنەی چوارەم

(مارگریت) کچێکی تەنیایە، لە تەمەنی دەساڵی دایە، باوکەکەی تووشی نەخۆشییەکی گران بووبوو، کە پێویست بوو دایکەکەی بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە نەخۆش بوو لەگەڵیا بمێنێتەوە و ئاگای لێی بێ و پارێزگارییشی بکات... بێجگە لەمە ئەرکی ماڵەکەیشی بەسەر شانەوە بوو، کە یەجگار گران بوو، جا ئەم بارە ناهەموارە کە (مارگریت) تێی کەوتبوو، بەهۆی نەخۆشییە گرانەکەی باوکییەوە، لەگەڵ خەریک مانی دایکیشی بەکار ڕاپەڕاندنی نەخۆشییەکەی باوکییەوە بووبووە هۆی ئەوەی کە لە خۆشیی ژیانی پڕ بەزمورەزمی منداڵانە بێ بەش بمێنێتەوە. (مارگریت)ی منداڵیشی بەوە زۆرتر دڵتەنگ دەبوو، کە لەدەمودووی خێزانەکەوە دەیبیستەوە، کە ماڵی باوکی لە تەنگانەیەکی گەورە دایە بەدەست دەستکورتییەوە... لەبەرئەوە هەرچەندێکی پێ ئەکرا، تێدەکۆشا بۆ ئەمەی دڵی دایکی بداتەوە و خەم و تەمی لە دڵ بڕەوێنێتەوە... هەروەها لە هەموو لایەکیشەوە بۆ ئەوە تێدەکۆشا کە ڕووی دایکی وەربگێڕێت بۆ لای خۆی. بەڵام هەرچەندێکی کرد ئەوەی بۆ نەچووە سەر... بۆ وێنەویستی بەهۆی ئەو پلە ناوازانەوە کە لە هەندێ وانادا وەری گرتبوو لە خوێندنگادا سەرنجی دایکی ڕابکێشێ بۆ خۆی. مارگرێت لە هەندێ وانادا بەیەکەم دەرچوو بوو. کەچی دایکی بایەخێکی بەوەی نەدەدا. مارگریت لە وانایەکیشدا هیچی وەرنەگرتبوو. کەچی دایکی بەوەیش نەجوولا. هەرچەند (مارگریت) قسەیەکی بکردایە، لێی وەڕدس دەبوون و بۆڵەبۆڵیان لە دەست دەکرد. کچە بەسەزمانەکە تەنانەت ئەوەی پێ باشتر بوو کە سزا بدرێ و سەرزەنشتیش بکرێ نەوەک لەم جۆرە ناوچەیەدا بژی، کە پڕی بوو لە بێدەنگ و سەنگی و خەموخەفەت. نەکەس بەهیچی دەزانی و نەکەس ڕوویشی دەدایێ... چونکە ئەگەر وانەبوایە هەر هیچ نەبێ بەشتێک دادەنرا و هەست بەبوونیشی دەکرا!.

ڕۆژێکیان وێرای هەندێ پارە لە دایکی بدزێ بۆ ئەوەی هەندێ شیرینیی پێ بکڕێ. چونکە هەرچەند ئەو نوقڵانەی دەخستە دەمییەوە و دەیمژین هەندێ لە بێزاری و وەڕسبوونەکەی کەم دەبووەوە، بەڵام ڕۆژی دوایی، بێباکییەکەی پەرەی سەند. ئەمجارە وێرای کۆمەڵە پارەیەکی گەورەتر لە دایکی بدز، کە توانی بەو پارەیە پێنووسێکی مەرەکەبی وشکی پێ بکڕێ. مارگریت خەمی ئەوەی بوو کە ئەو پێنووسە لە هەموو کەس بشارێتەوە، تا کەس بەدزێتییەکەی نەزانێ... کەچی لەپاش ئەوە پێنووسەکەی دەرخست چیرۆکێکیشی بۆ هەڵبەست: گوتی (دارلیل)ی دۆستەخوشکم بەدیاری پێشکەشی

کردووم... جا ئەم پێنووسە کە ئەم هەموو ڕەنج و ئەرکی بۆ کێشا تا دەستی کەوت، ئاخۆ (مارگریت) چیی لێ کردبێ؟. مارگریت پێنووسەکەی پێشکەش بەدایکی کرد؟ ئاخۆ ئەمە چۆن لێک بدەینەوە؟ لێکدانەوەی ئەمە ئەوەیە کە ئەم کچە بچکۆڵەیە هەرچییەکی لە دەست هات کردی، هەر بۆ ئەمەی دڵی دایک و باوکی خۆی کێش بکات بۆ خۆی. بەتایبەتی دڵی دایکی، لەپاش ئەو هەموو کەمتەرخەمییەی کە لەگەڵیا پێشانی دەدا!... ڕەنگە ڕاستترین پێشاندانی ئەم جۆرە دزییانە ئەوە بێت، کە دزێتییەک بوون (دەستکراوەیی)یان تیا دیاربوو!... ئەم جۆرە دزییانەیش کەم ڕوونادەن. هۆی ڕوودانیشیان بۆ مەبەسی دزێتییەکە خۆی نییە، لە ڕاستیدا بریتییە لە ئارەزوو نواندنی منداڵەکە بۆ ئەمەی ڕووی بدرێتێ و خەمی بخورێ، ئەوەیش کاتێک دەکات کە بزانێ لە خۆشەویستیی باوک و دایکەکەی و بەتەنگەوە هاتنیان بێبەش ماوەتەوە.

## وێنەی پێنجەم

(جۆزێف) منداڵێکی نموونەییە، هەمووەدەم لەناو دەستەکەی خۆیدا سەردەستەیە، لە تەمەنی دوانزە ساڵان دایە. لەبەرئەوە بچووکترین شاگردە لە ژوورەکەی خۆیاندا. ئەو بێجگە لەوە هەمووەدەم، لە تێکۆشان دایە، لە وانەکانی خۆیدا . تەنانەت هەموو کەسێک چاوی بەباوک و دایکی هەڵدەهێنا کە منداڵی وای هەبووا... دیارە کوڕێکیش ئەمەندە زیرەک و سەرکەوتوو بێ هەمووەدەم لەلای باوک و دایکی خۆی نازدار و خۆشەویست دەبێ، چونکە زیرەکییەکی وەها بێ هاوتا، نابێ کەمتەرخەمیی لەگەڵدا بکرێ. بەم ڕەنگە باوک و دایکەکەی، تێدەکۆشان، پاڵی پێوەبنێن بۆ پێشەوە هەر ڕۆژە پێڕەوییەکی تایبەتیی خۆی هەبوو. تەنانەت ژوورەکانی پێشووی خوێندنگایش هەریەکە، پێڕەوییەکی تایبەتیی خۆیان هەبوو... تەنانەت کوڕەکە وای لێهاتبوو، سەربەستیی ئەوەندە بۆ نەمابووەوە کە کاتێک لەو کاتانە بەئارەزووی خۆی بجوولێتەوە... چونکە لە ڕۆژەکانی پشوودا ئەمەی لەسەر بوو: کە هەندێ وەرزشی تەندروستانە بکات، کە لەسەر دەستی مەلەوانێکی تایبەتیدا مەلەکردن فێرببێ. پاش ئەوە وێنەکێشانیش فێرببێ... کاشکی بەشێکیشی لەو کاتانە بۆ بمایەوە تا بەفێربوونی ساز و ئاوازەوە ڕاببوێرێ. هەرچەندە باوک و دایکەکەی دەوڵەمەند نەبوون، بەڵام هەرچییەکیان لە دەست دەهات دەیانکرد، بۆ ئەمەی لە هەموو ڕوویەکی فێربوون و کردەوە چاکییەوە بەشی هەرە گەورەی چنگ کەوێ... بەکورتی نەیاندەهێشت (جوزیف) تاوێک بەئازادی بمێنێتەوە و بەئارەزووی خۆی



ڕاببوێرێ. وای لێهاتبوو گوێ دێرییی بەکارێکی سروشتی دادەنا. هەر لە خۆیەوە چیی پێ بگوترایە دەیکرد. هۆی ئەمەیشی ئەمە بوو کە باوک و دایکەکەی یەجگار بەتەنگیەوە بوون، یەجگار خەمیان دەخوارد...

ئەی پاش ئەوە چی ڕووی دا؟... ئەوەی ڕووی دا ئەمە بوو کە لە ئەنجامی ئەو دەست بەسەراگرتنە زۆرەوە کە هەرگیز بڕانەوەی نەبوو سروشتی مرۆڤایەتییەکەی (جوزیف) لەوە بەولاوە بەرگەی نەگرت. چونکە (جوزیف) هەستی بەخۆی کرد، کێشانەیەکی هەیە، ڕێزی لێ دەگیرێ. بەکوڕێکی ناوازەیش دادەنرێ، ئەو لەو منداڵانەی تر ناکات، کە لە بارستاییی خۆی کەمتری دێنە پێش چاو. کەواتە مافی وا دەست خۆی بۆ نەخات، کە کەسانی تر نەتوانن دەستیان بکەوێ؟... بۆ وێنە، کە ئەو بەکوڕێکی ناوازە و سەرکەوتوو دابنرێ، ئەمە هیچی تیا نییە کە هەندێ میوە بدزێ لە باخی دراوسێکانی... یاخود بەدزییەوە هەندێ پارە هەڵبگرێ و بیبات بۆ خۆی... بەم ڕەنگە (جوزیف) لە دزینی میوەوە دەستی پێکرد لە باخی دراوسێکان. ئەم کارەی پێ خۆش بوو. یەکەم لەبەرئەوەی کە خۆشییەکی لێ دەچێشت. دووەم: لەبەرئەوەی کە لەو ژیانە پڕ کار و فرمان و بێزارییەوە هێنایە دەرەوە بۆ ژیانێکی تر. سێیەمیش: لەبەرئەوەی کە جەربەزەیی و خۆ خستنە ناو تەنگوچەڵەمەوە بۆ تەمەنی ئەو بەکردەوەیەکی خۆش دادەنرێ. جا ئەم هەموو بابەتانە کە تا ئەوساکە لێیان بێبەش مابووەوە کە مافی هەبوو ئەویش وەک هەموو هاوڕێکانی خۆی خۆشییان لێ وەربگرێ، پاڵیان پێوەنا کە بەرەبەرە کاری گەورەتر بکات، کە ئەویش (دزێتی)یەکی ئاشکرابوو... چونکە لە پریاسکەی پارەی دایکی هەندێ پارەی دزی، کۆمەڵەیەک پوولی پۆستەی پێ کڕی، کە تا ئەوساکە بەئاواتیەوە بوو دەستی بکەوێ. جا چونکە بەپێویستی دەزانی نەیانخاتە بەرچاو، هەموویانی دانا لەناو پەراوێکی پوول کۆکردنەوەدا و داینا لەناو پەراوەکانی ساڵی ڕابردوودا...

ئاخۆ ئەمە دادپەروەریی تیابوو کە (جۆزێف) لە هێنانەدیی ئەو ئاواتەی بەربەست بکرێ. کە ئەویش هەندێ پوولی پۆستە کۆبکاتەوە بۆ خۆی؟... ئەو ڕێگایەی کە باوک و دایکەکەی لەگەڵ (جۆزێف)دا گرتبوویان، کە هەموو ڕەنج و تێکۆشانێکی خۆی بخاتە سەر واناکانی خۆی، هەر لەبەرئەوەی کە کوڕێکی سەرکەوتووە، وای لێ کردبوون کە ئەوە بەکات بەفیڕۆدان دابنێن، کە کوڕەکەیان. پوولی پۆستە کۆبکاتەوە و خۆی پێیانەوە خەریک بکات. ئەمە لەلایەکەوە. لەلایەکی تریشەوە دەستەنگیی دایک و باوکەکەی، لە ئەندازەیەکدابوو، کە ئەوەیان پێ باشتر بوو پارەی ئەو کۆمەڵە پوولانە بدرێ

بەنووسراوێکی بەکەڵک بۆ ئەوە، یاخود بۆ خوێندنێکی تایبەتی بەخت بکرێ، لە دڵی خۆیدا ئەیگوت: (ئەگەر باوکم بیزانیایە من کاتەکەی خۆم لە شتێکی تردا بەخت دەکەم، کە دوورە لەواناکانەوە ئاخۆ چیی دەکرد؟...) بەواتایەکی تر ئەو لەوە نەدەترسا کە باوکی بەدزێتییەکی بزانێ. لەوە دەترسا کە باوکی کەمتر ڕێزی لێ بگرێ. کە کەمتر کار و کردەوەکانی پەسند بکات، کە کەمتر بەدڵیا بچێ. خۆیشی ئەوەی دەزانی کە ڕێزگرتنەکەی لەلایەن باوکیەوە، و پەسندکردنی کار و کردەوەکانی لەلایەن ئەوەوە، هەر لەوەوە پەیدابوون کە لە خوێندنگادا پێش هاوڕێکانی خۆی دەکەوێ!. بەڕاستی ئەمەیش جێی داخە، کە لەو ڕۆژەدا باوک و دایکەکەی (جۆزێف) ڕازی دەسکەوتنی ئەو کۆمەڵە پوولی پۆستەیەیان بۆ دەردەکەوێ، ئەو ترسانەی کە بەدڵی (جوزیف)دا دەهاتن هەر لە خۆیانەوە دێنەدی.

## وێنەی شەشەم

(جان) کوڕێکی هەشت ساڵانە. کە تەمەنی گەیشتبووە دوو ساڵان، دایکی لە دەست چووبوو. باوکیشی ژنێکی هێنا، نموونەی باڵابوو بۆ باوەژنێک... لە ئەندازە بەدەر چاودێریی (جان)ی دەکرد، بەتەنگیەوە بوو، خەمخۆریی دەکرد. هەروەها کە کەمترخەمییش لێ دەربکەوتایە سەرزەنشتی دەکرد... ئەوەیش سەبارەت بەوەبوو کە ژنەکە دەیویست (جان) لە هەموو ڕوویەکەوە تەواو دەربچێ... جا لەبەرئەوە هەموودەم بۆڵەبۆڵی لە دەست دەکرد. چونکە زۆرجاوی وا هەبوو ئاواتی ئەوانی نەدەهێنایە دی: دەیگوت: لە کار و فرمانیا کەمتەرخەمە، کاتێک کە تۆزە سەرزەنشتێکیش بکرێ وەک شاخە ئاگرینە بەگژ ئەو کەسەدا دەچێ... بێجگە لەوە درۆزنیشە، ئەمەندە درۆ دەکات لە ژمارە نایەت!... ئەوەندە هەیە (جان) ڕوویەکی تری ڕەوشتی و ڕێگای تێگەیشتنی و ئاگاداریی لە کاروبارمان بۆ دەردەخات بەوەی باش بوو ژنەکەی باوکی هیچ ئەم ڕووەی بۆ دەرنەکەوتبوو. ئەگینا سەرگەردان و پەرێشان دەبوو... ئەوەیش ئەوەبوو کە بەئاواتەوە بوو ئەوەیش چاوەیەکی دۆلابی تایبەتیی خۆی هەبێ، هەرچییەکی هەیە تیا دابنێ، کە لە خۆی بەولاوە کەسی تر سەیریان نەکات... چاوەکەیش بەجۆرێکی وا بێ کە نەباوەژنەکەی، نەکەسی تر مافی ئەوەی نەبێ کە بزانێ چیی تیایە. هاوڕێکانی بەشی ناوەوەی خوێندنگاکە، هەریەکە چاوە دۆلابێکی هەیە بەکلیل و کلۆمێکی بچووک دای دەخات... بەڵام ئەو لەم جۆرە چاوە دولابە بێبەش ماوەتەوە... هۆی ئەوەیش ئەوەیە کە لە شاگردانی بەشی ناوەوە نییە... ڕۆژێکیان (جان) بەهەلی زانی، بێ ئەمەی دراوسێکەی تەنیشتی لە ژووری خوێندندا



ئاگای لێ بێ کلیلی کلۆمە بچکۆڵەکەی لێ دزی... چەند کاتێکی تریشی پێ چوو، توانی کلۆمەکە خۆیشی بدزێ... پاش ئەوە (جان) بەتەنگ ئەوەوە بوو کە باوەژنەکەی چاوی بەو (گەنج)ە نەکەوێ... کاتێ کە شەو داهات کلیل و کلۆمەکەی خستە ژێر سەرینەکەی خۆیەوە. بەدڵێکی بێ خەمەوە نووست، هەر بیری لە چاوە دۆلابە نهێنییە چاوبەستەکە دەکردەوە... کاتێ کە بەیانی هات و لەخەو ڕاپەڕی کلیل و کلۆمەکەی لەژێر سەرینەکەی هێنایە دەرەوە و دەستی کرد بەکردنەوە و داخستنی کلۆمەکە، بێ ئەمەی لێی وەرس یاخود ماندوو بێ جا لێرەدا باوەژنەکەی چاوی پێکەوت. لێی پرسی: (کێ ئەو کلیل و کلۆمەی دایتێ)...؟ ئەویش گوتی: (دیبوونی هاوڕێم)... باوەژنەکەی زۆر بەتەنگ ئەوەوە بوو کە (جان) ڕەوشت و کردەوەی جوان و دروست بێ، لەبەرئەوە دەمودەست پێی گوت: من چەندم پێ گوتیت خۆت لە دیاریی کەسانی تر بپارێزیت. کە دیارییەکە هەر چەندێکیش کەم نرخ بێ لە کەسی وەرنەگریت... هەرچی ئەم کلیل و کلۆمەیە هی (دیبوون) نییە، هی باوک و دایکێتی، کە بۆیان کڕیوە و لە گیرفانی خۆیان نرخەکەیان داوە... کەواتە پێویستە هەر ئێستا ئەو کلیل و کلۆمەی بدەیتەوە... تێگەیشتیت؟ بەڵام (جان) نەیوێرا کلیل و کلۆمەکە بداتەوە بەخاوەنەکەی. چونکە ئەو لێی دزیبوو... بێجگە لەوە باوکی (دیبوون) کە زانیبووی کلیل و کلۆمەکەی لێ دزراوە، کلیل و کلۆمێکی تری بۆ کڕی بوو. کەواتە دەبێ (جان) چی بکات، تا خۆی لەم هەموو گیروگرفت و تەنگوچەڵەمانە ڕزگار بکات؟ هەرچەندی کرد لە ڕێگایەک بەولاوە نەیدۆزییەوە، بۆ ئەمەی لەم تەنگوچەڵەمانە خۆی ڕزگار بکات. ئەویش ئەو بوو کە کلیل و کلۆمە نازدارەکەی فڕێ بداتە ناو ماڵی خوێندنگاکەوە. کاتێکیش کە ئەوەی کرد، یەکێک لە منداڵەکان چاوی پێکەوت، دەمودەست قیژاندی، گوتی (ئەوە کلیل و کلۆمەکەی منە...) پاشان بازدی دایە سەر کلیل و کلۆمەمەکە و هەڵی گرت و خستیە گیرفانەوە...

ئیتر (جان) هەستی کرد بەجۆرە ئاسوودەییەک لە دڵ و دەروونیدا. ئارامی پێگەیشت. چونکە وای بۆ دەرکەوت کە هەر ئەو نییە دزی بکات. منداڵانی تریش هەن کە بەچەشنی ئەو دزی دەکەن... کە کردەوەی ئەو دەنوێنن... چونکە ئەو دەیزانی کە خاوەنی کلیل و کلۆمەکە ئەو منداڵە دز و درۆزنە نییە، (دیبوون)ی هاوڕێیەتی... (جان) گەورە بوو، بوو بەپیاو. ئەم چیرۆکەی خۆی گێڕایەوە کە لە تەمەنی هەشتساڵیدا لێی ڕوودابوو. پاشان گوتی: (هەرچەند بیری ئەوەم دەکەوێتەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو (دزی)یەم کردووە، شەرم دەمگرێ لە خۆم و، خۆیشم ڕیسوا دەکەم).

ئیتر یەکەم جار و دوامین جاری دزێتییەکەی (جان) هەر ئەوە بوو، لە هەموو ژیانیدا... ئەوە بوو ئێمەش لە سەرەتای چیرۆکەکەیدا گوتمان: باش بوو باوەژنەکەی جان لە کەینەوبەینەی دزێتییەکەی جان ئاگادار بهاتایە باوەژنەکەم بەو کەینەوبەینەیەی بزانیایە، ئەوەندە سزای دەدام سەرزەنشتی دەکردم، لە ئەندازە دەردەچوو... ئەگەر وایشی لە من بکردایە، لە داخانا دەستم دەکردەوە بەدزیکردن... ئەمیش خاڵانەی ئەوەبوو کە هەرچەند رووی بشکاندایە و پیاهەڵبشاخایە بەتاوانی درۆ و کەمتەرخەمیش بەدناوی بکردایە لە قینی ئەو دەستی دەکردەوە بەدرۆکردن و کەمتەرخەمی لە خوێندنەکەیدا... ئەمیش سەبارەت بەوەیە کە منداڵ هەرچییەکی پێ بگوترێ، بەراستی دەزانێ، ئێمە هەر ناوبانگێکی بۆ دەربکەین، ئەو لەو شێوەیەدا خۆی دادەرێژێ... هەرگیز لەوەیش سامناکتر نییە، کە ئێمە هەڵەکانی ئەو، کە لە پێشدا لە هەلێک دەکەن و زۆری پێناچێ لەناودەچن، ئەمەندە گەورەیان بکەین و ئەمەندە چەقەچەقیان لەسەر بکەین، بیانگۆرین و بیانکەین بەبابەتێکی رەقوتەق، کە بەچەشنی بەردیان لێ بێت و هیچ شتێک کاریان لێ نەکات.

## لەم کارەساتانەوە چی تێدەگەین؟

زانای گەورە (پاسکاڵ) وتەیەکی بەناوبانگی هەیە ئەویش ئەمەتا: کە (دڵ بیانووی وای هەیە، هۆش دانی پیا نانێ)... دڵی منداڵیش پرە لە بیانوو و هۆی شارراوە کە ئێمە بەگران تێی دەگەین، بەگرانیش دەتوانین دەری بخەین بەڵام ئەم هۆیانە هەموودەم دروستن. کاتێ کە باوکەکانیش کورەکەی خۆیان دەبینن دزیی کردووە، پێویستە لەپێش هەموو شتێکا، رەنج بدەن و تێبکۆشن بۆ ئەوەی کەینەوبەینەکە لە روویەکی راستییەوە تێبگەن. جارێ ئەو بیروباوەرانەیش بخەنە لاوە، کە هەمووان لەسەری رێک کەوتوون لە بابەت دزێتی و دزانەوە. چونکە ئەم بیروباوەرانە بۆ گەورە و تێگەیشتووان دانراون. بۆ ئەم جۆرە منداڵانە دانەنراون.

هەر بارێکیش روویدا پێویستە بەجیاوازی لێی بکۆڵیتەوە... چونکە منداڵانی وا هەن، دزێتی بۆیەکا دەکەن کە تووشی نموونەیەکی خراپ بوون، چاوی لێ دەکەن، کە دوور نییە لەناو خێزانەکەی خۆیاندا بن... هەروەها دزێتی لەناو هەندێ منداڵانی تردا لەوەوە روو دەدات کە هۆیەکی نەخۆشییان تیایە ئەمەیش زۆر کەم روو دەدات. ئەوانەیش کە بۆ نموونە هێنامانەوە، هیچ لەگەڵ ئەو منداڵانەدا جیاوازییان نییە کە ئەو هەڵانەیان نەکردووە، چونکە نە نەخۆشییەکی دەروونییان تووش بووە، نە نموونەیەکی خراپیشیان لە بەرچاودا



بووە... لە راستیدا ئەوانە ئەو منداڵانەن کە لە رێ و شوێنێکی گران و سەختدا گەورە بوون. ئەو دزێتییەیش کە کردوویانە هەر بۆ ئەوە بووە کە دەردی دڵی خۆیان سارێژ بکەن و ئارامێکیش بەدەروونی خۆیان بدەن، لەتاو ئەو تەنگوچەڵەمەیەی کە تیادا ژیاون.

## هەست بەگوناهکردنی منداڵان

لێرەدا پێویستە ئەوە پیشان بدەین کە ئەگەر منداڵێک دزی کرد، ئەوە باش دەزانێ کە کردەوەکەی نەنگە و ناپەسندە و ئەنجامیشی یەجگار خراپە... بەڵام ئەو هەمووەدەم ئاوێتەی ئەوەیە کە ئەو شتەی دەست بکەوێ کە نیەتی و لێی بەش براو بووە!... تەنانەت زۆرجاری وایش هەیە کە هەست بەگوناهەکەی خۆی دەکات. ئەو هەستەی خۆیشی لە شێوەی شین و گریاندا دەردەبرێ. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە هەستکردنی منداڵ بەگوناهی خۆی تا بلێی گەورە و گرنگە... هەروەها پێویستە ئەوەیش بزانین کە سروشتی ئەو شتەی کە دزراوە گرنگی خۆی هەیە. چونکە دەرهێنانی هەندێ خواردەمەنی شیرین لە چاوەدۆلابێکی ژووری نانخواردن رەنگە هەر ئەوەمان تێ بگەیێنێ کە منداڵەکە لە شیرینی خواردندا یەجگار چلێسە. بەڵام پێویستە لەسەرمان، لەوە زۆر بکۆڵینەوە کە ئایا دزێتییەکە جارێکی تر دووبارە کراوەتەوە یان نا. چونکە دووبارەکردنەوەی دزێتییەکە لە بابەتانی تر ئاگادارمان دەکات. چونکە ئەو منداڵەی کە لە یەکەم دزێتیدا بگیرێت، ئەگەر جارێکی تر دزی کردەوە بەچاوێکی تر سەیری ئەو کردەوەیەی خۆی دەکات. واتا جارێکی تریش گەراوەتەوە سەر دزێتییەکەی!...

زۆرجاری وایش هەیە کە شتە دزراوەکە دەبێتە نیشانە بۆ هەستێکی دیاردیکراوی پەنگ خواردوو لەناو دەروونی منداڵەکەدا، کە تیا هاتۆتە جۆش.

ئێمە هێشتا ئەم منداڵەمان لە بەرچاوە کە کلیل و کلۆمەکەی دزی. هەروەها ئەو منداڵەیشمان لەبیرە کە دزی بۆ ئەوە کرد، کۆمەڵەیەک پوولی پۆستەی پێ بکرێ... چونکە دزێتی ئەو هەردوو منداڵە ئەوە پیشان دەدات کە: (رازێک هەیە لای خۆم دەیشارمەوە و بەهۆی ئەو رازەیشەوە دەمەوێ لە کەسانی تر جیاواز بم...) هەروەها ئەو منداڵەیشمان لەبیرە کە پارەی لە باوکی خۆی دزی، هەر بۆ ئەمەی تفەنگێک بکرێ و خۆی پێوە بنوێنێ لەناو هاورێکانی خۆیدا... واتای ئەم کردەوەیەیش ئەوە پیشان دەدات کە: (من دەمەوێ هێزێکم بێ. بەهیوایشم کە سەرکەوتنێکم دەست بکەوێ...!).

هەرچی ئەو منداڵەیش بوو کە پارچە خشڵە هەرزانەکەی لە خوشکە بچکۆلەکەی خۆی

دزی، ئەوەی کە بەناوی دیارییەوە پێشکەشی کرا بوو، بەلای منداڵە دزەکەوە واتای ئەوەیە کە: (ئەمەتا بەشی من لەو خۆشەویستییەی کە لە دڵمایە بەرامبەر خوشکە ساواکەم، کە تازە لە دایکبووە!...).

## کەواتە چارەمان چییە؟!

هەردەمێ کەوتینە سەر ئەوەی بیر لە چارەکردن بکەینەوە پێویستە کەینەوبەینەکان ئەوەندە گەورە نەکەین. وایش هەڵدەگرێ کە لە شێوەیەکی بێ دەنگ و سەنگ و شێنەییدا بیر لەو چارەکردنە بکەینەوە... چونکە ئەوە ئاسان نییە کە بگەینە ناخی دەروونی منداڵەکەوە و ڕاز و نهێنییەکانی ناوەوەی دەربخەین... چونکە ئەو خۆیشی لەوانە نییە کە بتوانێ هۆیە ڕاستەقینەکانی کردارەکانی خۆی دەربخات... کەواتە ئێمەیش پێویست وا دەکات کە بەجۆرێکی تایبەتی ئەو هۆیانەی لێ نەکۆڵینەوە. جا ئەگەر خۆمان بۆمان کرا لەو هۆیانە بکۆڵینەوە و بیانزانین، یاخود لە بەراووردکردندا دەریان بخەین بام بەتەنگەوە بین کە لەو بابەتانەوە لەگەڵ منداڵەکە نەدوێین چونکە ئەگەر چەندوچوونمان لەگەڵ منداڵەکەدا کرد لە ئەندازەبەدەر دڵی دەشکێنین و دەروونی ئازار دەدەین... ئەمەیش مەترسییەکی گەورەی تیا هەیە... هەر ڕەنگە لەبەر ئەو دڵناسکییە زۆرەیش بێ، کە دەست خستنە کاری پەروەردەکەرەکان لەم ڕووەوە کەڵکێکی نەبێ. تەنانەت زۆرجاری وایش هەیە کە بەپێچەوانەوە ئەنجام دەدات!... ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە هەر منداڵێ دزی بکات، منداڵێکی خاوەن ئارەزوو و ئاواتبازە. ئەو بەپەرۆشەوەیە کە ئەو شتەی دڵی دەیگرێت و ئاواتی بۆ دەخوازێ دەستی بکەوێ. جا ئەگەر ئەوانەی سەرپەرشتیی پەروەردەکردنەکەی دەکەن دەست بخەنە ناو کەینەوبەینەی دزیکردنەکەیەوە، بەتایبەتی بەجۆرێکی وا کە تووڕە و تڕۆیی و قسەی ڕەق و کردەوەی ناشیرینی تیا بەکار بهێنن، بێ گومان ئەم ڕەوشتەیان پاڵ بەمنداڵەکەوە دەنێ بۆ درۆکردن، ئەویش نەک هەر جارێک، بەڵکو وای لێ دەکات کە بەدرۆزنییەوە ڕابێ، کە لە گەلێک جاریشدا پێویست بەدرۆکردن ناکات. تەنانەت منداڵەکە وایشی لێ دێ کە هۆ و بیانوو دروست بکات و بیاندۆزێتەوە بۆ خۆی، بەجۆرێکی وا کە هیچ مێشکێک بەبیریدا نەیەت و هیچ هۆشێکیش نەیگرێ!... بۆ وێنە: ڕاستییەکی ئاشکرا و دیار، بەرپەچ بداتەوە و بڵێ نییە. هەروەک بەڕۆژی ڕووناک بڵێ ڕۆژ دیار نییە!... هی وایش هەیە، هەر لەبەر نوواندنی بەخشندەیی و دڵکراوەیی خۆی دەست بەدزیکردن دەکات. هەروەک ئەو کچە بچکۆلەیەی کە چیرۆکەکەمان گێڕایەوە و



گوتمان پارەی دزی، هەر بۆ ئەمەی پێنووسێک بکڕێ بۆ دایکی و بەدیاری پێشکەشی بکات... چونکە ئەو دیارییەی کە پێشکەشی دایکەکەی کردووە، بریتییە لە شتنەوەیەکی گوناهی خۆی. ئەمەیش بریتییە لە بیرکردنەوەیەک کە دەیەوێ کارێکی جوان بکات لە ڕووکەشدا، کە بەلای خۆیەوە بەباشی دەزانێ... کەواتە هەر تووڕە و تڕۆییەک یاخود کردەوەیەکی ناشیرین و ناپەسند، لە لایەن باوکەکانەوە ڕوو بدات بەرامبەر منداڵە دزەکانیان، لەوانەیە کە کارەکە خراپتر لێ بکات و منداڵەکانیش بورووژێنێ یاخود بیانخاتە سەر کەتنکردنی گەورە گەورە، کە لەوانە بن نەچن بەدڵماندا کە ئەو منداڵانە لە دەستیان هاتبێ بیانکەن، یاخود بەچ جۆرێک کردبێتیان!...

بەڵام ئەو کردەوانەی کە لە کاتی قەومانی ئەم جۆرە کارەساتانەدا، زۆرجار لە باوکەکانەوە ڕوو دەدەن، بەکورتی بریتین لەمە:

یەکەم: باوکەکان کە بەو کەتنانە دەزانن زارەترەک دەبن... کەینەوبەینەکە یەجگار گەورە پێشان دەدەن... وا دەزانن کە ئەو کارەساتەی ڕووی داوە، سەرگەردانییەکی گەورەیە و لێ قەومانێکی ناسۆرە... وایش دێتە پێش چاویان کە لە دوارۆژدا کەتنی نەنگتر و دەدات... جا ئەم قاووقیژ و دەنگە دەنگە و ئەم شت گەورەکردنە، تەنانەت ئەم ڕەشبینییە، هیچیان لێ پەیدا نابێ ئەوە نەبێ کە زیانێکی زۆر گەورە و پڕ مەترسی ببەخشن بەمنداڵەکە.

دووەم: باوکەکان سزای منداڵەکانیان زۆر دەدەن. لە ڕاستیدا دەستووری سزادان، لە خۆیدا، خراپ نییە. چونکە کوڕەکە خۆیشی ئەو بیرەی لا پەسندە کە سزا بدرێ، بەمەرجێ سزاکە بەپێی ئەو گوناهە بێ کە کردوویەتی. منداڵەکە لەوە بەتەواوەتی تێدەگات. ئەوەندە هەیە دەبێ ئێمە زۆر وریای خۆمان بین کە باش کێشانەی تاوانەکەی بکەین، کە لە هەموو ڕوویەکیشەوە کەتنەکە و سزاکەی، بەوردی هەڵبسەنگێنین. نەوەک منداڵەکە هەست وا بکات کە ئێمە بەخۆڕایی سزای دەدەین، تەنانەت زۆر و ستەمیشی لێ دەکەین... ئەگینا ئەگەر وا نەکەین، دووبارە ئەو هەست و ئارەزووانە لە دڵیا دەبزوێنینەوە کە لەوەپێش هانیان دابوو بۆ دزیکردن. بۆ وێنە: ئەگەر منداڵێک سەد فرەنک بدزێ. ئێمە نابێ ئەو زۆرداربییەی لێ بکەین کە سەد فرەنکەکە لە نرخی ئەو دیارییانە کەم بکەینەوە کە دەمانەوێ بۆی بکڕین. چونکە ئەم جۆرە سزادانە دڵڕەقی تیایە بەرامبەر منداڵەکە. کە زۆر بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی پێشکەشکردنی ئەو دیارییانە دەکات. جا هەر سزادانێ کە ڕووی منداڵەکە بشکێنێ، شتی خراپی لێوە ڕوو دەدات، ئەنجامی پڕ سزادانی لێ پەیدا دەبێ.

جا ئەگەر زۆر لە منداڵەکە بکەیت لە بەردەم ئەندامانی خێزانەکەدا پێ لە گوناهی خۆی بنێ، یاخود ناچاری بکەیت کە بەدەستی خۆی بنووسێت: (من دزم) و ئەو پەڕەی پێ لێنانە بداتە دەست مامۆستاکەی لە خوێندنگادا، کە پڕیەتی لە سەرشۆڕی... بێ گومان ئەگەر تۆ ئەمانە بکەیت، لە ڕاستیدا هەرچی دەستوورێکی ڕاستەقینەی منداڵ پەروەردەکردن هەیە دەیشکێنیت... خۆ ئەگەر لەسەر ئەوەیشەوە هەڕەشەی لێ بکەیت کە دەیخەیتە یەکێک لە ماڵە خوێندنگاکان، بێ گومان ئەو هەڕەشەیە کاری منداڵەکە خراپتر لێ دەکات، کەینەوبەینەکەی زۆرتر دەشێوێنێ... من تکاتان لێ دەکەم کە جارێکی تریش ئەو وێنە زندووانە بخوێننەوە کە لەمەوپێش پێشکەشم کردن. هەر بۆ ئەمەی لەوە تێبگەن کە پێویستی ئەو منداڵە بچووکانەی دزی دەکەن چەند زۆرە بەخۆشەویستیی خێزان و دڵسۆزییەکەی... ئەم جۆرە کردەوە ناپەسندانەیش کە لەمەوپێش لێیان دووام، لەوانەن کە ئارەزووی منداڵەکە بۆ دەستکەوتنی ئەو شتەی کە بەئاواتییەوەیە دەستی بکەوێ، بەهێزتر بکەن، کە دڵتەنگی و پەشێوییەکەی زۆرتر لێ بکەن. هەروەها دەماریشی ببزوێنن بۆ بەرەنگاریکردن. لە بەرەنگاریکردنیش مەبەس ئەوەیە کە جارێکی تر (دزی) بکاتەوە...

(سێیەم)... ڕوو خۆشی و زەردەخەنەکردن. بەکورتی مەبەس لەمەیش ئەوەیە کە باوکەکان چاو لە هەڵەکانی کوڕەکانیان بپۆشن. نابێ هەر بەمەندەیش واز بهێنن. چونکە هەندێ جار ئەوەیش بەکەڵک دێت کە باوکەکان بەشێوەی دزیکردنەکەی منداڵەکانیان دا هەڵبدەن. وەک بەدزەکە بڵێین... (هونەری نواندووە لە دزییەتییەکەیدا) ئەوساکەیش منداڵەکە وا دەزانێ دەتوانی هەموو شتێک بکات... ئیتر جڵەو بۆ خۆی شل دەکات، تا ئەندازەیەکی وەها کە ئارەزووی ئەوە بکات باوک و دایکەکەی خۆی تووڕە بکات، تا بزانێ دەتوانێ تا چ ئەندازەیەک تووڕەیان بکات. ئەوە بۆ ئەوە، ئەوە ناکات کە ئاڵوشی پێگەیشتووە بۆ دزیکردن. ئەو هەر ئەوەندەی ئەوێ کە بیانبزوێنی. تا ڕوویان وەربگێڕێتە خۆی... هۆی ئەمەیش ئەوەیە کە هەست بەخۆی دەکات... باوک و دایکی هیچ ڕوویەکی نادەنێ، هیچ بەتەنگییەوە نایەن... یاخود لەبەرئەوە دەیانبزوێنێ تا بزانی ڕادەی خۆشەویستییەکەیان دەگاتە چەند. ئەو خۆشەویستییەی کە لەمەوپێش لێی نەدیون... ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێ کە کوڕەکە بەتەواوەتی بەرەڵڵا بکەین چی دەکات بیکات. چونکە لە ڕووی گرنگییەوە ئەمە لەگەڵ زۆرداری و ئازاردانەکەمان بۆ کوڕەکەمان، وەک یەک دەوەستێتەوە... دوور نییە وا ڕێک بکەوێ کوڕەکە باوک و دایکەکەی خۆی ببینێ دزی دەکەن ئەوساکەیش ئەو هیچ بەرهەڵستێک لەپێش دەمی خۆیدا نابینێ، کە چاویان لێ بکات و، لەسەر ڕێگای



ئەوانیش بڕوات بەڕێوە... کاتێک دەزانێ، باوک و دایکەکەی هەست بەدزێتییەکەی ئەو دەکەن. کەچی خۆیان ئەوە نازانن کە کوڕەکەیشیان هەستی بەدزێتییەکەی ئەوان کردووە. ئیتر دەمودەست خۆیانی لێ دەگۆڕن. بەپێچەوانەی پێشووە ڕەفتاری لەگەڵدا دەکەن... ئەگەر لەوەپێش لەگەڵیا یەجگار نەرم بووین وایان لێ دێ کە یەجگار توندوتیژی لەگەڵدا بنوێنن... ئێمە کە بەهەموو توانایەکانەوە تێدەکۆشین بۆ ئەوەی دڵی تۆ خۆش بکەین و هەرچی ئارەزوویەکیشت هەیە بۆتی تەخت بکەین، کەچی تۆ ئەوەندە بێ ئابڕوویت، دەچیت ئەم کەتنە نەنگانە لەگەڵ ئێمەدا دەکەیت... بەڵام باوک و دایکی کوڕ گوناهی کوڕەکەتان چییە، کە هەر ئەوە لاسایی دەکاتەوە کە ئێوە خۆتان دەیکەن...؟

پێویستە باوک و دایکەکەیش، هەر ئەو ڕێگایە بگرن لە ژیانی خۆیاندا کە دەیانەوێ یاخود ئاواتی بۆ دەخوازن کە کوڕەکەیان لەسەری بڕوات... هیچ شتێکیش لەوە ئاسانتر نییە، لەویش نزیکتر نییە کە سروشتی هەموو شتێکەوە، کە کردەوەیان لەگەڵ کوڕەکەیاندا تێکەڵ بێ لە کاردروستی و خۆشەویستی.

## ئامۆژگاری کاریگەر

(یەکەم): پێویستە لەسەرمان منداڵەکە بێ کار نەهێڵینەوە. بەڵام دەبێ هەندێ سەربەستییشی بدەینێ. جا ئەگەر منداڵەکە دەست بکات بەکۆکردنەوەی هەندێ پوولی پۆستە، یان خەریکی تەختە داهێنان بێ، یاخود بیەوێ بچێتە ناو ئەو هاوڕێیانەیەوە کە خۆشی دەوێن و بەهاودەمییانەوە کامەران دەبێ، یان بیەوێ هاوبەشیی تیپێکی دیدەوانی بکات، یاخود بەتایبەتی هۆگری وەرزشکاری بوو بێ. بەجۆرێکی تێکڕایی، ئەگەر منداڵەکەمان بەرەڵڵا کرد خۆی خەریک بکات بەگەلێک کار و پیشە و یارییەوە. لە هەموو ڕوویەکیشەوە چستوچالاکی بنوێنێ. ئەگەر هاتوو ئێمەیش یاریدەمان دا لەم جۆرە کارگوزاری و چستوچالاکییانەیدا، ئەگەر پشتمان بەهێز کرد لەم جۆرە شتانەدا و، تیژیشمان کردە سەریان و ئاراستەیشمان کرد بۆ سەرکەوتن لەوانەدا، ئەگەر هاتوو ئێمە ئەمانەمان کرد، بێ گومان کوڕە بچکۆلەکەمان هەرگیز بیر لە (دزیکردن) ناکاتەوە... خۆ ئەگەر هاتوو دزیشی کرد، بێ گومان دزییەتییەکەی ئەوەندە گرنگ نابێ، کە نرخێکی پێ بدرێ، شتێکی پڕوپووچی وایش دەبێ کە بایەخی پێ نەدرێ...

(دووەم): نابێ ئەوەیشمان لەبیر بچێ کە ئەگەر منداڵێک دەستی کرد بەدزیکردن، سەبارەت بەوەیە کە لە ناوچەکەیدا شتێکی وا هەیە هانەی دەدات و پاڵی پێوە دەنێ بۆ

دزیکردن... کەواتە بام ئاگامان لە خۆمان بێ، لە هەموو کار و کردەوەیەک و پێچوپەنایەک بکۆڵینەوە تا لە ڕاستییان تێبگەین.

(سێیەم): پێویستە خۆمان بپارێزین لە هەڵەگۆیی و تووڕە و تڕۆیی و کاری ناڕەوا لەگەڵ منداڵەکەدا، تا وا هەست نەکات بەخۆی کە ئێمە لێی دڵ کرمێین وە مەترسی لێ دەکەین و بەکردەوەکانیشی پشت نابەستین. بۆ وێنە: هەرۆڵابێک لە ماڵێ دایە کلیل و کلۆمی بکەین. هەروەها نابێ لە ئەندازەبەدەر پشت پێ بەستنیشی پیشان بدەین... وەک ئەوەی کۆمەڵە پارەی گەورە گەورە لەو ناوەدا دابنێین کە بتوانێ دەستیان بۆ ببات... چونکە ئەمە هانەی دەدات بۆ دزیکردن... جا ئەگەر دزێتییەکەی کرد، پێویستە ئەوەی لێ نەشارینەوە کە پێمان زانیوە دزی کردووە. بەڵام نەک بەو ناوەوە کە (دزی)ی کردووە بەو ناوەوە کە (هەڵە)ی کردووە. پاش ئەوە ناشبێ ڕقی لێ هەڵبگرین، ناشبێ ئەوەی بدەینەوە بەچاودا. تەنانەت پێویستە لەسەریشمان کە وای لێ بکەین هەست بکات بەخۆی کە هێشتا پشتی پێ دەبەستین و باوەڕیشی پێ دەکەین. پێویستە هەموودەمێکیش ئاگامان لە خۆمان بێ کە ئەوە نەخەینە مێشکییەوە کە بەکوڕێکی ناڕاستی دادەنێین... هەروەها پێویستە لەسەرمان کە نەهێڵین کوڕەکە لە ڕەنج و کوێرەوەری و گیروگرفتی ژیانی ئێمەی تەمەن گەورە ئاگادار بێ. چونکە دوور نییە ئەو ئاگادارییە بۆ تەمەنی ئەو دەست نەدات و زیانی پێ بگەیەنێ. بام هەمووده‌م بەڕوویەوە پێ بکەنین... تەنانەت لە کاتی ماندوویێتی و وەڕس بوونیشماندا... چونکە منداڵە بچووکەکە ئەوەی لەسەر نییە کە لە کاتی تەنگانەدا دەست بداتە دەستی دایک و باوکی.

(چوارەم): پێویستە بەرامبەر ڕاستی ئەو بارە بوەستی. ئەویش بەو جۆرە کە ڕاست و ڕەوان و دڵسۆزانە گفتوگۆ لەگەڵ کوڕەکەدا بکرێت... جا تۆ هەر چەندێک ڕاست و ڕەوان بیت لەگەڵ ئەودا، ئەو ئەوەندە لێت تێدەگات، ئەوەندە هەست بەسرەوتی دڵ دەکات، ئەوەندەیش دەحەسێتەوە و لێت دڵنیا دەبێت... پێویستە لەسەرت هەڵەکردنەکەی خۆی پیشان بدەیت... بەڵام نەکەی هەڵسەنگاندنی خۆتی بۆ دەربخەیت لە بابەت کردەوەی دزییەتییەکەیەوە... ڕێگایشی پێشان بدە کە لە دوارۆژدا لەسەری بڕوات... تۆ دەتوانیت، لە کاتی هەڵەکردنیا، هەندێ توندوتیژیی لەگەڵدا بنوێنی.

بەڵام خۆشەویستییەکەتی لێ مەبڕە. تەنانەت ئەگەر توندوتیژییشت لەگەڵدا نواند، ئەو خۆشەویستییەت لە کانگای دڵتا بهێڵەرەوە. دەبی هەر کردەوەیەکیشت لەگەڵدا نواند،



ڕاستە و ڕاست بیکەیت. دەبێ بەجۆرێکی وایشی بکەی کە بەلای کوڕەکەوە ڕەوا بێت... واتە بیانوویێکی پەسندی هەبێت بەلای ئەوەوە... پاش ئەوە پێویستە ئیتر لەو بابەتەوە قسە نەکرێ...

نەکەی جارێکی تر لەو بابەتەوە قسەی لەگەڵدا بکەیتەوە... هەروەها خۆیشت لە چارەکردنی نیوەچڵی بپارێزە. پێویستە چارەیەکی وای بۆ بدۆزیتەوە کە مام ناوەندی بیت... تۆیش لە منداڵەکانت ژیرتر و کار پەسندتر بە... لە هەندێ باریشدا، کە باوکەکان هەست بەوە دەکەن منداڵەکانیان زۆر تووڕە و دڵ ناسکن، لە هەموو شتێک زوو هەڵدەچن، لە هیچە دڵتەنگ دەبن، وا چاکترە کە ڕاوێژ بەپزیشکە پسپۆرەکان بکەی... هەرچی پەروەردەکردنی منداڵە، بریتییە لە کار و فرمانێکی ڕۆژانەی هەمووده‌می. بام هەمووده‌مێک ئەو قسەی ژیرانەمان بێتەوە یاد کە پەروەردەکاری سویسرەیی بەناوبانگ (کلاباريد) لە دەمی هاتۆتە دەرێ کە گوتوویەتی: (لە هیچ دەمێکا، هیچ کەس، هەرگیز ئەوەی نەگوتووە، پەروەردەکردنی منداڵ کارێکی سووک و ئاسانە...).

### خوێندنگای دایک و باوک

# گیروگرفتی لە یەک تێگەیشتنی ژن و مێردی

نووسینی: فەڕناند ئیزانبێر
پزیشک و خاوەن لێکۆڵینەوەی فەرەنسی

## پێشەکی

پەروەردەکرنی منداڵ لە دەست هەموو دایک و باوکێک نایەت چونکە شارەزاییەکی زۆری دەوێ لە (زانست) و (هونەری پەروەردەکردن) و (زرنگ کاری)دا هەروەها ڕوشت و خوویەکی دادپەروەرانە و، تێکۆشانێکی بێ وچانی دڵسۆزانەی دەوێ، کە پڕ بێ لە پاکیی و بڵندی و ئارامی و دۆستایەتی و دڵتەڕی لەبەر ئەوە زۆر لە زانکۆکانی ئەوروپا و ئەمریکا (خوێندنگا)یان کردۆتەوە بۆ دایک و باوکەکان، تا تێیدا فێری زانست و هونەری پەروەردەکردن بن و، لە شێوەیەکی پاک و ڕاست و دروستدا بتوانن منداڵەکانیان پەروەردە بکەن. یەکێک لەو زانکۆیانە (زانکۆی سۆربۆن)ە کە لە شاری (پاریس)دایە لە خاکی (فەرەنسەدا)، کە خوێندنگایەکی لەم جۆرەی کردۆتەوە بۆ باوک و دایکەکان. نووسراوی (گیروگرفتی لە یەک تێگەیشتنی ژن و مێردی)یش کە ئێستا کە پێشکەشی خوێندەوارە بەڕێزەکانی کوردی دەکەم، پوختەیەکە لەو وتارەی کە پزیشک و خاوەن لێکۆڵینەوەی فەرەنسی (فەرناند ئیزانبێر)، بەزمانی فەرەنسی لەو (خوێندنگای دایک و باوک)ەدا خوێندویێتییەوە کە لە (زانکۆی سۆربۆن)دا دامەزرابوو.

ئەو وتارە کورت کراوەیە لە گۆڤاری (کتابی)دا، لە ژمارە (٤٦) و(٤٧)ی ساڵی ١٩٥٦دا پەرچڤە کرابوو بەعەرەبی لەلایەن (کلیم یووسف)ەوە ئەم گۆڤارەیش لە قاهیرە دەردەچوو، لە خاکی میسردا، خاوەنەکەی (حلمی مراد)بوو منیش لەو کۆڤارەوە وتارەکەم کرد بەکوردی لە ٥-٢-١٩٦٦دا. وتارەکە لە شێوەیەکی قووڵ و فراواندا، گیروگرفتی لە یەک تێگەیشتنی ژن و مێردی پێشان دەدات، لەگەڵ هۆیەکانی ئەو گیروگرفتانەو، شێوەی چارەسەرکردنیان، بۆ ئەمەی ژیانێکی ژن و مێردیی سەرکەوتووانە و پڕ خۆشی و کامەرانی و بەکەڵک بۆ هەموو ژن و مێردێک پێک بێت و، لەناو ئەو خێزانە سەرکەوتوو و کامەران و خۆش گوزەرانانەیشدا، منداڵەکان بەباشی گەورەبن و گەشە بکەن و پەروەردەبن، تا کۆمەڵایەتییەکی پێشکەوتوو پێک بێت.



وتارەکە بەشێوەیەکی وەها نووسراوە کە هەموو کەس تێی دەگات و کەڵکی لێ وەردەگرێت جا لەبەر ئەوەی گیروگرفتەکانی لە یەک تێگەیشتنی ژن و مێردیی ئێمەی کوردەوارییش، تێکڕا هەر چەشنی ئەو گیروگرفتانەیە کە وتاربێژ (فەرناند ئیزانبێر) پێشانی داون، لام وایە دایک و باوکەکانی ناو کۆمەڵایەتی کوردەواریی ئێمەیش لەم نووسراوە کەڵکێکی زۆر وەردەگرن چونکە هەرچەندە، کۆمەڵایەتی ئێمە و کۆمەڵایەتی فەڕەنسە زۆر لە یەکتر جیاوازن لە کۆڕی پێشکەوتوییدا، بەڵام چونکە هەردوو کۆمەڵایەتییەکە لە سروشت و ڕەوشتی مرۆڤایەتیدا بنچینەیان یەکە، گیروگرفتەکانی لە یەک تێگەیشتنی ژن و مێردی هەردوولایشیان تا ئەندازەیەکی گەورە لە یەکتر دەچن.

کۆمەڵایەتی کوردەواری ئیمڕۆ، لە گەشەکردن و گۆڕاندایە، هەروەها بەو پێیەیش گیروگرفتەکانی لە یەک تێگەیشتنی ژن و مێردی کوردەوارییەکەمان لە گەشەکردن و گۆڕاندان لەبەر ئەوە لەسەر باوک و دایکە بەڕێزەکانمان پێویستە هەر لە ئێستاوە خۆیان ئامادە بکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەی دێنەپێش دەمی لە یەک تێگەیشتنی ژن و مێردییان، تا بتوانن منداڵە خۆشەویستەکانیان لەسەر بنچینەیەکی (زانست) و (هونەری پەروەردەکردن) و (زرنگ کاری) پێ بگەیێن، تا کۆمەڵایەتییەکی پێشکەوتووی (کوردەواری) لە دوارۆژێکی نزیکدا بۆ ئێمە پێک بێت چونکە منداڵ چاو لە دایک و باوکی خۆی دەکات.

ئەگەر باوک و دایکەکەی ڕێک بوون و خۆشەویستی و ڕێزیان بەرامبەر یەکتری پێشانێ دا، ئەو منداڵەیش لە شێوەیەکی ڕێکوپێک و ڕاست و دروستدا گەورەدەبێ و پەروەردەدەبێ و پێ دەگات. ئەگەر باوک و دایکەکەی هەمووەدەم خەریکی دەمەقاڵێ و شەڕوشۆڕ و ئاژاوەیش بوون و ڕقەبەری، ئەوا ئەو منداڵەیش کە گەورەبوو وەک ئەوان دەردەچێت، واتا خراپ و بێ فەڕی لێدێت، کە زیان بەکۆمەڵایەتییەکەمان دەگەیێنێت.

ئیتر ئەمەندە و، نووسراوەکە: (گیروگرفتی لە یەک تێگەیشتنی ژن و مێردی)، پێشکەشی (خوێندەوارانی بەڕێزی کورد) دەکەم، هیوادارم بەخودا زۆر کەڵک و خۆشیی لێ وەربگرن.

شاکر فتاح
«خاوەنی پڕۆژەی خوێندەواری کورد»
سلێمانی: ٨-٤-١٩٨٥

## لەپێش ژن هێناندا خۆ پاراستن چاکترە لە خۆچارەکردن

ئێمە ئەگەر بمانەوێ بەباشی منداڵەکانمان پەروەردە بکەین، پێویستە لەسەرمان لەگەڵیاندا بژین نابێ زۆریش لێیان دوور بکەوینەوە.

ئەمەیش کێشمان دەکاتە سەرئەوەی، کە ئێمەی دایک و باوک، دەبێ ئەوەندە مەند و لەسەرخۆبین، ماوە نەدەین بەگیروگرفتە تایبەتییەکانی خۆمان تێکمان بدەن، نەوەک ئەوە کار لە ڕەووشت و خووی منداڵەکانمان بکات و ماوەیەش بۆ خۆمان نەهێڵێتەوەکە پەرشتیی پەروەردەکردنیان بکەین چونکە ئەگەر وا نەکەین، خۆمان تووشی گەلێک گەڕ و گێچەڵ دەکەین، کە هەموویشیان لەوەوە پەیدادەبن، کە گیروگرفتە تایبەتییەکانی خۆمان کار لە شێوەی پەروەردەکردنی منداڵەکانمان دەکەن بۆ وێنە: ئەمە دایکێکە هەست وا بەخۆی دەکات کە ڕوووەرگێڕانی مێردەکەی ژیانی لێ تاڵ کردووە کە تەماشادەکەیت ئەوە لە کوڕەکەی خۆی دەخوازێت کە لە ئەندازە بەدەر خۆشی بوێت و، خۆی لێ نزیک بخاتەوە بۆ ئەمەی تۆڵەی ئەو خۆشەویستییەی بۆ بکاتەوە کە مێردەکەی لێیی بێ بەش کردووە!...

ئەمیش: باوکێکە هەرچەند دەکات دەسەڵات پەیدا ناکات بەسەر ژنەکەی خۆیدا هەموو دەم هەر خەریکی ئەوەیە کە کوڕەکەی خۆی بەفەرمانی سەخت و گران سەر کوێر بکات هەموویشی مەبەسی ئەوەیە کە لەبەردەم ژنەکەی خۆیدا، خۆی وابنوێنێ کە پیاوێکی بەچنگ و بەزەبروزەنگە لەناو ماڵی خۆیدا!...

ئەمەیش: باوکێکی ترە هەرچەند منداڵەکانی دەبینێ لەناو ماڵدا بەبەردەمیدا دێن و دەچن دڵی تەنگ دەبێ چ بگرین، چ پێ بکەنن، ئەو پێیی سەخت دەبێ هەموویشی لەبەر ئەوەیە کە وا هەست دەکات ئەوانە بەربەرەکانێی لەگەڵ دەکەن چونکە بەهۆی بوونی ئەوانەوە ژنەکەی هەر بەوانەوە خەریک دەبێ، گوێ ناداتە مێردەکەی ئەویش بۆیەکا ئەو ژنەی هێناوە کە ئەم خەمخواردن و چاودێریکردنەی هەر بۆ خۆی بێ، نەک بۆ منداڵەکانی!...

لەمانەوە تێدەگەین کە پێویست وایە خەمی لێکۆڵینەوەی ئەوە بخۆین کە چۆن ژن و مێردەکە ڕێک دەکەن و، چۆن لە ناکۆکی دووردەکەونەوە، واتا ژن و مێردێکی وابن کە دڵی هەردووکیان یەک بکەوێ و، هۆش و بیرکردنەوەیشیان لەگەڵ یەکتردا بسازێ، لە یەکتر جیانەبنەوە. دەبێ ئەم لێکۆڵینەوەیەیش لەپێش منداڵبووندا بکرێ، واتا لە «پێش ژن هێنان»دا... ئەگینا ئەگەر وا نەکەین تووشی دەمەقاڵێ و چەقەچەقی وا دێین، کە زۆر



جاری وا هەیە ڕوو دەدەن لەناو ژن و مێردەکاندا... کە ئەویش هەر گیزاو هەرگیز بۆ ئەو خێزانە دەست نادات، کە بیەوێ لەسەر شێوەیەکی پاک و پوختە و ڕاست و دروست منداڵەکانی خۆی پەروەردەبکات...

ئەم لێدووانەیش کێشمان دەکاتە سەر پێشاندانی ئەم چوار بابەتەی خوارەوە:

(یەکەم): سەردەمی دەزگیرانی.

(دووەم): ئەوەی کە پێویستە کوڕ بیزانێ لەپێش ژن هێنانیدا.

(سێیەم): ئەوەی کە پێویستە کچ بیزانێ لەپێش شووکردنیدا.

(چوارەم): ڕەوشتی باوکەکان لەپێش ژن هێناندا بۆ کوڕەکانیان.

## سەردەمی دەسگیرانی

تێکڕا ئەوەی لە سەردەمی دەزگیرانیدا ڕوودەدات ئەوەیە کە کوڕ و کچەکە زۆر بەتەنگ ئەوەوە نین کە باش یەکتری بناسن، هۆی ئەمەیش ئەوەیە کە هەر کامێکیان بگریت لەو سەردەمەدا ئەوی تریانی وا دێتە پێش چاو کە ئەو وێنەیەیە کە هەموو دەم لەوەپێش هێناویەتە پێش چاوی خۆی و، بۆی بەئاواتەوە بووە پێیی بگات، کە خەوی پێوە بینیوە. هیچ کامێکیان وێنەکەیان لە شێوەیەکی ڕاست و دروست و، دوور لە بیری پڕوپووچەوە نایەتە پێش چاو ئەوەیش یەکەم تەنگوچەڵەمەیانە کە تێی دەکەون و، تووشی کارەساتی کتوپڕ و لە ناکاو دێن، تووشی ڕەنجەڕۆیی وا دێن کە هەر بەبیریشیاندا نەهاتووە.

جا ئەم وێنەیە کە تەنیا لەناو مێشکدا دروست کراوە، وا لە هەر دوولا دەکات کە هەر گڕۆزی و هەڵەیەک، لەو سەردەمەدا، لە کردەوە و ڕەوشتی هاوڕێکەی خۆیدا ببینێت، وای لێک دەداتەوە کە بابەتێکی سەیر و ناوازەیە لە نێوان ڕەوشت و کردەواندا. ئەو وای تێ ناگات کە هەڵەیەکە و لە سروشتی هاوڕێکەیدا بنجی داکوتاوە یاخود گڕۆزییەکە و لە دەروونیدا جێگیربووە، لەمەیشەوە ئەوە پەیدادەبێ، کە هەرچی توندی و تووڕەیییەک و ئاڵۆش و خرۆشێک لە هەردووکیان، ڕوودەدات، وا لێک دەدرێتەوە کە لەبەر ئەوە ڕوودەدات کە هەردووکیان لەو سەردەمەدا لە بارێکی نائاسایی دان، کە گڕی دڵە بۆ (پێ گەیشتن) ئەو هەڵە و گڕۆزییەیان پێ دەکات. ئەوانە بەلایانەوە وایە کە مارەکردن بڕایەوە، هەر کارەساتێک لەسەردەمی دەزگیرانیدا ڕوویداوە لەخۆیەوە نامێنێ، مێشک و هۆش دەگەڕێنەوە سەرخۆیان، کاروباریش دەچنەوە سەر دۆخی جاران!...

دوور نییە ئەمە بەڕاست دەربچێ بەڵام ئەوە ژیریی پێ ناڵێن کە پایەکانی خێزان لەسەر بنچینەیەکی گۆترەیی دابمەزرێنین چونکە ڕاهێنانی ژن و مێرد بەیەکەوە کە بەشێوەیەکی جوان و شیرین پێکەوە ژیان بەسەرببەن، کارێکی وردە تا پێک دێت پێوستە لەسەر هەردووکیان ماوەیەکی پڕ تەنگوچەڵەمە ڕاببوێرن ئەمەیش ئارامێکی دوورودرێژی پێ دەوێ، خۆبەخت کردنێکی زۆریشی پێ دەوێ، کە پێویستە لەسەر هەردوولایان لە مافی خۆیان دابتاشن بۆ ئەمەی بتوانن بەتەواوەتی بسازێن لەگەڵ یەکتردا، کە کردەوە و ڕەوشتیشیان لەگەڵ یەکتردا ڕێک بکەوێ ئەمەیش بەچەند ساڵێک نەبێ سەرناگرێ!...

ژن و مێردییش جۆرجۆرە، ڕەنگاوڕەنگە، جوێ جوێیە لە یەکتری. کەواتە ئەوە هەڵەیە کە خەریکی ئەوە بین دەستووری دامەزراو و نەگۆڕاو بۆ ژن و مێردی دابنێین. یاخود بەهۆی چەند بارێکی ژن هێنانی دیاردی کراوەوە، چەند دەستوورێک دابنێین و بیان نوێنین بەسەر هەموو بارەکانی ژن هێناندا، ڕەنگە ئەوەی بۆ مێردێک بەکاردەهێنرێ، بۆ مێردێکی تر بەکارنەهێنری.

چونکە تەمەنی مێردەکان یاخود ژنەکان، ئەو شوێنانەی تێیاندا گەورەبوون، بیروباوەڕە زرنگ کارییەکان و ئایینییەکانیان... ئەمانە هەموویان لەوانەن کە کار بکەنە سەر ژیانی ژن و مێردیی بەڵام ئەوە بۆ ئێمە زۆر گرانە کە دەستووری وایان لەسەر دابمەزرێنین کە هەرگیز نەگۆڕێن، کە دەست بدەن بۆ هەموو کەسێک بەکاربهێنرێن چونکە جاری واهەیە ڕێککەوتنی ژن و مێردەکە لەوەوەیە کە دڵ و هۆشیان ڕێک دەکەون جاری وایش هەیە ڕێککەوتنی ژن و مێردێک لەوەوە پەیدابووە کە دڵیان لە یەک ناکات و هۆشیشیان پێچەوانەی یەکترییە...!

لەگەڵ ئەمەیشدا نابێ ئەوەمان لەبیربچێت کە نابێ هەر بەتەنگ ئەوەوەبین ڕەوشتی ژن یاخود مێردەکە لێک بدەینەوە هەروەها دەبێ بەتەنگ ئەوەیشەوە بین کە خوویشیان لەگەڵ یەکتردا ڕێک بکەوێ، کە دڵ تەڕییشیان لەگەت یەکتردا ڕێک بکەوێ کە لەو ناوچەیە وەریان گرتووە کە تێیدا گەورەبوون وەک خێزان و کۆمەڵایەتییەکانیان هەروەها لێکۆڵینەوە لە کەسایەتیی ئەوانەیشدا بکەین کە بوون بەهاودەم و هاوڕێیان...

بەکورتی دەبێ لەم بابەتانەوە لە هەردووکیان بدوێین، ڕەوشت، خوو، دڵتەڕی، هاودەم، تا تەواو تێیان دەگەین...

ئنجا ئەگەر تۆ خۆت دووربخەیتەوە لەو وێنە ڕەنگاوڕەنگە ئەندێشەییانەی لەسەردەمی



دەزگیرانیدا زاڵ دەبن بەسەر دڵ و هۆشتدا، ئەوانەی کە بەرچاوت دەگرن و ناهێڵن لە ناوەڕۆک و ڕاستیی ئەو کەسە تێ بگەیت کە لە دواڕۆژدا دەبی بەهاوسەرت... کێ چوزانێ، لەدوای مارەکردن، کە لە ڕاستیی هاوسەرەکەی خۆت تێ گەیشتیت، دڵت لێی سارد نابێتەوە و بێزیشی لێ ناکەیتەوە!؟...

## ژن هێنان لە تاو تەنیایی

واتای ئەو ڕستەیە چییە؟!. واتای ئەو ڕستەیە ئەوەیە، کە کوڕەکە لە تاو هەرزەکاری ژن مارەدەکات، تا لەوە بەولاوە ئیتر تەنیایی و، گیروگرفتی ژین و ڕابواردن و، وەڕس بوون نەچێژێ!... یاخود لەدەست تەنگوچەڵەمەی ژیانی ناو خێزانەکەی خۆی ڕزگاری ببێ...!

جا ئەم جۆرە ژن و مێردییە کەم سەردەگرێ. تێکڕا لە هەموو دەمێکدا هەر تێک دەچێ!... چونکە زۆری پێ ناچێ ڕاستیی ژن هێنانەکەی بۆ خۆی دەردەکەوێ کە بریتییە لەوەی ئەوێک کە ژنی بۆ ئەوە هێنابوو لە دەست زۆرداریی خێزانەکەی خۆی ڕزگاری ببێ، کە سەربەستی و سەربەخۆیی لێ بارکردبوو، دیسانەوە کەوتۆتەوە دەست خێزانێکی تری وەها کە دووبارە زۆری لێ دەکاتەوە، سەرلەنوێ لەسەربەخۆییەکەی خۆی کەم بکاتەوە!...

گەلێک ژن و مێردی تریش هەن کە لە ژمارە نایەن، هەر لەسەر ئەو بنچینەیە پێک دێت، کە خوێندنەوەی هەندێک لە گۆڤارەکان، یاخود نامەکاریی درێژ، یاخود کورت کار لە دڵ و دەروونی هەردوولایان دەکات و دەبن بەژن و مێردی یەکتری!. ئەم جۆرە ژن هێنانانەیش دەبنە هۆی ئەوەی کە خاوەنەکانیان تووشی ئافرەتانی وا بێن، کە لەناو مێشکی خۆیاندا دروستیان کردوون. کە مارەکردنەکە بڕایەوە، وردە وردە ڕاستییان دەردەکەوێ لە دواییدا وا دێنەپێش چاوی خاوەنەکانیان کە تەواو لە ڕاستییەوە دوورن! گەلێک جاری وایش هەیە کە کوڕەکە ژن دەهێنێ، یاخود کچەکە شوو دەکات، ئەوەندە دڵداری لەناو دڵیاندا نیە کە بێتە پەرژینێکی بەهێز و ژیانی ژن و مێردییەکەیان بپارێزێ. نەکوڕەکە ژن بۆ ئەوە دەهێنێ کە ببێتە مێردێکی ڕاستەقینە بۆ ژنەکەی.

نە کچەکەیش بۆ ئەوە شوو دەکات کە ببێتە ژنێکی ڕاستەقینە بۆ مێردەکەی خۆی... کە کچەکە شوو دەکات، لە دڵی خۆیدا ئەوە دەشارێتەوە کە هەرچەندە شووی کردووە، بەڵام مەبەسی ئەوە بوو مێردەکەی لە جێی باوکی خۆی دابنی، نەک لە جێگای مێردی خۆی.

جا ئەگەر مێردەکەی خۆی خۆش ویست، هەر بەو جۆرە خۆشی دەوێ کە لە جێی باوکی خۆی دایناوە، ئەو باوکەی کە لە منداڵیا بە ناسینی ئەو کامەران نەبووە!...

هەروەها کە کوڕەکەیش ژن دەهێنێ، لە دڵی خۆیدا ئەوە دەشارێتەوە کە هەرچەندە ئەو ژنەی مارەکردووە، بەڵام مەبەسی ئەوە بووە کە ژنەکەی لە جێی دایکی خۆی داناوە، ئەو دایکەی کە هەمـوودەم پشتی دەگرت و دەیپاراست، کە ڕێگای ژینی پێشان دەدا، کە ئەوەندەیش خۆشەویستی بەرامبەر دەنوواند بەشی ئەوەی دەکرد کە هەمـوودەم دەروونی لە ئارام و ئاسایشدا بمێنێتەوە ئەمانە هەموو هەڵەی گەورە گەورەن!... چونکە پیاو نابێ ژن بۆ ئەوە بهێنێ کە وەک منداڵێکی دابنێ، پێی بڵێ بکە و پێی بڵێ مەکە. یاخود وەک دایکێکی دابنێ نازی بکێشێ و پشتی بگرێ!... هەروەها ژنیش نابێ بۆ ئەوە شوو بکات کە پیاوەکە بیپارێزێ و لەسەری بکاتەوە، دەبێ بۆ ئەوە شوو بکات کە هاودەمێکی دەست بکەوێ لە تەنیایی ڕزگاری بکات و ژیانیشی پڕ لە خۆشی و شادمانی بکات!.

هەرچی مرۆڤایەتییە، بە ژن و پیاویەوە، بۆ ئەوە دەگەڕێ کە لە یەکتر نزیک ببێتەوە، پێکەوە ژیان بەخۆشییەوە ڕاببوێرێ... جا ئەگەر پیاوێک هەر بۆ ئەوە گەڕا کە بەتەنیا خۆشی لە ژیان ببینێ، لەوەدا یەکەم هەنگاو دەهاوێژێ بۆ ڕەنجەڕۆیی و تێکدانی ژیانی ژن و مێردیی خۆی و ژنەکەی خۆی، لەمەیشەوە ئەوە پەیدا دەبێ کە پەیوەندییەکانی ڕەگەزبازی (جنس) لە ناوەندیاندا ببنە پەیوەندییەکی دڕندەییانە، کە دڵناخۆشی و تەنگوچەڵەمەی سامناکی لێوە پەیدادەبێ، یاخود هەردوولایان دەبنە پەند و واتەی ڕۆژگار و بەر تیزپێکردن و ڕیسواکردنی ئەم و ئەو دەکەون، کە بەهۆی ئەوەوە دڵدارییەکەیان تووشی دەرد و ئازارێکی وا دێ، کە چاککردنەوەی لە دەست کەس نەیەت!...

جا ئەگەر ژنت هێنا و نیازت ئەوەبێ کە بەشی هەرە گەورەی خۆش ڕابوواردن هەر بەر خۆت بکەوێ، بێگومان تۆ لە سەرەتای ناکۆکییەکی وادای کە هەتا ژن و مێردیتان لە ئارادابێ. ئەو ناکۆکییە بەژیانتانەوە دەلکێ و لێی نابێتەوە!... چونکە ژن و مێردیی ڕاستەقینە ئەوەتا کە ئارەزوویەکی ڕاستەقینە لە دڵی هەردوولایاندا هەبێ بۆ دڵخۆش کردنی یەکتری. کامەرانیی ڕاستەقینەیش ئەوەتا کە تیشکەکانی لە کامەرانیی هاوسەرەکەتەوە گەڕابێتەوە ناو دڵتەوە، نەک ئەو کامەرانییەی کە هەر خۆت بیچێژیت و بەشی هاوسەرەکەتی لێ نەدەیت!...

تافی لاوێتی بەسەردەچێ و ئەو جوانییەیش کە تێیدایە لەناو دەچێ... ئەو بەرهەمە کەرەستەییانەیش کە لە ژیانی ژن و مێردییەوە پێک دێن، هەروەها تا سەر نامێننەوە. بەڵام کردەوە و ڕەوشتە نەژادەکانی مرۆڤ، کە لە دڵ و دەروونیدا بنج بەست بوون،



هەروەها ئەو چستوچالاکی و هێز و هەڕەت و زیندووێتی و بەخشندەییەیش کە مرۆڤیان پێ دەڕازێتەوە هیچیان لێ نایەت، تا سەر دەمێننەوە... چونکە ئەوانە بریتین لە گەوهەرەکانی مرۆڤەکە، پاک و پوختەن، دەووریش لە پێچوپەنا و چاووڕاو و فڕوفێڵبازییەوە!...

## ژن و مێرد چۆن ڕێک دەکەون

ژن و مێرد بەجۆرێک دەتوانن ڕێک بکەون، کە هەردوولایان بڕیاربدەن ئەم کاروبارانە پێک بهێنن:"

١- دەبێ هەردوولایان خەریکی ئەوەبن کە ژیانی ژن و مێردییان سەربگری. کە ژیانیان بخەنە سەر ڕێگای سەوکەوتن. جا بۆ ئەمەی ئەوە سەربگرێ، پێویستە هەردوولایان لەبەردەم گیروگرفتەکانی ژن و مێردیدا خۆیان ڕابگرن، واتا لەسەرنەگرتنی ژن و مێردییەکەیاندا گورێز بەرنەدەن و ، دەست بەرداری ژیانی ژن و مێردییەکەیان نەبن.

نابێ ورە بەربدەن، نابێ وەڕس بن، بام ڕەنجەڕۆییش بێتەڕێیان، یان هەندێ جاریش تەنگەتاوبن!.

٢- دەبێ هەردووکیان لە بیر و هۆشی یەکتر تێ بگەن و بیخەنە پێش چاوی خۆیان... جا ئەگەر هەردووکیان خەریکی ئەوە بوون کە کەموکوڕیی یەکتری تەواوبکەن، زۆری پێ ناچێ ئەو کەموکوڕییە لە یەکتردا دەدۆزنەوە... ئەوەندە هەیە نابێ بیروباوەڕەکانی خۆیان ئەمەندە تێکەڵوپێکەڵ بکەن، کە کەسیان بیروباوەڕ و پێش بینییە سەربەخۆییەکان و وێنە بێ هاوتاکانی خۆیان نەناسنەوە، یاخود لە بیریان بچنەوە!...

٣- دەبێ هەردووکیان لە کاروباری ژیاندا یارمەتیی یەکتر بدەن: یەکتری کامەران بکەن، یەکتر بەکامی سەربەستی بگەیێنن، یەکتری وا لێ بکەن کە هەر کەسەیان لە نرخ و بایەخی خۆی تێ بگات!...

بێجگە لەمە ژن و مێرد ئۆباڵیان بەئەستۆی خۆیانە بەرامبەر منداڵەکانیان، کە لەپێش مارەکردندا تەواو لە تەندروستی و لەش خۆشیی خۆیان دڵنیا بن، ئنجا ببن بە ژن و مێردی یەکتری چونکە لەپاش مارەکردن بەگران دەستیان دەپەرژێ و پێیان دەکرێ خەمی تەندروستیی خۆیان بخۆن کاتێ کە دەستیشیان پەرژا خەریکی تەندروستیی خۆیان بن، تازە کار لە کار ترازاوە و کەڵکێکی ئەو تۆی نابێ!...

ژن و مێردیش گەلێک لێپرسینەوەی پڕ ئەرک و ئازاری بەسەرەوەیە. هەر کاتێ ئەو

فرمانانەیش جێبەجێ کران، ئەوەندە ماوە نامێنێتەوە بۆ ژن و مێردەکە تەواو بحەسێنەوە و بسرەون. سرەوت و حەسانەوەیش یەکەم پایەیە بۆ تەندروستییەکی تەواو و دڵ تەڕییەکی شۆخ و شەنگانە، جا لەبەر ئەوە پێویستە لەسەریان کە خۆیان ئەوەندە ماندوونەکەن بەو کاروبارانەوە کە زۆر پێویست بۆ پاراستنی تەندروستییان.

دەزگیرانەکانیش لەو دەمەدا ناچارن هەر بیر لەوە دەکەنەوە کە لەپاش تەواوبوونی ژن و مێردییەکەیان چەند منداڵیان دەبێ. لەو دەمەدا ئەوان وا هەست دەکەن کە لەبەردەم دروستکراوێکی (نەناسراو)دان، خەریکە ڕێگا بۆ خۆی بکاتەوە لە ژیاندا جا ئەم (منداڵە نەناسراوە)یە کە هێشتا ناوونیشانەی دەرنەکەوتووە و نەهاتۆتە جیهانەوە، کە پاڵ بەکوڕ و کچەکەوە دەنێ لە یەکتر نزیک ببنەوە، کە تێکەڵ بەیەکتری ببن، ئەنجا هێنانەپێش چاوی لە دایک بوونی ئەم منداڵە تەزوویەکە لە تەزووە بەهێزەکانی ژیان کە هەردوو دەزگیرانەکە هەستی پێ دەکەن و پاڵیان پێوەدەنی بۆ پێشەوە؛ هەروەها ڕۆشن کردنەوە و لێکدانەوەیەکی بەهێزیشە بۆ ئەوەی کە تێبگەن لە ژیاندا جوانی هەیە، کە لەناو دڵدارییەکەیشاندا هێزێکی (دروستکار)[١]ی ڕاستەقینە خۆی شاردۆتەوە!.

ئەگەر ژنێک لە ژیانی خۆیدا فرمانی دڵداریی بەجێ نەهێنابێ، هەمووەدەم دڵتەنگی سەری تێ دەکات و، لە گیانی خۆی وەڕسی دەکات، ئەو نامەی خوداییەیش وا بەلای ژنەکەوە بەتەواوەتی بەجێ ناگەیەنرێ، تا خۆی لەلای منداڵەکەیەوە نەبینێ کە بەجوانترین دیاریی دادەنێ پێشکەشی مێردەکەی و، پێشکەشی هەموو مرۆڤایەتیی بکات!.

ئەگەر منداڵەکەیش لە ئەنجامی ئاوات و خواست و ئارەزووی دایک و باوکەکەی خۆیەوە هاتبێتە جیهانەوە گەشە دەکات و، وەکو گوڵیش شەنگوشۆخانە دەگەشێتەوە!... سەرنج دراوە کە گەورەبوون و گەشەکردنی منداڵێکی وا گەلێک زۆرترە لە گەورەبوون و گەشەکردنی ئەو منداڵەی کە بێ ئارەزووی دایک و باوکەکەی خۆی، لە ئەنجامی کارەساتێکیی ناچارییەوە دوروست بووە و هاتووەتە جیهانەوە!...

هاتنی منداڵەکە بۆ ناو ماڵی باوک و دایکەکەی خۆی، هیچ زیانێک بەوان نابەخشێ ئازاری هەستی ژن و مێردییەکەیشیان نادات، بەپێچەوانەوە، مناڵەکە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی خۆشەویستییەکەیان.

دەبێتە سەرچاوەیەکی وایش کە هەموو دەم ژیانیان پر بکات لە خۆشەویستیی و هۆگری و دڵسۆزی!...

---

(١) هێزێکی دروستکار: (قوة خلاقة).



## ئەوەی کە پێویستە کوڕ بیزانێ لەپێش ژن هێنانیدا

ژن و پیاو، لە کەرەستە و لەنگەر ڕاگرتنندا لە یەکتر زۆر دوورن. هەرچی ژنە لە هەموو مانگێکدا چەند ڕۆژێک خوێن لە منداڵدانی دێتەدەرەوە. لەم سەردەمەدا بەتایبەتی لەپێش پەیدابوونی خوێنەکەدا، تووشی گەلێک تێکچوون دێت، چ لە دەمارە مێشکییەکانیدا، چ لە دەروونیدا، کە لەو کاتانەدا زۆرتر هەست دەکات بەداماویی خۆی لەسەر خۆشەویستیی پیاوەکەی هۆی ئەو تێکچوونی دەمارە مێشکییانە و دەروونەیش کە تووشی ژنەکە دێت لەو کاتی خوێن چوونەدا، ئەوەیە کە خوێن چوونەکە، خۆی، دەبێتە بەڵگە بۆ ئەوەی کە (گەرا)ی سک و زای پیاوەکە نەگەیشتووە بە(گەرا)ی سک و زای ژنەکە؛ ئەگینا ئەگەر بگەیشتنایە بەیەک (منداڵ) لە مناڵدانی ژنەکەدا پەیدادەبوو.

ئەوساکەیش ئیتر خوێنی ژنەکە لە منداڵدانی نەدەهات!... جا لەبەر ئەمەی لەم ڕووەوە، پیاو لە ژن ئارام و سرەوتی زۆرترە کەواتە پیاوەکە نابێ لە بارێکی وادا بەتایبەتی لە کاتی خوێن چوونی ژنەکەیدا، گوێ بداتە ئەو کردەوە و ڕەوشتە ناخۆشانەی کە لە ژنەکەیەوە ڕوودەدەن.

چونکە ئەوە بۆ ژنەکەی زۆر گرانە، کە خۆی لەو جۆرە توندوتیژییانەی بپارێزێ!.

لەگەڵ ئەمەیشدا، نابێ بەو هەڵەیەدا بچێ، کە شێوەی لووت بەرزی و سووک کردن بەرامبەری ژنەکەی خۆی بنوێنێ، لە تۆڵەی ئەو هەڵە بچووکانەدا کە ژنەی دەیکات لە کاتی دڵتەنگیی یاخود ماندوێتییدا. چونکە هۆی ئەو کردەوە دڵشکێنانەی کە لە ژنەکەیەوە ڕوو دەدەن، ڕەنگە هەر لە ڕووی ئەوەوە نەبێ کە ئەو نەخۆشیی خوێن لێ چوونەی هەیە، هەروەها لە ڕووی ئەوەیشەوە بێ کە لە کانگای دڵیدا هەستێکی بێزاریی شاردبێتەوە دەربارەی مێردەکەی خۆی کە دڵی بەو مێردەی خۆش نییە!...

## لەگەڵ ژنەکەتدا ڕوو گرژ مەبە

بەڵام لە هەموو شتێک گرنگتر کە پیاو بیزانێ ئەوەیە، کە هەست بزووتنی ئافرەت لە کاتی بەڕەڵڵابوون و هەڵقوڵانیدا، لە هی پیاو بەهێزتر و زۆرترە لەبەر ئەوە تەنیا وشەیەکی بچووک کە لە دڵێکی پڕ خۆشەویستی و پشتگرتنەوە بێتەدەرەوە لە توانایدا هەیە کە ئاژاوەی ڕۆژێک دامرکێنێتەوە کە لە سەرەتایدا پڕ لە گێژەڵووکە بووبێ ئەمەیش ئەوە ناگەیێنێ کە پیاوەکە هەر بەسەر لێوەوە قسەیەکی ناسکی سەرپێ یی بکات چونکە دوورنییە ئەو وشەیە بەشی ئەوە نەکات کە خەم و تەمی دڵی خێزانەکە بڕەوێنێتەوە!.

هەندێ پیاو هەن کە لەپاش ماوەیەکی گرژێ و مۆنی، حەز بەوە دەکەن کە لەگەڵ ژنەکانیاندا ڕێک بکەون چونکە خۆشییەک لەوە وەردەگرن، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی ئاشت بوونەوەکەیان بەوە دوایی دێت: ماچوموچی یەکتر دەکەن و ناخۆشیی پێشوویشیان لەبیر خۆیان دەبەنەوە!... بەڵام پێویستە پیاوەکە ئەوە بزانێ کە ئەم جۆرە ڕوو گرژکردنانە لە ڕاستیدا درزێکن و دەکەونە بناغەی ژیانی ژن و مێردییەوە!... چونکە بەربەرەکانێ کردنی یەکتری و، شەڕوشۆڕکردن، هەموودەم کارێکی ناخۆش دەکەنە سەر ژیان، نەخوازەڵا ئەگەر بەرێکوپێکیش ڕوودەن و دووبارەببنەوە دوورنییە پیاوەکە ئەوە بەشتێکی ناوازە بزانێ، کە هەندێ جار لەبەرچاوی هاوڕێکانی توانج و پلار لە کردەوەکانی ژنەکەی خۆی بگرێ دوورنییە لەو توانج و پلارانەیشدا هیچ مەبەستێکی خراپی نەبێ بەرامبەر ژنەکەی.

ڕەنگە هەر مەبەستی ئەوە بێ کە ژنەکەی خۆی بدوێنێ و گاڵتەی لەگەڵ بکات، گەمە و گەپی لەگەڵ بکات!. بۆیەکا پێی خۆشە کە بیبزوێنێ!...

لە ڕاستیدا هەندێ جاری وا هەیە ژن کردەوەی وای لێوە ڕوودەدات کە پیاو دەهێنێتە پێکەنین، یاخود پەستی دەکات بەڵام پیاوەکەیش نابێ ئەوەی لەبیر بچێت کە ژنەکەی هەرچییەکی لەدەست هاتووە کردوێتی. دڵسۆزانە تێکۆشاوە و خۆیشی ماندووکردووە لە پێناو بەجێ هێنانی ئەو کاروفرمانانەدا هەرچەند لە کاروفرمانەکانیشیدا هەڵەی کردبێ، بەڵام هەموو کات و ڕەنجێکی خۆی تێدا بەخت کردووە. کەواتە نابێ ئەو ئەم فرمانە بداتەبەر کلکان، هەروەها نایشبێ ئەم و ئەو بە ژنەکەی خۆی بهێنێتە پێکەنین!...

کاروباری ڕۆژانەی ئافرەت لە ماڵەکەی خۆیدا، هەموو ڕۆژ تێکڕا لەسەر یەک شێوە دەڕوات مێردەکەیش هەرچەندە هەست بەوە دەکات کە کاروفرمانەکانی ژنەکەی چەند بەکەڵکی خۆی و منداڵەکانی دێن، بەڵام زۆر جاری وا هەیە کە ڕەنج و کوێرەوەری و ئەرکی سەرشانی ژنەکەی خۆی نایێتە پێش چاو کە لە پێناو جێبەجێ کردنی فرمانەکانی ماڵێدا تووشی دێن، کە ئەو ڕەنج و کوێرەوەرییەیش لە هەموو ڕۆژێکدا دووبارە دەبنەوە، کە ژنەکەی هەموو ڕۆژ بەرێکوپێکی فرمان دەکات، نەوەک کاروفرمان کەڵەکە بێن بەسەریەوە و، ئەوەیش کاربکاتە سرەوت و چاکە و دڵخۆشیی خێزانەکە ژنەکەیش لە سەرێکی ترەوە چاوەڕوانی مێردەکەیەتی بگەڕێتەوە ماڵەوە ئەو ئەم گەڕانەوەیە بەتەنیا سرەوتێک دادەنێ بۆ خۆی کە ئەرک و ماندوێتیی ڕۆژانەی لەبیربباتەوە، ژنەکە چاوەڕوانیی ئەوە دەکات و بەپەرۆشەوەیە بۆی کە مێردەکەی لە کار و کردەوەکانی دڵخۆش بێ و، ڕووخۆشی پێشان بدات لەبەر ئەوە هەرچێ بۆ دڵخۆش کردنی ئەو دەست بدات،



ژنەکە ئەوەی بۆ ئامادە دەکات کەواتە ئەمە دڵڕەقیی پێ دەڵێن کە پیاو ئەو کار و فرمانانە، بەکار و فرمانێکی ئاسایی دابنێ و هیچ بایەخێکی پێ نەدا! جا ئەگەر هات و ژنیش نرخی نەدا بەو ئەرک و ماندوویەتییانە کە پیاو تووشیان دێ، لە پێناوی کاروباربینینەکەیدا، ڕەنگە هۆی ئەوە، ئەوە بێ کە مێردەکەی ماوەی نادات لە فرمانەکانیدا هاوبەشیی بکات بەڵام ئەگەر ئەو ژنەکەی خۆی ئاگادار بکات لە شێوەی بەڕێوەبردنی کاروفرمانەکەی خۆی، بێگومان ژنەکەی زۆرتر ڕێز لە ڕەنج و تێکۆشینەکانی دەگرێ، زۆرتریش نرخیان پێ دەدات هەروەها باشتریش هەست بەپێویستیی مێردەکەی خۆی دەکات بەسرەوت و ئارام لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ ماڵ.

ئەو ژنانەی لێ دەربچێ کە جڵەوی خۆیان داوەتە دەست ئاڵۆش و خرۆشی خۆیان، یاخود بوونەتە ژێر دەستی ئارەزووی خۆیان بۆ پارەپەیداکردن، هەر ژنێک تۆ بیگریت، دڵسۆزە و چاکەی لەبەرچاوە و حەزدەکات چاکە بداتەوە!... ئەمەیش سروشتێکە  لە هەموو ژنێکدا هەیە.

بەڵام ناپاکیی ژن لە گەلێک جاردا لەوەوە پەیدادەبێ، کە لە خۆشەویستیی مێردەکەی خۆی دڵنیا نەبێ کە دەستی لێ شتبێ، کە بۆ ئەوەیش بگەڕێ پیاوێکی تر بدۆزێتەوە بەدڵی خۆی بێ، کە تا هەیە بەدڵسۆزی و پاکییەوە لەگەڵیدا بمێنێتەوە، هەموویشمان ئەوە دەزانین و پێی لێ دەنێین کە بۆ هیچ پیاوێک ئاسان نییە ئەم بیروباوەڕەی ژنەی خۆی پەسەند بکات!... بەڵام لەلای پیاوەکەوە چاکەدانەوە و دڵسۆزی واتایەکی تریان هەیە، کە بەکورتی ئەوە دەگرێتەوە پیاوەکە هەر لەڕووی لنگبازییەوە (لەگەڵ ژنێکی تردا)، ناپاکی لەگەت ژنەکەی خۆیدا نەکات!... بەڵام ئەوەی لێ دەربچێ، سەربەست بێ لە دەرەوەی ماڵەکەی خۆیدا، هەر جۆرە بەزم و ڕەزم و خۆش ڕابواردنێکی ویست بیکات، کاتێ کە گەڕایشەوە ماڵێ لە ڕووی نیازپاکی خۆیەوە، لە ئەندازە بەدەر خۆشەویستیی خۆی بنوێنێ بۆ ژنەکەی خۆی، لەبارەی لەش بازییەوە کەچی ئەو پەی بەوە نابات کە ژنەکەی لەوە یەجگار دڵتەنگ دەبێ کە ببینێ مێردەکەی هەر لە ڕووی لەش بازییەوە دڵسۆزیی لەگەڵدا دەنوێنێ کەچی لە ڕووی گیانبازییەوە دڵسۆزیی نییە لەگەڵیدا و، گیانبازییەکەی خۆی بەسەر ئافرەتانی تردا دابەش دەکات!...

## گیروگرفتی سازبوونی ڕەگەزبازی لە دوای ژن هێنان

لە ڕاستیدا ئەو کوڕەی کە لەپێش ژن هێناندا، بەژیانی لنگبازییەوە ڕاهاتبێ لەگەڵ کچانی داوێن پیسدا، بەگران ئەوەی بۆ پێکدێ کە خۆی بخاتە دڵ و هۆشی کچێکی داوێن پاکەوە، زۆرجاری وایش هەیە کە کوڕەکە، کچێکی (مەند) و کچێکی (دەست لێ نەدراو) بەیەک شت تێ دەگات کەچی ئەمە هەموو دەمێک بەڕاست دەرناچێت، دوورنییە کچەکە (مەند) بێ، بەڵام (دەست لێ نەدراو) نەبێ!... هەروەها ڕەنگە کچەکە (دەست لێ نەدراو) بێ، بەڵام جرپن بێ، مەند و لەسەرخۆ نەبێ!... کەواتە سووکی و لێ نەکۆڵینەوەی ئەم بابەتانە لەپێش ژن هێناندا، دەبنە هۆی ئەوەی کە لەپاش ژن هێنان کوڕەکە بەگران ڕابێت لەگەڵ ژنەکەی خۆیدا، لە ڕووی کاری ڕەگەزبازییەوە ئەویش لەبەر ئەوەیە کە کوڕەکە لەپێش ژن هێناندا، خۆشی لە ئالۆش و خرۆشی ڕەگەزبازیی پڕ گیروگرفت دیوە و پێیەوە ڕاهاتووە کاتێکیش کە ژنی هێنا و کچێکی داوێن پاک و مەند و لەسەرخۆ بوو بە ژنی، دڵی بەخۆی دەسووتێ کە ژنەکەی لە بابەتەوە هیچ شارەزاییییەکی وای نییە لەبەر ئەوە ناچار دەبێ کە بەراوردێک بکات لەناوەند ژنەکەیدا و ئەو ژنە داوێن پیسانەدا کە لەوەپێش دەستی لەگەڵ تێکەڵ کردبوون جا لەوێوە بەزەیی بەخۆیدا دێتەوە کە بەشبڕاو بووە لەو لنگ بازییە پڕ بەزم و ڕەزمانە و پڕ بەدڵیش ئارەزووی ئەو جۆرە پەیوەندییە پڕ ئالۆش و خرۆشانە دەکاتەوە کە لەوەپێش خۆشیی لێ دیون!...

لەم بابەتەیشەوە جیاوازی لە ناوەند پیاو و ژندا ئەوەیە، کە پیاوان بایەخێکی زۆر دەدەن بەم جۆرە کاروبارانە بەراوردیش زۆر دەکەن لەناوەند هەموو جۆرە ژنەکاندا، لە ڕووی لنگبازییەوە... کەچی ژن ئەم جۆرە پەیوەنییانە هەر بەشێوەیەکی هەست دەربڕینی مرۆڤایەتیی ڕاستەقینە دادەنێ... بەلای ئەوەوە بابەتی لنگبازییەکە لە دوای گیانبازییەکەوە دێ!... لێرەدا کەینەوبەینەیەکی گرنگی تر هەیە.

ئەویش ئەوەتا کە پیاوەکە ڕاست و ڕەوان ڕابردووی خۆی بۆ دەزگیرانەکەی خۆی بگێڕێتەوە و لێیشی ئاشکرا بکات. بام پیاوەکە لەوەیش دڵنیا بێ کە ئەو بەسەرهات گێڕانەوەیە کار لە دڵسۆزیی ئێستای و چاکەدانەوەی ناکات هەروەها کار لە دڵی دەزگیرانەکەیشی ناکات، کە لەبەرچاویدا سووک بنوێنی!... چونکە ئەگەر دەزگیرانەکەی لەسەردەمی دەزگیرانیدا شارەزای ژیانی رابردووی ئەو بێت، هەرچەندە دڵتەنگی داگیری دەکات، وەک لە هەموو بارێکی وادا دەقەومێ، بەڵام لەوانەیشە کە ئەو رابردووەی ئەوی



بەهەموو بابەتێکیەوە لەبیر بچێتەوە. کچەکە ئەمەی پێ خۆشترە کە لە کاتی دەزگیرانیدا لەو رابردووەی ئەو ئاگاداربێ، نەوەک لەپاش شووکردنی؛ چونکە ئەوە راستییەکە کە خۆشی بێ و ترشی بێ دەدرێ بەگوێیدا:

بەهەموو ڕەنگ کوڕەکەیش و کچەکەیش دەکەونە بەر گێژەڵووکەیەکی دڵ وروژان و هەست بزووتن، کە پێیانەوە دەتلێنەوە.

هەر لەو بارەیشدا دەمێننەوە تا دڵیان لەسەر شتێک ئارام دەگرێ و بڕیارێکی خۆیان دەدەن. هیچ کامێکیشیان بەکاری ژن و مێردی نایەن؛ تا بەهەموو کوڵی دڵیانەوە ئارەزوو نەکەن و لەسەر ئەوە هیچ نەگرن کە هەر دەبێ بگەن بەیەکتر و لەگەڵ یەکترییشدا ڕێک بکەون و هەڵبکەن و خۆشی لە ژیانیان ببین!...

## لاوانی ئیمڕۆ چاکترن لە لاوانی دوێنێ

لەو واتایانەی کە لە ڕۆژانی کۆندا گەورەترین کاریان کرد لە لاوان دووان بوون:

(یەکەمیان): ئەوەبوو کە (پێویستە لاوێتی ڕێگایەک بۆ خۆی بدۆزێتەوە، کە دڵی خۆی پێ دامرکێنێتەوە!)

(دووەمیشیان): ئەوەبوو کە (پێویستە لاو لە دەست ئەرک و ئازاری برسێتی خۆی ڕزگار بکات!).

ئەم واتانە ئەوەندە کاریان دەکردە هەرزەکاران، دەمودەست بەکاریان دەهێنان!...

بەڵام لاوەکانی ئێستا زۆر جاری وا هەیە حەز بەوە دەکەن کە زیندوێتی خۆیان بپارێزن کە هێز و هەڕەتی ڕەگەزبازیی خۆیان بەتەواوەتی بهێڵنەوە کاری نەکەن. هەموو مەبەسێکیشیان لەو خۆ پاراستنە ئەوەیە کە خۆیان ئامادە بکەن بۆ دڵدارییەکی گەورە کە لەپێشیانەوەیە!... نابێ ئێمەیش ئەم هەست پێ کردنە- یاخود ئەم ئارەزووە بۆ پاراستنی زیندوێتی و هێز و هەڕەتی ڕەگەزبازی و کارنەکردنیان- لەگەڵ ئەو شەرمنییەدا تێکەڵ بکەین، کە هەندێ لاوان هەستی پێ دەکەن لە ئاستی ئافرەتاندا چونکە ئەم دووشتە لە یەکتر جوێ نین هەروەها ناشێ ئەو هەستە تێکەڵ بکەین لەگەڵ ئەو ترسەدا کە هەندێ لاوان بەربەست دەکات لە دڵ دامرکانەوەی خۆیان لە کۆڕی ڕەگەزبازیدا، لەبەر نەخۆش کەوتن... چونکە ئارەزووی پاراستنی زیندوێتی[1] و هێز و هەڕەتی لاوێتی، لەپێناوی

(١) واتە: (عزيزة المحافظة على البقاء).

دڵدارییەکی گەورەدا، دەبێتە هۆی گەشەکردنی هێزو توانایی لاوەکان کەچی بەربەستکردنی ئارەزووی ڕەگەزبازی لە دامرکاندنەوە، لە ترسی نەخۆشی، دەبێتە هۆی لەنگەر تێکچوونی لاوەکان!...

## لە شەوی پەردە خۆتان بپارێزن

ڕەنگە مێردە لاوەکە وا بزانێ کە مافی هەیە لە ژنەکەی خۆی هەموو شتێکی دەست بکەوێ، ئەو لەوەدا زۆر بەهەڵەدا دەچێ ئەو وا دەزانێ کە مافی هەیە هەموو خۆشییەک لە لەشی ژنەکەی خۆی وەربگرێ، بەمەرجێ دەمودەستیش بێ ئەو ئەوە نازانێ کە کەسانی تر ساڵان بەتاقیکردنەوەی ئەوەوە خەریک بوون، ئنجا ئەو خۆشیانەیان دەست کەوتووە، ئەو وای دەوێ کە هەر کاتێ خۆی و ژنەکەی بەتەنیا مانەوە، خۆشیی ژن و مێردی بەتەواوەتی ببینێ، ئەو خۆشییەی لە هیچ ڕوویەکەوە کەموکوڕی تێدا دیاری نەدات کەچی هەست و تاسە و تەزووەکانی ژنە هەرزەکارەکەی بەشێنەیی نەبێ نابزوونەوەو، خۆیان دەرناخەن کەواتە پیاوەکە نابێ لەم شێنەییە سەرسوڕمانی خۆی پێشان بدات نەوەک ژنەکەی خۆی نەدات بەدەستەوە و، دەست بنێ بەڕوویەوە و دڵی بشکێنێ!... هۆی ئەم شێنەییەیش لە زیندووبوونەوە و ڕاپەڕینی هەست و تاسە و تەزووەکانی ژنەکەدا ئەوەیە، کە لە تافی کچێنیدا وایان تێگەیاندبوو، هەر کردەوە و کارێک پەیوەندیی بەڕەگەزبازییەوە بێ، شەرمەساری بەسەر کچدا دەهێنی، جا لەبەر ئەوە کچەکە لە سەرەتای ژیانی ژن و مێردیدا، هەر لەبەر ئەوە بەلای ئەم پەیوەندییانەوە دەچێ کە مێردەکەی خۆی دڵخۆش بکات بەڵام لەوەپاش ورده ورده، هەست و تاسەکانی دەبزوونەوە و وریادەبنەوە، تا وای لێ دێ لەو پەیوەندییە ڕەگەزبازییانەدا بەرامبەر مێردەکەی خۆی دەوەستێتەوە و، بەتەواوەتییش لەگەڵ مێردەکەی خۆیدا تێکەڵ دەبێ: دڵی بەدڵی و، گیانی بەگیانییەوە دەنووسێنێ و پێکەوە وەک یەک خۆشی لە ژیانی ژن و مێردییان دەبینن!...

هەندێ جار وا باشە کە لە شەوی پەردەدا (لنگ بازی) نەکرێ! ئەمەیش هەر لەبەر ئەوە نییە کە ڕۆژی ژن گواستنەوە پڕە لە ئەرک و کارێکی زۆر و زەبەندە کە هەموو لایەک ماندوودەکەن، لەبەر ئەوەیشە کە تەواوکردنی (لنگ بازی)یەکە، لە شەوی پەردەدا، دوورنییە بەهۆی ئەوەوە پەیدابووبێ کە مێردەکە مەی لە کەللەی دابێ و مەستی کردبێ و هۆشی لێ سەندبێ یاخود ئەمەندە گەشکەدار بووبی بەژنەکەیەوە کە لە ئەندازەبەدەر دڵخۆشی و شادمانیی خۆی دەربڕیبێ... جا لە هەردووباردا دوورنییە ئەو لنگ بازییە



ژنەکەی وا لێ بکات کە بێز لەو کەینەوبەینەیە بکاتەوە، کە لێی بێزار ببێ و خۆیشی لێ دووربخاتەوە.

هەروەها ئەو کارە، کار لە تەندروستی و زیرەکی ئەو منداڵەیش بکات کە لە ئەنجامی ئەو لنگ بازییە توندوتیژە، بەزۆرەوە پەیدا دەبێ!.

ئەمەیش وەک دەردەکەوێ هۆیەکی یەجگار گرنگە!... هەست و تاسەی ئافرەت، لە هەست و تاسەی پیاو زۆرتر دەکرێتەوە، زۆرتریش بەڕەڵڵا دەبێ هەروەها زۆرتریش دەمێنێتەوە لە ژیانی ئاساییدا، هەرچی ئافرەتە هەست بەوە دەکات کە پەیوەندییەکی ڕاستەقینەی لەش هەیە و نابڕێتەوە، دەینووسێنێ بەمێردەکەیەوە، تەنانەت لە دووربییشدا.

بەڵام جاری وایش هەیە، دڵی بەوە تەنگ دەبێ، کە دەبینێ ئەو چەند تاوە خۆشەی کە لەگەڵ مێردەکەی خۆیدا ڕایدەبوێرێ، هەمووددەم، هەر لە یەک شێوەدا دەبڕێنەوە، هەر بەیەک چەشنە ئەنجامێکیش دەگەن، کە هەرگیز ناگۆڕێ!... ژنەکە بەهۆی ئەم بیرکردنەوەیەوە، لە دڵی خۆیدا هەست بەوەیش بکات، کە لە ژیانی ژن و مێردیدا شێوەی تریش هەن، پڕن لە خۆشیی، لەو شێوەیەیش ناکەن کە هەر دووبارە دەبێتەوە!... کەواتە دەبێ مێردەکە بەزمان و بەکردەوە، بەش بەباری خۆی ئەوەی تێبگەیێنێ کە لە ژیانی ژن و مێردیدا، گەلێک شێوەی تریش هەن بۆ خۆش ڕابواردن، (نەک هەر شێوەیەک بێ و هەرگیز نەگۆڕێ!). لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر مێردەکە ئاگاداریی خۆشەویستییەکەی خۆی بکات و بیپارێزێ، پەروەردەی بکات و گەشەیشی پێ بکات... چونکە ئەگەر خۆشەویستی بەوە دابنێین کە کارێکە بڕاوەتەوە و، مافێکیشە تازە دەست کەوتووە، ناژی و لەناودەچێ...

بەڵام خۆشەویستی بەوە گەورە دەبێ و بەوەیش گەشە دەکات کە ببزوێنرێ و بخرێتە گەڕ، کە بەکاربهێنرێ، تا وەک مەلێک هەناسەبدات و، بفڕێت بەئاسماندا بەوەیش بڵنددەبێتەوە و، شەنگوشۆخ دەبێ، کە ژن و مێردەکە لە ژیانی تەنیایی واز بهێنن و دەروازەکانی ماڵی خۆیان بۆ کەسانی تر بکەنەوە کە هەر خەریکی ئەوەیش بن، کامەرانییەکەیان لە شێوەی جۆگەلەیەکی بچووکدا نەمێنێتەوە، بام بچێتە شێوەی کانییەکی گەورەوە کە چاکە و فەڕ بەخۆیان و بەکەسانی تریش ببەخشێ.

واتا کامەرانی بخەنە دڵی خۆیشیان و دڵی کەسانی تریشەوە!...

## ئەوەی کە پێویستە کچ بیزانێ لەپێش شووکردنیدا

خۆشەویستیی پیاو وەک چۆلەکەیەکی سرک وایە، پێویستی بەئازادی هەیە، بەباوەڕ بەخۆکردن، بەهێز و توانایی بەڕەڵڵابوون!...

وەک سەرنج دراوە، هەست و تاسەکانی پیاو لەگەڵ هەست و تاسەکانی ئافرەتدا زۆر جیاوازن، ئەگەر ژن و مێردەکە هەردووکیان، یەکتری وەک خۆیان هەن پەسند نەکەن، ئەگەر هەر کەسەیان بیەوێ بیروباوەڕی خۆی بەسەر ئەوی تردا بسەپێنێ، ئەنجامی ئەمە بەوە دەگات کە هەردووکیان تووشی ڕەنجەڕۆیی و هەناسەساردییەکی ناهەمواربن چونکە بەگران ئەوە دەزانرێ کە کامیان لە کامیان زۆرتر هەست بەخۆشەویستی دەکات!... ئەوەندە هەیە پیاو لەو ژنە دڵخۆش دەبێ، کە لە کاروکردەوەی نەکۆڵێتەوە بەگرنگ و بێ بایەخیانەوە!...

هەر ڕۆژێک خۆی ناچار بێتە پێش چاو کە هەموو کردەوە و کارێکی خۆی، هەموو هاتوچۆیەکی خۆی بۆ ژنەکەی خۆی بگێڕێتەوە و ڕۆشن بکاتەوە، ئەوە بەچەندوچوونێک دەزانێ کە لەلایەن ژنەکەیەوە لەگەڵیدا دەکرێ، بەجۆرە یەخەگرتن و لێ پرسینەوەیەکی دێتە پێش چاو.

ئەویش زۆری پێناچێ کە زوو دەست دەکات بەو چەندوچوون کردنە لەگەڵ ژنەکەیدا، بێجگە لەوە مێردەکە ئەو ڕەوشتەی ژنەکەی بەڕەوشتی خاوەن گومانێک دادەنێ کە دڵی کرمێ بووە لێی لە ڕەوشت و خووی، لە کردەوە و کاری ئەوەیش بەو ئەنجامە دەگات: کە ژنەکەی هەر پرسێکی لێ بکات، وەرامی نەداتەوە. یاخود وەرامی بداتەوە، بەڵام ڕاستیی پێ نەڵێ!. لێرەدا ژن و مێردەکە تووشی سوێندخواردن دێن، دەبێتە دەمەقاڵێیان و دەچن بەگژیەکدا. هۆی ئەمەیش ئەوەیە کە هەریەکەیان بڕوای وایە خۆی لە کردەوەوکاریدا دروست و ڕاستە، نەمافداریشە!. ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژن و مێردەکە، هەردووکیان، لەو باوەڕەدا نەمێنن کە خۆشەویستییەکی تەواو هەیە لەناویاندا، کە نە کەموکوڕیی هەبێ، نە گیروگرفتیشی لەبەردەمدا هەبێ!.

جا لەم ڕووەوە باری ئافرەت و باری پیاو لە یەک جیاوازن، ئەگەر ئافرەتەکە لەناو خێزانێکدا گەورەبووبێ کە ناکۆکی و شەڕ و ئاژاوە هەمووودەم لەناویدا بووبێ، بێ گومان ئاوات بۆ ژیانی ژن و مێردییەکی وا دەخوازێ کە لە ژیانی خێزانەکەی خۆی نەکات واتا ژیانی کۆکی و ڕێکیی دەوێ ژیانێکی بێدەنگ و سەنگ و سازاو لەگەڵ یەکتردا.

جا ئەگەر ژنەکە مێردەکەی خۆی خۆش بوێ هەرگیز ژیانی ژن و مێردییەکەی نابێتە بار



بەسەریەوە تەنانەت ئەگەر ئەرک و کاروفرمانیشی ئەمەندە بەسەرەوە کەڵەکە بووبێ، کە هەموو کات و هەموو خەباتێکی خۆی پێوە بەخت بکات، ئەو ژینەی پێ ناخۆش نایەت.

ئەو کات و خەبات و بەختکردنەیش بۆ ئەو پێویستن کە بیانکات، تا جێگا بۆ خۆشەویستییەکەی خۆی بکاتەوە و بنج بەستیشی بکات پێویستە ژنەکە ژن و مێردییەکە بەهۆیەک دابنێ کە ماوەی دەدات ئازادیی خۆی بەخت بکات و ڕەنج و تێکۆشانی خۆیشی تەرخان بکات لە پێناو دڵخۆشکردنی کەسانی تردا، نەک هەر دڵخۆشکردنی خۆی!... چونکە خۆپەرستی ناشێ بکات!...

ئەوەندە هەیە سەرسوڕمانی ژنەکە، لە پێویستییە زۆرەکەی مێردەکەی بەسەربەستی و ئازادی، زۆری پێ ناچێ لەناودەچێ و نامێنێتەوە.

چونکە هەر تۆزێ بیربکاتەوە لە ڕەوشت و خووی مێردەکەی لەپێش ژن هێنانیدا بۆی دەردەکەوێ کە یەکێک لە خووە ناسراوەکانی:

(خوپەرستی) بووە و ( خۆپەسەندی)!. چونکە پەیوەندییەکانی خێزانی و بیرەوەرییەکانی ناوماڵ، کە دەیویست بیانپارێزێ و بیانهێڵێتەوە بەخۆیەوە لەپێش ژن هێنانیدا، بووبوونە هۆی ژیانێکی ئاسوودە بۆ خۆی لەناو ماڵی باوک و دایکیدا، واتا ئەوە بەکەڵکی ئەو دەهات کە ئەو پەیوەندییانە بپارێزێ و بیانهێڵێتەوە!. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو ژیانە ئاسوودەیە بەخۆڕایی بۆ ئەو نەدەهاتە بەرهەم، دەبوو لە سەربەستی و ئازادییەکەی خۆی نرخەکەی بدات، واتا دەبوو ببووایە بەژێردەستی باوک و دایکی خۆی، چییان پێ بگوتایە جێبەجێی بکردایە، کەواتە ئەو سەردەمەی لەناو ئەواندا ڕایبوواردووە، وەک ماوەی مەشق کردنێک وا بووە کە لەسەری بووە تەواوی بکات، ئنجا دەست بداتە ژیانی سەربەخۆیی. کەواتە سەرسوڕمانی پێ ناوێ کە لەپاش ئەمەی بوو بەخاوەن ژن و ماڵ و منداڵ، ڕێگایەکی تر بگرێ لە ژیاندا کە زۆر جیاوازبێ لەو ڕێی ژینەی کە لەناو ماڵی باوک و دایکیدا گرتبووی چونکە ئێستاکە لەژێر دەستی باوک و دایکیدا نەماوە، هەتا بێ پرسی ئەوان نەجوولێتەوە ئێستاکە ئازاد بووە خۆی گەورەی خۆیەتی.

پەڕیوەتە ئەو بەرەوە کە بریتییە لە ئارەزووی فەرمانداری و زاڵ بوون بەسەر ئەم و ئەودا تا تۆڵەی ئەو کاتەی خۆی بکاتەوە کە لەناو ماڵی باوکیدا بوو، لەژێر فەرمانداریی باوک و دایکیدا دەجوولایەوە!...

ئەمە بەم ڕەنگەیە، ئەگەر لاوەکە لە خێزانەکەی باوکی بەتەواوەتی جوێ بووبێتەوە بەڵام ئەگەر لەپاش ژن هێنانەکەیشی هەر پەیوەندیی پێیانەوە مابوو، کەینەوبەینەکە زۆرتر

گیروگرفتی تێدا پەیدا دەبێ چونکە کوڕەکە، بەدرێژایی ڕۆژگار هەر خەریکی ئەوە دەبێت کە بەراوردێک بکات، لە ناوەند ئەو خۆشەویستی و چاودێرییەی کە دایکی دەینواند بەرامبەری، لەپێش ژن هێنانەکەیدا، لەگەڵ ئەو خۆشەویستی و چاودێرییەی کە ئێستا ژنەکەی خۆی بۆی دەنوێنێ دوورنییە کە ئەم بەراووردکردنە، کوڕەکە بخاتە سەر شڵەژان و سەرلێ شێوانێکی زۆر لە ژیانی خێزانیدا!...

کارێکی گرنگیش هەیە، کە دەبێ ژنەکە بیخاتە بەرچاوی خۆی و لێیشی وردبێتەوە ئەویش ئەوەیە کە پیاوەکە هەر بەوەندە تێر ناخوات کە ژنەکەی پشتی پێ ببەستێت و باوەڕیشی پێ بکات ئەو دەیەوێ ئەو باوەڕپێ کردنە، هەمووەدەم لە ئارادابێ، ئەو ئەمەی لە ژنەکەی خۆی دەوێ کە هەموو دەم باوەڕی پێ بکات، هەمووەدەم لێی دڵنیابێ.

تەنانەت کوڕەکە ئەگەر خۆیشی لە دڵی خۆیدا بزانێ ئەوە هەڵناگرێ کە ژنەکەی بەو جۆرە باوەڕی پێ بکات، ئەو باوەڕپێکردنەی لە ژنەکەی خۆی هەر دەوێ!... بێ گومان ژنەکە ئەوەندە هەڵی بۆ هەڵدەکەوێ، کە بتوانێ لە هەندێکیدا باوەڕپێکردن و پشت پێ بەستنی خۆی بنوێنێ بەرامبەر مێردەکەی کە بتوانێ دڵی مێردەکەی خۆی بەهێز بکات کە خۆیشی بکات بەپشتیوانێکی وەها کە ئارام و ئاسایش بەگیان و هۆشی مێردەکەی خۆی ببەخشێ!...

## لە ژیانی ژن و مێردیدا خۆشی وەرگرتن لە لەش بایەخێکی هەیە

هەرچەندە خۆشەویستی لە چەند کەرەستەیەک پێک دێت، لەگەڵ کەرەستەی خۆشی وەرگرتن لە لەش، بەڵام نابێ هەرگیز ئەم کەرەستەیە لە یاد دەربکەین کە لە ژیانی ژن و مێردیدا بایەخێکی هەیە، چونکە پیاو بەجۆرێکی تێکڕایی، بەچاوێکی واوە سەیری پەیوەندیی ڕەگەزبازی دەکات، کە جۆرە شانازییەکی تێدایە، لەگەڵ گەورەیی و سەربڵندیدا.

کەچی ژنەکە ئەوەندە بایەخ بەو جۆرە پەیوەندییە نادات لەو چاوەیشەوە سەیریان ناکات کە مێردەکەی سەیریان دەکات ئەویش لە ترسی ئەوەی، نەوەک مێردەکەی لێی بێزار ببێ، کاتێ کە نەتوانێ لەم ڕووەوە بەکامی خۆی بگەیێنێ!... ئەوەندە هەیە، جاری وا ڕوودەدات کە مێردەکە سەیری خۆی دەکات: (پیاوەتیی پێ نەماوە)، کەچی هێشتا لە سەرەتای ژیانی ژن و مێردیدایە!... بێگومان ئەم کەینەوبەینەیە کارێکی گەورە لە دڵی دەکات، بام ژنەکەیشی پەلەپەلی کاری ژن و مێردیی لێ نەکات، بام ژنەکەیشی ئەوە بەکارێکی



ئاسایی دابنێ کە دەبێ ژن و مێرد، هەردووکیان تا ماوەیەکی باش، چاوەڕوان بن، تا هەستیان پێ دەگات و، ئارەزوویان دەبزوێ بۆ کردنی لنگبازی و ڕابواردنی خۆش!... جا لە بارێکی وادا، پێویستە ژنەکە زۆر ڕەوشت شیرین بێ لەگەڵ مێردەکەیدا، هەرگیز کارێکی وانەکات کە دڵی برەنجێنێ و تووشی شەرمەزاریی بکات ئەمەیش بەوە پێک دێ کە بیخاتە مێشکی مێردەکەیەوە، کە پەیوەندیی ڕەگەزبازی، لە ژیانی ژن و مێردیدا بەشتێکی هەرە گرنگ دانانرێ کە خۆیشی لە توانایدا هەیە چاوەڕوانی بکات، تا وردە، وردە، ڕۆژگار گیانی خۆی و ئەو ئاوێتەی یەک دەکات ئنجا کە گیانی هەردوولایان تەواو تێکەڵی یەکتر بوو، بێگومان تێکەڵیی لەشیشیان هەر لە خۆیەوە، بەتەواوەتی پێک دێت!.

هەروەها پێویستە لەسەر ژنەکە، کە لە شێوەیەکی شیرین و زرنگانەدا ئەوەیشی تێ بگەیێنێ کە ئەم چاوەڕوانی کردنەی خۆی و، ئەو کەموکوڕیەی ئەو، بەهیچ کلۆجێک لە خۆشەویستیی خۆی بەرامبەری مێردەکەی کەم ناکاتەوە!. (نەمانی پیاوەتی)یش ڕەنگە لە پیاوێکی وا بقەومێ، کە خاوەنی پیاوەتییەکی تەواو بێ ئەمەیش لەوەوە ڕوودەدات، کە لەسەرەتای ژن هێناکەیدا جۆرە شڵەژان و ترسێکی تووش دێت کە وای لێ دەکەن لە پیاوەتی بکەوێ! واتا لەنگەری ڕەنگەزبازیی پێ تێک دەدەن بەڵگەیش بۆ ئەمە ئەوەیە، کاتێ کە ژنەکە خۆی کەم تەرخەم دەکات لەوە و، ئەو کارەش ئاسان دەکات لەلای مێردەکەی کاتێ کە ئەو کارەساتە بەشتێکی بێ بایەخ پێشان دەدات و گوێی ناداتێ... هەرچەندە ژنەکە هەست بەتەنگوچەڵەمەیەک دەکات کە لەم بارە ناهەموارەوە پەیدابووە، زۆری پێ ناچێ مێردەکەی خۆی دەبینێ گەڕاوەتەوە سەر لەنگەری ڕەگەزبازیی خۆی، (دەماری پیاوەتی)یەکەی هاتۆتەوە سەر دۆخی جاران، ژیانی ژن و مێردییشیان گەیشتۆتەوە سەر باری سروشتی خۆی، هیچ کەموکوڕییەکی تێدانەماوە!... پێویستە ژنەکە زۆر ئاگای لە خۆی بێت، کە لەو بابەتەوە قسە نەکات، کە هەرگیز پەنجەیشی بۆ نەکێشێت، بام لە خۆی و مێردەکەیشی بەولاوە کەسی تر لەوێدا نەبێ... دەبێ زۆر وریای خۆیشی بێ کە ئەو بارە نەکات بەبابەتێکی گەمە و پێکەنین، یاخود تیزپێ کردن چونکە ئەو هەست بەوە ناکات کە چەند مێردەکەی دڵتەنگ و خەمبار دەبێ، کە چەند لە دڵدا خۆی سووک دێتەپێش چاو، بەهۆی ئەوەوە کە ناتوانێ فرمانی ڕەگەزبازی بەرامبەر ژنەکەی خۆی بنوێنێ!.

## مەهێڵە منداڵەکانت مێردەکەت لەبیر بەرنەوە!

کە کوڕەکە خۆی دەبینێ لەپڕ بووەتە پیاوێکی خاوەن ژن و ماڵ، حەز بەوە دەکات کە گاڵتە بەهەندێ سەرنجدانی سووک و ئاسان و قسەدرێژکردنەوە و، وردکردنەوەی ژنەکەی خۆی بکات کە ئەو یەجگار بایەخیان پێ دەدات کەچی بەلای ژنەکەوە ئەم بابەتە بچووک بچووکانە (ئەندازەی خۆشەویستی)یان پێ دەگیرێ خۆیان لە خۆیاندا نیشانەی خۆشەویستین!... بێگومان ژنەکە لەمەدا بەهەڵەدا دەچێ.

بەڵام پیاوەکە، بایەخدانی ژنەکەی بەم بابەتە پڕوپووچانە بەنیشانەیەک دادەنێ بۆ باوەڕنەکردنی ژنەکەی بەخۆشەویستییەکەی ئەو بەرامبەر بەخۆی، کەچی ئەو خۆشەویستییە، بەلای پیاوەکەوە وایە، ئەوەندە قووڵە، ئەوەندە بەهێز و هەڕەتە، کە هیچ پێویستییەکی بەو جۆرە دەربڕینە سەرزارییە پڕوپووچانە نییە!... جا لەبەر ئەوە گلەیی کردن لە هەردوولاوە دەست پی دەکرێ، ئەو گلەییانەیش بێ کەڵک و فەڕن، بەخۆڕایی دەکرێن، هیچ سوودێکیان نابێ چونکە ئەم کاروبارە ورد و ناسکانە، ئەم ڕەوشت و کردارە هەست بزوێنانەی کە لەسەرەوە ناومان بردن، ئەگەر بێتو لە ئەنجامی زۆر و زۆردارەکیدا بێنەناوەوە، یاخود بەهۆی گلەیی کردن و بۆڵەبۆڵ کردنەوە بەکاربهێنرێن، هەرچی نرخێکی گیانییان هەیە پێیانەوە نامێنێ... چونکە جوانی و پرشنگداریی ئەم کردەوە و کارانە لەوەدا دەردەکەون کە بێ پێ گوتن لە خۆیانەوە بکرێن، کە بێ ڕێ و شوێن دانان و لێکدانەوەیەکی پێشوو لەلایەن بەخشندە یاخود وەرگریانەوە، لە خۆیانەوە بکرێن!...

ئافرەتیش لە کانی دڵیەوە قسەدەکات، چ لەپێش شووکردنیدا، چ لەپاش شووکردنی لە تواناییشیدا هەیە هەرچی لە دڵدایە، هەرچی لە دەرووندایە دەری ببڕێ. لەبەر ئەوە ژنەکە سەری سوڕدەمێنێ لە کردەوە و کاری مێردەکەی، کە دەبینێ دەمی خۆی گرتووە و هیچ قسەیەک ناکات کەچی لەسەرەتای یەک ناسینیاندا، لە سەردەمی دەزگیرانییاندا قسەکردن نەبێ هیچی تری لەدەست نەدەهات، کە هەست و تاسەی خۆی پێ دەربڕێ و، خۆشەویستی خۆیشی بەرامبەری پێ بنوێنێ هەر کاتێ قسەی بۆ نەکرایە، پەنای دەبردە بەر نووسین تا لە نامەیەک دەبووەوە بۆی بنێرێ، نامەیەکی تریشی دەنووسی و بەدوایدا دەنارد هەردەمێ بگەیشتنایە یەک، هەرگیز ماندوو نەدەبوو لە قسەکردن لە بابەت پرۆژە دوولایییەکانی هەردووکیانەوە کە بۆ دواڕۆژیان دادەنا بیکەن تەنانەت لەپاش ژن هێنانەکەیشی بەماوەیەک، ئەم جۆرە نامە ئاگرینانەی بۆ ژنەکەی خۆی هەر دەنووسی: لە کاتی جیابوونەوەیاندا لە ڕۆژانی سەرەتای ژیانی ژن و مێردیاندا!...



لێرەیشدا دەمانەوێ ژنەکە تێ بگەێنین کە قسە زۆر نەکردن لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانەدا، ئەوە ناگەیێنێ کە مێردەکەی لە ژیانی ژن و مێردی وەڕس بووە، هەر ئەوە دەگەیێنێ کە وای لێ هاتووە ناتوانێ هەستی دڵ و دەروونی بەجوانی دەرببڕێ بەرامبەر بەژنەکەی خۆی، کە لە کانگای دڵی خۆیەوە خۆشی دەوێ و دڵی ڕادەگرێ و نازی دەکێشێ!. ئەگینا ئەگەر وانەبێ کام مێرد هەیە، لەپاش ژن هێنان، بتوانێ ماچی باڵاپۆشی ژنەکەی خۆی بکات، بەچەشنی ئەوەی کە لەسەردەمی دەزگیرانیدا دەیکرد؟!...

وا هەڵدەگرێ ژنەکە ئەوە بچێتە مێشکییەوە، کە کەم دووانی مێردەکەی لەبەر ئەوەنییە کە خۆشەویستییەکەی کەم بۆتەوە، یاخود ئاگری دڵدارییەکەی کوژاوەتەوە بەڵام لەبەر ئەوەیە کە لەپاش ژن هێنان، خۆشەویستییەکەی پێ گەیشتووە و گەیشتووەتە ئەندازەی پیاوەتی، واتا ئەندازەی خۆشەویستییەکی مەردانە!... چونکە مێردەکەی پێی خستۆتە دەروازەی ژیانێکی نوێوە، کە هەموو هیوایەکی خۆی بەوەوە بەندکردووە، ئەو ژنەیش کە ناوی خۆی بەناویەوە نووساندووە لەبەرچاویدا بووەتە سەرچاوەی کامەرانی و جێگای ئاوات و هیوای!... ئەو ژنەیش کە سەری لەوە سوڕدەمێنێ، مێردەکەی بایەخ بدات بەشتانی تر، نەک بەخۆشەویستییەکەی ئەو، یاخود بەخۆشەویستییەکەی هەردووکیان، ئەوەی لەبیردەچێتەوە کە ئەم کەم تەرخەمییەی مێردەکەی- هەمووەدەم- لەبەر خۆپەرستی نییە- بەڵام پێویستییەکی گرنگی تێدایە بۆ مێردەکەی!. ئەمەیش لەبەر ئەوەیە کە پیاوەکە پێویستی بەوە هەیە کە بەهەموو کوڵی دڵیەوە دەست بداتە کاروفرمانەکەی خۆی، کە بەهەموو هێزوهەڕەتێکیەوە بیری لێ بکاتەوە و تێکۆشینی خۆیشی بۆ تەرخان بکات، ئەو لەمەدا گوێ ناداتە دەستکەوتی خۆی چونکە ئەو خۆی وا دەبینێ کە لەپاش ژن هێنانەکەی، کەوتووەتە خۆشی و کامەرانییەکی گەورەوە، کە دەستی داوەتە ژیانێکی نوێ و بەهۆی ژیانە پڕ لە ئارام و ئاسایشەکەی ناوماڵی تازەیشیەوە دەتوانێ کاروفرمانەکانی خۆی بەتەواوی بەجێ بهێنێ، هۆی ئەمەیش ئەوەیە کە مێردەکەی سەردەمی دەزگیرانی بەسەردەمێکی ئارام و ئاسایش و دڵنیایی دانانێ چونکە پڕە لە گیروگرفت و ئەرکێکی زۆر، بێجگە لەوە سەردەمێکی خۆ ئامادەکردنیشە بۆ ژیانێکی خێزانی بەئارام و نەرمونیان، کە مێردەکەی هەموو کەرەستەیەکی ئەوەی تێدا دەدۆزێتەوە کە بتوانێ کاروفرمانەکانی خۆی لە شێوەیەکی زۆر تەواو و ڕێکوپێکدا تەواو بکات کاتێکیش کە مێردەکەی لەبەرهەم پێکهێناندا دەگاتە ئەوپەڕی سەرکەوتوویی، ئێمە وامان دێتە پێش چاو کە ئەمەندە خۆی بەفرمانەکەی خۆیەوە خەریک کردووە، خۆشەویستیی ناوەند خۆی و

ژنەکەی بیرناکەوێتەوە بەڵام ئەو دەبێ ئاگاداری ئەم دڵدارییەی بێ.

نابێ دەست بەرداری بێ، پێویستە بیپارێزێ، پێویستە تینی بداتێ، پێویستە دەری ببڕێ، لەگەڵ ئەمانەیشدا کاروفرمانی خۆیشی هەر بکات و لە کۆڕی ژیانیشدا بجەنگێ!... جا ئەگەر مێردەکە، ژنەکەی پشتی بگرێ و دڵی ساردنەکاتەوە لە کار و فرمانەکەی، ئەگەر بۆ هەمـوو شـوێنێک دوای نەکـەوێ و، سـەری لێ تێک نەدات، بێگومـان، ئەوەیان بۆ دەردەکەوێ کە بێ ئەمەی خۆیانی پێوە ماندوو بکەن، هاوبەشییەکی بەهێز و دامەزراو لە فرمانکرندا، پەیدابووە لە ناوەند هەردووکیاندا.

ئەمە ڕاستە کە ژنەکە ناتوانێ لە ڕووی هونەر و کارگوزارییەوە، لە فرمانی مێردەکەی خۆیدا هاوکار بێ بەڵام ئەگەر ڕێگای فرمانکردنەکەی بۆ مێردەکەی خۆی ئاسان کرد: گیروگرفتی نەهێنایە بەردەمی و، تەگەرەی لە فرمانەکەی نەدا، بێگومان ژنەکە لەوەدا وەک ژنێک دەجوولێتەوە، کە بەتەواوەتی فرمانی سەرشانی خۆی بەجێ هێنابێ، بەرامبەر مێـردەکـەی خـۆی!... ئەمـەیش سـەبارەت بەوەیە کـە ژیانی پیـاوی خـاوەن ژن، بەندە بەژنەکەیەوە و پشت بەو دەبەستێ. مێردەکەیش کاتێ پەلاماری فرمانەکەی خۆی دەدات و بەکوڵی دڵەوە دەستی دەداتێ کاتێ فرمانەکەی سەردەگرێ، کە هەست بەوە بکات ژنەکەی پڕ بەدڵ خۆشی دەوێ.

بەڵام خۆشەویستییەکی وەهایش کە هەمووەدەم پاڵی پێوەبنێ و بۆ پێشەوە، کە هەمووەدەم بەگەشی و ڕووخۆشییەوە بەرەو پیریی بێت و باوەشی پێدا بکات!. پێویستە ژنەکەیش ئەمەندە خۆی بەمنداڵەکانی خۆیەوە خەریک نەکات، کە کەڵکی ژنێتیی پێوەنەمێنێ و لە شەنگوشۆخی و دڵکێش کردنەکەی بکەوێ، بەپێچەوانەوە پێویستە هەروەک جاران بەتەنگ ژیانی خۆیشییەوەبێ، خەمی تەندروستی و شەنگوشۆخیی خۆی بخوات بۆ گەشەکردن و پەرەسەندنی زانیاری و خوێندەواریی خۆیشی تێ بکۆشێ چونکە ئەمە لە هەموو ڕێگایەک باشترە بۆ ئەو:

لە سەرێکەوە دەبێتە هۆی ئەوەی دڵی بەدڵی مێردەکەی خۆیەوە بنووسێ و لەگەڵیدا ببێ بەیەک، لە سەرێکی تریشەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە شێوەیەکی باش و بێ وەیدا، بتوانێ هاوکار بێ لە پەروەردەکردنی منداڵەکانی خۆیدا و سەرپەرشتیی گەشەکردنیشیان بکات لە هەموو تافێکی ژیانیاندا، پێویستە ژنەکە ئەوەیش بزانێ کە ئەگەر بەتەنگ پاراستن و گەشەکردنی خۆیەوە بێ- وەک ژنێکیش و، وەک دایکێکی منداڵانیش- کەسایەتیی خۆی باشتر بۆ دەپارێزرێ و، جوانتر بۆ دەمێنێتەوە!...



## کاروبار هەڵسووڕاندنی ماڵ بۆ ژنەکەت بهێڵەرەوە

ئەگەر دەستکەوتی مێردەکە لە فرمانەکەی زۆریش بێ، ژنەکە نابێ ئەوە بکات بەبیانوو کە کەمتر خۆی لە ماڵ و منداڵەکەی خۆی بگەیێنێ.

بەپێچەوانەوە پێویستە وەک جاران، خۆی بەماڵ و منداڵەکەیەوە خەریک بکات، بام لەوەیشدا هەندێک لە مافی خۆی کەم بکاتەوە.

چونکە هەروەها چاکترە کە ژنەکە ژیانێکی مام ناوەندی بژی، بۆ ئەمەی منداڵەکانی لەژێر سەرپەرشتی خۆیدا گەورەبن، نەک ژیانێکی دەست بڵاوانە بژی، کە لەوەوە کەمتەرخەمی لێوە ڕووبدات دەربارەی ئەم فرمانە بەرز و پیرۆزەی!...

بەڵام ئەگەر دەستکەوتی مێردەکە بەشی نەکردن و، ژنەکەیش ناچار بوو فرمان بکات، تا ئەویش شتێک پەیدا بکات بۆ ژیانی خێزانەکە، پێویستە ژنەکە هەرچییەکی لە دەست بێت بیکات بۆ ئەمەی ماڵەکە پڕ بکات لە گەشی و خۆشی و نەرمونیانی، تا تۆڵەی ئەو ژیانەی دەرەوەیان بۆ بکاتەوە، کە هیچ ئارامێکی تێدانییە، پڕە لە ئەرک و ئازار و دڵتەنگی، بەهۆی ئەوەوە کە هەردووکیان خۆیان دەکوتن و پەلەقاژێ دەکەن بۆ پێویستی ژین!...

پارەیش وایە کە هەمووەدەم لەناو هەموو خێزانێکدا دەبێتە هۆی مقۆمقۆ و دەمەقاڵێ. کەواتە ژن و مێردەکە هەر لە سەرەتای ژیانی ژن و مێردییانەوە لەسەر ئەوە ڕێک بکەون کە ژنەکە هەندێ پارەی دیاردی کراوی بۆ دابنرێ، هەموو مانگێک بەئارەزووی خۆی لە پێویستی ماڵەکەدا بەختی بکات، دوورنییە ژنەکە لە هەندێ ڕووەوە بەدەستبڵاوی بەختی بکات دوورنییە ژنەکە لە هەندێ ڕووەوە دەست بڵاوی بنوێنێ بەڵام ئەو ئەوەی پێ خۆشە کە کاروبار هەڵسووڕاندنی ماڵ هەر بەدەست خۆیەوە بێ ژن ئەوەیشی پێ ناخۆشە کە فرمانی پیاوی بدرێ بەسەردا، وەک چاککردنەوەی تەلی کارەبا، یاخود لوولەی ئاو!... ئەوەیش بۆ ژنەکە چاکترە کە هەرچەند کاروباری وا ڕووبدات، دەمودەست بەمێردەکەی خۆی بڵێ چارەی بکات.

نەک خۆی بیکات و لە دڵیشدا پێی ناخۆش بێ کە دەیکات و، بۆڵەبۆڵی لێ بکات چونکە دڵی ئاسوودە و سروشتی مام ناوەندی ئەوەندە پێویستە بەژیانی خێزانی، مەگەر هەر ڕۆژ ئەوەندە پێویست بووبێ بەژیانی مرۆڤ!.

بەجۆرێکی گشتی ژن لە پیاو زۆرتر هەڵدەکات لەگەڵ کارەساتی ڕۆژگاردا ژن لەوەدا

توانایی و دەمارنەرمیی لە پیاو زۆرترە، کەواتە پێویستە لەسەری کە لەم سورووشت و کردەوانەی خۆی کەڵک وەربگرێ واتا بەباشی بەکاریان بهێنێ، تا بەرهەمی بەرز و پیرۆزی دەست بکەوێ!.

## ڕەوشتی باوکەکان لەپێش ژن هێنانی کوڕەکانیاندا

لەسەر ئەمە دەمێکە بڕیاردراوە، کە هەڵبژاردنی مێرد یاخود ژن، لەو کاروبارانەیە کە بایەخێکی تایبەتییان پێ دەدرێ دەبێ ئەمەیش بەجۆرێکی وابێ کە ئۆباڵی ئەم هەڵبژاردنە، هەمووی نەخرێتە سەر ئەستۆی ژنەکە، یاخود مێردەکە بەتەنیایی... جا ئەگەر باوک و دایکەکە کوڕەکەی خۆیان دروست پەروەردە کردبێ، ژن هێنانی کوڕەکەیشیان، هەر بەو جۆرە، لە شێوەیەکی ڕاست و دروستدا پێک دێ ئەگەر باوک و دایکەکە توانییان ژیانی خۆیان بکەن بەنموونەیەکی بڵند بۆ منداڵەکانیان، تا بەکردەوە، نەک بەزمان[1]، لەسەر شێوەی ئەو ژیانەی ئەوان بژین، ئەوا هەڵی باش هەڵدەکەوێ بۆ ئەو منداڵانە، کە ژیانێکی ژن و مێردیی سەرکەوتووانە بژین!

کامەرانی ژیانی ژن و مێردیی کوڕ و کچەکەیش، تا ئەندازەیەکی گەورە، بەندە بەو شێوەیەوە کە باوک و دایکیان پەیڕەوییان کردووە لەگەڵیاندا، لەو کاتەدا کە لە تافی هەرزەکارییاندا، هەموو وردەبابەتێکی گۆڕان و گەشەکردی ژیانی ڕەگەزبازییان تێ گەیاندبن جا ئەگەر دایک و باوکیان لە شێوەیەکی ساکار و ڕاست و ڕەواندا کەینەوبەینەی ڕەگەزبازییان تێگەیاندبن، کوڕ و کچەکەیش لە کاتی ژن و مێردییاندا باری هۆش و دەمارەمێشکییەکانیان دروست و پەسەند دەبێ و، لە ئەندازە دەرناچێ پاش ئەوەیش لە شێوەیەکی بێ دەنگ و نەرمونیاندا ژیانی ژن و مێردی دەبەنەسەر! پێویستە باوکەکان ماوە نەدەن بەوەی کە سەردەمی دەزگیرانی درێژببێتەوە ئەویش بۆ ئەمەی کوڕەکانیان زووبگەنە سەر ژیانی ئارام و ئاسایش و دڵنیایی، کە لە دەمێکەوەیە ئاواتی بۆ دەخوازن و خۆیانی بۆ دەکوتن!... بەهەموو ڕەنگە چەند مانگێکی پێ دەوێ ئارام بگرن تا خانوویەکیان بۆ پێک دێ، ژن و مێردەکە بەسەربەخۆیی تێیدا بژین بۆ باوک و دایکیش هەروەها چاکترە کە لە پێکهێنانی ژن هێنانەکەدا پەلەنەکەن، نەوەک دوایی ناچار بن کە لەگەڵ زاوا و بووکدا لە یەک خانوودا بژین چونکە ژیانی (گەلەیی) کە لەگەڵ دایک و

(١) ڕاستتر: (نەک بەدەم).



باوکی کوڕەکەدا بژین، دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی ژن و مێردەکە لە یەکتری، نابێتە هۆی ئەوەی کە ژن و مێردەکە هەست بەژیانێکی ژن و مێردیی سەربەخۆی پڕ لە کامەرانی بکەن، ئارەزووی سەربەخۆیی لە هەموو سەردەمێکدا هەر وا بووە، کە زاڵ ببێ بەسەر ئەو لاوانەدا کە ژن هێنانیان بەدەستەوە بووە!...

جا ئەگەر باوکەکان، لەپاش ژن هێنانی کوڕەکانیان، هەستیان پێ کرد، کوڕەکانیان داماون لەسەر پارە، ئەوا پێویستە لەسەریان دەستیان بگرن بەڵام بەمەرجێ کە لە شێوەیەکی یەجگار خۆشەویستانە و دڵسۆزانەدا پێشکەشیان بکەن چونکە ئەگەر وا نەکەن، دەستگیرۆییەکەیان دەبێتە هۆی دڵشکاوی و تەنگەتاوی بۆ کوڕەکانیان ئەوساکە هەست بەزۆرداریی کۆمەڵایەتی دەکەن کە وای لێ کردوون نەتوانن خۆیان بژیێنن، دەبێ یارمەتی لە باوکەکانیان داوابکەن جا ئەگەر باوکەکان ئەو یارمەتییەیان سووک و ئاسان هێنایە پێش چاوی کوڕەکانیان، واتا نەیانکردە بارێکی گران بەسەریانەوە، بەجۆرێکی وایش یارمەتییەکەیان دان، کە کارێکی ئاساییە- کە لە ڕاستییشدا هەروایە بێ گومان لەوەدا منداڵەکانی خۆیان دەپارێزن لەوەی هەست بەخۆیان وا بکەن، کە: بارێکی گرانن بەسەر باوکەکانیانەوە!...

## لە پاش ژن هێنان بەهیوای هیچ مەبن لە کوڕەکانتان

لە پێش ژن هێنانی کوڕەکانیاندا، فرمانی سەرشانی باوکەکان وایە. ماوەتەوە پرسێک، بیکەین و وەرامی بدەینەوە، تادوایی بەم لێ دووانەمان بهێنین ئەویش ئەوەتا: لەپاش ژن هێنانی کوڕەکان باوکەکان دەبێ چی بکەن؟. پێویستە باوکەکان لەپێش هەموو شتێکدا وریای ئەوە بن کە بۆ کەڵکی خۆیان هیچ فرمانێک نەخەنە سەرشانی کوڕەکانیان جا ئەگەر باوکەکان دڵی خۆیان وا ڕاهێنا، کە چاوەڕوانی هیچ شتێک نەبن لە کوڕەکانیانەوە دەستیان بکەوێ کە داوای هیچ شتێکیشیان لێ نەکەن. ئیتر لەوەپاش کوڕەکانیان هەر تۆزە ئاوڕێکیان لێ بدەنەوە، هەر تۆزە چاودێرییەکیان بکەن، بەلای باوکەکانیانەوە وایە کە دەست بڵاوییەکی زۆر گەورەیان لەگەڵ کردوون، لە خۆشیاندا پێی گەشکەدار دەبن!. جا ئەگەر باوکەکان لەدوای ژن هێنانی کوڕەکانیان خۆیان وا هاتە پێش چاو کە دەتوانن هەندێ فرمانی سەرپێیی بۆ کوڕەکانی خۆیان هەڵبسووڕێنن، نابێ ئەوە بکەن بەبیانوو بۆ ئەمەی کوڕەکانی خۆیان بخەنەوە ژێر چنگی خۆیانەوەو، فەرمانداریبیان بەسەردا بنوێننەوە. پێویستە باوکەکان لەوە ئاگاداربن کە هیچ کەسێک نییە لەسەر زەویدا، یەکێک

نەدۆزێتەوە بۆی کە لە جێگەی ئەو دابنرێ چونکە ئەگەر بێتو ئەوان ئەو یارمەتییانەی کوڕەکانیان نەدەن، کەسانی وا دەست دەکەون کە ئەو یارمەتییانەیان بەتەواوەتی، یاخود باشتر لە دەست بوەشێنەوە!.

بەڵام زۆرتر ئەوە ڕوودەدات، کە کوڕەکان خۆیان بەباوکەکانیان دەڵێن ئەو جۆرە کاروبارانەیان بۆ هەڵبسووڕێنن مەبەسیشیان ئەوەیە کە دڵی باوکەکانیان بەو جۆرە خواستانە خۆش بکەن، نەوەک دڵیان بشکێ بەوەی کە ئەو کاروبارانە بەکەسانی تر بسپێرن!... بەڕاستی ئەوەیش کارێکی زۆر ناشیرینە کە ئەو دایک و باوکانە ئەم جۆرە کاروفرمانانەیان بکەن بەبیانوو بۆ ئەوەی فەرمانداری بنوێنن بەسەر ئەو خێزانە بچکۆلەیەدا کە تازە پێ دەگات کە دەبوو لە جیاتی ئەوە هەستیان بەکامەرانی بکردایە کە دەتوانن ئەو یارمەتییەی بدەن!.

ئەمەیش بەشتێکی پەسەند دانانرێ، کە یەکێک لە ژن و مێردەکە، خۆی هۆگری خێزانەکەی خۆی بکات و، هاوسەرەکەی خۆیشی ناچار بکات دوای بکەوێ بۆ ئەو خێزانە!... چونکە ژن و مێردی بریتییە لە هێلانەیەکی تازە کە دەبێ سەربەخۆ بێ لە هێلانەکانی باوک و دایکەکان و بەسەربەخۆییش پێ بگات و گەشە بکات... ئەوەی کاریش ئاسان دەکات ئەوەیە کە باوکەکان کاروفرمانێکی وایان بەدەستەوە بێ، کە خۆیانیان پێوە خەریک بکەن، کە بێ کار نەمێننەوە، کە هەموو دەمێکی خۆیانیان پێوە بەخت بکەن چونکە بەهۆی ئەوەوە نزیک دەبنەوە لە ژیان، لە بارستایی بیروهۆشی ئەو سەردەمەیش کە تێیدا دەژین هەروەها ڕزگاریش دەبن لەدەست ئەو وەڕس بوونە تاڵەی تووشیان دێ بەهۆی ئەوەوە کە بەتەنیا دەمێننەوە لەپاش ژن هێنانی کوڕەکانیان و، لە پڕ بەدڵیش ئارەزووی ئەوە دەکەن کە بەوەوە خۆیان خەریک بکەن: پەنجە بهاوێژنە ژیانی تایبەتیی کوڕەکانیانەوە!. ئەوەندە هەیە، ڕاستییەکی بڕیار لەسەردراو دەبێ پێی لێ بنێین ئەو ڕاستییەیش ئەوەیە، کە دەتوانین هەموودەم چارە بۆ هەموو کاروبارێکی پڕ گیروگرفت بدۆزینەوە، بێتو ئەگەر بەچاوێکی مەند و لەسەر خۆوە سەیری ژیان بکەین گیروگرفتەکانیشی یەک لەدوای یەک چارە بکەین، نەک بهێڵین گیروگرفتەکانی پێشوو کەڵەکەبن بەسەر گیروگرفتەکانی ئیمڕۆ و دواڕۆژدا... هەروەها ئەگەر ئەوەیش بخەینە پێش چاومان کە لە پێش هەموو شتێکدا خەمی ئەوە بخۆین خۆمان بکەین بەسەرچاوەی کامەرانی بۆ کەسانی تر، نەک کەسانی تر بکەین بەسەرچاوەی کامەرانی بۆ خۆمان!...

# دڵداریی و ژن و مێردیی

کۆمەڵێک لە نووسەرە گەورەکانی جیهان ئامۆژگارییەکی بەکەڵک بۆ کوڕ و کچ پێشکەش ئەکەن

محمد فائق الجوهری:
کۆی کردوونەتەوە و گۆڕیویەتە سەر عەرەبی
کوردی نووسی: لەساڵی ١٩٦٥

## پێشەکی

سروشتی مرۆڤ، بەگشتی وایە، کە لەکانی دڵەوە حەز بەدڵداریی بکات. هەموومان حەز بەدڵداریی ئەکەین هەروەها حەزیش ئەکەین ئەوی خۆشمان ئەوێ خۆشی بوێین پیاو و ژنیش بریتین لە دوو مناڵی گەورە ڕەنگە بڵێین، کە پیاو کەوت بەساڵدا، ئەبێ خۆی گران ڕابگرێ، خۆی بگێڕێتەوە لە هەستی دڵداریی بەڵام ئەم خۆگران گرتنە و خۆگێڕانەوەیە، ئەگەر لە وزەیشدا بێ، ئێمە بەزیندوویی ناهێڵێتەوە، وشکمان ئەکات وەک داروبەردمان لێ دێ ئەو ساکە ئێمە و سروشت لە یەک دوور ئەکەوینەوە چونکە سروشت لە دڵی هەموو پیاوێک و ژنێکدا ئارەزوویەکی بەهێزی دامەزراندوە بۆ دڵداریی کە هەرگیز لە بن نایەت.

جا ئەم ئارەزووەیە کە هەمودەم دڵ ئەوروژێنی بەرامبەر هاودەمێک لە ڕەگەزەکەی تر، تا بەخۆشەویستی ئەوەوە بکەوێتە کامەرانییەوە هەمو ژنێک ئاواتە خوازی دڵدارێکی پیاوە.

هەموو پیاوێکیش ئاواتەخوازی دڵدارێکی ئافرەتە. هاودەمی ئاساییش کە سروشت پەسەندی کردوە ژنە بۆ پیاو، مێردیش بۆ ژن هەر کامێکیان بگریت، لەکانی دڵیەوە، ئاوات ئەخوازێ بۆ ئەو ڕۆژەی کە خانوێکی ببێ و خۆی و ژنەکەی تیا بژین و مناڵیان ببێ وتیا گەورە بکەن جا ئەم ئارەزووەیە، کە بۆتە بنچینەی پەیدابوون و مافی مرۆڤ.

کەواتە دڵداریی و ژن و مێردیی و مناڵان، ڕووکەشی ژیانن، سروشت پێکی هێناون خوای پاکی بێ هاوتا بەهۆی ئەم سێ شتەوە مرۆڤایەتی و ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر زەویدا پاراستووە هەر کەسێکیش لەم ژیانەدا بەدوای کامەرانیدا بگەڕێ، بێ ئەو سێ شتە بۆی ناچێتە سەر لەبەر ئەوە هەر دڵدارییەک ئەنجامی بە ژن و مێردیی نەگات، ئەوانە تاوان و



گوناهن ئەبێ ئەوەندەی خۆت لە جنۆکەکان دوور ئەخەیتەوە، لەو دوانەیش ئەوەندە خۆت دوور بخەیتەوە.

جا لەسەر ئەم بنچینەیەیەو هەر لەبەر ڕۆشنکردنەوەی بیری هەمووانە لە بابەت ئەم بابەتە گرنگ و بەکەڵکەوە، کە ڕەوشت و خووی کۆمەڵایەتیمان بەربەستی لێ دوانی ئەکات، بەتەواویی و ئاشکرایی، حەزم کرد ئەم نووسراوە پێشکەش بکەم.

محمد فائق الجوهری[(١)]

## ئایا ئەتوانین بێ دڵداریی بژین؟

نووسەری: هول کین

لە سەرەتای نووسراو دانانما، کە زۆرتر لە ئێستا جەربەزەییم ئەکرد لە نووسینیدا، ڕۆژێک بەبیرم داهات کە چیرۆکێک دابێنم.

ناوی بنێم: (هەزار ڕۆژەی دوایی جیهان) ئەمویست ئەوەی تیا پێشان بدەم کە مرۆڤ چۆن لەسەر زەویدا نامێنێ و لە ناو ئەچێ، واتا چۆن قڕی تێ ئەکەوێ ئەویش نەک بەئاگر، نەک بەلافاو، بەڵکو بە کوژاندنەوەی بەهێزترین هەست کە هەتا ئێستا لە دڵی مرۆڤدا دەرکەوتووە ئەویش بەوەی کە خوا هەستی دڵداریی لە دڵی مرۆڤ دەربهێنێ، بەناوی سزادانییەوە لەسەر ئەو گوناه و بەدکردارییەی کە کردوێتی تا ئێستا، بەتایبەتی ئەو تاوانانەی کە لەبابەت کەینەوبەینەی ڕەگەزخوازییەوە لێی ڕووداوە کە بەوەم هەرچی بابەتی ژیان هەیە نامێنی و لەناو ئەچێ. وای بهێنەرە پێش چاوت، کە هەموو کەسێ بچێتە ناو جێگاوە و کامەرانیش بێ بەو هەستە شیرینە پاکەوە، کەچی کە بەیانی هەستا لەخەو، ئەو هەستەی لە دڵا نەمابێ و لەدەستی چوبێ، تاسەر بۆی نەگەڕێتەوە.

(١) لە ژیان نامەکەیدا، مامۆستا، باس لە گۆڤارێکی میسری دەکات کە ساڵی ١٩٣١ بەنامە پەیوەندی کردووە بەگۆڤاری (الرياضة البدنية)وە بەمەبەستی سود و ڕێنمایی وەرگرتن تا باری تەندروستی چاک بکات، ئەو گۆڤارە کە سەرنووسەر و خاوەنی (محمد فائق الجوهری) پارێزەر بووە و دیارە ئەم کتێبەش هەر بەشێکە لەو وتارانەی کە تیا بڵاوکراونەتەوە، من بۆخۆم ژمارەی مانگی مارتی ١٩٤٨ی گۆڤارەکەم دیوە، بەم شێوەیە تاریفی خۆی دەکات: (الرياضة البدنية/ مجلة صحية تصدر لخدمة الجنس البشري، صاحبها و محررها: محمد فائق الجوهري المحامي- الأدارة: ٦ شارع سكاكين باشا- مصر، القاهرة).

ئەو ماڵەی کە کردبووم بەتەختی تەماشاگای مەرگەساتەکەم، دایکێکی بچووکت تیا ئەدیی، هەر لەو ڕۆژەوەی کە مناڵەکەی بووبوو، ئەمەندە خۆشی ئەویست و هۆگری ئەبوو ئەیپاراست ئەترسا لەوەی کە کزەبایەکی بەیان لە دەموچاوی بکەوێ و ئازاری بدات.

کەچی کە خۆشەویستی لە جیهاندا هەڵگیرا، هەر لەو کاتەدا کە مناڵەکەی لەسەرەمەرگدا بوو و گیانی ئەدا، ئەو بەبەزمورەزمی خۆیەوە خەریک بوو، هاوبەشیی ئاهەنگێکی هەڵپەڕکێی ئەکرد هەروەها باوکێکیشت ئەدیی، هەرچی لە پێناو کامەرانی کوڕەکەیدا بەخت بکردایە بەکەمی ئەزانی کەچی کە خۆشەویستی لە جیهاندا هەڵگیرا، کوڕەکەی خۆی ئەدیی لە سەرگەردانی و ماڵ وێرانیدا ئەتلایەوە، ئەویش دەستێکی یارمەتی بۆ درێژ نە ئەکرد.

جا لەبەر ئەوەی کە پیتاک دەرەکان وازیان لە پیتاک دان هێنابوو، هەرچی نە خۆشخانە و جێگایانی ئاوارە و پەک کەوتەکان هەبوون، یەک لە دوای یەک دائەخران هەزار دەرد دابکەوتایە پزیشکەکانی، دەستیان بۆ نەخۆشێک نەئەبرد چاکی بکەنەوە، تا لە وەرگرتنی مزەکانی[1] خۆیان دڵیان نەبوونایە دەردەکە تەواو تەشەنەی ئەکرد و تینی ئەسەند و بڵاوئەبووەوە، هەژاران بەهەزاران ئەمردن کەچی فەرمانبەران نەیان ئەناشتن، نەبەزەییان بەواندا ئەهاتەوە کە ئەمردن، نە بەزەیشیان بەزیندووەکاندا ئەهاتەوە کە لەوانەوە تووشی نەخۆشی ئەبن.

بۆ وێنە، لە (مەسینا)دا بوومەلەرزەیەک پەیدا ئەبێ، هەزاران بێ نان و بێ جێگا ئەمێننەوە، کەچی کەسێک نییە بیر لەوە بکاتەوە پیتاکێک بۆ ئەو کلۆڵ و بێچارانە کۆبکاتەوە.

هەر کەسە خەریکی بەزمی خۆیەتی هەر ماڵێک ئەبینی: خۆشیی تیادا نەماوە، خێزانەکان هەر بەناو خێزانن ژن و مێردیی دراوەتە بەر کلکان فەرمان بووە بەتاڵان کردن کاروباری گەل و فەرمانڕەواییش پڕبووە لە تەنگترین چەواشەکردن و تەڵەکەبازیی ئاینیش بووە بەچاولێکەریی و خۆنووواندنێکی نەنگەویست کردەوە و ڕەوشتیش بووە بەگاڵتەی منالاّن بەزەیی بەکزو بێچارەدا هاتنەوە، بۆتە شتێکی پڕوپووچ. ئەمێنێتەوە سەر برایەتی و یەکسانی، ئەوانیش بوونەتە خوێڕێتیی منالاّن.

ئیتر ئەوکاتە، هەموو کەس هەست بەوە ئەکات، کە جیهان بەرەو نەمان و سەرگەردانی

---

(١) مز: کرێ، (أجرە).



ئەڕوات هەروەها ژیانی کۆمەڵایەتیش بەهۆی چاوبرسێتی و، چاو پێ هەڵهێنان و، پشم و قین و، بەربەرەکانێ و، تۆڵەسەندنەوەوە پایە ماڵ بووە ئەو تەنیا هەستەیش کە گیانی کامەرانی پێ ئەبەخشین، لە جیهانی شتی بەرجەستە و بابەتی بیروباوەڕدا، هەر هەستی دڵداریی بووە، کە بووەتە هۆی پەیدا بوونی مناڵ و خۆشەویستی و بەزەیی پیا هاتنەوە و دادپەروەریی.

لام وایە ئیتر پێویست بەوە ناکات کە لەمە زۆرتر ئەو کارەساتانە پێشان بدەم، کە ئەنجامی جیهانێکی دوور لە دڵداریی و خۆشەویستی دەربخات، کە لە ئەندازە بەدەر سامناک و ناخۆش ئەبێ هەروەها پێویست بەوەیش ناکات کە بڵێم چیرۆکەکەم تەواو نەکرد. هەر تەنیا بیرێکی گشتیم دەربارەی دەربڕیی ئەویش لەو جۆرە نووسراوانەیە کە نووسەرەکانیان دەستیان پێ ئەکەن، بەڵام تەواویان ناکەن.

لەگەڵ ئەمەشا خەمی لەدەست چوونی ئەو چەند مانگەم نییە کە بەبیرکردنەوە لە چیرۆکەکەدا بەختم کردن چونکە بەهۆی ئەوەوە توانیم هەستێکی وا بەنرخ و بایەخی خۆشەویستی و دڵداریی بکەم کە لەوەپێش هەستم پێ نەئەکرد ئەوە خستمیە سەر ئەو باوەڕەی کە خۆشەویستی و دڵداریی دابنێم بە هەستێکی تاقانە بۆ دروستکردن و دامەزراندن و پێکهێنان، کە ڕەنگە هەستەکانی تر هەر بۆ ڕووخاندن و تێکدان و هەڵوەشاندن دەست بدەن لەوەوە تێگەیشتم کە خۆشەویستی ژیانە هەرچی خۆشەویستیش نەبێ مردنە.

لە جیهانیشدا هیچ شتێک نییە لە خۆشەویستی سەیرتربێ خوا بریتییە لە خۆشەویستی خۆشەویستیش بریتییە لە خوا بێ گومان، ئەگەر خۆشەویستی نەمێنێ لەسەر زەویدا، ڕەگەزی مرۆڤایەتیش هەرگیز نامێنێتەوە.

ڕەنگە تۆ بەمە پێبکەنی ڕەنگە تۆیش وەک زۆرکەس لەوانە بیت کە خۆشەویستی بەجۆرە ڕابواردنێکی منالاّنەدا ئەنێن نە نرخی هەبێ و نە واتا بەڵام هەرچی تێگەیشتوویەک هەبووە لە جیهاندا نرخی خۆشەویستییان زانیوە و بایەخیشیان پێ داوە هەروەها زانیوویشیانە کە تا چ ئەندازەیەک ژیان بەوەوە بەندە جا بۆ ئەمەی کاروپیشەی خۆشەویستیت تێ بگەیێنم، کە لە پێناو ئاوەدانیدا چی هێناوەتە بوون، ئەوا ئەم هەستەت، لە هەموو ڕوویەکیەوە پێشان ئەدەم:

خۆشەویستی دایک، خۆشەویستی باوک، خۆشەویستی ژن و پیاو.

١

## خۆشەویستی دایک

ئەگەر خۆشەویستی دایک، لە هەموو خۆشەویستییەکانی تر بەهێزتر نەبێ، بێ گومان، لە هەموویان پاکترو لە خۆپەرستی دوورترە چونکە دایک لە پێناوی منالەکەیدا هەموو شتێک بەخت ئەکات، بێ ئەمەی داوای شتێک بکات.

(لامارتین) گوتوویەتی:

(ئەگەر بێتو هەموو کەسێک، خۆشەویستیەکەی وەک خۆشەویستی دایکان بێ، مەبەسی خۆیی تیانەبێ ، ئەوساکە ئەبین بەکۆمەڵێکی فریشتە).

چونکە دایک لە جیهانی مرۆڤایەتیدا، وەک دایکە دڕندەکانی ناو جەنگەڵەکان شەڕ ئەکەن بەڵام ئەبێ ئەویشمان لەبیر نەچێ کە ئەم شەڕ و کوشتارەی ئەیکەن، دوورن لە خۆپەرستی و خۆ پەسەندییەوە چونکە خۆشەویستییەکەیان بۆ هیچ شتێک ناکەن، تەنیا لەبەر خۆشەویستی نەبێ.

دایک کە ڕۆڵەکەی خۆی خۆش ئەوێ، تەماشای ئەوەی ناکات کە جوان، یاخود ناشیرینە کوڕەکە هەر چۆنێک بێ ئەو خۆشی ئەوێ، خاوەن دەسەڵات و کردەوەی بڵند بێ، یان نا.

تەنانەت، گوناهبار و تاوانبارە هەرە خراپەکانیش، دایکێکیان هەیە وەک هەموو دایکێکی تر خۆشی ئەوێن مێژوویش پڕە لە وێنەی ئەم کەینەوبەینە سەرسوڕهێنەرە، کە لە ڕاستیدا بەزەییش لە دڵدا ئەبزوێنێ.

چەند ساڵێک لەمەو پێش، لاوێک خرایە بەردەم دادگا لەسەر کەتنێکی کوشتنی سامناک چەندوچوونی لەگەڵ کرا بەڵگەیەکی زۆر هەبوو لەسەری. دوایی دادگا بڕیاری لەسەردا کە لە ناوی بەرن هەرچی لە دادگاکەدا بوو، چووە دەرەوە بەهەستێکی واوە کە تاوانبارەکە سزای خۆی وەرگرتووە.

بەڵام لە گۆشەیەکی هۆڵەکەدا، تەنیا ئافرەتێک دانیشتبوو ئەگریا سۆمایی چاوی بەفرمێسکدا هاتبوو ئەو ئافرەتە دایکی ئەو کوڕە تاوانبارە کڵۆڵە بوو.

لەوکاتەدا کە ناوبژیکەر سەیری تاوانی کوڕەکەی ئەوی ئەکرد تا بڕیاری کوشتنەکەی بدات، ئافرەتەکە لەو پەنا دیوارەدا، دڵی خۆی بەوە ئەدایەوە، کە کاتی لە دایک بوونەکەی و، منالییە بێ گوناهەکەی و، ئەو ڕۆژەی ئەهێنایەوە بەرچاوی خۆی کە بەشانازییەوە



سەیری ئەکرد، بۆ یەکەم جار لە ژیانیا ئەچووە بەر خوێندن بێجگە لەوە بیرەوەرییە خۆشەکانی تریشی ئەهێنایەوە بەرچاوی خۆی... هەتا گەیشتە ئەو ڕۆژە ڕەشە کە بڕیاری کوشتنەکەی بدرێ.

ئەمە وێنەیەک بوو لەوێنەی خۆشەویستی دایک کە هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە.

چیرۆکێکی تریشم لەلایە، لەبابەت بێوەژنێکی هەژارەوە، کە لەگەڵ کوڕەکەیدا لە کۆڵێتێکی شڕوپڕدا ئەژیا، نزیک لە ماڵی ئێمەوە کە لە دوورگەی (مان)دا بوو کوڕەکە چەتون و گوناهبار و سپڵەبوو، تاما بار بوو بەسەر دایکیەوە.

پاشان دایکەکەی خۆی بەجێ هێشت، دەست لەم و لەو پان بکاتەوە خۆیشی چوو بۆ (ئەمەریکا)، ئیتر لەو دایکەی خۆی نەپرسییەوە بەڵام دایکەکەی، هەرگیز، بێ هیوانەبوو لەوەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان کوڕەکەی نامەیەکی بۆ بنووسێ.

هەموو هیواکەیشی هەر ئەوەبوو کە بۆی بنووسێ چۆن ئەژیی و لەکوێ ڕائەبوێرێ.

هەموو ڕۆژێک لە کۆڵێتەکەی خۆی ئەهاتە دەرەوە و بەخۆی و گالۆکەکەیەوە ئەو ڕێگایەی ئەبڕیی، تا ئەگەیشتە شەقامی گشتی، بۆ ئەمەی کە نامەبەری پۆستەخانە بەوێدا ڕابرد لێی بپرسێ:

– گەورەی خۆم نامەیەکی منت لانییە؟

هەمیشەو تا سەریش وەرام هەر ئەمەبوو:

– نەء دایە.

ئەویش بەسەزمانە، بەخەمباری و دڵشکاوییەوە، وردە وردە ئەهاتەوە ماڵەوە تا بیست و چوارکاتی تر چاوەڕوانی ئەکرد، ئنجا دووبارە ئەچووە سەر شەقامەکە و لە نامەبەرەکەی ئەپرسییەوە بۆ نامە.

حەزم ئەکرد، دڵی خوێندەوارم بەوە خۆش بکردایە کە بڵێم کوڕە خوێڕییەکە، دوایی، خۆی فڕێ دایەوە باوەشی دایکی بەڵام کڵۆڵە، نەهاتەوە ئەو پیریژنە هەش بەسەرەیش تاما چاوی پێ نەکەوتەوە.

بەیانییەک زوو، دراوسێکانم بۆیان گێڕاومەوە، کە ئەو پیرێژنە بەسەزمانە مردووە دیویانە لەناو جێگاکەیدا خۆی هێناوەتەوە یەک، وەک لەتاو سەرما مردبێ وابوو ڕووی خۆیشی لەناو دیوارەکەدا شاردۆتەوە.

نازانم ئەو پیریژنە، دەمی گیانەلاییەکەی خۆی چۆن تێپەڕاندوە بەڵام بێ ئەوەی بترسم کە سوێندەکەم ئەشکێ، سوێند ئەخۆم کە ژنەکە بەدڵێکی پڕ خۆشەویستی و هیواوە چۆتە بەر بارەگای خوایی چونکە بڕوای وابووە کە کوڕەکەی ئەبێ لە ئەمەریکادا مردبێ، (بەوەدا کە هیچ نامەیەکی بۆ نەناردووە)، لەبەر ئەوە کە گیانی خۆی بەخوا سپارد، یەکەم دەموچاو چاوی پێ بکەوێ، دەموچاوی کوڕەکەی ئەبێ.

ئەمەتا خۆشەویستی دایک جا ئێستاکە تۆ لەوەوە چی تێ ئەگەیت؟ ئەوەی من تێی ئەگەم ئەوەیە کە ئەم خۆشەویستییە، هۆیەکە لەو هۆیانەی کە خوا ژیانی پێوە بەندکردووە.

لە ڕاستیدا، ئەگەر ئەم خۆشەویستییە، بەهێزە سەیرە نەبوایە، کە دوورە لە هەموو خۆپەرستییەک، کە هیچ دایکێک نییە نەیبێ بەرامبەر بەکزەی جەرگەکەی ، هیچ دایکێک وا بەو شانازی و دڵخۆشییەوە منالێکی لەسکی خۆیدا هەڵ نەئەگرت، کە زۆرجاری وا هەیە تا منالێکی ئەبێ گیانی دەرئەچێ، یاخود دەردێکی گرانی تووش ئەبێ.

٢

## خۆشەویستی باوک

سەردەمێک بووە، لەم جیهانەدا، پیاو حەزی بەکوڕ و کوڕەزا کردووە و بۆی تێکۆشاوە هەر بۆ ئەمەی پێیانەوە گەورە و بەهێز ببێ و، وەک سەرەک هۆزێکیش ببێتە خاوەن پایە و سایە، نەوەکانی بتوانن ببنە خاوەن زەوی، بەڵام ئەوە ئەوساکە بووە، کە پێغەمبەرانی کۆن هاتوونەتە جیهانەوە.

بەڵام پاش ئەو دەمە، زۆربەی پیاوان، بێ گومان، بەچاوێکی وەها سەیری منالیان کردووە، وەک بارێکی گران بێ و کەوتبێ بەسەر شانیاندا وابووە بەڵام ئەم بارەگرانە و ئەم لێ پرسینەوە تازەیە، لە چاو خۆشەویستی باوکی دا، هیچ دەرناکەوێ.

باوکێتی، کەس هەستی پێ ناکات ئەوانە نەبن کە بوون بەباوک.

چونکە هەر باوک خۆی ئەزانێ کە لە جیهاندا هیچ سەرکەوتنێک نییە ئەوەندەی سەرکەوتنی کوڕەکەی خۆی لای گەورەبێ.

هەروەها هیچ شتێک نییە لە جیهاندا ئەوەندەی سەر ئەنگرێ بوونی کوڕەکەی خۆی لای گران بێ.

بەلای منەوە وایە کە خۆشەویستی باوکانە، لە هەموو شتێک زۆرتر پاڵ بەپیاوەوە ئەنێ



بۆ پارە دەست خستن و کۆکردنەوەی، ئەویش نەک لەبەر باوکەکە خۆی، بەڵکو بۆ ئەمەی بەکەڵکی کوڕەکانی بێت لەپاش مردنی خۆی لە ڕاستیدا خۆشەویستی باوکانە، لە هەموو هۆیەک گەورەترە بۆ فرمان کردنی ڕاستەقینە بێ گومان خۆشەویستی باوکانەیش، هەروەک خۆشەویستی دایکانە وایە خوای پاکی بێ هاوتا ئەویشی کردووە بەهۆیەک بۆ دامەزراندنی ژیان و مانی مرۆڤایەتی لەسەر زەویدا.

لەگەڵ ئەویشا ، خۆشەویستی باوکانەیش بێ وەی نەبووە لە هەموو سەرگەردانییەک ناخۆشتر بۆ باوک ئەوەیە، کە زۆرجاری وا هەیە کوڕ لەگەڵ باوکیا سپڵەیی ئەنوێنێ، بەڵکو دوژمنایەتیشی لەگەڵ ئەکات تێکڕا، لە هەموو خێزانێکا، ئەوە هەیە کە ئەوەندەی باوک کوڕی خۆی خۆش ئەوێ، کوڕ باوکی خۆی ئەوەندە خۆش ناوێ ئەمەش دەستورێکە لە دەستورەکانی سروشت چونکە سروشت بەتەنگ ئەوەوەیە کە ئەو خۆشەویستییەی باوک لە دڵی خۆیدا هەڵی ئەگرێ، ئەبێ هەر بۆ منالەکانی خۆی بێ چونکە سروشت هەر سەیری پێشەوە ئەکات سەیری دواوە ناکات ئەگەر بهاتایە کوڕەکان خۆشەویستییەکەیان لەسەر باوکیان تەرخان بکردایە، ئەوساکە هەر کوڕێک خەمی ئەوەی نەئەخوارد کە کوڕێکی ببێ.

ئەوساکە منالّ بوونیش لە ئەندازەیەکدا ئەوەستا لێی تێ نەئەپەڕیی هەروەها نەوەی مرۆڤایەتیش قڕی تێ ئەکەوت جا لەبەر ئەوە، هەچ باوکێک، خۆشەویستی کوڕەکەی ئەوەندەی خۆشەویستییەکەی خۆی نەبێ، نابێ خۆی بەڕەنجەڕۆ دابنێ، پێویستە ڕووبەڕووی ڕاستی بوەستێ و بێ بۆڵە و بێ وەڕس بوون خۆی بەباری خواوە ڕابهێنێ.

٣

## خۆشەویستی ژن و پیاو

بام ئێستە سەرنج لە خۆشەویستی سێیەم بدەین کە خۆشەویستی پیاو و ژنە: ئاخۆ ئەمە چۆن پەیدا ئەبێ؟ کردەوە و کارێکیش ئەتوانێ پەیدای بکات؟ چی ئەبێتە هۆی ئەوەی کە پیاوێک لەناو هەموو ئافرەتاندا، تەنیا کچێک هەڵ ئەبژێرێ و بەدڵیا ئەچێ، بۆ ئەمەی بیکات بەدایکی منالەکانی و نەوەی منالەکانی تا جیهان ئەبڕێتەوە؟ ئاخۆ ئەم هەڵبژاردنەی لە ئەنجامی ئارەزوویەکی خواییەوە پەیدابووە، کە هیچ دەسەڵاتێکی بەرپەرچ دانەوەی نەبووە، نەیکا؟ یاخود لە ئەنجامی ڕێکەوتەوە، یان کارەساتی ڕۆژگارەوە، یان لە کۆبوونەوەی ژن و پیاوەوە پەیدابووە، وەک کۆبوونەوەی مەڕ و مانگا کاتێ کە بەرەو لێیان ئەخوڕن بۆ کێڵگە.

ئەو قسەیە زۆر بەپرووپووچ ئەزانم، کە لە هەندێکم گوێ لێ ئەبێ، لەکاتی گفتوگۆکردندا بەهەموو کوڕ و کچێکی خۆشەویست ئەڵێن: (ئەبێ لەبەرچی ئەو کچەی بەدڵ چووبێ؟)

چونکە وەرامی پرسی وا بەزرنگترین و تێ گەیشتووترین کەس نادرێتەوە لە ڕاستیدا، کە دڵداریی ئەگاتە کاتی خۆی، پیاوەکە لەناو هەموو ئافرەتاندا تەنیا کچێک هەڵ ئەبژێرێ بێ ئەمەی، لە زۆربەی جاراندا، بنچینەیەکی ڕاست و دروست هەبێ بۆ کار و کردەوەی تایبەتی ئەو کچەی، جاری وایش هەیە پیاو حەز لە کچی وا ئەکات کە نە جوانە، نە کردەوەیشی پاکە ئەوەی ڕووئەدا، ئەوەیە کە ئەم هەستە بەچنگەی کە زاڵ بووە بەسەر هەموو مرۆڤایەتیدا و بەهێزترین هۆیە بۆ پاراستنی ڕەگەزی مرۆڤایەتی، دوورنییە لەوەوە پەیدابووبێ کە دەستێکی لە دەستی کەوتبێ، یاخود چاوێکی پیاخشاندبێ، بێ ئەوەی بیری لێ بکاتەوە، دڵی پێی بزووتبێ.

کەسم نەدیوە وەک (هاریت مارتینو) دڵداریی پیشان دابێ. ئەڵێ (ئایا ئەبێ، دڵداریی، بەشتێکی هیچوپووچ بزانین و تیزی پێ بکەین؟ یاخود زۆرداریی لێ بکەین و بەهەستێکی ڕووتی دابنێین؟ یان هەر وەک لە نەخۆشی ئەترسین لەویش بترسین؟ یان هەر وەک شەرم لە هەموو کەموکووڕییەک ئەکەین، لەویش شەرم بکەین؟ یاخود بەشتێکی گەورە و پێویستی دابنێین بۆ مانەوەی مرۆڤایەتی و کامەرانی بەشتێکی پێویستی وای دابنێین کە هیچ مرۆڤێک بێ ئەو ناژی، یاخود هەر وەک باوەڕ بەخوا ئەکەین، باوەڕ بەڕۆژی دوایی ئەکەین ئەبێ باوەڕ بەویش بکەین؟).

خۆشەویستی پیاو بۆ ژن، خۆشەویستی ژن بۆ پیاو ڕازێکی سروشتییە بەڵام مەبەس لەم خۆشەویستییە چییە؟ کلێسا ئەڵێ: خۆشەویستی دوو مەبەسی هەیە بەلامەوە یەکێکیان ڕاستە و بڵندە بەڵام ئەوی تریان هیچوپووچە و سووکی تیایە بۆ مرۆڤایەتی، کلێسا ئەڵێ: دڵداریی بۆ ئەوە دانراوە کە سک و زای لێ پەیدابێ هەروەها بۆ ئەوەیش دانراوە کە مرۆڤ لە گوناه دووربخاتەوە چونکە هۆیەکە مرۆڤ لە گوناهی داوێن پیسی ئەپارێزێ.

ئاخۆ هێشتا، نەگەیشتووینەتە ئەو سەردەمەی کە کلێسا و هەموو جیهان واز لەو لێکدانەوە شوورەییە بهێنن؟ سەرچاوەی ئەو لێکدانەوەیە هەر کوێیەک بێ من بەشتێکی شوورەیی دائەنێم.

ئەمە ڕاستە خوا دڵداریی بۆ ئەوە داهێناوە کە سک و زا ببێ بەڵام هەر لەبەر مناڵ بوون دای نەناوە هەروەها بۆ ئەوەیشی داناوە کە ژن و پیاوەکە هەردووکیان هەست بەو



کامەرانییە بکەن کە لە یەکسانییەکی واوە پەیدا ئەبێ، مەگەر هەر خۆشەویستی خۆی بتوانێ پێکی بهێنێ.

کەواتە بهێڵن بام لە کەینەوبەینەی ڕاستەقینەی ژن و مێردی تێ بگەین ئێمە لەگەڵ کلێسادا ناڵێین ژن و مێردیی چارەی داوێن پیسی ئەکات ئێمە ئەڵێین یاسایەکە، لەسەر هەستێکی بەرز و پیرۆزی ئاسمانی دامەزراوە، هەر لەسەرەتای ژینەوە خوا دروستی کردووە لەگەڵ دروست کردنی نێر و مێدا ئەو هەستە بووە بەبنچینەی ماڵ، بنچینەی خێزان، بنچینەی فەرمانڕەوایی ئەو هەستە بووە بەگەورەترین هۆی شارستانێتی، دووریش نییە کە بوبێتە هۆی هەرە گەورەی پاراستنی ئایین.

## خۆشەویستی چییە؟

نووسەری: بەرنارماکفارن

خۆشەویستی لە هەموو شتێک زۆرتر، لە ژیانی مرۆڤ کارئەکات خۆشەویستی ئەگەر سەربگرێ، گەورەترین کامەرانی ئەبەخشێ بەخاوەنەکەی خۆی لەسەر زەویدا ئەو پرشنگە جوانەیش ئەدات بەژیان، کە شایستەی خۆی بێ.

بەڵام ئەگەر خۆشەویستی سەرنەگرێ، سەرگەردانی و ڕەنجەڕۆییەکی وا ئەبەخشێ بەخاوەنەکەی کە لە جیهاندا وێنەی نەبووبێ.

خۆشەویستی، پێشکەوتووترین وێنەی هەستی ڕەگەزخوازییە.

هەروەک پەیوەندیی ناوەند تەندروستیی گشتی و کەلوپەلی سک وزا توند و بەهێزە، هەروەها پەیوەندیی ئەم تەندروستییە و ئارەزووی خۆشەویستیش توند و بەهێزە چونکە پیاوی تەندروست، کە بۆ خۆشەویستی تەواو بگەڕێ، ناشێ لەبەر سامان و کەڵک ژن بهێنێ هەروەها ژنیش ئەبێ وابێ چونکە ئارەزووی خۆشەویستی بەهیچ تەواو نابێ، بەتەندروستی لەش نەبێ.

کە تەواویش بوو، گیانی هەڵبژاردنێکی دروست ئەبەخشێ بەمرۆڤ ئەوساکەیش، لەبەر هۆیەکی ڕاست نەبێ و لەناو ڕۆژگارێکی دروستیشدا نەبێ ژن ناهێنێ.

جا ئەم جۆرە ژن هێنانەی کە لە ئەنجامی هەڵبژاردنێکی دروستدا پێک دێ، لە باریا هەیە کە مناڵی هەرە چاک و تەندروست، بەدرێژایی ساڵان بدا بەدەستەوە.

کەچی ژن هێنانەکانی تر کە باون لەناو خێزانەکاندا، واتا ئەوانەی کە لەسەر بنچینەی

سروشتی دانامەزرێن، سەر ئەنجامیان بەهیچ ناگات بەوە نەبێ کە بەرەیەکی کز و لاواز بهێننە بەرهەم، پشت لەسەر پشت[1] هەر بەو جۆرەبن ئەمەیش جێی داخە.

پیاو و ژنی تەندروست و لەش تەواو، خاوەنی هێزێکی سروشتین بۆ هەڵبژاردنی جووتێ هاوسەر و هەرکامێکیان بگریت، لە توانایدا هەیە، کە لەناو ڕەگەزی بەرامبەریا، هی وا هەڵبـژێرێت، کە لە هەموو کەس زۆرتر دڵکێشی بکات، لە هەموو کەس زۆرتریش خۆی بەدڵی ئەودا بچێ جا ئەگەر ئەم ئارەزووە، بەهۆی پەروەردەکردنی خراپ و خۆپەرستییەوە کز نەبێ، بەجۆرێکی تێکڕایی خراپ و خۆپەرستییەوە کزنەبێ، بەجۆرێکەی تێکڕایی لەباریا هەیە، کە ژن و پیاو هەردووکیان بخاتە سەر ئەوەی کە چاکترین هاوسەری خۆیان لە ژیاندا دەست بخەن، بێ ئەوەی گوێ بدەنە پەسەندکردن و پەسەندنەکردنی باوک و دایک و دۆست و ئامۆژگاری کەرانی تر بەڵام ئەبێ ئەوەیشمان لەبیر نەچێ، کە ئەوکەسەی ماوەی نەبووبێ مەشق لەسەر بەکارهێنانی ئەم ئارەزووە بکات، بەهۆی ئەوەوە کە تێکەڵی ئەوانەی نەکردبێ کە بەکاری هاوسەریی دێن لە ڕەگەزەکەی تر، کەم هەڵ ئەکەوێ کە لە هەڵبژاردنەکەیا سەر بکەوێ. جا لەبەر ئەوەیە کە هەموو دەم هاواری ئەوەمان کردووە کە ماوە بدرێ بەکوڕ و کچ تێکەڵ یەکتربن. بۆ ئەمەی بگەن بەئاواتی هەڵبـژاردنێکی سەرگرتوو، کە ئەویش ئەیانگەیێنێ بە ژن و مێردییەکی سەرگرتوو.

هەروەک سەرنج ئەدرێ، دڵکێش کردنی ناوەند ژن و پیاو، دوورنییە لە تەماشاکردنی لەشەوە پەیدا ببێ کە هەر دوولایان جوانی لەشی یەکتریان بچێ بەدڵا، بێ ئەمەی تەماشای دەروون و هۆشی یەکتر بکەن.

هەروەها دووریش نییە کە دڵکێش کردنەکە، لەبەر جوانی دەروون، یاخود هۆشەوە پەیدا ببێ، بێ ئەمەی گوێ بدرێتە لەش لە هەردوو باردا خۆشەویستییەکە تەواو نییە، تاسەریش نامێنێتەوە لەناویاندا لە ڕاستیدا خۆشەویستی تەواو، کە تاسەر، سەر بگرێ، ئەوەیە کە لەسەر بنچینەی دڵکێش کردنی (لەش) و (هۆش) و (دەروون) دابمەزرێ.

لە ڕاستیدا ژن و پیاو هەردووکیان بەناتەواویی هاتوونەتە جیهانەوە، خۆشەویستییش بریتییە لەو هاودەمییەی کە پەیدا ئەبێ لەناو ژن و مێردێکی وادا کە هەریەکە ناتەواویی ئەوی تر تەواو بکات ئەمەیش ئەوە ناگەیێنێ کە هەموو ژن و پیاوێک ناتەواویی یەکتر ئەتوانن تەواو بکەن لە ڕاستیدا تەنیا پیاوێک هەر ئەتوانێ ناتەواوی تەنیا ژنێک یاخود،

(١) یان: بەرو دوا، نەوە دوای نەوە.



ئەگەر ڕێم بدرێ، ڕاستی بڵێم ناتەواوی چەند ژنێک تەواو بکات جا ئەگەر پیاوێک توانی ژنێکی وا پەیدا بکات کە بەتەواوەتی لەگەڵیا ڕێک بکەوێ ئیتر خۆشەویستییەکی پاکی بێ گەردی وا لە ناویاندا پەیدا ئەبێ کە هەتا سەر بەزیندوێتی بمێنێتەوە. لەم قسانە؛ کە پیاو بەناتەواویی دروست کراوە و پێویستی بەژنێک هەیە تەواوی بکات مەبەسمان ئەوەنییە، کە هەر لەبەر ئەوەی پیاوە، پێویستی بە ئافرەتێک هەیە فرمانی سک و زای لەگەڵ جێبەجێ بکات ئەوەمان هەر بەبیریشدا نەهاتووە چونکە ئەوە، جۆرە نەنگییەکە، کە مرۆڤایەتی خۆی لێ دوور ئەخاتەوە، لەبەر زۆرلێکراوییەکی گەورەی ڕەگەزی ئافرەتان لە ڕاستیدا، ڕێک کەوتن لە ناوەند ژن و پیاودا، ئەبێ لە هەموو ڕوویەکەوە بێت تەنانەت کاروفرمان و ئارەزوو و بیروباوەڕ و ژیانی کۆمەڵایەتی و ژیانی هونەریشیان، ئەبێ بگرێتەوە. ئارەزووی ڕەگەزخوازیی، ناشێ بەرەو خوار بڕوات بۆ بارستایی گیانلەبەران بەڵکو ئەبێ بەرەو ژوور بڕوات، بۆ هەرە شێوەی پاک و بڵند خۆی چونکە ئەگەر وا نەکەین، ناتوانین هۆی سەرگەردانی ژیانی ژن و مێردیی لەناو ببەین پێویستە ئێمە لە هەستی ڕەگەزخوازییدا، بۆ ئالۆش و خرۆشی دڕندەیی نەگەڕێین چونکە هەستی ڕەگەزخوازیی، بریتییە لەو هەستە سروشتییەی کە مرۆڤێک هەیەتی بەرامبەر ڕەوشت و کردەوە و چۆنێتیی لەش و هۆش و دەروونی مرۆڤێکی تر لە ڕەگەزی بەرامبەر، هەروەها پەی بردنێکیشە بەوەی کە ئەو چۆنێتی و ڕەوشت و کردەوانە لەگەڵ هی خۆتا تەواو ڕێک ئەکەون، کەم ڕێک ئەکەون، یاخود هەر هیچ ڕێک ناکەون بەم پێیە هەستی ڕەگەز خوازیی[1] لە هەستەکانی تر درەنگتر گەشە ئەکات هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە زۆر کەس لێی شارەزانین، بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە ئالۆشی دڕندانەیان لە هەموو هەستێکی تریان بەهێزترە.

بەڵام ئەمەیش ئەوە ناگەیێنێ کە بڵێین نییە چونکە لە ڕاستیدا ئەو هەستە هەیە چونکە ئەو هەستەیە کە پەیوەندییەکی دۆستانە لەناو ئافرەتان، یاخود لەناو پیاواندا دروست ئەکات لە ڕاستیدا ئافرەت دڵی بەو ئافرەتەدا ئەچێ کە لە لەش و هۆش و دەرووندا وەک خۆی بێ هەروەها پیاویش دڵی بەو پیاوەدا ئەچێ کە لە لەش و هۆش و دەرووندا لە خۆی بچێ. هەر ئەو هەستەیشە کە بەخۆڕایی دوو بەرەکی ئەخاتە ناو دووکەسەوە، بێ ئەمەی هۆیەکی ئاشکرا و دیاربێ.

(١) هەستی ڕەگەز خوازیی: (الشعور الجنسي).

## جۆرەکانی خۆشەویستی

نووسەری: باون بار تنگتون

خۆشەویستی زۆر جۆری هەیە ڕەنگە تۆ حەز لە ساز و ئاواز، یاخود هۆنراوە، یان ئۆتۆمۆبیل لێ خوڕین یان کەشتی لێ خوڕین بکەیت بەڵام لەمانە هیچیان نادوێین لە ڕاستیدا ئەمانەوێ لەو خۆشەویستییە ڕەگەزخوازییە بدوێین کە لە ناوەند ژن و پیاودا ڕوو ئەدات هەروەها لەو وێنەو شێوانە بدوێین کە ڕەنگە ئەم خۆشەویستییە خۆی تیا بنوێنێ.

بلّندترین جۆری خۆشەویستی ئەو خۆشەویستییەیە کە ڕاستەقینە و خاوێن بێ ئەو دڵکێش کردنەیش کە تیا ڕوو ئەدات لە ناوەند ژن و پیاوەکەدا، پێکەوە دەربارەی لەش و هۆش بێ کەوابوو، هەردووکیان، دڵیان ئەچێتە سەر لەش و هۆشی یەکتری و یەکتر کێش ئەکەن ئەم دڵ پیا چوونەیش، بێ گومان، بۆ هەموو کەس وەک یەک نییە چونکە هەر کەسێ بگریت، چێشکەو سرشتی خۆی هەیە بەڵام جوانییەکانی لەش و هۆشی هەردووکیان ئەبێتە خۆرشتی خۆشەویستی ناوەندیان کە لەگەڵ یەکتردا ئەیگۆڕنەوە.

بەڵام حەز لێکردنی بێ گەرد، شتێکی ترە بریتییە لە ڕێککەوتنی دووگیان، نە جوانی لەش دەستی تیا هەیە، نە پەیوەندیی سک و زاکردن. بەواتایەکی تر حەز لێ کردنی بێ گەرد، هەر بریتییە لە دۆستایەتییەکی پاک و بێ گەرد لە ناوەند ژن و پیاوێکدا.

ئەگەر هەر جوانی لەش بوبێتە هۆی دڵداریی، چ لای ژنەکە بێ یان لای پیاوەکە، ئەو دڵدارییە بەدڵدارییێکی تەواو دانانرێ ئەوە بەئاڵۆشێکی دڕندانە دائەنرێ هەر کەسێ وابێ، بەگیانلەبەرێکی ئاڵۆشاویی دائەنرێ، لە ژیاندا مەبەسی هەر ئەوەتا خرۆشی دڕندانەی خۆی دامرکێنێتەوە.

بێ گومان، لەم سێ خۆشەویستییە، ئەو خۆشەویستییەی کە کامەرانی ژن و مێردیی ئەهێنێتە بەرهەم، خۆشەویستی یەکەمیانە بەڵام دوانەکەی تر بەکەڵکی ئەوە نایەن کە بکرێن بەبنچینەی ژن و مێردییەکی پڕ کامەرانی، لە شێوەیەکی تەواودا.



## خۆشەویستی چۆن پەیدا ئەبێ؟

نووسەری: ئالیس هوایت

ژنی وا هەیە کە لەسەر مێزی چای خواردنەوە دائەنیشێ یاریی بەجگەرەکەی ناو پەنجەکانی ئەکات، سەیری دوو کەڵەکەی ئەکات کە ئەچێ بەئاسماندا، ئنجا ئەڵێ:
(ئەو پیاوە چاو بڕکێم لەگەڵ ئەکات، وا دیارە ئەیەوێ بەتیری دڵداریی خۆی گرفتارم بکات!)

ئەم قسەیە ئەوەندە دوورە لە ڕاستییەوە، ئاسمان ئنجا ئەوەندە دووربێ لە زەوییەوە.

پیاو، هەرچەندە دەسکە گوڵ پێشکەشی ئافرەت بکات و بانگی بکاتە سەر نان خواردن، لە ڕاستیدا ئەو بەڕاوکەر دانانرێ، ئافرەتەکەیش بەنێچیر دانانرێ چونکە لە ڕاستیدا، خۆشەویستی لە ژنەوە دەست پێ ئەکات.

لەناو پیاوانیشدا، گێژ و وێژی وا زۆر کەم هەیە، کە خۆی فڕێ بداتە ناو دڵدارییەوە لەگەڵ ئافرەتێکدا کە هیچ بابەخێکی پێ نەدابێ.

ڕەنگە پیاو لەوە سەری سوڕبمێنێ. کە بۆی دەربکەوێ کچەکە خۆی لەپێشدا ڕاوی ئەوی کردووە. ئەو بووە ڕازاوەیی و شۆخوشەنگی خۆی، جار لەسەر جار، بۆ ئەو دەرخستووە، ئەوبووە فڕوفێڵبازانە داوی بۆی ناوەتەوە، وردە وردە تاڵە دەزووەکانی داوەکەی لوول داوە لە قاچی ئەوی ئاڵاندوە تا تێیی کەوتووە.

کەچی لەوە دوایش وای لێ کردووە دوای کەوێ و لەپاش چاوی کەسانی تردا وەک ڕاوکەر خۆی بنوێنێ.

ئەمە سروشتێکی ئافرەتانەیە، هەر لە کۆنەوە تیا جێگیربووە وێنەیەکی ئەمە لە (دیانا)دا ئەبینی کە یۆنانییەکان بە(خوای ڕاو)یان داناوە یۆنانییەکان وایان وێنەکێشاوە کە بۆ نێچیرەکانی خۆی چۆتە بناری شاخێک کە خواکان لەوێدا ڕایان بواردووە کە خواکان ئەویان چاوپێکەوتووە، بەتیری دڵداریی ئەو گرفتاربوون، ئنجا کەوتوونەتە دوای، کەچی لە ڕاستیدا ئەو دەستی کردووە بەڕاوکردنی ئەوان.

لە سەردەمەکانی ناوەڕاستدا، کە سوارچاکەکان بە بەربالآ پەنجەرەکانی خۆشەویستەکانیاندا ئەهاتن و ئەچوون و بەدەستیانەوە دەسەسڕەکانی یارەکانیان ڕائەوەشاند، کێ ڕاوکەربوو؟ ئەو کچە ڕاوکەربوو کە دەسەسڕەکەی خۆی بۆ فڕێ ئەدایە

خوارەوە، یاخود ئەو شۆڕەسوارە ڕاوکەربوو کە دەسەسڕەکەی ئەوی ئەقۆزتەوە، کە بۆیەکا بۆی فڕێ ئەدایە خوارەوە ڕووی تێ بکات و گرفتاری دڵداریی ببێ؟...

چەکی ئافرەت، لەڕاوکردنی پیاودا، جوانییەکەیەتی...

هەموو ژنێک، لە هەموو تەمەنێکیا، ئەتوانێ پەنا بەرێتە بەر ئەم چەکە. پەیمانگاکانی ئارایش دان و جوان کردن لە هەموو شوێنێکدا هەن، شتی وا ئەکەن پیاو سەری لێ سوڕئەمێنێ.

جا ئەگەر لاوێکت چوو بەدڵاو بۆیشت دەرکەوت کە ئەگەر ببێتە مێردت کامەرانت ئەکات لە ژیانتا، لەپێش هەموو شتێکا تێ بکۆشە بۆ ئەوەی چاوت پێی بکەوێ.

دیارە ئەوەیش باش نییە کە بەڵێنێکی بدەیتێ بەنامەیەکی تایبەتی، یان بەتەلەفۆن، کە بتبینێ. نەکەی وا بکەیت وا باشترە کە شارەزای هەڵسان و دانیشتنی ببیت.

پاشان دۆستێکی خۆت بدۆزیتەوە، یاخود ڕێگایەکی وا بدۆزیتەوە کە وەک هەموو ئافرەتێکی بەپەند و فڕوفێڵبازی خۆتی پیشان بدەیت و قسەی لەگەڵ بکەیت.

هەنگاوێکی دووەمیش ئەوەیە کە تێ بکۆشیت زۆر چاوی پێت بکەوێ ئەویش بەوە پێک دێ کە زۆر بچیتە ئەو جێگایانەی کە ئەو هاتووچۆیان ئەکات ئەوساکە هەلت بۆ هەڵ ئەکەوێ کە پێی بگەیت و گفتوگۆیشی لەگەڵ بکەیت ئەبێ ئەوەیشت لەبیر نەچێ کە خۆتی بەجوانترین بەرگ و شێوەوە پیشان بدەیت، تا لە هەموو کچێکی تر زۆرتر دڵی کێش بکەیت ئەگینا ڕوو ئەکاتە کچەکانی تر، نەک تۆ.

ئنجا ئەگەر توانیت کار لە دڵی بکەیت و هەردووکتان بوون بەدۆستی یەکتر، تێ بکۆشە گرفتاری خۆتی بکەیت دیارە کە بەهۆی دۆستایەتییەکەتانەوە، هەلتان بۆ هەڵ ئەکەوێ بۆ چوونە گەڕان و جێگای بەزموڕەزم. وریابە، خۆش وەرام بیت، گفتوگۆیشت شیرین بێت بەڵام نەکەیت چەنە بازیی بکەیت.

خەریکی جل و بەرگیشت بە، بەجوانی تیا بڕازێیتەوە بەڵام نەکەیت وەک نەدی و بدی و خۆت دەربخەیت جا لەبەر ئەوەی کە پیاوانی ئەم سەردەمە دڵیان بەکچی لەش سووکدا ئەچێ کە گورج و گۆڵ و ئازا و وریابن حەز لە مەلەکردن و یاریی تەنس و وەرزشەکانی تر بکەن ئەگەر زانیت کوڕەکەیش حەز لەو شتانە ئەکات، ئەوا تۆیش خەریک بە فێریان بیت.

بەڵام... نەکەیت وا بکەیت ئەو تێ بگات کە ئەمانە لەبەر دڵی ئەو فێر ئەبیت چونکە پیاو حەز بەوە ئەکات کە خۆی ڕاوی کچ بکات، نەک کچ ڕاوی ئەو بکات.



لەبەر ئەوە پێویستە وازی لێ بهێنیت، کە هەروا بزانێ خۆی ڕاوی تۆ ئەکات نەوەک ڕۆژێک بێت و بیداتەوە بەچاوتا کە تۆ دەستت کردووە بەدڵداریی لەگەڵ ئەودا و تۆیش بوویت، هەمودەم تێکۆشاویت تا ئاگری دڵداریی لەناو دڵیا بکەیتەوە.

جا کە زانیت ئاگرەکەت لە دڵیا کردوەتەوە، ئیتر وازی لێ بهێنە، مەچۆ بەدوویا، بام ئەو خۆی بێت بەدووتا و ڕاوت بکات چاوپێکەوتنی زۆریشی لەگەڵدا مەکە بیانووی بۆ بهێنەرەوە کە لەبەر فرمانی زۆر دەستت نا پەرژێ بیبینی چونکە کەم کردنەوەی چاوپێکەوتن ئاگرەکەی ناودڵی زۆرتر گڕ تێ بەرئەدا. دوایی کە لەبەر پێتا کەوت و خۆی دا بەزەویدا، بپارێتەوە لێت شووی پێ بکەیت، ئەوەت لە بیر نەچێ کە خۆتی لێ بخەیتە ئاسمان و وایشی تێ بگەێنی کە هیچ ئەوەت بەدڵا نەهاتووە پێویستە بەسەرسوڕمانێکەوە سەیری بکەیت و گوێ لە خواستەکەی بگریت.

بەکورتی ئەوی دڵداریی ئەبزوێنێ لە دڵی پیاودا هەر ئافرەتە چونکە ئافرەتی وت و وریا و شارەزا، وا لە پیاو ئەکات کە دڵی بچێتە سەری، پاشان دڵ پیا چونەکەیشی وا لێ ئەکات کە ئەگەر خۆی وازی لە پیاوەکە هێنا، ئەو وازی لێ ناهێنێ و بەدوویا ئەچێ جا ئەگەر ئافرەتێک وابێ، پیاوەکە هەر چەندێک سەرساردبێ و حەز لە ئافرەت نەکات، وای لێ ئەکات کە ببێتە دڵدار و هاوسەری.

## نیشانەی خۆشەویستی ڕاستەقینە

نووسەری: ڤەرجینیا فاندواتەر

ئێمە لەناو جیهانێکی پڕ داهێنانی سەیردا ئەژین کەلوپەلی وامان هەیە، کە ئەتوانین گرانیی پەڕێکی پێ بکێشین[١] ئەستووریی داوی جاڵجاڵۆکەیەکیشی پێ بپێوین تا ئەندازەیەکی وا کە سەدیەکی درهەمێک یاخود سەدیەکی سانتیمەترەیەکی پێ بخوێنینەوە هەروەها ڕێگای وایشمان دۆزیوەتەوە، کە چاکی و خراپی بەردە بەنرخەکان، زۆر بەباشی، تاقی بکەینەوە کەچی لەگەڵ ئەوەیشا کەس هەتا ئێستا، شتێکی وای دانەهێناوە کە دڵدارەکان بتوانن ڕاستی هەستی ناو دڵی خۆیانی پێ تاقی بکەنەوە: ئاخۆ ئەو هەستە بریتییە لە دڵ پیاچونێکی ڕووت، یاخود ناوبانگێکی لەناوچووە، یان دڵدارییەکی ڕاستەقینەی وایە کە بەپاکی و بێ گەردیی و دڵسۆزیی هەتا سەر ئەمێنێتەوە.

(١) یان: قورسایی پەڕێکی پێ بکێشین.

جا ئەگەر هەموو کچێک بیتوانیایە هەستەکەی دڵی خۆی باش شی بکاتەوە و، ورد لێکی بداتەوە، ئەیتوانی کامەرانی خۆیشی و کامەرانی ئەوکەسانەیش کە هۆگری بوون دەست بخاو بپارێزێ بەڵام ئەوە کەم ڕوو ئەدات.

لە ڕاستیدا زۆربەی کچەکان، لەپاش شووکردن هۆشیان دێتەوە سەر خۆیان کە ئەوەی بەدڵداریی ڕاستەقینە یان داناوە، بەڕووکەش و سەرزاریی دەرچووە دوورنییە ژنەکە نەتوانێ خۆی بەرەڵڵا بکات یاخود نەیەوێ خۆی بەڕەڵڵا بکات لەبەر ناچاریی ئیتر هیچی بۆ نامێنێتەوە ئەوە نەبێ، کە هەموو ژیانی خۆی بەهەناسە ساردیی و سەرگەردانییەوە ڕابوێرێ.

ئەڵێن یەکێ لە نیشانەکانی خۆشەویستی ئەوەیە، کەکچەکە ئەو کوڕەی خۆشی ئەوێ، وەک سەردارێکی بێتە پێش چاو لەناو پیاواندا، بام کوڕەکە لە لەش و هۆشدا، ئەوەیش هەڵنەگری لە ڕاستیدا، ئەوە نیشانەیەکی ڕاستە، بەمەرجێ کچەکە بەتەواوەتی لەوە دڵنیابێ، کە ئەو کوڕەی لە هەموو پیاوێکی تر بەدڵ ترە، بام ئەوان جوانتریش بن لەو، خۆیشیان نزیک تر بخەنەوە لەو، بەهەموو بایەخ پێدان و دڵ ڕاگرتنێکیانەوە.

هەروەها یەکێ لەو نیشانە ڕاستەقینانە ئەوەیە، کە ماوەی دەزگیرانی وای دائەنێین کە ئەم ماوەیە تا ساڵێک بخایێنی؛ لەگەڵ کوڕەکەی دەزگیرانتا بەتەنیا، هەر هەفتەی چەند کاتێک بەخۆشی و کامەرانییەکی تەواوەوە بەسەر بەریت، لە گفتوگۆکردن و گوێ لێگرتنیشی خۆشییەکی تەواو وەرگریت بەکورتی هەتا لەگەڵ دەزگیرانەکەتا بیت، دڵخۆش و کامەران بیت بێ گومان ئەوەیش نیشانەیەکی خۆشەویستییە بەڵام ئەگەر تۆ لە گفتوگۆکردنیدا، یاخود لەگەڵ ڕابواردنیدا، هەست بە وەڕس بوون بکەیت، بێگومان تۆ خۆشت ناوێ چونکە خۆشەویستی و وەڕس بوون لە یەکتر، پێکەوە کۆنابنەوە.

بەڵام پێویستە لەوە دڵنیابیت کە هۆی کامەرانییەکەت هاودەمی دەزگیرانەکەتە، نەک بابەتی ڕابواردنەکەتان وەک سینەما و بەزمگا و گەشتوگەڕانی تەنیایی و چێشتخانە چونکە بۆی هەیە تۆ وابزانیت ئەو کوڕەت خۆش ئەوێ کە بۆ ئەم جۆرە شتانە بەپەرۆشە، کەچی لە ڕاستیا خۆت حەز لەو شتانە ئەکەیت، نەک لە کوڕەکە خۆی، جا ئەگەر وابێ، ئەوا پێویستە پێت بڵێم کە ژیانی ژن و مێردیی زۆر جیاوازە لە ژیانی دەزگیرانی و پێش دەزگیرانی دوورنییە دەزگیرانەکەت، کە وەک (حاتەم) دەست بڵاوبووبێ لەپاش مارەکردنت ئەوەندە دەست قووچاوی لێ بێت ئەوسەری دیار نەبێ، بێ ئەمەی لە سەروسامانەکەی شتێک کەم بوبێتەوە جا ئەگەر ئەو، (خۆی)، نەبێ کە دڵی کێش کردوویت، هەڵپەڕکێ و



سەما و ئاهەنگی نان خواردن بێ لەگەڵ ساز و ئاواز، شووکردنەکەت بەو کوڕە، تەنگوچەڵەمەیەکی گەورەی لە دوا ئەبێ.

دڵداری ڕاستەقینە هەرچییەک لەملاو لەولای خۆیدا ئەبینێ بەلایەوە جوانە بەلایەوە وایە کە پەلەوەر باشتر ئەخوێنن لە جاران، لە ڕۆژی هەرە تەمومژیشدا ئاسمانی بەڕووناکی دێتە پێش چاو، گوڵەکانیش نازەنینتر و جوانتر و بۆن خۆشترن، ناشیرینی بەجوان دێتە پێش چاو، جوانیشی لەلا جوانترە لەگەڵ خۆشەویستییەکی ڕاستەقینەدا، دەروون بڵندتر ئەبێتەوە، مرۆڤیش کەسانی تری زۆرتر خۆش ئەوێ زۆرتریش حەز بەچاکەکردن ئەکات، هیچ شتێکیش نایەتەوە بەبیریا کە ناوی خۆپەرستی و خۆ پەسەندیی بێ.

هەر کەسێکیش کەوتە ناو خۆشەویستییەوە، ئارەزوویەکی زۆر بەهێزی لە دڵدا پەیدا ئەبێ، بۆ خۆپێش خستن لە ڕووی لەش و ڕەوشتەوە، لە بابەت قسەو کردەوەوە چونکە ئەو کچەی گوێ نەداتە سەرو سیماو ڕووکەشی خۆی.

باکی ئەوەیشی نەبێ کە بەقژێکی بژ و شێواوە وە چاوی پێت بکەوێ، بەدەمودانێکی نەشۆراوەوە قسەت لەگەڵ بکات، لەوە دڵنیابە کە ئەو کچە هیچ خۆشەویستییەکی لە دڵانییە بەرامبەر بەتۆ.

جا ئەگەر هاتوو لەگەڵ ئەم هەموو کەموکوڕییانەیشدا هەر خۆشت ویست، بێ گومان خۆشەویستییەکەت، خۆشەویستییەکی کوێرانەیە نەک ڕاستەقینە بەڵام دڵتەنگ بوونت لەوەی کە کەسانی تر یەجگار بایەخی پێ ئەدەن و دڵی ڕائەگرن، نابێتە نیشانەیەکی تەواوی خۆشەویستی چونکە بەر بەرەکانێ، بێ دڵ پیسی و خۆپەرستی ڕوونادات لەگەڵ دوو دڵی و خۆپەرستیشدا، هەرگیز ناگونجێ، خۆشەویستی گەشە بکا و بەر بدات لەلایەکی تریشەوە، خۆشەویستی ڕاستەقینە، باوەڕ پێکردن و پشت پێ بەستنێکی تەواوی پێ ئەوێ: باوەڕ پێکردنی تەواو و دڵ کرمێ یی و بەربەرەکانێیش لەگەڵ یەکدا هەرگیز کۆنابنەوە چونکە هەر بەوەندە کە هەست بکەیت بەدڵتەنگی و بەربەرەکانێ کە دەزگیرانەکەت قسە لەگەڵ کچێکی تردا ئەکات، یاخود نامەی لە ئافرەتێکەوە بۆ دێ، ئەوەت بەبیردانەیە کە ئەو کوڕەت خۆش ئەوێ.

ئەمە با لەمنەوە ئامۆژگاریی بێ بۆ تۆ، کە ئەو ژن و مێردییەی لەسەر ئەو خۆشەویستییە پێک بێت کە ئەوە نیشانەی بێت، ژن مێردییەکی پڕتەنگوچەڵەمە ئەبێ.

زۆربەی پیاوان و ژنان و خۆشەویستی ئەچێتە دڵیانەوە، یاخود وا ئەزانن کە خۆشەویستی چۆتە دڵیانەوە، نەک جارێک ئەوەیان لێ ڕوو بدات، بەڵکو زۆرجاری وا کە

له ژماره نایەت دوایی بەوە ئەبڕێتەوە کە یەکێک لەوانە هەستی ڕاستەقینە بکات بەوەی کە بەڕاستی تووشی دڵداریی بووە، ئەوەیش بەزۆریی بەژن و مێردییەکی پڕ کامەرانی دوایی دێت بەڵام ژن و مێردییە پڕ سەرگەردانییەکان ئەوەتان کە کوڕ بێ یان کچ، هەر کەسێکی هاتە بەردەم، ژن و مێردیی لەگەڵا ئەبڕێنێتەوە بەڵام نەک لەسەر بنچینەی خۆشەویستی بەڵکو لەسەر بنچینەی ئەوەی کە بەو هۆیەوە کچەکە ئەبێتە خانم، ئەبێتە خاوەن ماڵ، یەکێکیشی دەست ئەکەوێت کە بەخێوی بکات.

لەگەڵ ئەوەشا من نامەوێ زۆر سەر زەنیشتی ئەو جۆرە کچانە بکەم دوورنییە کە بیانوویەکی وایان بەدەستەوە بێ ڕێزی لێ بگیرێ ئەویش لەبەر ئەوەیە کە هەموو کچێک لە توانایدا نییە چاوەڕوانی شووکردن بێت، تا هەلێکی باشتری دەست بکەوێت هەروەها چاوەڕوانی کردنی مێردی هەرە ناوازە، دوورنییە کە نەیگەینێ بەکامی خۆی، بەڵکو بیگەێنێ بەو دەستە کچانەی کە تاسەر بێ مێرد ئەمێننەوە.

لەگەڵ ئەوەشا ناچارم کە هەموو کچێک ئامۆژگاریی بکەم، ئەو کچانەی کە هەر بۆ مێرد پەیداکردن شوو ناکەن کە نابێ شوو بکەن بەهیچ کوڕێک تا بەتەواوەتی لەوە تێ نەگەن کە بەدڵ خۆشیان ئەوێن، ئەوانیش بەدڵ ئەوانیان خۆش ئەوێ.

## ژنەکەت چۆن هەڵ ئەبژێری؟

نووسەری: گۆڤاری وەرزش

گرنگترین کارەساتی ژیانی مرۆڤ سێ شتە: لە دایک بوون ژن هێنان، مردن.

مرۆڤ لەدایکبوونی خۆیی بەدەستی نییە، مردنیش تا ئەندازەیەکی کەم نەبێ، ناتوانێ کاری تێ بکات، ئەویش بەهۆی خەمخۆریی لەشی و تەندروستییەوە، ئەتوانێ کەمێک دووری بخاتەوە بەڵام لە ژن هێناندا، هەموو کەسێ ئەتوانێ بەسەربەستی ژنی خۆی هەڵبژێرێ.

هەندێ کەس کە دوارۆژی خۆیان وێنە ئەکێشن، هەتا نەگەنە پایەی پەسەندکراوەی خۆیان، بەدوای ژن هێناندا ناگەڕێن.

بەڵام (کیوٚپید) لێ ناگەڕێ، ئەمە سەربگرێ لە پڕ کچێک پەیدا ئەبێ و ئەو پێڕەویی ژیانە بەو کوڕە تێک ئەدا.

لەناکاو کوڕەکە ئەکەوێتە ناو داوی دڵدارییەوە، بێ ئەمەی نیازی هیچ شتێکی بووبێ.



ئیتر لەوساوە کوڕەکە ئەکەوێتە ژیانێکی ترەوە هەموو بیر و هۆشی دێتە سەر ئەوە کە ئەو کچەی تاڵانی دڵ و گیانی کردووە، مارەی بکات.

بەڵام ئەو پیاوەی نەکەوتبێتە داوی دڵدارییەوە، کە کاتی خۆی هات، بۆ ژن هێنان، دەست ئەکات بەهەڵبژاردنی کچێک لەناو کچەکانی خزمیا، یاخود لەناو کچە ناسیاوەکانیدا کچێکی وا دێتە پێش چاو کە ئەتوانێ یارمەتی بدات لەسەرکەوتنی ناو ژیاندا، چونکە ئەیبینێ وریایە و بەهیوایە و حەز لە بڵندیی ئەکات کچێکی تریشی ئەچێت بەدڵا، چونکە خاوەنی چێشکەیەکی جوانە و شارەزای ڕەوشت و خووی کۆمەڵایەتییە.

کچێکی تریش ئەچێ بەدڵیا، چونکە خوێندەوارییەکی باشی دەست کەوتووە.

کچی چوارەمیش ئەبینێ، کەیبانوێتی پڕ بەپێستێتی، حەز لە ژیانی خێزانی ئەکات و ئەیشتوانی بیبات بەڕێوە کچی پێنجەمیش، تا بڵێی جوانەو شەنگوشۆخە و ڕازاوەیە ئاخۆ ئەبێ کام کچیان هەڵبژێرێ، تا لە ژیانی ژن و مێردییدا کامەرانیی دەست بکەوێ؟

زۆری وا هەیە ئەڵێن کەیبانووەکەیان لە هەموو چاکترە. هەڵی بژێرێ بەڵام ئەبێ ئەوە بزانین کە هیچ کچێک نییە نەتوانێ ببێتە کەیبانوو، بەمەرجێ (کیوٚپید) فرمانی خۆی باش هەڵسوڕاند بێ.

لە ڕاستیدا، هیچ دەستورێک لەوە چاکتر نییە، کە پیاو ئەو کچە هەڵبژێرێ کە هەر لەبەر کەسایەتیی خۆی کچەکە حەزی لێ کردبێ واتا کچەکە گوێی نەدابێتە سایە و پایە و مایەی کوڕەکە، یاخود ئەو شتانەی کە کچی پێ چەواشە ئەکرێ.

جا ئەگەر پیاوەکە نەیتوانی بڕیار بدات کام کچ لەو کچانە بەکەڵکی دێ پێویستە ئەو کچەیان هەڵبژێرێ کە ئەزانێ ئامادەیە بۆ خۆ بەخت کردن لە پێناوی کامەرانی ئەودا بەڵام ئەوەت لەبیر نەچێ، ئەو خۆشی و کامەرانییەی کە لە ڕۆژانی دڵدارییدا دەستت ئەکەوت و گەشکەداری ئەکردیت، کە کەوتیتە ناو ژیانی ژن و مێردییەوە نە باوکێتی، نە دایکێتی، هیچیان بەئاسانی و خۆشی ناچنە سەر. لێ پرسینەوەیەکی گەورەیان لەدوایە، ئەرک و ئازارێکی وایان تیایە، کە خاوەن لەشێکی بەهێزی تەواو نەبێ، دەرەقەتی نایەیت.

ئەوە مەرجێکی بنچینەییە ئەگەر چاو لە هەموو شتێکی تریش بپۆشیت، پێویستە ژنەکەت وێنەیەکی بڵندی ئافرەتی تەواو بێت ئەبێ لەشێکی بەهێزی دروست و چالاکی هەبێ، لەوانە بێ کە وەک پیاوێک دڵی تۆ دامرکێنێتەوە، هەروەها بەرەیەکی وایشی لێ بکەوێتەوە کە ئەوەندە جوان و بەهێزبن، دڵی خۆت و ژنەکەت پڕ لە کامەرانی بکەن.

جا ئەگەر ئەتەوێ کامەران بیت بەژن هێنانەکەتەوە پێویستە ئەوەت لەبەر چاو بێت هەروەها هەموو کچێکیش ئەبێ ئەوەی لەبەر چاو بێت.

پێش ئەمەی دەست بکەیت بەدڵداریی هەروەها پێش ئەمەی بڕیار بدەیت کە پیاوێک لە پیاوان بەکەڵکی ئەوەت دێ کە ببێتە هاوسەرت لە ژیانتا چاوەکانت باش بکەرەوە بزانە ئەو پیاوەی دڵت پیاچووە لەوانەیە کە هەڵ بگرێ دڵداریی لەگەڵ بکەیت، لەوانەیشە کە بتوانی ببێتە ئەو هاوسەرەی کە ئاواتت بۆ خواستووە؟

لەناو پیاواندا، هی وا هەیە کە بەرگ و پۆشەنییەکەی دڵت کێش ئەکات، کەچی لە ڕاستیدا نرخیان لە نرخی ئەو پەیکەرانە زۆرترنییە کە خاوەن کۆگانی بەرگ فرۆشتن، لە جامخانەکانی پێش کۆگاکانیاندا دایان ئەنێن.

ئەوانە، ئەوەیان لە دەست نایەت کە ئەوەندەی ژنەکانیان هەڵ ئەگرن، خۆشەویستییان تیا بەخت بکەن چونکە ئەوانە ناشێن، نازانن لەشی مرۆڤ پێویستی بەچییە هەروەها کردەوە و ڕەوشتی پیاوی تەواویشیان لێ ناوەشێتەوە.

ڕەنگە کەینەوبەینەی سامان، جێگایەکی گەورەی هەبێ لە ژن هێناندا بەڵام ئەبێ ئەوەیشمان لەپێش چاوبێ کە هەموو ئافرەتێک، پێش هەموو شتێک مافی ئەوەی هەیە کە ببێتە خاوەن مێردێکی تەواو، واتا پیاوێکی تەواو ئەگەر دوو مێردیان پێشاندایین، یەکێکیان دەوڵەمەند بوو، بەڵام پیاوەتی ناتەواو بوو یەکێکیشیان هەژاربوو، بەڵام خاوەنی لەشێکی تەواو دروست بوو.

تۆ پێویستە مێردەکەی دووەمیان هەڵبژێریت.

خانووی گەورە و ناوازە، لەگەڵ پیاوێکی کز و لاوازدا، زۆر جاری واهەیە، ئەبیتە تەماشاگایەکی مەرگەساتی وەها کە لەژیاندا لێی ناخۆشتر و پڕ ئازارتر نەبۆتەوە زنجێکی گەدایییش لەگەڵ پیاوێکی بەهێزی لەش تەواودا – پیاوێکی وابێ کە ژنێکی وەک تۆ دڵخۆش بکات و تۆیش بە هەموو دڵ و گیانێکتەوە خۆشت بوێ – لە توانایدا هەیە کە هەموو ژیانت پڕ بکات لە گەشی و خۆشی و کامەران. کامەرانی هەر بە شتومەک پێک نایەت بەبابەتی کیانیش پێک دێ پێویستی خواردنیش، پێویستی خۆشەویستی بەدوادا دێ خۆشەویستی ڕاستەقینەیش لە دەست پیاوی لەش تەواو و تەندروست نەبێ ناوەشێتەوە بەڵام نیوە پیاوان بۆ ژیانی ژن و مێردیی ناشێن و بەکەڵک نایەن.

پیاوی بەهێز ڕەنگە کەمێک وشک و ڕەق بێ ڕەنگە چاو بازیی و پشی پشی کردن و



پیاهەڵدان باش نەزانێ بیکا... بەڵام ئەو لە هەزار پیاوی ناسکی کز و لاوازی وەک ژن چاکترە.

لە ڕاستی ژن هێنان هەر بۆ ئەو پیاوانە ئەشێ کە تەندروست و بەهێزن و لەش و هۆشێکی تەواویان هەیە هەر ئەوانەن کە خۆشەویستی تا سەریان پێ ڕەوایە چونکە هەر ئەوانەن کە ئەتوانن ئەو خۆش ویستنەیان خۆش بوێت، کە هەموو ئافرەتێک ئاواتی بۆ ئەخوازێ هەروەها هەر ئەوانەیشن کە ئەتوانن ئەو منداڵانەت بۆ دروست بکەن کە لە جوانی و بەهێزیدا لە ڕادەیەک دان، کە ئەتوانن تۆیش و مێردەکەیشت دڵخۆش و کامەران بکەن.

## خۆشەویستی خۆت چۆن ئاشکرا ئەکەیت؟

نووسەری: کیوپید

* بەچیرۆکێکی درێژ وەڕەسی مەکە، بەدوو قسە بیبڕێنەرەوە.
* واز لە قسەی پێچوپەنا بهێنە، ڕاستەوخۆ مەبەستی خۆت دەربخە.
* واز لە قسەی ئەملاوئەولا بهێنە چونکە کارتێ کردنی ڕاستەوخۆ نەبێ، بەکار نایەت.
* تا پێت ئەکرێ خۆت لەوە دووربخەرەوە کە پێشەکی قسەت ئامادەکردبێ، یاخود لە نووسراوانەوە ئەو قسانەت وەرگرتبێ یان لە تاقی کردنەوەی کچانی ترەوە فێربووبیت بیلێیت.
* هەر لە یەکەم چاوپێکەوتنتانەوە، دڵداریی خۆت بۆ کچەکە دەرمەخە و داوای شووکردنیشی لێ مەکە بەڵکو خۆت بگرە تا تەواو تێی ئەگەیت کە بەکەڵکی ژیانی ژن و مێردیت دێ، ئنجا دڵی خۆتی بۆ ئاشکرا بکە.

## ماچی یەکەم

نووسەری: ئیفیت شانون

ماچ بۆنی گوڵی هەستە، تریفەی مانگەشەوە لە ئاسمانی دڵدارییدا دڵداریی بێ ماچ، وەک هاوینێکی بێ هەتاو، یان وەک گوڵێکی بێ بۆن، یاخود گۆرانییەکی خۆش وایە کە گۆرانی بێژەکەی جوان نەبێ.

هەرچی ئەرک و ئازارێکی جیهان هەیە هەر لە سەردەمی (حەوا)وە هەتا ئیمڕۆ، هەروەها لە سەردەمی ئەو ئافرەتەدا کە لچ و لێوە جوانەکانی ئەو لەشکرەکانی (ئاشور)ی رەوانە ئەکرد بۆ سەر رێگای سەرکەوتن و خۆیشی لە شورەکانی (نەینەوا)وە سەیری ئەکردن... هەروەها لەسەردەمی ئەوکەسەدا کە خۆی فڕێ ئەدایە سەر لاشەی (جولیت) تا لەگەڵیا بچێتە ناو گۆڕێکەوە، هەردووکیانی تیا بمێننەوە... ئەم هەموو ئەرک و ئازارانەی ژیانە ئەو هەموو خەموخەفەتانە کە لە دڵدا کۆ ئەبنەوە، هەروەها ئەو هەموو تاوە شیرینە خۆشانە کە لەم جیهانە ئەدزرێنەوە، ئەوانە، هەموویان لەو تاوەدا ئەتوێنەوە و ئەچکێنەوە کە لەدرزی لێوەوە گیان سەیری گیان ئەکات بەهۆی ماچێک لە ماچەکانی دڵدارییەوە تەنیا رێگایەک کە هەبێ بۆ ئەوەی ئافرەت وا لێ بکەیت، کە بەقسەت بکات ماچ کردنە، جاری وا هەیە ئافرەت ئەگریی و فرمێسکەکانی بەهیچ وشک نابنەوە نە بەقسەی ژیرانە و تێگەیشتوانە، نە بەهەرچی قسەیەکی زرنگ هەیە لەسەر زەویدا تۆیش وا ئەزانیت کە بەخۆڕایی ئەگریی بەڵام تۆ زۆر دووریت لە ڕاستییەوە ئەو ئافرەتە لەبەر هیچ ناگریی لەبەر بێ ماچی نەبێ دوورنییە خۆیشی ئەوە نەزانێ بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە، هەڵەی هیچ تیانییە.

بۆ تاقی کردنەوەی ئەم قسەیە، ئەتوانیت ماچێکی بکەیت کە سەیر ئەکەیت دەمودەست ژیر ئەبێتەوە و بێ دەنگیش ئەبێ لە ڕاستیدا، بۆ فرمێسک نەڕشتنی کچان، هیچ چارەیەک لە ماچ کردن چاکتر نییە.

ئەڵێن بۆ مل کەچ کردن بەپیاوان، لەشکر بەکارهێنان و تۆپ تەقاندن بەکار دێت بەڵام نەهێزی تۆپ. نەهێزی لەشکر، هیچیان ناگەنە هێزی دوو لێوی جوانی ئافرەتی جوان.

(ڕیشیلیۆ) ئەیگوت پێنووس لە شیر بەهێزترە ئەوەیش قسەیەکی ڕاستە، بەمەرجێ پێنووس لە دەستێکی بەهێزتردا بێ لەو دەستەی کە شیری هەڵ گرتووە بەڵام ماچ لە هەردووکیان بەهێزترە، لەلایەن ئافرەتەوە بکرێ، یان لەلایەن پیاوەوە.



هیچ قسەیەکی ژیرانەی پیاو ناگاتە ئەوەی ژن بخاتە سەر ڕێی ماچ کردن نەبێ هیچ ڕێگایەکیش بەکار نایەت بۆ ئەوەی پیاو بخرێتە سەر ڕێ، ماچ کردنی ئافرەت نەبێ ماچ کردن هەر وەک ئافرەت ئەخاتە سەر ڕێ، پیاویش ئەخاتە سەر ڕێ، ماچ کردن بۆ هەردووکیان لەشیر بەهێزترە لە بۆمبا لە گوللەی تۆپ کاریگەرترە، بام ماچ کرنێکی درۆ و چەواشە کردنیش بێ.

هەموو لاوێک زووبێ، یان درەنگ، ئەوەی بۆ دەرئەکەوی، کە هەموو کچێک حەز لە ماچ کردن ئەکات هی وایش هەیە، کاتێک ئەو ڕاستییەی بۆ دەرئەکەویّ، کە هەلی لە دەست چوبێ بەڵام ئەوەی کە هەندێ ئافرەت ئەیڵێن، حەز لە ماچ کردن ناکەن، ڕاست نییە، درۆیە، چەواشەکردنە چونکە هەموو ئافرەتێک لە کانی دڵیەوە حەز لەوە ئەکات کە پیاوەکەی خۆی ماچی بکات.

لە ماچ کردنیشدا، وەک لە هەموو شتێکی تردا هەبوو پێشینان لەسەر ڕەوشتە پروپوچەکانی خۆیان ئەڕۆیشتن وا تێ ئەگەیشتن کە مرۆڤایەتی تەواو وای پێ ئەوێ کە خۆیان بەو جۆرە دەربخەن. کچەکە، بۆ خۆی دائەنیشت و لە دڵی خۆیدا ئەیگوت: (هەرچییەکم پێ کرا کردم، بۆ ئەمەی ماچم بکات، کەچی هیچی لەدەست نەهات).

ئێمە نابێ سەرمان لەوە سوڕبمێنێ چونکە کوڕان لەوساوە هەتا ئێستا، تا ئەندازەیەکی گەورە ناشی و گێژوویژن چونکە ئەگەر کوڕە گێژوویژەکە بیتوانیایە لە شت تێ بگات، ماوەی نەئەدا بەکچەکە ئەوەندە بۆڵەبۆڵی لێ بکات.

یەکێک لەوانەیش ئەوەیە کە (لۆرد بیرۆن) بوێژی ئینگلیزی بەناوبانگ گوتوویەتی: کە حەز ناکات ئافرەتێک ببینێ، بخوات چونکە ئەوە (وەک پیشانی داوە)، جوانی تەواوی ئافرەت تێک ئەدات (بیرۆن) لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا ئەژیا ئەو سەردەمەیش، لە رووی کۆمەڵایەتییەوە، بەسەردەمێکی سەیر دائەنرێ لە مێژووی جیهاندا چونکە هەرچی وێنەیەکی باڵا و ڕەوشتێکی باو هەبوو، هەمووی گۆڕرابوو چونکە لەو سەردەمەدا، وایان دانابوو، کە ئافرەت ئەبێ ناسک و ترسنۆک و کزبێ ئەبێ پیاوی بەهێز و ئازا ڕاوی بکات ڕاوەدووی بنێ تا برستی ئەبڕێ، ئنجا پیاوەکە کچەکە بەمل ڕابکێشێ تا ئەیگەێنێتە لای پیرەمێردێکی ریش سپی؛ یاخود ڕیش ڕەنگێکی تر، بۆ ئەمەی لەسەر دەستووری ئایین و یاسا مارەیان بکات پاشان هەردووکیان بچنە دەرەوە و خۆیان وابنوێنن لەبەر دڵی لۆردبیرۆن و هەڤاڵەکانی، نەوەک چێشکەیان لێ تێک بدرێ کە نەئەخۆن، نە ئەخۆنەوە، نەیەکتریش ماچ ئەکەن، بەڵکو هەرچی ژن و مێردانی تر بیکەن ئەوان ئەوە ناکەن.

سـەیر کـەن، لەوەدا، چەند درۆ و چەند دوو ڕوویی تیـایە! تەنانەت لە سـەردەمی نۆزدەهەمیشدا، نەک سەردەمی بیستەم کە ئافرەت بوەتە وەرزش باز و لە هێزیشدا وەک پیـاوی لێ هاتووە ئافـرەت هەرگـیز نەبووە بەنێـچـیـر، ئەو هەر ڕاوکـەربووە دوورنیـیـە بەئارەزووی خۆی خۆی واپیشان بدات کە نێچیرە بەڵام لە ڕاستی دا، ئەوە هەر بریتییە لە لاسایی کردنەوەیەک، نە کەمترە، نە زۆرتر لەپێش هەموو شتێکا، ئەوە کە پیاوەکە فریو ئەدات.

وازیشی لێ ناهێنێ تاتووشی داوی خۆی نەکات پاشان دەست ئەکات بەهەڕاکردن لەبەر دەمیا، بەڵام بەشێوەیەکی وا کە لێی نەشارڕێتەوە، و هەر دەمێ ویستی بتوانێ پێی بگات ئنجا کە نزیکی بووەوە، خۆی لە دەست ڕا ئەپسکێنێ و هەڕا ئەکات جێگایەکی کەمێک دوورتر، بەڵام زۆرتر جوانیی خۆی بۆ دەرئەخات زۆرتریش کار لە دڵی ئەکات.

جا ئەم ڕەدوونانەوە درۆزنانەیە، هەر درێژە ئەکێشێ، بەناو دەشت و دەر و گۆم و زەوی و بیاباندا، لەبەر هەتاوی زستان و تیشکی مانگەشەوی هاویندا، تا کچەکە لە هەڕاکردن وەڕس ئەبێ، ئنجا کوڕەکە کێش ئەکات بۆ سەرتەوقە سەری شاخێکی بڵند بەهەناسکە برکـێـوە سـەر ئەکـەوێتـە سـەرێ، (لەبەر مـاندوێتی)، بڕ ناکـات بڕوات (هەڵ ئەنگوێ) هاوارێکی نەرم ئەکات و ئەکەوێتە ناو باوەشیەوە.

ئەو ساکە ئەویش ماچی ئەکات ئاهێکی بچووک هەڵ ئەکێشێ و سەری خۆی ئەخاتە سەر دەموچاوی کوڕەکە ماچی بێ دەنگی کوڕەکە ئەکاتەوە کوڕەکەیش لەتاو ئەو خۆشییە، دڵی دەست ئەکات بەلێدان و دڵی خۆی وا دێتە پێش چاو، کە خەریکە لە سنگی بێتە دەرەوە.

ئنجا ئەڵێ: پەککوو... خۆ ئەوە ماچم ئەکات بەڵێ ڕاستـە، ئەمە شتێکی سەیرە بەڵام ئەی گێژوویژی بچووک، شتێکی سەیری وایە، کە بۆ تۆ دروست کراوە.

ئەگەر هاتوو کچێک بەزەردەخەنە دڵکێشکەرەکانی خۆی و تیلاییە جوانەکانی چاوی کە پرشنگ ئەدەن لە دڵ، فریوی دایت پاشان بێ ئەوەی بەزەییەکی پیاتا بێتەوە، بەرپەرچی دایتەوە و بەربەستی کردیت و پشتی لێ هەڵکردیت تا وات لێ بێ هەست بەبچوکی و سووکی خۆت بکەیت. کە هەر خۆت و ئەوبن، گوێ لە قسەکانت بگرێ و خۆیشی وا پێشان بدات کە قسە شیرینەکانت سەرخۆشی کردووە و گەشکە داریشی کردووە کەچی لەبەر چاوی کچە هاوڕێکانی خۆی، لەوە، کۆنەکاتەوە کە دڵت بشکێنی، سەرزەنشتت بکات و تیزت پێ بکات... بەکەس نەڵێیت ئەو کچە حەزی لی کردوویت!



هەرکاتێ بۆی خۆشی گوڵەکان بەناو کزەبا بڵاوبووەوە.

هەرکاتێ ساز و ئاوازێکی خۆش هاتە بەر گوێت، هەرکاتێ تیشکی زیوینی مانگە شەوی جوان لەسەر جێگایەکی بەرز کەوت لەلەشتان کە ئەم هەموو شتانەتان بۆ کۆبووەوە کە لە دڵدا گیانی بوێژانە و هەستی خۆشەویستی و دڵداریی ئەبزوێنن، هیچ لەوەدا مەوێستە، دەمودەست بیگرەرە باوەشت، سنگیشی بنووسێنە بەسنگتەوە، توند بیگوشە بەخۆتەوە و ماچی بکەو، ماچی بکەو، ماچی بکەرەوە، تا خوێن لێوەکانی سوور هەڵ ئەگەڕێنێ و گەردنی بەرز ئەکاتەوە و قژی ئەکەوێتە سەر سنگت، تا وای لێ دێ کە چاوەکانی خۆی بنووقێنێ و نەوێرێ سەیرت بکات.

لەگەڵ ئەوەشا لێوەکانیت لێ ناکاتەوە ئەوساکە تێ ئەگەیت کە بووە بەهی خۆت، بووە بەهاوبەشی ژینت، خۆیشی بەوە کامەرانە.

لاوێتی پڕە لە ئازادیی و جەربەزەیی بەڵام دڵ ڕەقییەکی دڵکێشکەرەیشی تیایە ئەم ماچە سەرەتاییانەی دڵداریش ئەبێ ئازا و جەربەزە و دڵکێشکەربن.

کچەکەیش لە دەمێکەوە بۆ چاوەڕوان ئەوەی ئەکرد بۆ ئەمەی بگات بەو کامەیش گەلێک داوی نایەوە ئەوەیش دەستوورێکە لە دەستوورەکانی سروشت. لە دەستووری خوایشدا گۆڕران نییە.

## دڵداری تەواو بەلای کچێکی هەژدە ساڵانەوە

نووسەری: بتی کۆمبسۆن

هەر دەستوورێکی تایبەتی دابنێین بۆ لاوێک کە ڕەوشتی پێ بکات بەرامبەر بە کچەکەی حەزی لێ کردووە[١] بەفیـڕۆ ئەڕوا هۆی ئەوەیش ئەوەیە کە کردەوە و ڕەوشتی ئافرەت پێچەوانەی تیایە لەگەڵ ئەوەشا هەندێ دەستووری گشتی هەیە کە هەموو کچێک ئەگرێتەوە یەکەم شت کە حەز ئەکەم، قسەی لێوە بکەم ئەوەیە کە خۆشەویستی تا ئەندازەیەکی گەورە هەستێکی سروشتی بە پیاوی تەواویش، لە بابەت کەینەوبەینەی خۆشەویستییەوە پشت بەوە نابەستێ کە خوێندوێتەوە بڕوایش ناکەم کەسی وا هەبێ لە جیهاندا، کە نەزانێ کچ چۆن ماچ بکات، بێ ئەمەی کەسێک فێری بکات ئەوە هەر لە ئارەزووی سروشتی خۆیەوە فێر ئەبێ.

(١)بەڵکو: کە کاری پێ بکات بەرامبەر بەو کچەی...

چونکە ماچ کردن لە خۆیەوە ڕوو ئەدات هەرچەندە بەمەشق کردن باشتر دەرئەچێ لەگەڵ ئەوەشا پیاوی وا هەیە، لەگەڵ ئەوەشا کە ژنەکەی خۆی زۆر خۆش ئەوێ، کەچی شەرم ئەکات ماچی بکات ئەوەیش هەڵەیەکی گەورەیە، پیاو ئەبێ تێ بکۆشێ کە بەسەر خۆیا حەز ئەکات پێی بگوترێ خۆشەویستە حەز ئەکات گوێی لەو وشە نهێنییانە بێ کە هەموو هەستی داگیر ئەکات و چاوبەستی ئەکات ئەو وشانە هەرچەندی دووبارە بکرێنەوە، ئەو لێیان وەڕس نابێ بەڵام هەر بەگفتوگۆکردن واز مەهێنە چونکە کردەوە لە قسە کاریگەرترە کەواتە مەترسە لەوەی کە دەست بەریت بۆ دەزگیرانەکەت بیگرەرە باوەشت وا بکە هەست بکات بەهێز و هەڕەتت چونکە ئەو حەز لەوە ئەکات هەر هەلێکی پەسەندت بۆ هەڵکەوت ماچی بکە ماچ کردنیش هەر بۆ دەمی پێگەیشتن و لەیەک جیابوونەوە دانەنراوە بۆ هەموو دەمێک دانراوە.

لەگەڵ ئەمەشا پێویستە بزانین کە هەرکچە ڕەوشت و چێشکەی تایبەتی خۆی هەیە ئەویش بەرەو ڕووی خۆت کراوەتەوە بیدۆزیتەوە تا بەو پێیە لەگەڵ کچەکەدا بجولێیتەوە دەبێ بزانیت، چ شتێک لە هەموو زۆرتر دڵخۆشی ئەکات ئەوکاتانەیش بخەرەوە بیر خۆت، کە ئەوت بەکامەرانی تیابینیوە بیرکەرەوە، ئەو ڕۆژە چیت کردووە، کە ئەوت کامەران کردووە.

جا ئەوەی کردووتە بۆی، دووبارەی بکەرەوە بزانە دڵی بۆچی ئەچێ، ئارەزووی چی ئەکات؟ (بێ گومان ئەویش ئارەزووی تایبەتی خۆی هەیە) خەریک بە بەپێی دڵی ئەو بجولێیتەوە، ئارەزووی ئەو بەجێ بهێنیت بەڵام ئەوە مەکە بەدەستورێکی هەمووەدەمی بیخەیتە ئەندازەیەکەوە باشترە چونکە ژن وا دروست کراوە کە دوای مێرد بکەوێ نەک پیاو دوای ئافرەت بکەوێ لەهەموو شتێکا ئەمەیش ئەوە ناگەیێنێ کە زەبر و زەنگی خۆتی پیشان بدەیت چونکە ئەوە وای لێ ئەکات کە خۆی لەتو دووربخاتەوە سەرکردەیی کردن بەمەندیی و شیرینی پێک دێ جا ئەگەر ئەویش تۆزێک هۆشی هەبێ، خۆی لەخۆیەوە ئەم سەرکردەییەی تۆیە گەشە پێ ئەکات بەبۆنەی هەموو هەلێکی پەسەندیشەوە مل کەچی خۆیت بۆ ئەنوێنێ، تا لەبەر چاوت، خۆی شیرینتر بکات و، هەستیشت پێ بکات کە تۆ مرۆڤێکی، هەڵ ئەگریت نازت بکێشرێت.

کچی وایش هەیە حەز بەپیتاک و دیاریی وردە هات و، چوونە سینەما و بەزمگاو جێی هەڵپەڕین و ئەو جۆرە بابەتانە ئەکات مەبەسیشی ئەوەیە کە ئاگری دڵداریی نەکوژێتەوە ئەمەیش سەرگەردانییەکە، کە پیاو بکەوێتە داوی دڵداریی کچێکی واوە، جا ئەگەر



تووشی کچێکی وابووی، هیچت بۆ نامێنێتەوە ئەوە نەبێ، کە بەپێی ئارەزووی دەست بڵاوانەی ئەو بڕۆیت بەڕێوە، تا خوا دەروویەکت لێ ئەکاتەوە و لەم دڵدارییە ڕزگارت ئەبێ منیش ئاواتە خوازی ئەوەم کە لەپێش ئەوەدا لە دەستتا پشکێ، لێی جیاببیتەوە لام وایە پێویست بەوەیش ناکات کە پێت بڵێم:

خۆشەویستی ڕاستەقینە ئاگرەکەی بەسووتەمەنی متوموورووو خشڵ و گوڵ و سنوقە چیکۆلاتە خۆش ناکرێ چونکە خۆشەویستی ڕاستەقینە، بەپڕشنگێکی دڵ ڕۆشن ئەبێتەوە، هەر وابە ڕۆشنیش ئەمێنێتەوە تا ئەو کەسەی چراکەی دڵی خۆی داگیرساندووە، بەدەستی خۆی بیکوژێنێتەوە.

لەگەڵ ئەوەیشا، ئەوە ناشارێتەوە کە جار بەجارێک دیاریی ناردن، دڵی هەموو کچێک خۆش ئەکات و پڕیشی ئەکات لە سوپاس گوزاریی ئەویش لەبەر ئەوەیە کە هەست بەخۆشەویستییت ئەکات کەواتە لەوەدا کەم تەرخەمی مەکە نابێ هەژاریی ببێتە هۆی پێشکەش نەکردنی دیاریی چونکە ئەو کچەی خۆشەویستییەکی ڕاستەقینەی لەدڵابێ گوێ ناداتە نرخی دیارییەکە، تەنیا بایەخ ئەدات بەدیاریی پێشکەش کردنەکە.

تاقە گوڵێکی سادە و ساکار، لە توانایدا هەیە، کە دڵی ببووژێنێتەوە و پڕیشی بکات لە خۆشی و کامەرانی.

پێویستە باش تەماشای دەزگیرانەکەت بکەیت تا بەپێی ئەوەی لێی دەرئەکەوێ، پێویستی سەرشانت بەجێ بهێنێ جا ئەگەر بۆت دەرکەوت: ماندووە یاخود خەمبارە، بەپێی ئەوە تێ بکۆشە ماندوێتییەکەی بحەسێنیتەوە و خەمەکەیشی بڕەوێنییتەوە.

بیرلەوە مەکەرەوە کە کەسانی تر لە کاتی وادا چی ئەکەن ئەوە بکە کە خۆت بەباشی ئەزانیت و دڵت پێی ئەسرەوێ چونکە ئەو سرەوت و دڵخۆشی بەوە پێک دێ کە لەسەر پێڕەویی و ڕێ و شوێنی خۆت بڕۆیت بەڕێوە.

ئەوەیش بزانە کە هیچ کچێک نییە، دڵی بەوە خۆش ببێ دڵی دۆستەکەی خۆی پارچە پارچە بکات بام لەبەر چاویا وێنەیەکی هەرە بڵندیش نەبێ بەمەرجێ خۆیشی کوڕەکەی خۆش بوێ بەڵام ئەمەیش ئەوە ناگەیێنێ کە بەو خۆشەویستییەی ئەو پشت ببەستی و دڵی ئەو ڕانەگریت بەپێچەوانەی ئەوە، پێویستە تا پێت ئەکرێ دڵی ڕابگریت و هەرچی ئەو پێی ناخۆشە نەیکەیت.

وریابە لەوە کە جەربەزەیی و شتی ناکاو، بەلای ئافرەتەوە یەجگار خۆشن کەواتە ئاگات

لەوەبێ بەتایبەتی لەو کاتەدا کە پێی ئەڵێیت: حەزم لێ کردوویت و ئەمەوێ مارەت بکەم بۆ ئەوە کاتێکی تایبەتی دامەنێ پێویست بەوەیش ناکات کە وتارێکی درێژ و فراوانی بۆ ئامادە بکەیت و لە بەریشی بکەیت، پاشان بچێتە لای و لەپاش چەند بزووتنەوەیەکی شلەژاوانە وتارەکەی بۆ بخوێنیتەوە وەک شاگردێکی گێژ و وێژ بیت و لەبەردەم مامۆستایەکی سامناکدا بیخوێنیتەوە ئنجا کە لێبووینەوە، بێ دەنگ ببێت و هەناسەیەکی درێژ و قووڵی بۆ بدەیت خوەی(*) ناوچەوانیش ئەوە دەربخات کە فرمانێکی گرانت لە کۆڵ بۆتەوە. نەء ئەوە نەکەیت، چونکە ئەو لە دوورەوە هەستی بە نیازەکەت کردووە ئافرەت لەوەدا زۆرزانن هەر بەوەتا کە زۆرتر لە جاران خۆت ڕێک خستووە هەستت پێ ئەکات کە نیازێکی وات هەیە ئەویش بەرپەرچدانەوەیەکی خوشکانەی ناسکت بۆ ئامادە ئەکات، پێت بڵێ، کەچی تۆیش کە بەپلیکانەکاندا سەر ئەکەویتە سەرێ بچیتە لای ئەو، ئەوەندە دڵ پەرێشانیت، دەستت ئەگرین بەدڵتەوە، شڵەژاویی خۆت ئاشکرا ئەکەیت.

ئنجا کە فرمان بەو ئەنجامە گەیشت، تۆیش هیچت بۆ نامێنێتەوە ئەوە نەبێت کە بەدڵێکی شکاوەوە خۆشەویستەکەت بەجێ بهێڵی و سەیرێکی ئەملاو ئەولای خۆیشت بکەیت بۆ ئەمەی جۆگایەکی نزیک بدۆزیتەوە و خۆتی تێ فرێ بدەیت.

پیاو نابێ لەم شێوەیەدا، خۆشەویستی خۆی بۆ دڵخوازەکەی خۆی ئاشکرا بکات، بۆ ئەمەی بیکات بەهاوسەری خۆی بەڵکو ئەبێ، لە ناکاوێکی وا دا پێی بڵێیت کە خۆیشت بە بیرتا نەهاتبێ ئەو کاتە بیکەیت هەر دەمێ، دڵت ڕێی دایت، ئەو ڕازەی پێ بڵێ تا پێیشت ئەکرێ، بەکورتی بیبڕێنەرەوە درێژەی پێ مەدە جا ئەگەر ئەویش لەوانەبێ کە خۆشی ئەوێیت، وەرامت بەدڵی خۆت نەبێ، نەداتەوە چونکە ئەوەندەی ماوە بۆ نامێنێتەوە کە بتوانێ بەرپەرچ دانەوەیەکت بۆ ئامادە بکات چونکە دڵدارێکیش لە بەرامبەر خۆشەویستێکی ئارەزووداری بەهێزدا، هیچی بۆ نامێنێتەوە ئەوە نەبێ کە زوو خۆی بدات بەدەستەوە جا ئەوەت لەبەرچاو بێت.

منیش لەوە دڵنیام کە لەوە پاش هەرچەند ئەو ڕۆژەت بیر بکەوێتەوە، کە خۆشەویستی خۆت بۆ دۆستەکەت ئاشکرا کردووە و داوای شووکردنیشت لێ کردووە، بەکامەرانترین ڕۆژی ژیانتی دابنێیت.

پێش ئەمەی قسەکانم تەواو بکەم، حەز ئەکەم ئەوە بڵێم: کە هەر هەرزەکارێک کچێکی

(*) خۆە = (ئارەق، عرقی لەش) –وەرگێڕ–



خۆش ویست و تاماوەیەکی دوورودرێژ لەگەڵیا مایەوە، بێ ئەمەی بزانێ هەستی ئەو چییە بەرامبەری؛ هەر لەبەر ئەوەیش وابێ کە بترسێ لەوەی پێی بڵێ و ڕەنجەڕۆی بکات، ئامۆژگاریی ئەکەم کە دەمودەست بچێتە لای کچەکە و ڕازی دڵی خۆی بۆ ئاشکرا بکات، داوای شووکردنیشی لێ بکات چونکە هەر ئەم ڕێگایەیە کە ڕزگاری بکات لە دەست تاریکیی دوو دڵی و بیخاتە ناو ڕۆشنایی باوەڕەوە.

چونکە ئەو کچەی ڕێز لە خۆی بگرێت و بزانێ هەڵ ئەگرێ کە تۆ بەڕاستی خۆشت بوێ، هەرگیز ئەوە ناکات کە خۆشەویستی خۆی بەرامبەر بەتۆ ئاشکرا بکات بەڵکو چاوەڕوانی تۆیە ئەو خۆشەویستییە ئاشکرا بکەیت.

کەواتە چاوەڕوانی ئەوە مەبە، کە ئەو بیبینی پێت بڵێ:

حەزت لێ ئەکەم خۆت قسە بکە خۆ ئەگەر پەشیمانیش بوویتەوە لە قسەکەت، زۆرتر بەلای ئەوەدا ئەچم، کە پەشیمانییەکەت لەوەوە بێ کە تا ئەو ڕۆژە وەک پەیکەری (أبوالهول[1]) بەبێ دەنگی ماویتەوە.

## وێنەی هەرە بڵند

نووسەری: کارۆڵ کامیرون

کچ هەر ئەوەندە گەیشتە تەمەنی هەرزەکاریی، ئیتر گێژی بیرەوەریی ڕوو ئەکاتە دڵداریی لەپێشدا، دەست ئەکات بەوێنە هێنانە بەرچاوی خۆی، وێنەی خۆشەویستی چاوەڕوان کراوی، پاش ئەوە ڕۆژ بەڕۆژ چاوەڕوانی ئەوە ئەبێت کە خاوەنی ئەو وێنەیەی چاو پێ بکەوێ ئیتر هەر لەو چاوەڕوان کردنەدا ئەمێنێتەوە، بۆ ئەو کاتە و بۆ ئەو جێگایە ئەڕوانێ، کە لەگەڵ ئەو خۆشەویستەیداکۆببێتەوە.

بەدرێژایی ڕۆژگار، ئارام بەخۆی ئەدا، بەو بڕوایەوە کە هەر ئەبێ ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو کوڕەی کە لەناو مێشکیا وێنەی کێشاوە، لەناو کوڕاندا بیدۆزێتەوە زۆر کچی وا هەیە، خۆی وەک (لەیلا) دێتە پێش چاو، وایش دێ بەبیریا کە ڕۆژێک دێ هەموو کەس لە

(١) پەیکەرێکی گەورەی فیرعەونین میصرییە، دروستکراوێکی ئەفسانەیییە سەری ئینسانە و لەشەکەی شێرێکی ڕاکشاوە لەبەردەم هەرەمەکانی (جیزە)دا؛ درێژی ئەم پەیکەرە (١٧)ەو بەرزییەکەی (٣٩م) گریکەکان بە (سفنکس) دەیناسی، ئەمە بەیەکێک لە کارە هونەریە دەگمەنە عەجباتییەکانی دنیا دەژمێدرێ، (خفرع)ی فیرعەون لە دەوروبەری ٢٤٨٠ پ.ز بنیاتی ناوە.

بابەت (مەجنون)ەکەی ئەوەوە گفتوگۆ ئەکەن، لەم پەڕی نیشتمانەکەیەوە تا ئەو پەڕی نیشتمانەکەی.

ئەوەیش ئاشکرایە، کە کچان وەک یەک سەیری ئەم کەینەوبەینە ناکەن هەروەها شێوەی دڵداری هەریەکەیان، مێردی دواڕۆژی هەریەکەیان لەوانی تر جوێیە لەوکاتەدا کە کچێکیان وای دێتە پێش چاو کەسی ڕەنگ و باڵا درێژ و قژە زەرد و چاو هەنگوینی بێ کچێکی تریشیان وای دێتە بەرچاو کە گەنم ڕەنگ و چوارشانە و قژ و چاوڕەش بێ.

بەڵام جوانی مەرجێکی بنچینەییە لای هەموو کچێک کەچی لەگەڵ ئەوەیشا، زۆرجاری وا ڕوو ئەدا، کەلاوێکی وا ڕێ بەکچەکە بگرێ، کە لەگەڵ وێنە هەرە بڵندەکەی ناو مێشکیا بەتەواوەتی پێچەوانەبێ نە ئەو کەڵەگەتییەی هەبێ کە ئەو بۆی دانابوو لە مێشکی خۆیدا، نە ئەو جوانییەیشی هەبێ کە بەهیوای بووبێ ببێ، ڕەنگە درێژێکی وابێ کەلەرم بکات یاخود کورتە بنەیەکی وا دەربچێ کە لە بستە باڵای چل گەزریشە بکات.

بەڵکو دوورنییە کە لووت پان بێ، یاخود جێگای ئاولەهێشتا لە دەموچاویا مابێ.

بەڵام زۆری پێ ناچێ، کوڕەی فڕوفێڵباز، ئەیخاتە مێشکی کچەکەوە کە لە هەموو کانی دڵیەوە حەزی لێ ئەکات، ئەویشی لە هەموو کچێک پێی جوانترە کچەیش وای لێ دێ، هەر ناوی کوڕەکە ببەن دڵی لێ ئەدا هەرجێیەکیش ئەوی تیانەبێ خۆی بەتاک و تەنیا دێتە پێش چاو هەموو ڕۆژێکیش بەگلاراوییەکەوە چاوەڕوانی نامەبەرەکە ئەکات، کە نامەیەکی لەلای ئەوەوە بۆ بهێنێ بەڵکو بەنووسینە شریی و پڕبییەکەی و ناوەڕۆکە هیچوپوچەکەی دڵی بسرەوێ خۆ ئەگەر ڕۆژێکی بۆ دانابێ، ببینێ، ئیتر لە خۆشیدا گەشکەدار ئەبێ.

هەر کاتێکیش قۆڵی کرد بەقۆڵیا، خۆی وا دێتە پێش چاو کە قۆڵی کردووە بەقۆڵی ئەو کەسەدا کە خوا بۆ ئەوی دروست کردووە، ئەوکەسەیە کە لەجێی گشت کەسێتی، لە جێی باوکی و دایکی و هەموو مرۆڤایەتییە.

ئەویش شەوێک لەشەوان ڕازی دڵی خۆی بۆ دەرئەخات، پێی ئەڵێ: خۆشم ئەوێیت، پێی ئەڵێ:

مارەت ئەکەم، کەچی کچەکەیش بەخۆشییەکەوە لەگەڵیا ڕێک ئەکەوێ. ئاوا بەم جۆرە کوڕی ڕۆژگار بەکامی خۆی ئەگات.

کەچی ئەو کوڕەی کەکچەکە لەناومێشکی خۆیدا وەک وێنەیەکی هەرە بڵندی خۆی دایینابوو، دەستی نەکەوت. کار لەکار ترازا تازە هەی هوو!...



## هەڵەی دڵداریی

نووسەری: باون بارینگتون

هەڵە نەکەیت وابزانی کە هەر پیاوێ زۆر دەستی گرتیت و دەستی لە قژتدا، ئەتوانێ ببێتە مێردێکی باشی پاشە ڕۆژت چونکە دوورنییە کە لەپاش تەواوبوونی ژن و مێردیی، دەستەکانت وا دابنێ کە بەکەڵکی خۆی دێن، قژەکەیشت، هەر ئەوەی پێ ئەکرێ کە سەرت گەرم بکاتەوە.

هەروەها هەڵە نەکەیت وابزانیت کە ئەو کوڕەی بەلێشاو دیاریت بۆ ئەهێنێ و هەرشتێک داوا بکەیت بۆت جێبەجێ ئەکات، ئەبێتە مێردێکی باشت چونکە زۆر دڵداری دەست بڵاوی وا هەیە، کە لەپاش تەواوبوونی ژن و مێردیی هیچ کۆناکاتەوە لەوەی کە بچێ بەگژ ژنەکەیا و شرت و شۆی لێ ببڕێ، تەنیا لەسەر ئەوەی کە لەسەر (ئەرکی ماڵ) پارەی جگەرەکانی یاخود کرێی چاککردنەوەی پێڵاوەکانی بۆ نەداوە.

ئەوەیش هەڵەیە کەوا بزانیت لە یەکەم چاوپێکەوتنەوە دڵداریی دەست پێ ئەکات ئەگەر هەر ئەتەوێ لەگەڵ ئەوانەدا بسازێیت کە ئەو قسەیە ئەکەن، هەر هیچ نەبێ تا دوو سێ مانگێک لەسەریەک چاوت بەم و بەو بکەوێ و لێیان وردبیتەوە، ئنجا بڕیار بدەیت کە ئەم کوڕەیە یاخود ئەو کوڕەیانە کە لەناو هەموو کوڕاندا خۆشت ئەوێ و هەڵت بژاردووە بۆ هاوسەری ژیانت.

هەروەها هەڵەیە کەوا بزانیت هەموو ڕۆڵەیەکی دڵسۆزی دایک، ئەبێتە مێردێکی دڵسۆز بۆ ژنی خۆی گەلێک لەو ڕۆڵە دڵسۆزانەی دایکیان، بۆڵەبۆڵ لە چێشتەکانی ژنەکانیان ئەکەن، ئەڵێن وەک چێشتەکانی دایکیان خۆش نین...

زۆر لەو کوڕانە نازدارن، ڕەوشت و خویان تێک دراوە بەنازارییی، نەک هەر بەکەڵکی ڕابواردن لەگەڵ ژنێکدا نایەن، بەکەڵکی هاودەمیی سەگێکیش نایەن.

ئەوەیش هەڵەیە کە بڕوا بەو دڵدارە خوێن گەرمە بکەیت، کە هەڕەشەت لێ بکات، ئەگەر شووی پێ نەکەیت جامێک لە (ترشەلۆکی فێنک) ئەنۆشێ، یان خۆی فڕێ ئەداتە دەریاوە بۆ ئەمەی خۆی بکوژێ... ئەمانە هەموو قسەی پڕوپووچن... چونکە ئەم جۆرە پیاوانە بەکاری خۆشەویستی نایەن، بۆ کار و فرمانیش دەست نادەن نابێ بڕوایان پێ بکەیت هەروا چاکترە کە خۆیتان لێ بپارێزیت ئەوە چاکترە لەوەی کەڕۆژێک بێت، بەهۆی ئەوەوە، واز لە ژیان بهێنین.

هەروەها هەڵەیە کە دەزگیرانەکەت بەپارە بەخت کردنێکی زۆر، بەپارە بەفیڕۆدان بارگران بکەیت. هەمموودەم تێ بکۆشە، کەوای لێ بکەیت، بتوانێ بەئاسانی دڵت خۆش بکات پێویستە هەردووکتان ئەو پارەیە پاشەکەوت بکەن بۆ پاش مارەکردن.

هەڵە نەکەیت، لەگەڵ دۆستەکەتا ڕێ بکەویت، بەدزییەوە ڕەدووی کەویت ڕەنگە ئەوە لە پێشەوە خۆش بێ بەڵام ئەم جۆرە ژن هێنانە نهێنییە، لەسەد جاردا نەوەدوو نۆجاری پەشیمانییەکی بەئازاری لە دوائەبێ.

هەڵەنەکەیت، دۆستەکەت هەرچییەکی گوت یاخود نووسی، باوەڕی پێ بکەیت.

چونکە دڵداران بایەخێک نادەن بەنووسینەکانیان، هەر بەقاقەز و مەرەکەبی دائەنێن قسەکانیشیان بەپووشێک دائەنێن کە بەر با کەوتبێ تا بڵێی ناپاکییان لە دەست دێ تا بڵێی بەڵێن و پەیمانی خۆیان ئەشکێنن.

هەروەها هەڵەیە، کە کوڕێک، هەر لەبەر ڕێکوپێکی و جوانی جلەکانی بەدڵتابچێ... چونکە ئەو کوڕەی زۆر بایەخ بدات بەبریسکانەوەی نینۆکەکانی و، ڕازاندنەوەی قژی سەری، زۆرکەم بەتەنگ ماڵ و منداڵ و گوزەرانی خۆیەوە ئەبێ بەڵام ئەوانەی کە کچان ئەیاندەنە بەر کلکان، لەبەر کەم تەرخەمییان لە پاککردنەوەی پێڵاوەکانیاندا، چاکترین مێرد لەوانە پەیدا ئەبێ هەروەها نەکەیت هەڵە بکەیت، دڵت بچێتە سەر ئەو کوڕەی کە دەست لە فرمانی خۆی هەڵ ئەگرێ بۆ ئەمەی کاتێک لەگەڵ تۆدا ڕاببوێرێ چونکە پیاوی وا، لە دەستی دێ، کە زۆر بەئاسانی تۆیش بەجێ بهێڵێ هەر بۆ ئەمەی کە لەگەڵ کچێکی تردا دەست بازیی بکات هەرگیز ئەوەت لەبیر نەچێ، کە ئەوی بەدڵ و گیان خوو بداتە فرمانی خۆی هەڵی سوڕێنێ، تا بەرهەمی لێ دەربێنێ، ئەو کەسە ئەتوانێ ببێ بەمێردێکی چاکی وا کە ماڵەکەی خۆی بکات بە بەهەشتی سەر زەمین.

دوایی، ئەوەیش هەڵەیە، کە لەگەڵ دۆستەکەتابی، کاتێ کە ئەو دوای کاری ناپەسەند و داوێن پیسی بکەوێ پێویستە تێی بگەێنی کە لە ئەندازەی خۆیدا بوەستێ و لێی تێپەڕ نەکات.

داوێنی خۆیشت بەپاکی ڕابگرە ئەوەیش بخەرە پێش چاوت، کە هەتا ڕەوشت و خووت پاک و پەسەندبێ، تۆ لەناو ڕێگایەکدا ئەڕۆیت کە ئەملا و ئەولای بەگوڵ و ڕێحانە تەنرابێ بەڵام ئەگەر لە ڕێگای ڕاست و داوێن پاکی لابدەیت، دڕک و داڵت دێتەڕێ ئەو ڕۆژە نزیکەیشت لە پێشەوەیە کە لەناو سەرگەردانی و هەناسە ساردییدا، پەنجەی پەشیمانیت ئەگوشیت و لە بریتیی فرمێسک خوێن هەڵ ئەڕێژێت!...



## دڵداریی باو

نووسەری: ئەلینۆرگلن

ئاخۆ دڵداریی هەرهی ئەوانەبووە کە لە سەرەتای مرۆڤایەتیدا ژیاون؟... ئایا هەر بابەتی ئەو سەردەمە کۆنە بووە، کە (ڕۆمیۆ) قسە چاوبەستەکانی خۆی ئەچرپاند بەگوێی (جولیت)دا؟... ئاخۆ دڵداریی، هەر بەهی ئەو سەردەمە دائەنرێ، کە پاڵەوانانی دڵداریی ناو مێژوو و ناو چیرۆک، لەسەر ماچ کردنێک، یاخود لەسەر دەست گوشینێک، یان لەسەر پەیمانێکی دڵداریی و دۆستایەتیی ڕاستەقینە، خۆیان تووشی کوشتن و تەفروتوناکردن ئەکرد؟

یاخود ئەوە هەر شتێکە نووسەرانی چیرۆک نەبێ نایزانن، ئەوانەی کە جاروبار کارەساتی دڵداریی وای ئەم سەردەمە پارە پەرستیەی تیایا ئەژین، ئەخەنە بەر دەممان ، کە هەست ئەبزوێنن و دەروونیش گرتێ بەر ئەدەن کەچی ئەندێشەیان هەر چەندێک تیابێ، لەچاو ئەو چیرۆکانەی کۆندا، کە پڕن لە کردەوە و هونەرمەندی پاڵەوانانی دڵداریی، هیچ نانوێنن.

ئەویش لەبەر ئەوەیە، کە ئەگەر لە کۆڕی چیرۆک کۆن و نوێ خۆمان دوور بخەینەوە، پاشان تەماشای کارەساتی ڕۆژانەی ئیمرۆمان بکەین، هیچ گیانێکی ئەندێشەیی، یاخود گیانێکی شۆڕە سواریی کۆن نادۆزینەوە لەو کارەساتانەدا کە جار جار ئەیبەینەوە: گوایە ئافرەتێکی نەخۆشیار (ممرضە) شووی کردووە بەو نەخۆشەی کە یارمەتیی داوە لە چاک بوونەوەیدا یاخود پیاوێکی دەوڵەمەند کچێکی هەژاری خواستووە.

لەگەڵ ئەمەشا، ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە ئێمە لە دڵداریی نازانین، یاخود وەک هەندێ کەس دێتە پێش چاویان، خۆشەویستییەکەمان خۆشەویستییەکی هیچوپوچ و گێژ و وێژانەیە چونکە هەموو خۆشەویستییەک تەنانەت ئەوانەیش کە لەناو تەنگوچەڵەمەدا نەپشکوتوون، تەنانەت لەم سەردەمەیشدا، کە پێی ئەڵێین سەردەمی پارە پەرستیی ناشی، لە ئەندێشە و چێشکەی خۆش و هەست بزواندن و دەروون خرۆشاندندا، وەک خۆشەویستی پێشینان وایە، هیچ جیاوازییەکی نییە.

هەر ئەوەندەی تیایە، کە خۆشەویستی ئەم ڕۆژە، بەناچاریی چووەتە ئەو شێوەیەوە، کە پێویستیی ژیانی ئەم سەردەمە، ئەیەوێ چونکە ئەوە دەست نادات کە یار بەسەرپشتی ئەسپی ڕازاوە و نایابە و بفڕێنین لە ناو جەرگی شەوی تاریکدا، یاخود ئەو شتانە بکەین

که له نووسراوەکانی چیرۆک نووسەکاندا ئەیانخوێنینەوە وەک ئەوانەی له بابەت (ڕۆمیۆ) و (جولیت)ەوە گەلێکی تری وەک ڕۆمیۆ و جولیتەوە نووسراونەتەوە کەچی لەگەڵ ئەوەیشا، زۆر کچی وا ئەبینین، کە باڵی ئەندێشە هەڵی ئەگرێ و ئەفڕێ، ئەوەیش له دڵداریی ئەم سەردەمە ئەخوازێ، ئەو گیانی شۆڕەسوارییە، کە مەگەر له چیرۆکەکانی نووسەرانی چیرۆکدا خوێندبێتیەوە.

ئەو وای ئەوێ، کە کوڕەکەی دەزگیرانی، دەزگا و دوکانەکەی خۆی بەجێ هێشت (کە هەر خوا ئەیزانێ ئەو ڕۆژگارە درێژە چەند ماندوو بووە بەفرمانەوە) دەست بەجێ بەنامەبەرێکی دڵسۆزدا، نامەیەکی بۆ بنێرێ، پڕی بێ له وشەی چاو بەست کەرانە، وەک گوڵ بەبۆنە خۆشەکەی خۆی سەری مەست بکات، بەگلۆڵەیەکی ئاوریشمیش پێچرابێتەوە پاش ئەوە خۆیشی بەدوویدا بچێ بەسەر گوریسێکدا بۆی سەربکەوێ کە بەتەختی نوستنەکەیەوە بەندکراوە ئنجا لەگەڵ خۆیدا بیهێنێتە خوارەوە، بۆ ئەمەی خۆیان فڕێ بدەنە سەر پشتی ئەو دوو ئەسپەی کە بۆ هەردووکیان ئامادەکراوە، ئنجا وەک تێزکەی تفەنگ غار بکەن تا ئەگەنە ئەو پەرستگایەی، کە کابرای ڕیش سپی، له یەکتر مارەیان بکات.

نەء خانم وانابێ... چونکە دەزگیرانەکەت، هەر کاتێ ویستی بتبینێ، زۆرتر بۆ ئەوە ئەچم، کە دەست ئەبات بۆ پارچە ئاسنێکی ڕەق و گران، کە هیچ شارەزای هۆنراوە و ئەندێشە نییە... دەست ئەبات بۆ تەلەفۆنەکەی... دوورنییە کە له دوکانی سەوزە فرۆشێکەوە، گۆشت فرۆشێکەوە، یاخود خلۆز فرۆشێکەوە قسەت لەگەڵ بکات... ترن... ترن... هۆ هۆ... هۆ... دەزگیرانەکەم... من هۆ مەرم! گوێ بگرە! ناوت چییە؟... من لای ئیستگەی ترامەکەوە...، یاخود له چێشتخانەکەدا چاوەڕوانیت ئەکەم....

یان لەسەر سوچی شەقامەکە... یان لەبەردەم خوێندنگاکەدا ئەمبینی... کات ئەمەندەیە... ئنجا تەلەفۆنەکەی دائەنێ و قسەکەی خۆی ئەبڕێنێتەوە.

ئەگەر بێتو (کیوپید) فرمانی خۆی بەجێ بهێنێ، کارەسات و ڕۆژگار هەر چۆنێک بێ، جێگایان هەر کوێیەک بێ، کوڕ و کچەکە، له سەردەمی دڵدارییاندا، کامەرانییەکی ڕاستەقینەی وایان پێ ئەگات، کە ڕەنگە هیچ پاڵەوانێکی گەورەی چیرۆکەکان کامەرانی وایان پێ نەگەیشتبێ.

وەنەبێ هەر کچ بێ، کە تووشی دەردی ئەندێشە بووبێ، له دڵدارییدا له کوڕانیشدا هی وا هەیە کە له ئەندێشە بازییدا گەیشتۆتە ئەندازەی شێتی ئەچێ، له نامەی پڕ له بۆنی



خۆشدا نەبێ، نانوسێ لەبەر تیشکی مانگە شەویشدا نەبێ و لەسەر کەناری ڕووباریشدا نەبێ کە هەر چوار لای گوڵ و لالەزاربێ، نایەوێ بگات بەیاری!...

له ڕاستیدا، یەکێکی وا، کەم هەڵ ئەکەوێ کە دڵدارییەکی ڕاستەقینەی لێ بووەشێتەوە چونکە ئەو خۆی وا دێتە پێش چاو کە (ڕۆمیۆ)یە هەموو کچێکیشی وادێتە پێش چاو کە (جولیت)ە ئنجا ئەگەر کچەکە، له کردەوەی هیچوپوچانەی تێ ئەگەیشت و پشتی تێ هەڵکرد ئیتر، ئەو، هەرچی ئەندێشەو بیرێکی هۆنراوەیی له کەللەی دایە، لەبیری ئەچێتەوە خۆنایش چێ، خۆی فڕێ بداتە ڕووبارەوە، یاخود دەمانچەکەی بنێ بەسەری خۆیەوە، خۆی بکوژێ.

ئەچێ بەو بەرپەرچدانەوەیە، له شێوەیەکی ڕاستی پەرستیدا دڵی خۆی ئەداتەوە کە هیچ دڵدارێکی ناو چیرۆک پەی بەوە نابەن شکاویی لوتەکەی چاک ئەکاتەوە ئنجا ڕوو ئەکاتە کچێکی تر، لەگەڵ ئەویشدا، بەختی خۆی تاقی ئەکاتەوە دوورنییە کە له چاوەڕوانیدا زۆر بمێنێتەوە لەسەر ئەو قسەیە بڕوات کە کراوە:

(ئافرەت وەک ترام وایە نابێ تۆ دوای بکەوی پێویستە چاوەڕوانی بکەیت زۆری پێ ناچێ، ئافرەتێکی ترت دێتە بەر دەست).

لێرەدا، پێویستە ئەوە پێشان بدەین کە کوڕێکی وەک ئەم کوڕە، مافی ئەوەی نییە کە ژن بهێنێ.

چونکە هیچ کچێک لەگەڵیا، وەک ژنێ، گوزەوانی لەگەڵ ناکات هۆنراوە و ئەندێشەکەیشی هەرچەندێ خوتوکەی بدات، بەڵام لەگەڵیا بە کامەرانی، ناتوانێ بژیی.

ئەوەیش ئاشکرایە کە هەموو کچێک له پێشەوە، سەردەمی خۆشەویستی و ژن و مێردیی خۆی، زۆر بەکامەرانی دێتە پێش چاو کە دائەنیشێ ئەوە ئەهێنێتە پێش چاوی خۆی، کە دەزگیرانەکەی و ئەو مێردەی چاوەڕوانی ئەکات، وەک سەردارێک لەناو پیاواندا وەستاوە، بەهەموو دڵ و گیانییەوە خۆشی ئەوێ، بۆ هەرە جێگای خۆش و بڵندی ئەبات، له خانوێکی وایشدا ئەیحەوێنێتەوە کە تا سەر پڕی بێ له کامەرانی نە خەفەتی تیا ئەبینێ، نە خەم، نە شەڕوشۆڕ و نە بەرەڵڵاکردن، نە هیچ دەردێک کە تووشی ژن و مێرد دێن.

بەڵام زۆری پێ ناچێ، کە ڕاستییە تاڵەکەی بۆ دەرئەکەوێ چونکە ئەو کامەرانییەی کە هێناوێتییە پێش چاوی خۆی، ئەو پیاوەیش کە کردوێتی بەنموونەی هەرە بڵندی خۆی، له

جیهانی ئەندێشەی خۆیدا نەبێ، لە هیچ کوێیەکا دەست ناکەون ئیتر هەر ئەوەندەی بەسە کە تاقی کردنەوەیەکی بچووکی تۆش ببێ بۆی دەرئەکەوێ کە پێویستە باوەڕ بەڕووداو بهێنێ: واتا پیاوێکی وای بوێ، ببێتە مێردی، کە (هەموو) کەموکوڕییەکانی پیاوانی تری تیانەبێ، ژیانێکی وایشی بوێ بژیی، کە (تا بۆی بلوێ) لە گیروگرفت و ناخۆشی دووربێ.

کەواتە ئەی کچەکە، بەئامۆژگاریی من بکە: ئەگەر لەو کوڕانت چاوپێکەوت، لەوانەبوو کە پشتی پێ ببەسترێت، بام بێ ئەندێشەیش بێ ئەگەر جوامێربوو، بام نەیشتوانێ هەستی خۆی دەرببڕێ.،. تۆ ئەگەر ئەوەی کە وەک دڵدارێک جوانت نایەتە پێش چاو، دەس مەنێ بەڕوویەوە و پێی بڵێی شووت پێ ناکەم.

چونکە کە ئەوت لە دەست خۆتدا، مێردێکی وات لە دەست چوو، کە لە باریا هەبوو بتگەێنێتە ئەو کامەرانییە ڕاستەقینەیەی خۆت حەزی لێ ئەکەیت ئەمە لەوێ بوەستێ.

کەچی ئەو کوڕانەی کە بەزمان لووسی و پیاهەڵدان و مێ بازیی ناسک، کچان تاو ئەکەن، لە ڕاستیدا یاریی بەدڵیان ئەکەن تاکە ساڵێکی ژیانی ژن و مێردیی بەسە بۆ ئەوەی کە هەموو شیرینی و مێ بازیی و ئەندێشەیەکیان لە بیرباتەوە.

ڕەنگە دەزگیرانەکەت لەناو ترامدا دڵداریی خۆیت بۆ دەربخات نەک لە گوڵزارێکی گوێ چەمی ڕووندا، بەڵام کەینەوبەینەی وا پڕوپووچ، هانەت نەداتە سەر دەست نان بەڕوویەوە تۆ کە لەوە دڵنیابیت، ئەو بەدڵ و گیان خۆشی ئەوێیت بەدڵیش حەز ئەکات ببێ بە هاوسەری تۆ خۆیشت کە بەچەشنێ ئەو ئەوت خۆش بوێ و بشزانیت کە ئەو لە باریا هەیە ژیانت بۆ ڕێک بخات.

ئتر بۆچ دەست بنێیت بەڕوویەوە؟!.

ئەو کوڕەی کە لەسەر خوان، یان لە تەلەفۆندا، یاخود لە نامەیەکدا، یان لە تەلگرافێکدا، دڵداریی خۆیت بۆ ئەنوێنێ، بێ گومان ئەوکەسە ڕاست ترە لە دڵدارییەکەیدا، لەوەی کە لەسەر ساز و ئاواز نەبێ و لەژێر تیشکی مانگە شەودا نەبێ دڵی خۆیت بۆ دەرنەخات.

چونکە ساز و ئاواز و تیشکی مانگەشەو، لە مرۆڤدا ئەندێشە وریا ئەکاتەوە، ئەویش وا دێتە پێش چاوی کە حەزی لێ ئەکات کەچی لە ڕاستیدا، هەرچییەکی نواندووە، بریتییە لە هەستێکی دەمدەمی، هەر لەگەڵ هۆیەکەی لە ناودانەما ،ئەویش لەناودا نامێنێ



ئەگەرچی هەموو کچێک حەز بەوە ئەکات کە لە ناوچەیەکی پڕ هەستی وا جواندا، چرپەی دڵداریی بدرێ بەگوێیدا، بەڵام واهەڵ ئەگرێ کە هەموو کچێک ئەوە بخاتە بەرچاوی خۆی کە دڵدارییەکی ڕاستەقینە، بەڵگەیەکی بەهێزترە بۆ ڕاستیی هەست و ڕاستیی هەڵبژاردنی هاوسەرێکی ژیان.

## ئافرەت و دڵداریی نواندن
## لەلایەن کچێکەوەیە کە پێش سەردەمی خۆی کەوتووە

نووسەری: دوروثی دیکس

ئایا کچ مافی ئەوەی هەیە کە دڵداریی خۆی دەربخات و لەپێشا ئەو داوای شووکردن بکات بەو کوڕەی حەزی لێ ئەکات؟

وەرامەکەی منیش ئەمەتا: بەڵێ مافی هەیە!

هەموومان ئەوە ئەزانین کاتێ کە دەنگی ئافرەت بڵند بووەوە داوای مافی هەڵبژاردنی ئەکرد، دەنگی پیاوەکانیش بڵند بووەوە، بەرپەرچی ئەو خواستەی ئەدایەوە ئەوەندە هەیە، کە دوایی ژیریی و تێگەیشتوویی زاڵ بوو لە گەلێک جێگادا، پیاوان ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە ئافرەتیش وەک پیاو مافی هەیە کە دەنگی خۆی بدات بەگوێی هەمواندا، لە بابەت هەموو شتێکەوە قسە بکات وەک خێزان و ماڵ و بابەتی تر بەلای منیشەوە وایە، کە مافی ئاشکراکردنی دڵدارییش هەروەک مافی دەنگدانی لێ دێ، لە ڕێگای خۆیەوە ئەڕوات تا دوایی ئافرەت ئەو مافەیشی ئەسێنێ.

لەپێش شەڕی جیهانی یەکەمدا، ئەو بیرە داکەوت کە ئافرەتیش مافی هەیە، هاوسەری ژیانی خۆی هەڵبژێرێ ئنجا کە شەڕ تەواوبوو، بیری تازە کەوتە ناوەوە وێنەی بڵندی تازە هاتە کایەوە پێچەوانەی ئەوانەبوون کە لەوە پێش ئەمان زانین.

ئیتر بیری یەکسانی هەردوو ڕەگەزەکە هاتە پێشەوە و سەرکەوت، ئافرەتان لە ئینگلتەرە و جێگایانی تردا کە بەهۆی شەڕەوە سەرگەردان بووبوون، دەستیان کرد بەکۆبوونەوە دوایی بڕیاری ئەوەیاندا کە ئافرەتیش مافی ئەوەی هەیە کە سەربەخۆ، داوای شووکردن بکات لەو سەربازانەی کە لە شەڕدا، بریندار کراون و ئەندامی لەشیان تێک چووە، چونکە ئەوانە لەبەر ناشیرین بوونی هەندێ لە ئەندامەکانی لەشیان شەرم ئەکەن داوای مارەکردنی کچان و ژنان بکەن.

بەلای منیشەوە وایە، کە پیاو مافی ئەوەی نییە، دڵداریی و کاروباری دڵداریی هەر بۆ خۆی بهێڵێتەوە چونکە ئافرەتیش مافێکی سروشتیی هەیە، کەس ناتوانێ بڵێ نییەتی کە ئەو هاوسەرەی خۆی هەڵبژێرێ، چونکە هەموو ژیانی خۆی لەگەڵ ئەودا بەخت ئەکات ئەوەیش قسەیەکی پڕوپووچە کە بگوترێ، ئاشکرا کردنی دڵداریی و پێشاندانی ئارەزووی شووکردن لەگەڵ ڕەوشت و خوی بڵنددا ڕێک ناکەوێ.

بێ گومان کوڕ چاوپێکەوتنی ئافرەتیش بەمەبەسی شووپێکردنی، لەگەڵ ڕەوشت و خووی چاکدا باشتر ڕێک ئەکەوێ لەوەی کە ئافرەتەکە هەموو فڕوفێڵ و چەواشەکردنێکی چاک و خراپ لەگەڵ کوڕەکەدا بخاتە کار هەر بۆ ئەمەی کە تووشی داوی دڵداریی خۆی بکات.

ئێوە ئەڵێن شووکردن گرنگترین کارەساتی ژیانی ئافرەتە کەواتە چۆن دڵتان بڕوایی ئەدات، ئافرەت بەربەست بکرێ لە چوونە لای ئەو کوڕەی کە دڵی پیاچووە و لەوەیش دڵنیایە کە بەشووپێکردنی کامەران ئەبێ لە ژیانیا، بۆ ئەمەی بەئاشکرا داوای شووپێکردنی لێ بکات و بیکات بەهاوسەری خۆی لە خۆشی و تەنگانە و سامانیا!؟.

ئێوە ئەڵێن ئافرەت بۆ ئەوە دروست کراوە کە منداڵی ببێ کەواتە چۆن دڵتان بڕوایی ئەدات بەربەستی بکەن لە هەڵبژاردنی ئەو دڵدارەی کە منداڵی بۆ پەیدا ئەکات؟

داوای ئەوەیشی لێ بکەن هەردانیشێ و چاوەڕوانی بکات تا تووشی چارەنووسی خۆی دێ؟ ئێوە ئەو مافەی ئەدەنێ کە هەر پیاوێ بەدڵی نەبوو، پێی بڵێ: (نەء) کەواتە بۆچ ئەو مافەیشی نادەنێ کە ئەو پیاوەی بەدڵیەتی، پێی بڵێ: (باشە) زۆر پیاوی وا هەیە، ئافرەتی خراپ مارە ئەکەن؛ چونکە کچە داوین پاکەکان، نازانن چۆن دڵیان کێش بکەن ئەوەیش لەبەر ئەوەیە کە ڕاستی دڵی خۆیان ئەشارنەوە، ناوێرن دڵداریی خۆیان دەربخەن، نەوەک بەسۆزانییان دابنێن!...

پیاویش کە ئافەتی سۆزانی مارەکرد، وای دێتە پێش چاو کە لەسەر بنچینەی دڵداریی مارەی کردووە کەچی لە ڕاستیدا دڵدارییەکەی دەست کردە بەڵام ئەو دڵدارییەی کە ئەتوانرا لەلایەن کچێکی داوێن پاکی سەربڵندەوە پێشان بدرێ، وەک ئاگرێکی نهێنی لەناو دڵیا ئەمایەوە[1] دڵی بەجارێک ئەسوتاند، بێ ئەمەی ئەو هەستی پێ بکات، یاخود کچەکە بتوانێ بڵێ وا لەناو دڵیایە بڵێسە ئەسێنێ بەڵام ئەگەر بهاتایە، ئێمە ئەو مافەمان

(١) یان: وەک ژیلەمۆ لەناو دڵیا....



بەکچەکە بدایە، کە دڵداریی خۆی بۆ ئاشکرا بکات، بەمەرجێ لەوەیش دڵنیابێ کە ئەتوانێ ببێتە ژنێکی باشی ئەو کوڕە، ئەوساکە ئێمە کوڕەکەیش و کچەکەیشمان بەتایبەتی کامەران ئەکرد چونکە ئەگەر دڵداریی بۆ کوڕ بە بابەتێکی خۆش ڕابواردن دابنرێ، بۆ کچ بەبابەتێکی پێویستی ژیان دائەنرێ بەڵکو بۆ ئەو هەموو شتێکی ژیانییەتی.

کچ هەچ پیاوێک ببینێ، بەمێردێکی چاوەڕوان کراو دێتەپێش چاوی ڕەوشت و خووی وایە، هەر پیاوێکی ناسیاوی خۆی دیی، تەواو لێی ورد ئەبێتەوە، تا بزانێ ئاخۆ بەکەڵکی ئەوە دێ کە ببێتە مێردی و پێیەوە کامەران ببێ؟ ئەگەر بێتو سەربەستیی قسەکردنی بدرێتێ، هەر خۆی لەخۆیەوە، ئەگاتە چاکترین مێرد کە ئاواتی بۆ ئەخوازێ کەچی لە بریتی ئەوە، ئێمە دەم کوتی ئەکەین ئەوەیش یەجگار ڕووئەدا کە پیاو کچێکی وا مارە ئەکات کە (بەدڵ) حەزی لێ ناکات.

بۆیەکا ئەوەیش وا ڕووئەدا، چونکە ئەو کچەی بەدڵیا چووە، ئەترسێ لێی شووی پێ نەکات، ناوێرێ داوای شووکردنی لێ بکات یان کچەکە وابزانێ کە لەبەر چاکی و جوانی خۆی نییە داوای دەستی ئەکات[1] بەڵکو لەبەر سایە و سامانییەتی کەچی لە ڕاستیدا، کچەکە لە کانی دڵیەوە حەزی لێ ئەکات، بەهەموو ئارەزوویەکیەوە ئەیەوێ لەبەر پێیدا بکەوێ، بیپەرستێ.

بەڵام ئێمە ئەچین بەربەستی ئەکەین لە دەربڕینی ڕازی دڵی لەبەر ئەوە ئەبێتە هۆی سەرگەردانی هەردووکیان لە ژیانیاندا کە ئافرەت داوای جلوبەرگێکی تایبەتی ئەکات، یان کڵاوێکی تایبەتی ئەکات، بەسەر زاریی ئەوە پەسەند ئەکات کە ئەیدرێتێ و پێیشی ئەگوترێ جلوبەرگ و کڵاوەکە لە چاکی و قایمیدا نزیکی ئەوانەن کە خۆی داوای کردوون.

بەڵام لە ڕاستیدا، لە کانی دڵیەوە، پێی ناخۆشە، چونکە ئەوەی ویستوویەتی دەستی نەکەوتووە. لە شووکردنیشیا هەر ئەمە ڕوو ئەدات؛ کە بەلای ئافرەتەوە لە هەموو جلوبەرگ و کڵاوێکی جیهان بایەخدارترە.

چونکە ئەو ئافرەتەی کە شوو بەپیاوێکی ناوبراو ئەکات هەر لەبەر ئەوەی کە دەرەتانی نییە شوو بەکەسێکی تر بکات نەوەک بێ مێرد بمێنێتەوە لە ژیانیا، لە توانایدا نییە کە لەگەڵ مێردێکی وادا ژیانێکی پڕ کامەرانی بباتە سەر، بام مێردەکەی خاوەنی ڕەوشت و

(١) ڕاستتر: داوای دەکات، گۆڕینەکەی دەقاودەقێکی عەرەبییە. (یطلب یده).

خویەکی هەرە بڵند و هەستێکی زۆر پاک و خاوێنیش بێ بەڵام ئەو ئافرەتەی کە بەڕاستی کامەران ئەبێ لە ژیانیا، ئەوەیە کە شوو بەو کەسە ئەکات کە دڵی پێوەیەتی جا لەبەر ئەوەی کە کامەرانی مێردیش بەندە بەکامەرانی ژنەکەیەوە، پێویستە لەسەر ئێمەیش کە بە ئافرەت ڕێ بدەین داوای شوو پێ کردن لەو پیاوە بکات کە هەڵی بژاردووە بۆ ئەمەی ببێ بە هاوسەری لە ژیانیا.

دوورنییە، هەندێک هەڵ بداتێ بڵێ: کە هاتوو ئێمە ڕێگەمان دا بەئافرەت داوای شوو پێکردن بکات لەو پیاوەی کە حەزی لێ کردووە، زۆرجاری وا هەیە پیاوەکە لەبەر ئەوە مارەی ناکات، کە حەزی لێ ئەکات، بەڵکو لەبەر ئەوە مارەی ئەکات کەشەرم ئەکات دەست بەڕوویەوە بنێ، بەزەیی پیا دێتەوە دیارە ئەو ژن و مێردییەیش سەرناگرێ، ئەو سەرگەردانییەیش کە تیا پەیدا ئەبێ، لەو سەرگەردانییە کەمتر نابێ کە ئەمانەوێ لەناودا نەیهێڵین.

بەڵام ئەوە بەدەستوور دانانرێ، پەسەندتر ئەوەیە کە بەشتێکی کەم ڕووداوی وا دابنرێ کە بایەخی پێ نەدرێ چونکە هیچ ئافرەتێکی ژیر ئەوە ناکات، دڵداری خۆی ئاشکرا بکات و داوای ژن و مێردیی لە کوڕێک بکات، کە لەوەپێش نەیخستبێتە داوی دڵداریی خۆیەوە و، لە خۆشەویستی ڕاستەقینەیشی دڵنیا نەبێ.

پیاو، پێش ئەمەی ژن بهێنێ نازانی چۆنی ئەوێ ژنەکەی وابێ بەڵام ئافرەت لەمەدا، لە پیاو، دووربینترە چونکە ئەو، پێش شووکردن، ئەزانێ چیی ئەوێ لە مێردەکەی ئەزانێ، مێردەکەی، ئەبێ چۆن بێ لەبەر ئەوە زۆری پێ ناچێ لەناو ئەو کوڕانەدا کە ئەیانناسێ، تێ ئەگات کامیان لەوانەیە کە لە ژیانی ژن و مێردییدا کامەرانی بۆ پێک بهێنێ.

کەچی لەگەڵ ئەوەیشا، کە خۆی و ئەو کوڕەی لە دڵی خۆیدا هەڵی بژاردووە، کەوتنە ناو کۆڕێکەوە، ڕەوشت و خووی کۆمەڵایەتی ناچاری ئەکات خۆی وا پیشان بدات کە دەربەستی ئەو شووکردنە نییە کەچی لە ڕاستیدا، لە کانی دڵیەوە، بەڵکو لە هەموو ئەندامێکیەوە، هاوار هەڵ ئەستێ، داوای ئەوەی لێ ئەکات، کە بەتەنگ دڵی کوڕەکەوە بێ، بایەخی پێ بدات، بەندەیی بۆ بنوێنێ ئەمەیش لەوە ئەکات، کە پیاوێک برسێتی زەیفی لێ سەندبێ[1] کەچی لەگەڵ ئەوەیشا کە خوانێکی ڕازاوەی لەبەر دەمابێ، هەموو خۆرشتێکی خۆش و نایابی لەسەر دانرابێ، دەستی بۆ نەبات ئاهی سکی خۆی پێ

(١) یان: پەرێشانی کردبێ، بێ هێزی کرد بێ...



بشکێنێ هەموویشی لەبەر ئەوەی کە کەسێک لەوانەی نان ئەخۆن پێی نەڵێن فەرموو، خۆیشی نەیەوێ خۆی سووک بکات و خوێ بخاتە ڕێزەی چڵێسەکانەوە.

ئافرەتیش لە ئاهەنگی دڵدارییدا بەو جۆرەی بەسەر هاتووە کەس ڕێگایان نادات، ئەوەی ئەیانەوێ وەری بگرن یان بەئاشکرا داوای بکەن لەسەر ئەوەیشەوە پێی ئەڵێن مردنی چاکترە لەوەی کە خۆی داوای شووکردن لە کەس بکات.

ئاخۆ ئیتر ئەوکاتە نەهاتووە، کە بەپێویستی بزانین، بە هەموو ئازایەتییەکمانەوە بانگ بدەین: کە چارەکردنی ڕاستەقینەی کەینەوبەینەی ژن بەرەڵڵاکردن و داوێن پیسی ژن کە دادگاکانیان خەریک کردووە بەخۆیانەوە، بەوە ئەبێ کە ماف بدرێ بەئافرەت، ئەو مێردە بۆ خۆی هەڵ بژێرێ، کە حەزی لێ ئەکات، نەک وای لێ بکرێ کە بەناچاریی شوو بکات بەو کەسەی کە ڕۆژگار بۆی هەڵبژاردووە، یاخود کەسانی تر بۆیان هەڵبژاردووە ئەویش لەبەر ئەوەیە کە ئافرەت باشتر تێ ئەگات لە بابەتی خۆشەویستی لەپیاو بەشێکی هەرە گەورەی دڵکێش کردنی لەش و دەروونیش، کە بنچینەی هۆگریی ڕاستەقینەیە لە ناوەند کچ و کوڕدا، بەرەو ڕووی ئافرەت ئەبێتەوە بێجگە لەوەش کە ئافرەت لەبابەت پیاوەوە بڕیاری ڕاستتر ئەدات لە پیاو کە لەبابەت ئافرەتەوە ئەیدات هەڵبژاردنەکەی ئەو چاکتریش و قایم تریشە.

ئافرەتەکە لە پیاوەکە، خۆی، باشتر ئەزانێ کە پیاوەکەی چی لە ژنەکەی ئەوێ و چی پێ خۆشە و چییشی پێ ناخۆشە کچی وا هەڵ ئەکەوێ لەناو ئەو کچانەدا کە لە پیاوێک کۆ ئەبنەوە، پیاوەکە ئەوی هەر بەبیریشدا نایەت، کەچی ئەو ئەزانێ کە ئەتوانێ ببێتە چاکترین ژن بۆ ئەو، ئەگەر مافی بدرایەتێ دڵداریی خۆی بۆ ئاشکرا بکردایە هەروەک پیاو ئەو مافەی دراوەتێ و دەستیشی بگرتایە و بیبردایە بۆ تۆمارگای ژن هێنان[1] بۆ وێنە، پیاوێک بهێنەرە پێش چاوی خۆت کە ژنەکەی مردبێت و چەند منالێکیشی بۆ بەجێ هێشتبێ؛ چاکترین ژن بۆ پیاوێکی وا، ئافرەتێکی تەمەن ناوەنجییە، کە بتوانێ خۆشی لەوە ببینێ کە ببێتە دایکی منالەکانی کەچی لەجیاتی ئافرەتێکی وەها، ئەو ئەچێ کچێکی شۆخوشەنگی تازە تەمەن هەڵ ئەبژێرێ بۆ خۆی، کە زۆری پێ ناچێ ڕووناکی ماڵەکەی لێ ئەکات بەتاریکی، شەڕوشۆڕێکی یەجگار نەنگ و ناخۆشیش لەگەڵ منالەکانیا دەست پێ ئەکات.

(١) یان: دەستیشی بگرتایە و بیبردایە و مارەی بکردایە...

هەروەها ئەو پیاوەیش بهێنەرە پێش چاوت کە حەز لە چێشتی ماڵی خۆی و ژیانی خانووی خۆی بکات، کەچی تووشی کچێکی وا ببێت ڕقی لە چێشت لێنان ببێتەوە و گرفتاری ئاهەنگی شەوان بێت، هەر ڕۆژە دەستێ جلی تازە لەبەر بکات، بۆ ئەمەی لە پیسی ناوماڵیش خۆی ڕزگار بکات ناچاری بکات کە لە میوانخانەکەدا بژین، بیرکەرەوە لەو پیاوە، کە ئەبێ چەند بەهەناسە ساردییەوە بژیی!...

پاش ئەوە بیرلەوەیش بکەرەوە کە چۆن ئەتوانرا ئەم هەناسە ساردییە نەهێڵرێ ڕووبدات، ئەگەر ئافرەتە تەمەن ناوەنجییەکەی وێنەی یەکەم ڕێی بدرایە، وەک دایکێک کارگوزاریی خۆی دەربخستایە هەروەها ڕێ بەو کچەیش بدرایە کە ئەزانێ کاروباری ناو ماڵ باش هەڵ بسوڕێنێ، چەند نموونەیەکی چێشتەکانی دەستی خۆی و ماڵ ڕێک خستنەکەی پێشان بدایە بەکورتی چەند سەرگەردانی وا هەیە، ئەتوانرێ لە خۆ دووربخرێتەوە ئەگەر ڕێ بەئافرەت بدرایە، مێردەکەی خۆی بەئارەزووی خۆی هەڵبژاردایە سەرگرتنی ژن و مێردیی و سەرنەگرتنیشی، ئەوەندەی پەیوەندیی بەژنەوە هەیە، بەندە بەوەوە کە چ جۆرە هەستێکی هەیە بەرامبەر مێردەکەی خۆی.

لەمەدا تەماشای چاکییەکانی خۆی و کەموکوڕییەکانی مێردەکەی نەکراوە کەینەوبەینەکە لەسەر ئەمە بەندە، ئایا مێردەکەی بەدڵیەتی یان بەدڵی نییە ؟... جا ئەگەر مێردەکەی خۆی نەچووبێت بەدڵا ، هەرگیز پێیەوە کامەران نابێ، بام مێردەکەیشی خۆشەویستی و دڵسۆزیی خۆی بۆ بنوێنێ و، دیاریی و داهاتی پێشکەش بکات و هەرچی چاکیشە لە ژیاندا بۆی دەست بخات بەڵام ئەگەر ئەو مێردەی خۆی ئەیەوێ، دەستی کەوتبێ، بێ گومان بەهەموو دڵێکیەوە ئامادە ئەبێ کە هەموو جلوبەرگێکی کۆن لەبەر بکات و، هەموو خۆ بەخت کردنێکیش بۆ دڵ ڕاگرتنی ئەو بکات.

لە ڕاستیدا، هەموو ژنێکی توند و تووڕە و چەنەباز و ئاژاوە گێڕ، کە جیهان لە مێردەکەی و کەس و کاری مێردەکەی ئەهێنێتەوە یەک، بۆیەکا وای لێ دێ، کە ئەو شووەی بەدڵێتی[1] دەستی نەکەوتووە بەڵکو ناچاریان کردووە کە شوو بکات بەیەکێکی تر لەبەر ئەوە ئەویش، ڕقی خۆی بەم مێردە ئەڕێژێ، تۆڵەی خۆیشی لەو کۆمەڵایەتییە زۆردارە ئەکاتەوە کە بەش بڕاوی کردووە لە تاقی کردنەوەی ئەو ژیانەی کە ئەیویست لەگەڵ مێردێکی وادا بەسەری ببا کە بەدڵی خۆی بێ.

(١) ڕاستتر: ئەو شووەی دەیویست...



ئەمە ڕاستە کە ئافرەت تا ئەندازەیەک مێردەکەی خۆی بەدەستی خۆی هەڵ ئەبژێرێ کەم ژنی وایش هەیە کە پێ لەوە نەنێ بام بەدزیشەوە لای خۆی پێی لێ بنێ کە خۆی بووە مێردەکەی خۆی هەڵفڕیواندووە مارەی بکات.

لە ڕاستیدا، ئەگەر کوڕ وازی لێ بهێنرێ، هەرگیز بیرلە ژن هێنان ناکاتەوە خۆ ئەگەر هەڵفڕیواندنی کچێکی دیاردیی کراویش نەیێتە ئاراوە، بەشەنگ و شۆخییەکەی و خۆڕازاندنەوەکەیەوە، ئەو کوڕە دڵی نە ئەچووە سەر ئەو کچە و مارەیشی نەئەکرد بەڵام ئەبێ ئەوەیشمان لە بیرنەچێ، کە هەرچی فرمانێک بەدزییەوە بکرێ، بەتەواوەتی جێبەجێ نابێ، کەمیش ڕێک ئەکەوێ کە بەتەواوەتی سەر بگرێ جا ئەم ڕێگا دوور و درێژەیە کە خراوەتە سەر ئەستۆی ئافرەت، پیاوی پیاکێش بکات بۆ کوشتارخانەی ژن و مێردیی، کە ئەوەمان بۆ لێک ئەداتەوە، لەبەرچی زۆربەی پیاوان هەر لە ناوەڕاستی ڕێگاوە خۆیان دوا ئەخەن و هەڕا ئەکەن ئەمەش سەرسوڕمانی پێ ناوێ چونکە جیاوازییەکی گەورە هەیە لە ناوەند ئەو ڕاوکەرەدا کە بەدزییەوە داو ئەنێتەوە لەسەر ڕێگای نێچیرەکەیدا و، ئەو ڕاوکەرەیش کە بەهەموو ئازایەتییەکی خۆیەوە ڕوو ئەکاتە نێچیرەکە و بەگوللەیەک ئەیکوژێ.

ئەوەبوو لەمەوپێش پڕوپوچی ئەو قسەیەم دەرخست کە ئەڵێ: دەربڕینی دڵداریی و ئارەزوو پێشاندانی شووکردن لای کوڕێک، بۆ سەربەرزیی ئافرەتێک دەست نادا جا لێرەدا ئەمەوێ لەو خاوەن توانج و پلارانە بپرسم: ئافرەت بۆچ وا بەجوانی خۆی ئەڕازێنێتەوە؟ بۆچ ناز و شەنگوشۆخی پێشان ئەدات؟ ئایا هەر لەبەر ئەوە نییە کە کاربکاتە دڵی پیاوان، بەهیوای ئەوەی کە لە ناویاندا یەکێکی وا هەڵبژێرێ کە بتوانێ شووی پێ بکات؟!. جا هەروەکو لەوەپێش گوتم، ئایا دەربڕینی دڵداریی بەئاشکرا، بۆ سەربەرزی ئافرەت، لەوە چاکترنییە، کە ئافرەتەکە لەوشێوە فریودانە خواروخێچ و پڕوپوچەدا خۆی بنوێنێ؟!...[1] تەنیا ، بەرپەرچدانەوەیەک کە لێرەدا نرخی هەبێ، ئەوەیە کە لە بابەت سامانی مێردەکەوە بکرێ هەموو ژنێک، لە گوزەران و ژیانیا بەسەر مێردەکەیەوەیە لەڕاستیدا زۆر پێی گرانە، کە لەکاتی داواکردنی مارەکردنیا ، ئەوەیشی لێ داوا بکات کە تاسەر مێردەکەی بیژێنێ بەڵام ئەم بەرپەرچ دانەوەیەیش، خۆی، خۆی، بەرپەرچ ئەداتەوە

(١) لە ڕاستیدا ئەم دەربڕینە زۆر سەیر و عەجباتیە هەر نەبێ با ڕاستتر بە: (... بۆ ژیانی پڕ لە ئاژاوەی ژن و مێردیی) دەری ببڕیبا ، یا (... بۆ لانەی ئاڵۆز و پڕ لە جەنگی ژن و مێردیی).

چونکە لە ئافرەتاندا، ئافرەتی وا هەیە، لە مێردەکەی خۆی گەلێک دەوڵەمەندترە هەروەها ژمارەیەکی زۆریشیان تیا هەیە کە لە توانایدا هەیە، خۆی، خۆی بژیێنێ جا لەبەر ئەوەی ئێمە پیاو بەش براو ناکەین لەوەی کە لەو جۆرە کچانە بچێتە پێشەوە و داوای مارەکردنی لێ بکات، هەروەها لە ڕووی بیری دروستیشەوە، مافی ئەوەمان نییە کە ئافرەت، هەرچەندێ هەژاریش بێ، لەو مافە بەش براو بکەین کە بچێتە پێشەوە لە پیاو و داوای لێ بکات مارەی بکات بەڵکو داواکردنی ئافرەت لە پیاو کە مارەی بکات، زۆرتر ڕێک ئەکەوێ لەگەڵ دەستوری سروشتدا، کە پیاوانی بۆ ئەوە داناوە وەک خۆتان ئەڵێن ئافرەت بەخێو بکەن.

کچی شاه[1] ڕێ ئەدرێ شوو بەوکەسە بکات کە بەئارەزووی خۆی هەڵی ئەبژێرێ ئەمەیش مافێکی وایە، کە پێویستە بەهەموو ئافرەتێک بدرێ تاکو بتوانرێ بەربەستیی ژن بەرەڵڵاکردن و هەموو سەرگەردانییەکی ژن و مێردیی بکرێ[2] چونکە لەوەدا کامەرانی ژنی تیایە، سەبارەت بەوەی کە ژنێکی وای دەست کەوتووە کە ئامادەیە بۆ بەختکردنی سەروسامانی خۆی لە پێناو دڵ ڕاگرتنی ئەودا.

## پەیوەندیی هەردوو دەزگیران

نووسەری: بەرنارماکفادن

بۆ ئەمەی تەندروستی ئەندامەکانی سک و زا بەباشی بپارێزرێ پێویستە هەردوو ڕەگەز لە ئەندازە بەدەر هۆگری یەکترنەبن.

ڕەنگە ئەم قسەیەمان بەلای هەندێ کەسەوە، پێچەوانەی قسەکانی پێشومان بێت، کە هاوارمان ئەکرد بۆ پێویستی تێکەڵ بوون، لەناو هەردوو ڕەگەزدا، لە جێگا گشتییەکاندا، وەک خوێندنگاو فرمان و بەزمگاهە پاکە بێ گەردەکان بەڵام لەمەدا پێچەوانەیی نییە چونکە مەبەسی ئێمە لە تێکەڵی، تێکەڵی کۆمەڵایەتی ڕووتە نەک تێکەڵی تر.

ڕەنگە بەلای کوڕێکەوە ئەوە خۆش بێ، کە ئەو کچەی لەگەڵیا ڕائەبوێرێ لە شەوێکی پڕ بەزمو ڕەزما، لە ناو خێزانێکدا، کە لەگەڵ جوێ بوونەوە لەیەکتر لەبەر دەرگادا، ماچێکی کچەکە بکات ئێمە هەرگیز ئەو کردەوەیە پەسەند ناکەین.

---

(١) شازادە.

(٢) ژن بەرەڵڵاکردن: ژن تەڵاقدان.



چونکە لە ئەنجامدا زیانێکی گەورەی لێوە پەیدا ئەبێ، لە ڕاستیدا نەنکەکانیش، مافیان هەیە، کە لە کردەوەی وەها ڕووی خۆیان گرژ بکەن چونکە ئەو ماچە، ماچێکی تریشی لە دوائەبێ. ئەش گاتە سێ ماچ و چوارماچ ئەوەیش وەک خواردنەوەی مەی وایە هەر ئەوەندەی بەسە کە جامێک بخورێتەوە، ئیتر مەی خۆرەکە، ئارەزووی ئەچێتە سەر مەی خواردنەوە، بە جام و دوو جام واز ناهێنێ تا ئەیگەێنێتە ئەو پەڕی سەر خۆشی بەڵام ئەوەندە هەیە، خرۆشی ڕەگەزبازیی لە خرۆشی مەی خۆریی خراپتر و زیانیشی زۆرترە.

خۆڕاگرتن، چاکترین شێوەی، ڕەوشتی چاکە هەروەها گرنگترین هۆیشە بۆ دەست کەوتنی ژیانێکی پڕ سکوزای ژیرانە و دروست و پڕکامەرانی چونکە زاڵ نەبوونی مرۆڤ بەسەر ئەم جۆرە ئاڵۆشی دڵدارییانەدا، زۆرجار کارەساتی نەنگ و سامناکیان لێ پەیدا ئەبێ هەروەها ئەبێتە هۆی ماندوکردنێکی خراپی کەلوپەلی دەمار، کە زیانێکی زۆریشی لێ ئەدات.

باوەش پیاکردنی کوڕوکچێکی دڵخوازی یەکتر، تەنیا یەک ئەنجامی لێ پەیدا ئەبێ چونکە بەهۆی ئەم کێش کردنەی لەشەیانەوە، یان هەرهیچ نەبێ، بەلای کەمەوە بەخۆی وا ئەڵێ بۆ ئەمەی پاکانە بۆ کردەوەکەی خۆی بکات.

جا ئەگەر کچەکە لەو ئافرەتانە بوو کە بەپەرۆشەوە پەروەردە کرابێ و لەوەپێش ماوەی نەبووبێ کە ئەم جۆرە بەزمانەی لەگەڵ بکرێ، ئەو ساکە ئەویش وا ئەزانێ کە ئەم دەست کردنە مل و باوەش پیاکردن و نازگرتن و ماچوموچ کردنەبە خۆڕایی نییە، بەڵکو هەموویان پێکەوە بەڵگەیەکن لە بەڵگەکانی خۆشەویستی ڕاستەقینە کەچی ڕاستییەکەی وانییە.

پێویستە ئێمەیش بێ پەردە ئەوە پێشان بدەین چونکە ئەم دەست بازییانە، هەر نیشانەی دڵکێش کردنی لەشن ئەم دڵکێش کردنە، ڕەنگە بگاتە ڕادەی خۆشەویستی، بەڵام ڕەنگە نەیش گات بەڵام بەجۆرێکی تێکڕایی، شتێکی دەمو دەستییە.

پاش خۆ دامرکاندنەوە، لە ئارادا نامێنێ جا نەزانینی ئەم ڕاستییە، بۆتە هۆی ئابڕووچونی زۆر کچی بەسەزمانی داوێن پاک جا ئەگەر هێشتا کچانی وا مابن کە بەم ڕاستییە نەزانن، ئێمەیش بەپێویستی ئەزانین کە ئەم ڕاستییەیان لێ ئاشکرا بکەین.

زۆر کەس بڕوایان وایە کە دەزگیرانی ماف ئەدات بە هەردوو دەزگیران، هەموو دەستبازییەکی وا بکەن بەڵام، تەنانەت لەناو دەزگیرانەکانیشدا، ئەم جۆرە دەست بازییانە، دیسانەوە ئەنجامیان بەو زیانانە ئەگات.

چ لە ڕووی ڕەوشت و خووەوە، چ لە ڕووی تەندروستییەوە.

دیارە ئێمەیش پێمان ناکرێ دەستورێکی گشتی دابنێین بۆ هەموو جووتە دەزگیرانێک، کە پێویستە چی بکەن و چی نەکەن بەڵام ئەمانەوێ سەرنجیان بۆ ئەوە ڕابکێشین، کە زۆریی دەست بازیی ئەبێتە هۆی ماندووکردنێکی زۆری کەلوپەلی دەمارو سک و زایان لەگەڵ کزکردنی تەندروستی گشتییاندا.

لەڕاستیدا دەزگیرانی بەهەنگاوێک دانانرێ بۆ مەشق کردن لەسەر پەیوەندیی ژن و مێردیی ئەوە هەر بۆ ئەوە دانراوە کە هەردوو دەزگیرانەکە لە کردەوە و ڕەوشتی هۆش و دەروونی یەکتر تێ بگەن، تا بزانن ئاخۆ پێیان ئەکرێ لەگەڵ یەکدا ڕێک بکەون و ببنە ژن و مێردی یەکتر و لە ژیانی ژن و مێردیشدا کامەران بن، یان نا بەڵام دەست بازیی هەر لە دڵکێش کردنی لە شەوە پەیدا ئەبێ جا ئەو کەسەی لەسەری بڕوات، دوورنییە بگاتە ئەوەی کچەکە مارە بکات، بەڵام هانەدەرەکەی خۆشەویستییەکی کوێرانەیە.

چونکە لە ڕووی هۆش و لە ڕووی گەلێ شتی ترەوە لەگەڵیا ڕێک ناکەوێ ئەنجامی ئەو ژن و مێردییەیش سەرگەردانییەکی تەواو ئەبێ.

خۆشەویستی، نابێ لەو ئەندازەیە دەربچێ، کە هەردوو دەزگیرانەکە دڵسۆزیی و ڕێزگرتنیان بەرامبەر یەکتر بپارێزن پێویستە لەسەر هەموو کچێکیش، کە ڕێز لە لەشی خۆی بگرێ و بەشتێکی پیرۆزی بزانێ، هەروەها هەموو کەسێکیش بخاتە سەر ئەوەی کە ڕێز لە لەشی بگرێ و بەشتێکی پیرۆزی دابنێ چونکە ژیان ڕووی تری زۆر هەیە جیهانیش پڕە لەو خۆشییە پاک و بێ گەردانەی کە هەردوو دەزگیران ئەتوانن تێری لێ بخۆن، بێ ئەمەی زیانێک لە خۆیان بدەن بەڵام زیانی گەورە لەوەدایە، کە ئاڵۆش و خرۆشی مێبازیی وریا بکرێتەوە و بەخۆڕایی کەلوپەلی سک و زاو دەمارەکان ماندوو بکرێن.

ئێمە لە تۆمان ناوێ کە کەلوپەلی سک و زا کردنت کز بکەیت ئێمە ئەمانەوێ ئەو کەلوپەلە بەهێزەوە بمێنێتەوە هەروەها ئەیشمانەوێ کردەوەی بابەتی سک و زا لەبیر خۆت ببەیتەوە تا لە شێوەیەکی دروست و پەسەندا دەزگیرانەکەت مارە ئەکەیت و ژن و مێردییەکی بەرز و پیرۆزی لەگەڵدا بەجێ ئەهێنیت.



## مافی دڵدار

لە ماجدۆلینەوە وەرگیراوە[(١)]

لە ماجدۆلینەوە بۆ ستیڤن:

ستیڤن چیت کرد؟ تۆ دوێنێ شەو ئارام و سرەوتت لە من تێکدا چونکە هەرچەند ئەو ماچەتم بیر ئەکەوێتەوە کە لە ناوچەوانت کردم، وا هەست ئەکەم کە ئاگرێکت بەرداوەتە گیانم.

لاپەڕەی ژیانیشم کە تا دوێ شەو سپی و پاک و بێ گەردبوو، بەو ماچە پەڵەیەکی ڕەشی تێکەوت، هەتا ئێستا هەر ئەبزوێتەوە هەر خەریکی ئەوەم کە لەبیر خۆمی بەرمەوە، کەچی وەک یەکێک کە تاریکایی بەچاوی داهاتبێ هەر ئەمەوێ لای ببەم و بۆم لانابرێت چاوەکانم فرمێسکێکی زۆریان هەڵ ڕشت، زۆر لە خوایش پاڕامەوە کە لە گوناهم خۆش ببێ نایش زانم چیم بەسەردێنێ هەروەها نایشزانم چۆن لە ڕۆژی چەندوچوون کردندا، لەبەردەمیا بوەستم، منێک کە ئا بەم جۆرە لەبەر گوناهباریی ناوچەوانم ڕەش بووبێ و، بەم ڕەنگەیش لەشەرماندا ڕەنگم سوور هەڵگەڕابێ؟!... لێت ناشارمەوە، ئەی گەورەم کە ئەگەر بەوە دڵی خۆم نەدایەوە، کە تۆ ئەو ماچەت بەزۆر لێ سەندم و بەخواهیشی خۆم نەمدایتێ، ئێستا کە خۆم دەرمان خوارد ئەکرد ستیڤن، ئیتر جارێکی تر وا نەکەیت.

ئەگینا ، ڕۆژێک لەڕۆژان بەکوژراویی ئەمبینی.

***

لە ستیڤنەوە بۆ ماجدۆلین:

پێش ئیمڕۆ ئەوەم نەئەزانی، کە ئەو کچەی دڵداربێ و پەیمانیشی دابێ بەدڵدارەکەی خۆی، لەپێش دەم دۆستەکەیشیان سوێندی دڵسۆزیی و چاکەدانەوەی خواردبێ کە هەر بۆ ئەوبژیی و دۆستەکەیشی هەر بۆ ئەوبژیی، هەروەها سوێندیشی خواردبێ کە مەرگ نەبێ لەیەکتر جوێیان نەکاتەوە... ماچێکی بەرز و پیرۆز بەزۆربزانێ لە دۆستەکەیەوە کە ناوچەوانی ماچ کردبێ، کە هیچ لەگەڵ ئەو ماچەدا جیاوازیی نییە کە برا ماچی ناوچەوانی

(١) ماجدۆلین: یەکێکە لە بەرهەمە وەرگێڕاوە دیارەکانی نووسەری میسری (مستەفا لوتفی مەنفەللوتی) ١٨٧٦ – ١٩٢٤، بەپاڵ ئەمەدا (النظرات، العبرات) هەر هی ئەرن. ناوبراو لە ئەزهەر خوێندوویە و قوتابی (شێخ محەمەد عەبدە) بووە.

خوشکی خۆی ئەکات یاخود خواپەرستێک ماچی دەستی قەشەی خۆی ئەکات.

من وام دێتە پێش چاو، ئەی (ماجدۆلین)، کە تۆ چەواشەی خۆمت کردووە، خۆت داناوە بەدڵدار لەڕاستیدا تۆ لە دڵداریی زۆر دووریت چونکە ئەو کچەی دڵداریی بکات. دەربەستی ئەوەنییە، کە ماچێک ببەخشێ بەدۆستەکەی خۆی چاوەڕوانی ئەوەیش ناکات کە دۆستەکەی ئەو ماچەی بەزۆر لێ بسێنێ.

ئێستا تێگەیشتووم، کە گریانەکەت لەبەر دەمما و، شڵەژانەکەی دەستت لەناو دەستما و، دڵ لێ دانەکەت لە چاوپێکەوتنما، لەڕووی دڵداریتەوە نەبووە، بەڵکو لەڕووی ترس و لەرزەوە بووە دیارە کە لات لێ کردوومەوە و، خۆشەویستنت بۆ پێشان داوم و، هۆگرم بویت، لەبەر ئەوە نەبووە، کە بەڕاستی خۆشت ویستبم بەڵکو هەر لەبەر ئەوە بووە کە کچێکی کزی بەسەزمانی وەک تۆ، هەر ئەبوو دڵ بداتە پیاوێکی بەهێز کە پشتی بگرێ.

تۆ پێم ئەڵێی: دوێنێ شەو لەبەر خەموخەفەت خەو نەچۆتە چاوت، جێگات بەخۆت نەگرتووە بەڵام من پێت ئەڵێم: ئەوەتی هەم شەوی وەک ئەو شەوە خۆشم ڕانەبواردووە چونکە هەر ئەو ماچەم ئەهێنایەوە پێش چاوی خۆم کە لەناو چەوانتاکردم، کە لای من وەک دوو لێوەی گوڵناری وابوو کە خۆشترین زەردەخەنەم بۆ بکەن هەستیشم ئەکرد بەگیانی دڵداریی بەناو دەمارەکانی لەشما هاتوچۆیان ئەکرد، وەک یەکێک مەیی خواردبێتەوە گڕی بەردابووە لەشمەوە کەچی ئیمڕۆ وام دێتە پێش چاو، لە پەیکەرێکی بێ گیان ئەکات کە لەبەردێکی ڕەق و تەق دروست کرابێ، لەبەر دەستما وەستابێت، نە ببزوێتەوە، نە ورتەیشی لێوە بێت. ببەخشە، ماجدۆلین! من بۆیەکا ئەو ماچەی ناوچەوانتم کرد، چونکە بڕوام وابوو، کە ماچی ژنی خۆم ئەکەم چونکە من جیاوازییەک نابینم لە ناوەند سەردەمی دڵسۆزییدا کە لەبەردەم خۆشەویستی دایە و، سەردەمی مارەکردنیشدا کە لەبەردەم کەشیشا ئەکرێ سوپاسی ئەو چەندکاتە کەمەیشت ئەکەم، کە لەبەردەمی تۆدا تیا کامەران بووم، هەر چەند لەو کامەرانییەیشدا چەواشە بووبووم ئەیشتوانم پێت بڵێم کە هەتا ئەم کاتەیش، ئەو پەیمانەی پێم داویت نەم شکاندوە تا ئێستایش لە دڵما جێگات هەیە وەک خۆشم ویستویت.

چونکە من بۆیەکم خۆش نەویستویت کە پاداشی خۆشەویستییەکەت بدەمەوە، هەروەها لەبەر ئەویش نەچوویت بەدڵما کە جوان یان ژیر یان زیرەک بوبیت لەبەر هیچ شتێکی وایش خۆشم نەویستویت کە پیاو لەبەر ئەوە ئافرەتی خۆش ئەوێ بەڵکو هەر لەبەر خۆشەویستی، خۆی، خۆشم ویستویت ئیتر ئەسپەردەی خوابیت.



## نامەی دڵداریی

له ماجدۆلینەوە وەرگیراوە

من زۆرم بۆ نووسیویت بەڵام تۆ نە زۆرت بۆ نووسیوم، نە کەم، چونکە تۆیش وەک زۆربەی کچان بڕوات وایە کە هەر کچێ نامەیەکی دڵداریی بنێرێ بۆ خۆشەویستەکەی خۆی، یان گوناهبارە، یان بێ ئابڕووە!... بەڵام من بڕوام وایە: ئەگەر کچێک وانەکات، بەپەند و پەراوێزە، چەواشە کەرە چونکە ئەو کچەی، بەڕاستی دڵی خۆی بەخشیبێ بەیەکێک هیچ شتێک نابینێ بەربەستی بکات لەوەی کە نامەبنێرێ بۆ دڵخوازەکەی خۆی، کە لەلای نییە، ئەوەی تیابنووسێ کە ئەگەر لەبەرەو ڕوویشی دابێ، هەر ئەوەی پێ بڵێ.

پارێزگاریش لە کۆڕی دڵدارییدا، بیروباوەڕێکە، لە ئافرەتێک ئەوەشێتەوە کە داوێن پیس بێ، هەر ڕۆژە دۆستێک بگرێ و سوێندێکی گرانیشی بۆ بخوات کە لەپێش ئەودا دڵی بۆ کەسی تر نەکردۆتەوە چونکە ئەو ئەترسێ لەوەی، کە بەدەستی خۆی، ئەوە بنووسێ لەسەرخۆی لەو ڕۆژەیدا، کە کەینەوبەینەی سبەینێ لێ تێک بدات بەڵام ئافرەتی داوێن پاک، لەوانە هەمووی دوورە چونکە ئەو دڵداریی ئەکات، دڵسۆزیی ئەنوێنێ لە دڵدارییەکەیدا چی لە دڵیایە ئەیڵێ، هەر ئەوەیش ئەنووسێ کە ئەیڵێ!...

کەواتە، ئەی ماجدۆلین! تۆیش نامەم بۆ بنووسە چونکە ئەو کەسەی بتوانێ ڕازی قسەکانت بشارێتەوە، ئەیشتوانێ ڕازی نووسینەکانیشت بشارێتەوە ئەوەیش بزانە، کە من ئەو پیاوەنیم نامەکانت لێ بکات بەشیرێک و ملتی پێ بپەڕێنێ، کاتێ کە بتەوێ لە دەستی دەربازبیت هەروەها تۆیش ئەو کچە نیت، کە بەخۆی ڕەوا ببینێ، دڵی خۆی ببەخشێ بەپیاوێک کە بازرگانی بەڕازی ئافرەتانەوە بکات.

## سرپەی ژن هێنان

لە ماجدۆلینەوە وەرگیراوە

لەنامەیەکی ماجدۆلینەوە:

هەموو بابەتێکی کامەرانی، ئامادەکراوە لەبەردەما باوکیشم هەر کامەرانییەکی من هەبێ بەکامەرانی خۆی ئەزانێ هەر سرەوت و ئارامێکیشم هەبێ بەسرەوت و ئارامی خۆی ئەزانێ تا منیش نەبینێ بەڕوویەکی خۆشەوە، هیچ چاو ئەندازێکی جوانی پێ جوان نییە تەنانەت کاروباری باخچەکەیشی دەست لێ هەڵ ئەگرێ تا گەڵاکانی وشک ئەبن و گوڵەکانی ئەوەرێن، هەر بۆ ئەمەی کاروبارەکانی من پێک بهێنێ و پێویستییەکانم جێبەجێ بکات.

کەچی لەگەڵ ئەوەیشا من ئەگریم... بەخۆڕایی ئەگریم... لەسەر هیچ دڵتەنگ ئەبم... ئەوەندەیش خەموخەفەت بەخۆمەوە ئەبینم، نەئەزانم لە کوێ وە هاتووە و بۆ کوێ وەیش ئەڕوات تەنانەت جاری وایش هەیە، خۆم وا دێتە پێش چاو، کە شێتییەکم بەسەر هاتووە، ئیتر لەوەوە ئەشڵەژێم و ترسم لێ ئەنیشێ.

ئەوانەی هۆی ئازار و خەموخەفەتی خۆیان ئەزانن، هەناسە ساردنین چونکە بەهیواوە ئەژین، بەئاواتەوە گوزەران ئەکەن بەڵام من هەناسە ساردم چونکە نەخۆشییەکەم نازانم، تا چاری بکەم ڕۆژی چاک بوونەوەیشم نازانم، تا ئاواتی بۆ بخوازم.

***

لە نامەیەکی ستیڤنەوە:

لە جوانی ئەم جیهانە و هەموو گەشی و خۆشییەکی، هەر ئەوەم ئەوێ کە هاودەمێکم دەست کەوێ و لەگەڵیا خۆش ڕابوێرم، بەو دڵم بگەشێتەوە و بەویشەوە ئارام بگرم هەروەکو ئەڵێن، پیاوان بریتین لە نیوە مرۆڤ نیوەکەی تریشیان لەناو جێگای ئافرەتاندا تەواو ئەکەن هێشتا پیاو لە کانگای دڵیەوە هەست بەو کەموکوڕییە ئەکات، کە (ئادەم) هەستی پێ ئەکرد، لەپێش گۆڕینی وێنەی پەراسووەکەی چەپیدا، تا ئەو ئافرەتە ئەدۆزێتەوە کە خوا بۆی داناوە، ئەو ساکەیش سرەوت و ئارامی پێ ئەگات و گاڵۆکەکەیشی فڕێ ئەدات!...



## چۆنێتیی ژن و مێردیی

نووسەری: هوڵ کین

وا دەرئەکەوێ، کە بیروباوەڕی گشتی بەلای ئەوەدا بچێ کە لەم دەساڵەی دواییەدا، بەتایبەتی پاش شەڕی جیهانی یەکەم، ژن و مێردیی بایەخی نەمابێ.

لەمە، مەبەستمان ئەوە نییە، کە ژن هێنانی ئەم دەمە لە هی پێشوو کەمتری لێ هاتبێ ئێمە ئەمانەوێ ئەوە بڵێین کە ڕێزی ژن و مێردیی دەستی کردووە بەنەمان، ژن مارەکردن هەروەکو پێشوو ئەکرێ، بەڵام بەو شێوەیەی پێشوو بایەخی پێ نادرێ ژن و مێردییەکەیش، هەروەک پێشوو ئەمێنێتەوە، بەڵام وەک پێشوو، هەست بە بەرزیی و پیرۆزیی ناکرێ ژمارەی ئەو ژن و مێردانەیش کە لەژێر بن میچێکدا ئەژین، هێشتا زۆرە بەڵام بەتەنیاییەکی تەواوەوە ئەژین هەر کامێکیان ئەگریت، هاودەم و هاوڕێی خۆی هەیە ئەوەیش باوە کە باوکەکان و دایکەکان لە شێوەی یەکێتیدا خۆیان پێشان بدەن، کەچی لە ڕاستیدا هەریەکەیان بەئارەزووی خۆی ئەجولێتەوە.

ئەگەر ئێمەیش بڕیاری خۆمان لەسەر ئەو نالەبارییەی ڕەوشت و خووە بدەین، کە لە جیهاندا ڕوو ئەدات و، ڕۆژنامەکان دەری ئەخەن، هیچمان بۆ نامێنێتەوە ئەوە نەبێ، کە لە چاویلکەیەکی ڕەشەوە سەیری ئەنجامی (هەرکەسێ بەئارەزووی خۆی ئەکات) بکەین کەچی بەسەر خێزان و ماڵ و مناڵاندا دێ ئەگەر هاتووە کەینەوبەینەیەکی شارستانێتی یاخود تاوانباریی، بخرێتە بەردەمی دادگاه، لەبابەت ژینی ژن و مێردێکەوە، کە هیچ لەگەڵ ژینی مەیموونەکاندا جیاوازیی نەبێ، هۆڵی دادگاکە پڕ ئەبێ لە سەیرکەران، لە ژن و لە پیاو.

ئەگەر هاتوو چیرۆکێکی ئابڕووبەر لەناو یەکێ لە تەماشاگاکاندا، لاسایی کرایەوە، ئۆتۆمۆبیلە گەورە نایابەکان گورج لەبەر دەرگاکەیدا کۆئەبنەوە ئەگەر هاتوو نووسراوێکیش چاپکرا، کە تیز بەژن هێنان بکات و لە ناشیرینترین شێوەدا پێشانی بدات، لە نووسراودانی هەموو ماڵێکدا ئەیبینێ هەر بەزمگاهێکیش، ڕێ درابێ، مەی خۆریی تیا بکرێ تا بەیانی، ئەبینی لە هەموو چینێکی تیا کۆبۆتەوە ئەوەندە پڕبووە، کەسیتر ناگرێ.

بێ گومان، ژن هێنان وای لێ هاتووە، لەناو زۆربەی چینەکاندا، بە تیز پێکردنەوە ئەبرێتە سەر، هەروەها بە تیز پێ کردنیشەوە هەڵ ئەوەشێنرێتەوە تەنانەت وای لێ هاتووە، کە ژن هێنان وەک کارێکی ڕێکەوت سەیر ئەکرێ ئەو ڕێگایانەیش کە ئەگیرێن بۆ

رزگاربوون له پەیمانی ژن و مێردیی، وایان لێهاتووه، که بەنزمترین پلەی زۆرداریی و ترسنۆکی و دڵ رەقی بژمێررێن.

یەکێ لەوانە، ئەوەیە که چەند ساڵێک لەمەو پێش روویدا پیاوێک ئافرەتێکی ئەمەریکایی مارەکردبوو دوانزە ساڵ بوو ژنی بوو دوو منالێشی لێ بووبوو کەچی لای دادگا، سکاڵای خۆی کردبوو، توانجی گرتبووە ژن هێنانەکەی خۆی بیانووەکەیشی ئەوە بووبوو که مەرجێک له مەرجەکانی ژن هێنانەکەی، لەو خاکەدا که پەیماننامەی ژن هێنانەکەیان تیا جێبەجێ کردبوو، نەهاتبووە دیی ئەو مەرجەیش ئەمەبووە، که ئەبێ ژن و مێردەکە هەردووکیان، بەلای کەمەوە، بیست و یەک رۆژ، لەپاش مارەکردندا، لەناو خاکی ئەو فەرمانرەواییەدا بمێننەوە، بیرم نایەت بڕیاری دادگاکە چۆن بووە بەڵام ئەگەر بڕیارەکە، بۆ چاکەی پیاوەکە، دەرچووبێ، واتاکەی ئەوەیە که ئەو ژنەی دوانزە ساڵی خشت لەسەر یەک، وەک ژنێکی دڵسۆز لەگەڵیا ژیاوە، وەک هەموو دۆستێکی سۆزانی، پەڵەی نەنگی و شوورەیی، کەوتۆتە سەر داوێنی ئەو منالانەیش که لەو له دایک بوون، ئەبێ بەزۆڵ دابنرێن ئەوەیش هەر لەبەر ئەوەی که له خاکی ئەو فەرمانرەواییەدا، پێش مارەکردن، بیست و یەک رۆژی تەواو نەماوەتەوە!

ئەم کارەساتە شەرم هێنەرە، هیچ پەیوەندییەکی بەمنەوە نەبوو بەڵام لەو رووەوە که پەیوەندیی بەیاساوە هەیە، کاری کردە دەروونم وایشم هاتە پێش چاو، که ئەم پیاوە، ئەبێ له هۆی ژن هێنان و مەبەسی ژن هێنان و واتای ژن هێنان تێ نەگەیشتبێ، ئەگینا هەر چەندێ دڵ رەق بووبێ و هەرچەندی کردەوە ناشیرین بووبێ، نه ئەبوو ئەو کردەوە نەنگی لێ بوەشێتەوە بڕوایش ناکەم کەس توانجم تێ بگرێ، ئەگەر ئۆباڵی نەگەیشتنی بابەتی ژن و مێردیی بخەمە ئەستۆی پیاوانی یاسا و پیاوانی کلێسا.

لەگەڵ ئەوەشا، هەر لەبەر ئەم هۆیە که ئەمەم لەدەم هاتۆتە دەرەوە، تا چەند رۆژێک بیروباوەڕی هاونیشتمانەکانیان لەمن ورووژاند.

زۆر نووسەر، تێکۆشاوە واتای ژن و مێردیی دیاردیی بکات هەندێک وای پێشان داوە، که ژن و مێردیی بریتییە له پەیوەندییەکی ئایینی، یان پەیوەندییەکی پیرۆز.

هەندێکی تریش گوتوویانە: بریتییە له پەیماننامە یاخود رێکەوتنێکی شارستانی یانە، بەمەبەسی پاراستنی ئەو منالانەی که له ژن و مێردەکە ئەبێ کەواتە لێرەدا دوو بیروباوەڕی جوێ پەیدابووە یەکێکیان بیروباوەڕی یاسایی شارستانێتی یەکەکەی تریشیان بیروباوەڕی کلێسا.



ئەگەر له بۆرە پیاوێک بپرسرێ: ژن و مێردیی چییە؟ وەرام وا ئەداتەوە، که ژن هێنان بریتییە له پەیوەندییەکی ناوەند ژن و پیاو که بەهۆی یاسایی شارستانییەوە پێک هاتووە بەپێی یاسا، ئەم دیاردیی کردنە دروستە. بەڵام بەلای منەوە هەڵەیە و پرپشە له تەنگوچەڵەمە چونکه لەوەوە، وا تێ ئەگەین که یاسایە پەیوەندیی ژن و مێردیی پێک ئەهێنێ ئەگەر یاسایش لەناودانەبێ، ژن هێنان پێک نایە.

ئەگەر ئەمە راست بێ، ئەی بەو پەیوەندییەی ناوەند باو و باپیرانی پێشومان بلێین چی، که هێشتا یاسا لەناویاندا پەیدا نەبووبوو؟... چونکه بەپێی ئەم پێشان دانە ئەبێ ژن و مێردیی (یعقوب و راحیل) و (إسحاق و ربیکا) و (إبراهیم و سارە) و (ئادەم و حەوا) ژن و مێردییەکەی دروست نەبووبێ ئەمەیش ئەوە ئەگەیێنێ که هەرچی مرۆڤ هەیە، هەر له سەرەتای مرۆڤایەتییەوە تا ئیمڕۆ، زۆڵن!!...

لەلایەکی تریشەوە هەربەپێی ئەم پێشاندانە، ئەبێ زۆر لەو پەیماننامە هیچوپوچ و نەنگانەی که لەسەر دەستی یاسا دامەزرێنراون، ژن و مێردییەکی دروست بن.

چونکه ئەو پیاوەی ژنێک بهێنێ لەبەر سامانەکەی، ئەو ئافرەتەیش که شوو بکات بەپیاوێک لەبەر سایە و پایەکەی، ئەبێ بەم پێیە بەژن هێنانێکی راست ودروست دابنرێن، سەبارەت بەوەی که لەژێر سێبەری یاسادا پێک هاتوون.

رەنگە هەندێک بلێن، ئەمانە بابەتی رەوشت و کردەوەن، یاسا پەیوەندیی پێیانەوە نییە چونکه یاسا، فری بەسەر دیوی ناوەوەی ژن هێنانەوە نییە ئەو هەر تەماشای دیوی دەرەوەی ئەکات، وەک ناو و کەلەپوور و بابەتی تر وەرامی ئەمەیش ئەوەیە که یاسا سەیری دیوی دەرەوەی ژن هێنان وا ئەکات که به بنچینەی ژن هێنانی دائەنێ، که بەبێ ئەوە ژن هێنانەکە سەر ناگرێ.

چەندێک لەمەوپێش، که زۆر دوورنییە له ئێستاوە، ئافرەتێک بانگ کرایە دادگا بۆ دەم لێ وەرگرتنی[1] که بەئاشکرا لەگەڵ پیاوێکدا ئەژیا و رای ئەبوارد، وەک ژنێک لەگەڵ مێردی خۆیدا بژیی و رابوێرێ که دادگا لێی پرسی ناوت چییە؟ گوتی: من خانمی ئەو پیاوەم، ناوبژییکەر لێی توورەبوو، گوتی پێی: نابێ جارێکی تر، ئەوە له رووی دادگادا دووبارە بکەیتەوە – بەپێی یاسا، ناوبژییکەر مافی هەبوو ئەوەی پێ بلێ چۆن یاسا، هیچ ژن هێنانێک به ژن هێنان دانانێ، تا بەپێی یاسا پەیماننامەی بۆ نەکرابێ – لەگەڵ

(١) دەم لێ وەرگرتن: (إفادة).

ئەوەشا ، من ناتوانم هیچ بڕیارێک بدەم، ئەوە نەبێ، کە ئەم ئافرەتە ژنی ڕاستەقینەی ئەو پیاوە بووە بام ناوبژییکەر بەرپەرچی قسەی ئافرەتەکەیشی دا بێتەوە و بەهیچی دانابێ و بەربەستیشی کردبێ لە دووبارەکردنەوەی لە ڕووی دادگادا.

ئینجا ئەگەر لە ڕووی ئاییینییەوە لە ژن هێنان بدوێین، بۆمان دەرئەکەوێ کە کەشیشەکان بە ژن هێنانیان گوتووە پەیوەندییەکی پیرۆزە، جا ئەگەر لە بۆرە پیاوێکی گاور بپرسین، ژن هێنان چییە؟ ئەو گورج وەرامت ئەداتەوە ئەڵێ: ژن هێنان بریتییە لە یەکێتییەکی ناوەند ژن و پیاو کە خوا و کلێسا ڕێگای بدەن.

بەڵام من، ئەم پێشان دانەیش، پەسەند ناکەم چونکە ئەگەر هەر کلێسا بێت کە ژن لە پیاو مارە بکات؛ ئەی ئەو ژن هێنانە چیی پێ ئەگوترێ کە دوور لە کلێسا جێبەجێ کراوە؟ ئاخۆ ئەویش بە ژن هێنانێکی بێ جێ و ناپەسەند دائەنرێ؟ ئەی ئەمە ڕاستە کە هەر ژن هێنانێک لەسەر دەستی کلێسادا جێبەجێ ببێ، لەسەر دەستی خوادا جێبەجێ بووە؟ کەواتە خوایش ئەو ژن هێنانانە پەسەند ئەکات کە لەبەر پوول پەرستی و چاوبرسێتی جێبەجێ کراون، کە کچەکانیان بەزۆر تیا کێش ئەکرێ، بەبێ ئارەزووی خۆیان.

بۆ کوشتارگای کلێسا!!...[1] بەڵام، من، بڕوام وایە، کە نە یاسا ، نە کلێسا ، پەیماننامەی ژن هێنان گرێ ئەدەن. بڕواکەیشم بە خۆڕایی نییە دیارە بەڵگەم لەلایە بۆیە وا بڕوا ئەکەم چونکە یاسایش و کلێسایش، هەردووکیان ڕێ ئەدەن بەوەی کە ئەو ژن هێنانەی، نوستنی ژن و مێردەکەی، پێکەوە تیا پەیدا نەبووبێ، ئەتوانرێ هەڵ بوەشێنرێتەوە هەردووکیشیان بڕیاری ئەوەیان داوە، کە چ ژنەکە، چ پیاوەکە، هەردووکیان، مافی ئەوەیان هەیە، کە لەوەپاش ژن و مێردیی لەگەڵ کەسانی تردا بەجێ بهێنن ڕەنگە ئافرەتەکە لەگەڵ دەزگیرانەکەیدا بچێتە کلێسا و لەوێ ئەموستیلەی ژن و مێردیی لێ وەرگرێ ئنجا سوێند بخوات لەسەر دەستی کەشیشدا و تۆماری ژن هێنانەکەیش مۆر بکات بەڵام لە گەڕانەوەدا، کە گەیشتنە بەر دەرگای کلێسا ، ئەگەر ژنەکە لێی جیابووەوە و لەوە پاشیش تێکەڵ بەمێردەکەی خۆی نەبووەوە ئیتر ئەو ئافرەتە بە ژنی ئەو پیاوە دانانرێ لە هەموو خاکێکی پێشکەوتویشدا وایە، کە ئەو پیاوە مافی هەیە ئەوژنە بەڕەڵڵا بکات و ژنێکی تر بهێنێ.

(١) لێرەدا مەبەستی لە (کوشتارگای کلێسا ) بەشی پێشەوەی کلێسایە کە سەکۆی قەشە و ڕەففەی مۆم وێنە و پەیکەری مەریەم و خاچی لێ دادەنرێ و (مذبح)ی پێ دەڵێن.



کەواتە، بەڵگەی تەنیا و ڕاستەقینەی ژن و مێردیی پیاو و ژنێک ئەوە نییە کە ئاهەنگی ژن هێنانیان بۆ کراوە بەڵکو ئەوەیە کە وەک ژن و مێردێک ژیاون، ئەو مەرجانەیشیان بەجێ هێناوە کە لەبابەت پاراستنی ناوماڵ و ناو بانگیانەوەیە لەلای کەسانی تر.

کەواتە ژن هێنان چییە؟ من وەک دەستوردانەرەکانی ڕۆمایییەکان وەرام ئەدەمەوە، بام ئەوانە بت پەرستیش بووبن و خوایان نەناسیبێ ئەڵێم :(ژن هێنان بریتییە لە ڕێک کەوتنێکی سروشتی، لەناوەند ژن و پیاوێکدا بۆ ئەمەی تا سەر وەک هاوسەر بژین.).

بام یاساکانی مرۆڤایەتیش وانەڵێن، ژن هێنان ئەتوانرێ لە ناوەند ژن و پیاوێکدا پێک بهێنرێ، کە هەر خۆیشیان بن کەسی تریان لەگەڵ نەبێ ئەگەر کلێسایش نەبێ، یاخود ژن و مێردەکەیش بڕوایان بەخوا نەبێ، ئەو ژن هێنانە لە پاکی و خاوێنی کەم نابێتەوە.

ئیتر بەکورتی : (ژن هێنان ئەو پەیوەندییەی ژن و پیاوەیە کە هەر لەسەر بنچینەی خۆشەویستی دامەزراوە) ئەو پیاوەی کە بەدڵ، بەئافرەتێک ئەڵێ، کە خۆشی ئەوێ، (تۆ ژنمی) هەروەها ئەو ئافرەتەیش کە بەو پیاوەی خۆشی ئەوێ ئەڵێ: (تۆ مێردمی) ئەو ژن و پیاوە، لە ڕاستیدا، ژن و مێردییەکی ڕاست و دروستیان دامەزراندووە، کە هەرگیز هەڵناوەشێتەوە مەگەر یەکێکیان، یان هەردووکیان نەتوانن مەبەسی ڕاستەقینەی ژن و مێردییەکە بەجێ بهێنن.

ڕەنگە ئەم جۆرە پێشاندانەی من، بە ئەندێشە دابنرێ... بەپێچەوانەی یاسا دابنرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشا ، لەو قسانە بەولاوە تر نییە کە باو و باپیرانی پێشینانمان بەدەم گوتوویانە، کە هێشتا لە خاکی (سکوتلاندە)دا کاریان پێ ئەکرێ قسەکەی من لەگەڵ ئەو قسەیەیشدا پێچەوانەناوەستێ کە ئەڵێ: خوا پەیماننامەی ژن هێنان پێک ئەهێنێ هەروەها یاسایش مافی هەیە، کە چەند مەرجێک دابنێ بۆ پاراستنی ژن و مێردیی یاخود ژن و مێرد.

لە ڕاستیشدا، پێشاندانی ژن هێنان، بەو جۆرە، کە بریتییە لە پەیماننامەیەکی سروشتی، لە چاکەی کلێسا کەم ناکاتەوە، کە هەیەتی بەسەر پاک و خاوێنیی ژن هێنانەوە و دامەزراندن و مانییەوە بەپێچەوانەوە، کار و پیشەی ئاییینی، کارێکی گەورە ئەکاتە دڵی زۆربەی کەسان.

هەر بۆ ئەوە دانراوە کە بێچارە و بێ دەسەڵاتەکان بپارێزێ ئەویش وا فەرمان ئەدا، کە ئەبێ مێرد پارە بۆ ژنەکەی خۆی بەخت بکات هەروەها مافی کوڕەکانیشی ئەپارێزێ جا

لەبەر ئەوەی کە ڕەوشت و خووی گشتی یەجگار نزم بۆتەوە، ئەگەر بهاتایە ژن هێنان بەبێ یاسا پێک بهاتایە، ژن و مێردیی ئەبوو بەئاژاوە و شەڕوشۆڕ، ئەبوو بەنموونەیەکی سەرگەردانی.

وا گوتراوە کە بووک لە ئاهەنگی بووکێنییەکەی خۆیدا ئەگریی، ئێمە نابێ سەرمان لەوە سوڕبمێنێ چونکە ئەو بەوە بزانێ، یان نەیزانێ، لە گەورەترین ڕاستیی ژیاندا بەشی خۆی فرمان ڕائەپەڕێنێ. ئەویشە فرمانێکی وایە، کە هەرچی ئاهەنگ و شاییەک هەیە، لە چاویا دەرناکەوێ؛ بەڵێ ئەو فرمانەیە کە لەپێناو زیندوێتیی ڕەگەزی مرۆڤایەتیدا، یاخود مانی ژیان لەسەر زەویدا، بەجێی ئەهێنێ.

لە ئەنجامدا ئەوەم بۆ دەرکەوتووە، کە مارەکردنی ڕاستەقینە، لەسەر دەستی یاسادا پێک نایەت، هەروەها لەسەر دەستی کلێسایشدا پێک نایەت تەنیا لەسەر دەستی خۆشەویستییدا پێک دێت هەر ئەوەندە هەیە کە یاسا، پەسەندی ئەکات و ئەیپارێزێت کلێسایش ڕێزی لێ ئەگرێ و پیرۆزبایشی لێ ئەکات بەڵام ئەو ژن هێنانەی لەسەر بنچینەی خۆشەویستی دانەمەزرابێ، بام بەپێی بەندەکانی یاسا پێک هاتبێ و، کلێسایش پەسەندی کردبێ، بە ژن هێانێکی هیچوپووچ دائەنرێ.

## ژن هێنان بۆ کەڵکی تایبەتی

لە ماجدۆلینەوە وەرگیراوە

ئەو پیاوەی ژن لەبەر سامانەکەی بهێنێ، بریتییە لە دزێکی ناپاک، چونکە ئەو بەناوی دڵدارییەوە پارە لە ژنەکەی کێش ئەکات، کەچی ژنەکەیشی خۆش ناوێ.

ئەو پیاوە بە پەککەوتە و ڕێژگاو دائەنرێ چونکە وازی لە کار و فرمان هێناوە، خۆی پێ بژێنێ پاڵی داوەتەوە بە ئافرەتێکی بێ دەسەڵاتەوە، بیژیێنێ و بەخێوی بکات.

هەروەها پیاوێکی نامەرد و خوێڕی و سوکیشە چونکە لەشی خۆی داوە بەکرێ بەئافرەتێک هەروەک ئافرەتێکی سۆزانی لەشی خۆی ئەدا بەکرێ بەپیاوان و بەهۆی ئەوەوە خۆی ئەژیێنێ.



## بێ هەڵە چۆن ژن ئەهێنی؟

نووسەری: داڤید ئارنۆڵدبالش

لە ڕاستی پەرستی گەورە (ئۆگۆست کونت) ئەگێڕنەوە کە لە ژیانیا دووجار نووسراوەکانی خۆی هێناوەتە بەردەمی خۆی و هەر بیروباوەڕێکیان تیابووبێ لە بابەت خۆشەویستییەوە گۆڕیوونی؛ سەرەتای تۆمارکردنی ئەو بیروباوەڕانەی لە کاتی لاوێتیی دابووە یەکەم گۆڕینی ئەو بیروباوەڕانەی لە ناوەڕاستی تەمەنیا کرد دووەم گۆڕینیشی لەدەمی پیرییدا کرد. واتا لەودەمەدا کردی کە هەرچەندێک لە توانای دابوو لەبابەت ئافرەتەوە و پەیوەندیی ئافرەتەوە بەپیاو زانیاریی کۆکردبووەوە.

هەروەها زۆرکەسی تریشمان، دەربارەی بیروباوەڕەکانیان، ئەوە ئەکەن یان کەسیش نەبێ، منیش ئەوەم کرد لە بیروباوەڕی خۆم کە دەربارەی ژن هێنان نواندبووم چونکە من لەو سێ ساڵەی پێشووەدا کە خەریکی تەماشاکردنی کەینەوبەینەی ژن ومێردیی ئەم و ئەو بووم، کە لە هەموو چینێک بوون، هەروەها خەریکی تەماشاکردنی ژن هێنانەکەی خۆم بووم بە هەموو لکەکانییەوە دووجار چاوم خشاندەوە بەبیروباوەڕەکانی خۆمدا کە لەبابەت ژن و مێردییەوە دام نابوو هەرجارێکیش پیابچوومایەوە، بژارێکی تازەم تیا ئەکرد.

ڕاست و ڕەوان قسە ئەکەم، ئەم بیروباوەڕانەم بۆ چاکەی ژن و مێردیی بەکار نەئەهاتن چونکە یەکەم جار، کە سەرنجم دا لە ژن هێنان خوا بم بەخشێ، لە تافی کوڕێتی دا بووم؛ وام ئەهاتە پێش چاو، کەشتێکی پڕوپوچی بێ نرخە، چاو لێکەرییەکی کوێرانەیشە لە باو و باپیرمانەوە بۆ مان هاتۆتە خوارەوە ئیتر لەوە بەولاوە هیچی تری تیا بەستەنییە پاش ئەوە، کاتێکی ترم بەسەردا هات، زۆرتر ئارامم ئەگرت لە بەرامبەر خراپەکانی ژن هێناندا بەڵام ئەوەی وای لێ نەکردبووم، کە زۆرتر ڕێزی لێ بگرم.

کەچی کە تەمەنم گەیشتە سی ساڵان، دەستم کرد بەوەی کە ژن هێنانم وابێتە پێش چاو، شتێکە هەڵ ئەگرێ ڕێزی لێ بگیرێ ئیتر تا ئەهات زۆرتر ڕێزم لێ ئەگرت. تا دوایی وام لێهات کە بەدڵ باوەڕ بکەم، ژن و مێردیی گرنگترین و پیرۆزترین یاسایە، کە بتوانرێ جیهانی پێ ئاوەدان بکرێتەوە، لە ڕاستیدا، ئەم پەیوەندییە، کە زۆرکەس بەچارەنووسی دائەنێن، هیچ فرێکی بەسەر چارەنووسەوە نییە؛ ئەمەیش ئەنجامێکە، کە لەپاش سی ساڵ لێکۆڵینەوە و تاقی کردنەوە ڕاستییەکەیم بۆ دەرکەوتووە.

زۆربەی پیاوان لە ژن هێناندا سەرئەکەون بەپێی دڵی خۆیان چاکترین ژنیان دەست ئەکەوێ بە واتایەکی تر هەریەکەیان ژنێکی وای دەست ئەکەوێ کە ئەوی ئەوپێی خۆشە، ئەویش پێی خۆشە، ئەوی پیاوەکەیش پێی ناخۆشە، ئەویش پێی ناخۆشە، یەک مەبەس هەردووکیان ئەکات بەیەک، سا ئەو مەبەسە، خەم خواردنی کەلوپەلی ناوماڵ بێ، یان پارە کۆکردنەوەبێ، یاخود مناڵ بەخێوکردن بێ، یان هەرچییەک بێ هەرکەسێکیش لە جۆری ژیان و گوزەرانی هەردووکیان ورد ببێتەوە، تێ ئەگات، کە چ لە هۆش و بیریاندا، چ لە دەروونیاندا، چ لە تاسە و هەست و ئارەزوویاندا، بەئاشکرا، لەگەڵ یەکتردا، ڕێک کەوتوون. دوورنییە لەم قسانەما، جۆرە دوورکەوتنەوەیەک ببینی لە ڕاستی، بەوەدا کە ئەو قسانە لەگەڵ ڕووداوی بینراو و بیستراودا ناگونجێن لەگەڵ ئەمەشا ئەوەی لەسەرەوە نووسیومە، ڕاستە هیچ گومانی تیانییە.

بەڵگەی یەکەمم بۆ ڕاستیی قسەکەم، بەراورد کردن و ژماردنی دەزگاکانی فەرمانڕەواییە ئەوانە پێشانی ئەدەن، کە زۆربەی ژن هێنانەکان سەرکەوتوون بەڵام ئەوانەی سەرنەکەوتوون کەمن. ڕەنگە تۆ وەرام وابدەیتەوە کە ئەم ژماردن و بەراوردکردنانە لەسەر کارەساتی ژن بەرەڵلاکردن دامەزراون کەچی ژن بەرەڵلاکردن، ڕاست نییە بکرێ بەبنچینەیەکی تاقانە بۆ ژن و مێردیی سەرنەگرتن چونکە زۆر ژن و مێردی وا هەیە کە لەسەرگەردانییەکی هەمیشەییدا ئەژین، لەگەڵ ئەوەیشدا نایانەوێ ژنەکانیان بەرەڵلا بکەن، یاخود هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەو ڕادەیەی کە ژنەکانیان بەرەڵلا بکەن.

ئەوەیش بەر پەرچ دانەوەیەکە، خۆیشم سەردەمێک حەزم پێ ئەکرد بەڵام ئەوساکە هێشتا، بۆ جاری دووەم بەسەر بیروباوەڕەکانما نەچووبوومەوە.

بەڵام ئێستاکە، بەتەواوەتی باوەڕم کردووە، کە ئەو بیرە زۆر هەڵەیە چونکە من ئەو هۆیە سەرەتاییانەم دۆزیوەتەوە کە دڵکێش کردنی ڕەگەزییان پێوە بەندە و مرۆڤیش ئەخەنە سەر ژن هێنان. وایشم بۆ دەرکەوتووە کە هەر ئەو هۆیانەیە ئەمانخەنە سەر ڕێگای ڕاست کە ژن و پیاوێکیش ئەبنە هاوسەری یەکتر، هێزێکی پیرۆزیش لە ئاردا هەیە، کە چارەیان بۆ ئەنووسێ.

جا کامەرانی و سەرگەردانی ژن و مێردەکەیش لەوەوە پەیدا ئەبن، کە (هێزی هەرە سەروو) بڕیار بدات ئاخۆ یاسای هەڵبژاردنی سوروشتی، تەواو جێبەجێ کراوە، یاخود لە هەندێ ڕووەوە، لێی لادراوە.

***



ژن هێنان بەدرێژایی نیوەی یەکەمی ئەم سەردەمە، جێگای دوودڵی و تیز پێکردن بوو ئەوەیش سەبارەت بەوە بوو، کە گیانی پوول پەرستی زاڵ بووبوو لەناو ئەم سەردەمەدا هەروەها لەبەر ئەوەیش بوو کە بەدخوویی و کردەوەی ناشیرین لە هەموو شوێنێکا بڵاوبووبووەوە لەم سەردەمەدا، هەر ژن هێنان نەبوو کە بەتەنیا، سووکی بەسەرا هاتبێ تەنانەت ئایین خۆیشی سووک و ڕیسوا ئەکرا. مرۆڤ وای لێ هات لە بوونی خوا گومانی ئەکرد کۆمەڵێک لە نووسەرانیش، لەم گێژی تیز پێکردنەدا ڕاپێچ کران، تیزیان بەبابەتی ناو ئاسمان و ئەوی لە ئاسمانەوە هاتۆتە خوارێ ئەکرد. بۆیەکا تیزیان بە ژن هێنانیش ئەکرد چونکە بەیاسایەکی ئاسمانییان دائەنا ئەوانە تەواو خۆیان ماندووکرد، لە ژەهراویی کردنی بیروباوەڕی هەمووان‌دا لەبابەت ژن هێنان و ژن و مێردیشەوە بیروباوەڕی هەمووانیان تێکدا. پاش ئەوە، ئەو سەردەمە هات، کە پێی ئەگوترا (سەردەمی زانست)، کە بنچینەکەی لەسەر ئەوە دامەزرابوو: کە هەرچی نەبینرێ و دەستی لێ نەدرێ باوەڕی پێ نەکرێ ئیتر لەوەوە تیزکردن بەئاسمان و بەوەی کە لە ئاسمانەوە دێتە خوارەوە، پەرەی سەند ئیتر لەو ساکەوە، خۆشەویستی و ژن هێنان لای هەموو کەس وای لێهات کە بەیاریی مناڵانیان دائەنا.

هەر ئەوەندەمان بەسە، چاوێک بەو نووسراو و چیرۆکانەدا بخشێنین کە لەم بیست ساڵەی دواییەدا چاپ کراون؛ بۆ ئەمەی بەتەواوەتی بزانین کە چە بیروباوەڕێکی خراپ دەربارەی ژن هێنان، لەم سەردەمەدا، چۆتە ناو مێشکی هەموانەوە ئەتبینی پیاوێک ژن ئەهێنێ، کەچی نەی ئەزانی، تا چ ئەندازەیەک ژن و مێردییەکەی بۆ ئەمێنێتەوە هەروەها نەیشی ئەزانی کە لە ژن هێنانەکەیدا کامەرانی ئەبێ، یان سەرگەردان. ژن هێنان هەروەکو وابووە، هەروایش ئەمێنێتەوە: پێویستێکە لە پێویستییەکانی ژیان. بەڵام لەو سەردەمەدا بە پێویستییەکی سەخت و خراپیان دائەنا سەیری ئافرەتیشیان وا ئەکرد (هی مارە کراو)، وەک سەیری جنۆکەی بەردەباران کراو بکەن وابوو وایان ئەزانی پیاو هەرگیز ناتوانێ ئەو ئافرەتە مارە بکات کە پێویستە لەسەری مارەی بکات ژیانیش بەلای ئەوانەوە وای لێهاتبوو، کە بەسەرگەردانییەکی بێ ئەندازەی دوور و درێژ دائەنرا.

ئەمەبوو، ئەو بیروباوەڕەی کە هۆشمانی داگیرکردبوو، لە بابەت ژن هێنانەوە، لە بیست ساڵێک لەمەو پێشەوە کە ئەویش بەوە تێک چووبوو، کە نووسەرانی چیرۆک مێشکمانیان بەچیرۆکەکانیان ژەهراویی کردبوو، کە لەبابەت کارەساتی سەرگەردانی و ناپاکیی ژن و مێردایەتییە و ئەدوان ئیتر لەوەوە بوو، کە ئێمەیش وەک ئەوانە، چاومان لە

هەموو ڕوویەکی جوان و شیرینی ژیانی ژن و مێردیی وەرئەگێڕا، هەرتەماشای خراپترین ڕوویمان ئەکرد کەواتە نابێ سەرمان لەوە سوڕبمێنێ، کە زۆر لە خاوەن ژنەکان ئەبینین بەچاوی خەفەت و پەشیمانییەوە سەیری ژیانی ڕەبەنیی پێشووی خۆیان ئەکەن بەڵام ئەو هۆیانەی کە پاکانەی پێش بینییەکەی خۆیانی پێ ئەکەن، لەم نموونەیەی منا دەرئەکەوێ.

***

یەکێکیان ئەڵێ:

(ئەبێ ژن هێنان بەشتێکی گەورە دابنرێ چونکە یاسایەکی ئاسمانیی تاسەرە. ئەگەر من ئەو ژنەم مارە بکردایە کە هەڵ ئەگرم مارەی بکەم، بەڕاستی ئەگەیشتمە ئەو کامەرانییەی کە ئاواتی بۆ ئەخوازم کەچی لە جیاتیی ئەوە چونکە کچێکی ساکارم کرد بەژنی خۆم ئەو ئافرەتە پایە بڵندەم دەست نەکەوت کە دڵی پڕبێ لە هەست و ئارەزوو وا دەرئەکەوێ، چارەنووسم وابێ، کە هەتا بەمردن لە یەکتر جیا ئەبینەوە، ئەم دەردە بکێشم ئاخ لە دەست ژیان چەند تاڵە!).

ئەم مێردە، لەگەڵ ئەم سکاڵایەیشیا هەروەکو بەهۆی تاقی کردنەوەیەکی زۆریەوە بۆم دەرکەوتووە کە ئەیکا، لە ڕاستیدا ئەو ئافرەتە تاقانەیەی مارەکردووە، کە پڕ بەپێستێتی هەر پیاوێکیش بەئارەزووی خۆی ژنی هێنابێ، تێکڕا وەک ئەوی بەسەرهاتووە چونکە ئەو خۆشەویستییەی کە پاڵت پێوە ئەنێ بۆ ژن هێنان، کارێکی یەجگار وردە.

تەنانەت، ئەتوانین ئەوەیش بڵێین، کە لە سەدی نەوەد و نۆی ژن هێناندا، پیاو هەر ئەو ژنەی بەر ئەکەوێ کە سروشت بۆی داناوە جا کابرا بەوە بڕوا ئەکات یان نایکات ئارەزووی خۆیەتی. چونکە بنچینەی کامەرانی ژن و مێردیی لەسەر ئەم هۆیانە دامەزراوە، کە توانیویانە ژن و مێردەکە لە یەکتر نزیک بخەنەوە، هەردووکیان بخەنە دڵی یەکترەوە و بیشیان بەستن بەیەکەوە چ ڕۆژگار، چ کاروبار، چ کارەساتی گشتی، ئەمانە هەموویان کاریان کردووە لە هەردووکیان تا بەم ئەنجامە گەیشتوون ئەم ئەنجامەیش هەروا ئەمێنێتەوە، تا ئاگری خۆشەویستی لە ناوەند هەردووکیاندا ئەکوژێتەوە.

جا کە ئەم ئاگرە کوژایەوە، ئیتر بە چ هۆیەکەوە بە یەکەوە ئەبەسترێنەوە؟ ئاخۆ ئەو هۆیە منداڵەکانیانە، یان پێویستی ژیانیانە، یان هەر ڕەوشت و خوو و چاولێکەریی کۆمەڵایەتییە؟

بەلای منەوە وایە کە ژن و پیاو دڵی یەکتری ڕائەکێشن، هەر لەبەر ئەوەیە کە ڕەوشت و خوویان یەک ئەگرێ ئەوەیش لەبەر ئەوەیە، کە هەموو پیاوێکی دیاردیی کراو، لە هەموو



ئافرەتێکی دیاردیی کراودا، چەند ڕەوشت و خوویەکی تایبەتی ئەبینێ کە لەگەڵ ئارەزوو و ئاواتی خۆیدا ڕێک ئەکەوێ و ئەسازێ.

ئەویش بەوە دڵخۆش و کامەران ئەبێ. هەروەها ئافرەتە دیاردیی کراوەکەیش ئەو هەستە دێ بەبیر و دڵیا بەرامبەر ئەو پیاوە دیاردیی کراوە. من گەلێک وێنەی وام چاوپێکەوتووە کە ڕاستیی ئەم پێش بینییە دەرئەخات.

جا ئەگەر ویستت بزانیت ژن و مێردێک لە ژیانی ژن و مێردییاندا کامەرانن یان نا؟ یاخود ژن و مێردییەکەیان تا سەر ئەمێنێتەوە یان نا؟ لەپێش هەموو شتێکا تەماشای هۆی ڕێک کەوتن یاخود ڕێک نەکەوتنی چێشکەو بیروباوەڕ و ئارەزوو و ئاواتەکانیان بکە پاشان لەسەر چەندێتیی ئەو ڕێک کەوتن و ڕێک نەکەوتنە بڕیاری خۆت بدە.

بڕوایشت وابێ کە بڕیارەکەت لەسەدی نەوەد و نۆ جاردا ڕاست دەرئەچێت بۆرە پیاوانیش هەڵەیان نەکردووە کە گوتوویانە (لێی مارە بکەن، هەر بۆ ئەو ئەشێ) مەبەستم لەمە ئەوەنییە کە بۆ ئەمەی بزانیت ئەم کچ یان ئەو کچ بەکەڵکی ئەوە دێت کەببێ بەژنت و پێیەوە کامەران بیت، هەردووکتان بچنە کارگەیەکی دەرمانکاریی ئەگەر کارگەی وا دەست بکەوێ تا لەوێ هەست و ئارەزووی خۆتان شیَ بکەنەوە، بۆ ئەمەی بزانن لەگەڵ یەکتردا ڕێک ئەکەون یان ڕێک ناکەون بەڵام هەر ئەمەوێ ئەوە پێشان بدەم، کە لە ناوەند هەموو ژن و مێردێکی کامەران و سەرکەوتوودا، لە یەک چوونێکی زۆرسەیرم چاوپێکەوتووە دوورنییە ئەم لەیەک چوونانە لە هەست و ئارەزووی خراپ دابن بەڵام گرنگی لەوەدایە کە لەگەڵ یەکتردا بسازێن، بابەتی ڕێک کەوتنەکە بایەخی نییە.

دوورنییە بابەتی ئەم ڕێک کەوتنەیان لەوەدا بێ کە هەردوولایان حەز لە گاڵتەوگەپ بکەن یان گیانێکی ڕاست و دروست و یەجگار مەندیان تیابێ یان ئارەزوویەکی زۆری ئەندازەگیریی بکەن لە پارە بەختکردن و پاشەکەوت کردندا، یان هەردوولایان دەست بڵاوبن و پارە بە فیڕۆ بەخت بکەن، یاخود خواناس بن، یان خوانەناس بن، یان حەز لە نووسراو، وەرزش، گەشتوگوزارکردن، گەڕان و چۆڵەوانی، یان خواردنی ناو چێشتخانان بکەن ئەمانە و هەزاران شتی تریش هەن کە لە ژمارە نایەن، ئەبنە بابەتی ڕێک کەوتنەکەیان بەڵام پێویستە ئەوەندەی لایەکیان حەز بەو بابەتە ئەکات لایەکەی تریشیان حەزی پێ بکات، تا هەردووکیان بەتەنشت یەکترەوە خۆشییەکی وەهایان پێ بگات، کە بتوانن بەڕێکوپێکی و لەیەک تێ گەیشتنێکی خۆشەوە لەگەڵ یەکتردا بژین.

کوڕ و کچێک ئەناسم، لە دەمی شەڕدا بەڕێ کەوت، بوون بەژن و مێردی یەکتری

لاوەکان خوویان وا گرتبوو، کە ئەیان زانی بۆ کۆڕی جەنگ ئەچن و دووریش نییە لەناوبچن، بێ ئەمەی بیرێکی تەواوی لێ بکەنەوە، ژنیان ئەهێنا ئەوان لەو کاتەدا دەریایان ئەبڕیی و ئەچوون خۆیشیان لەوە دڵنیا نەبوون کە ئەگەڕێنەوە لای ژنەکانیان. خوویان وابوو، هەر کامێکیان کچێکی وای بدیایە کە تۆزێ خۆشەویستی خۆی بۆ پێشان بدات، دەست بەجێ ڕاپێچی ئەکرد بۆ دەزگای ژن هێنان، پاشان بۆ نزیکترین کلێسا ئنجا کە لەوە ئەبوونەوە، ئەهاتنە دەرەوە، دەستیان ئەکرد بەقۆڵی یەکتردا و، وەک هەموو ژن و مێردێکی تر ئەگەڕان بەسەر شەقامەکاندا.

ئنجا تا شەڕ ئەبڕایەوە و، مێردەکەیش بەلەش دروستییەوە ئەگەڕایەوە لای ژنەکەی خۆی، پەیوەندیی ژن و مێردیشیان ئەبڕایەوە. بەڵام ئەگەر ئەو پەیوەندییە بمایەتەوە و نەگۆڕرایە، تەنیا سەبارەت بەوەبوو کە هەست و ئارەزووی هەردووکیان لەگەڵ یەکدا ڕێ ئەکەوت. بەڵام ئەو کوڕوکچەی کە گوتم بەڕێ کەوت، لەکاتی جەنگدا بووبوونە ژن و مێردی یەکتر، ژن و مێردییەکەیان هەر لەسەر بنچینەی خۆشەویستی دانەمەزرابوو، کە هەریەکەیان ئەو شتانەی پێ خۆش بوو کە ئەوەی تریشیان خۆشی ئەویست بەڵکو لەسەر ئەو بنچینەیەیش بوو کە هەردووکیان لەیەک شت ڕقیان هەڵ ئەستا: سا ئەو شتانە نووسراو، یان یاریی، یان گۆرانی، یاخود بابەتی بەزموڕەزم، یان وەرزش بووبن، یاخود کەسانی تر، پێویستە (کەسانی تر)یش لەبیر دەرنەکەین چونکە ئەوانیش هەریەکەیان بابەتێکی گرنگی خۆشەویستی ئەبن، یان بابەتێکی گرنگی نەنگەویستی، جا ئەگەر دیت دەزگیرانەکەت، لە نەنگەویستی کەسێکی دیاردیی کراودا -کە لەبەر سەروپۆتەڵاک، یاخود لەبەر کردەوە و کاری یان لەبەر لووت بەرزیی، یان لەبەر هیچ شتێک، قینت لێی ئەبێتەوە- بەرەنگاریت ئەکات، پێویستە لەسەرت تەواو چاوت بکەیتەوە وتێ بگەیت کە ئەم کچە بەکەڵکی هاوسەریت نایە، لە خۆشی و تەنگانە و بیر و باوەڕتا هاوبەشیت بکات بەڵام ئەم ژن و مێردەی لێیان ئەدوێم وانەبوون، چونکە هەردوو لاوەکە بەتەواوەتی لەگەڵ یەکتردا سازابوون و ڕێک کەوتبوون.

لەگەڵ ئەمەشا ژن و مێردییەکەیان کارەساتێکی ڕێکەوتی سەردەمی جەنگ بوو هەردووکیان یەکتریان دیبوو پاشان کوڕەکە لە کچەکەی خواستبوو کە شووی پێ بکات ئەویش خواستەکەی ئەوی جێبەجێ کردبوو هەروەک تۆ کچێک بانگ بکەیتە سەر نان خواردن و بێت بۆ سەرخوانەکەت، ئاوا بەئاسانی پێک هات، دووەم ڕۆژی کچەکەم دیی، لە ئێستگەی شەمەندەفەردا، مێردەکەی خۆی ڕەوانە ئەکرد.



لەپاش چەند تاوێک، مێردەکەی لەگەڵ پێنج سەد سەربازی تر سواری شەمەندەفەربوون و ڕوویان کردە کۆڕی شەڕ و کوشتار، بەختی یاربوو، لە مردن ڕزگاری بوو، گەڕایەوە لای ژنەکەی ئیتر لەوساکەوە پەیوەندیی ژن و مێردیی تەواو دەستی پێ کرد لەناوەندیاندا بەڵام ڕێک کەوتنەکەیان تا سەر نەبوو نەک لەبەر ئەوەی کە لەگەڵ یەکتردا نەئەسازان بەڵکو لەبەر ئەوەبوو، کە هۆی تێک چوون، لەناوەند دوو خۆشەویستدا هەر پەیدا ئەبێ، لەناو ژن و مێردێکدا هەر پەیدا ئەبێ ئنجا یەکێکیان بێ هۆشی بکات، یان هەردووکیان، هەر ئەبێ لە یەکتر جوێ ببنەوە ئەمانیش وایان بەسەرهات بەتەواوەتی لە یەکتر جوێ بوونەوە و یەکتریشیان بەڕەڵاکرد کوڕەکە تا سەردەمێک بەئارەزووی خۆی ژیا پاشان کچێکی بچووکتر و جوانتری دۆزییەوە، مارەی کرد، بەڵام زۆر پێکەوە نەژیان زۆری پێ نەچوو ئەویشی بەڕەڵاکرد لەپاش ماوەیەک، سەرلەنوێ ژنەکەی پێشووی مارەکردەوە هۆی ئەوەیش ئەوەبوو، کە ئەیزانی خۆی و ئەو لەزۆر شتا ڕێک ئەکەون، کە لەگەڵ ژنەکەی دووەمیا وانەبوون. وا ئێستاکە وەک ژن و مێردێکی تەواو لە کامەرانیدا ئەژین بەڵام لە ژنەکەی دووەمی دوورکەوتەوە هەروەک بیرەوەرییەکی کۆن بەبیریادێ.

هەروەکو گوتم ژنەکەی دووەمی جوانتر و شەنگوشۆختر بوو بەڵام ئەوە بەتەنیا بەکەڵکی ژن و مێردییان نەئەهات ڕێککەوتنی دەروونی و هەست و ئارەزوو و بیروباوەڕی پێ ئەویست لەبەر ئەوە، ژن و مێردییە تازەکراوەکەی، لە باریا هەبوو بەرگە بگرێ و تا سەریش سەر بگرێ هەروەها لەباریا هەبوو کە خۆشەویستی هەردوولایان بەرامبەر یەکتری تا بێت جێگرتربێ و، هەرچەندێکیش بەرهەڵست و کۆسپی بێتە بەردەم لەبن هەڵئەکەندرێ.

لە هەموو ژن و مێردییەکیشدا ئەمە ڕوونادات ژن و مێردیی وا هەیە، هەر لە سەرەتایەوە دەرئەکەوێ کەسەر ناگرێ و هەڵ ئەوەشێتەوە چونکە ئەو کوڕەی کە کچێکی دیاردیی کراو مارە ئەکات هەر لەبەر لنگە جوانەکانی کە کاریان لە دڵی کردووە، ژن هێنانەکەی لەباریا نابێ سەر بگرێ و کامەرانیشی بۆ بپارێزێ بەڵام ئەگەر ژن هێنان، لەپێش هەموو شتێکا، لەسەر بنچینەی ڕێککەوتنی کردەوە و کاری دەروونییان دامەزرا، بێ گومان لە دەجار نۆ جاری سەر ئەگرێ و کامەرانیشی بۆ ئەپارێزرێ ئەو کردەوە و ڕەوشتانەیش کە ژن و پیاو بەیەکەوە ئەبەستنەوە، ئەبێ کردەوە و ڕەوشتی بنچینەیی بن.

دوورنییە کە ڕووکەشی ئەم کردەوە و ڕەوشتانە لەیەک جوێ بن بەڵام بایەخ هەر بەبنچینەکانیان ئەدرێ لەبەر ئەوە بوونی ئەو کردەوە و ڕەووشتە بنچینەییانە، ئەوەندە

پێویستە کە لە هەردووکیاندا ببێ، ئەبێ وەک پێویستی خواردن و نوستن وا بن.

ئەم کردەوە و ڕەوشتە بنچینەییانە کار لە ئارەزووە سروشتییەکانیشمان ئەکەن، پەیوەندییان بەپاراستنی خۆمانەوە بێ، یان بەرەگەزمانەوە، جیاوازیی نییە، هەروەها کار لە لە شیشمان ئەکەن، لە گیانیشمان ئەکەن، لە خواست و فرمانیشمان ئەکەن چ ئەو ڕێگەیەی کە پارەکانمانی تیا بەخت ئەکەین، چ ئەو هەستەی کە هەمانە بەرامبەر هونەرەکان، لەوەدا وەک یەکن گرنگ ئەوەیە، کە ژن و مێردەکە، هەردووکیان، لە دەروون و دڵی یەکتردا، هەست و ئارەزووی خۆیان ببینن، پشتگیرییان ئەکرێ.

دوورنییە، یەکێک لەو ئارەزوو و هەستە سروشتییانە پاشەکەوت کردنی پارەبێ، یاخود دەست گرتنەوەبێ لە پارە بەختکردندا ئەوەیش ڕووکەشێکی ترسە لە پێویستی بەپارە.

یاخود خواناسی بێ، کە ئەویش ڕووکەشێکی ترسە لە ڕۆژی پاش مردن یان زۆرە ملێ کردن بێ لەسەر بەزمورەزم کە ئەویش ڕووکەشێکی ئەو دەروونەیە کە ئەیەوێ بەرەڵڵابێ و بە هیچەوە نەبەسترێتەوە لە ڕاستیدا، ئەوانەی کە لە ئەندازە ئەچنە دەرەوە، کۆمەڵێکی کورت بین و بێ پەروان، هیچ بایەخێک نادەن بەسروشتی ئارەزووەکانیان هەروەها ئەوانەیش کە خوانەناسن، هیچ ترسێکیان لە دڵدانییە لەپاش مردن سا ئایا ئەم کردەوە و ڕەوشتانە هەبێت لە کەسێکا، یان ئەوانەی تر هەبێت. ئەبێ کەسەکە لەوەیش دڵنیابێت کە ئەو کردەوە و ڕەوشتانە لە هاوسەری ژیانیشیا هەیە ئەگینا لە ژن هێنانەکەیا کامەران نابێت کەواتە ئەگەر دەست بڵاوێک لەگەڵ کچێکی دەست بڵاودابوون بەژن و مێرد، هەروەها خواناسێکیش بوو بەمێردی کچێکی خواناس، بەزم بازێکیش بەزمبازێکی کچی مارەکرد، بێ گومان هەر جوتێک لەو جوتانە، لەگەڵ یەکتردا ڕێک ئەکەون و بەخۆشی و ڕێکییەوە ئەژین تەنانەت ئەگەر ڕاستیی هۆگرییەکەیشیان نەزانن بایەخی نییە.

ئەوەی سەرم زۆر لێی سوڕماوە، ڕەوشتی ئەندازەگیرییە لە پارە بەخت کردندا، کە ژمارەیەکی زۆر لە ژن و مێردیی، لەسەری دامەزراوە و بەکامەرانیشەوە ژیاون ئەبینیت لەم ژن و مێردییانەدا هەردوولا دڵی یەکتریان کێش کردووە و ژن و مێردییەکەی خۆیانی پەسەندکردووە ئەویش لەبەر هیچ نا، لەبەر ئەوە نەبێ کە گیانی ئەندازەگیریی لە هاوڕێکەیدا دیوە، نەک هەر ئەوە بەڵکو گیانی دەست قووچاندنیش، کە لە خۆیشیدا هەن. وەک گوتم من ئەوەم بەچاوی خۆم دیوە لە ژمارەیەکی یەجگار زۆر ژن و مێردیی دا ئەمەیش سەرسوڕمانی پێ ناوێ چونکە ئەندازەگیریی لە کۆڕی ئابووریدا، کردەوەیەکە لە کردەوە بەهێزەکانی چەند زۆرن ئەو ژن و پیاوانەی کە ئەم جۆرە هێزەیان بەدڵدا ئەچێ کە لە



هاوسەرەکانی خۆیاندا ئەیبینن... تۆیش ئەگەر باش ورد ببیتەوە لە ژیانی ئەو ژن و مێردانەی کە ئەیان ناسیت ژمارەیەکی زۆرت لەم نموونەیە بۆ دەرئەکەوێ لە بارێکی وادا، هیچ هۆیەکی تر نادۆزێتەوە کە ئەم پەیوەندییەی لێ پەیدا بووبێ.

لەوانەی ئەمناسین، ژن و مێردێکی دەست کورتم چاوپێکەوت، هۆی کۆبوونەوەیان ئەوەبوو کە بەدڵ حەزیان ئەکرد سامان پێکەوەبنێن هەردووکیان لەدەمی خۆیان ئەگرتەوە، بۆ ئەمەی پارە کۆبکەنەوە مێردەکە پێڵاوەکانی خۆی بەدەستی خۆی پاک ئەکردەوە ژنەکەیش جلەکانی خۆی بەدەستی خۆی ئەدوریی ئەگەر ناچار ببونایە لە میوانخانەیەک بمێنێتەوە، ژنەکە بۆ خۆی و مێردەکەی نانی یەک کەسی داوا ئەکرد هەردووکیان لە ژوورەکەی خۆیاندا ئەیانخوارد تا لەسەر خوانی میوانخانەکە نەخۆن و نانی دوو کەسیان لەسەر دابنێن پاشان خوا یارمەتی دان، بەدڵی خۆیان پارەیان بۆ کۆبووەوە، تا وایان لێهات بوون بەخاوەن ملیۆن.

کەچی لەگەڵ ئەوەیشا، لە خۆیان نەگۆڕیی هەرچەند بچوونایە میوانخانەیەک، تەنیا نانی یەک کەسیان ئەخواست کە ئەیان هێنا، لە ژوورە تایبەتییەکەی خۆیاندا پێکەوە ئەیانخوارد نەئەچوونە هۆڵی میوانخانەکەوە. هەروەها ژن و مێردی وایشم ناسی کە کردەوە و ڕەوشتی دەست بڵاویی خستبوونییە یەک، لە هەر جوتێکیانم سەرنج ئەدا، بۆم دەرئەکەوت کە ژن و مێردەکە هەردووکیان لەو جۆرە کەسانەن، کە دەربەستی هیچ شتێک نین هەر ئەوەیان ئەوێ ئەو ڕۆژەی تیایان بەخۆشی ڕابوێرن باکی سبەینێ یان نەبوو ئەگەر دە ڕیاڵیان لەدەستا بمایە، لە گیرفانیاندا ئارامیان نەئەگرت، کاتێکت ئەزانی لەیەکێ لە چێشتخانە ناوازەکاندا بەختیان ئەکرد و نانێکی ناوازەیان پێ ئەخوارد کە سەری مانگ ئەهات، مێردەکە یەجگار بەپەرۆشەوە، چاوەڕوانی مانگانەکەی خۆی ئەکرد، بۆ ئەمەی دەستیاوەکانی بەسەریەوە بوون، بیانداتەوە.

ئەگەر لە دواییدا شتێکیان بۆ بمایەوە، دەمودەست بەختی ئەکرد، ئەیدا بە جلوبەرگێکی نایاب، یان خۆرشتێکی خۆش، یان ئاهەنگێکی بەجۆش، یاخود ئەیدا بەشتی وا کە لەسەری دانەمابوو ژنەکەیشی لەسەر ئەوە هیچ بەرەنگارییەکی نەئەکرد خۆیشی هەروەک ئەو دەست بڵاوبوو لە هەموو کانی دڵیەوە هاوبەشیی ئەو ژیانەی ئەکرد منیش وەک ناسیاوەکانی تریان بۆم دەرکەوت، کە بەخت کردنەکەیان[1] لەشێوەیەکی زۆر ناخۆش و پڕ ئازاردا، لە دەست کەوتەکەیان تێ ئەپەڕیی بەڵام خۆیان هیچ هەستیان بەوە نەئەکرد.

---

(١) بەخت کردن: خەرجکردن.

ڕەنگە تۆ! بڵـێیی: کـە ئەگـەر ئەم پیـاوە، ژنێـکی وای هەبوایە، لە ئابووریی بزانیـایە و خەمی ئاوەدانی مـاڵ و ژیانی خـێـزانی بخـواردایە، نەک ژنێـکی وا دەست بڵاو و سـامـان بەفـیـڕۆ دەر، ئەیتـوانی پاشـەکـەوتێکی وای بۆ بکات، کـە بـەکـەڵکی ڕۆژی ڕەشی بێت، ئەیتـوانی بیکات بەپیـاوی نـاو پیـاوان، ئەو سـاکـە کـامـەرانتـریش ئەبوو، وایشی بەسـەر نەئەهات کە بەم جۆرە بەسەرگەردانی بمێنێتەوە لە زۆر کەسم گوێ لێبووە کە وایان گوتووە دیارە تۆیش و ئەوانەی تریش ئەوە نازانن، کـە مـێـردێکی وەک ئەم پیـاوە ئێـمـە لێی ئەدوێین، لە توانایدا نەئەبوو کە کامەرانی دەست بکەوێ لەگەڵ ژنێکی وا ماڵ ڕێک خەر و کەیبانووی تەواودا، کە تۆ و ئەوانی تر ئەتانەوێ بیبێ ئەو ژنەی کە بتوانێ لە سامانی مێردەکەی ئەوەندەی بۆ پاشەکەوت بکات، کە ماڵەکەی بەجوانی ڕابگرێ و خۆیشی بکات بەپیـاوی نـاو پیـاوان چونکە ئەو سـاکـە، ئەو، سنوورانەی ژنەکەی بۆی دائەنا، پێی ڕاگیـر نەئەکـرا، قـینی لێ هەڵ ئەگـرت و لێی تووڕە ئەبوو لە بۆڵـەبۆڵـکردن و چەندوچوونی ژنەکـەیشی وەڕس ئەبوو دوایی وایشی لێ ئەهات کـە بگەڕێ بەدوای کـچـێکی تردا، لە دەرەوە، لەگەڵیا بەخۆشی ڕابـبوێرێ: خواردنی نـاوازەی لەگەڵ بخـوات، گـەڕانی خـۆشی نـاو دەرودەشـتی لەگـەڵ بـکات، بەو بەزمـوڕەزم و بـابـەتی خـۆشـیـیـانـەی تریشـەوە خـۆی لەگـەڵ خەریک بکات، کە دەست قووچاویی ژنەکەی نەی ئەهێشت پێیانەوە کامەران بێ ئەوساکە لەگـەڵ کـچـێـکی وادا کـە تەواو لە ڕازی دڵـی تێ ئەگـەیشت و بەئـارەزووی دڵـی ئەو ئەجوڵایەوە، هەستی ئەکرد کە لەگەڵ یەکێک دایە بەتەواوەتی تێی ئەگات و لە گـەڵیشیا ڕێک ئەکەوێ. لەمەدا قـسـەی (کـیـپـلینگ)[1] بوێژی بەناوبانگی ئینگلیـزم بەدڵە، کە ئەڵێ: (گێژ و وێژیش، ئەبێ وەک من و تۆ، بەتەواویی، دوای دڵی خۆی بکەوێ!).

لە ڕاستیدا، ئێمە هەمووما‌ن، هەرچی ئەکەین، لەوەوەیە کە دوای دڵی خۆمان ئەکەوین سا ئەم سروشتەمان ژیرانەبێ یاخود بێ هۆشانە، هیچ جیاوازییەکی نییە.

لە توانایشمـاندا نیـیە ئەو سروشتەمـان بگۆڕین هەر وەکو پڵنگیش لە توانیـدا نییە کە ڕەنگی پێستی خۆی بگۆڕێ چونکە ئەو پیاوەی سروشتی وابێ کە ئەندازە گیریی بکات لە بەخت کـردنی پارەدا، بە شـەو و ڕۆژێـک ناگـۆڕێ بۆ پیـاوێـکی دەست بڵاوی پـارە بەفـیـڕۆ دەر. هەروەها پارە بەفـیـڕۆ دەریش، دەمودەست ناگـۆڕێ ببێ بەپیـاوێـکی ئابووریی خـواز، چ پارە بەفـیـڕۆ دەروو چ ئابووریی خـواز، هەردووکیـان وەک خـۆیان ئەمێننەوە، هەروەکـو خـوا

(١) ڕۆدیار کـیـپلنگ (١٨٦٥-١٩٣٦) لە شاری (بۆمـبـای)ی هیندسـتـان لە دایکبـووە، شـاعـیـر و چیرۆکنووسێکی ئینگلیزیە، (کتێبی گیاکەڵەکان)هی ئەوە، لە ١٩٠٧دا پاداشتی نۆبڵی بەدەستهێناوە.



بۆی داناون جا هەر کـامێک لەوانە کچێکی مارەکرد، کە لەسەر سروشتی خۆی بێت، ئەوا بەکامی دڵی خۆی ئەگات، بەکامەرانی ئەگات.

چەند شتێکیش هەیە ژن و مێرد ئەنوسێنێ بەیەکەوە، پاش ئەوەی پەیوەندییە تازەکەیان ئەو هەسـتـە ئەورووژێنێ کـە تا ئەندازەیەک کـز ئەبێ لەناو مـرۆڤـدا هی وا هەن خـۆیان لە خۆیانەوە حەز لە کۆمەڵایەتی ئەکەن ئەوانە حەز بەوە ئەکەن کە سەر لەم و لەو بدەن، کە ئەم و ئەویش سـەریان لێ بدەن حـەز ئەکـەن هەر ڕۆژە لە ئاهەنگێـک دابن کـە بۆیان بـکرێ هەروەها کـەسانی وایش هەن حەز لە تێکەڵی ناکـەن ئەوەیان پێ خۆشـترە کـە بەتەنیـایی بمێننەوە کـە دوور لە هەمـوو کـەس بژین ئەوانە چەند لە توانایاندا بێ وا ئەکـەن هی وایش هەن، ئەوەندەی بۆ دۆستەکانیان ئەژین، ئەوەندە بۆ خۆیان ناژین.

کـەچی هی وایش هەن بۆ خـۆیان نەبێ بۆ کـەسی تر نـاژین جـا ئەگـەر ژن و پیـاوێک بەم جۆرە لەسەر یەک سروشت بن، ئەوا ئەبنە ژن و مێردێکی تەواو، لە کامـەرانییەکی تەواودا ئەژین بەڵام ئەگـەر سـوروشـتـەکـانیـان پێچەوانەی یەکـتـر وەسـتـان، لەسـەر گـەردانی بەوڵاوە هیچی تریان دەست ناکەوێت لەبەر ئەوە، هەرگیز لەو ژن و مێردە کامەرانتر نییە کە بەیەک زمان قسە بکەن و یەک ئاینیان هەبێ و، لە بیروباوەڕ و هەست و ئارەزوو و چێشکەیشدا یەک بن.

لەو شتـانەی کە ئەمـەوێ باسی بکـەم، بەسەرهاتـی هاوڕێیەکمە کە لەدەمێکەوە ئەیناسم، پیـشـەیشی نووسـینە کـەسانی تر وەک مـرۆڤـێکی سەیریان ئەهاتە بەرچاو لە ڕاسـتیـشـدا زۆربەی نووسەرەکان، وەک مرۆڤی سەیروان، سروشتیان لە هەندێ ڕووەوە جیاوازە لەهی کەسـانی تر ناکات کەچی لەگەڵ ئەوەیشا لە ژیانی ژن و مێردییەکەیدا کامـەران بوو کە جۆری کامـەرانییـەکەیش تێ گـەیشتم، بەتەواوەتی بڕوام کرد، کە ئەبێ ژنەکـەیشی، وەک خۆی، سروشتی جیاوازی هەبێ.

کە لە سـروشتی ژنەکـەیشی ورد بوومەوە، بۆم دەرکـەوت ئەویش وەک مێـردەکەی وایە، ئەگـەر لەو زۆرتر جیـاوازنەبێ کـەمتـرنیـیە ئەویش وەک ئەو کردەوە و ڕەوشـتی جیـاوازی هەبوو، هەچ کاروکردوەیەکیشی ڕائەپەڕاند، وەک هی مێردەکەی جیاوازبوو لەهیی کەسانی تر، هەمـوو کـەسـێکی تری ئەخـسـتـە دڵـتـەنگ بوون و سـەرسـوڕمـانەوە من لەپاش ژن هێنانەکەیدا ناسیبووم هەر لەو ساوە ئەمزانی کە ئەم جۆرە کردەوە و ڕەوشتە جیاوازانەی هەیە؛ بەڕێکەوت ڕۆژێـکیـان چاوم کـەوت بەدەسـتـە خـوشکێکی ژنەکـەی، کـە لەکـاتی خوێندنیانەوە ئەیناسی یەکێک لە قسەکانی ئەمە بوو: (ژنی هاوڕێکەت، ئێستایش هەر

ئەو کچە بەسەزمانەو بێ دەنگ و سەنگە، کردەوە و ڕەوشت سەیرەیە، کە لە بیست ساڵ لەمەو پێشەوە ناسیومە).

لەوەوە بۆت دەرئەکەوێ، کە ژن و مێردیی نەبووە: هەردووکیانی یەک خستووە و سروشتیانی ڕێک خستووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، سروشتی هەردووکیان، بووە بەهۆی ڕێک کەوتنیان و پێک هێنانی ژن و مێردییان هەردووکیان بۆ یەکتر ئەشیان، هەردووکیان لەگەڵ یەکتردا ئەسازان لەبەر ئەوە توانیبویان لە ژن و مێردییەکەیاندا کامەران بن.

وێنەیەکی تریش، دێتەوە بیرم، کە بەڵگەیە بۆ گرنگیی ڕێککەوتنی چێشکە و ئارەزوو و بیروباوەڕ لە دامەزراندنی کامەرانی ژن و مێردییدا، دوو هاوڕێی ژن و مێردم ئەناسی کە لەپاش هەشت ساڵدا بووبوون بەژن و مێردی یەکتر لەوکاتەدا کە مارەکران لە یەکتر، تەمەنی هەردووکیان لە سی ساڵە تێپەڕی کردبوو ئەو سروشتەی کە هەردووکیانی کۆکردبووەوە و، هەردووکیشیانی تیا هاوبەش بوون، ئەوەبوو، کە هەردووکیان حەزیان لە جوانی ئەکرد و حەزیشیان لەوە ئەکرد کە خانووەکەیان بە نایابترین و جوانترین کەلوپەلی ناو ماڵ بڕازێنێتەوە. وایش ڕێک کەوتبوو، کە پیاوەکە لە هونەرمەندان بوو ژنەکەیش لە هاوبەشییەکدا فرمانی ئەبینی هەموو کامەرانییان ئەوەبوو، کە لە فرمان بوونەوە، زوو بگەنەوە ماڵەکەی خۆیان بۆ ئەمەی لەناویا بە بەختیارییەوە ڕابوێرن، چونکە وایان لێ کردبوو، بووبووە بەهەشتێکی سەر زەویی لادێ.

کە ئەگەڕانەوە ماڵەوە، لە هیچ بابەتێک نەئەدوان، ئەوە نەبێ کە قسە لە ڕازانەوەی خانووەکەیانەوە بکەن.

وەک ئەوەی: چرایەکی سەیری چینی پەیدا بکەن، یاخود گوڵدانێکی ناوازەی پڕ لە وردەکاریی بکڕن، یان قاڵیییەکی ئێرانی بێ هاوتا بدۆزنەوە و بیکڕن... هەردووکیان، بەم گفتوگۆیانە، یەجگار کامەران ئەبوون، تەنانەت ئەوەم بەبیردا ئەهات: کە ئەگەر ئەم دوانە دووربخرێنەوە بۆ دوورگەیەکی چۆڵوهۆڵ، بێ گومان، بەبێ دەنگی ڕایان ئەبوارد نە قسەیان ئەکرد لەگەڵ یەکتردا، نە گفتوگۆ چونکە کە لەسەر ئەو بابەتە بەتەنیا قسەیان ئەکرد، بەجۆرێکی وا بەگەرموگوڕییەوە لێی ئەدوان، بەجۆرێکی وا چاویان پێی ئەگەشایەوە، وا دەرئەکەوت کە هیچ بابەتێکی تر نییە بەدڵ و گیان خۆیانی پێوە خەریک بکەن ئەوە نەبێ دوورنییە لەو دوورگە چۆڵ و هۆڵەیشدا، ئەوەندەیان بابەتی سەیر سەیری گوێ دەریا کۆبکردایەتەوە، کە بووبوونایە بابەتێکی تازەی گفتوگۆیان، کەچییان لێ بکەن و چۆنیش کۆلیتە جوانەکەی خۆیانی پێ بڕازێننەوە لەو دوورگە چۆڵوهۆڵەدا کەچی بەپێچەوانەی



ئەوان، ژن و مێردێکی ترم ناسی: لەسەرەتادا، بەسەرزاریی، بەکامەرانییەوە ئەژیان پیاوەکە پەیکەرتاشێکی بەناوبانگ بوو ژنەکەیش ئافرەتێکی یەجگار جوان بوو پارەیشیان بۆ کۆبووبووەوە لەگەڵ سێ منالدا.

لەکاتی دۆستایەتیماندا، کارەساتێک لەو کارەساتە کۆمەڵایەتییە ئاساییە بەسەر هەمووماندا ڕوویدا بەڵام پێویست بوو ژنەکەی، فرمانێکی تایبەتی بەجێ بهێنێ، کە نەئەبوو نەکرێ. من و مێردەکەی لەوبابەتەوە مقۆمقۆمان کرد منیش ئەوەی بە باشم زانی پێم گوت کە ئەبێ ژنەکەی ئەوە بکات بەڵام مێردەکە سەری ڕاوەشاند و گوتی: (ئەدیث ئەوەی پێ ناکرێ) سەرنجم دا، لە دەنگەکەیا، زرنگانەوەیەکی خەموخەفەتی تیابوو، کە ڕای نەئەپەرموو بەژنەکەیا، ئامۆژگارییەکەی من بەجێ بهێنێ بەڵام ئەوەی کە ئەیگوت ژنەکەی نایکات، لەوە بەولاوە هیچ ڕێگایەکی ترمان بەدەستەوە نەبوو بیکەین.

سەیرم کرد خۆیشی ڕاوێژەکەی منی پەسەند ئەکرد هیچ بەرهەڵستێکیش نەبوو لەبەردەمیا، بەرپەرچدانەوەی ژنەکەی نەبێ پێم گوت: پێویستە لەسەرت بیخەیتە سەر ئەوەی کە بەجێی بهێنی بەڵام جارێکی تریش سەری ڕاوەشاندەوە و گوتی: (دیفی! من ناتوانم زۆر لە ژنەکەم بکەم).

جا چونکە هەردووکمان دۆستێکی گیانیی یەکتربووین، جارێکی تریش پێم گوتەوە: (نابێ نەیکات چونکە لەوە بەولاوە ڕێگەی ترنییە) بەڵام بۆ جاری سێیەم سەری ڕاوەشاندەوە و گوتی: (ئێمە لەم جۆرەشتانەدا بیروباوەڕمان یەک نییە).

ئیتر ژن و مێردییەکەیان لە سێ ساڵ زۆرتری نەخایاند هەردووکیان لەبەردەم ناوبژیکەری ژن بەڕەڵڵا کردندا[1] وەستان هۆی ئەوەیش هیچ نەبوو ئەوەنەبێ کە (لەم جۆرە بابەتەدا بیروباوەڕیان یەک نەبوو).

بێ گومان، خوێندەوار، لەمەدا، لەگەڵما، ڕێک ئەکەوێ، کە بڵێم نەئەبوو ببونایە بەژن و مێردی یەکتر.

ئەمەیش وێنەیەک بوو بۆ ئەو ژن و مێردەی کە یەکتریان خۆش ئەویست، بەڵام بیروباوەڕ و چێشکە و ئارەزوویان ئەوەندەیەکی نەئەگرت، کە لە ژیانی ژن و مێردییاندا، بتوانێ کامەرانیان بکات کەواتە خۆشەویستییەکەیان، ئەو خۆشەویستییە ڕاست و دروستە نەبوو کە ئەمانەوێ بکرێ بەبنچینەی ژن و مێردیی.

(١) ناوبژیکەری ژن بەرەڵڵاکردن: مەبەستی (قازی)یە لە دادگەی شەرعی، یان هەر دەزگەیەکی دی لەم شێوەیە، ئەو دەزگەیە (ژن و پیاو) لەیەک بەرەڵڵا دەکات، نەک هەر تەنیا (ژن).

خۆشەویستی ڕاستەقینە، لەوەوە پەیدا ئەبێ کە چێشکە و ئارەزوو و بیروباوەڕی کوڕ و کچ یەک بگرێ لە ڕاستیدا خۆشەیستیی ڕاستەقینەیش، کە کامەرانی ژن و مێردیی لەسەر بنچینەی ئەو دائەمەزرێ، پێک نایەت، هەتا هەردوولا، کچەکەیش و کوڕەکەیش، حەز لەیەک شت نەکەن و، قینیشیان لەیەک شت نەبێ کەواتە سەرت لێ تێک نەچێ، ئەوە بەخۆشەویستی بزانیت، کە دوورنییە، هەر خۆشەویستی نەبێ، هەستێکی تر بێ چونکە هەر لەتوانای هۆش و دڵی کراوە دایە، کە بزانێ ئەو ئارەزوو و دەسەڵاتەی لای دەزگیرانەکەت هەیە، لەگەڵ ئارەزوو و دەسەڵاتی تۆدا یەک ئەگرێ و ڕێک ئەکەون، بەجۆرێکی وا کە کێشت بکات بۆ پشت پێ بەستن و باوەڕ پێکردنی و، ڕێک کەوتن لەگەڵیا هەروەکو بەچاوی خۆم دیومە، لە زۆربەی خۆشەویستییەکاندا ئەمە وایە لە ڕاستیدا دڵکێشکردنی ناوەند هەموو کوڕ و کچێک لەسەر بنچینەی ئەم ڕێککەوتنە دائەمەزرێ هەر ئەمەیشە کەوای لێ کردووم بڵێم ژن هێنان بریتی نییە لە چارەنووس.

هەر کاتێ ژن هێنان لەسەر بنچینەی خۆشەویستی ڕاستەقینە دامەزرا، ژن هێنانێکی ڕاست و دروست دەرئەچێ هەڵەی تیانابێ چونکە ئەگەر وانەبوایە، یاسای ژن هێنان، هەر لە سەرەتای ژیانی مرۆڤایەتییەوە تا ئێستا، وا بەزیندوێتی نەئەمایەوە هەروەها تا ئەو ڕۆژەیش نامێنێتەوە، کە خوا ژیان لەسەر زەویدا هەڵ ئەگرێ.

بڕایەوە



## پێڕست


**ژیانی هونەرمەندان** ........ 5
مەریەمی مەجدەلی ........ 7
مۆزار ........ 63
میکیل ئەنجێلۆ ........ 89
عومەر خەیام ........ 109
ڤۆڵتێر ........ 143

**زانستی خۆناسین** ........ 167
هونەری سەرەوت بەخۆدان ........ 169
سامانێک بۆ دابەشکردن ........ 199
چۆن دەنوویت؟ ........ 231
ڕێگای سەرکەوتن ........ 263
نوواندنی موگناتیسی ........ 335
خۆت بپارێزە لە خەم ........ 383
ترس دوژمنی یەکەمتە ........ 421
زانستی خۆناسین دەبێتە ڕابەرت ........ 457

**هونەری خۆشڕابواردن** ........ 475
بە خێوکردنی کرمی ئاوریشم ........ 477
واتای خەوەکانت چین؟ ........ 495

**پەروەردە** ........ 523
ئیمیل یاخود دەستووری پەروەردەکردنی منداڵ ........ 525
کیژە هەرزەکارەکانمان ........ 539
ئارەزووی دزیکردن لە دڵی منداڵ چۆن دەربهێنین؟! ........ 565
خوێندنگای دایک و باوک گیروگرفتی لە یەک تێگەیشتنی ژن و مێردی ........ 589
دڵداریی و ژن و مێردیی ........ 617
ماچی یەکەم ........ 639